**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

# پرۆتۆکۆلەکان
# 108

ساڵی/ 2018 – بەرگی سەدو هەشت

---

چاپی یەکەم/ ساڵی 2021

له بڵاوکراوەکانی پەرلەمانی کوردستان - عێراق
________________________________
ناوی کتێب: پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی(2018)ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق
بەرگی: 108
چاپی یەکەم: 2021
تیراژ: 250
پێداچوونەوەو نەخشەسازی: سنوبر صابر حسن
ئینصات کردن: نەورۆز شێرزاد، دلێر اکرم، شوان محمد، کۆڤان خسرو، تارا رشاد، ڕێبین رشاد، ارام کمال، شیلان ملا عباس
ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان:

پێڕیست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (8) خولی چوارەمی هەڵبژاردن – دووشەممە 2018/2/12 ل 5
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (9) خولی چوارەمی هەڵبژاردن – سێشەممە 2018/2/13 ل 131
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (10) خولی چوارەمی هەڵبژاردن – چوارشەممە 2018/2/21 نهێنی
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (11) خولی چوارەمی هەڵبژاردن – پێنجشەممە 2018/2/22 نهێنی
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (12) خولی چوارەمی هەڵبژاردن – دووشەممە 2018/2/26 نهێنی
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (13) خولی چوارەمی هەڵبژاردن – سێشەممە 2018/2/27 نهێنی
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (14) خولی چوارەمی هەڵبژاردن – دووشەممە 2018/3/5 دواخرا

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێك خولی چوارەمی هەڵبژاردن – دووشەممە 2018/5/7 `235
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1) خولی چوارەمی هەڵبژاردن – پێنجشەممە 2018/6/26 ل 229
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی (2) خولی چوارەمی هەڵبژاردن – یەکشەممە 2018/7/1 ل 327
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی (3) خولی چوارەمی هەڵبژاردن – دووشەممە 2018/7/2 ل 375
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی (4) خولی چوارەمی هەڵبژاردن – پێنجشەممە 2018/7/9 ل 455

# پەرلەمانی کوردستان – عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (8)ی**
**دوو شەممە رێکەوتی 12\2\2018**
**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلـی دانیشتنـی ژمـاره (8)
# دووشەممە ڕێكەوتی 2018/8/12

كــاتژمێر (11)ی پــێش نیــوەڕۆی ڕۆژی دوو شــەممە ڕێكەوتــی 2018/2/12 پەرلەمــانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی جێگری سەرۆك و، بەڕێز بێگەرد تاڵەبانی سكرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (8)ی خولی چوارەمی، ساڵی (2018) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێـی حوكمەكـانی بـڕگە (1)ی مـاددە (20) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هەمـواركراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمـانی كوردسـتان - عێـراق، دەسـتەی سـەرۆكایەتی پەرلەمـان بڕیـاری دا كاتی دانیشتنی ژمارە (8)ی خولی بەهارەی ساڵی پێنجەم لە خـولی چـوارەمی هەڵبـژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی 2018/2/12 دا بەم شێوەیە بێت:

یەكەم: گفتوگۆكردنی پڕۆژە یاسای زیادەڕۆیی لەسەر موڵكی دەوڵەت بەپێـی ماددەكـانی (72، 74، 75) لە پەیــڕەوی نــاوخۆی پەرلەمــان كوردســتان، ژمــارە (1)ی ســاڵی 1992ی هەمواركراو.

دووەم: گفتوگۆكردنی پڕۆژە یاسای بەركاركردنی یاسای هەمـواری (20)ی یاسای میلاكات ژمارە (20)ی ساڵی 1960ی هەمواركراو لە هەرێمی كوردستان بەپێی ماددەكانی (72، 74، 75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان، ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەمواركراو.

سـێیەم: گفتوگـۆكردنی پـڕۆژە یاسـای بەركـاركردنی یاسـای نەهێشـتنی بازرگـانی كـردن بە مـرۆڤ ژمارە (28)ی سـاڵی 2012ی عێـراق لە هەرێمـی كوردسـتان بەپێـی ماددەكـانی (72، 74، 75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان، ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەمواركراو.

چوارەم: زیـادكردن و دەسـت لەكاركێشـانەوەی ئەم ئەنـدام پەرلەمانـانەی خـوارەوە لە لیـژنە هەمیشەییەكانی پەرلەمان بەپێی ماددەی (44) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمـان، ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەمواركراو.

1- دەست لەكاركێشانەوەی ئەندام پەرلەمانی بەڕێز (دلێر مصطفى حسـن) لە لیـژنەی كاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید.
2- زیـادكردنی ئەنـدام پەرلەمـانی بەڕێـز (ئـاری عبـداللطیف مولـود) بـۆ سـەر لیـژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و هونەر.

پێنجەم: گفتوگۆكردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان كە لەلایەن لیـژنەی كـاتی بـۆ پێـداچوونەوەی پەیـڕەوی نـاوخۆ ئامـادەكراوە بەپێـی بڕیـاری ژمـارە (26)ی سـاڵی 2014 و بڕگەی (8) لە مـاددەی (56)، یاسـای هەڵبـژاردنـی پەرلەمـانی كوردسـتان، ژمـارە (1)ی سـاڵی 1992ی هەمواركراوە، پاڵپشت بە ماددەی (94)ی پەیڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی كوردسـتان، ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەمواركراو.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**
بە نـاوی گەلـی کوردسـتان دانیشـتنەکەمان دەسـت پـی دەکەیـن، بەرنـامەی کـار خـولی چـوارەمی هەڵبـژاردن، سـاڵی پێـنجەم، دانیشـتنی ژمـارە (8)، ڕۆژی دانیشـتن (2018/2/12)، بەرنامەی کار بەپێی حوکمەکانی بڕگە یەکی ماددەی (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عێراق، ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو، دەستەی سـەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریـدا کـاتی دانیشـتنی ژمـارە (8)ی خـولی پـایزەی سـاڵی پێـنجەم لە خـولی هەڵبژاردنـی چـوارەمی پەرلەمـان، لە کـاتژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆ، ڕۆژی دوو شـەممە، ڕێکەوتـی (2/12 /2018)، بەرنامەی کاری دانیشتنەکە بەم شێوەیە:-
یەکەم: گفتوگۆکردنی پڕۆژە یاسای زیادەڕۆیی لەسەر مـوڵکی دەوڵەت بەپێـی ماددەکانی (72، 74، 75) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـان کوردسـتان، ژمـارە (1)ی سـاڵی 1992ی هەموارکراو.
دووەم: گفتوگۆکردنی پڕۆژە یاسای بەرکارکردنی یاسای هەمـواری (20)ی یاسای میلاکات ژمارە (20)ی ساڵی 1960ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان بەپێی ماددەکانی (72، 74، 75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو.
سـێیەم: گفتوگـۆکردنی پـڕۆژە یاسـای بەرکـارکردنی یاسـای نەهێشـتنی بازرگـانی کـردن بە مـرۆڤ ژمـارە (28)ی سـاڵی 2012ی عێـراق لە هەرێمـی کوردسـتان بەپێـی ماددەکـانی (72، 74، 75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو.
چوارەم: زیـادکردن و دەسـت لەکارکێشـانەوەی ئەم ئەنـدام پەرلەمانـانەی خـوارەوە لە لیـژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان بەپێی ماددەی (44) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمـان، ژمـارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو.
3- دەست لەکارکێشانەوەی ئەندام پەرلەمانی بەڕێز (دلێر مصطفی حسـن) لە لیـژنەی کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید.
4- زیـادکردنی ئەنـدام پەرلەمـانی بەڕێـز (ئـاری عبـداللطیف مولـود) بـۆ سـەر لیـژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و هونەر.
پێنجەم: گفتوگۆکردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە لەلایەن لیـژنەی کـاتی بـۆ پێـداچوونەوەی پەیـڕەوی نـاوخۆ ئامـادەکراوە بەپێـی بڕیـاری ژمـارە (26)ی سـاڵی 2014 و بڕگەی (8) لە مـاددەی (56)، یاسـای هەڵبژاردنـی پەرلەمـانی کوردسـتان، ژمـارە (1)ی سـاڵی 1992ی هەموارکراوە، پاڵپشت بە ماددەی (94)ی پەیڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان، ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو.
ئێسـتا داوا لە بەڕێـز بـێگەرد تاڵەبـانی سـکرتێری پەرلەمـانی کوردسـتان دەکەیـن بـۆ پێشکەشکردنی پوختەی دانیشتنی پێشتر و غیاباتی بی هۆ و بە هۆ، فەرموو.
**بەڕێز بێگەر دڵشاد تاڵەبانی/ سکرتێری پەرلەمان:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بە ناوی خوای گەورە میهرەبان... پوختەی دانیشتنی ژمارە (7)ی ئاسایی ڕۆژی سی شـەممە، ڕێکەوتی (2018/2/6) بەم شێوەیەی خوارەوەبوو:
یەکەم: دەست پێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان.
دووەم: خوێنـدنەوەی نـاوی ئەنـدامانی ئامـادەبوو و ئامـادەنەبوو، هەروەهـا خوێنـدنەوەی پوختەی دانیشتنی پێشوو لەلایەن سکرتێری پەرلەمان.
سـێیەم: گفتوگـۆکردنی بەشـێك لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان و دەنگـدان لەسەری.

چوارەم: خوێندنەوەی یەکەم بۆ هەردوو پڕۆژە یاسای دەستەبەرکردنی نوێنەرانی ئافرەتان لە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان و پڕۆژە یاسای رێکخستن و یەکخستنی عەلوەکان لەلایەن لیژنەی یاسایی کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان پێشکەشکراوە.
پێنجەم: پەسەندکردنی زیادکردنی ئەندام پەرلەمانی بەڕێز (پەری صالح حمید) بۆ سەر لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.
شەشەم: دواخستنی دانیشتنی پەرلەمان بڕگەکانی تری بەرنامەی کار بۆ کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە، رێکەوتی (2018/2/12).
نـاوی ئەنـدامانی پەرلەمـان کە لە دانیشـتنی ژمـارە (7)ی ئاسـایی بەرواری (2018/2/6) مۆڵەت پێدراون یان بەبی مۆڵەت ئامادەنەبوون دانیشتنی بەیانی ئەمانەن (ئاواز جەنگی برهان/ مۆڵەت، د.رێواز فائق حسین/ مۆڵەت، سالار محمود مراد/ مۆڵەت، ادریس علی اسلام/ مۆڵەت، جمال عثمان کارسول/ ئامادەنەبوو، حیات مجید قادر/ مۆڵەت، شرین حسنی رمضان/ مۆڵەت، صالح بشار صالح/ مۆڵەت، ڤیان عباس عمر/ مۆڵەت، عبدالله جاسم رجب/ مۆڵەت، هێڤا حاجی میرخان/ مۆڵەت، نجات محمد عبدالله/ مۆڵەت، رابون توفیق معروف/ مۆڵەت، زولَفا محمود عبدالله/ مۆڵەت، ئایدن معروف سلیم/ مۆڵەت، باپیر کامەلا سلیمان/ مۆڵەت، کمال یلدا/ مۆڵەت)، ناوی ئەو ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانەی کە لە دانیشـتنی ژمـارە (7)ی ئاسـایی بەرواری (2018/2/6) مـۆڵەت پێـدراون یـان بەبـی مـۆڵەت ئامادەنەبوون بـۆ دانیشـتنی دوای نیـوەڕۆ ئەم بەڕێـزانەن (ابـراهیم احمـد سـمۆ/ مۆڵەت، انس محمد شریف/ مۆڵەت، بشار مشیر اسماعیل/ ئامادەنەبوو، محمد صادق سـعید/ ئامـادەنەبوو، بەهـار عبـدالرحمن محمـد/ ئامـادەنەبوو)، ئەو بەرێـزانەی کە بـۆ دانیشتنی ئەمڕۆ داوای مۆڵەتیان کردووە (رابون توفیق معروف، جەودەت جرجیس، صالح بشار، عادل عزیز، شرین حسنی، هێڤا حاجی میرخان، فیرۆز طه، کمال یلدا).

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان چەند خاڵێکی نیزامیمان هەیە، وەری دەگرین، ئەگەر خاڵی نیزامی نەبن قسەکانی ئێوە دەبڕم بۆ ئاگاداریتان، بەڕێز بەهزاد دەروێش فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئامادەنەبوونا هەندەك ئەندداما پەرلەمانی وەکو زاهیرەیەك لی هاتووە بەراستی، مەبەستا من چ کەسێت موحەدەد نینە، بەس دیڤ پەیڕەوی ناڤخۆ ماددەیا (25) خاڵا ئێکی دبێژیت ئەندام پابەند دبیت بە ئامادەبوون لە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان و ئەو لیژنانەی کە لێیان ئەندامە، ناکرێت ئامادەنەبێتن بەبی پاساوی رەوا، دوو: ئەگەر مۆڵەت پێویست بوو مـۆڵەتی ئاسـایی (15) رۆژە، خـاڵی چـوارەم باسـی نەخۆشـی دەکـات ئەوە رێکـاری تـرە و ئاساییە، هەر بەپێی ماددەی (25) خاڵا پێنجەم دەڵێت (هەر کەسێك بەبی موبەڕیر لە دوو دانیشـتن لەسـەر یەك ئامادەنەبێـت پێویسـتە بە فەرمـی مـوبەڕیری موقنیـع بـداتە سەرۆکایەتی پەرلەمان)، هەروەها خاڵا شەشەم بەحسی مۆڵەتیش دەکات، ئەگەر زیاتر مانگێك بیت ئەوە مانگی دواتر مەحروم دەبیت لە مووچە و موخەسەسات، چونکە لە ماددەی (28)یش هاتووە دەڵێت ئەگەر لە کۆبوونەوەیەك بەبی پاساو ئامادەنەبێت ئەوە مەبلەغێکی پارە لێی دەبڕدرێت، خاڵا کۆتایی ماددەی (30)یەم لەسەر هەمان بابەت کۆتایی پێهاتنی ئەندامیەتی و لە دەستدانی، خاڵی (30) دەڵێت ئامادەنەبوونی ئەندام لە سی دانیشتنی یەك لە دوای یەك بەپێی پاساوی رەوا، واتە من مەبەستم ئەوەبوو کە لەمەودوا زۆرتر ئەم پەیڕەوە جی بەجی بکرێت لەسەر ئەو کەسانە، ئاگادار بکرێنەوە بەبی

پاساو ئامادەنەبن بۆ ئەوەی بەردەوام نیساب تەواو بیتن، چونکە زۆرجار هەیە یاساکان دەمێننەوە، یان کەسێك یان دوو کەس کەمە بۆ ئەوەی کۆبوونەوەکان بەردەوام بن و هیچ گرفتێك بۆ کۆبوونەوەکان دروست نەبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مەسەلەی غیابات و پێداچوونی غیابات و هەڵسەنگاندنی غیابات ئەوە لە ئەرکەکانی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانە، تەقدیری ئەو وەزعە دەکات و لەگەڵیان قسە دەکەین، ئاگاداریان دەکەین ئەگەر گەیشتە ئەو رادەیەی پەنا بۆ سزاکان ببەین ئەو کاتە پەنا بۆ سزاکان دەبەین، بەس نەگەیشتینە ئەو رادەیە تاوەکو ئێستا، بەڕێز محمود حاجی فەرموو.

**بەڕێز محمود عمر صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پشتیوانی بۆ بەشێك لە قسەکانی کاك بەهزاد و بە ناوهێنانی شەخسی کاك رابوون معروف دەست پی دەکەم، خۆی بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ وەکو کاك بەهزاد ئیشارەتی پێدا (15) رۆژ زیاتر نیە، بەداخەوە کاك رابون معروف بۆ خۆی دێتە هەولێر دەچێت دەگەڕێت و ریکلامی هەڵبژاردن دەکات و وێنە دەگرێت، سەرەدانی ئەم دەکات، بەڵام بۆ پێی ناکرێت بێتە جەلسەکانی خۆی، بۆیە بەراستی من تەحەفوزم هەیە ئەوە بە هیچ جۆرێك قابیلی قەبول نیە ئەو جۆرە مۆڵەت پێدانە، زائیدەن برادەرێکی تریش لەگەڵ رێز و حورمەتم کاك جمال مورتکە ئەوە زۆر دەمێکە من نایبینم لێرە، داوام وایە روونکردنەوەمان دەربارەی ئەویش پی بدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بە تەئکید ئەوەی یەکەم سەبارەت بە بەڕێز رابون معروف سەرۆکایەتی پەرلەمان پێداچوونەوەی ئەو پرسە دەکات و رێکارە یاساییەکان دەکات و پەیڕەوییەکان بەکار دەهێنێت، سەبارەت بە بەڕێز جمال مورتکە لەو کاتەی کە جەنگی دژی داعش بەرپابوو خۆبەخشانە رۆڵی خۆی بینیووە و بەردەوامە تا ئەو کاتەی کە خۆی بە پێویست بزانێت بەردەوام دەبێت، بە پێویستی نەزانێت دەگەڕێتەوە ناو هۆلی پەرلەمان، لەو کاتە پرسیار لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین وەڵامی تەواومان پی بدات، بەڕێز علی حەمە صالح فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ حورمەتی بەڕێزم بۆ وەڵامەکەی یەکەم و دووەمی بەڕێزت، دەسەڵاتی جەنابتان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ لە ماددەی (25)دا دیاریکراوە بۆ ئەوەی کە مۆڵەت بدرێت زۆر بە روونی دەڵێت سەرۆك بۆی هەیە لە خاڵی سێیەمدا مۆڵەتێکی ئاسایی بدات ئەگەر بارودۆخەکە ئەمەی خواست بۆ ماوەیەك لە (15) رۆژ تێپەڕ نەکات و لە ماوەی هەر خولێکدا لە خولەکانی گرێدراو، یەعنی زۆر بە وازحی دیاریکردووە کە دەسەڵاتی سەرۆکە بۆ هەر خولێکی گرێدان (15) رۆژ مۆڵەت بدات، یەعنی پەرلەمانتارێك ئیلتیزام بکات و یەکێکیش ئیلتیزام نەکات نە بە لیژنە و نە بە هیچ کارێکی پەرلەمانەوە ئەوە ئەرکی ئێوەیە کە ئەم بابەتە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ تەنزیم بکەن و بەپێی پەیڕەوی ناوخۆش وەڵاممان بدەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تەئکید دەکەینەوە داوای مۆڵەتی فەرمی بۆ کراوە و دووبارە تەجدید کراوە، بەڕێزیشتان دەزانن هۆکارەکە چی بوو، بۆیەش ئەو کاتەی دەستەی سەرۆکایەتی قەناعەتی هێنا ئەو هۆکارە رەوا نیە لە جێگای خۆی نیە کۆتایی پی دێنین، بەڕێز کەژاڵ هادی فەرموو.

**بەڕێز کەژاڵ هادی فەقێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
داوا لە بەڕێزتان دەكەین جێگۆڕكێی لە بەرنامەی كاری ئەمڕۆ بكرێت بڕگەی سێ ببێتە بڕگەی یەك، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
بەڕێز ئێڤار ابراهیم فەرموو.
**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
من تەواوی پشتیوانی قسەكانی كاك محمود و كاك بەهزاد دەكەم، هەروەها پشتیوانی لە قسەكانی خاتوو كەژاڵ دەكەم، ئەگەر بكرێت بڕگەی سێیەم و دووەم بێتە پێش یەكەم، لەبەر ئەوەی بەس ئینفازە چوارەمیش، بڕگەی یەكەم زیاتر گفتوگۆ هەڵدەگرێت، ئەگەر بكرێت جێگۆڕكی بكرێت كارێكی باشە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
بەڕێز د.پەری فەرموو.
**بەڕێز د.پەری صالح حمید:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
منیش پشتیوانی لە رای بەڕێزان دەكەم لەبارەی ئامادەبوون و ئامادەنەبوونی ئەندامی پەرلەمان، پرسیارێكیشم هەیە ئایا كارێكی یاساییە ئەندام پەرلەمان بچێتە خاڵەكانی بەرگری، خاڵی دووەمیش پشتیوانی لەو رایەی هێنانە پێشەوەی خاڵی چوارەم دەكەم ببێتە خاڵی یەكەم، ئەگەر بكرێت وەڵاممان بدرێتەوە بی زەحمەت، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
وەڵامی ئەوەی یەكەم ئێمە وا دەبینین ئاساییە و بە ئەركێكی پیرۆز و پێویست لەقەڵەم دەدەین، زۆر لە ئەندام پەرلەمانان ئامادەییان هەبووە لە بەرەكانی جەنگ، ئەوەی دووەم ئەوە دوایی دەخەینە دەنگدان، بەڕێز بشار مشیر فەرموو.
**بەڕێز بشار مشیر اسماعیل:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
ناوی من لە ئامادەنەبوونی دانیشتنی رابردوو هاتە خوێندنەوە، من لە هەردوو دانیشتنی بەیانی و پاش نیوەڕۆ لێرەبووم، بەس دیارە لە كاتی واژووكردنی ناوەكان لە دانیشتنی دووەم واژووم نەكردووە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
ئەوەی كە دروست بووە راست دەكرێتەوە، داواتانیش لێدەكەین پابەندبن بە واژووكردنی ناوەكانتان، ئەوەی واژووی لەسەر نەبێت رەنگە لەبیریان بچێت، بەڕێز انور قادر فەرموو.
**بەڕێز انور قادر** مصطفى:
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
منیش پشتگیری لە قسەكانی پەرلەمانتار كاك بەهزاد و كاك محمود دەكەم، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
ئێمە پێداچوونە دەكەین و هەڵسەنگاندنی بۆ دەكەین، ئەگەر لەوێش نا تێگەیشتنێك و گرفتێك هەبێت چارەسەری دەكەین، بەڕێز كاك قارەمان فەرموو.
**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
من پشتیوانی لە رایەكەی كاك محمود و كاك علی دەكەم، بەڵام پەرلەمانتار بەپێی ماددەی (25) ئەگەر مامەڵەی لەگەڵ بكرێت، ئەگەر موبەڕیرێكی هەبێت بۆ ئەوەی

مـۆڵەت وەربگرێـت ئاسـاییە، بەڵـام خـۆی وجـودی هەبێـت لە هەولێـر بە هـیچ کـارێکی پەرلەمـانی نەڕویشـتبێت و لە نـاو شـاری هەولێـر بێـت و بە بەردەوامـی، یەعنـی هـیچ رێگریەکی لەبەردەمیدا نەبێت بۆ ئەوەی بێتە جەلسەی پەرلەمان و ناو پەرلەمان بەراستی مەعقول نیە ماوەی دوو مانگ زیاترە لە پێنج جەلسەی پەرلەمانی بەشداری نەکردبێت بەپێی پەیڕەو هیـوادارم و داوا دەکەم بەپێـی ماددەی (25) مامەڵەی لەگەڵدا بکرێـت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بە تەئکید پەیڕەو لەسەر هەموو ئەندامان وەکو یەك جی بەجی دەکرێت، بەڕێـز د.ابـراهیم فەرموو.

**بەڕێز د.ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دانیشتنا حەفتەیا چووی دانی ئێڤاری من و د.رێواز موڵەت بووین، حەڵەتەکا چـی بـوو دەڤ مە نە تەبیعیە، دگەل رێز و ئیحترامی من بۆ د.پەری یا ئیـزافە بـوویە بـۆ لیـژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا بە قەناعەتا من ئەگەر سیاسیش بیت ئەڤە حسا حزبەکا دیە د.شوان دەڤ مە چووی دڤیا کاك ئاری هاتبایە، دگەل رێـز و ئیحتـرام نە پرسیار ل مە هـاتیە کـرن، ئەم دڤێـت سابیقەیەکا خـراپ بـۆ پەرلەمـانی کـو ئەگەر ئەنـدام پەرلەمـانەك ئیـزافە بیت بـۆ لیـژنەیەك مشاوەرەتەك بێتە کرن یان هیچ نەبیت ژ لایی سیاسی ڤە بێت دەست نیشـان کـرن، چونکـو مە حسـا وی حزبـی یـا هەی ئەنـدامن گەل مە ئیزافەکرنـا وی خوشـکی بـۆ لیژنەیـا پەروەردە ئەم دزانین وەکی بلێین شاشیەکا چی بووی بۆ پەرلەمانی، چاوا دێتە چارەکرن نـزانم، ئەگەر من بـم ئەزی داخـازا جارەکا دی دەسـت بلند کرنـی دکەم کـو ئەو حاڵەتە بێـتە رەفـز کـرن دا نەبیتە دەست پێکەکا خراپ بۆ پەرلەمانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دیـارە نـا تێگەیشـتنێك لەو بـارەیەوە هەیە، روونکـردنەوە لەلـایەن بەڕێـز بـێگەرد تاڵەبـانی سکرتێری پەرلەمان دەدرێت، فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیـارە بـۆ داواکردنـی ئەنـدامانی پەرلەمـان کە دەیانەوێـت بچـنە لیژنەکـان ئـێمە تەئکیـد لە کاروبـاری پەرلەمـان دەکەیـنەوە بـۆ ئەوەی کە نیسـابی یاسـایی لیژنەکانمـان پـی بلـێن هەر لیژنەیەك چەند ئەندام دەتوانێت تێیدابێت، لە لیـژنەی پەروەردە و خوێنـدنی باڵا بە فیعلـی شوێنەکەی د.شوان قەڵادزەیی رەحمەتی چۆڵ بووە و بەراستی ئێمە نەمانزانی کە پێشـتر جۆرێك لە دانوسـتان لە نێـوان بەڕێـز کاك ئاری و د.پەری هەبـووە لەسـەر پڕکـردنەوەی ئەو شوێنە، بەڵام کە ناوەکەمان بۆ هـات ئـێمە خستمانە بەرنـامەی کـارەوە، منـیش پێمـوایە کە بلـی شـوێنەکەی د.شـوان قەڵـادزەیی مەفـروز بـوو سـەرۆکی فراکسـیۆنی بـزوتنەوە پـڕی بکاتەوە، بەڵام وەکو گوتم ئێمە زانیاریمان نەبوو لەسەر ئەوەی کە بەتەواوەتـی بە چـوونی ئەو ئەنــدامە بــۆ لیــژنەی پەروەردە و خوێنــدنی باڵــا شــوێنی بەڕێــز ســەرۆکی لیســتی بـزوتنەوەی ئیسـلامی نامێنێـت، بـۆیە منـیش هـاوڕام لەگەڵ بۆچـوونەکەی د.ابـراهیم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ڕێزی تەواوم بۆ ئەو كارەی كە لە ئێستادا كاك جمال مورتكە پێی هەڵدەستی نەشم ویست قسە لەسەر ئەو بابەتە بكەم، بەڵام شتێكی یاسایی و پەیڕەوی دێتە پێشەوە تەبعی خۆم وایە ناتوانم قسەی لەسەر نەكەم، بەپێی ماددەی (32) ناكرێت ئەندامی پەرلەمان لەگەڵ پوستێكی تردا كۆبكرێتەوە، هەر ناوی كۆ نەكردنەوەیە ماددەكە، بۆیە ئەوە پێچەوانەی ئەو ماددەی پەیڕەوەیە هەر بۆ ئاگاداری بەڕێزتان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك ئاری فەرمووو.

**بەڕێز ئاری** عبداللطیف **مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هەر لە سەرەتاوە بێگەرد تاڵەبانیم ئاگادار كردووە بۆ زیادكردنم بۆ سەر لیژنەی پەروەردە، بەڵام لە بەرنامەی كاردا نیە و پێشتریش قسەیەكم لەگەڵ كەسدا نەكردووە، یەعنی بە فەرمی بەپێی پەیڕەو داوام كردووە لە دوو لیژنە ناوم زیاد بكرێت، لیژنەی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و هونەر لەگەڵ لیژنەی پەروەردە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز سكرتێری پەرلەمان ڕوونكردنەوەی هەیە، فەرمووو.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز كاك ئاری بەڕێزت كاتێك كە نووسراوەكەت بۆ من هینا د.پەری لە جەلسەی ڕابردوو دەنگی لەسەر درابوو و خرابووە بەرنامەی كار، بە بەڕێزیشتم گوت پێم گوتی د.پەری خراوەتە بەرنامەی كار، پێموابێت ئەو موناقەشەیەمان بە یەكەوە كرد ئەگەر بیرت مابێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز د.سراج فەرمووو.

**بەڕێز د.سراج احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە لێرەدا ناوی مامۆستا هات، كە مامۆستا جمال ناوی هات، مامۆستا جمال وەكو خۆبەخشێك لەو شوێنە دەوام بكات و هیچ پۆستێكی لەوێدا نیە، هیچ مووچەیەك وەرناگرێت تاوەكو كۆكردنەوەیەك هەبێت، من داوا دەكەم كەوا ئەو شتە ڕاست بكرێتەوە وەكو ڕوونكردنەوەیەك بۆ ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز ئێڤار ابراهیم كۆتایی خاڵە نیزامیەكان، فەرمووو.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە حەفتەی ڕابردوو دەنگ لەسەر ئەوە دراوە كە د.پەری بچێتە لیژنەی پەروەردە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ماددەی (39، 44) پەرلەمانتار ئازادە لە هەر لیژنەیەك كار بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو گرفتە لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتی یەكلایی دەكرێتەوە، سی پێشنیار زیاتر پشتیوانی لەوە دەكەن خاڵی سێیەم لە بەرنامەی كار ئینفازە ببێتە خاڵی یەكەم، یەكەم ببێتە دووەم و بەو شێوازە، ئەو پێشنیارە دەخەینە دەنگدان، خاڵی سێیەم ببێتە خاڵی یەكەم، كێ لەگەڵدایە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (15) لەگەڵ ئەوەدایە كە خاڵی سێیەم ببێت بە خاڵی یەكەم، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدانیە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (43) كەس لەگەڵدانیە،

زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پێشنیارەکە رەتکرایەوە، بەرنامەی کار وەکو خۆی بەڕێوەدەچێت، لە سەرەتاوە بەخێرهاتنێکی گەرمی شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کە لەسەر داوای پەرلەمان ئەمڕۆ لەگەڵ ئێمە ئامادەبووینە، بەڕێز خاتوو نەورۆز مولود وەزیری شارەوانی، بەڕێز سینان چەلەبی وەزیری داد، هەروەها لە وەزارەتی کشتوکاڵ لەبەر ئەوەی وەزیر لەوی دەستی لەکار کێشایەوە و کەس لەوێدا بە وەکالەت دانەندراوە لەبەر ئەوە کەس ئامادەنەبوو، تەنها بەڕێز د.انور ئامادەبووە بە ناوی وەزارەتەوە کە لەگەڵ ئێمە ئامادەیە، هەروەها لە وەزارەتی ناوخۆش لە ئاستی بەڕێوەبەری گشتی لەگەڵ ئێمە ئامادەن بەڕێز کاك نوزاد لەگەڵ کۆمەڵێك راوێژکار لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئەوەی بەشداری بکەن لە خاڵی یەکەم لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆ، گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای زیادەڕەوی لەسەر مۆڵکی دەوڵەت بەپێی ماددەکانی (72، 74، 75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەمواركراو، ئێمە داوا دەکەین لەبەر ئەوە پێنج لیژنەی پەیوەندیدار بەم پرسە هەیە، داوا لە سەرۆکایەتی ئەو هەر پێنج لیژنەیە دەکەین بفەرموون بۆ شوێنی تایبەت بە لیژنەکان، هەر سەرۆکایەتیەك سێ کەسە (لیژنەی یاسایی، لیژنەی دارایی، لیژنەی شارەوانی، لیژنەی کشتوکاڵ، لیژنەی ناوخۆ)، سەرۆکایەتی ئەم پێنج لیژنەیە بفەرموون بۆ سەر سەکۆی لیژنەکان، بەڕێزان دیارە هەر بەو شێوازە کورسیش بەش ناکات، شوێن نیە، لەبەر ئەوە داوا دەکەین سەرۆك و جێگر لە هەر پێنج لیژنە بێنە سەر سەکۆی لیژنەکان، بەڕێزان دەست بە گفتوگۆ دەکەین، داوا لە سەرۆکی لیژنەی یاسایی دەکەین ئەو پڕۆژە یاسایە ماددە بە ماددە بخوێننەوە، ماددە بە ماددە موناقەشە دەکرێت، ئەمڕۆ شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی هەردوو وەزیری بەڕێز وەزیری شارەوانی و وەزیری داد لەگەڵ راوێژکارەکانیان هاوکار دەبن لەگەڵ ئێمەدا بۆ ئەوەی ئەم پڕۆژە یاسایە بە شێوازێکی باش و رەوا و دادپەروەرانە وەکو پێویست پەسەند بکرێت، دیارە ئەم پڕۆژە یاسایە زۆر رەهەندی هەیە، لەبەر ئەوەش پێنج لیژنەی پەیوەندیدار بەشدارن لەوەی کە پرۆژەکە راپۆرتەکی هاوبەشیان ئامادەکردووە، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بابەت/ راپۆرتی هاوبەش**

لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەکانی ئاسەوار و خزمەتگوزاریەکانیش شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت گوزار و دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان و ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجەییەکان، کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و ئاودێری و بەنداوەکان، رۆژی سێ شەممە، رێکەوتی (2018/1/23) کۆبوونەوەی هاوبەشیان ئەنجامدا بۆ تاوتوێکردنی هەردوو پڕۆژەی رێگری لە زیادەڕەوی کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەشکراوە، دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە دانیشتنی ژمارە (2) لە رۆژی دووشەممە بەرواری (2015/3/9)، زیادەڕەوی لەسەر مۆڵکی دەوڵەت کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەشکراوە، دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە دانیشتنی ژمارە (2) لە رۆژی چوارشەممە بەرواری (2017/12/6) رەوانەی لیژنەکانمان کراوە دوای گفتوگۆکردن و تاوتوێکردن لیژنەکان گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

یاسای رێگری لە زیادەڕۆیی و لابردنی لەسەر زەوی و زاری دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

**بەشی یەکەم**

**پێناسە و ئامانج و پیادەکردن**

پێناسەکان:

ماددەی (1):

مەبەست لەو دەستەواژەو وشانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستەکانی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە:
1- هەرێم: هەرێمی کوردستان-عێراق.
2- ئەنجومەن: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عێراق.
3- زەوی و زاری دەوڵەت: گشت ئەو زەویانەی موڵکی دەوڵەتن لە سنووری هەرێمی کوردستان-عێراق، جا توخمەکەی یان پۆلێنەکەی جۆرەکەی هەر چیەك بێت هەر وەك لە ماددەی یەکەمی یاسای یەکخستنەوەی پۆلێنەکانی زەویەکانی دەوڵەت ژمارە (53)ی ساڵی 1976ی بەرکار دیاریکراوە، هەروەها ئەو زەویانەی کە تەسویە نەکراون و بە ناوی کەسەوە تۆمار نین.
4- زەوی ناو سنووری شارەوانی: گشت ئەو زەویانەی دەکەونە ناو سنووری بڕیاردراو بۆ شارەوانیەکان لە گشت پارێزگا و قەزا و ناحیەکان بەپێی نەخشەی بنەڕەتی.
5- زەوی دەرەوەی سنووری شارەوانی: ئەو زەویانەی دەکەونە دەرەوەی سنووری هاتوو لە بەندی چوارەمی ئەو ماددەیە زەویەکانی دەرەوەی سنووری گوندەکان.
6- سەرۆکی یەکەی کارگیری: پارێزگار، قایمەقام، بەڕێوەبەری ناحیە.
7- شارەوانی: شارەوانی پارێزگا و قەزا و ناحیە و شارەدێیەکانی هەرێم.
8- لیژنە: لیژنەی رێگری لە زیادەڕۆیی و لابردنی.
9- زیادەڕۆکار: ئەو کەس و لایەنەی بەبێ مۆڵەتی یاسایی پەیوەندیدار رفتارێك دەکات کە لە ماددەی چوارەمی ئەم یاسایەدا هاتووە.
10- چاودێر: کارمەندی کاتی و بەردەوامی شارەوانی و فەرمانگەکانی حکومەت چاودێری زیادەڕۆیی دەکەن.

ماددەی (2):

ئامانجەکان: ئامانجەکانی ئەم یاسایە بریتین لە:
1- پارێزگاری لەو زەویانەی موڵکی دەوڵەتن لە ناو سنووری هەرێم و رێگری لە زیادەڕۆیی و داگیرکردنی بە رێگای سەپاندنی سزای بەرگر (رادع) بەرامبەر بە زیادەڕۆکار.
2- گرتنەبەری رێکاری توند بۆ لابردنی زیادەڕۆیی لەسەر زەوی و زاری دەوڵەت.
3- پارستنی ئابووری نیشتیمانی هەرێم لە رێگای قەدەغەکردنی زیادەڕۆییکردنە سەر زەویە کشتوکاڵیەکان یان پاوانە سرووشتیەکان یان دارستانە سرووشتیەکان و رێگرتن لە گۆڕینی بەکارهێنانەکانی ئەم زەویانە.
4- پارێزگاری لە نەخشەی بنەڕەتی شارەوانی بەپێی ئەو پلانەی بۆیان دانراوە ئەویش بە رێگری لە زیادەڕۆیی.

ماددەی (3):

پیادەکردن: ئەو یاسایە پیادە دەکرێت بەسەر گشت حاڵەتەکانی زیادەڕۆیی لەسەر زەوی و زاری دەوڵەت لە هەرێم، توخمەکەی یان پۆلێنەکەی جۆرەکەی هەر چیەك بێت.

ماددەی (4):

1- هەر رفتارێك یان کارێك بکەوێتە سەر زەوی و زاری دەوڵەت یان سەر مافێك لەو مافانەی ئەو زەویانە بە زیادەرۆیی ئەژمار دەکرێت ئەگەر مۆڵەتی یاسایی نەبێت یان دژ بە یاسا بەرکارەکان بێت، لەوانەش ئەمانەی خوارەوە:
أ- زەوتکردن بەکارهێنان و دەست بەسەرداگرتنی بیناکانی دەوڵەت
ب- دروستکردنی خانوو و بینا بە هەموو جۆرەکانیەوە بۆ هەر مەبەستێك ئەگەر لەگەڵ نەخشەی بنەڕەتی بگونجێت یان نا.
ت- زەوتکردنی زەوی یان بەشێك لە زەوی.
ث- گۆڕینی رەگەزی زەوی بەکارهێنانی زەوی و گۆڕینی بەکارهێنانی زەوی.

ج- هەڵکەندنی زەوی بردنی خاك و خۆڵی ئاسایی یان تێکەڵە گۆڕینی ریچکەی ئاوی سەر زەوی، گۆڕینی رێرەوی هاتووچۆ.
ح- پەکخستن یان گۆڕینی مافێك لە مافەکانی هاوشانی (ارتفاق) بڕیاردراو لەسەر زەویەکانی دەوڵەت.
خ- داگیرکردن و بەکارهێنان و هەڵکەندن و شێواندنی کەنار و ناوچە و رووبار و دەریاچەکان.
د- شوراکردنی زەوی بەردەڵان، لەورگە، دراستان و کشتوکاڵی بە پێچەوانەی یاسا بەرکارەکان.
ذ- فرۆشتن و بەخشین و بەکرێدانی زەوی بە مەبەستی کشتوکاڵ دروستکردنی باخ و گەشت گوزار و نیشتەجێ، بازرگانی یان بۆ هەر مەبەستێکی دی بە پێچەوانەی یاسا بەرکارەکان.
ر- جیاکردنەوە و پارچە پارچەکردن (افراز الاراضی) بەدەر لە یاسا بەرکارەکان.
ز- هەر رەفتارێکی دیکە جگە لەوانەی لە بەندەکانی پێشوو باسکراون بکەوێتە سەر زەوی و زاری دەوڵەت بەبی وەرگرتنی رەزامەندی بنەمای ئسولی.

2- بەکارهێنانی گشت یان بەشێك لە جادە، شۆستە، گۆڕەپان، باخچە، پارك، یان هەر شوێنیکی گشتی بە شێوەیەکی کاتی یان بەردەوام بۆ بەرژەوەندی تایبەت بە پێچەوانەی یاسا بەرکارەکانی هەرێم.

## بەشی دووەم
## حوکمە رێکاریەکان

ماددەی (5):

سەرۆکی یەکەی ئیداری و سەرۆکی شارەوانی خۆیان یان بە هۆی چاودێرەوە چاودێری زەوی و زار دەکەن بە مەبەستی رێگری و لابردنی زیادەڕۆیی بە گرتنەبەری ئەم رێکارانەی خوارەوە:

1- پێدانی هۆشداری بە کەسی زیادەڕۆکار بە لابردنی زیادەڕۆیی لە ماوەی (24) کاتژمێر ئەگەر کەسەکە یان لایەنەکە ناسراو بوو.
2- هەڵواسینی پسولەی هۆشداری لە شوێنی زیادەڕۆکە بە لابردنی زیادەڕۆکە لە ماوەی (24) کاتژمێردا ئەگەر زیادەڕۆکار نە ناسراوبوو.
3- ئاگادارکردنەوەی سەرۆکایەتی داواکاری گشتی بە زیادەڕۆییەکەی روویداوە.
4- پێویستە لەسەر سەرۆکی یەکەی کارگێری لە ماوەی (48) کاتژمێر لە رێکەوتی ئاگادارکردنەوەی فەرمانی لابردنی زەوی زیادەڕۆکە دەربکات بە هەماهەنگی لەگەڵ شارەوانی تایبەتمەند و دابینکردنی پارێزوان بۆ لیژنە ئەگەر زیادەڕۆکار بەپێی بڕگەکانی یەکەم و دووەمی سەرەوەی ئەم ماددەیە زیادەڕۆکەی لا نەبرد.

ماددەی (6):

هێزەکانی ناوخۆ و گشت هێزە فەرمیەکانی دیکە لە سنووری یەکە ئیدارییەکاندا ئەگەر پێویست بوو فەرمانەکانی سەرۆکی یەکە کارگێریەکان جی بەجی دەکەن بۆ پارێزگاری لیژنە.

ماددەی (7):

نابێت خزمەتگوزاری ئاو، ئاوەڕۆ، کارەبا، جادە، ئینتەرنێت، یان هەر خزمەتگوزاریەکی دیکە بگەیەندرێتە ئەو زەوی و زارەی زیادەڕۆکەی لەسەرکراوە.

ماددەی (8):

پاداشتێکی مانگانە بە ڕێژەیەك زیاتر نەبێت لە (25%) مووچەی بنەڕەتی ئەندامانی لیژنە تەرخان دەکرێت وەك هاندان بۆ ئەندامانی ئەو لیژنەیە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە پێکدێن دابەش دەکرێن بەپێی ڕێنمایی وەزیری ناوخۆ و شارەوانی لە هەرێم دەری دەکەن.
ماددەی (9):
پێویستە زیادەڕۆکار لە ماوەی (30) ڕۆژ لە بەرواری کارپێکردن بەم یاسایە:

1- ئاگاداری شارەوانی پەیوەندیدار بکات لە شوێن و شێوە و ڕووبەری پێکهاتەی زیادەڕۆکە ئەگەر لە سنووری شارەوانی بوو.
2- ئاگاداری سەرۆکی یەکەی کارگێڕی بکات لە شوێن و شێوە و ڕووبەر و پێکهاتەی زیادەڕۆکە ئەگەر لە دەرەوەی سنووری شارەوانی بوو.

ماددەی (10):

1- پێویستە سەرۆکی شارەوانی و سەرۆکی یەکە کارگێڕیەکان تۆماری ئەو زانیاری و هەواڵانە بکەن لە تۆمارگەی فەرمی بەشی زیادەڕۆیی و لیژنەی پێویست لەلایەنە پەیوەندیدارەکان پێك بهێنن بۆ جێگیرکردنی جۆر و شێوە و ڕووبەر و پێکهاتەی زیادەڕۆکە کە لە کۆنووسی تایبەتی بەپێی برگەکانی یەکەم و دووەمی لە ماددەی نۆی ئەم یاسایە پێیان گەیشتووە.
2- حوکمەکانی ئەم یاسایە بەسەر ئەو زیادەڕۆیانە دا جی بەجی دەکرێت کە ئاگاداری شارەوانی و یەکەی کارگێڕی لی نەکراوە و لە ماددەی ئاماژە پێکراوی ماددەی نۆی ئەم یاسایە.

ماددەی (11):
لە ناوەندی هەر پارێزگایەك دادگایەك بۆ تێڕوانینی زیادەڕۆیی پێك دەهێنری ئەو دۆسیانەی پەیوەستن بە زیادەڕۆ بە پەلە هەژمار دەکرێت.

**بەشی سێیەم**

**حوکمە سزاییەکان**

ماددەی (12):
لەگەڵ پێشێڵ نەکردنی هەر سزایەکی توندتر کەوا یاسا بەرکارەکان لە هەرێم دەقیان لەسەرکردووە:

1- هەر کەسێك کردارێك لەو کردارانەی لە بڕگەی یەکەمی ماددەی چوارەمی ئەم یاسایەدا هاتوون ئەنجام بدات ئەوە بە بەندکردن بۆ ماوەیەك لە یەك ساڵ کەمتر نەبێت و بە غەرامەیەك لە پێنج ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە نرخی ئەو ڕووبەری زیادەڕۆییەی کراوەتە سەر لە کاتی ڕوودانی زیادەڕۆکە زیاتر نەبێت سزا دەدرێت.
2- هەر کەسێك کردارێك لەو کردارانەی لە بڕگەی دووەمی ماددەی چوارەمی ئەم یاسایەدا هاتوون ئەنجام بدات ئەوە بە غەرامەیەك لە یەك ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە پێنج ملیۆن دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت و لە حاڵەتی گەڕانەوە سزاکە دەبێتە بەندکردن بۆ ماوەی سی مانگ و غەرامەیەك لە دوو ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە شەش ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.
3- خاوەنی ئەو مۆڵگەیە یان ئەو شوێنە یان ئەو کرێچیەی ئاسانکاری دەکات یان یارمەتی دەدات لە ئەنجامدانی تاوان ئەوە بە هاوبەش دادەندرێت لەو تاوانەی لە بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە و بە هەمان سزاکەی سزا دەدرێت.
4- هەر کەسێك کەمتەرخەم بێت لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی لە ڕێگرتن یان لە لابردنی زیادەڕۆیی لەوانەی ئەندامی لیژنەن ئەوە بەپێی یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەران ڕەفتاری لەگەڵ دەکرێت.

5- ئەگەر ئەنجامدەری تاوانەکە فەرمانبەر یان راسپێردراو بە راژەی گشتی بێت یان بە یەکێك لە کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ یان هێزە چەکدارەکان بێت و سیفەتی خۆی لە ئەنجامدانی تاوانەکە و سوودهێنا بێت (استغلال) یان ئاسانکاری بۆ کەسانی دیکە ئەوە بە بارودۆخی توندکراو دادەندرێت و لە تاوانی هاتوو لە هەردوو بڕگەی یەکەم و دووەمی ئەم ماددەیە.

ماددەی (13):

هەر کەسێك کارێك لە کارەکانی نێوانگیری یان دەڵاڵی لەسەر ئەو زەوی و زار و خانووبەرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە ئەنجام بدات ئەوە بە بەندکردن بۆ ماوەیەك لە سی مانگ کەمتر نەبێت و لە شەش مانگ زیاتر نەبێت و بە غەرامەیەك لە پێنج ملیۆن دینار کەمتر نەبێت لە بەهای ئەو رووبەری زیادەڕۆییەی کراوەتە سەر لە کاتی روودانی زیادەڕۆکە زیاتر نەبیت سزا دەدرێت.

ماددەی (14):

هەر فەرمانبەرێك یان راسپێردراوێك بە راژەی گشتی رەزامەندی بنەمای بدات یان یارمەتی بدات یان نێوەندگیری بکات لە پێناو دابینکردنی ئاو یان کارەبا یان خزمەتگوزاری دیکە بۆ ئەوەی زەوی و زار و خانووبەرانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە ئەوە بە بەندکردن بۆ ماوەیەك لە شەش مانگ کەمتر نەبێت و لە یەك ساڵ زیاتر نەبێت سزا دەدرێت.

ماددەی (15):

1- نابێت تۆمەتباری زیادەڕۆکار بە کەفالەت یان بەبی کەفالەت لە هەردوو قوناغی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی یان دادگاییکردن ئازاد بکرێت.

2- تۆمەتباری زیادەڕۆکار سوودمەند نابێت لە حوکمەکانی ئازادکردنی مەرجدار و راگرتنی جی بەجی کردن، هەروەها لە دوای تەواوبوونی ماوەی حوکمدانیشی ئازاد ناکرێت تەنها ئەگەر لەسەر تێچووی تایبەتی خۆی زیادەڕۆییەکە لاببات.

3- بڕیار یان حوکمی دەرکراو لە دادگا سزاکارییەکان بە ئازادکردن یان بی تۆمەتی یان نا بەرپرسیەتی هیچ ئاسەوارێکی نابێت لەسەر لابردنی زیادەڕۆکە.

ماددەی (16):

کەسی زیادەڕۆکار دەبووردرێت لەو سزایانەی لەو یاسایەدا هاتوون ئەگەر هەواڵ بداتە لایەنە تایبەتمەندەکانی زیادەڕۆیی لەسەر روودانی زیادەڕۆکە و لە ماوەی (15) رۆژ لە رێکەوتی هەواڵەکە هەڵسا بە لابردنی بەو مەرجەی ئەو لابردنە بە نووسراوێکی فەرمی لەم لایەنانە پشت راست بکرێتەوە.

ماددەی (17):

1- ئەگەر کردارێك لەلایەن ئەندامانی لیژنە لە کات جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەی پەیوەستە بە لابردنی زیادەڕۆکان رووبدات ئەوە بە تاوان دانانەدرێت لەگەڵ رەچاوکردنی حوکمەکانی ماددەی (40)ی یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە (111)ی ساڵی 1969ی هەموارکراو.

2- ئەندامانی لیژنە ئەو زیانانەی گەرەنتی ناکەن کە لەوانەیە لە کاتی لابردنی زیادەڕۆ دووچاری کەسی زیادەڕۆکار ببن لەگەڵ رەچاوکردنی حوکمەکانی ماددەی (215) بڕگەی (2) لە یاسای مەدەنی عێراقی ژمارە (40)ی ساڵی 1951ی هەموارکراوە.

**بەشی چوارەم**

**حوکمە کۆتاییەکان**

ماددەی (18):

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جی بەجی بکەن.

ماددەی (19):
پێویستە لەسەر وەزارەتە پەیوەندیدارەکان ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دەربکەن.
ماددەی (20):
کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.
ماددەی (21):
ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائعی کوردستان جی بەجی دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچوواندن**

بە هۆی باری ئاڵۆزی هەرێمی کوردستان و ڕاگواستنی گوندەکان و تێکچوونی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و تێکەڵبوونی کەلتوری گوند لەگەڵ شار و ڕەوی بە کۆمەڵی گوندنشین بەرەو شارەکان بە هۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان بە شێوەیەکی نا ئاسایی و ڕەوی ژمارەیەکی زۆر لە ناوچە جیا جیاکان بە ئاڕاستەی شارەکانی هەرێم زیادەڕۆیی لەسەر ماڵ و مۆڵکی گشتی بۆتە دیاردە و سیمای شارستانی شارەکان بەرەو شێواو دەچێت، بۆ سنووردارکردنی ئەم دیاردەیە و پارێزگاری لە ماڵ و مۆڵکی گشتی و بن بڕکردنی زیادەڕۆیی تا ئاستی پێویست و پیادەکردنی دادی کۆمەڵایەتی لە دابەشکردنی زەوی و سنووردارکردنی دەست بەسەرداگرتنی زەوی کشتوکاڵی لەوەڕگا و پاوان و دارستانەکانی دەرەوەی سنووری شارەوانی ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خاڵێکی نیزامی هەیە، بەڕێز امنە زکری فەرموو.

**بەڕێز امنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ گفتوگۆ کرن ل سەر ڕاپۆرتا هاوبەش کو ئەو ببیتە ئەساس پێتڤیە دەنگدان بێتە کرن، چونکی دوو پڕۆژە یاسا بوو، بۆ هەندی کو موناقەشە بێتە کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕوونکردنەوەیەکی گشتی لەسەر کۆی پڕۆژە یاساکە، بەڕێز عمر عینایەت فەرمووو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەمەوێت لە خیلالی بەڕێزتەوە لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان و میوانە بەڕێزەکانیش ڕابگەیەنم کە ئێمە هەموومان ئەو لیژنانە یەك ڕاپۆرتمان ئامادەکردووە بۆ وەڵامی بەڕێز امنە زکری، لە دوای دەرچوونی دەستووری عێراقیەوە گەورەترین کێشە کە ڕووبەڕووی زۆربەی شارەوانیەکان بوویەوە و لە دوای ئەوەی کە مووچەی (17%) هاتە هەرێمی کوردستانەوە خەڵك وەزعی دارایی باش بوو، دیاردەی زیادەڕۆیی لەسەر زەویە کشتوکاڵیەکان زۆر زیادی کرد، دیاردەی کۆچی هاوڵاتیان لە گوندەکانەوە بۆ ناو شارەکان زیادی کرد، ئەمەش کارێکی وای کرد کە زیادەڕۆیی لە ناو هەرێمی کوردستاندا ببێتە دیاردەیەکی زۆر زەق، بە ڕای من سەرکەوتووترین سەرۆکی یەکەی ئیداری و شارەوانی ئەو کەسانەن کەوا زیادەڕۆیی لە شار و شارۆچکەکان یان لە سنووری ئیداریەکان کەمترە، لەبەر ئەوە خراپترین دیاردە لە هەرێمی کوردستاندا کە ڕوویدا دیاردەی زیادەڕۆییە، بن بڕکردنی زیادەڕۆیی دەبێتە دەستکەوتێکی زۆر گەورە بۆ دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بە

تایبەتی دەسەڵاتی جی بەجی کردن، ئەو یاسایانەی کەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێستا کاری پی دەکات بە تایبەتی وەزارەتی شارەوانی لە ساڵی (1979)وە دەست پی دەکات تەبعەن ئەوە قەراری مەجلسی قیادەی سەورەیە، هەڵوەشاوە لە ژمارە (548، 156، 465، 198) تاوەکو دەگاتە ژمارە (398)ی ساڵی 1987، ئەم یاسایانە دوای ئەوەی کە دەستووری عێراقی دەرچوو گرفتی گەورەی دروستکرد بۆ سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان کە دەسەڵاتی حاکمی سزا و حاکمی جنح و ئەوانەی لە سەرۆکی شارەوانی و لە سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان وەرگرتەوە و وایکرد کە سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان و سەرۆکی شارەوانیەکان ئەگەر نا لەم رۆژانە حەفتانە بنێردرێنە بەردەم دادگا و وایدەکرد زۆربەیان تەوقیف دەکران، ئەمە دەستی بەستنەوە و هۆکاری ئەم دەست بەستنەوەیە لە دەستووری عێراقی هات وایکرد کە دەست و پێی سەرۆکی شارەوانیەکان و ستافەکانی ببەستێتەوە، هەروەها بۆ دەرەوەی یەکە ئیدارییەکانیش، سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان نەتوانێت رێگری لە زیادەڕۆیی بکات، لە دەرئەنجامی ئەم گرفتە گەورەیەی کە هاتە پێشەوە ئێمە وەکو لیژنەی شارەوانی و گەشت و گوزار بە هاوکاری لەگەڵ بەڕێز وەزیری شارەوانی و لەگەڵ ستافی وەزارەتی کشتوکاڵ و لەگەڵ بەڕێز جێگری وەزیری شارەوانی و لەگەڵ داواکاری گشتی لە سلێمانی و لە هەولێر ئێمە پەیوەندیمان کرد بۆ ئەوەی یاسایەك بدۆزینەوە بۆ هەرێمی کوردستان کە ئەم یاسایە لە بری ئەو قەرارانەی مەجلسی قیادەی سەورە و ئەو یاسایەی کە پێشتر هەبووە کارێك بکات ئێمە هیچ نەبێت لە ئەمڕۆ وە لە دوای دەرچوونی ئەم یاسایەوە ئەوانە زیادەڕۆیی دەکەن و تەماعیان لە زەوی و زاری هەرێمی کوردستان هەیە پێیان بڵێین بووەستن، کەواتە ئەم یاسایەی کە لەبەر دەستاندایە یاسایەکە بۆ لەمەودوایە، ئەسەری رەجعیە، بە هیچ جۆرێك بە مەرجێك ئەو (30) رۆژەی داندراوە پێموایە لە ماددەی نوێ یاساکە هاتووە ئەو ئەسەری زیادەڕۆکار بچێت تۆماری خۆی بکات ئەگەر لە دەرەوەی سنووری شارەوان بوو ئەوە لای سەرۆکی یەکەی ئیداری، ئەگەر لە ناو سنووری شارەوانی بوو لای سەرۆکی شارەوانی، کەواتە چارەسەر چیە بۆ ئەوانەی کەوا ئێستا کردوویانە بۆ ئەوەی زۆر وازح بێت بۆ هەموو ئەو ئەندام پەرلەمانانە دوو یاسای تر ئامادەکراوە، یاسایەکیان لای ئێمەوە ئامادەکراوە لەگەڵ لیژنەی کشتوکاڵ ئەوە ناردوومانە بۆ حکومەت لە ماوەی (30) رۆژە وەڵاممان بداتەوە، بۆ چارەسەری ئەو زیادەڕۆییانەی دەرەوەی سنووری شارەوانی، یاسایەکیش لای وەزارەتی شارەوانیەوە خۆشبەختانە ئەوانیش ئامادەیانکردووە بۆ چارەسەری ئەو زیادەڕۆییانەی کە پێش دەرچوونی ئەم یاسایە کراوە، کەواتە بۆ ئەوەی زۆر روون بێت لەبەر چاوتان ئەم یاسایە لە دوای دەرچوونی یاساکە ئەوەیە کە پەیوەندی بەو زیادەڕۆییانەوە نیە کە پێشترکراوە بە مەرجێك خۆیان تۆمار بکەن و بچن لە شارەوانی و لەلای سەرۆکی یەکەی ئیداری ئەو کاتە سەرۆکی یەکەی ئیداری لەوانەیە دائیرەی پەیوەندیدار تەخویل بکات، بۆ نموونە فەرمانگەی کشتوکاڵ لەوی تۆماریان بۆ دەکەنەوە کی زیادەڕۆیی کردووە ئەو کاتە بەپێی ئەو دوو یاسایەی کە دێنە ئەم قاعەی پەرلەمانەوە لێرەوە دەردەچن مامەڵە لەگەڵ زیادەڕۆییەکانی پێشووی خۆی دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

داوا لە خاتوونی بەڕێز نەورۆز مولود دەکەین وەزیری شارەوانی چەند روونکردنەوەیەکی گشتی لەسەر ئەم پڕۆژەیە هەیە بدات، فەرموو.

**بەڕێز نەورۆز مولود امین/ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، زۆر سوپاس کە ئەمڕۆ ئەو بابەتە گرنگە لێرە ئامادەکراوە ئەو رەشنووسە یاسایە، بە تەئکید ئەوەی کاك عمر گوتی لەوانەیە کورتەیەك بێت لەسەر دیاردەی زیادەرۆیی، ئەوەی گوتی بەس تەنها لە هەرێمی کوردستان نیە وەکو ئێمە دەزانین هەموو عێراق بە گشتی و لە هەموو وەڵاتانی دنیا هەیە، بەڵام بە تایبەت لە عێراق هەبووە لە حکومەتە یەك بە دوای یەکەکانی پێشوو هەبووە، هەروەها بە تایبەتیش لە هەرێمی کوردستانیش کە دیاردەی زیادەڕۆیی هەبووە و دوای دەرچوونی دەستووری عێراق لەوانەیە پەرەی سەندبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا چەندین رێکاری حکومەت توانیویەتی کە کردوویەتی بە رێگای لیژنەی چاکسازی هەبووە لە سەرۆکایەتی هەرێم کە بتوانێت لیژنەی تایبەتی لە داواکاری گشتی پێکهاتبوو بۆ رێگریکردن لێیان، هەورەها حکومەتی هەرێم چەندین لیژنەی پێکهێناوە بۆ ئەوەی کە خودی جەنابی سەرۆکی حکومەت سەرۆکی لیژنەبوو لەگەڵ جێگری سەرۆکی حکومەت بۆ ئەوەی ئەو دیاردەیە بن بڕبکری و موعالەجەی ئەوەی بکرێت کە هەیە، بۆ ئەم بابەتە یاسایەك ئامادەکراوە بە خۆشحاڵیەوە لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و شارەوانی کەوا کاك عمر زۆر هاوکاری ئەو رەشنووسی یاسایە بوو کە لە وەزارەت ئامادەکراوە دوو رەشنووسمان هەبوو، تەنها تێبینیەك ئەگەر رێگەم پی بدەن وەکو لەوانەیە زۆر پرسیاری بێتە سەر، بەڵام با پێش وەختە خۆمان بۆی ئامادە بکەین بۆ ئەوەی وەڵامەکان و روونکردنەوەیەك هەبێت، خۆی یاسای رێگری گرتن لە تاجاوز ئەمە هەدەفی ئاساسی بابڵی بەڕێزانی ئەندامانی پەرلەمانتار و حکومەت و هەموومانە، هەروەها موعالەجەکردن لەوەدا گرنگترە، ئێمە کردمانە دوو رەشنووسی یاسا ئەوەی ئێستا بە خۆشحاڵیەوە موناقەشەی لەسەر کراوە لە چەندین کۆبوونەوەکانی پەرلەمان و ئێستا کە ئەو رەشنووسە ئامادەکراوە ئەمە رێگریکردنە لە یاسای تەجاوزکردن بۆ ئەوەی رەدعەك هەبێت، لەبەر ئەوەی ئەو یاسایانەی کە پێشوو هەبووە لەوانەیە رەدعەکان یان زۆر کەم بوونە یان مەبلەغەکان لەگەڵ ئێستا ناگونجێت، بۆیە ئێمە سزاکان و یاساکان و دیاریکردنی تەجاوزەکانیش دیاریکراوە لەو رەشنووسە، ئەوەی موعالەجەکردنی رەشنووسێکی یاسایی ترە هەم لەلایەن ئێمە وەکو وەزارەتی شارەوانی ئامادەکراوە کە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دیراسەتی لەسەر دەکرێت، هەم لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵەوە لەگەڵ لیژنەکانی تایبەت لە ناو ئەنجومەنی وەزیران بۆ موعالەجەکردنی بە تایبەتی بابڵێم زەویە کشتوکاڵیەکانە یاخود مەزرەعەکانە کە ناویان لی دەنێن، ئەمانەش موعالەجەیان بۆ دانراوە لەگەڵ ئەوەی تەملیك کردنی هەندێك لە تەجاوزاتەکان کە ئەوەش وەکو ئاماژەم پێدا ئامانە دوو رەشنووسی یاسای ترن کە لە ئەنجومەنی وەزیران دیراستیان بۆ دەکەن، بەڕێزان، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەمڕۆ پەسەند بکرێت ئەوەیە کەوا جاری ئێمە رابگرین ئەو تەجاوزاتانە یاخود ئێمە ناوی لی بنێین وەکو نەزیفێکی دائیمیە، هەر چەندە لا بە لا و پچڕ پچڕ توانیومانە عیلاجی بکەین، بەڵام بە یاسایەکی پتەو نەبێت و بە رەدعێکی زۆر بە هێز نەبێت لەوانەیە نەتوانین، ئەوەی ئێستا دەمانەوێت رابگیرێت دوای ئەوەی یاساکانیان بۆ موعەلەجەکردن ئەمانیش رەشنووسیان ئامادەیە و چەندین کۆبوونەوەشی لەسەر کراوە لە ئەنجومەنی وەزیران، زۆر سوپاسی بەڕێزان دەکەین کەوا هاوکاری رەشنووسی ئەو یاسایەیان بوونە کەوا هەم حکومەت و هەم ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان ئامادەکراوە ئەمڕۆکە دەخرێتە موناقەشە و بڕیاری لەسەر دەدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان راپۆرتە هاوبەشەکە دەخەینە دەنگدان بۆ ئەوەی ببێتە ئەساسی گفتوگۆکردن لەم دانیشتنەدا، ئێستا ئەوە دەخەینە دەنگدان ئەو راپۆرتە هاوبەشەی کە بەو شێوەیەی خوێندرایەوە لەلایەن سەرۆکی لیژنەی یاسایی ئەوە دەبێتە ئەساس بۆ گفتوگۆکردن، کی لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (61) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کی لەگەڵدانیە؟

تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس نیە، کەواتە بە کۆی دەنگ پەسەندکرا، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی راپۆرتەکە مادده بە مادده بخوێننەوە بۆ ئەوەی دەرگای گفتوگۆ بکەینەوە بۆ موناقەشەکردن، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یاسای رێگری لە زیادەڕۆیی و لابردنی لەسەر زەوی و زاری دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

## بەشی یەکەم
## پێناسە و ئامانج و پیادەکردن

پێناسەکان:

ماددەی (1):

مەبەست لەو دەستەواژەو وشانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستەکانی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە:

1- هەرێم: هەرێمی کوردستان-عێراق.
2- ئەنجومەن: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عێراق.
3- زەوی و زاری دەوڵەت: گشت ئەو زەویانەی موڵکی دەوڵەتن لە سنووری هەرێمی کوردستان-عێراق، جا توخمەکەی یان پۆلێنەکەی جۆرەکەی هەر جیەك بێت هەر وەك لە ماددەی یەکەمی یاسای یەکخستنەوەی پۆلێنەکانی زەویەکانی دەوڵەت ژمارە (53)ی ساڵی 1976ی بەرکار دیاریکراوە، هەروەها ئەو زەویانەی کە تەسویە نەکراون و بە ناوی کەسەوە تۆمار نین.
4- زەوی ناو سنووری شارەوانی: گشت ئەو زەویانەی دەکەونە ناو سنووری بڕیاردراو بۆ شارەوانیەکان لە گشت پارێزگا و قەزا و ناحیەکان بەپێی نەخشەی بنەڕەتی.
5- زەوی دەرەوەی سنووری شارەوانی: ئەو زەویانەی دەکەونە دەرەوەی سنووری هاتوو لە بەندی چوارەمی ئەو ماددەیە زەویەکانی دەرەوەی سنووری گوندەکان.
6- سەرۆکی یەکەی کارگیری: پارێزگار، قایمەقام، بەڕێوەبەری ناحیە.
7- شارەوانی: شارەوانی پارێزگا و قەزا و ناحیە و شارەدێیەکانی هەرێم.
8- لیژنە: لیژنەی رێگری لە زیادەڕۆیی و لابردنی.
9- زیادەڕۆکار: ئەو کەس و لایەنەی بەبێ مۆڵەتی یاسایی پەیوەندیدار رەفتارێك دەکات کە لە ماددەی چوارەمی ئەم یاسایەدا هاتووە.
10- چاودێر: کارمەندی کاتی و بەردەوامی شارەوانی و فەرمانگەکانی حکومەت چاودێری زیادەڕۆیی دەکەن.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە بۆ موناقشەکردن، کی دەیەوێت بەشدار بێت بۆ گفتوگۆکردن دەست بەرزکاتەوە بۆ ئەوەی ناوەکان بنووسین؟ بێگەر خان سکرتێری پەرلەمان، فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم بەڕێزانە ناویان تۆمارکردووە بۆ ئەوەی گفتوگۆی ئەو ماددەیە بکەن (ئاری عبداللطیف، حاجی کاروان، بێستون فائق، کەژاڵ هادی، مامۆستا عبدالرحمن، مامۆستا ماجد، تحسین اسماعیل، بشار مشیر، عباس غزالی، د.سراج).

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان دەست بە گفتوگۆ دەکەین وەکو پێشتر ئەندامان قسەی خۆیان دەکەن، دواتر لیژنە پەیوەندیدارەکان، دواتر وەزیرە بەڕێزەکان، هەروەها وەزارەتە پەیوەندیدارەکان ئەوانیش رەئی خۆیان دەنووسن و لە رێگای یەکێك لە وەزیرە بەڕێزەکان ئاراستەی دەنیشتنەکە دەکرێت، بەڕێز تحسین اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار و وەزیری داد و شاندی یاوەریان دەکەم، من پێموایە بەشی یەکەم پێناسە و ئامانج و پیادەکردن تەنها پێناسەکان بێت، ماددەی (2، 3) نەمێنێت لێرە، ماددەی (2) لەگەڵ هۆیەکانی دەچووانەدن بگونجێنرێت، پیادەکردنەکانیش هەر خۆی لە پێناسەکاندا هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا ماجد فەرموو.

**بەڕێز ماجد** عثمان توفیق:

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها بڕگەی سێیەم کە موستەلەحەکان کەلیمەی ئیستوا حەز دەکەم ئاماژەی پی بکەم کە تەسویە کەلیمەکی عەرەبیە مەسدەرەکەی لە ئیستوا وەرگیراوە، موستەلەحی رووپێوی ئەوە راستکردنەوەی پی دەڵێن، بەڵام وابزانم موستەلەحەکە لێرە ئاماژە پێکراوە کە لە زۆربەی ماددەکاندا هاتووە دەبێت بیکەین بە یەکلاکردنەوەی زەویەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك ئاری فەرموو.

**بەڕێز ئاری** عبداللطیف **مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە راستی من تێبینیم لەسەر ناوی یاساکە هەیە کە زیادەڕۆیی و لابردنی لەسەر زەوی و زاری دەوڵەت، تەبعەن ئێمە موڵکمان هەیە هەر زەوی و زار نیە، پێمباشە بکرێت بە یاسای رێگری لە زیادەڕۆیی و داگیرکردنی موڵکی دەوڵەت یان گەڕانەوەی، خاڵێکی تر باسی دەوڵەت کراوە و ئاماژەی پی نەکراوە لە بەشی یەکەم لە پێناسەکاندا، لە کاتێکدا هەرێم ناوی هاتووە، یەعنی مەفروز بوو ناوی دەوڵەتیش بێت ئایا دەوڵەتی عێراقی فیدراڵە یان نا، خاڵی شەشەم و حەوتەم باسی ئیدارەی سەربەخۆ نەکراوە ئایا ئێمە ئیدارەی راپەڕینمان هەیە لەگەڵ ئیدارەی گەرمیان ئایا سەر بە پارێزگایە یان سەر بە قایمەقامیەتە، بێگومان ئەو ئیدارەیە حاڵەتێکی تازەیە لە هەرێمی کوردستان، خاڵی کۆتاییم پێمباشە ماددەیەك زیاد بکرێت زیادەڕۆیی رابردوو، یەعنی ئەوەی کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان ئێستا زەوی نەماوە لە هەرێمی کوردستاندا بۆ زانیاریتان هەر هەموو داگیرکراوە بە لادێکانیشەوە، بەو سنوورانەوە کە پێشتریش موڵکی دەوڵەت بوون، پێمباشە ماددەیەکی تازە زیاد بکرێت بۆ ئەم پرۆژەیە بەم چەشنە ئەو زیادەڕۆییانەی پێش ئەم یاسایەکراوە دەبێت هەموویان مامەڵەی یاسایی بکەن و بە پێچەوانەوە سزاکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز حاجی کاروان فەرموو.

**بەڕێز کنعان نجم الدین (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەقـریبەن تێبینـیەکەم هەر ئەوەی کـاك ئـاری بـوو، بەڵـام بە دەسـتکاریەوە یاسـاکە خـۆی ئەگەر بەس باسی زەوی و زار بێت بە قەد زەوی و زار بینا داگیرکراوە، داگیرکردنەکەش یـان بە رێگای ئەشخاسە یان بە رێگای ئەحزابەوەیە، لەبەر ئەوە لێرە جێی دەبێتەوە یـان لەسـەر زەوی زراعـی کـراوە یـان لەسـەر مـوڵکی گشـتی و لەسـەر مـوڵکی شـارەوانی کـراوە، بـۆیە ئەگەر ئەو ئیزافەیە نەکەین تەقریبەن نیوەی ئەو زیادەڕۆییانە ناتوانین بەم یاسایە عیلاج بکەین، بۆیە ئەگەر ناوی یاساکە بگۆڕدرێت بەوەی کە یاسای رێگری لە زیادەڕۆیی و لابردن و زەوتکـردن، چـونکە زەوتکـراوە، لەسـەر زەوی و زار مـوڵکی دەوڵەت، بـۆیە ئەگەر پـێکەوە بێت زۆر باشترە، لە بەشی سێیەم زەوی و زاری دەوڵەت کە باسی ئەوە دەکات گشت ئەو زەوی و مـوڵکی دەوڵەتـن لێـرە ئیزافەیەکـی بـۆ بکەیـن گشـت ئەو زەوی و بینایـانەی کە مـوڵکی دەوڵەتـن، چـونکە بینـایەکی زۆر هەیە مـوڵکی دەوڵەتە، لە خـاڵی هەشـتەم لیـژنە لیژنەی رێگری لە زیادەڕۆیی و لابردن و زەوتکردن، چونکە ئەوە بۆ دوو شتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

وابزانم پێویستیمان بە روونکردنەوەیەك هەیە لەلایەن کاك عمر عینایەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە سـەرەتاوە ئـێمە ئاماژەمـان پێـدا بـۆ ئەوەی وەڵامـدانەوەی قسـەکەی بەڕێـز کـاك ئـاری کـردی، ئەوە بـۆ لەمەودوایە، چارەسـەر دێـت بە دوو یاسـای لەمەودوا، ئەوە وازحە، وشـەی زەوی و زاریـش یەعنـی عەقـار، هەم زەوی دەگـرێتەوە، هەم خـانووش دەگـرێتەوە، هەم بیناش دەگرێتەوە، ئەوە پێناسەشی بۆ کراوە بەپێی قانونی ساڵی 1976 ئەگەر بگەرێیتەوە بـۆی زەوی زار تەعریـف کـراوە، لەبەر ئەوە ئەمە زۆر وازحە ئەم یاسایە بـۆ لەمەودوا دێـت، مەسەلەن وشەی لادان دانـراوە پێمخۆشـە وازح بێـت لەبەردەمـی بەڕێزتـان، بـۆ نمـوونە بـۆ نووسـیومانە لـابردن لـادانی، مەسـەلەن بـۆ نمـوونە دوای ئەم یاسایە کە دەردەچێـت ئـێمە دەچـین سـەیر دەکەیـن کەسـێك خەریـکە ئیفـراز دەکـات ئـێمە رێگـری لـی دەکەیـن، بەڵـام نەمـانتوانی رۆژی شـەممە و یەك شـەممە بەسـەرداهات، دوو روژی بەسـەرداچوو چـووین سـەیر دەکەیـن چـوار چین بلـۆکی بەرزکردۆتەوە ئەوە لـادانەکەیە، بـۆ وشـەی یـان لـادان بـۆ ئەوانەی پێشـوو نـیە، بـۆ ئەوانەی پێشـووش چارەسـەرکراوە لە مـاددەی نـۆی ئەم یاسـایە، پێمـوایە مـاددەی نـۆیە کە دەڵێـین وەرن نـاوی خۆتـان بنووسـن وەزارەتـی شـارەوانی یاسـایەکیان ئامـادەکردووە بـۆ ئەم مەبەسـتە و دێتە پەرلەمـان بە پەلە داوامـان لێکـردوون بێتە لیژنەی شارەوانی و لەگەڵ لیژنەی یاسایی و لیـژنەی پەیوەندیـدارەکان قسـەی لەسـەر دەکەین، بە نیسبەت ئەوەی دەرەوەی شاریش وەکو پێم گـوتی هەم ئەنجـومەنی وەزیـران وەکـو جەنـابی نەورۆز خـان باسـیکرد سـەرقاڵی ئەوەن و ئـێمەش بە پەلەیـن داوامـان لێکـردوون لە مـاوەی (30) رۆژدا وەڵاممـان بـدەنەوە یاسـاکە بە ئیمـزای بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمان بۆیـان دەچێـت ئەو پرۆژە یاسایە کە ئێمە دامانناوە بـۆ ئەوەی کە لەگەڵ ئەوەی خۆیـان یەکـی بـخەن بۆمـان بنێـرن لە مـاوەی (30) رۆژدا، کەواتە چارەسـەری دەرەوەی شاریشـمان ئامادەکردووە، چارەسـەری نـاوەوەی شـاریش لەلـایەن وەزارەتـی شـارەوانیەوە ئامادەکراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز بشار مشیر فەرموو.

**بەڕێز بشار مشیر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر ماددەی یەکەم خاڵی دەیەم هەیە، لێرە دوو جۆرە زیادەڕۆییمان هەیە لەسەر زەوی کشتوکاڵی و زەوی شارەوانی چ موڵك بێت یان زەوی بێت، بۆیە لە کاتی چاودێریکردن لێرە نووسراوە کارمەندی کاتی و بەردەوامی شارەوانی، من پێمباشە کشتوکاڵیش زیاد بکرێت بۆ ئەوەی کارمەندەکان لە کشتوکاڵ لە وەزارەتی شارەوانی و کشتوکاڵ چاودێری بکەن، نەك تەنها شارەوانی، چونکە دوو جۆرە زیادەڕۆییمان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز بێستون فائق فەرموو.

**بەڕێز بێستون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ خاڵی هەشتەم من پێشنیار دەکەم لیژنە تەنها لیژنەی ڕێگری نەبێت، بنووسرێت لیژنەی ڕێگری و چاودێری لە زیادەڕۆیی و لابردنی، چونکە دوای ڕێگری پێویستیمان بە چاودێریە بۆ چۆنیەتی لابردنەکەشی هەیە، بۆ خاڵی دەیەمیش بۆ مەسەلەی چاودێر ئەوەی کاك بشار باسی کرد من پێشنیار دەکەم سیاغەکەی بەم جۆرە لی بکرێت چاودێر کارمەندی کاتی و بەردەوامی شارەوانی و فەرمانگە و وەزارەتەکانی ترە کە چاودێری زیادەڕۆیی دەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کەژاڵ هادی فەرموو.

**بەڕێز کەژاڵ هادی فەقێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم لەلایەن بەڕێزان هەردوو پەرلەمانتار کاك حاجی کاروان و کاك ئاری کرا، بۆیە پشتگیریان لی دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك غزالی فەرموو.

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێشك هەر وەکو باسیان کرد زۆرترین زەوی، زەوی زراعیە، کشتوکاڵە کە دەستی بەسەردا گیراوە و خەریکە نەمێنێت، دیاردەیەك بووە، بۆیە ئەمەش زیاتر لە گوندەکان دەبێت، بۆ ئەوەی چارەسەر بکرێت لە خاڵی شەشەم پێشنیار دەکەم کە موختاریش لە گوند لەگەڵ هەیئەی کارگێری بێت، چونکە هەم ئاگادارە و هەم بۆ جێبەجێکردنی ئاسانتر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن علی** رضا فتاح**:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەکانی کاك بێستون فائق دەکەم، ئەوەی کاك بشار گوتی بە دەقیقی وایە، چونکە تەجاوزات چەندە کراوەتە سەر زەوی شارەوانی ڕەنگە چەندین هەندە کرابێتە سەر زەویە کشتوکاڵیەکان، بۆیە ناکرێت بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵەکان لە قەزا و ناحیەکاندا ناویان لێرە نەبێت، دەکرێت ئەو دامودەزگایانەی تایبەتن بە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان بۆی زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.سراج فەرموو.

**بەڕێز د.سراج احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە خاڵی هەشتەم وا پێشنیار دەکەم لەبەر ئەوەی کاك بێستونیش باسیکرد، لیژنە کە پێناسەی لیژنە دەکرێت بکرێتە لیژنەی چاودێری و رێگرتن لە زیادەڕۆیی و لابردنی، وشەی رێگری بەراستی پێم وشەیەکی نەشیاوە بە لیژنە، یەعنی لیژنەی رێگری بکرێتە لیژنەی چاودێری و رێگرتن لە زیادەڕۆیی، هەروەها خاڵی دەیەم کە پێناسەی چاودێر دەکات منیش هەمان رەئی کاك بشار و بەڕێزان هەیە، یەعنی سیاغەکە وای لی بکرێتەوە چاودێر کێیە؟ چاودێر کارمەندی کاتی و بەردەوامی شارەوانیە کە چاودێری زیادەڕۆیی دەکەن، هەروەها چاودێری فەرمانگەکانی تری وەزارەتەکانی بەسەرەوە بێت، ئاوامان داناوە وابزانم پێشنیاری لایەنی پەیوەندیداریشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵامی لیژنە پەیوەندیدارەکان، د. ڤاڵا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکەی کاك بشار سیاغەی دەکەینەوە، هەروەها پێشنیارەکەی بەڕێز بێستون فائق ئەویشیان وەردەگرین و سیاغەی دەکەینەوە، ئەوەشی کە پەیوەستە بە موڵك ئەوەش دواجار دایدەڕێژینەوە لەگەڵ لیژنەکان بە نیسبەت ناونیشانەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی کە گوترا پێناسە و ئامانج و پیادەکردن بەس پێناسەکە بمێنێتەوە، لە راستیدا خۆی داڕشتنی یاسا دوو لایەنی هەیە، لایەنی شکلی و لایەنی مەوزوعی، ئێمە لێرە زۆر گرنگیمان بە لایەنی شکلی نەداوە، لایەنی شکلی تەسنیفکردنە، لە تەسنیفکردنیشدا عادەتەن ئەم سی شتە بە یەکەوەن (پێناسە و ئامانج و پیادەکردن)، ئامانجیش جیاوازە لە هۆیەکانی دەرچوواندن، بۆیە ئەو پێشنیارە دەبێت بمێنێتەوە بەو شێوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.عزت فەرموو.

**بەڕێز د.عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کۆی پڕۆژە یاساکە هەندی هەڵەی زمانەوانی تێدایە و هەوڵدەدەین لەگەڵ هەموو سەرۆکایەتی لیژنەکان چاکی بکەین، پێشنیاری سی پەرلەمانتاری بەڕێز لە ناونیشانەکە پشتیوانیان دەکەم، وشەی موڵك بۆ زیاد بکەین یاسای رێگری لە زیادەڕۆیی و لابردنی لەسەر زەوی و زار و موڵکی دەوڵەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ڕەئی وەزیرە بەڕێزەکان وەردەگرین، بەڕێز سینان چەلەبی فەرموو.

**بەڕێز سینان عبدالخالق چەلەبی/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی دووەم خاڵی سێیەم دەڵێت زەوی و زاری دەوڵەت دواتر لە پێناسەکەی دەڵێت گشت ئەو زەویانە، یان دەبێت بڵێی گشت ئەو زەوی و زارانە یان هەردووکیان زەوی دەوڵەت بڵێی لەوێدا، چونکە زەویەکە لەلایەك پێناسەکراوە کە ئەو بینا و مونشەئاتی لەسەرکراوە، بەس لە پێناسەکەی ئەوە ناهاتووە، لەبەر ئەوە یان دەبێت هەردوو زەوی و زار بێت یان هەردوو زەوی دەوڵەت بێت بەو شێوەیە بێت لەوەی یەکەم، یەعنی لێرە زەوی و زاری دەوڵەت گشت ئەو زەوی و زارانەی کە مولکی دەوڵەتە دەبێت تاوەکو کۆتایی موتابیق بێت ئەوە یەك، دەڵێ توخم لێرە ڕەگەز لە پێناسەی تەسجیل عەقاری یەعنی جنسی عەقاری دەبێت بگۆڕێت بکەینە ڕەگەز ئەوە دوو، ماددەی یەکەم خاڵی نۆیەم دەڵێ ئەو کەس و لایەنەی پەیوەندیدار و پێچەوانەی یاسا دەبێت ئیزافە بکرێت لەوێدا، دواتر رفتارێك لە رفتارەکانی هاتووە لەگەڵ چوارەم ئەوانە دەبێت ئیزافە بکرێت لێرانە، پێشنیارەکانمان لە ماددەی یەکەم خاڵی دەیەم، چاودێری لێرانە هەموو ئەو فەرمانبەرانە کە دەگرێتەوە کە لە فەرمانگەکانی شارەوانی و فەرمانگەکانی پەیوەندیدار ئیزافە بکرێت لێرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز نەورۆز مولود وەزیری شارەوانی فەرموو.

**بەڕێز نەورۆز مولود امین/ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامی پەرلەمان، ئێمەش وەکو وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، هەروەها وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری بە هەمان شێوە ئەو ڕەئیانەی ئەو بەڕێزانە ئاماژەیان پێدا کە بڕگەی هەشتەم لیژنەکان لیژنەی چاودێری ئیزافە بکرێی وشەی (چاودێری)، بۆ ئەوەی ڕێگریکردن بێت باتڵیین لە تەجاوزاتەکان چاودێریشی لەگەڵ بێت، بڕگەی دەیەمیش بە هەمان شێوە کارمەندی کاتی و بەردەوامی شارەوانی و فەرمانگەکانی حکومەت لاببرێت لە جیاتی ئەوە هەروەها چاودێری فەرمانگەکانی تری وەزارەتەکان و بە تایبەتی وەزارەتی کشتوکاڵیش داوا دەکەن کە وشەی لیژنەی کشتوکاڵیش تێیدا ئیزافە بکرێت بۆ ئەوەی ئەوانیش ئاگاداری زیادەڕۆییەکان بن، هەر ئەو دوو خاڵەی موشتەرەکمان هەبوو پێکەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز عمر عینایەت فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پێشنیارەی بەڕێز د.سنیان ئەو زەویانە من بە باشی دەزانم بکرێت بە زەوی و زار، هەروەها پشتگیری لە قسەکەی کاك بێستون دەکەم، چاودێرەکە بۆ بەڕێز نەورۆز خان کە باسی کرد ئەوەش هەر تەواوە، سیاغەی دەیەمیش داوا دەکەم بکرێتەوە کارمەندانی کاتی و بەردەوامی شارەوانی کە چاودێری زیادەڕۆیی دەکەن، هەروەها چاودێرەکانی دی لە فەرمانگەکانی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، یەعنی ئەوە سیاغە دەکەینەوە و ئەوانیش دەگرێتەوە بە رای من ئەوەش مەعقولە، وشەی مولکیش ئەو مولکە ئیزافە دەکەین کە لە ناونیشانەکە هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
ئێستا گوی لە داڕشتنەوەی کۆتایی دەگرین سەبارەت بە ماددەی یەکەم، بەڕێز د. ڤاڵا فەرموو.
**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**
دوای وەرگرتنی پێشنیارەکان بەو شێوەیە ناونیشان و ماددەکە سیاغەکرایەوە.
یاسای رێگری لە زیادەڕۆیی و لابردنی لەسەر زەوی و زار و موڵکی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان-عێراق.
**بەشی یەکەم**
**پێناسە و ئامانج و پیادەکردن**
پێناسەکان:
ماددەی (1):
مەبەست لەم دەستەواژەو وشانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستەکانی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە:
1- هەرێم: هەرێمی کوردستان-عێراق.
2- ئەنجومەن: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عێراق.
3- زەوی و زاری دەوڵەت: گشت ئەو زەوی و زارانەی موڵکی دەوڵەتن لە سنووری هەرێمی کوردستان-عێراق، جا رەگەزەکەی یان پۆلێنەکەی جۆرەکەی هەر چیەك بێت هەر وەك لە ماددەی یەکەمی یاسای یەکخستنەوەی پۆلێنەکانی زەویەکانی دەوڵەت ژمارە (53)ی ساڵی 1976ی بەرکار دیاریکراوە، هەروەها ئەو زەویانەی کە تەسویە نەکراون و بە ناوی کەسەوە تۆمار نین.
4- زەوی ناو سنووری شارەوانی: گشت ئەو زەویانەی دەکەونە ناو سنووری بڕیاردراو بۆ شارەوانیەکان لە گشت پارێزگا و قەزا و ناحیەکان بەپێی نەخشەی بنەڕەتی.
5- زەوی دەرەوەی سنووری شارەوانی: ئەو زەویانەی دەکەونە دەرەوەی سنووری هاتوو لە بڕگەی چوارەمی ئەم ماددەیە زەویەکانی دەرەوەی سنووری گوندەکان.
6- سەرۆکی یەکەی کارگیری: پارێزگار و قایمەقام و بەڕێوەبەری ناحیە.
7- شارەوانی: شارەوانی پارێزگا و قەزا و ناحیە و شارەدێیەکانی هەرێم.
8- لیژنە: لیژنەی چاودێری و رێگری لە زیادەڕۆیی و لابردنی.
9- زیادەڕۆکار: ئەو کەس و لایەنانەی بەبێ مۆڵەتی یاسایی پەیوەندیدار و بە پێچەوانەوەی یاسا بەرکارەکان رفتارێك دەکات کە لە ماددەی چوارەمی ئەم یاسایەدا هاتووە.
10- چاودێر: کارمەندی کاتی و بەردەوامی شارەوانی کە چاودێری زیادەڕۆیی دەکەن، هەروەها چاودێری فەرمانگە پەیوەندیدارەکانی دیکە.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێز د.بەهار تێبینیت هەیە؟ فەرموو پێش ئەوەی بخەینە دەنگدان.
**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
پێش ئەوەی بخرێتە دەنگدان بریاربوو کە کارمەندی چاودێری لایەنی پەیوەندیدار یان وەزارەتی کشتوکاڵی بۆ زیاد بکەین، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێز عمر عینایەت روونکردنەوە، فەرموو.
**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له نۆیەمدا یەك وشەمان پەڕاندووە ئەو کەس و لایەنەی بەبی مۆڵەتی یاسایی لایەنی پەیوندیدار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەو ماددەیە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان، کی لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (53) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کی لەگەڵدانیە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس نیە، کەواتە بە کۆی دەنگ ئەو ماددەیە پەسەندکرا، دەچینە سەر ماددەی دووەم، د. ڤاڵا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤاڵا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (2): ئامانجەکان: ئامانجەکانی ئەم یاسایە بریتین لە:

1- پارێزگاری لەو زەویانەی مولکی دەوڵەتن لە ناو سنووری هەرێم و رێگری لە زیادەڕۆیی و داگیرکردنی بە رێگای سپاندنی سزای بەرگر (رادع) بەرمبەر بە زیادەڕۆکار.
2- گرتنەبەری رێکاری توند بۆ لابردنی زیادەڕۆیی لەسەر زەوی و زاری دەوڵەت.
3- پارستنی ئابووری نیشتیمانی هەرێم لە رێگای قەدەغەکردنی زیادەڕۆییکردنە سەر زەویە کشتوکاڵیەکان یان پاوانە سرووشتیەکان یان دارستانە سرووشتیەکان و رێگرتن لە گۆڕینی بەکارهێنانی ئەم زەویانە.
4- پارێزگاری لە نەخشەی بنەڕەتی شارەوانی بەپێی ئەو پلانەی بۆیان دانراوە ئەویش بە رێگری لە زیادەڕۆیی.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە بۆ موناقەشەکردن لەسەر ئەم ماددەیە، کی دەیەوێت قسە بکات؟ بەڕێز بێگەرد تاڵەبانی سکرتێری پەرلەمان فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم بەڕێزانە داوای گفتوگۆکردنیان کردووە لەسەر ئەم ماددەیە (ئاری عبداللطيف، ئومێد حەمە علی، بێستون فائق، مامۆستا عبدالرحمن، علی حەمە صالح، سۆران عمر، صالح فەقێ، مامۆستا حسن، د.شێرکۆ).

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك ئاری فەرموو.

**بەڕێز ئاری** عبداللطيف **مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێمباشە لە ئامانجەکاندا تەبعەن چوار خاڵتان دیاریکردووە، هەر چواریان هەست دەکەم نزیکن لە یەکەوە، خاڵی یەکەم و دووەم بکرێت بە یەك بەم جۆرە، پارێزگاری لە زەوی و زار و مولکی دەوڵەت لە ناو سنووری هەرێم و رێگری لە زیادەڕۆیی و داگیرکردنیان نەك داگیرکردنی، داگیرکردنیان و گرتنەبەری رێکاری یاسایی دژی زیادەڕۆکار، سێیەم و چوارەمیش هەست دەکەم هەر نزیکن لە یەکەوە بەم چەشنەی لی بکرێت، پاراستنی ئابووری نیشتیمانی هەرێم و پارێزگاری لە نەخشەی بنەڕەتی شارەوانیەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر ئەوەی نووسیووتە هەر بە نووسین بێنیت پێشکەش بە لیژنەی یاسایی بکەی، بۆ ئەوەی لە داڕشتنەوەی سوودی لێوەربگیرێت، بەڕێز ئومێد حەمە علی فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەم گـرتنەبەری ڕێکـاری تووند بۆ لابردنی زیادەڕۆیی لەسەر زەوی و زاری دەوڵەت، ڕێکاری تووند کراوەیە ڕەنگە زۆر یاسایی و دەقیق نەبێت، بکرێتە ڕێکاری یاسایی پێویست، سێیەم: پاراستنی ئـابووری نیشتیمانی هەرێم لە ڕێگەی قەدەغەکردنی زیادەڕۆییکردنە سەر زەویە کشتوکاڵیەکان یان پاوانە سرووشتیەکان یان دارستانە سرووشتیەکان و ڕێگرتن لە گۆڕینی بەکارهێنانەکانی ئەم زەویانە، لێرە بە کۆتایی بڕگەکە دەڵی ڕێگەگرتن لە بەکارهێنانی ئەم زەویانە لە کاتێکدا تەنها زەوی نیە، زەوی کشتوکاڵیە و پاوانی سرووشتیە و دارستانە سرووشتیەکانن کە ئەمانە لە چوارچێوەی زەوی ناتوانی باسیان بکەی، بۆیە پێشنیار دەکەم ڕێگرتن بە گۆڕینی بەکارهێنانیان ئەو زەویانە لابدرێت لە ڕێگەی ئەو رانـاوەی لکـاوە چارەسەری ئەو کیشـەیە بکرێت، چـوارەم: پارێزگـاری لە نەخشـەی بنەڕەتی شارەوانی بەپێی ئەو پلانەی بۆیـان دانـراوە ئەویـش بە ڕێگـری لە زیادەڕۆیی، پێشنیار دەکەم بەم شێوەیە بینووسنەوە، پارێزگـاری فەرمان نیە ئەگەر لە رووی زمـانیەوانیەوە سەیری بکەین، بۆیە وا باشترە بیکەنە پارێزگـاریکردن لە نەخشـەی بنەڕەتی شارەوانیەکان نەك شارەوانی، پاریزگارکردن لە نەخشەی بنەڕەتی شارەوانیەکان بەپێی ئەو پلانەی بۆیان دانراوە لە ڕێگەی بەرگرتن لە زیادەڕۆیی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بە یارمەتیت کاك ئومێد ئەو پێشنیارەت بێرە بۆ لیژنە پەیوەندیدارەکان، خاڵێکی نیزامی هەیە، حاجی کاروان فەرموو.

**بەڕێز کنعان نجم الدین (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە ئەوە لەبەر نووسینەکە نامەوێت تەئکید بکەم زیادەڕەوی بۆ قسەیە، زیادەڕۆیی بۆ تەواوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز عمر عینایەت روونکردنەوەیەك بکەی لەسەر ئەو زاراوەیە، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پارێزگاری و پارێزگاریکردن، پێموایە تەحسیل حاسڵە، هەر یەك شتە، بەڵام وشەی شارەوانیمان پێناسەکردووە، شارەوانی نووسیوومانە شارەوانی قەزا و ناحیە، شارەوانی پێناسەکراوە، ئەوە پێویست ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك بێستون فەرموو.

**بەڕێز بێستون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.سراج فەرموو.

**بەڕێز د.سراج احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بۆ ماددەی سێیەم قسە دەکەم، ئێستا ناوم نەنووسیووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمنيكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز ماومۆستا عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن علی** رضا فتاح:

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خـاڵی سـێیەم بـاس لە پاراسـتنی ئـابووری نیشـتیمانی هەرێـم دەكـات لە رێـگەی قەدەغەكردنـی زیـادەڕۆیی، بەڵـام ئەگەر سـەیرێكی زیادەڕۆییەكـان بكەیـن لە هەرێمـی كوردسـتاندا بە تـایبەت بـۆ سـەر زەوی و زاری كشـتوكاڵی زۆرتـرین زیـان یـان زۆرتـرین زیـادەڕۆیی كە كـراوەتە سـەر زەوی كشـتوكاڵی، زەوی كشـتوكاڵیەكان لە راسـتیدا بە هـۆی فراوانكردنی رووبەری شارەوانیەكان بووە لە قەزا و ناحیە و شـارەكاندا، كە یاسا هەیە یاسا لە هەرێمـدا هەیە و لە حكـومەتی ناوەندیشـەوە هەیە كە بە هـیچ شـێوەیەك نابێـت زەوی كشتوكاڵی بەكار بهێنرێت بـۆ پرۆژەی نیشتەجێبوون، بەڵام ئەگەر سـەیری بكەی پێموابێـت تاوەكو ئێستا زیاتر لە پەنجا هەزار دۆنم بەس پرۆژەی وەبەرهێنان لەسەر زەوی كشتوكاڵی كـراوە، بـۆیە دەكرێـت خـاڵێكی بـۆ زیـاد بكرێـت یـان برگەیەكـی بـۆ زیـاد بكرێـت بەوەی پابەندبوون بەو یاسایانەی كە پارێزگاری لە زەویە كشتوكاڵیەكان دەكات و فراوان نەكردنـی رووبەری شارەوانیەكان لەسەر زەوی كشتوكاڵی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمنيكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز علی حەمە صالح فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـن پێمـوایە مـاددەی دوو دەتوانرێـت هەمـووی لە هۆیەكـانی دەرچوواندنـدا جـێگەی بـۆ بكرێتەوە، هیچ حوكمێكی تێدانیە ئەم ماددەیە، بۆیە دەكرێت سـەر لە نـوی داڕێـژرێتەوە و لە هۆكانی دەرچوواندنـدا جـێگەی بكـرێتەوە، ئەگەر كـاك عمـر قەبـولی بكـات تەبـعەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمنيكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز سۆران عمر فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعيد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منـیش پشـتیوانی لە رایەكەی كـاك علـی دەكەم، هەر نـاوی یاسـاكە كە یاسـای رێگـری زیـادەڕۆیی و لـابردنی لەسـەر زەوی و زار و مـۆڵكی گشـتیە، تەحسـیل حاسـڵە ئامـانج لێـی چیە، بۆیە ئەم ماددەیە بەراستی لە رووی شكلیەوە بـۆ قـانون پێم سـەیرە لیـژنەی یاسـایی مـاددەیەكی دانـاوە كە هـیچ حـوكمێكی تێـدانیە، دەكرێـت ئەوە بخـرێتە نـاو هۆیەكـانی دەرچوواند و ئەوی پی دەولەمەند بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمنيكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

دیار د. ڤاڵا تێبینیەكی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤاڵا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی پەیوەستە بە ئامانجەكان خۆی لە رووی سیاغەی تەشـریعیەوە هەمـوو یاسایەك كە دادەڕێژرێـت دەبێـت ئامانجەكـانی هەبێـت، لەبەر ئەوەی ئامانجەكـانی دەركردنـی یاسـا جیـاوازن لەگەڵ هۆكارەكـانی دەرچووانـدنی یاسـا، لە رووی شـكلیەوە ئەو بـابەتە زۆر زەروریە، بۆیە ئێمە پێداگیری دەكەین وەكو خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمنيكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز صالح فەقی فەرموو.

**بەڕێز صالح فەقی احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی دووەم خاڵی چوارەم: پارێزگاریکردن لە نەخشەی بنەڕەتی شارەوانی بەپێی ئەو پلانەی لە بری ئەوەی بۆیان دانراوە ئەویش بە رێگری لە زیادەڕۆیی هەر بکرێتە دانراوە بۆ رێگریکردن لە زیادەڕۆیی، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێز مامۆستا حسن فەرموو.
**بەڕێز حسن صالح محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی دوو بڕگەی دووەم: منیش پێموایە گرتنەبەری رێکاری توونـد کە کاك ئومێد باسی کرد، ئەمە زۆر مەتاتیە، چونکە بەراستی ئێمە رۆژانە دەبینین لە ناوچە جیا جیاکان، لە هەر ناوچەیەك جۆرێك مامەڵە دەکرێت، بۆیە شتێکی موەحەد داڕێژرێت باشترە، ئینجا یاسایی بێت یان شتێکی تر بێت باشترە، بۆ لابردنی زیادەڕۆیی من پێموایە لابردن ئەوەیە کە باس لەوە دەکەن ئەسەری رەجعی نیە، لابردن من پێمباشە ببێتە نەهێشتن یان رێگریکردن لە شوێنێك ستوپ بکات، لابردن پێموایە ئەوە دەگرێتەوە کە ئەوەی کە کراویشە لابرێت، ئێمە باسمان لەوەیکرد کە ئەوە ئەسەری رەجعی نیە و ببێتە نەهێشتن یان رێگریکردن، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێز د.شێرکۆ فەرموو.
**بەڕێز د.شێرکۆ جودت** مصطفى:
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
لە بڕگەی سێیەمدا کە باس لە پاراستنی ئابووری نیشتیمانی هەرێم دەکات، بۆ ئەوەی کە دەرگایەك بکەینەوە کە ئەم چارەسەرەی کە لەم یاسایەدا دەکرێت کە زۆر گرنگە بتوانین دواتر دەرگایەکی هەبێت بۆ تەوزیفکردنی، بۆ بووژاندنەوەی ئابووری هەرێمی کوردستان، کە من لە ماددەی پێنجدا پرۆژەیەك تەرح دەکەم ئەمڕۆ پرۆژەیەکی زۆر گرنگە، زۆرێك لە قەیرانە ئابووریەکانی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی ئەوەی کە لە نێوان کەرتی تایبەت و حکومەتدا هەیە، بەو پرۆژەیە چارەسەر دەبێت و دیراساتی زۆرمان لەسەر کردووە، بەڵام ئەو لە ماددەی پێنجدا تەرحی دەکەم، بەس ئێستا لەم بڕگەی سێیەمە تەنها سیاغەکە ئاوای لی بکەین کە بڵێین پاراستن و ئاڕاستەکردن بۆ بووژاندنەوەی ئابووری نیشتیمانی هەرێم ئەوەی تری تاوەکو کۆتایی پی بێت، یەعنی تەنها ئاڕاستەکردن بۆ بووژاندنەوەی ئابووری نیشتیمانی هەرێم ئەو وشەی بۆ زیاد بکرێت، ئامانجی ئەم یاسایە من لەگەڵ ئەوەدام فیعلەن ئامانج جیایە لە هۆکاری دەرچوواندن، بۆیە لە ئامانجدا ئەم دەرگایەمان کردەوە کە ئەم موعالەجاتانەی ئێرە هاوکاربن بۆ بووژاندنەوەی ئابووری هەرێم، ئەو دوو وشەیەمان کە لە بڕگەی سێیەم زیادکرد کە گوتمان پاراستن و ئاڕاستەکردن بۆ بووژاندنەوەی ئابووری نیشتیمانی، ئەو کاتە لە ماددەی پێنجدا دەتوانین تەرحی فکرەیەکی کورت و پوخت بکەین و خزمەتێکی گەورە بە ئابووری هەرێم دەکات، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێزان لە لیژنە پەیوەندیدارەکان تێبینیەکانی ئێوە ئەگەر هەبن، د. ڤاڵا فەرموو.
**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بەشێك لە پێشنیارەکانمان وەرگرت و سیاغەمان کردووە، تەنها ئەوەی بەڕێز د.شێرکۆ ماوە ئەگەر بە نووسراوە بۆمان بنێری بۆ ئەوەی قسەی لەسەر بکەین لە لیژنە پەیوەندیدارەکان، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز عمر عینایەت فەرموو.
**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بە نیسبەت سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ فراوانکردنی شارەکان وەکو بەڕێز کاك عبدالرحمن باسیکرد، ئەوە پلانی خۆیانە کە چۆن بە گرتنەبەری دروستکردنی بینای عەمودی لە بری بینای ئاسۆیی، یەعنی ئەوە عیلاقەی بەم یاسایەوە نیە لەگەڵ داوای لێبووردنم، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێز مامۆستا مەلا غریب فەرموو.
**بەڕێز غریب** مصطفى **حەمە:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
کاك عمر روونیکردەوە ئەوەی مامۆستا عبدالرحمن باسیکرد ئامانجی ئەم یاسایەی ئێمە نیە، دەبێت وەزارەتی شارەوانی هەماهەنگ بێت لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ پاراستنی زەویە کشتوکاڵیەکان کە لەم ماوەی رابردووە بەراستی سنوورێکی زۆر بەزێنراوە و زەوی زۆرمان لە دەست چووە، بەڵام ئەو هەماهەنگیە ئامانجی ئەو یاسایەی ئێمە نیە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێز سینان چەلەبی وەزیری داد تێبینی نیە، بەڕێز نەورۆز مولود وەزیری شارەوانی فەرموو.
**بەڕێز نەورۆز مولود امین/ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
وەزارەتی ناوخۆ هیچ تێبینیەکیان نیە، وەزارەتی ئێمەش وەکو شارەوانی هیچ تێبینیەکمان نیە لەسەر ئەو بڕگانە، بەڵام وەزارەتی کشتوکاڵ دوو تێبینی هەیە، یەکەمیان: برگەی یەکەم: پارێزگاری لەو زەوی و زارانە ئیزافە بکرێت، لەبەر ئەوەی لە پێناسەکەی گۆڕیمان، لێرە زەویانە نووسراوە بکرێتە زەوی و زار، بڕگەی دووەم: تێبینیان ئەوەیە کەوا لە بڕگەی سێیەم زەویەکانی تەحدید کردووە ئەوان پێیان باشە کە زەوی بەردەلانیش دیاری بکرێت، سەخەریەکان ئەوانیش ئیزافە سەر ئەوانە بکرێت، بۆ ئەوەی ئەوانیش پارێزگاریان لی بکرێت، تەنها ئەو دوو تێبینیەیان هەبوو وەزارەتی کشتوکاڵ، هەروەها تایبەت بە پرسیاری ئەندام پەرلەمانی بەڕێز کەوا پارێزگاری لە بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵیەکان بکرێت، وابزانم ئەوە چەندین بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران دەرکراوە کە تا بکرێت هیچ زەویەکی کشتوکاڵی بەکار نەهێنرێت، ئەو بڕیارە پێشتریش لە بڕیارەکانی یاسای چاکسازی سەرۆکایەتی هەرێم بڕیاری لێدرابوو، بەڵام بەم دوواییانە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران دەرکراوە بۆ هەموو وەزارەتەکان تەعمیم کراوە کە زەوی کشتوکاڵی بەکار نەهێنرێت بۆ غەرەزی غەیەرە کشتوکاڵی، بۆ ئەوەی زیاتر پەرە پێبدرێت، هەر وەکو تێبینیەك بۆ ئەو ئەندام پەرلەمانەی کە داواکاری هەبوو، فیعلەن حکومەت کاری بەو بڕیارانە کردووە، سوپاس بۆ تێبینیەکە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
ئێمە دەرفەت بە لیژنە پەیوەندیدارەکان دەدەین بۆ ئەوەی راوێژکاری پێویست ئەنجام بدەن و ماددەکە دووبارە سیاغە بکرێت، روونکردنەوەیەکی تر لەلایەن مامۆستا غریب، فەرموو.
**بەڕێز غریب مصطفى حەمە:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبەستم ئەوەیە عەرزی بەڕێز وەزیری شارەوانی بکەم کە ئەو بڕیارەی ئەنجومەنی وەزیران مەتاتیە، سەرباری ئەو بڕیارەی کە دەرکراوە کە دەگوترێت هەتاوەکو بکرێت، یەعنی ئەگەر مەجال هەبوو، تاوەکو ئێستا زۆر کارگە دادەمزرێنرێت لەسەر زەویە کشتوکاڵیەکان، نموونەی زیندووومان هەیە لە پار و پێرار و ئەم ساڵیش هەر پڕۆژە بەردەوامە، بەڵام شوێنی بەردەلانمان زۆرە، دەکرێت ئەوانە بگوێزرێنەوە بۆ شوێنی تر دروست بکرێن بۆ ئەوەی زەوی تیا نەچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا داوا لە لیژنە پەیوندیدارەکان دەکەین بۆ ئەوەی داڕشتنەوەی بۆ بکەن، د. ڤاڵا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (2):

ئامانجەکان: ئامانجەکانی ئەم یاسایە بریتین لە:

1- پارێزگاری لەو زەوی و زارانەی مولّکی دەوڵەتن لە ناو سنووری هەرێم و رێگری لە زیادەڕۆیی و داگیرکردنیان بە رێگای سەپاندنی سزای بەرگر (رادع) بەرامبەر بە زیادەڕۆکار.

2- گرتنەبەری رێکاری یاسایی بۆ لابردنی زیادەڕۆیی لەسەر زەوی و زاری دەوڵەت.

3- پارستن و ئاڕاستەکردن بۆ بووژانەوەی ئابووری نیشتیمانی هەرێم لە رێگای قەدەغەکردنی زیادەڕۆییکردنە سەر زەویە کشتوکاڵیەکان، پاوانە سرووشتیەکان، دارستانە سرووشتیەکان، لەوەڕگە و بەردەلان و رێگرتن لە گۆڕینی بەکارهێنانەکانیان.

4- پارێزگاریکردن لە نەخشەی بنەڕەتی شارەوانی بەپێی ئەو پلانەی بۆیان دانراوە لە رێگەی رێگریکردن لە زیادەڕۆیی.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەو ماددەیە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان، کی لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (54) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کی لەگەڵدانیە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (1) کەس لەگەڵدانیە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، ماددەی سێیەم بخوێننەوە.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (3):

پیادەکردن: ئەم یاسایە پیادە دەکرێت بەسەر گشت حاڵەتەکانی زیادەڕۆیی لەسەر زەوی و زاری دەوڵەت لە هەرێم توخمەکەی یان پۆلێنەکەی جۆرەکەی هەر چیەك بێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە لەسەر ئەم ماددەیە بۆ موناقەشەکردن، دیار سی کەس داوا دەکەن موناقەشە بکەن، بەڕێز د.سراج فەرموو.

**بەڕێز د.سراج احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لای جەنابتان مەعلومە ئەو یاسایە، ئەو ماددەیە باسی تەتبیق و پیادەکردنی دەکات، بۆیە دەبێت شتێك بێت کە کێشە لە داهاتووی حکومەت دروست نەکات، من بە پێویستی دەزانم ئەو ماددەیە وای لی بکرێت کە قابیلی جی بەجی کردن بێت، ئینجا من داوا دەکەم بەو شێوازە سیاغە بکرێتەوە، وای لی بکرێت ئەم یاسایە پیادە دەکرێت لەسەر گشت حەڵەتەکانی زیادەڕۆیی کە لە دوای بەرکاربوونی ئەم یاسایە دەکرێتە سەر زەوی و زاری

دەوڵەت لە هەرێم تـوخمەکەی یـان پـۆلێنەکەی جـۆرەکەی هەر چۆنێك بێـت، چـونکە ئەگەر وای لـی نەکرێـت لەوانەیە لە داهـاتوو کێشـەکی زۆر بـۆ حکـومەت دروسـت بکـات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمنيکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا ماجد فەرموو.

**بەڕێز ماجد عثمان توفيق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ د. ڤاڵا موناقەشەمان کرد، جی بەجی بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمنيکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز بەهزاد دەروێش فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز پشـتگیریا بەڕێـز د.سـراج دکەم، هەر چەنـدە لیژنەیـا شـارەوانی بە راسـتی مە گەلەك گفتوگۆ کر کە ئەڤ دەقە لە ئێستا و داهاتوودا تێدا بـوو پێشـتر تەبـعەن، بەس هـاتە لادان، بە بۆچوونا من تـازە بە دیـقەت سـەحکرە ڤێـری ئەگەر ئەم بێـژین ئاماژە ڤـی خـاڵی نەکەیـن فـیعلەن دی گرفـت لە رووی واقعـی بـۆ حکـومەتی چـی بـن، چـونکی دبێـژیتن هەر کەسێك بێت ئەڤی دەقی بخوێنیت لازمە هەمی زیادەڕۆیی بەری نـوکە و پێشی نـوکە، هەر چەنـدە یاسـایەکا دیـکە یـا هەی راسـتە یـا چارەسـەریی و لابردنـا زیـادەڕۆیی هێشـتا نەهـاتیە پەرلەمـانێ، بەڵام لێرەدا ئەڤ دەقە زۆر وازحە هەمـی حەڵەتە ڤە دگریـت، بـۆیە منـیش بە پێویسـت دزانـم بێـژین گشـت حاڵەتەکـانی زیـادەڕۆیی لەسـەر زەوی و زاری دەوڵەت لە هەرێـم کە دەکرێـت لە رۆژی دەرچوواندنی یەم یاسایە و بە دواوە، یەعنـی دەبێـت ئاماژە پی بکەین، ئەگەر نا کێشە دروست دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمنيکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دوو بەڕێزی تر وەردەگرین، بەڕێز د.زۆزان فەرموو.

**بەڕێز د.زۆزان صادق سعيد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیریا ئاخافتنێت د.سراج و کاك بەهزاد دکەم، بەڵـی جێـی پرسیارێیە ئەگەر ئەڤ یاسایە هاتە تەتبیق کرنی بۆ پشتی دەرچوونا یاسایێ، ئەری باشە ئەڤێت بەری ڤـی یاسـایی دی چ ئیجرائات دەرحەق وی دێنە وەرگرتنێ، چـونکە پێشی نـوکە ژی زیـادەڕۆیی ل سـەر زەڤـی و زارێت حکومەتی هاتیە کرنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمنيکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مصطفی سکری فەرموو.

**بەڕێز مصطفى احمد حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە خوێندنەوەی من لەو نەسەی ماددەی سی ئەو یاسایە پیادە ناکرێت لەسەر خانوو و بینا، چونکە زەوی و زار لە موستلەحی کە بـاوە لای خۆمـان زیـاتر زەوی کشتوکاڵی دەگـریتەوە، ئینجا پێمباشە ئەوەی بـۆ زیـاد بکرێـت ئەم یاسایە پیادە دەکرێـت بەس گشـت حاڵەتەکـانی زیادەڕۆیی لەسەر خانوو و بینا و زەوی و زاری دەوڵەت لە هەرێم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمنيکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لیژنە پەیوەندیدارەکان، فەرموو د.ڤالا.

**بەڕێز د. ڤاڵا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە پێشنیارکرا کە لە دوای بەرکاربوونی ئەم یاسایە دەکرێتە سەر زەوی و زار ئەوە پێشنیارە وەرگیرا و سیاغەمان کردەوە و، کۆتا تێبینیش ئەوە لە ناونیشانەکە و لە پێناسەکان تەحدیدمان کرد کە ئەمە یاسای ساڵی (1976)مان هەیە، لەوی دیاریکراوە زەوی و زار چیە، کە هەموو ئەو توخمانە و پۆڵێنانە دەگرێتەوە کە یاساکە دیاریکردووە و هیچی بەدەر نابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز عمر عینایەت فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پێشنیارەکەی د.سراج ئەگەر بگەڕێینەوە ماددەی نۆ دوایی ئێمە بە وازحی باسمانکردووە، باسی زیادەڕۆکانی پێش ئەم یاسایەمان کردووە کە دەڵێن بێن و ناوی خۆیان تۆمار بکەن، کەواتە لە کۆتاییشدا نووسراوە ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوونیەوە کاری پی دەکرێت، ئەوە تەحسیل حاسڵە، بەڵام سەرباری ئەوەش ئێمە لەگەڵ بەڕێزان لەگەڵ لیژنەی یاسایی و هاوڕێکانی تر وەرمان گرت و هەوڵدەدەین رێگایەك بدۆزینەوە بۆ ئەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

من وا دەبینم هیچ تێبینیەك نیە، داوا لە بەڕێز وەزیری داد دەکەم ئەگەر تێبینیەکی هەبێت، فەرموو.

**بەڕێز سینان عبدالخالق چەلەبی/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەوەی ئێمە دوو شتمان هەیە، یەکەم: وشەی توخمەکە بگۆڕین بکرێت بە رەگەز، ئەوەی تریش بە موتەلەقی هاتووە دەبێت بۆ موستەقبەل حیساب بکرێت وەکو عمر عینایەت باسیکرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز نەورۆز مەولود وەزیری شارەوانی فەرموو.

**بەڕێز نەورۆز مولود امین/ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش وەکو وەزارەتی هەم ناوخۆ و وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی شارەوانی بە هەمان شێواز پشتگیری ئەو تێبینیەمان کرد لە بڕگەی ماددەی سێیەم زیاد دەکرێت، ئەوەی بەڕیزان ئەندامانی پەرلەمان ئیقتراحیان کرد و لیژنەی یاساییش پەسەندیکرد، ئێمە هەر سی وەزارەت پەسەندی دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لیژنە پەیوندیدارەکان کۆتا داڕشتنەکەی بخوێننەوە بۆ ئەوەی بخەینە دەنگدان، د. ڤاڵا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (3):

پیادەکردن: ئەم یاسایە پیادە دەکرێت بەسەر گشت حاڵەتەکانی زیادەڕۆیی کە لە دوای بەرکاربوونی ئەم یاسایە دەکرێتە سەر زەوی و زاری دەوڵەت لە هەرێم رەگەزەکەی یان پۆڵینەکەی جۆرەکەی هەر چیەك بێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـزان ئێسـتا ئەو مـاددەیە بەو شـێوەیەی کە خوێنـدرایەوە دەخەیـنە دەنگـدان، کـێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (54) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانیە؟ تکـایە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ کەس نـیە، کەواتە بە کـۆی دەنـگ پەسـەندکرا، دەچیـنە سـەر ماددەی چوارەم.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (4):

1- هەر رەفتارێك یان کارێك بکەوێتە سەر زەوی و زاری دەوڵەت یان سەر مافێك لەو مافانەی ئەو زەویانە بە زیادەرۆیی ئەژمار دەکرێت ئەگەر مۆڵەتی یاسایی نەبێت یان دژ بە یاسا بەرکارەکان بێت، لەوانەش ئەمانەی خوارەوە:

أ- زەوتکردن بەکارهێنان و دەست بەسەرداگرتنی بیناکانی دەوڵەت

ب-دروسـتکردنی خـانوو و بینـا بە هەمـوو جۆرەکـانیەوە بـۆ هەر مەبەسـتێك ئەگەر لەگەڵ نەخشەی بنەڕەتی بگونجێت یان نا.

ت-زەوتکردنی زەوی یان بەشێك لە زەوی.

ث-گۆڕینی رەگەزی زەوی بەکارهێنانی زەوی و گۆڕینی بەکارهێنانی زەوی.

ج- هەڵکەنـدنی زەوی بردنـی خـاك و خـۆڵی ئاسـایی یـان تـێکەڵە گـۆڕینی ریچـکەی ئاوی سەر زەوی، گۆڕینی رێرەوی هاتووچۆ.

ح- پەکخستن یان گۆڕینی مافێك لە مافەکانی هاوشانی (ارتفـاق) بڕیـاردراو لەسـەر زەویەکانی دەوڵەت.

خ- داگیرکـردن و بەکارهێنـان و هەڵکەنـدن و شـێواندنی کەنـار و نـاوچە و رووبـار و دەریاچەکان.

د- شوراکردنی زەوی بەردەڵان، لەورگە، دراسـتان و کشـتوکاڵی بە پێچەوانەی یاسـا بەرکارەکان.

ذ- فرۆشـتن و بەخشـین و بەکرێـدانی زەوی بە مەبەسـتی کشـتوکاڵ دروسـتکردنی بـاخ و گەشـت گـوزار و نیشـتەجێ، بازرگـانی یـان بـۆ هەر مەبەسـتێکی دی بە پێچەوانەی یاسا بەرکارەکان.

ر- جیاکردنەوە و پارچە پارچەکردن (افراز الاراضی) بەدەر لە یاسا بەرکارەکان.

ز- هەر رەفتـارێکی دیـکە جـگە لەوانەی لە بەنـدەکانی پێشـوو باسـکراون بکەوێـتە سەر زەوی و زاری دەوڵەت بەبێ وەرگرتنی رەزامەندی بنەمای ئسولی.

2- بەکارهێنانی گشت یان بەشـێك لە جـادە، شۆسـتە، گۆڕەپـان، بـاخچە، پـارك، یـان هەر شـوێنیکی گشـتی بە شـێوەیەکی کـاتی یـان بەردەوام بـۆ بەرژەوەنـدی تـایبەت بە پێچەوانەی یاسا بەرکارەکانی هەرێم.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـزان ئێسـتا دەرگـای گفتوگـۆ دەکەینەوە بـۆ موناقەشـەکردن لەسـەر ئەم مـاددەیە، کـێ دەیەوێت قسە بکات؟ بەڕێز مامۆستا ماجد فەرموو.

**بەڕێز ماجد عثمان توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ماددەی یەکەم بڕگەی نۆیەم پێناسـەی زیادەڕۆکار ئەو کەس و لایەنـانەی کە بەبـێ مـۆڵەتی یاسـایی یەعنـی لـایەنی پەیوەندیداریشـمان نووسـی بـوو، پێمـوایە لێـرە لە مــاددەی چــوار بــڕگەی چــوار گــۆڕینی رەگەزی زەوی بەکارهێنــانی زەوی و گــۆڕینی بەکارهێنـانی زەوی، وەزارەتـی شـارەوانی و وەزارەتەکـانی تـر بۆیـان هەیە رەگەزی زەوی بگـۆڕن، لەبەر ئەوەی ئـێمە ئەگەر ئەو رسـتەیەی لەسـەر ئیـزافە بکەیـن جـگەلە لەلـایەنە

پەیوەندیدارەکانی حکومەت، چونکە پێموایە ئەگەر وا بێت دەست بەستراو دەبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی علی هالۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ل ڤان (10) ساڵی بوریدا شارەوانی گەلەك جهێن گەشت و گوزاری و عەردێن گرنگ داینە موساتەحە و داینە خەلکەکی بە شێوەیەکی موساتەحە بۆ ئەنجامدانا چەندین پڕۆژێن جۆراوجۆر، ل هەتا نوکە چ پڕۆژە ل سەر ڤان جێهان نەهاتینە چی کرن، زۆربەی ئەڤان موستەحا ژی ل دەستێن کەسانێن بەرپرس و دەست رۆیشتوو دانە، ئامادە نینەش پڕۆژە تێدا چی بکەن، پێشنیار دکەم وەزارەتا شارەوانی پێداچوونەك ل ڤان موساتەحاتا بکەن، خودانێت وان ئیلزام بکەت ل ماوەیەکی زۆر کەم دا چی کرنا ڤان پڕۆژە بکەن، ئەگە نا ژی عەقدێت وان بێنە هەڵوەشاندن، چونکە ئەڤ جێهە جێهێت گەشت و گوزارینە، جێهێت گرنگن، ئەگەر پڕۆژە بێنە تێدا چی کرن دی سەر و سیمایی باژێری دگوڕیت، دیسان ژی ئیحتیماله گەلەك دەلیڤێت کاری پەیاداکەت، دیسان سنوورێت دەڤەری مە دا ژی بە حەقیقەت گەلەك جهی گەشت و گوزاری و جێهێت گرنگ شارەوانی بە ناڤی تەجدید داینە خەلکەکی هەتا ڤی گاڤی ژی ئەڤ عەردە وەکی خۆ ماینە، (10، 15) ساڵە ئەڤ عەردانە وەکی خۆی ماینە، حازریش نینە چ پڕۆژەکی دا چی کەن، دەرباری ماددی چوار خاڵا دووی چی کرنا خانوو بەرا، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی، رەنگە جەنابی تە ئەگادار بیتن ئەنجامێن ڤان ساڵانی بوریدا ل ساڵی (1992) هەتا ساڵی (2000) رەنگە دەڤەرێت مە بە هەزاران خەڵکی ڤان گوندا ئاوارە بووینە یەکی ڤان زروفی ل سەر مە فەرز بوینە، قەسدا مە ناڤ ناحیە و قەزا و سەنتەری پارێزگەها کرە ڤە، ئەڤ خەڵکە ژی خری پێشمەرگە بوینە و خەڵکەکی ناڤ شۆڕشا دا ژی هەنە، ئەڤی خەڵکی تەجاوز ل سەر عەردی شارەوانی کریە، خانی بۆ خۆ ل سەر ئاڤا کر، هەتا ڤی گاڤی ژی ماینە موتەعەلیق تەعامول تەجاوز تێتە کرن، ئەڤرۆکە ژی ئەگەر ئەڤ قەرارە بێتە پەسەندکرن و سەر وان بێتە تەتبیق کرن حەقا وان بە دیتنا مە غەدرەکا ئێکجار مەزنە، لەوما ئەم داخازی ل وەزارەتا شارەوانیی دکەین پێداچوونەك ل سەر ڤی بڕیاری بکەن یان ژی بە شێوەیەك بە رەنگەکێ، چونکە ڤی بڕیاری دا هاتیە بە چ شێوەیەکی یاسایی بیت یان نا یاسایی بیت گەل نەخشی بنەڕەتی بگونجێت یان نەگونجێتەڤە رەنگە ئەڤە دی زولمەکا گەلەکا مەزن ل خەڵکەك دێتە کرن، ئەڤ خەڵکە بە درێژایی ژیان ل ناڤ شۆڕشی دا ژیایی، نەتیجە وان زروف ب سەر داهاتین، هاتیە باژێری و هاتنە ناڤ ناحیە و قەزایە دا بە ناچارییا خۆ ئەو خانووی تەجاوز ئاڤ کری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز بێستون فائق فەرموو.

**بەڕێز بێستون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکانی من تەنها زمانەوانیە، یەکەم: هەر رەفتارێك یان کارێك بکرێتەسەر، نەك بکەویتە سەر، لە ماددەی دووەمیش و لە ماددەکانی کۆتاییشدا وشەی جادە بەکار هاتووە، جادە نا، شەقام، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك ئاری فەرموو.

**بەڕێز ئاری عبداللطيف مولود:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
لە ماددەی چوارەمدا لە خاڵی (ج) هەڵکەندنی زەوی و بردنی خاك و خۆڵی ئاسایی یان تێکەڵە گۆڕینی ڕێچکەی ئاوی سەر زەوی، گۆڕینی ڕێرەوی هاتووچۆ، یەك حاڵەتی تر هەیە ئێستا بوونی هەیە، باسی ئاوی ژێر زەوی نەکراوە، دزینی ئاوی ژێر زەوی، من نموونەیەکی زۆر زیندوم لایە لە مەنتیقەی هەڵەبجە دوو زەوی لە پاڵ یەکدا بوون دانەیەکیان بە مەتر بە رەگ ئاوی هەبووە، بە قوڵایی (20، 30) مەتر لە ژێرەوە، هاوڵاتیەکی تر کە ئاوی نەبووە زەویەکەی لە ژێرەوە تونێلی لێداوە ئاوی زەویەکەی ڕاکێشاوە، هەست دەکەم لە ڕەفتارەکان باسی نەکراوە وەکو ڕەگەز، پێمباشە باسی ئەو حاڵەتەش بکرێت، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێز سهام عمر فەرموو.
**بەڕێز سهام عمر قادر:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
دەست پێکی بەخێرهاتنا مێڤانا دکەین، ل ماددەیا چواری بڕگەیا ئێکی (پ) پشتگیریا کاك علی و کاك ئاری دکەم، بۆ هەندی کو ل ڤێری یان روونکرن بێتە دان یان ژی چارەسەریەك بکەن لیژنەیا یاسایی بۆ هەندی کو دەمی بێژیتن دروستکردنی خانوو بینا بە هەموو جۆرەکانیەوە بۆ هەر مەبەستێك ئەگەر لەگەڵ نەخشەی بنەڕەتی بگونجێت یان نا، ل ڤێری بۆچی ئەڤ خاڵی ئیشارەت کەینێ، چونکی مادەم دوو پڕۆژی دی هەنە بۆ چارەسەرکرنێ، کەواتە ئەگەر ئەڤ یاسایە ل سەر هەندی بێتە تەتبیق کرن ل ڤێرێدا ئەگەر دگەل نەخشێ بنەڕەتی بگونجێت ل ڤێرێدا یان لیژنە یان خەڵکەك دەکەفتە ئیشکالێ، ژبەر هەنەدی لیژنەیا یاسایی یان لیژنەیێن پەیوەندیدار ئەگەر روونکرنی بدەن ل سەر ڤی بابەتی گونجاندنا وی لەگەڵ نەخشێ، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێز د.زۆزان فەرموو.
**بەڕێز د.زۆزان صادق سعيد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
من موداخەلە نە دەکرد، بەس مولاحەزاما من زمانەوانیە ژبەر هەندی من دڤیا ئەز بێژم، خاڵا (ب) دووماهیا رستە هاتیە بگونجێت یان نا، یەعنی وەکو ئیختیساسەك ل ڤی بواریدا، نینە کو ل دووماهیی نابینی، بگونجێت یان نەگونجێت، یەعنی دڤێت تۆ ڤی سیاغە بنڤیسن باشترە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێزان لیژنە پەیوەندیدارەکان روونکردنەوەتان چیە لەسەر ئەو تێبینیانە، بەڕێز د.بەهار فەرموو.
**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
تەنها سەبارەت بە تێبینیەکەی مامۆستا ماجد کە کێشەی هەبوو لە بڕگەی (پ)، واتە جەنابی گوتی بڕگەی چوار گوتی ئەگەر لایەنی پەیوەندیدار بکات، ئەگەر جەنابت سەیری دیباجەکە بکەی دیباجەکە دەڵی ئەگەر مۆڵەتی یاسایی نەبێت یان دژ بە یاسا بێت، ئەوەی لایەنی پەیوەندیدار دەیکات نە دژ بە یاسایە و نە بی مۆڵەتیش دەیکات، ئەوە ئیختیساسی خۆیەتی، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێز عمر عینایەت فەرموو.

**بەڕێز عمر عينايەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو بۆچوونەی کاك علی ئێمە روونمانکردەوە کە ئەمە بۆ لەمەودایە و، ئەو زیادەڕۆییانە نیە کە ئێستا کراوە، لە بەندی پێشوو لە ماددەی پێشوو باسمانکردووە، سەبارەت بەوەی کە بگونجێت یان نەگونجێت، مەبەستی ئێمە چیە، هەر کەسێك ئەگەر مۆڵکی خۆشی بێت تاپۆشی ئەویش بێت بۆی نیە بەبی وەرگرتنی مۆڵەت لە شارەوانی یان لەلایەنە پەیوەندیدارەکان لە دەرەوەی شارەوانی بۆی نیە ئەگەر مولکی خۆشی بێت بۆ نموونە زەویەکی هەیە ئەو زەویە کشتوکاڵیە ئەگەر وەزارەتی کشتوکاڵ رێگەی پی نەدا ناتوانێت بیکات بە باخ، بۆ نموونە مولکی خۆیەتی، بەڵام لە نەخشەی بنەڕەتیدا ئەم شوێنە بازرگانیە، ئەم شوێنە مەکتەبە مولکی ئەوە، تەسمیمی ئەساسی هاتووە و گۆڕاوە، یەعنی شێوەی بەکارهێنانەکەی گۆڕاوە، دەبێت شارەوانی مۆڵەتی بداتی، مۆڵەتی ناداتی دی ئیستیملاکی ئەو مولکە دەکات لە شوێنیکی دیکەوە دەتوانی یان تەعویزی دەداتی یان قەرەبووی دەکاتەوە بە زەویەکی دیکە، بگونجێت یان، تەبعەن ئەگەر زەوی زراعیش بێت بۆ نموونە مولکی سلفی زراعی خۆیەتی، بەڵام ناتوانێت بیکات بە بینا، مەبەستمان ئەوەیە، کەواتە مۆڵەتی لایەنی پەیوەندیدار زۆر گرنگە، بە نیسبەت ئەوەی کاك ئاری کە باسیکرد بۆ ئاوی ژێر زەوی، ئاوی ژێر زەوی خۆی هەموو بیرێك (aquifer)ئەکویفاریەری خۆی هەیە، یەعنی لە ناو وەزارەتی کشتوکاڵ پێموایە برادەرانی وەزارەتی کشتوکاڵ لێرەن جاران بۆ بیر دەبوایە (500) مەتر دوور بوایە لە یەکتری، یەعنی ئەمە ستانداردی خۆیانە، ئێستا کردوویانە بە (300) مەتر، کەواتە هەر بیرێك لە (300) مەتر کەمتر بوو ئەوە خۆی نا یاساییە و رێگەی پی نادەن، لەبەر ئەوە پێویست ناکات لێرە بچینە وردەکاریەوە، ئەوە لە رێنماییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان روونی دەکەنەوە بۆتان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

وەزیرە بەڕێزەکان، بەڕێز نەورۆز مولود وەزیری شارەوانی فەرموو.

**بەڕێز نەورۆز مولود امین/ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو وەزارەتی شارەوانی تێبینیەکمان نیە لەسەری، وەزارەتی ناوخۆش بە هەمان شێواز، بەڵام وەزارەتی کشتوکاڵ لە بڕگە (ب) ئیزافەیەکیان هەیە، وابزانم گونجاویشە ئەویش کە ئیزافە بکرێت دوای ئەوەی کە دەڵێت دروستکردنی خانوو و بینا بە هەموو جۆرەکانیەوە بۆ هەر مەبەستێك ئەگەر لەگەڵ نەخشەی بنەڕەتی بگونجێت یان نا، ئینجا بڵێین یان لە ناو زەویەکانی دەرەوەی سنووری شارەوانی زیاد بکرێت، ئیزافەی ئەو فەقەرەیە بکرێت، چونکە لەوانەیە خانوو و بینا هەبێت بەبی مۆڵەت لە ناو زەوی کشتوکاڵی یان پاوان یان دارستانەکان و بەردەلانەکان دروست بکرێت، بۆیە ئەگەر ئەوە ئیزافە بکرێت، یان لە ناو زەویەکانی دەرەوەی سنووری شارەوانیش لەوانەیە ئەوە زیاتر چارەسەری کێشەکانی زەویە کشتوکاڵیەکان بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

داوا لە لیژنە پەیوەندیدارەکان دەکەین سیاغەی کۆتایی بخوێننەوە، د. ڤاڵا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (4):

1- هەر رەفتارێك یان كارێك بكرێتە سەر زەوی و زاری دەوڵەت یان سەر مافێك لەو مافانەی سەر ئەو زەویانە بە زیادەرۆیی ئەژمار دەكرێت ئەگەر مۆڵەتی یاسایی نەبێت یان دژ بە یاسا بەركارەكان بێت، لەوانەش ئەمانەی خوارەوە:
أ- زەوتكردن بەكارهێنان و دەست بەسەرداگرتنی بیناكانی دەوڵەت.
ب-دروستكردنی خانوو و بینا بە هەموو جۆرەكانیەوە بۆ هەر مەبەستێك ئەگەر لەگەڵ نەخشەی بنەڕەتی بگونجێت یان نەگونجێت، هەروەها بۆ ئەو زەویانەش كە دەكەونە دەرەوەی سنووری شارەوانی.
ت-زەوتكردنی زەوی یان بەشێك لە زەوی.
ث-گۆڕینی رەگەزی زەوی بەكارهێنانی زەوی و گۆڕینی بەكارهێنانی زەوی.
ج- هەڵكەندنی زەوی بردنی خاك و خۆڵی ئاسایی یان تێكەڵە گۆڕینی ریچكەی ئاوی سەر زەوی، گۆڕینی رێرەوی هاتووچۆ.
ح- پەكخستن یان گۆڕینی مافێك لە مافەكانی هاوشانی (ارتفاق) بڕیاردراو لەسەر زەویەكانی دەوڵەت.
خ- داگیركردن و بەكارهێنان و هەڵكەندن و شێواندنی كەنار و ناوچە و رووبار و دەریاچەكان.
د- شوراكردنی زەوی بەردەڵان، لەورگە، دراستان و كشتوكاڵی بە پێچەوانەی یاسا بەركارەكان.
ذ- فرۆشتن و بەخشین و بەكرێدانی زەوی بە مەبەستی كشتوكاڵ دروستكردنی باخ و گەشت گوزار و نیشتەجی بازرگانی یان بۆ هەر مەبەستێكی دی بە پێچەوانەی یاسا بەركارەكانی هەرێم.
ر- جیاكردنەوە و پارچە پارچەكردن (افراز الاراضی) بەدەر لە یاسا بەركارەكان.
ز- هەر رفتارێكی دیكە جگەلە لەوانەی لە بەندەكانی پێشوو باسكراون بكەوێتە سەر زەوی و زاری دەوڵەت بەبی وەرگرتنی رەزامەندی بنەمای ئسولی.
2- بەكارهێنانی گشت یان بەشێك لە شەقام، شۆستە، گۆڕەپان، باخچە، پارك، یان هەر شوێنیكی گشتی بە شێوەیەكی كاتی یان بەردەوام بۆ بەرژەوەندی تایبەت بە پێچەوانەی یاسا بەركارەكانی هەرێم.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەو ماددەیە بەو شێوەیەی كە خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان، كێ لەگەڵدایە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (50) كەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، كی لەگەڵدانیە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ كەس نیە، كەواتە بە كۆی دەنگ ئەو ماددەیە پەسەندكرا، دەچینە سەر ماددەی پێنجەم.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەشی دووەم

حوكمە رێكاریەكان

ماددەی (5):

سەرۆكی یەكەی ئیداری و سەرۆكی شارەوانی خۆیان یان بە هۆی چاودێرەوە چاودێری زەوی و زار دەكەن بە مەبەستی رێگری و لابردنی زیادەڕۆیی بە گرتنەبەری ئەم رێكارانەی خوارەوە:
1- پێدانی هۆشداری بە كەسی زیادەڕۆكار بە لابردنی زیادەڕۆیی لە ماوەی (24) كاتژمێر ئەگەر كەسەكە یان لایەنەكە ناسراو بوو.

2- هەڵواسینی پسولەی هۆشداری (انذار) لە شوێنی زیادەڕۆکە بە لابردنی زیادەڕۆکە لە ماوەی (24) کاتژمێردا ئەگەر زیادەڕۆکار نە ناسراوبوو.
3- ئاگادارکردنەوەی سەرۆکایەتی داواکاری گشتی بە زیادەڕۆییەکەی روویداوە.
4- پێویستە لەسەر سەرۆکی یەکەی کارگێڕی لە ماوەی (48) کاتژمێر لە ڕێکەوتی ئاگادارکردنەوەی فەرمانی لابردنی زەوی زیادەڕۆکە دەربکات بە هەماهەنگی لەگەڵ شارەوانی تایبەتمەند و دابینکردنی پارێزوان بۆ لیژنە ئەگەر زیادەڕۆکار بەپێی بڕگەکانی یەکەم و دووەمی سەرەوەی ئەم ماددەیە زیادەڕۆکەی لا نەبرد.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە بۆ موناقەشەکردن لەسەر ئەم ماددەیە، کێ دەیەوێت قسە بکات؟ بێگەرد تاڵەبانی سکرتێری پەرلەمان فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم بەڕێزانە داوای گفتوگۆیان کردووە (یروانت نیسان، مامۆستا مەروان، ایوب عبدالله، مامۆستا عبدالرحمن، بێستون فائق، د.سرود، قادر رەزگەیی، ڤیان عباس، د.فرست).

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر دیباجەی ماددەی پێنج هیچ تێبینیەکم نیە، بەڵام بڕگەی یەکەم و دووەم، سێیەم و چوارەمیش، سێیەم هیچ تێبینیم نیە، بەس یەکەم و دووەم و چوارەم، پێدانی مۆڵەت بە کەسی زیادەڕۆکار (24) کاتژمێر و هەڵواسینی ئینزار و ئەوانە، ئێستا لە کوردستان مۆدیلێك هەیە کە گەیشتە سەبە و سەب کرا ئیتر زیادەڕۆیی زۆر زەحمەت تێك دەدرێت، بۆیە ئەم پێدانی مۆڵەت و هەڵواسین و ئینزارانە بە زیادی دەبینم، مادام ئەوە موخالیفی قانونە، مادام ئەحکامی عیقابیشمان هەیە کە لە فەسڵی تر دێینە سەری ئیتر کە زیادەڕۆیی دەستی پێکرد یەکەی ئیداری و شارەوانی یەکسەر مخەولن بەوەی کە ئەو زیادەڕۆییە لابەن و ئیحالەی بکەن بۆ داواکاری گشتی و ئیجرائاتی قەزائی و قانونی بەپێی یاسا بەرکارەکان بگیرێتەبەر، بۆیە مانەوەی (48) کاتژمێر دوو تابقت بۆ تەواو دەکات و سەبیشی دەکات، من نابینم ئەم ڕێکارە بتوانێت بەرگری لە زیادەڕۆیی بکات، بۆیە وا باشە یەکسەر لە جیاتی ئەوە بابەتەکە ئیحالەی داواکاری گشتی بکرێت و ڕێکارە یاساییەکان بۆ لابردنی زیادەڕۆیی دەست پێبکرێت و لێرەش بنووسین لەسەر نەفەقەی زیادەڕۆکار، لێرە بنووسین نەك لەولای دەڵێ ئەگەر دوای ئەوەی کە تەواوبوو و حوکمدراوە ئینجا بێین باسی بکەین، نەخێر، یەکسەر لەسەر نەفەقەی زیادەڕۆکار زیادەڕۆییەکە هەڵبگیرێت و ئەو مەودایانە و ئەو مۆڵەتانە هەمووی هەڵبگیرێت و هیچ پێویست ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز یروانت نیسان فەرموو.

**بەڕێز یروانت نیسان مارکۆس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە رەئیا من یەکسەر ئینزار نایەت، تەبلیغ پاشان ئینزار دێتە کرن، تەبلیغیش مەودایەك دڤێت نە رۆژەك و دووە، حەوت رۆژ کەمتر نەبێت پاشی هەنگی ئینزار بێتە کرن، چونکو تشتەکی ئاسان نینە تەجاوزەك بە خێرایی (24) کاتژمێر رابگرین، یا دووی ژی ئەو (24)

کاتژمێر کەمە، بێتە زێدە کرن ئینـزار، لەبەر ئەوەی دائیمەن مە وەك شـۆلێت ئەنـدازیاری حەوت رۆژ پاشی (14) رۆژە، ئەڤە ژی بێتە زێدە کرن چێترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مەلا مەروان فەرموو.

**بەڕێز حسین اسماعیل حسین (مەروان گەڵاڵی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پشتگیری لە قسەکانی د.فرست ئەو ماوەی کە دانراوە قەناعەتم وایە نەك هەر دوو قاتی تەواو دەکات ماڵەکەشی دەباتە ناو، دوو: لە پێشەکیەکەی دەڵـی سەرۆکی یەکەی ئیـداری و سـەرۆکی شـارەوانی ئەوەی تـرم پـی زیـادە کە دەڵـی خۆیـان یـان بە هـۆی چاودێرەوە، چونکە تەحسیل حاسڵە، مادام خۆیان سەرپەرشتی دەکەن دەتوانن چ لە رێگای خۆیان بێت و چ لە رێگای لیژنەکان بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك ایوب فەرموو.

**بەڕێز ایوب عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەکانم لەلایەن بەڕێز د.فرست و بەڕێز مامۆستا مەروان کرا، پشتگیری لە قسەکانی بەڕێزیان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن علی فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن پشـتیوانی لە قسـەکانی بەڕێـز د.فرسـت دەکەم بـۆ لـابردنی، ئەگەر ئەو بـابەتە هەر دەمێنێتەوە تەحدیدکردنی کات لە راستیدا جاری وا هەیە ئەو کەسەی زیادەڕۆیی کردووە رەنگە لە ناو شاردا دابنیشێت و زیادەڕۆییەکە لە گوندێکی دوورە دەستدا کردبێتـی، بـۆیە تەحدیـدکردنی (24) کـاتژمێر بـۆ لـابردن دەکـری لەلایەن ئەو لیژنـانەی کە چـاودێری دەکـات ئینزار بکرێت، بەڵام تەحدیدکردنی (24) کاتژمێر و (48) کاتژمێر بـۆ ئەوانەی کە شـوێنەکانیان نازانرێـت لە راسـتیدا پێمـوایە شـتێکی نـا مەنتقیـە، زۆرجـار رەنـگە زیادەڕۆکـارەکە هەر لەو هەرێمەشــدا نەبێــت، ئایــا (24) کــاتژمێر و (48) کــاتژمێر چــی لەو کەســانە دەکەی کە زیادەڕۆیی کـردووە، بەڵام رۆیشـتووە، بـۆیە داوا دەکەم لە لیـژنەی یاسایی حەلێك بـۆ ئەو بابەتە بدۆزنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.سراج فەرموو.

**بەڕێز د.سراج احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە گـوێرەی دیبـاجەی مـاددەی پێـنج مـن وای دەبیـنم ئەو مـاددەیە تەنهـا حەسـرکراوە بە موڵکەکانی وەزارەتی شارەوانی، لەبەر ئەوەی باس دەکات سـەرۆکی شارەوانی خۆیـان بە هـۆی چـاودێرەوە چـاودێری دەکـات، ئەی ئەو موڵکـانەی کە تـایبەتن بە وەزارەتـی دارایـی هەنـدێك موڵکمـان هەیە مـوڵکی دارایـیە، هەنـدێك موڵکمـان هەیە مـوڵکی وەزارەتـی کشـتوکاڵە، مـن وام پـی چـاکە وا بنووسـرێت هەر وەزارەتێـك بەرپرسـیارە لە چـاودێری موڵکەکانی خۆی بەپێی نەخشەی بنەڕەتی ناو شار یاخود دەرەوەی شار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز بێستون فائق فەرموو.

**بەڕێز بێستون فائق محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
قسەکانی من کرا، پشتگیری لە کاك د.فرست و هاوڕێیانی تر دەکەم، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێز د.سرود فەرموو.
**بەڕێز د.سرود سلیم متی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
قسەکانی من کرا، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێز قادر رەزگەیی فەرموو.
**بەڕێز قادر ئۆتمان رەسول:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
هەر چەندە ئێمە لە لیژنەکەین و موناقەشەمان کردووە، تەنها یەك تێبینی ئەویش سەبارەت بە بڕگەی چوارەم لە سەرەتادا ئەو رێکارانە کراونەتە دەسەڵاتی هاوبەش سەرۆکی یەکەی ئیدارییەکە و سەرۆکی شارەوانیەکان، بەڵام لە خاڵی چوارەمدا من پێمباشە بە هەماهەنگی نەبێت، یەعنی سەرۆکی یەکەی کارگێڕی بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکی شارەوانی نەبێت، هەماهەنگیەکە لاببرێت، چونکە بەپێی ئەو بەدواداچوونانەی ئێمە کردوومانە زۆرجار ئەو هەماهەنگیە راستە سەرۆکی یەکەی ئیداریەکە مولزەم نیە بە هەماهەنگیش، یەعنی مولزەم نیە بەوە، بەڵام بەپێی ئەو بەدواداچوونانەی کە ئێمە کردوومانە زۆرجار لەسەر ئەوەی کە شارەوانی نووسراوی نەکردووە بۆ سەرۆکی یەکەی کاگێڕی و ئەویش دۆسیەکەی بەرز نەکردۆتەوە، بۆ نموونە بۆ داواکاری گشتی یاخۆد بۆ دادگای تایبەتمەند، مادام رێکارەکان دەسەڵاتی هاوبەشن وەك لە دیباجەی ماددەکەدا هاتووە، بۆیە هیچ هەماهەنگی تێدا نەبێت، راستەوخۆ سەرۆکی یەکەی ئیداری فەرمان دەربکات بە لابردنی زیادەڕۆییەکە و گرتنەبەری ئیجرائاتی پێویست، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێز ڤیان عباس فەرموو.
**بەڕێز ڤیان عباس عمر:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بە نیسبەت ماددەیا پێنج خاڵا ئێکی و دووی ئەز وا دبینم پتر خەڵکی هەژار دگریتن، بە تایبەت ئەگەر ئێکی زیادەڕۆیی کردبی و تێدا ئاکنجی بیتن، دانە مۆڵەتی کو بۆ دەمی (24) کاتژمێرا مەودایەکی گەڵك کەمە، ئەگەر حەسەب حاڵەت بیتن ئیستسنا بێتەکرن دی باشتر بیتن، یەعنی بنڤیسین حەسەب حالە ئەگەر پێڤەبیتن پتر بێتە دان یان ئەگەر ژی پێنەڤیتن بلا ئەڤ دەمە بێتە دانان، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
دیار بەڕێز کاك د.شێرکۆ جەودەت چەند پێشنیارێکی هەیە بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەو ماددەیە، رەنگە پێویستی بە سی دەقە زیاتر هەبێت، فەرموو.
**بەڕێز د.شێرکۆ جەودەت مصطفی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە لە ماددەی دوو بڕگەی سێ داوای ئەوەمانکردووە لە ئەمانجەکانی ئەم پڕۆژەیە کە پاراستن و ئاڕاستە بۆ بووژاندنەوەی ئابووری هەرێمی کوردستان ئامانجێك بێت لە ئامانجەکانی ئەم پڕۆژەیە، بۆیە بۆ بەدەستهێنانی ئەو بووژاندنەوەیە ئابووریە ئەم بیرۆکەیە لە چەند خولەکێکدا عەرزی بەڕێزتانی دەکەم، هیوادارم وەزیرە بەرێزەکان و پەرلەمانتارانی بەڕێز بە هەندی وەربگرن، چونکە دوو بابەتی زۆر حەساس بۆ کەرتی تایبەت و بۆ پاشەکەوتی مووچە چارەسەر دەکات، دواى

دیراساتێکی زۆر کە بەراستی ماندوبووین لەگەڵ ئەم پڕۆژەیە، پوختەی بیرۆکەکە ئەوەیە تەبعەن دواتر بە دوو رستە ئامادەکراوە پێشکەشی دەکەین بۆ لیژنە بۆ ئەوەی کە لەبەر دەستیان دابێت، پوختەی بیرۆکەکە ئەوەیە چۆن قەرزە ناوخۆییەکانی سەر شانی حکومەت و هەمــــوو مــــووچە دواکەوتووەکـــان تـــا کۆتـــایی ســـاڵی (2017) و بە دانەوەی پاشەکەوتەکانیشەوە بە رەسیدی بانکی بدەینە هاوڵاتیان و مووچەخۆران، دواتر لە رێگەی وەرگـرتنەوەی قەرزەکـانی حکـومەت لـای هاوڵاتیـان و فرۆشـتنەوەی کۆمەڵێـك مـوڵکی حکومی زەوتکراوە و بە رەسیدی بانکی جارێکی تر رەسیدەکان وەربگرینەوە و پاکتاوی بکەینەوە، لێرەدا پێویستمان بە چەند پشتیوانیەکی پەرلەمانی هەیە بۆ شەرعیەتدان بەم هەنگاوانە:

1- حکومەت لە رێگەی وەزارەتی داراییەوە هەرچی زووە هەموو شایستە داراییەکانی مووچەخۆران دەکات بە رەسیدی بانکی کە بە هیچ شێوەیەك لە ئێستادا بەڵێنی ئەوە نەدرێت کە بە کاش خەرج دەکرێت، بەڵکو لە جیاتی شایستە داراییەکانی حکومەت وەردەگیرێنەوە.
2- حکومەت لە هەموو دامودەزگاکانیدا چەکی رەسیدی بانکی قەبول بکات بۆ هەر پابەندیەکی دارایی لە هەموو فەرمانگەکاندا تەنانەت بۆ فرۆشتنەوەی موڵکەکانی حکومەتیش قەبول دەکرێت.
3- ئەو کۆمپانیایانەی کەرتی تایبەت کە قەرزی بانکەکانی حکومەتیان لایە دەبێت بە هەماهەنگی لەگەڵ نوێنەری پارێزگاکان یان حکومەتدا بە تەقای ئەو قەرزانەی بە چەکی رەسیدی بانکی دەیدەنەوە بە حکومەت پێویستە چەکی بانکی لە هاوڵاتیان قەبول بکەنەوە بۆ شایستە داراییەکانیان کە لای هاوڵاتیانە.
4- حکومەت لە رێگەی لیژنەیەکی ئەمین و جێگای متمانەی هەموانەوە بە هاوکاری و هەماهەنگی نێوان وەزارەتەکان و بە ئاگاداری ئەنجومەنی پارێزگای شارەکان هەڵدەستێت بە فرۆشتنی کۆمەڵێك موڵکی حکومی بە چەکی رەسیدی بانکی بۆ پاکتـاوکردنەوەی ئەو رەسـیدانە کە پێویسـتە هەمـوو پارێزگاکـان بە شـێوەیەکی هاوسەنگ بەشداربن لە پاکتاوکردنەوەی ئەو رەسیدە بانکیانە ئەم پرۆسەیەش بە شێوازی زیادکردنی ئاشکرا بکرێت.
5- نابێت هیچ یاسا و رێسایەك و رێنماییەك دەربچێت کە ئاسانکاریەکانی ئەم یاسایە رێگری بکات لەم یاسایە.
6- ئەم رەسیدە بانکیانە بە هیچ شێوەیەك نابێت کەرتی تایبەت و کەسەکانی پی پابەند بکرێت بۆ وەرگرتنی، بەڵکو ئەو پەڕی ئاسانکاری بۆ جوڵەی بانکی دەکرێت و دەبێـت وا بکەیـن بە شـێوەیەکی ئیختیـاری لە هەنـدێك دامودەزگـای نـا حکـومی وەربگیرێت.
7- ئەم پڕە چەکی بانکیەی دەدرێت تەنها لە رێگەی ئەم پڕۆژەیەوە بەڵاو دەکرێتەوە و نابێت بکرێتە نەریت بۆ داهاتووش، بەڵام دەکرێت بۆ پلانی بودجەی (2018) بڕی یەك تا یەك و نیو ترلیۆن دینار چەکی بانکی تر لە حکومەتەوە بدرێتە کەرتی تـــایبەت بەرامـــبەر بە خزمەتگوزاریەکـــانی کە پێشکەشـــی حکـــومەتی دەکەن بـــۆ قەرەبـووکردنەوەی ئەو داهـاتە مانگـانەیەی حکـومەت کە لە جیـاتی پاکتـاوکردنی رەسیدە بانکیەکان بەکاردێت.

بەڕێزان، قەرزە ناوخۆییەکان تاوەکو ئێستا گەیشتۆتە سیانزە ترلیۆن و چوار سەد و پەنجا ملیۆن دینار، ئەگەر بۆ ئاسانکاری ژمارەکان.........ز

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.شێرکۆ، دەزانی چۆنە، بەڕێزتان لە بابەتەکە دەرچوون، ئەوەی باشتر وایە ئەوەی بەڕێزتان پێشنیار نیە بۆ دەوڵەمەندکردنی پڕۆژەکە، ئەمە پڕۆژەیەکی تەواو جیاوازە، ئەو پڕۆژەیە ئامادەی بکە بۆ ئەوەی لە نزیکترین کاتدا بە ئیمزاوە ئامادەبکرێت بۆ ئەوەی رۆژێك خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکەین، یەعنی ئەوە بە تەئکید دەرچوون بوو لە ماددەکە، ببورە، فەرموو د.شێرکۆ.

**بەڕێز د.شێرکۆ جەودەت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو دێرم ماوە ئەو دوو دێرە ئیزافەکەیە بۆ یاساکە، ئەو دێرە دەوڵەمەندکردنی یاساکەیە، ئەگەر روخسەتم پی بدەی، پێشنیارەکە ئەوەیە کە بڕگەی پێنجەم زیادبکری بۆ ماددەی پێنج کە ئەم دوو دێرە بێت، حکومەتی هەرێم ئەم یاسایە بەکار بهێنێت بۆ چارەسەری قەیرانی دارایی و قەرزە نێوخۆییەکانی لە رێی خستنەبەری و فرۆشتنی موڵکی حکومی بۆ رەسیدی بانکی کەرتی تایبەت و دانەوەی پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم ئەمەش بە پڕۆژەیەکی مولحەق هاوپێچی ئەم یاسایە دەکرێت، ئامانجی سێیەمی ماددەی دوو لە ئامانجەکاندا وتومانە ئاڕاستەکردن بۆ بووژاندنەوەی ئابووری، لەبەر ئەوە بۆ تەحقیقی ئامانجەکە ئەم ئیزافەیە پێموایە گرنگە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە پڕۆژەیەکی زۆر گونجاوە، بەڵام لەگەڵ ئەم دانیشتنە تەسەور دەکەم بۆ پڕۆژەیەکی تەواو و سەربەخۆ ئامادەبکەن، سوود بەخش دەبێت و یارمەتیدەر دەبێت، ئێستا داوا لە لیژنە پەیوەندیدارەکان دەکەین رەئی خۆیان بدەن، بەڕێز عمر عینایەت فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەوەی د.شێرکۆ دەست پی دەکەم، ئەوەی بەڕێزی وەکو چاکسازی بۆ باری ئابووری هەرێمی کوردستان پڕۆژەیەکی گونجاوە، بەڵام ئێمە باسی ئەوە دەکەین کە لە بەیانیەوە لە دەرچوونی ئەم یاسایەوە هیچ کەسێك زیادەڕۆیی لەسەر موڵکی دەوڵەت نەکات، ئەوەی بەڕێزی بۆ چارەسەرکردن گونجاوە، لەوانەیە هەندێکی لەگەڵ ئەو پڕۆژە یاسایەی کە لە وەزارەتی شارەوانی دەردەچێت یان لەوەی کشتوکاڵ دامانناوە بێتەوە، بەڵام بۆ ئەم پڕۆژەیە نایەتەوە، ئەو ئاڕاستەش کە باسی دەکەی دەڵێین زیادەڕۆیی نەکرێت لەسەر زەوی دەوڵەت، زەویەکمان داناوە بۆ ئەوەی مەکتەبێکی لەسەر دروست بکەین، بەڵام کەسێك دی دەیکات بە خانوو، کەواتە ئێمە رێگری لە ئاڕاستەکردن لێرە دەیکەین و نایەڵین ئەو زەویە بەکار بهێنرێت بۆ کەسێك شەخسێك بیبات بۆ بەرژەوەندی گشتی بەکار دێت، لەوێدا ئاڕاستەکەی بەڕێزت جێگای دەبێتەوە، بە نیسبەت ئەو (24) کاتژمێرەی کە دانراوە، بەڕێزان، هەندێك دەڵی کەمە، هەندێك دەڵی زۆرە، بەڕێز د.فرست دەڵی زیادە، بەڕێز کاك یروانت گوتی هێشتا کەمە بکرێت بە (7) رۆژ، ئێمە مەبەستمان لەم (24) کاتژمێرە لە دەرئەنجامی خیبرەی وەزارەتی شارەوانی و بەڕێز جێگری وەزیری شارەوانی و وەزارەتی کشتوکاڵ کە لێرە دانیشتوون جاری وا هەیە چۆن نابێت مۆڵەت بدەی بەو کەسە، کەسێك رۆیشتووە چاودێرەکەی تۆ دێت دەڵێت کاکە ئەم کەسە زیادەڕۆییە، خۆی لەوی نیە، راپۆرتەکەی هێناوە، ئێمە ئینزارەکی بۆ دەنێرین و رۆژی دواتر دی کاکە من تاپۆم هەیە و ئەوەش مۆڵەتەکەمە، لەبەر ئەوە دەبی مۆڵەتێکی پی بدەی، لەوانەیە ئەو کەسەی کە ئێمە زیادەڕییەکەی پی دەڵێین بە هیچ جۆرێك گونجاو نیە کی بە من دەڵی لە ماوەی (48) کاتژمێر خەڵك دەتوانێت دیواریش دروست بکات و کونکریت بکات، ئەو شتە موستەحیلە، تۆ دەچی زیادەڕۆیی کردووە بناغەی هەڵکەندووە، لە (24) کاتژمێرەکە

بناغەی هەڵکەندووە و سەبێکی تێکردووە و دوو چین بلۆکی بەرزکردۆتەوە، ئینزارێکی پی دەدەی لەو (24) کاتژمێرە لای برد زۆر چاکە، لای نەبرد لە خیلالی (48) کاتژمێردا موعالەجە دەکرێت، ئەمە لە ئەنجامی خیبرەی وەزارەتی شارەوانیەوە هاتووە، وەزارەتی کشتوکاڵەوە هاتووە، کابرا رۆیشتووە خۆ ناتوانی لە ماوەی (24) کاتژمێردا درەخت بڕوێنێت و درختەکانیشی بەرزکاتەوە، چاڵی هەڵکەندووە و شورایەکی دروست دەکات لەو دەشتە، چاودێرەکە دەڕوات پێی دەڵێت کاکە تۆ مەمنوعە، تەنها شتێك زۆر گرنگە کە لێرە باسی لێوە بکەین بە نیسبەت منەوە هەڵواسینی پسولەی هۆشداری ئینزار لە شوێنی زیادەڕۆکار یان بە نووسین لەسەر زیادەڕۆکە، ئەوە زۆر گرنگە ئیزافە بکرێت، سەرۆکی یەکەی ئیداری و سەرۆکی شارەوانی خۆیان، خۆیانەکە لابرێت، چونکە ئەوە کاری ئەوان نیە، لە رێگەی چاودێرەکانەوە، تەنها قسەی من لەسەر ئەو مادده ئەوەبوو کۆتاییش چوارەمیش بە هەماهەنگی لەگەڵ شارەوانی و فەرمانگەی تایبەتمەند، بە رای من ئەوە پڕ بە پێستی چارەسەرەکەیە، ئەوەشی برای بەڕێزم کاك د.شێرکۆ باسیکرد بۆ لەمەو پێشە، ئێمە باسی لەمەو دوا دەکەین کە لە دوای دەرچوونی ئەم یاسایە هیچ کەس زیادەڕۆیی نەکاتە سەر زەوی دەوڵەت، نە لە دەرەوەی شارەوانی و نە لە ناو شارەوانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا داوا لە وەزیرە بەڕێزەکان دەکەین رەئی خۆیان پێشکەش بکەن، بەڕێز سینان چەلەبی وەزیری داد فەرموو.

**بەڕێز سینان عبدالخالق چەلەبی/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە یەکەمجار کەلیمەی ئیداری بگۆڕین بکەینە کارگێری ئەوە یەك، دواتر فەرمانگەکانی شارەوانی و لایەنە پەیوەندیدارەکان و لیژنەکانی چاودێری زەوی زار دەکات، ئەوە دەبێت بگۆڕێت دەبێت شمولی هەمووی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

پرسیار لە وەزیر داد کرا کە (24) کاتژمێرەکە بمینێت یان نا؟

**بەڕێز سینان عبدالخالق چەلەبی/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بمێنێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز خاتوو نەورۆز مولود وەزیری شارەوانی فەرموو.

**بەڕێز نەورۆز مولود امین/ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تایبەت بە (24) کاتژمێرەکە وابزانم کاك عمر موعاناتی شارەوانی باسکرد و ئاماژەی پێدا، شتێکی تریش ئیزافە لەسەر قسەکانی کاك عمر ئەوەیە کە ئەوە هەتا بکرێت خۆی هەڵی بگرێت باشترە، لەوانەیە ئیستیفادەی لە مەوادەکانی خۆی بکات، لەوانەیە بە شێوازێك خۆی پێی خۆشتر بێت تەجاوزەکە هەڵبگرێت، لە حاڵەتێك کە ئیمتیناعی کرد لە هەڵگرتنی تاجاوزەکە ئەو کاتە حکومەت دەچێت هەر لەسەر مەساریفی وی دەبێت هەڵبگرتەوە، بۆیە (24) کاتژمێرەکە بۆ حیمایەکردنی مافەکی خۆیتی کە ئاگاداری بکەی و هەڵبگرێت، ئەوانی تریش کە نووسین ئیزافە بکرێت ئاماژەی پێدا وەکو وەزارەتی کشتوکاڵ هەمان تێبینی هەبوو ئەویش ئاماژەی پێدراوە و وابزانم پەسەندیشە لەلایەن هەمووانەوە کە دوای سەرۆکایەتی شارەوانی لایەنە پەیوەندیدارەکانیش ئیزافە بکرێت بۆ ئەوەی لایەنە

پەیوەندیدارەکانی وەکو کشتوکاڵ و دارایی ئەوانیش بە هەمان شێواز ئەو دەسەڵاتەیان هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ خاتوو نەورۆز وەزیری شارەوانی کە ڕەئی وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی ناوخۆی پێشکەش بە دانیشتنەکە کرد، ئێستا داوا لە بەڕێز د. ڤاڵا دەکەین سەرۆکی لیژنەی یاسایی ماددەکە بە داڕشتنەوەیەکی نوی بە ڕەچاوکردنی تێبینیەکان پێشکەش بکات، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی دووەم**

**حوکمە ڕێکاریەکان**

ماددەی (5):

سەرۆکی یەکەی کارگێڕی و سەرۆکی شارەوانی و سەرۆکی فەرمانگە پەیوەندیدارەکان بە هۆی چاودێرەوە چاودێری زەوی و زار دەکەن بە مەبەستی ڕێگری و لابردنی زیادەڕۆیی بە گرتنەبەری ئەم ڕێکارانەی خوارەوە:

1- پێدانی هۆشداری بە کەسی زیادەڕۆکار بە لابردنی زیادەڕۆیی لە ماوەی (24) کاتژمێر ئەگەر کەسەکە یان لایەنەکە ناسراو بوو.
2- هەڵواسینی پسولەی هۆشداری (انذار) لە شوێنی زیادەڕۆکە یان بە نووسین لەسەر زیادەڕۆکە بە لابردنی زیادەڕۆکە لە ماوەی (24) کاتژمێردا ئەگەر زیادەڕۆکار نە ناسراوبوو.
3- ئاگادارکردنەوەی سەرۆکایەتی داواکاری گشتی بەو زیادەڕۆییەی ڕوویداوە.
4- پێویستە لەسەر سەرۆکی یەکەی کارگێڕی لە ماوەی (48) کاتژمێر لە ڕێکەوتی ئاگادارکردنەوەی فەرمانی لابردنی زەوی زیادەڕۆکە دەربکات بە هەماهەنگی لەگەڵ شارەوانی و فەرمانگەی تایبەتمەند و دابینکردنی پارێزوان بۆ لیژنە ئەگەر زیادەڕۆکار بەپێی بڕگەکانی یەکەم و دووەمی سەرەوەی ئەم ماددەیە زیادەڕۆکەی لا نەبرد.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەو ماددەیە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (55) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانیە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (1) کەس لەگەڵدانیە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ ئەو ماددەیە پەسەندکرا، ماددەی شەشەم بخوێننەوە.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (6):

هێزەکانی ناوخۆ و گشت هێزە فەرمیەکانی دیکە لە سنووری یەکە ئیدارییەکاندا ئەگەر پێویست بوو فەرمانەکانی سەرۆکی یەکە کارگێڕیەکان جێ بەجێ دەکەن بۆ پارێزگاری لیژنە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە بۆ موناقەشەکردن، کێ دەیەوێت قسە بکات؟ فەرموو خاتوو بێگەرد تاڵەبانی سکرتێری پەرلەمان.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بەڕێزانە داوای گفتوگۆیان کردووە (بێستون فائق، د.سراج، حاجی کاروان، عباس غزالی، تحسین اسماعیل، د.عزت صابر، صالح فەقێ).
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێز بێستون فائق فەرموو.
**بەڕێز بێستون فائق محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
من لەگەڵ ئەوەم وشەی ئەگەر پێویست بوو لابرێت، واتە هێزەکانی ناوخۆ و گشت هێزە فەرمیەکانی دیکە لە سنووری یەکە ئیدارییەکاندا فەرمانەکانی سەرۆکی یەکە کارگێڕیەکان جی بەجی دەکەن بۆ پارێزگاری لیژنە و ئەوەشی بۆ زیاد بکرێت بۆ لابردنی زیادەڕۆییەکان، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێز د.سراج فەرموو.
**بەڕێز د.سراج احمد حمدامین:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
منیش هەمان رەئی کاك بێستونم هەیە، ئەگەر پێویست بوو ئەوە لابرێت، هەروەها ئەوەش ئیزافە بکرێت لە کۆتاییەکەی ماددەکە لە کاتی جێبەجێکردنی فەرمانی لابردنی زیادەڕۆییەکان، ئەوەش ئیزافە بکرێت، لەبەر ئەوەی مانای زیاتر دەدات بۆ ماددەکە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێز حاجی کاروان فەرموو.
**بەڕێز کنعان نجم الدین (حاجی کاروان):**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
رەئیەکەی من گوترا لەلایەن کاك بێستون و د.سراج، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێز عباس غزالی فەرموو.
**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
هێزەکانی ناوخۆ و گشت هێزەکان لە سەرۆکی ئیدارە فەرمان وەردەگرێت، بە بۆچوونی من ئەوە ماددەیەکی زیادەیە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێز تحسین اسماعیل فەرموو.
**بەڕێز تحسین اسماعیل احمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
پێم باشە ئەم ماددەیە بەم شێوەیە داڕێژرێتەوە (هێزەکانی ناوخۆ و گشت هێزە فەرمیەکانی سنووری یەکە ئیدارییەکان لەسەریانە پارێزگاری لە لیژنە بکەن و لە کاتی پێویست فەرمانی سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان جی بەجی بکەن)، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێز د.عزت فەرموو.
**بەڕێز د.عزت صابر اسماعیل:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش بۆ لیژنەی یاسایی پێشنیار دەکەم (ئەگەر پێویست بوو) لاببرێت، کۆتایی دێرەکە ئەوەی بۆ زیاد بکرێت لیژنە و لابردنی زیادەڕۆیی و چەسپاندنی یاسا، لە راستیدا ئامر لیوایەك فەرمان لە قایمەقام وەرناگرێت، بەڵام چەسپاندنی یاسا بە خۆی خۆی ئیلزام دەکات، لەبەر ئەوە کۆتایی پەرەگرافەکە لیژنە و لابردنی زیادەڕۆیی و چەسپاندنی یاسا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز صالح فەقی فەرموو.

**بەڕێز صالح فەقی احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو هێزەکانی ناوخۆ خۆی راستەوخۆ لەژێر سولتەی ئیدارەیە رەنگە ئەو هێزانەی دیکە مەبەست ئەوەبێت کە هەندێك بەدەر لەو هێزە پێویست بکات، بۆیە ئەو ئەگەر پێویست بوو بکرێتە لە کاتی پێویستدا ئاساییە بۆ ئەو هێزانەی تر، ئەوەی کۆتاییەکەش پارێزگاری لە لیژنە ئەوەی کاك بێستون و کاك د.عزت گوتیان پشتیوانیان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز انور قادر فەرموو.

**بەڕێز انور قادر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە قسەکانی کاك بێستون دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لیژنە پەیوەندیدارەکان روونکردنەوەتان لەسەر ئەم ماددەیە، د. ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە کاتی گفتوگۆکانیش ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نەبووین ئەو ماددەیە هەبێت، چ هێزەکانی ناوخۆ و گشت هێزە فەرمیەکانی دیکە لە سنووری یەکە ئیدارییەکان لەژێر فەرمانی سەرۆکی یەکەی کارگێڕی بن، چونکە خۆتان دەزانن بەپێی دەستوور بەکارهێنان و ئەمر کردن بۆ بەکارهێنانی هێز لە سەرۆکی یەکەی ئیدارییەکان وەرگیراوەتەوە، ئێمە پێمان باش بوو نەبێت کە دانراوەش ماددەکە گوتمان هەر هیچ نەبێت بۆ ئەوەی زۆر ڕە روونی موخالەفەی دەستوور نەبێت بڵێین ئەگەر پێویست بوو، یەعنی ئەو موستەلەحی ئەگەر پێویست بوو بۆ ئەوەمان داناوە کە باڵانسێك دابنێین، ئەگەر نا ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی پێمان باشە کە ئەو ماددەیە بوونی نەبێت، لەبەر ئەوەی پێچەوانەی دەستوورە، بەڵام ئەگەر هەبووش ماددەکە دەبێت ئەو موستەلەحەی کە دەڵێین ئەگەر پێویست بوو وەکو خۆی بمێنێتەوە بۆ بتوانین هینێك بکەین، لەبەر ئەوە لیژنە پەیوەندیدارەکان سوور بوون لەسەر ئەوەی کە ئەو ماددەیە هەبێت، بەڵام ئێمە پێمان باش بوو نەبێت، ئەگەر هەڵبگیرێتیش بە باشی دەزانین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز عمر عینایەت فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیاردەی لابردنی زیادەڕۆیی دیاردەیەکی زۆر خەتەرناکە لەم وڵاتە، خۆتان دەزانن ئەو کەسانەی کە زیادەڕۆیی دەکەن زۆربەیان هێزی چەکداریان هەیە، هەیە پاسەوانی لەگەڵدایە، ئەگەر ئەو هێزەی ئاسایش و زێرەڤانی و هێزەکانی تایبەت، بە تایبەتی ئێمە ئێستا لە ناو وەزعێکدا دەژین هێزی تایبەت هەیە دانراوە لە ناوچەیەك تەنها بۆ چاودێری

زیــادەڕۆیی، لەبەر ئەوە ئەگەر ئەم هێــزانە پشــتیوانی شــارەوانی نەکەن و بــرادەران لە وەزارەتی ناوخۆ لێرەن پێمخۆشە ئەوان روونکردنەوەیان لەسەر ئەو بابەتە هەبـوایە خۆیان لە ڕێگای وەزیری دادەوە پێمان بڵێن ئایا ئەوە نـا یاسـاییە یان یاساییە وەکـو بەڕێـز د. ڤاڵا باسیکرد، مـن پشـتگیری دەکەم کە ئەگەر پێویسـت بـوو لاببرێـت، لە کۆتاییـدا ئەو عیبـارەتە زیاد بکرێت لە کاتی لابردنی زیادەڕۆیی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا غریب فەرموو.

**بەڕێز غریب مصطفی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەك کـاك عمـر ئامـاژەی پێکـرد کـاری لـابردنی زیـادەڕۆیی کـارێکە لە موسـتەحیل نـزیکە بەراستی، ئەوەنـدە زەحـمەتە ئەوانەی کە هەڵدەسـتن بەو کـارە چ هێـزی چەکـداربێت چ ئەو فەرمانبەرانەبێت کە بەو کارە هەڵدەستن رووبەرووی چەندین گێـر و گرفـت و کێشـەی دوور و نزیك دەبنەوە، لەبەر ئەوە بە پێویستی دەبینم کە هێزەکانی نـاوخۆ وشـەیەکی لە پێشـدا دابنرێـت یـان وەکـو کـاك تحسـین ئامـاژەی پێکـرد دواتـر بـۆی دابنرێـت کە پابەنـدبن بەو جـی بەجی کردنە، ئەگەر نا ئەگەر جۆرێك ئیختیار هەبێـت ئێسـتا هێزەکـانی نـاوخۆ و گشـت هێـزە فەرمیەکانی دیکە هەڵدەستن بەو کارە، بنووسرێت پێویستە لەسەریان، شتێك بنووسرێت کە لیژنەی یاسایی ئاماژەی پی بکات بە پێویستی دەبینم، هەروەها پشـتیوانی ئەو رەئـیەی کاك د.عزت دەکەم، بۆ لابردنی زیادەڕۆیی و چەسپاندنی یاسا پێویستە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.عزت فەرموو.

**بەڕێز د.عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر پێویست بوو لێرەدا بەراستی ئەم تەعبیرە ئەوە ناپێکێت کە مەبەستەکەی هەیەتـی، ئەگەر پێویست بوو مانای هێزەکانی ناوخۆ و هێزەکانی دیکەش ئەگەر پێویسـت بکـات بـۆ لابردنی زیادەڕۆیی، بۆیە ئەوە ناپێکێت، ئەو رەئیەی مامۆستا مەلا غریب جیای بکەینەوە و بەڕێزێکی تـری پەرلەمانتـاریش، هێزەکـانی نـاوخۆ فەرمانەکـان سـەرۆکی یەکە کارگێڕیەکـان جـی بەجـی دەکەن و ئەگەر پێویسـتیکرد هێزەکـانی دیـکە بەو شـێوەیە، ئەو کـاتە ئەگەر پێویسـت بکـات زۆر دەقـیقە، بەس ئەمەی ئێسـتا دەقیـق نـیە، ئامـانجەکە ناپێکێـت وەك ئەوەی کە بۆی دانراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێسـتا داوا لە وەزیـرە بەڕێزەکـان دەکەیـن رەئـی خۆیـان پێشـکەش بـکەن، بەڕێـز سـینان چەلەبی وەزیری داد فەرموو.

**بەڕێز سینان عبدالخالق چەلەبی/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ تێبینیمان نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز خاتوو نەورۆز مولود وەزیری شارەوانی فەرموو.

**بەڕێز نەورۆز مولود امین/ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تایبەت بە رەئی وەزارەتی ناوخۆ پرسیاری ئەوەی کە دەڵـی ئەوە یاسـایی نـیە، ئەوان پێیـان وایە کە کـارێکی یاسـاییە کە هێزەکـانی نـاوخۆ و گشــت فەرمانەکـان، لەبەر ئەوەی ئەوە

زیندانیکردن نیە، تەنها ئیجرائاتێکی ئیداریە، بۆیە سیغەکەی یاساییە، هیچ کێشەیەکی نیە لە رووی یاساییەوە، ئەوەی وەکو وەزارەتی شارەوانیشە رەئیمان تەنها ئەوەبوو ئەگەر پێویست بوو ئەوە نەمێنێت، باشتر، چونکە لە هەموو حاڵەتێك پێویستە بە تەئکید، لە کۆتایی بڕگەکەش لە کاتی جێبەجێکردنی فەرمانی لابردنی زیادەڕۆییەکە ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، داوا لە لیژنە پەیوەندیدارەکان دەکەین سیاغەی کۆتایی، داڕشتنی کۆتایی پێشکەش بە دانیشتنەکە بکەن، د. ڤاڵا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (6):

هێزەکانی ناوخۆ فەرمانەکانی سەرۆکی یەکە کارگێڕیەکان جی بەجی دەکەن و لە کاتی پێویستدا گشت هێزە فەرمیەکان هاوکاریان دەبن بۆ لابردنی زیادەڕۆیی.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ئێستا ئەو ماددەی بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان، کی لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (55) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کی لەگەڵدانیە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (6) کەس لەگەڵدانیە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ ئەو ماددەیە پەسەندکرا، دەچینە سەر ماددەی حەوت، جاڵێکی نیزامی هەیە، بەڕێز کاك خلف فەرموو.

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لێرە ناوم نەنووسی لە ماددەی پێشوو، قسەکەم لەسەر ماددەی پێشوو نیە بۆ قسەکردن، لەبەر ئەوەی وامزانی لە ماددەکانی تر ئەگەرچی قسەشمان لەسەر کردووە لە راپۆرتی هاوبەش حەلێك دانراوە بۆ هەندی هێزی فەرمی هەیە پێچەوانەی ئەم ماددەیەی کە ئێستا پەسەندمانکرد کە من لەگەڵ بووم و دەنگم پێدا، هەر هێزی فەرمیە ئەویش، ناوی هێنراوە ئێستا کە لە ماددەکە تەسبیتمانکرد، بەڵام ئەم هێزانە بەکارهێنراون لە دژی فەرمانبەرەکانی شارەوانی، لە هەندێك شوێن نەك حاڵەت خەریك بوو دەبوو بە دیاردە، ئەم هێزانە دەیان دا لە فەرمانبەری شارەوانی، یەعنی بەکارهێنراون لە دژی شارەوانی، ئەو هێزەش لە لەگەڵ فەرمانبەری شارەوانی رۆیشتووە، پێویستە لەم یاسایە ماددەیەکدا جێگەیەك بۆ ئەوە بکەینەوە هەموو ئەوانەی کە هێزی فەرمی بەکار دەهێنن لە دژی هێزەکانی لەگەڵ شارەوانی دەڕۆن ئیجرئاتێکی توندیان لەگەڵ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

روونکردنەوە لەلایەن عمر عینایەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەکانی دوەی ئەمە ئەو بابەتە عیلاجکراوە، هەر کەسێك پۆستی خۆی بەکار بێنێت و بەپرس بێت لەم وڵاتە و سوود لە پۆستەکەی ببینێت سزای توندتر دەدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی حەوت بخوێننەوە، فەرموو د.ڤالا.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (7):

نابێــت خزمەتگوزاریەکــانی ئــاو، ئــاوەڕۆ، کارەبــا، شــەقام (جــادە)، ئینتەرنێــت، یــان هەر خزمەتگوزاریەکی دیکە بگەیەندرێتە ئەو زەوی و زارەی زیادەڕۆکەی لەسەرکراوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە بۆ موناقەشەکردن لەسەر ماددەی حەوت، کی دەیەوێت قسە بکات؟ بەڕێز د.سرود فەرموو.

**بەڕێز د.سرود سلیم متی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە تەسەورم ئەو ماددەیە تایبەتە بە ئەو تەجاوزەی کە بۆتە ئەمری واقیع، بۆیە عقوبەی دانێین بۆی، حەسمی بکەین، بکەینە ئاو و ئاوەڕۆ و کارەبا و جادە تەنها، لەبەر ئەوە ئینتەرنێت کۆنترۆل ناکرێت، بۆیە پێویست ناکات ئیزافە بکرێتەوە لێرە، کە دەڵی یان هەر خزمەتگــوزایەکی دیــکە، بــۆ نمــوونە پێویســتی بە ئیســعاف بــوو بە حەریــق بــوو، خــۆ مەحرومیش ناکرێت لە ئیسعاف و حریق، ئینتەرنێت و دوای ئەوە لاببرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز محمود حاجی فەرموو.

**بەڕێز محمود عمر صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە ئەگەر بۆ تەجاوزەکانی لە ئێستا بە دوایە ئەوە شتێکی ترە و ئایا ئیجرئات چیە ئەگەر دەکرێت ئەوە بۆ پێش لێگرتن، بەڵام ئەگەر بۆ رابردووە واللە نەك جادەیەك و نەك ئاو و ئاوەڕۆ بە گەڕەك تەجاوزکراوە، هەر ئێستا لە ناو ئەم جەلسەیە کە ئێمە دانیشتووین بەرپرس تەلەفونی بۆ من کردووە کە بۆی لەگەڵ بەڕێوەبەری ناحیە قسە بکەم رێگەی پی بدات بیرێك لە ناو بەخچەکەیدا بکرێت، ئینجا بۆیە ئەمە ئەگەر دەکرێتە یاسا پێویست بەوە دەکات هەر ئێستا لەم لەحزەیە واستە دەکات بۆ ئەوەی لەگەڵ بەڕێوەبەری ناحیە قسە بکەم تا رێگەی پی بدات، یان لەگەڵ قایمەقامی کەلار قسە بکەم بۆ ئەوەی رێگەی پی بدرێت بیر لە ناو باخەکەی هەڵبکەنێ، یان کارەباکەی بۆ راکێشن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز بشار مشیر فەرموو.

**بەڕێز بشار مشیر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر وەکو دەزانن مەبەستمان لە دەرچوونی ئەم یاسایە ئەوەیە بۆ ئەوەی ئەم کێشانەی رابردوو چارەسەر بکرێت، بە تایبەت ئەو سەرپێچیانەی کە لەسەر زەوی کشتوکاڵی کراوە، هەروەها باخ دروست بووە، هیچ شك لەوەنیە کە هەموو ئەوانە خزمەتگوزاریەکان پی راگەیشتووە وەکو ئاوە، کارەبایە، شەقامە، هەم دیسان مەبەست لە دەرچوونی ئەم یاسایە بۆ رێگریکردنە لە ئایندە، بۆیە لە ماددەی حەوت من پێمباشە وا بنووسرێت (نابێت خزمەتگوزاریەکانی ئاو و ئاوەڕۆ و کارەبا و تاوەکو کۆتایی بگەیەندرێتە ئەو زەوی و زارەی زیادەڕۆکەی لەسەر دەکرێت)، ئەوەی کراوە کراوە، مەبەستمان لە دەرچوونی ئەم یاسایە چارەسەرکردنی کێشەکەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی نووسیووتە تکایە بنێرە، خاڵێکی نیزامی هەیە، بەڕێز ناظم کبیر فەرموو.

**بەڕێز ناظم کبیر محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ زووتر بەڕێوەچوونی جەلسەکە مولاحەزەیەکم هەیە، دەبینم زۆربەی بەڕێزەکان ئەوانەی کە موناقەشــە دەکەن ئەوەنە کە واژوویــان کــردووە لەســەر راپــۆرتەکە، بەبــی تێبینــی موناقەشە دەکەن، ئینجا بۆ کات نەکوشتن ئەوەی کە واژوویان کردووە و بەبی تێبینی وابزانم پێویست ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵام مافی خۆیان دیسان داوای قسەکردن بکەن، بەڕێز سعید مەسیفی فەرموو.

**بەڕێز سعید محمد سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی حەوت بە زیادە دەزانم، لەبەر ئەوەی تۆ رێگریت کردووە لەوەی چیتر زیادەڕۆیی نەکرێـت، یەعنــی دوو مـاددەیە، مـاددەیەك ئەوەیە کە بـۆ چارەسـەرە ئەوانەی کە پێشـتر کـراون هەمـوو کارەبـا و ئـاو تـا کۆتـایی ئەوەی بـۆی کـراوە کـراوە، ئەوەی ئێسـتا تـۆ رێگـری دەکەی، یەعنی کە رێگری کرا لی ناگەڕێی تەواوی بکەی کارەبا و ئاو و ئەو شتانە ببەی، من پشتیوانی تەواوی قسەکەی کاك محمود دەکەم، ئەو ماددەیە زیادەیە ئێستا کە تۆ رێگری دەکەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز منی قەهوەچی فەرموو.

**بەڕێز منی نبی نادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری تەواوی قسەکەی بەڕێز د.سرود دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنە پەیوەندیدارەکان، بەڕێز عمر عینایەت فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو وشـەیەی کە کـاك بشـار گـوتی دەکـرێتە بە رەئـی ئەوە مەعقـولە، بەڵـام بـۆ زانیـاری بەڕێزتـان ئـێمە کە دەڵێـین ئـاو نەگەیەنـرێتە ئەو کەسـەی زیـادەرۆکە دەکـات، بـۆ نمـوونە کەسێك چووە دەستی کردووە بە کارکردن هێشتا بناغەی لی نەداوە و چـووە بـۆریەکەی کـونکردووە و ئاوەکەشی وەرگرتـووە و بەلوعەکەشی لە نـاو ماڵەکەی خـۆی کـردووە، ئـێمە رێگــری لەوە دەکەیــن، هێشــتا کــاری نەکــردووە چــووە چەتــاڵی کارەبــاکەی کــردووە و کارەباکەشی بردۆتە شوێنی خۆی، مەبەستمان بۆ ئەوەی داهاتووە، مەبەستمان بـۆ لەمەو پێش نیە، بۆ قسەکەی کاك محمود زۆر وازحە ئێمە بۆ لەمەولا رێگری لەوە دەکەین کاتێك کە کەسـێك چــوو نیـازی هەبــوو زەویەك داگیــر بکـات رێــگە نـادەین ئەگەر کارمەنـدێکی شارەوانی یان دائیرەی ئاوەڕۆ بچێت لە ژێرەوە بۆریەکەی بۆ کون بکات رەبتـی شـەبەکەی ئاوەکەی بکات، ئەوە کارێکی نا یاساییە، ئێمە رێگری لەوە دەکەین، هەروەها بە نیسبەت کارەباشەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕیز مامۆستا مەلا غریب فەرموو.

**بەڕێز غریب مصطفی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی من پێویست بوو بیڵێم کاك عمر گەیاندی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێسـتا داوا لە وەزیـرە بەڕێزەکـان دەکەیـن رەئـی خۆیـان پێشـکەش بـکەن، بەڕێـز سـینان چەلەبی وەزیری داد فەرموو.

**بەڕێز سینان عبدالخالق چەلەبی/ وەزیری داد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
هیچ تێبینیمان نیە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێز خاتوو نەورۆز مولود وەزیری شارەوانی فەرموو.
**بەڕێز نەورۆز مولود امین/ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**
وەزارەتی شارەوانی، وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی کشتوکاڵ هیچ تێبینیەکمان نیە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێز د. ڤاڵا فەرموو.
**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (7):
نابێت خزمەتگوزاریەکانی ئاو و ئاوەڕۆ و کارەبا و ڕێگا (شەقام) و ئینتەرنێت یان هەر خزمەتگوزاریەکی دیکە بگەیەندرێتە ئەو زەوی و زارەی زیادەڕۆکەی لەسەر دەکرێت.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێزان ئێستا ئەو ماددەیە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان، کی لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (51) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کی لەگەڵدانیە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس نیە، کەواتە ماددەکە بە کۆی دەنگ پەسەندکرا، ماددەی هەشت بخوێننەوە، تکایە.
**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (8):
پاداشتێکی مانگانە بە ڕێژەیەك زیاتر نەبێت لە (25%) مووچەی بنەڕەتی ئەندامانی لیژنە تەرخان دەکرێت وەك هاندان بۆ ئەندامانی ئەو لیژنانەی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە پێکدێن دابەش دەکرێت بەپێی ڕێنمایی وەزیری ناوخۆ و شارەوانی لە هەرێم دەری دەکەن.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێزان ئێستا دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە لەسەر ئەم ماددەیە بۆ موناقەشەکردن، کی دەیەوێت قسە بکات؟ خاتوو بێگەرد تاڵەبانی سکرتێری پەرلەمان فەرموو.
**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی/ سکرتێری پەرلەمان:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ئەم بەڕێزانە داوای گفتوگۆیان کردووە (بێستون فائق، مامۆستا عبدالرحمن، علی حەمە صالح، سۆران عمر، د.زۆزان، دڵشاد شعبان، د.سراج، فرحان جوهر، صالح فەقێ، خلف احمد، یروانت نیسان، مامۆستا بەهزاد، د.ڕێواز فائق، سعید مەسیفی، سهام عمر، شوکریە شێخانی، منی قەهەوەچی).
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێز بێستون فائق فەرموو.
**بەڕێز بێستون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن پێشـنیار دەکەم ئەو پاداشـتەی کە تەرخـان دەکرێـت ئەو هێـزانەش بگـرێتەوە کە لە لـابردنی زیـادەڕۆییەکە یـان لە رێگریکردنـدا تێیـدا بەشـدارن، سیاغەکەشـی بەم جـۆرەیە (پاداشتێکی مانگانە تەرخان دەکرێت بۆ ئەندامانی لیژنە و ئەو هێزانەی کە بەشدارن لە لابردنی زیادەڕۆیی یان رێگری بە رێژەیەك) کە ئەوەی دانراوە، فەقەرەی کۆتاییش دەڵـی وەزیـری نـاوخۆ و شـارەوانی ئەوە لەوێـدا وەکـو ئەوە وایە ئەو دووانە یەك وەزارەت، یەك کەس وەزارەتەکە ببـات بەڕێـوە، بنووسـرێت هەردوو وەزیـری نـاوخۆ و شـارەوانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.سراج فەرموو.

**بەڕێز د.سراج احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رەئیەکەی منیش هەمان رەئیەکەی کاك بێستون نزیکە، من پێشنیار دەکەم ئەم پاداشتە بە هەمـان رێـژە هێزەکـانی نـاوخۆش بگـرێتەوە کە بەشـدارن لە لـابردنی زیادەڕۆییەکـان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز یروانت نیسان فەرموو.

**بەڕێز یروانت نیسان مارکۆس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی کاك بێستون و کاك د.سراج دەکەم، ئەڤ رێنماییە موشتەرەك بێت لە بەینـی وەزیـری ناڤخۆ و شارەوانی، نەك هەر یەکەیـان رێنمـایی تـایبەت دەربێخیـت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.رێواز فەرموو.

**بەڕێز د.رێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من تێبینیم تەنها لەسەر سیاغەکە هەیە و پشتگیری لە قسەکانی بەڕێز کاك بێسـتون دەکەم بە تـایبەتی لە مەسـەلەی دەرکردنـی رێنمـایی هاوبەشـدا (پاداشـتێکی مانگـانە بە رێژەیەك زیاتر نەبێت لە (25%)ی مووچەی بنەڕەتی بـۆ ئەنـدامانی لیـژنە تەرخـان دەکرێـت، وەك هانـدان بـۆ ئەنـدامانی ئەو لیژنـانەی بەپێـی حوکمەکـانی ئەم یاسایە پێکدێن و بەپێـی رێنمـاییەکی هـاوبەش کە هەردوو وەزیـری نـاوخۆ و شـارەوانی لە هەرێـم دەری دەکەن دابەش دەکرێت)، فیعلەکە بکەوێتە کۆتاییەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن علی فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشـتیوانی لە قسـەکەی کـاك بێسـتون دەکەم، هەروەهـا یەك سـەرەنجی تـرم هەیە لەسـەر ئەوەی کە بـاس لەوە دەکرێـت بەپێـی رێنمـایی کە وەزیـری نـاوخۆ و شـارەوانی، ئـێمە لە ماددەکـانی پێشـوودا ئاماژەمـان بەوەکـرد کە فەرمـانگەی تـریش هەیە، بـۆ نمـوونە فەرمانگەکـانی سـەر بە وەزارەتـی کشـتوکاڵ، بـۆیە دەکرێـت وەزیـری کشوکاڵیشـی لێرە بـۆ زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز دڵشاد شعبان فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شعبان عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن پێشـنیارێکم هەیە رەنـگە لیـژنەی هـاوبەش و حکـومەتیش بڵـێن ئەم پێشـنیارە لە رێنماییەکان جێگەی دەبێتەوە، بەڵام مەبەستمە ببێت بە بەشێك لەو یاسایە، من پێشنیار دەکەم کە ئەو لیژنەیە کە بۆ ئەم مەبەستە دادەنرێت هەر شەش مانگ جارێك بگۆڕدرێت، ئەنـدامانی ئەو لیـژنە بگۆڕدرێـت، چـونکە مـن زانیـاریم لـایە لە زۆر شـارەوانی لیـژنەی تەجاوزات و ئەوانە هەیە، بەڵام ئەندامانی دوو سێ لیژنە دەیانناسم کە بـوونەتە مەلتـی ملیاردێر، کە هەر ئەوانەن ئەمە (10) ساڵە هەر ئەوانە لە ناو ئەو لیژنە دان و نەگۆڕدراون، ئینجا پێمباشە بەپێی یاسا هەر شەش مانگ جاری بگۆڕدرێن، لەبەر هۆکارێکی تریش، چونکە رێژەی لە (25%)ی پاداشتی تێدایە بۆ زۆرترین کەس سوود لەو پاداشتە وەربگرن، پێمباشە ئەم لیژنەیە بەپێی قانون هەر شەش مانگ جارێك یان مەودایەکی قیاسی هەبێت بگۆڕدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز صالح فەقی فەرموو.

**بەڕێز صالح فەقی احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە پێشنیارەکەی کاك بێستون دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا بەهزاد فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێمباشە بڵێن رێنمایی هاوبەش کە وەزیری ناوخۆ و شارەوانی و کشتوکاڵ و داراییش لەگەڵ بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز شوکریە شێخانی فەرموو.

**بەڕێز شوکریە سمایل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر داڕشتنەکە هەبوو و گوتیان، هەروەها پاڵپشتی لە قسەکەی کاك بێستون دەکەم، سەبارەت بە ئەندامانی لیژنە زۆر بە پێویست دەزانم سی مانگ جارێك یان شەش مانگ جارێك ئەندامەکان بگۆڕێن، چونکە بەپێی زانیاریەکانی ئێمە سەرەڕای ئەوەی کە پارەی تێدایە، زۆرجاریش هەیە ئەندامانی ئەو لیژنانە کە بەردەوام هەر کەسانێکن و ناگۆڕێن گەندەڵی تێیدا دەکرێت یان رەشوە وەردەگرن، شتێك لەم بابەتانە، من پرسیارێکم هەیە لە لیژنەی تایبەتمەند ئەوان لە کاتێکدا کە بۆ ئەو ئەرکەی خۆیان هەڵدەستن پاداشت دەکرێن، ئەی ئەگەر گەندەڵیەکان لەسەر ئاشکرا بوو ئایا هیچ سزایەك هەیە بۆ ئەوانە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز علی حەمە صالح فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە بۆچوونەکەی کاك دڵشاد شعبان دەکەم، ئەم ماددەیە زۆر گرنگە، بۆیە ئەگەر کاك عمر تەرکیز بکات فکری ئەو ماددەیە ئەوەیە تەشجیع بکرێت بۆ ئەوەی رێگری بکرێت،

بۆیە من پێشنیار دەکەم لە کاتی هەبوونی چالاکی ئەم پاداشتە بکرێت، چونکە ئەگەر هیچ چالاکیەکی هیچ مانگێك ئەنجام نەدا بۆ پاداشت بکرێت، پاداشتەکەش بە رێژەیی بێت، لە نێوان لە (20%) بۆ لە (30%) کۆی گشتی مووچەکەی بێت، چونکە مووچەی پۆلیسێك دەرماڵە بنەڕەتیەکەی (200.000) دوو سەد هەزارە لە (25%) دەدەیتی دەکات بە (50.000) پەنجا هەزار، ئەمە تەشجیع نیە، تۆ ئەگەر چالاکیت کرد تەشجیعێکی زۆر باشی بکە، بۆ نموونە چالاکیەکەش دەبێت بە رێژەیی بێت ئەگەر چالاکی کرد لە ماوەی مانگێکدا و یەکێکیش چوار پێنج چالاکی کرد، چونکە ئەمە خەتورەی زۆرە، خەتورە لەسەر ژیانی هەیە، بۆیە پێشنیار دەکەم بەپێی چالاکی بێت و لە نێوان (20%) بۆ لە (30%) بێت لەسەر کۆی گشتی مووچەکەی، نەك لەسەر مووچەی بنەڕەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز منی قەهوەچی فەرموو.

**بەڕێز منى نبى نادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەکانی کاك بێستون و کاك د.سراج دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سۆران عمر فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە قسەکانی بەڕێزان د.رێواز و کاك علی حەمە صالح و مامۆستا عبدالرحمن و کاك دڵشاد شعبان دەکەم، هەروەها تەرکیز لەسەر ئەو خاڵە دەکەم کە ئەم پاداشتە مەقتوع نەبێت، واتە بەشداری لیژنەکە تەنها بەو نیسبە مەقتوعە بێت و هیچ هاندانێك نەبێت بۆ ئەوەی کارەکانیان زیاتر و باشتر ئەنجام بدەن وەکو ئەو بڕە پی بژاردنانەی کە لە وڵاتانی پێشکەوتوو هەیە لە بواری موخالەفەی سەیارە لە هاتووچۆدا، بەشێك نیسبەیەك بۆ ئەوەیە کە رێگریەکە دەکات زیادەڕۆییەکە دەگرێت، بۆ ئەوەی هاندانی زیاتر بێت و پێویستی بەوە نەبێت لە زیادەڕۆکارەکە پارەیەك وەربگرێت و مەقتوعەکەی کە بۆی دانراوە کەم بێت بی منەت بێت، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام کە هاندانەکە بەپێی کار و چالاکیەکەی لیژنەکە بێت، هەروەها بڕێك لەو زیادەڕۆییانەی کە غەرامەی دەکەوێتە سەر بۆ لیژنەکە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.زۆزان فەرموو.

**بەڕێز د.زۆزان صادق سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتەڤانیا گوتنا کاك دڵشاد دکەم، تنی بۆ مولاحەزە ئەز حەز دکەم پێشنیار بکەم کو ئەو رێنماییەی کو دەرکەڤن ناڤ بەش بن ناڤ بەینا هەردوو وەزارەتا دا ماوەیەك بۆ بێتە دەست نیشان کرنی کو سی هەیڤ بن، چونکە گەلەك یاسا دەرکەڤن مە کێشەیا دگەل رێکەتنا رێنمایی وەزارەتا هەی، ئەڤجە ئەڤڕۆکە هەر یاسایەك پێتڤی بە رێنماییا هەبیتن ماوە بۆ بهێتە دەست نیشانکرنی دا پێگیری بە ڤی یاسایی تەعلیماتا بهێتەکرنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز فرحان جوهر فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن له بـارەی هانـدانەکە قسـە دەکەم، پێمـوایە بـڕەکەی (25%)ی مـووچەی بنەڕەتـی دیاریکراوە من لەگەڵ ئەوەدام کە بکرێتە (25%)ی کۆی مووچەکەی بۆ دابین بکرێت، بـۆ ئەوەی وەکو هاندانێك بێت بـۆ کارکردن، لەبەر ئەوەی ئەم لیژنانە زۆرجار ماندوونە و زۆر کـار دەکەن، هەروەهـا خەتەریاتیشـیان لەسـەرە زۆرجـار رووبەروو دەبـنەوە لەگەڵ مەترسیەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز خلف احمد فەرموو.

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی هەنـدێك رەکـیکە ئەو مـاددەیە نووسـراوەتەوە، بـۆیە زەرورە وەزیـری کشتوکاڵیش لە رێنماییەکاندا هەبێت، هەروەها ئەو پاداشتەی کە دەدرێت بە کارمەندەکان بە دائیمی نەبێت، پشتگیری ئەو رەئیە دەکەم ئەم داڕشتنەوەیەم نووسیووە بـۆ بەڕێزتان دەخـوێنمەوە (پاداشـتێك بە رێـژەی لە (25%)ی مـووچەی بنەڕەتـی دیـاری دەکرێـت بـۆ ئەندامانی ئەو لیژنانەی لە کاتی هەستان بە ئەرکی لابردنی زیادەڕۆیی دەست بەکارن بە مەبەستی هاندانیان، وەزیرەکانی ناوخۆ و شارەوانی و کشتوکاڵ رێنماییەکان لەم بارەیەوە دەردەکەن)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سهام عمر فەرموو.

**بەڕێز سهام عمر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەیـا هەشـت پشـتگیریا لە د.رێـواز دکەم بـۆ داڕشـتنەوەی، پشـتگیریا قسـەکانی کـاك عبدالرحمن و کاك بەهزاد دکەم بۆ ئیزافەکرنا وەزارەتا کشتوکاڵ دەمی دەرهێنانا رێنماییـان، هەروەسا پشتگیریا کاك دڵشاد شعبان دکەم وەکـو گۆڕانکاری لە ماوەی دانانا ئەنـدامێن لیژنەیان دا بۆ چاڤدێریا زیادەڕۆییا، دیسـان پێشـنیار دکەم ئەگەر ئەڤ ماددەیا هەڤڕابـوون لیژنەیەن هاوبەش بۆ هەندی کو ماوە بهێتە دانـان بـۆ گۆڕانکاریێت لیژنەکان ئەگەر ببیتە دوو بڕگە (أ، ب) بۆ هەندی کو ماوەیەك بهێتە دانان کە لیژنە هەر بۆ شەش هەیڤاندا بهێتە گـۆڕین یـان هەر سـێ هەیڤانـدا بهێـتە گـۆڕین ئەڤە لە دیـڤ راوێـژا لیژنەیـا هـاوبەش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سعید مەسیفی فەرموو.

**بەڕێز سعید محمد سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من پشتیوانی تەواوی کاك دڵشاد شعبان و کـاك علـی حەمە صـالح و کـاك خلـف دەکەم، لەبەر ئەوەی کە لە کـاتی واجـب هەڵدەسـتن بە کارەکـان لەو کاتە وەکو ختورەیەك چۆن دادەنرێت ئەوهاش بۆ ئەوانە دیاری بکرێت لە کـاتی واجـب، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز منیرە خان فەرموو.

**بەڕێز منیرە عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەشت لەم یاسایە یەکێکە لە ماددە گرنگەکان ئەگەر ئێمە ئەم یاسایە دەردەکەین بۆ ڕێگری لەوە بکەین کە ڕێگری لە زیادەڕۆیی بکەین ئەوە پێویستە ئەم ماددەیە زۆر وردبین تێیدا و زۆر هەڵوەستە بکەین لەسەری، بۆیە گرنگە پێشنیاری ئەندامانی پەرلەمان بە هەند وەربگیرێت لەلایەن لیژنە پەیوەندیدارەکان و لیژنە هاوبەشەکانەوە، لە هەمان کاتدا پشتگیری لە قسەکانی کاك دڵشاد شعبان و کاك علی حەمە صالح و کاك سۆران دەکەم، هەروەها پشتگیری لە مامۆستا عبدالرحمن و هەموو ئەو هاوڕێیانە دەکەم کە باسی ئەوەیان کرد وەزیری کشتوکاڵیش زیاد بکرێت لە ڕیزی وەزیرەکاندا، هەروەها ئەو بڕە پارەیەی کە دیاریکراوە نابێت مەقتوع بێت، چونکە دەبێت بەپێی چالاکیەکەی بێت، ئەگەر مەقتوعیش بێت رەنگە ببێتە هۆی ئەوەی کە نەتوانن ئەو لیژنەیە وەکو پێویست کارەکانیان ئەنجام بدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.عزت فەرموو.

**بەڕێز د.عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی رەئیەکەی کاك دڵشاد شعبان دەکەم ئەوەبوو بووە رای پێنج پەرلەمانتار، بۆیە لێرەدا ماددەی هەشت ببێت بە دوو بڕگە، بڕگەی (أ) بۆ گۆڕانکاریانەی لەسەری رێکەوتوون، بڕگەی (ب) لیژنەکانی چاودێری و لابردنی زیادەڕۆیی لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان لە ساڵێك زیاتر نەبن، ماوەی کارکردنیان لە ماوەی ساڵێك زیاتر نەبێت، دەسەڵات بۆ وەزیرە بەڕێزەکانە کاتی بۆ دادەنێن شەش مانگ جارێك بێت یان سی مانگ جارێك بیان گۆڕن، یان ساڵی جارێك، لە ساڵێك زیاتر نەبێت تەمەنی ئەو لیژنانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

گفتوگۆ لەسەر ئەم ماددەیە لەلایەنی ئەندامانی پەرلەمان کۆتایی هات، ئێستا داوا لە وەزیرە بەڕێزەکان دەکەین رەئی خۆیان پێشکەش بکەن، بەڕێز سینان چەلەبی وەزیری داد فەرموو.

**بەڕێز سینان عبدالخالق چەلەبی/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو وەزارەتی داد هیچ تێبینیمان نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز خاتوو نەورۆز مولود وەزیری شارەوانی فەرموو.

**بەڕێز نەورۆز مولود امین/ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو وەزارەتی شارەوانی لە رەشنووسی ئێمە هەمان رەئی ئەو ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانەمان هەبوو کە پاداشتێکی مانگانە بە رێژەیەکی دیاریکراو لە بڕی غەرامات بێت بۆ ئەوەی نەك ئەو پاداشتە هەر دابنرێت و وەربگیرێت بەبی ئەوەی ئیجرائات بکرێت، بەڵام لە بڕی غەرامات کە کۆ دەکرێتەوە لەو بڕە مەسەلەن نیسبەیەکمان دانابوو لە (10%) کەمتر نەبێت و لە (15%) تاوەکو (20%) قابیلی موناقەشەیە زیاتر نەبێت، لە بڕی ئەو پارەیەی کەوا لە غەرماتەکەی پڕۆژەکان وەردەگیرێت بەسەریان، هەروەها تێبینیەیەکی ئەوەشمان نووسی بوو کە بەهەمان شێوە بۆ هێزەکانی ناوخۆش کە تێدابێت، ئێمە وەکو وەزارەتی شارەوانی لە رەشنووسەکە ناردرابوو، لەگەڵ سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی

تەرخـانکراو ئەوەیـان بـۆ دابەش بکرێـت، ئـێمە وەکـو خۆشـمان وەکـو وەزارەتـی خۆمـان تەجروبەیەکی سەرکەوتوومان هەیە لەسەر ئەوەی کە ئەو برادەرانەی ئەندامانی پەرلەمان ئامـاژەی پێـدەکەن کە رێـژەیەك لە بـڕی غەرامـات بێـت، ئـێمە لە داهـات وامـان کـردووە و سەرکەوتووش بووە، داهات ئەگەر زیاد نەکرێت ئێمە پاداشـت نـادەین کە بە تەعلیمـات لە وەزارەتی دارایی بۆمان دەرچووە، ئەگەر داهات زیاد نەکرێت ئێمە پاداشت سەرف نـاکەین بـۆ ئەو فەرمـانبەرانەی کە موسـتەحەقاتی پاداشـتن، بـۆیە ئـێمە بە هەمـان شـێواز ئەگەر رێکبخـرێتەوە بە رەئـی ئـێمە زیـاتر ئامـانجی ئەوە زیـاتر دەپێکێـت، وەکـو وەزارەتـی کشـتوکاڵیش تێبینیـان لەسـەر ئەوەیە فـیعلەن کەوا وەزارەتـی نـاوخۆ و شـارەوانی و کشتوکاڵیش زیاد بکرێت، بەڵام پێکەوە بە رەئی ئێمە رێنمایی دەربکرێت، نەك هەر کەس لە تەرفـی خـۆی رێنمـایی دەربکـات و دواتـر یەك نەگـرێتەوە، لـایەنی پەیوەندیـداری دیـکە وابـزانم پێویسـت ناکـات، ئەگەر هەر تەنهـا کشـتوکاڵ قـابلی موناقەشـەیە داخیـل بکرێـت یـاخود نـا، بەڵـام ئەوە رەئـی وەزارەتـی کشـتوکاڵە کە وەزیـری کشـتوکاڵیش ئیـزافەی سـەر وەزارەتی ناوخۆ و شارەوانی بکرێت، بەڵام لەوانەیە جیهەتـی تـر دارایـی هەر چۆن داخیلـی بکەین لەوانەیە پاڵپشتی نەکەن، بەڵام ئەوە بە یاسا رێك دەخرێت، وەکـو تێبینـی وەزارەتـی کشـتوکاڵە دەیخـوێنمەوە، بەڵـام رێژەکـان ئـێمە وەکـو وەزارەتـی شـارەوانی پێشـتر هەر وا دامانڕشتبوو کە چـۆن ئەنـدامانی پەرلەمـان باسیانکرد و لیژنەکانیش وەك ئاماژەیـان پێکـرد ئەوە بەپێـی رێنماییەکـان ئـێمە لەبەرنامەمـانە کەوا فـیعلەن لە شـەش مانـگ زیـاتر نەبـن، یـاخود مـاوەکەی گـۆڕانکاریـان بەسـەردا بێـتەوە، سـەبارەت بە مـاوەکەش د.زۆزان باسـیکرد فـیعلەن مـاوەی دەرکردنـی رێنماییەکـان زۆر گـرنگە ئـێمە بە تەجـروبە هەمـانە ئەگەر دیـاری نەکرێـت رێنماییەکـان دوا دەکەون، فـیعلەن دیـاری بکرێـت لە مـاوەی سـی مانـگ ئەو وەزارەتانە رێنمایی پێویست بۆ ئەو یاسایە دەربکەن بە هاوبەشی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

رەئی وەزارەتەکانی شارەوانی و ناوخۆ و کشتوکاڵ پێشکەشی کـرد، لیـژنە پەیوەندیـدارەکان رەئی خۆتان پێشکەش بکەن، بەڕێز عمر عینایەت سەرۆکی لیژنەی شارەوانی فەرموو.

**بەڕێز عمر عنیایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم شوێنەی کە پێی دەڵێن بەشی زیادەڕۆیی لە ناو شارەوانیەکاندا هیچ کارمەنـدێك خـۆی لی نادات، ئەمە ئەو شوێنەیە کە هەڕەشەی کوشتن و هەڕەشـەی زۆر خەتەریـان لەسـەرە، لەبەر ئەوە ئەم شـوێنە ئەگەر پاداشـتێکی سـابتیان نەبێـت هـیچ کارمەنـدێك ناچێـت، ئێسـتا شـارەوانی هەیە مـن شـارەزای ئەو شـارەوانیەم، حەز دەکەم بەباشـی گـوێی لە مـن بێـت ئەگەر ئەو کارمەنـدانە وەك مـووچە مانگـانە نەیـان درێـتـی هـیچ کەسـێك لەو شـوێنە کـار ناکات، خۆیان نادەن لە قەرەی ئەوەی خۆیان بخەنە خەتەری کوشتن و مەرگ و هەڕەشـە و زیـان لێـدان لە خۆیـان و لە کەس و کاریـان لەبەر ئەوەی لەم بەشـە کـار دەکەن، ئەگەر پاداشـتێکیان نەدرێتـی لە کۆتاییشـەوە سـزایان بـۆ دانـراوە دەربـارەی گـۆڕینی لیژنەکـانیش ئەوە کـاری لیـژنەی شـارەوانیە، تەحسـیل حاسـڵە، کە دەبێـت ئەو کارمەنـدەی کە ئەو کـارە دەکات دەبێـت دەست پاك بێت ئەگەر نـا ئەوە سـزامان بـۆ دانـاوە لە کۆتـاییەوە، ئێمە لێـرە چۆن بڵێین کاکە والله لیژنە بگـۆڕە لەبەر ئەوەی نەوەك گەنـدەڵی بکـات، تەحسیل حاسـڵە، دەبێت دەست پاك بێت کاتێك دەست پاك نەبوو سزای بۆ دانراوە هەم لە یاسـای سـزادانی عێراقی و هەم لەم یاسایەش ئێمە جەختمان لەسـەر کـردۆتەوە، لەبەر ئەوەی بە رەئـی مـن گـۆڕینی لیـژنە لە دەسـەڵاتی بەڕێـز وەزیرەکانـدایە، پێویسـت ناکـات ئـێمە لە قانونـدا ئەوە

بچەسپێنین، بەڵام ئەگەر پاداشتێك وەكو مووچە پێیان نەدرێت كەس لەم بەشە كار ناكات، من تكاتان لێدەكەم ئەندامانی پەرلەمان من خۆم لەوی كارم كردووە زیادەڕۆیی وەك شێرپەنجە وایە لە دائیرەكانی دەوڵەتدا، ئەگەر ئەمە تەشجیع نەكرێن مەبلەغێك پارەیان پی نەدرێت مانگانە كەس لەو بەشە كار ناكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا مەلا غریب فەرموو.

**بەڕێز غریب مصطفى حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم بابەتی پاداشتە ئێمە لە لیژنەكان لە نووسینی راپۆرتدا زۆر لەسەری وەستاین، ئەوەی بەڕێز وەزیری شارەوانی باسی دەكات ئاڕاستەی بابەتەكەیە، ئەوەی كاك عمر باسی دەكات ئاڕاستەیەكی تریەتی، هەردوو لێكدانەوەكە راستە، بەڵام لە هەموو حاڵەتێكدا هەر فەرمانبەرێك ئەوە دەكات ئەگەرچی ئەو پاداشتەی كە دەكرێت هەرچەند موغری بێت هەر كەس خۆی لی نادات، چونكە بەراستی بابەتێكی ترسناكە، لەبەر ئەوە لە غەرامە بدرێت یاخود مووچەیەكی مەقتوع بێت بۆ بڕدرێتەوە لە هەموو بارێكدا پێویستە لیژنەكان گۆڕانكاریان تێدا بكرێت و بڕی پاداشتەكە ئەوەندە زۆربێت لیژنەی یاسایی وا قەراری لەسەر بدەین ئەوەندە زۆربێت كە موغری بێت بەو كەسەی كاری تێدا دەكات، بگۆڕێتیش، چونكە كارەكە ناخۆشە و هەموو فەرمانبەرێك خۆی لە قەرە نادات، ئەوسا بوونە ئەندام دەكرێتە دەوری كە دەرویش بوو لە رێنماییەكاندا ئەوە چارەسەر دەكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

چاوەڕوانی ئەوەین كە لیژنەی یاسایی داڕشتنێكی نوی بۆ ئەم ماددەیە بكەن بە رەچاوكردنی تێبینیەكانی پەرلەمانتاران، د. ڤاڵا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (8):

1- لەو پی بژاردنەی كە لە زیادەڕۆكار وەردەگیرێت رێژەیەك كە زیاتر نەبێت (25%)ی كۆی مووچەی ئەندامانی لیژنە و هێزە فەرمیەكانی بەشداربوو لە لابردنی زیادەڕۆیی تەرخان دەكرێت وەك هاندان بۆیان بەپێی رێنماییەك كە وەزیری ناوخۆ و وەزیری شارەوانی و وەزیری كشتوكاڵ دەریدەكەن دابەش دەكرێت.

2- نابێت ماوەی كاركردنی لیژنە لە ساڵێك تێپەڕ بكات.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

دوو خاڵی نیزامی هەیە، بەڕێز تحسین اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ناوی هەر سی وەزارەت هاتووە بنووسرێت بە هاوبەشی، چونكە ئیشارەتێكدراوە كە نەك هەر یەكە و بە جیا رێنمایی دەربكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز بشار مشیر فەرموو.

**بەڕێز بشار مشیر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جەنابی وەزیر شارەوانی باسیكرد كە ئەو رێژەیەی دانراوە (25%) لەو غەرامەیەی كە لەسەرپێچیكار وەردەگیرێت، كە د. ڤاڵا باسیكرد زیاتر نەبێت لە مووچەی بنەڕەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێز د. ڤاڵا ئەگەر روونکردنەوەی زیاتر بدەن، فەرموو.
**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
گوتوومانە لەو پـی بـژاردنەی کە لە زیادەڕۆکـار وەردەگیرێـت، لەو غەرامـاتە، رێـژەیەك کە زیاتر نەبێت لە (25%)ی کۆی مووچەکەی، خۆ دەبێت تەحدیدی رێژەی بکەی کە چەندی دەداتی لەو غەرامەیە، ئینجا بە نیسبەت رێنماییەکان نووسیوومانە رێنماییەك کە وەزیری فلـان و فلـان دەری دەکەن، یەعنـی ئەو یەکە مەبەسـتمان ئەوەیە کە یەك رێنمـایی دەردەکەن، بۆیە شتێکیشمان نیە بە نـاوی رێنمایی هـاوبەش، بـۆیە لێرانە ئیـزافەم نەکرد، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
دوو خاڵی تری نیزامی لەسەر بابەتەکە وەردەگرین، بەڕێز کاك بەهزاد فەرموو.
**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
لیژنەیا یاسایی بەحسکر کە خاڵا دووی ماوەی ساڵەکی لیژنە دی کاری وی دێتە وەستاندن، تەبعەن لیژنەیا مە پێناسە کری ل ماددەیا ئێکی لیژنەی زیادەڕۆیی بەردەوام دەبیت، بەس بێژنـی لیـژنە دهێتە گـۆڕین لە سـاڵێك دی گۆڕانکـاری بەسـەر دادێـت، ئەگەر نـا کـاری لیـژنە بەردەوامە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
تکایە ئەو بڕگەیە بخوێننەوە، د. ڤاڵا فەرموو.
**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
دووەم: نابێت ماوەی کارکردنی لیژنە لە ساڵێك تێپەڕ بکات.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
خاتوو ئێڤار فەرموو، خاڵی نیزامی.
**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
پێشنیار دەکەم هەر سی وەزارەتەکان رێنمایی دەربکەن، نەك وەزیر، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێز خلف احمد فەرموو، خاڵی نیزامی.
**بەڕێز خلف احمد معروف:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بڕگەی دووەم کە بۆیان زیادکردووە دەڵـی نابێـت کـارکردنی لیـژنە لە مـاوەی سـاڵێك تێپەڕ بکات، لێرە فیعلەن ئەو قسەیە تەواوە کـاری ئەم لیـژنەیە دەوستێنرێت، پێویسـتە بگـوترێـت نـابی مـاوەی کـارکردنی ئەنـدامانی لیـژنە لە سـاڵێك تێـپەڕ بکـات، دواتـر ئەنـدامانی نـوی دەست بەکار دەبن لە لیژنەکە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
د. ڤاڵا فەرموو.
**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ئەگەر لیـژنەکەت گـۆڕی ئەی نابێـت ئەنـدامانی نـوی دەسـت بەکـاربن، لیـژنەکە گـۆڕدرا چ دەبێـت، ئـێمە دەڵـێین دەگـۆڕدرێـت، نـاڵێین ئیلغـا دەبێـتەوە، نامێنێـت، ئەگەر گـوتمـان تێپەڕ نەکات پێویستە بگۆڕدرێت کەوابی دەگۆڕدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز زانا عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستی لە بڕگەی دووەم ئێمە داوامانکرد کە ئەندامانی لیژنە، چونکە زۆرجار فێڵێك دەکەن لە گۆڕینی لیژنە سەرۆکی لیژنەکە دەگۆڕن بە تەنها بۆ خۆی گۆڕانکاریە، یان یەك ئەندام دەگۆڕن گۆڕانکاریە، بەشێکی زۆری ئەندامەکانی دەمێنێتەوە، بەس کە گوتمان ئەندامانی لیژنە ماوەکەیان لە ساڵێك تێپەڕ نەکات بە بڕوای من ئەوە حەسمی بابەتەکە دەکات، ئەوەی کە داوای دەکەین ئێمە ئەوەیە ئەندامەکان درێژ نەکرێنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز عمر عینایەت فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە بابەتی پەرلەمان نیە، لیژنە دەسەڵاتی وەزیرە، وەزیر ببینێت چاڵاکە و پاکە و کارەکانی بە رێك و پێکی دەکات چ ئیجاب دەکات بێگۆڕێت، بەڕێزت مەعقول نیە کەسێك خیبرە پەیدا دەکات لە کارێکدا و بێگۆری، ئەگەر پاك نەبوو ئەوە دەسەلاتی وەزیرە، بەراستی حەق نیە بچینە ئەو وردەکاریەوە، پێویستە ئەو بڕگەیە هەر لابرێت، ئەوە لە دەسەڵاتی جی بەجی کردنە و خۆیان دەزانن دەیگۆڕن یان نایگۆڕن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

د.زۆزان فەرموو.

**بەڕێز د.زۆزان صادق سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەری کا دەنگدانی ل سەر بکەن، من پێشنیارکر کو ماوەی دەرکەتنا رێنماییان بهێتە تەحدیدکرن سی هەیڤا، جەنابی وەزیر ژی یەعنی کەسی مەعنیە پشتەڤانیا ڤی چەندی کر، ئەز حەز دکەم ئەو ژی بەرچاڤ بهێتە وەرگرتنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز خاتوو نەورۆز وەزیری شارەوانی فەرموو.

**بەڕێز نەورۆز مولود امین/ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مەبلەغەکەی کە دیاریکراوە (25%) لە مووچەی بنەڕەتی لە بڕی غەراماتەکان، مەسەلەن ئەگەر مووچەی بنەڕەتی فەرمانبەرێك (400.000) چوارسەد هەزار دینار بوو یان (500.000) هەزار دینار بوو مەعنای (50.000) هەزاری دەدەیتێ، یەعنی بڕێکی زۆر کەمە، ئێمە دەمانەوێت مەبلەغێکی تەشجیع بێت بۆ ئەوەی بتوانێت کارەکانی بە رێکی بکات، ئەوە وەکو هاندانێك بێت بۆ ئەوەی بەرەو ئەو کارەی بڕوات و کارەکەی بکات بەراستی، ئامانجی ئێمە ئەوەیە کەوا کارەکە بکرێت، بەڵام ئەگەر (50.000) چەنجا هەزار دینار یان (60.000) شەست هەزار دینار بوو کەس ئەو کارە زەحمەتەی ناکات و خۆشی ناخاتە بەر مەترسی بۆ (50.000) چەنجا هەزار یان (60.000) شەست هەزار دینار، مەبلەغەکە زۆر کەمە، خۆی تووشی دوژمنکاریش دەکات بەو (50.000) هەزار دینارە، ئێمە وەکو رەئی خۆمان گوتمان لە بڕی پارەی غەرامە وەرگیراوەکان، مەسەلەن ئەو ساڵە من ئەو مانگە (10.000.000) دە ملیۆن دینارم کۆکردەوە لە غەراماتی تەجاوزات ئەو (10.000.000) دە ملیۆن دینارە (10%)ی بدەمە ئەندامەکان و لیژنەکە لەسەریان دابەش

بکات ئەوە رەئی ئێمەیە، نازانم ئێوە چەندی پەسەند دەکەن، ئێمە باسی مووچەمان نەکرد، ئـێمە دەڵێـین ئەوە تەشـجیعێکە لە بـڕی غەراماتەکـان زیـاتر وەربگیـرێتەوە، تـۆ هانـدانێکی دەدەیتـی بچێـت غەرامەکەت بـۆ کۆکـاتەوە، کە دەڵێـی لە بـڕی غەرامەکـان مەسـەلەن ئەو مـانگە مـن (10.000.000) دە ملیـۆن دینـارم غەرامە وەرگرتـووە (10%)ی (10.000.000) دە ملیـۆنەکەی دابەشـی سـەر ئەنـدامانی لیـژنە دەکەم هەر یەك بەبـڕی (10%) مەبـلەغەی دەدەمـێ، ئەوە تەشـجیعی دەکـات ئەو سـەرپێچیەی هەڵبگرێـت و خۆشـی تێـدا بەرپـرس بکـات، بەڵـام ئەگەر مەبلەغێکـی مەقتـوع بێـت لەوانەیە زۆر کەس ئەو کـارە نەکـات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

رەنـگە داڕشـتنی ئەم مـاددەیە پێویسـتی بە کـاتی زیـاتر هەبێـت، ئـێمە دانیشـتنەکە هەڵـدەگرین کـاتژمێر (4) دەگەڕێیـنەوە بە داڕشـتنێکی نـوێ، ئینجـا دەخەیـنە دەنگـدان، سوپاس بۆ ئێوە.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان دانیشتنەکەمان بە نـاوی گەلـی کوردسـتانەوە بەردەوام دەکەین ،داوا دەکەین لە سەرۆك لیژنە پەیوەندیدارەکان تەشریف بێنن بـۆ شـوێنی تایبەت بە لیژنەکـان فەرمـوو بەرێـز سـەرۆکی لیـژنەی پەیوەندیـدارەکان لیـژنەی یاسـایی و لیـژنەی دارایی و لیژنەی ناوخۆ و کشتوکاڵ و شارەوانیەکان .

دووبـارە بەخێرهـاتنی بەرێـز وەزیـری شـارەوانی و شـاندی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان دەکەیـــن کە لەگەڵ ئـــێمەدا لەو دانیشـــتنە بەردەوامـــن بەرێـــزان ئێســـتا داوا لە لیـــژنە پەیوەندیـدارەکان دەکەیـن مـاددەی (هەشـتەم) دیـارە گفتوگـۆکراوە و تێبینیەکـانی ئێـوە رەچاوکراوە ئێستا داوا لە بەرێـز د. ڤاڵا دەکەیـن بـا تەئکیـدی نیصـاب بکەیـن ، نیصـابەکە تەواوە.

**بەرێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

ماددەی هەشتەم:

1-پێویســتە لیــژنە لە لــایەن ســەرۆکی یەکە کارگێریەکــان بە هەمەنگــی لەگەڵ لــایەنە پەیوەندیدارەکان لە ماوەیەك کە لە (15)رۆژ لە رۆژی بەرکاربونی ئەم یاسایە تێپەر نەکات پێك بهێندرێت .

2-لەو پێبــژاردنەی کە لە زیادەرۆکــاری وەردەگیرێــت رێــژەیەك کە زیــاتر نەبێــت لە کــۆی مـووچەی ئەنـدامانی لیژنەو هێـزە فەرمیەکـانی بەژداربـوو لە لابردنی زیـادەرۆیی تەرخـان دەکرێت وەك هاندان بۆیان و دابەش دەکرێت بە پێی رێنمایەك کە وەزیـری شـارەوانی بە هەمەهەنگـــی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیـــدارەکان لە مـــاوەیەك کە لە (45)رۆژ لە رۆژی بەرکاربونی ئەم یاسایە تێپەر نەکات دەری دەکات .

3-لیژنە دەگۆردرێت و ماوەی کارکردنی لە ساڵێك تێپەر ناکات .

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

ســوپاس بــۆ بەرێــز ســەرۆکی لیــژنەی یاســایی ، بەرێــزان گوێتــان لێبــوو ئەو مــاددەیە بەوشێوازەی خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان کی لەگەڵدایە؟(60)کەس بە پەسەنددەزانن ئەوەی دژە کەس نیە بە کۆی دەنگ پەسەندکرا .

ماددەی نۆیەم :

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەڕلەمان.**

ماددەی نۆیەم:پێویستە زیادەڕۆكار لەماوەی (30)ڕۆژ لەڕۆژی كارپێكردن بەم یاساییە .
1-ئاگاداری شارەوانی پەیوەندیداربكا لە شوێن و شێوەو رووبەروو پێكهاتەی زیادەڕۆیەكە ئەگەر هاتوو لە سنووری شارەوانی بوو .
2-ئاگاداری سەرۆكی یەكەی كارگێری بكا لە شوێن و شێوەو رووبەروو پێك هاتەی زیادەڕۆكە ئەگەر لە دەرەوەی سنووری شارەوانی بوو .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی – جێگری سەرۆكی پەڕلەمان :**

سوپاس بۆ بەڕێز د.ڤاڵا سەرۆكی لیژنەی یاسایی ، بەڕێزان دەرگای گفتووگۆ لەسەر ئەم ماددەیە دەكەینەوە فەرموون ، بەڕێزان دیارە (4) ئەندام پەڕلەمانی بەڕێز داوایان كردوە لەسەر ئەم ماددەیە قسە بكەن فەرموو د.فرسەت صۆفی .

**بەڕێز د.فرسەت صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەڕلەمان.**

ئەوەی من تێگەیشتبم ئەم یاسایەی كە ئێستا دەری دەكەین ئەحكامی عیقابیە بۆ ئەو زیادەڕۆیانەی كە لە دوای دەرجواندنی ئەم یاساییە روودەدەن ، ئەوەی كە لە ماددەی (9)هاتووە و لە بڕگەی دووەمی ماددەی (10)ش هاتوە هەر لەگەڵی بەو مانایە دێت كە مەسحی یا با بڵێین كێومالی هەموو ئەو زێدەڕۆیانەی كە پێشتر كراون لە ماوەی (30) رۆژدیاری كراوە بدرێتە جیهەتی پەیوەندیدار و لە ماددەی (19) بڕگەی (2) كە پەیوەستە بە ماددەی (9) باسی دەكەم، دەڵی ئەگەر لەو ماوەیە نەهاتن ئەوا حوكمەكانی با بلێین عیقابیەكانی لەسەر جێبە جێدەكرێت ، من پێموایە ئێستا حكومەتی هەرێمی كوردستان ئامادەكاری دەكات بۆ یاسایەك بۆ چارەسەركردنی زێدەڕۆیەكانی لەماوەی رابردوو كرایەوە لەوانەیە جەندرۆژێكی داهاتوو بێتە پەڕلەمانیش ، بۆیە تێكەڵكردنی ئەم بابەتە لەگەڵ ئەحكامی عیقابی كە ئێمە دەمانەوێت لەمەو دوا سزا بسەپێنین بەسەر ئەوانەی تەجاوزدەكەن بابەتەكان تێكەڵاو دەكات ، بۆیە پێشنیاز دەكەم ماددەی (9)یەم بەتەواوی هەڵبگیرێت ،جونكە پەیوەندی بە ئەو تەجاوزاتانەوە هەیە كە لە ماوەی رابردووكراون، واتا كەسێك تەجاوزی كردوەو پێویستە ئاگاداری جیهەتی پەیوەندیدار كە من تەجاوزم كردووە ئەوە كێو ماڵكردنە مەسحە ئەمە پێویستی بە موعالجەیەكی تر هەیە كە تەحاموولبكا لەگەڵ ئەو تەجاوزاتانەی كە لە ماوەی رابردووكراون ، بە دیوەكی تر ئەگەر بەم شێوە بمینی بڕگەی (2)ماددەی (10)شەرعیەن دەداتە تەجاوزەكە واتا ئەگەر لەماوەی دیاری كراو ئاگاداری كردەوە ئەوە بەو مەفهومەیە ئیتر تەواو وازی لی دێنن لەكاتێكدا ئێمە وازی لی ناهێنین وەكووباسم كرد قانونێكی تر هەیە موعالەجەی دەكات ، بۆیە پێشنیاز دەكەم ماددەی (9)بەتەواوی هەڵبگیرێت وە دواتریش كە هاتینە سەر ماددەی (10) لەوێش پێم وایە بڕگەی (2)وەمیش لەوی هەڵبگیرێت زۆر سوپاس .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی – جێگری سەرۆكی پەڕلەمان:**

فەرموو كاك فرحان.

**بەڕێز فەرحان جوهەر قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەڕلەمان.**

منیش پشگیری قسەكانی كاك فرست ئەكەم لەوەی كە ئەم مەسەلەیە ئاڵۆزی تی ئەكەوێت، بەڵام من لەگەڵ هەڵگرتنی ماددەكە نیم، بەڵام بەشێوەیەك كە زیادەڕۆكار بچی خۆی ئاگاداریان بكاتەوە خۆی بچی لەماوەی (30)ڕۆژ ئاگاداری جیهاتی پەیوەندی دار بكاتن ئەمە تۆزێك كێشە دروست ئەكاتن یان ئەبی بۆ ئەوەی رابردوو كە ئەو یاسایە ناگرێتەوە یان كە لە داهاتوودا چۆن رێگە دراوە لە ماوەی (30)رۆژدا ئەم تەجاوزەی كردووە خۆی بچێ ئاگاداریان بكاتەوە، بۆیە لێرە تەناقوزێك هەیە لە هەردووك بڕگەكەدا پێم وایە ئەوەی

ئەم ماددەیە یان بە شێوازێکی تر داپڕێژرێتەوە یان زیادەڕۆکار ئەبی خۆی لە جیاتی زیادەڕۆکار لیژنەکەی کە دانراوە بۆ نەهێشتن و لابردنی زیادەڕۆکە خۆی بچیتن ئەوکارە بکاو ئاگاداری شارەوانی یا ئاگاداری یەکەی کارگێری بکا یەعنی ئیشی لیژنەکەیە نەك ئیشی کەسی زیادەڕۆکار زیادەڕۆکار ئەبی ئیجرائاتی لەگەڵ بکری ، بگیری سزا ، بدرێتن نەك خۆی لەماوەی (30)ڕۆژ دانیشتووە ئینجا بچیت ئەمە بکاتن، بۆیە ئەم ماددەیە داڕشتنەوەیەکی تری پێویستەو زۆر سوپاس .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك محمود.

**بەڕێز محمود عمر صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە رای من ئەم ماددەیە فەقەرەیەکی بۆ زیادبکری لەوەی کە بۆخۆتان ئەزانن ئێستا سەرۆکی وەحدە ئیداریەکان بە تایبەت مودیری ناحیەو قایمقام بودجەو پارەو ئۆتۆمبیلی تەواوی لەبەر دەستا نیە جا بەراستی بۆ بەرگری کردن لە زیادەڕۆی و تەجاوزات پێویستی بە پارە هەیە ، پێویستی بە چەك هەیە، پێویستی بە سەیارە هەیە ، بەو شتانەیە ، بۆیە پێویست ئەکا لەو ناحیەوە دەعمی تەواو بکرێن زۆر سوپاس .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ڤەمان.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی نۆیەم لە دەسپێکی ئەوەی دەڵێت پێویستە زیادەڕۆکار لەماوەی (30) ڕۆژدا من حوکمی ئەو نەصە تا حەدێك بە مردووی دەبینم، جونکە وا تەسەور دەکەم هەدەفی مشەرح لێرانە ئەوەیە موعاقبە کردنی کەس ،نیە بەڵکو رێگری کردنە لەبەردەم ئەوەی کە ئیتر لەمەودوا لەڕۆژی ئینفازی ئەم یاسایەوە ئیتر تەجاوزات لەسەر موڵکی دەوڵتا دروست نەبیتن، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام ئەو نەصە هەڵبگیرێتن، جونکە خۆی پرسیاریش لێرانە دروست دەبیتن ئایە؟ ئەوەی کە هێشتا (30)ڕۆژەکە تێپەر نەبوە لە بەرواری ئینفازی ئەم یاسایە ئایە؟ شەرعیەت دانە بەو تەجاوزاتانەی کە دروست دەبن، بۆیە لەگەڵ ئەودام یەعنی بە موتلەقی بێتن رۆژی ئینفازی ئەم یاسایەوە رێگری بکرێتن ئەوە سەرنجی یەکەم .

سەرنجی دووەم:ماددەی (10)یەم هەر تەواوکەری ماددەی (9)یە یەعنی پێویست ناکات ماددەی (10)یەم بە ماددەیەکی موستەقل بێتە خوارەوە ئەگەر ئەو پێشنیارە پەسەند بکەن من هەندی سیاغەشم کردوە ماددەی (10)یەم بە دوو فەقەرەی زۆر کورت و تەواوکەربن بۆ ماددەی (9)یەم بە لیژنە پەیوەندیدارەکان دەدەم و زۆر سوپاس .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز ڤەمان فەیصل ، ئەوەی نووسیوتە ئەو پێشنیارە بنێرە بۆ لیژنەی پەیوەندیدار سوپاس.

بەڕێزان دیارە ئەو ماددەیە پێویستی بە رونکردنەوەی زیاتر هەیە داوا لە بەڕێز وەزیری شارەوانی دەکەین و شاندی حکومەت ، با جاری یەکەم بەڕێز عمر عینایات وەر بگرین ، فەرموو کاك عمر .

**بەڕێز عمر عینایەت حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە دانانی ئەم دوو بڕگەیە کە (30)ڕۆژمان داناوە بۆ ئەوەیە ئەو زیادەڕۆیانەی کە پێشتر کراوە مەسح بکری شارەوانی و وزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و بزانن خەڵکەکان خۆیان بێن ئەمان تۆمارێك ئەکەنەوە لای خۆیان تۆماری ئەو زیادەڕۆیانەی بۆ ئەوەی زیادەڕۆی کۆن لە زیادەڕۆی تازە جیا بکرێتەوە، ئامانجی سەرەکی ئێمە ئەوەیە کە ئە زیادەڕۆیانەی پێش دەرچوونی ئەم یاسایە کراوە لە خیلالی (30)ڕۆژابێت هەرکەسێك ئامادە نەبوو بێت کەواتە خۆی نایەوێت زیادەڕۆکەی ئەمە شەرعیەت دان نیە، جونکە قەرارەکانی مەجلیس قیادە ثورة کە پێشتر بەسەر زیادەڕۆکار تەتبیق بووە بەردەوام ئەبین بەو ئیجرائاتانەی بەرامبەر بەوانا ، بەڵام ئەم یاسایە نایانگرێتەوە تا ئەوکاتەی یاسای چارەسەرکردنەکە دەر ئەجێت کەواتە ئەمە تحصیل حاصل نابێت ، یەك نمونەی بە سیت بۆ ئێوە روون ئەکەمەوە مەسەلەن کەسێك چوە خانویەکی دروست کردووە لە شوێنێکا خانووی نیشتەجێیە شوێنی بازرگانیە ، بەڵام ئەو خانووی سەکەنی لی دروستکردووە ئەوە ئەگەر حەلەکەشبی ئەوە هەر نایگرێتەوە لەبەر ئەوە ئەمە جارەسەری ناکا ، کەسێك مەسەلەن خانووی هەیە چووە زیادەڕۆیی کردووە ئەگەر بێتوو لە چارەسەرەکەی داهاتوشا هەبێت ئەو کەسە ئەو قتعە و عەرزەی پێنادرێت بەخۆرایی بەس ئەگەر شوێنەکەی سەکەنیش بێت بەحەقی پێی ئەدری لەبەر ئەوە مەسحێکە ئێمە ئەمانەوی ، یەکەم حکومەت ئەو توانایەی نیە بزانی جەندکەس زیادەڕۆیی کردووە لەدەرەوەی شارو ناوشار ئەوکەسانەی کە زیادەڕۆیان لەدەرەوەی شارکردوە دێن لەوەزارەتی زراعە ناوی خۆیان تۆمار ئەکەن ئەڵێن کاکە من ئەوەندە دۆنمم کردووە ئەمە روبەرەکەیەتی ئەمە وەزعەکەیە کە ئەمن هەمە ئەمە رووبەری بیناکەمە ئەمان ئیستمارەیەکیان بۆ ئەکەن بە گوێرەی ئەو تەعلیماتەی ئەمان بۆیان دا ئەبەزێنن بە نیسبەت شارەوانیش عەینەن شت کەواتە ئەوەی جەنابی کاك د.فرسەت ئەیلی بە عەکسەوە ئەمە ئەبێتەحەدی فاصل لە نێوان زیادەڕۆکاری تازە و زێدەڕۆکارە کۆنەکان و شەرعیەت دانیش نیە چونکە یاساکۆنەکان ئەیانگرێتەوە لەبەر ئەوە بوونی ئەم ماددەیە زۆر زۆر زەروریە و بۆیە کردوومانە بە دووبەشەوە سنووری شارەوانی دێن بۆ شارەوانی سنووری دەرەوەی شارەوانیش ئەچن بۆ دەرەوەی یەکەی سەرۆکی کارگێری زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ عمر عینایەت بۆ ئەم روونکردنەوەیە ، رایەکان تەواو بوونە لای ئێوە ئێستا داوا لە لیژنە پەیوەندیدارەکان دەکەین و بەڕێز وەزیری شارەوانی ئەگەر لەم بوارەوە روونکردنەوە هەبیت .

**بەڕێز نەورۆز مولود /وەزیری شارەوانی و گەشتو گوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

هەمان روونکردنەوەکەی کاك عمر دای تەقریبەن هەر با بڵێین هەمان روونکردنەوەمان هەیە بۆ دیاریکردن نیە، بەڵام ئێمە تەنها فەقەرەیەکمان پی باشە کە زیادبکرێ، کە دەڵێن پێویستە زیادەڕۆکار لە ماوەی (30)ڕۆژ بلێین ئەو زیادەڕۆکارە ئەوەی پێشووتر کراوە واتا هەروەها هەمان وەزارەتی داد و وزارەتی کشتوکال و ناوخۆش هەمان رەئیمان هەیە کە تەحدیدبکری ئەوە ئەو غموزەی کە هەیە روون دەکرێتەوە کە دەڵێن ئەو زیادە رۆکارەی پێش دەرچوونی ئەو یاسایە هەر لە فەقەرەی یەکەم ماددەی نۆیەم کەدەڵی پێویستە زیادەڕۆکار لەماوەی (30) رۆژ پێش بلێین ماوەی (30) رۆژ زیادەڕۆکارەی کە کراوە پێش دەرچوونی ئەم یاسایە کە ئەو فەقەرەیە ئیزافە بکرێت ئەوا وازحە کەوا تەنها جەردێکە واقع حالی ئەو تەجاوزانەیە کە هەیە دوای ئێمە تەنها خۆ كێشەی حەل دەکەین تەنها ئێمە

یاسـایەكمان دەركـردووە بەس بـۆ مەزرەعەكـان و بـۆ زەویە كشـتوكالیەكان نـیە ئـێمە شـارەوانیە دارایە ئەنـواع تەجـاوزات هەیە پێشـوو دەبێـت ئەوانە جەرد بكرێـت هەمـوو بە لیستێك ئامادەبكرێت بـزانن چ هەیە ئەوانیش موعالەجە بكرێن یەعنی ئەوانیش عیلاجی خۆیان دەبێت كە جەردەكە بكرێت ئەمە بە خراپی نازانین زۆر سوپاس .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی – جێگری سەرۆكی پەڕلەمان:**

زۆر سـوپاس بـۆ وەزیـری شـارەوانی دیـارە رەئـی وەزارەتـی شـارەوانی وەزارەتـی نـاوخۆ و وەزارەتـی كشـتوكال و وەزارەتـی داد پێشـكەش بە دانیشـتنەكەی كـرد ئێسـتا چـاوەڕوانی دارشتنەوەی ئەم ماددەیەینە ، بەڕێز سەرۆكی لیژنەی یاسایی فەرموو .

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەڕلەمان.**

لیژنە پەیوەندیدارەكان دەمانەوێت ماددەی (9) و ماددەی (10) دەمج بكەین بە جۆرێك كە ماددەی (9) لە (4)بڕگە پێك بێتن بـۆیە مـاددەی (10)ش دەخـوێنمەوە بـۆ ئەوەی بەڕێـزان ئەندامانی پەڕلەمان بڕیاری خۆیان لەسەر بدەن ئینجا دوایی دەیكەین بە یەك ماددە و كە ماددەی (9)یە لە (4)بڕگە پێك دێت .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی – جێگری سەرۆكی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ سەرۆكی لیژنەی یاسایی ماددەی (10)بخوێنەوە .

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەڕلەمان.**

1-پێویسـتە سـەرۆكی شـارەوانی و سـەرۆكی یەكە گارگێریەكـان تۆمـاری ئەو زانیـاری و هەوڵـانە بـكەن لە تۆمارگـای فەرمـی بەشـی زیـادەرۆیی و لیـژنەی پێویسـت لە لـایەن پەیوەندیدارەكان پێك بهێنن بۆ جێگیركردنی جۆروشێوەو رووبەروو پێكهاتەی زیادەرۆكار كە لە كۆنووسی تایبەت بە پێـی بڕگەكانی یەكەم و دووەم لەماددەی (9)ی ئەم یاسایە پێیان گەیشتووە .

2-حوكمەكـانی ئەم یاسـایە بەسـەر ئەو زیادەرۆیـانە دا جێبەجـی دەكرێـت كە ئاگـاداری شـارەوانی و یەكەی كـارگێری لـی نەكـراوەو لە مـاددەی ئامـاژەپێكراوی مـاددەی (9) ئەم یاسایە .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی – جێگری سەرۆكی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سەرۆكی لیژنەی یاسایی ، بەڕێـزان گفتووگۆی ماددەی (10)یەم وە بەو ئاراستەیەی كەهەردوو ماددە دەمج بكری بكرێن بە یەك ماددە فەرموو كاك سیراج.

**بەڕێز سیراج احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەڕلەمان.**

من لە ماددەی (10)یەم پێم باشە ئەو ئیزافە بكری لە كۆتایی ماددەكە لە بڕگەی (2) ئەو زێـدەرۆیانەی كە لە بـڕگەی (2) مـاددەی (4)ی ئەم یاسـاییە داهـاتووە ئەوانـیش بگـرێتەوە لەبەر ئەوەی لەمـاددەی (2) لە بـڕگەی (2) مـاددەی (4) بـاس لەو زێـدەرۆیانە دەكـاتن كە لەسـەر جادەو شۆستەو گۆرەپانەكـان زیادەرۆیی لەسـەر كـراوە پێویسـتە ئەوانەش ئیـزافە بكری زۆر زۆر سوپاس .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی – جێگری سەرۆكی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سیراج ،فەرموو كاك بەهزاد .

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش .**

**بەڕێز سەرۆكی پەڕلەمان.**

مە ب پێویسـت زانـی كە مـاددا (9) خاڵا (3) ب ڤـی شـێوەی بیت كـو بێتە دەمـج كـرن گەل مـاددا (10)، بێژیـت شارەوانی وە سەرۆكی یەكەی كارگێری هەڵدەستن بە دروستكردنی دوو لیسـت بـۆ

ئەوانەی لە ڕۆژی دەرچواندنی ئەو یاسایە کراون وە ئەوانەی پاش دەرچوونی ئەم یاسایە کراون، یەعنی دوو لیستی جیا بن بە پێی بەرواری ئەم یاسایە و پێشی، وە پۆلینکردنیان بە پێی توخمە و جۆرەکانیان،چونکە تێبینیشمان هەبوو نووسراوە جۆر و شێوە لە پێناسەشمان نووسیوە جۆر و توخمە لێرە ئەوەش ڕاست بکرێتەوە بەم سیاغە، لە هەمان کاتدا ئەمەش چارەسەر دەبیت بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان کە لە ماددەی (9) دەڵێت پێویستە زیادەڕۆکار لە (30) ڕۆژدا،ئەگەر مەسەلەن زیادەڕۆییەك کرا وە خاوەنەکەی ئاگاداری لایەنی پەیوەندیدار نەکاتەوە ئەو کاتە دەبێت هەر تۆمار بکرێت شارەوانی یان سەرۆکی یەکەی کارگێرییەکان، بۆیە بەم پێشنیارە ئەمەش چارەسەر دەبێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك صالح.

**بەڕێز صالح فقی محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

هەندی محەرەماتی تر هەیە یان بە خاڵێك لێرەیا یان بە ماددەیەکی تایبەت ئاماژەی پێبدەین محەرەماتی ڕێگاوبان محەرەماتی تاوەرەکانی کارەبا محرەماتی تاوەرەکانی ئیتیصالات و محەرەماتی بۆڕی ناقلی ئاو بە نمونە ، جاری وا هەیە هەفتەیەك ئاو لە سلێمانی نیە، چییە والله ئەمە شۆفل ئیشی کردووە لە نزیك یا لەسەر بۆری ئاوەکان یان ئەو تاوەری کارەباکان ترسی بۆ سەر ژیانی خەڵك هەیە لە بن تاوەرەکە خانوو ئەکرێت، بۆیە ئەمە بەشێك لەمانە بە ڕێنمایی لە لایەن وەزارەتە تایبەتمەندەکانەوە ڕێنمای هەیە ، بەڵام جێبەجی نەکراوە بۆیە گرنگە ئەمە کاری لەسەر بکرێ، بۆ نمونە کەسێك (10)مەتر لەسەر جادەیەکی سەرەکی کە لە کاتێکا هەندێك ڕێنمای جیا جیا هەیە بەشێك بە (45)مەتر بەشێك بە (75)مەتر ناوی ئەبا بۆ ئەوەی لەسەر ڕێگا سەرەکیەکان و شوێنە گشتیانە دروست نەکرێت ، بەڵام پێچەوانە ئەکری و بەردەوامیشە بۆیە پێویستە جێگەی ئەوە بکەینەوە زۆر سوپاس .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك قادر.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (10) کە باس لەوە دەکات پێویستە سەرۆکی شارەوانی و سەرۆکی یەکەکارگێریەکان تۆماری زانیاری بکەن دواتر لیژنە پێك بێنن من پێم باشە کە سەرۆکی شارەوانی و سەرۆکی یەکە کارگێریەکان لە سنووری هەموو یەکەیەکی کارگێری لیژنەیەك پێك بهێنن لە لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ مەبەستی تۆمارکردنی زانیاری و هەوڵەکان لە تۆمارگەی فەرمی بەشی زیادەڕۆیی ئینجا بۆ جێگیرکردنی جۆرو شێوەو رووبەری پێکهاتەکەی تا تەواو دەبێت، مەبەستم ئەوەیە کە بە تەنها لیژنەکە بەس بۆ دیاری کردنی جۆرو شێوەو ئەو پانتایەی زیادەڕۆیی تێداکراوە تەجاوەزی تێداکراوە هەر بۆ ئەوە نەبێت لیژنەکە، بۆ وەرگرتنی زانیاری و مەعلوماتەکانیش بێت لەسەر ئەوەی کە کی کردوویەتی لە کوی کراوە و بۆ زیادەرۆکار ئاگاداری لایەنی پەیوەندیداری نەکردۆتەوە، و سەبارەت بە بڕگەی یەکەم و دووەمی ماددەی (10) من پێم باشە لە بەشی حوکمە سزایەکانیش سزا بۆ ئەو کەسانە دابندرێت کە تەجاوزیان کردووە یا زیادەرۆیانکردووە، بەڵام لایەنی پەیوەندیداریان ئاگادار نەکردۆتەوەو لەوەی کە زیادەرۆیان کردووەو لە کوی کردوویانە و حوکمەکانی ئەو قانونەیان جێبەجی نەکردووەو زۆر سوپاس .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

فەرموو کاك فرحان.

**بەڕێز فەرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

له مـاددەی (10) له بـڕگەی یەکەم ئەڵـی پێویسـته سـەرۆکی شـارەوانی و سـەرۆکی پەکه کارگێریەکـان تۆمـاری ئەو زانیـاری و هەوڵـانه بـکەن، هەوڵەکـان تۆمـاربکەن ، ئەو هەوڵـانه بکەن زانیاری و ئەو هەوڵانەیه یان هەواڵانەیه چی؟

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان :**

ئەو هەواڵانە.

**بەڕێز فەرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

ئاخر هەوڵیش چۆنه تۆمار ئەکرێتن زانیاری تۆمار ئەکرێ، بەڵام هەوال مەساحەی تۆمار ناکری یەعنی شتێکی مەلموس نیه تا تەسجیل بکرێتن بۆیه پێویستی بەراستکردنەوەهەیه زۆر سوپاس .

**بەڕێزجعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان :**

سوپاس بۆ بەڕێز فرحان جوهەر . فەرموو مامۆستا ملا ماجد .

**بەڕێز ماجد عثمان توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

سـەبارەت به مـاددەی (9)و(10) که لێـره ئێمه نووسـیتمان خیلالی (30) رۆژ سـەرپێچی کـار خۆی ئاگاداری لایەنی پەیوەندیدارەکان بکا ئەوا زۆر باشه بۆ ئەو کەسانەی که کـاتی خۆشی له رابردووشدا سـەرپێچیان کـردووه و ئێسـتاش دەکەن بـۆ ئەوەی مەسـەلەن ئێسـتا وەحـده ئیداریەکان لەگەڵ شارەوانیەکان پێم وایه هەمـوو جەردیـان کـردیه بەس لەوانەیه ئیحتمـال هەیه هەنـدێك حـالەت تۆمـار نەکرابێـت یـان له بیریـان کردبـی که دەچـی ، مەسـەلەن شەخسەکه دەجێت تەئکید بکا له وەحده ئیداریەکه له شاروانیەکه بۆ ئەوەی بزانـی که ئـایه ئەو حالەتەی که ئەو سەر پێجیەی کردووه لەوی تۆمار کرایه؟ یـان تۆمـار نەکـرایه ؟ ئەوه له بۆ بەرژەوەندی ویه ئەگەر نەجێت لەوانەیه ناوی له بیرکرابێـت بەوه لەقەڵەم دەدرێـت تـازه سەرپێجیەکەی کردووه حوکمی ئەم یاسایه دەیگرێتەوه بۆیه سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

فەرموو کاك عمر عینایەت.

**بەڕێز عمر عینایات حمه سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

لەگەڵ پشتگیریم بۆ قسەکانی کاك ملا ماجید ئەم سەر ژمێریه ئەم ئەحسایەی که ئەکرێت یەعنی مافی جۆرێك له مافی ئەو کەسانه ئەپارێزێت که پێشتر زیادەرۆیان کردووه ئەچن ناوی خۆیان تۆمار ئەکەن پسولەیەك وەر ئەگرن له حکومەت لەو دائیـرەیه ئەڵـی کـاکه مـن پێش دەرچـوونی ئەم یاسـاپه زیـادەرۆیم کـردووه ، ئامـانجی سـەرەکی ئێمه له دانـانی ئەم بڕگەیه ئەمەیه مەقسەد وەلامێك بۆ قسەی کاك صالح ، باسی مـافی تەریقـی کـرد یەعنـی (رایت ئۆفـۆ) یـان (حقـت تریقـی) پـی ئەڵێن ئەوا به یاسای ژمـاره (2)ی سـاڵی (2012) رێـك خـراوه جـاددەی دووسـاید حەقـی تەریقـی چەنـده (75) مەتـره له سـەنتەرەوه بـۆ هەر مونشـەئێك که هەبێـت (هـای تێنشـن) مـافی خـۆی هەیه جەدوەل ئـاو ئـاوەرۆ مـافی خـۆی هەیه لەبەر ئەمه ئەوه بەیاسـا رێکخـراوه هەمووجـادەیەك پـانیەکەی جەنـدبێت مـافی رێگـا پارێزراوه لەبەر ئەوه پێویست ناکا لێره جارێکی تر ئەمه داخلـی بکەینەوه سـەرنجەکەی زۆر جوانبووراسـته ، بەڵام به یاسـا رێکخـراوه لەبەر ئەوه نـاکری جـارێکی تـر لێـره به یاسـا رێکـی بخەین سوپاس .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سـوپاس بـۆ بەڕێـز عمـر عینایـات . ئێسـتا داوا له بەڕێـز وەزیـری شـارەوانی دەکەیـن رەئـی وەزارەتی شارەوانی وەزارەتەکانی پەیوەندیداری تر.

**بەرێز نەورۆز مولود / وەزیری شارەوانی و گەشتو گوزار:**
**بەرێز سەرۆکی پەڕلەمان.**
ئەوەی بەرێز کاك سیراج ئەندام پەرلەمان ئاماژەی پێدا بڕگەی (2)وەم ماددەی (10)یەم کە دەڵی حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەو زیادەڕۆیانە جێبەجی دەکرێت کە ئاگاداری شارەوانی و یەکەی کارگێری لی نەکراوە لە ماددەی ئاماژەپێکراو ماددەی (9)ی ئەم یاسایە ئەوەش ئیزافە بکری کە ئەو زیادەڕۆیانەی کە لە بڕگەی (2)وەم لە ماددەی (4)می ئەم یاسایەش هاتووە ئەویش کە تەعریفی ئەو ماددەی بۆ نمونە ، ئێمە زۆربەی شوێنەکان مەسەلەن دەلی ئەم یاسایە پەیرەو دەکری بەکارهێنانی گشت یان بەشێك لە جادەو شۆستەو گۆڕپان و باخچەو پارك و ئەوانەش واتا ئەوانەی کە هەیە وەکوو شەقام گرتنە یاخود تەجاوزە لە سەر پارکو باخچەکانا ئەوانە مەشمول نینە تەنها جەرد بکرێن ئەمانە ئێمە دەتوانین ئیجرائاتیشیان لەگەڵ بکری هەڵی بگرینەوە، بۆیە دەبێت بڕگەی تێدا بکری بەس بۆ جەردکردن نیە ئەوە ئەوەی دەلێین کە ناوی بێتن بۆ ئەوەی ئیجرائاتیشی لەگەل بکرێتن ئەو فەقەرەیەی تێدا ئیزافە بکری .
**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**
سوپاس بۆ بەرێز وەزیری شارەوانی بۆ ئەو رونکردنەوە .
**بەرێز عمر عینایات حمه سعید:**
**بەرێز سەرۆکی پەڕلەمان.**
ئەو بابەتەی جەنابی وەزیری شارەوانی باسی کرد ئەوا زیادەرۆ کاتیەکانە ئەوانەی کە عەرەبانەیەك دا ئەنێن مەسەلەن لەبەر دەم شێخەالله یا شۆستەکان ئەگرن یا دووکانـدارەکان رەسیف ئەگرن یا خەڵك هەیە شتیکی هەیە لە سەر جادە دای ئەنی ئەیفرۆشی ئەمە شتی کاتیە، ئەوە لە دواوە حەلمان کردووە لە کاتی سزاکانیشا ئەمانەمان وەك سزای ئەوەمان نەداوە بەشێوەیەك سزای بدەین کە عەلائەساس ئەمە زیادەرۆی بۆ لەمەو دوا ئەکا ئەمە تەحصیل حاصلە نابی بمینی لەبەر ئەوە جارەسەر کراوە ئەوە ئەو بابەتەی جەنابت باسی ئەکەی .
**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**
سوباس بۆ بەرێز عمر عینایات . ئێستا داوا دەکەین دیارە پێشنیاروایە هەردووك ماددە بکرێن بە یەك ماددە .
**بەرێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**
**بەرێز سەرۆکی پەڕلەمان.**
ماددەی (9) دوای دارشتنەوەی ئەو پێشنیارانەی کە کران لە لایەن ئەندامانی پەڕلەمانەوە و وەزیری پەیوەندیدار
ماددەی (9) پێویستە زیادەرۆکار لەو زیادەرۆیانەی کە پێش بەرکار بوونی ئەم یاسایە کراون لە ماوەی (30)رۆژ لە بەرواری کار پێکردن بەم یاسایە .
1-ئاگاداری شارەوانی پەیوەندیدار بکا لە شوێن و شێوەو رووبەروو پێکهاتەی زیادەرۆکە ئەگەر لە سنووری شارەوانی بوو .
2-ئاگاداری سەرۆکی یەکەی کارگێری بکا لە شوێن و شێوەو رووبەروو پێك هاتەی زیادەرۆکە ئەگەر لە دەرەوەی سنووری شارەوانی بوو .
3-پێویستە سەرۆکی شارەوانی و سەرۆکی یەکە کارگێریەکان تۆماری ئەو زانیاری و هەواڵانە بکەن لە تۆمارگەی فەرمی بەشی زیادەرۆیی و لیژنەی پێویست لە لایەنە پەیوەندیدارەکان پێك بهێنن بۆ جێگیرکردنی جۆرو شێوەو رووبەروو پێك هاتەی زیادەرۆکە کە لە کۆنووسی تایبەتدا کە بە پێی بڕگەکانی یەکەم و دووەمی ئەم ماددەیە پێیان گەیشتووە .

4-حوكمەكـانی ئەم یاسـایە بەسـەر ئەو زیادەڕۆیـانەدا جێبەجـی دەكـری كە ئاگـاداری شارەوانی و یەكەی كارگێری لی نەكراوە بە پێی بڕگەكانی یەكەم و دووەمی ئەو مادەیەو و ئەو زیادەڕۆیانەش كە لە بڕگەی دووەم لە ماددەی (4)ی ئەم یاسایەدا هاتوە .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی – جێگری سەرۆكی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د.ڤالا سەرۆكی لیژنەی یاسایی ، ئەو هەردوو ماددەیە كە لێك دراون بەو شێوازەی خوێندرایەوە من وا تێدەگەم كە هیچ تێبینیەكی لەسەر نیە دەخەینە دەنگدان یەك پرسیار هەنە فەرموو كاك عبدالله .

**بەڕێز عبدالله محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەڕلەمان.**

بۆ لیژنە بەڕێزەكان لەو پێشنیارەی كردوویانە رێگری ئەكا لە بەردەوام بوونی ئیجرائات بۆ زیادەڕۆیی لە ر ابردوودا .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی – جێگری سەرۆكی پەڕلەمان:**

وڵامەكە؟ بەڕێز عمر عینایات حمە . فەرموو كاك عمر عینایات.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەڕلەمان.**

ئەو زیادەڕۆیانەی كە پێشتر كراوە لە دادگاكانا بەردەوام ببی تا ئەوكاتەی ئەو یاسایەیی كە بۆ چارەسەركردنەكەی لە لایەن وەزارەتی شارەوانی ئامادەكراوە .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی – جێگری سەرۆكی پەڕلەمان:**

سـوپاس بـۆ ئەو رونكـردنەوە ئێسـتا ئەو هەردوومـادەیە بە لێـك دراوی بەو شـێوازەی خوێندرایەوە خالی نیزامی فەرموو كاك صالح.

**بەڕێز صالح فقی محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەڕلەمان.**

هیچ یاسایەك نیە خەڵك تەجاوز بكاتە سەر زەوی خەلك بە نا یاسایی تەجاوزی كردۆتە سەر زەوی بە هەمان شێوە بۆ ئەو وەلامەی كاك عمر بە ئێستاشەوە بەردەوامە لەسەر هەموو جادە سـەرەكیەكان بەنزینخـانە، چێشـت خـانە، هەمـوو ئەو شـوێنە گشـتیانە بكـری بە بـی ئەوەی رەنـگە (20)مەتـر لە جـادەكەوە دووربێـت بـۆ وەك چـۆن ئەوەی پێشـوو تەئكیـد كـردنەوەیە ئەمەش تەئكیـد كردنەوەبێـت لە هەمـوو ئەو موحەرەماتـانەی تاوەرەكـان و رێگاوبان و ئیتصالات و بۆری نقلی گەورە هی ئاو سوپاس .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی – جێگری سەرۆكی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز صالح فقێ. دیارە پێشتر روونكردنەوە لەسەر ئەوە درا كە ئەوە بە پێی یاسای تر چارەسەر كراوە بەڵی فەرموو كاك عمر عینایات.

**بەڕێز عمر عینایات حمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەڕلەمان.**

خـۆی مـن پشـتگیری قسـەكانی كـاك صـالحم كـرد یاسـایەكی تـایبەت هەیە بە رێگـاو بـان لە كوردستانا كاتی جێبە جێناكری كەواتا لەوانەیە ئەم یاسایەش دەركەین و لەوانەیە جێبەجـی نەكری ئەوە بابەتێكی دیكەیە یەعنی یاسا ئێمە ئەگەر ئەمانەوی یاسا هەبێی یاسا نەبـوون جیـایە، یاسـا جێبەجـی نەكـردن جیـایە یاسـایەك هەیە كە پێـی دەلـێن یاسـای رێگـاو بـان لە كوردسـتانا ژمـارە (3)ی سـاڵی (2012) كـاتی كە رەئیسـی وەحـدەی ئیـداری خـۆی لێنـادا جێبەجێی ناكا ئەلێرە ئێمە سزامان بـۆ دانـاوە لەمەولا ئەگەر سـەرۆكی یەكەی ئیداری یـان ئەوانەی كە لە لیژنەكان كەم تەرخەم بـوون سزا ئەدرێـن بە پێـی سزادانی یاسـای سزادانی عیراق.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی – جێگری سەرۆكی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ ئەو رونكردنەوە خالی نیزامی كاك ڤەمان فەیصل.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**
**بەڕێز سەرۆكی پەڕلەمان.**
یەعنی سەرۆكی وەحدەی ئیداری یان سەرۆكی هەر دائیرەیەك بەرپرسە لە بەڕێوەبردنی ئیدارەی خۆی ئەوە شتێكی تەحصیل حاصلە لەناو ئیدارەیا لەخاڵی سێیەما ئێمە پێشنیارمانكرد كە مەسەلەن هەردووك مادده یەك بگرن، خاڵی سێیەم دەڵێتن لەسەر سەرۆكی شارەوانی یان سەرۆكی یەكەی كارگێری پێویستە تۆمار بكرێتن یەعنی بە تەحدیدكراوی ناوی ئەو دینیتن تۆ لایەنی پەیوەندیدارت ئاگاداركرد شارەوانی بیتن یا ئەوا ئیتر ئەوا بۆخۆیان مەتروكە مەسەلەن كی لیژنە دەنێرن یان چۆن دەنێرن تەحصیل حاصلە سەرۆكی شارەوانی بە قسمی تەجاوزات دەڵێتن كاكینە برۆن ئەو شوێنە تەسجیل بكەن ئەوها بكەن ئەوها بكەن زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی – جێگری سەرۆكی پەڕلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز ڤەمان فیصل . بەڕێز سەرۆكی لیژنەی یاسایی .
**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆكی پەڕلەمان.**
خوێندمانەوە ماددەكە لە دەنگدان دابوو ئەو نوقتە نیزامیانە وەرگیران بەڕێزتان بیخەنە دەنگدان فەرموو.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی – جێگری سەرۆكی پەڕلەمان:**
دیارە ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێندرایەوە ئەوە دەخەینە دەنگدان، دەنگدان لەسەر ماددەی (9)و(10) كە لێك دراون كی لەگەڵدایە؟ (60) كەس بە پەسەند دەزانن ، ئەوەی دژە؟ (8)كەس دژن ئەم ماددەیە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند كرا .
ماددەی (11) دەبیتە ماددەی (10) .
**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆكی پەڕلەمان.**
ماددەی (10) : لەناوەندی هەر پارێزگایەك دادگایەك بۆ تێروانینی زیادە ڕۆیی پێك دەهێندرێت و ئەو دۆسیانەی پەیوەستن بە زیادەڕۆ بە پەلە ئەژمار دەكرێت .
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی – جێگری سەرۆكی پەڕلەمان:**
بۆ گفتووگۆ لەسەر ماددەی (10) هی تازە فەرموو كاك بەهزاد .
**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**
**بەڕێز سەرۆكی پەڕلەمان.**
وەختێ خۆ د لیژنا شارەوانی دا مە ئەڤ تێبینییە كر كو كێشەیەك لێرە هەیە مەسەلا دادگایەكان یا قەزایا واتا ڤێ گاڤێ هەمی فشار و زەخت دێكەڤیتە ئەڤ دادگایا تێتە پێك ئینان ل ناوەندێ پارێزگایێ، بۆیە پێویستە كێشە لێرە چارەسەر ببیت، چونكی ئەو مەلەفاتە هەمی بچنە ناوەندێ پارێزگا ب راستی زۆر زەحمەتە، بۆیە پێشنیار دەكەین لە ناوەندی هەر پارێزگایەك دادگایەك بۆ تێروانینی زیادەڕەوی پێك بهێنرێت وە لە قەزایەكان نوێنەریان دەبێت یان دادوەرێك لە هەر قەزایەك تەكلیف بكرێت، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی – جێگری سەرۆكی پەڕلەمان:**
تەلار خان فەرموو.
**بەڕێز تەلار لەتیف محمد:**
**بەڕێز سەرۆكی پەڕلەمان.**
سەرەتا زۆر بەخێرهاتنی وەزیری شارەوانی و میوانە بەڕێزەكان ئەكەین، بۆ ئەم ماددەی (10) پێویستی بە سیاغەیە جارێكی تر ، چونكە لە رووی یاسایی و لە رووی ئیداریشەوە ئێمە (4) محكەمەی ئیستینافمان هەیە بە پێی پارێزگاكانیش دابەش نەكراون، بەڵكو مەحكەمەی ئیستئنافی گەرمیانمان هەیە، هەولێرمان هەیە، دهۆكمان هەیە، سلیمانیمان

هەیە، بۆیە ئەمە گرفت دروست ئەکا بۆ کاری ئەم لیژنەیە ، بۆیە پێویست ئەکا جارێکی تر سیاغە بکرێتەوە بە شێوەیەك بە دوو سیاغە یا ئەوەتا ئەبی بنووسرێت لە دادگایەکی تایبەت بۆ تێروانینی دۆسیەکانی لێکۆلینەوەو کەتن یەعنی تەحدید بکری ،جونکە ئەو ماددە سزایانەی دانراوە لە ماددەکانی (12)یا زیاتر جونحە دەگرێتەوە، بۆیە پێویست ئەکا یان سیاغە بکرێتەوە یان بۆ ئەوەی کە کێشەی ئەترافەکانیش حەل بکا کە کێشەی کە کاك بەهەزادیش ئاماژەی پێکرد کە بار گرانی دروست نەبی هۆکاری دادگاکان بە تایبەت ئەترافەکان بلێت لە هەر دادگایەك دادوەرێك را ئەسپێردرێت یاخود دا ئەنرێت بۆ تێروانین لە دۆسیەکانی لە قۆناغەکانی لێکۆلینەوەو دادگایی کردنیش بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو کێشە ئەکا و هەروەها یەك بڕگەی تریش ئیزافە بکری سەلاحیەتی راگرتنی تەجاوز بدری بە دادوەر بۆ ئەوەی راستەوخۆ ئەو کارە بدری بە دادوەر کێشە دروست نەکات ،جونکە راستە رەنگە ئەو سلاحیەتە لەسەرتایە مدیری ناحیەکان ئەو سلاحیتەیان بەکار بهێنن، بەڵام لەبەر ئەوەی دادوەر سلاحیەتی یەکلاکەرەوەی هەیە راستەوخۆ ئەوەی پی بدری و بۆ ئەوەی ئەو کێشانە یەکلاکەرەوەبێت هەتاکو ئەوکاتە دۆسیەکەی یەکلا ئەبێتەوە زۆر سوپاس .

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان :**

سوپاس بۆ تەلار لەتیف زەحمەت نەبی هەردووك سیاغ هەردوك بنێری بۆ بەرێزان لە لیژنەی یاسایی .

**بەرێز د.پەری صالح حمید:**

**بەرێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

ببورە لەوەی من وام زانی ماددەی (10)یە ببورە دارشتنەوەکەی بوو من ناردم بۆ لیژنەی.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

هەردووك دەمچ بوینە سوپاس بۆ د.پەری .

**بەرێز د.جوان اسماعیل عزیز:**

**بەرێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

من تەعلیقم لەسەر ماددەی (11) نیە، بەڵام بە داخەوە لە ماددەی (9)وماددەی (10) دەدەقە ئەمن دەستم بڵندکردیە نە سەرۆکی پەڕلەمان نە سکرتێر ئەمنیان دیت تکات لی ئەکەم چاوتان لەو لایەش بێت لەو سایتە جارەکی دیکە حسابەکمان لۆ بکەن ماددەکە رۆی ماددەی (9)و(10) تەعلیقم لەسەر هەبوو هەر دەستم بڵندکرد دەتانن ببینن دەدەقە هەڵتان نەستاندم حسابمان لۆ بکەن چاوەکەمی.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

بمانبەخشە ئەمجارە بەسەرچاو. بەرێزان داوا لە لیژنە پەیوەندیدارەکان دەکەین ئەگەر لەم بوارەوە رەئیتان نەبی داوا لە بەرێز وەزیری شارەوانی دەکەم، فەرموو بەرێز وەزیری شارەوانی.

**بەرێز نەورۆز مولود / وەزیری شارەوانی و گەشتو گوزار:**

**بەرێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

ئێمە وەکو وەزارەتی شارەوانی تێبینیەکمان نیە لەسەر ئەو بڕگەیە، بەڵام لە وەزارەتی داد بەهۆی ئەوەی دادگاکان با بڵێم زیاتر پەیوەندە بە ئەنجومەنی دادوەری و لەگەل وەزارەتی داد با بلێم پێشنیاریان کردیە کە دەلێن لەناوەندی هەر پارێزگایەکدا دادگایەك پێکبهێندرێت لە قەزاکانیش دادوەرێك دەست نیشان دەکرێت بۆ تێروانینی زیادەرۆیەکان ئەو دۆسیەیە یەعنی پەیوەستن بە زیادەرۆی بە پەلە ئەژمار دەکرێت ، واتا موعالەجەی بە دادوەرێك موعالەجەی قەزاو ناحیەکان دەکەن وەکو پێشنیاری وەزارەتی داد . هەروەها وەزارەتی ناوخۆش پێشنیاری ئەوەی دەکا کە دەلێت هەر پارێزگایەك دادگایەکی هەبیت بیلامەعناوە ئەگەر پارێزگا دادگایەکی هەبێت واتا ئیدارەکانی وەکو ئیدارەی راپەرین و بابلێم ئیدارەی

گەرمیانیش ئەمانەش هەمان شێوازی وی بن ئیزافە بکری تێدا یاخود عەینەن حوکمی لەسەر تەتبیق بکری ئەوەی تریش وەکو ئاماژەم پێدا وەزارەتی داد ئاماژەی بەوەی کردیە کەلە قەزاکانیش دادوەرێکی تایبەتمەندیان لۆ دابندرێت و سیفەتی ئیستعجالیشیان بدرێتی زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ وەزیری شارەوانی کە رەئی وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی داد و وەزارەتی کشتوکال پێشکەش بە دانیشتنەکەی کرد، بەڕێزان بە رەچاوکردنی تێبینیەکانی ئێوە و رەئی و بۆچوونی لیژنە پەیوەندیدارەکان ، ئێستا داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین دارشتنەوەی ماددەی (10)ی تازە بکرێتن بۆ ئەوەی بخەینە دەنگ دان . خالێکی نیزامی فەرموو تەلار لطیف .

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

بۆ ئەو رایەی وەزیری داد زۆر گرنگە یەعنی کار لەسەر ئەوە بکری لە هەر دادگایەکی تێهەڵچونەوە بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان ،چونکە ئێمە لە هەمووپاریزگاکان یەعنی ناتوانین دادگای تایبەتمەند بەس بلێین لە هەر دادگایەکی تێهەڵچوونەوە دادگای تایبەتمەند هەبێت و لە دادگاکانی دیکەش ئەتوانی دادوەرێك تەخسیس کری بۆ تێروانین لە دۆسیەکانی زیادە رۆیی لە مەرحەلەی لێکۆڵیەوە و جونحیشدا .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز تەلار لطیف. ئێستا دارشتنی مادده چاوەروان دەکەین.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

ماددەی (10):لەناوەندی هەر پارێزگایەك دادگایەك پێکدەهێندرێت و لە قەزاکانیش دادوەرێك دەست نیشان دەکرێت بۆ تێروانینی زیادە رۆیەکان و ئەو دۆسیانەی پەیوەستن بە زیادەرۆیی بە پەلە ئەژمار دەکرێن.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان :**

خاڵی نیزامی هەنە قەرموو تەلار خان.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

یەعنی ئاخر نابی بە ناوی پارێزگا ناوبێت د. ڤاڵا ، لەبەر ئەوەی ئەبی بلێین ئەو پارێزگایە لابدری ،چونکە بۆ نمونە ئێستا مەحکەمەی ئیسئنافی گەرمیان پارێزگا نیە هەتاوەکو ئێمە ئەو مامەڵەیان لەگەڵ بکەین کێشە دروست ئەبێت ئەوکاتە تۆ لەویا ناتوانی تۆ دادگایەکی تایبەتمەند دانێی ئەوکاتە سەرۆکایەتیەکی خۆی هەیە گرفتی بۆ دروست ئەبی لە روی کاری ئیداریشو و لە روی محاکمەوە جیاوازە لەگەڵ دادگاکانی دیکە نا بێت وەکو پارێزگا تەعامولی لەگەڵ ناکا ئەو وشەی پارێزگا کێشە بۆ ماددەکە دروست دەکا لەرووی جێبەجێکردنەوە، نە ئەتوانین پارێزگاکە لە هەموو مەنتقەیەکی ئیستئنافی دادگایەکی تایبەت پێك بێت و لە دادگاکانی ترێش ئەتوانی بەو سیاغەی کە هاتووە بۆئەوەی کێشە بۆ سنوورەکان و بۆ پارێزگاکانیش دروست نەبی سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ ئەو رونکردنەوەی بەڕێز تەلار لطیف .ئێستا فەرموو نەورۆزخان وەزیری شارەوانی .

**بەڕێز نەورۆز مولود / وەزیری شارەوانی و گەشتو گوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

بـۆ یەك لـ\کردنەوەی ئەو بـڕگەیە لەوانەیە ئـاوا باشـتر بیـت ئەگەر بڵـین لە ناوەنـدی هەر پارێزگایەك بـۆ ئیدارەیەکی سـەربەخۆ بەس کەلیمەی ئیدارەی سـەربەخۆی بـۆ زیـاد بکەیـن ئەوکاتە ئیدارەی راپەرین و گەرمیانیش دەگرێتەوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری شارەوانی . فەرموو د.بەهار.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

ئەو سـیاغەیەی کە ئـێمە خوێنـدمانەوە هەردووکـی حەلکـردووە لەبەر ئەوەی کە ئیـدارەی سەربەخۆ قانونی نیە، بەڵام وتوومانە لە قەزاش ئێسـتا مەنتیقەی گەرمیان بە قەزا حسـابە یەعنی دادوەرێك تایبەت دەکرێت ئەگەر لە روی یاسایشەوەبێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

خاڵی نیزامی کاك بێستون فایق. لەسەر ئەمە.

**بەڕێز بێستون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

ئێمە دوو ئیـدارەی سـەربەخۆمان هەیە لە کوردسـتان هەردوو ئیـدارەکە بە بڕیـاری تـایبەتی ئەنجـومەنی وەزیـران بـۆ هەمـوو ئەو ری و شـوێنە ئەو وردە کاریـانە مـامەڵەی پارێزگایـان لەگەڵـدا ئەکرێـت سـەرۆکی ئیـدارەکە سـیفەی محـافزی هەیە لە ئیمتیـازات و هەمـوو دەسـەڵاتەکان وەحـدە ئیـداریەکانیش بە هەمـان شـێوە یەعنـی وەکـو پارێزگـا مامەڵەیـان لەگەڵدا ئەکری بریاری ئەنجومەنی وەزیرانیش هەیە زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سـوپاس بـۆ بەڕێـز بێسـتون فـایق روونکردنەوەکـی پێویسـت بـوو لە جێـی خـۆ بـوو دەسـت خۆش.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

وەکو ئەوەی خوێندمانەوە بەرێزتان بیدەنە دەنگدان .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

بەو شێوازەی خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان ماددەی (10) بەو شێوازەی خوێنـدرایەوە کـی لەگەڵـــدایە ؟ (57) کەس بە پەســـەند دەزانـــن، ئەوەی دژە؟ (2) کەس دژن مـــاددەکە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا .

ماددەی (12) دەبیتە ماددەی (11).

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

بەشی سێیەم حوکمە سزایەکان ماددەی (11)

لەگەڵ پێشـێل نەکردنـی هەر سـزایەکی تونـدتر کەوا یاسـا بەرکارەکـان لە هەرێـم دەقیـان لەسەر کردوە .

1-هەرکەسێك کردارێـك لەوکـردارانەی لە بـڕگەی یەکەمـی مـاددەی (4)مـی ئەم یاسـایە دا هاتوون ئەنجام بدا ئەوا بە بەنـدکردن بـۆ مـاوەی یەك ساڵ کەمتـر نەبێـت و بە غەرامەیەك لە (5.000.000) پێـنج ملیـۆن دینـار کەمتـر نەبێـت و لە نرخـی ئەو رووبەرەی زێـدەرۆیی کراوەتە سەر لە کاتی رودانی زێدە رۆکە زیاتر نەبێت سزا دەدرێت .

2-هەر کەسـێك کردارێـك لەوکـردارانەی لە بـڕگەی دووەم مـاددەی (4)مـی ئەم یاسـایە دا هاتوون ئەنجام بـدات ئەوا بە غەرامەیەك لە (1.000.000) ملیۆنێک دینـار کەمتر نەبێت لە (5.000.000) پێـنج ملیـۆن دینـار زیـاتر نەبێـت سـزا دەدری ، و لە حـاڵەتی گەرانەوە سـزاکە

دەبێتە بەندکردن بۆ ماوەی (3) مانگ و غرامەیەك لە (2.000.000) دوو ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (6.000.000) ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.
3-خاوەنی ئەو موڵکە یان شوێنە یان ئەو کرێچیەی ئاسانکاری دەکا یان یارمەتی دەدا لە ئەنجامدانی تاوان ئەوا بە هاوبەش دادەنرێت لەو تاوانەی لە بڕگەی دووەمی ئەو ماددەیەداهاتوە و بەهەمان سزاکە سزا دەدرێت
4-هەر کەسێك کەم تەرخەم بێت لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی لە رێگرتن یان لابردنی زیادەڕۆیی لەوانەنی ئەندامی لیژنەن ئەوا بە پێی یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەران رەفتاریان لەگەڵ دەکری .
5-ئەگەر ئەنجامدەری تاوان فەرمانبەری یان راسپێردراو بە راژەی گشتی بێت یان یەکێك لە کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ یان هێزە جەکدارەکان بی و سیفەتی خۆی لە ئەنجامدانی تاوانەکە و سودهێنابی ئیستغلال یان ئاسانی کردبێت بۆ کەسانی دیکە ئەوا بە بارودۆخی توندکراو دادەنرێت لە تاوانی هاتوو هەردوو بڕگەی یەکەم و دووەمی ئەو ماددەیە .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د. ڤاڵا سەرۆکی لیژنەی یاسایی .ئێستا بۆ گفتوگۆ لەسەر ماددەی (11)دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە .

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی – سکرتێری پەڕلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوبەڕێزانەی گفتوگۆ دەکەن لەسەر ماددەی (11) ناوەکان (ئاری عبداللطیف، د.پەری، د.زۆزان، تحسین اسماعیل، ڤمان فیصل، پەروا علی، شکریە شێخانی، مامۆستا عبدالرحمان، کاك مصطفی سکری، ابو بکر هەڵەدنی، علی عثمان ).

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سکرتێری پەڕلەمان.

**بەڕێز ئاری عبداللطیف مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

لە خاڵی یەکەم و لە خاڵی دووەما هەرکەسێك کردارێك لەو کردارانە دووچار دووبارە بۆتەوە هەردووکیان ئەمە کردارەکە ئەزانین مەبەست زیادەرۆیە، بەڵام لە خاڵی سێیەم و لەخاڵی پێنجەما باسی تاوان هاتووە، ئەڵی خاوەنی ئەو موڵکە یا شوێنە یا کرێچەی ئاسانکاری ئەکا یارمەتی ئەدات لە ئەنجامدانی تاوان ئەمە پێویستی بە رونکردنەوەیە هەم دیسان لە خاڵی پێنجەما نووسراوە ئەگەر ئەنجامدەری تاوان، ئایە مەبەست چیە؟ ئەوە رونکردنەوەی پێویستە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان :**

سوپاس بۆ بەڕێز کاك ئاری. رونکردنەوە بەڕێز د.ڤالا.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

بۆ ئەوەی دووبارە نەبێتەوە ملاحەزەکەی زۆر لە جێی خۆیەتی هەمووتاوانەکان دەکرێتە زیادەڕۆیی هەموو ئەنجامدەری تاوانیش دەکرێتە زیادەڕۆکار .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

فەرموو کاك مستەفا.

**بەڕێز مصطفی احمد حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

لە خاڵی چوارەم لە بڕگەی چوارەم دەڵی هەرکەسێك کەم تەرخەم بێت لە بە جێگەیاندنی پێم باشە لە جێیە جێکردنی نەك لە بە جێگەیاندنی .

له بڕگەی پێنجەمیشدا دەلی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ یان هێزە چەکدارەکان ئەوە یاسایە وشەی هێزە چەکدارەکان زاراوەیەکی ناشیرنە لە لای خۆمان زیاتر میلیشاو ئەوانە ئەگرێتەوە پێم باشە ئەوەش بگۆرین بە هێزەکانی سەر بەوەزارەتی پێشمەرگە یان شتێکی دیکەی بۆ دابندری باشترە یەعنی لە هێزە چەکدارەکان.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

د. پەری فەرموو.

**بەرێز د.پەری صالح حمید:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من کێشەم هەر زیاتر لەگەڵ دارشتنەوەی رستەکانە ماددەی (11) لەگەل ، دەتانم لەسەر هەمووی کۆمێنت بدەم یەعنی بەس یەکەم؟

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

چۆن حەز دەکەی بەو شێوازە . حەز دەکەی بخوینەوە حەزدەکەی بە نووسینیش ئاراستە بکە.

**بەرێز د.پەری صالح حمید:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (11) لەگەڵ پێشێل نەکردنی هەر سزایەکی توندتر کەوایە بیکەنە کە بێزەحمەت یاسا بەرکارەکان لە هەرێم دەقیان لەسەر کردوە:

یەکەم: هەرکەسێك کردارێك لەو کردارانەی لە بڕگەی یەکەمی ماددەی (4)مـی ئەم یاسایەدا هاتوون ئەنجام بدات و ئەوا بەندکردن بۆ ماوەی لە سالێك کەمتر نەبێت ئەوەش ئەگەر چاك بکرێت بی زەحمەت بە غەرامەیەك کە (5.000.000) ملیۆنیش کەمە، ئەگەر زیاد بکری ئەو (5.000.000) نە کەمتر نەبی لە نرخی ئەو رووبەرەی زێدەرۆی کراوەتە سەر لە کاتی روودانی زێدە رۆیەکە زیاتر نەبێت سزادەدرێت .

دووەم: هەرکەسێك کردارێك لەو کردارانەی لە بڕگەی دوەمی ماددەی چوارەمی ئەم یاسایەدا هاتوون ئەنجام بدات خاڵبەندیش وێرانە لە خاڵبەندی ئەوا بە غەرامەیەك لە (1.000.000) یەك ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و ئەو پێنجەش زیاد بکری بێزەحمەت سزا دەدرێت و لە حاڵەتی گەرانەوە بۆ سەر پێچی بۆ زێدەرۆیی ئەوش زیادبکری سزایەکەی دەبێتە بەند کردن ، بۆ ماوەی (3) مانگ و غەرامەیەك لە دوو ملیۆن دینار کەمتر نەبێت ئەوانە ئەگەر زیاد بکری بە پێی زیاتر ئەگەر تەداخولات هەبوو شەش ملیۆن دینار دیسان زیاتر نەبێت ئەوەش ئەگەر زیادبکری .

سێیەم : ئەگەر خاوەنی موولك یان شوێنە یان ئەو کرێجیەی کە ئاسانکاری دەکات یان یارمەتی دەدات لە ئەنجامدانی تاوان ئەوا بە هاوبەش دادەنرێت لەو تاوانەی لە بڕگەی دووەم لەو ماددەیە هاتووە ، بەو شێوەی لی بکری بێزەحمەت خاوەنی ئەو مولکە یان شوێنە یان ئەو کرێچیەی ئاسانکاری یان یارمەتی دەدات لە ئەنجامدانی تاوان ئەوا بە هاوبەش دادەنرێت لەوتاوانەی لە بڕگەی ئەوجا عقابەکەشی لەگەلی بێت.

چوارەم : هەر یەکسەر جاکردنەکەی دەخوێنمەوە هەر کەسێك لە ئەندامانی لیژنە زۆر دوورو درێژ کرایتەوە جویتەوە ئەو سەری ئەوقسە.

هەرکەسێك لە ئەندامانی لیژنە لە جێبە جێکردنی ئەرکەکانی کەم تەرخەم بی لە رێگرتنی لابردنی زێدەرۆیی بە پێی یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەران رەفتاری لەگەڵ دەکرێت سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەرلەمان :**

سوپاس بۆ د.پەری ئەگەر ئەوانە بە نووسینیش بنێری بۆ لیژنەی پەیوەندیدار . بەرێز علی عثمان.

**بەرێز علی عثمان علی:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر فیعلەن هەدەفا حكومەتێ ئەو بیت كو رێگریێ ل زێدەرەویێ سەر مولكێ گشتی بكەت نەخاسمە وەزارەتا شارەوانیێ كو ب حەدێ كێم بشێت كۆنتررۆڵا ئەوێ زێدەرەویێ بگریت ئەوێ سەر مولكێ گشتی تێتە كرن، چونكی ب حەقیقەت یا بوویە دیاردەكا ترسناك ئەڤ دیاردە ژی یا وەلێهاتی تەنها چیاییێت ماین حەتا چەند ساڵێت بهێت ب قەناعەتا من چیا ژی نامنین تەنها دێ جادێت ناڤ باژێری مینن دەستێ شارەوانیێ دا، ئەو سزاییێت د ڤی پرۆژەی دا هاتین ب حەقیقەت سزاییێت گەلەكێت سڤكن دێبیتە هاندەرەك دێ پتر خەلكی هان دەت زێدە گاڤێ و جورئەتێ بدەتە خۆ زێدەرەویێ ل سەر مولكێ گشتی بكەت، لەوما پێشنیار دكەم سزا ب ڤی رەنگێ خارێ دیاركری بن، ماددێ (11) خالا ئێكێ بەندكرن ژ دوو سالا كێمتر نەبیت و ژ چار سالا زێدەتر نەبیت گەڵ غەرامەكێ ژ (15000000) پازدە ملیۆن دینارا كێمتر نەبیت، ماددە (11) برگە ئێك پێشنیار دكەم بڤی رەنگێ خارێ دیاركری بیت بەندكرن ژ سێ هەیڤا كێمتر نەبیت و ژ شەش هەیڤا زێدەتر نەبیت دگەل غەرامەكێ ژ (3000000) سێ ملیۆنا كێمتر نەبیت و ژ (6000000) ملیۆنا زێدەتر نەبیت، د حالەتێ زڤرینێ دا بۆ هەمان زێدەرەوی پێشنیار دكەم ب ڤی رەنگێ خاری دیاركری بیت بەندكرن ژ شەش هەیڤا كێمتر نەبیت و گەڵ غەرامەكێ ژ (4000000) چار ملیۆنا كێمتر نەبیت و ژ (8000000) هەشت ملیۆنا زێدەتر نەبیت، دیسا خالا (5) سەبارەت ئەڤ تاوانێت تێنە ئەنجامدان سەر زێدەرەویێ ب شێوەیەكێ زۆرێ رێكخستی تێنە ئەنجامدان فەرمانبەرێت شارەوانیا ئەكسەری پێ رادبنەڤە بەرهەڵا تێتە كرن ئەز حەز دكەم جەنابێ وە باش بزانیت، من رێزا هەی بۆ هەمی فەرمانبەرێت شارەوانیا هەی فەرمانگەهێت كشتوكاڵی، چونكی مە مەعلوماتێت دەقیق یێت هەی ئەڤ خەلكێ ڤان زێدەگاڤیا بیتە رێ خۆشكەریێ بۆت كەت فەرمانبەرن پێ رادبن چونكی تەحدیدا مەوقعا قتعێ دكەن مەساحا وێ دكەنەڤە خەریتێ بۆ دادرێژن هەمی ئاسانكارییەكێ بۆدكەن هەتا ئێك شێت تەجاوزەكێ بكەتەڤە، لەوما یا زەروری بوو د ڤێ قانونێ دا جهەك هاتبا گرتن عقوبەكا وازح بۆ وان فەرمانبەرا هاتبا داناندن دا ببیتە رەدعەك ئیدی خەلكەك یا فەرمانبەر نەشیابن تەجاوزێ سەر ڤێ قانونێ بكەن بەلكی ئەڤ دیاردە تا رادەیەك یا كێم با، چونكی هاووڵاتییەكێ عادی زۆر ب ساناهی ڤی كاری ناكەت خەلكەكی دەستێ دگەل هەی چ مەساح بیت موهەندسە فەرمانبەرەكە ل بەلەدیێ ل فەرمانگەهێت كشتوكالی ریگاو بانا هاریكاریەكا تەمام بۆ تێتە كرن گەلەك جارا یێ مای نەخشێ بۆ دارێژتی، سوپاس .

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی – جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز علی عثمان روونكردنەوەیەك لە لیژنەی شارەوانی بەرێز سەرۆكی لیژنە بەرێز عمر عینایات.

**بەرێز عمر عینایات حمە سعید:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەنها یەك روونكردنەوە بۆ بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان سزای دووەم هەركەسێك رەفتارێك لەو رەفتارانە ئەوە بۆ ئەو كەسانەیە كە زیادەرۆیی كاتی ئەكەن وریابن لەگەڵ یەكەما فەرقی هەیە یەعنی زیادەرۆیی كاتی ئەوانەیە كەدەستگێرەكانی سەر عەرەبانەو شۆستەكانا ، بۆیە سزاكە كەمترە ئەوانەی سەرەوە لە مادەی یەكەم هاتووە سزایەكە زیاترە هیوادارم ئەو دوانە لێك جیا بكەنەوە مەبەستمان ئەو كەسانەیە دەستگێرو عەرەبانەكانی سەر جادەكانن سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی – جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك ابوبكر.

**بەرێز ابوبكر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

تێبینیەکەی من بەشێکی وترا لەسەر وشەی تاوان بوو پێم وایە لە قانونەکانی ترا کە لەم پەڕلەمانە دەرمانکردووە وشەی (جرم)مان بەکار هێناوە هی ئەم خولەو خولەکانی پێشوتریش هەر چەندە وشەی سەر پێجیش دەبێت، بەڵام جرم ئەوەترە یانی لە تاوان بە رای من .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عبدالرحمن.

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

هەندێك لە قسەکانم کرا ئەوەی کە لێرە کە بە غیابی ئەزانم ئەوەیە لەخالی سێهەما خاوەنی ئەو موڵکە یا ئەو شوێنە ئەو کرێچیەی ئاسانکاری ئەکات خۆمان ئەزانین جۆرێك لەو زیادەرۆیانە یان ئەو کرین و فرۆشتنانەی کە ئەکرێت لەو ناوچانە لە رێگەی نوسینگەوە ئەکرێ، بۆیە ئەوەی لێرە غیابە ناوی ئەو نوسینگانەیە ئەکرێت ناوی نوسینگەکان بۆ مەسەلەی لێپێچینەوەو سزادانیش زیاد بکری و سوپاستان ئەکەم .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

فەرموو د. زۆزان فەرموو.

**بەڕێز د.زۆزان صادق سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

دیارە پڕۆژە هەمی گەلەك هەلەیێت زمانەڤانی یێت تێدا، پشتەڤانیا وان گۆتنا دکەم ئەوێت دکتۆرە پەریێ گۆتی بۆ زیدە کرن یان راست ڤەکرنا، ئەگەر ل دەستپێکا رستا ئێکێ لەگەڵ ببیتە بۆ یەعنی بۆ پێشێل نەکردنی دێ درستر بیت وەکو سیاغە، ل بڕگا چارێ ژی دا بە پێی نینە د کوردیێ دا تو بە پێ جودا بنڤیسی ئو ئی جودا بنڤیسی وەکو رێنڤێس سبەهی ئیحتماله ل گەلەك جها بێتە نەشر کرنێ ببیتە جهێ تەعنێ ببێژن کەسێن پسپۆڕ نەبوون ئەوانا دروست بکەن؟ ئەو ئیبە دبیت پێڤە بهێتە نڤیسینێ، دیسان د هەمان رێزدا فەرمانبەران رەفتاری لە گەڵ دەکرێت ئەو ئیبە یا زێدەیە هەما رەفتارگەل تێتە کرنێ ئەڤە بۆ دروست کردنێن زمانی گەلەکێت تێدا هەین دکتۆرە پەریێ تەڤسیر نەکر ئو سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان :**

کاك تحسین فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

بەر لەوەی تێبینیەکانم لەسەر ئەو خاڵانە کە هەیە باس بکەم من پرسیارێکم لە بەڕێز وەزیری شارەوانی هەیە؟ پێناسە چیە بۆ ئەو زەوی و زارو مولکانەی کە هی دەوڵەتن لە زۆربەی قەزاو ناحیەو گوندەکان تەنانەت لە دەورووبەری پارێزگاکانیش حوکومەت خاوەنی مولك نیە دەسەڵاتی بەسەر موڵکەکاندا نیە کێشەی لەگەڵ خەڵك هەیە، یەعنی زۆر جی هەیە دراوەتە پرۆژەیەکی زراعی ، بەڵام خاوەنەکەی نەیهێشتوە یان خاوەنەکەی ئەو دێیە نەیهێشتوە پرۆژە دراوەتە سیاحە، بەڵام خاوەنی ئەو دێیە چوە خۆی تەسەروفی تێداکردووە و نەی هێشتوە سیاحە کاری خۆی بکا ئەمە جاری وەکو پرسیار بۆ ئەوان و پێم خۆشە چۆن دەتوانن ببنە خاوەن موڵکی حکومەت.

ئەوەی تریان بە نسبەت ئەو زێدەرۆیانەی لەسەر موڵکی دەوڵەت دەکرێتن بەند کردن رەنگە زۆر جایز نەبن، نەبی بە سالێك من زیاتر دەمەوی ئەم موڵکانە بگەرێنەوە بۆ حکومەت، بگەرێنەوە بۆ دەوڵەت زیاتر غەرامە رەنگە دەوری هەبێت لێرە بەندکردنی

ساڵێك من پێم وایە زۆر زۆرە غرامە ڕەنگە زیاتر دەوری هەبێت و لەو شوێنانەی کە وشەی تاوان بەکار هاتووە پێم باشترە زێدەڕۆیی تێدا جێی بگرێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

پەروا خان فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی حمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

سەرەتا پێم خۆشبوو ئەگەر بەڕێزانی ئەندامانی لیژنە لە کۆتایا سەرنج و روونکردنەوەکانیان بدەن کە هەموو تێبینیەکان ئەوتری سەبارەت بە ماددەی بلێین (12)کە ئەوترێت لەگەڵ پێشێل نەکردنی هەر سزایەکی تونـد کەوا د.پەری ئیشارەتی پێدا کەوا یاسا بەرکارەکان لە هەرێم دەقیان لەسەرکراون ئەوە زۆ تەرجومەیەکی حەرفیە خۆزگە ئەگەر بکری بە یاساکان دەرکراون دەقیان لەسەر کراون زۆر زۆر حەرفیە هیوادارم ئەگەر سیاغەیەکی بۆ بدۆزنەوە لە بڕگەی یەکەما ئەڵی لێرەوە من دەست پی ئەکەم کە ئەڵی لە (5.000.000) پێنج ملیۆن دینار کەمتر نەبی و لەنرخی ئەو روبەرەی زێدە رۆیی کراوەتە سەر لەکاتی رووداني زێدەرۆیەکە زیاتر نەبی نرخی ئەو رووبەرە چەندە ؟تەحدید کری باشترێکە، ئەگەر نرخێکی بۆ دانێی تەخمینی بکەن ئەگەر تەحدیدیش نەکری ، بەڵام شتێکی بۆ دابندرێ، سەبارەت بە چوارەم بەڕێزان ئیشارەتیان پێدا( د.پەری و د.زۆزان)، بەڵام ئەکری لەباتی بەرزەفتەکردنی کە وشەیەکی ئەویش تەرجومە کراوە، بەلام قانونی ئینزیبات لە تەنیشتیەوە ئەگەر لەقەوسێکیشابێت دابندرێت یەعنی ئەو وشەیە تۆزێك نامۆیە، راستە ئەمانەوێت بە کوردی بکری ، بەڵام هیوادارم ئەوە کاری لەسەر بکری زۆر سوپاس .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

کاك ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

تێبینیەکەم هەر لە سەر سەرەتای ماددەکەیە ئەویش دەڵێتن لەگەڵ پێشێل نەکردنی هەر سزایەکی توندتر تەسەور دەکەم لێرانە دەست و پێی مەحاکم مقەیەد کردووە و تعاروز و تعاونیش دروست دەبی هەر لەگەڵ یەکەما لە کۆتایا دەڵێتن ئەگەر لەگەڵ نرخی روبەری زیادەرۆیەکەی کراوەتە سەر زیاتر نەبێتن یەعنی مەسەلەن بۆ نمونە ئەگەر (5،000،000) ملیۆن بێتن تۆ لە دەسپێکا بە مەحاکم گۆتیە ئەگەر برۆ سەر یاسایەکی تر ئەگەر لەوی سزایەکی توندتر هەبێتن دەبی تۆ ئەو سزایە جێبەجی بکەی تەبیعەتی یاساو حوکمە سزایەکانیش وان ، ئەگەر موشەرەع دابنێتن لە کاتی تەدبیقا ئەگەر نەتوانی رەدع و معالەجەی ئەو کێشە بکاتن مەجلیسی تەشریعی بۆی هەیە ئەو سزایانە راست بکاتەوەو توندتری بکاتن ،بۆیە لە دەسپێکا پێویست ناکا ئەو نەصە دابنێی بڵی لەگەڵ پێشێل نەکردنی هەر سزایەکی توندترو زۆر سوپاس .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس، شوکریە خان فەرموو.

**بەڕێز شکریە سمایل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

تاوانەکان ئەگەر بگۆڕدرێت بکرێتە سەر پێچی، نوسینگەکانیش دیارە بەشێکی پشکی گەورەیان بەر دەکەوێت لەو سەر پێچیانە پێم وایە ناویان بهێندری و ئەوەشیان بۆ زیاد بکری سەرەرای ئەوەی ئەو غەرامانە غەرامەو بەندو ئەوانە بیان گرێتەوە مۆڵەتیشیان لی بسەندرێتەوە بۆماوەی سالێك، بەشێوەیەکی گشتی ئەو غەرامەی کە دانراوە بۆ ئەو

زێـدە رویـانە  سـەرپێچیانە بەراسـتی غەرامەکـان زۆر کەمـن لەبەر ئەوەی ئەو کەسـەی کە شتێکی وای لی ئاشکرا دەبێت حەتمەن پێشتری زۆر شتی لەم بـابەتە کـردووە ، رەنـگە هـیج سزاش نەدرابێـت پـێم وایـا غەرامەکـان بکـرێتە دوو ئەوەنـدە یـا سی ئەوەنـدە باشـترە بەنـد کردنەکان کەم بکرێتەوەو سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس، کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

من تەنها سەرنجەکەم لەسەر ئەو بڕگەی یەك ئەو (5.000.000) پێنج ملیۆن دینـارەی کـراوە، ئەڵـی (5.000.000) پێـنج ملیـۆن دینـار کەمتـر نەبێـت و لە نرخـی ئەو رووبەرەی زیـادەرۆیی کراوەتە سەر با بلێین لەکاتی روودانی زیادە رۆیەکە زیاتر نەبی ،رەنـگە هەنـدێك لەو زیـادە رۆیـانە ئەو پـارچە زەویە خـۆی بـایی (5.000.000) پێـنج ملیـۆن دینـار نەبـی نـرخەکەی لە (5.000.000) پێنج ملیۆن دینار کە کەمترە تۆ دەلی نـابی لە (5.000.000) پێنج ملیـۆن دینـار کەمتـر نەبـی لە هەمـان کاتـدا نـابی لە نرخـی زەویەکەش زیـاتر بـی ئەمە ئەبـی چارەسـەر بکـری ،جـونکە مەرج نیە هەمـو زێـدەرۆیەکان نرخەکەیـان ئەسـڵەن بگـاتە (5.000.000) پێـنج ملیـۆن دینـار بە تـایبەتی لە نـاوچە دوورە دەسـتەکان قەزاو ناحیەکـان لە گونـدەکان یەعنـی ئەو نرخە ئەو پارەیە زۆر زۆرە زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

د. سیراج فەرموو.

**بەڕێز د.سیراج احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

منـیش لەگەڵ غەرامەکـان بەراسـتی غەرامەکـان ئەبـی زیـاتر بکـری و تەفـاهومیش هەبـی شـــوێن لەگەل شـــوێن فەرقـــی هەیە ، تەجـــاوز لەگەل تەجـــاوز فەرقـــی هەیە، نـــابی هەر هەموویان بە یەك چاو بدرێتن.

دووەمیش: باسی تاوان کرا ، من پێم باشە بکری (المتجـاوز )یەعنـی زێـدەرۆکار و پاشـان ئەو کە باسـی لادانی زێـدەرۆکار دەکـاتن زێـدەرۆیەکە بـا لەسـەر ئەسـتۆی ئەو کەسـە بێـت کە (المتجـاوزە)بۆخۆی حـوکمەت بـۆ ئەو ئەرکەی لە سـەر شـانی خـۆی بگـریتن نیـوەی تێك داو ئەوەی تێکداو خۆی مەشغوڵ و  سەرقاڵ بکاو مەصایف سەرف بکاتن وام پی چاکە ئیزافە بکری لە هەر شوێنێك باسی لابردن بکرێتن لابردنەکە زێدە رۆکارەکە بەخـۆی لابردنەکەی لە ئەستۆی خۆی بگری و زۆر سوپاس .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس، کاك دلشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شعبان عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

ئەوەی کە رەچاو کراوە تەنیـا لایەنی قـانونی و لایەنی ئـابووریە لە یاسـاکە دا حەزدەکەیـن تۆزێـك رەچـاوی لـایەنی کۆمەڵایەتیش بکـری ،جـونکە زۆربەی هەرە زۆری ئەو خەڵـکەی کە تەجـاوزی کـردەی خەڵکـی فەقیـر حـاڵ و یەعنـی لە نەبـوونی بـووە خـانوەکی لەسـەر عەرزی تەجاوز کردووە یان عەرەبانەیەکی بە تەجـاوز دانـاوە یەعنـی حەز دەکەم سزایەکە ئیختیـاری بی یان پارە یان سجن ، جـونکە تـۆ کـابرایەکی فەقیـر حـاڵ پارەشـی لـی بسـتێنی و سجنیشـی بـکەی لە مـاڵ و منـدالیش جیـای بـکەیەوە ئەمەش لە رووی کۆمەڵـایەتیەوە ئەگەر رەچـاو بکری شتێکی باش دەبی زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

فەرموو د. ڤالا.
**بەڕێز د. ڤاڵا فريد ابراهيم:**
**بەڕێز سەرۆكی پەڕلەمان.**
زۆر باسی رەفتارو تاوان و ئەنجامدانی تاوان كرا لێرانە ئەمە ئەگەر بە رەفتاريشی دا نێين و بەزێدە رۆكاريشی دا نەنێين و بە تاوانيش ناوی ببەين هيچ كێشەيەكی نيە لە رويی ياسايەوە ،چونكە ئەو عقوبانەی ئێمە دامان ناوە عقوبەی موخالەفەو عقوبەی جوونحەن، بۆيە كەسەكە بە تاوانباريش ناو ببری و بە تاوانيش ناوی ببەين زۆر ئاسايە لە ياساكە ئەوە خاڵی يەكەم.
خاڵی دووەم:پێشنيار كرا كە هەموورەفتارەكان بكرێنە سەر پێچی ئەمن هەموو عقوبەكانی بۆ موخالەفە دا نەنراون عقوبەمان هەيە بۆ تاوانەكانی جونحە دانراوە بەند كردنی تێدايە بۆ ماوەی شەش مانگ ، بۆ ماوەی دووساڵ ، بۆ ماوەی زياتر لە ساڵێك ئەوەی كە باسكرا لەسەر ديباجەكە لەگەڵ پێشێل نەكردنی هەر سزايەكی توندتر كەوا ياسا بەركارەكان لە هەرێم دەقيان لەسەر كردووە ئەمە مەبەستمان ئەوەيە كە ئەو ياسايە خاضع بێت كە دەرمان كردووە، بۆيە ئەمە لێرە محاكم و موقەيد ناكەين موحاكم و موخەير دەكەين لە نێوان ئەو سزايانەی ئەو ياسايانەی دايناوە لە نێوان ئەو سزايەش كە لە ياسايەكی تر دا هەن و توندترن كە ئەوان جێبەجی بكاتن ئينجا پێشنيارێك هەبوو لە هەرێم كە دەقيان لەسەر كراوە بەس بگوتری ياسا بەر كارەكان لە هەرێم ئەوا موصتەلحاتی قانونين لە قانوندا (المنصوص عليها)يەعنی موصتلەحاتی قانونين هەندێك لەو مادانەی كە حوكمە سزايەكان و قانونين هەندێك تەحەمولمان بكەن ، چونكە ئەو موصتەلەحانە ناتوانين ئەوانە دابنێين كە خۆشە لەسەر زمان الا دەبی ئەو موصتەلاحاتە دابنێين كە لە ياسا بەكاريان دێنی سوپاس .
**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمنيكی – جێگری سەرۆكی پەڕلەمان:**
د. بەهار فەرموو.
**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**
**بەڕێز سەرۆكی پەڕلەمان.**
تەنها ئيزافەيەك بۆ قسەكانی بەڕێز د. ڤاڵا باس لەوەش كرا ئەو كۆمپانيايانەو ئەو شوێنانە بكری كە ئەو كارانە ئەنجام ئەدەن ماددەی دوای ئەو باسی ئەوە ئەكا هەر بۆ دڵنيايی بەڕێزان كە ئەو ئيختراعەيان كرد .
**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمنيكی – جێگری سەرۆكی پەڕلەمان:**
سوپاس، كاك عمر فەرموو.
**بەڕێز عمر عينايات حمه سعيد:**
**بەڕێز سەرۆكی پەڕلەمان.**
بەڕێز كاك تحسين باسی بەندكردنی كرد وتی زۆرە بە پێی ئەزمونی ئێمە خەلك هەيە ئامادەيە بيست مليۆن دينار بدا ،بەڵام يەك شەوی لە بەنديخانە نەبی لەبەر ئەوە بەندكردن زۆر گرنگە لەم ياسايە هەبێت ئەوە بە نيسبەت جوابی كاك تحسين .بەنسبەت كەسێك يەكێك لە برادەران باسيان كرد وتيان فەرق هەبی غەرامە لە نێوان قەزاو ناحيە ئەمە ياسايە دەری دەكەين جاری وا هەيە شوێنێك لە سەنتەری قەزايەكا زيادەرۆيەكی لەسەر ئەكری زۆر گرانترە لەوەی لە قەراغی پارێزگای سلێمانی يا پارێزگای هەولێر ئەكری لەبەر ئەوەی تۆ ناكری تەزئيەی بكری لە قانونا ئەوە بە نسبەت فەرق كردن جاروا هەيە تۆ مەسەلەن غەرامەيەك ئەكەی مرورێك موخالەفەيەك ئەكا بلێين لە سلێمانی يا لە قەزايەك يا لە چۆمان ناكری بلێی ئەو موخالەفە لەگەڵ مروری هەولێرا فەرقی هەبی ئێمە ياسا دا ئەنێين لێرە لەگەڵ داوای لێبوردنم ئەوا لە شوێنی خۆيا نيە ئێمە كە جيای بكەينەوە ئەم غەرامەيە لە قەزايەك جيابی لە ناحيەك جيا بێت لە سەنتەری پارێزگايەك جيا

بێت بە نسبەتی غەرامەکانەوە من پێم باشە چەند هاوریەك باسیان کرد پێم وابی پەرواخان باسی کرد کاك ئومێدیش باسی کرد کاك بێستون یەکی لەوانە باسیان کرد لایەنی کەم و لایەنی زۆری دا بنێین (5.000.000) پێنج ملیۆن دینار بە (2000.000) ملیۆن دینار ئەگەر ئێمە بچینە داهاتی مەحکەمەوە بۆ خەملاندنی نرخەکەی ئەوکاتە پێویستمان بە خەبیر ئەبێت تا مەحکمە خەبیر دێنی و خەبیرجەند جەلسەیەکی ئەبێو ئی ئەمە گەورەترین کارەسات بۆ محکمە دروست ئەکاو هەر تەواو نابی لەبەر ئەوە بلێین لایەنی کەمی غەرامەکە وەلانێ زۆری غەرامەکە ئەوەی بەرێزتان لەسەری رێك ئەکەون قەراری لەسەر ئەدەن لانی کەم و لایەنی زۆری بۆ دیاری بکەین و زۆر سوپاستان ئەکەم .

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو د. عزت.

**بەرێز د.عزت صابر اسماعیل:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە باسی زیادەرۆی دەکەین بەراستی ئەم یاسایە بۆ داهاتووە بۆ هەمووجۆرێکە لە زیادەرۆیی ئەگەر کەسێك ئۆتۆمبێلەکەی لە گەراجەکە جێی نابێتەوە نیو مەتر زەوی دێنێتە پێشەوە بگاتە دوو مەتر زیادەرۆیی، سی مەتر زیادەرۆیی ناکری لایەنی کەمی غەرامەکەی (5.000.000) پێنج ملیۆن دینار بێت بۆ دوو مەتر زیادەرۆیی، بۆیە لەگەڵ لیژنەی یاسایی گەیشتینە ئەو دەر ئەنجامەی ئەو (5.000.000) پێنج ملیۆنە بکری بە (3.000.000) سێ ملیۆن لایەنی کەمی بی ئەگەر هەرچیەکی کردبی (3.000.000) سێ ملیۆن بی بەشە بەرزەکەشی بریتیبێت لەوەی کە وەك خۆی لە بڕگەکەیا هاتووە کە زیاتر نەبی لە بەهای راستەقینەی ئەو رووبەرە زەویەی کە زیادە رۆیی لەسەر کراوە زۆر سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ماجد فەرمووو.

**بەرێز ماجد عثمان تۆفیق:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری رایی کاك عمر عینایات دەکەم سەبارەت بەوە لە فەقەرەی یەکەم لە نرخی ئەو رووبەرەی زیادە رۆیی کراوەتە سەری لەکاتی روودانی زێدەرۆکە زیاتر نەبێت هەندێك برادەران تەعلیقیان لەسەر هەبوو من دەلێم کەمتر نەبێت و لێرەدا نوسراوە لە نرخی ئێمە دەلێین بە مەرجێك لە نرخی ئەو رووبەرەی زێدەرۆیەیی لەسەر کراوە کەمتر نەبی سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خاڵی نیزامی.

**بەرێز پەروا علی حمە:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە و وشەیەی کە وتم دەقیان لەسەر کراوە ئەگەر ئەوە لە زمانی کوردیا (ینص علیها) بۆ دەقی ئەگەر بکری بە دەق دەقی ئەدەبیە بۆ شعرو پەخشان ئەکری ئەوە بگۆردرێت بە ئاماژەیان پی کراوە ،جونکە ئەو تەر جومە (ینص علیها) دەقیان لەسەر نیە ببورە ئاخر بەکار دێت ، بەڵام زۆر تەرجومەیەکی حرفیە دەق بۆ دەقی ئەدەبی ئەبێت ،عەرەبیەکەی بەکار بهێنرێت باشترە کە بە رای من زۆر سوپاس .

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئومێد فەرموو.

**بەرێز ئومێد حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

لە قسەکانا جەختمان لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەو (5.000.000) پێنج ملیۆنە زۆرە ئیستاش ئەو برەی دیاری کراوە د.عزەت ئەوەش زۆرە لەبەر چاوگرتنی ئەوەش کە ئەگەر پارچەیەك زەوی لە گوندێکی کوردستان لە گوندێکی شارەزوور یان مەنتیقەی پێنچوێن تەماشا بکەی ئەو (3.000.000) ئەو سێ ملیۆنەش بۆ غەرامە کردن زۆر زۆرە، ئەکرێ (1.000.000) ملیۆنێك لایەنی کەمی دابنری و بەو مەرجەی تریان بهێلێتەوە ئەوکاتە دەسەڵاتی حاکم خۆیەتی کە ئەو زەویەی کە نرخێکی زۆری هەیە غەرامەیەکی زۆرتری بکا لە دەسەڵاتی ئەواندا دەبێت ،بەڵام بەو شێوەیە تەعامول بکری بە دڵنیایی زیانێکی گەورە بە تایبەتی بەو چین و توێژو فەقیرو هەژارەکانی کۆمەڵگەی ئێمە ئەگەیەنێت و تەئکید قسەی ئەو هاورێییەمان کە باسی لەوە کرد بە تایبەتی ئەوەی عارەبانەی سەرچادەکانەوە ئەوە ئیشکالێکی زۆر سەرەکی کۆمەڵگەی ئێمەیە شارەکانی ئێمەیە دەبی زۆر وریا بین لەمە تەنانەت ئەوان نارەزایی دەر دەبرن لەبەر ئەوەی رێگەیان پی نادری لەو شوێنانە کارو کاسبی خۆیان بکەن لە دۆخێکی ئابووری زۆر خراپی ئەوەی ئێستا کە ئێمە تێیدا ئەژین بۆیە دەبی لەوەشا تۆزێك بە حەزەرەوە تەحەمول بکەین نالێم هەمووبنەما یاساکانی خۆمانی بۆ تێك بدەین ، بەڵام لەو مەسەلەیە ئەبی تۆزێك بە حەزەرەوە تەحەمول بکەین و زۆر سوپاس .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز ئومێد حەمە علی .ئێستا داوا لە بەڕێز وەزیری شارەوانی دەکەم رەئی و سەرنج و تێبینی وەزارەتی شارەوانی وەزارەتی پەیوەندیدارەکان پێشکەش بکات .

**بەڕێز نەوروز مولود /وەزیری شارەوانی و گەشتو گوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

تایبەت بە تێبینیەکانی ئێمە وەك وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی دادیش بەهەمان شێوە و کشتوکاڵیش لە ماددەی (12)بڕگەی یەکەم کە تەحدیدی غەرامەکە کراوە ئەو (5.000.000) پێنج ملیۆنە کە حەدی کەمترینیانە ئێمە پێشنیار ئەکەین کە حەدی ئەعلاشی بۆ دیاری بکری ،بەڵام بە مەرجێك ئەو بڕگەیە هەڵبستی کە دەلی لە نرخی ئەو رووبەرەی زیادەرۆیی کراوەتە سەر لە کاتی روودانی زیادە رۆکە کە زیاتر نەبێت سزاکەی ئەمە دەبێتە رێگرو دەبێتە موشکلەیەکی گەورە بۆ جێبەجی کردنی لەبەر ئەوە تا دادگا تەقدیری دەکا، تا دادگا دیاری دەکا بە چەند و چۆن تەقدیری دەکا نرخی بۆ دادەنی ، ئەوە کار لە کارا دەترازی بۆیە ئەو بڕگەیە لاببری ئەگەر پێتان ئەکری پێتان باش بی حەدی ئەعلاکەی بۆ دا بنێن بۆ نمونە لە (20.000.000) بیست ملیۆن زیاتر نەبێت بۆ نمونە ،بەڵام ئەو بڕگەیە دەبی بە هەموو شێوازێك نەمینی لەبەر ئەوەی دەبێتە رێگر لە بەردەم جێبەجێکردنی بڕگەکانی ئەم یاسایە ئەمە خاڵی یەکەم .

خاڵی دووەم : کە ئەوە لە بیر کراوە لە کۆتایی بڕگەی دووەم دەبی بنووسری لادانی سەرپێچی کار لەسەر خەرجی خۆی بێتن دەبی ئەو بڕگەیە ئیزافە بکری لەگەڵ لابردنی زیادەرۆیی لەسەر خەرجی خۆی ئەوە لە کۆتایی بڕگەی دووەم. لە هەر دوو سێیەمیش بە هەمان شێوە لە یەکەم و دووەم هەمان شێواز دەبی ئەوەی لەسەر بی لابردنی تەجاوزەکە لەسەر خەرجی خۆی بێت .

سەبارەت بە بڕگەی (4)م کەم تەرخەمەکە کەدیاری کراوە دەلی هەر کەسێك کەم تەرخەم بێت لە بەجی گەیاندنی لە لابردنی زیادەرۆیی ئەوانەی ئەندامانی لێژنەن، بەڵام لێرە باسی سەرۆك لێژنەو سەرۆکی فەرمانگەو سەرۆکی یەکە ئیداریەکان و هەر فەرمانبەر دەبی

شـان به شـانی ئەو ئەنـدامانە سـزا بـدرێن ئەوانـیش دەبـی سـزایان بـۆ دیـاری بکـرێ، بـۆیە لێروکانە تەنها کورت نەکرێتەوە سزاکان تەنها لەسـەر ئەندامانی لێژنە نەبێ، بەڵکو دەبـی سـەرۆکی لیژنەکـان و سـەرۆکی یەکە ئیـداریەکان و بە هەمـان شـێواز سـزاکانیان بـۆ بنووسرێت و هەروەها سەبارەت بە رای نـاوخۆ پێیـان باشـە کەوا سزای سـەربازیش ئیزافە بکـری لە بـڕگەی (4)م سـزای سـەربازیش کە ئەوەی سـەربازەو سـزای بـۆ دابنرێـت کەم تەرخەمن راستە لە بڕگەی (5)مدا دیاری کراوە، بەڵام ئەوە بۆ کەم تەرخەم نیە ئەوە بۆ زیادەرۆکارە ئەگەر خۆی تەجاوز بکا ، بەڵام بڕگەی (4)م دەبـی لە سزایەکانیش دەبـی سزای سەربازیش زیاد بکری ئەوە تێبینی وەزارەتی ناوخۆیە .
لە بڕگەی سێیەمیش باسی تـاوان کـرا دەکری هەر تەسـمێکی دیکە وەکـو د.ڤاڵا ئاماژەی پێکرد هەروەها دەلـی ئەوەی بە هاوبەش دا دەنـری لەو تـاوانەی لە بڕگەی یەکەمیشی بۆ زیـاد بکـری تەنهـا دووەم نـا کە لە بـڕگەیەی یەکەم و دووەمـی ئەم ماددەیەدا هـاتووە بە هەمان سزاکەی سزا دەدرێت ئەوە وەکو تێبینیەکانمان لەسەر ئەو ماددەیە .
سەبارەت بە وەڵامی بەرێز کاك تەحسین ئەنـدام پەڕلەمان لەسـەر سـوئالێکی بەرامبەر بە ئێمە وەکو وەزارەتی شارەوانی کردی کە دەسەڵات لەسـەر موڵك و ماڵەکان چیەو چۆن زەویەك تەرخـان دەکرێـت بـۆ پـڕۆژەیەك ، بەڵـام ئیجرائـاتی لەگەڵ نـاکری یـاخود سـاحێب زەویەکە دەسـتی لەسـەر هەڵنـاگری زۆر راسـتە، بەڵـام ئەوە لەو حاڵەتـانە روودەدات ئەو زەویانەی کە تەسفیە نەکراینە کە موڵکی نە حکومەتەو نە هاوڵاتییە پێشتر کە میزانیە باش بوو بودجەی حکومەت باش بـوو زۆربەی پرۆژەکان بـۆ نمونە جادەو شەقام و مەکتەب و پـرۆژە خزمەتگوزاریەکان کە لە لایەن حکومەت ئەنجام دەدرا ئەگەر زەوی هاوڵـاتی بەگەڵ کەوتبـایە لەو شـوێنانە کە تەوسـیە نەکـراون ئەوە لە بـڕی ئەو مەبـلەغەی کە بـۆ پـڕۆژەکە دادەنـرا مەبلەغێـك بـۆ خاوەنەکـان دادەنـراو بۆیـان دەدرا یـاخود چەنـدین رێنمـایی لابەلـا هەبـووە بـۆ نمـونە ئەگەر هەر دۆنمێـك (200) م بـداتی بـۆ نمـونە لە پشـدەرو قەلـادزی رێنمایەکی تایبەتیان بۆ هەبوو بەو شێوازە چارەسەر دەکرا ،بەڵام ئەوانە هەموی راگیرا ئەو رێنمایـانە و بە هـۆی قەیرانـی دارایش رۆژ نەمـانی پـرۆژە ئەو حـاڵەتەی ئێسـتاکە زیـاتر بەر چـاوە ، خەڵـکەك هەیە ئەگەر مـولکی حکـومەت نەبـی و مـولکی هاوڵـاتیەکەش نەبـی لەوانەیە بەر بەسـت بـی لەبەر پـڕۆژەکە بکـاتن ئەوە کێشـەیە بە هـۆی نەبـوونی ئەو شوێنانەیە کە تەوسیە کراون هەنێکیشیان ئەگەر سەنەدیان هەبوبی بـۆ نمونە پرۆژە بـۆ سیاحە یاخود گەشتوگوزار ئەگەر سـەنەد بە نـاوی سیاحە بـوو مـولکیەتی زەویەکە حـوکم دەکات ئەگەر مـوڵکیەتی بەلەدیە بـووبی یاخود هـی گەشتوگوزار بێت یاخود هـی دارایـی بیت ئەوە جیهەتـی پەیوەندیدار لەسـەریتی مـولزەمە ئەوەی لەسـەری ئیعتراز دەکا پـرۆژە ئەنجام بدرێتن ئینجا ئیجرائاتی یاسایی بکرێتن ئەم حالەتانە هەبووە، بەڵام هەمـوی بەسـەر کرایە، بەڵام بە پێی توانا ئەوەی کێشەی هەرە زەقە ئەوەی ئاماژەی پێدا کـاك تحسـین ئەو مەنتیقانەیە کە تەوسیەیان نیەو سەنەدیان نیە زۆر سوپاس .

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سـوپاس بـۆ بەرێـز نەورۆز مولـود وەزیـری شـارەوانی بـۆ ئەو روونکـردنەوەیە کە رەئـی وەزارەتـی شـارەوانی بـوو وەزارەتـی نـاوخۆبوو وەزارەتـی کشـتوکاڵ بـوو وەزارەتـی داد بـوو سـوپاس، ئێسـتا بەرێـزان داوا لە لیـژنە پەیوەندیـدارەکان دەکەیـن دارشـتنێکی نـوی بـۆ ئەو مـاددەیە بـکەن بـۆ ئەوەی بخەیـنە دەنـگ دان نیصـابەکەش هەیە نەجـنە دەری تـا تەواو دەکەین بەلی ئێستا گوی بگرن فەرموو د.ڤاڵا.

**بەرێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەڕلەمان.**

بەشی سێیەم حوكمە سزایەكان : ماددەی (11)لەگەڵ پێشێڵ نەكردنی هەر سزایەكی توندتر كەوا یاسا بەركارەكان لە هەرێم دەقیان لەسەر كردووە .

1-هەركەسێك رەفتارێك لەو رەفتارانەی لە بڕگەی (1) ماددەی (4) ی ئەم یاسایەدا هاتووە ئەنجام بدات ئەوا بەبەندكردن بۆ ماوەیەك لە یەك ساڵ كەمتر نەبێت و بە پێژماردنێك لە (3.000.000) سێ ملیۆن دینار كەمتر نەبێت و لە (15)ملیۆن دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت .

2-هەركەسێك رەفتارێك لەو رەفتارانەی لە بڕگەی دووەمی ماددەی (4)ی ئەم یاسایەدا هاتووە ئەنجام بدات ئەوا بە پی بژاردنێك لە (500،000) پێنچ سەد هەزار دینار كەمتر نەبێت و لە (2.000.000) دوو ملیۆن دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت، و لە حاڵەتی گەڕانەوە سزاكەی دەبێتە بەندكردن بۆ ماوەی سی مانگ و پی بژاردنێك لە (2.000.000) دوو ملیۆن دینار كەمتر نەبێت و لە (4.000.000) ملیۆن دینار زیاتر نەبێت و لابردنی زیادەرۆكە لەسەر خەرجی زیادە رۆكار دەبێت .

3-خاوەنی ئەو مۆڵكە یان ئەو شوێنە یان ئەو كرێچیەی ئاسانكاری دەكات یان یارمەتی دەدات لە ئەنجامدانی زیادەرۆیی ئەوا بە هاوبەش دادەنرێت لەو رەفتارانەی لە بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە دا هاتووەو بە هەمان سزاكەی سزا دەدرێت .

4-هەر كەسێك لە سەرۆك و ئەندامانی لیژنەو كارمەندانی فەرمانگە پەیوەندیدارەكان كەمتەرخەم بن لە بەجێگەیاندنی ئەركەكانی لە رێگرتن یان لابردنی زیادەرۆیی ئەوا بە پێی یاسای بەرزەفتەكردنی فەرمانبەران رەفتاری لەگەڵدادەكرێت .

5-ئەگەر زیادەرۆكار فەرمانبەر یان راسپێردراو بە راژەی گشتی بێت یان یەكێك لە كارمەندەكانی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ یان هێزە جەكدارەكان بێت و سیفەتی خۆی لە ئەنجامدانی تاوانەكە و سوودهێنابێت استغلال یان ئاسانی كردبێت بۆ كەسانی دیكە ئەوا بە بارو دۆخی توندكراو دادەنری لە رەفتارەكانی هاتوو لە هەردووبڕگەی یەكەم و دووەمی ئەم ماددەیە .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی – جێگری سەرۆكی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سەرۆكی لیژنەی یاسایی بۆ خوێندنەوەی ئەم ماددەیە دیارە بڕگەیەك ماوە ئیزافە بكری فەرموو عمر عینایات .

**بەڕێز عمر عینایات حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەڕلەمان.**

پێم وایە جەنابی د.ڤالا یەك شتی بیر چوو لە بڕگەی یەكەما لەگەڵ لابردنی زیادەرۆیەكە لەسەر خەرجی خۆی لە دووەما دامانا لە یەكەما ئیزافەمان نەكردووە ، بۆ ئەوەی پێشی بخرێتە دەنگدانەوە یا بەسەرمانا نەچێت .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی – جێگری سەرۆكی پەڕلەمان:**

ئەو ماددەیە و ئەمن دەبینم هیچ تێبینیەكی لەسەر نیە خالی نیزامیە ؟ فەرموو كاك خەلەف .

**بەڕێز خەلەف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەڕلەمان.**

من لە ماددەی پێشوو قسەیەكم كرد لەسەر ماددەی پێشوو لە خاڵی پێنجەمی ئەم ماددەیە هاتووە بۆیە نەم ویست قسەی لەسەر بكەمەوە بەو ئومێدەبووم كە رێك بكرێتەوە بۆیە وەك خۆی ماوە ئینجا بۆیە قسە ئەكەم لە سەرەتاوە ناوم نە نووسی ، بەڕێز سەرۆكی پەڕلەمان ئەلی ئەگەر ئەنجامدەری تاوان فەرمانبەر یا راسپێردراو بە راژەی گشتی بێت یان یەكێك لە كارمەندانی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ بێت، ئەمە بەڕێز سەرۆكی لیژنەی شارەوانی و یاسایی بەراستی ئەم بابەتە ئەوەی كە ئێمە وتمان پۆلیسە

ئەزانی ئەینێری بۆ کارێك کە ئەو کارە شەئنی ئەو نیە دیفاع کردنە لە زیادە رۆیی رووبەرووی هێزەکانی تری پۆلیسی هاوری ئەبێتەوە وەك نمونە باسی بکەم هیچ سزایەك بۆ ئەوە دا نەنراوە بۆ نمونە من پۆلیسم لە یەکێك لە دەزگا فەرمیەکان بەر پرسەکەم ئەمرم پی ئەکا لەگەل گروپێکی تر ئەرۆم رووبەرووی هێزەکانی ئاسایش بومەتەوە یا رووبەروی موەزەفەکانی شارەوانی بومەتەوە کە چون بۆ ئیجرائاتکردنی قەزیەیەکی زیادەرۆیی ئیجرائات چیە لەگەڵ ئەمە بۆ من چیە؟ لەو بابەتەیا هیچ سزایەك بۆ ئەمە دانەنراوە بڕگەی پێنجەم ئەوەی لە بڕگەی پێنجەما هاتووە ئیستغلال کردنی مەنصەبە ئەمەی من ئەیلێم ئیستغلالی مەنصەب نییە بە تەنها پۆلیسێك ئامرەکەی فەرمانی پی ئەکا ئەچێت دیفاع لە زیادەرۆیەك ئەکا کە هێزەکانی تر هاتوون ئەو زیادەرۆیە لاببەن سزای ئەوە چیە سوپاس .

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

بەلی سوپاس بۆ بەرێز خەلەف احمد .کۆتایی روونکردنەوە لەلایەن لیژنەی یاسایی .

**بەرێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

کاکە ئیستغلال مەنصەبەکەی ئیستغلال دەکات بۆ ئەنجام دانی تاوانەکانی بڕگەی یەکەم و دووەمی ماددەی (4)ی یاساکە خۆ ئێمە نالێین لەسەر ئیستغلال کردنەکە سزا دەدرێت ئێمە دەلێین ئیستغلالی مەنصەبی خۆی دەکا بۆ چی بۆ ئەنجامدانی ئەو رەفتارانەی لە بڕگەی یەکەم و دووەمی ماددەی (4)می یاساکە داهاتوون کە ئەمە مەنعی دەکەین بەلی مەبەستمان ئەوەیەو سزاکەش بە زەرفی موشەدەدیشمان داناوە لێرە.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز د. ڤالا سەرۆکی لیژنەی یاسایی بەرێزان ئەم ماددەیە ئامادەیە بۆ دەنگدان بەو شێوازەی خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان ئەو ماددەیە فەرمووی د.ڤالا.

**بەرێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

لابردنی زیادەرۆکە لەسەر خەرجی زیادەرۆکار دەبی بۆ بڕگەی یەکەم و دووەمی ماددەی (11) زیاد دەکرێت.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

ئەوەش ئیزافەکرا بەو شێوازە ماددەکە هەمووی دەخەینە دەنگ دان ماددەی (11)ئەوەی لەگەلیەتی دەست بەرز بکا تکایە؟ (50)کەس بە پەسەند دەزانن ، ئەوەی دژە ؟(4)کەس دژن، ماددەکە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، ماددەی (12).

**بەرێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

هەرکەسێك کە کارێك لە کارەکانی نێوەندگیری یان دەلالی لەسەر ئەو زەوی و زاری خانوبەرانەی حوکمەکانی ئەم یاسایەی دەیان گرێتەوە ئەنجام بدا ئەوە بە بەندکردن بۆ ماوەیەك لە سی مانگ کەمتر نەبی و لە شەش مانگ زیاتر نەبی بە غەرامەیەك لە (5.000.000) پێنج ملیۆن دینار کەمتر نەبی و لە بەهای ئەو رووبەرەی زێدەرۆکەی کراوەتە سەرە لە کاتی روودانی زێدەرۆکە زیاتر نەبی سزا دەدرێ.

بەرێز سەرۆکی پەڕلەمان ئەوەی پەیوەستە کە دەلی لە بەهای ئەو رووبەرەی زێدەرۆکەی کراوەتە سەر لەکاتی زێدەرۆ زیاتر نەبی ئەوا بە مەبلەغ دایدەنێن و هەڵدەگیرێت.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی بەرێزان دەرگای گفتوگۆ لەسەر ماددەی (12) دەکەینەوە دیارە کەس نیە، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین، بەرێز وەزیری شارەوانی ئەگەر لەسەر ئەم ماددە روونکردنەوەیەك هەبێت.

**بەڕێز نەورۆز مولود / وەزیری شارەوانی و گەشتو گوزار:**
**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**
پشتگیری رایەکەی د.ڤالا دەکەین کە بە مەبلەغ دیاری بکری لێرە بەلام ئەو سی مانگەو شەش مانگە بە رەئی من حوکمەکانی زۆر کەمە پێویستە زیاتر بکرێتن لەبەر ئەوەی ئێمە دەلێین ئەو یاسایە بۆ رەدعە، بۆیە ئەگەر حوکمەکانی ئەو مادانە زیاتر بکری بە رای ئێمە باشترە ، سی مانگەکەو شەش مانگەکە بە رای ئێمە کەمە هەروەها وەزارەتی ناوخۆش داوادەکات کە پێشنیار دەکەن کەوا نوسینگەکان بەتایبەتی ناویان لێرە بێت مەکتەب عقارات کەئەوان زۆر تیجارەت بەو زەویانە دەکەن دەلی لێرە لە ناو قەوس بنووسن ئەمە دەلالیمان نوسیووە، دەلی نوسینگەکانی عەقارات دیاری بکری تەحدید بکری بۆ ئەوەی زیاتر تیجارەتەکە دەلالەکە لە نووسینگەی عقاراتەکانەوە دەکری ئەوە وەکو تێبینی ناوخۆیە.
**بەڕێز/جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان :**
سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری شارەوەانی نەورۆز مولود کە کە رای وەزارەتی شارەوانلی وەزارەتی ناوخۆ پێشکەش بە دانیشتنەکەی کرد، ئێستا لیژنە پەیوەندیدارەکان لە نێوان خۆیاندا، بەڕێز مامۆستا ملا غەریب.
**بەڕێز غریب مصطفی حمەخان:**
**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**
بۆ ناو هێنانی نوسینگەکان هەر لە پاڵ کەسێکا ئەوەش ئیزافە بکری هەر کەسی یا نوسینگەیەك تا کۆتایی هەر کەسێك یا نوسینگەیەك تۆ جاروا هەیە نوسینگەیەك زیاتر لە کەسێکی تیایە جاروا هەیە کەسێك دەیکا نوسینگەی نیە لەبەر ئەوە هەردووکی ئاوا باس بکری باشترە.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز مامۆستا ملا غەریب هەر ئەوەیە ئەو تێبینیە، راویژکاری پێویستە لە لایەن لیژنە پەیوەندیدارەکان روونکردنەوە لە لایەن بەڕێز د.بەهار.
**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**
**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**
داوای ئەوە کرا کە وشەی نووسینگە ئیزافە بکری ئەو وشەیە وشەیەکی قانونی نیە، بۆیە کە ئەلی هەر کەسێك کەسی مەعنەوی تەبیعی هەیە، کەسی مەعنەویش هەیە خۆ ئەو نووسینگانە کەسی مەعنەوین یەعنی ئیتر ئەیگرێتەوە بۆیە ئەگەر ئیزافەش بکری رێگریەك نیە، بەلام موستەلەحێکی قانونی نیە زیادەیە .
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**
بەڕێز د.ڤالا سەرۆکی لیژنەی قانونی فەرموو.
**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**
لێرانە کە دەلێین هەر کەسێك کارێك لە کارەکانی نێوەندگیری یان دەلالی بکا مەبەستمان لە دەلالی زیاتر لێرە عورفە نووسینگەکانی کڕین و فرۆشتنە بۆ ئەوە بچێتە ناو پرۆتۆکۆل کاتی گەرانەوە بۆ تەفسیر کردن بزانن ئەوانەی کە تەتبیقی دەکەن ئەمە مەبەستمان لە دەلالی لێرانە زیاتر ئەوانن لە نووسینگەکانی کڕین و فرۆشتن کار دەکەن بۆیە ماددەکەمان دارشتۆتەوە بەم شێوەیە دیخوێنینەوە .
ماددەی (12) : هەرکەسێك رەفتارێك لە رەفتارەکانی نێوەند گیری یان دەلالی لەسەر ئەو زەوی و زارو خانوبەرانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیان گرێتەوە ئەنجام بدات ئەوا بە بەندکردن بۆ ماوەیەك لە شەش مانگ کەمتر نەبێت و لە سالێك زیاتر نەبێت و بە پی

بژاردنێك له (5.000.000) پێنج ملیۆن دینار كەمتر نەبێت و له (3.000.000) سێ ملیۆن دینار زیاتر نەبێت و سزا دەدرێت .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی – جێگری سەرۆكی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سەرۆكی لیژنەی یاسایی بەڕێزان من وا دەبینم هیچ تێبینیەك نیە ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان كێ لەگەڵدایە؟ (54) كەس لەگەلیدان ،ئەوەی دژە؟ كەس نیە، بە كۆی دەنگ پەسەندكرا .

ماددەی (13):

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەڕلەمان.**

ماددەی (13) : هەر فەرمانبەر راسپێردراوێك به راژەی گشتی ڕەزامەندی بنەمایی بدا یان یارمەتی بدا یا نێوانگیری بكا له پێناو دابینكردنی ئاو یان كارەبا یان خزمەتگوزاری دیكه بۆ ئەو زەوی و زارو خانوبەرانەی حوكمەكانی ئەو یاسایە دەیان گرێتەوە ئەوا بە بەندكردن بۆ ماوەیەك له شەش مانگ كەمتر نەبێت و له یەك ساڵ زیاتر نەبێت سزا دەدرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی – جێگری سەرۆكی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سەرۆكی لیژنەی یاسایی بۆ گفتو گۆ لەسەر ئەم ماددەیەی نیە ، ماددەكە بەو شێوازەی خوێندرایەوە بەڕێز وەزیری شارەوانی تێبینی نیە ، سوپاس بۆ وەزیری شارەوانی لیژنە پەیوەندیدارەكان نیە ، ماددەكە بەو شێوازەی خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان كێ لەگەڵدایە؟ (57)كەس لەگەلیدان ،ئەوەی دژە؟ كەس نیە ،بە كۆی دەنگ پەسەندكرا، ماددەی (14).

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەڕلەمان.**

ماددەی (14) :

1-نابێت تۆمەتباری زیادەڕۆكار بە كەفالەت یان بە بێ كەفالەت لە هەردووك قۆناغی لێكۆلینەوەی سەرەتایی یان دادگایی كردن ئازاد بكرێ.

2-تۆمەتباری زیادەڕۆكار سودمەند نابێت له حوكمەكانی ئازادكردنی مەجدارو راگرتنی جێبەجێكردن ، هەروەها له دوای تەواوبوونی ماوەی حوكمدانیشی ئازاد ناكری ، تەنها ئەگەر لەسەر تێچوی تایبەتی خۆی زیادە ڕۆكە لا ببات.

3-بڕیار یان حوكمی دەر كراو له دادگا سزاكاریەكان بە ئازادكردن یان بێ تۆمەتی یان نابەر پرسیەتی هیچ ئاسەوارێكی نابێت لەسەر لابردنی زێدەڕۆیەكە .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی – جێگری سەرۆكی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سۆرۆكی لیژنەی یاسایی بۆ گفتوگۆ لەسەر ماددەی (14) دەرگای گفتوگۆ دەكەینەوە دیارە سێ بەڕێز داوا دەكەن فەرموو د.فرسەت ،دواتر تەلارلطیف، دواتر ئاری عبداالطیف، فەرموو .

**بەڕێز د.فرسەت سۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەڕلەمان.**

له قانونی ئصولی محاكەمات باسی ئیفرادی شەرتی كردووە و تەنانەت بۆ قەتل یان جەرائیمی گەورە له زەرفی موشەدەدیش مەشموله بە ئیفرادی شەرتی چۆن دەكری لێرە كه حەپسە یانی مەشمول نەبی بە ئیفرادی شەرتی ،بۆیە من پێم وایە ئەوە موخالیفی مەبادئی عامە ئەم ئازادكردنی مەرجدار هەڵبگرن.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی – جێگری سەرۆكی پەڕلەمان:**

تەلار خان فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەڕلەمان.**

من پێم باشە ئەم ماددەیە هەر لاببری لەبەر ئەوەی ئەمە تەدەخولە لە سوڵتەی قەزائی و وە هیچ صلاحیەتێك بۆ ئەو دادوەرە ناهێڵێتەوە ئەمە جگە لەوەی پێشەڵکاریە بەرامبەر بە مافی مرۆڤیش ،چونکە تۆ ناکری صلاحیەت تۆ یاسا رێکی خستووە کێن ئەوانەی بە کەفالە بەر ئەبن و کێش کەفالە شمولی ناکات ئەمە لە لایەك ، لە لایەکی ترەوە ئەوەی کە پەیوەندیدارە بە ئیقاف تەنفیزو بە بەربوونی بە مەرجدار ئەمانە هەمووی بە یاسا و د.فرسەتیش ئاماژەی پێکرد رێکخراوە یەعنی ناکری تۆ بێی لەماددەیەکی ئاوا پێشەڵکاری یاسا هەبی و لە بڕگەی سێهەمیشا لە کاتێکا لە بڕگەی سێهەما لە ماددەی (11) کە ئێستا بۆتە ماددەی (11) تۆ لەو بڕگەیا هەمویت خستۆتە سجنەوە یەعنی تۆ شمولی کەفالەش نەکەن و بە هیچ شێوەیەك مافی بەربوونیان نەبی هەتاکو ئەو زیادەرۆیەو دۆسیە یەکلا ئەبێتەوە ئەوە بەراستی ئێمە کێشەی یاسایی بۆ دادگاکان لە روی تەنفیزەوە لەروی جێبەجێکردنەوە کێشە دروست ئەبی ئەمە دوای ئەوەی لە سجن بی کی ئەو زیادەرۆیە لا ئەبا، ئەمانە کۆمەڵێك گرفتی یاسایی دروست ئەکا، بۆیە پێویستە لەسەر ئەو ماددەیە یان لا ببری یان رێك بخرێتەوە زۆر سوپاس؟

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز تەلار لطیف ئێمە یەك بەرێزی تر ماوە ئەندامی پەڕلەمان با ئەویش قسەی خۆی بکات بەرێز کاك ئاری ئینجا دێینە لای لیژنە پەیوەندیدارەکان.

**بەرێز ئاری عبداللطیف موولود.**

**بەرێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

لە خاڵی یەکەم و دووەما دەستەواژەی تۆمەتباری زێدەرۆکار هاتووە هەست ئەکەم یا باش نەبی یا تەواو نەبی هەڵەبی بکری بە زیادە رۆکاری بەندکراو، چونکە ئێمە باسی بەندکردن ئەکەین تۆمەتباری زیادە رۆکار هەست ئەکەم باش نەبی هەر لە دووەم خاڵیشا هەر دووبارە هەم هاتۆتەوە تۆمەتباری زێدەرۆکار ببی بە زێدەرۆکاری بەندکراو لە کۆتایشا لە خاڵی دووەما ئەلی تەنها ئەگەر لەسەر تێچوونی تایبەتی خۆی زێدەرۆیەکە لاببات ئەوە رێکی کا بکری بە ، ئی باشە هەڵەیە بکری بە ئەوکاتە نەبی کە لەسەر ئەرکی خۆی زیادەرۆکە لادەبات، نا سەیری کە ئەوکاتە نەبی کە لەسەر ئەرکی خۆی زیادەرۆیەکە لا دەبات ئەمە لە رووی رێزمانیەوە سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس کاك ئاری ئەگەر ئەو تێبینیە بنووسی بنێری بەرێز د.ڤالا.

**بەرێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

من پشتگیری لە پێشنیارەکەی بەرێز تەلار خان دەکەم و داوا دەکەم ئەو ماددەیە هەڵبگیرێت.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز د.ڤاڵا، فەرموو د.بەهار.

**بەرێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەرێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

منیش بە هەمان شێوە پشتگیری لە پێشنیارەکەی تەلار خان ئەکەم و داوا ئەکەم لا ببرێت.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەرێز عمر عینایەت حمە سعید:**

**بەرێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

ئەوە هەڵبگیری هەرکەس بەکەفالەت بەربی ئەم یاسایە دەر نەچێت باشترە بە رای من یاساکە دەر نەکەن ئەو کەسەی زیادەرۆی کردوو بەکەفالەت بەربوو ئیتر مەسائیلی قانونیە یان نا ، ئێمە گیرمان بەدەست قانونی (548)تا ئەخیر قانونی (87)وە خواردووە لەبەر ئەوەی زیادەرۆکار دوو رۆژ حاکم سجنی کا دێتە دەرەوە وەکو بەرزێکی باران بۆخۆی ئەگەرێت مسەلەحەکەش تی ئەکاتوو کۆتایش دێت و حوکمیش نادری لەبەر ئەوە بە رەئی من ئەگەر ئەوە لابری یاساکە بپێچنەوەو دەری مەکەن سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز عمر عینایات ئێستا داوا دواتر ئێستا دێینە سەر ئەوەی کە زیاتر رەئی جەنابی وەزیر وەر دەگرین بەس بۆ ئەو خاڵە نیزامیە دواتر وەر دەگرین ئێستا داوا لە بەرێز وەزیری شارەوانی دەکەین رەئی وەزارەتی شارەوانی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان فەرموو.

**بەرێز نەورۆز مولود / وەزیری شارەوانی و گەشتو گوزار:**

**بەرێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

بەلی رەئی ئێمەش بەرێز سەرۆکی پەڕلەمان ماددەی (14) فیعلەن ئەوەی کە کاك عمر گۆتی ئەوەی کە تێدانەبی فیعلەن یەعنی هیچ شتێکمان نەکرد ئەو ماددەیە بمینی ، بەڵام ئێمە دەلێین هەر کەفالەتو بی کەفالەتەکە زیادە پێویست ناکا تۆمەتباری زیادەرۆکار لە هەردوو قۆناغی لێکۆلینەوەی سەرەتایی یا دادگایی کردن ئازاد بکرێ، نابی ئازاد بکریی پێویست ناکا کەلیمەی کەفالەتو بی کەفالەتی تێدابی پێویست بەو دوو کەلیمەیە ناکاتن، جونکە خۆی خەڵك خۆی کە بەر نەبوو بە کەفالەت بی یان بی کەفالەت بی ئەصڵەن ئازاد ناکرێتن ئەو بە کەفالەتەو بی کەفالەتە زیادە، بەڵام ئەو بڕگەیە زۆر زۆر زەروریە ئەگەر لا بدری فیعلەن قسەکانی کاك عمر دووبارە ناکەمەوە کەواتە هیچ رەدعێك نامینی لەو یاسایەدا ئەو یاسایە بۆ رەدع دامان ناوە هەر ئەوەیە ئەوەش لا بدری وابزانم غەڵەتەکە لاببا تەنها لا نەبات زۆر سوپاس ئەوە رەئی من بوو.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز وەزیری شارەوانی کە رەئی وەزارەتی شارەوانی وەزارەتە پەیوەنیدارەکانی پێشکەشکرد. بەرێز تەلار لطیف فەرموو.

**بەرێز تەلار لطیف محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

هەرکەسێك لە مەرحەلەی لێکۆلینەوە یا دادگایکردنا کاتی بە کەفالە بەر ئەبی مانای ئەوە نییە تۆ تۆمەتت لەسەر هەڵگیراوە تۆ مەرحەلەیەکی کە هەیە ئەگەر تەسبیت بو بەسەریا فیعلەن تەجاوزەکەی کردووە ئەوە مادەی (11) عقوبەکانی ئەوی بەسەرا تەسبیت دەبی ئەمە لە لایەك لە لایەکیکە تۆ دادوەر راستەوخۆ بریارئەیا بە راگرتنی ئەو تەجاوزە کە تۆ بریارت دا بە راگرتنی تەجاوزەکە کەواتە ناتوانی جارێکیکە تەجاوز بکاتەوە هەتاوەکو رێکارە یاسایەکان نەبێ، بەڵام تۆ لێرەیا بەراستی ئەوە تەدەخولە لە ئیشی دادوەر و ئەبێتەهۆکارێك بۆ بارگرانی بەسەر دادگاکانەوە و حەتا چاك سازیەکانیشەوە و ئەمە جگە لەوەی دژی بنەماکانی ئەو یاسایانەیە دژە یاساکانی بنەمای مافی مرۆڤە و زۆر سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز تەلار خان رەئیەکی تر وەر دەگرین بەهار خان ئینجا دێین بە شێوەیەك لە شێوەکان بە دەنگدان یەکلای دەکەینەوە.

**بەرێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەرێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

ئێمە یاسایەکمان هەیە ناوی (أصول محاكمات جزائيه)یەعنی بنەماکانی دادگەری سزایی لایەنی ئیجرائاتی سزایی بۆ رێك خستووین واتا ئێمە لە ئەم یاسایانە دەری ئەکەین و بۆمان هەیە لە رووی مەوزوعیەوە کە قانونی عقوبات دەگرێتەوە لە رووی مەوزوعیەوە بۆمان هەیە ئیستحداسی جەریمەو مەوزوعی بکەین ، بەڵام لە رووە ئیجرائیەکەوە بۆمان نیە یەعنی ئیستحداسی ئەو ریکارانە تێك بدەین با وەکو ئەوکاتەمان لی نەیەت کە لە یاسای عەفووعامەکەیا سی جار وتم ماددەی (305) ئەلی کە عەفوی عام دەرچوو دەبی ئیجرائاتی حەقیقی بوەستێنری ئەوەتا مەحاکم رەخنەمان لی ئەگری لەمەشا عەینەن شت ئوصولی محاکەماتە ئیفرادی شرتی و کەفالەو ئەو شتانە تەنزیم کراوە، بۆیە لادان لەوە پێم وایە کە پێچەوانەی یاسای ئێمەیە بەلکو دەلی لە لیژنەی یاسایی خۆمان واژۆمان کردووە بەس بەسرمانا تێپەریوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز د.بەهار .ئێستا ئێمە لە بەردەم دەنگدانین یەکەم لەسەر ئەوەی ئەم ماددەیە هەموو لاببرێت بەرێز د. ڤاڵا بەلی فەرموو د.رێواس.

**بەڕێز رێواس فائق حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

بڕگەی سێیەم ئەلی بڕیار یان حوکمی دەرکراو لە دادگا سزاکاریەکان بە ئازادکردن یا بی تۆمەتی یان نا بەرپرسیارەتی هیچ ئاسەوارێکی نابی لەسەر لابردنی زیادەرۆیەکە ، بە رەئی من ئەوە بمێنێتەوە، بەڵام باشە بۆچی؟ یەعنی هیچ پەیوەندی بە دوانەکەی ترەوە نیە یەعنی ترسی ئەوە هەیە یەکێك بلی من بەرائەتم وەرگرت بۆ نمونە عەمدەن ئەوەی نەکردووە کەسێك عەمدەن تەجاوز ناکا، بەڵام فیعلەن تەجاوزی کردووە لەوانەیە مەترێك جوبێتە پێش موهەندیس بۆی کردووە ئیسپاتی ئەکا کە ئەمە جەریمە، نیە تاوان نیە ،یەعنی لە رووی جەزائیەوە بێتاوان دەر ئەچی ، بەڵام لە رووی واقیعی و مادیەوە ئیشەکەی کردووە لەبەر ئەوە ئەو فەقەرەیە بمێنێتەوە بە رەئی من سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ د.رێواس. ئێستا داوا لە لیژنە پەیوەندیدارەکان دەکەین راوێژکاری لە نێوان خۆتاندا ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی بە شێوازی دەنگدان بەرێزد.ڤاڵا .

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

بڕگەی یەکەم و بڕگەی دووەم لە ماددەی (14) دا زیاتر لە (3) کەس پێشنیاری کردووە کە هەڵبگیرێ، بەڵام وەزیری پەیوەندیدار لیژنەی تایبەتمەند داوا دەکا بمێنێتن، داوا لە جەنابتان دەکەم بە هەڵگرتنی بڕگەی یەکەم و بڕگەی دووەم لە ماددەی (14) بخرێتە دەنگدان بۆ ئەوەی دواجار یەکلای بکەینەوە .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

بەرێزان ماددەی (14) بڕگەی یەکەم و دووەم دەخەینە دەنگدان ئەوەی لەگەڵیدایە ئەو دوو بڕگە نەمێنێت ئیلغا بکرێن بڕگەی یەکەم بڕگەی دووەم لە ماددەی (14) کەوتە دەنگدان با تەواوی بکەین دووبارە دەکەین خالێکی نیزامیش هەیە فەرموو کاك فرسەت .

**بەڕێز فرسەت سۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

چەندین جارە شت لەو قاعەیا بەسەرماندا رەت دەبێت سیستەمی قەزائی لە عێراق و لە کوردستان دارێژراوە، من گوتم ئیفراد شەرتی مەسەلەیەکە مەبدئە لە قانونی ئوصولی محاکەمات باس کراوە ، چۆن تۆ پاش ئەو روونکردنەوانە دەیخەیە دەنگدان یەعنی مەبدەئە ئێمە ئێستا ئەگەر دەستکاری ئەو سیستەمی قەزائی و ئوصولی محاکەماتی

جەزائیمـان کـرد ئـێمە دەسـتکاری ئیجرائاتەکـانی تەحقیـق مراحەلاتەکـانی تەحقیقمـان کـرد ،چونکە هەتا دەگاتە مەرحەلەی تەعن و کۆتـایی هەمـووی مەرحەلەیە لە دوای یەك هـاتوە ،چۆن ئێمە ڕێگە بە خۆمان دەدەیـن لەسـەر مەسـەلەیەك کە ئێسـتا روونمـان کـردەوە چەنـد بـرادەری قـانونی قسـەیان کـرد ئـێمە دەلێـین ئەمە موخـالیفی قەواعیـدی عـامی ئوصـولی محاکەماتی جزائیە ، بۆیە ئەم مەسائیلانە ناخرێنە دەنگدان بەرێز سەرۆکی پەڕلەمان .

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

کاك دکتۆر فرسەت تۆ لی حالی نەبوی وا پێشنیار کرا بڕگەی یەکەم و دووەم لا ببرێن خۆی دەبێتن بیخەینە دەنگدان ، یەعنی چۆن یەکلای بکرێتەوە بەرێز تەلار لطیف .

**بەرێز تەلار لطیف محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

تکایە ئەم مـاددەیە بەراسـتی زۆر زۆر حەساسـە مـن پـێم سـەیرە وەزیـری داد بە وەکـالەت لەگەڵ ئەو ماددەیا وەکو خۆی بمینێتەوە ،چـونکە ئەمە گرفـت دروسـت ئەکا لە کـاتی جێبە جێکردنی ئەو یاسایە ودژی ڕێکارە یاسایەکانی ئصول محاکەماتی جەزائیە، بۆیە تکایە ئـێمە هەموومـــان لەگەڵ ئەوەدایـــن زیـــادە رەوی نەمینـــی هەمووممـــان لەگەڵ ئەوایـــن ڕێکـــارە یاسـاکان بگیـرێتە بەر ، بەڵام لە چـوار چێـوەی یاسـایە نەك لە پەڕلەمـانەوە یاسـایە دەرچـی دژی بنەمـــا ئەساســـیەکانی یاســـاکان بـــی بـــۆیە ئەمە کێشـــە دروســـت ئەکـــا نـــاکری لە مەرحەلەیەکـی تەحقیقـا ئاکارێـك مـامەڵەبکری لە مەحکەمەیەکـی کە بە شـێوازێکی دیـکە قۆناغی تیـا ئیشـکری ئەمە زۆر گـرنگە تکـایە داوا لە پەڕلەمـانتارەکـان ئەکەم یەعنـی لە رووە قانونیەکەوە سەیری بکەن نەك بە عاتیفەو تەنها لە بەر پرۆژەیەك سوپاس .

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز تەلارخان ئێستا دەزانی چۆنە بەرێز ئامینە زکری

**بەرێز ئامینە زکری سعید:**

**بەرێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

هەر تشـتەك دژی قەواعـدێت یاسـایی بیـت، قەواعـدێت عـام بیـت ئۆتـۆمـاتیکی ئێکلاکرن پێنەڤێت ناچیتە دەنگدانێدا، نەچۆنا دەنگدانێ ئێکلاکرنا بابەتییە، سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

بەرێز وەزیری شارەوانی خاتوو نەورۆز مولود فەرموو.

**بەرێز نەورۆز مولود / وەزیری شارەوانی و گەشتو گوزار:**

**بەرێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

ئەنـدامە پەڕلەمـانە بەرێزەکـان لێـژنە یاسـایەکان ئەمە رەئـی خۆمـان وەکـو تێبینـی و وەکـو مەعانـاتی خۆمـان لەو کێشـەیەدا هەیتمـان کە دەلێـین ئەوە کێشـەکانە لەوانەیە رۆژێـك لە رۆژان هەر یەکەك لە ئێوە ببن بە وەزیـری شـارەوانی لەوانەیە دووقـاتی ئەو کێشـانە زیـاتر بەرەو رووتـان دەبـتەوە هەوڵ دەدەن چارەسـەری بـکەن ، بەڵام ئەگەر لە رووی یاسـایەوە کێشە دروست دەکا ئەمە ناتوانین فەرز بکەین رەئی خۆمان بلێین لە رووی یاسایەوە ئەگەر دەزانن لە روی یاسایەوە کێشەی هەیە ئێمەش یاساییەنو ئێمەش پاڵپشتی رەئیەکەی ئێـوە دەکەین ، بەڵام ئەمە وەکو تێبینی ئەگەر کێشەی یاسایی نەبوایە ئەمە پێمان باش بـوو ئەو بڕگەیە بمێنی ئەگەر دەزانن تەعاڕوز دەکا لەگەل ماددەی یاسایەکانی ترو لەگەڵ قەواعدی یاسایی تر و ئەکید ئەمەش لەگەڵ نینەو نامانەوی یاسایەك دەرچی بڕگەیەك کەوا تەعاروز بکا لەگەڵ بەشە یاساکانی تـر وەکـو تێبینـی بە نـاوی هەر چـوار وەزارەتـی سـوپاس بەلـی وەکـو وەزارەتـی عەدلـیش بەرێـز سـەرۆکی پەڕلەمـان وەزارەتـی عەدلـیش پـێی باشـە ئەو حوکمانە با جێبەجی نەکری ئەگەر بە مەرجێك لا بدرێتن ئەو شەرتەیان هەیە ئەو مەرجەیـان

هەیە بە مەعناو بە کەفالە بەر نەبی هەتا تەجاوزەکە لا دەباتن ئەگەر بەڵگەیەکی لەو شێوازە دابرێژرێتەوە بۆ ئەوەی لە رووی یاسایەوە وەکو وەزارەی عەدل پێشنیار دەکەن.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز وەزیری شارەوانی و رەئی وەزارەتی شارەوانی کشتوکال ناوخۆ داد پێشکەشی کرد، ئێستا چاوەروانی لیژنەی یاسایین بە شێوازی کە پێچەوانەی قەواعیدە عامەکە نەبیتن دەیخەینە دەنگدان فەرموو.

**بەرێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (14) :

یەکەم : نابی تۆمەتباری زیادەرۆکار لە هەردوو قۆناغی لێکۆلینەوەی سەرەتایان یان دادگایی کردن ئازاد بکری تا زیادەرۆکە لا دەبات.

برگەی دووەم : هەڵبگیرێت.

برگەی سێیەم : ببی بە دووەم : بریار یان حوکمی دەرکراو لە دادگا سزاکاریەکان بە ئا زاد کردن یان بی تۆمەتی یان نا بەرپرسیاریەتی هیچ ئاسەوارێکی نابی لەسەر لابردنی زیادەرۆکە .بەو شێوەیە باشە.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەو شێوازەی خوێندرایەوە من وا تێگەیشتم هیچ تێبینیەك نەماوە ماددەکە بەو شێوازەی خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان بەو شێوازەی خوێندرایەوە کی لەگەڵیدایە تکایە دەست بەرز بکاتەوە ؟ (42) کەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە ؟ کەس نیە بە کۆی دەنگ پەسەند کرا. ماددەی (15).

**بەرێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (15) کەسی زێدەرۆکار دەبوردرێت لەو سزایانەی لەم یاسایەدا هاتوون ئەگەر هەواڵ بداتە لایەنە تایبەتمەندییەکانی زیادەرۆیی لەسەر روودانی زیادەرۆیەکەو لە ماوەی (15) رۆژ لە رێکەوتی هەواڵدانەکە هەڵسا بەلابردنی بەو مەرجەی ئەو لابردنە بە نوسراوێکی فەرمی لەم لایەنانە پشت راست بکرێتەوە .

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی . بەرێزان بۆ گفتوگۆی ماددەی (15) دەرگا دەکەینەوە کەس نیە بەس کاك د.فرسەت و کاك د.سرود و کاك د. عزت صابر .

**بەرێز د. فرسەت صۆفی علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (5)برگەی (4) لە هەموو حالەتەکان (48) کاتژمێر دیاری کراوە کە ئەگەر ئینزار کراو ئاگادارکرایەوە لەو کاتە جیهەتی پەیوەندیدار دی زێدەرۆکە لا دەبات بۆیە لە خیلالی دوای (48)کاتژمێر بە پێی ئەو قانونەی کە دەنگمان لەسەردا لە ماددەی (5) دەبی زێدەرۆیەکە نەمابی لێرە (15) رۆژ دیاری کراوە (15) رۆژ بۆ عدول بۆ ئەوەی پەشیمان بێتەوە لەو جەریمەی کە کردوویەتی لێرە تەناقوزێك دروست دەبی ،جونکە تۆ لەولای لە هەموو حالەتەکان لە (48) کاتژمێر هەڵتگرتووە و یان دەبی بکرێتە (48) کاتژمێر ئەو (15) رۆژە یان هەر زیادە ئەوە، بۆیە پێشنیاز ئەکەم ئەگەر لەو ماوەی کە قانون دیاری کردووە لە ماددەی(5) لەو (48)سعاتە خۆی هات پەشیمان بۆوە ئەوە باشە، ئەگینا (15) رۆژەکە

تەجاوزەکە هەردەبی نەمابی ئەگەر نا دیارە باوەرمان بە ماددەکەی نەکرد پێشتر دەنگمان لەسەردا سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز د.فرسەت هەردوو بەرێزی تر وەر دەگرین ئینجا رەئی لیژنەکان بەرێز د.سرود.

**بەرێز د. سرود سلیم متی:**

**بەرێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

بە نسبەت ئەو یاسایە هەتا ئەو ماددە قورسایەتی زۆر تیایە عقوباتی زۆر زۆر باشی تیایە نیازی ئەوش هەمووی کە رێگرێکی جوان دابنێین لەبەردەم ئەوەی دەیەوی تەجاوز بکا ،بەڵام ئەم ماددە ماددەی (15) زۆر مەتاتیەتی تیایە بە تەسەوری من بە تێگەیشتنی من دەبێتە نوقتە زوعفی ئەو قانونە (15) رۆژ زۆر زۆرە لەبەر ئەوە کە دەلی بیدایەتی مادە دەلی کەسی زیادەرۆکار یەعنی کابرا تەسنیف کراوە کە تەجاوزی کردیە ئەوجا نیەت پاکی و مەحسوبی مەنسوبیەت و تەعامول لەگەڵ لیژنەو مەجالی بدەنی دەرفەتی بدەنی بە تەسەورم ئەو نوقتە دەبتە نوقتە زوعفی ئەو قانونە پێشنیار دەکەم هەر لابدری بە یەك جاری زۆر سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

د. عزەت فەرموو.

بەرێز د.عزەت صابر اسماعیل:

بەرێز سەرۆکی پەڕلەمان.

من لەگەڵ ئەوەم بمێنێتەوە ، بەڵام نیوە دێری ئەخیری ئەو لابردنە بە نوسراوێکی فەرمی لەم لایەنانە پشت راست بکرێتەوە روون نیە، لایەنەکان کێن، سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز د.عزەت.

**بەرێز عمر عینایەت حمە سعید:**

**بەرێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

ئەو ماددەیە بۆ ئەو زیادەرۆیانە دیاری کراوە کە لایەنی پەیوەندی دار فەرمانگەکان پێیان نەزانیوە بەسەریانە تێپەری کردووە ئینزار نەکراوە خۆشی ئاگادارنەکراوەتەوە ئەگەر توانی لەماوەی (15) رۆژا خۆی بێت یەعنی ئەو بڕگەی باسی (24)سعات و (48)سعاتەکەمان کردووە ئینزار نەکراوە پێی نەزانراوە بۆ سەر حکومەتا تێپەری کردوە ، بەڵام خۆی دی دەلی کاکە من زیادەرۆیەکم کردووە لە شوێنێکی دوورە دەستایە وەرن کاکە ئەوە زیادەرۆکەیە مەبەستی سەرەکی ئەم بڕگە ئەوەیە پشتگیری جەنابی د.عزەت دەکەم بۆ پشتراستکردنەوەی لە لایەنی پەیوەندیدار ، ئەوانەی بە سەر دائیرەکانا تێپەری کردووە نەیان زانیوە سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز عمر عینایەت . بەرێز وەزیری شارەوانی.

**بەرێز نەورۆز مولود / وەزیری شارەوانی و گەشتو گوزار:**

**بەرێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

تێبینیمان نیە لەسەر ئەو بڕگەیە سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزتان فەرموو بەڕێز لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

ماددەی (15) زیادەڕۆکار دەبوردرێت لەو سزایانەی لەم یاسایانە دا هاتوون ئەگەر هەواڵ بداتە لایەنە تایبەت مەندیەکانی زیادەڕۆیی لەسەر ڕوودانی زیادەڕۆیەکەو لە ماوەی (15) رۆژ لە رێکەوتی هەواڵدانەکە هەڵسا بە لابردنی بەو مەرجەی ئەو لابردنە نوسراوێکی فەرمی لە لایەنی پەیوەندیدار پشت راست بکرێتەوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

من وا دەبینم کە هیچ تێبینیەك نیە ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان کی لەگەڵدایە؟ (40) کەس لە گەلیدان ئەوەی دژە؟ (5) کەس دژن، ماددەکە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

ماددەی (16): یەکەم: ئەگەر کردارێك لە لایەن ئەندامانی لیژنە لە کاتی جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەی پەیوەستە بە لابردنی زیادەڕۆیەکان ڕوویدا ئەوا بە تاوان دا ناندرێت لەگەڵ رەچاوکردنی حوکمەکانی ماددەی (40) ی یاساکانی سزای عێراقی ژمارە (111)ی ساڵی (1969)ی هەموارکراو.

دووەم : ئەندامانی لیژنە ئەو زیانانە گرەنتی ناکەن کە لەوانەیە لەکاتی لابردنی زیادەڕۆیی دووچاری کەسی زیادەڕۆکار ببن لەگەڵ رەچاوکردنی حوکمەکانی ماددەی (215) بڕگەی (2) لە یاسای مەدەنی عێراقی ژمارە (40)ی سالی (1951) هەموار کراو.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی بەرێزان بۆ گفتوگۆی ئەم ماددەیە دەرگا دەکەینەوە.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تالەبانی – سکرتێری پەڕلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

ئەوبەرێزانە داوای گفتوگۆیان کردوە (تحسین اسماعیل – رێواز فایق – تەلار لطیف – خلف احمد – شکریە شێخانی – د.پەری – سۆران عمر – ئومێد حمە علی – پەروا علی)

سوپاس.

**بەڕێز/جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان :**

سوپاس بۆ بەرێز بێگەرد تاڵەبانی سکرتێری پەڕلەمان . روونکردنەوەیەك لە لایەن بەرێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

بۆ بڕگەی یەکەم لیژنەی یاسایی پێشنیار دەکات کە ئەوە ئیزافە بکری ئەگەر رەفتارێك بە مەبەست نەبێت لە لایەن ئەندامانی لیژنە لە کاتی جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەی پێویستە بە لابردنی زیادەڕۆکان ڕوویدات ئەوا بە تاوان دا ناندری واتا خەتەئێك کاتێك لە دەستیان ئەنجام دەدری بە تاوان دانانری ئەما جەرائیمی مەقصود ئەوا محکومە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

یانی بە ئیزافە کردنی ؟ بی مەبەست، سوپاس بۆ ئەو روونکردنەوە بەرێزان دەست بە گفتوگۆ دەکەین بەرێز تحسین اسماعیل.

**بەرێز تحسین اسماعیل احمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکەی من هەر بڕگەی یەکەم بوو کە وازح نەبوو سوپاس بۆ د.ڤاڵا.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. رێواس.

**بەرێز د. رێواس فائق حسێن:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ روونکردنەوەی زیاتر بۆ بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان ،چونکە ئێمە حەقی ئەوەمانییە کارێك کە تاوانبی بۆ نمونە، یەکێك بکوژێ ئێمە بلێین ئەمە یەعنی بە تاوان ئەژمار ناکرێ، بەڵام ئیعتمادکردن لەسەر ماددەی (40) لە یاسای سزادنی عێراقی ئەوەیە کە ماددەی (40) بەم شێوەیە ئەلی یەکێك بە نیەتێکی ساف یەعنی وەکو ئەوەی  بە بی مەبەست بەسەلامەتی نێت تاوانێکی لە دەست کەوت لەکاتی جێبەجێکردنی فەرمانەکانە یا ئیتقادی وابو یان تەسەوری وابو کە ئەمە جێبەجێکردنی فەرمانە یان فەرمانێکی کەسێکی سەروی خۆی جێبەجێکرد و حەقی موناقەشەکردنی ئەو فەرمانەی نەبوو لە نەتیجەی ئەمە تاوانێك لە دەستی رووی دا بە تاوان ئەژمار ناکری ،بەلام مەرجی دانراوە ئەبی ئیسپاتی کا نیەتی نەبووە یەعنی مەسەلەن شتی پێشتری لەگەڵ نەبووە یان مەسەلەن ئەم سەبەب نەبووە ئەم دەسپێکەر نەبوە و بۆیە ئەم مادەیە هاتووە ئەگینا بۆ روونکردنەوەی زیاتر ئێمە حەقی ئەوەمان نیە کارێك کە خۆی لە ئەصلا خۆی تاوان بی ئێمە بە تاوان ئەژماری نەکەین زۆر سوپاس .

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تەلار خان فەرموو.

**بەرێز تەلار لطیف محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من لە لایەن د.رێواسەوە کرا زۆر سوپاس .

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خلف فەرموو.

**بەرێز خلف احمد معروف:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاتو رێواس و تەلار خان قسەکانی منیان کرد زۆر سوپاس .

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەرلەمان :**

سوپاس، فەرموو شکریە خان.

**بەرێز شکریە سمایل مصطفی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا ئەوەی کە د. ڤاڵا روونی کردەوە مەبەستم ئەوەبو مەبەست و بی مەبەست سوپاس .

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

د. پەری فەرموو.

**بەرێز د.پەری صالح حمید:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەلای منیش لێڵیەکی زۆری تێدابوو ئەو بڕگەیە د.ڤاڵا وەڵامەکەی داینەوە سوپاس .
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**
فەرموو کاك سۆران.
**بەڕێز سۆران عمر سعید:**
**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**
ئەوەی بەڕێز لیژنەی یاسایی وتی روونکردنەوەی زیاتربوو لەسەر ئەوەی ئەگەر کردارێك چوکە ئەوە زۆر مەتاتی و نا وازح بوو ، بەڵام لە بڕگەی دووەمیش دیسان پێویستمان بە روونکردنەوەیە لەسەر یاسایی سزادانی عێراقی ماددەی (215) بڕگەی (2) دیسان ئەمەش هەر زیانەکان بۆ کەسی زیادەرۆیە واتا بۆ زیادەرۆیی و شتی ماددی نیە بۆ کەسی زێدەرۆکارە واتا دیسان ئەمەش هەر بۆ زیان گەیاندنە بۆ کەسی زیادەرۆکار کە لەوانەیە نازانم ئەمش روون نیە هیوادارم روونکردنەوە بدری زۆر سوپاس .
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز سۆران عمر . بەردەوام دەبین ئنجا دەرفەتت پی دەدەین کاك عمر عینایات .
**بەڕێز ئومێد حمە علی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**
من سەرنجەکەم لەسەر هەردوو بڕگەکەیە ئەوەی لیژنەی یاسایی دیسانەوە هەر ئەو مەتاتیە یەعنی ئەگەر رەفتارێك بە مەبەست نەبو یەعنی بۆیە ئەمەش دەرگای هەر رەفتارێك دەکاتەوەو و ئەوان دەتوانن هەمیشە پاساوی بی مەبەست بوونی ئەو رەفتارەیان بەرامبەر بە خەڵکی کەسی زێدەرۆکار بهێنەوە، بۆیە پێم وایە دەبی بیری لێبکرێتەوە رێگە لەو مەتاتیە بگیری هەم لە خالی یەکەم و هەم لە خاڵی دوەمیش کە کاك سۆرانیش باسی کرد زۆر سوپاس .
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**
پەروا خان فەرموو.
**بەڕێز پەروا علی حمە:**
**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**
من وەڵامەکەم وەرگرتەوە د.ڤاڵا وەڵامەکەی دامەوە زۆر سوپاس .
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**
سوپاس، کاك ئاری فەرموو.
**بەڕێز ئاری عبداللطیف موولود:**
**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**
لە خاڵی دووەما ئاماژە نەدراوە بە لایەنی پەیوەندیدار کە وەزارەتە بەرێزەکان ئەگرێتەوە لەوانەیە ئەو زیادەرۆکارە سبەینی سکاڵای یاسایی تۆمار بکا لەسەر یەکێك لە وەزیرە بەرێزەکان لەکاتێکا ئەگەر منالێکی یا حالەتێکی نا ئاسایی رویدا بۆیە پێم باشە بکری بە و لایەنانەی پەیوەندیدارو ئەندامانی لیژنە بەرپرس نین لە هەر زیانێك زیانەکەش بکری بە زیانی گیانی و زیانی ماڵی نیە، جونکە تەنها نوسراوە ئەندامانی لیژنە ئەو زیانانە گرەنتی ناکەن تەبعەن ئێمە زیانمان هەیە گیانی و ماڵین هەندێك جار منالێك لەو حاڵەتە تیا ئەجی سکالای یاسایی تۆمار ئەکات زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**
فەرموو لیژنە پەیوەندیدارەکان فەرموو د.بەهار.
**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**
**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

ئەو غموزەی کە هەبوو بە دانانی ئەو موصتەلەحە بە مەبەست نەبی ،حەل ئەبی جونکە ئێمە بە مەبەست نەبی مەبەستمان لا غێر عەمدیە ئەرکانی جەریمەی عەمدی و غێر عەمدیش لە قانونا دیاری کراوە ئەوەی کە غێر عەمدی بی قەسدی ئیجرامی تیا نیە قازی بۆخۆی دەزانی ئەو بابەتە.
سەبارەت بە بڕگەی دووەم : ئەگەر دیقەت بدەن جەنابتان بڕگەی دووەم تایبەتە بە زەرەری ماددی تایبەتە بە قانونی مەدەنی ئەوەی یەکەمیان تایبەتە بە لایەنی جەزائیەکەی کە قانونی عقوباتە، بۆیە وتوومانە ماددەی (215) لە یاسای مەدەنی عێراقی بۆ کاك سۆرانیش و بۆ ئەندامانی بەڕێزی تریش ماددەی (215) فەقەرەی دوو هەر هەموو مادەکە دوو فەقەرەیە بەو شێوەیە (یضاف الفعل الى الفاعل لل أمر ما لم يكن مجبراً على أن الاجبار معتبر فى التصرفات الفعلية هو الاكراء الملجئ وحده) دووەم ئەوەی کە ئێمە مەبەستمانە (ومع ذلك لايكون الموقف العام مسوؤل عن عمله الذى اضر بالغير اذا قام به تنفيذاً لامر صدر اليه من رئيسه متى كان اطاعة هذا الامر واجب عليه أو يعتقد انها واجبة، وعلى من احدث ضرر أن يثبت انه كان يعتقد مشروعية العمل الذى اتاه بأن يقيم الدليل على انه راعية فى ذالك جانب الحيطة وأن اعتقاده كان مبنيا على اسباب معقولة)، واتە فەقەرەی یەکەم و دووەم یەك شتە، بەڵام ئەوەیان بۆ لایەنە جەزائیەکەیە ئەمەیان بۆ لایەنە مەدەنیەکەیە سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمنيكى – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

کاك عمر عینایەت فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

بۆ زیاتر بەرچاو روونی ئەندامانی پەڕلەمان با شتەکە بکەینە مەیدانی بۆ نمونە ئەو کەسەی زیادەڕۆی کردووە لە (24) سەعات لای نەبردووە لە (48)سەعات ئێمە تیمی ئەبەین لای ئەبەین لە کاتی لابردنەکەیا بۆ نمونە ئەو سەلاجەیەکی لە ژوورەوەیەو ئێمە پێمان نەزانیەوە شۆفلێکمان لێداوە سەلاجەکەی شکاوە ئەوە ئێمە موقەسیر نابین یان مەسەلەن گەڵابەیە لمی لێیە ئەلی کاکە گەڵابە لمەکەم خۆم ئەیگوازمەوە لەوکاتەیا شۆفلەکە تێکەڵی ئەکا لەگەل بلۆکەکەیا یان ئەلی با بلۆکەکانم نەشکی ئەمە مەبەستی سەرەکی ئێمە لە رووی ماددیەکەیەو ئەمەیە ناتوانی شکات کا بلی کاکە واللە من سەلاجەیەکم شکا لەم ماڵە تۆ مەفروزە خۆت سەلاجەکە لابەریت مەبەستی سەرەکی ئێمە لێرەیا ئەوەیە زیاتر لە رووی ماددیەکەوە سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمنيكى – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

فەرموو کاك ابوبکر.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

من لەگەڵ بەشی دووەمەکەدام کە زیانە ماددیەکانە ، بەڵام سەرنجی ئەندامانی پەڕلەمان بۆ حاڵەتێك را ئەکێشم لەم بڕگەیە بۆ حیمایە ئەو لیژنەیە دانراوە کە هەڵدەستن بە لابردنی زێدەڕۆیەکە، بەلام لە وڵاتی ئێمەدا بە داخەوە تەنانەت ئەوانەش کە بە پێی بڕیاری دادگا ئەگیرێن تەعەصوفی زۆر بەرامبەر بەو هاوڵاتیانەی بەکار ئەهێندرێت لە ئوسلوب لە شێواز لە ئیهانە کردن، بۆیە ئەبی من لەگەڵ ئەو قسەی کاك ئومێدام ئەبی بە حاڵەتێك شێوەیەك ئەو بڕگەیە لابری یان بە شێوەیەك داڕێژرێتەوە کە کەرامەتی ئەو هاوڵاتیەی کە سەر پێچیەکەشی کردووە لە روانگەی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤەوە مامەلەی لەگەل بکری زۆر سوپاس .

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمنيكى – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

کاك سۆران فەرموو.

**بەرێز سۆران عمر سعید:**
**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سوپاس بۆ روونکردنەوەکەی بەرێز د.بەهار ، بەڵام من جارێکی تر لە بڕگەی دووەم تەئکیددەکەمەوە نەصە کوردیەکە وازحە ئەلی ئەندامانی لیژنە ئەو زیانانە گەرەنتی ناکەن کە لەوانەیە لەکاتی لابردنی زیادەرۆیی دووچاری کەسی زێدەرۆکار کەوی یەعنی بەر شەخسەکە بکەوی هیچ تەفسیرێکی تر هەڵناگری دووچاری کەسی زێدەرۆکار، نەك بلی لە دووچاری شوێنی زیادەرۆیی یەعنی بزەبت دووچاری رەنگە من بڵێم لەم خانووە تەجاوزە دەر ناچم بە شۆفلەکە بلی بیروخێنە بە سەریا ، چونکە بە پێی ئەو ماددەیە بڕگەی (2) ئێمە مەسئولیەتی هەڵناگرین زەمانەتی زیانەکان ناکەین ناکری بلێی بەر شەق زێدەرۆکار ئەکەوی ئیشکال لەو نەصە کوردیەدایە زۆر سوپاس .
**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەرێز سۆران عمر . روونکردنەوەك لە لایەن بەرێز د. ڤاڵا دواتر داوا لە بەرێز وەزیری شارەوانی دەکەین روونکردنەوەمان بداتێ.
**بەرێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**
**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**
لە بڕگەی دووەم زیان هاتووە زیان یەعنی (زەرەر)زەرەر لە مصتەلەحی مەدەنی قانونی لەگەڵ زەرەر و ئەوەی زەرەری پێکەوتووە ئەوەی زەرەرەکەی پێگەیاندووە تەعامول دەکا ، بەڵام بۆ دڵنیا بوون تەبعەن ئەوە مەحاکم دەزانی مەبەست چیە موشەرع لەوەی کە ئاوای نوسیووە بۆ دڵنیابوونی ئەندامانی پەرلەمان دەتوانری بگوتری لەکاتی لابردنی زیادەرۆیی کە دووچاری زمەی مالی کەسی زێدەرۆکار دەبی جا بە کوردیەکەی بەلی بە شێوەیەکی ئەوەتۆ دای دەرێژین کە زیاتر دڵنیایی بداتن لێرە کێشەمان هەیە دەنا محاکم دەزانی ،چونکە ئیشارەتمان بە قانونی مەدەنی داوە دەزانی زەرەرەو مەسەلەکە ماددیەو پیوست نیە بە جینایەت .
**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
داوا لە بەرێز وەزیری شارەوانی دەکەین روونکردنەوەمان بداتی لەسەر ئەم ماددەیە .
**بەرێز نەورۆز مولود /وەزیری شارەوانی و گەشتو گوزار:**
**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**
وەکو وەزارەتی عەدل تێبینی لەسەر ئەو ماددەیە بڕگەی یەکەم هەیە کە کردار بکرێتە رەفتار واتە ئەگەر رەفتارێك لە لایەن ئەوەش ئیزافە بکری سەرۆکی یەکەی کارگێری و شارەوانی و لایەنە پەیوەندیدارەکان و ئەندامانی لیژنە واتە ئەوانی دیش ئیزافە بکری بە هەمان شێواز تەعامولیان لەگەڵ بکری لە بڕگەی دووەمیش لە باتی ئەندامانی لێژنە بکرێتە ئەو لایەنانەی کە لە بڕگەی یەکەم هاتووە هەر ئەو تێبینیەی وەزارەتی عەدل هەیە .
**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەرێز وەزیری شارەوانی کە رەئی وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی داد و وەزارەتی ناوخۆو وەزارەتی کشتوکاڵ پێشکەش بە دانیشتنەکەی کرد، ئێستا داوا لە هەر پێنچ لیژنەی پەیوەندیدار دەکەین راوێژکاری ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی ماددەکە بخەینە دەنگدان بەرێز ئومێد حمە علی .
**بەرێز ئومێد حمە علی صالح:**
**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**
من ئەکری وەك ئەندامێکی لیژنەی مافی مرۆڤ دووبارە جەخت لەسەر بڕگەی یەکەم بکەمەوە سەرباری ئەو روونکردنەوە یاسایانە ، بەڵام ئەگەر کردارێك لە لایەن ئەندامانی ئەو لیژنەیەوە لەکاتی جێبەجێکردنی ئەو فەرمانانەی کە پێیانە ئەنجام بدرێت و بە تاوان

حساب نەكرى ئەمە زۆر زۆر كراوەیە زۆر مە تاتیە تەنانەت بەو وشەیەشەوە كە دەلی بە مەبەستیش نەبێ، بۆیە تكایە پیاچونەوەیەك بەوە بكری لەم حالەتەیا پێشلكاری زۆر دەكری راستە حاكمەكان ئەمە دەزانن و مەبەستەكە دەزانن ،بەڵام لە شوێنی زیادەرەویەكەو لە تەعامولكردن لەگەڵ هاولاتیا هەندێك جار یاساش رێگە نادا زیادە رەوی دەكەنە سەر مافەكانی مرۆڤ جا وەرە بە بی یاسا بلێی تۆ هەر كردارێك لە كاتی جێبەجێكردنی ئەو فەرمانەدا دەنوێنی بە تاوان بۆت حیساب ناكری دەبی چی رووبدا بۆیە تكایە لەسەر ئەوە هەڵوەستەیەكی توندتر بكەن ئەوە دیسانەوە دەلێمەوە ئەو نەصەی كەباسیشیان كرد ئەوەش هەر مەتاتیە .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی – جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

تەلار خان فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی كە گرفت دروست نەبی لەكاتی تەدبیقا و لەهەمان كاتدا ئەو كێشانە دروست نەبی ئەوانەی كە كاك ئومێدیش باسی كرد جێبەجی بكری دەتوانین نەلێین بە تاوان دانانرێت ئەو وشەیە لابرێت ئەو وشەیە بلێین حوكمەكانی ماددەی (40) لە یاسای سزادانی عێراقی ئەگرێتەوە ئەوكاتە ئەوەی تر دادگا بڕیار ئەدا ئایە تاوانە ،تاوان نیە، ماددەی (40) چۆن تەدبیق ئەبی بەسەریا ئەوا ئەوكاتە یەكلا ئەبێتەوە، بەڵام موسبەقەن ئەوەی بە تاوان دا نەنرێت لابری تەسەور ئەكەم ئەوە چارەسەر بكاو زۆر سوپاس .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی – جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

رەئیەكی تر وەر ئەگرین و چاوەروانی لیژنەی پەیوەندیدار دەبین .

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەكانی تەلار خان دەكەم ئەگەر ئەوەی تەلار خان دەیلی جێی نەكرێتەوە لە ساغەی قانونی پێشنیار دەكەم وشەی مەبەست هەڵبگیری لە جیاتی ئەمە وشەی ئەنقەست دابنری ،چونكە لە قانوندا حیساب بۆ نیەت ناكری یەعنی وەكو شەریعەت نیە یەعنی مەبەستی بو مەبەستی نەبوو نیەتی بو یان نیەتی نەبوو ئەمە لە قانوندا حیساب بۆ نیەت ناكری حیساب بۆ خودی كردەوەكە دەكری سوپاس .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی – جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، شكریە خان فەرموو.

**بەڕێز شكریە سمایل مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەو گفتوگۆیانە پرسیارێكم بۆ دروست بوو ئەگەر بۆ نمونە خێزانێك خانویەكیان كردبوو لەسەر زەویەكی زێدەرەوی پاش ئەوەی كە فەرمانی روخاندنیان لە بۆ دەرچوو ،بەڵام ئەو خێزانە وتیان بە هیچ شێوازێك ئەو خانووە چۆڵ ناكەین لەسەر خانووەكە دانیشتن ئایە لەو حالەتە چۆن چارەسەر دەكری بە شەق فرێدەدرێن یان چارەسەر چیە بۆ ئەوە؟ سوپاس .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی – جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر عینایەت فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

والله شكریە خان ئەوە بەسەر ئێمە هاتووە چوین خانوو بروخێنین هێزە ئەمنیەكان چون پەلی زیادەرۆكارەكەیان گرتووە بۆ نمونە زۆر بە بەصیتی ئەمە وتوومانە ئەو زیادەرۆكارە چیە ؟ و زۆر بە زەبیمان پێهاتەوە كە كاتی سەرۆكی شارەوانی هاتووە بە ئێمەی وتووە

ئەم زیادەرۆكارە كە لێرە ئەم زیادەرۆكاریەی كردووە لە فلانە گەرەك خانوویەكی هەیە لە فلانە كۆلان خانوویەكی تری هەیە لێرەش خانوویەكی هەیە خۆی و ژنەكەی و منالەكانی هێناوە داینـاوە یەعنـی سـی خـانووی هەبـووە ئـێمە هێناومـانەتە دەرەوە بە هێـزی هێـزە ئەمنیەكان ئەوانەی كەوا مەدەنیەكان بردویانەتە دەرەوەو دوایە زیادە رۆكەیان لابراوە زۆر بە نەرموو نیانی هێناومانتە دەرەوە .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی – جێگری سەرۆكی پەڕلەمان:**

ئێسـتا داوا لە لیـژنەی یاسـایی دەكەیـن سـیاغەی ئەو مـاددەیە بەو شـێوازەی رەچـاوی تێبینیەكانی ئێوە بكرێتن فەرموو .

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەڕلەمان.**

ماددەی (16) :

یەكەم : ئەگەر رەفتارێـك بە ئەنقەسـت نەبێـت لەنـاو قەوص (غێـر عەمـدی ) لەلـایەن ئەندامانی لیژنەو لایەنە پەیوەندیدارەكان لە كاتی جێبەجێكردنی ئەو ئەركەی پەیوەستە بە لابردنی زیادەرۆیەكان رووبدات ئەوە بە تاوان دا نانرێت لە گەڵ رەچاوكردنی حوكمەكانی ماددەی (40)ی یاسای سزاكانی عێراقی ژمارە (111)ی سالی (1969)ی هەموار كراو.

دووەم: ئەندامانی لیژنەو لایەنە پەیوەندیدارەكان ئەو زیانە ماڵیانە كە مەبەستمان زیانی ماددیە ئەو زیانە ماڵیانە گرەنتـی نـاكەن كە لەوانەیە لەكاتی لابردنی زێدەرۆیی دووچاری زێـدەرۆكار بـبن لەگەڵ رەچـاوكردنی حوكمەكـانی مـاددەی (215) بـڕگەی (2) لە یاسـایی مەدەنی عێراقیش ژمارە (40)ی ساڵی (1951)ی هەموار كراو .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی – جێگری سەرۆكی پەڕلەمان:**

د. فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرسەت صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەڕلەمان.**

ئەو پێشـنیارەی بەرێـز تەلـار خـان كـردی زۆر لە جێگـای خـۆی دابـوو مـن پـێم بـاش نیـیە بە ئەنقەسـت و بـی ئەنقەسـت باسـی بكـری ، جـوملەكە تەواو بكرێـت تـا دەگەیـنە ئەوەی كە لەوی بگـوتری بە پێـی حوكمەكـانی مـاددەی (40) لە یاسـای سـزادانی عێراقـی مـامەڵەی لەگەڵ دەكرێت ، یەعنـی ئەگەر كەسێك خۆ لە قانونی عقوباتیش هـاتووە ئەگەر كەسێك كەسێكیشـی لەدەسـت بكوژرێـت پـۆلیس بێـت، بەلـام ئەمـری سـەرەوەی خـۆی جێبەجـی كردووە ئەوە حوكمی عامە یەعنی هەتا ئەگەر لێرەشی نەنووسین قازی خۆی دەگەڕێتەوە سەری ، بەڵام ئەگەر هەر دەتانەوێت ئیزافەی بكەن بەس ئەوەبـی وەكـو خـۆی بڕوا ئەگەر كردارێـك لەلـایەن ئەنـدامانی لیـژنە لەكـاتی جێبەجێكردنـی ئەو ئەركەی كە پێویسـتە بە لابردنی زێدەرۆكار رووبدات ئەوا بە تاوان دانان هەر لێرە ناكری ئەوەش بنووسری رووبدات ئەوا بە پێی حوكمەكانی ماددەی (40) لە یاسای سزادانی عێراقـی ماددەی (111)مامەڵەی لەگەڵ دەكری ئەوە كافیە .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی – جێگری سەرۆكی پەڕلەمان:**

كاك خلف فەرموو.

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەڕلەمان.**

بە دەق من پشتگیری لەو قسەی كاك د.فرسەت ئەكەم لە راستیا كە ئێمە وتمان بە تـاوان دانـانری كەواتە ئەم قـانونی هـیچ نـاهێڵێتەوە بـۆ مـاددەی (40)ی سـزادانانی عێراقـی لەبەر ئەوە ئەبـی بلێـین ئەو ئەركەی پەیوەسـتە بە لـابردنی زێـدەرۆیەكان رووبـدات ئەوا بە پێـی حوكمەكانی ماددەی (40)ی سزادانی عێراقی مامەلەی لەگەل ئەكری تاوانەكە لابەن .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
ئێستا دارشتنی کۆتایی پێش ئەوەی بیخەینە کۆتایی .
**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (16) :
یەکەم : ئەگەر رەفتارێك لە لایەن ئەندامانی لیژنەو لایەنە پەیوەندیدارەکان لە کاتی جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەی پەیوەستە بە لابردنی زیادەرۆکان رووبدات ئەوا بە پێی حوکمەکانی ماددەی (40) ی یاسایی سزادانی عێراقی ژمارە (111)ی سالی (1969)ی هەموارکراو رەفتاری لەگەڵدا دەکری .
دووەم : ئەندامانی لیژنەو لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەو زیانە مالیانە گەرەنتی ناکەن کە لەوانەیە لە کاتی لابردنی زیادەرۆیی دووچاری زیادەرۆکار ببن لەگەڵ رەچاوکردنی حوکمەکانی ماددەی (215)ی برگە (2) لە یاسای مەدەنی عێراقی ژمارە (40)ی ساڵی (1951)ی هەموارکراو .
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
من وا تێگەیشتم هیچ تێبینیەك نیە بەو شێوازەی خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان کی لەگەڵدایە؟(51) کەس بە پەسەند دەزانن ، ئەوەی دژە؟ (4) کەس دژن ،بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا . ماددەی17.
**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بەشی چوارەم حوکمە کۆتایەکان ماددەی (17) :
پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجی بکەن .
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
موناقەشە لەسەر ئەم ماددەیە نیە ، ئەم ماددەیە دەخەینە دەنگدان ئەوەی بە پەسەند دەزانیت کی لەگەڵدایە؟(56) کەس لەگەلی دان، ئەوەی دژە ؟کەس نیە، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا . ماددەی (18).
**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (18): پێویستە لەسەر وەزارەتە پەیوەندیدارەکان رێنمای پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دەر بکەن.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
من وا تێگەیشتم موناقەشە نیە، موناقەشە 2 کەس بەڕێز عەباس غەزالی .
**بەڕێز عەباس غزالی میرخان:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بە باشی دەزانم ماوەی بۆ لایەنی پەیوەندیدار کاتێك دیاری بکری بۆ دەرکردنی رێنمایەکان کە لە مانگێك تێپەر نەکات .
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، کاك ابوبکر فەرموو.
**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
هەمان تێبینیە کە پێشتریش د.زۆزان باسی کرد کە ماوەیەك هەبی بۆ دەرکردنی ئەو رێنمایانە .

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**
كاك عمر عینایەت فەرموو.
**بەرێز عمر عینایەت حمه سعید.**
**بەرێز سەرۆكی پەڕلەمان.**
منیش پشتگیری ئەو بەرێزانە ئەكەم واللە ماوەیەك دیاری نەكری یاسای دوانزەمان هەیە دووساڵە دەرچووە تا ئێستا رێنمایی گوندەكان تا ئێستا رێنمای بۆ دەر نەچووە .
**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆكی پەڕلەمان :**
بەرێز وەزیری شارەوانی ئەگەر تێبینیەك لەم بوارەوە.
**بەرێز نەورۆز مولود / وەزیری شارەوانی و گەشتو گوزار:**
**بەرێز سەرۆكی پەڕلەمان.**
ئێمە تێبینیمان نیە، بەڵام وەك وەزارەی عەدل دەڵێتن ئەوان پێشنیار دەكەن كە دەلی با وەزارەتی شارەوانی رێنمایی دەربكا، ئەگەر بنووسن پەیوەندیدارەكان دیار نیە كێیە؟ هەركەسێك لەلای خۆی پەیوەندیدارە ئەوەرەئی وەزارەتی دادە ، ئیتر نازانم د.ڤاڵا لە رووی یاسایەوە باشتر بزانێتن.
**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆكی پەڕلەمان:**
ئەو رەئیەی كە پێشكەشی كرد رەئی وەزارەتی دادە بەرێزیان پێشكەشیان كرد.
**بەرێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**
**بەرێز سەرۆكی پەڕلەمان.**
ماددەی (18): پێویستە لەسەر وەزارەتی شارەوانی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەكان لە ماوەی (30) رۆژ لەرۆژی بەركاربوونی ئەم یاسایە رێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێكردنی یاساكە دەربكەن.
**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆكی پەڕلەمان:**
من وا دەبینم هیچ تێبینیەك نیە ، ئەو ماددەیە بەو شێوازە خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان كی لەگەڵدایە؟ (54)كەس بە پەسەند دەزانن ، ئەوەی دژە؟ كەس نیە، بە كۆی دەنگ پەسەندكرا .
ماددەی (19).
**بەرێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**
**بەرێز سەرۆكی پەڕلەمان.**
ماددەی (19): كار بە هیچ دەقێكی یاسایی یان بریارێك ناكری كە لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایە ناكۆك بێت .
**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆكی پەڕلەمان:**
من وا دەبینم هیچ موناقەشە نیە ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان كی لەگەڵدایە؟ (61)كەس بە پەسەند دەزانن ، ئەوەی دژە ؟كەس نیە، بە كۆی دەنگ پەسەندكرا، ماددەی (20).
**بەرێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**
**بەرێز سەرۆكی پەڕلەمان.**
ماددەی(20): ئەم یاسایە لەرۆژی بڵاوبونەوەی لەرۆژنامەی فەرمی وەقائیعی كوردستان جێبەجی دەكرێت.
**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆكی پەڕلەمان:**

من وا دەبینم هیچ موناقەشەیەك نیە ، ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان کێ لەگەڵدایە؟ (56)کەس لەگەڵیدان ، ئەوەی دژە؟ کەس نیە ، بەکۆی دەنگ پەسەندکرا .هۆیەکانی دەرچواندن.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەهۆی باری ئاڵۆزی هەرێمی کوردستان و راگواستنی گوندەکان و تێکچوونی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و تێکەڵ بوونی کلتوری گوند لەگەڵ شارو ڕەوی بەکۆمەڵ گوندنیشان بەرەو شارەکان و هۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان بە شێوەیەکی نا ئاسایی و رەوی ژمارەیەکی زۆر لە ناوچە جیا جیاکان و بە ئاڕاستەی شارەکانی هەرێم زیادەرۆی لەسەر ماڵ و موڵکی گشتی بۆتە دیاردە و سیمای شارستانی شارەکان بەرەو شێواو دەچێت بۆ سنوور دارکردنی ئەم دیاردەیەو پارێزگاری لەماڵ و موڵکی گشتی بنبڕکردنی زیادەرۆیی تا ئاستی پێویست و پیادەکردنی دادی کۆمەڵایەتی لە دابەش کردنی زەوی سنووردارکردنی دەست بەسەراگرتنی زەوی کشتوکالی و لەوەرگاو پاوان و دارستانەکانی دەرەوەی سنووری شارەوانی ئەم یاسایە دەرچوێندرا .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مناقەشە گفتوگۆ لەسەر هۆکانی دەرچواندن.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی – سکرتێری پەرلەمان:**

ئەوبەرێزانەی داوای گفتوگۆیان کردووە (عبدالله حاجی محمود ، عباس غزالی ، ئاری عبداللطیف ، بەهزاد دەرویش، مامۆستا حسن، د.پەری، ئومێد حمە علی، فەرحان جەوهەر، سۆران عمر).

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست بە گفتوگۆ دەکەین.

**بەڕێز د.عزەت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستەواژەی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان بە شێوەیەکی نا ئاسایی پێشنیار دەکەم بە شێوەیەکی نا ئاسایی هەڵبگیرێت و هیچی تر ئەوەی تر وەك خۆی.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عبداللە فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچواندن ئاوای لی بکری ئەو سیاغە بگۆری بەرەئی من بۆ ئەوەی رێگری بکری لە زیادەرۆیی لەسەر ماڵ و موڵکی گشتی سنووردارکردنی ئەم دیاردەیەو بنەبڕکردنی زیادەرۆیی ئەم یاسایە دەرکرا .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

حیات خان فەرموو.

بەڕێز حیات مجید قادر:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لە هۆکارەکانی دەرچوواندن تا رادەیەك درێژ دادرێکی زۆری تێدایە بە تایبەت لە دێری یەکەم و دووەم هەر پێویست ناکات، بەهۆی باری ئاڵۆزی هەرێمی کوردستان و راگواستنی گوندەکان و تێکچوونی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و تێکەڵاوبونی کەلتوری و گوند لەگەڵ شاروو رەوی بە کۆمەڵ و گوندنیشینان بەرەو شارەکان ئەوە لابدرێت و، لە دوای ئەوە دابرێژری با بڵێین حیسابی بۆ بکرێت هەر ئەوە سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەتوانن ئەمەی بۆ ئێمەت خوێندەوە بنێری بۆ بەرێزان کاك عبدالله تۆش کە بنێری باش دەبی ،چونکە زەحمەتە هەموی بەو خێرایە وەر بگیرێت .فەرموو کاك سۆران .

**بەرێز سۆران عمر سعید:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچواندن ئەلێی بۆ ساڵی (92)یە، بۆیە من پێشنیاری ئەم دەقە ئەکەم بە هۆی ئەنجامدانی زیادەرۆیی لەسەرزەوی و زاری مۆڵکی گشتی و رێگری کردن لەم دیاردەیە بە مەبەستی پاراستنی زەوی کشتوکاڵی ئەم یاسایە دەرچوێندرا .

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەش بنێرە زەحمەت نەبیتن .

**بەرێز فرحان جوهر قادر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەهۆی باری ئاڵۆزی هەرێمی کوردستان ئەمە لابرێت باری ئاڵۆزی چی دوای ژمارەی دانیشتوان لە هەموو شوێنێك زیاد دەکات یەعنی خۆ کەس ناتوانی ری لە ژمارەی دانیشتوان بگرێ، تێکەڵکردنی کلتوری گوند و شار ئەمە لێدانە تۆزێك وەکو شێوازێکی ئیستیخفافە  بەگوند دەکرێتن ئەوەی من  نووسیتم ئەمەیە بەهۆی هەر دەست پێبکری بەهۆی تێکدان و تێکدانی گوندەکان و راگواستنی خەڵکەکەی بۆ شار بۆ ناو شارو کۆمەڵگاکان و ئاوەدان نەبوونەوەی گوندەکان و سەر سنوورەکان بەهۆی ئالۆزی باری ئاسایشی ئەم ناوچانە خەڵکێکی زۆر رووی لە شارەکان کردووە ،بۆیە ئەم دیاردە زیادە رەویەی بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد بووە بۆ رێگری کردن لەم دیاردەیە تێك نەدانی سیمای شارستانیەتی و پێکهاتەی ئالۆزی شیرازەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیەکان رێگرنکردن ئەم یاسایە دەرچوێندرا .

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ فەرحان جەوهەر . ئەوەی نوسیوتە ئەوەش بنێرە بۆ ئێمە.

**بەرێز ئومێد حمە علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەم شێوەیە دابرێژری ، لە پێناو بنبڕکردنی زیادەرەوی و پارێزگاری کردن لە ماڵ و موڵکی گشتی و پیادەکردنی دادی کۆمەڵایەتی و لە دابەش کردنی زەوی و سنووردارکردنی دەست بەسەرداگرتنی زەوی کشتوکاڵی و لەوەرگاو دارستانەکانی دەرەوەی سنووری شارەوانی ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عباس فەرموو.

**بەرێز عباس فتاح صالح:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ڕەئیەکانی کاك فەرحان دەکەم ،چونکە جیاوازیەك لە بەینی گوند نیشینان هەیە کە گوندەکان سەرچاوەی کشتوکال و پاراستنی کەلتوری کوردەوارین ئەمە شێوەیەکە بۆ بەرجەستەکردن.
دووەمین زەوی کشتوکاڵمان نەماوە لەوەرگاکانمان خەریکن تەواودەبن لە دێری ئاخیری لە دەستبەسەراگرتن پێم باشە بۆ پاراستنی زەوی کشتوکاڵ و لەوەرگاکان وشەی پاراستنی بکاربێی و سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

د. پەری فەرموو.

**بەڕێز د.پەری صالح حمید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

بەس دەزانم ئەو قسانەی دەیکەم بۆی زیاد ناکەن بەس هەر دەیخونمەوە ، ئەورۆ ئەو ئیشانە کرا هەمووی لەسەر ئەنجام بوو کەس لەسەر هۆکاری زیادەرۆیی قسەی نەکرد کە هۆیە سەرەکیەکەی بەهۆی نەبوونی دادی کۆمەڵایەتیی و چاودێری کردنی بارودۆخی هاوڵاتیان و لیژنەی گەرەکەکان نەما هەتا بارودۆخی هاوڵاتیان بە حکومەت رابگەینی و ئەو زێدەرۆیانەش یەکەم جارە لە لایەن بەرپرسەکانەوە دەستی پێکرا وردە وردە بڵاوبۆوە لەناو خەڵکەکە پشتیوانی قسەکانی کاك فەرحانیش دەکەم ئەگەر گوندی ئیتاڵیی و ئینگلیزی و ئەو گوندە نوێیانە لە بۆ گوندەکان بکرابا کەس حەزی لە شاری نییە ، شاریش هەندە خۆش نییە هەموو لەگوندەکان دەمانەوە ئەو لێشاوە بەکۆمەڵە دەستی پێنەدەکرد سوپاس .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

کاك ئاری فەرموو.

**بەڕێز ئاری عبداللطیف موولود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

ڕاستی من پێنج شەش جار ئەم دەقەم خوێندەوە ئەم پەرەگرافە هەر زۆر زۆر خراپە یەعنی یەك دێری ڕاستە یەك دێر، جگە لەوەی کە ئیهانەیەکی گەورەی تیایە بە گوند نشینان ئەلێی هەست ئەکەی وا ئەیخوێنیتەوە کە کەسێکی شارچیەتی دایناوە دژی گوند نشینەکان ئێستا ئەسڵەن گوندەکان و شاخەکان هەر هەمووی داگیرکراون ، تۆ سەیریکە ئەو ئایکۆنانەی بەکار هاتووە کلتوری گوند لەگەڵ شار هەمووی ئیهانەیە ، ڕەوی بەکۆمەڵی گوند نیشینان بەرەو شارەکان هەم دیسان لێدانە لە گوند نشینی داماو، ڕەوی ژمارەیەکی زۆر لەناوچە جیاجیاکان بۆ ئاڕاستەی شارەکانی هەرێم هەم دووبارە ئەمە هەست ئەکەی ئەمەی نوسیووە زۆر شارچیەتیە من پێم وایە بەو چەشنەی لێبی زۆر بە کورتی و موقتەسەری و ئەگات ، بەهۆی باری ئاڵۆزی هەرێم و زۆربونی رێژەی دانیشتوان و دەستبردن بۆسەر زەوی و زارو موڵکی دەوڵەت و لە پێناو پاراستنی دادی کۆمەڵایەتی و بەرگرتن لە تێکچوونی باری یاساو بەرگرتن لەهەر زیادەرۆیی و داگیرکاریەکی موڵکی گشتی و دەوڵەت ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ کاك ئاری ئەوەی نوسیووتە بنێرە بۆ ئێمە سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

کاك بەهزاد فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

سێ دێرێت ئەولی هەر زێدەنە چونکی بێژیت زیابوونی ژمارەی دانیشتوان بە شێوەیەکی نائاسایی ل هەرێما کوردستانێ هەتا نوکە نەبوویە شەش ملیۆن خۆ ئەم ل سینێ ناژین من پێ

باشە ب کورتی سێ خال تێدا بن بە هۆی زیاد بوونی زیادەڕەوی لە سەر زەوی و زاری دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان کە بۆتە ئەگەری تێکچوونی سیمای شارستانی شار و شارۆچکەکان وە بۆ پیادە کردنی دادی کۆمەڵایەتی لە دابەشکردنی زەوی وە بۆ ڕێگری کردن ڕێگری و ڕاگرتنی زیادەڕەوی وە سنوردارکردنی دەستبەسەرکردنی زەوی کشتوکاڵی لەوەڕگا و پاوان و دارستانەکانی دەرەوەی سنوری شارەوانی ئەم یاسایە...

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

کاك حسن فەرموو.

**بەڕێز حسن صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

من پشتگیری لە قسەکەی د.عزەت صابر دەکەم بە شێوەی نا ئاسایی من پێم سەیرە شێوەی نا ئاسایی چیە و سەد لە سەد پشتیوانی قسەکانی کاك ئاری دەکەم یەعنی هەموو ئەو تەجاوزاتانەی لە شارو شارۆچکەکان کراوە من ئێستا حەزت لێیە ئێستا بە ژمارە پێت دەڵێم هەزار تەجاوزت پی دەلێم یەك لادی تەجاوزی نەکردووە هەمووی مەسئولین کردوویەتی، بۆیە ئەوە ئیهانەیە پشتیوانی لە قسەکانی وی دەکەم زۆر خراپە ، خالێکی تر من پێم وایە لە دوای ئاڕاستەی شارەکانی هەرێم یەعنی زیادەرۆیی ژمارەیەکی زۆر لە ناوچەی جیاجیاکان بە ئاڕاستەی شارەکانی هەرێم من پێم باشە ئەوەی بۆ زیاد بکری ،چونکە بەراستی ئەمە حکومەتی هەرێمە لە سالی (92)وەوە پلانێکی تایبەتی نیە بۆ ئیفرازکردنی زەوی بەسەر خەڵکی هەژارو مستەحەق و خاوەن پێداویستی با بلێین نەبوونی پلانێکی ستراتیژی لەلایەن حکومەتی هەرێم وەزارەتی پەیوەندیدار لە دابەش کردنی زەوی بەسەر خەڵکی موستەحەق ئەوە یەکێکە لەهۆیە هەرە گرنگەکانی تەجاوەزات لەسەر موڵکی دەوڵەت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

کاك ئەیوب فەرموو.

**بەڕێز ئەیوب عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

منیش هاورام لەگەڵ ئەو بەرێزانەدا ،چونکە ئەگەر یەکێك هۆکارەکانی دەرچواندنی ئەم یاسایە بخوێنێتەوە ئەلی هۆکارەکانی هەموتەجاوزات لە هەرێم دا ئێستا گوندنیشینانن، بۆیە ئەگەر هۆکارەکان هەموی بەوردی بنووسینەوە ئەوە مەعلومە لەلای هەموو خەڵکی کوردستان کە بەرپرسان و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتە، بۆیە منیش هاوڕام لەگەڵ ئەوەدا کە واز لە هۆکارەکانی ئەو تەجاوزاتە بێنین بە کورتی بنووسرێت لە پێناوی کۆتای هێنان بە زیادەرۆیی ئەو یاسایە دەرچوێندرا.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەڕلەمان لە راستیا من دەستخۆشی لە لیژنە پەیوەندیدارەکان دەکەم بەتایبەتی برای بەرێزمان کاك (عمر عینایات) ،چونکە خەمێکی زۆری ئەم مەسەلەیەی خوارد شوکور بوو بە یاسا ، بەڵام ئەسڵ ئەوەیە کە تەجاوز نەکری واتە مەبدەئێکی عام هەیە نابی تەجاوزبکری و ئێمە پێویستمان بە یاسایەکی لەم جۆرە نەبوو ،چونکە لە یاسایی وەزارەتی شارەوانی یاسای ئیدیعایەی عام یاسای ئیستسمار ئەسڵ تریش قانونی عقوباتی عێراقی حەلی بۆ ئەم مەسەلانە داناوە هۆکارێك هەیە لە کوردستانا وا ئەکا یاسایەك لە پەڕلەمانی کوردستان دەرچی ئەویش ئەوەیە ئەحزاب و ئەشخاصی خاوەن

مەكانەتی عام مەنصەبی عام تەجاوزیان كردۆتە دیاردە لە كوردستاندا ، بۆیە هۆكاری سەرەكی لە دەركردنی ئەم یاسایە ،بریتیە لەوە پێویستە زكری ئەو خالەبكری لە ئەحزاب و ئەشخاص خاوەنی مەوقیعیەتی عامن تەجاوزیان كردۆتە سەر مولْكی گشتی ئەمە عیلاقەی نە بەشارەوە هەیە نە بەلادی و نە خەلكی هەژارەوە هەیە سوپاستان ئەكەم.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی – جێگری سەرۆكی پەڕلەمان:**

لە كۆتایدا بەڕێز كاك عمر.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەڕلەمان.**

وجودەكەمان بو بە درێژدادڕی و بە گوند كاكە من خۆم گوند نشینم بەڕێزینە ئەوە باسی چی ئەكەن ئێوە ئەمە كاكە لە (91)وە مساعەدەم بكەن نووسیومە زۆر بە كورتی رەئی هەموویانم وەرگرتوە ،بەلاّم ئەمە فیعلەن دەرئەنجامی (91)ە تا ئیستا زۆر رونبی لات بەلی هی سالْی(91)ە كاك سۆران (92و 91) ئەوە بە كورتیەكەی ئەم لیژنە لەسەرئەمە رێك كەوتین، بە مەبەستی رێگری كردن لە داگیركردنی ماڵ و مولْكی دەولْەت و پارێزگاری لە سیمای شارستانی شارەكانی كوردستان و پارێزگاری لە شوێنە گەشتیاریەكان و لەوەرگەو پاوانی دەرەوەی سنووری شارەوانی پیادەكردنی دادی كۆمەلایەتی ئەم یاسایە دەرچوێندرا .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی – جێگری سەرۆكی پەڕلەمان:**

بەڕێزان بەوشێوازەی خوێندرایەوە دەنگدانە بەو شێوازەی خوێندرایەوە كی لەگەڵدایە؟(59) كەس لەگەڵی دان ، ئەوەی دژە ،كەس نیە ، بە كۆی دەنگ پەسەندكرا .

كۆی یاساكە دەخەینە دەنگدان دەنگدان، لەسەر كۆی یاساكە كی لەگەڵدایە؟(59)كەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە ، كەس نیە ، بە كۆی دەنگ ئەم یاسایە پەسەندكرا ،ئەم یاسایە پیرۆزە لە پەرلەمانی كوردستان ، پیرۆزە لە گەلی كوردستان ، بەرێزان سوپاسێكی بی پایان بۆ بەرێزان وەزیرە بەرێزەكان كە كە ئەمرۆ لەگەڵ ئێمەدابوون بەرێز وەزیری شارەوانی خاتوو نەورۆز مەولوود ، بەرێز سینان جەلەبی كە نەیتوانی بەردەوام بی تا كۆتایی لەگەڵ شاندی حكومەت كە هەموویان لێرەنە بەرێزو سوپاسەوە سوپاس بۆ لیژنە پەیوەندیدارەكان كە زۆر مادووبون بەم پرۆژە یاسایە بەم یاساوە لیژنەی یاسایی، لیژنەی ناوخۆ، لیژنەی دارایی ، لیژنەی كشتوكاڵ ، و بە تاییەتی لیژنەی شارەوانی و بەتاییەتیش كاك عمر عینایات دەستخۆشی لی دەكەین و دەستخۆشی بۆ هەموو ئێوەی بەرێز .

بەرێزان ئەم دانیشتنە كۆتایی پێدێنین بەیانی سەعات (11) بەرنامەی كار بەردەوام دەبێت سوپاس .

| | | |
|---|---|---|
| بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی | جعفر ابراهیم ئێمینکی | د. یوسف محمد صادق |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان – عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (9)ی**
**سی شەممە رێکەوتی 13\2\2018**
**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (9)
# سێشەممە ڕێكەوتی 2018/2/13

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2018/2/13 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی جێگری سەرۆك و، بەڕێز بێگەرد تاڵەبانی سكرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (9)ی خولی چوارەمی، ساڵی (2018) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا كاتی دانیشتنی ژمارە (9)ی خولی بەهارەی ساڵی پێنجەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە كات (12)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2018/2/13 دا بەم شێوەیە بێت:

یەكەم/ گفتوگۆكردنی پرۆژە یاسای بەركاركردنی یاسای هەمواری (20)ەمی یاسای میلاكاتی ژمارە (20)ی ساڵی (1960) لە هەرێمی كوردستان بە پێی ماددەكانی (72، 74، 74) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەمواركراو.

دووەم/ گفتوگۆكردنی پرۆژە یاسای بەركاركردنی یاسای نەهێشتنی بازرگانی كردن بەمرۆڤ ژمارە (28)ی ساڵی (2012)ی عیراق لە هەرێمی كوردستان بەپێی ماددەكانی (72، 74، 75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەمواركراو.

سێیەم/ زیادكردن و دەست لەكاركێشانەوەی ئەم ئەندام پەرلەمانانەی خوارەوە لە لیژنە هەمیشەییەكانی پەرلەمان بە پێی ماددەی (44) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارەی (1)ی ساڵی (1992)ی هەمواركراو.

1- دەست لەكاركێشانەوەی ئەندام پەرلەمان بەڕێز دلێر مصطفی حسن لە لیژنەی كاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید.

2-زیادكردنی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز ئاری عبداللطیف مولود بۆ سەر لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و هونەر.

چوارەم/ گفتوگۆكردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان كەلەلایەن لیژنەی كاتی بۆ پێداچوونەوەی پەیڕەوی ناوخۆ ئامادەكراوە بە پێی بڕیاری ژمارە (26)ی ساڵی (2014) و بڕگەی (8) لە ماددەی (56)ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەمواركراو پاڵپشت بە ماددەی (94)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەمواركراو.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

دانیشتنەكەمان بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێ دەكەین، خولی چوارەمی هەڵبژاردن ساڵی پێنجەم دانیشتنی ژمارە (9)، ڕۆژی دانیشتن (2018/2/13) بەرنامەی كار:

یەكەم/ گفتوگۆكردنی پرۆژە یاسای بەركاركردنی یاسای هەمواری (20)ەمی یاسای میلاكاتی ژمارە (20)ی ساڵی (1960) لە هەرێمی كوردستان بە پێی ماددەكانی (72، 74، 74) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەمواركراو.

دووەم/ گفتوگۆكردنی پرۆژە یاسای بەركاركردنی یاسای نەهێشتنی بازرگانی كردن بەمرۆڤ ژمارە (28)ی ساڵی (2012)ی عیراق لە هەرێمی كوردستان بەپێی ماددەكانی

(72، 74، 75) له پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموارکراو.
سێیەم/ زیادکردن و دەست لەکارکێشانەوەی ئەم ئەندام پەرلەمانانەی خوارەوە لە لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان بە پێی ماددەی (44) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارەی (1)ی ساڵی (1992)ی هەموارکراو.
1- دەست لەکارکێشانەوەی ئەندام پەرلەمان بەڕێز دلێر مصطفی حسن لە لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید.
2-زیادکردنی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز ئاری عبداللطیف مولود بۆ سەر لیژنەی رۆشنبیری و راگەیاندن و هونەر.
چوارەم/ گفتوگۆکردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کەلەلایەن لیژنەی کاتی بۆ پێداچوونەوەی پەیڕەوی ناوخۆ ئامادەکراوە بە پێی بڕیاری ژمارە (26)ی ساڵی (2014) و بڕگەی (8) لە ماددەی (56)ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموارکراو پاڵپشت بە ماددەی (94)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموارکراو.
ئێستا داوا لە بەڕێز بێگەرد تاڵەبانی دەکەم سکرتێری پەرلەمان پوختەی دانیشتنی پێشتر و غیاباتی بی هۆ و ئەوەی بە هۆ پێشکەش بە دانیشتنەکە بکات، فەرموو بەڕێز.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد شکراللە (بێگەرد تاڵەبانی):**

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

پوختەی دانیشتنی ژمارە (8)ی ئاسایی رۆژی دووشەممە رێککەوتی (2018/2/12) بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:
1-دەست پێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان.
2-خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی ئامادەبوو و ئامادەنەبوو و هەروەها خوێندنەوەی پوختەی دانیشتنی پێشوو لەلایەن سکرتێری پەرلەمان.
3-گفتوگۆکردن و پەسەندکردنی پرۆژە یاسای زیادەڕۆیی لەسەر موڵکی دەوڵەت.
ناوی ئەو ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانەی کە لە دانیشتنی ژمارە (8)ی ئاسایی رۆژی لەبەرواری (2018/2/12) مۆڵەت پێدراون یان بەبی مۆڵەت ئامادەنەبوون ئەوانەن:

- ئاواز جەنگی برهان / مۆڵەت.
- سەرکەوت سەرحەد خلیفە/ مۆڵەت
- عباس فتاح/ مۆڵەت
- گەشە دارا جلال/ مۆڵەت
- جمال عثمان کارسول/ ئامادەنەبوو
- شیرین حسنی رەمەزان/ مۆڵەت
- صالح بشار صالح/ مۆڵەت
- علی علی هالۆ/ مۆڵەت
- هێڤا حاجی میرخان/ مۆڵەت
- فیروز تەها/ مۆڵەت
- محمد علی یاسین/ مۆڵەت
- بەهار عبدالرحمن/ مۆڵەت
- رابون تۆفیق معروف/ مۆڵەت
- زولفا محمود عبداللە/ مۆڵەت

- سهراب ميكائيل محمد/ مۆڵەت
- شێرکۆ حەمە أمين/ مۆڵەت
- عادل عزيز شكر/ مۆڵەت
- ئايدن معروف/ مۆڵەت
- ئاری محمد عبدالرحيم/ مۆڵەت
- باپير کامەلا سليمان/ مۆڵەت
- جودت جرجيس/ مۆڵەت
- عبدالرحمن فارس/ مۆڵەت
- كمال يلدا/ مۆڵەت
- وحيده ياقو/ مۆڵەت
- يعقوب گورگيس/ مۆڵەت

ئەوە دانیشتنی سەرلەبەیانی و دانیشتنی ئێوارەش، ئەوانەی کە بەیانییەکەی حزووریان هەبووە بەڵام دوای نیوەڕۆ داوای مۆڵەتیان کردووە خۆمان لێرە جیامان کردۆتەوە، ئەو ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانەی کە بۆ دانیشتنی ئەمڕۆ داوای مۆڵەتیان کردووە:

- يروانت نيسان
- وحيده ياقو
- د.جوان إسماعيل
- عادل عزيز
- سهام عمر
- رۆزا محمود
- جودت جرجيس
- كمال يلدا
- صالح بشار
- هێڤا حاجی ميرخان
- شيرين حسنی
- إدريس علی
- أنس محمد
- فيروز طه
- ئاواز جەنگی
- د.عزت صابر

زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سكرتێری پەرلەمان، کاك عبدالرحمن خاڵی نيزامی هەيە؟ فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوا لە ئێوە دەکەم وەکو دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ئیلتیزامی تەواو بە کاتی دانیشتنەکانەوە بکەن، چونکە سەعات (11) کە دانراوە ئەوە چارەکی دەوی بۆ (12)، ئەوە یەك، دوو/ لە راستی دا کە ئێمە دوێنی دانیشتن بووە زۆرینەمان لە هەولێردابین پێویستی نەدەکرد دانیشتن سەعات (11) بکرێت، دووەم داواکارم لە پەرلەمانی کوردستان هەموومان دەزانین لە ئێستادا بەتایبەت پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە حاڵەتێکی زۆر خەراپدایە، لە بەشێکی هەر زۆری کوردستان دا دەوام بە تەواوی ئیفلیج بووە، لەبەشەکەی تریدا لە راستی دا بەنیوەناچڵی دەوام دەکرێت، ناکرێت

پەرلەمانی کوردستان وەك چۆن حکومەت لە راستی دا خۆی لی گێل کردووە ناچی بە دەنگ چارەسەرکردنی گرفتەکانەوە، ئێمەی پەرلەمانتاران کە نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان دەکەین بە هەموو توێژەکانەوە لە ئاست ئەو گرفت و کارەساتەی کە رووی لە هەرێم کردووە بی دەنگ بین، بۆیە داواکارم لە بەڕێزتان ئێمە جارێکی تریش داوامان کردووە یان ئەنجومەنی هەرێمی بانگ بکەن بۆ ئەو پەرلەمانی کوردستانە، وەزیری پەروەردەش پێویستە بێتە پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەوەی لە راستی دا کۆتایی بەو هەموو گرفتە بهێنین و لانی کەم چارەسەرێك یان نیمچە چارەسەرێك بدۆزینەوە، پێشتریش داوامان کردووە، بۆیە تکا دەکەم ناکرێت هەرێمی کوردستان بەو هەموو قەیران و تەنگەژەدا گوزەر بکات، ئێمەی پەرلەمانی کوردستان لە ئاستی دا بی دەنگ بین، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس جاری یەکەم لەسەر ئەو پوختەی دانیشتنی پێشتر هیچ تێبینییەك من هەستم پی نەکرد هەبێت، ئەوە پەسەند دەکەین، لەسەر خاڵی نیزامی بەڕێز مامۆستا عبدالرحمن، سەبارەت بەوەی یەکەم بەراستی ئەوە لە جێی خۆیەتی، بەڵام پەیوەست نەبوو بە ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، زیاتر پەیوەستە بە ئێوەوە، ئێمە موتابەعەمان دەکرد لە خوارەوە تەقریبەن (20) دەقە ڕۆیشت هەر نیصاب تەواو نەبوو، نیصابەکە هەر لە خواری بوو، لە ئاخیریش کە هاتین هەندێك بی سەروبەری هەبوو بۆیە ئیستیغلالی کاتمان کرد، بە هەر حاڵ ئەوە زۆر گرنگە ئێمەش رەچاوی دەکەین و ئێوەش ڕەچاوی بکەن، سەبارەت بەوەی پەروەردە ئەوە دەتوانن بە شێوازێك لە شێوازەکان بەتایبەتی لیژنەی پەرەوەردە و خوێندنی باڵآ دوایی داوای ئەو بابەتە بکەن، ئێمەش پەیوەندی پێویست ئەنجام دەدەین، ئەو پرسە فیعلەن پرسێکی زۆر گرنگی کۆمەڵگای کوردستانی و خەڵکی کوردستانە، هی قوتابیانە، کەس و کاری قوتابیانە، قوتابخانەکانە، بۆیەش ئەوە بە تەئکید بۆ پەرلەمانی کوردستان گرنگە، سی خاڵی تری نیزامی وەردەگرین، بەڕێز د.ئیبراهیم سمۆ، فەرموو.

**بەڕێز إبراهیم أحمد سمۆ أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر بۆ روونکردنەوە لەسەر تێبینیا کاك عبدالرحمن، دهێمەت ناڤبەرەکی را لیژنا پەروەردە و خوێندنی بالا وەکی بیژیت بحزورا هەمی ئەندامێت لیژنا پەروەرەدە و خوێندنی باڵآ مە هەستی وێ بابەتێ کریە کاك عبدالرحمن بەحسێ کری، لەوڕا ژی هەر ئەڤرۆکە ب نوێنەراتیا لیژنا پەروەردە و خوێندنی باڵآ دگەل وەزیرێ پەروەردێ ئەم رۆیشتینە خوارێ دەمی دەست حازریا خۆ خۆ حازر  کریە دگەل مدیر عامێت خۆ خرا کو مە رۆیشتنەکا وەکی سەرۆکێ زانکۆیا کو ئامادەبووین پێش هەفتەیەکی هەمی لیژنا پەروەردە و خوێندنی باڵآ تنێ گلەییەکا بچووکا هەی، یەعنی بۆ بابەتەکی وەسا گرنگ دڤیا کاك عبدالرحمن وەکی ئەندامەکی پەرلەمانی عەلەل ئەقەل پەیوەندیەکا ژمە کربا کامە چێ کریە، لیژنا پەروەردە و  خوێندنی باڵآ هەندا جارا وەسا هەستەکی بۆ خەڵکی دیار دکەن کو کە ئەنەما لیژنا پەروەردە و خوێندنی باڵآ یا نڤیسیە هە ژی بابەتی نەبوو باوەرکە بە دوو کۆبوونا کر ئەڤە د.ریواز و د.جوان هەموو ئەندامێت لیژنا پەروەردە و خوێندنی باڵآ شاهیدی ڤێ ئاخافتنێنە ئەڤە دوو هەفتەیە ئەم ڤی بابەتی ڤە ئەو بابەتە ژی ئەم حەز دکەین کاك عبدالرحمن ئان هەر ئەندام پەرلەمانەك ئەو رۆژە ئەم دەست نیشان کرن کو وەزیر و مدیرعام بێن بلا ئەو ژی حازر بن چونکە ئەندام پەرلەمانن چ پرسیارەکا هەبیتە ئاراستەی وان دکەت ئەگەر ئەوان رازی نەبن و قەناعەت پێ نەهینا پاشی وەختەکی ئاسایی دا بۆ خۆ ئیمزا کۆمبکەن و وەزیریش داخاز کەنە پەرلەمانی و سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د.إبراهیم سمۆ، بە تەئکید چەند قسەکردن لەسەر ئەو بابەتە، چەند بایەخدانی ئێوەی بەڕێزە بەو بابەتە، ئەوەش لەجێی خۆیەتی، لە کاتی کۆبوونەوەی لیژنەکان کە مێوانتان هەبێت پێم باشە ئاگاداری دیوان بکرێت، دەزانم ئاگادارتان کردووە، بۆ ئەوەی هەر بەڕێزێکی تر بەلای گرنگ بێت لەو دانیشتنە ئامادە بێت بە حزووری مێوانان دەتوانێت دوای ئاگاداربوونەوە ئەوەش ئامادە ببێت، بەڕێز علی حەمە صالح، خاڵی نیزامی، فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ لە (11/7)دا واتا پێش سی مانگ بانگهێشتی ئەنجومەنی باڵآی هەرێمی نەوت و غازمان کردووە، تکا دەکەم لە دانیشتنەکان دا وەڵآمیان نەداوینەتەوە، هەرێمی کوردستان تووشی قەیرانێکی قوڵی دارایی بووە، ئەوەی پەروەردە، ئەوەی لیواکانی وەزارەتی پێشمەرگە، هێزی ناوخۆ، هەمووی پەیوەندی بە دۆسیەی نەوتەوە هەیە، پەیوەندی بەو قەرزانەوە هەیە کە نازانری چی لێهاتووە و چۆن؟ لەگەڵ دیلۆیت دا کۆبووینەتەوە، وەڵآمێکی موقنیع نیە، یەعنی هیوادارین وەڵآمێکی پەیڕەویمان بدەنەوە، بۆ ئەنجومەنی باڵآی هەرێمی نەوت و غاز نایەتە ئەم پەرلەمانە، ئایا ئێوە داواکارییکەتان نەناردووە؟ ئەوان نایێنن، چونکە دڵنیابن لەوەی ئەوە پەیوەندی بەهیچەوە نیە، ئەم دۆخە بەردەوام بێت هەرێمی کوردستان تووشی داڕووخانێکی زۆر گەورە دەبێت، ئەگەر وا بڕوات لە ساڵی (2018) دۆخی مووچە زۆر خەراپتر دەبێت، نە وەڵآمی پرسیارەکانمان دراوەتەوە، نە دێنە دانیشتنی پەرلەمان، ئێمە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ کردوومانە ئەوە (15) رۆژیش تێپەڕ بووە، دەبی ببی بە ئیستیجواب، ئیستیجوابەکەش ناڕوات، بۆیە تکا دەکەم وەڵآمێکی پەیڕەویمان بدەنەوە، ئایا دێن یان نایێن؟ هۆکارەکەی بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ وەڵآممان بدەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز علی حەمە صالح، راست دەکەی بەڕێزتان باسی ئەو بابەتەتان کردووە و داواتان کردووە، بەڕێزی تریش داوای کردووە، هەموویشی لە جێی خۆیەتی و پێویستە، ئێمەش ئەو رۆژە بە حزووری بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، بەحزووری بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، شاندی حکومەت لە پەرلەمانی کوردستان دا، ئەو داوایە جارێکی تر جەختمان لی کردەوە، داوامان کردەوە گوتمان ئەگەر هەموو ئەنجومەنیش حازر نەبی لە پەرلەمانی کوردستان، بەڵآم پەرلەمانی کوردستان پێویستی بە وەڵآمێکی حازر هەیە، وەڵآمێك لە حزووری پەرلەمان لە دانیشتنێکی پەرلەمان  دا، بۆیەش ئێمە ئەو ئامادەکارییانەی ماون ئەنجامی دەدەین لە کاتێکی نزیکدا بێنە ئێرە، ئەو ڕوونکردنەوەی پێویستن بە پەرلەمان بدرێت، لە رێگای پەرلەمان بە خەڵکی کوردستان بدرێت، خاڵی تری نیزامی، بەڕێز د.ڤالا، فەرموو.

**بەڕێز ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم بڕگەی یەکەم کە تایبەتە بەگفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای بەرکارکردنی یاسای هەمواری (20)می یاسای میلاکات دوابخرێت، لەبەر ئەوەی لیژنەی یاسایی لە کۆبوونەوەی ئەوڕۆی دا کتابێکی رەسمی کردووە بۆ حکومەت بە مەبەستی وەرگرتنی ڕای حکومەت لەسەر ئەو بابەتە، بابەتەکە پەیوەستە بە پێدانی عینوانی وەزیفی بۆ ئەو کەسانەی کە حکومەت دایانەدەمەزرێنی یان دایمەزراندوون بۆیە پێویستیمان بەرای سەریحی حکومەتە لەو بابەتە داوا دەکەین گفتوگۆکردن لەسەر ئەو بابەتە ئەمڕۆ دوابخرێت.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د.ڤالا، بەڕێز تەلار لطیف، فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطيف محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
من سەرەتا پشتگیری لە پێشنیارەکەی د. ڤاڵا دەکەم، لەبەر ئەوەی زۆر زۆر گرنگە کە هەر یاسایەك دەردەچێت جێبەجێ کردنەکەی گرنگترە، بۆیە پێویست دەکات بۆ ئەوەی هیچ کێشەیەك دروست نەبێ دواتر بۆ جێبەجێ کردنی ئەو یاسایە پێویستە چاوەڕێی ڕای حکومەت بکەین، وادەیەکیشمان بۆ دیاری کردووە کە لە هەفتەیەك تێپەڕ نەکات، خاڵی دووەمیش پەیوەندیدارە بەو یاداشتەی کە لە (11/6) پێکەشم کردووە بە سەرۆکایەتی پەرلەمان سەبارەت بە هەر دوو دەستەی نەزاهە و دەستەی مافی مرۆڤ، تکایە زۆر گرنگە پەرلەمانی کوردستان ئەو ڕێکارە یاساییانە بگرێتەبەر، چونکە کێشەی بۆ دادگاکان دروست کردووە، چونکە کاری هەر دوو دەستەکە پەیوەندیدارە بەکاری دادگاکانەوە، بۆیە ناکری سەرۆکی ئەو دەستانە بەشێوەیەکی نایاسایی لەو جێگایانە بمێننەوە، ئەگەر وادەیەکی تریان پێ دەدرێتەوە بە پێی یاساکە ئەوە دەتواندرێ، ئەگەر هەر دوو وادە و دەورەی خۆیانیان تەواو کردووە ئەوا پێویستە بگۆڕێن بۆ ئەوەی کێشە بۆ ئەو دادگایانە دروست نەبێ، ئەرکی پەرلەمانی کوردستانە کار لەسەر ئەو ڕێکارانە بکات بەپێی یاساکان، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز تەلار لطيف، شەش خاڵی تری نیزامی هەیە، یەك بە یەك وەردەگرم، بە پێی ئەسبەقیەت ئەوەی من بینیومە، تەقدیریە، بەڕێز مامۆستا مەلا ماجد، فەرموو.
**بەڕێز ماجد عثمان توفيق:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
لەگەڵ داوای لێبووردنم لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان داواکارییەکم هەیە، حەز دەکەم کە لە خاڵی نیزامییەکان یەعنی کاتێکی زۆر دەکوژرێ، من داوا دەکەم لەگەڵ دەستپێکی پێشکەش کردنی بەرنامەی کار و خوێندنەوەی غیابات و ئەوە لە دوای خوێندنی غیابات لە خاڵە نیزامییەکان پەخشی ڕاستەخۆ ڕابگیرێت، دوایی دەست پی بکاتەوە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز مامۆستا مەلا ماجد، بەڕێز شوان شێخ أحمد، فەرموو.
**بەڕێز شوان أحمد نعمان (شوان شێخ أحمد):**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
منیش بە هەمان شێوە پشتگیری لە پێشنیازەکەی د. ڤاڵا دەکەم سەبارەت بەدواخستنی گفتوگۆ لەسەر یاسای هەمواری (20)می یاسای میلاکات، سوپاس.
**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز شوان شێخ أحمد، بەڕێز حيات مجيد، فەرموو.
**بەڕێز حيات مجيد قادر:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
پشتگیری لە داواکەی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی دەکەین، خاڵێکی تریش لە ناو بۆکسەکانی ئەندامانی پەرلەمان دا دوێنی و چەند جارێکیش موتابەعە کراوە، نەك هەر من چەند ئەندامێکی بەڕێزی تریش ئەو ڕاپۆرتانەی کە دەخرێتە ناو موناقەشەوە لە ناو بۆکسەکان دا نییە، ئەگەر موراجەعەی ئەوە بکەنەوە لە ڕووی ئیدارییەوە سوپاستان دەکەین.
**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بـۆ بەڕێـز حیات مجید، تەئکید لە دیوان دەکەیـن کە دەبێت ئەو بـابەتە چارەسـەر بکرێت، بەڕێز ئامینە زیکری، فەرموو.
**بەڕێز امینە زیکری سعید:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
پشتگیریا د.ڤالایێ دکەم کو ڕێگا یەکێ بێتە پاش ئێخستن چونکی تەبەعیاتێ مالی ژیەت هەی دڤێت رایی حکومەتێ دا بۆیت، هەروەسا ڕێگا دووهێ ژی بێتە پێش ئێخستن ژ بەر چەند سەبەبا، بۆ نموونە بدیتنا من دیراسە سەر نە هاتنە کرن سەر وی یاسایی بازرگانی کـرن ب مرۆڤـان، هەنـدەك نمـوونە ددێ بەحـس کەم، پـرۆژە یاسـا بازرگـانی کرنـا مرۆڤـا یـا عێراقی ب نموونە ژی سەح کەیـن مـاددێ دووهێ بەحسێ هەنـدێ دکات کـو لیـژنە بهێـتە دامەزراندن ناڤ و نیشانێ ڤی لیژنا لیژنەیەکا مەرکەزیا بەرهەم دار بۆ بازرگانی کرنا مرۆڤا، کو دگەل نینەری هەمی پاریزگەها دڤێتن تەنسیق هەبیتن ئەڤە تشتەکا کو دڤیچتن دگەل دامودزەگەهێ هەرێما کوردستانێ یا گونجای بیت ماددەیەکا کو پێتڤیا تەعدیلی یە یان ماددێ سێ فەقەرە (8) کو پێتڤیا ئەسڵەن بهێتە لادان، ئەو ماددە دبێژیت هەوڵدان بهێتە کرن کو عیراق ببیتە ئەندام د ئیتفاقیاتێن دوەلی دا ئەوآ گرێدای بەرەنگاربوونا مرۆڤان کو ئەڤە ژی ماددەیەکی زێدە و ئەرکی لیژنا مەرکەزیە یان ماددێ چارێ بەحسی هەندێ دکاتن کو هەرێمێ لهەر پارێزگایەکی لیژنەیەکا فەرعی بهێتە دامەزراندن ئەگەر لگور ڤی ماددێ بێتن ماددەیەکی زیاد ئەگەر لیژنە بێتە دامەزراندن د لیژنەیەکیا سەرەکی بیتن لیژنەیەت فەرعـی نڤیسـینگەی پارێزگەهـا هەروەسـا قەزا دهێـتە ڤەکـرن، یـان مـاددێ پێنجـێ دبێـژیتن فەقەرە ئێکێ بەحسێ سزایێ دکات، کو سزا بێژیت ئێك ژ ڤان کارێن کو هاتینە کرن ماددێ ئێکێ دا کو ماددی یەکێ دێ ڤێ یاسایی دا هاتیە پێناسە کرنە، واتا ماددەیەکی زێدە د ڤی تەعدیل بهێتە کرن، یان ماددێ دەهێ، بەحسێ هەندی دکاتنی موافەقە ئەو کەسێن قوربانیەت ڤی تاوانێ دا دڤێتن ناهیتە وەرگرتن، ئەسڵەن خۆ ئەوە جەریمەیەکا یا دوەلیە، ئیختساسەکا شامل و عالمیە زمنی قانوون عقوباتی سالآ (69) ێ کو هەر کەسەك تاوانبار بیـت دوەلـیەن بهێـتە گـرتن ئۆتۆمـاتیکیەن دێـتە سـزادان و هەروەسـا ئەڤ تـاوانە نـاهێتە ئسـولی محاکماتـا، ژ بەر هەنـدێ داخـاز دکەم ئەڤ فەقەرە ژی بهێـتە پـاش ئـی خسـتن بـۆ هەندی کو دیراسەتەکا باشتر سەر بێتە کرن.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز امنە زیکری، بەڕێز سۆران عمر، فەرموو.
**بەڕێز سۆران عمر سعید:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
مـن پـێم سـەیرە بڕگەی یەکەم لە بەرنامەی کار کە گفتوگۆیە لەسـەر بەرکارکردنی یاسـای هەمـواری بیسـتەمی یاسـای میلاکـات چـۆتە بەرنـامەی کـار و لیـژنەی یاسـایی و لیـژنە پەیوەندیدارەکان تێپەڕیوە ئێستا داوای لابردنی دەکەن، لە کاتێکدا ئەم مەسئەلەیە ئەگەر بەهانە ئەوەیە تەبەعیاتی مالی هەیە بەراستی دەبوو لە لیژنەی داراییش ئەوە موناقەشـە بکرایە، بەڵام کە لیژنەی یاسایی بۆ ئێمەی ناردووە بەڕێزانـی ئەنـدامانی لیـژنە لەوێـن پێیـان وتـووین ئینفـازە بەبـی تەبەعیـاتە هـیچ کێشـەیەکی نـیە، پـێم سـەیرە ئێسـتا داوا بکـری لە بەرنامەی کاردا لاببرێ، بۆیە ئومێد دەکەم لانەبری و داوا دەکەم کە وەك خۆی بڕوات.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز سۆران عمر، بەڕێز د.بەهار، فەرموو.
**بەڕێز بەهار محمود فتاح:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منيش پشتيوانى لەو رايە دەكەم كە بڕگەى يەكەم لاببرێت، لەبەر ئەوەى هەندى مەسەلە هەيە مەسائيلى قانونى يە، يەعنى مەسەلەى ميلاكات پەيوەندى بە دەسەلآتى جێبەجى كردنەوە هەيە، زيادكردنى تەوصيفى وەزيفى و عينوانى وەزيفى يە ئەو بابەتە، بۆيە پێويستمان بە رەئيەكى صەريحى حكومەت هەيە، ئەو جۆرە پرۆژانە يان دەبێت موباشەرەتەن لە حكومەتەوە بێن، يان ئەگەر لە حكومەتەوە نەيێن دەبێت حكومەت بڵى كە من رازيم بەو دەرەجە وەزيفيانە كە ئێوە ئيزافەى دەكەن بۆ ئەم بابەتە، بۆيە بابەتەكە زۆر ياساييە كە ئێمە داواى دواخستنى دەكەين، دواخستنەكەشى تەصەور ناكەم هيچى تێدابێت، بە حكومەتمان گوتووە لە ماوەى حەفتەيەكدا رەئى خۆيان بدەنەوە.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنيكى/ جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د.بەهار، بەڕێز عمر كۆچەر، فەرموو.

**بەڕێز عمر صالح عمر (عمر كۆچەر):**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

جەنابى هەوە و هەمى ئەندامێ پەرلەمان دزانن يەعنى كە بارودۆخى ڤى خەڵكا دبوريتن چ ئاستە، ئەڤ ياسا و گفتوگۆيەت ئەم دكەين هەمى گرنگن، بەس پەرلەمان نێنەرى راستەقينەى خەڵكيە ، قەناعەتا من ئەڤە سازيا حكومەتێ هاتى، ئەڤە حەق نەبى هەمى ببيتە ياسا، چونكى مەيێ داخازا كريە وەك ليژنا دەستپاكى ب سەرۆكاتى بنێريت بۆ ئەنجومەنى وەزيران ئەڤێت نا ياسايى پێتڤيەت بريارەكى نزيكا هەلوەشينن و دە خەلكەكى ديتر دەوامێت كە موستەحەق مووچەيێ وان ناچيتە هەيڤا جارەكى بيتن، ڤێ ئاگادارى وە بكەين كو مە لە ليژنا دەست پاكى د راپۆرتا خۆ تەمام كرى داخازێ دكەين كو سەرۆكايەتى ديڤ چوونا دژى بكاتن ئەڤ هەر شەش ليژنا ب زيترين وەخت ئەڤ پرۆژى بينە هۆلا پەرلەمانێ دا چ بيانو بۆ حكمەتى نەمينن بيژيتن كو پەرلەمانێ تاخير كر وەزعى خەلكى ئەم بينينە پەيرەوى ناوخۆ ياسايەك گەلەك نوكە خەلك نەيەت پێتڤى، ئەڤە خالآ يەكێ، خالآ دووهێ/ ئەز پشتەڤنيا تەلار خانێ دكەم ئەوە چەند جار سەرۆكى دەستا دەستپاكى ژ مە داخاز كر ماوەيا وان يەكسەر ڤە چوو نە ياساييە ل پيرەوى ناوخۆى پەرلەمانى دڤێتن ئيكى دى بێتە ئيختيار كرن، حەز كەين بەرسڤا هەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنيكى/ جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز مامۆستا عمر كۆچەر، ئەوەى يەكەم نيزامى نەبوو، دەكرا پێش دانيشتنەكە ئاگادارى ئێمە بكەى، هەر بۆ ئاگادارى بەڕێزتان هەمووتان هيچ كەس نابى باسى بيانوو بكات، ئەو پرۆژە پرۆژەى نيشتيمانييە، پرۆژەى هەموو فراكسيۆنەكانە، پرۆژەى پەرلەمانە، پرۆژەى حكومەتە، لەبەر ئەوەش بەو خەمخۆرييە ليژنەكان ئيشى خۆيان كردووە، بەردەوامن، زۆر نەماوە بۆ ئەوەى ئەو پرۆژەيە بكەوێتە بەرنامەى كار، دووەم/ ئەوەى پەيوەستە بە هەردوو دەستە بەتايبەتى دەستەى مافى مرۆڤ و دەستەى دەسپاكى ئەوە ئێستا راوێژكارى بەردەوامە لەگەڵ لايەنەكانى تر، هەر تەنيا پەرلەمان نيە، راستە پەيوەستن بەپەرلەمانەوە، بەڵآم سياقى ئيشكردنى ئەو پلانە ئايا هەندێكيان تەمديد دەكەى؟ يان ئاڵوگۆڕ دەكەى؟ ئەوە بەردەوامن، لە نزيكترين كاتدا ئەوە چارەسەر دەكرێت، بەڕێز رێواز فائق، فەرموو.

**بەڕێز رێواز فائق حسين:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

سەبارەت بە تەئجيلكردنى بڕگەى يەكەمى بەرنامەى كار بەش بەحاڵى خۆم من لە پێناوى يەكگرتوويى دەنگى ليژنەى ياسايى قبووڵمە ئەوە دوابخرێ، بەلآم دەمەوى يەك

روونكردنەوە بدەم لەسەر ئەم بابەتە لەسەر ئەو ئەساسەی كە بەندە لەگەڵ رەفیقەكانم ئەم پرۆژەیەمان ئامادە كردووە لە فراكسیۆنە جیاوازەكان، بۆخۆتان دەزانن قانونی میلاكات بە تەنها بۆ وەسفی وەزیفی و رێكخستنی میلاكاتە، دڵنیاشم لەوەی كە هیچ تەبەعەیەكی مالی لەسەر حكومەتی هەرێمی كوردستان دروست ناكات، ئەوەی كە پەیوەستە بە مەسەلەی موخەصەصات و مەسەلەی رەواتب قانونی ژمارە (22)ی ساڵی (2008) ئەوە دەرەجەكانی وەزیفی رێكخستووە، قانونی خدمەی مەدەنیش لە (9) بڕگەی جیاوازدا مەسەلەی موخەصەصاتی ڕێكخستووە، بەڵام لەبەر ئەوەی رەئیەك هەبووە لە ناو لیژنەیەك كە باشترە ئێمە رەئیەكی صەریحی حكومەتمان دەست بكەوێ، منیش پشتگیری ئەوە دەكەم بە مەرجێك لە یەك حەفتە تێنەپەڕێ، واتا حەفتەی داهاتوو وەكو ئەمڕۆ ئەگەر حكومەت وەڵامی نەدابووینەوە یەكسەر ئەم بابەتە جارێكی تر بخرێتە ناو بەرنامەی كاری دانیشتنەكانی پەرلەمانی كوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز رێواز فائق، دوو خاڵی تری نیزامی وەردەگرین و كۆتایی پێ دەهێنین، بەڕێز عباس غەزالی، فەرموو.

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەوەدام ئەو پرۆژانەی رەهەندی پەیوەستن بە حكومەتەوە ڕەوانە بكرێن، بەڵام دەبێ حكومەتیش لە كاتێكی دیاریكراودا وەڵام بداتەوە، بۆ نموونە پرۆژەیەكی گرنگی وەكو ئاو ئەوە سێ مانگە چۆتە حكومەت و بەدواداچوونی دەكەین ناگەڕێتەوە، ئەگەر جوابیان نەدراوە بخرێتە بەرنامەی كار بۆ جێبەجێكردن، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز عباس غەزالی، بەڕێز عمر عینایەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ رێزم بۆ لیژنەی یاسایی دەزانم لۆدێكی زۆریشیان لەسەرە، بەڵام دواراپۆرت كە دەنووسرێ بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەی كارەوە لەلای لیژنەی یاساییەوەیە، منیش وەكو كاك سۆران گوتی پێم سەیرە چۆن خراوەتە بەرنامەی كار و راپۆرتیان نەهاتووە، بە پێی ئەو زانیارییانەی من هەمە وەسفە وەزیفی تەبەعاتی مالیەی لەسەر حكومەت كەم دەكاتەوە، نەك زیادی بكات، بۆیە من پشتیوانی لە قسەكانی كاك سۆران دەكەم، داوا دەكەم لە بەرنامەی ئەمڕۆ موناقەشە بكرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز عمر عینایەت، بەڕێزان بۆتان سەیر نەبێت ئەوە مەسەلەی خەمخۆرییە، مەسەلەی جدییەتە، مەسەلەی پەرۆشییە بۆ ئەوەی ئیشەك بەباشی بكرێت، مەسەلەی دەركردنی یاسا راستە ئەوەی رەهەندی دارایی هەیە، ئەوە لیژنەی دارایی رەئی دەدات، بەڵام ئەوە لە جدییەتی لیژنەی یاسایی رەنگدەداتەوە، ئەو جدییەتەش رەئی حكومەت لەو بارەوە زۆر گرنگە، بەبێ ئەوەی حكومەت رەئی بدات تۆ یاسایەك بۆ كێ دەردەكەی؟ لەبەر ئەوە ئەو پێشنیارە پێشنیاری یەكەم ئێمە دەخەینە دەنگدانەوە لەسەر بڕگەی یەكەم كە دوا بكەوێت بۆ دانیشتنەكانی داهاتوو، خاڵی یەكەمی بەرنامەی كار بۆ ماوەی یەك حەفتە دوادەكەوێت، ئەوە دەخەینە دەنگدان.

**بەڕێز امینە زكری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
دیڤ پەیڕەوی ناوخۆدا حکومەتی (15) ڕۆژی لەبەردەستە حەتا ماوەی خۆ وەربگریتن، یەعنی دە بۆچی وی ماوەی وی کو پەیڕەوی ڕێگەدایە تو دژی وەرگری؟ یەعنی ئەز دگەل هەندی نیم تۆ وەختەکی زەمەنییا دیاری بکەی، چونکە ماوەی دیارکریت لە پەیڕەوی دیارە.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
ئەوە خۆی دوادەکەوێت، ئێمە ماوەکە دیار ناکەین، بەڵام لیژنەی یاسایی لەبەینی خۆیان ئیتیفاقیان کردووە کە ئەم بابەتە بۆ دڵنیایی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، مەبەستی ئەوان ئەوەیە کە دڵنیابن ئەم مەسەلە فەرامۆش ناکرێت، پەراوێز ناخرێت، لە ماوەیەکی کورتدا جارێکی تر دەکەوێتە بەرنامەی کار، ئەم بڕگەیە دوادەکەوێت، دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵە ئەو بڕگەیە دوابکەوێت تکایە دەست بەرز بکبتەوە؟ (52) کەس بە پەسەند دەزانن ئەو بڕگەیە دوا بکەوێت، کێ دژیەتی؟ (13) کەس لەگەڵ ئەوە نین و دژن، بە زۆرینەی دەنگ دواکەوت، تێبینییەکی تەکنیکی هەبوو، کاتی کە کارەبا نامێنێت (5) دەقە دەتوانین بە (UPS) لە دانیشتنەکە بەردوام بین دواتر دەبی هەڵگرین، بەڵام هەر بۆ ئاگاداری ئێوەی بەڕێز خاڵی دووەم دەبێتە خاڵ یەکەم، بەڵام پێشنیارێك هەبوو کە ئەو خاڵەش دوابکەوێت، یەك پێشنیار بە تەنیایە، بەڕێز ئێڤار إبراهیم، فەرموو.
**بەڕێز ئێڤار إبراهیم حسین:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ئەگەر یەك پێشنیار هەبێت بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ناتوانی بخرێتە دەنگدان، دەبی زیاتر لە سی کەس بێ.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز ئێڤار إبراهیم، بەڕێز سۆران عمر، فەرموو.
**بەڕێز سۆران عمر سعید:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
گفتوگۆی پڕۆژەی یاسای بەرکارکردنی نەهێشتنی بازرگانی بە مرۆڤ ئەوەی ساڵی (2012)ی عێراق، پێشنیار دەکەم دوابخری بە تەعدیلەوە بهێنرێتەوە، چونکە بازرگانی کردن بە مرۆڤ گۆڕانکاری بەسەرەوە هاتووە و شەش ساڵ ئەو یاسایە لە عێراق دەرچووە، پێشنیاری پێشتریش هەیە و پڕۆژەی پێشتریش هەیە بۆ هەمواری بۆیە پێشنیار دەکەم ئەویش دوابخرێت.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز سۆران عمر، بەڕێز شیلان جعفر، فەرموو.
**بەڕێز شیلان جعفر علی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
منیش پشتگیری خوشکی بەڕێزم ئامینە خان و کاك سۆران دەکەم بۆ دواخستنی بڕگەی دووەم بە هەمان شێوە بۆ ئەوەی زیاتر دیراسە بکرێت.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز شیلان جعفر، بەڕێز مەردان خدر، فەرموو.
**بەڕێز مەردان خدر مصطفی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ئەگەر بە وردی سەیری ڕاپۆرتی لیژنەکان و ئەصڵی یاساکە بکەین ئەوەی عیراق، فیعلەن لە چەند ماددەیەك پێویستمان بەوەیە کە بە تەعدیلەوە ئەو یاسایە ئینفاز بکرێت، بۆیە منیش داوا دەکەم و پشتگیری ئەو ڕەئیانە دەکەم کە دوابخرێت تاکو ئەو تەعدیلە ئامادە دەکرێت پاشان گفتوگۆی لەسەر بکرێت، سوپاس.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز مەردان خدر، ئەوە وا نیشان دەدات بە وردی ئەو پرۆژەتان خوێندۆتەوە، بەڕێز کەژاڵ هادی، فەرموو.

**بەڕێز کەژاڵ هادی فقێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا دەکەم کە بڕگەی دووەم دوانەخرێت، لەبەر ئەوەی ئێمە لەگەڵ لیژنەی یاسایی و لیژنەی مافی مرۆڤ، لیژنەی مافی مرۆڤ واژوویان هەیە لەسەر ڕاپۆرتەکە، بۆیە پێمان باشە ئەمڕۆ ئەم یاسایە ئینفاز بکرێت و دوانەخری بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز کەژاڵ هادی، بەڕێز زانا عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من پێشنیارێکم هەیە، حەفتەی دوو ڕۆژ دانیشین، ڕۆژی یەکەم بۆ نوقتەی نیزامی و ڕۆژی دووەمیش بۆ بەرنامەی کار بەراستی، ئەوە (26) کەس بەس بۆ نوقتەی نیزام قسەی کردووە، پێموایە ئاوا ئیش ناڕوات، پرۆژە یاسا تێدەپەڕی هەر لە پەرلەمانی عیراق، پرۆژە یاسایەك دەڕوات (10) کەس قسە ناکات تیایدا، لەبەر ئەوە بەراستی ئەو بابەتە چارەسەر بکەن بۆ ئەوەی گرۆتینێك هەبی بێین بەرنامەی کارەکە وەکو خۆی جێبەجی بکەین، هەمیشە ئێمە بەرنامەی کار دەگۆڕین، ئەی بۆ وا داینانێین کە گۆڕانکاری تێدا نەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز زانا عبدالرحمن، تێبینییەکەت بەجێیە، بەلآم ئەوە نیشانەی دینامیکییەتی ئەندامانی پەرلەمانە، دینامیکییەتی لیژنەکانە، ئەوەش دەبێت بە هەند وەربگیرێت، بەڕێز امینە زیکری، فەرموو.

**بەڕێز امینە زیکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داخازیا مە بۆ پاش ئێخستنا فەقەرەی سەر ئەساسی هەندەك بنەمایەت قانوونی بوون کو من ئاماژە پێدا ماددێ دووهێ ماددێ سی و چوارو پێنج و هەشت و ماددێ دەهێ ئەڤە وەکی نموونە من ئینان کو پێتڤیا راست ڤەکرن تێدا بهێنە کرن گۆرانکاری تێدا بهێنە کرن هەندەك معارزن دگەل دامودەزگایی هەرێمێ هەڤ گونجا نینە دگەل دامودەزگەهێ حکومەتا هەرێمێ هەندەکی شان ڤێت ئەسڵەن بهێنە لادان بۆ هەندی ددڤیتن رەسەدەکا وردتر لێ بهێتن تێبینیا من تێبینیەکا قانوونیە ژ بەر هەندێ بۆ هەندێ کو پەرلەمان دیسان نازڤریتە هەندە ڤە کو وێ پرۆژێ یاسایی بهێتە راست بکەتەڤە ڤێت باشتر دیراسەت بێتە سەر کرن.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز امینە زیکری، بەڕێز ئێڤار إبراهیم، فەرموو.

**بەڕێز ئێڤار إبراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پرۆژە یاسایە کە بەس ئینفازە، تەبعەن لیژنەی مافی مرۆڤ هەر هەموویان ئیمزایان کردووە بە بەڕێز سەرۆکی لیژنەشەوە، ئەگەر وایە بۆ ئیمزای دەکرد بیگوتبا ئیمزای ناکەم پێویستی بە تەعدیلە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز ئێڤار إبراهیم، دیارە ئەوە دووبارە کردن بوو، دووبارە کردنیش نابێت، لەبەر ئەوە باسی سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤت کردووە، ماف بە بەڕێز سۆران عمر دەدەین وەڵام بداتەوە، فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیوادارم ئەم نەریتە لە لیژنەی یاساییەوە داهێنراوە بگۆڕدرێ، تەنها داوای کۆکردنەوەی واژووی ئەندامانی لیژنە کراوە، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی داکۆکی لە مافی ئافرەت بەجێگری سەرۆکی لیژنە ناردوویێتی داوای ئیمزای لیژنەی کردووە، ئەم قەزییە نەهاتۆتە کۆبوونەوەی لیژنە، ئەوە نەریتێکە نازانم ئیستیعجالە چییە، هیوادارم ئەوە نەمێنێ، ئێمە جارێکی تر بەم شێوەیە ئیمزا نانێرین و من خۆم ئەم ئیمزایە سەحب دەکەمەوە، هیوادارم ئەندامانی لیژنەش سەحبی بکەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سۆران عمر، بەڕێز زۆزان، فەرموو.

**بەڕێز زۆزان صادق سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیریا ئاخافتنی د. ڤاڵا و امینە خان دەکەم، هەمان دەمدا پێشنیار دەکەم کو بەری بەرنامێ کاری بهێتە دانان و بەری بەرنامێ کاری بهێتە دانان و پێتڤیا سەرۆکایەتیا پەرلەمانی و دگەل لیژنا یاسایی تەنها تەنسیقەك هەبیت بۆ هەندێ ئەو پرۆژەیەت پێتڤی خاندنێ و یان پێتڤی موناقەشە کرنێ پتر وەختی وەربگریتن داکو نەکەڤنە دوو سالا تەئجیل و تەئجیل کرنێ، لەوما حەز دکەم ئەڤێ پێشنیارێ بەرچاڤ وەربگرن بۆ هەندێ کو پتر خزمەتا وان پرۆژا بکاتن ئەوێت دهێنە موناقەشەکرنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز زۆزان صادق، ئەوەی بەڕێزتان ئاماژەتان پێکردووە زۆزان خان ئەوە تەحصیل حاصلە، یەعنی بەرنامەی کار دانانرێت بی ئەوەی رەئی لیژنە پەیوەندیدارەکان وەربگرین بەتایبەتی لیژنەی یاسایی، بەڕێز ناظم کبیر، حەز دەکەم کۆتایی بە خاڵە نیزامییەکان بینین، فەرموو.

**بەڕێز ناظم کبیر محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی نوقتە نیزامییەکان بکرێت، هەر بەڕێزێك کە کاتێك نوقتەی نیزامی دەگرێت بڵێت بە پێی فلان مادده و فلان بڕگە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز ناظم کبیر، لە کۆتایی ئەوەی داوا دەکەن بڕگەی دووەم دوابخرێت بۆ دانیشتنەکی تر دەخەینە دەنگدان، دانیشتنەکی تریش حەفتەی داهاتوو دانیشتنمان دەبێت، تا ئەو کاتە ئەگەر بتوانن ئەو تەعدیلانە حازر بکەن زۆر باشە، زۆر گرنگە، جاری یەکەم ئەوەی داوا دەکەن دوابکەویت بۆ حەفتەی داهاتوو، دەنگدان لەسەر ئەوەی دوابکەویت، کی لەگەڵە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ (35) کەس لەگەڵ ئەوەنە دوابخرێت بۆ دانیشتنەکانی داهاتوو، ئەوەی دەیانەوێت وەکو خۆی بێت و دژی ئەوەن دوابکەوێت؟ (15) کەس دژن، بەزۆرینەی دەنگ پێشنیارەکە پەسەند کرا دوادەکەوێت بۆ دانیشتنی داهاتوو، بەڕێزان بڕگەی (سێیەم) دەبێتە (یەکەم) زیادکردن و دەست لە کارکێشانەوە ئەم

ئەندام پەرلەمانانەی خوارەوە لە لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان بە پێی ماددەی (44) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەمووارکراو، دەست لە کارکشانەوەی ئەندام پەرلەمان بەڕێز دلێر مصطفى حسن لە لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیاینی جینۆساید، ئەوەی لەگەڵدایە دەستی بەرز بکات؟ (34) کەس لەگەڵیدان، ئەوەی دژە؟ (4) کەس دژن، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، دوو/ زیادکردنی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز ئاری عبداللطيف مولود بۆ سەر لیژنەی ڕۆشنبیری و راگەیاندن و هونەر، ئەوەی بە پەسەند دەزانێت دەستی بەرز بکات؟ (47) کەس بە پەسەند دەزانن؟ ئەوەی دژە؟ کەس نیە، بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، چوارەم/ گفتوگۆکردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان کە لەلایەن لیژنەی کاتی بۆ پێداچوونەوەی پەیڕەوی ناوخۆ ئامادەکراوە، بە پێی بڕیاری ژمارە (26)ی ساڵی (2014) بڕگەی (8) لە ماددەی (56)م یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ساڵی (1992)ی هەموارکراو پاڵپشت بە ماددەی (94)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ساڵی 1992ی هەموارکراو، داوا لە بەڕێزان لیژنەی کاتی دەکەین فەرموون بۆ شوێنی تایبەت بە لیژنەکان، خاڵێکی نیزامیشمان هەیە، بەڕێز فرحان جوهر، فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ دەست لە کارکێشانەوەی ئەندامێکی پەرلەمان لە لیژنەیەکی هەمیشەیی جاری پێشووتر وابوو کە دەنگی لەسەر نەدرێت، بەبی دەنگدان چووە لیژنەیەکی تر، بەڵام بۆ ئەمجارە دیتمان بۆ دەست لە کارکێشانەوەی ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لە لیژنەیەکی هەمیشەیی بە دەنگدان لەسەری کرا، پێویستی بە روونکردنەوەیە ئەو مەوزووعە، بۆچی گۆڕانکاری کرا لە نێوان دوو دانیشتن دا؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز فرحان جوهر، جاری پێشتریش ئەوە بە هەڵە دەرباز بوو، چاکمان کردەوە، بەڕێزان دەست بەبرگەی دووەم دەکەین، چوارەمە بووە دووەم، فەرموو بەڕێز د.فرست صۆفی، فەرموو.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە بەشی شەشەم وەستابووین، وەکو ئەو میکانیزمەی کە پەسەند کرا لەم پەرلەمانە بەڕێزە بۆ شێوازی گفتوگۆکردنی پەیڕەو، ئێمە ئێستا بەشی شەشەمی پەیڕەوی ناوخۆ کە لەلایەن لیژنەی کاتی ئامادە کراوە، دەیخوێنینەوە، دواتر داوا لە بەڕێزتان دەکەین ماددە بە ماددە بیخەیە گفتوگۆ، لە کۆبوونەوەی داهاتوو ئەو ماددانەی کە گفتوگۆیان لەسەر دەکری بیروڕایەکان دەخەینە دەنگدان و پەسەندی دەکەین، داوا لە بەڕێز د.ڕێواز دەکەم بەشی شەشەم بە تەواوی بخوێنێتەوە ئینجا هەموو بەشەکە ماددە بە ماددە دەخەینە گفتوگۆ.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د.ڕێواز.

**بەڕێز ڕێواز فائق حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی شەشەم سیستمی کار لە پەرلەمان:

یەکەم: بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمان

ماددەی (48)

1-دەستەی سەرۆکایەتی بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمان دادەنێت و بۆی هەیە راوێژ لەگەڵ دەستەی گشتی بکات.
2-هەموو دانیشتنێك بەرنامەی کاری نووسراو و پێشوەختەی دەبێ (48) کاتژمێر پێش وادەی دانیشتنەکە سەرجەم ئەندامان لە ڕێگەی سکرتێرەوە لە بەرنامەی کار ئاگادار دەکرێنەوە بە پێچەوانەوە دانیشتنەکە ئەنجام نادرێت.
ماددەی (49)
1-بڕگەکانی بەرنامەی کار بەگوێرەی ئەو ڕیزبەندییەی لە بەرنامەکەدا هاتووە گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرێ، پاش و پێشخستنی هەر بڕگەیەك لەسەر پێشنیاری سەرۆك یان سێ پەرلەمانتار و بە رەزامەندی زۆرینەی ئامادەبووان دەبێت.
2-تا گفتوگۆ لەسەر بڕگەیەکی بەرنامەی کار تەواو نەبێت بڕگەیەکی نوی گفتوگۆی لەسەر ناکرێت بەڵام ئەگەر لەبەر هەر هۆیەك نەتوانرا گفتوگۆ دەربارەی بڕگەیەك تەواو بکری دەستەی سەرۆکایەتی دەتوانی ئەو بابەتە بە هەڵپەسێراوی بهێڵێتەوە و بە رەزامەندی زۆرینەی ئەندامانی ئامادەبوو بابەتەکە دوادەخرێت بۆ دانیشتنی داهاتوو بڕگەی دوای ئەوە گفتوگۆی لەسەر دەکرێ.
ماددەی (50)
1-هەر بابەتێك لە بەرنامەی کاردا نەبی گفتوگۆی لە بارەوە ناکرێ.
2-سەرۆکی فراکسیۆنی پەرلەمانی دەتوانی بەر لە (24) کاتژمێر لە وادەی دانیشتنەکە داوای زیادکردنی بابەتێك بۆ بەرنامەی کار بکات بە مەرجێك بابەتەکە گشتی و بەپەلە بێت و دواخستنی ببێتە هۆی لە دەستدانی گرنگی داواکارییەکە.
3-لایەنی کەم (10) ئەندام یان نوێنەرانی هەر پێکهاتەیەك لە پەرلەمان مافی ئەوەیان هەیە داوا لە دەستەی سەرۆکایەتی بکەن بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەسەر بابەتێکی گشتی بخەنە بەرنامەی کار.
ماددەی (51)
یەکەم/
1-هەر لیژنەیەکی هەمیشەیی یان تایبەت دەتوانی لە ماوەی (48) کاتژمێر بەر لە کۆبوونەوەی پەرلەمان داوا لە دەستەی سەرۆکایەتی بکات لە دیاردەیەك یان ڕووداوێك یان هەر بارێکی گشتی بکۆڵێتەوە و داوا لە دەستەی سەرۆکایەتی بکات بۆ ئەوەی بە مەبەستی گفتوگۆ لە بەرنامەی کار دایبنێن.
2- هەر ئەندامێکی پەرلەمان مافی هەیە لە ماوەیەك کە لە (10) خولەك تێپەڕ نەکات بیرۆکەیەك بخاتەڕوو بەم مەرجانەی خوارەوە:
أ-(48) کاتژمێر پێش دانیشتنی پەرلەمان داوایەك پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان بکات.
ب-بیرۆکەکە نووسراو بێت تا ئەندام پابەند بێت بە ناوەڕۆکی نووسراوەکە.
پ-پەیوەست بێت بە کێشەیەکی گشتی و پێشنیاز و چارەسەری لەخۆ گرتبێت.
دووەم/ دەکرێت گفتوگۆکردن لەسەر بابەتەکانی بڕگەی یەکەم لەسەر داواکاری لیژنە یان ئەندامان بە ئامادەبوونی سەرۆك وەزیران یان وەزیری تایبەتمەند یان هەردووکیان بێت.
سێهەم/ لە کاتی رازی نەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی بە داواکاری لیژنە یان ئەندامان و پێداگری ئەوان لەسەر داواکەیان سەرۆك رێگە دەدات کەسێکی هاوپشت یان دژ بە داواکەیان لە ماوەی سێ خولەك بیروبۆچوونی خۆیان لەو بارەیەوە بخەنەڕوو ئەو کات بەبێ گفتوگۆ پەرلەمان بڕیاری یەکلاکەرەوەی خۆی لەسەر دەدات.
چوارەم/ سەرۆك وەزیران یان وەزیری تایبەتمەند دەتوانن داوا بکەن گفتوگۆی ئەو بابەتە بۆ ماوەیەك کە لە دوو حەفتە تێپەڕ نەکات دوابخرێ.
**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

دووەم: ڕیزبەندی و سیستەمی دانیشتنی ئەندامان:
ماددەی (52): شوێنی دانیشتنی ئەندامان لە هۆڵی پەرلەمان بەپێی لیستی ڕیزبەندکراو بە گوێرەی پیتەکانی ئەلف و بێی کوردی دیاری دەکرێت بە ڕەچاوکردنی زنجیرە یەك بەدوای یەکی هەمان فراکسیۆن.
ماددەی (53)
کارنامەی حەفتانەی پەرلەمان بەم شێوەیە دەبێت:
1-ڕۆژانی یەکشەممە ئەندام بەدواداچوون بۆ کاری هاونیشتمانیان دەکات.
2-ڕۆژانی دووشەممە کۆبوونەوەی لیژنەکان.
3-ڕۆژانی سێشەممە و چوارشەممە تایبەت دەبی بە دانیشتنی پەرلەمان.
4-ڕۆژانی پێنجشەممە گفتوگۆکردن لەگەڵ حکومەت بەپێی پێویست.
5-دەستەی سەرۆکایەتی لە کاتی پێویست دا دەتوانی خشتەی کاری حەفتانەی پەرلەمان دەستکاری بکات.
سێیەم: دانیشتنەکانی پەرلەمان
ماددەی (54): سەرۆك لەگەڵ ئاماژەدان بە ژمارە و بەرواری دانیشتن و وەرزی یاسادانان و خولی گرێدان بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان بە ناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنی پەرلەمان دەکاتەوە.
ماددەی (55)
یەکەم/ دوای کردنەوەی دانیشتنەکە ناوی ئامادەنەبووانی دانیشتنی پێشوو مۆڵەتدراوبن یان بی پاساو ئامادەنەبووبن دەخوێندرێتەوە.
دووەم/ پوختەی کۆنووسی دانیشتنی پێشوو بە مەبەستی ڕاستاندنی دەخرێتەڕوو دوای ئەوە ڕاستکردنەوانەی کە بە بڕیاری ڕاستەخۆی دەستەی سەرۆکایەتی یان لەسەر داوای ئەندامان تێیدا ئەنجام دەدرێت.
سێیەم/ پوختەی کۆنووسەکە ئەمانە لەخۆدەگرێت:
1-ناوی ئامادەنەبووان بەمۆڵەت بووبی یان بی مۆڵەت.
2-ناوی هەر وەزیرێك کە لە دانیشتنەکەدا نوێنەرایەتی حکومەتی کردبێت.
3-ئەو بابەتە سەرەکییانەی کە لە دانیشتنەکەدا تاوتوی کراون.
4-ئاماژەدان بە هەر یاسا و بڕیارێك کە لە دانیشتنی پێشوودا لەلایەن پەرلەمانەوە دەرچووبێت.
چوارەم/ دەستەی سەرۆکایەتی لە راستاندنی پوختەی کۆنووسەکەدا شوێنی پەرلەمان دەگرێتەوە ئەگەر لەبەر کۆتایی هاتنی خولی پەرلەمان دانیشتن ئەنجام نەدرا.
چوارەم: ئامادەبوون لە دانیشتنەکانی پەرلەمان
ماددەی (56)
یەکەم/
1-سەرۆك وەزیران و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر داوای خۆیان دەتوانن ئامادەی دانیشتنەکانی پەرلەمان بن لە گفتوگۆکانیان دا بەشداری بکەن بەبی ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت.
2-ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران دەتوانن فەرمانبەرانی وەزارەتەکانیان بهێنن بۆ دانیشتنەکانی پەرلەمان بە مەبەستی راوێژپێکردن و پشت پی بەستنیان بە مۆڵەتی سەرۆك بی ئەوەی مافی قسەکردنیان هەبێت.
دووەم/

1-هاوولآتیـان و میـدیاکاران دەتـوانن بە وەرگرتنـی ڕەزامەنـدی دەسـتەی سـەرۆکایەتی لە دانیشتنەکانی پەرلەمان ئامادەبن.
2-ژمـارەی ئەو کەسـانەی کە ئامـادەی دانیشـتنی کـراوە دەبـن نابێـت لە ژمـارەی ئەو کورسییانە تێپەڕ بکات کە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە بۆ میوان تەرخان کراوە.
شەشەم: سیستەمی گفتوگۆکردن لە دانیشتنەکانی پەرلەمان
ماددەی (57)
1-ئەنـدام بە مـۆڵەتی سـەرۆك لەو جێگەی دانیشـتووە یـان لەسـەر ئەو سـەکۆیەی بـۆ ئەو مەبەستە ئامادە کراوە ئاخاوتن دەکات.
2-لەگەڵ خستنەڕووی هەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی بەرنامەی کار بـۆ گفتوگـۆکردن سـەرۆك داوا لە سکرتێر دەکات ناوی داواکارانی مۆڵەتی ئاخاوتن تۆمار بکات.
3-سەرۆك بەڕەچاوکردنی ریزبەندی تۆمارکردنیان ڕێگە بە ئەنـدامان دەدات ئاخـاوتن بـکەن بە ناوی ئەو ئەندامانە دەست پی دەکات کە پێش دانیشتنەکە لەلای سـکرتێر ناویـان تۆمـار کـردووە بـۆ ئاخـاوتن لەسـەر ئەو بڕگەیە و هەر ئەنـدامێك بـۆی هەیە ریزبەنـدییەکەی بـداتە ئەندامێکی دی.
ماددەی (58)
ئەنـدام ئاخاوتنەکـانی ئاراسـتەی سـەرۆك دەکـات و پێویسـتە پابەنـد بێـت بەم خالـآنەی خوارەوە:
1-لە ماوەیەکـدا پەیـامەکەی بگەیەنێـت کە لە سـی خـولەك تێـپەڕ نەکـات، بـێجگە لەو دانیشـتنانەی تـایبەتە بە گفتوگـۆکردن لەسـەر پـڕۆژە یاسـای بـودجە و ئەو دانیشـتنانەی دەستەی سەرۆکایەتی تایبەتمەندی دەداتێ.
2-نابێت ئاخاوتنەکانی خۆی یان ئاخاوتنەکانی ئەندامەکانی تر دووبارە بکاتەوە.
3-دەبێـت ئەنـدام ئاخاوتنەکـانی لەسـەر ئەو بـابەتە چـڕ بکـاتەوە کە خـراوەتەڕوو نابێـت بگەڕێتەوە سەر بابەتێك کە دەنگی لەسەر دراوە یان گفتوگۆی لەسەر کۆتایی هاتووە.
4-هەر ئەندامێك بۆی هەیە تەنها یەك جار لەسەر هەر بابەتێك ئاخاوتن بکات.
5-ئەنـدام بـۆی نیە لەسـەر ئاخـاوتنی ئەنـدامێکی تـر قسـە بکـات یـان کـۆمێنتی هەبـی یـان وەلآم بداتەوە.
مـاددەی (59): تەنهـا سـەرۆك بـۆی هەیە رێـگە بگـری لەبەردەوامبـوونی ئەنـدام لەسـەر ئاخاوتنەکەی ئەویش لەیەکێك لەم ئەگەرانەی خوارەوە:
1- بەبی مۆڵەت ئاخاوتنی کرد.
2- لەکاتی ئاخاوتندا وشەی نەشیاو یان تانە و تەشەر بەرامبەر هەر دەزگایەکی دەسـتووری و یاسایی هەرێم یان ئەندامێك یان فراکسیۆنێکی پەرلەمـانی یـان هەر کەسێکی دی بەکـار هێنا.
3- باسی لە تایبەتمەندییەکانی ئەندامێك یان هەر کەسێکی دی کرد.
4- باسی لە نهێنییەکانی دۆسیەیەك کرد کە لە بەردەم دادگادایە.
5- ماوەی دیاریکراوی ئاخاوتنی کۆتایی هات.
ماددەی (60)
1-سـەرۆك دەتـوانی فەرمـان بکـات بەسڕینەوەی هەمـوو یـان بەشـێك لە ئاخـاوتنی هەر ئەنـدامێك لە پرۆتۆکـۆڵ کە پـێچەوانەی سیسـتەمی گشـتی بێـت و لە کـاتی نـارەزایی ئەندامەکە پەرلەمان بەبی گفتوگۆکردن بڕیاری یەکلاکەرەوە دەدات.
2-هەمـوو ئەنـدامێك بـۆی هەیە داوای سڕینەوەی ئاخـاوتنی ئەنـدامێکی دی بکـات لەگەڵ هۆیەکانی داواکارییەکە ئەگەر سەرۆك داواکارییەکەی بەڕەوا نەزانی مافی ئەو ئەنـدامەیە داوای دەنگدان بکات لەسەر داواکارییەکەی.
**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (61)
1-ئەندام بۆی هەیە لە رێگەی خاڵی پەیڕەوی لە هەر کاتێکی دانیشتنی پەرلەمان دا داوای وەرگرتنی مۆڵەت لە سەرۆك بۆ ماوەیەك کە لە دوو خولەك زیاتر نەبێت ئاخاوتن بکات بە بی رەچاوکردنی تۆمارکردن و ڕیزبەندی.
2- تەنها ئەم ئەگەرانەی خوارەوە بە خاڵی پەیڕەوی دادەنرێت:
أ-ئەگەر پێشێل کردنی یەکێك لە ماددە و بڕگەکانی دەستور یان یەکێك لە یاسا بەرکارەکان یان یەکێك لە ماددە و بڕگەکانی ئەم پەیڕەوە کرا لەگەڵ ئاماژەکردن بە ماددەکە.
ب- ئەگەر گفتوگۆکان لە بابەتی دانیشتنەکە دەرچوون.
ج- داواکردن بۆ دواخستنی گفتوگۆ لەسەر بابەتێك و بڕیاردان لەسەر گفتوگۆکردن لەسەر بابەتێکی دی یان ئاڵوگۆڕ لە بەرنامەی کار.
ماددەی (62)
ئەگەر ئەندام داوای ئاخاوتنی کرد لە ڕێگەی خاڵی پەیڕەو بەلآم ئاخاوتنی خاڵی پەیڕەوی نەبوو سەرۆك دەتوانی ئاخاوتنی پی ببڕێت و لە کاتی دووبارەبوونەوەی لەو دانیشتنەدا هەلێکی تری ناداتی بۆ ئاخاوتن لە رێگەی خاڵی پەیڕەو.
حەوتەم: بەرزەفت کردن
ماددەی (63)
ئەگەر لە کاتی دانیشتنەکانی پەرلەمان دا هەر سەرپێچییەك لەلایەن هەر ئەندامێکەوە بکرێت کە دەشی کاربکاتە سەر بەڕێوەچوونی دانیشتنەکە یان ئاخاوتنی نەشیاو بەرامبەر بە پەرلەمان و دەستەی سەرۆکایەتی و یان هەر یەکێك لە ئەندامانی لی ببیسترێت سەرۆك بەم شێوەیە رەفتاری لەگەڵ دا دەکات:
1-بەبیر ئەندامەکە دەخاتەوە کە رێك و پێکی دانیشتنەکە بپارێزێ.
2-ئەگەڕ پابەند نەبوو هەر بەردەوام بوو سەرۆك وریای دەکاتەوە (تنبیە).
3-لە حاڵەتی بەکارهێنانی زمانی زبر ئەوا وریاکردنەوەکە دەسڕێتەوە و ئاخاوتنەکانیشی لە پرۆتۆکۆڵ لەگەڵدا دەبێت.
4-ئەگەر ئەمجارەش پابەند نەبوو بەردەوام بوو سەرۆك بۆی هەیە لە دانیشتنەکە بی بەشی بکات.
سوپاس.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێزان ئێستا ئەوەی خوێندرایەوە ئەوە بەشی شەشەم بوو بە تەواوی، ئێستا ماددە بە ماددە دەخوێندرێتەوە و دەخەینە گفتوگۆ، فەرموو.
**بەڕێز گەشە دارا جلال:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بەشی شەشەم سیستمی کار لە پەرلەمان:
یەکەم: بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمان
ماددەی (48)
1-دەستەی سەرۆکایەتی بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمان دادەنێت و بۆی هەیە ڕاوێژ لەگەڵ دەستەی گشتی بکات.
2-هەموو دانیشتنێك بەرنامەی کاری نووسراو و پێشوەختەی دەبی (48) کاتژمێر پێش وادەی دانیشتنەکە سەرجەم ئەندامان لە رێگەی سکرتێرەوە لە بەرنامەی کار ئاگادار دەکرێنەوە بە پێچەوانەوە دانیشتنەکە ئەنجام نادرێت.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنيكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز گەشە دارا، گفتوگۆ لەسەر ماددەی (48) لە پەيڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، چوار بەڕێز داوا دەكەن بەشداری لە گفتوگۆ بكەن لەسەر ماددەی (48)، بەڕێز بێستوون فائق، فەرمووو.

**بەڕێز بێستوون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەبعەن ماددەی (48) پەيڕەوەكە خۆی ژمارەی ماددەكانی زۆر زۆرە، بۆ ئەوەی لەو زۆرييەی ژمارەی ماددەكان ڕزگارمان بی من پێشنيار دەكەم بۆ ماددەكانی تريش ئەو ماددانەی كە كورتن دوو دوو ئەگەر كرا و گونجا دەمجيان بكەين باشترە، چونكە هەتا ژمارەی ماددەكان كەمتر بی هاوشێوەی پەيڕەوە بەركارەكەی ئێستا من بە گونجاوی دەزانم، ئەم ماددەيە دەستەی سەرۆكايەتی بەرنامەی كار دادەنی ئەوە بۆخۆی لە ماددەی (16) بەشی (3) لە دەسەڵاتەكانی دەستەی سەرۆكايەتی دا هاتووە، يەكەميان ئەوەی دەستەی سەرۆكايەتی بەرنامەی كاری دانيشتنەكان دادەنێ، ئەو نەچووينەتە سەری بەڵام لەوی هەيە، ئەوەی تريان دەمێنێتەوە هەموو دانيشتنێك بەرنامەی كاری نووسراوی پێشوەختە هەبی و (48) سەعات پێش ئەوە، من پێشنيار دەكەم ئەوەيان بێنينە ماددەی (49) بۆ ئەوەی وەكو گوتم نەجاتمان دەبی لەم ماددەيەش، ئەوی تريشيان لەوەی تردا بگەڕێنەوە سەری لە ماددەی (16)ی بەشی سێيەمدا ئاماژەی پێكراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنيكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز بێستوون فائق، بەڕێز مامۆستا عبدالرحمن، فەرمووو.

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (48) (1) دەستەی سەرۆكايەتی بەرنامەی كاری دانيشتنەكانی پەرلەمان دادەنێت بۆی هەيە راوێژ لەگەڵ دەستەی گشتی، ئەو (دەستەی گشتی)يە ئەگەر تەوزيحێكی لەسەر بدەن مەبەست لە سەرۆكايەتی فراكسيۆنەكانە يان لە چی ديكەيە؟ دووەميشيان/ پێموابێت ژمارەی ئەندامان لە هۆڵی پەرلەمان دا لە ئێستادا بەشی ئەوە ناكات ماددەكان بخرێتە دەنگدانەوە ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنيكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز مامۆستا عبدالرحمن، ژمارەی ئەندامان ئێستا بەس بۆ گفتوگۆيە، بۆ دەنگدان هەموو بەشەكە دواتر داوا دەكەين ئەندامان بێنە ژووری و دەنگدان لەسەری دەكرێت، ئەوەی (دەستەی گشتی) بەڕێز د.فرست ئەگەر روونكردنەوەيەكی لەسەر بدەی، چونكە پێشتر ئەوە باس كراوە، موناقەشە كراوە، كە سەرۆكايەتی پەرلەمان لەگەڵ سەرۆك فراكسيۆنەكان پێكەوە دەستەی گشتی پێك دێنن، شتەكی تازەيە، فەرمووو.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر هەر هەمان پەيڕەو كە لەبەر دەستتانە بەشی يەكەمی بكەنەوە (پێناسەكان) دەستەی گشتيمان پێناسە كردووە كە بريتی يە لە سەرۆكی فراكسيۆنەكان و دەستەی سەرۆكايەتی پەرلەمان.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنيكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د.فرست، بەڕێز تحسين إسماعيل، فەرمووو.

**بەڕێز تحسين إسماعيل أحمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
منیش هەمان تێبینیم هەبوو، سوپاس.
**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز تحسين إسماعيل، بەڕێز مصطفى سەکری، فەرمووو.
**بەڕێز مصطفى أحمد حمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ئەگەر ئەو ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە لەگەڵ بڕگەی (2) دەڵـی سـەرجەم ئەنـدامان لە ڕێگەی سکرتێرەوە لە بەرنامەی کار ئاگادار دەکرێنەوە، لە دەقەکەی ئەوە فەهـم نـاکری کە لە ناوەڕۆکی کاریش ئاگادار بکرێنەوە، هەرچەندە بـۆتە عـادەت لە ناوەڕۆکەکەشـدا ئاگـادار دەکرێتەوە، بەڵام پێمباشە ئەو مەفهومە لە دەقەکەی وەربگیری ئەوەندەی بـۆ زیـاد بکەیـن (لەرێگەی سکرتێرەوە لە بەرنامە و ناوەڕۆکی کار ئاگادار بکرێنەوە)، سوپاس.
**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز مصطفى سەکری، بەڕێز عمر عینایەت، فەرمووو.
**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعيد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سـەبارەت بە خـاڵی دووەم (هەمـوو دانیشـتنێك بەرنـامەی کـاری نووسـراوی پێشـوەخت دەبێت) عیبارەتەکە بەڕەئی من رەکیکە جارێکی تر دابڕێژرێتەوە، (48) سـەعاتەکە زۆر باشـە بەڵام پێویسـت ناکـات لە ئەخیـرەوە بووترێـت بەپـێچەوانەوە دانیشـتنەکە ئەنجـام نادرێـت، یەعنی ئەوە تەحصیل حاصلە، لەبەر ئەوە بەڕەئی من ئەوە دەسـتەی سـەرۆکایەتی ئیحـراج دەکات، باشترە بە پێچەوانەوە لابرێت و داڕێژرێتەوە جارێکی تر، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سـوپاس بـۆ بەڕێـز عمـر عینـایەت، بەڕێـزان ئەگەر تێبینیەکتـان هەیە سـەرۆك و ئەنـدامانی لیژنەی کاتی ، بەڕێز د.فرست، فەرمووو.
**بەڕێز فرست صۆفی علی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
وەکـو ئەوەی کە پێشـتر لە ئەو کارنـامەی کە بـۆ موناقەشـەکردنی پەیـڕەو گفتوگۆمـان لەسـەری کـرد، ئەگەر بابەتێـك وەکـو پرسـیار یـان وەکـو ڕوونکـردنەوە ئـێمە روونکـردنەوە دەدەین، ئەگینا ئێمە لەگەڵ بەڕێزەکانی تـر کە پێکەوە لە لیـژنەی کاتین چ ئەوانەی لەسـەر مینەصـەن و چ ئەوانەی لە خوارەوەشـن تێبینییەکـان هەمـووی دەنووسـین، کۆبـوونەوەی داهاتوو دێین ئەو بیروڕایانەی کە گرنگن یان ئەوانەی سی ئەنـدام زیـاتر پشـتگیریان کـردووە دەیخەیـنە دەنگـدان، تەنـانەت ئەگەر یەك ئەنـدامیش بـابەتەکە تەڕح بکـات و تێبینیـیەکەی گرنگ بێت، ئێمە بە تەئکید لەلیژنە کە ئێستا کۆبـوونەوە تەواو دەبێـت دەچـین دادەنیشـین، بیروڕایەکان موناقەشە دەکەینەوە، بۆ نمونە ئەوەی ئێستا کە کاك عمر عینابەت باسی کـرد بە تەئکید ئێمە مولاحەزەکەی وەردەگرین، ئەگەر یەك ئەندامیش بـی صیاغەی ماددەکەی بەو شـێوەیە دەکەیـنەوە کە جەنابیـان باسـیان کـرد، بەدڵنیـایی تێبینیەکـانی هەمووتـان وەردەگـرین، دەمەوی جـارێکی تـریش جەخـت لە خـاڵێکی تـریش بکەیـنەوە، یەعنـی بـۆ موناقەشـە کـردن مەسـەلەی پەیڕەو مەسـەلەیەکی گـرنگە، یەعنـی هەر چەنـد ئەنـدام لە ژوورەوە بن هیچ لە یاسایی بوونی موناقەشەکە کەم ناکاتەوە، تەنها بۆ جەلسەی داهاتوو

که دەیخەیــنە دەنگــدان پێویســتمان بەوەیە (56) ئەنــدام لە ژوورەوە بێــت، بــۆیە هەر ئەنـدامێکی پەرلەمـان دەتـوانی لە ژوورەوە بێـت و موناقەشـە بکـات، ئەوە مەسـەلەیەکی گرنگە، بەڵام ئەگەر ئەندامێك خۆی نەیەوی بەشدار بێت ئەوە لە یاسایی بـوونی پرۆسـەکە کەم ناکاتەوە.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د.فرست بۆ ئەو روونکردنەوەیە، کە پێویسـت بـوو، بەڕێـزان بەردەوام بـن لە ماددەی (49)، بیخوێننەوە بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکەین، فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (49)

1-بڕگەکانی بەرنامەی کار بەگوێرەی ئەو ڕیزبەنـدییەی لە بەرنـامەکەدا هـاتووە گفتوگۆیـان لەبـارەوە دەکـرێ، پـاش و پێشخسـتنی هەر بـڕگەیەك لەسـەر پێشـنیاری سـەرۆك یـان سـێ پەرلەمانتار و بە رەزامەندی زۆرینەی ئامادەبووان دەبێت.

2-تا گفتوگۆ لەسەر بڕگەیەکی بەرنامەی کار تەواو نەبێت بڕگەیەکی نوی گفتوگۆی لەسـەر ناکرێـت بەڵام ئەگەر لەبەر هەر هـۆیەك نەتـوانرا گفتوگـۆ دەربـارەی بـڕگەیەك تەواو بکـری دەسـتەی سـەرۆکایەتی دەتـوانی ئەو بـابەتە بە هەڵپەسـێراوی بهێڵێـتەوە و بە رەزامەنـدی زۆرینـەی ئەنـدامانی ئامـادەبوو بـابەتەکە دوادەخرێـت بـۆ دانیشـتنی داهـاتوو بـڕگەی دوای ئەوە گفتوگۆی لەسەر دەکرێ.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز گەشە دارا، ئەو بەڕێـزانەی دەیانەوێت لەسـەر ئەو ماددەیە قسـە بـکەن، سێ بەڕێز داوا دەکەن، بەڕێز د.پەری، فەرموو.

**بەڕێز پەری صالح حمید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم/ بڕگەکانی بەرنامەی کار ئەگەر حەزتان لـی بـی بە جـوانی و بە خاڵبەنـدییەوە بـیکەن یارمەتیتان دەدەم، ئارەزووی خۆتانە، ئاخر زۆر قسەکان کردووە لیژنەی یاسـایی بە قسـەکان ناکەن، بەراستی زۆر گلەییمان هەیە.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە لیژنەیەکی ترە.

**بەڕێز پەری صالح حمید:**

بەڵــی دەزانــم، یەکەم/ بڕگەکــانی بەرنــامەی کــار، بەگــوێرەی ئەو رێزبەنــدییەی (دوو)ی لەبەرنامەکەدا هاتوو گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرێت، پاش و پێشخستنی هەر بڕگەیەك خۆی بە کـوردییەکەی (فـاریزە وێرگـوڵەیە) هەر بـڕگەیەك دیسـان (فـاریزە)، لەسـەر پێشـنیاری سـەرۆك، یـان سـێ پەرلەمانتـار، (و) زیـادە، بەرەزامەنـدی زۆریـنەی ئامـادەبووان دەبێـت، دووەم/ تا گفتوگۆ لەسەر بڕگەیەکی بەرنامەی کار تەواو نەبێت، بڕگەیەکی نـوێ، گفتوگـۆی لەسەر ناکرێت، بەڵام ئەگەر لەبەر هەر هـۆیەك نەتـوانرا گفتوگـۆ دەربـارەی بڕگەیەك تەواو بکرێـت، دەسـتەی سـەرۆکایەتی دەتوانێـت ئەو بـابەتە بە هەڵپەسێیردراوی بهێڵێـتەوە و بە رەزامەنـدی زۆریـنەی ئەنـدامانی ئامـادەبوو بـابەتەکە بـۆ دانیشـتنی داهـاتوو دوادەخرێـت، تکایە تکایە فەرمانەکان بخەنە پشتەوە، بـی زەحمەت، بڕگەی دوای ئەوە گفتوگـۆی لەسـەر دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د.پەری، بەتەئکید پێویستە سوود لە تواناکانی بەڕێزت وەربگرین، سوودی لی ببینین و داوا لە لیژنەی کاتیش دەکەین بۆ داڕشتنەوەی زمانەوانی هەر ماددەیەك، هاوکاری بەڕێزتان وەربگرن، بەڕێز تحسين إسماعيل، فەرمووو.

**بەڕێز تحسين إسماعيل أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (49) بڕگەی (1) وشەی (بەگوێرەی) هاتووە من پێموایە (بەپێی) باشتر دێتن لە کوردی، لە کۆتاییەکەشی وەکو بەڕێز د.پەریش ئیشارەتی پێدا (زۆرینەی ئامادەبوون) نووسراوە بەڵام دەبی (ئامادەبووان) بێ، لە بڕگەی (2) کە دەڵی (بەرنامەی کار تەواو نەبێ) بڕگەیەکی بەرنامەی کار تەواو نەبی بڕگەیەکی نوێیە، خۆی هەمووی هەر نوێیە بکرێتە بڕگەی (دی) یان بڕگەی تر گفتوگۆی لەسەر ناکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز تحسين إسماعيل، بەڕێز ئاری عبداللطيف، فەرمووو.

**بەڕێز ئاری عبداللطيف مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستی هەموو ئەو پڕۆژە بڕیار و پرۆژە یاسایانەی کە دێنە بەردەمی ئێمە لە بەرنامەی کاردا زۆربەی زۆری هەڵەی زمانەوانیان هەیە، پێویستە ئەوە لیژنەیەکی پسپۆڕی موختەص لە بواری زمانی کوردی دا دانیشتن سەر لە نوی دایبڕێژنەوە، بۆیە من قسە لەسەر خاڵبەندی ناکەم، بەشی شەشەم ماددەی (49) بڕگەی یەکەم دەڵی (لەسەر پێشنیاری سەرۆك یان سی پەرلەمانتار) ئایا پێشنیاری سەرۆکیش بۆ پێش و پاش خستنی بڕگەی گفتوگۆ دەخرێتە دەنگدان یان نا؟ پێم باشە دەستەی سەرۆکایەتیشی بۆ زیاد بکرێ، لە بڕگەی (2)دا ئایا دەستەی سەرۆکایەتی دەتوانی بڕگەکە هەڵپەسێرێ؟ یان پێشنیار بکات، نووسراوە دەتوانێت ئەو بابەتە بە هەڵپەسێردراوی بهێڵێتەوە ئەگەر بتوانی ئیتر زۆرینەی ئەندامانی بۆ چیە؟ یەعنی دەنگدانی بۆ چیە لەسەری؟ من پێشنیار دەکەم بنووسری (دەستەی سەرۆکایەتی) دەتوانی لاببرێت، دەستەی سەرۆکایەتی پێشنیار دەکات ئەو بابەتە بە هەڵپەسێردراوی بمێنێتەوە دوای ئەوە بە رەزامەندی زۆرینەی ئامادەبووان دەخرێتە دەنگدان، ئەگەر بتوانی یەعنی هێزی ئەوەی هەبی بتوانی هەڵیپەسێری ئیتر دەنگدان و زۆرینەی ئەندامانی بۆ چیە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز ئاری عبداللطيف، بەڕێز عبدالله حاجی محمود، فەرمووو.

**بەڕێز عبدالله محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەست دەکەم (دەستە)کە زیاد بێت (سەرۆکایەتی دەتوانێت).

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز عبدالله حاجی محمود، بەڕێز عمر عینایەت، فەرمووو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعيد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك تحسين دوو وشەی باس کرد (بەگوێرەی) (بەپێی) من پشتگیری دەکەم، (ئامادەبوون) (ئامادەبووان)، د.پەری شارەزایە لە زمانی کوردی هیچ رستەیەکمان نیە بە (تا) دەست پی بکات، ئەوە دەبی دابڕێژرێتەوە جارێکی دیکە، من پشتگیری دەکەم زمانەوانێك ئەو بڕگە لەگەڵ بەڕێزان کە زۆر ماندووبوون و دەستخۆشیان لی دەکەم دابڕێژنەوە، لە ئەخیری

نووسـراوه بەڵـآم ئەگەر لەبەر هەر هـۆیەك نەتـوانرا گفتوگـۆ دەربـارەی بـڕگەیەك تەواو بکرێت، ئەوا هەر زیادە بەڵآم ئەگەر لەبەر هەر هۆیەك، ئەگەر نەتوانرا گفتوگۆ دەربارەی، ئیتر پێویست بەو زیادەیە ناکات و لابرێت، قسەی ئەخیری من ئەوەیە کە بابەتەکە جوانە باش نووسراوە، بەڵآم داڕشتنەوەی بۆ بکرێ، سوپاسیان دەکەم.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز عمر عینایەت، بەڕێزان لیژنەی کاتی ئەگەر وەڵآمدانەوەیەك هەبێت، فەرموو.

**بەڕێز فرست صۆفی علی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینییەکانی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەمووی لە جێگای خۆیدا بوو، بە تەئکید لە کۆبوونەوەی داهاتوو کە دەیخەینە دەنگدان ئەوان دەیبینن ئێمە تەواوی ئەو صیاغانەی کە گوتیان هەمووی رەچاو دەکەین و جارێکی تر سەر لە نوی لەگەڵ هاوڕێکانمان لە لیژنەی کاتی دایدەڕێژینەوە، دڵنیابن لەوەی تێبینییەکانتان زۆر لە جێگای خۆی بوو و وەریان دەگرین.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سەرۆکی لیژنەی کاتی، بەڕێزان ماددەی (50) بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

ماددەی (50)

1-هەر بابەتێك لە بەرنامەی کاردا نەبی گفتوگۆی لە بارەوە ناکرێ.

2-سەرۆکی فراکسیۆنی پەرلەمانی دەتوانی بەر لە (24) کاتژمێر لە وادەی دانیشتنەکە داوای زیادکردنی بابەتێك بۆ بەرنامەی کار بکات بە مەرجێك بابەتەکە گشتی و بەپەلە بێت و دواخستنی ببێتە هۆی لە دەستدانی گرنگی داواکارییەکە.

3-لـایەنی کەم (10) ئەندام یان نوێنەرانی هەر پێکهاتەیەك لە پەرلەمان مافی ئەوەیان هەیە داوا لە دەستەی سەرۆکایەتی بکەن بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەسەر بابەتێکی گشتی بخەنە بەرنامەی کار، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز قارەمان، بەڕێزان بۆ گفتوگۆ لەسەر ماددەی (50)، بەڕێز بێستون فائق، فەرموو.

**بەڕێز بێستون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن ماددەی (48) و (49) و (50) تەقریبەن هەر لە یەك چوارچێوەدان، بەڵـآم سـی ماددەی بۆ دانراوە، سی ژمارە، دیسان من لەسەر پێشنیاری یەکەمم پێشنیار دەکەمەوە ئەوەش بخرێتەوە چوارچێوەی یەك ماددە، مەسەلەن بووترێت (48) کاژێر بۆ ئەوەی ژمارەی ماددەکانی پەیڕەو (150) ماددەیە، زۆرە، دیقەت بدە ئەوە لەگەڵ ماددەکەی پێشوو لەگەڵ پێشووتریشدا هەر لە یەك چوارچێوەدایە، بۆیە من پێشنیارەکەم ئەوەیە کە لە کاتی صیاغەی ئەخیردا موهیم بیکەنە یەك ماددە، بڕگەی دووەمی دەڵی سەرۆکی فراکسیۆنی پەرلەمان ئەو پەرلەمانەی ناوی هەر سەرۆکی فراکسیۆن دەتوانی بەر لە (24) کاتژمێر لە وادەی دانیشتنەکە داوای زیادکردنی بابەتێك بکات بە مەرجێك بابەتەکە گشتی و بە پەلە بێ، (گشتی) لەوی تۆزێك مەتاتییە چی گشتی یە و چی گشتی نیە مەسەلەن؟ یان ئەوە ڕوون بکرێەوە یان لابرێ، بۆ ئەوەی بیرم نەچی لەسەر ماددەی (48)

ببووره سەرۆکی پەرلەمان بۆ ئەوەی لە جەلسەی داهاتوودا موناقەشەی نەکەم بڕگەی یەکەمی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی پەیڕەو بڕگەی یەکەمی ماددەی (48) من ئەوەم بیرچوو دەتوانری ئەو دوو فەقەرەیە دابەش بکری بەسەر هەردوو دەسەلآتەکان دا ئەو فەقەرەی یەکەمە زیادەیەکەی نامێنی کە دەڵی (دەستەی سەرۆکایەتی بەرنامەی کار دادەنرێ) ئەوە نەقل بکری بۆ دەسەلآتەکانی دەستەی سەرۆکایەتی، ئەوەیشی کە دەڵی (راوێژ لەگەڵ دەستەی گشتی) ئەوەش بۆ دەستەی گشتی نەقل بکرێ، ئەو ماددەیە نامێنێ، ئەوە بۆ ماددەی (48) کاک د.فرست، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز بێستون فائق، ماددەی (48) موناقەشە لەسەری تەواو بووە بەلآم ئەو تێبینیانە بنێرە بۆ بەڕێزان پێش دەنگدان بۆ ئەوەی سوودی لی ببینن، بەڕێز حیات مجید، فەرموو.

**بەڕێز حیات مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (50)دا فەقەرە (1) خاڵی یەکەم (هەر بابەتێك لە بەرنامەی کاردا نەبێت گفتوگۆی لەبارەوە ناکرێت) دەکرێت ئەم خاڵە لەگەڵ خاڵی دووەم دا دەمج بکرێت (بەلآم) یاخود (ئەگەر) لەبەینیاندا هەبێت و بە یەك خاڵ داڕێژرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز حیات مجید، بەڕێز ناظم کبیر، فەرموو.

**بەڕێز ناظم کبیر محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکەی کاك بێستون دەکەم دەربارەی ئەوەی کە هەر سێ ماددەکە (48) و (49) و (50) لە یەك ماددەدا جێگایان بکرێتەوە، ئەوەی تریش لەسەر بڕگەی دووەم بۆ بەڕێزان لیژنە (سەرۆکی فراکسیۆن) ئەگەر بکرێت پێناسەکەی بکرێت وابزانم لە ناو پێناسەکان نەکراوە، نەمدیتووە لە ناو ئەو هەموارکردنەوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز ناظم کبیر، بەڕێز عمر عینایەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن هەموومان دەمانەوی هاوکاری ئەو لیژنەیە بین، دەستیان خۆش بێ، جارێکی تر دەیڵێمەوە، سەرۆکی فراکسیۆن وەکو کاك بێستون گوتی (پەرلەمان)ەکە لابرێت، (کاتژمێر) نیە ببورن (کاژێر) کاتژمێر یەعنی ئالتەکەیە (کاژێر) یەعنی ئەوەیە کە پێویستمانە، دوای (24) کاژێر، بابەتەکە لە بەرژەوەندی گشتی بی ئەو گشتی یە بکرێتە (بەرژەوەندی گشتی) ئەوە باشترە و من پێشنیار دەکەم (2) و (3) بکری بە یەك، (1) وەکو خۆی بمێنێتەوە و (2) و سێ بکری بە یەك (سەرۆکی فراکسیۆن و لایەنی کەم (10) ئەندام یان نوێنەرانی هەر پێکهاتەیەکی پەرلەمان مافی ئەوەیان هەیە) ئەوەی ئیتر دوایی دایڕێژنەوە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز عمر عینایەت، بەڕێز تحسین إسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز تحسین إسماعیل أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان تێبینی کاك بێستون و کاك عمر عینایەتم هەیە، لە جیاتی (سەرۆکی فراکسیۆنی پەرلەمان) کە وابزانم نیە ئەم شتە، سەرۆکی فراکسیۆنەکان دەتوانن بەر لەوەندە و تا کۆتایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز تحسین إسماعیل، بەڕێز ئاری عبداللطیف، فەرموو.

**بەڕێز ئاری عباللطیف مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (50) خاڵی دووەم دەڵی (سەرۆکی فراکسیۆنی پەرلەمان) ئەوە هەڵەیە بی شك بکری بە (سەرۆکی فراکسیۆنەکانی پەرلەمان)، لە خاڵی سێیەم دەڵی (لایەنی کەم (10) ئەندام یان نوێنەرانی هەر پێکهاتەیەك) ئایا پێکهاتەکان خۆیان تەنیا دەتوانن داوا بکەن بابەتێك بخرێتە بەرنامەی کار، چونکە لەوێدا روون نیە، دەڵی بەلایەنی کەم (10) ئەندام، ئەوە (10) ئەندامەکە تەواوە، مافی ئەوەیان هەیە داوا لە دەستەی سەرۆکایەتی بکەن بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەسەر بابەتێکی گشتی بخرێتە بەرنامەی کارەوە، دوای ئەوە (یان) هاتووە دەڵی (یان نوێنەرانی هەر پێکهاتەیەك) نوێنەرانی هەر پێکهاتەیەك تەبعەن هەر یەك نوێنەر دیاری دەکری ئەو وەختە، ئەو نوێنەرە بە تەنیا هێزی (10) ئەندام پەرلەمانی دیکەی هەیە؟ ئەوە لەوێدا دەبی روونکردنەوەی زیاتر بکرێ، پشتگیری ڕەئیەکەی کاك عمر دەکەم، خاڵی دووەم و سێیەم زۆر زۆر نزیکن لە یەکەوە، دەکری بکرێتە سەرۆکی فراکسیۆنی پەرلەمان و (10) ئەندام پەرلەمان و نوێنەری پێکهاتەکان دەتوانن ئەو کارە جێبەجی بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز ئاری عباللطیف، داوا لە بەڕێزان لیژنەی کاتی دەکەین وەڵام بدەنەوە، فەرموو.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە عام سەبارەت بە دەمجی مەواد یان بەشەکان، ریزبەندی بەشەکان ئەگەر جەنابتان بگەڕێنەوە بۆ ئەم میکانیزمەی کە لە کۆبوونەوەی ڕابردووش خوێندمانەوە و پێشتریش بە دەنگی ئێوەی بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان پەسەند کرابوو، ئەو دەسەڵاتە دراوەتە لیژنەی پەیرەو تەنها لە رووی بەشەکان و ڕیزبەندییان و ئەم بابەتانە دەتوانین بیکەین، بەڵام ئەو تێبینییانەی ئێستا لەسەر بۆ نمونە ماددەی (50) یان ماددەی (49) یان ماددەی (48) کرا ئەوەی مومکین بی ئێستا بیکەین لە دەمجی بڕگەکان بڕگەی دوو لەگەڵ سێ، بڕگەی یەك لەگەڵ دوو لە جێگای خۆیدایە و تەئکید ئێمە دادەنیشینەوە دەمجی دەکەین، جارێکی تر ئیعادەی صیاغەی دەکەینەوە و داواش لەو بەڕێزانە ئەندامانی پەرلەمان دەکەین کە تێبینیەکانیان ئەگەر بکرێت مومکین بێت بەتایبەتی ئەوەی وەکو د.پەری هەوڵ بدرێت بە نووسین بماندەنی لەوانەیە ئەرکی ئێمە ئاسانتر بکات، هەرچەندە ئەگەر نەشیکەن هەر دەینووسین لەلای خۆمان، بەڵام لەوانەیە ئاسانتر و بە دیقەتتر بتوانین تێبینیەکانتان رەچاو بکەین، سەبارەت بە مەسەلەی پێکهاتە ئەو (یانە) خۆی مادەم (و) نیە (یان)ە بە مەعنای ئەوەیە بەڵی دەتوانن، یەعنی ئەگەر نوێنەری پێکهاتەی ئەرمەنی، نوێنەری پێکهاتەی مەسیحی یان تورکمان دەتوانی بەڵی ئەگەر یەك کەسیش بی دەتوانێت بابەتێك تەرح

بكات، مادەم (يان)ە يەعنى هەم فراكسيۆن دەتوانى هەم ئەو پێكهاتەيەش دەتوانێ، لێرەش لە ليژنەی پەيڕەو ئێمە كە نووسيومانە بە مەعنای ئەوەيە كە پێكهاتەيەك خصوصيەتێكی تايبەتی بدەنی بتوانێت بابەتێك تەرح بكات، ئەوەی تريشيان كە دەڵی (عام) من پێموايە مەفهومە مەعنای ئەوەيە پەيوەست نەبێت بە بەرژەوەندی شتێكی موعەييەن، مەنتيقەيەكی موعەييەن، بابەتەكە گشتگير بی هەموو كوردستان بێ، ئەگەر پێتان باش بێت دەتوانين بەرژەوەندی گشتيش ئيزافە بكەين ئەگەر هاوڕێكانی تر بڵێن.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنيكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د.فرست، دیارە گفتوگۆكە كۆتايی هاتووە، بەڵام سێ بەڕێزی تر داوايان كردووە بەشدار بن، بەڕێز مامۆستا مەلا مروان، فەرموو.

**بەڕێز حسين إسماعيل حسين (مەلا مروان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هەر لەسەر خاڵی سێيەم بۆ ئەوەی كە هەم پێكهاتەكان جێی ڕێزن لەلای هەموو لايەكمان، من دەڵێم ئاوای لی بكرێت ئەو شتانەی كە گشتگيرن، بۆ نموونە شتێكی تايبەت نين بە پێكهاتەكان ئەگەر شتێكی تايبەتە بە پێكهاتەكان با پێكهاتەكان ئەو خصوصيەتەيان هەبێت، ئەگەر شەخصێكيش داوا بكات، بەڵام ئەگەر گشتگير بن و پەيوەست بێت بە هەموو خەڵكی كوردستان يەعنی ئەو تايبەتمەندييەی نەبێت بە تەنها داوا بكات و ئەو كاتەی قەزييەكە وابزانم فراوانتر دەبێت، دەستتان خۆش بێت.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنيكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز مامۆستا مەلا مروان، بەڕێز پەروا علی، فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی حەمە محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وێڕای دەستخۆشی بۆ ليژنەكە من لەگەڵ ئەوەدام كە ئەو ژمارە (10)يە لايەنی كەم (10) ئەندام يان نوێنەری پێكهاتەيەك، كەواتە لەو كاتەدا ئەگەر بكری (10) ئەندامەكە بكری بە (5) ئەندام باشترێكە، لەگەڵ ڕێزم بۆ پێكهاتەكان ئاسايی يە هەر يەكەيان نوێنەری پێكهاتەيەكە و جياوازە، بەڵام (10) ئەندام بەرامبەر بە يەك ئەندام لەو كاتانەدا نابەرانبەرێتيەك هەيە، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنيكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز پەروا علی، بەڕێز عمر عينايەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عينايەت حەمە سعيد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من قسەی خۆمم كرد لەو بارەيەوە.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنيكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز عمر عينايەت، بەڕێز ناظم كبير تێبينييەكت هەبوو، فەرموو.

**بەڕێز ناظم كبير محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

والله داوامان لە ليژنە كرد بەنيسبەت سەرۆكی فراكسيۆن بۆ پێناسەكردنی، ببوورن نازانم من تێنەگەيشتم يان نەگوترا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز ناظم کبیر، بەڕێز د.فرست ئەگەر روونکردنەویەکت هەیە لەسەر ئەو بابەتە، فەرموو.
**بەڕێز فرست صۆفی علی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بە پێکهاتە وەکو باسمان کرد ئێمە سێ پێکهاتەمان هەیە، تورکمان و پێکهاتەی کلدان سریان ئاشوور و پێکهاتەی ئەرمەن، پێکهاتەکان زۆر نین، لە کۆبوونەوەی لیژنەش کە موناقەشە کرا لەسەر ئەو بنەمایە بوو، بەڵام ئێمە تەئکید هەموو تێبینییەکان وەردەگرین و لە لیژنە جارێکی تریش دادەنیشینەوە، لە نەتیجەش بە دەنگی ئێوە ئەو بابەتە یەکلایی دەبێتەوە، سەبارەت بەوەی کە بەڕێز کاك ناظم باسی کرد، تەبعەن ئێمە فراکسیۆنی پەرلەمانی پێناسە دەکەین، فراکسیۆنی پەرلەمانی هێشتا نەگەیشتینی لەوی پێناسە دەکەین لە چی پێك دێت و چۆنە و ئەرکەکانی چیە؟ سەرۆکی فراکسیۆنی پەرلەمانی ئێمە پێناسەمان نەکردووە چونکە کە فراکسیۆنت پێناسە کرد هیچ ئیجاب ناکات ئێمە سەرۆکی فراکسیۆنی پەرلەمانیش پێناسە بکەین، چونکە مەهامەکانی زیاتر لەوی لە ناو فراکسیۆن بەرجەستە دەبن، سوپاس.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز د.فرست بۆ ئەو روونکردنەوە، بەڕێزان گفتوگۆ لەسەر ماددەی (50) کۆتایی هات، تێبینییەکان وەرگیراون دواتر دەخرێنە دەنگدان، ماددەی (51) بخوێننەوە، فەرموو.
**بەڕێز ڕێواز فائق حسین:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (51)
یەکەم/
1-هەر لیژنەیەکی هەمیشەیی یان تایبەت دەتوانی لە ماوەی (48) کاتژمێر بەر لە کۆبوونەوەی پەرلەمان داوا لە دەستەی سەرۆکایەتی بکات لە دیاردەیەك یان ڕووداوێك یان هەر بارێکی گشتی بکۆڵێتەوە و داوا لە دەستەی سەرۆکایەتی بکات بۆ ئەوەی بە مەبەستی گفتوگۆ لە بەرنامەی کار دایبنێن.
2- هەر ئەندامێکی پەرلەمان مافی هەیە لە ماوەیەك کە لە (10) خولەك تێپەڕ نەکات بیرۆکەیەك بخاتەڕوو بەم مەرجانەی خوارەوە:
أ-(48) کاتژمێر پێش دانیشتنی پەرلەمان داوایەك پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان بکات.
ب-بیرۆکەکە نووسراو بێت تا ئەندام پابەند بێت بە ناوەڕۆکی نووسراوەکە.
پ-پەیوەست بێت بە کێشەیەکی گشتی و پێشنیاز و چارەسەری لەخۆ گرتبێت.
دووەم/ دەکرێت گفتوگۆکردن لەسەر بابەتەکانی بڕگەی یەکەم لەسەر داواکاری لیژنە یان ئەندامان بە ئامادەبوونی سەرۆك وەزیران یان وەزیری تایبەتمەند یان هەردووکیان بێت.
سێهەم/ لە کاتی رازینەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی بە داواکاری لیژنە یان ئەندامان و پێداگری ئەوان لەسەر داواکەیان سەرۆك ڕێگە دەدات کەسێکی هاوپشت یان دژ بە داواکەیان لە ماوەی سێ خولەك بیروبۆچوونی خۆیان لەو بارەیەوە بخەنەڕوو ئەو کات بەبێ گفتوگۆ پەرلەمان بڕیاری یەکلاکەرەوەی خۆی لەسەر دەدات.

چوارەم/ سەرۆك وەزیران یان وەزیری تایبەتمەند دەتوانن داوا بکەن گفتوگۆی ئەو بابەتە بۆ ماوەیەك كە لە دوو حەفتە تێپەڕ نەكات دوابخرێ.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د.ڕێواز فائق، بەڕێزان گفتوگۆ لەسەر ماددەی (51) دەست پێ دەكەین، پێنج بەڕێز داوای گفتوگۆ دەكەن: -بەڕێز عمر عینایەت -بەهزاد درویش -بەڕێز ئاری عبداللطیف -بەڕێز قادر رزگەیی

-بەڕێز مصطفی سەكری -بەڕێز صالح فەقێ، بەڕێز عمر عینایەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بابەتەكە تەنها لە بڕگەی (1) داوا لە دەستەی سەرۆكایەتی بكات بۆ ئەوەی بیخاتە بەرنامەی كارەوە، ئیتر پێویست ناكات (بۆ ئەوەی بە مەبەستی گفتوگۆ..) ئەوە هەمووی ئیشی د.پەری یە بە رەئی من جارێكیتر تەئكید دەكەمەوە د.پەری یان زمانزانێكی دیكە لەو بەڕێزانە پێموایە لە فراكسیۆنی برادەرانی پارتیش هەیە، لە فراكسیۆنی یەكێتیش هەیە، زمانزانی باشن، رەكیكە، من تەنها سەرنجەكەم ئەوەندە بوو، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز عمر عینایەت، ئەوەی زمانەوانی لە كۆتاییدا داوامان كردووە پێشتریش كە لیژنەی كاتی سوود لەو توانایانە ببینێت كە لە ناو ئەندامانی پەرلەمان هەنە وەكو د.پەری، بەڕێز تحسین إسماعیل و بەڕێزی تر، هەر بەڕێزیكی تریش بتوانێت لەو بوارەوە هاوكاریان بكات ئەوە ئێمە سوپاسی دەكەین، بەڕێز بەهزاد دەروێش، فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددا (51) (دووەم) ئەو وشەیە (دەكرێت) پێمباشە بێتە لادان بەو شێوەیە لی بێت (گفتوگۆكردن لەسەر بابەتەكانی بڕگەی یەكەم ئەگەر لیژنە یان ئەندامان داوایان كرد سەرۆك وەزیران یان وەزیری تایبەتمەند یان هەردووكیان ئامادەبن لە ناو هۆڵی پەرلەمان)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز بەهزاد دەروێش، بەڕێز ئاری عبداللطیف، فەرموو.

**بەڕێز ئاری عبداللطیف مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێمباشە بڕگەی (1) بەم چەشنەی لی بكرێت، چونكە هەست دەكەم تۆزێك هەم رەكیكە و هەمیش روون نیە، جۆری لە درێژدادڕیشی تێدایە، بەتایبەتی (لە دیاردەیەك یان رووداوێك یان بارێكی گشتی بكۆڵێتەوە) یەعنی ئیجاب ناكات بكۆڵێتەوە هەر یەكسەر ڕاستەوخۆ داوا بكات بەم جۆرە (هەر لیژنەیەكی هەمیشەیی یان تایبەت (دەتوانن) نەك (دەتوانێ) دەتوانن لە ماوەی (48) كاژێردا بەر لە كۆبوونەوەی پەرلەمان داوا لە دەستەی سەرۆكایەتی بكەن نەك (بكات) گفتوگۆی دیاردەیەك یان ڕووداوێك یان بابەتێكی گشتی بخاتە بەرنامەی كار) دوو جار داواكراوەتەوە، (گفتوگۆی دیاردەیەك یان ڕووداوێك یان بابەتێكی گشتی بخرێتە بەرنامەی كار)، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز ئاری عبداللطیف، بەڕێز قادر رزگەیی، فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (51) بڕگەی یەکەم خاڵی (1) لیژنەی هەمیشەیی یان لیژنەی تایبەت، تەبعەن لیژنەی تایبەت بۆ مەهامێکی دیاریکراو پێك دەهێنرێت جا لەسەر داوای ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران بێ یاخود بە بڕیاری دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بێت کە بەرەزامەندی پەرلەمان پێك دەهێنرێ، بۆ مەبەستێکی دیاریکراویش پێك دەهێنرێ، ئایا لێرەدا ئەوەی کە لیژنەی کاتی نووسینەوەی ئەو پەیڕەوە مەبەستیانە لێرەدا لیژنەی تایبەت دەتوانی بەدەر لەو مەهامەی کە بۆی پێکهێنراوە دەتوانی لە هەر دیاردەیەکی تر یاخود هەر بارێکی گشتی کە مەبەستی بێ مەبەستەکە ئەوەیە کە پێشنیار بکات لێکۆڵینەوەی دەربارە بکات و بخرێتە بەرنامەی کار یاخود مەبەستەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئەو لیژنەیە ئەو راپۆرتەی کە ئامادەی کردووە یان ئەو پەڕاوانەی کە بە مەبەستی لێکۆڵینەوە ئامادەی کردووە ئەوەی کە پێی گەیشتووە ئەوە بەر لە (48) سەعات بخاتە بەرنامەی کار، چونکە ئەگەر مەبەستەکە ئەوە بی ئەوە واریدە، ئەگەر مەبەستەکەش ئەوە بێت لیژنەکە دەتوانێت بەدەر لەوە پێشنیاری تری هەبێ، چۆن دەکرێت لیژنەی تایبەت خۆی راسپێرێت بەدەر لەوەی کە بۆی پێکهێنراوە، سەبارەت بە بڕگەی دووەمیش پشتگیری ئەوەی کاك بەهزاد دەکەم، پێشنیار دەکەم لەبری وشەی (دەکرێت) ئەم وشەیە لابرێت بڕگەکە بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە لیژنە یان ئەندامان بۆیان هەیە داوا بکەن گفتوگۆکردن لەسەر بابەتەکانی بڕگەی یەکەم بە سەرۆك وەزیران یان وەزیری تایبەتمەند یان هەردووکیان بێ، چونکە کە لیژنە یان ئەندامانی پەرلەمانیش هەست بەوە دەکەن وەختی کە پێویست بە ئامادەبوونی سەرۆك وەزیران یان وەزیری تایبەتمەند نەبی ئەوانیش داوا ناکەن، چونکە (دەکرێت) واتا دەکرێت بێت و دەکرێت نەیێت، سەبارەت بە ئەوەی سێیەمیش لە کۆتا رستەدا بە بێ گفتوگۆ پەرلەمان بڕیاری یەکلاکەرەوە دەدات، لیژنەی بەڕێز یەعنی مەبەستیانە ئەو بڕیارەی کە پەرلەمان دەیدات بڕیارەکانی پەرلەمان یان بە زۆرینەی سادە بن یان بۆ ئەوەی کە پێویستی کردووە قانون بە زۆرینەی تایبەت، لێرەدا مەبەستەکە زۆرینەی سادەیە یەعنی دەخرێتە دەنگدانەوە و بەزۆرینەی سادە بابەتەکە یەکلایی دەبێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز قادر رزگەیی، بەڕێز مصطفی سەکری، فەرموو.

**بەڕێز مصطفی أحمد حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکەی من برادەران باسیان کرد دەربارەی صیاغە بوو لە بڕگەی یەکەم، ئەگەر صیاغەکەی وەکو خۆی بمێنێتەوە دووجار دەستەی سەرۆکایەتی دووبارە بۆتەوە هەندێك خۆش نیە، ئەگەر وەك خۆی بمێنێتەوە (بۆ ئەوەی) زیادە (داوا لە دەستەی سەرۆکایەتی بکات لە مەبەستی گفتوگۆکردن لە بەرنامەی کار دابنێ)، پێموایە ئەو بڕگەیە بەگشتی حەقی پێداچوونەوە و صیاغەکردنەوەی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز مصطفی سەکری، بەڕێز صالح فەقێ، فەرموو.

**بەڕێز صالح فەقی محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کاك ئاری کردی، سوپاس.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز صالح فەقێ، بەڕێز پەروا علی، فەرموو.
**بەڕێز پەروا علی حەمە محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (51) بڕگەی دووەم (دەکری گفتوگۆ لەسەر بابەتەکانی بڕگەی یەکەم لەسەر داواکاری لیژنە ..تا کۆتایی) دەتوانری بکری بە (دەکری گفتوگۆکردن لەبارەی بابەتەکانی بڕگەی..) (لەسەر بابەتەکانی) نەگونجاوە، (لە بارەی بابەتەکانی بڕگەی یەکەم بە داواکاری لیژنە یان ئەندامان)، سوپاس.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز پەروا علی، هەر ئێستا ئەوە هاتبوو کە هەر ئەندامێکی پەرلەمان لەسەر یەك بابەت دوو جار قسە نەکات، بەڵام کاك ئاری داوای کردووە، فەرموو جارێکی تر.
**بەڕێز ئاری عبداللطیف مولود:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ببوورە واللە بیرم چوو، خاڵی سێیەم یەك تێبینیم هەیە ئاماژە بەوە کراوە دەڵی (ئەو کات بەبی گفتوگۆ پەرلەمان بڕیاری یەکلاکەرەوەی خۆی لەسەر دەدات) ئایا پەرلەمان لێرە مەبەستی دەستەی سەرۆکایەتی یە کە بڕیاری یەکلاکەرەوەی خۆی دەدات بە بی گفتوگۆ؟ یان زۆرینەی ئامادەبوو دەخرێتە دەنگدان؟ ئەوە زۆر گرنگە، مەبەست چیە؟ نووسراوە پەرلەمان.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز کاك ئاری، تێبینییەکی کۆتایی بەڕێز عمر عینایەت، فەرموو.
**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ناو چەکمەجەکانمان وەرەقەی سپی تێدا نیە، یەعنی نازانین لە کوێدا بنووسین، بێزەحمەت ئەمر بکەی وەرەقەی سپیمان بۆ بنێرن.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
پەلە بکە کە ئەوەی بگەینێ، بەڕێزان داوا لە سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی کاتی دەکەین ئەگەر لەسەر ئەو ماددەیە وەڵام یان تێبینی بدەن، فەرموو.
**بەڕێز ڕێواز فائق حسین:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بەشی زۆری تێبینییەکان تێبینی شکلی بوون، لە لیژنەکە انشاالله پێیان وەردەگیرێ، کاك قادر پرسیارێکی کرد لیژنەی تایبەت بۆ بابەتێکی تایبەت بێگومان دادەنرێ، تەنها دەتوانی ئەگەر راپۆرتەکەی تەواو ببوو بۆ ئەو بابەتە تایبەتە دەتوانی داوا بکات (48) سەعات پێشتر بخرێتە بەرنامەی کار، ناتوانی لەسەر هیچ بابەتێکی تر داواکاری پێشکەش بکات، کاك ئاری پرسیاری کرد مەبەست لە پەرلەمان چیە؟ بێگومان مەبەست لە پەرلەمان ئەندامانی پەرلەمان و دەنگدانی پەرلەمانە یەعنی هەیئەتەکەیە نەك دەستەی سەرۆکایەتی، پرسیاری تریش نەکراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنيكى/ جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز د.ڕێواز فائق، د.پەرى خاڵى نيزامى هەيە، فەرموو.
**بەڕێز پەرى صالح حميد:**
**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**
لە ماددەى (51) سێيەم كەسێكى هاوپشت يان دژ بە داواكەيان، ئەگەر زەحمەت نەبى روونى بكەنەوە كەسێكى هاوپشت.
**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنيكى/ جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**
بەڕێز د.فرست، فەرموو.
**بەڕێز فرست صۆفى على:**
**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**
مەبەستمان ئەوەيە كاتێك كە لەسەر هەر بابەتێك بێت ليژنەيەك داوا دەكات لەو پەرلەمانە لە ناو هۆڵ گفتوگۆى لەسەر بكرێت و ئەوەش لە دەستەى سەرۆكايەتى نەخراوەتە بەرنامە، لێرە كەسێك رێگەى پى دەدرێت كە (أنصار) يان پشتيوانى ئەوەيە كە ئەو بابەتە گفتوگۆى لەسەر بكرێ، كەسێكيش كە دژ بێت، ئەگەر دژ بێت ئينجا دواى ئەوەى روونكردنەوەى پێويست درا دەخرێتە دەنگدان، تەنها دەنگدان واتا دوو كەسيش وەرناگيرى تەنها يەك كەس بە پشتيوان و يەك كەسيش بە دژ، ئەگەر زۆرينەى ئامادەبووان كە دەڵێين زۆرينە پەرلەمان، مەعناى وايە ئۆتۆماتيكى زۆرينەى ئامادەبووان، ئێستا لەو هۆڵە لەوانەيە (40) كەس هەبى واتا (21) كەس لەگەڵى بوون مەعناى وايە بە زۆرينە شتەكە تێپەڕ دەبێت و يەكلا دەبێتەوە ئايا قسەى لەسەر بكرى يان نەكرێ.
**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنيكى/ جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز د.فرست، ئەوە مۆدێلەكە لە زۆر لە پەرلەمانانى دونيا پەيڕەو دەكرێت، يەك كەس لە پشت يەك كەس دژ، يان دوو كەس لەگەڵى بن و دوو كەس دژ، بەڕێزان موناقەشە لەسەر ماددەى (51) كۆتايى هات و دواتر لە دانيشتنەكانى داهاتوو دەنگى لەسەر دەدرێت، بەڕێزان لە ليژنەى كاتى ماددەى (52) بخوێننەوە، فەرموو.
**بەڕێز سۆران عمر سعيد:**
**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**
دووەم: ريزبەندى و سيستەمى دانيشتنى ئەندامان
ماددەى (52)
شوێنى دانيشتنى ئەندامان لە هۆڵى پەرلەمان بەپێى ليستى ريزبەندكراو بە گوێرەى پيتەكانى ئەلف و بێى كوردى ديارى دەكرێت بە رەچاوكردنى زنجيرە يەك بەدواى يەكى هەمان فراكسيۆن.
**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنيكى/ جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز سۆران عمر، بەڕێزان ئەوەى دەيەوى بەشدارى گفتوگۆ بكات دەستى بەرز بكات، فەرموو.
**بەڕێز بێگەرد دڵشاد شكرالله (بێگەرد تاڵەبانى):**
ئەو بەڕێزانە داوايان كردووە گفتوگۆ بكەن:- ئارى عبداللطيف - مامۆستا مروان - حاجى كاروان - بێستوون فائق - عمر عينايەت - كەژاڵ هادى - پەروا على.
**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنيكى/ جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، بەڕێزان دەست بە گفتوگۆ دەکەین، بەڕێز پەروا علی، فەرموو.
**بەڕێز پەروا علی حەمە محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
لەم ماددەیەدا دەڵی (بە رەچاوکردنی زنجیرەی یەك بەدوای یەکی هەمان فراکسیۆن) ئەوە مانای چیە؟ یەك بەداوی یەکی هەمان فراکسیۆن؟ تۆزی روونی بکەنەوە، سوپاس.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
ئەو پرسیارە دوایی وەڵآم دەدرێتەوە، سوپاس، بەڕێز کەژاڵ هادی، فەرموو.
**بەڕێز کەژاڵ هادی فقی داود:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
هەمان تێبینی پەروا خانم هەبوو وەکو پرسیار مەبەست چیە لە بەڕەچاوکردنی زنجیرە یەك لە دوای یەکی هەمان فراکسیۆن؟ دووەم من پێم باشە بگۆڕدری ئێستا بۆ نمونە ئەگەر تەماشای ئەو هۆڵە بکەین ئێمە وەکو فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانی یەك بەدوای یەك دانیشتووینە، زۆر جاری وا هەیە هەندی بابەت هەیە ئێمە دەمانەوی لە نێوان خۆمان راوێژ بکەین و گفتوگۆی لەسەر بکەین، دەبینی بابەتێك لە ناو هۆڵی پەرلەمان تەماشا دەکەین ئەوەندە پەرتەوازە بووینە یەعنی حەتا بە وەرەقە نووسینیش ناگەینە یەکتری، بۆیە ئەگەر چاو پێخشاندنەوەیەکی بۆ بکری ئەم صیغەیە یان بەپێی فراکسیۆن فراکسیۆنەکان لە یەکتر نزیك بن یان بە ئالیەتێکی دیکە ئەم صیغەیە دانیشتنی ریزبەندی پەرلەمانتاران بگۆڕدرێ، سوپاستان دەکەم.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز کەژاڵ هادی، بەڕیز ئاری عبداللطیف، فەرموو.
**بەڕێز ئاری عبداللطیف مولود:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سی حاڵەتی دژ بەیەکی تیایە لەوانەیە لیژنەی تایبەتمەند ئەوەی زۆر موختەصە لە بواری زمان دا پێی دەزانێ، یەکەم/ بەپێی، دووەم/ بەگوێرەی، سێیەم/ بەڕەچاوکردن، ئەم سێیە سی حاڵەتی زۆر جیاوازە، مەبەست چیە لە لیستی ریزبەند کراو؟ بەگوێرەی پیتەکانی ئەلف و بی (ئەلف و بێ) غەڵەتە، دەبی بنووسی (ئەلف بێ) گەورەترین کێشەی ئێمە ئەوەی تا ئێستاش ئەوەمان رەچاو نەکردووە لە زمانی ستانداردا بکرێتە (ئەلف بێ) زۆر زۆر کوردی پەتی ترە تا (ئەلف و بێ)، ئەلف و بی عەرەبییە، بە رەچاوکردنی زنجیرەیەك، ئەگەر لە سەرەوەر بە گوێرەی یان بە پێی لیستی ریزبەندکراوە بی دوایی چۆن بە رەچاوکردنی زنجیرەیەك تۆ ئەوە تەرتیب دەکەی؟ سوپاس.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز ئاری عبداللطیف، بەڕێز مامۆستا مەلا مروان، فەرموو.
**بەڕێز حسین إسماعیل حسین (مەلا مروان):**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
من هیچ قسەم نیە لەسەر خاڵی یەکەم، بەس پێم باشە ماددەی (52) بکرێتە دوو بەش، دوو خاڵ، ئەگەر کاك د.فرست ئاگای لێرە بێ، یەکەم/ ئێمە کێشەیەکمان هەیە لە فراکسیۆنەکان بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەگەر تەماشا بکەی شوێنی فراکسیۆنەکان

تەنزیم نەکراوە، یەعنی ئێمە لەوانەیە زۆرجار پێویستمان بە هەماهەنگی و بە دانیشتن هەبی لە فراکسیۆنەکان، بەشێك لە فراکسیۆنەکان لە قاتی پێنجن، بەشێك لە قاتی چوارن، بەشێکیان لە قاتی (3) پێشنیار دەکەم خاڵی دووەمی بۆ زیاد بکری هەموو فراکسیۆنەکانی پەرلەمان لە قاتی (3)، لە قاتی (4) یان لە هەر قاتێك بی پێکەوە کۆ بکرێنەوە، بۆ ئەوەی کە لە یەك نزیك بین و بتوانین هەماهەنگی زیاترمان هەبێ، دەستتان خۆش.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز مامۆستا مەلا مروان، مەبەست لە ناو دانیشتنەکەیە، ئەوە ئیزافەت کرد سوپاس، بەڕێز حاجی کاروان، فەرموو.

**بەڕێز کنعان نجم الدین أحمد (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر هەمان تێبینیم هەبوو، یەعنی ئێستا هەر فراکسیۆنی ئێمە و فراکسیۆنی کۆمەڵ دەڵێی سڕەی سەمونمان گرتووە بە دوای یەکەوە، ئەوە دەبی حەل بکرێ، ئاگامان لە یەك نیە بۆیە ئەگەر فراکسیۆن، فراکسیۆن دابنیشین پێکەوە، مەسەلەن ئێستا حەرفی (ك) من لەوەتی تەڵەبەی ئیبتیدائی بوومە هەر لە دواوە دانیشتوومە چونکە حەرفی (ك)م، ئەوە موشکیلەیە هەموو حەرفەکانی ئەخیر دەکەونە خوارەوە، بۆ دەست هەڵبرینیش هەر دەکەوینە خوارەوە، جا لەبەر ئەوە ئەگەر فراکسیۆن فراکسیۆن بێت باشترە نەك بەم حەرفی ئەلف و بی بێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز حاجی کاروان، بەڕێز بێستون فائق، فەرموو.

**بەڕێز بێستون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە قسەکان کران، بەڵام ئەوەی ڕەچاوکردنی قائیمەی حزب یان قائیمەی فراکسیۆن رەنگە پێچەوانەی ئەو حەرفە ئەبجەدیە بێ، چونکە ئەگەر مەسەلەن (لو فرچنا) سبەینی قائیمەکە کرا بە موغلەق (أ) حەرفێکی چووزانم ئەخیر حەرفەکان ئەوەی کاك حاجی گوتی رەقەم (1) و رەقەم (2) مەسەلەن وانیە؟ (أ و ب)ی تێدا نیە، رەچاوکردنی زنجیرەی فراکسیۆن یان قائیمەی حیزبی لەگەڵ (ئەلف و بێ)کە تۆزی پێچەوانەی یەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز بێستوون فائق، بەڕێز عمر عینایەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکەی کەژاڵ خان دەکەم، هەروەها پشتگیری کاك ئاری دەکەم (ئەلف بێ) باشترە، پشتگیری ئەوەش دەکەم کە نابێت ئێمە لەبەر ئەوەی (ع)ین ئیتر قەرەوین، قەی چی دەکات وەرزێك ئێمە لە دواوەین با وەرزی دووەم پێچەوانە بێتەوە، مافی خۆمانە، من چوار ساڵە لێرەم خۆ شوێنەکەشم باشە عەیبی نیە، بەڵام من داوا دەکەم برادەران لە لیژنە کاری بکەن یان لە ئیدارەی سەرۆکایەتی پەرلەمان ڕاستە لە سەرەوە لە (ئەلف)وە دەست

پی دەکات لە ئەخیردا (ق) و (ع) کۆتایی دێ، بەڵام دەکری پێچەوانەش بکرێتەوە دوو ساڵ وابێت و دوو ساڵەکەی تر بە پێچەوانەوە بێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز عمر عینایەت، داوا لە لیژنە دەکەین ئەگەر روونکردنەوە هەبی یان وەڵام، فەرموو.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو تێبینیانەی بەڕێزان باسیان کرد لەسەر صیاغەت حەتمەن چاکی دەکەین، (ئەلف بێ) و ئەوانە هەمووی چاك دەکەین، ئەمما سەبارەت بەوەی بیزەبت ئەوەی کە من تێگەیشتبم لەگەڵ برادەرانیش کە لە لیژنەی کاتی تازە قسەکان کرد، رێك ئەوەی ئێوە دەتانەوێ، (ئەلف بێ)یە، بەلآم لە (ئەلف بێ)ش فراکسیۆنی گۆڕان لەو ئیتیجاهەیە (ئەلف بێ) لە فراکسیۆنی گۆڕان دەست پی دەکات، پارتی (ئەلف بێ)ی خۆی تەقریبەن وەکو ئێستا، بشتواندری ئەو تەنزیمەی ئێستا کا حاجیش باسی کرد یەعنی یەکگرتوو لە مەنتیقەیەك وەکو کەژاڵ خان باسی کرد، کۆمەڵ، بەو شێوەیە، بەلآم ئەلف بی لە ناو فراکسیۆنەکە، یەعنی فراکسیۆنەکان تێکەڵ نابن بەو شێوەیەی کە لە مەنتیقەی خۆی دەبی بەپێی ئەلف بێ، جا ئایا ئەو قاعەیە موساعیدە بۆ ئەوەی ئەو ئیشەی تێدا بکرێ؟ ئەوە لەوانەیە پەیوەندی بە ئێمەوە نەبێت، بەو پەیڕەوە نەبێ، ئەوەی مامۆستاش باسی کرد ناتواندری باسی تابق و شتی وا بکەین چونکە لەوانەیە ئەو پەرلەمانە ئەوڕۆ لێرەیە بچینە شوێنێکی تر تابقی یەك باشتر بێ، بۆیە ئەوە پەیوەندی بە ئیدارەی پەرلەمانەوە هەیە چۆن دابەشی دەکات، دەکری هەر ئێستا بڕیارێك بدەن بچنە یەك تابق، بەلآم لە پەیڕەو دانیشتنەکە بەو شێوەیە دیار دەکرێ، لە پەیڕەوی ولآتانی دونیا بە (ABC) دابەشیان دەکرد، ئەگەر حەزتان لێی یە، بەلآم لەبەر ئەوەی ئێمە ناوەکانمان زۆربەمان بە عەرەبی یە و بە کوردی یە یەعنی هەر دەبی بە ئەلف بی بێت.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سەرۆکی لیژنەی کاتی، تێبینی کۆتایی لای کاك عمر عینایەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکەم هەندەسی یە، هۆڵەکە دیزاینەکەی هەڵەیە، یەعنی ئێستا هۆڵی هاتووچۆ مەفرووزە ئێستا کەسێك لەوێوە بچێتەوە دەرەوە زۆربەی ئەوانە ئیحراج دەبن، دیزاینی ئەم هۆڵە دیزاینێکی هەڵەیە و ئەو قسەیەی کەژاڵ خانیش گوتی ئەگەر فراوانتر بێت وەك کاك فرست باسی کرد دەکری فراکسیۆنەکان بەیەکەوە بن، ئەگەر بۆتان کرا و انشاالله قەیرانی دارایی نەما ئەم بینایە بگۆڕی و هۆڵێکی تازە دیزاینەکەشتان بۆ دەکەین لەسەر حیسابی خۆمان و زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆئەو پێشنیازە، پێویستە و شایستەیە و شوێنەکەش دیاری کراوە، وابزانم لە رووی هەندەسیش شوێنەکان کراوە بۆ کۆمەڵگای تایبەت بە پەرلەمانی کوردستانەوە لە شوێنێکی ترە لە دەرەوەی شارە، خوا کەریمە ئینشاڵلا تا ئەو کاتە قەیرانی داراییش کۆتایی

دێت، بەڕێزان ماددەی (52) کۆتایی هات، ماددەی (53)، بەڕێز مصطفی سەکری، نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز مصطفی أحمد حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەکان زۆرن تێبینیەکانیش زیاتر زمانەوانی و صیاغەنە، پێم باشە جەنابتان بڕیار بدەن دوای ئەوە کە ئەوە تەواو دەبی لەگەڵ لیژنەی کاتی کی پێی خۆشە و کی ئیختیصاصی هەیە لە زمان و کی کوردی باشە با کراوە بی ئەوەی پێی خۆشە ئامادە بی رۆژێك دیاری بکەن لەسەر صیاغە، ئاوها وەخت زۆر دەڕوا و زیاتریش بەراستی قسەکان لەسەر داڕشتنەوە و لەسەر کەم و زیادی کەلیمات و ئەوانەن، وەخت زۆر دەڕوات پێموابێ، ئەگەر بڕیار بدەن لەگەڵ برادەرانی لیژنەی کاتی لیژنەیەك پێك بێت بۆ صیاغە پێموایە زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز مصطفی سەکری، ئەوە پێشتریش تەئکید لەوە کراوە، لیژنەی کاتیش داوای کرد لە ئێوەی بەڕێز کە هاوکاربن لەگەڵیان دا، هەتا بە نووسینیش داوایان کرد بۆیان بنووسن، جارێکی تر تەئکید دەکەین هەر تێبینییەك لە رووی زمانەوانی ئێستا دەتوانن بۆیان بنووسن، دواتر دەتوانن بۆیان بنووسن، تا ئەو کاتەی دەگاتە دەنگدان، لەو کاتە ئەو پرۆسە کۆتایی پی دێت، ماددەی (53) بەڕێزان ئەگەر بیخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (53)

کارنامەی حەفتانەی پەرلەمان بەم شێوەیە دەبێت:

1-رۆژانی یەکشەممە ئەندام بەدواداچوون بۆ کاروباری هاونیشتمانیان دەکات.

2- رۆژانی دووشەممە کۆبوونەوەی لیژنەکان.

3- رۆژانی سێشەممە و چوارشەممە تایبەت دەبی بە دانیشتنی پەرلەمان.

4- رۆژانی پێنجشەممە گفتوگۆکردن لەگەڵ حکومەت بەپێی پێویست.

5- دەستەی سەرۆکایەتی لە کاتی پێویست دەتوانی خشتەی کاری حەفتانەی پەرلەمان دەستکاری بکات.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سۆران عمر، بەڕێزان گفتوگۆ لەسەر ماددەی (53) دەست پی دەکات، ناوەکان دەنووسین، فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد شکراللە (بێگەرد تاڵەبانی):**

ئەو بەڕێزانە داوای گفتوگۆیان کردووە: ئاری عبداللطیف، د.سرود، حاجی کاروان، بەهزاد دەروێش، مامۆستا مروان، أنور قادر، أیوب عبدالله رسول، عمر عینایەت، أیوب عبدالله إسماعیل، مامۆستا عبدالرحمن، کەژاڵ هادی، محمود حاجی، حیات مجید، قادر رزگەیی، عباس غزالی، منی قەهوەچی.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان (15) بەڕێز دەیانەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکەن، بۆیە هەر یەك یەکجار قسە دەکات، قسەکانی خۆی بەچڕی دەخاتەڕوو، دوای ئەوەش کەسی تر وەرناگرین، بەڕێز منی قەهوەچی، فەرموو.

**بەڕێز منی نبی نادر (قەهوەچی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
تەنها ئەو پرسیارەم هەبوو هەچەندە خۆشم ئەندامم لەم لیژنەیە بەڵام ئەو پرسیارە لە زۆربەی ئەندامانی لیژنەی یاسایی بەمنیان وتووە، رۆژانی دووشەممە کۆبوونەوەی لیژنەکانە، یەعنی تەنها یەکجار کۆبوونەوەی لیژنەکان هەیە لە حەفتەیەکدا، بەڵام لە کاتێکدا مەسەلەن د.رێواز ئاگادارە هەروەها گەشە خان کە لە لیژنەی یاساییشە، لەوانەیە لە هەفتەیەکدا ئێمە سی جار کۆبووینەوە، ئەوە لێرەدا بە پێی ئەو پەیڕەوە کەواتە دەبێتە پێچەوانەی یان با رۆژەکەی تەحدید نەکەین، تەنها بە پێی پێویست لیژنەکان کۆببنەوە، سوپاس.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز منى قەهوەچی، بەڕێز حیات مجید، فەرموو.
**بەڕێز حیات مجید قادر:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
لە خاڵی یەکەم دا دەڵێ رۆژی یەکشەممە ئەندام بەدواداچوون بۆ کاروباری هاونیشتیمانیان دەکات، ئەگەر بکری هاونیشتیمانیان و لیژنەکانی بۆ زیاد بکرێ، خاڵی دووەم ڕۆژانی دووشەممە کۆبوونەوەی لیژنەکانە من پشتگیری قسەکانی منی خان دەکەم، چونکە زۆربەی ئەندامان لە دوو لیژنەدا ئەندامن، زۆرجار کۆبوونەوەکان تەزاروب دەکات، ئەگەر بکرێت بە پێی پێویست کۆبوونەوەکان بکرێت ئەوە عەمەلی ترە، سوپاس.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز حیات مجید، بەڕێز کەژاڵ هادی، فەرموو.
**بەڕێز کەژاڵ هادی فقێ:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بەرای من ئەو ماددەیە لە یەکەم تا پێنجەم زیادە، ئەو ماددەیە نەمێنێ، چونکە بە تێڕوانینی من بە هیچ شێوەیەك ناڕواتە بواری جێبەجی کردنەوە، هەر تەنها لە پەیڕەو جێگیر دەکرێت و ناڕواتە بواری جێبەجی کردنەوە، بۆیە با ماددەکە نەمێنێت، سوپاس.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز کەژاڵ هادی، بەڕێز د.سرود، فەرموو.
**بەڕێز سرود سلیم متی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
قسەکانم هاتنە گۆتن، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز د.سرود دەستخۆش، بەڕێز أنور قادر،، فەرموو.
**بەڕێز أنور قادر مصطفى:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (53) منیش تێبینیم لەسەر خاڵی (2) هەیە، کە زۆربەی کات لە کۆبوونەوەی لیژنەکان دا پێویستە چونکە موناقەشەی زۆر و تا ئامادەکردنی راپۆرت من پێمباشە بەم شێوەیە بی رۆژانی دووشەممە کۆبوونەوەی لیژنەکان و یان هەر کاتێکی تر کە پێویست بوو، چونکە جاری وا هەیە کۆبوونەوەی لیژنەکان، لیژنەی یاسایی بە نموونە بێنمەوە بۆ نموونە راپۆرتمان لە رۆژی پێشتر ئامادە نەکردووە، دواتر سەعات (10) تا جەلسە ئامادەکراوە راپۆرتەکە ئامادە کراوە، بۆیە پێموایە کاتی پێویست زیاتر بدری بە کۆبوونەوەی لیژنەکان، سوپاس.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز أنور قادر، بەڕێز أیوب عبداللە رسول، فەرمووو.

**بەڕێز أیوب عبداللە رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ڕگەی پێنجەم من تەنها داوا دەکەم ئەو وشەیە بگۆڕدرێت بکرێتە (دەستەی سەرۆکایەتی لە کاتی پێویست بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکایەتی لیژنەکان خشتەی کاری هەفتانەی پەرلەمان دەستکاری بکات) ئەو شێوەیەی لی بکرێت.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز أیوب عبداللە رسول، بەڕێز أیوب عبداللە إسماعیل، فەرمووو.

**بەڕێز أیوب عبداللە إسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی لیژنەکان چەند لیژنەیەك لە ناو هۆڵێکدان بەیەکەوەن، زۆرجار کە مەوعیدەکان دیاری دەکرێن تۆ رۆژانی دووشەممە دیاری کراوە، لەوانەیە لە رۆژانی دووشەممەدا هەر سی لیژنە، چوار لیژنە کە لە یەك هۆڵدان و کۆبوونەوە دیاری دەکەن نەتواندری و تەزاروبێك دروست بکات بۆ لیژنەکان، بۆیە من وای بە باش دەزانم ئەو بە تەحدیدی دیاری نەکری بۆ رۆژانی دووشەممە تەنها بۆ کۆبوونەوەی لیژنەکە، لیژنەکان ئازاد بن لە رۆژانی یەکشەممە و دووشەممە کۆبوونەوەی لیژنەکانی خۆیان ئەنجام بدەن، بۆ ئەوەی تەنسیقێك هەبی لە بەینی سەرۆکی لیژنەکانیش دا، ئەو کاتە ئاگاداری مەوعیدی ئەوە بن، تێبینیم لەسەر رۆژانی یەکشەممە و پێنجشەممەش بۆ کاروباری بەدواداچوونی هاوولاتیان و حکومەت، لەوانەیە بۆ لیژنەیەك گونجاوتر بی رۆژی یەکشەممە بەدواداچوون بکات، یان بلێین کۆبوونەوە لەگەڵ حکومەت بکات، رۆژی پێنجشەممە بەدواداچوون بکات بۆ کاری هاوولاتیان، بۆیە با ئەوەشیان تێکەلآو بکرێتەوە و لێك بدری بۆ ئەوەی کە رۆژانی پێنجشەممە و رۆژانی یەکشەممە بۆ ئەندامان هەبی کە بەدواداچوون بکەن بۆ کاروباری هاوولآتیان و بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ حکومەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز أیوب عبداللە إسماعیل، بەڕێز قادر رزگەیی، فەرمووو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول (قادر رزگەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە دیاری کردنی ئەو خشتەیە رۆتینات دروست دەکات، شتێکی عەمەلی نیە، راستە هەموومان پێمان خۆشە تەوقیتاتەکانی کارکردنمان و کۆبوونەوەکانمان دیاریکراو بن، هەندێك لەو هەڤالآنەش ئاماژەیان پێدا، راستە لە خاڵی پێنجەم دا دەسەلآت دراوەتەوە سەرۆکایەتی پەرلەمان لە ئاڵوگۆڕ، بەلآم بۆ نمونە بۆ کۆبوونەوەی لیژنەیەك کە دووشەممەی نەبی رۆژێکی تر بی هەمیشە دەکری مەسەلەن بە جەنابتان بلێین ئەو صەلآحییەتە یان ئەو گۆڕانکاری یە بکرێ، هەمووشمان هەر یەك لەو پەرلەمانتارانە مافمان هەیە لە دوو لیژنە دا بین، یەعنی یەك ڕۆژ بەدیاریکراوی بۆ کۆبوونەوەی لیژنەکان پێموایە ئەوە کێشەمان بۆ دروست دەکات، وای لی دێت لە رووی قانوونییەوە ئیللا دەبێت لیژنە لە رۆژی دووشەممەوە دابنیشی، ئەگەر دووشەممە کۆبوونەوە نەکات بە بی ئیزن وەرگرتن لە ئێوە کەواتە قانوونی نیە، کەواتە ئەوە شتێکی عەمەلی نیە، من پێمباشە دەکری رۆژانی یەکشەممە ئاوها لێرەدا دیاری بکرێ، بەلآم سەبارەت بە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان و لیژنەکان دیاری کردنی تەنها رۆژە دیاریکراوەکان من وەکو خۆم بە شتێکی باشی نازانم، دوای ئەوەش گفتوگۆکردن لەگەڵ حکومەت تەنها رۆژێك بۆ دەستنیشان

بکەین، ئێمە هەموومان دەزانین پەیوەندییەکانی نێوان ئێمە و حکومەت هەماهەنگی و تەنسیقەکە چۆنە؟ حکومەت بەزۆریش نایەت، ئی تۆ بەس رۆژێکیشی بۆ دابنێی ئەو کاتە هەر نایی نایێ، بەهانەی باشی دەست دەکەوێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز قادر رەزگەیی، بەڕێز عباس غەزالی، فەرموو.

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستی دا ئەم ماددەیە کۆسپ لەبەر ئیش و کاری پەرلەماندا بەم شێوەیە دروست دەبێ، چونکە مونتەزیم دەبی رۆژێك لیژنەکان کۆبوونەوە بکەن غەیری ئەو رۆژە دەبێتە خاریجی خاڵێکی پەیڕەوی، هەر بۆیە دەبینم ئەگەر خاڵی پێنجەم دابڕێژرێتەوە و سەرۆکایەتی پەرلەمان لە هەر خولێك دا بەرنامە بۆ کاروباری خۆی دابنی گەلێك باشترە، بەڵام خاڵێکی تر لە خاڵی یەك و چوارەمیشدا کە گفتوگۆیە، یەکێکی تریش ئەندامانی پەرلەمان هەڵبژێردراوی بازنەیەکی ئینتیخابین، ئەندامی پەرلەمانیش ئەگەر ئەوەش هەبوو رۆژانی پێنجشەممە دیاری بکری بۆ سەردانی ئەندامی پەرلەمان بۆ بازنەی هەڵبژاردنی خۆیان بۆ ئەوەی لە ناو جەماوەر و خەڵکەکەیدا دابڕاو نەبن، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز عباس غەزالی، بەڕێز حاجی کاروان، فەرموو.

**بەڕێز کنعان نجم الدین أحمد (حاجی کاروان ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم و دووەم هەتا چوارەم پێویست بە نووسین ناکات، چونکە دەستەی سەرۆکایەتی کاری پەرلەمان دادەنێ، لێرە تێکەڵاو بووە کاری پەرلەمان لەگەڵ کاری پەرلەمانتاری، پەرلەمان وەکو موئەسەسە دەبی جیا بکرێتەوە، لێرە نووسراوە پەرلەمان، ئیتر کاری پەرلەمانن، کاری پەرلەمانتاری جیایە، یەکەم هەتا چوارەم ئەصڵ وایە نەمێنێ، ئەگەر بمێنی ئەم بڕگەیە بەس پێنجەم بمێنی کە دەستەی سەرۆکایەتی خۆی کارەکان دیاری دەکات، ئەوە دوایی مەفتوح بی یەعنی ناتوانی پەرلەمان حەصر بکەی لەوەی کە هەمان رۆژی بۆ دابنێی، ناکرێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز حاجی کاروان، بەڕێز محمود حاجی، فەرموو.

**بەڕێز محمود حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تەئیدی بۆچوونەکەی کەژاڵ خان دەکەم زائیدەن ئەو برادەرانە کاك قادر، بەراستی ئەوە رەنگە لای ئێمە زۆر عەمەلی نەبی یەعنی هیچ شتێك و هیچ کەسێك لێرە وەکو پێویست ئیلتیزام ناکات بە مەوعیدەوە، ئەوەش جۆرێکە لەو رۆتیناتەی کە قورسە ئێمە جێبەجێی بکەین، وەکو جەدوەلی مەکتەب وایە، بۆیە بەراستی رەنگە تا رادەیەك ئەم ماددەیە زیاد بێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز محمود حاجی، بەڕێز مامۆستا عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن سـەرنجەکەم ئەوەیە ئایا هەمـوو حەفتەیەك جگە لە لیـژنەی یاسایی لیژنەکانی دیـکە کۆبـوونەوە دەکەن؟ چـونکە پێمـوانیە هەمـوو لیـژنەیەك حەفتـانە کۆبـوونەوە بـکەن، دوو/ ئەگەر بکرێـت ئـاڵوگۆڕ لە نێـوان رۆژانـی یەکشـەمممە و پێنجشـەممەکە بکرێـت، رۆژانـی یەکشەممە لەگەڵ حکومەت دا دەکرێت بەدواداچوون بکرێـت، رۆژانـی پێنجشـەممەش بە حـوکمی ئەوەی کـاك عبـاس بە شـێوازێکی دیـکە گـوتی پەرلەمانتـار رەنـگە بکەڕێـتەوە بـۆ ناوچەکانی خۆی پێنجشەممە و جومعە، چـی گرفـت و کێشـە و یـان بەدواداچـوون پێویسـت دەکات لە رۆژی یەکشەممە ئەو کارە بکات، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز مامۆستا عبدالرحمن، بەڕێز بەهزاد دەرویش، فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قەناعەتـا مـن مـاددا (53) پێویسـتی سـی مرونەتـا هەیە، مرونەتـەکـی هەی خالا پێنجـی کە دەستەی سەرۆکایەتی، ئەو نەرمی نواندنە باشـە، بەس دوو نەرمـی نواندنیـدیش پێویستە خالا ئێکی ئەز دبێـژم پشتگیریا کاك أیـوبیش دکەم کە ئەم تەحدیـد نەکەیـن، یەعنـی دەمج بیت خالآ ئێکی و چارێ دەمج بیت بەم شێوە لـی بێت (رۆژانـی یەکشـەممە و پێنجشـەممە گفتوگـــۆکردن لەگەڵ حکـــومەت بە پێـــی پێویســـت و بەدواداچـــوون بـــۆ کاروبـــاری هاونیشتیمانیان دەکات)، چـونکە ئەگەر دەمج کرا ئەو وەختە لیـژنە و ئەنـدامانی پەرلەمـان ئـازاد دەبـن رۆژی پێنجشـەمە دەکەم ئەو دوو کـارە دەکەیـن، یـان یەکشـەممە دەکەن، ئەوە نەرمـی نوانـدنی دووەم، سـێیەم/ منـیش پشـتگیری ئەو هەمـوو بەڕێـزانە دەکەم ئەوی لە خالی دووەم پێویستی بە نەرمی نواندنە، رۆژانـی دووشـەممە کۆبـوونەوەی لیژنەکـان یـان هەر کاتەکی تر کە پێویست بوو، بۆ؟ چونکە بـابەت هەیە گـرنگە، لیـژنەی یاسـایی پێویستە مەسـەلەن ڕۆژی سێشـەممە بێـتە بەرنـامەی کـار لە دووشـەممە ئەگەر کۆبـوونەوە بکـات ناتوانی چونکە (48) سەعات پێویستە دەستەی سەرۆکایەتی، بـۆیە ئەگەر پێویسـت بـوو لە یەکشەممە دانیشتن دەکات، ڕاپۆرت دروست دەکا بـۆ پەرلەمـان هـیچ گـرفتەك نـابی، بـۆیە داواکارم ئەم هەر سی خالا بە هەند وەربگری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز بەهزاد دەرویش، بەڕێز ئاری عبداللگیف، فەرموو.

**بەڕێز ئاری عبداللطیف مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستی من پێشنیار دەکەم هەر ماددەکە هەڵگیرێ، چونکە زۆر قوڕسـە وەکـو جەدوەل وایە راسـتی، یەعنـی پابەنـدبوون پێـوەی زۆر ئەسـتەم و قوڕسـە، ئەگەریـش بمێنێـتەوە پێمباشـە خاڵی دووەم بێتە یەکەم، خاڵی یەکەم هەر بە تەواوەتی لاببرێ، چونکە ئەنـدامی پەرلەمـان ئەنـدامی بەڕێـز پێویسـتە لەحـزە بە لەحـزە هەمـوو لەحـزەیەك بەدواداچـوون بـۆ کێشـە و ئاریشـەکانی خەڵــك بکـات، هاونیشـتیمانی بکـات، ئەوە نـاکری رۆژێکـی تەحدیـد بێـت، ئەگەریـش هەبـی دەبـی لە کۆتـایی حەفـتە بێـت لـایەنی کەم، کۆبـوونەوەی لیژنەکـان لە سەرەتاوە دەبی لە سەرەتای هەفتەوە بـی بـۆ ئەوەی ئەگەر بزانـی دەڵێـی چـی، کۆنووسـی خـۆت ئامـادە بکەیـت و بەرنـامە و پـرۆژەی خۆتـت هەبـێ، خـاڵی سـێیەم نووسـراوە رۆژانـی سێشـــەممە و چوارشـــەممە تـــایبەت دەبـــی بە دانیشـــتنی پەرلەمـــان، خـــۆ مەرج نـــیە کۆبوونەوەکـــانی ئـــێمە دوو رۆژ بخـــایەنێ، دەکـــری بنووســـری رۆژانـــی سێشـــەممە یـــان

چوارشـەممە، دەبـی (یـان)ێکی بـۆ دابنـرێ، (تـایبەت دەبێـت) پێمـوابی بـاش نـیە (تەرخـان) دەکرێت بۆ دانیشتنی پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز ئاری عبداللطیف، بەڕێز عمر عینایەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموو ئەندامی لێرە ئەندامانی پەرلەمان هەموو لە مستەوای (leader) و قیادەی ئەم ولـآتەدان، بە رەئـی مـن ئەم جـۆرە پابەنـد کـردنە تۆزێـك زەحـمەتە، مـن داوا دەکەم ئەو مـاددەیە بەو شـێوەیەی لـی بێـت مـاددەی یەکەم لاببرێـت ئێسـتا دەینێـرم بـۆ لیـژنەش (کۆبـوونەوەی لیـژنە بە پێـی پێویسـت دەبێـت باشـترە رۆژانـی دووشـەممە بێـت) دووەمە ئەوە، یەعنـی ئیلـزامیش نـاکری و رۆژێکـیش دیـاری دەکـرێ، (دانیشـتن) تەعریـف کـراوە (دانیشتنی پەرلەمان بە پێی پێویست دەبێت و باشترە رۆژانی سی شەممە و چوارشەممە بێت)، پێنجەمیش وەکو خۆی بمێنێتەوە بۆ ئەوەی دەستەی سەرۆکایەتی ئازاد بی لەوەی چ رۆژێك دادەنێ، بەلام من یەك سەرنجم هەیە خۆتان دەزانن پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ئەوەی ئێستا کە بەرکارە و ئێمە ئیشی پی دەکەین ئەو پەیڕەوەیە کە دەست و دەمی ئـێمەی بەسـتووە، مـن داوا لە دەسـتەی سـەرۆکایەتی دەکەم کە زۆربەی ئەنـدامانی پەرلەمان لە دەرەوەن، لە ناو ئەو بینای پەرلەمانەدان بێنە ناو هۆڵەکە و داواش دەکەم کە داوایان لی بکری کە بێنەوە بە تایبەتی سەرۆك فراکسیۆن دەبینم لێرە نیە، داواش دەکەم کە کۆبـوونەوەی هـیچ لیـژنەیەك لە کـاتی دانیشـتنی پەرلەمـان دا نەبـێ، یەعنـی دوای دەستوور بە رەئی من بۆ ئەندامانی پەرلەمان ئەم پەیڕەوی ناخۆیەیە گرنگی پی بدەین، من دوێنی ئیزنم لە جەنابت وەرگرت، بەلآم کە زانیم باسی پەیڕەو دەکری نەڕۆیشتمەوە و لێرە مامەوە بۆ ئەوەی لەو پەیڕەوە بەشدار بم، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سـوپاس بـۆ بەڕێـز عمـر عینـایەت، دوو کەس داوایـان کـردووە ناویـان ئیـزافە بکـرێ، لەبەر ئەوەی پەیڕەوە و گـرنگە بـۆیە ڕێگەیـان پـی دەدەیـن قسـە بـکەن، بەڕێـز شـکریە شـێخانی، فەرموو.

**بەڕێز شکریە سمایل مصطفی (شکریە شێخانی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە بەشێکیان بمێنی زۆر باشـە، لە پەیڕەوی زۆربەی ولآتـانی دونیا لە هەفتەیەکدا دوو رۆژ دیـاری کـراوە بـۆ دانیشـتنی پەرلەمـان، سـی شـەممە و چوارشـەممە دانـراوە زۆر گونجاوە، ئەوەش بکرێتە مەرج پاڵپشتی برای بەڕێزم کاك عمر عینایەت دەکەم، بەراستی زۆرێـك لە لیژنەکـان لە نـاو دانیشـتنی پەرلەمـان دانیشـتنی خۆیـان ئەنجـام دەدەن، کە بەو شێوازە هۆڵی پەرلەمان چۆڵ دەبێ، ئەوە بکرێتە مەرج، حەفتانە دانیشتنی هەر لیـژنەیەك حەفتانە رۆژێك دابنی بۆ دانیشتنی خۆی، بەلآم بکرێتە مەرج لە کاتی دانیشتنی پەرلەمان نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز شکریە شێخانی، لەبەر ئەوەی جارێك بەڕێـز حیـات مجیـد قسـەی کردبـوو جـاری دووەم دەرفەتـی نـادەینێ، هەر یەکەو یەك جـار دەرفەتـی دەدەینـێ، بەڕێـزان بەس روونکـردنەوەك دواتـر داوا لە لیـژنەی کـاتی دەکەیـن ئەگەر روونکـردنەوە هەیە بیـدەن، مەسـەلەی کۆبـوونەوەی لیژنەکـان ئـێمە داوا دەکەیـن لە کـاتی دانیشـتنی پەرلەمـان هـیچ

لیـژنەیەك كۆبـوونەوە ئەنجـام نەدات لە هەمـان كـات دا، یەعنـی راسـتە ئـێمە تێـدەگەین لەبەرچـی كۆبــوونەوەی لیژنەكـان لە كـاتی دانیشــتنەكان ئەنجـام دەدرێـت، بـۆ ئەوەی كـۆبكرێنەوە، ئەوە داوایەكـی رەوایە و هـۆیەكی رەوایە، بەلـآم بەراسـتی تەئسـیر لەسـەر حزووری ئەندامان دەكات لە ناو دانیشتنەكەدا، ئەوە داوای ئێمە بە راشكاوی پێتان و داوا دەكەین پشتگیری لەو داوایە بكرێ، هی دووەم ئەو پێشنیارە لە ئەساس دا هاتووە لەسەر بنەمای ئەوەی سی هۆڵی جیاواز دروست بكرێن بۆ كۆبوونەوەی لیژنەكان، دیـوان دەستی پێكردبوو ئەو سی هۆڵە دروست بكەن، یەك بۆ كۆبوونەوەكانی بەپەلە یەعنـی تایبەت بەو كۆبـوونەوانەی بە پەلە دەكـرێن، جەدوەل خشـتەیەك لەوی دادەنرێـت هەر لیـژنەیەك كە پێویستە لەوی سـەعاتێك بـۆی دیاری دەكرێت، هـۆڵێكی تـایبەت بە میوانـان، كە میـوان لە حـوكمەتەوە دەچـنە لیـژنە یەعنـی شـوێنەكەی گونجـاو بێـت بـۆ ئەوەی میـوانی زۆر بـێن، هـۆڵێكیش تـایبەت بە لیژنەكـان بە پێـی خشـتەی دیـاركراو، یەعنـی هەر لیـژنەیەك و دوو سەعات بۆی دیاری دەكرێت، ئەوجا لە سەعات هەشت دەست پـی دەكرێـت، (10) دەسـت پی دەكرێت، ئەوە دیوان بۆیان رێك دەخـات، تـا ئەو كاتە یەعنـی وەكـو زانیاری پێشـتریش ئیش كراوە یەعنی حەتا ئاگاداری لیژنەكان كراوە لیژنەی دەستپاكی یەك لەوانە بوو دوێنـی ئاگادار كرابوونەوە تووشی وەزعێك ببوون كە هۆڵەكەیان لە دەست چوو بوو، ئەوە هەر بـۆ ئاگاداری، ئێستا داوا لە بەڕێز د.فرست دەكەم سەرۆكی لیژنەی كـاتی ڕوونكـردنەوەی زیـاتر بدات لەسەر تێبینییەكان و پرسیارەكانی ئێوە، فەرموو.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئـێمە پێمــان خۆشــە جــارێكی تــر تەئكیــد لە نــوقتەیەك بكەیــنەوە كە زۆر گــرنگە لە موناقەشـەكردنی ئەم پەیـڕەوە، ئـێمە كە نصوصـەكانی موناقەشـە دەكەیـن ئەم دۆخەی ئێستای پەرلەمان لە سەری تەتبیق نەكەیـن، ئێمە ئەو پەیڕەوە بـۆ داهـاتوو دەنووسینەوە، بۆ ئێستا نایـنووسینەوە، لەوانەیە دەرفەت نەبـی ئەصڵەن ئەو خـولەی ئێسـتا ئەم پەیڕەوە بەركـار بكـات، بـۆیە بە تەصـەوری مـن نـاكری ئـێمە بڵێـین عەمەلـی نـیە كە ئـێمە خۆمـان جەدوەلـی عەمەلـی حەفـتەیەك بـۆ خۆمـان دابنێـین، ئەوەی كە ئـێمە نووسـیومانە ئەوە نەبووە شتێك بێت تەنها لەلای ئێمە لە كوردستان هاتبین ئەم رۆژانەمان دیاری كردبێـت، لە كۆبـوونەوەی دەسـتپێك كە وتارێكمـان پێشـكەش كـرد گوتمـان ئـێمە ئیعتیمادمـان كـردۆتە سـەر پەیڕەوی نـاوخۆی (22) ولآت، لە پەیڕەوی ناوخۆیانە (10) تـا (12) ولآت بەو شێوەیە خشتەی حەفتانەیان دیاری كردووە، بەشێكی لەو ولآتانە لە (شرق الآوسـط)ن و بەشـێكیان ولآتـانی عەرەبـین، بـۆچی لەو ولآتـانە گونجـاوە بە پێـی خشـتە كارنـامە پەرلەمـان كارەكـانی خۆی تەنزیم بكات، لە كوردستان گونجاو نیە؟ بۆیە ئێمە تەئكید دەكەینەوە پەیوەست نـیە چەند لیژنەمان هەیە، ئێمە ئێستا بە قەدەر ژمارەی لیژنەكان كە (14) لیژنەمان هێشتۆتەوە هۆڵمـان هەیە، موشـكیلەی هۆڵمـان نـیە، ئێسـتا موشـكیلەتان هەیە، بەس ئەگەر لە خـولی داهـاتوو كە لیژنەكـان بەم شـێوەیە تەنـزیم دەكـرێنەوە كە لەم پەیڕەوە دەنگـتان بـۆ داوە موشكیلەی هۆڵتان نامێنێ، ئەوە خاڵی یەكەم، خاڵی دووەم/ چەند شتێكتان گوت گونجـاوە ئـێمە رەچـاوی دەكەیـن، بـۆ نمـونە لیـژنە مەحكـوم نـیە ئیللا دووشـەممە، دەكرێـت لە هەر كاتێكی تر، بە باشی دەزانین دووشـەممە بـێ، سـی شـەممە بە باشـی دەزانـی، لە دەرەوەی كۆبوونەوەی پەرلەمان بە باشی دەزانـی، ئەوە ئـازادە، بەلآم لە بیرتـان نەچێـت ئـێمە پێشـتر ماددەكمان پەسەند كردووە دەڵێین بەلایەنی كەم لیژنە لە مانگێك دوو جـار كـۆ دەبێـتەوە، خۆ هەموو لیژنەیەك حەفتانە كۆ نابێتەوە، بۆیە نە كێشەی تەصادومی ئیجتیماعات دەبـێ، نە ئەوانەش دەبێ، بەلآم ئێمە ئەو بابەتەی كە لێرە خسـتوومانەتەڕوو دیراسـەمان كـردووە،

تكاتـان لـى دەكەیـن ئەوە مەسـەلەیەكى موسـتەقبەلیە، كارەكـانى ئەم پەرلەمـانە رێـك دەخـات، پێویستیشـە ئەوەى بـاس دەكرێـت كە دەڵێـین پەرلەمانتـار ئەنـدامى پەرلەمـان بەدواداچوون بۆ كارى هاونیشتیمانیان دەكات مەعنـاى وایە هاوولآتییەك كە لە وەزارەتێك ئیشێكى هەیە بەدوادادەچى یـان دەچێتەوە نووسـینگەكەى خـۆى لە شـوێنەكەى خـۆى كە لێـى هەڵبژێـردراوە یـان سـیمینارێك سـاز دەكـات، كۆڕێـك سـاز دەكـات، بەدواداچوونێـك دەكـات، ئەوانە ئۆتۆمـاتیكیەن خـۆى بەرمەجە كـردووە كە رۆژى یەكشـەممانە، بـۆ ئەوەى بتوانى ئیشەكانى تر بكات، ئێمە ئێستا بەو پێیەى كە ئێستا كار دەكەین هەمیشە كێشەمان هەیە، ئێستا كە دەڵێین سى شەم و چوارشەم تەواو تۆ كە لە بیدایەتى دەردەچـى دەبـى بە ئەندام پەرلەمان بەرنامەى خۆت تەنزیم كردووە سى شـەم و چوارشـەم هـیچ ئیلتیزامـاتێكى تـر دانـانێى، بـۆیە مـن هیـوادارم ئەم مـاددەى بمێنـێ، دەكـرى دەسـتكارى بكەیـن، صـیاغەى دەكەینـەوە، رێكـى دەخەینـەوە خـۆ مرونەتمان هەیە، بەلآم ئێـوەش هاوكارمـان بـن كە ئەو ماددەیە بمێنى زۆر گرنگە، سەبارەت بە رێـژەى ئامـادەبوون جارێكى تـر تەئكیـد دەكەینـەوە ئێمە بۆ نووسینەوەى ئەو پەیڕەوە چووین سـەردانى سـویدمان كـرد، موناقەشـەى بابەتێك دەكـرا پێمـوانیە (10) ئەنـدامى پەرلەمـان لە ژوورەوە بـن، موناقەشـەى خۆشـیان رانەگـرت، تەصویت گرنگە خۆ ئێمە كە ئەو پەیڕەوەمان نووسیوە نوێنەرى تاكە تـاكەى فراكسـیۆنەكان لەوى بـووە، دوایـى بـۆ تەصـویت هەر فراكسـیۆنە و نـوێنەرى خـۆى بێنێـتە ژوورەوە، ئەندامەكان بێنێتە ژوورەوە، بە تەصویت یەكلایى دەكرێتەوە.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیكى/ جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

سـوپاس بـۆ بەڕێـز د.فرسـت بـۆ ئەو روونكـردنەوە، خـاڵێكى نیزامیمـان هەیە كـاك حـاجى كاروان، فەرموو.

**بەڕێز كنعان نجم الدین أحمد (حاجى كاروان):**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

لەگەڵ خۆشەویستیم بۆ دكتۆر فرسـت، ئەوەى دووەم یەعنـى پێچەوانەى خـۆى دەكاتەوە، ئێسـتا قەرارە هەر ئەنـدامێك لە دوو لیـژنەدا بـێ، ئـى چـۆن لە دووشـەمێكدا لە دوو لیـژنە بەشدار بێ؟

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیكى/ جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز كاك حاجى كاروان، ئەگەر دیقەتت دابیت، كاك د.فرست ئاماژەى پى كـرد، هەموو لیژنەیەك لە مانگێكدا بەپێى پەیڕەوى نـوى دووجـار كـۆ دەبێتەوە، شـەرت نیە ئیللا هەموو دووشەممە، بەڕێز د.فرست ڕوونكردنەوەى زیاتر، فەرموو.

**بەڕێز فرست صۆفى على:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

بە پێـى پەیڕەوى نـوى كە دەكەوێـتە بـوارى جێبەجـى كـردن پێمـوانیە ئەو دەرفەتە بمێنـێ، زۆربەى ئەنـدامان دەبـى لە یەك لیـژنە بـن، چـونكە تەنزیمـى پەیڕەوى نـوى و ئەو چـواردە لیـــژنەیە و عەدەد دابەش دەكەى، ئەوە خـــاڵى یەكەم، خـــاڵى دووەم/ ئـــێمە ئیلزاممـــان نەكردووە ئیللا هەموو حەفتە هەمـوو لیژنەكـان دەبـى كـۆببنەوە، خـۆى بەرنـامە بـۆ خۆیـان دادەنـێن، ئەگەر تـۆ لە دوو لیـژنەش بـى وا تەنـزیم دەكـرى وەكـو ئەوەى ئێسـتا كە ئەو حەفتەیە لە نەزاهە بیت حەفتەیەكى تر لە یاسایى بیت، حەفتەیەكى تر لە مـافى مـرۆڤ بیـت، بەو شـێوەیە رێـك دەخرێـت، كێشـە نابێـت، ئیلـزام نـیە هەمـوو لیـژنەیەك هەمـوو حەفـتەیەك كـۆببنەوە، دەكـرى مـانگێ، دەكـرى ئەویـش بەكارهـاتوو دوو جـار كـۆببێتەوە بەلایەنى كەم، ئەوى تـر دەكـرى تەنـزیم بكـرێ، بـۆیە پێمـوانیە ئەو مـاددەیە هـیچ كێشـەى تێدابێت، بەلآم چاكى دەكەین دەڵێین (رۆژانى دووشەممە كۆبـوونەوەى لیژنەكـان دەكرێـت یان هەر كاتێكى تر كە لیژنەكان بە باشیان زانى، واتا دەیكەینە ئیختیارى.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنيكى/ جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز د.فرست، ماددەی (53) كۆتایی هات، گفتۆگۆ كۆتایی هات، ماددەی (54) بخوێننەوە فەرموو.
**بەڕێز سۆران عمر سعيد:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
سێیەم: دانیشتنەكانی پەرلەمان
ماددەی (54)
سەرۆك لەگەڵ ئاماژەدان بە ژمارە و بەرواری دانیشتن و وەرزی یاسادانان و خولی گرێدان بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان بە ناوی گەلی كوردستانەوە دانیشتنی پەرلەمان دەكاتەوە.
**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنيكى/ جێگرى سەرۆكی پەرلەمان:**
لەسەر ماددەی (43) ئەگەر گفتوگۆ هەبێت.
**بەڕێز بێگەرد دڵشاد شكرالله (بێگەرد تاڵەبانی):**
ئەو بەڕێزانەی كە دەیانەوی گفتگۆی ئەو ماددەیە بكەن: ئاری عبداللطیف، د.سرود، قادر رزگەیی، حيات مجيد، عباس غەزالی، شكريە شێخانی ، د.پەری، أيوب عبدالله رسول.
**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنيكى/ جێگرى سەرۆكی پەرلەمان:**
بەڕێزان دەست بە گفتوگۆ دەكەین، وامدەزانی لەسەر ئەو ماددەیە هیچ گفتوگۆ ناكرێت، بەس دیارە زۆرن، بەڕێز ئاری عبداللطيف، فەرموو.
**بەڕێز ئاری عبداللطيف مولود:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
دانیشتنەكانی پەرلەمان ماددەی (54) سەرۆك لەگەڵ ئاماژەدان بە ژمارە و بەرواری دانیشتن و وەرزی یاسادانان و خولی گرێدان (بە) لە دوای ئەوە ئەو دەستەواژەی بۆ زیاد بكرێت (بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان) ئەوە پێویستی بە دەستەواژەیەك هەیە لەوی دا، پێم باشە دوای ئەوەی كە دەڵێی (بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان) دوای ئەوە سی خاڵ دانراوە (بە ناوی گەلی كوردستان) بكرێت بە (لە پێناو گەلی كوردستان) ، بە ناوی خوای بەخشندە ئەوە بە ناوی خوا، چی دەكەی؟ ئیشت چیە تۆ؟ لە پێناو گەلی كوردستان من دەست بە دانیشتنەكانی خۆم دەكەم، پێم باشە دوو ناو نەیێت (بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان) دوای ئەوە یەكسەر بووتری (لە پێناو گەلی كوردستان) دانیشتنەكان بەردەوام دەبێت، ئەگەر ئیصرار كرا لەسەر ئەوەی كە (بە ناوی گەلی كوردستانەوە) بمێنی كە دڵنیام دەمێنێتەوە بكری (بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان) پاشان (بەناوی گەلی كوردستان)، چونكە ئەوە لە بنەما شەرعییەكان دا بەپێی بنەما و پرەنسیپی ئیسلامیش پێویستە (پاشان؟)ێك (پم) دابنری لە نێوان خوا لەگەڵ ئەوی تردا، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنيكى/ جێگرى سەرۆكی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز ئاری عبداللطیف، بەڕێز د.سرود، فەرموو.
**بەڕێز سرود سليم متى:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

والله من پرسیارم هەیە لە لیژنەی پەیوەندیدار ئەم ئەرکە تەنها ئەرکی سەرۆکە، یەعنی بۆ نموونە سەرۆك مەوجوودە، جێگری سەرۆك مەوجوودە، یەعنی کی جەلسەی دەکاتەوە ئەگەر سەرۆك مەوجوود نەبێ؟ تەنها ئەو پرسیارەم هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د.سرود، ئەوەی سەرۆکایەتی دانیشتنەکە دەکاتەوە، ئەو بە سەرۆك لە قەلەم دەدری و وەسف دەکرێ، بەڕێز قادر رزگەیی، فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول (قادر رزگەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم ئەم ماددەیە بەم شێوەیە داڕێژرێتەوە/ سەرۆك دانیشتنی پەرلەمان (بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان بە ناوی گەلی کوردستان) لەگەڵ ئاماژەدان بە ژمارە و بەرواری دانیشتن و وەرزی یاسادانان و خولی گرێدان دەکاتەوە، رستەکە وا تەواو بکرێت واتا پێش  و پاشی بخەن، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز قادر رزگەیی، بەڕێز حیات مجید، فەرموو.

**بەڕێز حیات مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (54) سەرۆك لەگەڵ ئاماژەدان بە ژمارە و بەرواری، ئەو (بەرواری)یە زۆر فەرمی نیە، زۆر فۆرماڵ نیە، ئەگەر بکری بەرێککەوت یاخود رۆژ یاخود مێژووی، چونکە بەروار زۆر بەکار نایی و زۆر فۆرماڵ نیە، زۆر رەسمی نیە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز حیات مجید، بەڕێز أیوب عبدالله رسول، فەرموو.

**بەڕێز أیوب عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا دەکەم ماددەی (54) بەو شێوەیە داڕێژرێتەوە (سەرۆك دانیشتنی پەرلەمان بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان لە پێناو گەلی کوردستان) هاوشانم لەگەڵ برای بەڕێزم مامۆستا ئاری (لە پێناو گەلی کوردستان دەکاتەوە) هاوتا لەگەڵ ئاماژەدان بە ژمارە و بەرواری دانیشتن و وەرزی یاسادانان و خولی گرێدانی دانیشتنەکە) بەم شێوەی لی بکرێ.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز أیوب عبدالله رسول، بەرێز عباس غزالی، فەرموو.

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا لە لیژنەی کاتی پەیڕەو دەکەم ئەگەر شتێك خوێنراوە واتا دەستی پێکردووە عورفیش وایە کە ناوی خوا و گەلی کوردستان لە پێشەوە بی ئەوجا ئاماژە بدرێت بە خول و ساڵ و ژمارە و بەرواری، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز عباس غزالی، بەڕێز شکریە شێخانی، فەرموو.

**بەڕێز شکریە سمایل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پاڵپشتی برای بەڕێزم کاك ئاری و کاك أیوب دەکەم (بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان) ئینجا (بە ناوی) دووەم بگۆڕدری (بە نوێنەرایەتی) یان ( لە پێناو)، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز شکریە شێخانی، دوو بەڕێزی تر ماون، بە ئەنقەست د. پەریم هێشتۆتەوە کۆتایی، چونکە تێبینی زۆر وردی هەنە لە بواری زمانەوانی، دەتوانیت هاوکاری لیژنە بێت، بەڕێز مامۆستا مەلا مروان، فەرموو.

**بەڕێز حسین إسماعیل حسین (مەلا مروان)**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری راکەی برای بەڕێزم کاك ئاری دەکەم، وای لی بکرێت (بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان) (پاشان)ی بۆ زیاد بکرێت هیچ ئیشکالێکی لەسەر نامێنێت، دەستتان خۆش بێت.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز مەلا مروان، بەڕێز ئومێد حەمە علی، فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها ئەو سەرنجەم هەبوو ئەویش بەرەنجامی سەرنجی هەندێك لە هاوڕێیانی پەرلەمانتار سەبارەت بەوەی کە لەگەڵ ئاماژەدان بە بەرواری دانیشتن و ئەوانە (بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان بە ناوی گەلی کوردستانەوە) زۆر عەقائیدیانە لەوە دەڕوانراوە و خوێندنەوەی بۆ کراوە، پێموایە هیچ رەبتێکی بەو مەسەلە ئاینی و دینی و ئەوەوە نیە، (بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان) ئەوە لە جی خۆی (بە ناوی گەلی کوردستان) ئەوە بۆ نوێنەرایەتی کردنە، وازحە کە تۆ بە ناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکە ئەنجام دەدەی، ئەوە لە ناو ئەو وشەیەی کە دەڵی (بە ناوی گەلی کوردستانەوە) نوێنەرایەتی و هەموو ئەو مەعنایانەی تێدایە کە ئێمە باسی دەکەین، بۆیە لەوە جوانتر هەر نابی و تکا دەکەم ئەو خوێدنەوە عەقائیدیە بۆ ئەو مەسەلەیە نەکەن، هیچ هێنانە ئاستی یەکی تێدا نیە لەوەی کە گەلی کوردستان بهێنیتە ئاستی خودا، ئەو خوێندنەوە زۆر خوێندنەوەیەکی پێموایە لە جێی خۆیدا نابێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز ئومێد حەمە علی، بەڕێز د.پەری، فەرموو.

**بەڕێز پەری صالح حمید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم ناخۆشە لە ئەخیر بم چونکە قسەکانم هەموو دەکرێن، (سەرۆك، لەگەڵ ئاماژەدان بە ژمارە و رێککەوتی دانیشتن و وەرزی یاسادانان و خولی گرێدان، بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان بە ناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنی پەرلەمان دەکاتەوە)، ئەوە زۆر ئاسایی یە بە ناوی گەلی کوردستانەوە، ئەوە زۆر زۆر لە یەك جیایە ئەو دوو مەسەلە، حەزمان لێیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د.پەری، ئەوەی کە لە کۆتایی قسە بکەی، گوتم هەموویان پوختە دەکەی، تێبینیەکان هەموویان وردتر باس دەکەی، ئەگینا مافی بەڕێزتانە، بەڕێزان داوا لە لیژنەی کاتی دەکەین روونکردنەوەی پێویست لەم بارەوە بدات، فەرموو.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشێکی تێبینییەکان صیاغە بوون، داڕشتنەوە بوون، حەتمەن ئەوانە هەمووی ڕەچاو دەکەین، جارێکی تر ماددەکە صیاغە دەکەینەوە ئەو پاش و پێشەی باس کرا لە جێگای خۆیدا بوو، پاش و پێشی دەکەین، ئەو رێککەوت و ئەوانە چاك دەکەین، سەبارەت بە مەسەلەی بە خوای بەخشندە و میهرەبان و دواتر بە ناوی گەلی کوردستان، ئەوە تەبعەن شتێکی متەبەعە لە پەیڕەو یان لە پەرلەماناتی هەموو عالەم دوای ناوی خوا (بإسم الشعب) هەیە، یەعنی ئەوە نیە ئێمە لێرە دامانهێنابێت، حەتا لە پەرلەماناتی ئەو ولآتانەی کە ئیسلامینە بەو شێوەیە، بەلآم لەبەر ئەوەی سی ئەندام زیاتر پشتگیری کردووە لە حەفتەی داهاتوو کە هاتینەوە ئەو بابەتە بە دەنگدان یەکلایی دەکەینەوە.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د.فرست، کە روونکردنەوەی پێویستی لەو بارەیەوە پێشکەش بە دانیشتنەکە کرد، بەڕێزان گفتوگۆ لەسەر ماددەی (54) کۆتایی هات، ماددەی (55)، فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (55)

یەکەم/ دوای کردنەوەی دانیشتنەکە ناوی ئامادەنەبووانی دانیشتنی پێشوو مۆڵەتدراوبن یان بی پاساو ئامادەنەبوبن دەخوێندرێتەوە.

دووەم/ پوختەی کۆنووسی دانیشتنی پێشوو بە مەبەستی راستاندنی دەخرێتەڕوو دوای ئەوە راستکردنەوانەی کە بە بڕیاری راستەخۆی دەستەی سەرۆکایەتی یان لەسەر داوای ئەندامان تێیدا ئەنجام دەدرێت.

سێیەم/ پوختەی کۆنووسەکە ئەمانە لەخۆدەگرێت:

1-ناوی ئامادەنەبووان بەمۆڵەت بووبی یان بە بی مۆڵەت.

2-ناوی هەر وەزیرێك کە لە دانیشتنەکەدا نوێنەرایەتی حکومەتی کردبێت.

3-ئەو بابەتە سەرەکییانەی کە لە دانیشتنەکەدا تاوتوی کراون.

4-ئاماژەدان بە هەر یاسا و بڕیارێك کە لە دانیشتنی پێشوودا لەلایەن پەرلەمانەوە دەرچوویێت.

چوارەم/ دەستەی سەرۆکایەتی لە راستاندنی پوختەی کۆنووسەکەدا شوێنی پەرلەمان دەگرێتەوە ئەگەر لەبەر کۆتایی هاتنی خولی پەرلەمان دانیشتن ئەنجام نەدرا.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سۆران عمر، بەڕێزان دەست بە گفتوگۆ دەکەین لەسەر ماددەی (55)، فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد شکرالله (بێگەرد تاڵەبانی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بەڕێزانەی کە داوایان کردووە لەم ماددەیە گفتوگۆ بکەن: قادر رزگەیی، تحسین إسماعیل، حیات مجید، علی عپمان، عباس غزالی، ناظم کبیر، بێستوون فائق، پەروا علی، د.پەری، عمر عینایەت، عمر کۆچەر، حاجی کاروان.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، بەڕێزان دەست بە گفتوگۆ دەکەین لەسەر ماددەی (55)، بەڕێز قادر رەزگەیی، فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول (قادر رزگەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەکەم ئەم (بێ پاساو) بکری بە (بێ مۆڵەت)، ئەوەی دووەم ئەگەر بکری وا دابڕێژرێتەوە کە گفتوگۆی لی نەکەوێتەوە، هەرچەندە مەبەستەکەش هەر ئەوەیە، سێیەم خاڵی دووەم (ناوی هەر وەزیرێك کە لە دانیشتنەکەدا نوێنەرایەتی حکومەتی کردبێت) هەموو وەزیرێك نوێنەرایەتی کابینەکە یان حکومەتەکە ناکات ئەگەر ڕانەسپێردرابێ بۆ نوێنەرایەتی کردن، رەنگ بێ وەزیر لێرە ئامادە بێ تەنها نوێنەرایەتی وەزارەتەکەی خۆی دەکات، بۆیە وا دابڕێژرێتەوە (ناوی هەر وەزیرێك کە لە دانیشتنەکەدا ئامادە بووبێ، سەبارەت بە خاڵی (3) (ئەو بابەتە سەرەکییانەی کە لە دانیشتنەکەدا تاوتوی کراون) ببێتە (ئەو بابەتە سەرەکییانەی کە لە دانیشتنەکەدا گفتوگۆیان لەبارەوە کراوە)، چوارەم/ ئاماژەدان بە هەر پرۆژە یاسا و بڕیارێك کە لە دانیشتنی پێشوو لەلایەن پەرلەمانەوە پەسند کرابێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز قادر رزگەیی، بەڕێز تحسین إسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز تحسین إسماعیل أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان تێبینی کاك قادرم هەیە لەو شوێنەی دەڵی مۆڵەتدراو بن یان بێ پاساو، ناگونجی (مۆڵەتدراو) یان (بی مۆڵەت ئامادەنەبووبن) ئینجا یەك شت زیاد بکری (لەلایەن سکرتێری پەرلەمانەوە دەخوێندرێتەوە)، یەعنی وای لێ دەکری (دوای کردنەوەی دانیشتنەکە ناوی ئامادەنەبووانی دانیشتنی پێشوو مۆڵەتدراوبن یان بێ مۆڵەت ئامادەنەبووبن لەلایەن سکرتێری پەرلەمانەوە دەخوێندرێتەوە)، لە خاڵی دووەم وشەی ڕاستاندن لە زۆر شوێن هاتووە کە من تێیناگەم (ڕاستاندن) یەعنی چی بە حەقەت؟ (راستاندن) نیە (راستکردنەوە) هەیە بەلآم راستاندن لە کوردی نیە من نەمبیستووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز تحسین إسماعیل، بەڕێز د.پەری، فەرموو.

**بەڕێز پەری صالح حمید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (55) یەکەم/ دوای کردنەوەی دانیشتنەکە، ناوی ئامانەبووانی دانیشتنی پێشوو، مۆڵەتدراو بن یان بێ مۆڵەت یان ئامادەنەبوون، ئەوە وای رێك بخەن ئەگەر پەخشەکە ڕاستەوخۆ نەبێ، دەنا ئامادەنەبوو خۆش نیە بخوێندرێتەوە، لەلایەن سکرتێری پەرلەمانەوە (دەخوێنرێتەوە) ئەو (د) زیادە لە (دەخوێندرێتەوە) لەگەڵ زمانیستاندارد یەکتری ناگرێتەوە، دووەم/ پوختەی کۆنووسی دانشتنی پێشوو بە مەبەستی (پشتڕاستکردنەوە) یەعنی (تصدیق) دەخرێتەڕوو دوای ئەو ڕاستکردنەوانەی کە بە بڕیاری راستەخۆی دەستەی سەرۆکایەتی یان لەسەر داوای ئەندامان تێیدا ئەنجام دەدرێت، لە خاڵی سێیەم (3) ئەو بابەتە سەرەکییانەی لە دانیشتنەکەدا تاوتوی کراون (سەرەکییانە) دوو (ی)، چوارەم/

ئاماژەدان بە هەر یاسا و بڕیارێك كە لە دانیشتنی پێشوودا، لەلایەن پەرلەمانەوە پەسند كرابێ، پشتیوانی قسەكەی كاك قادر دەكەم، چوارەم/ دەستەی سەرۆكایەتی لە پشتڕاستكردنەوەی پوختەی كۆنووسەكەدا، شوێنی پەرلەمان دەگرێتەوە ئەگەر لەبەر كۆتایی هاتنی خولی پەرلەمان، دانیشتن نەكرا، ئەو (ئەنجام درا)یە دەستی بەسەر زمانی كوردیدا گرتووە (نەكرا)یەكە راسترە بی زەحمەت، سوپاس

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د.پەری بەڕێز حیات مجید، فەرموو.

**بەڕێز حیات مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە فەقەرەی دووەم دا پوختەی كۆنووسی دانیشتنی پێشوو بە مەبەستی راستاندنی دەخرێتەڕوو، ئەو (بە مەبەستی راستاندنە) هەر لابرێت (دەخرێتەڕوو) وابزانم ئەوە كیفایەتە، بۆ بابەتەكانی تریش پشتیوانی لە قسەكانی مامۆستا قادر رزگەیی و مامۆستا تحسین دۆڵەمەڕی دەكەم.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز حیات مجید، بەڕێز پەروا علی، فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی حەمە محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە خاڵی یەكەم دا (دوای كردنەوەی دانیشتنەكە ناوی ئامادەنەبووانی دانیشتنی پێشوو مۆڵەتدراو یان بە بی پاساو ئامادە نەبوون دەخوێندرێتەوە) بە بڕوای من ئەم ماددەیە نەمێنێ، ئەم بڕگەیە نەمێنێت، واتا پێویست ناكات ناو بخوێندرێتەوە، ئەگەر بۆ ئەوەی كە بۆ زانیاری زیاتر بی یان بۆ ئەوەی كە لە پرۆتۆكۆل بمێنێتەوە دەكری بە ژمارە، تەنها بە ژمارە بووترێ، یان بخرێتە سایتەكەوە، یەعنی ئەو ناو خوێندنەوەیە لەگەڵ رێزم دا پی دەچێت وەك پۆلی خوێندن وابێت، ئەندام پەرلەمان خۆی دەبی مولتەزیم بێ، ئەو ئیجبار كردنەش هەندی جار یەعنی ئیلتیزام ناكا بەوەوە، لەو كاتە كە ئەگەر ئەوەی تێدا نەبێت، لە بەشی سێیەم دا خاڵی یەكەمیش لادەبرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز پەروا علی، بەڕێز عمر كۆچەر، فەرموو.

**بەڕێز عمر صالح عمر (عمر كۆچەر):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز داخازی دكەم نازانم كا لڤی ماددەی یان ئیكا دی غیاباتێت لیژناژی ئاماژە بێتە كرن، ئەوە ژی گەلەك گرنگی دەداتە ئەندام پەرلەمان لیژنەدا حازر ببن، سوپاس بۆ ئێوە.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز عمر كۆچەر، بەڕێز ئاری عبداللطیف، فەرموو.

**بەڕێز ئاری عبداللطیف مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

راستی ماددەی (55) پێویستە بكری بە سی خاڵ، یەعنی خاڵی یەكەم زۆر گرنگ نیە، چونكە تۆ لە خاڵی سێیەمدا ئاماژەت پێداوە لە پووختەی كۆنووسەكە كە ئەمانە لە خۆ دەگرێ، لەسەرەتاوە ئاماژە بەوە دەدەی دەڵی دوای كردنەوەی دانیشتنەكە ناوی ئامادەنەبووانی دانیشتنی پێشوو مۆڵەت یان بی مۆڵەت دەخوێنرێتەوە، بەڵام لە پووختەی كۆنووسەكەدا بە هەمان شێوە هەمان شت ناوی هاتۆتەوە، یەعنی بڕگەی یەكەم لە ماددەكە زیادە،

ئەگەر بمێنێتەوە مۆڵەتدراو بن یان بێ پاساو ئەوە هەڵەیە (مۆڵەتدراو بن یان بێ مۆڵەت) لە کەوانەیەك دا دەخوێنرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز ئاری عبداللطيف، بەڕێز علی عثمان، فەرموو.

**بەڕێز علی عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددا (55) بڕگا (2) ئاماژە دایە بە راستاندن و پەسەند کردنا کۆنووسی پێشوو، باشترە ئەوە لە دەستا سەرۆکایەتیا پەرلەمانی بمینیت کو پەرلەمانی عیراقی دا هاتی ئەگەر ما ژی باشتر ئەوەیە خالآ (4) بڕگا (3) ماددەی (55) بێتە لادان تاکو پەسەند کردنا کۆنووسی نەبیتە ئەگەرا دووبارە پێداچوونی بە یاسا و بڕیاری کۆبوونەوەی پێشووی هاتینە پەسەندکرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز علی عثمان، بەڕێز عمر عینایەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەکەی پەروا خان دەکەم، ئەندامی پەرلەمان ئەندامێکە خۆی بەرپرسیارێتی دەکا، ئەگەر بکرێت ئەو خوێندنەوەی ناوی نەهاتوو نەخوێنرێتەوە، بەلآم چ ئیجرائاتێکی پەیڕەوی لەگەڵ دا دەکری بکرێت، بەلآم ئەگەر هەر لەسەر ئەوەن کە بخوێنرێتەوە پشتگیری قسەکەی کاك ئاری عبداللطيف دەکەم کە دەڵی لە بڕگەی یەکەم دا هاتووە ناوی بخوێنرێتەوە و هاتوو و نەهاتوو، هەروەها لە سێیەمیش لە بڕگەی یەکەم دا دیسان هاتووە، کەواتە دوو جار ئەوە باس کراوە، ئەگەر برادەرانی لیژنە هەر سوورن لەسەر ئەوەی باسی غیاب بکرێت تەنها ناوی نەهاتووەکان بخوێنرێتەوە، ئەوەی کە جەنابی کاك تحسین گوتی (راستاندن) بکری بە (پەسەندکردن) ئەوەش زۆر گرنگە، لە سێهەم بڕگەی (2) ناوی هەر وەزیرێك لەوانەیە سەرۆك وەزیران بێت، لەوانەیە جێگرەکەی بێت، لەبەر ئەوە باشترە بڵێن ناوی هەر نوێنەرێکی حکومەت کە لە دانیشتنەکەدا ئامادەبوو ئاماژەی پی بکرێت، لەوانەیە هەر وەزیر نەبێت سەرۆك وەزیران بێت، زۆر سوپاس بۆ بەڕێزتان.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز عمر عینایەت، ئەگەر قسەکانی خۆتان چڕ بکەنەوە، دواتر پشوویێك وەردەگرین، بەڕێز حاجی کاروان، فەرموو.

**بەڕێز کنعان نجم الدين أحمد (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان رای پەروا خان و کاك عمرم هەبوو، بەراستی ئەم مەسەلەی ناو خوێندنەوەیە هیچ جەدوایەکی نیە، نە قازانجی بۆ پەرلەمانتار هەیە، نە لە غیابات کەم دەکاتەوە، تەنها تۆزێك بە رەئی من شەئنی پەرلەمانتار کەم دەکاتەوە و خۆشیش نیە، بەدیلی ئەوە دوایی ئەگەر لیژنەی ئامادەکاری ئەم پەیڕەوە ئەوان شتێك بدۆزنەوە بەدیلی ئەم بابەتە ئامادەبوو یان ئامادەنەبوو بەلآم لە ناو هۆڵ نەبێ، ئەوە باشترە، لەبەر ئەوە من تەمەنا دەکەم ئەو بڕگەیە نەمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنيكى/ جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز حاجى كاروان، بەڕێز عباس غزالى، فەرموو.

**بەڕێز عباس غزالى ميرخان:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

من واى دەبينم خاڵى يەكەم و سێيەم شتێكى زيادە، چونكە كۆنووس بە خۆى باسى چ دەكات؟ باسى دانيشتنەكە دەكات لەو جەلسەيە چ كراوە لە غياباتە لە هەر شتێك بى لەوى دەنووسرێ، پێشنيار دەكەم خاڵى يەكەم و سێيەم نەمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنيكى/ جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز عباس غزالى، بەڕێز بێستوون فائق، فەرموو.

**بەڕێز بێستوون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

لەگەڵ پشتيوانيم بۆ مانەوەى خوێندنەوەى غيابات، من پێشنيار دەكەم لە پێگەى فەرمى پەرلەمانى كوردستانيش بلآو بكرێتەوە، لە ماوەكانى رابردوو رێكخراو و ئەوانە هاتبوون موتابەعەى وەزعى پەرلەمانى كوردستانيان دەكرد يەكێك لە تێبينييەكان دەيانووت زۆربەى ولآتانى دونيا ناوى هاتوو يان نەهاتوو لە (CV) لە شوێنى ناونيشانى ئەندامى پەرلەمان دا هەيە لە پێگەكەيان دا، بەلآم لە پەرلەمانى كوردستان دا نيە، بۆيە من پێشنيار دەكەم لە مەوقيعەكەشيان بلآوبكرێتەوە، چونكە لە نەتيجەدا خۆ دەبى خەڵكى كوردستان دەنگدەرەكە لە كوێوە موتابەعەى نوێنەرەكەى خۆى بكات وجودى هەيە يان نيە، پێشنيارى تريشم بۆ بەڕێزان لە سەرۆك و ئەندامانى ليژنەى پەيڕەو ديسان لەسەر ژمارەى زۆرى ماددەكانە، ماددەى (54) و (55) هەر يەك شتن، بۆ (54) بە ماددەيەكى جيا دانراوە، ديقەت بدە ماددەى (54) سەرۆك (لەگەڵ ئاماژەدان بە..) دانيشتنەكە دەكاتەوە، ماددەى (55) فەقەرەى يەكەمى دەڵى (دواى كردنەوەى دانيشتنەكە) واتا ماددەى (54) دەڵى (لەگەڵ كردنەوەى دانيشتنەكە) ماددەى (55) دەڵى (دواى كردنەوەى دانيشتنەكە) يەعنى هەر يەك شتە بيكەن بە بڕگەيەك لەوێ، بۆيە هيوادارم من بووە بە عوقدەم زۆرى ژمارەى ئەو ماددانە، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنيكى/ جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز بێستوون فائق، بەڕێز ناظم كبير، فەرموو.

**بەڕێز ناظم كبير محمد:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

پشتگيرى قسەكانى كاك بێستوون دەكەم دەربارەى ئەوەى كە ماددەى (54) و (55) لە يەك ماددە جێگايان بكرێتەوە، چونكە پەيوەستە بە كردنەوەى دانيشتنەكە، ئەوەى كە پشتگيرى قسەكەى كاك تحسين دەكەم دەخوێندرێتەوە لەلاى كێ؟ لەلاى سكرتێرى پەرلەمان ئيشارەت پى بدرێت، ئەوەى تر كە كاك قادر گووتى نوێنەرايەتى حكومەت دەكات وەزير، بەشكەم نوێنەرايەتى حكومەت نەكات، ئەگەر ئەوەش راست بكرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنيكى/ جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز ناظم كبير، ئێستا دەرفەت بە لیژنەی پەیڕەو دەدەین بەڕێزان فەرموون ئەگەر تێبینییەكتان هەیە یان وەلآمێك، فەرموو.

**بەڕێز فرست صۆفى على:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو تێبینیانەی پەیوەندیان بە صیاغەوە هەبوو ئێمە جارێكی تر تەئكید دەكەینەوە دڵنیابن رەچاوی دەكەین، سەبارەت بە دەمجی (54) و (55) ئێمە لەگەڵیدا‌ین، پێموایە پێشنیارێكی زۆر باشە، سەبارەت بە ئاماژەدان بەوەی كە سكرتێر دەیخوێنێتەوە ئێمە پێشتر لە بەشی سێیەم پێمـوایە ئاماژە بەوە دراوە كە ئەركەكانی سكرتێر چیە، یەك لەوانە بەرنامەی كار دەخوێنێتەوە، بۆیە ئیجاب ناكات لێرە جارێكی تر باسی لێوە بكەینەوە، سەبارەت بەوەی كە ئایا ناو بخوێندرێتەوە یان نەخوێندرێتەوە تەبعەن ئێمە وەكو لیژنەی كاتی جارێكی تەئكید دەكەینەوە ئێمە لەگەڵین ناوەكان بخوێندرێنەوە، تەنانەت پشتگیری كاك عمر كۆچەریش دەكەین كە ناوی ئەندامانی لیژنەكانیش كە غیاب دەبن بخوێندرێتەوە، بەڵآم لەبەر ئەوەی سی ئەندام زیاتر پشتگیری كردووە ئەو مەسەلەیە لە حەفتەی داهاتوو كە خرایە دەنگدان دەیخەینە دەنگدان، ئایا ناوی ئامادەنەبووان بخوێندرێتەوە یان نەخوێندرێتەوە، بەڵآم مەسەلەیەكی پەیڕەوی یە، تەنها لە كوردستان نیە لە هەموو شوێنەكان ناوی ئامادەنەبووان لە پەرلەمان دەخوێندرێتەوە.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د.فرست بۆ ئەو روونكردنەوەیە، بەڕێزان پشووەك وەردەگرین، سەعات (3) دەگەڕێینەوە ئێرە بەردەوام دەبین بەڵایەنی كەم دوو سەعاتێكی تر، فەرموون دانیشتنەكە هەڵدەگرین، سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان.

بەناوی گەلی كوردستان لە دانیشتنەكەمان بەردەوام دەبین، داوا لە لیژنەی كاتی دەكەین فەرموون بۆ شوێنی تایبەت بەلیژنەكان، پێش ئەوەی دەرفەت بە لیژنەكە بدەین دەمانەوی بەناوی ئێوە و ناوی ئێمە بەخێرهاتنێكی گەرمی مامۆستای ئێمە، بەڕێز گارق جامباز بكەین، كە شایستەی هەموو ڕێز و سوپاس و پێزانینێكە، خزمەتی زۆری پەرلەمانی كردووە، بەتایبەتی لەبواری یاسایی، دەست و پەنجەی خۆی و هاوڕێكانی دیارن، بۆ ئەوەی خزمەت بە پەرلەمان بكەن، بە پرۆسەی یاسادانان لە پەرلەمانی كوردستان بكەن، بەخێربێی مامۆستا، ئێستا دەرفەت بە لیژنەی پەیڕەو دەدەین بەردەوام بن، ماددەی (56) فەرموون.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

چوارەم/ ئامادەبوون لە دانیشتنەكانی پەرلەمان ماددەی (56):

یەكەم/

1-سەرۆك وەزیران و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر داوای خۆیان دەتوانن ئامادەی دانیشتنەكانی پەرلەمان بن و لە گفتوگۆكانی دا بەشداری بكەن بەبی ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت.

2-ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران دەتوانن فەرمانبەرانی وەزارەتەكانیان بهێنن بۆ دانیشتنەكانی پەرلەمان بە مەبەستی راوێژ پێكردن و پشت پی بەستنیان بە مۆڵەتی سەرۆك بی ئەوەی مافی قسەكردنیان هەبێ.

دووەم/

1-هاولآتیان و میدیاكاران دەتوانن بە وەرگرتنی رەزامەندی دەستەی سەرۆكایەتی لە دانیشتنەكانی پەرلەمان ئامادەبن.

2-ژمارەی ئەو کەسانەی کە ئامادەی دانیشتنی کراوە دەبن نابێت لە ژمارەی ئەو کورسیانە تێپەڕ بکات کە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە بۆ مێوان تەرخان کراوە.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سۆران عمر، بەڕێزان دەست بە گفتوگۆ دەکەین لەسەر ماددەی (56)، ناو دەنووسین.

**بەڕێز بێگەرد دلْشاد شکراللە:**

ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوی لەو ماددەیە گفتوگۆ بکەن: بهزاد دەروێش، صالح فەقێ، مصطفی سەکری، د.پەری، عمر عینایەت، أیوب عبداللە إسماعیل، ناظم کبیر، علی عثمان، پەروا علی.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، بەڕێزان پێش ئەوەی دەست بە گفتوگۆ بکەین داوا لە ئێوەی بەڕێز دەکەم بۆ ئەوەی سوود لە کات ببینین ئەو تێبینییەی کە لە رووی زمانەوانییەوە هەمیشە دووبارە دەبنەوە، ئەگەر بە نووسین ئاراستەی لیژنەکە بکەن سوودی زیاتر دەبێت، دەست بە گفتوگۆ دەکەین، بەڕێز بهزاد دەرویش، فەرموو.

**بەڕێز بهزاد دەرویش دەرویش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددا (56) دووەم خالێ (1)، بەحسی د هەندی دکەت هاوولآتیان و میدیاکاران دیارە کە دبێژی هاوولآتیان هەموو تیژی دی ڤەت گریت، بەس بۆ گرنگی میدیاکاران من پی باشە بلێین (هاولآتیان و میدیاکاران و رۆژنامەنووسان و یاساناسان)، چونکی یاساناس گەلەك جار پێویستە خاصەتەن بۆ هەندێك ئەوە بۆ گرنگییە تەبعەن نە خۆ دەتوانیت هەر گاهەك بیت ناو هۆلی پەرلەمان، خالی دووەم من پی باشە خالێ (3) زێدە بکرێت ببێت (هەر شاندەکی دەرەوەی هەرێم کە بیەوێت ئامادەبیت لە هۆلی پەرلەمان پاش رەزامەندی سەرۆکایەتی پەرلەمان)، ئەوەش لە ناوی بی باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز بهزاد دەرویش، بەڕێز صالح فەقێ، فەرموو.

**بەڕێز صالح فەقی محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (56) یەکەم ئەوەی جێگری سەرۆکی بۆ زیاد بکرێت لە خالی یەکەمدا، لەوەی هاولآتیان و میدیاکاران و لایەنی پەیوەندیداریشی تیا بکری بۆ نمونە وەکو سەفارەتەکان و وەکو هەر شتێك کە بەتایبەت بی بۆ ئەو یاسایە و تایبەتمەندیەکانی خۆیان تیایدا ئامادەبن، ئەوەی بۆ مێوانان تەرخان کراوە واتا تەنها بەس ئەو کورسیانەیە کە ئێستا هەیە، حەقە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە تەرخان لەجیاتی (کراوە) ببێتە (دەکرێت) واتا (تەرخان دەکرێت) کاتێك پێویستی (10) کورسی کرد بۆ ئەوەی بە نمونە (10) کورسی تر بێتە ژوورەوە، ئەو (کراوە)یە بکرێتە (دەکرێت)، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز  صالح فەقێ، بەڕێز علی عثمان، فەرموو.

**بەڕێز علی عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (56) خالآ (1) پێشنیار دکەم بڕگا (3) لی بێتە زێدەکرن، ڤی رەنگە لە خاری دیارکری ئەگەر وەزیر نەشی ئامادەبیت گۆڕەی پی دڤیت بیت بریکاری وەزارەتی یان رێڤەبەری گشتیا دیوانا ئامادەبیت بە ئاگاداری و رەزامەندیا ئەنجومەنی وەزیران ژ بۆ روونکردن و هەلویستی وەزارەتی و دانا زانیاریا، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز علی عثمان، بەڕێز د.پەری، فەرموو.
**بەڕێز پەری صالح حمید:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەرۆك وەزیران و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر داوای خۆیان دەتوانن ئامادەی دانیشتنەکانی پەرلەمان بن و لە گفتوگۆکانی دا بەشداری بکەن بە بێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت، گۆڕینەکەم دوایی دەینێرم، خاڵی دووەمیش بەشداری بکەم؟
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
هەر ماددەی (56) بەڵی دووەمیش بکە، فەرموو.
**بەڕێز پەری صالح حمید:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
دووەم/ ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران دەتوانن فەرمانبەرانی وەزارەتەکانیان بهێنن بۆ دانیشتنەکانی پەرلەمان بەمەبەستی راوێژپێکردن و پشت پی بەستنیان بە مۆڵەتی سەرۆك، ئەو سەرۆکە شتێکی بۆ زیاد بکری باشە، یەعنی دیار نیە سەرۆك وەزیرانە یان سەرۆکی پەرلەمانە، دووەم/ ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران بە مۆڵەتی سەرۆك دەتوانن فەرمانبەرانی وەزارەتەکانیان بۆ دانیشتنەکانی پەرلەمان بهێنن بە مەبەستی راوێژپێکردن و پشت پی بەستنیان بی ئەوەی مافی قسەکردنیان هەبێت.
دووەم/ هاولآتیان و میدیاکاران بە وەرگرتنی رەزامەندی سەرۆکایەتی دەتوانن لە دانیشتنەکانی پەرلەمان ئامادەبن، 2/ نابێت ژمارەی ئەو کەسانەی کە ئامادەی دانیشتنی کراوە دەبن لە ژمارەی ئەو کورسییانە تێپەر بکات کە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە بۆ میوان تەرخان کراون، ئەوەیان (کورسی) کۆیە، (کراونیش) دەبی کۆ بێ، سوپاس، ئێستا دەشینێرم.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز د.پەری، بەڕێز پەروا علی، فەرموو.
**بەڕێز پەروا علی حمه محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
خاڵی یەکەم بڕگەی (2) ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران دەتوانن فەرمانبەرانی وەزارەتەکانیان بێنن بۆ دانیشتنەکان لەوێوە بە مەبەستی راوێژپی کردن و پشت بەستنیان بە مۆڵەتی سەرۆك، لێرە سەرۆك دیاری کراوە، لە دووەم خاڵی (1)ی کە دەڵی هاولآتیان و میدیاکاران، ئەوە وەکو خۆی بمێنێتەوە بە بڕوای من، چونکە بە گشتی میدیاکاران زیاتر وجودیان هەیە، ئەوانی تریش هەر پۆستێك بی هاولآتییە ئیتر پۆستەکەی گرنگ نیە لە جیاوازییەکەی چی دەبێ، دەتوانن بە وەرگرتنی رەزامەندی دەستەی سەرۆکایەتی، دەستەی سەرۆکایەتی زۆرە ئەگەر بکری دیاری بکرێ، یان بەڕێز سەرۆك یان سکرتێر یان جێگر، بەلآم چۆن لە خاڵی دووەمی ماددەی یەکەمدا بەشی یەکەم دا گوتراوە سەرۆك باشترە ئەگەر سەرۆك بی ئەوەش، ئەگینا ئەوە دەبی دەستەی سەرۆکایەتی سی کەس رەزامەندی بدات ئینجا میدیاکاران بتوانن بێن، ئەوە ئەگەر دیاری بکرێ، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز پەروا علی، بەڕێز مصطفی سەکری، فەرموو.
**بەڕێز مصطفی أحمد حمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینییەکەی منیش هەر لەسەر خاڵی دووەم بوو لە دێڕی دووەم کە دەڵی دەبی بە مۆڵەتی سەرۆك، پێموابی مەفهومەکەی زۆر وازح نیە لە شوێنی خۆی نیە بە مۆڵەتی سەرۆك، ئەگەر بێتە پێش دەتوانن (ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران بە مۆڵەتی سەرۆك دەتوانن .....تا ئاخیری) مەفهومەکەی باشتر لی وەردەگیرێ.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز مصطفی سەکری، بەڕێز ناظم کبیر، فەرموو.

**بەڕێز ناظم کبیر محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکەی کاك صالح فەقی دەکەم دەربارەی ژمارەی کورسییەکان، بە تەصەوری من دیار نەکرێ، ئەگەر پێویست بوو کورسییەکانیان بۆ بێنن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز ناظم کبیر، بەڕێز عمر عینایەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەکەی پەروا خان دەکەم، من پێمباشە دووەم خاڵی یەکەم میدیاکاران و میوانەکان دەتوانن بە وەرگرتنی ڕەزامەندی دەستەی سەرۆکایەتی یان سەرۆك لەو شوێنەی سەرۆکایەتی بۆیان دیاری دەکات لە دانیشتنەکانی پەرلەمان ئامادە بن، چونکە ناکرێت، ئەوە وا دەردەکەوێت کە لە ناو هۆڵی پەرلەماندایە، دەبی بنووسرێ ئەو شوێنەی دەستەی سەرۆکایەتی بۆیان دیاری دەکات، شوێنەکە دیاری کراو بێت، من هەر ئەو دوو سەرنجەم هەیە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز عمر عینایەت، لە کۆتاییدا بۆ موناقەشەی ئەو ماددەیە، بەڕێز أیوب عبدالله إسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز أیوب عبدالله إسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (56) یەکەم بڕگەی دووەم دا دەڵی (ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران دەتوانن فەرمانبەرانی وەزارەتەکانیان بێنن)، پێموابی ئەو فەرمانبەرانەش زۆر مەتاتییە، ئێمە زۆرجار داوای وەزیر دەکەین ئامادە نیە بێتە پەرلەمان، حەق وایە مەرتەبەی ئەو فەرمانبەرەش دیاری بکرێت، راوێژکارە، مودیر عامە، تا ئەو ئاستەی بۆی دیاری بکری کە پێویستی پێیەتی، نەك بە مەفتووحی فەرمانبەر و هەموو فەرمانبەرێك بۆیە هەبی لەگەڵ وەزیرەکەدا بێت بۆ ئێرە، دووەمیان/ پێمباشە یان حەق وایە بڵێین بڕگەی سێیەمیش بۆ ئێرە زیاد بکرێت کە ژمارەی ئامادەبوانی حکومەت لە دانیشتنەکەدا نابێت لە ژمارەی ئەو کورسییانە تێپەڕ بکات کە لە هۆڵەکەدا بۆ میوانان حکومەت تەرخان کراون، یەعنی عەدەدەکە دیاریکراو بێت، وەزارەتێك ستافێکی بیست کەسی لەگەڵ خۆیدا بێنێت جێگای نابێتەوە، حەقە ئەوەش دیاریکراو بێت وەك چۆن بۆ مێوانەکان دیاریکراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز أیوب عبدالله إسماعیل، دیارە دوو کەسی تر داوایان کردووە قسە بکەن، لەبەر ئەوەی پەیڕەوە دەرفەتیان دەدەینێ، ئەگینا گفتوگۆ تەواو ببوو، بەڕێز ئاری عبداللطیف، فەرموو.

**بەڕێز ئاری عبداللطیف مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (56) خاڵی دووەم پێمباشە (بە مۆڵەتی سەرۆك بێ) بێت سەرەتاوە، زۆر زۆر گرنگە بە (مۆڵەتی سەرۆك) ئینجا (ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران .... تا ئەخیر) مافی قسەکردنیان هەبێت، لە دووەم دا خاڵی یەکەم (هاولاتیان و میدیاکاران دەتوانن بە وەرگرتنی رەزامەندی) نووسراوە (دەستەی سەرۆکایەتی) ئەگەر بکری بووترێت (بە وەرگرتنی رەزامەندی یەکی لە ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی) یان هەر هەر خودی سەرۆك پێموایە تەواوە، بڕگەی دووەم خاڵی دووەم بڕگەیەکی بۆ زیاد بکری هەست دەکەم هەندی جار پەرلەمان دەکری شاندی نێودەوڵەتی و نوێنەری ولآتانە بۆ نمونە وەزیری یەکی لە ولآتە زلهێزەکان دێتە ئێرە زەرووره خاڵێك بۆ ئەوە شوێنی بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز ئاری عبداللطيف، لە کۆتاییدا بەڕێز مريم صمد، فەرموو.

**بەڕێز مريم صمد عبدى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

لە ماددەی (56) لە بڕگەی (1) خاڵی دووەم مەبەستتان لە (بە مۆڵەتی سەرۆك) کە دەڵی (ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران دەتوانن فەرمانبەرانی وەزارەتەکانیان بهێنن بۆ دانیشتنەکانی پەرلەمان بە مەبەستی راوێژپێکردن و پشت پی بەستنیان بە مۆڵەتی سەرۆك، مەبەستتان لە سەرۆکی پەرلەمانە؟ یان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانە؟ سەرۆکی پەرلەمان، بەڵی سوپاس، لە بڕگەی (2) لە خاڵی (1) پشتگیری لەو رايانە دەکەم کە هاولآتییەکان بکری بە چین و توێژەکان یاخود رێکخراوەکانی تێدا ئیزافە بکری رێکخراوەکانی موجتەمەعی مەدەنی، هەروەها پشتگیری لە رايەکەی کاك أیوب دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز مريم صمد، بەڕێزان ئێستا داوا لە لیژنەی پەیڕەو دەکەین ئەگەر روونکردنەوە و وەلآم و تێبینی هەبن، فەرموون.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەکو لە ماددەکانی تریش گوتمان، ئێمە ئەوەی پەیوەستە بە صیاغە دیسان لەو ماددەیە شتی زۆر باش گوترا، هەموو ئەوانەی پەیوەستە بە صیاغە، صیاغەی دەکەینەوە ئینشاللآ، لە هەر شوێنێکیش لەو ماددەیە و لە ماددەکانی دواتریش هات کە دەڵێین سەرۆك یەعنی سەرۆکی پەرلەمان، چونکە ئەگەر سەیر بکەن لە ماددەی (1) کە پەسەندمان کردووە تەعریفی هەندێك موستەڵەحمان کردووە، یەکێك لەوانە سەرۆکە، کە دەڵێین سەرۆك واتا (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان) بۆیە تکایە لە هەر شوێنێك لە ماددەیەکی تر سەرۆك هات مەبەستمان سەرۆکی پەرلەمانە، سەبارەت بە ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران کە باسی ئەوە کرا کە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانیش ئیزافە بکەین، ئێمە پێمانوایە جێگری سەرۆکی ئەنجونەنی وەزیرانیش ئەندامی ئەنجومەنی وەزیرانە بە پێی قانوونی ئەنجومەنی وەزیران، بۆیە پێویست ناکات بلێین سەرۆك و جێگر، چونکە لەوی کە دەڵی سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران مەعنای وایە ئەندامی ئەنجومەنی وەزیرانە، ئەوە گوتمان ئەندامی ئەنجومەنی وەزیران ئەویش دەگرێتەوە، ئەو تێبینیە گرنگە کە دەڵێن لە جیاتی هاولآتیان بکەینە میوان، ئێمە پێمان باشە بیکەینە میوانان، چونکە خەڵکی بێگانەش دەگرێتەوە ئەگەر بیەوی بێتە ئێرە، سەبارەت بەو تێبینییەی باس کرا لەسەر ئەوانەی کە وەزیرەکان لەگەڵ خۆیان دەهێنن،

ئـێمە نـاتوانین پلەکانیـان دیـاری بکەیـن، لەوانەیە کەسـێك هەبێـت لە مەرتەبەی مـودیر قسمێکیش بێت، یـان خـوارتریش بێـت، بەڵام مـوختەص بێت لەو بـوارە، وەزیـر مخەوەلە لەگەڵ خـۆی بیهێنێـت بـۆ ئەوەی راوێـژی پـی بکـات، بـۆیە ئەوەی ئـێمە نووسـیومانە ئـێمە پێمانوایە دەقیقە، هەر ئەوانە بوو.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سـوپاس بـۆ بەڕێـز د.فرسـت سـەرۆکی لیـژنەی کـاتی بـۆ داڕشـتنەوەی پەیڕەوی نـاوخۆی پەرلەمانی کوردستان، بەڕێـزان بە پێـی ئەو میکانیزمەی دەنگدان کە بەڕێزتـان پەسـەندتان کـردووە دەنگدان دەکەوێـتە دانیشـتنێکی تـر، ئێسـتا بـۆ گفتوگـۆ لەسـەر مـاددەی (57) داوا دەکەین ماددەکە بخوێندرێتەوە.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شەشەم/ سیستەمی گفتوگۆکردن لە دانیشتنەکانی پەرلەمان.

ماددەی (57)

1-ئەندام بە مۆڵەتی سەرۆك لەو جێگەیەی دانیشـتووە یـان لەسـەر ئەو سـەکۆیەی بـۆ ئەم مەبەستە ئامادەکراوە ئاخاوتن دەکات.

2- لەگەڵ خستنەڕووی هەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی بەرنامەی کار بـۆ گفتوگـۆکردن سـەرۆك داوا لە سکرتێر دەکات ناوی داواکارانی مۆڵەتی ئاخاوتن تۆماربکات.

3- سەرۆك بەرەچاوکردنی ڕیزبەندی تۆمارکردنیان رێگە بە ئەنـدامان دەدات ئاخـاوتن بـکەن بەنـاوی ئەو ئەنـدامانە دەسـت پـی دەکـات کە پـێش دانیشـتنەکە لـای سـکرتێر ناویـان تۆمـارکردووە بـۆ ئاخـاوتن لەسـەر ئەو بـڕگەیە و هەر ئەنـدامێك بـۆی هەیە ریزبەنـدییەکەی بداتە ئەندامێکی دی.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سۆران عمر، بەڕێزان دەست بەگفتوگۆ دەکەین.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد شکراللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نـاوی ئەو بەڕێـزانەی کە داوای گفتوگـۆیـان کـردووە: ئـاری عبـداللطیف، أبـوبکر هەڵەدنـی، د.پەری، پەروا علـی، عمـر عینـایەت، حـاجی کـاروان، حیـات مجیـد، تحسـین إسـماعیل، علـی عثمان، مردان خدر، صالح فەقێ، مریم صمد، سعید مصـیفی، مصـطفی سـەکری، فرحـان جوهر، أنور قادر.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سـوپاس بـۆ بەڕێـز سکرتێری پەرلەمـان، بەڕێـزان دەسـت بە گفتوگـۆ دەکەیـن، بەڕێـز ئـاری عبداللطیف، فەرمووو.

**بەڕێز ئاری عبداللطیف مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (57) خاڵی یەکەم دەڵی (ئەندام بە مۆڵەتی سەرۆك لەو جێگەیەی دانیشـتووە یـان لەسـەر ئەو سـەکۆیەی بـۆ ئەو مەبەسـتە ئامـادەکراوە) لێـرە پێمباشـە سـەکۆکە بکـری بە دوانـگە، وابـزانم (tribune) یـان مینـبەر دەکـات، (دوانـگە) جـوانترە، (بـۆ ئەم مەبەسـتە) لاببرێت، یەعنی مەبەستت بۆ چ مەبەستێك یەعنی دیار نیە، یان لەسەر ئەو دوانگەیەی بـۆ مەبەسـتی گفتوگـۆ ئامادەکراوە ئاخـاوتن دەکـات، وای لـی بکرێـت، خـاڵی دووەم (سـەرۆك داوا لە سـکرتێر دەکـات) ئەوە لاببرێـت، سـکرتێر نـاوی داواکـاران بـۆ ئاخـاوتن تۆماربکـات، یەعنی هیچ ئیجاب ناکات سەرۆك داوا لە سکرتێر بکـات نـاوی داواکـاران بـۆ مـۆڵەت دیـاری

بكات، ئینجا داواكارانی مۆڵەتی ئاخاوتن ئەوەش لەوێدا هەڵەیە، هەر یەكسەر وای لی بكرێت (سكرتێر ناوی داواكاران بۆ ئاخاوتن تۆمار دەكات)، خاڵی سێیەم (سەرۆك بە رەچاوكردنی ریزبەندی تۆماركردنیان رێگە بە ئەندامان دەدات ئاخاوتن بكەم بەناوی ئەو ئەندامانە دەست پی دەكات كە پێش دانیشتنەكە) یەعنی چی پێش دانیشتنەكە؟ كام دانیشتن؟ دەكری بڵێی كە پێشتر لای سكرتێر ناویان تۆماركراوە، نەكردووە بۆ ئاخاوتن، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز ئاری عبداللطیف، بەڕێز ابوبكر هەڵەدنی، فەرموو.

**بەڕێز أبوبكر عمر عبدالله (أبوبكر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

عینوانی پەرەگرافی شەشەم سیستمی گفتوگۆكردنە لە دانیشتنەكانی پەرلەمان لە زۆربەی شوێنەكانی ئەم مادده و ماددەكانی دواتریش دا هات، وشەی ئاخاوتن زۆر دووبارە كراوەتەوە بۆیە بكرێت بە یەك، یان گفتوگۆكردن بی یان ئەو عینوانە بكرێت بە ئاخاوتن، من پێم باشە ماددەی (57) و (58) لەگەڵ (59) هەرسێكیان بكرێتە یەك مادده، بەلآم بڕگەكان زیاتر بكەین (57 و 58 و 59)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز أبوبكر هەڵەدنی، بەڕێز د.پەری، فەرموو.

**بەڕێز پەری صالح حمید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانم كرا، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د.پەری، دەستخۆش، بەڕێز پەروا علی، فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی حەمە محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەكانی كاك أبوبكر هەڵەدنی دەكەم، لە مانشێتەكە نووسراوە سیستمی گفتوگۆكردن لە دانیشتنەكانی پەرلەمان، بەلآم دواتر لە بڕگەكان دا هاتووە لە خاڵەكان دا ئاخاوتن، كەواتە مادام مانشێتەكە ئەساسە گفتوگۆیە، هەموو ئاخاوتنەكان بكرێتە گفتوگۆ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز پەروا علی، بەڕێز حەیات مجید، فەرموو.

**بەڕێز حەیات مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ خاڵی یەكەم و دووەم پشتگیری لە قسەكانی كاك ئاری عبداللطیف دەكەم، لە خاڵی سێیەمیش دا ئاخیر دێڕی هەر ئەندامێك بۆی هەیە ریزبەندیەكەی بداتە ئەندامێكی دی، بە رەئی من ئەم دێڕە لابرێت و زیادەیە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز حەیات مجید، بەڕێز مریم صمد، فەرموو.

**بەڕێز مریم صمد عبدی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشەكی من پشتگیری لە رایەكەی كاك أبوبكر هەڵەدنی دەكەم كە ماددەی (57 و 58 و 59) بكری بە یەك مادده، لە ماددەی (57) لە بڕگەی (3) بەبڕوای من ئەو ناو تۆماركردنەی رێزبەندیە هەر نەمێنێت و هەڵبگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز مریم صمد، بەڕێز عمر عینایەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سیستەم وشەیەکی ئینگلیزییە، ئەگەر بکرێت بە (شێواز) بە رەئی من باشترە، (شێوازی گفتوگۆکردن)، یان ئەگەر بە ئینگلیزیش بیڵێن پرەنسیپ نزیکترە لە سیستەم، لەبەر ئەوە (شێواز) جوانترە، بە رای من ئەگەر بکری داوا دەکەم لە ئەندامانی پەرلەمان دەنگ بە سێهەم خاڵ نەدەن بەهیچ جۆرێك، لەبەر ئەوەی ئەوە زۆر ناعەدالەتی تێدایە، زۆربەی برادەران ناوی خۆیان تۆماردەکەن لەلای سکرتێر، ئەوە بۆتە مایەی ئەوەی کەوا غەدر لەو کەسانە بکەن و بێخەمیش بن لەوەی کە کەی دێنە ناو قاعەی پەرلەمان و کەی نایێن، من داوا دەکەم خاڵی سێهەم لاببرێ، کی لە ناو قاعەی پەرلەمان ئامادە بوو بە پێی ئەو دەست بەرز کردنەوەی کە لەناو قاعەی پەرلەمان دەست بەرز دەکاتەوە بەو شێوەیە ناوی تۆماربکری لە ناو پەیڕەوە کۆنەکەشدا ئەوەی تێدانیە، بەڵآم بەداخەوە لێرە وا خەریکە تەسبیت دەبێ، سوپاس.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز عمر عینایەت، بەڕێز تحسین إسماعیل، فەرموو.
**بەڕێز تحسین إسماعیل أحمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
من پێموایە ماددەی (57، 58، 59، 60) بکری بە یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم، یەعنی هەمووی یەك ماددەیە، ئینجا لە بڕگەی یەکەم ئاخاوتن دەکات، ئاخاوتن لە کوردی زۆر گونجاو نیە، دەدوێ، ئەوەی کە دەڵی سەرۆك داوا لە سکرتێر دەکات کە من پێموایە وەك خۆی بمێنی چونکە لێرە هەموو ئەندامانی ناو دانیشتنەکە بەڕوخسەتی سەرۆك قسە دەکەن، ئینجا خاڵی سێیەم زۆر رەکیکە، ئەگەر بکری ئەوانەی پێشتر ناوی خۆیان دەنووسن بۆ قسەکردن لابرێ، لەو کاتە بنووسرێ کە جەلسە دەست پی دەکات، نەك پێشتر کەس ناوی خۆی بنووسێ، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز تحسین إسماعیل، بەڕێز صالح فەقێ، فەرموو.
**بەڕێز صالح فەقی محمد أمین:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
من لەگەڵ ئەوەم خاڵی (3) ئەوەی کە پەیوەندی بە ناوتۆمارکردنە لای بەڕێز سکرتێر لابرێت، تیایدا لە دوای ئەوە (بە رەچاوکردنی فراکسیۆنە جیاجیاکان) لەبەر ئەوەی ئەو ناوەی کە ئێوە تۆماری دەکەن هەموو کاتێك دەڵێن بەرەچاوکردنی ئەو فراکسیۆنە، بۆیە ئەوەشی تیادا ئیزافە بکری ئەوەی کە لای سکرتێر تۆمار دەکرێ، ئەوە لابرێت، سوپاس.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز صالح فەقێ، بەڕێز حاجی کاروان، فەرموو.
**بەڕێز کنعان نجم الدین أحمد (حاجی کاروان):**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بەحوکمی ئەوەی من و کاك عمر موعەدەل لە پشتەوەین، بۆیە پشتگیری ئەو برادەرانە دەکەم کە وتیان، ئەوەی ئەو ناونووسینە، یەعنی هەر دەبی بڵێین پشتگیری دەکەین چی بکەین، یەعنی ئەم ریزبەندییە جەنابت موعەدەل لەیەکەمەوە دەست پی دەکەی، یەعنی ئەوەی یەکەم دەبی هەر یەکەم بێ، دوای ئەوەش من و کاك عمر دەبی هەر لە دواوە بین، لەبەر ئەوە ئیتر پێویست ناکات موداخەلەش بکەین، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز حاجی كاروان، بە ئەكیدی ئەو پشتگیرییە لە تێگیشتن دێت، لە گەورەیی ئێوە دێت، یەعنی ئەوە شتێكی كەم نیە كە پشتگیری هاوڕێی خۆت بكەیت، ئەوە تەحصیل حاصلە، جارێك تۆ پشتگیری دەكەی، جارێك ئەو پشتگیری ئێوە دەكات، ئەوەی یەك، دووەم/ ناوەكان كە دەنووسین لێرە بەراستی هەوڵ دەدەم لە فراكسیۆنە جیاوازەكان ناوەكان دەرفەتیان پی بدەم، بەڕێز أنور قادر، فەرموو.
**بەڕێز أنور قادر مصطفى:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
تێبینی منیش هەر لەسەر وشەی گفتوگۆ و ئاخاوتن بوو، یەكێكیان بەكاربێت، نازانم لەسەر كامیان دوایی ساغ دەبێتەوە، بەلآم لەگەڵ ئەوەم وشەی گفتوگۆ بەكار بێت، سوپاس.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز أنور قادر، دەستخۆش، بەڕێز سعید مصیفی، فەرموو.
**بەڕێز سعید محمد سعید (سعید مصیفی):**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**
من پشتیوانی قسەكانی كاك عمر عینایەت و كاك تحسین دۆڵەمەڕی و كاك صالح فەقی دەكەم لەسەر ئەوەی كە خاڵی سێیەم لە ماددەی (57) نەمێنێت، لەبەر ئەوەی كە پێشتر لە خاڵی (2) لەگەڵ خستنەڕووی هەر بڕگەیەك لە بڕگەكانی ئەوەی كە لەسەر داوای سەرۆك لەلایەن سەرۆك ناوەكان تۆماردەكرێن لە دانیشتنەكە، پێویست ناكات لە دەرەوەی دانیشتن ئەو ناوانە تۆماربكرێن.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز سعید مصیفی، بەڕێز علی عثمان، فەرموو.
**بەڕێز علی عثمان علی:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
ماددەی (57) بڕگا (1) تێدا هات كە ئەندام بە مۆلەتی سەرۆك پێشنیار دكەم مۆلەتی سەرۆك ئەندام لەو جێگەش دانیشتووە یان لەسەر ئەو سەكۆیە با مەبەست ئامادە كرا ئاخاوتن بكا، بڕگا (3) سەرۆك بە رەچاوكردنی ڕیزبەندی تۆماركردنیان رێگە بە ئەندامان دەدات ئاخاوتن بكات، ئەوا دی هەموو زیادە پێشنیار دەكەم بەس ئەوەندە بمێنێتەوە، ئەوی دی خڕ زیادە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز علی عثمان، بەڕێز مصطفى سەكری، فەرموو.
**بەڕێز مصطفى أحمد حمد (مصطفى سەكری):**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
تێبینییەكەی من كاك علی باسی كرد، منیش پێشنیار دەكەم هەر ئەوەندە بمێنێت (سەرۆك بە رەچاوكردنی رێزبەندی تۆماركردنیان رێگە بە ئەندامان دەدات ئاخاوتن بكەن) ئەوەی دی پێموایە هەمووی زیادە، سوپاس.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز مصطفى سەكری، بەڕێز مەردان خدر، فەرموو.
**بەڕێز مەردان خدر مصطفى:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش تێبینیم لەسەر بڕگەی سێیەم هەبوو، ئەوەی کە ئەولەویەت دەدرێتە ئەوانەی کە پێش دانیشتنەکە ناوی خۆیان تۆمار دەکەن، پشتگیری دەکەم، چونکە ئەوە بەراستی بی عەدالەتییەکی بی حەددی تێدایە، یەك بە تەلەفۆن ناوی خۆی تۆمار بکات و لە هەموو ماددەکان ئەسبەقیەتی بدرێتی لە پێشی هەمووان قسە بکات، بۆیە منیش پشتگیری دەکەم کە ئەو بڕگەیە لابدرێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز مردان خدر، دیارە ئەوە زیاتر لە یەك کەس داوای کردووە ئەو بڕگە لابىرێت، پێش کۆتایی بەڕێز فرحان جوهر، فەرمووو.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر لەسەر ماددەی (57) بڕگەی سێیەم کە برادەران کاك عمر عینایەت و کاك تحسین و کاك صالح فەقی و کاك مەردان و کاك سعید هەموو داوایان کردووە کە پێشتر ناونووس کردن لای سکرتێر نەمێنێ، منیش هەر پشتگیریان دەکەم، حاجی کاروانیش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز فرحان جوهر، لە کۆتایی بەڕێز ئۆمێد حەمە علی، فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بە پێچەوانەی ئەوەی کە داوا کرا ئەو بڕگەیە نەمێنێ، داواتان لی دەکەم کە هەندێك جیاوازتر تەماشای ئەو بڕگەیە بکەین، لە پەرلەماناتی دونیا ئەوە هەیە، من ئەوەندەی ئاگادارم بەتەواوی لە پەرلەمانی سوید ئەوە هەیە، ئەو ناو تۆمارکردنە، من بۆخۆم تا ئێستا وابزانم پێش پەککەوتنی پەرلەمان جارێك ناوی خۆم تۆمار کردووە، بەڵام ئەوە زۆر حاڵەتێکی باشە و ئیجابی یە، ئەوە دەردەخات کە پەرلەمانتار جدی یە لەسەر ماددە و بڕگەکانی پرۆژە یاسایەك پێشتر خۆی ئامادەی دەکات، بۆیە دەبی ئەو مافەی هەبی کە ناوی خۆی بۆ هەر یەکێك لە ماددە و بڕگەکان تۆمار بکات، تکایە ئێمە هەر یەکێکمان ئازادین لەوەی پێش دانیشتن ناوی خۆمان تۆمار بکەین، بۆیە ئەگەر هاوڕێیەکمان ناوی خۆی تۆمار کرد ئێمەش دەتوانین، ئەوە هیچ ئیشکالیەتێکی تیانیە و بە دڵنیایی هیچ نادادپەروەرییەکی تێدا نیە، چونکە دەرفەتەکە یەکسانە بۆ هەموومان، ئەگەر یەکسان نەبا نادادپەروەری دروست دەبوو، بەڵام مادام دەرفەتی یەکسان بۆ هەموو پەرلەمانتارێك هەیە کە ناوی خۆی تۆماربکات، بۆیە ناکرێت بڵێی نادادپەروەرانەیە، بۆیە من داوا دەکەم ئەوە بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز ئومێد حەمە علی، ئێستا داوا لە بەڕێزان لیژنەی کاتی پەیڕەو دەکەین ئەگەر روونکردنەوە هەیە، وەڵام تێبینییەکیان هەبێت، فەرموون.

**بەڕێز ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

و اللە من لەسەر یەك شت قسە دەکەم مەسەلەی ئاخاوتن و گفتوگۆ، گفتوگۆ دەلالەتێکی جەمعی هەیە، یەعنی لە یەك کەس زیاتر، کە دێنە ناو قاعە چەند کەسێك قسە دەکات ئەوە پێی دەووتری گفتوگۆ، سیستمی گفتوگۆ و شێوازی گفتوگۆیە، ئاخاوتن شتێکی فەردییە، جا (دەدوێت) دادەنێین، (ئاخاوتن) دادەنێین ئاساییە، بەڵام هەرچی گفتوگۆیە دەلالەتی لە یەك دانە زیاتری هەیە، بۆیە کە وتوومانە سیستمی گفتوگۆ یەعنی

هەموومان دەگرێتەوە، ئاخاوتنیش ماددەکان بڕگە بڕگەمان کردۆتەوە بۆ یەك کەسە، بۆ یەك پەرلەمانتار، سوپاس.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز د.ڕێواز بۆ ئەو روونکردنەوە، بەڕێز د.فرست، فەرموو.
**بەڕێز فرست صۆفی علی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە صیاغەیان کردەوە تەئکید ئەوە تەئکید ئەوە دیسان رەچاوی دەکەین، دوو بابەتی تری گرنگ باس کرا زیاتر لە سی کەس پشتگیریان کرد، لە جەلسەی داهاتوو دەیخەینە تەصویت، یەکێکیان مەسەلەی دەمج کردنی ماددەکانی (57 و 58 و 59 (60)یشی هاتە سەر، بزانین پێیدادەچینەوە، بەڵام دەیخەینە دەنگدان ئەوکات، خاڵی دووەمیش/ ئایا پێشتر ناو تۆمار بکرێت یان تۆمار نەکرێت، ئەوەش لەبەر ئەوەی زیاتر لە سی ئەندام پشتگیریان کرد دەیخەینە دەنگدان، ئێمە صیاغەش لەسەر ئەو پێشنیازانەی کە ئەندامانی پەرلەمان کردیان صیاغەی سەر لە نوێی ماددەکە بە تەواوی دەکەینەوە.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز د.فرست بۆ ئەو روونکردنەوەیە، بەڕێزان گفتوکۆ لەسەر ماددەی (57) کۆتایی هات، ماددەی (58)، فەرموون.
**بەڕێز سۆران عمر سعید:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (58)
ئەندام ئاخاوتنەکانی ئاراستەی سەرۆك دەکات و پێویستە پابەند بێت بەو خاڵانەی خوارەوە:
1-لە ماوەیەکدا پەیامەکەی بگەیەنێت کە لە سێ خولەك تێپەڕ نەکات، بێجگە لەو دانیشتنانەی تایبەتە بە گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژە یاسای بودجە و ئەو دانیشتنانەی دەستەی سەرۆکایەتی تایبەتمەندی دەداتێ.
2-نابێت ئاخاوتنەکانی خۆی یان ئاخاوتنەکانی ئەندامەکانی تر دووبارە بکاتەوە.
3-دەبێت ئەندام ئاخاوتنەکانی لەسەر ئەو بابەتە چڕ بکاتەوە کە خراوەتەروو نابێت بگەڕێتەوە سەر بابەتێك کە دەنگی لەسەر دراوە یان گفتوگۆی لەسەر کۆتایی هاتووە.
4-هەر ئەندامێك بۆی هەیە تەنها یەك جار لەسەر هەر بابەتێك ئاخاوتن بکات.
5-ئەندام بۆی نیە لەسەر ئاخاوتنی ئەندامێکی تر قسە بکات یان کۆمێنتی هەبی یان وەڵام بداتەوە.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز سۆران عمر، بەڕێزان دەست بە گفتوگۆ دەکەین لەسەر ماددەی (58)، فەرموو بەڕێز.
**بەڕێز بێگەرد دڵشاد شکراللە (بێگەرد تاڵەبانی):**
ئەو بەڕێزانەی کە داوای گفتوگۆیان کردووە بۆ ئەم ماددەیە: مصطفی سەکری، سعید مەصیفی، حیات مجید، بێستوون فائق، أبوبکر هەڵەدنی، د.پەری، شکریە شێخانی، ئاری عبداللطیف، خلف أحمد.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، بەڕێزان دەست بە گفتوگۆ دەکەین، بەڕێز مصطفی سەکری، فەرموو.
**بەڕێز مصطفی أحمد حمد (مصطفی سەکری):**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له بڕگەی (1) دەڵی (بێجگە لەو دانیشتنانەی تایبەتە) هەر لەوانەیە غەڵەتێکی مەبدەئیش بی بێجگە لەو دانیشتنانەی (تایبەتن)، بۆ ئەوەی هەردووکیان وەکو یەك کۆبن، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز مصطفى سەکری، بەڕێز حەیات مجید، فەرموو.

**بەڕێز حەیات مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له خاڵی (2)دا دەڵێت (نابێت ئاخاوتنەکانی خۆی یان ئاخاوتنەکانی ئەندامانی تر دووبارە بکاتەوە) ئەگەر ئەوەشی بۆ ئیزافە بکرێت (دەتوانێت تەنها پشتگیری بکات)، یەعنی پشتگیری بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز حەیات مجید، بەڕێز بێستوون فائق، فەرموو.

**بەڕێز بێستوون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم ماددەی (58) چوارەم و پێنجەمی لاببرێت، چونکە له ماددەکانی تردا هاتوون، دەتوانرێت له بڕگەی (دووەم)دا ئەوەی (پێنجەم) دابنرێت، نابی ئاخاوتنەکانی خۆی یان ئاخاوتنەکانی ئەندامی تر دووبارە بکاتەوە، له چوارەمیش دا دەڵی (هەر ئەندامێك بۆی هەیە یەکجار قسە بکات) کەواتە هەر ئەوەیە یەعنی دووبارەی نەکاتەوە، ئەوەی (پێنجەم)یشی لەگەڵدا دەمج دەکری وەڵامی قسەی ئەندامی تر نەداتەوە، واتا دەبێتە سی بڕگە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز بێستوون فائق، بەڕێز أبوبکر هەڵەدنی، فەرموو.

**بەڕێز أبوبکر عمر عبدالله (أبوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە پێشنیارم کرد له ماددەی پێشوو ماددەی (58) هەمووی بکرێتە بڕگەیەك ئەگەر دەنگی هێنا، دووەم/ خاڵی (2) و (5) بکرێت بە یەك لەم ماددەیەدا، خاڵی (3) و (4)یش بە هەمان شێوە بکرێتە یەك خاڵ، واتا داوای دەمج کردنی ئەو دوو خاڵە دەکەم بۆ ئەوەی ببی بەسی خاڵ، دووەم و پێنجەم لەگەڵ سێیەم و چوارەم، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز أبوبکر هەڵەدنی، بەڕێز د.پەری، فەرموو.

**بەڕێز پەری صالح حمید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (58) سەرەتا ئەندام قسەکانی ئاخاوتن زۆر بەکار نەهاتووە، گفتوگۆش ئەوەندەی ئێمە گفتوگۆ لەگەڵ خۆمان بە تەنیا دەکەین ئەوەندە لەگەڵ کۆمەڵ نایکەین، له خۆداودندنەکان له فلاش باکەکان، یەعنی ئەوە ئاسایی یە گفتوگۆ، بەلآم بیکەینە قسە باشترە (ئەندام قسەکانی ئاراستەی سەرۆك دەکات و دەبی بەو خالآنە پابەند بێ) ئەوەی دوای رەشبکرێتەوە، ماوەی پەیام گەیاندنەکەی له سی خولەك تێپەڕ نەکات، هەم کورتیش کرایەوە ئەو زیادانەی تێدا نیە، (ماوەی پەیام گەیاندنەکەی سی خولەك تێپەڕ نەکات جگە لەو دانیشتنانەی تایبەتن بە گفتوگۆ کردن دەربارەی پرۆژە یاسای بودجە و ئەو دانیشتنانەی دەستەی سەرۆکایەتی تایبەتمەندیان دەداتێ)، ئەو (لەسەر) لاببەین، چونکە رێك (علی)یەکەی عەرەبی یە زۆرجاری دیکەش ئەو داوایەمان کردووە، دووەم/ نابی قسەکانی خۆی یان ئەندامانی تر دووبارە بکاتەوە، سێیەم/ دەبێت ئەندام قسەکانی لەبارەی ئەو بابەتەوە چڕ بکاتەوە کە خراوەتەروو، نابێت بگەڕێتەوە سەر بابەتێك کە دەنگی لەسەر دراوە یان گفتوگۆ لەبارەیەوە کۆتایی هاتووە، چوارەم/ ئەندام بۆی هەیە تەنها یەکجار

لەسەر هەر بابەتێك قسە بكات، پێنجەم/ ئەندام بۆی نیە، لەبارەی ئاخاوتنی ئەندامێكی تر قسە بكات یان كۆمێنتی هەبێت یان وەلآم بداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د.پەری، بەڕێز سعید مەصیفی، فەرموو.

**بەڕێز سعید محمد سعید (سعید مەصیفی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

پشتیوانی قسەكانی كاك بێستوون فائق دەكەم، ئەگەر خاڵی یەكەمیش لە ماوەكەیدا لە دوو دەقە، ئەوی تریش كە تایبەتە زیاتر، دوو دەقە بەسە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سعید مەصیفی، بەڕێز شكریە شێخانی، فەرموو.

**بەڕێز شكریە سمایل مصطفی (شكریە شێخانی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من سی تێبینیم هەیە، یەكێكیان لەلایەن حەیات خانەوە گوترا، سەبارەت بە خاڵی دووەم (نابی ئاخاوتنەكەی خۆی یان ئاخاوتنەكەی ئەندامێكی تر دووبارە بكاتەوە بۆی هەیە پاڵپشتی بكات یاخود پشتگیری بكات) ئەوە زیاد بكری باشە، چونكە هەمان بۆچوونی هەیە، بەپاڵپشتی یان پشتگیری بكات، سەبارەت بە خاڵی سێیەم وشەی كۆتایی یان گفتوگۆی دەربارەی كەلیمەی (لەسەر) بكرێتە (دەربارەی)، خالی پێنجەم/ یان كۆمێنتی هەبی بكرێت بە یان كۆمێنت بدات پێم باشترە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز شكریە شێخانی، بەڕێز ئاری عبداللطیف، فەرموو.

**بەڕێز ئاری عبداللطیف مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێمباشە ماددەی (58) هەر پێنج خاڵەكەی بكرێتە (2) خاڵ، خاڵی یەكەم وەكو خۆی بمێنێتەوە هیچ ئیشكالی نیە، بەس خاڵی (2،3،4،5) بەم شێوەی لێبێت (نابی گفتوگۆ و ئاخاوتنەكەی دووبارە بێت، بۆی هەیە تەنها یەكجار ئاخاوتن بكات، جگە لە خاڵی پەیڕەو، ئێمە باسی خاڵی پەیڕەومان نەكردووە بەراستی لەسیستمی قسەكردندا، لەوانەیە لەدواتردا هەبی نازانم، نابی گفتوگۆ و ئاخاوتنەكەی دووبارە بێ، بۆی هەیە تەنیا یەكجار ئاخاوتن بكات، جگە لە خاڵی پەیڕەو، بۆی نیە لەسەر ئاخاوتنی ئەندامێكی تر بدوێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز ئاری عبداللطیف، بەڕێز خلف أحمد، فەرموو.

**بەڕێز خلف أحمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (58) لە خاڵی یەكەم (لە ماوەیەكدا پەیامەكەی بگەیەنی كە لە سی خولەك تێپەڕ نەكات بێجگە لەو دانیشتنانەی تایبەتە بە گفتوگۆكردن لەسەر پرۆژە یاسای بودجە) و پێشنیار دەكەم ئەوەی بۆ زیاد بكری (ئەندامانی لیژنەی تایبەتمەند (5) خولەكیان پی بدرێ) واتا پرۆژە یاسایەك تایبەتە بە لیژنەی كشتوكاڵ ئەندامانی لیژنەی كشتوكاڵ بتوانن (5) خولەك قسە بكەن، باقی ئەندامەكانی تر (3) دەقە قسەی لەسەر بكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز خلف أحمد، ئێستا داوا لە بەڕێزان ئەندامانی لیژنە دەکەین لیژنەی کاتی بەڕێز د.فرست، فەرموو.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا لەو بەڕێزانە دەکەین کە صیاغەیان خوێندەوە، هیوادارم بۆمان بنووسن، چونکە دەمجی تێدابوو، صیاغەی تێدابوو، بۆیە هیوادارم بۆمان بنووسن، بۆ ئەوەی لە کۆبوونەوەی لیژنەی کاتی تێبینییەکانتان ڕەچاو بکەین، ئێمە لە صیاغە هیچ مانیعمان نیە لەگەڵتانین، لە دەمجی بڕگەکانیش دەکری دەمجیان بکەین، دەمجی ماددەی باسم کرد ئەوەی مامۆستا أبوبکر باسی کرد بیخەینە دەنگدان لە جەلسەی داهاتوو، سەبارەت بەوەی کاتی زیاتر بدەینە لیژنە تایبەتمەندەکان، تەبعەن لیژنەی تایبەتمەند دێت لێرە لەسەر مەنەصە دادەنیشێ، زۆرترین کاتی پی دەدری بۆ قسەکردن، وەلآم دەداتەوە، بۆیە ئێمە پێمانوایە (3) دەقە (3) دەقە، یەعنی ئەوانی تر کە لیژنەی تایبەتمەندن کشتوکاڵە، شارەوانی یە، دێن لێرە کاتی خۆیان دەبی وەلآم دەدەنەوە، بۆیە ئەندامانی لیژنەی تایبەتمەند وەقتی کافیان هەیە جیاوازە لەوەی کە ئەندامێکی پەرلەمان هەیەتی، سەبارەت بەوەی کە بڕگە (1) باسکرا، ئێمە پێمان باشە ئیزافە بکەین کە پشتگیری هاورێکەی بکات و ئەوەی تریش چاوەڕوانی نووسینەکانتانین بەتایبەتی د.پەری و کاك ئاری بۆمان بنووسن صیاغەکان.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د.فرست سەرۆکی لیژنەی کاتی پێداچوونەوەی پەیڕەو، بەڕێز بەڕێزان دووبارە داواتان لی دەکەین پێشنیارەکانتان بەنووسین بۆ لیژنە بنووسن بەسوپاسەوە، گفتوگۆ لەسەر ماددەی (58) کۆتایی هات، ماددەی (59) داوا لە بەڕێزتان دەکەین بیخوێننەوە.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

ماددەی (59)

تەنها سەرۆك بۆی هەیە رێگە بگری لەبەردەوامبوونی ئەندام لەسەر ئاخاوتنەکەی ئەویش لەیەکێك لەم ئەگەرانەی خوارەوە:

1- بەبی مۆڵەت ئاخاوتنی کرد.

2- لەکاتی ئاخاوتندا وشەی نەشیاو یان تانە و تەشەر بەرامبەر هەر دەزگایەکی دەستووری و یاسایی هەرێم یان ئەندامێك یان فراکسیۆنێکی پەرلەمانی یان هەر کەسێکی دی بەکار هێنا.

3- باسی لە تایبەتمەندییەکانی ئەندامێك یان هەر کەسێکی دی کرد.

4- باسی لە نهێنییەکانی دۆسیەیەك کرد کە لە بەردەم دادگادایە.

5- ماوەی دیاریکراوی ئاخاوتنی کۆتایی هات.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سۆران عمر بۆ خوێندنەوەی ئەم ماددەیە، بەڕێزان دەست بە گفتوگۆ ناونووسین دەکەین لەسەر ماددەی (59).

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد شکراللە (بێگەرد تاڵەبانی):**

ئەم بەڕێزانە داوای گفتوگۆیان کردووە لەم ماددەیەدا: ئاری عبداللطیف، بهزاد دەروێش، مامۆستا مروان، د.پەری، مامۆستا غریب، حیات مجید، علی عثمان، صالح فەقی.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، بەڕێزان دەست بە گفتوگۆ دەکەین، ئەمجارە لەو بەرەوە دەست پی دەکەین، بەڕێز منی قهوجی، فەرموو.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د.فرست سەرۆکی لیژنەی کاتی پێداچوونەوەی پەیڕەو، بەڕێز بەڕێزان دووبارە داواتان لی دەکەین پێشنیارەکانتان بەنووسین بۆ لیژنە بنووسن بەسوپاسەوە، گفتوگۆ لەسەر ماددەی (58) کۆتایی هات، ماددەی (59) داوا لە بەڕێزتان دەکەین بیخوێننەوە.

**بەڕێز منى نبى نادر (منى قهوجى):**

لەراستیدا ماددەی (59) من تەنها تێبینییەکم هەیە، بڵێین (تەنها سەرۆك بۆی هەیە ڕێگە بگرێت لەبەردەوامبوونی ئەندام لەسەر ئاخاوتنەکەی ئەویش لەیەکێك لەو ئەگەرانەی خوارەوە) باشە ئەگەر لەکاتی موناقەشە کردندا لە ناو پەرلەمانی کوردستان لە ناو هۆڵەکەدا تەنها سەرۆك پەرلەمان دەتوانی بۆ وشەی نەشیاو یاخود تایبەتمەندییەکانی پەرلەمان بە کەسایەتییەکەی باسی کرد، بەڵآم ئەگەر لە نێوان دوو ئەندام پەرلەمان دا ئاخاوتن درێژ کرا ئەو کاتە هەر جەنابت بە هەمان شێوە دەسەلآتت هەیە بۆ ئەوەی ئاخاوتنەکەی رابگری؟ سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز منی قهوجی، دیارە ئەوە لە بڕگەی پێنجەم هاتبوو، بەڕێز ئاری عبداللطیف، فەرموو.

**بەڕێز ئاری عبداللطیف مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی دووەم وشەی نەشیاو یان تانە و تەشەر، تەبعەن ئەوە تەشهیرێك بێتەوە، ناوزڕاندنێك بێتەوە، ناوزڕاندنەکەش چوارچێوەی بۆ دانراوە، تەبعەن لێرە مادام چوارچێوەی بۆ دانراوە دوای بەرامبەرەکە دەبی کەوانەیەك بکەیتەوە بەپێی خاڵبەندی، ئەوە سیستەمی خاڵبەندیە و ئەوەشی لە ناو کەوانەکەدایە تەحدید کراوە، زۆر زۆر خەتەرە ئەم حاڵەتە، بەنموونە ئێستا پیرۆزی ئاینی تێدا نیە، ئاینزای تێدا نیە، بابەتی کەسایەتی کاریزمای ئەو ولآتەی تێدا نیە، بۆ نموونە سەرۆك یەعنی ئەگەر جوێنێك درا بە سەرۆکی هەرێم ئێستا لەم کۆبوونەوەیە یەعنی ئەو حاڵەتە یەعنی دەزگایەکی دەستوری یاسایی تێدایە لەگەڵ ئەندام یان فراکسیۆنێکی پەرلەمانی یان هەر کەسێکی تر، بەڵآم باسی بابەتی تری نەکردووە، دەکری لە کۆتایی دوای فراکسیۆنێکی پەرلەمانی یان هەر کەس و بابەتێکی تر، بابەتێکی بۆ زیاد بکری پێموابی حاڵەتەکە حەل دەبێ، چونکە بابەت تەشهیرە لەوێدا، خاڵی چوارەم باسی لە نهێنییەکانی دۆسیەیەك کرد کە لەبەردەم دادگایە، دەکری ئەوەی بۆ ئیزافە بکری یان هەر دۆسیەیەکی نهێنی تر، یەعنی مەرج نیە ئەو دۆسیەیە هەر لەبەردەم دادگا بێت، من باسی دۆسیەی نهێنی تر دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز ئاری عبداللطیف، بەڕێز بەهزاد دەروێش، فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددا (59) پێشەکی من پی باشە بەو شکلەی لی بێت (تەنها سەرۆك بۆی هەیە قسەکانی ئەندام ببڕێت لە یەکێك لەم ئەگەرانەی خوارەوە)، چونکە (رێگە بگریت) شتەکی وەکو چۆن

عەرەبـی دبێژیـت (طـرق ممانعـة) بەس ئەگەر بێـژی (قسـەکانی ببڕێـت) یەعنـی (قطـع الکلام)، ئەمە خالی یەکەم، دوو/ پێمباشـە خالی شەشـەم ئیزافە بکرێت بڵێن (قسـەکانی پەیوەندی نەبێت لەسـەر بـابەتی گفتوگۆ)، (قسـەکانی) واتـا (قسـەکانی ئەنـدام)، راسـتە لە مـاددەی (58) گوتمـان نابێـت ئەنـدام قسـە لەسـەر بابەتێك بكـات كە ئەم بـابەتە پێویسـت نەبێت، بەڵام لێـرە ئەگەر ئەنـدام بەردەوام بـوو سـەرۆك بـۆی هەبـی قسـەكانی ببڕێـت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنيكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز بەهزاد دەروێش، بەڕێز مامۆستا مەلا مروان، فەرموو.

**بەڕێز حسين إسماعيل حسين (مەلا مروان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە حاڵەتێكدا كە ئەو ماددانەی پێشنیار كراون بكرێنە یەك مـاددە بەتەصـەوری مـن ئەوەی پێنجەمیان زیادە خـاڵی پێـنجەم، چـونكە لە مـاددەی (58) مـوددەی قسـەكردنەكە دیـارە سـی دەقەیە، ئۆتۆماتیكیەن سـی ددەقەكە تەواو بـوو قسـەی پـی دەبڕێـت، لێـرە ئەوە دووبـارەیە پێویست ناكات، دەستتان خۆش بێت.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنيكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز مامۆستا مەلا مروان، بەڕێز د.پەری، فەرموو.

**بەڕێز پەری صالح حميد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـاددەی (59) هەر لە سـەرەتاوە وشـەی (تەنهـا) دەبێـت (تەنیـا) بێـت، (تەنیـا سـەرۆك بـۆی هەیە لەبەردەوامبـوونی ئەنـدام لە یەكێـك لەم ئەگەرانەی خـوارەوە ڕێـگەی لـی بگرێـت)، كورتم كردەوە.

1-بی مۆڵەت قسەی كرد.

2-لەكاتی قسەكردندا وشـەی (وشـە بە یەك "و") نەشـیاو یـان تـانە و تەشـەر بەرامـبەر هەر دەزگایەكی دەستووری و یاسایی هەرێم، یان ئەنـدامێك یـان فراكسـیۆنێكی پەرلەمـانی یـان هەر كەسێكی دی بەكار هێنا.

3-باسی لە تایبەتمەندییەكانی ئەندامێك یان هەر كەسێكی دی كرد.

4-باسی لە نهێنییەكانی دۆسیەیەك كرد، كە لەبەردەم دادگایە.

5-ماوەی دیاریكراوی ئاخاوتنی كۆتایی هاتبوو (هات بكرێتە هاتبوو).

سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنيكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د.پەری، بەڕێز مامۆستا غریب، فەرموو.

**بەڕێز غريب مصطفى حمەخان:**

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرنجی من لەسەر خاڵی (3)یە (باسـی لە تایبەتمەنـدی ئەنـدامێك یـان كەسێكی تـر كـرد)، باسكردن لە تایبەتمەندی بەمجۆرە رەهـایە، چـونكە دەكـری تایبەتمەنـدی بە ئاڕاسـتەی بـاش بی یان بەئاڕاستەی خراپ بێ، لەبەر ئەوە وشەی بە خراپ بخرێتە پێشی ئەو رستەوە باشـە، بۆ ئەوەی بەتەحدید بە خراپ باس كردنی تایبەتمەندی بێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنيكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز مامۆستا غریب، بەڕێز حەیات مجید، فەرموو.

**بەڕێز حەیات مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بیدایەتی ماددەی (59)دا نووسراوە (تەنها سەرۆك بۆی هەیە) ئەگەر ئەو (تەنیایە) پێموابی زیادەیە، (سەرۆك بۆی هەیە) کیفایەتە، خاڵێکی تریش زیاد بکری بە خاڵی شەشەم (باسی نهێنی هەر بابەتێك بکات پەیوەندی بە ئەمنی قەومییەوە هەبێت) یەعنی ڕێگری لەوەش بکات کە هەر بابەتێك پەیوەندی بە نهێنی ئەمنی قەومیەوە هەبێت ڕێگری لی بکات و باسی نەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز حەیات مجید، بەڕێز صالح فەقێ، فەرموو.

**بەڕێز صالح فەقی محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم خاڵی (1 و 2 و 5) بکرێتە یەك خاڵ یان (5) لاببری و (1 و2) بکرێتە یەك خاڵ (بەبی مۆڵەت ئاخاوتنی کرد یان وشەی نەشیاو یان تانە و تەشەر بەکار هێنا) یەعنی حەصری نەکەین لە چیدا بەرامبەر بەچی بێت، گشتگیر بێت، ئەگەر ئەوەی پێنجەم لاشنابری بخرێتە سەر ئەم خاڵە یان ماوەی دیاریکراوی کۆتایی هات.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز صالح فەقێ، بەڕێز علی عثمان، فەرموو.

**بەڕێز علی عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دکەم ماددەی (59) فەقەرە (6) بێتە زێدەکرن (کە وەختی لە گفتوگۆیا لادا)، ئەگەر گفتوگۆییێت لە بابەتی دەرچوو بێتە ئیزافە کرن، دوو/ ئەگەر بکرێت خالآ (1 و 2) هەردوو بکەنە ئێك دیسان تەئیدا ئاخافتنی مامۆستا مەلا غریب دکەم کو بە خراپی بەحسێت تایبەتمەندی ئەندامێك یان هەر کەسەکی دی بکاتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز علی عثمان، لە کۆتاییدا بەڕێز أبوبکر هەڵەدنی، فەرموو.

**بەڕێز أبوبکر عمر عبدالله (أبوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی من تەرحی دەکەم پێموایە پەیوەندی بە ماددەی پێشووترەوە هەبوو، نازانم لێرە جێگەی بکەینەوە، لە خاڵێك کە وترابوو هەر ئەندامێك یەك جار بۆی هەیە لە بابەتێك دا ئاخاوتن بکات، بێجگە لە ئەندامانی لیژنەی پەیوەندیدار، یەعنی لیژنەی پەیوەندیدار زەرووره کە چەند جارێك روونکردنەوە بدەن، تەوزیحات بدەن لەسەر بابەتێکی دیاریکراو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز أبوبکر هەڵەدنی، داوا لە بەڕێزان لیژنەی کاتی بۆ پێداچوونەوەی پەیڕەو دەکەین فەرموو کاك د.فرست.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بەشی ئەوەی کە موناقەشەیان کرد لەسەر صیاغە بە سوپاسەوە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بۆیان نووسیوین و ئەوانی تر تێبینییەکانمان نووسیوە، تەئکید لە جەلسەی داهاتوو ئەوانە هەمووی لەبەرچاو دەگرین، هەندێك پێشنیاریش کرا وەکو ئیزافە پێشنیاری باشن، ئێمە بەڕاوێژ لەگەڵ ئەندامانی لیژنە بۆ نمونە ئەو پێشنیارەی کاك علی کردی ئەگەر لە بابەتی گفتوگۆکە دەرچوو ئیزافە بکرێ، ئێمە پێمان باشە ئەوانە و چەند بابەتێکی تریش کە ئاماژەیان پێکرد و ئەوانەشی کە سێ ئەندام پشتگیریان کردووە، بەتەئکید لە جەلسەی داهاتوو دەیخەینە تەصویت و سەر لە نوێ صیاغەی ماددەکە دەکەینەوە و دەمجی دەکەین.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د.فرست، بەڕێزان گفتوگۆ لەسەر ماددەی (59) کۆتایی هات، ماددەی (60) فەرموون بەڕێزان لە لیژنەی پێداچوونەوەی پەیڕەو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (60)

1-سەرۆك دەتوانی فەرمان بکات بەسڕینەوەی هەموو یان بەشێك لە ئاخاوتنی هەر ئەندامێك لە پرۆتۆکۆڵ کە پێچەوانەی سیستەمی گشتی بێت و لە کاتی ناڕەزایی ئەندامەکە پەرلەمان بەبێ گفتوگۆکردن بڕیاری یەکلاکەرەوە دەدات.

2-هەموو ئەندامێك بۆی هەیە داوای سڕینەوەی ئاخاوتنی ئەندامێکی دی بکات لەگەڵ هۆیەکانی داواکارییەکە ئەگەر سەرۆك داواکارییەکەی بەڕەوا نەزانی مافی ئەو ئەندامەیە داوای دەنگدان بکات لەسەر داواکارییەکەی.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سۆران عمر، بەڕێزان دەست بەگفتوگۆ دەکەین لەسەر ماددەی (60).

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد شکراللە (بێگەرد تاڵەبانی):**

ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوی لەم ماددەیە گفتوگۆ بکەن: قادر رزگەیی ، مصطفی سەکری، تحسین إسماعیل، فرحان جوهر، أبوبکر هەڵەدنی، أیوب عبداللە رسول، شکریە شێخانی، پەروا علی.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، بەڕێزان دەست بەگفتوگۆ دەکەین، بەڕێز قادر رزگەیی، فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول (قادر رزگەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە خاڵی یەکەم پێشنیار دەکەم بەوەی کە سەرۆك دەتوانی فەرمان بکات بەسڕینەوەی وشەی (هەموو) لابری یەعنی بەشێك، چونکە ناکری ئەندامی پەرلەمان قسە بکات و کۆی قسەکانی هەمووی پێچەوانەی سیستەمی گشتی بێ، پێموانیە شتی وا هەبێ، یەعنی دەکری پەرلەمانتار هەموو قسەکانی پێچەوانەی سیستەمی گشتی بێ؟ سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز قادر رزگەیی، بەڕێز تحسین إسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز تحسين إسماعيل أحمد:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
سیستەمی گشتی لە پێناسە نەهاتووە ئەگەر دابنرێت، پاش ئەویش لەكاتی نارەزایی ئەندامەكەی پەرلەمان بەبی گفتوگۆ كردن بڕیاری یەكلاكەرەوە دەدات، پەرلەمان كی یە؟ سەرۆكی پەرلەمان ئیزافە بكرێت، سوپاس.
**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنيكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز تحسين إسماعيل، بەڕێز أبوبكر هەڵەدنی، فەرموو.
**بەڕێز أبوبكر عمر عبدالله (أبوبكر هەڵەدنی):**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
منیش هەمان تێبینیم هەیە كە پێچەوانەی مەرجەكانی گفتوگۆكردن بی كە لە ماددەكانی پێشووی ئەم پەڕەوەدا دەقنووس كراوە، لە جیاتی سیستمی گشتی ئەوە بڵێین باشترە، سوپاس.
**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنيكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز أبوبكر هەڵەدنی، دەیانەوێت بینووسن، كاك أبوبكر ئەگەر ئەوە بە نووسین بۆیان بنووسی، بەڕێز أيوب عبدالله رسول، فەرموو.
**بەڕێز أيوب عبدالله رسول:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
بەنیسبەت بڕگەی یەكەم لە ماددەی (60) من وا دەبینم تەواوكەری ماددەی (59) بی ئەم بڕگەیە ئەگەر لەوی جی بكرێتەوە باشترە، چونكە دوای ئەوەی كە سەرۆك بۆی هەیە رێگری بكات لە بەردەوامبوونی ئەو كەسە لە ئاخاوتنەكەی، دوای ئەوەی كە ئاخاوتنەكەی نەشیاوە بێگومان ئەم ئاخاوتنە جێی ئەوەیە كە لە پرۆتۆكۆڵ رەش بكرێتەوە، كە ئاخاوتنێك نەشیاو بی حەتمەن جێی ئەوەیە كە لە پرۆتۆكۆل رەش بكرێتەوە، بۆیە من وا دەبینم بڕگەی (1) لە ماددەی (60) تەواوكەری ماددەی (59) بێت، ئەم بڕگەیە لێرە زیاد بێ، بە نیسبەت بڕگەی دووەم لە ماددەی (60) من وا دەبینم ئەو بڕگەیە بەراستی پێویستی بە شیكردنەوەیەك هەیە، چونكە لەوانەیە ئەندامێك قسەكانی ئەندامێكی تری پی نەشیاو بێت، بەڵام دواجار قسەكە خۆی نەشیاو نەبێت و پێچەوانەی یاسا نەبێت.
**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنيكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز أيوب عبدالله رسول، بەڕێز پەروا علی، فەرموو.
**بەڕێز پەروا علی حەمە محمد:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
سەبارەت بەوەی پێچەوانەی سیستمی گشتی پشتیوانی ئەو بەڕێزانە دەكەم كە ئیشارەتیان بەوەدا ئەوە روونبكرێتەوە، هەروەها پشتیوانی بەڕێز كاك تحسين دەكەم لە كاتی نارەزایی ئەندامەكە كە پەرلەمان بەبی گفتوگۆ ئەو پەرلەمانە دیاری بكرێ، ئایا سەرۆكی پەرلەمانە یان چی یە؟ چونكە ئەوە زۆر گشتگیرە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنيكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز پەروا علی، بەڕێز مصطفى سەكری، فەرموو.
**بەڕێز مصطفى أحمد حمد:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
ماددەی (60) بڕگەی (1) لەسەر (سیستەم) پێموایە (نەریت) بەكاربێت باشترە، چونكە (سیستەم) هەم كوردی نیە و هەمیش عامترە لە نەریت، هەروەها كە دەڵی لە كاتی

ناڕەزایی ئەندامەکە پەرلەمان بەبی گفتوگۆ بڕیاری یەکلاکەرەوە بدات، ئەگەر مەبەست پەرلەمان بێت دەبی شتێکی لە ئاخیری زیاد بکەین (لەرێگەی دەنگدان) ئەگەر مەبەست پەرلەمان بێت، ئەگەر مەبەستی سەرۆکی پەرلەمان بێت هەر بنووسین (لەکاتی نارەزایی ئەندامەکە سەرۆك بە بی گفتوگۆکردن بڕیاری یەکلاکەرەوەیی دەدات)، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ مصطفی سەکری، بەڕێز فرحان جوهر، فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر بڕگەی دووەم قسەم هەیە کە (هەموو ئەندامێك بۆی هەیە داوای سڕینەوەی ئاخاوتنی ئەندامێکی تر بکات کە لەگەڵ هۆیەکانی داواکارییەکە ئەگەر سەرۆك داواکارییەکەی بەرەوا نەزانی مافی ئەو ئەندامەیە داوای دەنگدان بکات) من داوا دەکەم ئەو مافی دەنگدانە نەمێنێت، هەر لە دەسەلآتی سەرۆك بی بڕیار بدات کە بمێنی یان نەمێنێ، چونکە پەنا بردنە بەردەنگدان لێرە رەنگە هەندێك ئیحراجی دروست بکات و باشیش نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز فرحان جوهر، بەڕێز شوکریە شێخانی، فەرموو.

**بەڕێز شوکریە سمایل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵی (1) (پەرلەمان بەبی گفتوگۆ کردن) مەبەست لەو پەرلەمانە چیە؟ بەبۆچوونی من بکرێتە (دەستەی سەرۆکایەتی)، ئەگەر پەرلەمان بی کەواتە هەموو پەرلەمانتارەکان بەشداری تێدا بکەن، سەبارەت بەخاڵی (2) ئەگەر هەر ئەندام پەرلەمانێك قسەی ئەوی تری بەباش نەزانی و داوای سڕینەوە بکات بەبۆچوونی من کێشە و گرفت و دڵشکانی زۆری لی پەیدا دەبێت، ئەوە لابرێ، ئەگەر سەرۆکی پەرلەمان ئەوەی بەباش زانی کە بسڕێتەوە با بسڕێتەوە تەواو کۆتایی پی بێت، بەلآم رەنگە کێشە و گرفتی زۆری بەدواوە بێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز شوکریە شێخانی، بەڕێز عمر عینایەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ رێز و حورمەتم بۆ جەنابت و دەستەی سەرۆکایەتی و ئەندامانی لیژنەی بەڕێز، من پێمباشە ماددەی (60) بڕگەی (1) بەم شێوەیە بێت (سەرۆك دەتوانێت فەرمان بکات بەسڕینەوەی هەموو یان بەشێك لە ئاخاوتنی ئەندام لە پرۆتۆکۆل ئەگەر پێچەوانەی ماددەکانی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بێت)، دووەم/ (ئەندام بۆی هەیە پێشنیاری سڕینەوەی ئاخاوتنی ئەندامێکی دی بکات بە مەرجێك ئاخاوتنەکە لە ماددەکانی پەیڕەو لایدابێت و سەرۆك پێشنیازەکەی پەسەند بکات).

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز عمر عینایەت، بەڕێز ئاری عبداللگیف، فەرموو.

**بەڕێز ئاری عبداللطیف مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی (60) منـیش لەگەڵ رای بەڕێـزانم سیسـتمی گشـتی پێناسـە نەکـراوە، یاسـا، دابونەریـت، عـورف چـی دەگـرێتەوە یەعنـی؟ خـاڵی دووەمـیش هەر بە تەواوەتـی لاببری بەڕێزان، یەعنی بە چ حەقێك ئەندامێك بۆی هەیە داوا بکات قسەی ئەندامە هاوڕێکەی بسڕێتەوە؟ ئەو سیستەمە، ئەو پرەنسیپە چیە دانراوە؟ لەسەر چ ئەساسێك؟ ئەگەر ئەوە بمێنێتەوە مەزاج دروست دەبێت، کێبڕکی و ئەو شەڕە دروست دەبێ، ئەگەریش مایەوە بەراستی ئەو کەسەی کە داواکارییەکەی لەسەرە مافی نیە لەم حاڵەتە، من دڵنیام ئەم ماددەیە هەر دەمێنێتەوە ئەم خاڵە، بەڵام نووسراوە ئەگەر سەرۆك داواکارییەکەی بەرەوا نەزانـی، یەعنـی داواکـاری ئەو کەسـەی کە داواکـاری کـردووە کە بسـڕێتەوە هـی بەرامبەرەکەی، ئەی ئەو کەسەی کە دواکارییەکەی لەسەرە مافەکەی کوا؟ حەقە ئەویش داواکارییەك بکات داوا لە سەرۆکایەتی بکات حەقەکەی لەکوێدایە؟ سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز ئاری عبداللطیف، بەڕێز د.پەری، فەرموو.

**بەڕێز پەری صالح حمید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (60) (سەرۆك دەتوانێت فەرمان بەسڕینەوە هەموو یان بەشێك لە ئاخاوتنی هەر ئەنـدامێك لە پرۆتۆکـۆل بکـات) ئەو فەرمـانە بچێـتە پشـتەوە (کە پـێچەوانەی سیسـتەمی گشـتی بێـت و لە کـاتی نـارەزایی ئەنـدام پەرلەمـانەکە) ئەوەش غەڵەت کـراوە (بەبـی گفتوگۆکردن بڕیاری یەکلاکەرەوە دەدات)، پشتیوانی لە قسەی کاك أبوبکر و کاك تحسین و کـاك عمـر و پەروا خـانیش دەکەم، خـاڵی دووەم (هەمـوو ئەنـدامێك بـۆی هەیە داوای سڕینەوەی ئاخـاوتنی ئەنـدامێکی دی بکـات لەگەڵ هۆیەکـانی داواکـارییەکە...)، دوو (ی)، (...ئەگەر سـەرۆك داواکـارییەکەی...)، ئەوەش هەر دوو (ی)، (..بەرەوا نەزانـی مـافی ئەو ئەندامەیە داوای دەنگدان بکات لەسەر داواکارییەکەی) ئەوەش دوو (ی)، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د.پەری، بەڕێزان ئێستا داوا لە لیژنەی کاتی پەیڕەو دەکەین، فەرمـوون بـۆ روونکردنەوە و وەڵامدانەوە و تێبینی، کاك د.فرست، فەرموو.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە داوا لەوانە دەکەین کە صیاغەیان کردۆتەوە بینێرن و تۆماریشمان کردووە و چاکیشی دەکەین، ئەوەی پەیوەندی بە سیستەمی گشتی هەیە فیعلەن ئەوەی کاك أبـوبکر گـوتی و زۆریان لە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانیش پشتگیریان کـرد ئێمە وەکـو عینـوانی بەشـەکەی لی دەکەینەوە، سیستمی ئاخاوتن یان گفتوگۆ، وای لی دەکەینەوە، شێوازی ئاخـاوتن ئەوە دوایی لەگەڵ صیاغە رێك دەکەوین، ئەوە لە جێگای خۆیەتی، سەبارەت بە پەرلەمان زیـاد لە ئەندامێکی پەرلەمان داوای کرد مەبەست لەم پەرلەمانە، مـن هەر وەکـو وەبیرهێنـانەوە ئەگەر ئەزیەت بکێشن جەنابتان، جارێکی تر ئەو بەشەی کە پەسندمان کردووە لە پەیڕەو و لەبەر دەسـتی ئێـوەی بەڕێـزە، بیخـوێننەوە بـۆ ئەوەی، دەزانـم دەمێکـی زۆرە دابـڕاون و ناحەقیشـتان نـیە، چـونکە ئـێمە هەمـوو ئەوانەمـان پێناسـە کـردووە، پەرلەمـان پەرلەمـانی کوردسـتانی عێـراق، هەر شـتێك گوتمـان (پەرلەمـان) مەبەسـت نـاو هـۆڵی پەرلەمـانە، نە پەیوەنـدی بەرەئیسـە و نە پەیوەنـدی بە دەسـتەی سـەرۆکایەتییەوە هەیە، بـۆیە هیـوادارم

ئەگەر کاتتـان هەبـوو بـۆ جەلسـەی داهـاتوو بـۆ ئەوەی تووشـی ئەو ئیشـکالیاتانە نەبـین، چ ئەوەی کە لە ڕابـردوو پەسـەند کـراوە، چ ئەوەیـش کە مـاوە، چـونکە هەنـدێك مولاحەزاتیش لەلایەن ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دەگوتری ئێمە باسمان کرد لە بەشەکانی تریش دێینە سـەری، ئەگەر نەتانخوێنـدبێتەوە مانـدووتر دەبـین هەمـوو لایەکمـان، بـۆیە ئەگەر زەبتـی بکەیـن باشـترە بـۆ ئەوەی کەمتـرین گفتوگـۆی تێـدابێت، مولاحەزاتەکـانی تـریش ڕەچـاو دەکەین حەتمەن ئەوەی کە پێویست بێت.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێـز د.فرست بـۆ ئەو ڕوونکـردنەوەیە، بەڕێـزان گفتوگـۆ لەسـەر مـاددەی (60) کۆتایی پێهات، ماددەی (61).

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (61)

1-ئەنـدام بـۆی هەیە لە ڕێـگەی خـاڵی پەیڕەوی (نقطـة نظـام) لە هەر کـاتێکی دانیشـتنی پەرلەمـان دا داوای وەرگرتنـی مـۆڵەت لە سـەرۆك بـۆ مـاوەیەك کە لە دوو خـولەك زیـاتر نەبی ئاخاوتن بکات بە بی ڕەچاوکردنی تۆمارکردن و ریزبەندی.

2- تەنها ئەم ئەگەرانەی خوارەوە بە خاڵی پەیڕەوی دادەنرێت:

أ-ئەگەر پێشـێل کردنـی یەکێـك لە مـاددە و بڕگەکـانی دەسـتوور یـان یەکێـك لە یاسـا بەرکارەکـان یـان یەکێـك لە مـاددە و بڕگەکـانی ئەم پەیـڕەوە کـرا لەگەڵ ئامـاژەکردن بە ماددەکە.

ب- ئەگەر گفتوگۆکان لە بابەتی دانیشتنەکە دەرچوون.

ج- داواکردن بۆ دواخستنی گفتوگۆ لەسەر بابەتێك و بڕیاردان لەسەر گفتوگۆکردن لەسـەر بابەتێکی دی یان ئاڵوگۆڕ لە بەرنامەی کار.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سـوپاس بـۆ بەڕێـز سـۆران عمـر، بەڕێـزان بـۆ گفتوگـۆ لەسـەر مـاددەی (61)، ناوەکـان دەنووسین.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد شکراللە (بێگەرد تاڵەبانی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئـوە بەڕێـزانە کە دەیانەوێـت لەو مـاددەیە گفتوگـۆ بـکەن: ئـاری عبـداللطیف، مامۆسـتا مـروان، بێسـتوون فـائق، أبـوبکر هەڵەدنـی، صـالح فەقـێ، د.پەری، حیـات مجیـد، تحسـین إسماعیل، عمر عینایەت.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، بەڕێزان دەست بە گفتوگـۆ دەکەیـن لەسـەر مـاددەی (61)، بەڕێز عمر عینایەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خـاڵی یەکەم (ئەنـدام بـۆی هەیە لە ڕێـگەی خـاڵی پەیڕەو..) دەسـتتان خـۆش بـی ئەوەتـان تەسبیت کرد، لەمەولا من داواکارم لە ئەندامانی پەرلەمان لە بری نوقتەی نیزام بڵێن خاڵی پەیڕەو، لە هەر کـاتێکی دانیشـتن تەعریـف کـراوە ئیتـر لە هەر کـاتێکین لە دانیشـتنەکانی پەرلەمان، پێویست ناکات خۆیان تەعریفیان کردووە ئەو بەڕێزانە، داوای وەرگرتنی مـۆڵەت لە سەرۆك بکات (بکات)ەکەیـان لەبیـر چـووە، بـۆ مـاوەیەك کە لەدوو خـولەك زیـاتر نەبێـت ئاخاوتن بکات، من هەر ئەوەندەم هەیە، دەستتان خۆش بێت.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز عمر عینایەت، بەڕێز تحسین إسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز تحسین إسماعیل أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە مـاددەی (61) خـاڵی (2) (تەنهـا ئەم ئەگەرانە) ئەگەر (ئەگەر) لاببرێـت (تەنهـا ئەوانەی خـوارەوە بە خـاڵی پەیڕەوی دادەنرێ)، ئینجـا لە (أ) لە جیـاتی (پێشـێل کـردن) لـادان بێـت باشترە، لادان لە یەکێك لە ماددە، ئەگەر بڕگەیەکی بۆ زیاد بکرێت ئەوەی کە نوقتەی نیزام دەگرێت ئەو ماددەیە بڵێت ئینجا قسەکانی بکات، یەعنـی بڵێـی (بەپێـی ماددەی ئەوەنـدە) ئینجا قسەکانی بکات، چـونکە کە دەبینین لە نـاو هـۆڵی پەرلەمـان لە رێـی نـوقتە نیـزام زۆر قسە دەکرێت، کە هیچی نوقتە نیزام نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز تحسین إسماعیل، بەڕێز صالح فەقێ، فەرموو.

**بەڕێز صالح فەقی محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشـی هەرە زۆری نـوقتە نیزامییەکـان تەنهـا کـات کوشـتنە، بـۆیە لە سـەرەتا ئامـاژەی پـی بـدەین، پشـت بەسـتن بە ئاماژەدان بە ماددەکانی پەیڕەو، خاڵی پەیڕەوی تێدا نووسـراوە، بەڵام ئەو کەسەی نوقتە نیزامییەکەی هەیە ئاماژە بە ماددەکان بدات.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز صالح فەقێ، بەڕێز أبوبکر هەڵەدنی، فەرموو.

**بەڕێز أبوبکر عمر عبداللە (أبوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن پێشـنیار دەکەم مـاددەی (62) بکـرێتە بـڕگەی سـێیەمی ئەم مـاددەیە، چـونکە هەر پەیوەندی بە خاڵی پەیرەوییەوە هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز أبوبکر هەڵەدنی، بەڕێز مامۆستا ملا مروان، فەرموو.

**بەڕێز حسین إسماعیل حسین (ملا مروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن پێشـنیار دەکەم ماددەی (61) هەر لاببرێ، لەبەر ئەوەی بەڕاسـتی مەسـەلەی نـوقتەی نیزام بـۆتە میمبەرێکـی وتـار خوێنـدنەوە، یەعنـی لەگەڵ رێـزم بـۆ خوشـك و برایـان تـا ئێسـتا قسـەك نەکـردووە لەم بـابەتە، بەڵـام بەراسـتی جـاری وا هەبـووە سـەعاتم گرتـۆتەوە سـەعاتێك، سـەعات و نیوێـك بەس بە نـوقتەی نیزامـی گیـراوە، ئەگەر بێـی بە ئەرشـیف دا بچیەوە لەوانەیە دووی نوقتەی نیزامی نەبووبێت، هەمـووی رەتـدانەوەی یەك و هەمـووی بابەتێکی بوون، ئەگەر هەر دەشمێنێتەوە رەئیم وایە خـاڵێکی بـۆ زیـاد بکرێـت (هەر کـاتێکی ئاخاوتنی پەرلەمانتار نوقتە نیزام نەبوو سەرۆکی پەرلەمان قسەکانی پی ببڕێـت و کۆتـایی پی بێنێت).

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز ملا مروان، بەڕێز ئاری عبداللطیف، فەرموو.

**بەڕێز ئاری عبداللطیف مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی پەیڕەو زۆر گرنگە بۆ دانیشتن و گفتوگۆکان، ئەوەی بەلامەوە گرنگە دوو خولەك زۆر کەمە ببێتە سێ خولەك، ئەو کاتە بێتە پێشەوە (لە هەر کاتێکی دانیشتنی پەرلەمان دا داوای وەرگرتنی مۆڵەت لە سەرۆك بکات بۆ ماوەیەکی کە لە سێ خولەك زیاتر نەبێت) و پێموابی خاڵی پەیڕەو زیاتر حاڵەتێك دەگرێتەوە بەڕێزان ئەگەر ڕەفتارێك یان گوفتارێك یان حاڵەتێك روویدا لە ناو هۆڵی پەرلەمان دا دژی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بوو، بەلآم لە پێشێل کردنی یەکێك لە مادده و بڕگەکانی دەستووردا ئەم حاڵەتەی تێدا نیە، یەعنی ئاماژە نەدراوە بە دژایەتیکردنی پەیڕەو کە خاڵی پەیڕەوی لەسەر بگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز ئاری عبداللطیف، بەڕێز بێستوون فائق، فەرموو.

**بەڕێز بێستوون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە (أ) دەڵی (ئەگەر پێشێلکردنی یەکێك لە مادده و بڕگەکانی دەستوور یان یاسا بەرکارەکان یان پەیڕەو بوو) خۆ شەرت نیە هەموو نوقتە نیزامییەك لەسەر پێشێلکاری بێت، نوقتەی نیزامی هەیە پاڵپشتە بە یەکێك لە خاڵەکانی پەیڕەو، لەسەر پێشێل کردن نیە، مەسەلەن تۆ دەڵێی پاڵپشت بەو خاڵە من تەڵەبێك دەکەم، شتێك دەکەم تەنها پێشێلکاری نیە، (ج) (داواکردن بۆ دواخستنی گفتوگۆ) خۆ ی لە ماددەی (49) لە بڕگەی (1)دا هاتووە (سێ پەرلەمانتار یان دەستەی سەرۆکایەتی دەتوانن داوای پاش و پێش بکەن، بە نەصێك، بە فەقەرەیەك لە ماددەی (49) ئەوە خۆی هاتووە، جێی کراوەتەوە، ئەوە بەزیادە دەزانم، ماددەی (62) بە فەقەرەیەکی تر لەگەڵ ئەوە دەمج بکرێت وەکو کاك أبوبکر گوتی، پشتیوانی دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز بێستوون فائق، بەڕێز حیات مجید، فەرموو.

**بەڕێز حیات مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (61) ماددەی (62) لە ماددەی (62)دا ببوورە هەر چەند نەهاتووینەتە سەری، بەلآم لەبەر ئەوەی هەر باسی نوقتەی نیزامی دەکات ئەگەر بکرێت بە خاڵی دووهەمی ماددەی (61) ئەو ماددەیە هەر لاببری زۆر باشە، چونکە هەردووکیان تەقریبەن نزیکن لە یەکەوە و یەك بابەت باس دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز حیات مجید، بەڕێز د.پەری، فەرموو.

**بەڕێز پەری صالح حمید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم/ ئەندام لە رێگەی خاڵی پەیڕەوەوە بۆی هەیە، لەهەر کاتێکی دانیشتنی پەرلەمان دا داوای وەرگرتنی مۆڵەت لە سەرۆك بکات بۆ ماوەیەك لە (10) خولەك زیاتر نەبێت.

(کە)مان لابردووە، (قسە بکات) نەك (ئاخاوتن) (بەبی رەچاوکردنی تۆمارکردن و ریزبەندی).

دووەم/ (تەنها) بکرێتە (تەنیا)، ئەم ئەگەرانەی خوارەوە بە خاڵی پەیڕەوی دادەنرێن، (ن) چونکە ئەگەرەکان کۆیە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنيكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د.پەری، بەڕێزان داوا لە لیژنەی پەیڕەو دەكەین فەرموون بۆ ڕوونكردنەوە یان وەڵام یان تێبینی، د.فرست، فەرموو.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش لە لیژنە پشتگیری ئەو بەڕێزانە دەكەین كە دەمج كردنی ماددەی (62) و (61) زۆر لە جێگای خۆیدایە، پێمانوایە پێویستی بە دەنگدانیش نیە، چونكە مەسەلەیەكی زۆر پەیڕەویە و ڕەبتی بە خاڵی پەیڕەوییەوە هەیە بۆیە ئێمە لە صیاغە یەكسەر ماددەی (61) و (62) دەكەینە یەك ماددە، ئەوەی كە پەیوەستە بە خاڵی پەیڕەوی تەبعەن دەزانم ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان زۆرترین موعانات هەیە كە بە هەمووشمان بە خۆمان وەریدەگرین و هەمووشمان باسی موعاناتی خاڵی پەیڕەوی دەكەین، ئەوە زۆر گەڕاین لە دوای و زۆر سێرچمان كرد لە پەیڕەوی وڵاتانی دونیا، خاڵی پەیڕەوی هەیە، نوقتەی نیزام هەیە لە هەموویان، بەڵام تەنزیم كراوە، ئێمە قورسترین شروتمان بۆی داناوە، یەعنی با راشكاوانە بین لە پەیڕەوی وڵاتانی دیكە ئەو شروتە قاسیانە نین بۆ خاڵی پەیڕەوی، بەڵام ئێمە گەڕاوین توندترین شەرتمان داناوە بۆ ئەوەی ئیلتیزام بكرێ، ئەوەش دەوەستێتە سەر تەتبیق، ئەوە گرنگە ئەگەر هەر ئەندامێك لەمەودوا لەوە دەرچوو لەسەری تەتبیق بكرێ، بۆیە ئێمە پێمانوایە ئەم ماددەیە زۆر گرنگە، هەتا ئەگەر بكری قورستریشی بكەین باشترە، پێشمان وایە كاتەكە دەبی جیاواز بێ، دوو خولەك باشترە لەوەی سی بێ، چونكە ئاماژەدانە بە خەرقێكی پەیڕەوی بە ماددەیەك، چەند بەڕێزێكیش باسیان كرد كە دەبی ئاماژە بەوە بدرێت كام ماددە، لێرە لە بڕگەی (أ) هاتووە دەڵی (لەگەڵ ئاماژە كردن بە ماددەكە) ئەگەر سەیری بكەن، بۆیە ئەوەی تریش كە بەڕێزان لەسەر صیاغە قسەیان كرد رەچاوی دەكەین و جارێكی تر سەر لە نوی صیاغەی دەكەین و هەندێك لە بڕگەكانیش ئەگەر پێویست بوو دەتوانین دەمجیشی بكەین.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنيكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز، د.فرست بۆ ئەو ڕوونكردنەوەیە، ئێمە وا تێگەیشتین كە ماددەی (62) لەگەڵ ماددەی (61) لێك دەدرێن و دووبارە دادەڕێژرێنەوە، واتا ئێمە دەچینە ماددەی (63)، كەس مولاحەزەی نیە، (62) لەگەڵ سیاقی ماددەی (61) دێت، دەسەڵاتی زۆری بە دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان داوە، فەرموون ماددەی (63) بخوێننەوە.

**بەڕێز سۆران عمر سعيد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نەیخوێنینەوە؟ بۆ ئەوەی بچێتە پرۆتۆكۆڵ.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنيكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ماددەی (62) بخوێنەوە.

**بەڕێز سۆران عمر سعيد:**

ماددەی (62)

ئەگەر ئەندام داوای ئاخاوتنی كرد لە رێگەی خاڵی پەیڕەو، بەڵام ئاخاوتنی خاڵی پەیڕەوی نەبوو سەرۆك دەتوانی ئاخاوتنی پی ببڕێت و لە كاتی دووبارەبوونەوەی لەو دانیشتنەدا هەلێكی تری ناداتی بۆ ئاخاوتن لە رێگەی خاڵی پەیڕەو.

حەوتەم/
بەرزەفت کردن
ماددەی (63)
ئەگەر لە کاتی دانیشتنەکانی پەرلەمان دا هەر سەرپێچییەك لەلایەن هەر ئەندامێکەوە بکری کە دەشی کاربکاتە سەر بەڕێوەچوونی دانیشتنەکە یان ئاخاوتنی نەشیاو بەرامبەر بە پەرلەمان و دەستەی سەرۆکایەتی و یان هەر یەکێك لە ئەندامان لی ببیسری سەرۆك بەم شێوەیە رەفتاری لەگەڵ دەکات:
1-بەبیر ئەندامەکە دەخاتەوە کە رێك و پێکی دانیشتنەکە بپارێزێ.
2-ئەگەر پابەند نەبوو هەر بەردەوام بوو سەرۆك وریای دەکاتەوە (تنبیە).
3-لە حاڵەتی بەکارهێنانی زمانی زبر ئەوا وریاکردنەوەکە سڕینەوەی ئاخاوتنەکانیشی لە پرۆتۆکۆڵ لەگەڵدا دەبێت.
4-ئەگەر ئەمجارەش پابەند نەبوو بەردەوام بوو سەرۆك بۆی هەیە لە دانیشتنەکە بی بەشی بکات.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سۆران عمر، بەڕێزان بۆ گفتوگۆ لەسەر ماددەی (63) دەست بەناونووسین دەکەین، فەرمووو.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد شکراللە (بێگەرد تاڵەبانی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بەڕێزانەی کە داوای گفتوگۆیان کردووە: أبوبکر هەڵەدنی، علی عثمان، پەروا علی، د.پەری، عمر عینایەت.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، دەست بە گفتوگۆ دەکەین، بەڕێز أبوبکر هەڵەدنی، فەرمووو.

**بەڕێز أبوبكر عمر عبدالله (أبوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ هەر چوار خاڵەکەی ئەو ماددەیەدام، بەڵام پێمـوایە شتێکمان لەبیرچووە، ئەگەر بەم چوار خاڵە کۆنترۆڵ نەکرا ئەوا لە پەیرەوی پێشوودا لە ماددەی (60) باسی دوو حاڵەتی تر دەکات سەرۆك بۆی هەیە یان دانیشتنەکە رابگری یاخود دوای بخات، هەر ئێجگاری هەڵی بگرێت، واتا بیکەینە خاڵی پێنجەم، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئەو تێبینیە بەڕێز أبوبکر هەڵەدنی، بەڕێز عمر عینایەت، فەرمووو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکەی کاك أبوبکر دەکەم، ئەو خاڵە گرنگە هەبێ، ئەگەر لە کاتی دانیشتنەکان دا، پێویست ناکات جارێکی تر بڵێین دانیشتنەکانی پەرلەمان، چونکە تەعریف کراوە، هەر سەرپێچییەك لەلایەن ئەندامەوە بکرێت کە کاری نەرێنی بکات، لەوانەیە کاری نەرێنی

بکاتە سەر دانیشتن یان ئاخاوتنی نەشیاو، من تەنها ئەم دوو سەرنجم هەبوو، پێم باشە جارێکی تر داڕشتنەوەی بۆ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز عمر عینایەت، بەرێز علی عپمان، فەرموو.

**بەڕێز علی عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (63) بڕگا (1) ئەگەر جهی بیری ئەندامەکە دەخاتەوە ئاگاداریی ئەنداما بێتە کرن کو ڕێك و پێکی دانیشتنی بپارێزیتن، دوو/ ئەز لەگەڵ ئەوەدامە کو تەئیدا ئاخافتنێت کاك أبوبکر هەڵەدنی و کاك عمر عینایەتی دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز علی عثمان، بەڕێز د.پەری، فەرموو.

**بەڕێز د. پەری صالح حمید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (62) گەر ئەندام بەرێگەی خاڵی پەیڕەو داوای قسەکردنی کرد و خاڵی پەیڕەو نەبوو سەرۆك دەتوانێت قسەکەی پی ببڕێت و لە کاتی دووبارەبوونەوەی لەو دانیشتنەدا (هەڵ) نیە (هەلە) هەلێکی تری بۆ قسەکردن لە رێگەی خاڵی پەیڕەو پی نادرێ، دەشینووسم.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د.پەری، بەڕێز پەروا علی، فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی حەمە محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری کاك عمر و کاك أبوبکر هەڵەدنی دەکەم، هەروەها لە خاڵی (1) بیری ئەو ئەندامە دەخاتەوە کە رێك و پێکی دانیشتنەکە بپارێزی، ئەو رێك و پێکیە بکرێتە (هێمنی دانیشتنەکە بپارێزێ)، ئەو رێك و پێکییە زۆر ئینزیباتییە وەکو پۆلی یەك و دووی سەرەتاییە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز پەروا علی، بەڕێزان ئێستا داوا لە لیژنەی پەیڕەو دەکەین وەڵآم و روونکردنەوە بدەن، د.فرست، فەرموو.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بەشە کۆتایی پێهات، دوایین ماددە بوو، تێبینیەك کە زیاتر لە سێ کەس پشتیوانیان کرد ئەوەبوو کە سەرۆکی پەرلەمان بۆی هەبی دانیشتنەکە هەڵبگری یان دوای بخات ئەوە لە کاتی دەنگدان لەبەرچاوی دەگرین و ئیزافەی دەکەین، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئێمە

داوا دەکەین لە جەلسەی داهاتوو یەکەم خاڵ ئەوە بی کە ئێمە صیاغەی ئەم موناقەشاتەی ئەندامانی پەرلەمان لەسەر بەشی شەشەم دەکەینەوە لە ماوەیەکی کورت هەوڵ دەدەین بیخەینە دەنگدان و تەسبیتی بکەین، ئینجا دەرفەتمان پی بدەن بۆ ئەوەی گفتوگۆی بەشی نوی بکەین بەشی چاودێری کردن کە بەشێکی گرنگە، سوپاسی دەستەی سەرۆکایەتی و ئەندامانی پەرلەمان دەکەین بۆ مولاحەزاتەکان، هەموو مادده بە مادده زۆر لە جێگای خۆیدا بوو، سوپاسی هەوڵ و ماندووبوون و بەشداری و ان شاالله لە حەفتەی داهاتوو هەموو تێبینیەکانتان بە هەند وەردەگرین.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سەرۆکی لیژنەی کاتی پەیڕەو و هەموو ئەندامانی لیژنە، سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز، دانیشتنەکە کۆتایی هات.

| | | |
|---|---|---|
| **بێگەرد دلشاد تاڵەبانی** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان عێراق

## پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێك
## دوو شەممە رێکەوتی 7\5\2018
## خولی چوارەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی دەسپێك
# دوو شەممە ڕێکەوتی 2018/5/7

کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2018/5/7 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی جێگری سەرۆك و، بەڕێز بێگەرد تاڵەبانی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی دەسپێکی خولی چوارەمی، ساڵی (2018) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا کاتی دانیشتنی دەسپێکی خولی هاوینەی ساڵی پێنجەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2018/5/7 دا بەم شێوەیە بێت:

1- یەك دەقیقە بی دەنگی وەستان بۆ ڕێزلێنان لە گیانی شەهیدانی کوردستان و عێراق لەگەڵ مارشی نەتەوەیی.

2- کردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی پێنجەم، خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان - عێراق لەلایەن بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمانەوە.

3- وتاری بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان – عێراق بەبۆنەی دەستپێکی خولی گرێدانی بەهارەی ساڵی پێنجەم لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێدەکەین، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی پێنجەم، دانیشتنی دەستپێك، ڕۆژی دانیشتن (2018/5/7)، بەرنامەی کاری کردنەوەی خولی پەرلەمان، بەپێی حوکمی ماددەی یەکەم لە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی (2017)ی یاسای درێژ کردنەوەی خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان هەردوو بڕگەی (1 ، 2) لە ماددەی (54) بڕگەی (2) لە ماددەی (17)، بڕگەی (1) لە ماددەی (18) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان- عێراق، ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموار کراو، بڕیاردرا کاتی دانیشتنی دەستپێکی خولی گرێدانی بەهارەی ساڵی پێنجەم لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان - عێراق لە کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە، ڕێکەوتی (2018/5/7) بێت و بەرنامەی کاری دانیشتنەکە بەم شێوەیە بێت:

1- یەك دەقیقە بی دەنگی وەستان بۆ ڕێزلێنان لە گیانی شەهیدانی کوردستان و عێراق لەگەڵ مارشی نەتەوەیی.

2- کردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی پێنجەم، خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان - عێراق لەلایەن بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمانەوە.

3- وتاری بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان – عێراق بەبۆنەی دەستپێکی خولی گرێدانی بەهارەی ساڵی پێنجەم لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق.

بەڕێزان، ئێستا دەچینە سەر خاڵی یەکەم لە بەرنامەی کار کە بریتییە لە یەك دەقیقە بی دەنگی وەستان بۆ ڕێزلێنان لە گیانی شەهیدانی کوردستان بەتایبەتی شەهیدانی کورد و کودستان و عێراق لەگەڵ مارشی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب، زۆر سوپاس فەرموون.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی/ سکرتێری پەرلەمان:**

ئەو بەڕێزانەی ئەمڕۆ داوای مۆڵەتیان کردووە بۆ ئەم دانیشتنەی پەرلەمان:

1-دکتۆر فرست سۆفی.

2- دکتۆر شێرکۆ حەمە ئەمین.

3- عبداللە جاسم رجب.

4- ڤیان عباس عمر.

5- حیات مجید قادر.

6- ڤەمان فیصل.

7- ئەنەس محمد شریف.

8- منیرە عوسمان.

9- بیستون فائیق.

10- باپیر کاملا سلیمان.

11- سۆران عمر.

12- شێرکۆ جودت.

13- سهام عمر.

14- عادل عزیز.

15- دکتۆر ابراهیم سمۆ.

16- خلف احمد.

17- تەلار لطیف.

18- سەرکەوت سەرحەد.

19- زانا عبدالرحمن.

20- ئاواز جەنگی.

21- مصطفی احمد.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، بەڕێزان، بڕگەی سێیەم لە بەرنامەی کار، وتاری بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان – عێراق بەبۆنەی دەستپێکی خولی گرێدانی بەهارەی ساڵی پێنجەم لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق پێشکەش بە ئێوەی بەڕێز دەکەین.

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

بەناوی شەهیدانی سەرفرازی کوردستان.

بەناوی گەلی کوردستان و خەڵکی خۆڕاگری کوردستان.

بەناوی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، بەخێرهاتنی گشت ئەندامانی پەرلەمان دەکەین و، دانیشتنەکەمان دەست پێدەکەین، کە کردنەوەی دەستپێکی خولی بەهارەی ساڵی پێنجەم لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، هیوادارین ئەم خولەش وەکو خولی پایزەی ئەم ساڵەی پەرلەمان دەرفەتێك بێت بۆ پەسند کردنی چەندین یاسا بۆ بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان، هەروەها دەرفەتێك بێت بۆ پەسند کردنی یاسای چاکسازی کە خەڵکانێکی زۆر چاوەڕێی دەکەن.

بەڕێزان. ئێمە دەزانین بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان بارودۆخێکی هەستیارەو، بە قۆناغێکی هەستیار تێدەپەرێت و بەهۆی بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەم هەڵبژاردنە بۆ هەرێمی کوردستان و بۆ عێراق گرنگیەکی تایبەتی هەیەو، تا کورد ئەنجامی باشترو خەڵکی کوردستان ئەنجامی باشتر بە دەست بێنێت لە بەرژەوەندی

خەڵکی هەرێمی کوردستاندا دەبێت و، پێگەو مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان پارێزراوتر دەبێت لە حکومەتی فیدراڵدا، هەر کورسیەك بۆ هەرێمی کوردستان و پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان بە دەست بهێنرێت دەستکەوتێکی گەورەیە، جا ئەگەر ئەم کورسییە سەر بە هەر لایەنێك بێت، گرنگ ئەوەیە هەرێمی کوردستان و خەڵکی کوردستان و پێکهاتەکانی کوردستان زۆرترین ژمارەی کورسی بەدەست بێنن، لە حکومەتی فیدراڵدا بە زمانی خۆی و بە دەنگی خۆیان داوای مافە رەواو دەستوورییەکانی خۆیان بکەن، ئامانجی هەموو لایەنە سیاسییەکان بەریگری کردنە لە مافەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان و، بەرز کردنەوەی دەنگی گەلی کوردستانەو بەریگری کردنە لە مافە رەواو دەستوورییەکان لە عێراقدا، کەواتە هەموو لایەنەکان یەك ئامانجیان هەیە، بەڵام بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە پێویستیمان بە یەکتر قەبول کردنە، جا بۆ ئەمڕۆ لە بانگەشەی هەڵبژاردن و، بۆ ئەو کاتەی کە دەچنە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی فیدراڵ، بۆیە پێویستە بانگەشەی هەڵبژاردنەکان لەسەر بنەمای دیموکراسی و یەکتر قەبول کردن بێت، یەکتر قەبول کردنی لایەنە سیاسییەکان و، یەکتر قەبول کردنی تێکڕای کەمە نەتەوەییەکان و پێکهاتەکان، هەروەها پەیڕەو کردنی بنەما دیموکراسیەکانی هەڵبژاردن، ئێمە وەکو دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان وەکو راسپاردەیەك لەم دانیشتنەی پەرلەماندا داوا لە هەموو لایەنە سیاسییەکان دەکەین لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا بە روحیەتێکی بەرزەوە دیموکراسیانەو ئازادیخوازانەوەو، دوور کەوتنەوە لە هەموو تێك شکاندنی یەکتر، ناوزڕاندن، پەلاماردان، چ لە شێوازی مەیدانی بێت، چ لە پرۆگرامەکان و تەلەفزیۆنەکان، لە تۆڕە کۆمەڵاتیەکاندا بێت، هەموومان پێکەوە دوورکەوین لەو شێوازە نامەدەنییانە، ناشارستانییانە، داکۆکی بکەین لەسەر هەڵمەتێکی جوان، هەڵمەتێکی بێگەرد، داوا لە هەموو لایەنە سیاسییەکان دەکەین کە بەشێوەیەکی ئاشتییانەو دیموکراسی و وازهێنان لە دژایەتی کردنی یەکتر بانگەشە بۆ هەڵبژاردن بکەن و، ئاگاداری کادیران و هەموو ئەو کەسانەی کە لەم هەڵمەتانەدا بەشدار دەبن ئاگاداریان بکرێتەوە، جوان کردنی کوردستان بە رەفتاری جوان ئەنجام دەرێت، هەروەها جێی خۆیەتی جەخت بکەینەوە چەند مانگێك لەبەر ئەم خولەی پەرلەمان کە ماوە کار بکەین بۆ دەرچوواندن و هەموار کردنی چەندین یاسای گرنگ لە سەرووی هەموویانەوە پێشتر باسمان کرد، ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، هەروەها جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە هەڵبژاردنی پارێزگاکان و ئەنجومەنی پارێزگاکان لەکات و ساتی خۆیدا ئەنجام بدرێت، پەلە بکرێت بۆ ئەوەی ئەو هەڵبژاردنەو هەموو ئەو هەڵبژاردنانەی پەیوەستن بە پرۆسەکانی هەرێمی کوردستان هەمووومان جەخت بکەین لە کاتی خۆیدا ئەنجام بدرێن، لەم بارەیەوە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەماهەنگی تەواومان کردووەو هەماهەنگی تەواو دەکەین بۆ ئەوەی رۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دیار بکرێت و بەپێی زانیارییەکانی ئێمە ئەمڕۆ نووسراوێك لەو بارەیەوە ئاراستە دەکرێت، هەروەها پەسند کردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە خزمەتێکی یەکجار زۆر گەورە پێشکەش بەم پەرلەمانە دەکات، دەزانین میکانیزمەکانی شێوازی کاری پەرلەمانی بۆ خولەکانی ئایندە بەشێوازێکی زۆر باش دیاری دەکات، داوا لە لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکەین کە کارەکانیان بۆ ئامادە کردنی ئەو یاسایانەی گرنگن لەم خولەدا پەسند بکرێن لە بواری چاودێری کردندا بخەنە گەڕ، بۆ ئەوەی بتوانین لەم ماوەیەدا کاریان لەسەر بکەین.

لە کۆتایشیدا هیوادارین هەموو فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان بە گیانێکی لێبووردەیی و کورد پەروەرانەو لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی خەڵکی کوردستان و ئایندەی نەتەوەکەماندا بە یەکەوە بتوانین هەوڵەکانمان چڕ بکەینەوە تا لەم هەڵبژاردنەی کە ئێستا ئەنجام دەدرێت بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیش روویەکی جوانی کۆمەڵگاکەمان و باوەڕی تەواومان بە دیموکراسی و ئازادی و یەکتر قەبول کردن پیشانی هەموو دنیا بدەین، دووبارە پیرۆزبایتان لی دەکەین بەبۆنەی کردنەوەی ئەو خولە و بە هیوای سەرکەوتن.
بەڕێزان. ئێمە ئەم دانیشتنە کۆتایی پی دەهێنین و خاڵی نیزامی وەرناگرین، سوپاسی هەموو لایەك دەکەین و دانیشتنەکە کۆتایی هات.

| | | |
|---|---|---|
| **بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1)ی**
**پێنج شەممە رێکەوتی 26\6\2018**
**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1)
# پێنج شەممە ڕێکەوتی 2018/6/26

کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی 2018/6/26 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی جێگری سەرۆك و، بەڕێز بێگەرد تاڵەبانی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (1)ی خولی چوارەمی، ساڵی (2018) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا کاتی دانیشتنی ژمارە (1)ی خولی بەهارەی ساڵی پێنجەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی 2018/6/26 دا بەم شێوەیە بێت:

یەکەم: گفتوگۆکردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە لەلایەن لیژنەی کاتی بۆ پێداچوونەوەی پەیڕەوی ناوخۆ ئامادەکراوە، بە پێی بڕیاری ژمار (26)ی ساڵی (2014)، بڕگە (8) لە ماددەی (56)ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموارکراو، پاڵپشت بە ماددەی (94)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموارکراو.

دووەم: گفتوگۆکردنی پڕۆژە یاسای بەرکارکردنی یاسای هەمواری (20) یاسای میلاکات ژمارە (25)ی ساڵی 1960ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان، بە پێی ماددەکانی (72، 74، 75) لە پەیڕەوی ناوخۆ لە پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموارکراو.

سێیەم: گفتوگۆکردنی پڕۆژە یاسای بەرکارکردنی یاسای نەهێشتنی بازرگانی بە مرۆڤ ژمارە (28)ی ساڵی (2012)ی عێراق لە هەرێمی کوردستان بە پێی ماددەکانی (72، 74، 75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموارکراو.

چوارەم: خوێندنەوەی یەکەمی ئەم پڕۆژە یاسا و بڕیارانەی خوارەوە بە پێی ماددەی (71) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراوبێت:-

1- پڕۆژە یاسای بەرکارکردنی یاسای دەستەبەری تەزمین ژمارە (31)ی ساڵی (2015) لە هەرێمی کوردستان.
2- پڕۆژە یاسای ئەکادیمیای زانستی سریانی لە هەرێمی کوردستان.
3- پڕۆژە یاسای بەرکارکردن و هەموارکردن و جێبەجێکردنی یاسای نەهێشتنی بازرگانیکردن بە مرۆڤ ژمارە (28)ی ساڵی (2012)ی عێراقی لە هەرێمی کوردستان.
4- پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستووریەکانی هەرێم ژمارە (2)ی ساڵی (2017).
5- پڕۆژە یاسای ئەنجومەنی کاروباری ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان.
6- پڕۆژە یاسای هەموارکردنی یاسای بەرنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (3)ی ساڵی (2006) لە هەرێمی کوردستان.
7- پڕۆژە بڕیاری بە جینۆساید ناساندنی کارەساتی شنگال.

پێنجەم: پێشاوخستنی دەست لەکار کێشانەوەی ئەندام پەرلەمانی بەڕێز (سعید محمد سعید) لە لیژنەی مافی مرۆڤ، زیادکردنی بەڕێزیان بۆ سەر لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی، بە پێی ماددەی (44) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموارکراو.
شەشەم: پێشاوخستنی دەست لەکار کێشانەوەی ئەندام پەرلەمانی بەڕێز (مصطفی احمد حمد) لە لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی، زیادکردنی بەڕێزیان بۆ سەر لیژنەی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بە پێی ماددەی (44) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموارکراو.
حەوتەم: گفتوگۆکردنی پڕۆژەی پڕۆژە یاسای درێژکردنەوەی کارکردن بە یاسای بەرنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (3)ی ساڵی (2006) لە هەرێمی کرودستان، بە پێی ماددەکانی (72، 74، 75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو.
هەشتەم: گفتوگۆکردنی پڕۆژەی پڕۆژە یاسای هەمواری (30)یەمی یاسای پارێزەرایەتی ژمارە (17)ی ساڵی 1999ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان، بە پێی ماددەکانی (72، 74، 75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموارکراو.
نۆیەم: گفتوگۆکردنی پڕۆژە یاسای هەمواری چوارەمی یاسای صندوقی خانەنشینی پارێزەرایەتی ژمارە (18)ی ساڵی (1999)ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان، بە پێی ماددەکانی (72، 74، 75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموارکراو.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

دانیشتنەکەمان بە ناوی گەلی کوردستانەوە دەست پی دەکەین، بەرنامەی کار خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی پێنجەم، دانیشتنی ژمارە (1)، رۆژی دانیشتن (2018/6/26)، بەرنامەی کار بە پێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عێراق، ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموارکراو، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا دانیشتنی ژمارە (1)ی خولی بەهارەی ساڵی پێنجەم لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان لە کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی پێنج شەممە، رێکەوتی (2018/6/26) بێت، بەرنامەی کاری دانیشتنەکە بەم شێوەیەیە:-
یەکەم: گفتوگۆکردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە لەلایەن لیژنەی کاتی بۆ پێداچوونەوەی پەیڕەوی ناوخۆ ئامادەکراوە، بە پێی بڕیاری ژمار (26)ی ساڵی (2014)، بڕگە (8) لە ماددەی (56)ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموارکراو، پاڵپشت بە ماددەی (94)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموارکراو.
دووەم: گفتوگۆکردنی پڕۆژە یاسای بەرکارکردنی یاسای هەمواری (20) یاسای میلاکات ژمارە (25)ی ساڵی 1960ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان، بە پێی ماددەکانی (72، 74، 75) لە پەیڕەوی ناوخۆ لە پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموارکراو.

سێیەم: گفتوگـۆکردنی پـڕۆژە یاسـای بەرکـارکردنی یاسـای نەهێشـتنی بازرگـانی بە مـرۆڤ ژمـارە (28)ی سـاڵی (2012)ی عێـراق لە هەرێمـی کوردسـتان بە پێـی ماددەکـانی (72، 74، 75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموارکراو.
چوارەم: خوێندنەوەی یەکەمـی ئەم پـڕۆژە یاسـا و بڕیـارانەی خـوارەوە بە پێـی مـاددەی (71) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراوبێت:-

8- پڕۆژە یاسای بەرکارکردنی یاسای دەستەبەری تەزمین ژمارە (31)ی سـاڵی (2015) لە هەرێمی کوردستان.
9- پڕۆژە یاسای ئەکادیمیای زانستی سریانی لە هەرێمی کوردستان.
10- پڕۆژە یاسای بەرکـارکردن و هەمـوارکردن و جێبەجێکردنـی یاسـای نەهێشـتنی بازرگانیکردن بە مرۆڤ ژمارە (28)ی ساڵی (2012)ی عێراقی لە هەرێمی کوردستان.
11- پــڕۆژە یاســای هەمــواری یەکەمــی یاســای دابەشــکردنی دەســەڵاتەکانی سـەرۆکایەتی هەرێـم بەسـەر دامەزراوە دەسـتووریەکانی هەرێـم ژمـارە (2)ی سـاڵی (2017).
12- پڕۆژە یاسای ئەنجومەنی کاروباری ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان.
13- پڕۆژە یاسای هەمواركردنی یاسای بەرنگاربوونەوەی تیرۆر ژمـارە (3)ی سـاڵی (2006) لە هەرێمی کوردستان.
14- پڕۆژە بڕیاری بە جینۆساید ناساندنی کارەساتی شنگال.

پێنجەم: پێشاوخسـتنی دەسـت لەکـار کێشـانەوەی ئەنـدام پەرلەمـانی بەڕێـز (سـعید محمـد سعید) لە لیژنەی مافی مرۆڤ، زیادکردنی بەڕێزیان بۆ سەر لیژنەی کاروبـاری پێشـمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زینـدانیانی سیاسی، بە پێـی مـاددەی (44) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموارکراو.
شەشـەم: پێشاوخسـتنی دەسـت لەکـار کێشـانەوەی ئەنـدام پەرلەمـانی بەڕێـز (مصـطفی احمـد حمـد) لە لیـژنەی ئەوقـاف و کاروبـاری ئـاینی، زیـادکردنی بەڕێزیـان بـۆ سـەر لیـژنەی کشـتوکاڵ و سـەرچاوەکانی ئـاو، بە پێــی مـاددەی (44) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموارکراو.
حەوتەم: گفتوگـــۆکردنی پـــڕۆژەی پـــڕۆژە یاســـای درێژکـــردنەوەی کـــارکردن بە یاســـای بەرنگـــاربوونەوەی تیـــرۆر ژمـــارە (3)ی ســـاڵی (2006) لە هەرێمـــی کرودســـتان، بە پێـــی ماددەکـانی (72، 74، 75) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان ژمـارە (1)ی سـاڵی 1992ی هەموارکراو.
هەشـتەم: گفتوگـۆکردنی پـڕۆژەی پـڕۆژە یاسـای هەمـواری (30)یەمـی یاسـای پـارێزەرایەتی ژمـارە (17)ی سـاڵی 1999ی هەمـوارکراو لە هەرێمـی کوردسـتان، بە پێـی ماددەکـانی (72، 74، 75) لە پەیـــڕەوی نـــاوخۆی پەرلەمـــانی کوردســـتان ژمـــارە (1)ی ســـاڵی (1992)ی هەموارکراو.
نـۆیەم: گفتوگـۆکردنی پـڕۆژە یاسـای هەمـواری چـوارەمی یاسـای صـندوقی خانەنشـینی پـارێزەرایەتی ژمـارە (18)ی سـاڵی (1999)ی هەمـوارکراو لە هەرێمـی کوردسـتان، بە پێـی ماددەکـانی (72، 74، 75) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان ژمـارە (1)ی سـاڵی (1992)ی هەموارکراو.
بەڕێـــزان، داوا لە بەڕێـــز ســـکرتێری پەرلەمـــان دەکەم روونکـــردنەوەی پێویســـت لەســـەر خاڵەکانی ئەوەی پەیوەستن بە دانیشتن پێشکەش بە دانیشتنەکە دەکات.

**بەڕێز بێگەر دڵشاد تاڵەبانی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

حەفتەی دانیشتنی دەستپێك (2018/5/7) بەم شێوەیەی خوارەوەبوو:-

1- یەك دەقیقە وەستان بۆ گیانی پاكی شەهیدان.
2- كردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی پێنجەمی خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمانی كوردستان لەلایەن بەڕێز جێگری سەرۆكی پەرلەمان.
3- خوێندنەوەی وتاری دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان لەلایەن بەڕێز جێگری سەرۆكی پەرلەمان.

بەڕێزان، ئێمە بۆ دانیشتنی رابردوو، یەعنی دانیشتنی دەستپێك غیاباتمان وەرنەگرت لەبەر ئەوەی كە لە دانیشتنی دەستپێك بوو، بۆیە هەموو ئەو بەڕێزانەی كە ئامادە نەبوون وەكو مۆڵەت بۆیان حیسابكراوە، ئەو بەڕێزانەی كە بۆ دانیشتنی ئەمڕۆ داوای مۆڵەتیان كردووە (صالح بشار ئاغا، خەلەف احمد، وەحیدە یاقۆ، یروانت نیسان، بەهزاد دەروێش، شێركۆ جەودەت، حسین اسماعیل حسین، محمود حاجی عمر، شێركۆ حەمە امین، برزۆ مجید، عادل عزیز، پەروا علی، باپیر كاملا، ڤەمان فیصل، تحسین اسماعیل احمد، شیلان جعفر علی، ئومێد عبدالرحمن حسن، زیاد حسین، ئاری محمد هەرسین، ئایدن معروف، سالار محمود، عباس فتاح، ئاواز جنگی، د.عزت صابر، تەلار لطیف).

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان پێش ئەوەی دەست بە بەرنامەی كار بكەین پێویست بە روونكردنەوەیەك دەكات پێشكەش بە ئێوەی بەڕێز بكەین، نوقتە نیزامیەكان وەردەگرین، بەڵام لەسەر بەرنامەی كار ئەو روونكردنەوەیە دەمانەوێت ئەو راستیە پێتان رابگەیەنین كە بەداخەوە پڕۆژەی چاكسازی تووشی وەزعێكی وا بووین كە نەدەكرا بی حكومەت جارێكی تر ئەم پڕۆژەیە لە ناو هۆلی پەرلەمانی كوردستان بەردەوام بێت، دەبوایە رەئی حكومەت بە تەواوەتی رەئی كۆتایی وەربگیرێت، حقیقەت لە رووی هەماهەنگی ئەگەر بگەڕێتەوە بۆ هەماهەنگی تەواو نەبێت كۆتایی دانیشتنی هەردوو لیژنەی یاسایی و دارایی بە سوپاسەوە ئێمە خۆمان دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان كە ئەركی ئێمەیە سەرپەرشتی ئەو دانیشتنەمانكرد بۆ ئەوەی بایەخەكی زیاتر بەو پڕۆژەیە بدەین، ئەو راپۆرتە هاوبەشە ببێتە راپۆرتی هاوبەشی كۆتایی بتوانین دانیشتنێكی پەرلەمانی بەرهەمدار لەسەر ئەم پڕۆژەیە ئەنجام بدەین، دواتر كە لە كاتی ئاگاداركردنەوەی بەڕێزان لە ئەنجومەنی وەزیران دیاربوو ئەوان بۆ ئەو كاتە بۆ ئەو دانیشتنە خۆیان ئامادە نەكردبوو لە رووی تەكنیكی، لە رووی ئەوەی كە ئامادەكاری پێویست بۆ ئەو گۆڕانكاریانەی بەسەر پڕۆژەكەدا هاتبوو، دیارە لە ئەنجامی دوایین كۆبوونەوەی هاوبەشی لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی چەندین گۆڕانكاری پێشنیاركرابوون، دیارە حكومەت ئاگاداری ئەوە نەبوو ئێمەش بۆ ئەوەی دەرفەتی زیاتر بە تیمی حكومەت بدەین، چونكە لە ئەسڵدا ئەم پڕۆژە لەلایەن حكومەتەوە بۆ پەرلەمانی كوردستان هاتبوو پێویستیەكی نیشتیمانیە، ئەو پێویستیە نیشتیمانیەش بەردەوامە، ئەمڕۆ و بۆ بەیانیش دڵنیام هەم لەلایەن حكومەتەوە، هەم لەلایەن پەرلەمانی كوردستانەوە دەبێت ئەوپەڕی بایەخ بەو پڕۆژەیە بدەین، چونكە ئەو پڕۆژەیە نە بۆ كاتێك بوو، نە بۆ ساتێك بوو، نە بۆ مانگێك بوو، بۆ قەیرانێك بوو، پڕۆژەیەكی ستراتیجیە بۆ ئەوەی كارگێری و دارایی لە كوردستان بە شێوازێكی سەقامگیر بەڕیوەبچێت، بەهەرحاڵ ئێمە بۆ ئەوەی لەم بەرنامەی كارەمان دانەنا بە هۆی ئەوەی حكومەت خۆیان دانشتنێك لەسەر ئەو پێشنیارانە بكەن، چونكە ئەو راپۆرتە بۆ حكومەتمان ناردووە، ئاراستەی حكومەتمان كردووە، دواتر كۆبوونەوەیەكی هاوبەش لە نێوان هەردوو لیژنەی پەرلەمانی

یاسایی و دارایی لەگەڵ تیمی حکومەت دانیشتنێکی تر ئەنجام بدەن وەکو پێشتر، ئەو رێکارانەی کە پێشتر ئەنجامدرابوون ئێمە دووبارە دەکەینەوە، دواتر دانیشتنێکی پەرلەمانی دیاری دەکەین لە پەرلەمانی کوردستان بەرنامەی کار دادەنێین، حەتمەن دەبێت لە بەرنامەی کار دابێت بۆ ئەوەی بەردەوام بین، ئێمە ئەو روونکردنەوەیەمان پێشکەش بە ئێوە دەکەین، خاڵەکانی نیزامی وەردەگرین، دووبارە نەبن ئەو خاڵە نیزامیانە، بە تەئکید خاڵی نیزامی بن، خاڵێکی نیزامی نەبن ئەو بەڕێزەی خاڵێکی تر یان بابەتێکی تر پێشکەش بکات لەم دانیشتنە بە رێکاری پەیڕەوی ناوخۆ بی بەش دەکەم، دواتر دەستیشی بەرز بکاتەوە وەکو خاڵی نیزامی وەری ناگرم، کاك بێستون فەرموو.

**بەڕێز بێستون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەم بەرنامەی کارەی ئەمڕۆ جەلسەی پەرلەمانی لەسەر کراوە و ئێمە لێرە دانیشتووین لە حەقیقەتدا من لە گرنگی کەم ناکەمەوە بابەت و پڕۆژەی گرنگی تێدایە، بەڵام لەمەدا گرنگتر و لەمە پەیوەست تر بە ژیانی خەڵکەوە لە راستیدا لە ماوەکانی رابردوو بە ئیمزای پێویستی ئەندامانی پەرلەمان ئاراستەی جەنابتان کراون، بەڵام لە ماوەی سی مانگی رابردوودا نە جەلسەی پەرلەمان کراوە، نە بەڕێزتان هیچ یەکێك لەو پڕۆژانەتان نەخستۆتە بەرنامەی کارەوە، یان وەڵامێکتان داوەتەوە، بە ئیمزای پێویستی ئەندامانی پەرلەمان داوامان کرد دانیشتنێکی پەرلەمان تایبەت بکری بە بەزاندنی سنوورەکان لەلایەن حکومەتی تورکیاوە، دیسان بە ئیمزای پێویستی ئەندامانی پەرلەمان داوای دانیشتنێکمان کرد لەسەر رووداوەکانی دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا، دەزانم هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق پەیوەندی بەم پەرلەمانەوە نییە، بەڵام دەرئەنجامەکانی دوای راگەیاندنی نەتیجەکە پەیوەندی بەوە هەیە، بۆیە هیوادارم ئەو پڕۆژانەی کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە تایبەتن بە ژیان و گوزەرانی خەڵك و بابەتی هەنووکەیی کۆمەڵگان بە هەند وەربگیرێت کە ئێمە ئاراستەی جەنابتانی دەکەین، خاڵی دووەم، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە زۆرجار گلەیی دەکەین کە سولتەی تەنفیزی قەرارات و پڕۆژە پەسەندکراوەکانی پەرلەمانی کوردستان و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان پێشێل دەکات، بە داخەوە ئێوە بەڕێزت جێگری سەرۆکی پەرلەمان و بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ئەو بابەتانەی کە لە ناو پەرلەماندا دەنگی لەسەر دەدری و پەسەند دەکری یان دەبێت بە بڕیار ئێوە بۆ خۆتان پێشێلی دەکەن، لە دوایین دانیشتنی دەنگدان و پەسەندکردنی پڕۆژە چاکسازیەکەی حکومەت لەم هۆلی پەرلەمانەدا بەڕێزتان پێشنیارتان کرد کە دانیشتنەکە بە داخراوی بە ڕیوە بچێت و لەلایەن بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانەوە دواتر دەنگی پێویستی هێنا و ئەو تەرحەی ئێوە پەسەندکرا و دانیشتنەکە بوو بە موغەلەق، ئێوە دوای ئەوە پێچەوانەی ئەم دەنگدانەی نێو پەرلەمان کە ئێوە ئەو دەسەڵاتەتان نیە و پێچەوانەی ئەو تەرحەی خۆشتان چوون دانیشتنەکەتان مەقتەعێك بە لایەنداری، ئێوە دەبوو لە هەموو فراکسیۆنەکاندا وەکو یەك چاو سەیری هەموومانتان بکردایە، بەڵام بە لایەنداری بەڕێزتان مەقتەعێك لە ڤیدیۆیەکتان بەڵاو کردەوە کە ئەو ڤیدیۆیە ئەو دانیشتنە بە دەنگی ئەندامانی پەرلەمان کە کرابوو بە داخراو، یان دەبوو هەمووی بەڵاو بکرێتەوە، یان بڵاوکردنەوەی ئەو مەقتەعە من پێموایە پێچەوانەی دەنگدانەکەی پەرلەمان و پێچەوانەی تەرحەکەی بەڕێزتان بووە و دەسەڵاتی جەنابیشتان نەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس كاك بێستون تێبینیەكانت وەرگیران، بیستران، بە تەئكید بەرنامەی كاری ئەم دانیشتنەش وەكو هەموو دانیشتنەكان دەبی بە گرنگی وەربگیرێ، پەرلەمان خۆی ئەركەكانی پەرلەمان هەمیشە دەبی بە چاوێكی گرنگ سەیر بكرێت، لە ڕووانگەی حیزبی و سیاسی سەیر نەكرێت، لە ڕووانگەی نیشتیمانی سەیر بكرێت، ئەوەی پەیوەستە بە بەزاندنی سنوورەكان بە تەئكید سنوورەكانی كوردستان لای هەموو لایەك دەبی بایەخی تەواوی پی بدرێت، ئەو بابەتە پەیوەستە بە ئەمن و ئاسایشی نیشتیمانی هەرێمی كوردستان، هەرچی نیگەرانیەك بەزاندنی سنوور هەبێت پێشێلكاریەك هەبێت لەو بابەتە یاسا نێودەوڵەتیەكان لەو بارەوە، ئێمە لە پەرلەمانی كوردستان جیهەتی ڕەقابینە، جیهەتی تەنفیزی نین، ئاڕاستەی حكومەتی هەرێمی كوردستان دەكەین خۆیان بە وردی بە تەئكید چاودێری دەكەن، هەر ئەركێك بكەوێتە ئەستۆی حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ پاراستن، بۆ شەرمەزاركردن ئەنجامی دەدەن، بەڵام پرسی تر تەنها لە میدیا باس بكرێت، یەعنی هەر داتایەك و هەر زانیاریەك پشت ڕاست نەكرابێتەوە لەلایەن حكومەتەوە ئێمەی پەرلەمانی كوردستان جاری ئەو بابەتە بەڕاستی ناخەینە بەرنامەی كارەوە، بەڵام ئەو كاتەی حكومەت بێتە سەر خەت و گرنگی بابەتەكە هاوبەش بێت پەرلەمان و حكومەتی هەرێمی كوردستان بە تەئكید لەلایەن هەر فراكسیۆنێك بێت، لەلایەن هەر ئەندامێكی پەرلەمان بێت ئێمە ئەو بابەتانە بە هەند وەردەگرین، ئەوەی پەیوەستە بە پرۆژەی چاكسازی، دووبارەی دەكەینەوە حەقیقەت پرۆژەی چاكسازی جوهدێكی یەكجار زۆر سەرفكراوە بۆ ئەو پرۆژەیە ببێت بە یاسا، لەلایەن لیژنە مەعنیەكان بەڕاستی كارێكی باشكراوە، تیمەكانی حكومەت حزوری باشیان هەبوو، موناقەشاتی باشكرا، بەداخراوی بوون بۆ ئەوەی ئەو هەستیاریەی ئەو وەزعەش لەبەر چاو بگرین، ڕای گشتی موتابەعەیەكی وردی ئەو پرۆژەیەی دەكرد، مافی خۆیانە، قوتی ژیانی خەڵكە، بژێوی خەڵكە، دەبێت بەدواداچوونی بۆ بكەن، بەڵام وای لێهات بەڕاستی لە سیاقە ڕێكارە تەندروستیەكە دەرچوو، گەیشتە ڕادەیەك هەموو پەرلەمان تۆمەتبار بوو و خەڵكانێك خۆی كردبووە قارەمان لە دەرەوەی پەرلەمان، یەعنی حاڵەتێكی نا تەندروست پەیدابوو لەسەر ئەو پرۆژەیە، كی هۆكار بوو، ئێمە ناچینە ئەو بابەتەوە، ئەو مەقتەعەی كۆتایی، بەڵام بەڕاستی داواكرا، یەعنی (56) ئیمزا هات لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمان، یەعنی داوایانكرد گوتم مادام وای لێهاتووە هیچ نهێنیەك لە ناو ئەو دانیشتنانە نەماوە، هەمووی بەڵاو كراوە، بە شێوازی لێدوان بەڵاو كرایەوە، بە شێوازی گرتەی ڤیدیۆیی بەڵاو كرایەوە، حەز دەكەین بۆ مێژوو با خەڵكی كوردستان ببینێت ئایا ئەو یاسایە بە كۆدەنگی پەسەندكراوە یان بە كۆدەنگی نەبووە لەسەر ئەوە، تەنها ئەو بڕگەیە ئێمە دەسەڵاتی خۆمانمان بەكارهێنا و بڕیارمان لەسەر دا، خاڵێكی تری نیزامی وەردەگرین، بەڕێز عمر عینایەت فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم خۆشە جەنابت سەرەنجی ماددەی (78) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان بدەی یاسا و بڕیارەكان لەلایەن سەرۆكی پەرلەمانەوە لە ماوەی (10) ڕۆژدا لە ڕێكەوتی پێگەیشتنی دەردەكرێن، بۆی هەیە لەو ماوەیدا داوای چاو پی خشاندنەوەی پرۆژە یاسا یان بڕیارەكە یان لە هەندێك بەشیدا بكاتەوە، ئەگەر پەرلەمان پێی داگرت لەسەر ڕای خۆی ئەوە یاساكە بە كۆتایی هات و پێویست بە دەرچوواندن و هەژمار دەكرێت، ئەمە دەقی ماددەی (78)ی پەیڕەوی ناوخۆیە، من ئەوە ڕەبت دەكەمەوە بە پرۆژەی چاكسازی، پرۆژەی

چاكسازی حكومەت هاتە ئێرە رەئی خۆیان پێداوین، ئێمە بە پەسەندكراوی بڕیارێكمان دەركردووە، كەواتە لە ماوەی (10) رۆژدا دەستەی سەرۆكایەتی بە بێی بوونی حكومەت دەیتوانی ئەو پڕۆژەیە بێنێتەوە ناو هۆڵی پەرلەمان، چونكە دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان خۆی یاساكەی گەڕاندەوە، بەشێك لە یاساكەی گەڕاندەوە، لەبەر ئەوە بە رەئی من ناكرێت ئێمە لەسەر حكومەت بووەستین، چونكە رای حكومەتمان وەرگرتووە، لێرە وەزیری دارایی هاتووە، وەزیری شەهیدان هاتووە، سكرتێری ئەنجومەنی وەزیران لێرەبووە، بە رەئی من دەبوایە جارێكی تر ئێمە پێویستمان بەوە نەبوو گفتوگۆ لەگەڵ حكومەت بكەینەوە، لەبەر ئەوەی ئەو بابەتە رەئی حكومەت وەرگیراوە، دەستەی سەرۆكایەتی دەیتوانی بیهێنێتەوە ناو هۆڵی پەرلەمان لەم جەلسەیەی دەمانتوانی ئەو پڕۆژەیە گفتوگۆی تەواوی لەسەر بكەین، ئەو بەشانەی كەوا رای گشتی بڵێین نارەزایەتی لەسەر دەربڕیووە، لەسەر رای گشتی دەستەی سەرۆكایەتی ئەمەی گەڕاندەوە، لە ناو هۆڵی ئەم پەرلەمانە ئەمڕۆ چارەسەرمان بكردایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوەی بەڕێزت باسی لێوە دەكەی پێچەوانەی ئەوەیە كە هەر بابەتێك رەهەندی دارایی هەبێت دەبێت حكومەت حزوری هەبێت، دەبێت حكومەت هەماهەنگی تەواوی لەگەڵ پەرلەماندا ئەنجام بدرێت، ئەوە خاڵێكە، حەقیقەت پێداچوونەوە بۆ ئەوەش دەكەین كە بزانین بە چ شێوازێك، بەڵام بەهەرحاڵ حكومەت ئامادە دەبێت، یەعنی ئەوە نیە بڵێین ئەو بابەتە ئەوەیە حكومەت خۆی لی بدزێتەوە، یان پەرلەمان خۆی بدزێتەوە، یان ئەو فراكسیۆن و ئەو فراكسیۆن، ئەو بابەتە گەیشتۆتە رادەیەكی باش و كاری باشی لەسەر كراوە، ئەوەی ماوە كەمە، لێتان ناشارمەوە ماددەی (3) بووە گری كۆرەكەی ئەم پڕۆژەیە، یەعنی بۆ وای لێبێت پڕۆژەیەك لەسەر ماددەیەك پەك بكەوێت، لەبەر ئەوە ماددەی (3) موناقەشەی باشكرا ئەم دواییە لەسەری، ماددەی (10) بابەتێكە پەیوەستە بە حكومەتەوە، یەعنی بمانەوێت و نەمانەوێت مەسەلەی دەرماڵە مەسەلەیەكی كەم نیە، ئێمەی پەرلەمان لێرە زۆر مەسەلە مەسەلەی هونەرینە، یەعنی تەكنیكینە، ئێمە لێرە كە ئەو توانایەمان نیە دەرماڵە لێرە چارەسەری بكەین، بەهەرحاڵ داوا لە حكومەت دەكەین و داوامان كردووە كە خۆیان رەئی كۆتاییمان پی بدەن و ئامادەبن.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من مەبەستم بوو حكومەت رەئی خۆی داوە، داوای لێبوردن دەكەم، حكومەت رەئی خۆی لە جەلسەكە داوە و پڕۆژەكەش پەسەندكرا، ئێمەی پەرلەمان گەڕاندمانەوە، حكومەت داوای نەكرد بگەڕێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز بێگەرد خان تێبینیەكی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ماددانەی كە گەڕێندراوەتەوە بۆ پەرلەمان و لە لیژنە پەیوەندیدارەكان دوای ئەوەی كە موناقەشەكراوەتەوە، رای حكومەت وایە كە بە تەواوەتی ئاڵوگۆڕی سەد لە سەد لەسەر ئەو ماددە و بڕگانە هاتووە كە حكومەت لە پڕۆژە بنەڕەتیەكەی ناردویەتی بۆ پەرلەمان، لەبەر ئەوە ئێستا ئەوان دووبارە داوای ئەوەیان كردۆتەوە كە لە پەرلەمان پێش ئەوەی كە بێتەوە ناو هۆڵی پەرلەمان وەجهە نەزەری خۆیان بە پەرلەمان و بە لیژنە

پەیوەندیدارەکان بڵێنەوە، چونکە وەکو گوتم ماددەکان سەد لە سەد ئاڵوگۆڕی لەسەر کراوە، بەشێك لە ماددەکان دەرهێنراون لە ناو یاساکە لەوەی کە پەیوەندیدارە بە دەرماڵەکان، بەشێکی تر لەو ماددانەی تر ئاڵوگۆڕی تەواوەتیان بەسەرداهاتووە، بۆیە ئەوان پێیانوایە کە وەجهە نەزەرێکی جیاوازتریان هەیە، پڕۆژە بنەڕەتیەکە وەکو خۆی نەماوە، لەبەر ئەوە داوایان کرد کە دووبارە لە نێوان حکومەت و پەرلەمان راوێژی تر هەبێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

چوار بەڕێزی تر خاڵی نیزامیان هەیە، دواتر دەست بە بڕگەی یەکەم دەکەین لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆ، تکایە بە کورتی و پوختی، بەڕێز ڕێواز خان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز/سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها بۆ بەرچاو روونی ماددەی (78) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان حوکمەی نەماوە لە ناو پەیڕەوەکەدا، لەبەر ئەوەی بووە بە بڕگەی یەکەم لە ماددەی (10) لە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی (2005)، بە گوێرەی یاسای ژمارە (2)ی ساڵی (2018) بووە بە بڕگەی (1) لە ماددەی (1)، ئەو دەسەڵاتە بەو شێوەیە نەماوە کە بەڕێز کاك عمر خوێندیەوە، ئەو ماددەیە مولغابووە لە ناو یاساکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز گەشە دارا فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بەراستی ئەم بەرنامەی کارە کە بەڕێزتان داتانناوە دێی سەرەڕای ئەم کێشمە کێشم و قەیران و نەبوونی و نەداری خەڵکی کوردستان، وەڵامی بەڕێزتان ئەوەیە کە حکومەت ئامادەبێت، لە کاتێکدا پێشتر حکومەت داوای دەکرد و دەیویست تۆپەکە لە ساحەی پەرلەمانی کوردستانە ئەگەر ئەو یاسایە دەرچێت ئێمە پاشەکەوتی مووچە هەڵدەگرین، ئەوەبوو لە میدیاکان وەزیری دارایی خۆی قسەی دەکرد و لەملاو لەولاش لە کۆبوونەوە بیستوومانە کە باسیان کردووە، بۆیە هیوادارم کاتێك یان زەمەنێك دابنێن بۆ حکومەت، بۆ ئەوەی کە بێنە ناو هۆلی پەرلەمان ئەگەر نا ئێمە خۆمان ئەو یاسایە پەسەند بکەین و ئەو ئۆباڵە لەسەر ئەستۆی خۆمان لاببەین کە دەبێتە مایەی دڵخۆشکردنی خەڵکی کوردستان و لابردنی پاشەکەوتی مووچە کە یەکێکە لە خاڵە هەرە گرنگەکانی، بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئەوە بۆ چەندەمین جارە ئێمەی پەرلەمانتاران دوو یاداشتمان داوە بە بەڕێزتان بۆ بانگهێشتکردنی کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، نازانم پرسیارەکە لە بەڕێزتان دەکەم ئایا ئێوە نایانێرن؟ یاخود ئەوان وەڵامیان نیە، بەراستی ئەگەر هەردووکی بێت بەراستی من پێموایە ئەوە جێگەی داخە، ئەگەر ئێوە نەینێرن کەمتەرخەمیە لەلایەن بەڕێزتانەوە، بەڵام ئایا بۆ وەڵامان نادەنەوە ئەگەر ناردووتانە بە نووسراوێك ئەوە ئێمە یاداشتەکەمان ناردوون بۆ کۆمسیۆن وەڵامیان نەبووە، یاخود ئەوە وەڵامەکەیانە ئەگەر وەڵامیان هاتۆتەوە، ئەگەر وەڵامیان نیە، من نازانم سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی بانگ دەکەین، وەڵام نادەنەوە بەڕێزتان بی دەنگن، وەزیر بانگ دەکەین وەڵام نادەنەوە ئێوە بی دەنگن، کۆمسیۆن کە نەصی ماددەی (4) کە دەڵی دەبێت خازع بێت بۆ چاودێری پەرلەمان، ئێمە دووجار کۆمەڵێك پەرلەمانتار بانگمانکردوون وەڵام نادەنەوە، ئێوە بۆ بی دەنگن، من ئەوە دەخەمە ئۆباڵی ئەستۆی

ئێـوە لە کەم سـەیرکردنی دامودەزگاکـانی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان بەرامـبەر بە پەرلەمانی کوردستان، ناکرێت کۆمسیۆن هیچ وەڵامێکی نەبێت بـۆ یاداشـتی پەرلەمانتاران و ئامادە نەبن لە ناو هۆڵی پەرلەماندا، بزانین کە لە مانگی (9)دا بڕیارە هەڵبـژاردن بکرێـت، ئایـا نابێـت پەرلەمانتـاران بـزانن رێکـارە یاسـاییەکان چـی کـراوە، ئامادەکـاری چـی کـراوە، بـۆ ئەوەی کە هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد دوور لە ساختەکاری بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەندێك روونکردنەوە پێویستن، لەلایەن ئێوەش زۆر پێویستە، لای ئێمەش پێویسـتە وەڵام بـدەینەوە، ئەم بەرنامەی کـارە خۆتـان پەسـەندتان کـردووە، بە درێژەدانـی بەرنـامەی کـاری پێشـووترە، یەعنـی تەنهـا بڕگەی چاکسـازی لە نـاو بەرنـامەی کـاردا دەرمـان هێنـاوە بەهـۆی ئەوەی کە ئەوە قەناعەتی دەستەی سـەرۆکایەتی و تەسـەور دەکەم بە رێکارەکـانی یاسـای ئەم پەرلەمـانەیە دەبێـت حکـومەت ئامادەبێـت، ئەسـڵی پـڕۆژەکە لـای ئەوان هـاتووە و هەمـوارکراوە، لەلـایەن ئـێمەش دەسـتکاری کـراوە، دەبێـت تەوافقێـك لەسـەر ئەم پـڕۆژەیە دروسـت بکرێـت، ئەوەی پەیوەسـتە بە نـاردنی نووسـراو بـۆ کۆمسـیۆن، نووسـراوەکە و پرسیارەکان و ئامادەکاریەکان ئـێمەش موتـابەعەی دەکەیـن و ئێـوەش دەیـکەن، لیژنەکـانی پەرلەمـانیش دەیـکەن، چەنـدین جـارە سـتافی کۆمسـیۆن هەمـووی هـاتووە لە لیژنەکـانی پەرلەمانی روونکـردنەوەی پێویسـت بە ئێـوە پێشکەشـکراوە، ئەوە بەردەوامە، یەعنـی ئێـوە یاداشت دەنێرن، بەڵی ناردوومانە بۆ کۆمسیۆن، وەڵامەکەش بـۆ ئێـوە دێـت، بـۆ حکـومەت چووە لە یەك حەفتەدا دوو، سی وەزیـر لە نـاو لیژنەکـانی پەرلەمـانی هـاتوونە لە لیژنەکـان بەشـداریان کـردووە لە کۆبـوونەوەی لیژنەکـان، لەبەر ئەوە بـا بەو چـاوە سـەیری یەکتـر نەکەیـن کە کەمتەرخەمـی یـان بە چـاوی ئەوەی کە لێـرە و لەوی یەعنـی بە حەقـیقەت بە ئینتقـایی کارمـان نەکـردووە و بە ئینتقـاییش کـار نـاکەین، یەعنـی هەر یاداشـتێك لەلـایەن فراکسـیۆنێکی پەرلەمـانی و ئەنـدامانی پەرلەمـان هاتبێـت بە بایەخمـان وەرگرتـووە، قەناعەتمـان پـی هەبێـت یـان پـی نەبێـت، لەگەڵ رەئـی ئـێمە گونجابێـت یـان نەگونجابێـت ئاڕاستەمان کردووە، ئەوە ئەرشیفی پەرلەمانیشە ئەوە دەسەلمێنێت لە دیوانی پەرلەماندا سـەیر بـکەن ئەو نووسـراوانەی ئاڕاسـتەکراون بـۆ ئەنجـومەنی وەزیـران و بـۆ وەزیـرە بەڕێزەکان، بۆ فەرمانگەکان، بۆ داواکاری گشتی، بۆ دەست پـاکی، هەمـووی ئاڕاستەکراوە، بەڕێز علی حەمە صالح فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بەو بـابەتەی کە بەڕێـز کـاك عمـر ورووژانـدی و وەڵـام درایەوە دیـارە دەرهێنـراوە لەبەر ئەوەی لە یاسـای سـەرۆکایەتی هەرێمـدا موعـالەجەکراوە، دواتـر لە دابەشـکردنی دەسـەڵاتەکاندا سـەڵاحیەتەکە گەڕاوەتەوە بـۆ بەڕێزتـان، تەنهـا (10) رۆژەکە کـراوە بە (15) رۆژ، واتە هیچ نەگۆڕاوە، وەکو خۆی هەر بەشێکی یان قانونەکە دەگەڕێتەوە پێویستە لە ماوەی (10) رۆژەکە گۆڕاوە بۆ (15) رۆژ موعالەجە بکرێت، بەڕێز سـەرۆکی پەرلەمـان، ئێمە هەر لە چوارچێـوەی کـاری پەرلەمـانی ئەوە رێـك رەبـت دەکەمەوە بە قـانونی چاکسـازی لە (11/6) داوامـانکرد ئەنجـومەنی هەرێمـی بـۆ نەوت غـاز لە پەرلەمـان ئامادەبێـت، ئەوە هەشـت مانـگ تـی دەپەڕێـت، لە کاتێکـدا بەرێـزت بابەتێـك وروژانـد کە پێویسـتە رەئـی حوکمەت وەربگیرێت بۆ بابەتی دارایی، نەخێر، لە شـوێنێکی قـانونی نییە رەئی حکـومەت بەڵکو پێویستە پەرلەمان رەچاوی دۆخی دارایی بکات، ئێمە رەچاوی دۆخی داراییمانکردووە لەمـانە، ئـێمە تووشی بابەتێك بـووین کە پێویستە ئێـوە هاوکـاربن، بـۆ نمـوونە مـن پرسـیار ئاڕاستەی وەزیری سامانە سرووشتیەکان دەکەم، دەڵێم بەڕێـز جەنـابی وەزیـر مـاوەی (13) مانگە نرخـی نەوت هەر چەنـدێك بێـت جەنابتـان (375)ملیـار دینـار دەهێنەوە کە بەرمیلێك

(32)دۆلارە، مانگی پێشوو (375)ملیار هاتووە لە بەرمیلێك (32)دۆلار ماوەتەوە كە نەوت (77)دۆلارە، ئەوەكەی تر چی لێدێت، دەڵێت پرسیار ئاڕاستەی ئەنجومەنی هەرێمی نەوت و غاز بكە، لە كۆبوونەوە بە ئەنجومەنی هەرێمی نەوت و غاز دەڵێم دەڵێن بڕۆ لە وەزیری سامانە سرووشتیەكان بپرسە، ئەگەر نەشهێن بۆ ئێرە ئەم موناقەشەیە رووبدات ئەی رەچاوكردنی دۆخی دارایی بۆ ئێمە بەوە ناكرێت ئەو بلێت پارە نییە منیش دەڵێم بەڵێ، وەزیری دارایی بە من دەڵێت پارە نییە، دەڵێم بۆ پارە نییە دەڵێت هەموو مانگێك ئێمە (375)ملیار دینار وەردەگرم و حەقم بە پارەی نەوتەوە نییە داهاتی نەوت چەندێكە، واتە ئێمە رەچاوی دۆخی داراییمانكردووە بەوەی تابلۆ گەورەكە دەبینین، كە داهاتی نەوت چەندە، ئەوەی كۆمسیۆنیش و ئەوەی لیژنەكانیش كە بەڕێزیشت باستكرد، هەموو ئەوانە راستن، بەڵام لیژنە نابێتە بەدیلی جەلسەی پەرلەمان، جەلسەی پەرلەمان راستەوخۆیە، پەرلەمانتار پرسیار لەسەر تۆماری دەنگدەران دەكات، لەسەر نەزاهەتی هەڵبژاردن دەكات، هەندێك بڕیار رەنگە پێویستە، خەڵك دەیبینێت، متمانە دروست دەكاتەوە بۆ هەڵبژاردن، ئایا لیژنە دەبێت ببێت بەدیلی ئەمە، بە دڵنیاییەوە نابێت، بۆیە هیوادارم لەسەر هاتنی وەزیرەكان، ئێستا مەسەلەن هەندێك برادەر بایكۆتی ئەم دانیشتەیانكردووە لەبەر ئەوەی پێیانوایە بابەتەكان بابەتی ژیانی خەڵك بێت، بەڵام مەسەلەن ئێمە وەكو خۆمان لەبەر گرنگی پەیڕەوی ناوخۆ هاتووین، چونكە زۆر لامان گرنگە، كۆمەڵێك ماددەی تێدایە ژیانی پەرلەمانتاری لە ئایندەدا دیاری دەكات كە رەبتی هەیە بە كۆی كایەی حوكمرانیەوە لە هەرێمی كوردستان، بۆیە من هیوادارم قسەیەكی جدی لەگەڵ حكومەتدا بكەین ئەو یەك دوو مانگە تكایە وەڵامی ئەم پرسیارانەمان بدەنەوە لەبارەی داهاتی نەوت، یان وەڵاممان نادەنەوە، یەعنی وامان لێهاتووە پێمان ناخۆش بێت نەوت گران بێت، چونكە نەوت گران بێت ئۆتۆماتیكی بەنزین گران دەبێت، بەڵام مووچەكە باش نابێت، لەبەر ئەوەی پارەكە ناگەڕێتەوە، بەڵام بەنزین و موشتەقاتی نەوت نرخەكەی گران دەبێت، هەروەها پرۆژەكانیش وەك كاك بێستون گوتی منیش پشتگیری لێدەكەم و هیوادارم بە هەندی وەربگرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز علی حەمە صالح بۆ تێبینیەكانت و تێبینیەكانی ئەندامانی پەرلەمان هەمیشە بایەخ پی دەدرێت، ئێمەش لە دەستەی سەرۆكایەتی بانگهێشتی وەزیرمانكردووە، ئەنجومەنی وەزیرانمانكردووە، لێرە ئامادەبوونە، كە لە دانیشتنەكانی پێشتری پەرلەمان سەیری بكەیەوە دەبینی حزوری حكومەت لە ناو پەرلەمان و هۆڵی پەرلەمان هەبووە، بەڵام ئەگەر وەكو پێویست نەبێت ئێمە هەوڵدەدەین وەكو پێویست بێت، لەو ماوەی ماوە لەو خولەی پەرلەمانی بە تەئكید حزوری بەڕێزان ئەندامانی نەوت و غاز یەكێكە لە پێویستیەكانی نیشتیمانیە، داوا دەكەین و تەئكیدیشی لێدەكەین لێرە ئامادەبن بۆ ئەوەی بەرچاو روونیەكی باشتر بە هاوڵاتیان بدەن، خەڵكی كوردستان نەوت و فرۆشتنی نەوت و ئەو پڕۆسەیە بە كۆی گەیشتووە، داهاتەكان چنە، ئەوە لە رووی شەفافیەتەوە و لە رووی مسداقیەت هەم بو حكومەت و هەم بۆ پەرلەمان ئەوە پێویستە ئێمە تەئكیدی لێدەكەین، بەڕێز مامۆستا عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن علی فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێش هەموو شتێك یەك پرسیار ئاڕاستەی ئێوە دەكەم، لە (3/6)دا دانیشتێك بڕیاربوو بكرێت كە ئەوە كارنامەكەیەتی لەبەر دەستی من دایە، ئەو دانیشتنە بەبی ئەوەی هیچ رایەكی فراكسیۆنەكان و پەرلەمانتاران وەربگیرێت ئێوە بۆخۆتان بڕیارتاندا كە ئەو دانیشتنە

نەکرێت، هەموو کارنامەکە بەو موناسەبەیەوە کارنامەی ئەو دانیشتنە و دانیشتنی (3/6) و دانیشتنی ئەمڕۆش پێموابێت خاڵەکان ئاڵوگۆڕی پێکراوە و هیچ لە مەسەلەکان نەگۆڕاوە، شتێکی تر کە پێمخۆشە زۆر بەراشکاوانەبین لە راستیدا کۆنەبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان ئێمەی پەرلەمانتارانیش خستۆتە مەوقیفێکی حەریجەوە، چونکە بۆ زانیاریتان لە (3/6) کە پشووی یاسادانان دەستی پێکرد بۆ (5/6) دوو مانگ، لەو دوو مانگە دەکرا بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ حاڵەتی نائاسایی یان دانیشتنی نائاسایی کە دروست بوو دانیشتنی بۆ دەرکرێت، بەڵام بە داخەوە هیچمان نەکرد، لەوەش خراپ تر ئەوەیە لە (5/7)ەوە کە دانیشتنی خولی بەهارەمانکرد ئەوە بەهار تەواوبوو و ئێستا هاوینە پەنجا رۆژە دانیشتنێکمان نەکردووە، واتە بە کوردی و بە کورتیەکەی لە ماوەی (110) رۆژدا ئەم پەرلەمانی کوردستانە تەنها توانیویەتی (13) خولەك کۆببێتەوە ئەویش بۆ دەستپێکی دانیشتنەکان بووە، خاڵێکی تر کە پێمخۆشە باسی لێوە بکەم ئەو دانیشتنەی کە دانیشتنی پێشووتر بوو کە بەڕێزت بڕیاری تەئجیل کردنت دا، دەبوایە حکومەت ئامادە نابێت لە دانیشتنەکە، من پێم سەیرە پێش ئەوەی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتیەکان رای حکومەتیان وەرنەگرتووە بۆ ئەوەی ئامادەبن لە ناو دانیشتنەکە، چۆن بڕیاری کۆبوونەوە لە ناو پەرلەمانتاران بانگهێشت دەکات بۆ دانیشتنێکی لەو شێوەیە، بۆیە داواکارم سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان پابەند بکەن بە تایبەت بەو دەنگدەرانەی کە لە هۆلی پەرلەماندا ئەندامانی پەرلەمان دەنگیان لەسەر دا، بۆ نموونە ئێمە باسی یاسای رێگری لە زیادەرەوی کرد کە یاساکەی پێشوومان پەسەندکرد گوتمان دوو مانگ دوای ئەوە یاسایەکی تر دەردەکەین، بابەتی یاسای ئاومان هەیە کە بەداخەوە ئەو هەموو زیادەرەویان هەیە، گرتنەوەی ئاو لەلایەن تورکیا و ئێرانەوە، یەعنی دنیایەك قەیران و تەنگەژە هەبووە پەرلەمان نەیتوانیوە دانیشتن بکات، لە ئاستی پێویستدا نەبووە بەو ئەرکانەی کە لەسەر شانیەتی هەڵبگرێت، خوازیارم چی تر پەرلەمان بەو شێوازە لە سوڕی مردودا نەبێت و بکەوینەوە گەڕ و بتوانین ئەو پڕۆژانەی کە لە قازانجی گشتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا هەیە بیخەینە بەرنامەی کراوە و کاری لەسەر بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا ماجد فەرموو.

**بەڕێز ماجد عثمان توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو تێبینم هەیە، یەکەم: سەبارەت بە دواخستنی پڕۆژەی چاکسازیە کە پێموایە گەشە خان بە شێوەیەك باسی کرد منیش لەگەڵ ئەودام کە حکومەت چاك دەزانێت پێشنیارەکان و ئەو گۆڕانکاریانەی کە دەیەوێت هەموارەکانی کە دەیەوێت بیکات لە پڕۆژەی چاکسازیەکەی، ئێستا ئامادەشی کردووە، یەعنی دەبێت ماوەی بۆ دابنێین لە ماوەی دیاریکراو بۆ ئەوەی وەڵاممان هەبێت لەلای خەڵك، یەعنی بڵێین خیلالی ئەوەندە رۆژە دێتەوە پەرلەمانی کوردستان، ئەگەر کراوەبێت مەعنای هیچمان نەکرد، دیارە دەمانەوێت چاکسازیەکەی دوا بخەین، دووەم: بە نیسبەت بەرنامەی کار، بەراستی من جارێکی تریش ئاماژەم پێکرد هەندی پڕۆژە یاسا هەیە هەرچەندە من رێزم هەیە بۆ هەموو ئەو پڕۆژانەی کە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان مافێکی رەوای خۆیانە پێشکەشی بکەن، لە لیژنەی یاساییەوە ئێمە ماوەی سێ ساڵە تەنها دوو ماددەمان هەیە لە پڕۆژە بڕیاری رۆژی نەتەوەیی تورکمان چەند جار دووبارەمان کردەوە پێنج دەقە ناخایەنی کەچی ئێستا مەسەلەن پڕۆژە دێنن لە بەرنامەی کار دادەنێن لەوانەیە سەد لاپەڕە بێت، باشە دوای

ئەوەش کە ئێمە تەقدیمان کردووە و تەقدیم کراوە ئەو پرۆژەیە، نازانم بۆ دوا دەخری ئەو پرۆژەیە، ئایا لەبیر کراوە، بزر بووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دواتر داوا لە سەرۆکی لیژنەی یاسایی دەکەین روونکردنەوەی لەبارەی ئەو پرۆژە یاسای جەنابتان ئاماژەتان پێکرد روونکردنەوە بدەن، بەڕێز کاك ئومێد حەمە علی فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی یەکەمم تەئکید کردنەوەیە و پشتیوانی لە قسەکانی کاك بێستون فائق و کاك علی حەمە صالح دەکەم، تەئکید لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە بەرپرسیاریەتی ئەنجام نەدانی ئەرکی چاودێرکردنی حکومەت راستە لە ئەستۆی پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانتارانە، بەڵام ئێمە ئەو رۆڵەی خۆمان گێڕاوە، ئەو ئەرکەمان جی بەجی کردووە لە رێگەی کۆمەڵێك یاداشتەوە کە ئاماژەیان پێکرد بەپرسیاریەتی لە ئەستۆی سەرۆکایەتی پەرلەمانە، لە ئەستۆی بەڕێزتانە کە لەبەرامبەر حکومەتدا ئەو جۆرە بی دەنگیە نەکەن، من ئەو پاساوانە یان ئەو وەڵامانەی کە ئەوە بۆ چەندین دانیشتنە ئێوە بۆ یاداشتەکان هەتانە بە حکومەتان گوتووە، حکومەت کاتێك دیاری دەکات ئەمە وازحە، یەعنی ئەوە کاتی پەرلەمانی کوردستان تەواو دەبێت کێشەی دارایی و فرۆشتنی نەوت و ئەو گومانانەی کە لەسەر گەندەڵی و لەسەر بە فیرۆدانی هەیە لەم وڵاتە بە تایبەتی لە مەلەفی نەوتدا، ئەوە ئێمە کاتەکەمان دەڕوات و هەڵبژاردنەکان ئەنجام دەدرێت ئەم پەرلەمانی کوردستانە دانیشتنێك لەسەر ئەو مەسەلەیە ناکات، لێپرسینەوەیەك کە ئەرکی یاسایی خۆیەتی بە ئەنجام ناگەیەنێت، بۆیە ئەوە کێشەیەکی جەوهەریە کە هەموومان لەبەردەم بەرپرسیاریەتی داین، بە تایبەتی ئێوەش، خاڵی دووەم: کێشەیەکی تر یەعنی یەکێك لە ئەرکە سەرەکیەکان و ئەرکە زۆر گرنگەکان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بەدواداچوونی کێشەکانە لە رێگەی یاداشت و پرسیارەوە بۆ هەموو ئەو پرسانەی کە بە تایبەتی مەسەلەی گەندەڵی، بۆ نموونە من وەك ئەندامێك لە لیژنەی نەزاهە لە پرسی جیاواز و مەسەلەی گەندەڵیە، ئەوەندەی مومکین بووە کۆمەڵێك یاداشت کە بۆ دەستەی دەست پاکی بووە، بۆ دیوانی چاودێری دارایی بووە، بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە، دیاردەیەکی تازە کە ئەوە یەکەمجارە بیبینم کە جەنابتان سی یاداشتی منتان لەسەر سی کەیس دیارە بە گومانی گەندەڵی و لە مەسەلەی پارەی نەوتە ئاڕاستەی لیژنەی یاسایی کردووە کە هیچ رەبتێکی بە لیژنەی یاساییەوە نیە، یەکێکیان مەسەلەن بۆ نموونە (30)ملیۆن دۆلارە کە بۆ پرسێکی جیاوازە لە پارەی نەوتە بە پێی راپۆرتی حکومەتە بەدواداچوونم بۆ کردووە، کە هیچ رەبتێکی بە لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستانەوە نیە، لە بری ئەوەی داوام کردووە ئاڕاستەی لیژنەی دەست پاکی بکرێت ئاڕاستەی لیژنەی یاساییتان کردووە، تەنانەت ئێمە لیژنەی نەزاهەمان هەیە لە پەرلەمانی کوردستان ئاڕاستەی لیژنەی نەزاهەتان نەکردووە، من لەسەر ئەوە پرسیاری جدیم هەیە، مسەلەن تەرخانکردنی پارەی نەوت لە راپۆرتی وەزارەتی سامانە سرووشتیەکان بۆ وەزارەتی ناوخۆیە، یەعنی من بەدواداچوونم بۆ کردووە و راپۆرتی دیوانی چاودێری دارایی لەسەرە پێویستە دەستەی دەست پاکی رێکاری یاسایی خۆی بگرێتەبەر لەسەر ئەم مەسەلەیە، لایەنی کەم ئەگەر ئاڕاستەی دەستەتان نەکردووە بۆچی ئاڕاستەی لیژنەی نەزاهەتان لە پەرلەمانی کوردستان نەکردووە، چ رەبتێکی بە لیژنەی یاساییەوە هەیە، مەسەلەن ئەوە یاداشتێکی ترە دیسان ئەمڕۆ ئەم سێیانەم بینیووە، یەعنی زۆر پێم سەیر بوو تەرخانکردنی

پارەی نەوت بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، چونکە ئەوەش مەسەلەن (350)ملیۆن دۆلارە هیچ رەبتێکی بە لیژنەی یاساییەوە نیە ئەو کەیسە یەکلا بکاتەوە، ئەوە پرسی دەستەی دەست پاکی و دیوانی چاودێری داراییە دەبی ئێوە چوون ئاڕاستەی ئەوەتان کردووە، خەلەلێکی تریش بەراستی دواخستن و دواکەتنی خاو بەڕێوەچوونی ئەو یاداشت و پرسیارانەی کە لە ناو پەرلەماندا دەڕوات ئەوە خەلەلێکی جدیە، یەعنی کەیس هەیە کەیسێکی ئانیە پێویستە بە زووترین کات ئێمە بەدواداچوونی بۆ بکەین و بگاتە حکومەت، مەسەلەن نەخۆشخانەیەکە لە هەڵبجەی تازە بەدواداچوونم بۆ کردووە لە داڕماندایە بەسەر خەڵك و هاووڵاتیدا دوای ماوەیەکی زۆر ئەم یاداشتە لە پەرلەمانی کوردستانەوە ئاڕاستەی وەزارەتی تەندروستی دەکرێت، کۆمەڵێك شتی تریش بەهەمان شێوە، نموونەمان زۆرە، جیا لەوەندەش جاری وا هەیە لە دەرەوەی پەرلەمان تەلەفۆنم بۆ کراوە پێم گووتراوە لەسەر فلان کەیسی گەندەڵی یاداشتێك ئاڕاستەی دەستەی دەست پاکی و دیوانی چاودێری دارایی کردووە، واللە ئەوە ئەوهایە و مەسەلەن کۆمەڵێك کێشە و گرفتی بۆ دروست کراوە، یەعنی زۆر سەیرە نابێت پەرلەمانی کوردستان بەو ئاڕاستەیە بڕوات، هیوادارم لەسەر ئەم مەسەلەی ئەوەی یاداشتەکانی ئێمە بۆ چاودێریکردنی حکومەت بە تایبەتی لە مەسەلەی دارایی کە ژیانی خەڵکە، هەروەها ئەم مەسەلەی یاداشت و کارە سەرەکیانەی ئەندامانی پەرلەمانیش بەدواداچوونی جدی بکری و رێکاری پێویست بگیرێتەبەر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش کاك ئومێد، ئەو یاداشتانەش ئاگادارین ئامادەت کردبوو، پرسی گرنگ و بابەتی گرنگ بوون، ئاڕاستەمان کردووە پێشتریش بۆ لیژنەی دەست پاکی، ئەوەی لێرە رووی داوە رەنگە رەهەندێکی دارایی یاسایی تێدابێت، چونکە پی ناچێت هەر تەنها رەوانەی لیژنەی یاسایی کرابێت، ئەگەر نا خۆی رێکارەکە بۆ لیژنەی دەست پاکی یە، بۆ داواکاری گشتی یە، یان چاودێری دارایی یە، ئەگەر بەو شێوازە بەڕیوە نەچووبێت بە تەئکید ئەوە بەو شێوازە بەڕیوەدەبەین، ئەو کەم و کورتیەش عیلاج دەکەین، تێبینیت هەیە؟ بەڕێز سۆران عمر فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من خاڵم هەیە، یەکەم: لەسەر ئەم بەرنامەی کارە کە رەنگە ئەخیر کەس بم پشتیوانی نەکرێت، هەندێك ئاڵوگۆڕ پێویست بوو، چونکە ئەگەر پەیڕەو دەست پی بکەین رەنگە درێژەی هەبێت، ناتوانین بێینەوە سەر ماددەکانی تر، یان بڕگەکانی تر، بۆیە لەگەڵ ئەوەدام هەندێك لە بڕگەکان هەر بەرکارکردن و بەرچاوخستنە ئاڵوگۆڕی تێدا بکرێت، سەبارەت بە پڕۆژەی چاکسازی کە لە راستیدا هیوایەکی گەورەی لەسەر هەڵچنراوە، ئومێد دەکەم ئەوەی کە دروست بووە لەسەری و بۆتە هۆی دواخستنی، ئومێد دەکەم پەکخستنی نەبێت بتوانرێت لەگەڵ حکومەت چارەسەر بکرێت، هەموومان داکۆکی لە ئەو پڕۆژەیە دەکەین لە ماددە باشەکانی لەوانەی کە کاری نا یاسایی خانەنشینی و بەهەدەردان و چەندین مووچە ناهێڵێت، چونکە ئەو پڕۆژەیە ئەگەر لە رابردوودا کۆکرایەوە لەسەر ئەوەی کە تەنها خانەنشینی پلە باڵاکانی تێدا زەق کرایەوە، لە راستیدا نابێت بهێڵین ئەو پڕۆژە تەنها بەو جۆرە بڕوات کە وا نیشان بدرێت تەنها خانەنشینی پلە باڵاکان تێدا کرا بە خاڵێك و خاڵە جوانەکانی ئەو پڕۆژەیە کە دەست کەوتێکی گەورەیە بۆ ئەم خولەی پەرلەمان ئەگەر بێتوو جی بەجی بکرێت، نابێت لی بگەڕێین پەك بخرێت بە بەهانەی

هەندی تێبینی حکومەت، ئومێد دەکەم سەرۆکایەتی پەرلەمان کە لیژنەی مەعنی یاسایی و دارایی راپۆرتیان ئامادەیە دوو جاریش حکومەت هیچ بەهانەیەکی نیە بۆ ئەوەی ئەو پرۆژەیە نەیەتەوە بەرنامەی کار و بە هەماهەنگی هەردوولا تی نەپەڕێنرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بە تەئکید ئێمە بایەخی پی دەدەین، بەدواداچوونی بۆ دەکەین، لە حەفتەی داهاتوو بەو ئومێدەی کە بتوانین بخەینە بەرنامەی کارەوە، حەفتەی داهاتووش دوو پرۆژەی تر ئامادەیە لە لیژنەی یاسایی یە پەیوەستن بە ئاو، بەڕێزێك باسی ئاوی کرد، گرفتی ئاو لە کوردستان لە لیژنەی کشتوکاڵ بە سوپاسەوە کاری زۆریان لەسەر کردووە، ئەوانیش ئامادەن و هەر بۆ حەفتەی داهاتوو، ئەوەی پەیوەستە بە ئاڵوگۆڕ من وا نابینم ئاڵوگۆڕی بڕگەکان بکرێت، واتە بەرنامەی کار پەسەندە، دەست بە خاڵەکان دەکەین، داوا لە لیژنەی کاتی دەکەین بفەرموون بۆ سەر سەکۆی لیژنەکان، کاك انور تێبینیت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز انور قادر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینی من لەسەر ئەوەبوو مەبەستم ئەوە نیە لە ئەهمیەتی خاڵی یەکەم کەم بکەمەوە، بەڵام خاڵی دووەم و سێیەم پێموایە کاتی کەمی دەوێت لەگەڵ رەئی (کاك سۆران)م لە ئاڵوگۆڕکردن، ئەگەر دەرفەت هەبێت روونکردنەوەیەکیشم هەبوو لەسەر پرۆژەکە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من وا هەست دەکەم کە پەرلەمان بە تەواوی کەوتۆتە ژێر هەیمەنەی حکومەتەوە بەراستی، کاری پەرلەمان ئەوەیە کە یاسا دەربکات و چاودێری حکومەت بکات، هەندێك خاڵی گرنگی تریش، بەڵام لەو پرۆژەیەدا بەراستی حکومەت کۆمەڵێك بریار و رێنمایی نا قانونی دەرکردوون و دەیەوێت لە پەرلەمانەوە بکرێت بە قانونی، ئێمە سەد لەسەد لەگەڵ چاکسازین، بەڵام من پێموایە حکومەت تەنها دەیەوێت پەرلەمان سەرقاڵ بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

من حەز دەکەم لایەنە باشەکە باس بکەم، چونکە تۆ لایەنە خراپەکەت باس کرد، لایەنە باشەکە رەهەندێکی زۆر باش دروست بوو لە نێوان تیمی حکومەت و لیژنەکانی هەمیشەیی پەرلەمانی کوردستان، بوونە هۆی ئەوەی کە داڕشتنێکی باش بۆ ئەم پرۆژەیە بکرێت، ئەوەی ماوە زۆر کەم ماوە، ئەوەی باشەکە هەمووی تەواوبووە، یەعنی ان شاٌ الله لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا بتوانین ئەوە ببیت بە یاسا، بەڕێزان بەرنامەی کار ئەوەی هەیە پەسەندە، دیارە پشتیوانی لەوە نەکرا کە بخرێتە دەنگدان بۆ ئاڵوگۆڕی، واتە ئێمە دەست بە خاڵی یەکەم دەکەین بەو شێوازەی کە پەیرەوکراوە، گفتوگۆ لەسەر (10) مادده ئەنجام دەدرێت، لە دانیشتنی دواتر هەمووی پێکەوە دەخرێنە دەنگدان، ئەمڕۆ دەست پی دەکەین، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی کاتی د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە دوایین کۆبوونەوە لەسەر پەیرەوی ناوخۆ بەشی شەشەممان موناقەشەکرد، بەشی شەشەم لە ماددەی (48) لەو مەشروعەی کە لەبەر دەستاندایە تا ماددەی (63) پێکهاتبوو، ئێمە لە کۆی ئەو گفتوگۆ و موناقەشانەی کە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کردیان هەموومان کۆکردەوە، وا رێکەوتبووین بە پێی ئەو کارنامەی دامانابوو بە شێوازی پەسەندکردنی پەیرەوی ناوخۆ سەرەتا ئەو بەشەی کە پێشتر موناقەشەمان کردبوو ئێستا پەسەندی دەکەین بە دەنگدان، ئینجا دەچینە بەشی حەوتەم کە بەشی چاودێریکردنە،

گفتوگۆی دەکەین، لە کۆبوونەوەی داهاتوو بەشی حەوتەم دەخەینە دەنگدان بەشێکی نوی موناقەشە دەکەین، کۆی ئەو بێر و رایانەی کە لە کۆبوونەوەی رابردوو لەسەر بەشی شەشەم هەبوو ئێستا یەك بە یەك دەیانخوێنینەوە، ئەوەی پێویستی بە دەنگدان هەبووە دەیخەینە بەردەستی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، هەموو ئەو بیر و رایانەی ئێوە تەنانەت بە دەستنووسەکانی خۆشتان کە بۆ سیاغە بۆ ئێمەتان ناردووە هەمووی لای ئێمە پارێزراوە، دوای ئەوەی کە ئێمە ماددە بە ماددە دەیخوێنینەوە ئەگەر هەر تێبینیەك لەبیر کرابێت بەڕێزان ئەندامانی لیژنە و دەستەی سەرۆکی لیژنەی پەیڕەو دەتوانن ئیزافەی بکەن و هاوکاربن، بۆیە ئێستا لە بەشی شەشەم بە ناوی سیستەمی کار لە پەرلەمان، یەکەم بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمانە ماددەی (48)، ماددەی (48) لە بەشی شەشەم بەم شێوەیە سیاغەی کراوەتەوە:

ماددەی (48):

1- دەستەی سەرۆکایەتی، بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمان دادەنێت و بۆی هەیە راوێژ لەکەڵ دەستەی گشتی بکات.
2- هەموو دانیشتنێك بەرنامەی کاری پێش وەختەی دەبێت، (48) کاتژمێر پێش وادەی دانیشتنەکە سەرجەم ئەندامان لە رێگەی سکرتێرەوە لە بەرنامەی کار ئاگادار دەکرێنەوە.

تێبینی/ رایەك هەیە کە بڕگەی یەکەم پێویست ناکات، سێ کەس پشتیوانی لێکردووە، لە بڕگەی دووەم تەنها ئەوەمان هەڵگرتووە کە بە پێچەوانەوە دانیشتنەکە ئەنجام نادرێت لابراوە، گوتیان ئەوە تەحسیل حاسڵە، ئەوە خۆمان پێمان وەرگرتووە، تەنها لێرە ماددەکە سیاغەکراوەتەوە، رایەکیش هەبووە کە بڕگەی یەکەم واتە دەستەی سەرۆکایەتی بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمان دادەنێت و بۆی هەیە راوێژ لەگەڵ دەستەی گشتی بکات، پێیانوابووە هەڵبگیرێت، ئەو رایە پێیوابووە کە خۆی تەحسیل حاسڵە ئەوەی کە لەبەر دەستانە هێشتان دەسەڵاتەکانی دەستەی سەرۆکایەتیمان موناقەشە نەکردووە، لەوێدا ئاماژەی پێداوە، پێیانوابوو کە تیکراره.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە ئەو ماددەیە بەو شێوازەی کە ئیتفاقی لەسەرکراوە کاك فرست ئەگەر دووبارە بیخوێنیەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان، رەئی کۆتایی.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (48):

دەستەی سەرۆکایەتی، بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمان دادەنێت و بۆی هەیە راوێژ لەکەڵ دەستەی گشتی بکات.

بڕگەی یەکەم بخەینە دەنگدان بمێنێت یاخود نەمێنێت، خۆی ئەگەر هەڵگیرا لە دەسەڵاتەکانی دەستەی سەرۆکایەتی دەبێت لەوێدا بە سیاغەیەکی روونتر بینووسین.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مادەم لەوێدا هەیە پێویست ناکاتەوە بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی هێشتا ئەو بەشە پەسەند نەکراوە ئێستا لە رووی قانونیەوە ناتوانین بڵێین هەیە، چونکە تاوەکو ئێستا وجودی نیە، بەڵام ئایا لەوێدا پەسەندی دەکەن یان نا؟ دەبێت

وا قسه بکەین، چونکه ئێستا ئەو بەشه پەسەند نەکراوه له رووی قانونی، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بیخه دەنگدان ئەگەر بڕیاریان دا هەڵی بگرن، واته ماددەی (48) له یەك بڕگه پێك دێت ئەگەر هەڵیانگرت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەوه دەخەینه دەنگدان بڕگەی یەکەم، کی لەگەڵ ئەوەدایه که بمێنێت؟ تکایه دەست بەرزکاتەوه؟ (44) کەس لەگەڵدایه، زۆر سوپاس، کی لەگەڵ ئەوەدایه که نەمێنێت؟ تکایه دەست بەرزکاتەوه؟ (3) کەس لەگەڵدانیه، زۆر سوپاس، به زۆرینەی دەنگ ئەو بڕگەیه پەسەندە که بمێنێت.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (48) هەمووی وەکو خۆی دەخوێنینەوه به گۆڕانکاری سیاغەوه، ئینجا بەڕێزتان دەیخەنه دەنگدان.

ماددەی (48):

1- دەستەی سەرۆکایەتی، بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمان دادەنێت و بۆی هەیه راوێژ لەکەڵ دەستەی گشتی بکات.

2- هەموو دانیشتنێك بەرنامەی کاری پێش وەختەی دەبێت، (48) کاتژمێر پێش وادەی دانیشتنەکه سەرجەم ئەندامان له رێگەی سکرتێرەوه له بەرنامەی کار ئاگادار دەکرێنەوه.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیه بەو شێوازەی که خوێندرایەوه دەخەینه دەنگدان، کی لەگەڵدایه؟ تکایه دەست بەرزکاتەوه؟ (45) کەس لەگەڵدایه، زۆر سوپاس، کی لەگەڵدانیه؟ تکایه دەست بەرزکاتەوه؟ کەس نیه، کەواته به کۆی دەنگ پەسەندکرا، ماددەی (49) بخوێننەوه.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر داوای رێژەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان و ئێمەش وەکو لیژنەی کاتی پەیڕەو پێمان وەرگرت ماددەی (49) لەگەڵ ماددەی (50) دەمجمان کردووه، کراوەته یەك مادده، بۆیه ئێستا ماددەی (49) و ماددەی (50) به یەك تەسەلسول دەیخوێنینەوه، به یەکەوەش دەیخەینه دەنگدان، تەنها گۆڕانکاری سیاغەییمان کردووه، بۆیه دەیخوێنینەوه ئەگەر دواتر بیخەنه دەنگدان.

ماددەی (49):

1- بڕگەکانی بەرنامەی کار، به پێی ئەو ریزبەندیەی له بەرنامەکەدا هاتووه، گفتوگۆیان لەبارەوه دەکرێت، پاش و پێش خستنی هەر بڕگەیەك، لەسەر پێشنیاری سەرۆك یان سی پەرلەمانتار، به رەزامەندی زۆرینەی ئامادەبووان دەبێت.

2- تا گفتوگۆ لەسەر بڕگەیەکی بەرنامەی کار، تەواو نەبێت بڕگەیەکی دی گفتوگۆی لەسەر ناکرێت، ئەگەر لەبەر هەر هۆیەك نەتوانرا گفتوگۆ دەربارەی بڕگەیەك تەواو بکرێت دەستەی سەرۆکایەتی دەتوانێت ئەو بابەته به هەڵپەسێردراوی بهێڵێتەوه، به رەزامەندی زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمانی ئامادەبوو، بابەتەکه بۆ دانیشتنی داهاتوو دوا دەخرێت و بڕگەی دوای ئەو گفتوگۆی لەبارەوه دەکرێت.

3- هەر بابەتێك لەبەرنامەی کاردا نەبێت گفتوگۆی لەبارەوه ناکرێت.

4- سەرۆکی فراکسیۆن یان نوێنەری پێکهاتەیەك، یان بەلایەنی کەم (10) ئەندام بۆیان هەیه داوا له دەستەی سەرۆکایەتی بکەن بۆ ئەوەی گفتوگۆ دەربارەی بابەتێك بکەوێته بەرنامەی کار بەمەرجێك له بەرژەوەندی گشتی دابێت، یان بابەتێکی پەله بێت و دواخستنی ببێته هۆی لەدەست دانی گرنگیەکەی.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
ماددەکە بەو شێوازەی کە خوێندرایەوە پێشتر موناقەشەی تێر و تەسەلی لەسەر ئەنجامدراوە، ئێستا بەو شێوازە دەخەینە دەنگدان، ماددەی (49، 50) پێکەوە، بەو شێوازەی کە خوێندرایەوە، کی لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (50) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کی لەگەڵدانیە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس نیە، کەواتە بە کۆی دەنگ پەسەندکرا، بەر لە ماددەی (51) بخوێنینەوە، دووبارە دەیخەینەوە دەنگدان، لەبەر ئەوەی نیساب تەواو نەبوو، د.فرست تکایە ماددەی (49، 50) بخوێنەوە.
**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (49، 50) دەمج بووە، جارێکی تر دەیخوێنمەوە ئەو کاتی دەچینە سەر ماددەی دواتر.
ماددەی (49):
1- بڕگەکانی بەرنامەی کار، بە پێی ئەو ریزبەندیەی لە بەرنامەکەدا هاتووە، گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرێت، پاش و پێش خستنی هەر بڕگەیەك، لەسەر پێشنیاری سەرۆك یان سی پەرلەمانتار، بە رەزامەندی زۆرینەی ئامادەبووان دەبێت.
2- تا گفتوگۆ لەسەر بڕگەیەکی بەرنامەی کار، تەواو نەبێت بڕگەیەکی دی گفتوگۆی لەسەر ناکرێت، ئەگەر لەبەر هەر هۆیەك نەتوانرا گفتوگۆ دەربارەی بڕگەیەك تەواو بکرێت دەستەی سەرۆکایەتی دەتوانێت ئەو بابەتە بە هەڵپەسێردراوی بهێڵێتەوە، بە رەزامەندی زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمانی ئامادەبوو، بابەتەکە بۆ دانیشتنی داهاتوو دوا دەخرێت و بڕگەی دوای ئەو گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت.
3- هەر بابەتێك لەبەرنامەی کاردا نەبێت گفتوگۆی لەبارەوە ناکرێت.
4- سەرۆکی فراکسیۆن یان نوێنەری پێکهاتەیەك، یان بەلایەنی کەم (10) ئەندام بۆیان هەیە داوا لە دەستەی سەرۆکایەتی بکەن بۆ ئەوەی گفتوگۆ دەربارەی بابەتێك بکەوێتە بەرنامەی کار بەمەرجێك لە بەرژەوەندی گشتی دابێت، یان بابەتێکی پەلە بێت و دواخستنی ببێتە هۆی لەدەست دانی گرنگیەکەی.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
ماددەی (49) کە دەمجکراوە لەگەڵ ماددەی (50)، بەو شێوازەی کە خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان، کی لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (54) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کی لەگەڵدانیە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس نیە، کەواتە بە کۆی دەنگ پەسەندکرا، ماددەی (51) کە بووە ماددەی (50) تکایە بخوێننەوە.
**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (51)ی مەشروعەکە دەبێتە ماددەی (50)ی ئێستای تەسلسولی ئێمە، بەو شێوەیە سیاغەکراوەتەوە و گۆڕانکاری تیداکراوە، کە ئێستا بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەیخوێنینەوە.
ماددەی (50):
1- هەر لیژنەیەکی هەمیشەیی یان تایبەت دەتوانن لە ماوەی (48) کاتژمێر بەر لە کۆبوونەوەی پەرلەمان داوا لە دەستەی سەرۆکایەتی بکەن گفتوگۆی دیاردەیەك یان رووداوێك، یان بارێکی گشتی بخرێتە بەرنامەی کار.
2- هەر ئەندامێکی پەرلەمان مافی هەیە لە ماوەیەك کە لە (10) خولەك تێپەڕ نەکات بیروکەیەك بخاتەروو بەم مەرجانەی خوارەوە:-

أ- (48) كاتژمێر پێش دانیشتنی پەرلەمان داوایەك پێشكەشی سەرۆكایەتی پەرلەمان بكات با بیرۆكەكە نووسراوبێت تا ئەندام پابەندبێت بە ناوەڕۆكی نووسراوەكە، تا پەیوەست بێت بە كێشەیەكی گشتی و پێشنیار و چارەسەری لەخۆ گرتبێت.
ب- دەكرێت گفتوگۆكردن لەسەر بابەتەكانی بڕگەی یەكەم لەسەر داواكاری لیژنە یان ئەندامان بە ئامادەبوونی سەرۆك وەزیران یان وەزیری تایبەتمەند، یان هەردووكیان بێت، ئەگەر پێویستیكرد.
ج- ئەگەر دەستەی سەرۆكایەتی بە داواكاری لیژنە و ئەندامان رازی نەبوو ئەوانیش لەبارەی داواكاریەكەیان پێداگیربوون، سەرۆك رێگە دەدات پشتیوانیەك یان دژێك بە داواكەیان لە ماوەی (3) خولەك بیر و بۆچوونی خۆیان لەو بارەیەوە بخەنەروو ئەو كات بەبی گفتوگۆ پەرلەمان بڕیاری یەكلاكەرەوەی خۆی لەبارەوە دەدات.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێندرایەوە كە دەبێتە ماددەی (50) دەخەینە دەنگدانەوە، كی لەگەڵدایە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (52) كەس لەگەڵدایە، زر سوپاس، كی لەگەڵدانیە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ كەس نیە، كەواتە بە كۆی دەنگ پەسەندكرا، ماددەی (52) بخوێننەوە.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (52) دەبێتە ماددەی (51)، لە مەشروعەكەی لەبەر دەستی ئەندامانی پەرلەماندایە بە ناوی ریزبەندی و سیستەمی دانیشتنی ئەندامانی پەرلەمانە، لەسەر ماددەی (51) یەعنی فەسلی دووەمی ئەو بەشە دەبێتە دانیشتنی ئەندامان و كارنامەی هەفتانەی پەرلەمان، واتە ناونیشانی بەشەكەی دووەم دەگۆڕێت لە ریزبەندی و سیستەمی دانیشتنی ئەندامان دەبێتە دانیشتنی ئەندامان و كارنامەی هەفتانەی پەرلەمان، ئەوەی تر تەنها سیاغەیە و لە یەك و دووش دەبێتە (ئەلف و بێ)، بەم شێوەیە دادەڕێژرێتەوە، تەبعەن ئەگەر مولاحەزە هەبێت لەسەری، ئەندامانی بەڕێزی لیژنە و سەرۆكایەتی، باشە:-

1- شوێنی دانیشتنی ئەندامان لە هۆلی پەرلەمان بە پێی لیستی ریزبەندیكراوە بە گوێرەی پیتەكانی (ئەلف و بێ)ی كوردی دیاری دەكرێت، بە رەچاوكردنی زینجیرەی یەك بە دوای یەكی هەمان فراكسیۆن.

یەعنی ماددەی (53)ش دەچێتە ناو ماددەی (51)ی ئێستا، دەبێتە دووەم.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

تێبینیت هەیە د.بەهار؟ فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ببوورن ئەم جەلسەیە جەلسەی دەنگدان و پەسەندكردنە، بەڵام من وەكو ئەندامێكی لیژنەكە كە ئێستا خوێندرایەوە گوترا دانیشتنی ئەندامان و كارنامە، خۆی مەعروف وایە، یەعنی شائع وایە و وا روویشتووە دانیشتنی پەرلەمانە، نەك دانیشتنی ئەندامان، بۆیە هەرچەندە ئەمە كە دانیشتنی دانگدانە، بەڵام ئەگەر هەر لە رووی سیاغەوە، لە رووی ئەو تەعبیرەوە كە رۆیشتووە و شائعە لە ناو خەڵكدا بتوانین بیگۆڕین بە دانیشتنی پەرلەمان جوانترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

دكتۆرە ئەوە شوێنی دانیشتنی ئەندامانە، فەرموو د.رێواز.

**بەڕێز د.رێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەوانەیە ئەوای لێبکرێت باشتر بێت بۆ ئەوەی کە بە تەواوەتی مانا بدات، شوێنی دانیشتنی ئەندامان، مەبەست لە دانیشتنی پەرلەمان نیە، یەعنی ریزەکان چۆن چۆنی دادەنیشن، ماددەکە پەیوەندی بەوەوە هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی هاتووە وا بزانم هیچ ئیشکالێکی تێدانیە، شوێنی دانیشتنی ئەندامان لە هۆلی پەرلەمان، جارێکی تر بخوێنەوە بۆ ئەوەی بخەینە دەنگدان.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو باسمکرد ماددەی (51) دەمجی دوو ماددەیە، بڕگەی یەکەمی وەکو خۆی دەیخوێنمەوە، واتە ماددەی (51) بەبی دەمج یەك بڕگەیە.

ماددەی (51):

شوێنی دانیشتنی ئەندامان لە هۆلی پەرلەمان بە پێی لیستی ریزبەندیکراوە بە گوێرەی پیتەکانی (ئەلف و بێ)ی کوردی دیاری دەکرێت، بە رەچاوکردنی زینجیرەی یەك بە دوای یەکی هەمان فراکسیۆن.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (51) بەو شێوازەی خوێندرایەوە بی دەمجکردن دەخەینە دەنگدانەوە، کی لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (56) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کی لەگەڵدانیە؟ تکایە دەست بەرزدکاتەوە؟ کەس نیە، کەواتە بە کۆی دەنگ پەسەندکرا، ماددەی (52) بخوێننەوە.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ماددەی (52) دوو را هەیە، رایەکیان ئەوەیە کە ئێستا دەیخوێنمەوە و سیاغیە، رایەکیش هەیە دەڵی ئەم ماددەیە هەر نەمێنێت، ئەوەی کە سیاغەمان کردووە وەکو خۆی دەخوێنینەوە بەو شێوەیە:-

ماددەی (52):

کارنامەی هەفتانەی پەرلەمان بەم شێوەیە دەبێت:

أ- رۆژانی یەك شەممە ئەندام بەدواداچوون بۆ کاروباری هاونیشتیمانیان دەکات.

ب- رۆژانی دووشەممە کۆبوونەوەی لیژنەکانە، لیژنە بۆی هەیە لە هەر رۆژێکی دیکە بەپێی پێویست کۆبوونەوە ئەنجام بدات.

ج- رۆژانی سی شەممە و چوارشەممە تایبەت دەبێت بە دانیشتنی پەرلەمان.

د- رۆژانی پێنج شەممە تایبەت دەبێت بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ حکومەت بەپێی پێویست.

ه- دەستەی سەرۆکایەتی لە کاتی پێویست دەتوانێت خشتەی کاری هەفتانەی پەرلەمان دەستکاری بکات.

ئەوەی کە خوێندمەوە دوای وەرگرتنی رای ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانە، بۆ نموونە پێشتر گوترا ناکرێت کۆبوونەوەی لیژنە تەنها دەبێت دووشەممان بێت، گوتمان دەکرێت بگۆڕدرێت، گوترا ئەو خشتەیە لەوانەیە ئیلتیزام پێوە نەکرێت، دەسەڵات درایە دەستەی سەرۆکایەتی کە دەتوانی بەپێی پێویست خشتەکە بگۆڕدرێت، بەڵام ئەو خشتەیەی ئێمە لەگەڵ لیژنەی کاتی پەیڕەو دامان نا شتێکی موتتەبەعە، کار پێکراوە، لە زۆربەی

پەرلەماناتی دونیا، چۆن قوتابی جەدوەلی دەرسی هەیە، پەرلەمانیش جەدوەلی کارکردنی هەیە لە رۆژی یەك شەممەوە تاوەکو رۆژی پێنج شەممە، دەزانن چ دەکەن، ئەو هەفتەیە چۆنە، بۆیە ئێمە وەکو لیژنەی کاتی لەگەڵ ئەوەداین ئەم ماددەیە وەکو خۆی کە سیاغەمان کردۆتەوە بە رێزگرتن و ئاڵوگۆڕی و سیاغەکردنەوە و چاککردنی مولاحەزاتی ئێوە، بەڵام وەکو رێزگرتنیش لە رای ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان کە سێ ئەندام زیاتر داوایان کردبوو ماددەکە هەر نەمێنێت ئێمە ئەوەش دەخەینە دەنگدان، بۆیە داوا لە بەڕێز دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین کە سەرەتا ئەوە بخەنە دەنگدان ئایا ئەو ماددەیە بمێنێت یان نەمێنێت؟ ئینجا ماددەکە وەکو ئەوەی خوێندمانەوە بخەنە دەنگدان، ئەگەر دەنگی هێنا بە پەسەندکراو دادەنرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جاری یەکەم ئەوە دەخەینە دەنگدان کە ماددەکە نەمێنێت، ئەو پێشنیارە، داوا لە ئێوەی بەڕێز دەکەین دەنگ لەسەر ئەوە بدەن کە ئەم ماددەیە نەمێنێت، کێ لەگەڵ ئەوەدانیە کە ئەم ماددەیە نەمێنێت؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (7) کەس لەگەڵ ئەوەدایە کە ماددەکە نەمێنێت، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ ئەوەدانیە کە ماددەکە نەمێنێت؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (42) کەس لەگەڵ ئەوەدانیە کە ماددەکە نەمێنێت، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینە دەنگ ماددەکە دەمێنێتەوە، پێشنیارەکە رەتکرایەوە، سەر لە نوی هەموو ماددەکە دەخەینە دەنگدان.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (52):

کارنامەی هەفتانەی پەرلەمان بەم شێوەیە دەبێت:

أ- رۆژانی یەك شەممە ئەندام بەدواداچوون بۆ کاروباری هاونیشتیمانیان دەکات.

ب-رۆژانی دووشەممە کۆبوونەوەی لیژنەکانە، لیژنە بۆی هەیە لە هەر رۆژێکی دیکە بەپێی پێویست کۆبوونەوە ئەنجام بدات.

ج- رۆژانی سی شەممە و چوارشەممە تایبەت دەبێت بە دانیشتنی پەرلەمان.

د- رۆژانی پێنج شەممە تایبەت دەبێت بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ حکومەت بەپێی پێویست.

هـ- دەستەی سەرۆکایەتی لە کاتی پێویست دەتوانێت خشتەی کاری هەفتانەی پەرلەمان دەستکاری بکات.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بەو شێوازەی کە خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (39) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانیە؟ تکایە دەیت بەرزکاتەوە؟ (6) کەس لەگەڵدانیە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، ماددەی (53) بخوێننەوە.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە ماددەیە رەئی جیاوازی لەسەر هەیە، بۆیە دەبێت سەرەتا رەئیە جیاوازەکان حەسم بکەین، سەبارەت بە ناونیشانی ماددەکە کە دانیشتنەکانی پەرلەمانە دەبێت ماددەی (53) لە پەیڕەوی پەسەندکراو، ئەوەی لەبەر دەستاندایە (54)ە، یەك: سەرۆك دانیشتنی پەرلەمان بە ناوی خودای پەخشەندە و میهرەبان، بە ناوی گەلی کوردستانەوە دەکاتەوە،

لەگەڵ ئاماژەدان بە ژمارە و ڕێکەوتی دانیشتن و وەرزی یاسادانان و خولی پەرلەمان، دوو را هەیە یەکێکیان پێیوایە لە پێناوی گەلی کوردستان لە جیاتی بە ناوی گەلی کوردستان بێت، ئەوەی تریان پێیوایە کە دەڵێین بە ناوی خودای پەخشەندە و میهرەبان بگوترێت پاشان بە ناوی گەلی کوردستان، بە ئەمانەتەوە ئەوەی سی کەس زیاتر پشتگیری کردووە لێرە دەیخەینە روو، بەڵام ئێستا خۆمان وەکو لیژنەی کاتی پێمانوایە هەروەکو خۆی کە هەیە هیچ کێشەیەکی تێدانیە، بەڵام لەبەر ئەوەی سی کەس زیاتر پشتگیری کردووە ئێمە دەیخەینە روو دەتوانن وەکو خۆی پەسەندی بکەن و دەشتوانن گۆڕانکاری تێدابکرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێوە وەکو لیژنە ئەو پێشنیارانە یەك بە یەك بخوێننەوە بۆ ئەوەی بخەینە دەنگدان، کە ئەوان دەنگ نەهێنن، دەگەڕێینەوە سەر رای لیژنە.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مولاحەزاتی تریش هەمووی کۆتایی پی دەینین ئینجا ئەو جیاوازیەی کە هەیە ئەوە دەخەینە دەنگدان، دوو: رایەك هەیە پێیوایە ماددەی (55)ی بەردەستان کە ماددەی (54)ی ئێستایە دەمج بکرێت لەگەڵ ئەو ماددەیەی کە ئێستا خوێندمەوە، دەبێت ئەوەش حەسم بکەین، ئینجا هەمووماں سیاغەکردۆتەوە، ماددەی (54، 55)ی مەشروعەکەی بەردەستی ئەندامانی پەرلەمان ماددەی (53، 54)ی ئێستا بە تەسەلسولی نوێمان دەمج بکرێت، ئێمە خۆشمان پێمانوایە دەمج بکرێت باشترە، ئینجا سەرەتا ئەگەر بەڕێزتان ئەوە بخەینە دەنگدان دەمجەکە بۆ ئەوەی بە سیاغەی نوی بیخەینە دەنگدان و بەو رایە جیاوازانەشەوە، ئایا دەمج بکرێت بیخەینە دەنگدان، ئینجا سیاغەکان دەخەینە روو.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەوە دەخەینە دەنگدان لێکدانی هەردوو ماددەکە ماددەی (54، 55) دەخەینە دەنگدان، کی لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (52) کەس لەگەڵ ئەوەدایە کە دەمج بکرێت، زۆر سوپاس، کی لەگەڵدانیە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس نیە، کەواتە بە کۆی دەنگ پەسەندکرا کە دەمج بکرێت ماددەی (54، 55).

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای دەمج بیر و رای جیاواز هەیە، هەردووکی دەخەینە دەنگدان بۆ ئەوەی بەڕێزتان بە دەنگدان یەکلای بکەینەوە لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمان، ئینجا کۆی ماددەکە بخەینە دەنگدان، بیر و رای یەکەم لەسەری ئەوەبوو کە خستمانە روو بە ناوی گەلی کوردستان یان بکرێتە لە پێناوی گەلی کوردستان، یان کە دەڵێین بە ناوی خودای گەورە و میهرەبان بلێین پاشان بە ناوی گەلی کوردستان ئەوە رایەك بوو سی کەس زیاتر پشتگیری لێکردبوو، بیر و رایەکی تر هەیە لەسەر ماددەی (54، 55)ی ئێستا کە دەمجمان کردبوو، رایەك هەیە خوێندنەوەی ناوی ئامادەبووان هەر نەمێنێت، رایەکی تر هەیە توونده دەڵی نەخێر نەك هەر ناوی ئامادەبووان دەبی هەر بمێنێت دەبێت ناوی لیژنەکانیش زیاد بکرێت لە پێگەی فەرمیش بەڵاو بکرێتەوە، یەعنی رایەك هەیە دەڵی خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی ئامادەبوو هەر نەمێنێت، کە سی کەس زیاتربوو، رایەکی تر هەیە بەرامبەر ئەوانە دەڵێن نەك هەر دەبێت ناوی ئامادەبووان بخوێندرێتەوە ناوی لیژنەکانیش و لە کۆبوونەوەی لیژنەش ئامادە نەبووینە بخوێندرێتەوە، کە ناویشیان خوێندرایەوە بەوەش نەوەستین لە ناو هۆل لە پێگەی فەرمی پەرلەمانیش بڵاویان بکەینەوە بڵێین ئەمڕۆ ئەوانە ئامادە نەبووینە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
یەك بە یەك پێشنیارەكان بخوێنەوە كاك د.فرست.
**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
سوێندەكە وەكو خۆی دەمێنێتەوە ئەوە دەخەینە دەنگدان، ئەوەی كە مولاحەزە هەبووە، چیە؟ سوێند دەستكاری ناكرێت، یەكەمجار ئەوە دەخەینە دەنگدان سوێندەكە وەكو خۆی بێت كە دەیخوێنمەوە. بە ناوی خودای پەخشەندە و میهرەبان... بە ناوی گەلی كوردستانەوە دەكاتەوە لەگەڵ ئاماژەدان بە ژمارە و تا كۆتایی وەكو خۆی، دەست پی كردنەكە، بەڵام رەئیەك هەیە دواتر دەیخەینە دەنگدان ئەگەر ئەوە دەنگی نەهێنا دەڵی لە جیاتی بڵێین بە ناوی گەلی كوردستان بڵێین لە پێناوی گەلی كوردستان، ئێستا داوا لە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان دەكەین ئەوەی كە هەبووە وەكو خۆی دەیخوێنینەوە دەیخەینە دەنگدان، كەواتە بەو شێوەیە:-
سەرۆك دانیشتنی پەرلەمان بە ناوی خودای گەورە و میهرەبان... بە ناوی گەلی كوردستانەوە دەكاتەوە. لەگەڵ ئاماژەدان بە ژمارە و رێكەوتی دانیشتن و وەرزی یاسادانان و خولی پەرلەمان، داوا لە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان دەكەین ئەوە بخاتە دەنگدان، ئەگەر ئەوە دەنگی هێنا یەكسەر دەچینە سەر بڕگەكانی تر، ئەگەر نا ئەو رایانەی كە هەبوو ئەو كاتی ئەوان دەیخەینە دەنگدان.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
مەلا انس ئیعترازت لەسەری هەبوو؟ فەرموو.
**بەڕێز انس محمد شریف:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
لەسەر بابەتی سیندێیە، چونكە گرێدای عەقیدەیە ئەڤ بابەتە، مەسەلا سیندی حەدیسەكی پی هەی دبێژیت ئەگەر تە سیند خارد گەل ناڤی خودی چی نابیت تۆ چ سیندی دی بخوێی ئیلا بێژی پاشی، یەعنی ئەڤ لەفزە پاشی یا هاتی، داخازی دكەم چ ئەندام پەرلەمانە ئەڤی چەندی بەرچاڤ وەربگرن، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
ئەوە رەئی بوو، كاك ئومێد حەمە علی فەرموو.
**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
كاتی خۆشی ئێمە ئەو روونكردنەوەمان دا ئەوە مەسەلەیەكی زمانەوانیە، پێموایە خراپ دەبێت ئێمە ئەو كێشە زمانیەوانیانە ئاگادار نەبین، كە دەڵی بە ناوی خودای گەروە و میهرەبان، ئەوە تەواو سەربەخۆیە بە ناوی خودای گەورە و میهرەبان و سوێندیش نیە ناوتان ناوە سوێند، یەعنی ئەوە دەست پێكردنە بە ناوی خودای گەورە و میهرەبان، كە دواتر دەڵی ئەوە چڕاوە رستەیەكی جیاوازە، دواتر دەڵی بە ناوی گەلی كوردستانەوە، لەوێدا بە ناوی گەلی كوردستانەوە وەكو نوێنەرایەتیە، وەكو ئەوە وایە من لەگەڵ هاوڕیەكمدا كە كاك بێستون رەئیەكی هاوبەشمان هەیە، من قسە دەكەم دەڵێم بە ناوی خۆم و كاك بێستونیشەوە ئەم رەئیە دەڵێم، یەعنی شتێكی زمانەوانی زۆر سادەیە، تكایە با تی نەپەڕێت و لەو فۆرمە ئەساسەی خۆیدا بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
دوو تێبینی تر وەردەگرم، د. ڤاڵا فەرموو.
**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە قسەکانی کاك ئومێد و کاك بێستون دەکەم، لەبەر ئەوەی بە ناوی خودای پەخشەندە و میهرەبان هاتووە، ئینجا خاڵ دانراوە دواتر بە ناوی گەلی کوردستان دێت، لە هەموو پەرلەمانـاتی دنیـاش (باسـم الشـعب) دەسـت پـی دەکـات، لە هەمـوو پەیـڕەوە ناوخۆیەکان و هەموو سەرۆك پەرلەمانێك بە ناوی (الشعب) دەست پی دەکات، هەمووی بگەڕێنەوە دەڵێن (باسم الشعب)، نە دەڵی (من اجل الشعب)، نە دەڵی پاشان بە ناوی (الشعب)، بۆیە تکایە وەکو خۆی بخەنە دەنگدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر عینایەت فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز/سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ رێزم بۆ ئەو برادەرانەی کە رایان دەربڕی لەسەر ئەو بابەتە، ئەوە سیاغەکراوە، ئەم جەلسـە جەلسـەی دەنگـدانە، مـن رەئـیم وایە برادەرانـی لیـژنە ئەو سـیاغەیەی کە نووسیوویانە بیخەنە دەنگدان، ئێمە مافی قسەکردنمان نیە لەسەر ئەم بابەتە، تەنها دەنگ دەدەین لەسەری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزانی لیژنەی کاتی پەیڕەو فەرموو ئەوەی وەکو خۆی بمێنێت ئەوە دەخەینە دەنگدان.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (53) ئەو بڕگەیە دەخەینە دەنگدان کە وەکو خۆی پەسەندی دەکەن.

سـەرۆك دانیشـتنی پەرلەمـان بە نـاوی خـودای پەخشـەندە و میهرەبـان... بە نـاوی گەلـی کوردستانەوە دەکاتەوە. لەگەڵ ئاماژەدان بە ژمارە و رێکەوتی دانیشتن و وەرزی یاسادانان و خولی پەرلەمان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بـۆ دڵنیـایی بەڕێـز مەلا انـس و هەمـوو ئەوانەی کە بە هەسـتیاریەوە سـەیری ئەمە دەکەن، کە دەڵێی بە نـاوی خـودای پەخشـەندە و میهرەبـان، ئینجا دەڵێین دانیشتنەکەمان، یەعنـی هـیچ ئەوەی تـر نـیە، فاسیڵێکی تەواوی لە بەینە، دانیشـتنەکەمان بە نـاوی گەلـی کوردستانەوە دەست پی دەکەین، لەبەر ئەوە وەکو خۆی دەخەینە دەنگدان، بەو شێوازەی کە خوێنـدرایەوە، کـی لەگەڵـدایە؟ تکـایە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ (49) کەس لەگەڵـدایە، زۆر سوپاس، کی لەگەڵدانیە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (3) کەس لەگەڵدانیە، زۆر سـوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ ئەو بڕگەیە پەسەندکرا وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە خیلافێکی ترمان هەیە، یەعنی رایەکی تری جیاوازمان هەیە ئەویش یەکلا دەکەینەوە، ئینجا دوو ماددەی پێکەوەی دەمجکراو دەخەینە دەنگدان، لە بڕگەی چوار لە خاڵی (ئەلیف) دەڵـی نـاوی ئامـادە نەبـووانی دانیشـتنی پێشـوو بە مـۆڵەت بێـت یـان بـی مـۆڵەت ئەوە دەخوێندرێتەوە، ئێستا بۆتە سی را، رایەك هەیە ئێستا سیاغەکەی کە ئەسڵی مەشروعەکە، رایەك هەیە ئەو بڕگەیە نەمێنێت، رایەکیش هەیە نەخێر (چ)یش ئیـزافە بکرێـت نـاوی ئامادە نەبـووانی لە کۆبـوونەوەی لیـژنە لەگەڵ بڵاوکردنەوەی لە سـایتی پەرلەمـان، ئینجـا ئەگەر ئەندامانی بەڕێزی لیژنە هاوکاربن چۆن بیخەینە دەنگدانەوە، پێمـوایە حەقـی خۆمـانە وەکـو لیـژنە لەسـەر ئەوە بڵێـین ئێمە وەکـو لیـژنە پێمـانوایە بمێنێت، بەڵام چۆن دەمێنێت ئەوە

خیلافە، ئێمە ئێستا وەکو لیژنە کۆکین بمێنێت، بەڵام شێوازی مانەوەکەی دواتر بخەینە دەنگدان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە پێشنیارەی هەیە کە دەڵێت نەمێنێت ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە، کی لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم بڕگەیە نەمێنێت کە دەڵی ناوی ئامادە نەبووانی دانیشتنی پێشوو بە مۆڵەت بێت یان بی مۆڵەت؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (6) کەس لەگەڵ ئەوەدایە کە نەمێنێت ئەو بڕگەیە، زۆر سوپاس، کی لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەو بڕگەیە بمێنێت؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (50) کەس لەگەڵ ئەوەدایە کە بمێنێتەوە، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پێشنیارەکە رەتکرایەوە، ئەوەی داوای دەکرد کە نەمێنێت، ئینجا بڕگەکە بە تەعدیلەوە.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئەوەداین ئینجا بە تەعدیلەوە بخەینە دەنگدان، ئایا بەم شێوەیە بێت کە ناوی ئامادەنەبووانی دانیشتنی پێشوو بە مۆڵەت بێت یان بی مۆڵەت بێت دەخوێندرێتەوە و ئینجا چی بۆ ئیزافە بکەین ناوی ئامادەبووانی کۆبوونەوەی پەرلەمان و کۆبوونەوەی لیژنەکان بە مۆڵەت بێت یان بی مۆڵەت دەخوێندرێتەوە و لە سایتی فەرمی پەرلەمانی کوردستانیش بەڵاو دەکرێتەوە، ئەوە دەخەینە دەنگدان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پێشنیارە بەو شێوازەی کە خوێندرایەوە پێکشەشکرا دەخەینە دەنگدان، کی لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (34) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کی لەگەڵدانیە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (12) کەس لەگەڵدانیە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ ئەو بڕگەیە بەو شێوازەی کە پێشتر بە تەفسیلی بە ئامادەبوونی ئەندامان و ئامادەنەبوونی ئەندامان دیاری بکات ئەوە پەسەندکرا، ئێستا لیژنەی کاتی کۆی ماددەکە دەخوێننەوە.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو ماددە دەمج دەبێت، دەبێتە ماددەی (53، 54) لەم بڕگانەی خوارەوە پێکدێت دوای یەکلاکردنەوە بە دەنگدان:-

1- سەرۆك دانیشتنی پەرلەمان بە ناوی خودای پەخشەندە و میهرەبان... بە ناوی گەلی کوردستانەوە دەکاتەوە. لەگەڵ ئاماژەدان بە ژمارە و رێکەوتی دانیشتن و وەرزی یاسادانان و خولی گرێدان.

2- دوای کردنەوەی دانیشتنەکە پوختەی کۆنووسی دانیشتنی پێشوو بە مەبەستی راستاندنی دەخرێتە روو، دوای ئەو راستکردنەوانەی بە بڕیاری دەستەی سەرۆکایەتی یان لەسەر داوای ئەندامان تێیدا ئەنجام دەدرێت.

3- خوێندنەوەی پوختەی کۆنووسەکە لەلایەن سکرتێری پەرلەمان ئەم بڕگانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:-

أ- ناوی ئامادەنەبووانی کۆبوونەوەی پەرلەمان و لیژنەکان بە مۆڵەت بێت یان بی مۆڵەت و لە سایتی فەرمی پەرلەمانیش بەڵاو دەکرێتەوە.

ب-ناوی نوێنەرانی حکومەت لە دانیشتنی پێشوو ئەگەر ئامادەبوون.

ج- ئەو بابەتە سەرەکیانەی لە دانیشتنەکە تاوتوی کراون.

4- ئاماژەدان بە هەر یاسا و بڕیارێك کە لە دانیشتنی پێشوودا لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەندکرابێت.

5- دەسـتەی سـەرۆكایەتی لە راسـتاندنی پـوختەی كۆنووسـەكەدا شـوێنی پەرلەمـان دەگرێتەوە ئەگەر لەبەر كۆتایی هاتنی خولی پەرلەمان دانیشتن ئەنجام نەدرا.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، داوا دەكەین ئەوە بخەنە دەنگدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێسـتا بەڕێـزان ئەو مـاددەیە بەو شـێوازەی كە خوێنـدرایەوە دەخەیـنە دەنگـدانەوە، كـێ لەگەڵدایە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (47) كەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدانیە؟ تكایە دەسـت بەرزكـاتەوە؟ (4) كەس لەگەڵـدانیە، زۆر سـوپاس، كەواتە بە زۆریـنەی دەنـگ ماددەكە پەسەندكرا، دەچینە سەر ماددەی (56).

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـاددەی (56) لە مەشروعەكەی بەردەسـتان دەكـاتە مـاددەی (54)ی نـوێی پەسـەندكراوی ئێستا، ماددەی (54) بە ناونیشانی ئامادەبوون لە دانیشتنەكانی پەرلەمان.

ماددەی (54):

یەكەم:

1- سەرۆك وەزیران و ئەنـدامانی ئەنجـومەنی وەزیـران، لەسـەر داوای خۆیـان دەتـوانن ئامـادەی دانیشـتنەكانی پەرلەمـان بـن و لە گفتوگۆكانیـدا دەتـوانن بەشـداری بـكەن بەبی ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت.

2- ئەنـدامانی ئەنجـومەنی وەزیـران دەتـوانن فەرمـانبەرانی وەزارەتەكانیـان بهێـنن بـۆ دانیشتنەكانی پەرلەمان، بە مەبستی راوێژپێكردن و پشت پی بەستنیان بە مـۆڵەتی سەرۆك، بی ئەوەی مافی قسەكردنیان هەبێت.

دووەم:

1- میوانـان و میـدیاكاران دەتـوانن بە وەرگرتنـی رەزامەنـدی دەسـتەی سـەرۆكایەتی لە دانیشتنەكانی پەرلەمان ئامادەبن.

2- ژمـارەی ئەو كەسـانەی كە ئامـادەی دانیشـتنی كـراوە دەبـن نابێـت لە ژمـارەی ئەو كورسیانە تێپەڕ بكات كە لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتیەوە بۆ میوانان تەرخانكراون.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێـزان ئێسـتا ئەو مـاددەیە بەو شـێوازەی كە خوێنـدرایەوە دەخەیـنە دەنگـدان، كـێ لەگەڵدایە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (52) كەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، كی لەگەڵدانیە؟ تكـایە دەسـت بەرزكـاتەوە؟ كەس نـیە، كەواتە بە كـۆی دەنـگ ئەو مـاددەیە پەسـەندكرا، دەچینە سەر ماددەی (57) كە دەبێتە ماددەی (55).

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـاددەی (57)ی ئێـرە كە دەمجكـراوە دەبێـتە مـاددەی (55)ی ئێسـتا كە، بە ناونیشـانی شـێوازی گفتوگـۆكردن لە دانیشـتنەكانی پەرلەمـان، پێشـتر سیسـتەمی گفتوگـۆكردن لە دانیشتنەكانی پەرلەمان بوو، ئێمە سیستەمان گۆڕیووە لەسەر داوای بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمـان، پێمـان وەرگرتـووە ، كردوومـانەتە شـێوازی گفتوگـۆكردن لە دانیشـتنەكانی پەرلەمان.

ماددەی (55):

1- ئەندام بە مۆڵەتی سەرۆك، لەو جێگەیەی دانیشتووە یان لەسەر ئەو سەكۆیەی بـۆ ئەم مەبەسەتە ئامادەكراوە ئاخاوتن دەكات.

2- لەگەڵ خستنە رووی هەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی بەرنامەی کار بۆ گفتوگۆکردن سەرۆك داوا لە سکرتێر دەکات ناوی داواکارانی مۆڵەتی ئاخاوتن تۆمار بکات.
3- رای جیاوازی لەسەر بوو کە ئێمە بەو شێوەیە دامان رشتبوو (سەرۆك بە رەچاوکردنی ریزبەندی تۆمارکردنیان رێگە بە ئەندامان دەدات ئاخاوتن بکەن بە ناوی ئەو ئەندامانە دەست پی دەکات کە پێش دانیشتنەکە لەلای سکرتێر ناویان تۆمارکردووە بۆ ئاخاوتن لەسەر ئەو بڕگەیە و هەر ئەندامێك بۆی هەیە ریزبەندیەکەی بداتە ئەندامێکی تر)، بەشێکی زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان پێمـوایە (10) تاوەکو (15) پەرلەمانتاربوون رایان وابوو کە ناو تۆمارکردنی پێشوەختە لەلایەن سکرتێر نەمێنێت.
4- ئەندام ئاخاوتنەکانی ئاڕاستەی سەرۆك دەکات پێویستە پابەندبێت بەم خاڵانەی خوارەوە:
أ- ئەندام بۆی نیە لە (3) خولەك زیاتر ئاخاوتن بکات، جگەلەو دانیشتنانەی تایبەتە بە گفتوگۆکردن لەسەر پڕۆژە یاسای بودجە و ئەو دانیشتنانەی دەستەی سەرۆکایەتی تایبەتمەندی دەداتێ، ناشبێت وەڵامی گوتەی ئەندامان بداتەوە و توانجیان لێبدات و قسەی خۆی یان ئەندامانی دی دووبارە بکاتەوە، تەنها بۆی هەیە پشتگیری بکات.
ب- دەبێت ئەندام ئاخاوتنەکانی لەسەر ئەو بابەتە چڕ بکاتەوە کە خراوەتە روو، نابێت بگەڕێتەوە سەر بابەتێك کە دەنگی لەسەر دراوە یان گفتوگۆی دەربارەی کۆتایی هاتووە.
ج- هەر ئەندامێك بۆی هەیە تەنها یەکجار لەسەر هەر بابەتێك ئاخاوتن بکات.
5- سەرۆك بۆی هەیە رێگە بگرێت، لەبەردەوامبوونی ئەندام لەسەر ئاخاوتنەکەی ئەویش لە یەکێك لەم ئەگەرانەی خوارەوە:

ببوورن، ئەوە هەمووی دەمجکراوە، دەبوایە پێشتر ئاماژەی پی بکەین، تەبعەن لەسەر ئەو دەمجە لەسەر داوای ئەندامانی پەرلەمان بووە، فیعلەن داواکاریەکەشیان زۆر لە جێگای خۆیدابووە، ئێمە دوای ئەوەی پێداچووینەوە بۆمان دەرکەوت کە ئەو هەموو ماددەیەی ناوێت، هەمووی یەك بابەتە، ئێمە ئەو سیاغەیە نوێیەی کردوومانە پێمانوایە زۆر لە جێگای خۆیدایە، بۆیە ببوورن من پەلەمکرد دەبوایە پێشوەختە ئەوە بخەینە دەنگدان، ئایا دەمج بکەین ئینجا هەمووی بخوێنینەوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دەمجەکە و بڕگەی سێیەم کە خیلافی لەسەربوو داوا دەکەن لاببرێت، ئەو ناونووسینی پێشوەختە، دەمجەکە دەخەینە دەنگدان ئەو سی ماددەیە لێك بدرێن.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا لە بەڕێزتان دەکەین سەرەتا ئەوە بخەینە دەنگدان ئەو سی ماددەیە بکرێتە یەك ماددە، ئینجا دێین باسی ئەوە دەکەین ئایا ناو تۆمارکردنی پێشوەختە بمێنێت کە ئەوە ما ئەوەی تر هەمووی سیاغەیە بە یەکەوە دەیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەوە دەخەینە دەنگدان لێکدانەوەی هەر سی ماددە کە ئەوەی لەبەر دەستماندایە ماددەی (57، 58، 59)، دەمجی هەر سی ماددە دەخەینە دەنگدان، کی لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (52) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کی لەگەڵدانیە؟

تكايه دەست بەرزكاتەوە؟ كەس نیە، كەواتە بە كۆی دەنگ پەسەندكرا، كە هەر سێ ماددە دەمج بكرێت، ئەوەی دووەم كاك د.فرست.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

داوا لە بەڕێزتان دەكەین ئەوە بخەینە دەنگدان ئەو بڕگەیە وەكو خۆی بڕوات كە ئەندامی پەرلەمان بۆی هەبێت پێش جەلسە ناوی خۆی تۆمار بكات وەكو ئەوەی كە ئێستا هەیە یان هەڵی بگرین، ئێستا داوا لە بەڕێزتان دەكەین ئەوە بخەینە دەنگدان ئایا ناو تۆماركردنی پێشوەختە هەڵبگیرێت یان نا؟ جاری یەكەم هەڵگرتنەكەی بخەنە دەنگدان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان هەڵگرتنی ناونووسینی پێشوەختە بۆ ئاخاوتن لە ناو هۆڵی پەرلەمان ئێستا ئەوە دەخەینە دەنگدان، كێ لەگەڵ ئەوەدایە ناونووسینی پێشوەختە هەڵبگیرێت؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (39) كەس لەگەڵ ئەوەدایە ناونووسینی پێشوەختە هەڵبگیرێت، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ ئەوەدایە كە بمێنێت؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (10) كەس لەكەڵ ئەوەدایە كە بمێنێت، كەواتە بە زۆرینەی دەنگ پێشنیارەكە بۆ هەڵگرتنی ناونووسینی پێشوەختە پەسەندكرا، ئێستا داڕشتنی كۆتایی بۆ هەر سێ ماددە پێكەوە بخوێنەوە كاك د.فرست.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستا ماددەی (57، 58، 59)ی مەشروعەكەی بەردەستی ئەندامانی پەرلەمان دەبێتە ماددەی (55)ی نۆی، ئێستا سیاغەی كۆتایی ماددەی (57، 58، 59) لە چوارچێوەی ماددەی (55)، ماددەی (55) لە كۆكراوەی سێ ماددە لە سیستەمی گفتوگۆكردن لە دانیشتنەكانی پەرلەمان دەبێتە شێوازی گفتوگۆكردن لە دانیشتنەكانی پەرلەمان، ناونیشانی دەبێتە (شێوازی گفتوگۆكردن لە دانیشتنەكانی پەرلەمان).

ماددەی (55):

1- ئەندام بە مۆڵەتی سەرۆك، لەو جێگەیەی دانیشتووە یان لەسەر ئەو سەكۆیەی بۆ ئەم مەبەستە ئامادەكراوە ئاخاوتن دەكات.

2- لەگەڵ خستنە رووی هەر بڕگەیەك لە بڕگەكانی بەرنامەی كار بۆ گفتوگۆكردن سەرۆك داوا لە سكرتێر دەكات ناوی داواكارانی مۆڵەتی ئاخاوتن تۆمار بكات.

3- سەرۆك بە رەچاوكردنی ریزبەندی تۆماركردنیان رێگە بە ئەندامان دەدات ئاخاوتن بكەن.

4- ئەندام ئاخاوتنەكانی ئاڕاستەی سەرۆك دەكات پێویستە پابەندبێت بەم خاڵانەی خوارەوە:

أ- ئەندام بۆی نیە لە (3) خولەك زیاتر ئاخاوتن بكات، جگەلەو دانیشتنانەی تایبەتە بە گفتوگۆكردن لەسەر پڕۆژە یاسای بودجە و ئەو دانیشتنانەی دەستەی سەرۆكایەتی تایبەتمەندی دەداتێ.

ب- نابێت وەڵامی گوتەی ئەندامان بداتەوە و توانجیان لێبدات و قسەی خۆی یان ئەندامانی دی دووبارە بكاتەوە، تەنها بۆی هەیە پشتگیری بكات.

ج- دەبێت ئەندام ئاخاوتنەكانی لەسەر ئەو بابەتە چڕ بكاتەوە كە خراوەتە روو، نابێت بگەڕێتەوە سەر بابەتێك كە دەنگی لەسەر دراوە یان گفتوگۆی دەربارەی كۆتایی هاتووە.

د- هەر ئەندامێك بۆی هەیە تەنها یەكجار لەسەر هەر بابەتێك ئاخاوتن بكات.

5- سەرۆك بۆی هەیە رێگە بگرێت، لەبەردەوامبوونی ئەندام لەسەر ئاخاوتنەکەی ئەویش لە یەکێك لەم ئەگەرانەی خوارەوە:
أ- بەبی مۆڵەت ئاخاوتنی کرد.
ب-لە کاتی ئاخاوتندا وشەی نەشیاو یان تانە و تەشەر بەرامبەر هەر دەزگایەکی دەستووری و یاسایی هەرێم یان ئەندامێك یان فراکسیۆنێکی پەرلەمانی یان هەر کەسێکی دی بەکارهێنا.
ج- باسی لە تایبەتمەندیەکانی ئەندامێك یان هەر کەسێکی دی کرد.
د- باسی لە نهێنیەکانی دۆسیەیەك کرد کە لەبەردەم دادگادا یان هەر دۆسیەیەکی دی کە لە درکاندنی رێگە پێدراو نەبێت.
هـ- ماوەی دیاریکراوی ئاخاوتنی کۆتایی هاتبوو.
و- ئەگەر لە بابەتی گفتوگۆ.
داوا لە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەوەی خوێندمانەوە لە چوارچێوەی ماددەی (55) بخرێتە دەنگدان.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێزان ئەو ماددەیە کە بەو شێوازەی خوێندرایەوە کە سێ ماددەیە و لێکدراوە دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (56) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانیە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس نیە، کەواتە بە کۆی دەنگ ماددەی (55) پەسەندکرا، خاڵێکی نێزامی هەیە، کاك شوان فەرموو.
**بەڕێز شوان احمد نعمان (شوان شێخ احمد):**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
داوای تەوزیحێکم دەکرد لە کاك د.فرست، بۆیە نوقتەی نیزامیم هەبوو، بەڵام نەتان بینی، بەس تەوزیحێکمان بۆ بکەن بۆ ئەو کەسێکی دی، (کەسێکی دی) مەبەستی کێیە؟ زۆر سوپاس.
**بەڕێز/ د.فرست صۆفی علی:**
**بەڕێز/ سەرۆکی پەرلەمان:**
ئەوەی بەڕێز کاك شوان فەرمووی مەبەستمان ئەوەیە لە ناو هۆلی پەرلەمان ئەندام مەسموحە لە ئاخاوتن، بەڵام تانە و تەشەر چ لە ئەندامی پەرلەمان بدات یان هەر کەسێکی دەرەوەی ئەم پەرلەمانەش بدات، مەسەلەن بە شێوازی شکاندن و تانە و تەشەر ئەوەی لە چوارچێوەی قانونی رێگەپێدراو نیە، یەعنی رێگەی پی نادرێت وشەی نەشیاو لە ناو هۆل بەکار بێنێت، ئینجا هەر کەسێك بێت چ لە برادەرکەی خۆی بێت وەکو پەرلەمانتار یان کەسێکی تر لە دەرەوەی ئەم هۆلەش، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
ماددەی (60) بخوێننەوە.
**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (60) تەنها سیاغەیە دەیخوێنینەوە، دەبێت ماددەی (56)ی نوێ.
ماددەی (56):
1- سەرۆك دەتوانێت فەرمان بکات بە سڕینەوەی هەر هەموو یان بەشێك لە ئاخاوتنی هەر ئەندامێك لە پرۆتۆکۆل کە پێچەوانەی شێواز و مەرجەکانی گفتوگۆکردن بێت کە لەم پەیڕەوەدا دەق نووسکراون، لە کاتی ناڕەزایی ئەندام دەستەی سەرۆکایەتی بەبێ گفتوگۆکردن بڕیاری یەکلاکەرەوە دەدات.

2- ئەندام بۆی هەیە پێشنیازی سڕینەوەی ئاخاوتنی ئەندامێکی دی بکات، ئەگەر لە پەیڕەو لایدا یان پێچەوانەی شێواز و مەرجەکانی گفتوگۆکردن بوو سەرۆك بڕیار لەسەر داواکاری ئەندامەکە دەدات.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەو ماددەیە پێشتر موناقەشەکراوە، ئێستا بەو شێوازەی کە خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان، کی لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (52) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کی لەگەڵدانیە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس نیە، کەواتە بە کۆی دەنگ ماددەی (56) پەسەندکرا، دەچینە سەر ماددەی (61).

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (61)ی پڕۆژەی بەردەستی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دەبێتە ماددەی (57)ی نوێ، ئەمەش رای جیاوازی لەسەر هەیە.

ماددەی (57):

1- ئەندام لە ڕێگەی خاڵی پەیڕەوەوە بۆی هەیە لە هەر کاتێکی دانیشتنەکانی پەرلەمان داوای وەرگرتنی مۆڵەت لە سەرۆك بکات بۆ ماوەیەك لە (2) خولەك زیاتر نەبێت بۆ قسەکردن بەبی رەچاوکردنی تۆمارکردن و ریزبەندی.

2- تەنها ئەم ئەگەرانەی خوارەوە بە خاڵی پەیرەوی دادەنرێن:-

أ- ئەگەر پێشێلکردنی یەکێك لە ماددە و بڕگەکانی دەستوور یان یەکێك لە یاسا بەرکارەکان یان یەکێك لە ماددە و بڕگەکانی ئەم پەیڕەوەکرا لەگەڵ ئاماژەکردن بە ماددەکە.

ب-ئەگەر گفتوگۆکان لە بابەتی دانیشتنەکە دەرچوون.

ج- داواکردن بۆ دواخستنی گفتوگۆ لەسەر بابەتێك و بڕیاردان لەسەر گفتوگۆکردن لەسەر بابەتێکی دی یان ئاڵوگۆڕ لە بەرنامەی کار.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، خیلاف نەبوو، بەلام پێشنیارێك هەبوو و سی کەس زیاتر پشتگیریان کردبوو کە ماددەی (62) دەمج بکرێت لەگەڵ ماددەی (61)، واتە ماددەی (57) و ماددەی (58) ببن بە یەك ماددە، ئێمە وەکو لیژنەی کاتی لەگەڵ دەمجی ئەم ماددەکەین.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لەسەر لێکدانەوەی ماددەی (61، 62) دەخەینە دەنگدان، کی لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (52) کەس لەگەڵ ئەوەدایە کە دەمج بکرێت، زۆر سوپاس، کی لەگەڵدانیە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس نیە، کەواتە بە کۆی دەنگ پەسەندکرا کە دەمج بکرێت، روونکردنەوەت هەیە کاك عمر؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر مەجال هەبێت بڕگەی (ب، ج) ئەگەر جەنابی کاك د.فرست و لیژنەی بەڕێز سەیری بکەن (ب، ج) لە ناو بڕگەی (أ) هەیە، بە رەئی من بڕگەی (ب، ج) زیادەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ریۆاز فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەکانی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانم نووسیووە کاك بێستون قسەیەکی کردووە لەو کۆبوونەوەیەی کە پەیوەندی بە موناقەشەی ئەم ماددەیەوە هەبووە ماددەی (61)، راستە کەس پشتگیری نەکردووە، بەڵام هەست دەکەم زۆر دەقیقە، بڵێین ماددەی (61) رەقەم (2/أ) مەرج نیە بەس تەنها لە کاتی پێشێڵکردندا تۆ داوای پەیڕەوی بکەی، لەوانەیە بتوانی پشت بەس بە ماددەیەکی پەیڕەوی داوای خاڵی پەیرەوی بکەی، لەبەر ئەوە لەگەڵ بەڕێزانیش قسەمانکرد بە یەکەوە ئێمە لەگەڵ ئەوەداین وای لێبکرێت، لە ئەگەری پێشێلکردنی یان پشت بەستن بە یەکێك لە ماددەکانی ئینجا تا کۆتایی، چونکە لەوانەیە یەکێك بڵی پشت بەست بە ماددەی ئەوەندە من خاڵی نیزامیم هەیە، یان لەوانەیە راوەستن ئێوە ئەو ماددەیەتان پێشێلکردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

د. ڤاڵا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها ئەگەر مەجال هەبێت دوو خولەکیان بۆ نوقتەی نیزام داناوە و سێ خولەکیشمان بۆ گفتوگۆ داناوە، یەعنی ئەگەر ئەندام بۆ گفتوگۆکردن تەنها سێ خولەکی هەبێت وابزانم دوو خولەك بۆ نوقتە نیزام زۆر زۆرە، نیوەی ماددەکانی پەیڕەو دەتوانرێت بخوێندرێتەوە لە دوو خولەکدا، بەوە بکرێت لە یەك خولەك زیاتر نەبێت نوقتەی نیزام، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە رەئی بوو پێشتر موناقەشەکراوە، بەڵام لیژنەی کاتی ئێوە چیتان ئامادەکردووە، د.بەهار فەرموو، بەس رەئی نەبێت هاوکاری لیژنەی کاتی بکەن، باشە.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رەئی نیە، ئەوە کە پێشتر گوتراوە د.ڕێوازیش گوتی، من پێم باشە بخرێتە دیباجەوە، یەعنی ئەندام بۆی هەیە پشت بەست بە بڕگەی ماددەی دەستووری یان یاسایی لەم ئەگەرانەی خوارەوەدا نوقتەی نیزامی بگرێت بۆ ئەوەی هەمووی بگرێتەوە ئەو کاتە، باشتر دەبێت بخرێتە دیباجەی ماددەکەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیەوێت لەسەرەوەی ماددە هەر وەکو دەستپێکی ماددە کە لەو حاڵاتانەی خوارەوە داوای خاڵی نیزامی دەکرێت، ئێوە وەکو لیژنەی کاتی لەسەر چ موتەفیق دەبن و مەرج ئێوەنە، یەك دەقە بۆ ئێوە مەجال فەرموون.

بەرێزان خولەکێکمان بە لیژنەی کاتی دابوو، بەڵام ئێستا بووە (2-3) خولەك، سووچی ئێمە بوو، دەست پی ئەکەینەوە، فەرموو، بەرێزان هەوڵ ئەدەین لەو ماوەی لەبەر دەستە هەندی وەزیر بانگ بکەین سەبارەت بەو کوشتارە و توڵە کردنەوەی لەو ماوەی سەری هەڵداوە، دواتریش تەواو کردنی ئەو بەرنامانەی لەبەر دەستە، فەرموو.

**بەرێز ڤاڵا فەرید ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (61- 62) ناو پرۆژەکە دەمج ئەکری و ئەبێتە ماددەی (57) بە رەچاو کردنی تێبینی بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان بەو شێوەی لی دێ:

1 ئەندام ئەتوانی پشت بەست بە یەکی لە ماددە و بڕگەکانی دەستوور، یاسا بەرکارەکان یان یەکی لە ماددە و بڕگەکانی ئەو پەیرەوە لە هەرکاتێکی دانیشتنی پەرلەمان لە رێگەی

خاڵی پەیرەوەی دوای وەرگرتنی مۆڵەت لە سەرۆك بۆ ماوەیەك کە لە (1) خولەك زیاتر نەبی بەبی رەچاو کردنی تۆمار کردن و ریزبەندی ئاخاوتن بکات.
2- تەنیا ئەو خاڵانەی خوارەوە بە خاڵی پەیرەوەی دائەنرێن:
أ پێشێل کردنی یەکی لە ماددە و برگەکانی دەستور، یاسا بەرکارەکان یان یەکی لە ماددە و برگەکانی ئەو پەیرەوە.
ب- ئەگەر گفتوگۆکان لە بابەتی دانیشتنەکە دەرچوون.
ج- داوا کردن بۆ دواخستنی گفتوگۆ لەسەر بابەتێك و بڕیاردان لەسەر گفتوگۆ کردن لە بابەتێکی تر یان ئاڵوگۆڕ لە بەرنامەی کار.
ماددەی (62) ئەبێتە بڕگەی سێیەم:
ئەگەر ئەندام داوای ئاخاوتنی کرد بە رێگەی خاڵی پەیرەوی، بەڵام ئاخاوتنی خاڵی پەیرەوی نەبوو، سەرۆك ئەتوانی ئاخاوتنی پی ببرێت و لەکاتی دووبارە بوونەوەی لەو دانیشتنە هەلێکی تری ناداتی بۆ ئاخاوتن لە رێگەی خاڵی پەیرەوی.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەو شێوازەی خوێندرایەوە کی لەگەڵە؟ (53) کەس لەگەڵە، کی دژە؟ کەس نیە، بە کۆی دەنگ پەسند کرا، ماددەی (63) فەرموو.
**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (63) کە ئەبێتە ماددەی (58) ی تازە کۆتایی ماددەی ئەوبەشەیە، تەنیا سیاغەیە و وەکی خۆی پێشنیاز کراوە برگەیەك زیاد بکرێ، داوا لە بەرێزتان ئەکەین زیاد کردنی ئەو برگەیە سەرەتا بخەینە دەنگدان، ئینجا ماددەکە ئەخوێنینەوە، ئەلی برگەی (5) زیاد بکری (لە کاتی پێویست سەرۆك دەتوانی دانیشتنەکە هەڵگری یان دوای بخات)
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
ئەو برگەیە لە پەیرەوی پێشتر هەیە.
**بەڕێز فرست صۆفی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بەڵام لەو پەیرەوە نوێیە نیە، داوا ئەکری زیاد بکرێ، ئێمە خۆشمان لەگەڵین زیاد بکرێ، بۆیە داوا ئەکەین بخرێتە دەنگدان، ئینجا هەمووی وەکو خۆی ئەخوێنینەوە.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
زیاد کردنی ئەو برگەیە دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵ دایە؟(50) کەس لەگەڵە، کی دژە؟ کەس نیە، بە کۆی دەنگ پەسند کرا، ئێستا کۆی ماددەکە دەخوێندرێتەوە و دەخرێتە دەنگدان.
**بەڕێز فرست صۆفی علی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (58):
ئەگەر لە کاتی دانیشتنەکانی پەرلەمان هەر سەرپێچیەك لەلایەن هەر ئەندامێکەوە بکری کە ئەشی کاربکاتە سەر بەرێوەچوونی دانیشتنەکە یان ئاخاوتنی نەشیاو بەرامبەر بە پەرلەمان و دەستەی سەرۆکایەتی و یان هەر یەکی لە ئەندامان لێی ببیستری سەرۆك بەو شێوەیە رەفتاری لەگەڵ ئەکات:
1 بەبیر ئەندامەکەوە ئەخاتەوە کە رێك وپێکی دانیشتنەکە بپارێزێ
2- ئەگەر پابەند نەبوو و هەر بەردەوام بوو سەرۆك وریای دەکاتەوە (تەنبیە).

3- له حاڵەتی بەكارهێنانی زمانی زبر ئەوا سڕینەوەی ئاخاوتنەكانیشی له پرۆتۆكۆل لەگەڵ ئەبێ.
4- ئەگەر ئەمجارەش پابەند نەبوو بەردەوام بوو سەرۆك بۆی هەیه له دانیشتنەكه بێ بەشی بكات.
5- له كاتی پێویست سەرۆك ئەتوانی دانیشتنەكه هەڵبگری یان دواى بخات.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵه بەو شێوازه كه خوێندرایەوە؟ (54) كەس لەگەڵیەتی، كێ دژە؟ كەس نیه، به كۆی دەنگ پەسند كرا، ئێمه گفتوگۆمان ماوه بۆ (10) ماددەی تر، فەسڵێكی تر، بەشی حەوتەم.......

**بەڕێز فرست صۆفی على:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەپێی ئەوەی له موناقەشه كردنی ئەو پەیرەوە بەسەری رۆیشتین و رەچاومان كردووە و ئیقرار كراوه، سەرەتا بەشی چاودێری كردن دەخوێندرێتەوە، ئینجا مادده، ماددەی حەوتەم كه بەشی چاودێری كردنه دەخرێته گفتوگۆ، رای ئەندامانی پەرلەمان تۆمار دەكرێ، له دانیشتنی داهاتوو وەكو ئەوەی ئێستا كردمان مادده، مادده، ئەخرێته دەنگدان و پەسند دەكرێ، بۆیه ئێستا لیژنەی كاتی تەواوی بەشەكه ئەخوێنێتەوە، ئینجا ئەخرێته دەنگدان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەشی حەوتەم:

1 ماددەی (59):

هەموو ئەندامێك بۆی هەیه پرسیاری نووسرا و یان زارەكی بۆ سەرۆك وەزیران یان ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران بنێری بۆ روون كردنەوەی بابەتێك كه ئەكەوێته چوار چێوەی پسپۆریەكەیان یان بابەتێك كه ئەندام زانیاری له بارەیەوە نیه یان ئەیەوی بەدواداچوونی له بارەوە بكات یان ئەیەوی رای حكومەت له بارەی بابەتێكەوە بزانێ.

ماددەی (60):

مەرجەكانی پرسیاری نووسراو:

1- ئەبی پرسیار لەلایەن یەك ئەندام پێشكەش كرابێت و بەروار و واژووی لەسەر بی و له رێگەی سەرۆك ئاڕاسته بكرێ.
2- دەبێت پرسیار روون و پوخت بی و مەبەستی دیاری كرا و بێ، توانج و رای تێدا نەبی و لەكەداری كەسێتی و دەسته و دامەزراوەی هەرێم نەكات.
3- نابی بابەتی پرسیارەكه لەبەردەم دادگا بێ.
4- دەبی پرسیارەكەی له تایبەتمەندی ئەو وەزارەته بی كه پرۆسیارەكەی ئاڕاسته كراوه.
5- پرسیارەكه پێچەوانەی دەستور و یاسا و بەرژەوەندی گشتی نەبێت و ناشبی پێشتر وەڵام درابێتەوە.
6- ئەو بابەتەی ئاڕاستەی لیژنه پەیوەندیدارەكانی كراون پرسیاریان له بارەوە ناكری تا لیژنه راپۆرتی خۆی پێشكەش ئەكات.
7- ئەو پرسیارانەی دەنێردری بۆ سەرۆكی حكومەت و جێگرەكەی دەبی پەیوەست بن به كارنامه و سیاسەتی گشتی حكومەت.

ماددەی (61):
1 دەستەی سەرۆکایەتی بۆی هەیە ئەو پرسیارانە رەت بکەنەوە کە هەر مەرجی لەو مەرجانەی تێدا نەبی کە لە ماددەی (63) و هەرچەندە ئیشی پەیرەوە ئاماژەی پێدراوە.
2- ئەندام کە پرسیارەکەی رەت کراوەتەوە ئەگەر بە بریاری سەرۆکایەتی رازی نەبوو بۆی هەیە داوا بکات بابەتەکە بخرێتە بەردەم دەستەی کشتی.
ماددەی (62):
سەرۆك لە ماوەیەك ك لە (7) رۆژ تێپەر نەکات لە بەرواری گەیشتنی پرسیارەکە ئەینری بۆ سەرۆك وەزیران یان ئەو وەزیرەی کە پرسیارەکەی ئاراستە کراوە.
ماددەی (63):
ئەبی ئەو لایەنەی پرسیارەکەی ئاراستە کراوە لە ماوەی (7) رۆژ وەڵامی پرسیارەکە بدەنەوە لە هەموو حاڵەتێك و نابی وەڵامی پرسیارەکە لە ماوەی (21) رۆژ دوابخرێ.
ماددەی (64):
1 پرسیار بە کۆتایی هاتنی وەرزی گرێدان کۆتایی نایەت تەنیا ئەو ماوەی بۆ وەڵامی پرسیار دیار کراوە نامێنێت و ماوەکە لە سەرەتای وەرزی گرێدان سەر لە نوی دەست پی ئەکاتەوە.
2- ئەندام بۆی هەیە هەرکاتی بیەوی پرسیارەکەی بکشێنێتەوە.
3- ئەگەر زیاتر لە یەك ئەندام هەمان پرسیاری ئاراستە کرد ئەوە پرسیارەکە بە ناوی ئەو ئەندامە ئاراستە ئەکری کە پێشتر پێشکەشی دەستەی سەرۆکایەتی کردووە، بەڵام ئەبی وێنەیەکی وەڵامەکە ئاراستەی ئەو ئەندامانەش بکری کە هەمان پرسیاریان کردووە.
ماددەی (65):
پرسیاری زارەکی:
رۆژانی پێنج شەمە بەپێی پێویست تەرخان ئەکری بۆ پرسیاری زارەکی.
ماددەی (66):
1 سەرۆك وەزیران یان ئەندامی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە یەکسەر وەڵامی پرسیاری زارەکی بداتەوە یان داوای دواخستنی بکات بۆ ماوەیەك کە لە (15) رۆژ تێپەر نەکات.
2- ئەکری پرسیاری زارەکی بە نووسین لە ماوەی دیاری کراو وەڵام بدرێتەوە.
ماددەی (67):
1 ئەندام بۆی هەیە لە هەر کۆبوونەوەیەك دا کە تەرخان کراوە بۆ پرسیاری زارەکی تەنیا یەك پرسیار ئاراستە بکات.
2- تەنیا ئەو کەسەی پرسیاری ئاراستە کردووە ئەتوانی یەکجار بە کورتی تەعقیب واتە لەسەر بەدواداچوون لە وەڵامی پرسیار لێکراو بکات.
3- پرسیار لێکراو بۆی هەیە بە کورتی و بۆ یەکجار لەسەر تەعقیبی ئەندامی پەرلەمان وەڵام بداتەوە.
4- ئەبی ئەو کەسەی پرۆسیاری زارەکی ئەکات (48) کاتژمێر بەر لە دانیشتنی تایبەت بۆ پرسیاری زارەکی ناوی خۆی و پوختەیەکیش لەو پرۆسیارە بداتە سکرتێری پەرلەمان.
5- ناکری لە کاتی پرسیاری زارەکی لە هەمان دانیشتن پرسیار بگۆردری بۆ پرساندن.
ماددەی (68): لای ئێوە ماددەی (73) ئەکات:
کاتی دیاری کراو بۆ پرسیار و وەڵامی زارەکی بەم شێوەیە ئەبێ:
1 دوو خولەك بۆ پرسیار کردن.
2- (3) خولەك بۆ وەلامدانەوە.

3- (3) خولەك بۆ تەعقیب لە بەدواداچوونی ئەو ئەندامەی پرسیاری کردووە.
4- (3) خولەك بۆ وەڵام دانەوەی تەعقیبەکە.
ماددەی (69):
مەرجەکانی پرسیار کردن لە سەرۆك وەزیران و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لە کاتی گفتوگۆ کردن لەسەر بودجەی گشتی و پرۆژە یاساکان جی بەجی ناکرێ.
2- خستنەرووی بابەتێکی گشتی بۆ گفتوگۆ (ترح موضوع عام للمناقشة).
ماددەی (70) :
1 بریتیە لە گفتوگۆ کردنی بابەتێکی گرنگ و هەنووکەیی لە نێوان پەرلەمان و حکومەت بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی.
2- (10) ئەندامی پەرلەمان بۆیان هەیە داوایەك پێشکەشی دەستەی سەرۆکایەتی بکەن بۆ ئەوەی بابەتێکی گشتی بخرێتە روو بۆ گفتوگۆ.
3- سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە داوا لە پەرلەمان بکات بۆ ئەوەی بابەتێك بۆ گفتوگۆ کردن بە ئامادە بوونی خۆی یان یەکی لە ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران بخرێتە روو.
4- دەستەی سەرۆکایەتی ئەبی لە ماددەیەك کە لە (14) رۆژ تێپەر نەکات وادەی ئەو دانیشتنە دیاری بکات.
5- لەو دانیشتنەی بابەتێکی گشتی ئەخرێتە روو بۆ گفتوگۆ پرساندن و لی سەندنەوەی متمانە لە خۆ ناگرێ.
6- هەر ئەندامێك بۆی هەیە بەشداری لە گفتوگۆ بکات.
7- حکومەت بۆی هەیە داوای دواخستنی ئەو دانیشتنە بکات بۆ ماوەیەك کە لە (7) رۆژ زیاتر نەبی بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان رۆژێکی تر دیاری ئەکرێ.
8- پێویستە ئەو ئەندامانەی واژوویان کردووە ئامادە بن و دەستپێکی ئاخاوتن پی بدرێ.
ماددەی (71):
ئەگەر پێش دیاری کردنی کاتی دانیشتن هەموو یان زۆرینەی ئەندامان داواکەیان کشاندەوە سەرۆك بەلاوەی ئەنێ.
ماددەی (72):
ئەگەر دەستەی سەرۆکایەتی رازی نەبوو لەسەر خستنە رووی ئەو بابەتە گشتیە بۆ گفتوگۆ ئەو ئەندامانەش کە واژوویان کردووە پێداگیریان کرد بابەتەکە ئەخرێتە بەردەم پەرلەمان بۆ یەکلای کردنەوە.
ماددەی (73):
ئەکری لە ئەنجامی خستنەرووی بابەتێکی گشتی بۆ گفتوگۆ دەستەی سەرۆکایەتی بابەتەکە ئاڕاستەی لیژنەی پەیوەندیدار بکات بۆ ئەوەی راپۆرتی تایبەت لەو بارەوە ئامادە بکات دواتریش پەرلەمان بریار و رێوشوێنی پێویست بگرێتە بەر، یان ئەکری لەو کۆبوونەوەیەی پەرلەمان راسپاردەی پێویست دەربکات.
3-- پرساندن-- ماددەی (74):
بریتیە لە داوا کردن لە سەرۆك وەزیران یان یەکی لە ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران بە روون کردنەوەی کارنامەی حکومەت و هۆکارەکانی ئەو بریار و رەفتار و کارانەی ئەکەوێتە بواری پسپۆریەکەیان.
ماددەی (75):

1 هەر ئەنـدامێك بە واژووی یەك لەسـەر سـێی ئەنـدامان بـۆی هەیە داوای پرسـاندن لە سەرۆك وەزیران بكات.
2- هەر ئەنـدامێك بـۆی هەیە بە واژووی یەك لەسـەر چـواری داوای پرسـاندنی ئەنـدامانی ئەنجومەنی وەزیران بكات.
3- گفتوگــۆ كــردن لەســەر پرســاندن ئەنجــام نــادری تــا (7) رۆژ لە بەرواری گەیشــتنی داواكارییەكە بۆ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
ماددەی (76):
ئەو مەرجانەی لە پرساندن هەن هەمان ئەو مەرجانەن كە لە پرسیاردا ئاماژەیان پێدارەوە بە رەچاو كردنی ئەو خاڵانەی خوارەوە:
1 داواكاری پرسـاندن بە نووسـین هـاوپێچ لەگەڵ بـابەتی پرسـاندنەكە و بەڵـگە و زانیـاری و دۆكۆمێنتەكان ئاڕاستەی سەرۆك ئەكرێن.
2- پێویستە ئەو كەسەی پرسـاندنی بـۆ كـراوە لە رۆژی گەیشـتنی پرسـاندنەكە لە مـاوەیەك كە لە (14) رۆژ تێپەڕ نەكات وەڵام بداتەوە.
3- ئەگەر پرساندنەكە پێویستی بە لێكۆڵینەوە و كۆكردنەوەی زانیاری هەبوو پرسێندراویش نەیتـوانی لە مـاوەی دایـاری كـراو وەڵـام بـداتەوە داوا لە سـەرۆكی پەرلەمـان ئەكـات بە دواخسـتنی پرسـاندنەكە بـۆ مـاوەیەك كە لە (7) رۆژ زیـاتر نەبـێن دواخسـتنی پرسـاندن لەو ماوەیە زیاتر بە رەزامەندی پەرلەمان ئەبێ.
4- سـەرۆكایەتی پەرلەمـان پرسـاندن و وەڵـامەكەی لە بەرنـامەی كـاری نزیكتـرین دانیشـتن دادەنـی ئەگەر وەڵـامی پرسـاندنەكە لە كـاتی دیـاری كـراو نەگەیشـتە پەرلەمـان ئەوا تەنیـا پرساندنەكە دەكرێتە بابەتی گفتوگۆی دانیشتنی تەرخان كراو.
ماددەی (77):
1 دوای خوێندنەوەی پرساندنەكە و وەڵامەكەی پرۆسەی پرساندنەكە بەم شێوەیە ئەبێ:
1 قسە كردن ئەدرێتە ئەو ئەنـدامەی داوای پرسـاندنەكەی كـردووە بـۆ مـاوەیەك كە لە (15) خولەك زیاتر نەبێت و دواتر دەرفەت بۆ كەسی پرسێندراو بە هەمان كاتی دیاری كراو.
2- هەر یەكە بۆ یەكجار مافی وەڵامدانەوەی هەیە لە ماوەی (3) خولەك دا.
3- دواتر دەرفەتی ئاخاوتن بۆ ماوەی (2) خولەك ئەدرێتە هەر یەك لەو ئەنـدامانەی پێشـتر ناوی خۆیان تۆمار كردووە.
دووەم:
1 ئەگەر پرسێندراو بی هۆ ئامادە نەبوو پرۆسەی پرساندن بەردەوام ئەبێ.
2- ئەگەر ئامادە نەبوونەكە بە پاساوێكی رەوا بوو سەرۆكایەتی كاتی تر بۆ پرسـاندن دیـاری ئەكات.
ماددەی (78):
ئەو پرسـاندنەی لە وەرزی یاسـا دانـانی پێشـوو پێشـكەش كـراون دەخـرێتە بەرنـامەی كـاری وەرزی یاسادانانی نوێ.
ماددەی (79):
لەم حاڵەتانەی خوارەوە پرساندن بە كۆتایی هاتوو هەژمار ئەكرێ:
1 ئەو ئەنــدامەی داوای پرســاندن ئەكــات بــۆی هەیە لە هەر قۆناغێــك لە قۆناغەكــانی پرساندن داوای پرساندنەكە بكشێنێتەوە.
2- دەست لەكاركێشانەوەی ئەو وەزیرەی پرساندنی بۆ كراوە.
3- دەست لەكاركێشانەوەی ئەو ئەندامەی پرساندنی كردووە.

4- ئەگەر وەڵامی پرساندن باوەر پێهێنەر بوو یان دەنگی پێویستی نەهێنا بۆ لێسەندنەوەی متمانە.
ماددەی (80): لێسەندنەوەی متمانە:
1 لێسەندنەوەی متمانە دروست نابی بەبی ئەنجامدانی پرۆسەی پرساندن.
2- ئەگەر وەڵامی پرساندن بروا پێهێنەر نەبوو بۆ پرسێنەر بۆی هەیە پێشنیازی لێسەندنەوەی متمانە بکات بە رەزامەندی زۆرینەی ئامادە بووان.
3- پێش دەنگدان لەسەر وەرگرتنەوەی متمانە سەرۆکی پەرلەمان رێگا ئەدات بە قسە کردن لەسەر ئەو بابەتە بۆ دوو ئەندام لەوانەی داوای وەرگرتنەوەی متمانە ئەکەن و دوو ئەندامیش لەوانەی دژی لێسەندنەوەی متمانەن.
4- سەرۆك وەزیران بە متمانە لێسەندراو هەژمار ئەکری ئەگەر زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان دەنگیان دا بۆ لێسەندنەوەی متمانە.
5- ئەندامی ئەنجومەنی وەزیران بە متمانە لێسەندراو هەژمار ئەکری ئەگەر زۆرینەی رەهای ئەندامان دەنگیان دا بۆ لێسەندنەوەی متمانە.
6- بابەتی لیسەندنەوەی متمانە لەو ماوەی کە لە (5) رۆژ زیاتر نەبی و لە رۆژی لی پرساندنەوە ئەنجام ئەدرێ.
ماددەی (81):
ئەگەر پرساندن بە وەرگرتنەوەی متمانە لە سەرۆك وەزیران کۆتایی پی هات ئەوا کابینەی حکومەت بە دەستلەکار کێشاوە هەژمار ئەکری و وەك حکومەتی کار بەرێکەر بەردەوام ئەبی تا ئەوکاتی بەپێی یاسا کارپێکراوەکان کابینەی نوی پێکدەهێنرێ.
ماددەی (82):
هەموو رێکارەکانی چاودێری کردنی پەرلەمان بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران سەرۆکی کۆمیسیۆن و دەستە سەربەخۆکانیش ئەگرێتەوە.

**بەڕێزجعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئامادە کردنی پرۆژەی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان، دەست بە گفتوگۆ ئەکەین، بۆ گفتوگۆ ئەندامان ناوی خۆیان دەنووسن، (2) خولەك هەیە، فەرموو بۆ ماددەی (59)، جاری یەکەم ماددە بخوێندرێتەوە، فەرموو.

**بەرێز قارەمان قادر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (59) ئەخوێنینەوە کە لای ئێوە (64)ە.
هەموو ئەندامێك بۆی هەیە پرسیاری نووسراو یان زارەکی بۆ سەرۆك وەزیران یان ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران بنێری بۆ روون کردنەوەی بابەتێك کە ئەکەوێتە چوارچێوەی پسپۆرییان یان بابەتێك کە ئەندام زانیاری لە بارەوە نیە یان دەیەوی بەدواداچوونی لە بارەوە بکات یان دەیەوی رای حکومەت لە بارەی بابەتێکەوە بزانێ.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سی کەس داوای موناقەشە ئەکەن، فەرموو رێواز خان.

**بەرێز رێواز فائق:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە من ئەندامی لیژنەی کاتی بووم، زۆر تەندروست نیە موناقەشە بکەم، بەڵام بەرێز بەرپرسی ئێستای سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمان توێژینەویەکی کردووە لەسەر دەوری وەسائیلی تەواسیلی ئیجتیماعی و ئیمێل و ئەو بابەتانە و لەسەر چونیەتی بەرێوە چوونی پەرلەمان، لەسەر راسپاردەی ئەوان و خۆشم قەناعەتم پێیەتی ماددەکە بەو شێوەی لی بکری (هەموو ئەندامێك بۆی هەیە پرسیاری نووسراو یان زارەکی یان ئەلیکترۆنی بۆ سەرۆك وەزیران یان ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران بنێردرێ و بڕوات تا ئەخیری ئەوەش ئیزافە بکری (هەموو ئەو بابەتانە پرسیاری لە بارەوە کراوە دروستە، یان پیشێل کردنی ماددەیەکی یاسایی، چونکە ئێمە بە نموونە پێشێل کردنی دەیان ماددەی یاسایی لەلایەن بەرێزان لە ئەنجومەنی وزیران و وەزیرە بەرێزەکان ئەبینین، بۆیە حەقە وەکو پرسیار سەرەتا ئاڕاستەیان بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، پرسیاری من ئەوەیە لە لیژنەی ئێوە لیژنەی کاتی، ئەو نووسراوە ئەوەی ئەلیکترۆنیش بەرناکەوێ؟ ناکەوێ، فەرموو کاك عومەر.

**بەرێز عمر عینایەت حمە سعید:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەڵێم هەموو ئەندامێك بکەن بە ئەندام، چونکە ئەندامان تەعریف کردووە، کە گوتت هەموو ئەندامێك یەعنی ئەندام، پێویست ناکات بڵێی هەموو ئەندامێك، پرسیار هاتووە، پرسیار لە کوردی یانی سائیل، پرس یەعنی سوئال، پێم وایە ئەوانەی پسپۆرن بە تایبەتی دکتۆرە (پەری) شارەزای هەیە، وشەی پرسیار ئەبی هەڵگیری (ئەندام بۆی هەیە پرسی نووسراو یان زارەکی یان ئەلیکترۆنی) وەك دکتۆرە (رێواز) وتی لە رێگای دەستەی سەرۆکایەتیەوە تا ئەخیر پرسیار نەمێنێ، وەکو وشەی جوتیار، کرێکار، پرسیار ئەو کەسەیە پرسیارەکە ئەکات، پرس ئەو پرۆسەیە کە من ئەیکەم، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ئاری.

**بەرێز ئاری عبداللطیف مولود:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر بەشی حەوتەم پێم باشە ناونیشانەکە بەو شێوەی لی بکری (چاودێری و پرساندن) چونکە بەشێك لە ماددەکان بابەتی پرساندن و چاودێری کردنە، تەنیا چاودێری نووسراوە، دەقەکەش بەو جۆرەی لی بکری (هەموو ئەندامێك بۆی هەیە پرسیاری نووسراو یان زارەکی ئاڕاستەی سەرۆك وەزیران و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران بکات، بۆ روونکردنەوەی بابەتێك کە زانیاری لە بارەوە نیە یان ئەیەوی بەدواداچوونی لەسەر بکات.ن سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆرە ڤاڵا.

**بەرێز د.ڤاڵا فەرید ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەسەلەی نوسراو ئەلیکترۆنیش ئەگرێتەوە، بەڵام لێرە ئەندامی پەرلەمان بە شێوەی راستەوخۆ نووسراو و پرسیار ناتوانی ئاراستەی سەرۆك وەزیران و دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی بکات، فلتەرێك هەیە ئەویش دەستەی سەرۆکایەتیە، یەعنی لە رێگەی

دەستەی سەرۆکایەتیەوە ئاراستە دەکات، ئایا نووسراوە ئەلیکترۆنیەکە بۆ دەستەی سەرۆکایەتی بنیری و لە دەستەی سەرۆکایەتی ئینجا بە ئەلکیترۆنی بۆ سەرۆك، بۆیە موستەلەحی ئەلیکترۆنی باش نیە ئیزافە بکرێت، لەبەر ئەوەی کێشەی لەسەر دروست دەبێت خاڵی دووەمیش کە وتت نووسراو بە موتلەقی هاتووە، بە هەموو رێگاکان ئەتوانی نووسراو بنێری، ئایا ئەلکیترۆنیە یان نە؟ بۆیە ئەو کێشەیە هەیە لەسەر ئەو بابەتە، لەبارەی پێشیلکردنی یاساکان تۆ کە پرسیار لە حکومەت ئەکەی پرسیارەکە نێگێتیڤە یان پۆزەتیڤە یان، لەسەر ئەوەیە شتێك روون نیە لەلات، بەڵام باس لە پێشێل کردن ناکەن، پرسیار لەسەر ئەوەیە پێشێلی یاسات کردووە لە فلان خاڵ، لە فلان کاری خۆت سەرۆك وەزیران یان ئەندامی ئەنجومەنی وەزیران، بۆیە پێم باش نیە موستەلەحی پێشێلی یاساش ئیزافە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەو تێبینیانە لەلایەن بەرێزان لیژنەی کاتی تۆمار کراون، لە ئایندە سوودی لی ئەبینین بۆ دارشتنەوەی ئەو ماددەیە، ئەچینە ماددەی (60)، فەرموو.

**بەرێز قارەمان قادر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (60) مەرجەکانی پرسیاری نووسراو:

1- ئەبی پرسیار لەلایەن یەك ئەندام پێشکەش کرابی و بەروار و واژووی لەسەر بی و لە رێگەی سەرۆك ئاڕاستە کرابێ.

2- ئەبی پرسیار روون و پوخت بێت و مەبەستی دیاری کراو بێ، توانج و رای تێدا نەبی و لەکەداری کەسێتی و دەستە و دامەزراوەکانی هەرێم نەکات.

3- نابی بابەتی پرسیار لەبەردەم دادگا بێ.

4- ئەبی پرسیار لە تایبەتمەندی ئەو وەزارەتە بی کە پرسیارەکەی ئاڕاستە کراوە.

5- نابی پرسیارەکە پێچەوانەی دەستور و یاسا و بەرژەوەندی گشتی بی و ناشبی پێشتر وەڵام درابێتەوە.

6- ئەو بابەتانەی ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان کراون پرسیاریان لە بارەوە ناکری تا لیژنە راپۆرتی خۆی پێشکەش ئەکات.

7- ئەو پرسیارانەی دەنێردرێت بۆ سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی ئەبی پەیوەست بن بە کارنامە و سیاسەتی گشتی حکومەت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کی قسەی هەیە؟ مەسەلەی ئەوەی کاك عومەر وتی هەموو پرسیارێك لێرە هەر پرسە، دوای با استناز لە رای شارەزایان لەو بارەوە وەربگرن، منیش هەمان رەئیم هەیە، (5) کەس داوای کردووە قسە بکات، ئەمجارەش لە دکتۆرە رێواز دەست پی ئەکەین، فەرموو.

**بەرێز رێواز فائق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

پێشنیار دەکەم برگەی شەشەم ئەوەی بۆ زیاد بکرێ، ئەڵی (ئەو بابەتانەی ئاڕاستەی لیژنە پەیوەندیارەکانی پەرلەمان کراون و پرسیاریان لە بارەوە ناکری تا لیژنە راپۆرتی خۆی پێشکەش دەکات، بە مەرجێك لیژنە لە ماوەیك کە لە (15) رۆژ زیاتر راپۆرتی خۆی ئامادە بکات، خۆ ئەگەر (7) یش بی باشترە، حەوتەمیش (ئەو پرسیارانەی دەنێردرێن بۆ سەرۆکی

حکومەت و جێگرەکەی ئەبی پەیوەست بن بە کارنامە و سیاسەتی گشتی حکومەت و جـی بەجی نەکردنی دەقی یاسا بەرکارەکان، چونکە نموونە دەهێنمەوە، ئێمە یاسای قەرزمان لەو پەرلەمانە پەسند کرد، من بەش بە حاڵی خۆم سەبارەت بە پێشێل کردنی ئەو یاسایە (15) پرسیارم بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی وەزیری دارایی کە هەر هەموویان پێشێل کردنی دەقی یاساییە ناردووە، لەبەر ئەوە مەرج نیە ئێمە پرسیار کردن لە حکومەت تەنیا پەیوەست بکری بە مەسەلەی کارنامە، لەبەر ئەوەی لە ناو یاساکان زۆر جار سەرۆکی حکومەت یان جێگرەکەی پابەند دەکرێن بەوەی کارێك بکەن، کە نایکەن پەرلەمان تا ئێرە حەقی خۆیەتی پرسیار بکات، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو حەیات خان.

**بەرێز حەیات مەجید:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (60) لە مەرجەکانی پرسیاری نووسراو لە خاڵی یەکەم (دەبی پرسیار لەلایەن یەك ئەندام پێشکەش کرابی و بەروار)، بەروار لە بەش و لە ماددەکانی پێشووش کراوە بە مێژوو یان رێکەوت، ئەگەر ئەوەش وای لی بکری باشە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ئەبو کاروان.

**بەرێز عبدالرحمن فارس (ابو کاروان):**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە خاڵی یەکەم پرسیار لەلایەن یەك ئەندام پەرلەمان پێشکەش کرابێ، پێم وایە ئەوە مەرج نەبێ، مەسەلەن من و سێ پەرلەمانتار کۆك ئەبین لەسەر ئەوەی یەك پرسیار ئاڕاستە بکەین، بۆیە با ئاسایی بی چەند پەرلەمانتارێك پرسیار ئاراستە بکەن، دوو، پێم وایە دکتۆرە (رێواز) شەرحێکی کرد، بەڵام پێشتریش تێنەگەیشتبووم لەوە، یەعنی ئەو پرسیارانەی ئەنێردری بۆ سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی ئەبی پەیوەست بی بە کارنامەی حکومەت روونە، بەڵام سیاسەتی گشتی حکومەت چۆن تەزاروب ئەکات؟ یەعنی سیاسەتی گشتی حکومەت لەگەل کارنامە تەزاروب ئەکا یان چیە؟ داوای روون کردنەوە ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، باسیان کرد، دکتۆرە رێواز باسی کرد، داوا ئەکەم دووبارەی بکاتەوە ئەوەی پێشێل کردنی یاساکان، لە حاڵەتی پێشێل کردن ئەکری پرسیار ئاراستە بکرێ، ئەتوانی ئەوە دووبارە بکەیەوە؟

**بەرێز د.رێواز فائق:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بەرێز کاك ئەبو کاروان تێگەیشتم، ئەوە مەبەستی ئەوە نیە، ئەڵی کارنامە دیارە نووسراو و مەلمووسە و ئەتوانی ئەگەر بەو نەوعە جی بەجێیان نەکرد کە تۆ مەبەستە پرسیاری لە بارەوە بکەی، بەڵام مەبەست لە سیاسەی عامە چیە؟ سیاسەی عامەی هیچ سێکتەرێك لە هەرێمی کوردستان زۆر وازیح نیە، ئەتوانم بڵێم دەقیقە، پرسیارەکەی دەقیقە و نازانم چیش بڵێم بەراستی، لای بەین باشترە، بەڵام جی بەجی نەکردنی یاساکان ئەوە بابەتێکی ترە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەوەی من بە خەیالم بی مەبەست لەوە بەرنامەی کارە، هەموو کابینیەك کە دەست پی ئەکات بەرنامەی کاری هەیە، کە بەرنامەی کاری خۆی ئیعلان ئەکات ئەبی پەیوەست بێ..........

**بەرێز عبدالرحمن فارس:**

بەڵی سەرۆکی پەرلەمان بزەبت وایە، کارنامەی حکومەت دیارە، بەڵام دیسان رەئی من و دکتۆرە (رێواز) یەکە، ئەم سیاسەتە گشتیە هینرایە ناوەوە زیادەیە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك مصطفی.

**بەرێز مصطفی سەکری:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکەی من ئەبو کاروان کردی، پێم وابی پرسیار کردن مەرج نەبی یەك ئەندام بێ، جار وایە کۆمەڵی ئەندام کۆکن لەسەر پرسیارێك، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، وابزانم ئەوە پەیرەو کراوە، فەرموو کاك قادر.

**بەرێز قادر ئوتمان رسول:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵی سێیەم هەندی کەیس هەیە راستە لەبەردەم دادگایە، بەڵام فەرمانی دادگاش دەردەچی و دەسەڵاتی جی بەجی کردن جی بەجێی ناکات، ئەکری لە ئەگەری دەرنەچوونی فەرمانی دادگاو جی بەجی نەکردنی لەلایەن دەسەڵاتی جی بەجی نەکردن پەرلەمانتار مافی پرسیاری هەبێ، نەك بە مانای تەدەخول لە کەیسەکە، سەبارەت بە خاڵی شەشەم، پشتگیری لەوەی دکتۆرە (رێواز) ئەکەم کە ماوەیەك دیاری بکری (15) رۆژ، سەبارەت بە خاڵی حەوتەم، پێم باشە ئیزافەی ئەوە بکری کە لە دوای کارنامە و سیاسەتی گشتی حکومەت و دەسەلات و بەرپرسیاریەتیان، واتە پرسیارەکان پەیوەست بن بە دەسەڵات و بەرپرسیارەتیان، کە ئەوەت وت شتێکی گشتگیرە، هەمووی ئەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ئومێد.

**بەڕێز ئومێد حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە کورتی مەسەلەی پرسیار کردن تەنیا تایبەت نەکری بە یەك ئەندامی پەرلەمان، پشتیوانی لە راکەی کاك ئەبو کاروان و هەر کەسێکی تر ئەکەم کە ئەکری لەسەر پرسێکی دیاری کراو چەند ئەندامێك یەك پرسیاریان هەبی و پێکەوە ئاڕاستەی بکەن، ئەوەش ئاسان نییە و شتێکی باشە، ئەوەی سیاسەتی گشتیش شتێکی مەتاتیە، خزمەتگوزارییە، دادپەروەریە، سەروەری یاسایە، ئەوانە دەکری سیاسەتی گشتی حکومەت بن، پێم وایە ئەگەر زمنیەن ئەوەش نەنووسری پەرلەمانتار بۆ خۆی ئازادە لەوەی لە هەر یەکی لەو پرسانەی پەیوەستە بە ئەرك و بەرپرسیاریەتی حکومەت و سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی وەك بەرپرسیاری یەکەم لە کابینەیەکی دیاری کراو پەرلەمانتار بۆی هەیە لەسەر هەر یەکی لەو پرسانە پرسیاریان ئاڕاستە بکات، بۆیە پێم وایە ئەوە زۆر تەحدید نەکەین، سەبارەت بە لایەنی زمانەوانی تۆزێك ئیشکالە، کە ئەڵێین پرس لە زمانی کوردی ئەو واتایە نادات کە ئێستا پرسیار هەیەتی، بەو مانایە نیە کە پرسیار راست بێ، چونکە

پرس له كاتێك راست ئەبی ئەگەر بیكەیته فەرمان، بۆ نموونه، پرس كردن له زمانی كوردی به مانای پرسیار كردن نایەت ئەوەی كه له زمانی كوردی له تێگەیشتنی ئێمه بۆ مەسەلەی پرسیار كردن هەیه، پرس كردن به مانای ئیزن وەرگرتن دێ، یەعنی پرس به كەسی ئەكەی كه كارێك ئەنجام بدەی، بۆیه لێره ئەگەر وشەی پرس بەكار بێنین له بری پرسیار ئەبێته هەڵه، چونكه له شوێنی پێویستت بەوەیه بڵێی پرسیار كردن، ئەگەر پرسەكەت دانه له جێی وشەی پرسیار ئەو كاته ئەبێته پرس كردن به تەواوی ماناكی له دەست ئەدات، بەڵام كاتی كه پرسیار ئەكری فەرمان، پرسیار كردن، ئەوكاته هیچ ئیشكال نابی و تێگەیشتن به تەواوی دیاری ئەكرێ، وەك وتم بەو مانایه نیه، ئەگەر تەنیا وشەی پرسیار وەرگرین پێم وابی ئەوه تەواو روون و دەقیقه و ئەشی ئەو لێكدانەوەی كاك (عمر) یشی بۆ بكەی پرس، پرسیار، ئەوكاته به مانای كەسێك نایه كه هەڵگری پرسیاره، پرسیار بەو مانایەی ئێمه تا ئێستا ئەیزاین، بەڵكو بەمانای كەسی دی كەی هەڵگری قەزیەیەكە، چونكه پرس قەزیەیه، كێشەیەكە، یەعنی نەك پرسیارێكه كه تۆ شتێك نازانی ئەتەوی كەسی بۆتی روون بكاتەوه، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك انور..

**بەڕێز انور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری (ئەبو كاروان) ئەكەم، ناكری هەر یەك پەرلەمانتار پرسیار بكات، ئەكری بڵێی ئەندامێك یان زیاتر، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دكتۆره ڤاڵا.

**بەڕێز د.ڤاڵا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جەدەلێكی زۆر لەسەر بەرنامجی حكومی و سیاسەتی عامه كرا، دیاره وەكو بەرێزیشت روون كردنەوەت دا، هەر كابینەیەك كه پەرلەمان سیقەی پی ئەدا سەرۆكی كابینه دی عەرزی سیاسەی عامه ئەكات، كاتی بەرێز راسپێردراو بۆ سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران هات و عەرزی سیاسەی عامەی كرد و هەموو وەزارەتەكانیش، لەسەر ئەو ئەساسە سیقەی پەرلەمانی پێدار بۆ ئەوەی كارەكانی خۆی بكات، بۆیه فیقهی دەستووری هەم سیاسەی عامه بۆ حكومەت بەكاردێنێ، هەمیش هەیه بەرنامەی حكومی بەكاردێنێ، یەعنی هەریەكی بی كێشه نیه و هەردووكی بی هەر كێشه نیه، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، هاتینه كۆتایی ماددەی (60)، بەو ئومێدەی ئەو تێبینیانه لای بەرێزان تۆمار كرابن، فەرموو.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (61):

1 دەستەی سەرۆكایەتی بۆی هەیه ئەو پرسیارانه رەت بكەنەوه كه هەر مەرجی لەو مەرجانەی تێدا نەبی كه له ماددەی (6) و هەر چەندیشه پەیرەو ئاماژەی پێداوه.

2- ئەندام كه پرسیارەكەی رەت كراوەتەوه ئەگەر به بریاری سەرۆكایەتی رازی نەبوو بۆی هەیه داوا بكات بابەتەكه بخرێته بەردەم دەستەی گشتی.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، کێ قسەی هەیە؟ کاك بێستون فەرموو.
**بەڕێز  بێستون فائق محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**
ئەو ماددەی (61)  پێم وایە زیادەیە، چونکە لە ماددەی پێشوو ئەو مەرجانە دانراون کە پێویستە هەموو پرسیارێك تیایابێ، بۆیە ئەگەر مەرجەکان نەبی تەحسیل حاسڵە، سەرۆکی پەرلەمان پرسیارەکە ناکات، بۆیە ئەم ماددەیە بە زیادە ئەزانم، ئەگەر مایەوەش پێم وایە ئەو (61) ە لەگەڵ (62 – 63) بکرێن بە یەك ماددە و ئەوانی تر بکرێن بە فەقەرەی نێو ئەو ماددەیە، چونکە ئەو پەیرەوە هەر لە سەرەتا تا ئەخیر من کێشەی زۆری ژمارەی ماددەکانم هەیە، یەك دێر و ناوی ماددەیەکی لێنراوە، ئەوە ئەڵێمەوە بۆ بەرێزانی لیژنە ئەگەر ئەیهێڵنەوە هەرسی ماددەی (61 -62- 63) بکەن بە یەك ماددە بە سی خاڵ، سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرموو کاك ئاری.
**بەڕێز ئاری عبداللطیف مولود:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بڕگەی یەکەم ئەڵی دەستەی سەرۆکایەتی بۆیان هەیە، ئەوە هەڵەیە لە رووی رێزمان، دەستەی سەرۆکایەتی بۆی هەیە ئەو پرسیارانە رەت بکەنەوە، دووەم، ئەندام کە پرسیارەکەی رەت کراوەتەوە پێم باشە بکری بە ئەو ئەندامەی پرسیارەکەی رەت کراوەتەوە،  سوپاس
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرموو کاك عومەر.
**بەڕێز عمر عینایەت حمە سعید:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
پێم باشە ئاوای لی بکری (دەستە بۆی هەیە ئەو پرسە ئاڕاستە نەکات کە لەگەڵ مەرجەکانی پرسی نووسراودا نایەتەوە کە لە ماددەی (60) دا هاتووە، پێداگریش ئەکەم لەسەر وشەی پرس، پرسیار هەڵەیە.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
ئەوە لە کۆتاییدا لیژنەی کاتی بە راوێژکاری لەگەڵ کەسی پسپۆر بکات، ئەگەرنا پرس لە کرمانجی سەرو وەك قەزیە بەکاردێ، فەرموو کاك قادر.
**بەڕێز قادر ئوتمان  رسول:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بەوەی پرسیارەکە رەت کرایەوە و ئەندامەکە رازی نەبوو خرا بەردەم دەستەی گشتی، دەستەی گشتی بە چ میکانیزمێك رەتی پرسیارەکە ئەکاتەوە؟ لە ئەگەری پێداگیری ئەندامەکە لەسەر هاتنە دی مەرجەکانی لە پرسیارەکە؟
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
موناقەشە کۆتایی هات، ئەو پیشنیارەش هەیە (61- 62- 63) دەمج بکرێ، ماوی کاك ئەیوب؟ فەرموو.
**بەڕێز ئەیوب عبداللە اسماعیل:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
پشتیوانی لە راکەی کاك (بێستون) ئەکەم بۆ دەمج کردنی ئەو ماددانە.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرموو بۆ ماددەی (62).

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (62):
سەرۆك لە ماوەیەك لە (7) رۆژ تێپەر نەکات لە بەرواری گەیشتنی پرسیارەکە دەینێری بۆ سەرۆك وەزیران یان ئەو وەزیرەی کە پرسیارەکەی ئاڕاستە کراوە.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
دیارە موناقەشە نیە؟ کاك بێستون فەرموو.
**بەڕێز بێستون فائق احمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
تەنیا زمانەوانییە، (سەرۆك لە ماوەی (7) رۆژ تێپەرنەکات لە بەرواری گەیشتنی پرسیارەکە ئەینێری بۆ سەرۆك وەزیران) یەعنی ئەو فاریزەیە بکەوێتە دوای ئەوە، سەرۆکەکەش ئەبەینەوە ئەولاوە، بەم جۆرە (دوای ماوەیەك کە لە (7) رۆژ تێپەرنەکات لە بەرواری گەیشتنی، سەرۆك پرسیارەکە ئەنێری بۆ سەرۆك وەزیران یان وەزیری پرسیار ئاڕاستە کراو.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرموو کاك ئەبو کاروان.
**بەڕێز عبدالرحمن فارس عبدالرحمن:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
تێبینیەکی تر هەیە (سەرۆك لە ماوەیەك (7) رۆژ تێپەر نەکات لە بەرواری گەیشتنی پرسیارەکە ئەینێری بۆ سەرۆك وەزیران یان ئەو وەزیرەی پرسیارەکەی ئاراستە کراوە).
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
هەر بە رێگەی سەرۆك وەزیرانەوەیە ناتوانین بە رێگای وەزیرە پەیوەندیدارەکان بنێرین
**بەڕێز عبدالرحمن فارس عبدالرحمن:**
مەبەستم تەکمیلەکەی هینەکەیە.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
ئەو تێبینیانە تۆمار ئەکرێن، بۆ ئەوەی باشترین دارشتن بۆ ئەو ماددە بکەن، فەرموو بۆ ماددەی (63).
**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (63):
ئەبی ئەو لایەنەی پرسیارەکەی ئاڕاستە کراوە لە ماوەی (7) رۆژ وەڵامی پرسیارەکە بدەنەوە لە هەموو حاڵەتێك و نابی وەڵامی پرسیارەکە لە ماوەی (21) رۆژ دوابخرێ.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
کی قسەی هەیە؟ فەرموو کاك مصطفى.
**بەڕێز مصطفى سەکری مصطفى:**
**بەڕێز/ سەرۆکی پەرلەمان.**
لە زۆر سیاغە کردندا ئەبینین بکەرەکە تاکە کارەکە کۆیە، یان بە پێچەوانەوە، پێم باشە چاك بکرێن، مەسەلەن لایەن تاکە، بەڵام بدەنەوە کۆیە، ئەو شتانە چاك بکرێن.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، کەسی تر هەیە؟ فەرموو کاك ئاری.
**بەڕێز ئاری عبداللطیف مولود:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە سەرەتاوە ئەڵی (7) ڕۆژ، کە تۆ وتت ئەبی ئیتر موناقەشە هەڵناگرێ، بەڵام لە دووەم ئەڵی (21) ڕۆژ، ئەوە زۆر فەرقە، لە مادده چۆن ئەبی ئەو لاوازیە هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو ئەبو کاروان.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان تێبینیم هەیە، لە نێوان (7 بۆ 21) فەرقی زۆری هەیە، یەعنی بکرێتە (14 بۆ 21) ڕۆژ.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆرە ڕێواز بۆ ڕوون کردنەوە.

**بەڕێز ڕێواز فائق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە پەیوەستە بە ماددەیەکی تر کە لە پرۆژەکەی بەڕێزان لەبەردەستیان دایە کە ماددەی (71)ە، ئەڵی سەرۆك وەزیران بۆی هەیە یەکسەر وەڵامی زارەکی بداتەوە، یان داوای دواخستنی بکات بۆ ماوەیەك کە لە (15) ڕۆژ زیاتر نەبێ) ئەو (15) یەمان ئیزافە کردووە بۆ (7)، بۆیە بۆتە (21)، چونکە ئەگەر داوای وەقت بکات بۆ ئەوەی خۆی حازر بکات ئەتوانی داوای ئەو کاتە بکات، بۆیە نابی لە هیچ حاڵەتێك لە (21) ڕۆژ تێپەڕێ، ئەسڵ ئەوەیە لە (7) ڕۆژ جواب بداتەوە، ئەگەر داوای کرد دەرفەتی پی بدری تا (15) ڕۆژ ئەتوانری دەرفەتی پی بدرێ، بۆیە بەو شێوەیە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو بۆ ماددەی (64).

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (64):

1 پرسیار بە کۆتایی هاتنی وەرزی گرێدان کۆتایی نایەت تەنیا ئەو ماوەی بۆ وەڵامی پرسیار دیار کراوە نامێنێت و ماوەکە لە سەرەتای وەرزی گرێدان سەر لە نوی دەست پی ئەکاتەوە.

2- ئەندام بۆی هەیە هەرکاتی بیەوی پرسیارەکەی بکشێنێتەوە.

3- ئەگەر زیاتر لە یەك ئەندام هەمان پرسیاری ئاڕاستە کرد ئەوە پرسیارەکە بە ناوی ئەو ئەندامە ئاڕاستە ئەکری کە پێشتر پێشکەشی دەستەی سەرۆکایەتی کردووە، بەڵام ئەبی وێنەیەکی وەڵامەکە ئاڕاستەی ئەو ئەندامانەش بکری کە هەمان پرسیاریان کردووە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دوو کەس هەیە، فەرموو کاك ئومێد.

**بەڕێز ئومێد حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنیا تێبینی بچووك، ئەوەی بە ناوی ئەو ئەندامەوە تۆمار ئەکری ئاڕاستە ئەکری کە یەکەمجار پرسیارەکەی ئاڕاستە کردووە، ڕەنگە لە یەك ڕۆژ ئاڕاستەی بکەن بەڵام لەکاتی

جیاواز، بۆیە ئەوە ئیشکالە لە ماددەکەی پێشووتریش موناقەشەی ئەوەمان کرد کە پرسیار لە ئەندامێك زیاتر بۆی هەیە کە پرسیارێکی دیاری کراو ئاڕاستە بکەن، بۆیە ئەکری ئەو برگەیە لاببەن، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئامینە خان.

**بەڕێز ئامینە زکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەڤە ل گۆر وی خالێ هاتیە دانان، چونکی گەلەك جارا پەرلەمانتارا زۆر پرسیار ئاڕاستەیەت حکومەتی کرن، پرسیارێت وان دووبارە کری بوو، حکومەتیش ژی وەڵام دا، یان وەڵامی پەرلەمانتارەکی نەدان گوتیا مە جاب دای، بۆ هەندی کو رێکخستنا تەنزیمێت بێتە کرن و دەستا سەرۆکایەتیاش بزانیت چۆن دی رێك ئیختن ل سەر وی ئەساسیا هاتیە رێکخستن، بۆ هەندی کو پرسیارێت دووبارە بۆ حکومەتی نەچن، هەم ژی تەنزیمەك ئاراستە کرنا پرسیاردا هەبیتن.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بێستون.

**بەڕێز بێستون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ خاڵی یەکەم و دووەم قسەکانی من تەنیا سیاغەیە، یەکەم بەو جۆرە بە کۆتایی هاتنی وەرزی گرێدان پرسیار کۆتایی نایەت تەنیا ئەو ماوەی بۆ وەڵامی پرسیارەکە دیاری کراوە نامێنی و لەسەرەتای وەزری گرێدان سەر لە نوی ماوەکە دەست پی ئەکاتەوە، واتە ماوەی دووەم چۆتە ئەوی وە، ئەوەی دووەم، ئەندام بۆی هەیە پرسیار بکشێنێتەوە هەرکاتی بیەوی بە زیادەی ئەزانم، لەسەر خاڵی سێیەمیش خۆ لەو خولەش بۆ هەر وەزری من بۆ خۆم چەند جار پرسیارم ئاڕاستە کردووە ئەندامێکی تریش ئاڕاستەی کردووە وەڵامیش بۆ هەردووکمان هاتۆتەوە، رەنگە من وەڵامەکەی حکومەتم پی باش بی کە بە ناوی منەوە و بۆ من بێتەوە نەك ئەوەی کە سەرۆکایەتی پەرلەمان وەڵامی کەسێکی ترم بۆ بنێرێ، بۆیە حاڵەتێکی تەبیعیە چەند ئەندامێك لەسەر یەك بابەت پرسیارێك بۆ ئەنجومەنی وەزیران بنێرن، مەسەلەن لەگەڵ کاك (سۆران) و یەك دوو برادەری تر لەسەر وەزعی دەستگیر کردنی کۆمەڵێك تۆمەتبار بۆ وزارەتی ناوخۆ پرسیارمان ناردبوون بیرمە، هەمان وەڵام کۆپی کرابوون، بەڵام بە ناوی ئێمەوە وەڵامەکە هاتبووە، من بۆ ئەرشیفی خۆم، بۆ دەنگدەری خۆم، بۆ ئەو کەسەی کە هاتووە، ئەو خاڵە بە زیادە ئەزانم سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، موناقەشە کۆتایی هات، فەرموو ماددەی دواتر.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (65):

رۆژانی (5) شەمە دیاری ئەکری بۆ پرسیاری زارەکی.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە ئەو ماددەیە وا ئەبینم پێویستە دەمج بکرێ، روون کردنەوە فەرموو.

**بەڕێز د.رێواز فائق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی لە جەدوەلەکە ئێمە داماننابوو بۆ کاری پەرلەمانی پێنج شەممەمان داناوە بۆ قسە کردن لەگەڵ حکومەت، بۆیە ئەو رۆژەش دانراوە، بۆ ئەوەی پرسیاری زارەکی ئەکەوێتە ئەو رۆژەی کە لە جەدوەلی کاری پەرلەمان حکومەت لێرە ئامادە ئەبێ.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

موناقەشەی ئەوێ؟ سوپاس، فەرموو ماددەی دواتر، فەرموو کاك قادر.

**بەڕێز قادر ئوتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی دکتۆرە دەڵی راستە لە جەدوەلەکە دانراوە، بەڵام بۆ ئێمە وابەستەی بکەین هەر ئەوتری پێنج شەمە دابنێن، یەعنی بە رای من ئەو مادده هەر هەڵگیرێ، لە ئەگەری ئامادە بوونی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرەکان لە پەرلەمان هەر رۆژی بوو پەرلەمانتار بەپێی مەرجەکان ئەتوانی پرسیاری خۆی ئاڕاستە بکات، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ئومێد.

**بەڕێز ئومێد حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە ئەو ماددەیە گرنگە، چونکە لە پەرلەمانە زۆر پێشکەوتووەکانی دونیا ئەتوانم بڵێم لە دەورەیەك کە بۆ ئێمە کرابوویەوە یەکی لە پەرلەمانتارەکانی سوێد باسی پەرلەمانی سوێدی کرد، ئەگەر بە هەڵە نەچووبم رۆژانی پێنج شەممان یان یەکی لە رۆژەکانی هەفتە دیاری کراوە کە سەرۆك وەزیران بەرپرسیاری یەکەمی حکومەت دێتە پەرلەمان و روون کردنەوە لەسەر کێشە و گرفتەکان ئەدات و پەرلەمانتاران پرسیارەکانی خۆیان رووبەرووی سەرۆك وەزیران ئەکەنەوە، ئەگەر ئەوە بمێنی بەو شێوەیە دیاری بکرێ، ناچار کردنشی تێدابێ، ئەکری حکومەت لە رۆژی پێنج شەمە ئامادە بێ، بە بڕوای من ئەوە زۆر گرنگە، حکومەت ناچار بکری هەموو پێنج شەمەیەك بێتە پەرلەمان و لەوی هەر کێشە و گرفتێك هەبی گفتوگۆی لەسەر بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆرە ڤاڵا.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە بەڕێز کاك (قادر) ئەکەم، ماددەکە زیادە و هەڵگیرێ، لەبەر ئەوەی لە پێشووتر وەکو دکتۆرە (رێواز) ئیشارەتی پێدا روون کردنەوە دراوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو ئامینە خان.

**بەڕێز ئامینە زکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە گرێدایە ماددی (52) یێ، کو برگا چاری تەحدید کری رۆژا پێنج شەمبی تایبەت دەبی بۆ گفتوگۆ کردن لەگەل حکومەت بەپێی پێویست، واتە پەسند بووە ئەوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو بۆ ماددەی (66).

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (66):

1 سەرۆك وەزیران یان ئەندامی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە یەكسەر وەڵامی پرسیاری زارەكی بداتەوە یان داوای دواخستنی بكات بۆ ماوەیەك كە لە (15) رۆژ تێپەر نەكات.
2- ئەكری پرسیاری زارەكی بە نووسین لە ماوەی دیاری كراو وەڵام بدرێتەوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كی قسەی هەیە؟ فەرموو كاك ئاری.

**بەڕێز ئاری عبداللطیف مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بـرگەی یەكەم ئەڵـی سـەرۆك وەزیـران یـان ئەنـدامی ئەنجـومەن، بكـری بە ئەنـدامانی ئەنجومەن، بۆی هەیە بكری بە بۆیان هەیە، یەكسەر جوان نیە بكری بە راستەوخۆ وەلامی پرسیاری زارەكی بداتەوە، بكری بە بدەنەوە یان داوای دواخستنی بكەن، برگەی دووەمیش لابرێ، چونكە ناتوانین پەیرەو بۆ ئەوان دابنێین، ئەكری پرسیاری زارەكی بە نووسین كی وەڵامی بداتەوە، سەرۆكی وەزیران یان ئەنجومەنی وەزیران؟ ئێمە پەیرەو بۆخۆمان دائەنین، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دكتۆرە جوان.

**بەڕێز د.جوان اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئیقتیراح دەكەم ماددەی (66) لەگەڵ ماددەی (67) دەمج بكرێ، پێویست ناكات، ماددەی (67 ) ببرێتە فەقەراتی ماددەی (67)، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو ئامینە خان.

**بەڕێز ئامینە زكری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەرێز كاك (ئاری ) ئاماژە پێدا پرسیارا زارەكی بێتە لادان، ئەگەر بەرسڤ ڤی نڤیسینی بێتە دانان، بەرێزان زۆرجارە حكومەت وەختی دێتە پەرلەمانی دێتن بەرسڤا پەرلەمانتارا دەتن هەندی پرسیارێت هەی كو جواب نینە، ئامادەكاری پێتڤێت، دشی رەئیا ئەنجومەنی وەزیران وەرگری، ڤی دەمی ئەگەر لاببین پەرلەمنتار زەرەر دكەن ژ بەرسیڤدانا وی ژی، ژبەر هەندی مە وەكی لیژنا پێویست زانین كو ئەو پرسیارێت كو حكومەت پەرسیڤ نینە ل پەرلەمانی بێتە جەواب بێگومان بەرسڤا پەرلەمانتاری بێنە جەواب ب نڤیسین، ژ بەر هەندی ئەم دبینین زەرووەرەتە، مەسەلەن وەزیر هاتیە پەرلەمانی ئەندام پرسیاری ئاڕاستە كریە، وەڵامی نەبووە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

راستە لە رووی عەمەلی هەیە، پرسیاری زارەكی راستەوخۆ لە ناو هۆڵی پەرلەمان زۆر لە جێی خۆیەتی، بەڵام ئەگەر وەڵامەكە پێویستی بە داتا بوو، بە لێكدانەوە بوو، سەرۆك وەزیران یان هەر وەزیرێك ئەگەرێتەوە بۆ شوێنی خۆی، وەڵامەكە كە بنێری بە نووسراو ئەینێرێ، ئەوە ئەزموونێكی باشە، فەرموو دكتۆرە رێواز.

**بەڕێز رێواز فائق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی مانایەكی زۆرتر بدات ئەتوانین وای لی بكەین (ئەبی ئەو پرسیارە زارەكیەی كە راستەوخۆ وەڵام نەدراوەتەوە ئەبی دواتر بە نووسین لە ماوەی دیاری كراودا وەڵام بدرێتەوە).

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ماددەی (66) موناقەشە کرا، پێشنیاریش کراوە کە هەردوو ماددەکە دەمج بکرێ، ئەوەش تێبینیەکە لە جێی خۆیەتی ماددەی (67) فەرموو.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (67):

1 ئەندام بۆی هەیە لە هەر کۆبوونەوەیەك دا کە تەرخان کراوە بۆ پرسیاری زارەکی تەنیا یەك پرسیار ئاڕاستە بکات.

2- تەنیا ئەو کەسەی پرسیاری ئاراستە کردووە ئەتوانی یەکجار بە کورتی تەعقیب واتە لەسەر چوون لە وەڵامی پرۆسیار لێکراو بکات.

3- پرسیار لێکراو بۆی هەیە بە کورتی و بۆ یەکجار لەسەر تەعقیبی ئەندامی پەرلەمان وەڵام بداتەوە.

4- ئەبی ئەو کەسەی پرۆسیاری زارەکی ئەکات (48) کاتژمێر بەر لە دانیشتنی تایبەت بۆ پرسیاری زارەکی ناوی خۆی و پوختەیەکیش لەو پرۆسیارە بداتە سکرتێری پەرلەمان.

5- ناکری لە کاتی پرسیاری زارەکی لە هەمان دانیشتن پرسیار بگۆردری بۆ پرساندن.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دەست بە گفتوگۆ ئەکەین، کی قسەی هەیە؟ فەرموو شکریە خان.

**بەڕێز شکریە اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە خاڵی یەکەم وای لی بکری (ئەندام بۆی هەیە لە هەر کۆبوونەوەیەك یەکجار موداخەلە بکات)، جا لەو موداخەلە چەند پرسیاری کرد رێگەی پی بدرێ، نەك یەك پرسیار، چونکە رەنگە چەند پرسیارێکی زەروری هەبێ.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بێستون.

**بەڕێز بێستون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من فەقەرەی چوارەم ئەو کەسەی پرسیاری زارەکی ئەکات (48) کاتژمێر بیدات بە سکرتێر بە زیادەی ئەزانم، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك قادر.

**بەڕێز قادر ئوتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك پرسیاری زارەکی کەمە، بە رای من (3) پرسیار بێ، لای کەم دوو پرسیار، سەبارەت بە خاڵی سێیەم (48) سەعات بەر لە کۆبوونەوە کاتێکی زۆرە، خۆ بەرنامەی کار (48) سەعات بەر لە کۆبوونەوە دائەنرێ، ئەو کاتە راشناگەیەنرێ، ئینجا ئەو خاڵە ئەوە کاك (بێستون) وتی لەگەڵ دام لابرێ، ئەگەر ماوەش بەرای من بکری بە (24) سەعات، بۆ پرسیاری زارەکی ناوی خۆی بنووسی نەك پوختەیەك لە پرسیارەکە، سەرۆك وەزیران یان جێگری سەرۆك وەزیران یان ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لە ئەنجامی وتەکان ئەکری ئەوکاتە پەرلەمانتار پرسیاری بۆ دروست بی لەوەی کە لەسەر پرسێك قسە ئەکەن، هەر ئەوکات پرسیارمان بۆ دروست بێ، بۆیە پوختەیەك بە قەناعەتی من لای کەم پوختەیەك لابرێ، ناکری ناوەرۆکی سوئال (48) سەعات، (24) ناکرێ، هەر ناو نووسین ئەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو حیات خان.
**بەڕێز حیات مەجید قادر:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
لە ماددەی (67) فەقەرەی یەکەم (ئەندام بۆی هەیە لە هەر کۆبوونەوەیەك تەرخان کراوە بۆ پرسیاری زارەکی تەنیا یەك پرسیار بکات)، لە ماددەی (68) هەر لە فەقەرەی یەکەم ئەڵی (2) خولەك بۆ پرسیار کردن، ئەشی ئەو (2) خولەکە ئەگەر یەك پرسیار یان چوار پرسیار هەر چەند بی ئەندام بیکات، چونکە وەقتەکە دیاری کراوە با ژمارەی پرسیار دیاری نەکرێ، پشتگیری لە کاك (قادر و بێستون) ئەکەم ئەو فەقەرەی چوارەمە لابرێ.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرمووو شرین خان
**بەڕێز شیرین حسنی رمضان.**
**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**
سەبارەت ب خالا ئێکی پشتگیریا شکریە خانی دکەم کو ئێکێ مافی قسە کردن هەبیت، بەس چەند پرسیار دکەت ئازاد بیتن، خالا چارێ پشتگیریا هەڤالان دکەم بۆ لابردنا ئەو خالە، سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرمووو کاك ئەبو کاروان.
**بەڕێز عبدالرحمن فارس عبدالرحمن:**
**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**
منیش لەگەڵ ئەوەم ئەو دوو خولەکە بمێنی لە جیاتی پرسیار کردنەکە، نەك بەس پرسیارێك، دوو، پرسیاری پێش وەختە زۆرجار بابەتێك دێتە پێشەوە لە کۆبوونەوەی پەرلەمان پرسیارێك دروست ئەبێ، بەراستی لەگەڵ ئەوە نیم ئەو بۆ ئەوەی ناوی پێش وەختە بنووسری باشە، بەڵام پرسیارەکە پێش وەخت زۆرجار ئەگەر بابەتێك دروست بوو پێویستی بە پرسیار کردن و روون کرنەوە هەبوو بوار بدری کە ئەندام ئەو پرسیارە بکات، سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرمووو کاك عبداللە.
**بەڕێز عبداللە حاجی محمود:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
خاڵی چوارەم پرسیارەکە و کاتەکەی کە دیاری کراوە بۆ سەرۆکی کابینە و ئەندامانی ئەنجومەنەکەی بۆ ئەوەی خۆیان ئامادە بکەن بۆ وەڵامەکە، بۆیە دیاری کراوە، کاتەکەش زەروورە هەبێ.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرمووو کاك ئومێد.
**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بۆم گرنگ بوو پشتیوانی لە قسەکانی برادەرانم بە تایبەتی کاك (بێستون) بکەم سەبارەت بە کاتی پیشوەختە، چونکە (48) سەعات پێش ئەوە لەوە ئەکەوی پرسیاری زارەکی بێ، ئەوە تەنیا بۆ بیرۆکە یان شتی تر راستە، بەڵام بۆ پرسیار خراپ ئەبێ، بۆیە لابرێ، نابی هیچ مەرجێکی جیا لە ناو نووسین لە مەسەلەی پرسیاری زارەکی هەبێ، ژمارەی

پرسیاریش دیاری نەکرێ، کێشە بۆ پرسیارەکە دروست ئەکات، بۆیە تکایە ئەو دوو برگەیە لابرێ.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ناوم نووسی، من پشتگیری ئەوە ئەکەم کە ناکری ژمارەی پرسەکان دیاری بکرێ، ئەندام بۆی هەیە پرسی زارەکی ئاڕاستە بکات، بە مەرجی لە ماوەی دیاری کراوی خۆی تێپەڕ نەکات، نووسراوە دووەم تەنیا ئەو کەسەی، ئەو کەسە چیە؟ ئەو ئەندامەی، تەعریف کراوە ئەندام، تەنیا ئەو ئەندامەی پرسی ئاڕاستە کردووە ئەتوانی بە کورتی تەعقیب لەسەر وەڵامی پرسیارەکە بکات یەکجارەکەش ئەبی لابرێ، سەبارەت بە (48) کاتژمێرەکە پشتگیری کاك بێستون و کاك قادر ئەکەم ئەو (48) کاتژمێرەش پێویست ناکات لە ناو هۆڵی پەرلەمانە پرسەکە ئاڕاستە ئەکات ئەکری ماوە بدری بەو کەسەی پرسەکەی ئاڕاستە کراوە ئەو بەڕێزە ماوەی بۆ دیاری بکری کە لە ماوەی چەند وەڵام ئەداتەوە، لەوانەیە من لە ناو هۆڵی پەرلەمان پرسەکەم بۆ دروست بی ئەتوانم پرسەکە ئاڕاستە بکەم، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆرە ڕێواز.

**بەڕێز ڕێواز فائق حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە برگەی یەکەم باشترە لە نەتیجەی قسە کردنی ئەندامانی پەرلەمان بەو شێوەی لی بکری (ئەندام بۆی هەیە لە هەر کۆبوونەوەیەك دا کە تەرخان کراوە بۆ پرسیاری زارەکی تەنیا یەکجار پرسیارێك یان چەند پرسیارێك ئاڕاستە بکات) تەنیا یەکجار بۆی هەیە دواتریش حەقی تەعقیبی هەیە ئەگەر جەوابەکەی بە دڵ نەبوو، سەبارەت بە فەقەرەی چوارەم ئەوە بۆ زەمانەتی ئەوەیە پەرلەمانتار وەڵامی دەست بکەوی لەو کۆبوونەوەیە، یەعنی ڕەنگە لە سیاغە کردنی موەفەق نەبووبین لەبەر ئەوە ئەتوانین بەو شێوەی لی بکەین (ئەکری لە جیاتی ئەبی ئەو کەسەی پەلەیەتی چونکە لەسەرەوە (7) رۆژ دانراوە، (15) رۆژ دانراوە وتوومانە لە هەندی حاڵەت ئەتوانی بگاتە (21) رۆژیش، لەبەر ئەوە بۆ ئەوەی زەمانەتی ئەوەت دەست بکەوی کە زووتر وەڵامەکەت دەست بکەوی پەرلەمانتار ئەو مافەی هەبی ئەویش ئەوەیە ئەکری ئەو کەسەی پرسیاری زارەکی ئەکات (48) کاتژێر بەر لە دانیشتنی تایبەت بۆ پرسیاری زارەکی ناوی خۆی و پوختەیەکیش لەو پرسیارە بداتە سکرتێری پەرلەمان تا لە ڕێگەی سەرۆکایەتیەوە ئاڕاستەی لایەنی پەیوەندیدار بکرێ، بۆ نموونە پرسارێکم هەیە ئەمەوی لە پێنج شەمە جوابەکەیم دەست بکەوی نامەوی بچێتە ناو (7) رۆژەکە و (15) رۆژەکە، بۆ نموونە وەزیرە کە نیەتی باش بی بیەوی وڵامەکە بداتەوە، بەڵکو بتوانی ئەو رۆژە وەڵامم بداتەوە، ئەوە بۆ زەمانی مافێکی پەرلەمانتارە، لەبەر ئەوەی ئێمە لەگەڵ ئەوە نین ئەو برگەیە لابرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەین وای لی بکری کە بەو شێوەی ئێمە نیەتمان بووە لە دانانی بڕگەکە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆرە ڤاڵا.

**بەرێز د.ڤاڵا فەرید ابراهيم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەکە زۆر بە دەقیقـی دارێـژراوە، لەبەر ئەوەی ئەو مـاددانەی لە دوای یەك دێـن هەر هەموویان پەیوەستن بە پرسیار، دەستکاری کردنی ماددەیەك ئەبێتە هـۆی شێواندنی ئەو ماددانەی پێش خۆی پەسند کراون، بۆیە هێـوادارم کـاتی کە پێشـنیاری هەڵگرتنـی بـرگەیەك ئەکری یان زیـاد بکـری دیراسـەی ماددەکانی پێش خـۆی بکـرێ، دواجـار یەك پرسـیاریش بـۆ یەك بابەتی موعەیەن کاتی وەزیر دی لەسەر یەك بـابەتی مـوعەیەن تـۆ پرسیاری ئاڕاستە ئەکەی بە شێوەی زارەکی ئەندام تەنیا یەك پرسیار ئاڕاستە ئەکات و بۆشی هەیە تەعقیبـی بکات، پێم وایە زۆر بە دەقیقی دارێژراوە، چونکە حیساب بکە (111) ئەنـدام پەرلەمـان هەیە ئەگەر حەقـی زیـاتر لە یەك پرسـیار بـدەی بە ئەنـدام ئەو جەلسـەیە هەر کۆتـایی نـایەت و وەك ئەوەی وەزیـری تەربـیە هـاتبوو زیـاتر لە (404) پرسـیار ئاڕاسـتەی کـرا، ئێسـتاش نە پرسیار و نە وەڵامەکان وازیح نەبـوون، بـۆیە پێم وایە مـاددەکە زۆر بە دەقیقـی دارێـژراوە، وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەچینە ماددەی (68) فەرموو.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (68):

کاتی دیاری کراو بۆ پرسیار و وەڵامی زارەکی بەم شێوەیە ئەبێ:

1 دوو خولەك بۆ پرسیار کردن.

2- (3) خولەك بۆ وەڵامدانەوە.

3- (3) خولەك بۆ تەعقیب لەسەر بۆچوونی ئەو ئەندامەی پرسیاری کردووە.

4- (3) خولەك بۆ وەڵام دانەوەی تەعقیبەکە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کی قسەی هەیە؟ فەرموو کاك ئاری.

**بەڕێز ئاری عبداللطیف مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـرگەی یەکەم بەو شـێوەی لـی بکـرێ، تـا مـاوەی (2) خـولەك نەك دوو خـولەك بـۆ پرسـیار کردن، هەمـان شـت بـۆ بـرگەی دووەم (3) خـولەك بـۆ وەڵام دانەوە بکری بە تاماوەی سێ خـولەك و سێیەم و چـوارەم (3) خـولەك زۆر زۆرە بـۆ تەعقیـب و وەڵامـدانەوەی تەعقیبەکە هەردووکی بکری بە یەك خولەك، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، موناقەشە کۆتایی هات، فەرموو ماددەی (69).

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (69):

مەرجەکانی پرسیار کـردن لە سـەرۆك وەزیـران و ئەنـدامانی ئەنجـومەنی وەزیـران لە کـاتی گفتوگۆ کردن لەسەر بودجەی گشتی و پرۆژە یاساکان جی بەجی ناکرێ.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کی قسەی هەیە؟ کەس نیە، فەرموو ماددەی (70).

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (70):
1 بریتیە لە گفتوگۆ کردنی بابەتێکی گرنگ و هەنووکەیی لە نێوان پەرلەمان و حکومەت بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی.
2- (10) ئەندامی پەرلەمان بۆی هەیە داوایەك پێشکەشی دەستەی سەرۆکایەتی بکەن بۆ ئەوەی بابەتێکی گشتی بخرێتە روو بۆ گفتوگۆ.
3- سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە داوا لە پەرلەمان بکات بۆ ئەوەی بابەتێك بۆ گفتوگۆ کردن بە ئامادە بوونی خۆی یان یەکی لە ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران بخرێتە روو.
4- دەستەی سەرۆکایەتی ئەبی لە مادەیەك کە لە (14) رۆژ تێپەر نەکات وادەی ئەو دانیشتنە دیاری بکات.
5- لەو دانیشتنەی بابەتێکی گشتی ئەخرێتە روو بۆ گفتوگۆ پرساندن و لی سەندنەوەی متمانە لە خۆ ناگرێ.
6- هەر ئەندامێك بۆی هەیە بەشداری لە گفتوگۆ بکات.
7- حکومەت بۆی هەیە داوا دواخستنی ئەو دانیشتنە بکات بۆ ماوەیەك کە لە (7) رۆژ زیاتر نەبی بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان رۆژێکی تر دیاری ئەکرێ.
8- پێویستە ئەو ئەندامانەی واژوویان کردووە ئامادە بن و دەستپێکی ئاخاوتنیان پی بدرێ.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کی قسەی هەیە؟ فەرموو کاك بێستون.

**بەڕێز بێستون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی یەکەم پێناسەیە، پێناسەش ئەسڵ وایە لە ماددەکانی سەرەتا پێناسەمان کردووە کە بریتیە لە گفتوگۆ کردنی بابەتێکی گرنگ بۆ دەست پێك، من بە گونجاوی نازانم، هەر ئەو یەکەمە لەگەڵ ئەوەی دووەم دەمج بکری بە یەکەوە، (10) ئەندامی پەرلەمان بۆیان هەیە داوایەك پێشکەشی دەستەی سەرۆکایەتی بکەن بۆ ئەوەی بێنەوە بۆ گفتوگۆ کردنی بابەتێکی گرنگی هەنووکەیی لە نێوان پەرلەمان و حکومەت مەسەلەن، یان ئەوەی تر بە جۆرێك لە جۆرەکان بریتیە لە گفتوگۆ کردن بە گونجای نازانم، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو گەشە خان.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ وەڵامی کاك بێستون دیارە کە پێناسەی شت ئەکەین لە موستەلەحاتدا لە کاتێکدا دووبارە ئەبێتەوە، بەڵام ئەوە بابەتێکە تایبەتە بە شتێکی گشتی کە دووبارە نابێتەوە لە ماددەکە، بۆیە لێرە پێناسەی ئەکەین.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەو ماددەیە کۆتایی هات، فەرموو ماددەی (71)، فەرموو دکتۆرە ڤاڵا.

**بەڕێز د.ڤاڵا فەرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە بەرێز کاك (بێستون) ئەکەم، بریتیە هەڵگری، چونکە لەگەڵ حاڵی یەکەم نەفسی موحتەوایە، بەس ئەتو زاهیرەن ناڵێی ئەوە تەعریفە، یەعنی یەکسەر ئەڵێی (10) ئەندامی پەرلەمان بۆیان هەیە داوایەك پێشکەشی دەستەی سەرۆکایەتی بکەن بۆ گفتوگۆ کردنی بابەتێکی گرنگ و هەنووکەیی لە نێوان پەرلەمان و حکومەت، هەردوو خاڵەکە دەمج بکری بی بریتیە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمو ماددەی (71).
**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
ماددەی (71):
ئەگەر پێش دیاری كردنی كاتی دانیشتن هەموو یان زۆرینەی ئەندامان داواكەیان كشاندەوە سەرۆك بەلاوەی ئەنێ.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
سوپاس، دیارە موناقەشە نیە، ماددەی دواتر.
**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
ماددەی (72):
ئەگەر دەستەی سەرۆكایەتی رازی نەبوو لەسەر خستنە رووی ئەو بابەتە گشتیە بۆ گفتوگۆ ئەو ئەندامانەش كە واژوویان كردووە پێداگیریان كرد بابەتەكە ئەخرێتە بەردەم پەرلەمان بۆ یەكلای كردنەوە.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
بەرێز بێستون فائق فەرموو.
**بەڕێز بێستون فائق:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
دیسان من لەسەر دەمج كردنی ماددەكان ئەو سی ماددەی (71 و 72 و 73) كە ئێستا ئەیخوێنێتەوە هەر زۆر نزیكن لە یەك، ئەكری بكرێتە یەك ماددە  و بە فەقەرە دایبرێژنەوە، سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
سوپاس، ماددەی دواتر.
**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
ماددەی (73):
ئەكری لە ئەنجامی خستنەرووی بابەتێكی گشتی بۆ گفتوگۆ دەستەی سەرۆكایەتی بابەتەكە ئاڕاستەی لیژنەی پەیوەندیدار بكات بۆ ئەوەی راپۆرتی تایبەت لەو بارەوە ئامادە بكات دواتریش پەرلەمان بریار و ری وشوێنی پێویست بگرێتە بەر، یان ئەكری لەو كۆبوونەوەیە پەرلەمان راسپاردەی پێویست دەربكات.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرموو دكتۆرە بەهار.
**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
پشتیوانی لە پێشنیارەكەی كاك بێستون ئەكەم، ئەو سی ماددەیە دەمج بكرێ، وتمان ئەوە موتتەبەع ئەكەین بۆ ئەوەی ژمارەی ماددەكان كەم بێتەوە، ئەو سی ماددەیە پەیوەندیان بەیەكەوە هەیە.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرموو دكتۆرە جوان.

**بەڕێز د.جوان اسماعیل عزیز:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
هەمان تێبینم هەیە لەگەڵ دكتۆرە (بەهار) و كاك (بێستون)، بە نیسبەت ماددەكانی (71 و 72 و 73) نەفسی شتن، ئەگەر سیاغەكەی نوی بكری و بكرێتە یەك ماددە باش ئەبێ، سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرمووو كاك مصطفى.
**بەڕێز مصطفى سەكری :**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
ماددەی (71 و 72) زۆر نزیكن، پێم باشە ئەو دوو ماددەیە بكرێنە یەك، ماددەی (73) وەكو خۆی بهێڵێنەوە، سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
سوپاس، ئەو ماددەیە كۆتای هات، فەرموو ماددەی (74).
**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
ماددەی (74):
بریتیە لە داوا كردن لە سەرۆك وەزیران یان یەكی لە ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران بە روونكردنەوەی كارنامەی حكومەت و هۆكارەكانی ئەو بڕیار و رەفتار و كارانەی ئەكەوێتە بواری پسپۆریەكەیان.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
سوپاس، دیارە موناقەشە نیە، ئەچینە ماددەی (75).
**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**
**بەڕێزسەرۆكی پەرلەمان.**
ماددەی (75):
1 هەر ئەندامێك بە واژووی یەك لەسەر سێی ئەندامان بۆی هەیە داوای پرساندن لە سەرۆك وەزیران بكات.
2- هەر ئەندامێك بۆی هەیە بە واژووی یەك لەسەر چواری داوای پرساندنی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران بكات.
3- گفتوگۆ كردن لەسەر پرساندن ئەنجام نادری تا (7) رۆژ لە بەرواری گەیشتنی داواكارییەكە بۆ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
سوپاس، كی قسەی هەیە؟ (3) كەس قسەی هەیە، فەرموو كاك علی.
**بەڕێز علی حمە صالح:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
پێم وایە پرساندن بابەتەكە كەسیە پەیوەندی بە خودی پەرلەمانتارێك هەیە، چونكە رەنگە پەرلەمانتارێك خۆی بەدواداچوونی بۆ كەیسێك كردبی پرسیاری ئاراستە كردبێ، نەگەیشتبێتە قەناعەت، تۆ راستەوخۆ ئەرۆی (25) پەرلەمانتار كە هیچ وەحییێكیان نیە لەسەر ئەو بابەتە، بەدواداچوونیان نەكردبی بۆ ئەیكەی بە شەریك، پاشان وەرگرتنەوەی متمانە رێژەیەكی بۆ دانراوە، ئیتر پرسیار و پرساندن چ پێویستی بە رەزامەندی یەك لەسەر

سی یان لەسەر چوار هەیە؟ بۆیە پێم وایە خودی پەرلەمانتارێك كافیە بۆ ئەوەی بابەتی پرساندن بۆ وەزیر یان سەرۆك وەزیران بكات، فلتەری دووەم كە سەحبی سیقەیە رێژەی ئەوێ، ئەگەرنا ئەوە بابەتێكی دەقیق نیە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك قادر.

**بەڕێز قادر ئوتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەگەڵ بەشێك لە قسەكانی كاك (علی) هاورام، ئەو ژمارەیە زۆرە یەك لەسەر سێ، ئەگەر هەڵە نەبم (37) پەرلەمانتار ئەو ژمارەیە زۆرە، پێنشیار ئەكەم (10) پەرلەمانتار بەپێی رێكارە یاساییەكان مافی پرساندنی هەبێ، پرسیارێكیش لە لیژنەی كاتی مەبەست چیە لێرە ئەڵی هەر ئەندامێك بە واژووی یەك لەسەر سێی ئەندامان، مەبەست لە ئەندامان روونە، بەڵام مەبەستی لە ئامادەبووانی كۆبوونەوەیە یان كۆی ئەندامانی پەرلەمان؟

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كۆی ئەندامانی پەرلەمان.

**بەڕێز قادر ئوتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەبەستی من ئەوەیە نەك ئامادەبووانی كۆبوونەوە، زۆرە ئەو رێژەیە، چونكە پرۆسەی پرساندن زۆر سەخت ئەكات، بە موقارەنە كردن لەگەڵ پەرلەمانی دونیاش ئەوایە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك بێستون.

**بەڕێز بێستون قائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەكانی كاك (علی) ئەكەم، قسەكەی منی كرد، خۆ ئەگەر ئەوەش سەرناگری لێرە هەر هاتوون یەك لەسەر سێتان داناوە، یەعنی چی ئەندامێك بە واژووی یەك لەسەر سێی ئەندامان ئەوە بكات، ئەوكاتە ئەندامەكەش خۆشی ون ئەبی ئەوكاتە ئەبی بڵێی یەك لەسەر سێی ئەندامان، ئەو ئەندامە بەجیا لێرە دائەنێیت و یەك لەسەر سێیەكیش بە تەنیشتیەوە؟ ئەوكاتە هەر ئەبی بڵێی یەك لەسەر سێی ئەندامان، پشتگیری قسەكانی كاك (علی) ئەكەم، ئەوەی دووەم تەنیا وەك سیاغە باس ئەكەم، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك ئومێد.

**بەڕێز ئومێد حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتیوانی قسەكانی كاك (علی) ئەكەم، ئێمە لە ماوەی رابردوو یەكی لە كێشەكانمان ئەوە بوو كە مەسەلەی متمانە وەرگرتنەوە لە حكومەت و ئەندامانی ئەو حكومەتە ئێجگار سەخت بووە لە رووی پەیرەوەییەوە، ئەوەش ئیشكالی جدی بووە، ئێستا پرساندنیش بەو ماددەیە سەخت ئەبێ، یەعنی بە هەمان ئاستی وەرگرتنەوەی متمانەكەی پێشوو، بۆیە ئەوە كێشەیە، پەیرەوە تازەكە لەجیاتی ئەوەی كە كارئاسانی بكات بۆ باشتر بەرێوە چوونی كاروباری پەرلەمان و رۆڵ بینینی پەرلەمان لە چاودرێری كردنی حكومەت و لە پرساندن، بە پێچەوانەوە رۆلی خراپ ئەگێری و ئاستەنگی زیاتر لەبەردەم كارەكانی پەرلەمان دروست ئەكات، بۆیە پیشتیوانی لەوە ئەكەم.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، من هەندی بەرگری لەو لیژنەیە ئەکەم لیژنە نوێنەری ئێوە ئەکات رەئی ئێوە وەرئەگرێ، لەگەڵ ئەوەش چووە دەری یەك خولی ئەوەی بینیوە ئەزموونی وەرگرتووە، ئەکید مەبەستی تایبەتیان نیە خۆی پرۆسەی پرساندن لە هەموو وڵاتان پرسێکی ئالۆزە ئەوە نیە ئاسان بێ، فەرموو مونیرە خان.

**بەڕێز منیرە عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە چوار خولی رابردووی پەرلەمانی کوردستان تا ئەمرۆ هەم لەلایەن خەلکی کوردستان و هەم لەلایەن ئەو کەس و رێکخراوانەی کە چاودێری پەرلەمانی کوردستان ئەکەن هەمیشە تێبینی و سەرنجیان ئەوە بووە کە لە پەرلەمانی کوردستان لە ماوەی ئەو چوار خولە تەنانەت بەهۆی ئەو رێکارەی لە ناو پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان هەبووە نەتوانراوە متمانە لە تاکە یەك وەزیر یان یەك سەرۆکی دەستەش وەرگیرێتەوە، بۆیە هیوادارم پرسی پرساندنیش وەکو متمانەکەی لی نەکرێ، هەوڵ بدەین کارئاسانی بکەین بۆ ئەوەی بتوانین ئاسانتر وەزیرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو کەسانەی ئەتوانین بیانهینینە پەرلەمانی کوردستان بۆ لێپرسینەوە، هیوادارام رێکارێك بگرینە بەر کە بتوانین کارئاسانی بکەین، نەك بەو شێوەی ئێستا، پشتگیری قسەکانی کاك (علی و بێستون و ئومێد) ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، موناقەشە کۆتایی هات، فەرموو ماددەی دواتر.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (76):

ئەو مەرجانەی لە پرساندن هەن هەمان ئەو مەرجانەن کە لە پرسیاردا ئاماژەیان پێدارەوە بە رەچاو کردنی ئەو خاڵانەی خوارەوە:

1 داواکاری پرساندن بە نووسین هاوپێچ لەگەڵ بابەتی پرۆساندنەکە و بەڵگە و زانیاری و دۆکۆمێنتەکان ئاڕاستەی سەرۆك ئەکرێن.

2- پێویستە ئەو کەسەی پرساندنی بۆ کراوە لە رۆژی گەیشتنی پرساندنەکە لە ماوەیەك کە لە (14) رۆژ تێپەڕ نەکات وەڵام بداتەوە.

3- ئەگەر پرساندنەکە پێویستی بە لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی زانیاری هەبوو پرسێندراویش نەیتوانی لە ماوەی دایاری کراو وەڵام بداتەوە، داوا لە سەرۆکی پەرلەمان ئەکات بە دواخستنی پرساندنەکە بۆ ماوەیەك کە لە (7) رۆژ زیاتر نەبی دواخستنی پرساندن لەو ماوەیە زیاتر بە رەزامەندی پەرلەمان ئەبێ.

4- سەرۆکایەتی پەرلەمان پرساندن و وەڵامەکەی لە بەرنامەی کاری نزیکترین دانیشتن دائەنی ئەگەر وەڵامی پرساندنەکە لە کاتی دیاری کراو نەگەیشتە پەرلەمان ئەوا تەنیا پرساندنەکە ئەکرێتە بابەتی گفتوگۆی دانیشتنی تەرخان کراو.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کی قسەی هەیە؟ سی کەس قسەی هەیە؟ فرموو کاك علی.

**بەڕێز علی حمه  صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم تەنیا لەسەر خاڵی چوارەم هەیە ( لە ئەگەری ئامادە نەبوونی کەسی مەعنی) بو نموونە کەسی پرسێندراو، ئەڵی تەنیا ئەکرێتە بابەتی گفتوگۆی دانیشتنی پەرلەمان، واتە بریاری لی نادرێ، گریمان هەر نەهات، هەر ئەیکەیتە بابەتی گفتوگۆ؟ یان گفتوگۆ و بریار؟

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاک قادر.

**بەڕێز قادر ئوتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵی چوارەم پێشنیار ئەکەم لە بری بەرنامەی کاری نزیکترین دانیشتن بنووسری لە بەرنامەی کاری یەکەم دانیشتن لە دوای گەیشتنی وەڵامی پرسێنەر، سەبارەت بە خاڵی یەکەمیش رەنگ بی بۆ هەموو پرساندنێك ئەگەر سەیری وشەی دۆکۆمێنت بکەین هەمووماں دۆکۆمێنتمان بۆ هەموو بابەتەکان دەست نەکەوێ، نەك بابەتەکە بنچینەی نەبێ، بەڵام پێشنیار ئەکەم ئەوەی دۆکۆمێنت لابرێ، بەڵکو زانیاری پێویست کافیە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو منیرە خان.

**بەڕێز منیرە عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی کاك (علی) ئەکەم، بە دەلیلی ئەوەی ئەگەر پرسەکە لە ناو ئەو جەلسەیە تەنیا موناقەشە بی لە کاتی ئامادە نەبوونی وەزیری پەیوەندیدار یان کەسی پەیوەندیدار ئەوە بریاری لی نەدری بە بەردەوامی دووبارە ئەبێتەوە، بۆیە ناتوانین سەرکەوت و بین لەو خاڵە، پیشنیار ئەکەم ئەو بریاردانەی بۆ زیاد بکرێ، چونکە لە حاڵەتی بوونی ئەو بریارە کەسی مەعنی ناچار ئەبی ئامادە بی بۆ ئەوەی داکۆکی لە خۆی بکات، بەڵام ئەگەر بزانی بریاری لی نادری پێم وایە لەو حاڵەتە ئامادە نەبێ، بۆیە هیوادارم وشەی بریاردان  زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو رێواس خان.

**بەڕێز رێواز فائق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو برگەی چوارەمە پەیوەندی بە وەڵامی پرساندنەکەوە هەیە، ئەگەر بەرێزان ماددەی دوای ئەوە بخوێنەوە باسی ئەکات ئەگەر نەهات یەعنی ئەگەر پرسێندراو ئامادە نەبوو بێت ئیجرائاتەکان چیە؟ و ئەکری ئیزافەی بۆ بکەین ئێمە لە نەتیجەی تەجروبەی خۆمان دەرکەوت جاری وایە وەزیر نایەت بەڵام ئیستیجوابی غیابی نیە ئەکری لە ماددەی (82) باسی ئیستیجوابی غیابی بکەین وەك ئەوەی لە عێراق هەیە، بەڵام ئەو ماددەیە ئێستا بەرێزان لەبەر دەستیان دایە بۆ موناقەشە پەیوەندی بە وەڵامی پرساندنەوەکەوە هەیە نەك پرۆسەی پرساندن، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاڵی نیزامیە کاك علی؟ فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەو پێیەی بەرێز دکتۆرە رێواز لە سەرەوەیە، تەزاروب هەیە، ئێستا لێرە (85) ە، ئەڵی ئەگەر وەڵامی پرساندنەکە بروا پێهێنەر نەبوو بۆ پرسێنەر، کە ئەو نەیەت بروا پێهێنەر نیە، بۆی هەیە پێشنیاری لی سەندنەوە بە زۆرینەی ئەندامان، ئەو هەر نایەت، بەمانای حاڵەتی غیابی نابینرێ، تۆ سەیری هەر شەش خاڵەکە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك علی ئەگەر ئەوە بە تێبینی بنووسی ئەو تەعاروزە، ئێستا دەرفەت بە بەڕێز شکریە شێخانی ئەدەم.

**بەڕێز شکریە اسماعیل شێخانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پاڵپشتی قسەکەی کاك (علی) و (منیرە) خان ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆرە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە شتێکە بە تەسەلسول رۆیشتووە، پرۆسەی پرساندن تەبعەن تۆ لە حالەتێك وەڵامی پرسیار نەدرێتەوە تەحویل ئەبی بۆ پرساندن، ئێمە ئەگەر سەیری ماددەی (82) ی بکەین ئەڵی ئەگەر ئامادە نەبوو یەعنی ئەوە گەرانەوەی وەڵامی پرساندنەکە جیاوازە لەو مەسەلەی ئامادە بوون و نەبوونی و بریاردان و بریارنەدان، ئەو کەسە خۆی بریار ئەدات، مەسەلەن پرساندنێك ئەکەین لو ماوەی دیاری کراوە وەڵامەکەمان بۆ نایەت حەقی خۆمانە داوا بکەین فەرموو با گفتوگۆ بکرێ، ئەوە لە صالحی پەرلەمانتارە، حەقە ئیحتیفاز بەو حەقەی خۆی بکات و دواتر دەچیتە مەرحەلەیەکی تر ئەگەر نەهات، لە ناو پرۆژەکە شتێکمان بیر چووە مەسەلەی ئیستیجوابی غیابیە، ئەکری لە ماددەی (82) ی پرۆژەکەی بەرێزتان دووەم برگەی سێیەمی بۆ زیاد بکەین کە باس لەوە ئەکات ئەگەر نەهات دواتر بە ئیستیجوابی غیابی ئەکەین، و ئەگەر لە ئیستیجوابی غیابیش داوا ئەکەین متمانە لی سەندنەوەی بخرێتە دەنگدان، چونکە ئێمە ئەو موعاناتەمان هەیە ئێستا کە وەزیر لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەتوانی نەیەت، لەبەر ئەوەی ئەزانی لە ناو پەیرەو شتێك نیە بە ناوی ئیستیجوابی غیابی، بزانی هەیە ئەویش لە پێناوی دیفاع کردن دێتە جەلسەکە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆرە ڤاڵا.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەسەلەی پرساندن و ئیستیجواب پرۆسێسە، چەند ماددەیەك بە داوای خۆی دا دەهێنی کە بەرێزان ئەندامانی لیژنە هەموویان دارشتووە، لەگەڵ ئەوەش کە نەقسێکی زۆری تێدایە، چونکە پرساندن پێش ئەوەی بگاتە متمانە لێسەندنەوە ئەبی تەحقیقی تێدابێ، تەحقیقی پەرلەمانی هەبی لەسەر ئەو مەوزوعانەی متمانەی پی لە وەزیر یان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئەسێنیەوە، بۆیە ئەو پەلە پەلە کردنە پێم وایە لەسەر بریاردان لە بیدایەتی پرساندن بۆخۆی پرۆسێسە کە ئەگەیە کۆتایی ئینجا باس لە بریاردان و چۆنیەتی متمانە لی سەندنەوە ئەکرێ، بە مەرجی پێش ئەوەی بریار بدری و متامانە لی سەندەوە بخرێتە دەنگدان پیێویستە پەرلەمان تەحقیق لەسەر ئەو بابەتە بکات، ئەو پرسە پرسێکی

دەستوریە پێویستی بە دقە هەیە، پێم وایە تا ئەو خاڵەی گەیشتوون دقە هەیە تا رادەیەك، سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرموو كاك عومەر.
**بەڕێز عمر عینایەت حمە سعید:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی دروست بوونی پەرلەمانی كوردستان بە درێژایی مێژووی دروست بوونی هەموو خولەكان نەیانتوانیووە وەزیرێك لە كار بخەن، خۆشمان ئەزانین باروودۆخی كوردستان چۆن بەرێوە چووە، لەبەر ئەوە داوا ئەكەم لە لیژنەی بەرێز پێداچوونەوەیەك بەو بابەتە بكەن و سیاغەیەكی ئەوتۆ بكەن ئەگەر وەزیرێك یان سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران یان جێگرەكەی هەر كەسی ئامادە نەبی بێتە پەرلەمان یان وەڵامی پرسیارەكان بداتەوە بە شێوەیەكی غیابی وەكو دكتۆرە (رێواز) باسی كرد قسە لەسەر ئەو بابەتە بكری و سیغەیەكی بۆ دابنرێ، پشتگیری قسەكانی دكتۆرە (ڤاڵا) ئەكەم، پێویستە تەحقیق بكرێ، بەخۆرایی وەزیر نەهێندرێتە كێشە، بەڵام گرنگ ئەوەیە پەرلەمان بتوانی قسەی هەبێ، هەر هیچ نەبی كەسێكی گەندەڵ لە كار بخات، بەداخەوە تا ئێستا لە مێژوی ئەو پەرلەمانە ئەوەی تێدا روونەداوە، سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
سوپاس، ئەو ماددە كۆتایی هات، ئەچینە ماددەی (77):
**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
ماددەی (77):
دوای خوێندنەوەی پرساندنەكە و وەڵامەكەی پرۆسەی پرساندنەكە بەو شێوەیە ئەبێ:
1- قسە كردن ئەدرێتە ئەو ئەندامەی داوای پرساندنەكەی كردووە بۆ ماوەیەك كە لە (15) خولەك زیاتر نەبێت و دواتر دەرفەت بۆ كەسی پرسێندار و بە هەمان كاتی دیاری كراو.
2- هەر یەكە بۆ یەكجار مافی وەڵامدانەوەی هەیە لە ماوەی (3) خولەك دا.
3- دواتر دەرفەتی ئاخاوتن بۆ ماوەی (2) خولەك ئەدرێتە هەر یەك لەو ئەندامانەی پێشتر ناوی خۆیان تۆمار كردووە.
دووەم:
1 ئەگەر پرسێندار بی هۆ ئامادە نەبوو پرۆسەی پرساندن بەردەوام ئەبێ.
2- ئەگەر ئامادە نەبوونەكە بە پاساوێكی رەوا بوو سەرۆكایەتی كاتی تر بۆ پرساندن دیاری ئەكات.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
سوپاس، كی قسەی هەیە؟ فەرموو كاك عمەر.
**بەڕێز عمر عینایەت حمە سعید:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
من تەنیا ئەوەندە ئەڵێم لە ماددەی (2) دووەم ئەڵی ئەگەر ئامادە نەبوو بە پاساوێكی رەوا بوو سەرۆكایەتی كاتێكی تر بۆ پرساندنەكە دیاری ئەكات، ئەی ئەگەر ئەوجارەش ئامادە نەبوو؟ ئەوە ئەبی حەل بكرێ.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرموو دكتۆرە رێواز.
**بەڕێز د.رێواز فائق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـرگەی دووەم ئەبـی کـاتێکی تـر بـۆ دانیشـتنەکە دیـاری بکـات نـابی مـوتڵەق بـێ، ئەبـی ئەوەیش مودەی بـۆ دابنـرێ، باشـترە (15) رۆژ زیـاتر تێپەر نەکات، فەقەرە سـی زیـاد بکـرێ، ئەگەر پرسێندراو لەو بەروارەش ئامادە نەبـوو ئەوە پرسـاندن بـی ئامـادە بـوونی پرسـێندراو ئەنجام ئەدری و پرسێنەر بۆی هەیە داوای لی سەندنەوەی متمانەش بکات و داواش بکات بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ئومێد.

**بەڕێز ئومێد حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی ئەو نەسەی دکتۆرە (رێواس) ئەکەم کە پرساندنی غیابیش جی بکرێتەوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو شکریە خان.

**بەڕێز شکریە سمایل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پاڵپشتی ئەو نەسەی دکتۆرە (رێواز) ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆرە بەهار.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان بۆچوونم هەیە، بەڵام بڵێین ئەگەر پرسێندراو ئامادە نەبوو پرۆسەی پرسـاندن بەردەوام ئەبـێ، ئەو فەقەرەیەش زیـاد بکـرێ، یەعنـی ئەگەر بـی هـۆش بـی تـا متمـانە لـی سەندنەوە بەردەوام ئەبێ.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو منیرە خان.

**بەڕێز منیرە عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی دکتۆرە (رێواز) ئەکەم.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆرە ڤاڵا.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی پێشـنیار کـرا ئەبـی بچێـتە فەقەرەکـانی ئەخیـری، چـونکە متمـانە لـی سـەندنەوەی لەگەڵ دابـوو، بـۆیە لە رووی رێکخسـتنوەی ماددەکـان پرۆسێسـەرەکە ئەبـی تەواو بکـرێ، نابی لەو جێگەیە بی کە خوێندرایەوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، پشووێك وەرئەگرین، سەعات (4) دەست پی ئەکەینەوە....

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی / جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان، بەرێزان بەخێربێنەوە، دانیشتنەکەمان دووبـارە بەنـاوی گەلی کوردستانەوە دەست پی دەکەینەوە بەرێزان داوا لە لیژنەی کاتی دەکەین فەرمـوون

تەشریف بێنن بۆ شوێنی تایبەت بە لیژنەکان، بەرێزان دەست بە ماددەی (78) دەکەین داوا لە بەرێزان لیژنەی کاتی دەکەین ماددەکە بخوێننەوە.

**بەرێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (78) ئەو پرساندنەی لەوەرزی دانانی پێشوو پێشکەشکراون دەخرێتە بەرنامەی کاری وەرزی یاسادانانی نوی سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی / جێگری سەرۆکی پەڕلەمان :**

موناقەشە لەسەر ئەم ماددەیە ئەگەر هەبیتن، ئەگەر نەبیتن دەجینە ماددەی (79) دیارە موناقەشە نیە عەفوو، فەرموو د.ڤالا.

**بەرێز د. ڤالا فەرید ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم ئەو ماددەیە هەڵبگیرێت زیادە.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ رئی بەرێزتان.

ماددەی (79).

**بەرێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەرێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

ماددەی (79) لەم حالەتانەی خوارەوە پرساندن بە کۆتایی هاتوو هەژماردەکرێت .

1-ئەو ئەندامەی داوای پرساندنی کردووە بۆی هەیە لەهەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی پرساندن داوای پرساندنەکەی بکشێنێتەوە .

2-دەست لە کار کێشانەوەی ئەو وەزیرەی پرساندنی بۆ کراوە .

3-دەست لە کار کێشانەوەی ئەو ئەندامەی کە پرساندنی کردووە .

4-ئەگەر وەڵامی پرساندنەکە باوەرپی هێنەر بوو، یان دەنگی پێویستی نەهێنا بۆ لێسەندنەوەی متمانە .

**بەرێزجعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێزتان، بۆ موناقەشەی ئەم ماددەیە دەست بە ناو نووسین دەکەین، سی بەرێز داوایان کردوە.

فەرموو بەڕێز بەهار محمود.

**بەرێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەرێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

من هەرچەندە خۆم ئەندامی دارشتنەوەی ئەم رەشنووسی پەیڕەوەبووم، بەڵام ئەم خاڵی یەکەمەی کە لێرە هاتووە پێچەوانە ئەبێتەوە لەگەڵ ئەوەی کەوتوومانە یەك لە سەر سێی ئەندامان ئەڵێ ئەو ئەندامانەی داوای پرساندنی کردوە بۆی هەیە لە هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی پرساندن داوای پرساندنەکەی بکشێتەوە ئەی ئەوانەی ئیمزایان لەگەڵ کردووە راستە ئێمە وتومانە هەر ئەندامێك بە واژووی یەك لەسەر سی کەواتە ئەو یەك لەسەر سێیە وەك ئەوە وایە لەگەڵ رێزم بۆ ئەندامانی پەڕلەمان رئیەکەیان هیچ ئعتباری بۆ نەکرێت، بۆیە ئەگەر ئەو یەك لەسەر سێیە سی پێشنیار هەبوو سی کەس داوای کرد ئەو یەك لەسەر سێیە لابرێت ئەگەر ئەو یەك لەسەر سێیە لا نەبرێت ئەبی ئەمە داڕشتنەوەی بۆ بکرێت سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ د. بەهار، فەرموو کاك عمر.
**بەڕێز عمر عينايات حمه سعيد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**
دەقیق منیش ویستم ئەو قسەی د.بەهار بکەم باشترە بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە حەل بێت ئەو ئەندامەی داوای پرساندنی کردووە بۆی هەیە لە هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی پرساندن داوای کشانەوەی پرساندنەکەی بکات بە رەزامەندی ئەو ئەندامانەی کە لەگەڵی واژوویان کردوە ، ئەگەر ئەوان رازی بوون ئەوکاتە بتوانێت بۆ ئەوەی نرخ بۆ واژووی هاوڕێکانی دابندرێت زۆر سوپاس .
**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**
سوپاس بۆ کاك عمر، فەرموو کاك بێستون.
**بەڕێز بێستون فائق محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**
قسەکانم کرا، بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان سوپاس .
**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان :**
سوپاس بۆ بەڕێزتان دەست خۆش، بەڕێزان موناقەشەی تر نەماوە لەسەر ئەم ماددەیە دەرباز دەبین بۆ ماددەی (80) بەڕێزان لە لیژنەی کاتی ئەو ماددەیە بخوێنن .
**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
چوارەم: لێسەندنەوەی متمانە.
ماددەی (80)
1-لێسەندنەوەی متمانە دروست نابێت بە بی ئەنجامدانی پرۆسەی پرساندن.
2-ئەگەر وەڵامی پرساندنەکە بڕوا پێهینەرنەبوو بۆ پرسێنەر بۆی هەیە پێشنیازی لێسەندنەوەی متمانە بکات بە رەزامەندی زۆرینەی ئامادەبووان.
3-پێش دەنگدان لەسەر وەرگرتنەوەی متمانە سەرۆکی پەڕلەمان رێگە دەدات بە قسە کردن لەسەر ئەم بابەتە بۆ دوو ئەندام لە ئەوانەی داوای لێوەرگرتنەوەی متمانە دەکەن دوو ئەندامیش لەوانەی دژی لێسەندنەوەی متمانەن.
4-سەرۆك وەزیران بەمتمانە لێسەندراو هەژمار دەکرێت ئەگەر زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەڕلەمان دەنگیان دا بۆ لێسەندنەوەی متمانە.
5-ئەندامی ئەنجومەنی وەزیران بە متمانە لێسەندراو هەژمار دەکرێت ئەگەر زۆرینەی رەهای ئەندامان دەنگیان دا بۆ لێسەندنەوەی متمانە.
6-بابەتی لێسەندنەوەی متمانە لە ماوەیەکدا کە لە پێنچ رۆژ زیاتر نەبێت لە رۆژی پرساندنەوە ئەنجام دەدرێت.
**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**
سوپاس بۆ بەرێز کاك قارەمان . دەست بە گفتووگۆ دەکەین ، ئەو بەرێزانەی داوای گفتوگۆدەکەن تەنیا بێستون فائق ،فەرموو کاك بێستون.
**بەڕێز بێستون فائق محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

چوارەم بۆ سەرۆك وەزیران بە دوو لە سەر سی متمانەی لی وەر دەگیرێتەوە ، وەزیریش بە زۆرینەی رەها؟ لەکاتێکدا خۆ هەردووکیان لەکاتی متمانە بەخشینیان لە پەڕلەمان زۆرینەی موتڵەقن، بۆیە یان روونکردنەوەیەکمان بدەنی یان بۆ سەرۆك وەزیران دوو لە سەر سێبی زۆر سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێزتان، فەرموو د. بەهار.

**بەرێز د . بەهار محمود فتاح:**

**بەرێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

ببورە ویستم رونکردنەوە لەسەر ئەوە بدەم بۆ دوو لە سەر سی دامان ناوە لەبەر ئەوەی بە متمانە سەندنەوە لە سەرۆکی حکومەت، حکومەت هەڵدەوەشێتەوە لەبەر ئەوە دوو لەسەر سی دانراوە بۆ سەرۆکی حکومەت و زۆرینە بۆ وەزیرەکان .

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ ئەو رونکردنەوەیە تەئیدی دەکەین دەست خۆش سوپاس بۆ ئێوەی بەرێز، دیارە بەشداریەکی تر نییە لەم ماددەیە، گفتوگۆ لەسەر ئەم ماددەیە کۆتای هات دەرباز دەبین بۆ ماددەی (81) فەرموو کاك قارەمان بیخوینەوە.

**بەرێز قارەمان قادرفتاح:**

**بەرێز سەرۆکی پەڕلەمان .**

ماددەی (81) ئەگەر پرساندن بە وەرگرتنەوەی متمانە لە سەرۆك وەزیران کۆتایی پێهات ئەوە کابینەی حکومەت بە دەست لە کارکێشاوە هەژمار دەکرێت و وەك حکومەتی کار بەرێکەر بەردەوام دەبێت تا ئەوکاتەی بە پێی یاسای کار پێکراوەکان کابینەی نوی پێکدەهێندرێت.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان :**

سوپاس بۆ بەرێزتان بۆ گفتوگۆ لەسەر ئەم ماددەیە دیارە موناقەشە نییە، ماددەکە باش دارێژراوە دارشتنێکی باشیان لی کردوە دەستیان خۆشبێت .بەرێزان ماددەی (82) بخوێنەوە.

**بەرێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (82) کۆتا ماددەی ئەو بەشەیە هەموو رێکارەکانی چاودێری کردنی پەڕلەمان بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران سەرۆکی کۆمسیۆن و دەستەی سەربەخۆکانیش دەگرێتەوە سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێزتان . فەرموو کاك عمر .

**بەرێز عمر عینایات حمە:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها هەمووەکە لابەن ئیتر کێشەکەمان حەل دەبێت رێکارەکانی چاودێری کردنی پەڕلەمان هەمووەکە زیادە هەمووش نابێت رستە بە هەموو دەست پی بکا.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

بەرێزان ئەم بەشە بەشی حەوتەم گفتوگۆ لەسەر ئەم بەشە کۆتایی هات سوپاسی ئێوەی بەرێز دەکەین سوپاسی لیژنەی کاتی دەکەین حەفتەی داهاتوو انشاالله ئەم بەشە دەخەینە دەنگدان پەسەند دەکرێت و دەست بە گفتوگۆی بەشێکی تر دەکەین بەو شێوازەی کە هەر لە دەسپێکی ئەم گفتوگۆیە پەیرەوکراوە بەردەوام دەبیتن سوپاس بۆ ئێوەی بەرێز سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی کاتی.

مـاددەی دووەم:گفتووگـۆکردنی پرۆژەیاسـای بەرکـارکردنی یاسـای هەمـوارکردنی یاسـای بیستەمی یاسای میلاکات ژمارە (25) ساڵی (1960) هەموارکراو لە هەرێمـی کوردسـتان بە پێـی ماددەکـانی (72-74-75) لە پەیـرەوی نـاوخۆی پەڕلەمـانی کوردسـتان ژمـارە (1)سـاڵی (1992)هەموار کراو، بەڕێزان پێش ئەوەی دەست بە گفتوگۆ بکەین داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەیـن فەرمـوون بـۆ شـوێنی تـایبەت بە لیژنەکـان، داواش لە لیـژنەی کـاتی دەکەیـن ئەو تێبینیـانە ئەرك بكێشـن جـارێکی تـر لەکـن خۆیـان دارشـتنێکی وردی لـی بـکەن و پلانەك بـۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان ئەو پلانەش دابنێن چۆنیەتی ئەوەی ئەو تێبینیانە بخـرێنە دەنگـدان پلـانێکی دەنگـدان، دەنگـدانی تـایبەت دەسـتان خۆشـبێت سوپاسـتان دەکەیـن، بەرێـزان ئەنـدامانی لیـژنەی یاسـایی داوا لە بەرێـز سـەرۆکی لیـژنەی یاسـایی دەکەیـن یاسـاکە بخوێنەوە دوای دەست بە گفتوگۆ دەکەین.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

راپـۆرتی هـاوبەش، لیـژنەی کاروبـاری یاسـای و لیـژنەی دارایـی و کاروبـاری ئـابووری وەبەرهێنان، رۆژی دووشەمە رێکەوتی ( 22-1-2018 ) کۆبوونەوی هاوبەشیان ئەنجامدا بۆ تـاوتوێکردنی پرۆژەیاسای بەرکـارکردنی یاسای هەمـواری بیسـتەمی یاسای میلاکـات ژمـارە (25) سـاڵی (1960) هەمـوارکراو کە لە لـایەن ژمـارەی یاسـایی ئەنـدامانی پەڕلەمـانەوە پێشـکەش کـراوە دوای خوێنـدنەوەی یەکەمـی لە دانیشـتنی ژمـارە (2) رۆژی چوارشـەممە بەرواری (6-12-2017) رەوانەی لیژنەکانمـان کـراوە دوای گفتوگـۆکردن و تـاوتوێکردنی لیژنەکان گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

پـرۆژە یاسای بەرکـارکردنی یاسـای هەمـواری(20) مـی یاسـای میلاکـات ژمـارە (25) سـاڵی (1960) هەموارکراو.

ماددەی یەك: هەمواری بیستەمی یاسای میلاکات ژمارە (25) ساڵی (1960) ی هەمـوارکراو لە هەرێمی کوردستان – عیراق بەرکار دەکرێت و کار بە حوکمەکانی دەکرێت .

ماددەی دوو: پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکـانی ئەم یاسایە جێبەجی بکەن.

مـاددەی سێ: کـار بە هـیچ دەقێکـی یاسایی یـان بڕیـارێکی نـاکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.

ماددەی چوار: ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوبونەوە ی لە رۆژنامەی فەرمـی وقـائیقی کوردسـتان جێبەجی دەکرێت.

هۆیەکانی دەرچواندن بە مەبەستی دیاری کردنـی ناونیشـانی وەزیفـی و دەستەبەرکردنی یەك پارچەیی بابەتوو لە پێناو جێبە جێکردنی یاساکە لە هەرێمدا ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**بەڕێز/جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سووپاس بۆ بەرێز د. ڤاڵا سەرۆکی لیژنەی یاسایی . بەرێـزان دەسـت بە گفتوگـۆ دەکەیـن لەسەر ئینفازی ئەم یاسایە ، وەکو هەمیشـە ئەو رێکـارەی هەمیشـە پەیڕەو دەکـرێن مـاددە بە ماددە دەخوێندرێتەوەو گفتووگۆ دەکەین و ئینجا دەخەینە دەنگدان فەرمـووڵە مـاددەی یەکەمەوە .

**بەرێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مــاددەی یەك : هەمــواری بیســتەمی یاســای میلاکــات ژمــارە (25) ســاڵی (1960) ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان – عیراق بەرکار دەکرێت و کار بە حوکمەکانی دەکرێت.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

بەڕێـزان بـۆ گفتووگـۆ لەسـەر ئەم مـاددەیە دەرگـای گفتوگـۆ دەكەیـنەوە فەرمـوو بەڕێـزان، فەرموو كاك عمر عینایات.

**بەڕێز عمر عینایات حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـن تەنهـا ئەوەنـدە ئەڵـێم ئەبـوایە ئەو یاسـایەی كە یاسـای ژمـارە (25) سـاڵی (1960) پـی هەمواركراوە لێرە ئاماژەی پی بدرێت، لەو بڕگەدا ئاماژەی بەو یاسایەیی كە لە كوردستان هەمواركراوە ، یانی هەمواركراو لە كوردستان بە چی هەمواركاوە؟ بە جی یاسایەك؟.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی – جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووبەڕێز د.ڤاڵا

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یاساكەو هەموارەكان لە بەغدایە لێرە نیە واتا لە مجلس نواب عراقیە .

**بەڕێز عمر عینایات حمە سعید:**

عبـارەتەكە هەڵەیە، نوسـراوە هەمـواركراو لە هەرێمـی كوردسـتان – عـراق بەركـار دەبێـت، یانی تۆزی عیبارەتەكە رێكی بكە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی – جێگری سەرۆكی پەرلەمان :**

سوباس بەڕێز عمر عینایات . فەرموود.بەهار .

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەعدیلەكە قانونەكە ناوی قانونی ژمارە (77)ی ساڵی (2017)یە لە بەغدا هەمـواری (20)مە لەسـەر ئەو یاسـایەی رەقەم (25)ی سـالی (1960) وە زۆرتـریش مەبەسـت لیـرەدا ئـێمە ئەوەیە دەرەجەی وەزیفـی بـۆ خەریجـی علـوم سیاسـە دانـراوە، كە كێشـەیەكی گەورە بـوو جەند دەرەجەیەكی وەزیفی دانراوە لە ناویانا دەرەجەی وەزیفی بۆ خەریجی علوم سیاسە دانراوە مەبەستە سەرەكیەكە ئەوەیە .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی – جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كە لەوی هەیە لێرە نیە . مناقەشە لەسەر ئەم ماددەیە.

**بەڕێز مەردان خدر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

حەق وایە نەصی هەموارەكە هەمواری یاسایەكە لە لایەن لیـژنەی یاسایەوە بخوێنـدرێتەوە بـۆ ئەوەی بەر چـاو روونـی لە لـایەن ئەنـدامانی پەرلەمـان هەبیتـوو بـزانن گفتوگـۆ لەسـەر جـدەكەن و دەنگدان لەسـەر ج دەكەن، بەڵـام لێـرە نـازانم كە پێشـان نەصـی هەمـوارەكە لە سـندوقەكان هەبـووە یـان نـا؟ بەڵـام ئەگەر هەبێتـیش دیسـان زەروورە لێـرە ئیشـارەتی پـی بدرێت و بتوانین موناقەشە بكەین و دەنگی لەسەر بدەین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی – جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز . فەرموو د.ڤاڵا ، وەڵامی تێبینی كاك مەردان.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوە تەعدیلی ئەخیریە كە لە مەجلیس نـوابی عێراقـی كـراوە، بە عەرەبـی ئەگەر جەنابتـان رێگە بدەن دەیخوێنمەوە بۆ ئەندامان هیچ كێشەیەكمان نـیە .(التعدیل العشـرین للقـانون میلاك رقم (25) لسنة (1960)المعدل)

المادة الأولى:ـ تقاف العناوين الواردة فى الجدول المرافق وبالدرجات الوظيفية المؤشرة ازاء كل منها الفقرة السادسة
أـ من جدول رقم ثانية الوظائف الجامعية والتعليمية الوظائف الجامعية الملحق بقانون الملاك رقم (25) لسنة (1960)المعدل
المادة الثانية :ـ ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره فى الجريدة الرسمية.
المادة الثالثة:ـ تتولى وزارة المالية تنفيذ احكام هذا القانون.
الأسباب الموجبة
لمضى فترة طويلة على صدور قانون الميلاك وبغية تحقيق الموائمة بين العناوين الوظيفية ملحق بالقانون مع مؤهلات وأختصاصات الخريجى الكليات والأقسام العلمية المستحدثة وبهدف تحقيق الانسجام بين طبيعة الأعمال المناط بهم وبين ما يمنح لهم من عناوين و درجات الوظيفية شرح هذا القانون.
عينوان وەزيفيەكانيش هەمووی مولحەقن بۆ تەعديلەكە.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمنيكی – جێگری سەرۆكی پەڕلەمان:**
سوپاس بۆ بەرێزتان . بۆ موناقەشەی ئەم ماددەیە فەرموو د.شيرين حسنی

**بەڕێز د.شيرين حسنی رمضان:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
ئەو مولحەقێت پێڤە يێت عنوانێت وەزيفی ل بەر دەستێ مە نينە چونكە كێشەيەك مە ل هەرێما كوردستانێ يێ هەی ئەڤ كولياتێت جەديد يێت ل ناڤ مە پەيدا بووی وە چەندين جار ئاريشا خو گەهاندينە پەرلەمانی بۆ نمونە كۆليژا پزيشكی هندەك ئەقسام و كوليە يێت لێ ڤەبووی ل مەجموعا توبی چ ناسناڤەك نينە علوم سياسە ڤێ گاڤێ چ ناسناڤەك نينە علاقات دەولی يا بێ ناسناڤە ئەڤ موشكيلە مە هەمی ل هەرێما كوردستانێ يێت هەی ڤێجا ب ديتنا من ئەڤ بابەتە ب درستاهی نەگەهشتيە بەردەستی پەرلەمانتارا ب ديتنا من ئەگەر بێتە پاش خستن بۆ دانيشتنا بێت بەرچاڤ روونيەك باشتر هەبيت و ئەم بشێين ئەڤ كێشەيێن هەين ب ريكا ئەڤ ياسايێ چارەسەركەين.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمنيكی – جێگری سەرۆكی پەڕلەمان :**
سوپاس بۆ بەرێزتان، با تێبينيەكی تر وەر بگرين و رونكردنەوەی كۆتايی دەدەمە د.رێواز كە خۆی ئەم پرۆژەيەيی ئامادەكردوە ئەركی كێشاوە بەرێز مەردان خدر.

**بەڕێز مەردان خدر مصطفى:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
منيش پشتگيری لە قسەكانی د.شيرين دەكەم يانی لەم جەند ساڵەی رابردوو ژمارەيەكی زۆر لەبەش و كۆليژ لە زانكۆ و پەيمانگاكانی هەرێمی كوردستان كراونەتەوە تەخەروجيان كردوە عينوانی وەزيفيان نييە، بۆ نمونە بەشی كارگێری ياسا هەم لە پەيمانگاكان هەيە لە بەشێك لە زانكۆكانيش هەيە لە هەرێمی كوردستان تا ئێستا عينوانی وەزيفيان نييە، بۆيە ئەگەر ئەو ليستە كە ئيزافە كرايە لە ياسای عێراقی بخوێندرێتەوە بۆ ئەوەی بەر چاورونی هەبيت ئەگەر بەشێك هەبێت لە هەرێمی كوردستان تا ئێستا عينوانی وەزيفی نەدرابێتی بۆ ئەوەی مناقەشە بكەين و ئيزافە ی ئەو ليستە بكرێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمنيكی – جێگری سەرۆكی پەڕلەمان:**
سوپاس، فەرموو د. جوان.

**بەڕێز د.جوان اسماعيل عزيز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێزان بەراستی ئێمە لە لیژنەی پەروەردەوو خوێندنی باڵا قسەکانی د.شیرین و مامۆستا مەردان زۆر راستە میلاکاتی وەزیفیمان هەیە میلاکاتمان نیە دەرەجاتی وەزیفیمان نیە کێشەمان زۆرە ساڵ بە ساڵ با بلێین تەعین نیە وە دەرەجات وەزیفیش نیە وەزارەتی دارایش ئەو رێگەیەی ناداتن جونکە میلاکات نیە هیواداریين ئەو یاسایە کە بەرێزیان د.ڤاڵا خیندی بە زمانی عەرەبی قانونەکە روون نیە یانی لە پێش چاومان نیە بەس ئەسبابوول مووجەبەی خیندەوە کە ئەگەر بە گشتی پڕۆنی راستە بەڵام بە تایبەتی بەعزە زروف هەیە لە هەرێمی کوردستان ئەو زروفانە لە بەغدایە نیە یان لە جنوب نیە پێویستمان بە رونکردنەوەی زیاتر هەیە ئەوە یەك ، دەرەجات وەزیفی و استحدا و ئەمن سو ئالێکی لە لیژنەی یاسایی دەکەم بەراستی ئەمن ئەو معلومەیەم نیە دەمەوێت بزانم هەمو یاسایەکانی عیراق یانی بخدا عێراق بە گشتی بە تایبەتی هەرێمی کوردستان کە سی بەشی یاسایەکانمان اعتیماد لەسەر یاسای عێراق دەکات هەموو ساڵی (59-58-60)و معدل و تعدیلات و تەغیرات و شەست یانی هێشتا من لە دایك نەبومە ، بەڵام باشە لۆ ئەو قانونانە ئەو یاسایانە ئەمە نوی ناکەینەوە با فەقەراتی کەونی تێدا هەبی ئی ساڵی (60-58) استحداشی تێدابی بەڵام یاسایەکە لەگەڵ عەسرەکەی بی لەگەڵ (2018) بێتن یانی ئی ساڵی شەست هەر کی ئەوەی ببینێتن ئی ساڵی (60-59) ئەوان ئیحتماله زیاتر معلومەیان هەیە ئەگەر خزمەتمان بکەن زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمنيكی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان :**

سوپاس بۆ د.جوان . فەرمووو شوکریە خان ، دواتر رەئی لیژنەی یاسایی وەر دەگرین سی بەرێز حازرن دوای رونکردنەوەش دەدەن وەڵامیش دەدەن .

**بەڕێز شوكريە سمايل مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش ئەندامی لیژنەی پەروەردەوو خوێندنی باڵام تا ئێستا جەندە توێژ هاتون ئەم داوایەیان کردوە بۆیە داوادەکەم هەموو ئەو بەشانەی کە کراونەتەوە ج لە و کۆلێژەکان یا لە پەیمانگاکان کە ئێستا هەنوو عینوانی وەزیفیان نیە عینوانی وەزیفیان بۆ دابندرێت ، هەروەها فەقەرەیەکی تر زیاد بکرێت بۆ هەموو ئەو بەشانەی تر ج لە پەیمانگاکان یاخود لە زانکۆکان کە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا رێگای کردنەوەیان پی دەدری لە هەمانکاتیشدا ئەو سەلاحەتیەش بە لایەنی پەیوەندیدار بدری کە عینوانێکی وەزیفیان بۆ دابندری مادام رێگا بە کردنەوەی بەشێك دەدری عینوانی وەزیفیشە نەك پاش چوار ساڵ پێنچ ساڵ پاش ئەوەی تەخەروج دەکەن ئینجا پاش بینەو بەردەیەکی زۆر ئینجا عینوانی وەزیفیان پی بدری زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمنيكی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ شوکریە شێخانی . پێویستیمان بە رونکردنەوەکی موفصل لە لایەن بەرێز د.رێواس هەیە فەرموو.

**بەڕێز د.رێواز فائق حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان باسی ئەکەن هەمووی دروستە ، بەڵام ئەمەوێت تەنها رونکردنەوەیەکی قانونی بدەم ، مەسەلەی پێدانی دەرەجەی وەزیفی سولمی رەواتب ئەم بابەتانە مەسەلەی فدرالین یانی لە سەلاحیەتی پەڕلەمانی کوردستان نیە یەك عینوانی وەزیفیش بداتە هیچ کەسێك بە دەلیلی ئەوەی ئێمە لە ساڵی (2014یا 2015) ئەوەی علومی سیاسی کە هاتنە ئێرە ئێمە پرۆژەمان بۆ ئامادەکردن ئیمزای پەڕلەمانتارانمان کۆکردەوە وابزانم خوێندنەوەی یەکەمیشمان بۆ کرد، بەڵام ناچاربوین هەموو فایلەکە کۆبکەینەوە بینێرین بۆ سەرۆکایەتی کۆمار لە عێراق وەداوابکەین وە داوابکەین بە گوێرەی سەلاحیەتی دەستوری خۆیان ئەوان مەشروعێك بنوسن بۆ ئەوەی بینێرن بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی بۆ پێدانی دەرەجەی وەزیفی یانی ئەمانەوێت رونبێت لەبەر چاوی بەرێزان ئەندامانی پەڕلەمان کە ئەم پەڕلەمانە سەلاحیەتی پێدانی هیچ دەرەجەیەکی وەزیفی نیە زۆر سوپاس .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێزتان بۆ ئەو روونکردنەوە، بەرێز د.ڤاڵا.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

ئیزافەتەن لە بۆ ئەو رونکردنەوانەی کە درا ئێمە تەنها لێرە بەرکارمانکردوە بۆیە نەمانتوانیوە هەموارى بکەین واتا ناتوانین هیچ دەرەجەیەکی وەزیفی زیادووکەم بکەین ئەوەی لە مەجلس نواب عراقی بغدا پەسەندکراوە ، بۆیە داوا لە بەرێزتان دەکەم داواکاری بە تایبەتی خەریجی سیاسە لە ساڵی (2014) وە لە پەڕلەمان هەیە و جەند سەردانێکیان کردوە جەند کۆبونەوەیەکمان ئەنجامداوە داواکاریەکەیان داواکاریەکی رەوایە وە داوا لە ئەندامانی بەرێز دەکەم کە بە زوترین کات مادەکانی بخرێتە دەنگدان و ئەو یاسایە بجێتە بواری جێبەجی کردن سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز د.ڤاڵا سەرۆکی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

منیش ویستم هەر ئەوە بڵێم کە ئەم بابەتە لە صلاحیتە حصریەکانی فیدراڵە و هەر بۆ زانیاری بەرێزان ئەندامانی پەرلەمانیش کۆمەلێك لە هەموو دەرەجە وەزیفیەکان لە دەرەجەی یەکەوە هەتاکوو دەرەجەی شەشە حەوتە کە هەیە لە هەمویان عینوانێکی زیاد کردوە ئەمە تا هەشتیش جەند دەرەجەیەکی زیاد کردوە خەلەلەکە ئەوەیە بەرێزیان لەبەر دەستیاندانیە خۆ لەوانەیە ئەوانەی جەنابتان باسی ئەکەن لە ناو ئەو دەرەجە وەزیفیانە هەبێت بۆیە ئەوەی کە هەیە ئێمە بەرکاری ئەکەین زیاتر سلاحیەتمان نیە هیچی بۆ ئیزافە بکەین .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

ئێستا داوا لە ئێوە دەکەین بەرێزان لیژنەی یاسایی ئەو تەفاصیلانە هەمویان بەم دانیشتنە بیدەن بۆ ئەوەی لە کاتی دەنگدان بە دلنیایەوە دەنگی بۆ بدەن .فەرموو کاك عمر .

**بەڕێز عمر عینایەت حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

ئەو یاسایەیی کە لە عێراق هەیە هەر ئەوەیە کە ئێمە نەتوانین دەسکاری بکەین لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانیشە ئینفاز بکری ، ئێمە گلەیمان تەنها لەسەر ئەوەیە

دووجار هەموار هاتوە لە پێش لە سەرەتاوە نوسراوە هەمواری بیستەمی لە ئەخیریشا نوسراوە هەموار کراوەو، چاکی بکەن لە رووی رێزمانیەوە کێشەکە نامێنی و پێویست بە خوێندنەوەی ناکات بە تەسەوری من سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ تێبینی بەرێزتان، خوێندنەوەکە پێویست بەوە دەکرا کە ئەوە کۆپی بکری لە سندووقی ئەندامان دا بندرێت، بە هەر حال ئێستا ئەو یاسایە گرنگە با بەردەوام بین ماددەی یەکەم گفتوگۆی لەسەر کرا هیچی تر نەماوە ئەو ماددەیە دەخەینە دەنگدان بەرێزان ئەو ماددەیە ماددەی یەکەم بخوێنەوە دەخەینە دەنگدان ئەو تێبینیەی باسیان کرد هەمواری بیستەم سیاغەکەی.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەك: هەمواری بیستەمی یاسای میلاکات ژمارە (25) ساڵی (1960) ی هەموارکراو، لە هەرێمی کوردستان – عیراق بەرکار دەکرێت و کار بە حوکمەکانی دەکرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بەو شێوازە دەخەینە دەنگدان کێ لەگەڵ دایە دەست بەرز کاتەوە؟ (51) کەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە ؟ کەس نیە، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم: پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجی بکەن.

**بەڕێز/جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەرلەمان :**

دیارە موناقەشە لەسەر ئەم ماددەیە نیە، ئەو ماددەیە دەخەینە دەنگدان کێ لەگەڵی دایە؟ (52) کەس بە پەسەندی دەزانن ، ئەوەی دژە ؟ کەس نیە، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم : کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەرلەمان :**

دیارە موناقەشە لەسەر ئەمە نییە، ماددەکی ئیجرائیە کێ لەگەڵیدایە؟ (50)کەس بە پەسەندی دەزانن، ئەوەی دژە ؟ کەس نییە بە کۆی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم: ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان جێبەجی دەکرێت.

**بەڕێزجعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم ماددەیە دەخەینە دەنگدان کێ لەگەڵ دایە؟ (52) کەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە ؟ کەس نییە، بە کۆی دەنگ پەسەندکرا، هۆیەکانی دەرچواندن.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز  سەرۆكی پەرلەمان.**

هۆیەكانی دەرچواندن: بەمەبەستی دیاری كردنـی ناونیشـانی وەزیفـی و دەسـتەبەركردنی یەك پارچەیی بابەت و لە پێناو جێبەجێكردنی یاساكە لە هەرێمدا ئەم یاسایە دەرجوێندرا.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمنيكی – جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

لەسەر هۆیەكانی دەرچواندن موناقەشە ؟ فەرموو مامۆستا حەسەن.

**بەڕێز حسن صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

واللە من هەر لەسەر ئەو یەك پارچەیەی بابەت (وحـدت الموضـوع) هەر یەكیەتـی بـابەت نازانم ئەگەر بەرێزان لە لیژنەی یاسـایی؟ یەكیەتـی بـابەت بـاش نییە لەوەی یەك پـارچەیی بابەت؟ پێم وایە هەر تەرجوومە كوردیەكەشی (وحدت الموضوع) ئەوە دەگەیەنێت نـازانم سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمنيكی – جێگری سەرۆكی پەرلەمان :**

سوپاس بۆ مامۆستا حسن،  فەرموو بەرێز عمر عینایات.

**بەڕێز عمر عينايات حمه سعيد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

واللە منـیش یەك پـارچەیی بـابەت حەزم ئەكـرد عەرەبـیەكە بـزانین بـۆ ئەوەی بـیكەین بە كوردی ئەگینا ئەمە لێرە،

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمنيكی – جێگری سەرۆكی پەرلەمان :**

بە عەرەبیەكەی هاتووە.

**بەڕێز عمر عينايات حمه سعيد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە عەرەبیەكە چی دەڵێت؟

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمنيكی – جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

(وحدت الموضوع)

**بەڕێز عمر عينايات حمه سعيد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئی واللە یەك پارچەی بابەت نازانم، یەك پارچەیی بابەت ئەڵی قوماش ئەفرۆشن.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمنيكی – جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

یەك پارچەیی وڵات.

**بەڕێز عمر عينايات حمه سعيد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

واللە مامۆستا تەرجەمەكەی باش نییە، با چاكی بكەین.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمنيكی – جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا داوایان لی دەكەین تێبینی تر، ئەگەر نەبێت داوا لە لیژنەی یاسایی دەكەم، كا بـزانم ئێـوە دەتـوانن بە شـێوازەكی تـر سیاغەكەی وا لێـبكەن مەفهـومەكە وازحتـر بێـت (وحـدت الموضوع).

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز  سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنه دەستەواژەکەی هەڵگرت. بە مەبەستی دیاری کردنی ناونیشانی وەزیفی و لە پێناو جێبەجێکردنی یاساکە لە هەرێمدا ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هۆیەکانی دەرچواندن دەخەینە دەنگدان بەو شێوازەی خوێندرایەوە، کێ لەگەڵ دایە؟ (54) کەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە؟ کەس نییە بە کۆی دەنگ پەسەندکرا ، کۆی یاساکە دەخەینە دەنگدان بەو شێوازەی خوێندرایەوە کێ لەگەڵ دایە؟ (54) کەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە؟ کەس نیە بە کۆی دەنگ یاساکە پەسەندکرا.

ماددەی سێیەم: گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای بەرکارکردنی یاسای نەهێشتنی بازرگانی بە مرۆڤ ژمارە (28)ی ساڵی (2012)ی عێراقی لە هەرێمی کوردستان بە پێی ماددەکانی (72-74-75)لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموارکراو داوا لە بەرێزان لیژنەی یاسایی دەکەین لەسەر ئەم یاسایە راپۆرتی هاوبەش بخوێننەوە ئینجا داوا لە لیژنەی ئافرەتان دەکەین ئێوە روونکردنەوە لەسەر ئەم یاسایە دەدەن فەرموو بەرێز ئێڤار ابراهیم ، سەرۆکی لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان .

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵی سێیەم گفتوگۆ کردن بە پرۆژە یاسای بەرکارکردنی یاسای نەهێشتنی بازرگانی کردن بە مرۆڤ دیارە ئەمە کاتی خۆی داوامانکرد ئەو یاسایەی عێراق انفازبکرێتن، بەڵام لەسەر پێشنیاری بەشێك لە پەرلەمانتاران لە دانیشتنی پەرلەمان داوایانکرد ئەم یاسایە پێویستی بە هەموارکردنەوەیە لە هەرێمی کوردستان داواکرا دوابخرێت ئێمە وەك لیژنەی ئافرەتان لە پەرلەمانی کوردستان پرۆژە یاسایەکی ترمان ئامادەکرد کە لە خاڵی سێیەمدا داوامانکردووە هەموار بکرێتەوە، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەو خاڵی سێیەم بخرێتە ئەخیری ئەمرۆ خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێتن دوایە بە هەماهەنگی لەگەل لیژنە هاوبەشەکان راپۆرتێك ئامادە بکرێتن سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز ئێڤار ابراهیم . سەرۆکی لیژنەی داکۆکی کردن لەمافی ئافرەتان .فەرموو د.شیرین حسنی.

**بەڕێز د.شیرین حسنی رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە بووری بەس ئەگەرجەنابێ تەدەلیقە بدەت ئێك پرسیار من لیژنا یاسایی هەی، ئەز وەسا تێگەهشتم ئەوان وەسا فیکرە سەر وێ یاسایێ دا بەری نها دەنگ ل سەر دای کو ل سەلاحیاتێت پەرلەمانێ عێراقێ دایە کو ناسناڤێ زانستی بدەت، من تەناقوزەك دیت د. ڤالا ئیشارەت پێ دا بۆ ئەڤێت تەخەسوساتێت سیاسی کو داوا ژ ئەندام پەرلەمانا کر دشێت تەقدیم بکەن پرۆژەی یا دوویێ ژی، ئەگەر هەریاسایەك یا عێراقێ یا مەرکەزی ل ڤێرێ ئینفاز کر پشتی هنگی ئەم نەشێین هەموارێ تەقدیم بکەین، ئەم دشێین تەعدیل بکەینەڤە؟، زۆر سوپاس

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز د.شیرین حسنی، داوا لە د. ڤاڵا دەکەم وەڵامی وەڵامی ئەو پرسیارە بداتن بەشێوەیەکی گشتی.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە نەمان گوتووە قوتابیانی سیاسە لێرانە تەقدیم بکەن، گوتمان قوتابیانی سیاسیە داواکاریان هێنا ئێرە لیژنەی یاسایی و لیژنەی خوێندنی باڵا داواکاریەکەیان کرد بە کتابێکی رەسمی ناردیان بۆ سەرۆك کۆماری عێراق وەکو روونکردنەوە درا لەوی بوو بە پرۆژە چوو

بۆ مەجلیس نەوابی عێراقی خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا، دووەمی بۆ کرا، لە سێیەم خوێندنەوە دەنگی لەسەر درا چووە بواری جێبەجێکردن ئینجا ئێمە لێرە توانیمان بەرکارکردنی یاساکە بنووسین لەبەر ئەوە وەکو بەرێزان ئیشارەتیان پێدا مەسەلەی میلاکات و مەسەلەی عینوان بەخشین لە ئیختصاصاتی حەسری دەسەڵاتی فیدراڵدایە ، ئێستا لێرە وەزیفە هەمووی عینوانی وەزیفی لایە بە خەلیجی علوم سیاسە یانی ئێمە داوامان نەکردوە پرۆژە تەقدیم بکەن ئەو بابەتە کۆتایی هاتووە، بەڵی ئەوان پلەی وەزیفی خۆیان وەرگرت بە پێی ئەو یاسایەی کە ئەورۆ لە پەرلەمانی کوردستان بەرکار کرا .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئەو روونکردنەوەیە، د.ڤاڵا زۆر سوپاس .بەرێزان ئەو پێشنیارەی بەرێز، نە خۆی وەڵام دایەوە یانی ئەوەی وڵامەکەی د.ڤاڵا بۆ عام دروستە یەعنی تا یاسایەك لێرە ئنفاز نەکری تۆ ناتوانی باسی هەموار بکەی دەبی ئینفازبکەی دواتر پرۆژەی هەموارەکە پێشکەش دەکری ئەوە بەو شێوازەیە، بەڵام ئەوەی ئێستا مەبەستە سێیەمە ماددەی سێیەم داواکرا دوا بخرێت بۆ ماددەی کۆتایی لە بەرنامەی کار ئێستا بەرێزان ئێمە ئەوەی عام ئینفازبوو ئی لێرەش ئەوەی ئافرەتان بەهەمان شێوە دەبی ئینفازی بکەین کە ئینفازبوو ئینجا هەموارو ئەو بابەتانەی لەسەری باس دەکرێتن داوا لە لیژنەی ژنانیش دەکەین بێنە ئێرە، چونکە کە ئینفازی ئەوەیە ئێوەش مەعنینە بە مەوزووع.

**بەڕێز د.بەهارمحمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بمبورە ئەگەر بیانەوی یاساکە وەکوو ئەوەی لە بەغدا هەیە بەرکاری بکەینەوە ئێستا دەنگی لەسەر ئەدەین و ئەگەر بیانەوێت هەمواری بکەین ئەبی پرۆژەکەی خۆیان ئینفاز و هەموارەکە بە یەکەوەبێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەرلەمان :**

هەموارەکە پێشکەش کراوە.

**بەڕێز د.بەهارمحمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵی پێشکەشکراوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەرلەمان :**

خوێندنەوەی یەکەمی بۆ دەکەین و دوای ئەوەش دەبێتە یاسا.

**بەڕێز د.بەهارمحمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵی ئاسایە ئەگەردەیانەوی وەك ئەوەی بەغدا.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

با ئینفازی بکەین کە هاتە سەر ئەوەی خوێندنەوەی یەکەمی بۆ دەکەین ئەوەش دەبێتە یاسا، فەرموو بەڕێزان ماددەی سێیەم راپۆرتی هاوبەشەکە بخوێنەوە.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابەت راپۆرتی هاوبەش سەبارەت بە پرۆژەیاسای بەرکارکردنی یاسای نەهێشتنی بازرگانی کردن بە مرۆڤ ژمارە (28) سالی (2012) لە هەرێمی کوردستان – عێراق لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی داکۆکی کردن لەمافەکانی ئافرەت و لیژنەی مافەکانی مرۆڤ رۆژی

سێشەمە ڕێکەوتی (6-2-2018)کۆبوونەوەی ئەنجامدا بۆ تاوتوێکردنی هەردوو پرۆژەیاسای بەرکارکردنی یاسای نەهێشتنی بازرگانی کردن بە مرۆڤ ژمارە (28) ساڵی (2012)عیراق لە هەرێمی کوردستان کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەڕلەمانەوە پێشکەشکراوە دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە دانیشتنی ژمارە (4) لە ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەتی (10-1-2018) رەوانەی لیژنەکان کراوە دوای گفتوگۆکردن و تاوتوێکردنی لیژنەکان گەیشتنە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە.

بەرکارکردنی یاسای نەهێشتنی بازرگانی کردن بە مرۆڤ ژمارە (28) ساڵی (2012) لە هەرێمی کوردستان – عیراق.

ماددەی یەکەم: یاسای نەهێشتنی بازرگانی کردن بە مرۆڤ ژمارە (28)ساڵی (2012)لە هەرێمی کوردستان عێراق بەرکار دەبێت و کار بە حوکمەکانی دەکرێت.

ماددەی دووەم: دامەزراوەو فەرمانگەکانی هەرێمی کوردستان عێراق و ئەوانەی خاوەن پۆستن تیایاندا جێگەی دامەزراوەو فەرمانگەکانی ناوەندی و ئەوانەی خاوەن پۆستن تیایاندا لە هەر شوێنێکی ئەم یاسایەداهاتبن دەگرنەوە. ماددەی سێیەم: پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجی بکەن.

ماددەی چوارەم: کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکری کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

ماددەی پێنجەم: ئەم یاسایە لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان جێبەجی دەکرێت.

هۆیەکانی دەرچواندن: لە پێناو نەهێشتنی تاوانەکانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ و بەرەنگاربوونەوەی ئاسەوارە ترسناکەکانی تاوانەکەو سزادانی تاوانباران و پاراستنی کەرامەتی تاکەکان و لە پێناو جێبەجێکردنی یاساکە لە هەرێمدا ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان :**

سوپاس بۆ بەرێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی دیارە ئەو لاپەرەی یەکەمە لەو پێشنیارەی لەبەر دەستمانە هۆیەکانی دەرجواندنی پێوە نیە ئومێدەوارم لە لای ئێوە هەبێتن گرنگە، ئێمە ئیعتماد لەسەر ئەوەی لیژنەی یاسایی دەکەین کە دەخوێنەوە ئێمە گوێی لی دەگرین دەست بە ماددەی یەکەم دەکەین بەرێز سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤیش ئامادەیە لەسەر منەصەکە ئەگەر شوێنێکی هەبێت بۆ ئەندامی تر لە لیژنەی مافی مرۆڤ ئەوانیش دەتوانن یەکی تر بێتە ئەو لایە بەرێزان دەست بە ماددەی یەکەم دەکەین فەرموون بەرێزان.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

ماددەی یەکەم: یاسای نەهێشتنی بازرگانیکردن بە مرۆڤ ژمارە (28) ساڵی (2012) لە هەرێمی کوردستان عێراق بەرکار دەبێت و کار بە حوکمەکانی دەکرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

لەسەر ماددەی یەکەم ئەگەر گفتووگۆ هەبێت دەرفەت دەدەین دیارە پێویست بە گفتووگۆ ناکات زۆر وازحە ئەو ماددەیە دەخەینە دەنگدان ماددەی یەکەم دەخەینە دەنگدان کێ لەگەڵ دایە؟ (52) کەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە؟ کەس نییە، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

مـاددەی دووەم: دامەزراوەو فەرمانگەکـانی هەرێمـی کوردسـتان عێـراق و ئەوەی خـاوەن پۆسـتن تیایانـدا جـێگەی دامەزراوەو فەرمانگەکـانی ناوەنـدی و ئەوانەی خـاوەن پۆسـتن تیایاندا لە هەر شوێنێکی ئەم یاسایەدا هاتبن دەگرنەوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ موناقەشەی ماددەی دووەم لەم یاسایەدا فەرمووو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عینایەت حمه سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن تەنهـا داوای روونکـردنەوەم لە بەرێـزان لە لیـژنەی یاسـایی و لیـژنە پەیوەندیـدارەکان ئەوانەی خاوەن پۆستن تیاندا بۆمان روونکەنەوە مەقسەدیان چیە؟

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو د. ڤالا.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە دەڵێـــین دامەزراوەو فەرمانگەکـــانی هەرێمـــی کوردســـتان – عێـــراق مەبەســـتمان لە وەزارەتەکـانە، لە دەسـتەکانە، لە مـدیر عامەکانە، لە هەرکەسێك کە خـاوەن پۆسـتە لە نـاو ئەو فەرمانگەو دامەزراوانەی کە لە موقەدیمەی ماددەکە ناوی هاتووە.

**بەڕێز عمر عینایەت حمه سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەعنـی کارمەنـدی ئاسـایی نـاگرێتەوە ؟ یەعنـی بەتەنهـا سـەرۆکی فەرمـانگەو وەزارەت و کارمەندەکانیش ئەگرێتەوە یان نا؟

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

رونکردنەوەی زیاتر.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یاساکە لە هەرماددەیەکی مووچە هەبێت لە بۆ هەرکەسێك کە خـاوەن پۆسـت بێـت لەنـاو دامەزراوەکە دەیگرێتەوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سـوپاس بـۆ ئەو رونکـردنەوەیە، دیـارە هـیچ تێبینـی و سـەرنجێکی تـر نیـیە، ئەو مـاددەیە دەخەیـنە دەنگـدان مـاددەی دووەم بەو شـێوازەی خوێنـدرایەوە دەخەیـنە دەنـگ دان، کـێ لەگەڵ دایە؟ (51)کەس لەگەڵـی دایە، ئەوەی دژە؟ کەس نیـیە بەکـۆی دەنـگ پەسـەندکرا، ماددەی سێیەم.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم : پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجـی بکەن .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم ماددەیە دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵ دایە؟ (50)کەس بە پەسـەند دەزانیت، ئەوەی دژە؟ کەس نییە بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، ماددەی چوارەم.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

ماددەی چوارەم: کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بریارێك ناکری کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

هیچ تێبینیەك نیە تێبینی نییە دەخەینە دەنگ دان، کێ لەگەڵ دایە؟ (51)کەس بە باش دەزانی، ئەوەی دژە؟ کەس نییە بە کۆی دەنگ پەسەندکرا، ماددەی پێنجەم.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

ماددەی پێنجەم: ئەم یاسایە لە رۆژی بلاوبونەوەی لە رۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان جێبەجی دەکرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان :**

ئەم ماددەیە دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵ دایە؟ (52)کەس بە پەسەند دەزانی، ئەوەی دژە؟ کەس نیە بەکۆی دەنگ پەسەندکرا .هۆیەکانی دەرچواندن.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

هۆیەکانی دەرجواندن لە پێناو نەهێشتنی تاوانەکانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ و بەرەنگاربونەوەی ئاسەوارە ترسناکەکانی تاوانەکەو سزادانی تاوانباران و پاراستنی کەرامەتی تاکەکان و لە پێناو جێبەجێکردنی یاساکە لە هەرێمدا ئەم یاسایە دەرجوێندرا.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

تێبینی لەسەر هۆیەکانی دەرچواندن فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

تەنها لە پێناو جێبەجێکردنی یاساکە لەهەرێمدا زیادە ئەگەر پاراستنی کەرامەتی تاکەکان ئەم یاسایە دەرچوێندرا بەرەئی من ئەوەی دی زیادە سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان :**

لە پێناو؟

**بەڕێز عمر عینایەت حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

لە پێناو نەهێشتنی تاوانەکانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ و بەرنگاربوونەوەی قەوارە ترسناکەکانی و تاوانەکان و سزادانی تاوانباران و پاراستنی کەرامەتی تاکەکان ئەم یاسایە دەرچوێندا، ئەوی دیکەی مەعنا ناگەیەنێت لە پێناو جێبەجێکردنی یاساکە لە هەرێمدا.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

روونکردنەوە لەسەر ئەم تێبینیە.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

فاریزەیەك دادەنێین لە پێناو هەڵدەگرین، دەڵێین جێبەجێکردنی یاساکە لە هەرێمدا ئەم یاسایە دەرچوێندرا. ئەوە بۆ بەرێز کاك عمر عینایات.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان :**

بۆ گشتی تێبینیەکی تر هەیە فەرموو کاك ئاری .

**بەڕێز ئاری عبداللطیف مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

نووسراوە لە پێناو لە هۆیەکانە لە پێناو نەهێشتنی تاوانەکانی، من پێم وایە بکری بە ، لە پێناو ڕێگری کردن و نەهێشتنی تاوانی بازرگانی کردن نەك تاوانەکانی بازرگانی کردن وەهەروەها کەرامەتی تاکەکانیش تاك لەویدا تۆزێك وشەیەکی زۆر جوان نیە، پێم باشە بکری بە هاووڵاتیان یان مرۆڤ کەرامەتی مرۆڤ یا هاووڵاتیان کەرامەتی هاوڵاتیان ئەوە دوا جار بۆ ئێوەی ئەنێرم.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان :**

ئەوەی ئێستا خوێندتەوە بینێرە بۆ لیژنەی یاسایی، بۆ ئەوەی بتوانن تەرکیزی بخەنە سەر.

**بەڕێز ئاری عبداللطیف مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان .**

تەنیا ئەوەیە لەسەر ڕێگری کردن زیاد بکری وە تاوانەکانیش نا تاوانەکانیش ئیتر کە ئەلی تاوان کۆیە، نا کەوت تاوانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ کۆییە لێرە؟

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

تێبینیەکی تر فەرموو گەشە خان.

**بەڕێز گەشە دارا جەلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری کاك ئاری ئەکەم، ئەگەر تاکەکان بگۆری بە مرۆڤ، بەڵام نابی بڵێین هاووڵاتی، چونکە ئەم یاسایە بۆ غەیری هاووڵاتیشە کە بازرگانی پی ئەکرێ، بێگانەیەکا بازرگانی پی ئەکری لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا ڕێگە پی نەدراوە بە پێی ئەم یاسایە، بۆیە مرۆڤەکان رەنگە باشتربێت، سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

دەست خۆش بۆ ئەو تێبینیە سوپاس بەرێز مامۆستا ماجد.

**بەڕێز ماجد عثمان تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها وشەی کەڕامەت وشەکی عەرەبیە ئەگەر بکری تەرجەمەی بکری بۆ کوردی زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان :**

سوپاس، د. ڤاڵا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

لە موستەلەحی یاسایدا ئێمە فەردوو ئەفراد بەکاردێنین ئینسان بەکارناهێنێ، بۆیە پاراستنی کەرامەتی تاکەکان وەکوو خۆی بێت دەقیقترە وەکو ئەوەی لە موعاهەدات و لە دەساتیر هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزتان ئێستا چاوەڕوانی ئەوەینە داڕشتنێکی کۆتای بکەن.
**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**
هۆیەکانی دەرچواندن: لە پێناو نەهێشتنی تاوانەکانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ و بەرەنگاربوونەوەی شوێنەوارە ترسناکەکانی تاوانەکەو سزادانی تاوانباران و پاراستنی کەرامەتی تاکەکان و جێبەجێکردنی یاساکە لە هەرێمدا ئەم یاسایە لە هەرێم دەرچوێندرا.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**
هۆیەکانی دەرچواندن بەم شێوازەی خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵ دایە؟ (49) کەس بە پەسەند دەزانی ئەوەی دژە؟ کەس نییە بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، کۆی یاساکە دەخەینە دەنگدان بەڕێزان کۆی یاساکە دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵدایە؟ (50) کەس بە پەسەند دەزانی، ئەوەی دژە؟ کەس نییە بە کۆی دەنگ یاساکە پەسەندکرا، کەرامەت دەکرێتە (شکۆ) ئەو پێشنیارە لە جێی خۆیەتی ئەوەی کە پێشنیارکرا وابزانم کاك سۆران بوو مامۆستا ماجد بوو پێشنیاریان کرد دەستان خۆشبێت.
چوارەم:خوێندنەوەی ئەم پرۆژە بڕیارانەی خوارەوە بە پێی ماددەی (71) لە پەیڕەوەی ناوخۆی پەڕلەمانی کوردستان ژمارە (1)ساڵی (1992)هەموارکراو بکرێتن.
1-پرۆژەیاسای بەرکارکردنی یاسایی دەستەبەری تەزمینی ژمارە (31) ساڵی (2015) لە هەرێمی کوردستان.
2-پرۆژەیاسای ئاکادیمیای زانستی سریانی لە هەرێمی کوردستان.
3-پرۆژەیاسای بەرکارکردن و هەموارکردن و جێبەجێکردنی یاسای نەهێشتنی بازرگانی کردن بە مرۆڤ ژمارە (28)ساڵی (2012) عێراق لەهەرێمی کوردستان.
4-پرۆژەیاسای هەمواركردنی یاسای یەکەمی یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستوریەکانی هەرێم ژمارە (2)ساڵی (2017).
5-پرۆژەیاسای ئەنجومەنی کاروباری ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان.
6-پرۆژەیاسای هەموارکردنی یاسای بەرنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (3)ساڵی (2006) لە هەرێمی کوردستان.
7-پرۆژە بڕیاری بە جینۆساید ناساندنی کارەساتی شەنگال.
فەرموو بەرێزان لیژنەی یاسایی بۆ خوێندنەوەی پرۆژەکان و ئاراستەکردنیان بۆ لیژنە پەیوەندیدارەکان.
**بەڕێز شوان شێخ احمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**
1-پرۆژە یاسای بەرکارکردنی یاسای دەستەبەرکردنی تەزمین ژمارە (31)ی ساڵی (2015) لە هەرێمی کوردستان - عێراق کە لە لایەن (10) ئەندامانی پەڕلەمان واژوویان لەسەر کردووە، ناوەکان (د.بەهار محمود فتاح، ابوبکر عمر عبدالله، شوان شێخ احمد، لینا عزریا، منى نبى قهوەجی، انوەر قادر مصطفی، د.ڕێواز فایق، ڤەمان فیصل، تەلار لطیف، د.ڤاڵا فرید) کە لە پێنچ ماددە و هۆیەکانی دەرچواندن لە خۆ دەگرێت بەرێز سەرۆکی پەڕلەمان فەرموو بە ئاراستەکردنی بۆ لیژنەی پەیوەندیدار .
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**
سوپاس بەرێزان، بۆ ئەو پرۆژە یاسایە ئاراستە دەکرێت بۆ لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی و گشت ئەندامانی پەڕلەمان، پرۆژەی دووەم.
**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

2-پـرۆژە یاسـای ئەکـادیمی زانسـتی سـریانی کە لە (17)مـاددەو هۆیەکـانی دەرچوانـدن پێکهاتووە وە لە لایەن (29) ئەندامی پەڕلەمان واژۆکراوە ناوی ئاخیرەکەی دەرنەچووە لێرە کە بەرێـزان (د.سـرود سـلیم، لینـا عەزریـا، یروانیـت نیسـان، منـی نەبـی، یعقـوب گـورگیس، د.عبداللە جاسم، شوکریە اسماعیل، مـریم صـمد، ئـاواز حمیـد حسـین، وەحیـدە یـاقۆ، کمـال یلدا، محمد سعدالدین، ابو بکر عمر عبداللە، ئێڤار ابراهیم، عبداللە محمـود محمـد، د.سـیراج خیلانی، زیـاد حوسـین، تحسـین اسـماعیل، خلـف احمـد، زانـا عبـدالرحمان، مصـطفی احمـد، سـعید مصـیفی، دڵشـاد شـعبان، د.زۆزان صـادق، شـێخ شـامۆ، شـیلان جعفـر علـی، نجـات محمـد عبـداللە، مـدینە ئەیـوب) بەرێـز سـەرۆکی پەڕلەمـان بە ئاراسـتەکردنی بـۆ لیـژنەی پەیوەندیدار.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

ئەم پرۆژەیاسایە ئاڕاستە دەکرێت بۆ لیژنەی یاسایی و لیـژنەی رۆشـنبیری و لاوان و گشـت ئەندامانی پەڕلەمان بۆ لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵاش .پرۆژەی سێیەم.

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

3-یاسـای نەهێشـتنی بازرگـانی کـردن بە مـرۆڤ ژمـارە (28)ی سـاڵی (2012)- عێـراق کە لە پێنچ مـاددە و بە بـی هۆیەکـانی دەرچوانـدن لە لـایەن ئەنـدامانی پەڕلەمـانەوە واژووکـراوە (ئێڤار ابراهیم ، کەژاڵ هادی، حیات مجید، ڤیـان عبـاس، مـریەم صـمد ، حسـن صـالح، پەروا علـی، گەشـە دارا حفیـد، سـوهام عمـر قـادر، بەهـار عبـدالرحمان، فەیـرۆز طـە، د.شـیرین حسـنی، نجـات محمـد، هیڤـا حـاجی ابـراهیم میرخـان) بەرێـز سـەرۆکی پەرلەمـان بە ئاڕاستەکردنی بۆ لیژنەی پەیوەندیدار.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

ئەم پـرۆژە یاسـایە ئاراسـتە دەکرێـت بـۆ لیـژنەی یاسـایی و لیـژنەی مـافی مـرۆڤ و لیـژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان و گشت ئەندامانی پەڕلەمان.

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز/سەرۆکی پەڕلەمان.**

4-پـرۆژە یاسـای هەمـواری یەکەمـی دابەشـکردنی دەسـەڵاتەکانی سـەرۆکایەتی هەرێمـی بەسـەر دامەزراوە دەسـتووریەکانی هەرێـم ژمـارە (2)ی سـاڵی (2017) کە لە دوو مـاددەو هۆیەکانی دەر چواندن پێکهاتوە وە لە لایەن ئەنـدامانی پەڕلەمـان واژۆکـراوە (هیڤـا حـاجی میرخان، منی نەبی نادر، د.شیرین حسـنی، حیـات مجیـد بەرخـی، نـاظم کبیـر، مەردان خـدر مصطفی، محمد علی، ڤیرۆز طە، مدینە ئەیوب، دڵشاد شعبان، شیلان جعفـر علـی، ئـاواز حمیـد، شـوان شـخ احمـد، د.سـیراج خیلـانی)بەرێز سـەرۆکی پەڕلەمـان ئاڕاسـتە بکـری بـۆ لیژنەکانی پەیوەندیدار.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستە دەکرێت بۆ لیژنەی یاسایی و گشت ئەندامانی پەڕلەمان .

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

5-پرۆژە یاسای یاسای ئەنجومەنی کاروباری ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان – عێـراق کە لە (11) مـاددە و هۆیەکـانی دەرچوانـدن پێکهـاتووە لە لـایەن ئەنـدامانی پەڕلەمـان کە واژوو کـراوە لە لـایەن (13) ئەنـدامەوە (ئێڤـار ابـراهیم، کەژال هـادی، حیـات مجیـد، ڤیـان عبـاس، مریەم صمد، حسن صالح، هیڤا حاجی میر خان، فیرۆس حسـین طـە، پەروا علـی، د.شـیرین

حسنی، نجات محمد، بەهار عبدالرحمان، سوهام عمر قادر) بەرێز سەرۆکی پەرلەمان بە ئاراستەکردنی بۆ لیژنەکانی پەیوەندیدار.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئارەستە بکرێتن بۆ لیژنەی یاسایی لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان و گشت ئەندامانی پەڕلەمان.

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

6-پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (3)ی ساڵی (2006) یاسای بەرنگاربوونەوەی تۆقاندن تیرۆر لە هەرێمی کوردستان – عێراق، کە لە (5)ماددەو هۆیەکانی دەرچواندن پێکهاتووە و لە لایەن ئەندامانی پەڕلەمانەوە واژووکراوە (حسن اسماعیل حسێن، د.هەورمان حمە شریف گێچێنەیی، سۆران عمر، نجیبە لطیف احمد، شوکریە اسماعیل مصطفی، ئەیوب عبدالله رسوڵ، د.بەهار محمود فتاح، علی حمە صالح، قارەمان قادر فتاح، شێرکۆ جەودەت، عمر صالح عمر کۆچەر، ئەنەس محمد شەریف، ئاواز حمید حوسێن، قادر وتمان رصول، حاجی کاروان، ماجد عثمان بازرگان، جەودەت جەرجیس لطیف، پەری صالح حوسین) بەرێز سەرۆکی پەرلەمان بە ئاراستەکردنی بۆ لیژنەی پەیوەندیدار.

**بەڕێز/جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

ئەم پرۆژەیاسایە ئاڕاستە دەکرێت بۆ (3) لیژنە لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی مافی مرۆڤ و گشت ئەندامانی پەڕلەمان.

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

7- پرۆژە بڕیاری بە جینۆساید ناساندنی کارەساتی شەنگال کە لە (9) ماددەو هۆیەکانی دەرچواندن پێکهاتووە لە لایەن (38) ئەندامی پەڕلەمانەوە واژووکراوە (37)ئەندام (شێخ شامۆ، ئومێد عبدالرحمان خۆشناو، د.سیراج خیلانی، علی عثمان علی، تحسین اسماعیل، علی علی هالۆ، د.عبدالله جاسم، صالح بشار ئاغا، فەرحان جەوهەر، نجات محمد عبدالله، وحیدە یاقۆ هورمز، فەیرۆز طە، حیات مجید، شوان شێخ احمد، مردان خدر، ئامینە زکری سعید، شیلان جعفر علی، محمد صادق سعید، د.شیرین حسنی، تەلار لطیف، ناظم کبیر، ایوب عبدالله، د.فرسەت سۆفی، ئاری هەرسین ، کەژال هادی، ئیدریس علی اسلام، جعفر ابراهیم ئێمنیکی، دلێر مصطفی، ئاواز شێخ جنگی، بێگەرد دڵشاد طالەبانی، علی حمە صالح، د.جوان اسماعیل، ئێڤار ابراهیم، منیرە عثمان علی، مدینە ایوب احمد، ئومید حمە علی، ابراهیم احمد سمۆ) بەرێز سەرۆکی پەڕلەمان بە ئاراستە کردنی بۆ لیژنەکانی پەیوەندیدار .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاڕاستە دەکەم، ئینجا روونکردنەوەش لە سەرۆکی لیژنەی یاسایش وەردەگرین هەر دەمەوێت لەم بوارەوە کاك شێخ شامۆش کە وەك و ئەندامەکی پەڕلەمان و کەسەکی ئێزدی لەسەر ئەمە روونکردنەوە بداتن، ئاراستەی دەکەین بۆ دوو لیژنە لیژنەی یاسای و لیژنەی مافی مرۆڤ لەگەڵ ئەوەشدا رەنگە خەلکێك بپرسیتن کارەساتی شەنگال جینۆسایدی شەنگال پێش (3)ساڵ بووە، بۆیە پەڕلەمانی کوردستان ئەم پرۆژەیە ئاراستە دەکات ئەم پرۆژەیە دەخەینە گفتووگۆ یەعنی ئەمە بەراستی پرسیارەکی جدیە و حەقیقەت رەنگە ئێمە چاوەروانی ئەوەبوین دادگای لاهای ئەم پرسە یەکلای بکاتەوە لە رووی یاسایی و نێودەوڵەتی ئینجا ئێمە بێین ئەم پرسە لە هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان بخەینە بەر گفتووگۆ و بەو ئاڕاستەیە کە دڵنیاینە کە

خەڵکی کوردستان هەموو بە ویژدان بە هەموو هەستەك لەگەل کارەساتی شەنگالن، لەگەل خەلکی شەنگالن ئەوە بابەتەکە یەعنی هەموو ئامۆژگاریەکان ئەوەبوون بۆ پەرلەمانی کوردستان دەست بۆ ئەم یاسایە نەبات ئێستا تا لایەنە یاسایەکە یەعنی بۆ ئەوەی سبغێکی سیاسی نەخرێتە سەر ئەم کەیسە تا ئەوان لە دادگای لاهای دادگای نێودەوڵەتی لاهای یەکلای دەکەنەوە، بەلام لەوی هیچ ئومێدێك لە دادگای ئای سیسی نەماوە بۆ ئێمە کە ئەم پرسە یەکلای بکەنەوە لەبەر ئەوەی عێراق حازرنەبووە تا ئێستا عێراقی فیدراڵ داوای ئەندامیەتی لەو دادگایە بکات یان هەتا ئیلتزامی خۆت دیاری بکات لەسەر بڕیارەکانی دادگای لاهای لەبەر ئەوە بابەتەکە جیتر تەحەموولی دواخستن ناکاتن بۆیە ئەم پرۆژەهاتووە ئێستا داوای روونکردنەوە لە بەرێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی دەکەم لەبەر ئەوەی مەسەلەی بە جینۆد ناساندن و موناقەشە ناکرێت تەنیا لە روانگەی یاسایی بکری یا سیاسیی بکرێتن دەبێتن هەندەك بواری مەسەلەی بابەتی مەوزووعی و ئەرکانی فعلەن ئەرکانی ماددی دەستەبەر بکرێن بۆ ئەوەی ئەو بەجینۆدناساندنی ئەم کارەساتە لە لایەن پەرلەمانی کوردستان یانی شوێنی خۆی بگری پێویستە شوێنی خۆی بگرێتن، فەرموو بەرێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی.

**بەرێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

پێش ئاڕاستە کردنی، داواکاریەکەی من ئەوەبوو خوێندنەوەی یەکەمی بخرێتە جەلسەیەکی تر، لەبەر ئەوەی لە رووی شکلەوە پرۆژەکە هەندێك کێشەی هەیە، وەکو شەرعیەت داڕێژراوە، ئینجا ماددەکان هاتوون، لەناو ماددەکان و برگەکانیش کە بڕیاردرا بە خاڵی یەکەم و دووەم دەست پی دەکات حوکمی تێدانییە، بۆیە پرۆژەکە پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە مەبەستم ئەوەیە پێش ئاڕاستەکردنی پرۆژەکە چاك بکرێت ئینجا ئاڕاستە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ ئەو تێبینیە، دەکرێت دواتر لە هەردووك لیژنە بە هاوبەشی لیژنەی یاسایی و لیژنەی مافی مرۆڤ پێداچوونەوەش بەوە بکرێت، چونکە ئامانجەکە دیارە مەقسەدی تەشریعیش لەم بارەوە لەم پڕۆژەیە پڕۆژە بڕیارە پڕۆژە یاسا نیە ئەوەش دیارە وەتەسەور دەکەم لەوەدا لە توانا دایە ئەو کەموکورتیانەی کە لە پڕۆژەکە نیوەی شکڵی چارە سەر بکرێن فەرموو کاك شێخ شامۆ.

**بەڕێز شامۆ شێخۆ نعمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

براستی حەیفە پەرلەمانێت دنیایێ ل ئەمریکا و ئەورۆپا ل پێشیا پەرلەمانێ کوردستانێ ژ روویەکێ مەعنەوی ڤە ئەڤ کارەساتە ب جینۆساید قەبولکرن، ئەڤە چار سال دەرباز بوون چەندین پڕۆژە کەتنە خوندنا ئێکێ و نەچۆنە موناقەشێ ل سەر ڤێ کارەساتێ لڤی پەرلەمانا مەیا کوردستانێ، پرسیار ئەوە کو خەلکێ مە کەتنە گومانێ ل پەرلەمانێ کوردستانێ، گەلۆ پاشکەتنا موناقەشە کرنا ڤی مەلەفی یان ژی ڤی پڕۆژەی گونەهێ پەرلەمانێ کورستانێیە یان ژی هن تەفسیر و شلۆڤەکرنێن دیتر هەبوون نەهێلان ئەڤ پڕۆژە بکەڤە موناقەشە کرنێ و بهێتە بڕیار ل سەر دان و ئەرکەکێ نیشتیمانی کوردستانی بوو پەرلەمانێ کوردستانێ بڤی ئەرکی رابا چونکە مکەونەکێ رەسەنێ کوردی حەفتێ و چار فەرمان دیتی و حەقێ وی ل پەرلەمانێ کوردستانێ هەبوو بەری هەمی ئالیا و هەمی دنیایێ بڕیار ل سەر ڤی مەلەفی بدەت و هەتا نوهو ژی گلەیی و گازندە ژی بەردەوامن ل سەر پەرلەمانێ کوردستانێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەرێز شێخ شامۆ گلەیی و گازندەی هەیە هەموو خەلکی کوردستان و بە تایبەتی خەڵکی ئێمە ئێزدی ئەکید بە پەرۆشیەوە هەموومان پێشوازی لی دەکەین و بەخەمەوە هەڵدەگرین ئەنداماني پەڕلەمان خەڵکی کوردستان بە گشتی قەت ئەوکارەساتەش لە بیر ناکەن هاوسۆزن لەگەڵ کەسوو کاری ئێمە لە خوشکوبرا ئێزدییەکان فەرموو کاك دلێر ماوەتی.

**بەڕێز دلێر مصطفى حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

پشتیوانی قسەکانی کاك شێخ شامۆ دەکەم پێشنیار ئەکەم کارەسات بەکار نەلێت تاوان بەکار بێت تاوان شەنگالە کارەسات زیاتر بۆ مەسائیلی هەندی رووداوی تەبیعی و لافاو ئەوانە زیاتر بەکار دێت، بەلام ئەوەی شەنگال بە مەعنای کەلیمە جینۆساید و تاوانە زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەرێزتان، دیارە ئەو پڕۆژەیە پەیوەستێکی زۆری هەیە بە لیژنەی پێشمەرگەو شەهیدان و قوربانیان و جینۆ سایدو زیندانیانی سیاسی هەیە ئەو پڕۆژەیە ئاڕاستە دەکەین بۆ لیژنەی پێشمەرگەش سوپاس بۆ ئێوەی بەرێز، بەو ئومێدەی ئەو پڕۆژەیەش لە کاتێکی نزیکدا تەواو بکرێتن لە لایەن لیژنە پەیوەندیدارەکان و بۆ ئەوەی بێتە ناو هۆڵی پەڕلەمان و و ببی بە بڕیار.

بەرنامەی کار خاڵی پێنجەم دەست پی دەکەین ئەم دووخاڵە تەواو دەکەین و کۆتایی بەم دانیشتنە دێنین یەکشەمەی داهاتوو دووشەمە سێشەمەش وەکو ئاماژەمان پێکرد ئەو کۆنفراسە پەیوەستە بە پەڕلەمانەوە زیاتر بە خەڵکی تر و چوار شەمەش هەولدەدەین سی دانیشتنی چڕوپڕ بە سی رۆژ ئەنجام بدەین بە بەردەوامی بۆ ئەوەی ئەو خاڵانەی ماون ماوەیەکە لەبەردەم پەڕلەمانی کوردستانن یەکلای بکەینەوە.

پێنجەم: پێش چاوخستنی دەست لە کار کێشانەوەی ئەندامی پەڕلەمان بەرێز (سعید محمد سعید) لە لیژنەی مافی مرۆڤ وە زیادکردنی بەرێزیان بۆ سەر لیژنەی کاروباری پێشمەرگەو شەهیدان و قوربانیانی جینۆ سایدو زیندانیانی سیاسی بە پێی ماددەی (44) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەڕلەمان ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموارکراو ئەوەی بە پەسەند دەزانیتن دەست لە کار کێشانەوەکە بەرێز (سعید محمد سعید)لە لیژنەی مافی مرۆڤ و ئیزافەکردنی بۆ لیژنەی کاروباری پێشمەرگە، کێ لەگەڵ دایە؟ (45) کەس بە پەسەند دەزانی، ئەوەی دژە؟ (2)کەس دژن، بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا.

شەشەم: پێش چاوخستنی دەست لە کارکێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەرێز(مصطفى احمد حمد ) لە لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی و زیادکردنی بەڕێزیان بۆ سەر لیژنەی کشتووکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بە پێی ماددەی (44) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموارکراو ئەوەش دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵ دایە؟ (48) کەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە؟ کەس نیە بە کۆی دەنگ پەسەندکرا.

بەرێزان ئەم دانیشتنە کۆتایی هات دووبارە یەك شەمە دەست پی دەکەینەوە سوپاس بۆ ئێوەی بەرێز.

| | | |
|---|---|---|
| بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی | جعفر ابراهیم ئێمینکی | د. یوسف محمد صادق |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (2)ی**
**یەك شەممە ڕێکەوتی 1\7\2018**
**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

## پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (2)
## یەك شەممە ڕێكەوتی 2018/7/1

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی یەك شەممە رێكەوتی 2018/7/1 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی جێگری سەرۆك و، بەڕێز بێگەرد تاڵەبانی سكرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (2)ی خولی چوارەمی، ساڵی (2018) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا كاتی دانیشتنی ژمارە (2)ی خولی بەهارەی ساڵی پێنجەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی یەك شەممە رێكەوتی 2018/7/1 دا بەم شێوەیە بێت:

یەكەم: گفتوگۆكردنی پڕۆژەی پڕۆژە یاسای درێژكردنەوەی كاركردن بە یاسای بەرنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (3)ی ساڵی 2006 لە هەرێمی كوردستان بەپێی ماددەكانی (72، 74، 75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان كوردستان، ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەمواركراو.

دووەم: گفتوگۆكردنی پڕۆژەی پڕۆژە یاسای هەمواری سێیەمی یاسای پارێزەرایەتی ژمارە (17)ی ساڵی 1999ی هەمواركراو لە هەرێمی كوردستان بەپێی ماددەكانی (72، 74، 75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان، ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەمواركراو.

سێیەم: گفتوگۆكردنی پڕۆژەی پڕۆژە یاسای هەمواری چوارەمی یاسای سەندوقی خانەنشینی پارێزەرایەتی ژمارە (18)ی ساڵی 1999ی هەمواركراو لە هەرێمی كوردستان بەپێی ماددەكانی (72، 74، 75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان، ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەمواركراو.

چوارەم: خوێندنەوەی یەكەمی پڕۆژە یاسای پارێزگاری لە تۆڕەكانی ئاو و ئاوەڕۆ بەپێی ماددەی (71) لە پەیڕەوی ناوخۆ پەرلەمانی كوردستان، ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەمواركراو.

پێنجەم: گفتوگۆكردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان كە لەلایەن لیژنەی كاتی بۆ پێداچوونەوەی پەیڕەوی ناوخۆ ئامادەكراوە بەپێی بڕیاری ژمارە (26)ی ساڵی 2014، بڕگەی (8) لە ماددەی (56)ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان، ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەمواركراو، پاڵپشت بە ماددەی (94)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان، ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەمواركراو.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بە ناوی گەلی كوردستان دانیشتنەكەمان دەست پێ دەكەین، بەرنامەی كار خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی پێنجەم، دانیشتنی ژمارە (2)، رۆژی دانیشتن (2018/7/1)، بەرنامەی كار بەپێی حوكمەكانی بڕگە یەكی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان-عێراق، ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەمواركراو، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا كاتی دانیشتنی ژمارە (2)ی خولی بەهارەی ساڵی پێنجەم لە خولی هەڵبژاردنی

چـوارەمی پەرلەمـان، لە کـاتژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆ، رۆژی یەك شـەممە، رێکەوتـی (2018/7/1)، بەرنامەی کاری دانیشتنەکە بەم شێوەیە:-
یەکەم: گفتوگـۆکردنی پـڕۆژەی پـڕۆژە یاسـای درێژکـردنەوەی کـارکردن بە یاسـای بەرنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (3)ی ساڵی 2006 لە هەرێمی کوردستان بەپێی ماددەکانی (72، 74، 75) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـان کوردسـتان، ژمـارە (1)ی سـاڵی 1992ی هەموارکراو.
دووەم: گفتوگۆکردنی پڕۆژەی پڕۆژە یاسای هەمواری سێیەمی یاسای پارێزەرایەتی ژمارە (17)ی ساڵی 1999ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان بەپێی ماددەکانی (72، 74، 75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو.
سـێیەم: گفتوگـۆکردنی پـڕۆژەی پـڕۆژە یاسـای هەمـواری چـوارەمی یاسـای سـەندوقی خانەنشینی پارێزەرایەتی ژمارە (18)ی ساڵی 1999ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان بەپێی ماددەکانی (72، 74، 75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو.
چوارەم: خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژە یاسای پارێزگاری لە تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ بەپێی مـاددەی (71) لە پەیـڕەوی نـاوخۆ پەرلەمـانی کوردسـتان، ژمـارە (1)ی سـاڵی 1992ی هەموارکراو.
پێنجەم: گفتوگۆکردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە لەلایەن لیژنەی کاتی بۆ پێداچوونەوەی پەیڕەوی ناوخۆ ئامادەکراوە بەپێی بڕیاری ژمارە (26)ی ساڵی 2014، بڕگەی (8) لە ماددەی (56)ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو، پاڵپشت بە ماددەی (94)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو.
بەڕێزان ئێستا داوا لە بەڕێز بێگەرد تاڵەبانی سکرتێری پەرلەمان دەکەین بۆ خستنە رووی پوختەی دانیشتنی پێشوو لەگەڵ غیابات بە مۆڵەت و بی مۆڵەت، فەرموو.
**بەڕێز بێگەرد دلشاد تاڵەبانی/ سکرتێری پەرلەمان:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
پـوختەی دانیشـتنی ژمـارە (1)ی ئاسـایی رۆژی سـی شـەممە، رێکەوتـی (2018/6/26) بەم شێوەیەی خوارەوەبوو:-
یەکەم: دەست پێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان.
دووەم: دەنگـدان لەسـەر بەشـی شەشـەم و گفتوگـۆکردنی بەشـی حەوتەمـی پەیـڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو.
سـێیەم: گفتوگـۆکردن و پەسـەندکردنی پـڕۆژە یاسـای بەرکـارکردنی یاسـای هەمـواری (20)ەمی یاسای میلاکات، ژمارە (25)ی ساڵی 1960ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان.
چـوارەم: گفتوگـۆکردن و پەسـەندکردنی پـڕۆژە یاسـای بەرکـارکردنی یاسـای نەهێشـتنی بازرگانی بە مرۆڤ، ژمارە (28)ی ساڵی 2012ی عێراق لە هەرێمی کوردستان.
پێنجەم: خوێندنەوەی شەش پڕۆژە یاسا و پڕۆژە بڕیارێك لەلایەن لیژنەی یاساییەوە.
شەشەم: دەنگدان لەسەر دانان و دەست لەکارکێشانەوەی دوو لە ئەندامانی پەرلەمان لە لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان.
حەوتەم: دواخستنی بڕگەکانی تری بەرنامەی کار بۆ دانیشتنی داهاتوو.
نـاوی ئەنـدامانی پەرلەمـان کە لە دانیشـتنی ژمـارە (1)ی ئاسـایی لە بەرواری (2018/6/26) مـۆڵەت پێـدراون یـان بەبـی مـۆڵەت ئامـادەنەبوون (ئـاواز جەنگـی برهـان، تەلار لطیـف،

خەلەف احمد، سالار محمود، عزت صابر، عباس فتاح، ادريس على، بشار مشير اسماعيل، تحسين اسماعيل احمد) مۆڵەت، (جمال عثمان) ئامادەنەبوو، (زياد حسين عبدالكريم) مولەت، (شيلان جعفر على) مولەت، (صالح بشار صالح) مۆڵەت، (ڤەمان فيصل سليم) مۆڵەت، (ابوبكر عبدالله) ئامادەنەبوو، (بەهار عبدالرحمن) ئامادەنەبوو، (برزۆ مجيد) مۆڵەت، (بەهزاد دەروێش) مۆڵەت، (پەروا على) مۆڵەت، (پەرى صالح حميد) ئامادەنەبوو، (حسين اسماعيل حسين) مۆڵەت، (رابوون توفيق معروف) ئامادەنەبوو، (سەهراب ميكائيل) ئامادەنەبوو، (سهام عمر قادر) ئامادەنەبوو، (شێركۆ جەودەت) مۆڵەت، (شێركۆ حەمە امين) مۆڵەت، (عادل عزيز شكر) مۆڵەت، (عمر صالح عمر) ئامادەنەبوو، (کەژال هادى فەقێ) ئامادەنەبوو، (کەنعان نجم الدين) ئامادەنەبوو، (محمود عمر صالح) مۆڵەت، (ئايدن معروف) مۆڵەت، (ئارى محمد عبدالرحيم) مۆڵەت، (باپير كاملا سليمان) مۆڵەت، (غريب مصطفى) ئامادەنەبوو، (وحيدا ياقۆ) مۆڵەت، (يروانت نيسان) مۆڵەت، ئەو بەڕێزانەی کە بۆ دانيشتنی ئەمڕۆ داوای مۆڵەتيان كردووە (د.فرست صۆفى، د.شرين حسنى، زياد حسين عبدالكريم، ئارى محمد عبدالرحيم، سالار محمود، عباس فتاح، ئاواز جەنگى، عزت صابر، تەلار لطيف، سعيد مەسيفى، سەركەوت سەرحەد، ڤەمان فيصل، شوان شێخ احمد، ئارى محمد هەرسين، شێركۆ حەمە امين، عبدالرحمن فارس عبدالرحمن، سەهراب ميكائيل، غريب مصطفى، ابوبكر عمر عبدالله، على هالۆ، محمد سعدالدين، انس محمد شريف، ڤيان عباس عمر، حيات مجيد قادر، تحسين اسماعيل احمد)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمينكى/ جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

ديارە لەسەر بەرنامەی كار هيچ تێبينيەك نەبوو، بەرنامەی كار پەسەندكرا، لەسەر پوختەی دانيشتنی پێشوو ديارە سى تێبينى هەيە، بەڕێز بەهزاد دەروێش فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ديارە كۆبوونەوەی رابردوو دوو ئەندامێت مە مۆڵەت وەرگرتبوو يا ئاسايى هاتە خواندن، بەلاَم فراكسيۆنا مە كە هەشت ئەندامێت دى بايكۆتا جەلسەيا كردبوون، وەك نەريتەكيش لە هۆلا پەرلەمانى كە پێشتر چەندين فراكسيۆنا بە هەيڤەكا زياتر بايكۆت كريە و ناهاتينە و نە ئامادەبوو حسێب كريە، بەراستى چەندين ئەندامێت پەرلەمانى ئيحتيمالە بە هەيڤا ناهاتينە ڤى هۆلى و حەتا ئيحتيمالە ناڤێت وان ناهێتە خواندن كو ئامادە نابن، ژبەر هەندى پێويستە دادپەروەرى ڤى چەندى دا هەبيتن، بايكۆتا فراكسيۆنى ژى هەمى دزانن بۆ بەرژەوەنديا گشتى بى، بۆ هەندى بى ياساى چاكسازى بێتە ناو هۆلا پەرلەمانى وەكى نوكە بەڕێز جەنابى تەش ئاماژەپێكر كو داواكارين كۆبوونەوە بێت و فيعلەن ئەڤ ياسا پەسەند ببيت، چونكە تاوەكو مووچەی فەرمانبەران چى ببيت و ئەڤ پاشەكەوتە نەمێنيت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمينكى/ جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

بەڕێز بەهار عبدالرحمن فەرموو:

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

هەمان قسەكانى سەيدا بەهزادم هەيە، وەكو عورفێكى پەرلەمانى كە بايكۆت بۆتە عورفێكى پەرلەمانى و كەسيش غياب نەدراوە، چەندين فراكسيۆنى تر بايكۆتيان كردووە و

غیاب نەدراون، نازانین هۆکار چیە فراکسیۆنی یەکگرتوو بە ئامادەنەبوو حیساب کراوە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێز کەژال هادی فەرموو.
**بەڕێز کەژال هادی فەقێ:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
قسەکانم کران لەلایەن بەڕێز سەیدا بەهزاد و بەهار خان، وابزانم لە ماوەی رابردوو بایکۆت کردن ببووە عورف کە غیاب نەدەنووسرا، دوایی ئێمە لەسەر بڕێوی هاولاتیان و پڕۆژەی چاکسازی بایکۆتی کۆبوونەوەی رابردوومان کرد، بۆیە داوا دەکەین ئەو عورفەیەش عەدالەتی بنووێنن ئەم عورفەیە پیادە بکەن بۆ فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێز کاك بەرزۆ فەرموو.
**بەڕێز برزۆ مجید عبدالله:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ئێمە پشتیوانی ئەو داواکاریەی فراکسۆنی یەکگرتوو دەکەین، ئەوان بایکۆتیان لە دانیشتنی پەرلەمان کردووە و چەندین بایکۆتی تریش هەبووە لە رابردوو بە غیاب حیساب نەکراون، بۆیە پشتیوانیان دەکەین بۆ سەحەب کردنەوەی غیابەکە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێز عمر کۆچەر فەرموو.
**بەڕێز عمر صالح عمر:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بایکۆتا مە فشارەك بوو لەسەر مەوزوعی بەرنامەی کار ئەڤ پڕۆژەی چاکسازیی کو گەلەك زەحمەت لیژنە هەمیا پێڤە هاتیە بەرن، مە هزر کر ئەڤی رینشتنی دی تێدابیت، ئەم حەزکەین سەقفەکی زەمنی دیاربیت کە حکومەت تاوەکو کەنگی وەخت هۆسا برن مووچەی خەڵکی کەم بیتن و بن دیوار هەر هەبن، هەندەك جارا ڤی بیانوو کو موزایەدە دی هەندەك لایەن بۆ هەڵبژاردن، لای من موزایەدە لە خڕا مەزەنتر ئەڤەیە کۆ لایەنی موستەفید وەختی ئیستفادە ژ ڤان بنن دیوارا بکەتن و هەر ئەڤ پڕۆژەیە گیرۆ ببیتن، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
لێرە من هەندێك وەڵام دەدەمەوە، ئینجا دەرفەت بە دوو کەسی تر دەدەم، حەقیقەت ئەو بابەتەی بایکۆت کردن پێویستی بە پشتیوانی نیە، فراکسیۆنێك پشتیوانی لە فراکسیۆنێکی تر بکات، یەعنی حەقیقەت تاوەکو ئێستا راهاتووین لەسەر ئەوەی بایکۆتی سیاسی هەبن، بەڵام ئەم بایکۆتەی پەیوەست بە پڕۆژە چاکسازی من تێناگەم لەسەر چیە، ئەگەر بایکۆت بێت دەبوایە ئەو ئەندامانەی پەرلەمان هەمووی بایکۆت بکەن، کەس لە کەس خەمخۆرتر نیە بۆ ئەوەی ئەم پڕۆژەیە پەسەند ببێت، بە ئامانج بگات، بەڵام بەڕێزتان هەمووتان ئاگادارن ئەم پڕۆژەیە لە کوێوە هاتووە، پڕۆژە لە حکومەت هاتووە، حکومەت ئەرکی کێشاوە، سوودی بینیوە لە ئەندامانی پەرلەمان، بەڵێ، لیژنەکانی پەرلەمان، بەڵێ، جیهەتی مەعنی بەم پڕۆژەیە خودی حکومەتە، یەعنی ئەوەنیە ئێمە مۆڵەت بۆ حکومەت دابێین کەی دەیکات، حکومەت ئەو کاتەی ئێمە ئەرکی خۆمان جی بەجی کرد، بەڕێزان، یەعنی ئەو کێشانە هەموویان پوختە نەکەن لێرانە چڕ بکەنەوە لەوەی کە ئەدای پەرلەمان

چۆن بووە، زۆر کێشەی سیاسی لەم وەڵاتە هەیە، زۆر کێشە هەیە پەیوەستن بە قەیرانی دارایی، هەموویان ئێستا دەرفەت بدەین پێنج کاتژمێر ئەوە تەواو نابێت، لەبەر ئەوە رێکارەکانی پەیڕەوی وەگیراون، ئەو رێکارە پەیڕەویانە ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بەرپرسین لەوەی کە جی بەجی دەکەین، ئەوە رەهەندی دارایی هەیە، رەهەندی دارایی دەبێت حکومەت بێتە ئێرە ئەو راپۆرتەی پێشکەشکراوە بە حکومەت وەڵامەکەی بێنێت و ئەو کاتە دەست بە پڕۆژەی چاکسازی دەکەین، بەڕێز مامۆستا مەلا مەروان فەرموو.

**بەڕێز حسین اسماعیل حسین (مەروان گەڵاڵی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمەش پشتگیری ئەو داواکاریەیان دەکەین، خوازیارین داواکاریەکەیان جی بەجی بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەسەلەی بایکۆت مەوقیفی سیاسیە، لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستاندا موعالەجە نەکراوە، بڵی ئەگەر فراکسیۆنێك بایکۆتی کرد ئاوایە، بەس باسی غیابی پەرلەمانتارکراوە، بەڵام عورف وا رۆیشتووە کە بایکۆت بە مەوقیفی سیاسی حیسابکراوە و هیچ فراکسیۆنێك کە وەکو فراکسیۆن لەسەر مەوقیفێك بایکۆتی کردووە غیاب نەدراوە، بۆیە لە رووی پەیرەویشەوە راستە لە پەیڕەودا ناوی نەهاتووە، هەر بۆیەش ناوی نەهاتووە، چونکە نابێت شەرعیەت بەوە بدرێت، بەڵام عورفەکە وا رۆیشتووە، بۆیە هیوادارم ئێوەش ئەم عورفە وەکو خۆی ڕِوات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە نەبۆتە عورف، ئەو داوایە لە جێگای خۆیدا نیە، قەت نەبووە فراگسیۆنێکی پەرلەمانی یان ئەندامانی پەرلەمان بایکۆت بکرێت لەسەر بەرنامەی کاری دانیشتنەکان، شتی وا نەبووە لەم پەرلەمانەدا، بەڕێز ئومێد خۆشنا فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن (ئومێد خۆشناو):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری بایکۆتی هیچ فراکسیۆنێکی پەرلەمانی کوردستان و ئەندامانی پەرلەمان ناکەین، بەڵام پشتگیری ئەو داواکاریە دەکەین کە ئەو عورفە هەبووە ئەگەر پێشتر بە غیاب حیساب نەکراوە ئێستاش پشتگیری داواکاری بەڕێزان لە فراکسیۆنی یەکگرتوو دەکەین غیاباتەکەیان بۆ حیساب نەکرێت، پڕۆژەی چاکسازیش بە بایکۆت چارەسەر نابێت، پڕۆژەی چاکسازی بە جدیەتی ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان و فراکسیۆنەکانی پەرلەمان و هەماهەنگی لە نێوان پەرلەمان و حکومەت چارەسەر دەبێت، با ئەو جدیەتە زیاتر بکەین نە ئێمە ئەوەندە حکومەت تاوانبار بکەین و نە حکومەتیش بەو شێوازە پێی وابێت تۆپەکەی خستۆتە ساحەی پەرلەمان، پڕۆژەکە لە حکومەت هاتووە ئەو جدیەتەمان هەبێت، لیژنە پەیوەندیدارەکان لە رووی واقیعیەوە کارەکانیان تەواو بکەن، با بێن ئەو پڕۆژەیەی لە حکومەت هاتووە وەکو خۆی جی بەجی بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خالی نیزامیت هەیە؟ بەڕێز باپیر کامەلا فەرموو.

**بەڕێز باپیر کامەلا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ناچمە سەر وردەکاری ئەو بابەتەی کە باستان کرد ،هەرچەندە کۆبوونەوەی رابردوو لێرە نەبووم، بەڵام بۆ بەرژەوەندی کاری پەرلەمانی پێشنیار دەکەم کە غیابی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی بسڕێتەوە، تەنها بۆ بەرژەوەندی کاری پەرلەمانی خۆمان لەو قۆناغەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ بابەتی غیابات ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو، بۆ دانیشتنی بەیانی بڕیارێك لەسەر ئەو بوارە دەدەین، ئێستا لەم دانیشتنە بڕیار نادەین، بڕگەی پوختەی دانیشتنی پێشتر پەسەندکرا، دەست بە خاڵی یەکەم دەکەین، داوا لە بەڕێزان لیژنەی یاسایی دەکەین سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی یاسای و لیژنەی ناوخۆ بفەرموون بۆ سەر سەکۆی لیژەکان، هەر لە سەرەتاوە بەخێرهاتنێکی تایبەت بۆ بەڕێز بەختیار حەیدر سەرۆکی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان دەکەین، کە ئەمڕۆ بەڕێزیان لێرە ئامادەبوونە، دواتر لە خاڵی دووەم و سێیەم داوا لە بەڕێزیان دەکەین هەر تێبینیەکیان هەبێت لە هەر بوارێك پەیوەست بێت بەم یاسایە بۆ لیژنەی یاسایی بنێرێتە خوارێ، بە سوپاسەوە، گفتوگۆکردنی پڕۆژەی پڕۆژە یاسای درێژکردنەوەی کارکردن بە یاسای بەرنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (3)ی ساڵی 2006 لە هەرێمی کوردستان بەپێی ماددەکانی (72، 74، 75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان کوردستان، ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەمواركراو، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی تکایە راپۆرتی هاوبەشی هەردوو لیژنە لەبارەی درێژکردنەوە پێشکەشبە دانیشتنەکە بکەن، فەرموون.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابەت راپۆرتی هاوبەش سەبارەت بە پڕۆژە یاسای درێژکردنەوەی کارکردن بە یاسای بەرنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (3)ی ساڵی 2006 لە هەرێمی کوردستان، لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی ناوخۆ ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجەییەکان، رۆژی سێ شەممە، رێکەوتی (2018/2/13)، کۆبوونەوەی هاوبەشیان ئەنجام دا بۆ تاوتوێکردنی پڕۆژە یاسای درێژکردنەوەی کارکردن بە یاسای بەرنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (3)ی ساڵی 2006 لە هەرێمی کوردستان، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەشکراوە دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە دانیشتنی ژمارە (1) لە رۆژی شەممە، بەرواری (2017/9/23) رەوانەی لیژنەکەمان کراوە، دوای گفتوگۆکردن و تاوتوێکردن لیژنەکان گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:-

یاسای کارپێکردن بە یاسای بەرنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (3)ی ساڵی 2006 لە هەرێمی کوردستان:-

ماددەی (1):

کارکردن بە حوکمەکانی یاسای بەرنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (3)ی ساڵی 2006.

ماددەی (2):

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جی بەجی بکەن.

ماددەی (3):

ئەم یاسایە کاری پی دەکرێت لە رۆژی دەرچوونی و بەڵاو دەکرێتەوە لە رۆژنامەی فەرمی وەقائعی کورستان.

هۆیەکانی دەرچوواندن:

لە پێناو بەرنگاربوونەوەی تاوانەکانی تیرۆر و پاراستنی سەر و ماڵ و موڵکی هاوڵاتیانی هەرێم و دابینکردنی ئاسوودەیی و سەقامگیریان ئەم یاسایە دانرا.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە لەسەر ئەم پڕۆژە یاسایە.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (1):

کارکردن بە حوکمەکانی یاسای بەرنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (3)ی ساڵی 2006.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان بۆ گفتوگۆی ماددەی یەك سێ کەس داوای ئاوخاوتنی کردووە، بەڕێز بەهار عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە پڕۆژە یاسای درێژکردنەوەی بە کارکردن بە یاسای بەرنگاربوونەوەی تیرۆر یەکێکە لە یاسایە هەرە گرنگەکان، پێویستیەکە بۆ هەرێمی کوردستان، چونکە دەزانین تیرۆر ئەمڕۆ وەکو دیاردەیەك هەیە، هەرێمی کوردستان لە هەموو کات زیاتر پێویستی بەو یاسایە هەیە، ئەو یاسایە هەندی کەم و کورتی تێدا هەیە کە لە قۆناغەکانی پێشوو، بۆیە پێویستی بە هەموارکردنەوەیە، داوایەکەی زۆر لەسەر هەموارکردنەوەی هەیە، بۆیە من داواکارم کە درێژکردنەوە هەموارکردنەوە بێت، نەك نەها درێژکردنەوە، لە خولی یەکەمی پەرلەمان، لە سەرەتای دەست بەکاربوونمان وابزانم ئەم یاسایە بەڵێندرا ئەو کاتە درێژکرایەوە، بەڵێندرا کە هەمواربکرێتەوە کە تاوەکو ئێستا ئەو کارە نەکراوە لەلایەن پەرلەمانەوە، بۆیە من داوا دەکەم وادەیەك دیاری بکرێت، یەعنی ئەگەر درێژکردنەوەکە لەبەر ئەوەی کە ئێستا یاساکە زەرورە کە درێژ بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی کە بەرکاربێت، چونکە فەراغێکی دروست کردووە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێت کاتێکی دیاریکراوی بۆ دابنرێت بۆ ئەوەی وەکو ئەو کاتەی لی نەیەت کە بەڵێندرا هەمواربکرێتەوە، بەڵام نەکرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە مەسەلەی درێژکردنەوەکە یەکلایی دەبێت، هەموارەکەش خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، ئەو کاتەی راپۆرت ئامادە دەبێت لە کاتێکی نزیکدا ئومێدەوارین، هەموارکردنەوەکەش بخرێتە بەرنامەی کار و یەکلایی ببێتەوە، بەڕێز سۆران عمر فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا یاسای بەرنگاربوونەی تیرۆر ژمارە (3)ی ساڵی 2006، هەر لە سەرەتاوە یاسایەکی کاتی بووە، کە ئەوە شتێکی زۆر گونجاو نیە کە یاسا کاتی بێت، یاسای کاتی بۆ خۆی دیارە نەقسێکی هەیە و زەمەنەکەی بەسەر دەچێت، لە ساڵی (2006)ەوە ئەم یاسا کاتیە کە دەبوو یاسایەکی گونجاوبووایە لەگەڵ پێوەرەکانی مافی مرۆڤ، دائیمی بووایە و بەردەوام بووایە، بەڵام بەهەرحاڵ کە نەکراوە دوو ساڵ، دووساڵ ئەم یاسایە کارپێکردنی درێژکراوەتەوە، ئومێد دەکەم کە ئێستا هەموار دەکەی پێش درێژکردنەوە و کارپێکردنەوەی خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە سیفەی ئیستیعجالی پی بدرێت، بۆ ئەوەی فریا بکەوین تەواوی بکەین هەموارەکەی، ئاماژەش بەو نامەیە دەکەم کە ئەمڕۆ ئاڕاستەی

بەڕێزت و بەڕێز د. ڤاڵا وەكو سەرۆكی لیژنەی یاسایی بەندەكراوە، بەڕێز (سكۆت گراسی) بەرپرسی ئۆفیسی مافەكانی مرۆڤی یۆنامی لە كۆتایی نامەكەدا دەڵی لێرەوە دەمەوێت زۆر بەخێرا داواكاری نووسینگەی مافەكانی مرۆڤی یۆنامی دووبارەبكەمەوە لە بەڕێزتان تا دەسەڵاتەكانتان بەكاربهێنن یاساكە دووبارە كارا نەكرێتەوە، یان درێژنەكرێتەوە بەبێ پێداچوونەوە بە بڕگەكانی بۆ زامنكردنی گونجانی تەواو لەگەڵ رێككەوتنامەی بەرنگاربوونەوەی ئەشكەنجە و پەیماننامەی نێودەوڵەتی نەتەوەیەكگرتووەكان تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەكان، ئومێد دەكەم ئەوە بەهەند وەربگیری و سیفەی ئیستیعجال بۆ ئامادەكردنی راپۆرتەكەی پی بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز حاجی كاروان فەرموو.

**بەڕێز كنعان نجم الدین (حاجی كاروان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم یاسایە لە خودی خۆیدا زۆر گرنگە ئێستاش لەم بارودۆخەی كە بارودۆخی پێشتر كە ئەم یاسایەی پی درێژكرایەوە، ئێستا وەزعێكی تر هەیە، لەوانەیە بەیانی و دوو بەیانی و ساڵانی ئایندە بە نەوعێكی تر بێت، خەڵكێكی زۆر هەیە بە ناوی تیرۆرەوە ماددەی تر هەیە عیلاقەی بە تیرۆرەوە نیە لەسەر تیرۆر حیسابە و لایزال خەڵكێك لە زیندانداپە، یان حوكم دراوە، بۆیە بەراستی هەمواركردنەوەی ئەم یاسایە یەكەم یاساكە خۆی بەهێز دەكات، دووەم: دەبێتە شوورایەك بۆ پاراستنی یاساكە خۆی، ئەوە جگەلەوەی كە ئێستاكە لەوانەیە عورفی دەولیش یان مەسەلەن ئەوانەی كە مافی مرۆڤی جیهانی چاوەڕێی ئەم بابەتە بكەن كە ئێمە ئێستاكە یاسایەكی تازەمان دەركردووە، بەپێی عورفە دەولیەكان ئێمە ئەو یاسایە جارێكی تر هەموار دەكەینەوە، نەك لەسەر بابەتێكی كۆن بڕۆین، لەبەر ئەوە ئەگەر هەمواری بكەینەوە هەم یاساكە خۆی بەهێز دەبێت، ئەو كاتە رەچاوی مافی مرۆڤی زیاتر دەبێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز منیرە خان فەرموو.

**بەڕێز منیرە عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە سەرەتای خولی چوارەمی پەرلەمانی كوردستاندا لە ناو ئەم هۆلی پەرلەمانەدا كاتێك ئەندامانی پەرلەمان دەستیان بڵندكرد بۆ ئەوەی كە یاسای تیرۆر درێژبكرێتەوە، بەڵام هەر لەو كاتەدا بڕیارەكەوابوو كە دەبی لە ماوەی شەش مانگدا فراكسیۆنە جیاجیاكانی پەرلەمانی كوردستان و لیژنە پەیوەندیدارەكان كۆببنەوە ۆ ئەوەی پەلە بكەن لە دەركردنی یاسا یان هەمواركردنەوەی ئەم یاسایە، بەڵام بە داخەوە ئەوە وا كۆتایی خولی چوارەمی پەرلەمانی كوردستانە ئەمە نەكرا، خاڵێكی تر كە دەمەوێت قسەی لەسەر بكەم لە ناو ئەم هۆلی پەرلەمانە لەو رۆژەدا كە لێبووردنی گشتیمان دەردەكرد لە هەرێمی كوردستان بەشێكی زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان كوردستان و رای لیژنەی یاساییش لەو كاتەدا ئەمە كە مەسەلەی تیرۆر كە موناقەشەیەكی زۆر كرا كە پێویستە ئیستسنا نەكرێت، بەڵام كە ئیستسنا كرا هەر لەو كاتەشدا قسە لەسەر ئەوەكرا كە پێویستە ئەو یاسایە بە زووترین كات هەموار دەكەینەوە، من دەمەوێت ئەوە بڵێم هەموو ئەو بەڕێزانەی لە ناو ئەم هۆلەدا بوون بەشێكی ئەوانە یاسایین و دەرچووی یاسان باش دەزانن كە ئەم یاسایە بەراستی یاسایەكی قاسیە، خەڵكێكی زۆر ئێستا لە زیندانەكانی هەرێمی كوردستان بە دەست قاسیەتی ئەم یاسایەوە دەناڵێنن، بۆیە ئومێد دەكەم ئەو پڕۆژە یاسایەی كە

پێشکەشکراوە بۆ هەمواركردنەوەی ئەم یاسایە داوا دەكەم سیفەی ئیستیعجالی پی بدرێت، بە زووترین كات ئەم یاسایە هەمواربكرێتەوە، چونكە لە راستیدا كۆمەڵێك خەڵك لە زیندانەدایە بەپێی (ئەلف و بێ)یەكانی ئەم یاسایە لە راستیدا زۆر دورە لە كاری تیرۆرستیەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز شوكریە خان فەرموو.

**بەڕێز شوكریە سمایل مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

قسەكانم زۆربەیان كران لەلایەن هاوڕێیانم كاك سۆران و منیرە خان و بەهار خان، منیش دەمەوێت جەخت لەوە بكەمەوە داوا دەكەین لە بەڕێزتان سیفەتی ئیستیعجال بەو پرۆژەیە بدرێت، بۆ ئەوەی بەرستی كەسانێكی زۆر كە لە زیندانەكاندان مافیان بۆ بگەڕێتەوە و زیاتر بە هۆی ئەم یاسایەوە ستەم لە خەڵك نەكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

پێش بەڕێزتان و بەڕێز منیرە خان قسە بكەن راوێژكاریمان لەگەڵ سەرۆكی هەردوو لیژنەكرد، لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ، ئێمە دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان دەبوایە لە دانیشتنی پێشوو سیفەی ئیستیعجالی بدەینێ، بەڵام نەچووە بچێت لێرە بڕیارمان دا سیفەتی ئیستیعجال بدەینە هەمواری یاسای درێژكردنەوەی بەرنگاربوونەوەی تیرۆر، بەڕێزان هەردووكی هەم درێژكردنەوە پێویستیەكی نیشتمانیە و هەم هەموارەكەش دیارە پێویستیەكی نیشتیمانیە، لەبەر ئەوە بەردەوام دەبین، موناقەشە لەسەر ماددەی یەك كۆتایی پێهات، ماددەی یەك بخوێننەوە بۆ ئەوەی بخەینە دەنگدان.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (1):

كاركردن بە حوكمەكانی یاسای بەرنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (3)ی ساڵی 2006.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەوە دەخەینە دەنگدان ماددەی یەكەم وەكو ئەوەی خوێندرایەوە، كێ لەگەڵدایە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (52) كە لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدانیە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (6) كەس لەگەڵدانیە، زۆر سوپاس، كەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندكرا، دەچینە سەر ماددەی دووەم.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (2):

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بكەن.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

دەرگای گفتوگۆ دەكەینەوە، دیارە كەس موناقەشەی نیە، بەڕێزان ئێستا ماددەی دووەم دەخەینە دەنگدانەوە وەكو خوێندرایەوە، كێ لەگەڵدایە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (48) كەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدانیە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (7) كەس لەگەڵدانیە، زۆر سوپاس، كەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندكرا، ماددەی سێیەم.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (3):

ئەم یاسایە کاری پی دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونی و بەڵاو دەکرێتەوە لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائعی کورستان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە، دیارە کەس موناقەشەی نیە، بەڕێزان ئێستا ماددەی سێیەم دەخەینە دەنگدانەوە وەکو خوێندرایەوە، کی لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (48) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کی لەگەڵدانیە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (7) کەس لەگەڵدانیە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، فەرموو د.ڤالا.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچوواندن:

لە پێناو بەرنگاربوونەوەی تاوانەکانی تیرۆر و پاراستنی سەر و ماڵ و موڵکی هاوڵاتیانی هەرێم و دابینکردنی ئاسوودەیی و سەقامگیریان ئەم یاسایە دانرا.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز بەهار عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله فەراغێك دروست بوو ئەگەرچی بە زارەکی سیفەی ئیستیعجالی پێدرا، بەڵام ئێمە ئەزموونی پێشووترمان هەیە کە هەموار نەکرا، یەعنی نازانین زەمان چیە، بۆیە من پێمباشە مەسەلەی هەموارکردنەوەی هەر چۆنێك بووە بە سیغەیەك بخرێتە ناو ئەم یاسایە ئەگەر لە هۆکانی دەرچوواندنیش بێت هەر چەندە تازە دەبوایە لە ماددەی دووەمدا لە وشێنێکی وادا جێگامان بکردایەتەوە، بەڵام لە کۆتاییدا بڵێت تاوەکو هەموارکردنەوەی یاساکە، بۆ ئەوەی ئەو فەراغە پڕبکاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە مەسەلەی هەموارەکە پڕۆژەی جیاوازە، پڕۆژەیەکی سەربەخۆیە و سیفەتی ئیستیعجالی پێدراوە، زەمانەتەکە ئەم پەرلەمانە بەردەوام دەبێت، دیارە هیچ تێبینیەکی تر لەسەر هۆیەکانی دەرچوواندن نیە، بەڕێزان ئێستا هۆیەکانی دەرچوواندن دەخەینە دەنگدانەوە، کی لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (53) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کی لەگەڵدانیە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (6) کەس لەگەڵدانیە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، خاڵێکی نیزامی هەیە، بەڕێز کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن علی فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من یەك تێبینیم هەیە لەسەر سیفەی ئیستیعجال، واتە بە پەلە ئێمە لەم هۆڵی پەرلەمانە چەندین پڕۆژە یاسا و پڕۆژە بڕیار هەبووە بە دەنگدان سیفەتی ئیستیعجالمان پێداوە، بەڵام لە راستیدا پەلەی لی نەکراوە و تاوەکو ئێستاش ماوەتەوە، یەعنی نموونەی زیندوو یاسای رێگریکردم لە زیادەڕەوی، یاسای یەکخستنی عەلوەکان، چەندین نموونەی تر، بۆیە تکایە کە سیفەی ئیستیعجال بە پڕۆژە یاسایەك یان پڕۆژە بڕیارێك دەدەین وەکو خۆی کاری پی بکەین، پێویستە لە ماوەی حەفەتەیەکدا ئەم بابەتە یەکلایی بکرێتەوە، تکا دەکەم ئەم بابەتەش وەکو ئەوانی تر لی نەکرێت و بە زووترین کات کاری لەسەر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمينكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

تێبينيەكی بە جێيە، هەردوو راپۆرت ئامادەيە، لەم نزيكانە دەكەونە بەرنامەی كار، بەڕێزان ئێستا كۆی ياساكە دەخەينە دەنگدان، كی لەگەڵدايە؟ تكايە دەست بەرزكاتەوە؟ (51) كەس لەگەڵدايە، زۆر سوپاس، كی لەگەڵدانيە؟ تكايە دەست بەرزكاتەوە؟ (9) كەس لەگەڵدانيە ، زۆر سوپاس، كەواتە بە زۆرينەی دەنگ پەسەندكرى، خاڵ نيزامی هەيە، فەرموو د.رێواز.

**بەڕێز د.رێواز فائق حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەكو بەڕێزتان دەزانن لە ناو پەيڕەوی ناوخۆدا مەسەلەی پێدانی سيفەی ئيستيعجال بە قانونێك يان بڵێين پڕۆژە قانونێك دەبی بە تايبەتی بخوێندرێتەوە و دەنگی پی بدرێت، ئەوەی ئێمە بەڕێز سەرۆكی ليژنەی قانونی بۆمانی خوێندەوە دەنگمان پێداوە بە تەنها بريتيە لە ماددەی يەكی ياساكە، لەبەر ئەوە ئەگەر بڕيارە سيفەی ئيستيعجال بدرێتە پڕۆژە ياسای هەموارەكانی، چونكە زياتر لە هەموارێك هەيە، هەموارەكانی ياسای تيرۆری ژمارە (3)ی ساڵی 2006 دەبی بەڕێزتان بە جيا بخەنە دەنگدان، ئينجا بەوە حيسابە كە سيفەی ئيستيعجالی پێدراوە، ئەگەر نا ئەوەی من دەنگم پێداوە خۆم شەخسی من وا تێگەيشتووم دەنگم بە ماددەی يەكی ئەم ياسايە داوە، دەنگم بە سيفەی ئيستيعجال نەداوە، لەبەر ئەوە تكا دەكەم وەكو چۆن لە پەيڕەودا هاتووە پێدانی سيفەی ئيستعجال بە پڕۆژە ياساكانی هەمواری ياسای تيرۆری ژمارە (3)ی ساڵی 2006 بخەنە دەنگدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمينكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز امنە زكری فەرموو.

**بەڕێز امنە زكری سعيد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ل گۆڕ ماددی (71) بڕگەيا دوو و بڕگەيا چوار گەلەك وازحی دبێژيتن چ جۆرە پڕۆژە دی سيفەتا ئيستيعجالی پی دهێتە دان، واتە بڕگەيا دوو دبێژيتن ئەو پڕۆژە ياسا و بڕيارانە دەگەنە پەرلەمان لەگەڵ ليست و هۆ، پێويستە ئەگەرێت وی بێنە دياركرن و سەر ئەنداما بێتە دابەشكرن، ل يەكەم روينشتن پوخاتە وی گفتوگۆيی بێتە خواندن پشتی هەنگی دی بۆ ليژنەيا تايبەتمەند دچيت، بڕگەيا چواری دبێژيتن راپۆرتا هاوبەشی هەردوو ليژنە دی حازركەن پشتی داڕشتنا وی ليژنەيا كاروبارا ياسايی ماوەی (10) رۆژی دا هاتنا وی دی هەردوو ليژنە ئەكەر داخاز هاتە لی كرن كو سيفەتا ئيستيعجالی بدەنی و يا بلەزە، ڤی گاڤی ماوەی (5) رۆژاندا دەبێتن راپۆرت بێتە پێشكەشكرن، واتە نەگەيشتيە وی مەرحەلێ، يەكەم خواندنا وێژی دا سيفەتا ئيستيعجالی بۆ ناهاتيە دان، ل گۆڕ پەيڕەوی ئەوە كو هاتيە جانبی هەوە گوتی ل پەيڕەوی نينە بە ديتنا من، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمينكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز د. ڤاڵا سەرۆكی ليژنەی ياسای فەرموو.

**بەڕێز د. ڤاڵا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ وەڵام دانەوەی ئەو پرسيارەی كە جەنابتان ئاڕاستەی ئێمەتان كرد بڕگەی چوارەم وازحە دەڵێت تەنها ئەگەر سەرۆكايەتی داوا بكات كە تێروانينی بە پەلە بكرێت ئەوسا پێويستە لە ماوەی چەند رۆژدا پێشكەش بكرێت راپۆرتەكە، واتە مەسەلەی دەنگدان لەسەر سيفەی ئيستيعجال نەبووە، تەنها داواكاری دەستەی سەرۆكايەتيە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕوونکردنەوەی تر بەڕێز د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی خوێندیەوە ئەوە دوای تاوتوێکردن بوو لە نێوان هەردووکماندا و لە ناو پەیڕەوەکە دەڵی ئەگەر داوایان لی بکرێت، بەڵام خۆ ئەگەر بخرێتە دەنگدانەوە سیفەتێکی رەسمی تر وەردەگرێت، یەعنی دەبێتە بڕیاری پەرلەمان، بۆیە خستنە دەنگدانەکەی ڕێگرێك نیە ئەگەر بیخەیتە دەنگدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سی خاڵی تری نیزامی وەردەگرین و کۆتایی پێدەینین، بڕیار لەوبارەوە دەدەین، بەڕێز امنە زکری فەرموو.

**بەڕێز امنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیسان دبێژم ل گۆڕ ماددی (71) بڕگەیا چواری یا ئاماژە دای دەستەیا سەرۆکایەتیی دشێتن لێژنەیا پەیوەندیدار راسپێرێت بۆ هەندێ، هەتا نوکە عورفی پەرلەمانی ژی پەیڕەو رێکی نادات، دوو: عورفی پەرلەمانی ژی هەتا نوکە نەبوویە سیفەتا ئیستیعجالی بدەییە پرۆژەیەك بچیتە دەنگدان، واتە ل دەسەڵاتا دەستەیا سەرۆکایەتیە دگەل لیژنەیا مەعنی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز بەهزاد دەروێش فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەش دڤێت هەر ئاماژە بە وی چەندی بکەین کو لە ناو هۆلا پەرلەمانی پێشی چەند مانگە، پێشی چەند هەیڤە بەڵێن دابی کو ئەڤ هەمواره بێتە کرن بەراستی ل ڤی هۆلا پەرلەمانێ، پشتی هەنگی ل یەکێك کۆبوونەوەیا سەرۆکایەتیا پەرلەمانی دگەل سەرۆکێت فراکسیۆنی هەمان بەڵێن هاتە دان کو بە زیترین دەم ئەڤ هەموارە بێتە کرن، ئەز دبێژم ئەڤ گفتوگۆیە زێدەیە، جەنابی تەش بەحسکر سیەفەتا ئیستیعجال بێتە دان، خویندنەوەی یەکەمیشی بۆ هاتیە کرن، من پێمباشە راپۆرت بێتە ئامادەکرن بۆ کۆبوونەوەیا داهاتوو کۆتایی بە ڤی بابەتی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز عبدالله حاجی محمود فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە بۆچوونی من یاساکە دەنگی هێنا و کۆتایی پێهات، بەڵام لە سی کەس زیاتر داوایکرد کە هەموارەکەی بۆ زیاد بکرێت، دەبوایە ئەو برادەرانەی کە داوایانکرد ئەو پەرلەمانتارانە تەئکیدیان بکردایەوە لە ماددەی یەك بخرایەتە دەنگدان، لەبەر ئەوەی نەخرایە دەنگدان ئەوە کۆتایی پێهات دەبێت بە رێکاری یاسایی ئەو یاسایە هەموار بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئیزافەکردنـــی هەمــوارەکە نەهــاتووە، بە پێشـــنیار داوایەکــی وا هــات، بەس یەك کەس داوایکرد، بەڕێز مامۆستا مەروان فەرموو.

**بەڕێز حسین اسماعیل حسین (مەروان گەڵاڵی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن نەمویسـت زیـاتر قسـەی لەسـەر بکەم، لەبەر ئەوەی ئەو بـابەتە ئێـوە وەکـو دەسـتەی سـەرۆکایەتی سـیفەی ئیسـتیعجالتان پێـدا، خوازیاریشـم ئەو دوو لیـژنەی کە مەعنـین بەو بـابەتە بە زووتـرین کـات راپـۆرتی لەسـەر ئامـادەبکەن، لە یـادتە بەڕێزتـان ئـێمە لە یەکەم جەلسە کە ئەو یاسایەی تێدا درێژکرایەوە بە ئیتیفاقی سەرۆکی فراکسیۆنەکان و دەسـتەی سەرۆکایەتی لامان مەوجودە کە بە زووترین کات ئەو هەمواره بکرێت، هەروەهـا خوازیـارم بە زووتـرین کـات ئەو هەمـوارە کۆتـایی پـی بێـت بـۆ ئەوەی کە یاسـایەکە بێـت هەمووـمان پشتگیری لی بکەین و بۆ هەموو خەڵکی هەرێمی کوردستان وەکو یەك بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بە تەئکیـد ئـێمە تەئکیـد لە هەردوو لیـژنە دەکەیـن لیـژنەی یاسـایی و لیـژنەی نـاوخۆ بە زووتـرین کـات کە سـیفەتی ئیسـتیعجالی وەرگرتـووە ئەو هەمـوارە بـۆ دانیشـتنی داهـاتوو راپۆرت ئامادەبکەن، بەڕێزان، بەردەوام دەبین خاڵی دووەم، داوا لە بەڕێزان ئەندامانی تـری لیژنەی یاسایی کە لێرە ئامادەبن، خاڵێکی تری نیزامی هەیە، بەڕێز سۆران عمر فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەوە لە تایبەتمەندی لیژنەی مافەکانی مرۆڤیشـە هەڵـبەت ئاڕاسـتەکراوە بەڕێـزت کە ئێستا داوات لە هەردوو لیژنە کرد، لیژنەی مافەکانی مرۆڤیشە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

پڕۆژەکە ئاڕاستەکراوە بۆ لیژنە پەیوەندیدارەکان، سی لیژنە، لیژنەی یاسایی و لیژنەی نـاوخۆ و لیـژنەی مـافی مـرۆڤ، بەڕێـزان، خـاڵی دووەم: گفتوگـۆکردنی پـڕۆژەی پـڕۆژە یاسـای هەمــواری ســێیەمی یاســای پــارێزەرایەتی ژمــارە (17)ی ســاڵی 1992ی هەمــوارکراو لە هەرێمـی کوردسـتان بە پێـی ماددەکـانی (72، 74، 75) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو، داوا لە بەڕێـز سـەرۆکی لیـژنەی یاسـایی دەکەین ئەو پڕۆژەیە بخەنە روو، بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر ئەنجام بدرێت.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز جێگری سەرۆکی لیژنە دەیخاتە روو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راپـۆرتی لیـژنە سـەبارەت بە پـڕۆژە یاسـای هەمـواری سـێیەمی یاسـای پـارێزەرایەتی لە هەرێمـی کوردسـتان-عێـراق، ژمـارە (17)ی سـاڵی 1999، لیـژنەی کاروبـاری یاسـایی رۆژی دووشـەممە رێکەوتـی (2018/2/19) کۆبـوونەوەی ئەنجامـدا بـۆ تـاوتوێکردنی پڕۆژە یاسـای هەمواری سێیەمی یاسای پارێزەرایەتی لە هەرێمـی کوردسـتان-عێـراق ژمـارە (17)ی سـاڵی 1999 کە لەلـــایەن ژمـــارەی یاســـایی ئەنـــدامانی پەرلەمـــانەوە پێشکەشـــکراوە دوای خوێنـــدنەوەی یەکەمـــی لە دانیشـــتنی ژمـــارە (21)ی رۆژی چوارشـــەممە، بەرواری (2014/12/31) رەوانەی لیژنەکەمان کراوە، دوای گفتوگۆکردن و تاوتوێکردن لیـژنە گەیشـتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:-

یاسای هەمواری سێیەمی یاسای پارێزەرایەتی لە هەرێمی کوردستان-عێراق، ژمارە (17)ی ساڵی 1999:-
ماددەی (1):
دوو بڕگە بە ریزبەندی چوارەم و پێنجەم بۆ ماددەی دووی یاساکە زیاد دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
چوارەم: ماوەی پارێزەرایەتیکردن بە راژەیەکی شایستە دادەندرێت بۆ مەبەستەکانی دامەزراندن و سەر مووچە و پلە بەرزکردنەوەی خانەنیشنی لە فەرمانگە فەرمیەکان و کەرتی هاوبەش (قطاع مخطلط).
پێنجەم: پێشەی پارێزەرایەتی پیشەیەکی فیکریە و ملکەچ نابێت بۆ سیستەمی باج.
ماددەی (2):
بڕگەیەك بە ریزبەندی دەیەم بۆ ماددەی چواری یاساکە زیاد دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
دەیەم: هەڵگری رەگەزنامەی عێراقی بێت لە کوردستانی عێراق بە شێوەیەکی هەمیشەیی نیشتەجی بێت.
ماددەی (3):
ماددەی شەشی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
یەکەم: نابێت نێوانی ئەندامیەتی سەندیکا و وەزیفە گشتیەکان یان سەندیکا پیشەییەکانی دیکە یان هەر سەندیکایەکی دیکەی پارێزەران کۆ بکرێتەوە.
دووەم: پێویستە سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکا و سەرۆکی لقەکان خۆیان تەرخان بکەن بۆ کاری سەندیکا و کاری پارێزەرایەتی نەکەن لەو ماوەیەدا.
ماددەی (4):
ماددەی یانزەی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
یەکەم: ئەنجومەنی سەندیکا بنەماو پێوەرەکانی قەبولکردن و تۆمارکردن لە سەندیکا دیاری دەکات بە ژمارەی ئەو کاسەنەش کە تێیدا وەردەگیرێن.
دووەم: سەندیکا مافی هەیە پەیمانگایەك یان ناوەندی تایبەت دەبمەزرێنێت بۆ ئامادەکردن و راهێنان و شیاندنی ئەوانەی بە نیازن ببنە ئەندام لە سەندیکا یان ئەوانەی ئەندامن تێیدا، کاروباری ئەوانەی دەیان گرێتەوە بە پەیڕەوێك رێك دەخرێت کەوا ئەنجومەنی سەندیکا بڕیاری لەسەر دەدات.
سێیەم: بە رەچاوکردنی حوکم و بنەماکانی هاتوو لە بڕگەکانی یەکەم و دووەمی ئەم ماددەیە پارێزەران بە پێی ناو نووسران و لەبەر یەکتری (الاقدمیة) لەو ناوانەی خوارەوە پێکدێت:
1- ناوی پارێزەر - راوێژکار.
2- ناوی پیادەکار - الممارسون.
3- ناوی پارێزەرە مەشق پێکراوەکان - المتمرنین.
ماددەی (5):
بڕگەی یەکەمی ماددەی سیانزەی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
یەکەم: پێویستە پارێزەر ساڵانە بەرامبەری بەشداربوون و رسوماتی بڕیار دراو لە ماوەی هەردوو مانگی کانونی دووەم و شبات هەر ساڵێك بدات، لە کاتی دواکەوتن لە وادەی دیاریکراو رێژەی لە (25%) بەرامبەر بە بەشداربوون و رسوماتی ساڵانەی بۆ زیاد دەکرێت.
ماددەی (6):

بڕگەی چوارەمی ماددەی شانزە هەموار دەكرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
چوارەم: ماوەی راژەكان لە دادگاكان لە داوكاری گشتی فەرمانگەكانی دادوەری یان بەڕێوەبەرایەتیەكانی ماف لە یەكێك لە فەرمانگەكانی هەرێم یان وانە وتنەوە لە كۆلێژی یاسا لە دوای وەرگرتنی بڕوانەمەی بەكالۆریۆس لە یاسا یان ئەوەی هاوتایەتی بۆ مەبەستەكانی پلە بەندی دەقكراو لەم یاسایە هەژمار دەكرێت.
ماددەی (7):
بڕگەی یەكەمی ماددەی بیست و پێنجی یاساكە هەموار دەكرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
یەكەم: پێویستە لەسەر ئەو كۆمپانیا نیشتیمانی هاوپشك بێت یان خاوەن بەرپرسێتی سنوردار و بیانیانەی لە هەرێم كار دەكەن یان لقیان هەیە لە هەرێم و ئەو بانك و كارگانەی لەلای وەزارەتی پیشەسازی و دەستەی گشتی وەبەرهێنان تۆماركراون و تۆڕەكانی راگەیاندن و رێكخراوەكان لەگەڵ پارێزەرێك یان زیاتر مامەڵە بكات بۆ پێشكەشكردنی راوێژی یاسایی.
ماددەی (8):
ماددەی بیست و شەشی یاساكە هەموار دەكرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
نابێت هیچ كۆمپانیایەكی نیشتیمانی بێت یان بیانی تۆمار بكرێت هەتا رێكخستنی گرێبەستی دامەزراندنی و ئینجا تۆماركردنی یان تۆماركردنی لقەكەی بە لای كەم لەلایەن پارێزەرێكی پیادەكارەوە موماریس رێك نەخرابێت.
ماددەی (9):
بڕگەی دووەمی ماددەی سی و پێنج هەموار دەكرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
1- رێژەی لە (10%)ی بەهار حوكم پێدراو بەو مەرجەی لە دوو ملیۆن دینار یان ئەوەی هاوتایەتی زیاتر نەبێت.
2- بە رێژەی لە (5%)ی بەهای بەرامبەری بە خاوەنكردن استملاك بەو مەرجەی لە یەك ملیۆن دینار یان ئەوەی هاوتایەتی زیاتر نەبێت.
3- بەوەی كەمتر نیە لە سەد هەزار دینار یان ئەوەی هاوتایەتی زیاتر نیە لە دوو سەد و پەنجا هەزار دینار یان ئەوەی هاوتایەتی لە باری كەسیەتی و ئەو دەعوایەنەی بەهاكەیان دیار نیە و لە و دەعوا سزاكاریانەی تێیدا تێڕوانین بۆ مافی مەدەنی دەكرێت.
ماددەی (10):
بڕگەی یەكەمی ماددەی سی و نۆی یاساكە هەموار دەكرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
یەكەم: پارێزەر بۆی هەیە گرێبەستێكی نووسراو لەگەڵ بریكار بۆكراوەی موەكیل بكات گرێبەستەكە لای سەندیكا بە ئامادەبوونی هەردوولا پەسەند دەكرێت بەرامبەر بە دانی رەسمێكی بڕاوە بە بڕی بیست و پێنج هەزار دینار یان ئەوەی هاوتایەتی.
ماددەی (11):
ماددەی چل و هەشتی یاساكە هەموار دەكرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
یەكەم: دەستەی گشتی سەندیكا لە كۆنگرەیەكی گشتیدا كۆ دەبێتەوە لەسەر بانگهێشتی ئەنجومەنی سەندیكا هەر چوار ساڵ جارێك ئەویش لە رێگەی سیستەمی نێردەكان مەندوبین كە رێژەكەیان لەلایەن ئەنجومەنی سەندیكاوە دیاری دەكرێت و كۆنگرەش رێكەوتی ئەنجامدانی هەڵبژاردن و چۆنیەتی ئەنجامدانی و وادەی ئەنجامدانی دیاری

دەکات تاوەکو هاتنی وادەکەی ئەنجومەنی سەندیکا تەنها بەردەوام دەبێت لەسەر بەڕێوەبردنی کاروباری رۆژانەی سەندکا.
دووەم: ژمارەی یاسایی بۆ هەڵبژاردن دێتە ئاراوە بە ئامادەبوونی زۆرینەی رەهای ئەندامانی تۆمارکراو، بە پێچەوانەوە هەڵبژاردن دوا دەخرێت بۆ رۆژی دواتری و ژمارەی یاسایی دێتە ئاراوە بە ئامادەبوونی یەك لەسەر سێی ژمارەی ئەندامە نێردە تۆمارکراوەکان و لە کاتی نەهاتنە ئارای ئەم ژمارەیەش ئەنجومەنی سەندیکا بەردەوام دەبێت بۆ ماوەی شەش مانگ، ئەگەر هاتوو دوای شەش مانگیش هەڵبژاردن ئەنجام نەدرا ئەوە ئەنجومەن بۆ خولێکی دی بەردەوام دەبێت.
ماددەی (12):
ماددەی چل و نۆی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
یەکەم: دەستەی گشتی سەندیکا لە رێگەی نێردەکانیەوە لە کۆنگرە ئەم دەسەڵات و تایبەتکارایانەی خوارەوە پیادە دەکات:
یەکەم:
1- گفتوگۆکردنی کارەکانی ئەنجومەنی سەندیکا و پەسەندکردن و بڕیاردانی ژمێرە کۆتاییەکانی بوجەی پێشوو و بڕیاردانی بودجەی نوی کە ئەنجومەنی سەندیکا بۆ چوار ساڵی داهاتوو ئامادەی دەکات.
2- تێڕوانین لە کاروباری پارێزەران کە لە خشتەی کاردا هاتوون و تێڕوانین لەو پێشنیارانەی کە پێشکەشکراون لە گشت ئەو شتانەی کە پەیوەندیدارن پێوە.
3- پێشنیاری هەموارکردنی رسومات و هاوبەش و پی بژادن بۆ سەندیکا و سەندوقی خانەنشینی.
4- بڕیارەکانی کۆنگرەی گشتی پابەندبن و بە زۆرینەی ئەندامە ئامادەبووەکان دەردەکرێت.
دووەم:
دەستەی سەرپەرشتیار لەسەر کارەکانی کۆنگرە بانگهێشتی دەستەی گشتی دەکات بە تەواوی ئەندامە تۆمارکراوەکانی لە تۆمار و ئەوانەی بەرامبەری بەشداربوونی ساڵانەیان داوە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی سەندیکا و ئەندامانی رەسەن و یەدەگی ئەنجومەنی سەندیکا لەو رۆژەی بۆ ئەم مەبەستە دیاریکراوە و لە رووی کارگێری و هونەریەوە رێکی دەخات و مافی نیە دەست بخاتە نێو رێڕەوی هەڵبژاردنەکان یان ئەنجامەکانی و چەند دادوەرێك لە دادگای تێهەڵچوونەوەی تایبەتمەندی ناوچەکە سەرپەرشتی ئەنجامدانی هەڵبژاردن دەکەن و کۆنووسەکانی رێك دەخەن و ئەنجامەکانی جێگیر دەکەن و رای دەگەیەنن.
سێیەم:
دادگای تەمیزی هەرێم تایبەتمەند دەبێت بە تێڕوانین بە شێوەی بە پەلە لەو تانانەی کە پێشکەش دەکرێن لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنەکان پێویستە لە ماوەی (15) رۆژ پێشکەش بکرێن کە لە رۆژی دوای راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەست پی دەکات و بڕیاری دادگا لەم بارەیەوە ملکەچ دەبێت بۆ تانە لێدانی لەلایەن دەستەی گشتی دادگای تەمیز لە رێگای داواکردنی راست کردنەوە ئەویش لە ماوەی (15) رۆژدا.
ماددەی (13):
هەردوو بڕگەی یەکەم و دووەمی ماددەی پەنجای یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

یەکەم: نێردراوانی کۆنگرەی گشتی بە شێوەیەکی نا ئاسایی لە ناوەندی سەندیکا کۆ دەبنەوە لەسەر بانگهێشتی دوو لەسەر سێی ئەنجومەنەکەی یان یەك لەسەر سێی ئەندامە تۆمارکراوەکانی.
دووەم: ژمارەی یاسایی کۆبوونەوەی نا ئاسایی بە ئامادەبوونی بەلای کەم یەك لەسەر سێی نێردەکان لە ئەندامانی کۆنگرە دێتە ئاراوە بە پێچەوانەوە بۆ رۆژی دواتری دوا دەخرێت و لە کاتی نەهاتنە ئارای ئەم ژمارەیە ئەوە کۆبوونەوەکە هەڵدەگیرێت.
ماددەی (14):
بڕگەی یەکەمی ماددەی پەنجا و هەشت یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
یەکەم: دامەزراندنی فەرمانبەر و کارمەندان بە شێوەی گرێبەست بۆ رایی کردنی کارەکانی سەندیکا و کۆتایی پێهێنانی راژەکانیان بە شێوەیەك مەرجەکانی دامەزراندن و مووچە و بنەماکانی بەرزکردنەوەی هاتوو لە یاسای راژەی مەدەنی رەچاو بکرێت.
ماددەی (15):
ماددەی شەست و پێنجی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
سکاڵای بەرزەفتەیی بە نووسراو لەلایەن سەرۆکی سەندیکا یان سەرۆکی داواکاری گشتی یان هەر دادگایەك یان لایەنێکی فەرمی یان لەلایەن بریکار بۆکراو دەجوڵێندرێت لەم حاڵەتەش بریکار بۆکراو وەکو بارمتەیەك تەئمینات دەدات بڕەکەی پەنجا هەزار دینارە یان ئەوەی هاوتایەتی، ئەگەر لە دەعواکەی خاوەن ماف دەرچوو ئەوە بۆی دەگێڕدرێتەوە، بە پێچەوانەوە وەك داهاتێکی کۆتایی بۆ سەندیکا تۆمار دەکرێت.
ماددەی (16):

1- پاریزەرە راوێژکارەکان یان ئەوانەی پیادەکارن بۆیان هەیە نووسینگەی بە تەنها یان هاوبەش بۆخۆیان لە شوێنی کارکردنیان کە لەلای سەندیکا جێگیرکراوە بکەنەوە.
2- دەکرێت نووسینگە بە ناوێکی تایبەت بە خۆی بکرێت کەوا لە تۆمارێکی تایبەت لەلای سەندیکا تۆمار دەکرێت ئەویش لە دوای ئەو رێکارانەی سەندیکا بە رێنمایی دیاری دەکات و ئەنجومەنەکەی بڕیاری لەسەر دەدات.

ماددەی (17):
بەشێك بۆ یاساکە زیاد دەکرێت بە ریزبەندی بەشی دەیەم لە ژێر ناونیشانی کۆمپانیاکانی پارێزەرایەتی:
یەکەم: پارێزەرانی راوێژکار بۆیان هەیە کۆمپانیایەکی مەدەنی پێشەیی بۆ پارێزەرایەتی و راوێژکاری یاسایی دابمەزرێنن بە سیفەتی هاوبەشی و پێکەوەیی لە رووی نەیاری و بەرپرسێتییەوە بەرامبەر بە کەسانی دیکە لە یەك نووسینگە یان زیاتر بە مەبەستی پارێزەرایەتیکردن و پێشکەشکردنی راوێژی یاسایی و بۆیان نیە نوێنەرایەتی ئەو لایەنانە بکەن کەوا بەرژەوەندیەکانیان دژ بە یەکە و بۆیان هەیە پارێزەرایەتی بکەن لە چاوارچێوەی کۆمپانیا یان لە دەرەوەی بە گوێرەی بەندەکانی ئەو رێکەوتنەی لە نێوانیان واژووکراوە.
دووەم: کومپانیا کەسایەتی مەعنەوی هەیە و مافی هەیە پیشەی پارێزەرایەتی بکات لە رۆژی تۆمارکردنیەوە لە تۆماری کۆمپانیا مەدەنیەکان لەلای بەشی کۆمپانیاکان لە سەندیکا لە دوای پەسەندکردنی ئەنجومەن لەسەر پەیڕەوی بنەڕەتی و گرێبەستی دامەزرێنەری کۆمپانیاکە.

سێیەم: ناوی کۆمپانیاکە ناوێکی گوزارەی شیاو دەبێت بە پیشەکە یان ناوی هەموو هاوبەشەکانە یان ناوی یەکێکیانە لەگەڵ هاوبەشەکانی و بەردەوام دەستەواژەی کۆمپانیای مەدەنی پیشەیی پارێزەرایەتی یان کۆمپانیای پارێزەرایەتی لە دوای دێت.
چوارەم: 1-
هیچ هاوبەشێك مافی نیە لە مافەکانی لە کۆمپانیا بێتە خوارەوە بۆ کەسانی جگەلە هاوبەشەکانی مەگەر بە رەزامەندی نووسراوی هەموویانەوە بێت.

2- هەر هاوبەشێك مافی هەیە لە کۆمپانیا بێتە دەرەوە لە دوای ئاگادارکردنەوەی هاوبەشەکانی لەم بارەیەوە بەلای کەم بەر لە سی مانگ.
3- پارێزەر مافی نیە ببێتە ئەندام لە زیاتر لە یەك کۆمپانیا لەو کۆمپانیایانەی لەم یاسایەدا دەقیان لەسەر کراوە.
4- پارێزەر مافی نیە لە کۆمپانیا بە ئەندام بمێنێتەوە ئەگەر لە پیادەکردنی پیشە قەدەغەکرا یان لە خشتەی پارێزەران لەبەر هەر هۆیەك بێت رەشکرابێتەوە.
5- لە کاتی نەبوونی دەق بۆ چارەسەری حاڵەتی پێویست لە کۆمپانیاکانی پارێزەرایەتی مەدەنی دەکرێت بۆ حوکمەکانی هاتوو لە یاسای مەدەنی و یاسا بەرکارەکانی دیکەی پەیوەندیدار گەڕانەوە بکرێت.
6- سەرۆکی سەندیکا یان ئەوەی نوێنەرایەتی دەکات گرتنەبەری رێکارەکانی هەڵوەشاندنەوە و پاکتاوکردنی کۆمپانیای مەدەنی پارێزەرایەتی بە پێی یاسای پارێزەرایەتی و رێنمایەکان لە ئەستۆ دەگرێت.
7- ئەنجومەنی سەندیکا بۆی هەیە رێنمای پێویست دەربارەی بەیانی گرێبەستی دامەزراندنی کۆمپانیا و چۆنیەتی رێکارەکانی تۆمارکردنی لەلای سەندیکا و هەڵوەشاندنەوەی یان پاکتاوکردنی دەربکات.
8- پێویستە لەسەر گشت ئەو کۆمپانیایانەی پارێزەرایەتی کە لە هەرێم کار دەکەن خۆماڵی بێت یان بیانی کە پێشتر بە پێی یاسای دیکە دامەزراون باری یاسایی خۆیان بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە و ئەو رێنماییەی بە پێی ئەم یاسایە دەردەچن لە ماوەی شەش مانگ لەبەرکاربوونی ئەم یاسایە بگونجێنن و هەمواری بکەن.
9- کۆمپانیاکانی پارێزەرایەتی وەك کەسایەتیەکی مەعنەوی ئەو لایەنانە کە لە یاسا بەرکارەکان وەسف کراوە بۆ مەبەستەکانی بریکارنامەیی و پی راگەیاندنی یاسایی و دادبینی و گشت ئەو شتانەی پەیوەندیدارن بە پیشەی پارێزەرایەتیکردنەوە تەنها لەو حاڵاتانە نەبێت تێیدا ناکرێت.

ماددەی (18): دەستەواژەی سەرۆکی سەندیکا جێگەی دەستەواژەی نەقیبی پارێزەران دەگرێتەوە لە هەر شوێنێکی یاسای پارێزەرایەتی هاتبێت.
ماددەی (19): ئەنجومەنی سەندیکا بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسا جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەر بکات.
ماددەی (20): کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی یەم یاسایەدا ناکرێت.
ماددەی (21): پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جی بەجی بکەن.
ماددەی (22): ئەم یاسایە لە رۆژی بەلاو بوونەوەی لە رۆژنامەی فەرمی وەقائعی کوردستان جی بەجی دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچوواندن**
پە پێنـاو بەرزکـردنەوەی ئاسـتی پیشـەیی و زانسـتی ئەنـدامانی سـەندیکا و بەرچـاوگرتنی بنەماکانی دیموکراسیەت و خۆگوونجاندن لەگەڵ ئەو پێشکەوتن و پەرەسەندنانەی هاتۆتە کایەوە ئەم یاسایە دەرچوویێندرا.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەرێزان ئێستا دەست بە گفتوگۆی ماددەکانی ئەم یاسایە دەکەیـن، دیارە ئەم یاسایەش تایبەتمەندی خۆی هەیە لە رووی داڕشتن لەلایەن سەندیکای پارێزەرانەوە، لەلایەن خەڵکی پسپۆڕەوە داڕێژراوە بە هاوکاری لیژنەی یاسایی، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی فەرموو.
**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (1):
دوو بڕگە بە ریزبەنـدی چـوارەم و پێـنجەم بـۆ مـاددەی دووی یاسـاکە زیـاد دەکرێـت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
چـوارەم: مـاوەی پـارێزەرایەتیکردن بە راژەیەکـی شایسـتە دادەنـدرێت بـۆ مەبەسـتەکانی دامەزرانـدن و سـەر مـووچە و پـلە بەرزکـردنەوەی خانەنیشـنی لە فەرمـانگە فەرمیەکـان و کەرتی هاوبەش (قطاع مخطلط).
پێنجەم: پێشەی پارێزەرایەتی پیشەیەکی فیکریە و ملکەچ نابێت بۆ سیستەمی باج.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێز گەشە دارا فەرموو.
**بەڕێز گەشە دارا جلال:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بابەتێك هەیە ئەگەر چی کتـوپڕە، یەعنـی پێشـتر دەبـوایە مـن خۆشم کە ئەندامی لیژنەی یاساییم بمبـردایە و لە لیـژنەی کۆمەڵایەتیش باسـمان بکـردایە، بەڵام من دوێنی لەلایەن بەڕێزێك کە ئەندامی سەندیکای پـارێزەرانەوە ئەم پێشـنیارانەم بە دەست گەیشتووە کە بابەتێکی تایبەتە بە خاوەن پێداویستی تـایبەت و ئەو پـارێزەرانەی کە خاوەن پێداویستی تایبەتن و منداڵی خاوەن پێدوایستی تایبەتیان هەیە، ئینجـا پرسـیارەکەی من ئەوەیە ئیستیحداسی ئەو ماددانە ئەگەر بیکەین لە بەڕێزان لە لیژنەی یاسـایی دەپرسـم بە چ شـێوازێك میکـانزمێکی بـۆ دابنێـین بـۆ ئەوەی کە جـێگەی بکەیـنەوە، چـونکە لە پڕۆژە هەموارەکەدا نیە، ئەگەر پێتان باش بێت دوایـی لە موناقەشـەدا یـان خـود ئێسـتا مـن وەکـو لیژنەی کۆمەڵایەتی قسە دەکەم، ئەم بەیانیە کۆبوونەوەمـان لەسـەر کـردووە و ئەنـدامانی لیژنەی کۆمەڵایەتی پشتگیری دەکەن، پێموایە ئەنـدامانی پەرلەمـانی بەڕێـزیش کە تـایبەتە بە خاوەن پێداویستی تایبەت نکوڵی لی ناکەن لەو بابەتە، ئەگەر تەفاسیلەکەی دوای ئەوە پێمان بڵێن بە چ میکانزمێك ئەو ئیستیحداسە دەکەین، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێز د.رێواز فەرموو.
**بەڕێز د.رێواز فائق حسین:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
لە راستیدا سەبارەت بە مـاددەی یەکەم ئەوەی کە نووسـراوە پێـنجەم پیشـەی پـارێزەرایەتی پیشەیەکی فکریە و ملکەچ نابێت بۆ سیستەمی باج، بەخۆتان دەزانـن پیشـەی پـارێزەرایەتی پیشەیەکی ئازادی نا بازرگانیە، بەڵام پیشە ئازادیە نا بازرگانیەکان بە تەنها پارێزەرایەتی نـین،

دکتـۆریش پیشـەکەی پیشـەیەکی ئـازادی نـا بزرگـانیە، ئەنـدازیاریش بە هەمـان شـێوە، موحاسـیبیش بە هەمـان شـێوە، هەروەهـا مـودەقیقیش بە هەمـان شـێوە، سیاسـەتی لێبـوردنی باج بـۆ ئەم فیئاتـانە لە راسـتیدا مەترسیەکی گەورەی هەیە، ئێمە لەو پەرلەمانە موخەوەل نین بەوەی دابنیشین فیئە فیئە لەو باجە خۆش ببین کە لە یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقدا بەسەریاندا سەپێندراوە، لەبەر ئەوە من داوا دەکەم کە ئەم بـڕگەیە بە تەواوی هەڵبگیرێـت، بەڕێـزان پـارێزەرانیش وەکـو هەر چـین و تـوێژێکی تـر کە پیشەی ئازادی نا بازرگانی لە هەرێمی کوردستاندا بەڕێوەدەبەن خازع بن و ملکەچ بن بۆ سیستەمی باج لە هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز قادر ئۆتمان فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە بـڕگەی چـوارەم لە راسـتیدا تەعریفێـك نـیە بـۆ راژەی شایسـتە و نـا شایسـتە، پێمباشـە وشـەی شایسـتە لاببرێـت، لەبەر ئەوە راژەی فەرمانگەکـان یـان بـۆ مەبەسـتێك هەژمار دەکرێت یان بۆ هەموو مەبەستەکان، نەك بەو شێوەیە، پێشـنیار دەکەم بکرێت بە مـاوەی پـارێزەرایەتیکردن ئەگەر لـاش نابرێـت راژەیەکـی شایسـتەیە بـۆ مەبەسـتەکانی دامەزاندن و سـەر مـووچە و پلە بەرزگردنەوە و خانەنشینی هەژمار دەکرێت لە فەرمانگە فەرمیەکان و کەرتـی هـاوبەش، لێرەدا واتـاکەی وایە کە ئەم راژەیە شایستەیە و ئەم راژەیە نـا شایسـتەیە، لەوەی پێنجەمـیش پشـتگیری لە قسـەکەی د.رێـواز دەکەم، لە راسـتیدا لە هەمـوو وڵاتـان پیشـە جۆراوجۆرەکـان بە تـایبەتی ئەو پیشـانەی کە داهاتیـان هەیە باجیـان لەسـەرە، یەعنـی ناکرێـت ئـێمە ئەم پیشـەیە بەدەر بکەیـن لە بـاج، لە کوردسـتان بە قـانون کۆمەڵێك شـتمان کـردووە کە دەچێتە خانەی بەخشین لە باج، بۆ ئەمە درێـژە پـی بـدەین، جەگەلەمەش راسـتە داهـاتی سـاڵانەی پارێزەرێـك لەوانەیە بـۆ هەمـوو پارێزەرێـك نەتـوانی بڵێین چەنـدە هەرچەنـدە خەمڵانـدنی بـۆ کـراوە، بـۆ نمـوونە پارێزەرێك شـەش ملیـۆن دینـار داهاتەکەیەتی، وابزانم بە پێی زانیاری ئێمەش ئەم باجە زۆر نیە ئەوەی کە لەسەر پـارێزەرە، لەسـەر میهـنەی پـارێزەرایەتی هەیە، دەکرێـت ئەگەر زۆربێـت بە تەعلیمـات رێکخرابێـت پێداچوونەوەی بـۆ بکرێـت، بەڵام ناکرێـت بەراسـتی هەر بەخشـین هەبێـت لە بـاج، خـۆمـان بـارودۆخەکە دەزانـین چـۆنە کە ئەمە مـوزایەدە نـیە، یەعنـی تـاوەکو ئێسـتاش ئەنـدامی سەنگەر نیوە بە نیوە مووچە وەردەگرێت، ئێمەش بەخشین بەگەیـن لە بـاج، بـۆیە یـان ئەو بڕگەیە هەڵبگیرێت یاخود مەبەستەکە تۆمارکردنەکە بە شێوەیەك بێت پێداچوونە بکرێت نەك بەخشین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێسـتا داوا لە د. ڤاڵا دەکەیـن رەنـگە ئەم پرسـیاری بەڕێـز گەشـە دارا و هەر تێبینیەکـی تـر وەڵام بدەنەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـۆ بـڕگەی پێـنجەم کە زیـادکراوە منـیش پشـتگیری لە پێشـنیارەکەی د.رێـواز دەکەم، لەگەڵ هەڵگرتنی ئەو بڕگەیەینە، سەبارەت بەو پێشنیارەی پێشکەشکراوە کە ئەمڕۆ لە ناو جەلسە، دوای خوێندنەوە جاری نەمـان خوێنـدووتەوە دەخـوێنینەوە، بەڵام موحاوەلە دەکەیـن پـێش مادده ئیجرائیەکـان ماددەیەکی بە شێوەیەکی زانستیانە بـۆ داڕێـژین کە پێچەوانەی هیچ یاسا بەرکارەکان نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
دیارە موناقەشەمان ماوە، دواتر رەئی کۆتایی لیژنەی یاسایی وەردەگرین، بەڕێز عمر عینایەت فەرمووو.
**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
من پێموایە بەڕێزت باشتر وایە رێگە بدەی بە ئەندامانی پەرلەمان پێش ئەندامانی لیژنەکان قسە بکەن، یەعنی بەڕێزت یەکەم کەس رێگەت دا بە ئەندامی لیژنەکە کە قسەی خۆی بکات، فیعلەن من پشتگیری لە قسەکەی د.رێواز دەکەم، ئیمزایان نەکردووە، بەڵام ئەندامی لیژنەی کە خۆت لەوی نەبووی، لەبەر ئەوە ئێمەین مافمان هەیە لێرە موناقەشە بکەین و ئاوان دەبێت وەڵام بدەنەوە، چونکە ئەوان قسەی کۆتایی خۆیان لێرە کردووە، چونکە ئەوەی د.رێواز بەڕێزی فەرمووی من بە دەقیق قسەکەی منی کرد، من پشتگیری لە قسەکەی دەکەم، دووەمیش لە بڕگەی چوارەمدا ماوەی پارێزەرایەتیکردن بە راژەیەکی شایستە دادەندرێت ئەگەر بە فیعلی ئەو کارە بکات، چونکە هەیە پارێزەرە و دەچێت لە شوێنێك دادەمەزرێت و کاری پارێزەرایەتی ناکات، یەعنی دەبێت ئەو دەستەواژەیەی بۆ زیاد بکرێت ئەگەر بە فیعلی کاری پارێزەرایەتیکرد، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
لە ماددەی تر هاتووە کە باس لە مومارەسەی فیعلی دەکات، بەڕێز د.جوان فەرمووو.
**بەڕێز د.جوان اسماعیل عزیز:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
من پشتگیری لە قسەکانی کاك عمر عینایەت دەکەم، بەراستی پێشی لیژنەی یاسایی قسە بکەن ئەندام پەرلەمان قسە بکات، چونکە لیژنەی یاسایی قسەی خۆیان کردووە لە ناو لیژنەکە، گفتوگۆی باشیان کردووە لەسەر بابەتەکە، بە نیسبەت بڕگەی پێنجەم من لەگەڵ هیچ نیمە میهنەی پارێزەرایەتی ئیعفای زەریبی لی بکرێت، چونکە وەك د.رێواز و کاك عمر گوتیان ئەوانەش مامۆستای کۆلیژ و موهەندیس و زۆربەی سیکتەرەکانی وەزیفی میهنەکی فکریە، موبەریرێکی مەنتیقی نیە بڵێین میهنەی پارێزەرایەتی میهنەیەکی فکریە والله دەبێت لە باج ئیعفا بێت، لەگەڵدانیم بە عەکسەوە ئەگەر بتەوێت عەدالەت هەبێت لە ناو کۆمەڵگا لە ناو زۆربەی سیکتەرەکانی وەزیفی دەبێت پیشەی پارێزەرایەتیش خازع بێت بۆ سیستەمی باج، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەرێزتان، من وا دەبینم هەموو دانیشتنە ئاساییە و رەوایە، بەس بۆ ئەمە تایبەتە بە یاسای پارێزەرایەتی رەنگە ئەم دانیشتنە پێویستی بە زیاتر رەئی لیژنەی یاسایی هەبێت بەراورد بە پرۆژەکانی تر، بەڕێز د.رێواز فەرمووو، بەڵام وەڵامدانەوە نەبێت.
**بەڕێز د.ریواز فائق حسین:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ئەوەی راستی بێت ناوم هاتووە، من لە کۆبوونەوەکانی موناقەشەکردنی ئەم یاسایە لە لیژنەکەی خۆم ئامادەبووم تەنها ئەوەندە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێز د.پەری فەرمووو.
**بەڕێز د.پەری صالح حمید:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
پشتیوانی لە قسەکانی خاتوو گەشە دەکەم، ئەو بڕگەیەی پێنجەمەش ئەگەر ماوە ئەمڕۆ ئیشارەتمان پێدا لە لیژنە و قسەکانی گەشە خانیش، پارێزەرانی کەم ئەندام یان ئەوانەی منداڵیان کەم ئەندامە لەو باجە عەفو بکرێن، شتێکی تر پارەی باج ئەگەر بە روون و

شەفافی بزانرێت لە چ خزمەتگوزاریەك سەرف دەكرێت كەس پێی ناخۆش نیە باجی لی بسەندرێت و ئەگەر زیادیش بكرێت، حەزم لێیە ئەوەی بۆ زیاد بكرێت بەراستی، چونكە ئەم وڵاتە باجی لە دەسەندرێت و ناشزانین ئەو باجە پارەكەی چی لێدێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز منیرە خان فەرموو.

**بەڕێز منیرە عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەكانی گەشە خان دەكەم، لە راستیدا دەبێت ئێمە دۆخی ئەو پارێزەرانەی كە خاوەن پێداویستی تایبەتن پەرلەمانی كوردستان بە بەرچاوی بگرێت، دەمەوێت بە لیژنەی یاسایی بڵێم هەرچیان كردووە دەبێت ئەمڕۆ مەسەلەی خاوەن پێداویستی تایبەت لێرە لە بڕگەیەك یان لە ماددەیەك هەوڵبدرێت جێگەی بۆ بكرێتەوە، چونكە بە حوكمی ئەوەی ئەو پارێزەرانەی كە خاوەن پێداویستی تایبەتن كەمتر هەلی كاریان دەست دەكەوێت و كەمتر كاریان پی دەسپێرێت لەلایەن هاوڵاتیانەوە، بۆیە ئومێد دەكەم رەچاوی ئەو خاڵە بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كەژاڵ هادی فەرموو.

**بەڕێز كەژاڵ هادی فەقێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری لە كۆی قسەكانی گەشە خان و د.پەری و منیرە خان دەكەم، د.ڤالاش حەلی بۆ دانا گوتی دوایی كێشەی خاوەن پێداویستی تایبەت بە ماددەیەكی جیا چارەسەر دەكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز ئومێد حەمە علی فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرسیارم تەنها لەسەر بڕگەی پێنجەم هەبوو، پیشەی پارێزەرایەتی پیشەیەكی فكریە، وابزانم لە رووی زمانەوانیەوە ئەوە باش نیە، پیشەی فكریمان نیە، یەعنی كاری فكری راستربێت، دروستربێت ئەوە باس بكەین، ئەوە جیا لەوەی كە ئەگەر گۆڕیمان بە كاری فكریش ئەوە وەكو د.ڕێوازیش ئاماژەی پێكرد كۆمەڵێك خەڵكی تریش هەن كارەكانیان كاری فكریە، یەعنی ئەگەر ئەمە جیاكاری بێت كاری فكری و كاری عەمەلی، بۆیە دەكرێت ئەو بڕگەیە لاببرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

داوای تێبنی لە بەڕێز سەرۆكی سەندیكا دەكەین بۆ لیژنەكە بنێرێت، موناقەشە لەسەر ئەم ماددەیە كۆتایی پێهات، چاوەروانی داڕشتنەوەی ئەم ماددەیە دەكەین، د. ڤاڵا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی پێنجەم بخەنە دەنگدانەوە زیاتر لە سی كەس پێشنیاری كرد كە هەڵبگیرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز سهام خان فەرموو.

**بەڕێز سهام عمر قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەنـی تێبینیەكـا وەكـو زمـانەوانی و زاراوە بێـژم ل مـاددی ئێـك بڕگەیـا چـواری ئەگەر لیـژنە تەوزیح بكەتن مەبەستا وان كەرتـی هـاوبەش ل نـاڤ دوو كەڤانـادا (قطـاع مخـتلط) نـزانم هەردوو نزیكـی یەك نیـنە، مەبەسـتا وان كەرتـی هـاوبەش پێتڤـیە نە مـوختەلەت بیـتن، موشترەك بیتن (مشترك)، ئەگەر مەبەستا وان پی فیعلەن موختەلەت بیت پێتڤیە كەرتی هاوبەش بێتە گۆهەرتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

موناقەشە تەواوبووە، بەڵام تێبینیەكە لە جێگەی خۆیدابوو، بەڕێز مەردان خدر فەرموو.

**بەڕێز مەردان خضر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

موناقەشـە نـیە، مـن پێمباشـە پـێش ئەوەی دەنگـی لەسـەر ماددەكـان بكرێـت تێبینیەكـانی بەڕێز نەقیبی سەندیكای پارێزەران وەربگرن، ئەگەر دەنگ لەسەر ماددەكان كرا تێبینیەكـان هیچ سوودی نامێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا ئەو هەماهەنگیە دروست دەكەیـن، ئـێمە تووشـی هەنـدێك كێشـەی رێكاری نە، خـوی دەبوایە رێگا بدرێت لە پەیڕەودا بنووسرێت كە حاڵەتی وادا كەسی پسپۆر لێرە دانیشـێت بـا قسە نەكات، بەڕێز د. ڤاڵا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو هەمـوارەی كە پێشكەشـكراوە سـەندیكا خـۆی پێشكەشـی كـردووە، سـەرۆكی هەر چـوار لـقەكە ئامـادەبوون لە لیـژنەی یاسـایی، لقـی (سـلیمانی، هەولێـر، دهـۆك، گەرمیـان)، بە ئامـادەبوونی ئەوان موناقەشـەكراوە و بە ئامـادەبوونی ئەوانـیش راپـۆرتەكە نووسـراوە، خۆشـیان سـەرۆكی سـەندیكا ئێسـتا لێـرە ئامـادەیە هەر هەموارێـك بكرێـت ئـێمە بە شێوەیەكی نا راستەوخۆ و نـا فەرمـی لە پەیوەندیـداین لەگەڵـی و داوای رەئیـان لێدەكەین، بۆیە هیچ شتێك بەبـی رای ئەوان نەكراوە و پڕۆژەی هەمـوارەكەش خـۆی هـی ئەوانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێـزان چـاوەروانی ئەوەیـن ئەو مـاددەیە دووبـارە داڕشـتنی بـۆ بكرێـت، تـا كـاتژمێر (2) بەردەوام دەبین، بەیانی كاتژمێر (10) دەست پێدەكەین بـۆ ئاگاداری ئێـوەی بەڕێـز، د. ڤاڵا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی پێنجەم بخەنە دەنگدانەوە زیاتر لە سی كەس پێشنیاری كرد كە هەڵبگیرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەو پێشنیارە دەخەینە دەنگدان كە بڕگەی پێنجەم لاببرێت، كـی لەگەڵدایە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (43) كەس لەگەڵدایە كە لاببرێت، زۆر سوپاس، كـی لەگەڵدانیە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ كەس نیە، كەواتە بە كـۆی دەنـگ پەسـەندكرا كە بڕگەی پێنجەم لاببرێت، ماددەی یەكەم بخوێننەوە.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بـڕگەیەك بە ریزبەنـدی چـوارەم بـۆ مـاددەی دووی یاسـاكە زیـاد دەكرێـت و بەم شـێوەیە دەخوێندرێتەوە:

ماددەی (1):
چوارەم: ماوەی پارێزەرایەتیکردن بە راژەیەکی شایستە دادەندرێت بۆ مەبەستەکانی دامەزراندن و سەر مووچە و پلە بەرزکردنەوەی خانەنشینی لە فەرمانگە فەرمیەکان و کەرتی هاوبەش (قطاع المختلط).
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
لەسەر (قطاع مختلط) تێبینی هەبوو، د.بەهار فەرموو.
**د.بەهار محمود فتاح:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
هەردوو تەعبیرەکە راستن لە کوردی کەرتی هاوبەش هاتووە، بەڵام مەبەست لە کەرتی هاوبەش (قطاع مختلط)ە لە عەرەبیدا، ئەگەر ئێستا ئێمە تێکی بدەین شائع نیە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێزان ئێستا ئەو ماددەیە بەو شێوازی کە خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان، کی لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (44) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کی لەگەڵدانیە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (1) کەس لەگەڵدانیە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، دەچینە سەر ماددەی دوو.
**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (2):
بڕگەیەك بە ریزبەندی دەیەم بۆ ماددەی چواری یاساکە زیاد دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
دەیەم: هەڵگری رەگەزنامەی عێراقی بێت لە کوردستانی عێراق بە شێوەیەکی هەمیشەیی نیشتەجی بێت.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە لەسەر ماددەی دوو، سێ کەس داوای موناقەشە دەکەن، بەڕێز ئومێد حەمە علی فەرموو.
**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ئەو دیاریکردن هەڵگری رەگەزنامەی عێراقی بێت و لە کوردستانی عێراق بە شێوەیەکی هەمیشەیی نیشتەجی بێت، ئەوەی لە کوردستانی عێراق بە شێوەی هەمیشەیی نیشتەجی بێت پێموایە مەرجێکی توندە، ئەگەر ئەوە لابرێت، باشترە، چونکە رەنگە پارێزەرکانی خۆمان لە بەغداش کار بکەن، یەعنی تۆ لێرە رێگری لەوە دەکەی کە کەسێك لە ناوچەیەکی تردا بێت مەسەلەن لە چوارچێوەی عێراقدا ئەوەی رەگەزنامەی عێراقی هەبێت لە هەرێمی کوردستان کار بکات رەنگە هەمان رێگری بۆ پارێزەرەکانی ئێمەش دروست ببێت لە دواتردا کە لە ناوچەکانی تری کار بکەن، تا ئەو کاتەی ئێمە لە چوارچێوەی عێراقدا دەمێنینەوە، بۆیە من بە باشی دەزانم ئەو بڕگەیە لابرێت، ئەو بەشە، بەڕێزان لیژنەی یاسایی، تەنها ئەو بەشەی لە کوردستان عێراق بە شێوەیەکی هەمیشەیی نیشتەجی بێت، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێز د.سرود فەرموو.
**بەڕێز د.سرود سلیم متی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم هەڵگری رەگەزنامەی عێراقی یان کارتی نیشتیمانی عێراقی زیاد بکرێت، لێرەش کە دەڵێت لە کوردستانی عێراق ئەوە ئیجتیهادێکی جەدەلی دروست دەکات، ئێمە لە سەندیکای دەرمانسازان کێشەکمان هەیە ئەوانەی بۆ نموونە لە کەرکوك دێنەوە دەڵێن ئێمە لە کوردستانین و لێرەش مافیان نیە، لە سەندیکا دەڵێت لە سنووری هەرێمی ئیدارەی کوردستانی عێراق ئینجا دەبێت مەشمول دەبن بە ئیمتیازات، بە تەسەوری من ئێستا ئەوە حەسم بکرێتەوە، باشترە، بنووسین لە هەرێمی کوردستانی عێراق بە شێوەی هەمیشەیی نیشتەجی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.رێواز فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە کۆبوونەوەی لیژنەش مولاحەزەم لەسەر ئەم دوو ماددەیە هەبووە بۆیە وەکو ئەندامێکی پەرلەمان قسە دەکەم، ئەو قسەیەی کە بەڕێز کاك ئومێد دەیکات زۆر دروستە، چونکە رەنگە پارێزەرەکانی ئێمە پرسیارم لێکردوون لە هەموو محاکمێکی عێراقی کراوەیە و دەتوانن کار بکەن، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم ئەم فەقەرەیە زیاد بکرێ، ئەم دەستەواژەیە زیاد بکری (هەڵگری رەگەزنامەی عێراقی بێت و لە کوردستانی عێراق بە شێوەیەکی هەمیشەیی نیشتەجی بێت بە رەچاوکردنی دەقی ماددەی پێنجی ئەم یاسایە)، بەڕێزان ئەگەر دەفەت هەبێت ماددەی پێنجی یاساکە دەخوێنمەوە کە دەڵێ (هەر پارێزەرێك ناوی لە لیستەی سەندیکایەکی دیکە نووسرابێت مافی ئەوەی هەیە بە پێی ئەو دەسەڵاتانەی خۆی کە بەرامبەر بە دەسەڵاتەکانی ئەندامی ئەو سەندیکایە هەیەتی لەبەردەم دادگاکانی دیکەی ناوچەکەدا مورافەعە بکات بە مەرجێك ئەوانیش چوون یەك مورافەعەیان هەبێت لەم دۆخەدا دەبێت پێشەکی رەزامەندی سەرۆکی سەندیکاکە وەرگیرابێت، یان رەزامەندی وەکیلی سەندیکاکە وەربگیرێت، نەك ئەگەر سەرۆك دیار نەبوو)، واتە ئەگەر پارێزەرێك نیشتەجێی کوردستانی عێراق نەبێت ئەندامی سەندیکای پارێزەرانی عێراقی بێت تەنها لەسەر ئەساسی (معاملة بالمثل)، مادام رێگە دەدرێت پارێزەرەکانی هەرێمی کوردستان لە پارێزگاکانی تری عێراق کار بکەن ئەوانیش رێگەیان پێ دەدرێت لێرە کار بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

داوا لە بەڕێز سەرۆکی سەندیکا دەکەین تێبینیەکانی خۆی بە پەلە بۆ لیژنەی یاسایی بنێرێت بۆ ئەوەی ئەم ماددەیە دووبار داڕشتنی بۆ بکرێت، بەڕێز مدینە ایوب لەبەر ئەوەی پارێزەری فەرموو، ئەگەر نا گفتوگۆ کۆتایی پێهاتبوو.

**بەڕێز مدینە ایوب احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ژی تیبینیەکا هەی ل سەر ڤی ماددێ، ئەز بەحسی ماددەیا چواری بڕگەیا ئێکی دبێژم، ماددەیا دووی قەسدا بە رێزبەندیا دەیەم بۆ ماددەیا چواری ئەڤ یاسایە نوکە گفوگۆیی ل سەر دکەن، بڕگەیا دە هاتیە زێدەکرن، ئەسڵی قانوی دبێژیتن دڤێت بەڵگەنامەیا بەکالۆریۆس بیتن یەك ژی زانکۆیێن هەرێما کوردستانی بیتن، بەڵام ئەوێن بەڵگەنامە بەکالۆریۆس ل زانکۆیا عێراقی بن ئەو دەرچوویێن زانگۆیێن دی بن ئەو ل بەر تاقیکردنی ناکەڤن، ئەڤە تەزاروبێت گەل ڤی ماددی ناکەتن؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پرسیارە ئاڕاستە دەکرێتن بۆ لیژنەی یاسایی، ئەگەر بە راوێژکاری لەگەڵ سەندیکا وەڵامی ئەو پرسیارەش بدرێت، د. ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فريد ابراهيم:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
هیچ تەنقوزێك و بە یەك دادانێك نیە لەو بارەوە، لەبەر ئەوەی یەكیان رەگەزنامەیە ئەو تریان پڕوانامەیە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمينكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
د. ڤالا فەرموو.
**بەڕێز د. ڤالا فريد ابراهيم:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
دوای تاوتوێكردن ئەندامانی لیژنە بەو شێوەیە ماددەی دووەمان داڕشتەوە.
ماددەی (2):
بڕگەیەك بە ریزبەندی دەیەم بۆ ماددەی چواری یاساكە زیاد دەكرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
دەیەم: هەڵگری رەگەزنامەی عێراقی بێت لە كوردستانی عێراق بە شێوەیەكی هەمیشەیی نیشتەجی بێت لەگەڵ رەچاوكردنی پرەنسیپی مامەڵەكردنی چوون یەك (المعاملة بالمثل).
**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمينكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
بەڕێزان ئێستا ئەو ماددەیە بەو شێوەیەی كە خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان، كێ لەگەڵدیە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ ((49) كەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، كی لەگەڵدانیە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (2) كەس لەگەڵدانیە، زۆر سوپاس، كەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندكرا، ماددەی سێیەم.
**بەڕێز د. ڤالا فريد ابراهيم:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
ماددەی (3):
ماددەی شەشی یاساكە هەموار دەكرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
یەكەم: نابێت نێوانی ئەندامیەتی سەندیكا و وەزیفە گشتیەكان یان سەندیكا پیشەییەكانی دیكە یان هەر سەندیكایەكی دیكەی پارێزەران كۆ بكرێتەوە.
دووەم: پێویستە سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیكا و سەرۆكی لقەكان خۆیان تەرخان بكەن بۆ كاری سەندیكا و كاری پارێزەرایەتی نەكەن لەو ماوەیەدا.
**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمينكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
بەڕێزان دەرگای گفتوگۆ لەسەر ماددەی سێیەم دەكەینەوە، دوو كەس موناقەشە دەكەن، بەڕێز د.پەری فەرموو.
**بەڕێز د.پەری صالح حميد:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
تێبینیەكەی من زمانەوانیە و سەندیكاش لیرەن حەز دەكەم بۆ هاتە هاتەیە بەكاری بێنن، دەخوێندرێتەوە نیە، دەخوێنرێتەوە، (د)ەكەی لەگەڵ نیە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمينكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
بەڕێز صالح فەقی فەرموو.
**بەڕێز صالح فەقی احمد:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
ماددەی سێیەم دووەمی ئێمە لە پارێزەرایەتیكردن لە خاڵی چوارەمدا بسمانكرد لە راژەی پارێزەر، لێرەش ئەو ماوەیە سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیكا و سەرۆكی لقەكان پارێزەر نین، ئایا ئەوە هیچ كێشە بۆ خزمەتەكەیان دروست ناكات، هەر وەكو تێبینی بۆ

لیژنەی یاسایی، لەبەر ئەوەی لەسەرەوە تەنها باسی پارێزەرمان کردووە لێرەش ئەوان لەو ماوەیەی کە نابێت پارێزەرایەتی بکەن، هەر بۆ بەرچاو روونیتان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.ابراهیم فەرموو.

**بەڕێز د.ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم نابێت نێوان ئەندامیەتی سەندیکا و وەزیفە گشتیەکان یان سەندیکا پیشەییەکان دیکە یان هەر سەندیکایەکی دیکە پارێزەران کۆ بکرێتەوە، ئەز نابینم ئەڤەیا ئەو وەکو ئەندامەکی سەندیکای پارێزەرانە هەمان دەمدا ئەندامی سەندیکایەتی ترە، یان ژی رێڤەبەرێکی گشتیە، یان وەزیفەیەکی هەی بەس ئەو ئیتمایە هەی، بەس ئەو ئینتیمایە تەجمید دەبیتن، ل ڤێری پیچەکی روونکردن پێتڤیە، یەعنی ئەوە یا مەسحومە دبێژیت ئەندامی سەندیکای پارێزەران بیت نابێت تۆ ئەندامی سەندیکایەکی دیتربت، پێچەوانە ئێمە یاسای رۆژنامەنووس یا هەی، یا هونەرمەندا هەی، مە یا پارێزەرا هەی، پارێزەرێك ئەندامی سەندیکا هونەرمەندان ژی، ئەندامی سەندیکای یەکا دی ژی، ل ڤێری وی رێکی لی دەبڕیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د. ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ پرسیارەکەی کاك صالح ئەوە وازحە ئێمە دەڵێین تەنها خۆی تەرخان بکات بۆ سەندیکا، یەعنی پارێزەرایەتی لی وەرناگیرێتەوە، ئەو پارێزەرە، بەڵام کاری پارێزەری ناکات ئەو چەند ساڵەی کە هەیە، لە جیاتی ئەوەی پارێزەرایەتی بکات خزمەت بە سەندیکا و بە پرۆگرام و بەرنامەکانی سەندیکا دەکات ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەمیش بۆ د.ابراهیم دیارە ئەوە لێرە لەسەر داوای خۆیان بووە سەندیکا، خۆتان دەزانن پیشەی پارێزەرایەتی جیاوازی هەیە لەگەڵ هەموو پێشەکانی تر، یەك: داهاتی هەیە، دوو: سەندوقی خانەنشینی تایبەت بە خۆی هەیە، بۆیە زۆر کارێکی ئاساییە ئەگەر کۆکردنەوە تێیدا قەبول نەکرێت لەگەڵ میهنەیەکی تر و کارێك تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز سەرۆکی لیژنە قسەکانی منی کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان موناقەشە لەسەر ماددەی سی کۆتایی پێهات، ئێستا بە داڕشتنێکی نوی دەخەینە دەنگدان.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (3):

ماددەی شەشی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

یەکەم: نابێت نێوانی ئەندامیەتی سەندیکا و وەزیفە گشتیەکان یان سەندیکا پیشەییەکانی دیکە یان هەر سەندیکایەکی دیکەی پارێزەران کۆ بکرێتەوە.

دووەم: پێویستە سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکا و سەرۆکی لقەکان خۆیان تەرخان بکەن بۆ کاری سەندیکا و کاری پارێزەرایەتی نەکەن لەو ماوەیەدا.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەو ماددەیە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (48) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانیە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (1) کەس لەگەڵدانیە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، ماددەی چوارەم.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (4):

ماددەی یانزەی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

یەکەم: ئەنجومەنی سەندیکا بنەماو پێوەرەکانی قەبولکردن و تۆمارکردن لە سەندیکا دیاری دەکات بە ژمارەی ئەو کاسەنەش کە تێیدا وەردەگیرێن.

دووەم: سەندیکا مافی هەیە پەیمانگایەك یان ناوەندی تایبەت دەبمەزرێنێت بۆ ئامادەکردن و راهێنان و شیاندنی ئەوانەی بە نیازن ببنە ئەندام لە سەندیکا یان ئەوانەی ئەندامن تێیدا، وە کاروباری ئەوانەی دەیان گرێتەوە بە پەیڕەوێك رێك دەخرێت کەوا ئەنجومەنی سەندیکا بڕیاری لەسەر دەدات.

سێیەم: بە رەچاوکردنی حوکم و بنەماکانی هاتوو لە بڕگەکانی یەکەم و دووەمی ئەم ماددەیە پارێزەران بە پێی ناو نووسران و بەر لەبەر یەکتری (الاقدمیة) لەو ناوانەی خوارەوە پێکدێت:

1- ناوی پارێزەر - راوێژکار.
2- ناوی پیادەکار - الممارسون.
3- ناوی پارێزەرە مەشق پێکراوەکان - المتمرنین.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە لەسەر ئەم ماددەیە، کێ موناقەشەی هەیە؟ بەڕێز کەژاڵ هادی فەرموو.

**بەڕێز کەژاڵ هادی فەقێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەم سەندیکا مافی هەیە پەیمانگایەك یان ناوەندی تایبەت دابمەزرێنێت، تێبینیمان لەسەر ئەو پەیمانگایە هەیە، یەعنی هیچ پێوەرێکی بۆ دانەنراوە، ئایا ئەو پەیمانگایە هەر ئەوها بە رەهایی دەکرێتەوە؟ یەعنی ترسی ئەوەمان کە پەیمانگا یان ناوەند سەندیکا خۆی بیکاتەوە دوای ئەو کاتەش وەکو هەموو دەزگا و موئەسەسەکانی دیکە بڕوات و بە حیزبی بکرێت، نەتوانرێت خەڵکێکی زۆر تێیدا سوودمەند ببێت، بۆیە لەگەڵ بڕگەی دووەم نین لەو ماددەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز قادر ئۆتمان فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی دووەم من پێمباشە لە بری ئەوەی کە مافی هەبێت هەر پێویست بێت بیکاتەوە، یەعنی مافی هەیە دەتوانی بیکاتەوە و دەشتوانی نەیکاتەوە، بەڵام ئەو ناوەندە یان ئەو پەیمانگایە بۆ ئەو پیشەیە زۆر پێویستە، یەعنی ئیجباری تێدابێت بۆ کردنەوە، سەبارەت بە بڕگەی سێیەمیش ئەوەی ئەقدەمیە یاخود پارێزەر ماوەکان

دیاریکراون کە لە پلەیەکەوە دەچێتە پلەیەکی دیکە، من پێشنیار دەکەم کە بەراستی بە مەرج دابنێین کە لایەنی کەم ئەو پارێزەرە بە نموونەوە لە پلەیەکەوە کە دەچێتە پلەیەکی دیکە لایەنی کەم ساڵانە پێنج دەعوای بینی بێت، چونکە هەندی پارێزەر هەیە کە هیچ دەعوایەك نابینی و ناسنامەکەی هەیە و لە پیادەکارەوە لە کاراوە دەبێت بە راوێژکار، ئەوەش بۆخۆی ئیمتیازاتی دیکەی لی دەکەوێتەوە، قسە لەسەر ئیمتیازات نیە، قسە لەسەر مومارسەکردنی پیشەکەیە، بۆیە پێشنیاری من ئەوەیە کە دەقێك بچەسپێنی کە بە مەرج دایبنێین کە ساڵانە نابێت لە پێنج دەعوا کەمتری بینی بێت بۆ ئەوەی لە پلەیەکەوە بچێتە پلەیەکی دیکە، چونکە بە پێی قانون تەنها ماوەکان، ساڵەکان دیاریکراون، بەڵام مەرجی بینینی دەعوا لە محاکم دیاری نەکراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ئومێد حەمە علی فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەکەم ئەنجومەنی سەندیکا بنەما و پێوەرەکانی قەبولکردن و تۆمارکردن لە سەندیکا دیاری دەکات، سەرەنجم داوە لە زۆربەی دەقەکاندا دیار دەکات لە جیاتی دیاری دەکات بەکار دەهێنن، دیار دەکات ئەوەندەی من بزانم راست نیە، ئەوە مانایە نادات کە پێویستە، بۆیە پێویستە لە هەموو دەقەکە ئەوە راست بکرێتەوە، لە پاش ئەوە ئەوە بگۆڕدرێت ژمارەی ئەو کەسانەش کە تێیدا وەردەگیرێت، ئەوەندەی من تێی دەگەم لە رووی زمانەوەنیەوە ئەمە نا تەواوە، ئەو (بە)یە لابرێت، بەم شێوەیە بخوێندرێتەوە فاریزەیەك دابنرێت لەگەڵ ژمارەی ئەوانەی وەك ئەندامی سەندیکا وەردەگیرێن، بەو شێوەیە بنووسرێت لەگەڵ ژمارەی ئەوانەی وەك ئەندامی سەندیکا وەردەگیرێن، بڕگەی دووەم سەندیکا مافی هەیە پەیمانگایەك یان ناوەندی تایبەت دابمەزرێنێت بێگومان ئەو نیگەرانیەی لەسەرە منیش هەمان نیگەرانیم هەیە بۆ دامەزراندنی ئەو پەیمانگایە، من پێشنیار دەکەم هەڵبەت ئەوە گرنگە ئەو پەیمانگایە، بەڵام دابمەزرێنێت لەسەر بنەما زانستی و پیشەییەکان، لەسەر بنەمایەکی زانستی پیشەییانە، دیار ئەگەر هاوڕێیانی تریش موناقەشەی ئەوە بکەن کە پشت ببەستی یاخود هەماهەنگی بکات لەگەڵ دامەزراوە زانستی و پەروەردەیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەم مەسەلەیە ئەوە گرنگ دەبێت، بەڵام لەسەر بنەمای زانستی و پیشەیی بۆ ئەوەی ئەگەر ئەو دەقە بنووسرێت بۆ ئەوەی رێگری لە ئەنجامدانی ئەو جۆرە کارانە کە کەژاڵ خان باسیکرد ئەوە بکرێت شتێکی باش دەبێت، لە دێری دووەمدا شیاندنی ئەوانەی بە نیازن ببنە ئەندام لە سەندیکا، لە سەندیکا ئەوە زیادە، یەعنی ئەو زیادانە ئەگەر لاببەن، چونکە وازحە ئێمە باس لە سەندیکا دەکەین و لە پێشتر سەندیکا هاتووە، لە کۆتایی بڕگەکە کە دەڵێت کاروباری ئەوانەی دەیانگرێتەوە بە پەیڕەوێك رێك دەخرێت کەوا ئەنجومەنی سەندیکا بڕیاری لەسەر دەدات، بەراستی لە رووی زمانەوانیەوە زۆر خراپە، دەکرێت بەم شێوەیە رێکبخرێتەوە رەنگە ئەوەی منیش نا تەواوی تێدابێت، بەڵام بۆ ئەوەیە کە چاکی بکەن، ئەنجومەنی سەندیکا بڕیار لە پەیڕەوێك دەدات بۆ رێکخستنی کاروباری ئەوانەی حوکمی ئەم بڕگەیە دەیانگرێتەوە، دەکرێت بەو شێوەیە بێت ئەنجومەنی سەندیکا بڕیار لە پەیڕەوێك دەدات بۆ رێکخستنی کاروباری ئەوانەی حوکمی ئەم بڕگەیە دەیانگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سهام عمر فەرموو.

**بەڕێز سهام عمر قادر:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
سـەبارەت بە ماددەیـا چـواری هەمواركرنـا وی بڕگەیـا ئێكـی پشـتگیریا كـاك ئومێـد دكەم، ژمـارەی ئەو كەسـانەش تێیـدا وەردەگیـرێ، ئەو سـیغەتا ئەوی گـوتی وی شـێوازی بیـتن، دیسـان پشـتگیریا كەژاڵ خـانی دكەم، سـەبارەت بە هەبوونـا پەیمانگـاهەكی كـو سـەندیكا ماف هەبیتن دابمەزرینیتن نەزانم یان دبیتن شێواز بهێتە گوهاڕتن، بـۆ نمـوونە یـان پێتڤیە پەیوەسـتیەك بیـتن یـان ژی هەنـدەك سـنوور بهێـتە دانـان، چـونكی ڤەكرنـا پەیمانگـاهەكی پێتڤیە یا گرێدای بیتن بە وەزارەتا خوێندنا باڵاڤە رێنمـایی وێـڤە، ژبەر هەنـدی مـوراجەعە بـۆ ڤی بڕگەیی پێتڤیە بهێتە كرن، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
بەڕێز د.جوان فەرموو.
**بەڕێز د.جوان اسماعیل عزیز:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی چوارەم بڕگەی سێیەم باسی ئەقدەمیە دەكات بەر لە یەكتری، ئەگەر پێشخستن بێت باشترە بە من، یەعنی ئەو وشەیە زۆر وارد نـیە، بە نیسـبەت یەك و دوو و سـێ نـاوی پـارێزەر، یەعنـی پـارێزەر هەر راوێژكـار، پـارێزەر یەعنـی محامـات، بەو مانـایە دەبێـت بڵێـی نـاوی پـارێزەر نـاوی محـامی، یـان بڵێـی نـاوی موستەشار ئەوجا مانای راوێژكاری دەدات، سێیەمیش ناوی پارێزەرە مەشقكارەكان باشترە بڵێی (المتدربین)، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
بەڕێز صالح فەقی فەرموو.
**بەڕێز صالح فەقی احمد:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
خاڵی دووەم ئەوانەی بە نیازن زۆرجـار كەسێك بە نیـازی شتێكە و ناشی كـات، بـۆیە ئەگەر وشەی نیازەكە بگۆڕێت بە دەیانەوێت یـان تۆمـار دەكرێـت، وشـەی نیـاز بگۆڕدرێـت، ئەوەی خاڵی سێیەم (متمرنین) یان (متمرنون)ە، بە (واو)ە یان (فتحة)، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
گفتوگـۆ لەسـەر ئەو مـاددەیە كۆتـایی هـات، چـاوەڕوانی تێبینیەكـانی بەڕێـز سـەرۆكی سەندیكاین، داڕشتنەوەی ماددە لەلایەن بەڕێزان لیژنەی یاسایی، بەڕێـز شـوكریە نـوقتەی نێزامی هەیە، فەرموو.
**بەڕێز شوكریە اسماعیل مصطفی:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
ویستم یەك شت بەبیـر هەمـوو لایەك بهێـنمەوە دیـارە دوو سـاڵ لەمەوبەر مشـتومڕێكی زۆر روویدا سەندیكای پارێزەران ویستیان ئەو كاتە پەیمانگایەك بكەنەوە، بەڵام ئێمە دوای هەولێكی زۆر و گفتوگۆیەكی زۆر لەگەڵیان گەیشتینە ئەوەی كە ئەوان ماوەی ساڵێك زیـاد بكەن، دیارە كۆلێژی یاسا چوار ساڵ بوو، بەڵام ئێستا بووە بە پێنج ساڵ، بەڵام ئەوان ئێسـتا بێن شتێكی تریشی بـۆ زیـاد بـكەن بـۆ نمـوونە كـردنەوەی پەیمانگایەك، عـادەتەن پەیمانگـا دوو ساڵە، دیاری بكرێت دیاریكردنەكە زۆر پێویستە، بۆ نموونە لە سێ مانـگ زیـاتر نەبێـت، چونكە پێموایە كە ساڵێكی بۆ زیادكراوە لەسەر خوێندنەكەیان، ئەگەر سێ مانگی تـریش لە كـاتی پێویسـتی دەورەیەكیـان بـۆ بكـرێتەوە ئەوە كیفـایەتە، نەك بـاری دەرچـووانی كـۆلێژی پزیشكی لەوە زیاتر قورستر و درێژخایەنتر نەكرێت، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕوونکردنەوەیەك لەلایەن د.بەهار، فەرموو.
**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بەو تێبینییەی شوکریە خان ئەو پەیمانگایە دوو ساڵ نیە، ئەوە پەیمانگای خوێندنی بەدەستهێنانی بڕوانەمەی دبلۆم نیە، ئەوە پەیمانگایەکە بۆ دەورە دەیکەنەوە بە پێی ئەو پەیڕەوەی کە سەندیکا دایدەنێت ماوەکەی لە سێ مانگ بۆ شەش مانگ تێپەڕ ناکات، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێز د.ابراهیم فەرموو.
**بەڕێز د.ابراهیم احمد سمۆ:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
مە گۆت ئەو مولاحەزە بێتن مولاحەزەیەکا تەعلیمی بێژن، ئەو یا پارێزەران کو بوویە پێنج ساڵ فورسەتە سەرۆکی سەندیکا ڤێرێیە، ئەڤرۆ مشتومڕەکا زێدە دێتەکرن، دانیشتنی دێنەکرن کو ئەو تەجروبە فاشل بوویە پێنج ساڵ، چونکی مەنتق نەبووە، میزاج بوو، هەندەك تەدخولات هاتنەکرن، یان پێنج سالی تەجروبەیەکا فاشل بوو ل کوردستانی هاتیەکرن، نەخاز مە دەرەجە نەجاحەتی کریە (60%)، هەروەها چوار مادە کردبوونە وەزاری، خۆزی ل کوردستانی تاقیکردنێت مە یێت شەشی ئامادەیی ژی وەك وان وەزاریا بانە ئەڤێت کو گەلەك تەلەبی مە باجی وی دەدات، ژبەر هەندی ژی ئەو تەجروبە پێنج سالی بە قەناعەتا من فەشەلا هێنای لەو را ئەز داخاز دکەم ئەگەر وی ئیزافی بکەت کو شوێنە دەورەبن پارێزەران ڤە کەن، هەر پەیمانگایەك بیت بۆچی پەیمانگایەك نەبیت پەیمانگایەك ساڵەکی بیت یان دوو ساڵ ژی بیت، بەدیلی هەندی تە سەقافەتا قانونی ل دەڤ پارێزەری زێدە کەت، چونکی چوار ساڵ سەقافەتا قانونی زێدە ناکەت، مومارسەکرنا پارێزەریی سەقافەتا قانونی زێدە دکەن هەر بۆ زانیاری، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو بەڕێز کەژاڵ هادی.
**بەڕێز کەژاڵ هادی فەقێ:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
داوا دەکەم لە بەڕێزتان و بەڕێزانی لیژنەی یاسایی دەنگدان بۆ ئەو بڕگەیە زۆر وریا و هەستیاربین، چونکە وەکو ئەو بەڕێزانە کە د.ابراهیم و خوشکە شوکریە ئاماژەیان پێکرد قوتابیانی کۆلێژی یاسا ئەرکیان زۆر قورس بووە، دواتر بێین پەێمانگایەکیانیش بۆ بکەیتەوە وەکو پرسی بە حاکم بوونی لی دەکرێت، خەڵکێکی زۆر لەوەی کە ببێت بە حاکم مەحروم بووینە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێز د. ڤاڵا فەرموو.
**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
دوای وەرگرتنی را و پێشنیاری بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان و تاوتوێکردنی لەلایەن ئەندامانی لیژنەی یاسایی ماددەکە بەو شێوەیە دادەڕێژرێتەوە.
ماددەی (4):
ماددەی یانزەی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
یەکەم: ئەنجومەنی سەندیکا بنەماو پێوەرەکانی قەبولکردن و تۆمارکردن لە سەندیکا دیاری دەکات.

دووەم: سەندیکا مافی هەیە پەیمانگایەك یان ناوەندێکی تایبەت لەسەر بنەمای زانستی و پیشەیی دەبمەزرێنێت بۆ ئامادەکردن و راهێنان و شیاندنی ئەوانەی دیانەوێت ببنە ئەندام لە سەندیکا یان ئەوانەی ئەندامن تێیدا، ئەنجومەنی سەندیکا پەیڕەوێك دەردەکات بۆ رێکخستنی کاروباری ئەوانەی کە حوکمی ئەو بڕگەیە دەیانگرێتەوە.
سێیەم: بە رەچاوکردنی حوکم و بنەماکانی هاتوو لە بڕگەکانی یەکەم و دووەمی ئەم ماددەیە پارێزەران بە پێی ناو نووسران و پێش یەکتری (الاقدمیة) لەو ناوانەی خوارەوە پێکدێت:

1- ناوی پارێزەر - راوێژکار.
2- ناوی پیادەکار - الممارسون.
3- ناوی پارێزەرە مەشق کارەکان - المتمرنین.

ئەو ناوانە هەمووی سەندیکا خۆی پێشنیاری کردووە و بە ئامادەبوونی سەرۆکی هەر چوار لقەکە ناوەکان داندراون، لە ئەسڵی یاساکەش ناوەکان بەو شێوەیەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەو ماددەیە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (54) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانیە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (3) کەس لەگەڵدانیە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ ئەو ماددەیە پەسەندکرا، روونکردنەوەیەك لەلایەن بەڕێز د.بەهار، فەرموو.

**د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها بۆ دڵنیایی ئەوانەی کە ئیقتراحی ئەوەیانکرد و ترسیان هەبوو لە بڕگەی دووەم، ئێمە بە جۆرێکی تر چارەسەرمانکرد، لە بڕگەی یەکەمدا ژمارەی ئەو کەسانەی کە تێیدا وەردەگیرێن لامان برد، یەعنی ئەو سەڵاحیەتەمان لە سەندیکا وەرگرتەوە بۆ دڵنیایی بڕگەی دوای ئەوە و بنەمای زانستی، ئەوانەشمان بۆ ئیزافەکرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەچینە سەرە ماددەی پێنجەم، د. ڤاڵا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (5):

بڕگەی یەکەمی ماددەی سیانزەی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
یەکەم: پێویستە پارێزەر ساڵانە بەرامبەری بەشداربوون و رسوماتی بریار دراو لە ماوەی هەردوو مانگی کانونی دووەم و شباتی هەر ساڵێك بدات، لە کاتی دواکەوتن لە وادەی دیاریکراو رێژەی لە (25%) بەرامبەر بە بەشداربوون و رسوماتی ساڵانەی بۆ زیاد دەکرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە بۆ موناقەشەکردنی ئەم ماددەیە، کێ دەیەوێت قسە بکات؟ بەڕێز قادر ئۆتمان فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە قەناعەتی من رێژەی (25%) زۆرە، پێشنیار دەکەم بکرێت بە (15%)، چونکە هەندی قوناغ هەیە بۆ نموونە قەیرانی دارایی، یەعنی کاری ئەوانیش کاریگەری لەسەر داهاتەکەش دەبێت، بۆیە ئیجرائاتی پێبژاردنیش هەیە، بۆ نموونە لەوەی سەندوقی خانەنشینی، بۆیە پێشنیار دەکەم بکرێت بە (15%)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.ابراهیم فەرمoo.

**بەڕێز د.ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دڤیا پیچەکی روونتر پێژم، بەس شیا کاك قادر بێژی، پێویستە پارێزەر سالانە بەرامبەر بەشداربوون رسوماتی بدات یان لە ماوەی هەردوو مانگی کانونی دووەم و شبات هەر سالێك بدات لە کاتی دواکەوتنی لە وادەی دیاریکراو لە رێژی (25%)، بە قەناعەتا من ئەڤ مادده گەلەکی گران لەسەر پارێزەری، ئێك: تەحدیدکرنا دوو هەیڤا کو تو مولزەمی بکەی ئیلا دڤێت لە نێوان دوو هەیڤادا تو پارە بدەی سالا ل بەر تە (السنة المالية)، یا سالی یا دیارە، بۆچی ئەز دوو هەیڤا تەحدید دکەم بەلکی پارێزەرەکی ل دەرڤەیە، رەخێکی دی تر، یان تەوکیلەکی (من یخول) تەخویلەك هەبا، تشتەکی تێدا هەبایە دا وی پارێزەری ژی نەچووبایە، یا دوو هەیڤا تەسبیت کرن ڤی دوو هەیڤا یا خەڵەتە، هەروەها رێژەیا (25%) گەلەکە، یەعنی ئەگەر ئەو دزانن رسوماتە، جەنابی سەرۆکی سەندیکایا پارێزەران دزانیت رسوماتێت سەندیکایی گەلەکن، نەکو کەمن، دێجە ئەگەر بێتو (25%) کە لە نێوان دوو هەیڤا نەچی، (25%) گەلەکە بۆ پارێزەرەکی ئەگەر هاتوو سودفە ژی قەیرانەکا دارایی هەبت ئێکجار یا خراپە، بە قەناعەتا من گەلەکا تەبیعی و یی سروشتیە وەکو نەریتەك بێختە تێدا، بلا رێژەیەك تێدا هەبت (5%) بۆ (10) ئەگەر بۆ دوو هەیڤا مان، چونکی ئەگەر هەردوو هەیڤا لادەن هەما یا دروستە سالانە تو نەهاتی (25%) ژی بێتە بڕین ئەگەر سالانە تەجدید نەکەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز شوکریە خان فەرمoo.

**بەڕێز شوکریە اسماعیل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێموایە بەراستی ئەو لە (25%)یە گەلەك زۆرە بکرێتە لە (10%) یان کەمتر لە (10%)، ئەو دوو مانگەش مانگێکی تری بۆ زیاد بکرێت، رەنگە ئەو کەسە لە سەفەر دابێت یاخود نەخۆش بێت، کانونی دووەم و شبات و مانگی ئاداریشی بۆ زیار بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز صالح فەقی فەرمoo.

**بەڕێز صالح فەقی احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر هەمان تێبینیم لەسەر ئەو (25%)یە، جاری وایە رەنگە پارێزەرێك یەك رۆژ بەهۆی کێشەیەکەوە نەتوانێت دوا بکەوێت ناکرێت بۆ رۆژێك (25%)، من (10%)م پی باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مدینە ایوب فەرمoo.

**بەڕێز مدینە ایوب احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەیا پێنجی بڕگەیا ئێکی ل ئەسڵی قانونەکە ئەگەر بزڤڕینەوە بەس کانونا دووی بی، ل ڤێری شباتا سەر زێدە کری، ئەگەر ئەم بهێین سەح کەینی ئەو وادەی هاتیە دیارکرن رێژەیا (25%) رێژەیەکا دروستە و هیچ دەستکاری نەهێتەکرن، ئەگەر دیسان بزڤڕینەوە سەر ئەسڵی قانونی (50%) بوویە وا بزانم، (50%) و (25%) نیڤا وێ، یەعنی ئەڤ رێژەیە گەلەك دروستە وەکی خۆ بمینیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێز علی سپیندارى فەرموو.
**بەڕێز علی علی هالۆ:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ئەز ژی تەئکید دکەم ئەو رێـژە هـاتیە تەحدیـدکرن رێژەیەکـا گەلەکە، پێشـنیار دکەم (15%) تێپەڕ نەکات، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێـزان گفتوگـۆ لەسـەر ئەم مـاددەیە کۆتـایی هـات، چـاوەروانی تێبینیەکـانی سـەرۆکی سـەندیکای پـارێزەران دەکەیـن، هەروەهـا داڕشـتنەوەی مـاددە لەلـایەن لیـژنەی یاسـایی دەکەین، بەڕێز د.رێواز فەرموو.
**بەڕێز د.رێواز فائق حسین:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ئێمە لە لیژنە لەسەر داوای سەندیکا ئەمەمان کردووە، بەڵام ئەوە بۆ بەرچاو روونـی بـدەم کە (50%) بووە کردوومانە بە (25%)، هەروەها یەك مانگ بـووە کردوومـانە بە دوو مانـگ، یەعنــی ئەگەر ئــێمە بیکەیــنە (10%) زۆر لەوە کەمتــر دەبێــتەوە کە پێشــتر وەرگیــراوە، رسوماتیش زۆر نیە، ئەوەی کە بۆ سەندوقی خانەنشینی دەدرێت بڕەکەی زۆرە، دەتـوانین دواتر دەزانم ئەوەی کە زانیاری هەیە لەسەر ئەو پارانەی کە پارێزەر دەیدات، دەزانم بڕێکـی زۆرە، بەڵام ئەوەی کە سەندوقی خانەنشینی بڕەکەی زۆرە، ئەگەر نا رسوماتی ئەنـدامیەتی بــۆ ئەنــدامێکی ســەندیکای پــارێزەران کە دەعــوا ببینێــت بەو شــکلە نــیە، کاروبارەکــانی سـەندیکاکە پەکـی دەکەوێـت ئەگەر بەو شـێوەیە ئـێمە مـامەڵەی لەگەڵ بکەیـن، ئـێمە لە لیژنە پێمانباشە وەکـو خـۆی بمێنێـتەوە کە لە نـاو پڕۆژەکە هـاتووە دوای مـوداوەلە، چـونکە پێشتر (50%) بووە، لە قانونی بەرکاردا (50%) بووە و بووە بە (25%)، یەك مانگ مەجالیـان هەبووە بووە بە دوو مانگ، لەبەر ئەوە ئێمە وەکو لیژنە پێمانباشـە وەکـو خـۆی بمێنێـتەوە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
فەرموو د.ابراهیم.
**بەڕێز د.ابراهیم احمد سمۆ:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ئێمە چوار، پێنج کەس مە داخازکر کو دوو هەیڤ نەبیت و رێژە بێتە خارێ، بـۆ مە هەیە کـو رەئیا مە ژی بێتە دەنگدانی کە وەکی مە بیت یان نا، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
روونکردنەوە لەلایەن د.ڤالا، فەرموو.
**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
وەکو بەڕێز مدینە خان باسیکرد کە پێشتریش پیشەی پارێزەرایەتی مومارسەکردووە لە نـاو یاسـاکەدا (50%) بــووە ئــێمە بە ئامــادەبوونی ســەندیکا و بە وەرگرتنــی رای ئەوان و بە موافەقەی ئەوان کردوومانە بە (25%)، هەروەها تەنها یەك مانگ بـووە کردوومـانە بە دوو مانگ، پێموایە کەمتر لەو نیسبەیەی کە تەحدیدکراوە و کەمتریش لەو ماوەیەی کە تێیدا تەحدیدکراوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئینزیبات و زەبت و رەبت لە ناو میهنەی پارێزەرایەتیدا نەمێنێت، بۆیە ئەوە بە نەزەری ئیعتیبار وەرگرن، هیوادارم وەکو خۆی بـدرێتە دەنگدان، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێز د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نیقابەی پارێزەران تەمسیلی پارێزەران دەکەن خۆیان لە وەزعی خۆیان باشتر دەزانن، جگەلەوە کارێکی تەنزیمیە بۆ هەموو سەندیکاکان، من پێشتر ئەندازیاربووم لە سەندیکای یەکێتی ئەندازیاران ئەگەر لە ماوەی مانگێکدا ئەو رسوماتەمان نەدایە موخەسەساتی ئەندازیاریەکەیان دەبڕین ئەوە لە پێناوی تەنزیمدایە، بۆیە ماوەکە کراوە بە دوو مانگ، دوو مانگ ئەوەی کە نیەتی بێت ئەو پیشەیە مومارەسە بکات دوو مانگەکە کافیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز منی قهوەچی فەرموو.

**بەڕێز منی نبی نادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پابەندین لەسەر راپۆرتەکەی خۆمان، داوا دەکەین هەر وەکو خۆی بدرێتە دەنگدان و دەنگی بهێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

د. ڤاڵا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (5):

بڕگەی یەکەمی ماددەی سیانزەی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

یەکەم: پێویستە پارێزەر ساڵانە بەرامبەری بەشداربوون و رسوماتی بڕیار دراو لە ماوەی هەردوو مانگی کانونی دووەم و شباتی هەر ساڵێك بدات، لە کاتی دواکەوتن لە وادەی دیاریکراو رێژەی (25%) بەرامبەر بە بەشداربوون و رسوماتی ساڵانەی بۆ زیاد دەکرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەو ماددەیە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (49) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانیە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (8) کەس لەگەڵدانیە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا ئەو ماددەیە، ماددەی شەشەم.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (6):

بڕگەی چوارەمی ماددەی شانزە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

چوارەم: ماوەی راژە لە دادگاکان داوکاری گشتی فەرمانگەکانی دادوەری یان بەڕێوەبەرایەتیەکانی ماف لە یەکێك لە فەرمانگەکانی هەرێم یان وانە وتنەوە لە کۆلێژی یاسا لە دوای وەرگرتنی بڕوانەمەی بەکالۆریۆس لە یاسا یان ئەوەی هاوتایەتی بۆ مەبەستەکانی پلە بەندی دەق کراو لەم یاسایە هەژمار دەکرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان دەرگای گفتوگۆ لەسەر ئەم ماددەیە دەکەینەوە بۆ موناقەشەکردن، دوو کەس داوای دەکەن کە قسە لەسەر ئەم ماددەیە بکەن، بەڕێز د.جوان فەرموو.

**بەڕێز د.جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت وانە وتنەوە لە کۆلێژی یاسا، وانە وتنەوە لە زانکۆ لەسەر ئەساسی ئەوەی دەبێت حەسەب یاسای خوێندنی باڵا و حەسەب رێنمایی وەزارەتی خوێندنی باڵا، ئەوەی

وانە وتـنەوەی لە کـۆلێژی دەدات دەبـی بـڕوانەمەی ماجسـتێری هەبێـت (یحمـل شـهادة ماجستر و لایقل لقبـه العلمـی عـن مـدرس مسـاعد)، واتە لیـژنەیەکیش لەسـەر ئاسـتی وەزارەتـی خوێنـدنی باڵا یـان لەسـەر ئاسـتی سـەرۆکایەتی زانکـۆ ئەو لیـژنەیە دادەنـدرێت ئیختیبار دەکرێت ئەو کەسەی بەکالۆریۆسی وەرگرتـووە لە ئیختیساسـەکی مـوعەین، ئینجا ئەگەر شـایەنی ئەوەبێـت پاشـی ئیختیبـارەکە ئەگەر سـەرکەوتوو بـوو لەقەبـی زانسـتی دەدرێتی بە (مدرس مساعد)، ئەو کاتی حەقـی هەیە وانە وتـنەوە لە کـۆلێژی بـدات، لەبەر ئەوە دەپرسم لە بەڕێزانی لیژنەی یاسایی (هل یحـق لحمـل شـهادة بکالوریوس) موحـازر بێت؟ لە یەك حاڵەتی هەیە، بەکالۆریۆس وەردەگرێت لەقەبی ئەوە وەردەگری (معید) یـان (مساعد باحـث)، ئەگەر مـوختەبەرات هەبێت یـارمەتی مامۆستای ئەساسی دەدات، بەڵام حەقی نیە و مافی نیە بچێت وانە وتنەوەی بڵێت لە قاعەی دیراسی لە زانکۆ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز قادر ئۆتمان فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بەو مـاددەیە پێشـنیار دەکەم ئەوانەی کە تـایبەت کـاری یاسـایی دەکەن لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکان و وەزارەتەکانیش، یەعنـی کاریـان تەنهـا بـۆ نمـوونە لێپرسـراوی هـۆبەی یاسـاییە، پێشـنیار دەکەم ئەوانەش بگـرێتەوە، ئەوانەی بە تـایبەت کـاری یاسـایی دەکەن، بەرپرسـی فەرمـانگەیەکن بـۆ ئەم مەبەسـتە دانـراوە لە وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتیەکان، بـۆ نمـوونە لە بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی پەروەردە بەشـێك هەیە بەشـی یاسـاییە و کەسـێکی دەرچـووی یاسـا هەیە لێپرسـراوی ئەو بەشـەیە و کـاری قـانونی بەڕێوەبەرایەتیەکە دەکات، یان لە وەزارەتەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

موناقەشـە لەسـەر ئەم مـاددەیە کۆتـایی هـات، چـاوەروانی تێبینـی بەڕێـز سـەرۆکی سەندیکاین ئەگەر هەبێت، سەرۆکی لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیار و روونکردنەوەکەی بەڕێز د.جـوان زۆر لە جێگـای خـۆیەتی، یەکێك لە فەرمانگەکـانی هەرێم یان وانە وتـنەوە لە کـۆلێژی یاسا دەبێت فـاریزە (،) دابنرێت، ئینجا دەڵێی لە دوای وەرگرتنـی بڕوانـامەی بەکـالۆریۆس لە یاسـا یـان ئەوەی هاوتـایەتی، چـونکە وازحە ئەوەی ماجستێری نەبێت لەقەبی زانستی وەرنەگرێت ناتوانێت وانە بڵێتەوە، بـۆیە بە فـاریزەیەك چارەسەری ئەوەمان کرد ئەگەر بەڕێزتان رێگا بدەن دوا داڕشتن دەخوێنینەوە بۆ دەنگدان.

ماددەی (6):

بڕگەی چوارەمی ماددەی شانزە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

چـــوارەم: مـــاوەی راژە لە دادگاکـــان داوکـــاری گشـــتی فەرمانگەکـــانی دادوەری یـــان بەڕێوەبەرایەتیەکانی ماف لە یەکێك لە فەرمانگەکانی هەرێم یان وانە وتنەوە لە کۆلێژی یاسـا، لە دوای وەرگرتنـی بـڕوانەمەی بەکـالۆریۆس لە یاسـا یـان ئەوەی هاوتـایەتی بـۆ مەبەستەکانی پلە بەندی دەق کراو لەم یاسایە هەژمار دەکرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەو ماددەیە کە بەشێوەیە خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵدایە؟ تکـایە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ (58) کەس لەگەڵـدایە، زۆر سـوپاس، کـێ لەگەڵـدانیە؟ تکـایە دەسـت بەرزکــاتەوە؟ (3) کەس لەگەڵــدانیە، زۆر ســوپاس، کەواتە بە زۆریــنەی دەنــگ پەسەندکرا، د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
هەر چەندە ماددەکە دەنگی لەسەر درا، بەڵام بۆ دڵنیایی د.جوان ئێمە کە دەڵێین پاش وەرگرتنی بڕوانەمەی بەکالۆریۆس بۆیە گوتمان بە فاریزە چارەسەر دەبێت، مەبەستمان هەموو ئەوانەی پێشەوەیە، لە دادگاکان، داواکاری گشتی، لە کۆتاییدا کە دەڵێین کۆلێژی یاسا، کۆلیژی یاسا تەبعەن قانونی زانکۆ قانونی تایبەتی خۆیان هەیە ئەوەی ماجستێری نەبێت وانە نالێتەوە، بۆیە وەرگرتنی بەکالۆریۆس بۆ هەموو ئەوانەی پێشەوەیە نەك تەنها بۆ کۆلێژی یاسا، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێزان دەچینە سەر ماددەی حەوتەم، فەرموو.
**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (7):
بڕگەی یەکەمی ماددەی بیست و پێنجی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
یەکەم: پێویستە لەسەر ئەو کۆمپانیا نیشتیمانی هاوپشك بێت یان خاوەن بەرپرسیاریەتی سنوردار و بیانیانەی لە هەرێم کار دەکەن یان لقیان هەیە لە هەرێم و ئەو بانك و کارگانەی لەلای وەزارەتی پیشەسازی و دەستەی گشتی وەبەرهێنان تۆمارکراون و تۆڕەکانی راگەیاندن و رێکخراوەکان لەگەڵ پارێزەرێك یان زیاتر مامەڵە بکات بۆ پێشکەشکردنی راوێژی یاسایی.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێزان دەرگای گفتوگۆ لەسەر ئەم ماددەیە دەکەینەوە بۆ موناقەشەکردن، چوار کەس داوا دەکەن قەسە بکەن، بەڕێز عمر عینایەت فەرموو.
**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
وشەی هاوپشك بکەن بە پشکدار، هاوپشك نابێت، باش نیە، دووەمیش لە کۆتاییدا کە دێت دەڵی لەگەڵ پارێزەرێك یان زیاتر مامەڵە بکەن، گرێبەستێك لەگەڵ پارێزەرێك یان زیاتر رێك بخەن نەك مامەلە بکەن، من پێشنیار دەکەم بکەن بە گرێبەستێك، یەعنی بەم شێوەیە مامەڵەکردنەکە بۆ یاسا نەگونجاوە، باشترە بگوترێت گرێبەستێك لەگەڵ پارێزەرێك یان زیاتر رێك بخەن بۆ پێشکەشکردنی راوێژی یاسایی، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێز مصطفى سکری فەرموو.
**بەڕێز مصطفى احمد حمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
لەسەر ماددەی حەوت دوو تێبینیم هەیە یەکیان: ئەگەر مەبەستی سەندیکا ئەوەیە کە کۆمپانیا و لایەنە مەعنیەکان ئیجبار بکات بۆ ئەوەی لە رێگای پارێزەر تەعامول بکەن ئەوە ناکرێت بڵێی پێویستە دەبێت بنووسرێت دەبێت، چونکە وشەی پێویستە ئیجبار نیە، دووەم: لە رووی عیبارەتەوە رەکاکیەتێکی زۆری تێدایە، پێویستە لەسەر ئەو کۆمپانیایانەی نیشتیمانی و بیانیانەی، یەعنی کۆتاییەکەی بیانیانەیە نەك وەکو ئەوەی ئێستا نووسراوە، پێویستە لەسەر ئەو کۆمپانیا نیشتیمانی و هاوپشك بێت یان خاوەن بەرپرسێتی سنوردار و بیانیانەی نەك بیانی، بە باشی نەنووسراوە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێز مدینە ایوب فەرموو.

**بەڕێز مدینە ایوب احمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەیا حەفت، بڕگەیا ئێکی ماددەیا بیست و پێنج ل ڤێری بەحسێ هەندی کری لەگەڵ پارێزەر یان زیاتر مامەڵە بکات، ئەڤە چ جۆرە پارێزەرانە، پارێزەری راوێژکاری بیتن یان ژی پیادەکار بیتن، دڤێت ئیشارەتی ڤی چەندی بهێتەکرن، چونکی هەر شەرەیکەیەکی دڤێتە هەر پارێزەرەکی ل پلەیا خۆ بیتن، چونکی پلەیا پیادەکارە، راوێژکارە، مەشەڤکارە، ئەڤە دڤێت بهێتە دەست نیشانکرن، دەربارەی سارمایە ئەگەر بزڤرینە سەر ئەسڵی قانونی سەرمایە بە ڤان کۆمپانیا هاتبیە دەست نیشانکرن (250.000) دوو سەدو چەنجا هەزار دینار هاتبیە دەست نیشانکرن بۆچی ل ڤێری ئیشارەت بە هەندی نەدایە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێز کاك ئومێد حەمە علی فەرموو.
**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بڕگەی یەکەم پێویستە لەسەر ئەو کۆمپانیا نیشتیمانی تاوەکو ئەو شوێنەی یان لقیان هەیە لە هەرێمی کوردستان، (وە) زۆر بەکاری دێنن لیژنەی یاسایی بەخۆتان باش دەزانن کە عەرەبیە، لە کوردیدا (وە) بەکار نایەت، یەعنی راستە بەکار دەهێنرێت لە نووسین، بەڵام من پێموایە هەڵەیە، ئەگەر لەوێدا بنووسرێت لەگەڵ ئەو بانك و کارگانەی نەك لەلای وەزارەتی پیشەسازی و دواتر دەنووسرێت، لە وەزارەتی پیشەسازی، لەلای هیچ پێویست ناکات و جوان نیە لە رووی زمانیەوانیەوە، لە وەزارەتی پیشەسازی و دەستەی گشتی وەبەرهێنان تۆمارکراون و تۆڕەکانی راگەیاندن و رێکخراوەکان لەگەڵ پارێزەرێك یان زیاتر پشتیوانی لەو قسەیەی کاك عمر عینایەت دەکەم کە گرێبەست بکەن نەك بکات، چونکە کۆیە، ئەو (بکات)ە بیگۆڕن بە (بکەن)، ببێتە کۆ، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
گفتوگۆ لەسەر ئەم ماددەیە کۆتایی هات، ئێستا چاوەڕووانی دووبارە داڕشتنەوەی ئەم ماددەیە دەکەین لەگەڵ رەچاوکردنی تێبینیەکانی بەڕێز سەرۆکی سەندیکا، د. ڤاڵا فەرموو.
**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ئەو روونکردنەوەی کە بەڕێز مدینە خان داوای کرد، بڕگەی دووەم لە ماددەی شانزە لە ئەسڵی یاساکە حەلی کردووە، بۆیە لێرەدا باس نەکراوەتەوە دووبارە، لیژنە دوای وەرگرتنی را و بۆچوونی ئەندامانی پەرلەمان بەو شێوەیە ماددەکەی داڕشتەوە.
ماددەی (7):
بڕگەی یەکەمی ماددەی بیست و پێنجی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
یەکەم: پێویستە لەسەر ئەو کۆمپانیا نیشتیمانی پشکدار بێت یان خاوەن بەرپرسیاریەتی سنوردار و بیانیانەی لە هەرێم کار دەکەن یان لقیان هەیە لە هەرێم لەگەڵ ئەو بانك و کارگانەی لە وەزارەتی پیشەسازی و دەستەی گشتی وەبەرهێنان تۆمارکراون و تۆڕەکانی راگەیاندن و رێکخراوەکان گرێبەست لەگەڵ پارێزەرێك یان زیاتر بکات بۆ پێشکەشکردنی راوێژی یاسایی.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێزان ئێستا ئەو ماددەیە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (62) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانیە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس نیە، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، ماددەی هەشتەم، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (8):
ماددەی بیست و شەشی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
نابێت هیچ کۆمپانیایەکی نیشتیمانی بێت یان بیانی تۆمار بکرێت هەتا رێکخستنی گرێبەستی دامەزراندنی و ئینجا تۆمارکردنی یان تۆمارکردنی لقەکەی بە لای کەم لەلایەن پارێزەرێکی پیادەکارەوە (ممارس) رێك نەخرابێت.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێزان دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە لەسەر ئەم ماددەیە بۆ موناقەشەکردن، بەڕێز عمر عینایەت فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
نابێت هیچ کۆمپانیایەکی نیشتیمانی یان بیانی، ئیتر (بێت)ەکەی ناوێت، دووەمیش: (ئینجا)ش لەوێدا زۆر نا جائزە، (ئینجا)کەش لاببەن، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
موناقەشە لەسەر ئەم ماددەیە کۆتایی هات، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین داڕشتنەوەی کۆتایی بخوێننەوە، فەرموون.
**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
دوای وەرگرتنی رای بەڕێز عمر عینایەت بەو شێوەیە ماددەی هەشت داڕێژرایەوە.
ماددەی (8):
ماددەی بیست و شەشی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
نابێت هیچ کۆمپانیایەکی نیشتیمانی یان بیانی تۆمار بکرێت هەتا رێکخستنی گرێبەستی دامەزراندنی و، تۆمارکردنی لقەکەی لەلایەنی کەم لەلایەن پارێزەرێکی پیادەکارەوە (ممارس) رێك نەخرابێت.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێز ئێستا ئەو ماددەیە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (57) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانیە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس نیە، کەواتە بە کۆی دەنگ پەسەندکرا، بەڕێزان سوپاستان دەکەین، دانیشتنی ئەمڕۆ کۆتایی هات، بەیانی کاتژمێر (10) دەست بە دانیشتن دەکەین.

| | | |
|---|---|---|
| **بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (3)ی**
**دوو شەممە رێکەوتی 2\7\2018**
**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (3)
# دوو شەممە رێكەوتی 2018/7/2

كاتژمێر (10)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە رێكەوتی 2018/7/2 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان و، بەڕێز بێگەرد دلشاد تالەبانی سكرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (3)ی خولی چوارەمی، ساڵی (2018) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بە پێی حوكمەكانی بڕگە یەك ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆ ی پەرلەمانی كوردستان-عیراق، ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەمواركراو، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا كاتی دانیشتنی ژمارە (3)ی خولی بەهارەی ساڵی پێنجەم لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان لە كاتژمێر (10)ی پێش نیوەڕۆ، رۆژی دووشەممە، رێككەوتی (2018/7/2) بێت و بەرنامەی كاری دانیشتنەكە بەم شێوەیە بێت:

یەكەم/ بەردەوام بوون لەسەر خستنەروو و گفتوگۆكردنی پرۆژەی پرۆژە یاسای هەمواری (30)یەمی یاسای پارێزەرایەتی ژمارە (17)ی ساڵی (1999)ی هەمواركراو لە هەرێمی كوردستان بە پێی ماددەكانی (72،74،75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەمواركراو.

دووەم/ گفتوگۆكردنی پرۆژەی پرۆژە یاسای هەمواركراو هەمواری چوارەمی یاسای سندووقی خانەنشینی پارێزەرایەتی ژمارە (18)ی ساڵی (1999)ی هەمواركراو لە هەرێمی كوردستان بە پێی ماددەكانی (72،74،75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1999)ی هەمواركراو.

سێیەم/ خوێندنەوەی یەكەمی ئەو پرۆژە یاسا و بڕیارانەی خوارەوە بە پێی ماددەی (71) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەمواركراو بكرێت.

1-پرۆژە یاسای پارێزگاری لە تۆڕەكانی ئاو و ئاوەڕۆ.

2-پرۆژە بڕیاری پێشوازی بە پێی پرۆتۆكۆڵ لە فرۆكەخانەكان و خاڵە سنوورییەكانی تایبەت بە پێشوازی لە ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان، ئەنجومەنی وەزیران و هاوتا وەزیفیەكانیان.

چوارەم/ گفتوگۆكردنی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان كە لەلایەن لیژنەی كاتی بۆ پێداچوونەوەی پەیڕەوی ناوخۆ ئامادەكراوە بە پێی بڕیاری ژمارە (26)ی ساڵی )2014( و بڕگەی (8) لە ماددەی (56) یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەمواركراو، پاڵپشت بە ماددەی (94)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كورستان ژمارە (1) ساڵی 1992ی هەمواركراو.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**بە ناوی خودای بەخشندە و میهرەبان**

دانیشتنەكەمان بە ناوی گەلی كوردستانەوە دەست پی دەكەین، بەرنامەی كار خاڵی چوارەمی هەڵبژاردن ساڵی پێنجەم، دانیشتنی ژمارە (3) رۆژی دانیشتن (2018/7/2) بەرنامەی كار:

بە پێی حوكمەكانی بڕگە یەك ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆ ی پەرلەمانی كوردستان-عیراق، ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەمواركراو، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا

کاتی دانیشتنی ژمارە (3)ی خولی بەهارەی ساڵی پێنجەم لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان لە کاتژمێر (10)ی پێش نیوەڕۆ، ڕۆژی دووشەممە، ڕێککەوتی (2018/7/2) بێت و بەرنامەی کاری دانیشتنەکە بەم شێوەیە بێت:

یەکەم/ بەردەوام بوون لەسەر خستنەروو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی پرۆژە یاسای هەمواری (30)یەمی یاسای پارێزەرایەتی ژمارە (17)ی ساڵی (1999)ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان بە پێی ماددەکانی (72،74،75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموارکراو.

دووەم/ گفتوگۆکردنی پرۆژەی پرۆژە یاسای هەموارکراو هەمواری چوارەمی یاسای سندووقی خانەنشینی پارێزەرایەتی ژمارە (18)ی ساڵی (1999)ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان بە پێی ماددەکانی (72،74،75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1999)ی هەموارکراو.

سێیەم/ خوێندنەوەی یەکەمی ئەو پرۆژە یاسا و بڕیارانەی خوارەوە بە پێی ماددەی (71) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموارکراو بکرێت.

1-پرۆژە یاسای پارێزگاری لە تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ.

2-پرۆژە بڕیاری پێشوازی بە پێی پرۆتۆکۆڵ لە فرۆکەخانەکان و خاڵە سنوورییەکانی تایبەت بە پێشوازی لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، ئەنجومەنی وەزیران و هاوتا وەزیفیەکانیان.

چوارەم/ گفتوگۆکردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە لەلایەن لیژنەی کاتی بۆ پێداچوونەوەی پەیڕەوی ناوخۆ ئامادەکراوە بە پێی بڕیاری ژمارە (26)ی ساڵی 2014 و بڕگەی (8) لە ماددەی (56) یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو، پاڵپشت بە ماددەی (94)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کورستان ژمارە (1) ساڵی 1992ی هەموارکراو.

بەڕێزان ئێستا داوا لە بەڕێز بێگەرد تاڵەبانی دەکەین سکرتێری پەرلەمان بۆ خستنەرووی نوقتەی دانیشتنی پێشتر و غیابات، فەرموو بەڕێز.

**بەڕێز بێگەرد دلشاد شکراللە/ سکرتێری پەرلەمان:**

پوختەی دانیشتنی ژمارە (2)ی ڕۆژی یەکشەممە ڕێککەوتی (2018/7/1) بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

1-دەستپێکردنی دانیشتن لەلایەن بەرێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان.

2-خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی ئامادەبوو و ئامادەنەبوو، هەروەها خوێندنەوەی پوختەی دانیشتنی پێشوو لەلایەن سکرتێری پەرلەمان.

3-گفتوگۆکردن و پەسندکردنی پرۆژە یاسای درێژکردنەوەی کارکردن بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (3)ی ساڵی (2006) لە هەرێمی کوردستان.

4-گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای هەمواری سێیەمی یاسای پارێزەرایەتیش ژمارە (17) ساڵی (1999)ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان.

5-دواخستنی بڕگەکانی تری بەرنامەی کار بۆ دانیشتنی داهاتوو.

ناوی ئەندامانی پەرلەمان کە لە دانیشتنی ژمارە (2)ی ئاسایی بەرواری (2018/7/1) مۆڵەت پێدراون یان بە بی مۆڵەت ئامادەنەبوون ئەمانەن:

- ئاواز جەنگی برهان/ مۆڵەت.
- تەلار لطیف/ مۆڵەت.
- سالار محمود/ مۆڵەت.

- سەرکەوت سەرحەد/ مۆڵەت.
- سعید محمد سعید/ مۆڵەت.
- عزت صابر إسماعیل/ مۆڵەت.
- عباس فتاح/ مۆڵەت.
- إدریس علی إسلام/ ئامادەنەبوو.
- أنس محمد شریف/ مۆڵەت.
- بشار مشیر اسماعیل/ ئامانەبوو.
- جمال عوسمان کارسوڵ/ ئامانەبوو
- حیات مجید قادر/ مۆڵەت.
- زیاد حسین عبدالکریم/ مۆڵەت.
- سراج أحمد محمد/ ئامادەنەبوو.
- شوان شێخ أحمد/ مۆڵەت.
- شیرین حسنی رەمەزان/ مۆڵەت.
- علی علی هالۆ/ مۆڵەت.
- فرحان جوهر قادر/ ئامادەنەبوو.
- د.فرست سۆفی/ مۆڵەت.
- ڤیان عباس عمر/ مۆڵەت.
- ڤەمان فیصل سلیم/ مۆڵەت.
- أبوبکر عبدالله/ مۆڵەت.
- حسن صالح محمد/ ئامادەنەبوو.
- رابون تۆفیق معروف/ ئامادەنەبوو.
- سهراب میکائیل محمد أمین/ مۆڵەت.
- شێرکۆ حەمە أمین قادر/ مۆڵەت.
- عادل عزیز شکر/ مۆڵەت.
- ئایدن معروف سلیم/ مۆڵەت.
- ئاری محمد عبدالرحیم/ مۆڵەت.
- عبدالرحمن فارس عبدالرحمن/ مۆڵەت.
- غریب مستەفا حەمەخان/ مۆڵەت.
- محمد سعدالدین أنور/ مۆڵەت.

ئەو بەڕێزانەی کە بۆ دانیشتنی ئەمڕۆ داوای مۆڵەتیان کردووە:

- مردان خدر.
- أنس محمد شریف.
- سعید مصیفی.
- زیاد حسین عبدالکریم.
- علی علی هالۆ.
- ڤەمان فیصل سلیم.
- بشار مشیر ئاغا.

- ڤیان عباس عمر.
- حیات مجید قادر.
- شوان شێخ أحمد.
- فیروز طه.
- سهراب میکائیل.
- بهزاد درویش.
- باپیر کامەلا سلیمان.
- جودت نجار.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز سکرتێری پەرلەمان بۆ خستنەرووی پوختەی دانیشتنی پێشتر و غیابات، دوو خاڵی نیزامیمان هەیە، دیارە پەیوەستن بە غیابات، فەروو بەڕێز أنور قادر.

**بەڕێز أنور قادر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز نەقیبی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان لە پلەی وەزیردا نیە، چۆن دەتوانی لە هۆڵی پەرلەمان ئامادەبێ؟ سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئەو تێبینی یە، بەڕێز علی عثمان، فەرموو بەڕێز.

**بەڕێز علی عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر یاسایەك بێتە دەرکرن ژ پەرلەمانێ کوردستانێ ئەکید بۆ بەرژەوەندیا خەلکێ کوردستانێیە و پێتڤیە خەڵکێ کوردستانێ ت ناڤرۆکا یاسایێ بگەهیتن چونکە ل سەر خەڵکێ تێتە جێبەجێ کرن، گەڵەك یاسا ژ پەرڵەملنێ کوردستانێ دەرتکەڤن وشە وشێت غامز و رەق تێدا هەنە ب تایبەتی شێوازێ بادینی زەحمەتە تێگەهشتنا وان، گەڵەك جارا ژی ئەڤ وشە تەوسێن جۆراوجۆر هەڵدگرن، پێشنیار دکەم بۆ لیژنا یاسایی یا پەرلەمانێ کوردستانێ دەمێیاسایەك دادڕێژن هندەك نزیکبوون هەبن تناڤبەرا شێوازێ سۆرانی و بادینی بۆ وان پەیڤ و موستەڵەحاتێن غامز داکو خەڵکێ سادە تێبگەهیت، زۆر سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بەرێز علی عثمان، هەرچەندە خالآ نیزامی نەبوو، بەس دێتە چارەسەر کرن، بەڕێز بەهار عبدالرحمن، فەرموو.

**بەرێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە کۆبوونەوەی (26)ی مانگ کە فراکسیۆنی یەکگرتوو بایکۆتی کردبوو، بڕیار بوو ئەمڕۆ وەلآم بدرێتەوە، تکایە وەلآم، زۆر سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

نەتانهێشت وەلآم بدەمەوە، ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی دوو بڕیارمان وەرگرت ئەمڕۆ، بە پێی ئەو دەسەلآتەی بە ئێمە دراوە لەلایەن پەیڕەوی ناوخۆ و دەسەلآتی تەقدیری، یەك لەوانە ئەوە بوو بڕیارمان دا بەسڕینەوەی ئەو غیاباتەی کە بۆ هەندێك لە برایان لە فراکسیۆنی یەکگرتوو درابوو ئەوە لامان برد، هی دووەم/ بۆ ئەوەی بەرێز سەرۆکی سەندیکای پارێزەران لێرە لە ناو هۆڵەکە دانیشێت، بەلآم مافی قسەکردنی نیە، ئەو دەسەلآتەش هەمانبوو ئەو بڕیارە وەربگرین، هەر بۆ ئاگاداری ئێوەی بەرێز، دوێنی

بەراستی ئەو شێوازەی بەکارهێنرا بۆ ئەوەی تێبینییەکان ئاڵوگۆڕ بکرێن لە سەری بۆ خواری شێوازێکی دواکەوتوو بوو، بەراستی شایستەی ئێمە نەبوو لە هۆڵی پەرلەمان بەو شێوازە کار بکەین، ئەو بڕیارەمان وەرگرت بۆ ئاگاداری ئێوەی بەڕێز، داواکارییەکمان هەیە لە دەستەی سەرۆکایەتی بۆ ئێوەی بەڕێز، بۆ ئەم یاسایە و هەموو یاسایەکی تر، پرۆژەیەکی تر کە موناقەشە دەکرێت، بەراستی هەندێك جار لەسەر ئەوە پەکمان دەکەوێت کە نیصاب تەواو ببێت، ئەوەش کاتی زۆر بە فیڕۆ دەڕوات، داوا دەکەم ئێوەش ئەو مەسەلەیە بە هەند وەربگرن، خۆتان وەکو دەستەی سەرۆکایەتی تەماشای وەزعی ناو هۆڵەکە بکەن، هاوکار بن لەگەڵ ئێمە بۆ ئەوەی پێکەوە بتوانین سوودی باش لە کات وەربگرین، بەڕێزان داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین فەرموون تەشریف بێنن بۆ شوێنی تایبەت بە لیژنەکان، دەست بە بەرنامەی کار دەکەین، هەروەکو دانیشتنی پێشتر تێبینییەکان لەلایەن بەڕێز سەرۆکی سەندیکا کە مافی خۆیانە تێبینیان هەبی لەسەر گفتوگۆکان، پێشنیارەکان بۆ ئەوەی بۆ لیژنەی یاسایی بنێرن، لە کاتی پێویست دا بتوانن رەچاوی ئەو تێبینیانە بکرێت، فەرموون بەڕێزان، بەخێربێن، یەکەم/ بەردەوام بوون لەسەر خستنەروو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی پرۆژە یاسای هەمواری (30)یەمی یاسای پارێزەرایەتی ژمارە (17)ی ساڵی (1999)ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان بە پێی ماددەکانی (72،74،75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموارکراو، داوا لە بەرێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی دەکەین د.ڤالا، فەرموو بەڕێز لە ماددەی (9) بەردەوام دەبین.

**بەرێز ڤاڵا فرید إبراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (9) بڕگەی دووەمی ماددەی (35) هەمواردەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

1-بەڕێژەی (10%) بەهای حوکم پێدراو بەو مەرجەی لە (2.000.000) دوو ملیۆن دینار یان ئەوەی هاوتایەتی زیاتر نەبێت.

2-بەڕێژەی (5%)ی بەهای بەرامبەری بەخاوەن کردن ئیستیملاك بەو مەرجەی لە (1.000.000) یەك ملیۆن دینار یان ئەوەی هاوتایەتی زیاتر نەبێت.

3-بەوەی کەمتر نیە لە (100.000) سەد هەزار دینار یان ئەوەی هاوتایەتی و زیاتر نیە لە (250.000) دوو سەد و پەنجا هەزار دینار یان ئەوەی هاوتایەتی لەباری کەسێتی و ئەو دەعوایانەی بەهاکەیان دیار نیە و لەو دەعوا سزاکارییانەی تیایاندا تێڕوانین بۆ مافی مەدەنی دەکرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز د. ڤالا سەرۆکی لیژنەی یاسایی، بەرێزان دەست بە گفتوگۆ دەکەین لەسەر ماددەی (9)، ئەوانەی دەیانەوێت بەشداربن داوای ناونووسین بکەن، دیارە دوو بەرێزمان هەیە پێویست بە ناونووسین ناکات، بەرێز قادر وەتمان، دواتر بەرێز مصطفی سەکری، فەرموو.

**بەرێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ خاڵی (1) ماددەی (9) بڕگەی (2)، خاڵی یەك پێشنیار دەکەم ئەو (2.000.000) دوو ملیۆنە بۆ (1.500.000) ملیۆنێك و نیو کەم بکرێتەوە، چونکە پێشتر (750.000) حەوت سەد و پەنجا هەزار بووە و ئەوەش کە پارەکە دەدا ئەو کەسەیە کە دەیدۆڕێنی، یەعنی هەموو کەیسەکە یان بەشێك دەدۆڕێنی و پارێزەریش بۆ خۆی جگە لەوەی کە ئیتیفاق دەکات یان

عەقــد دەكــات لەگەڵ ئەو لــايەنى كێشــەكە پــارەيەكى تــرى دەســت دەكەوێ، بــۆيە (2.000.000) دوو مليــۆن زۆرە، ببــى بە (1.500.000) مليــۆن و نيوێــك، پێشــتر (750.000) حەوت سەد و پەنجا هەزار بووە بە پێى خەملاندنى بەپارەى ئێستا، بۆ ئەوەى دووەميش پێشـتر (3000) سێ هەزار بـووە، پێشـنيار دەكەم ببـى بە (750.000) حەوت سـەد و پەنجـا هەزار، نەك (1.000.000) يەك مليۆن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمينكى/ جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز قادر وەتمان، بەڕێز مصطفى سەكرى، فەرموو.

**بەڕێز مصطفى أحمد حمد/ مصطفى سەكرى:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

لە مـاددەى (9) كە دەڵــى بـڕگەى دووەم مـاددەى ئەوەنـدە (1، 2، 3)، (1) يەكەكە هەمـان بـڕگە (1)ى ياسـا ئەسـڵيەكەيە، بـڕگەى دووەم يەكەمە، بـڕگەى (3)يەمـيش دووەمە، كە لە ياسا ئەسليەكەى دەڵى (يەكەم/ بەڕێژەى (10%) لە بەهاى حوكم پێدراوەكە بە مەرجى لە (500.000) پێنج سـەد هەزار دينـار زيـاتر نەبێ)، جا ئەوە نـازانم چۆنە؟ بە هەڵە نووسـراوە؟ بڕگەى يەكەم بڕگەى يەكەمى ياسا ئەصليەكەيە، بڕگەى دووەم هەمـواركراوەتەوە، يەعنـى بـڕگەى دووەم يەكەمە لێـرە، سـێيەميش دووەمە، ئەگەر ليـژنەى ياسـايى مولـاحەزەيەك بكات، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمينكى/ جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

سوپاس بـۆ بەڕێـز مصـطفى سـەكرى، داوايان لـى دەكەيـن وەڵآمى ئەو تێبينـى يە و ئەو پرسيارەش بدەن، ئێستا داوا لە ليژنەى ياسايى دەكەيـن دوايين دارشـتنەوەى ئەو مـاددەيە بخەنەڕوو، بەڕەچاوكردنى تێبينييەكانى بەڕێـز سـەرۆكى سـەنديكاى پـارێزەران، يەك خـولەك بەڕێز د.ڤالا، بەڕێز مدينە خان، فەرموو.

**بەڕێز مدينە ايوب أحمد:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

بەڵێ سەرۆكێ پەرڵەمانى من ژى دەستێ خۆ راكر بەس نـاڤێ مـن نەگـۆت، مـن ژى تڤێـت بەژداريـێ تڤـى مـاددەيێ بـكەم، دەربـارێ مـاددا (9) رێـژا (10%) بەهـايێ حكـومى هەكە قيمەتێ دەعوى تڤى حاڵەتى دەرتكەڤيتن وەختـێ محامى تڤى دەعواييێدا سـەرتكەڤيتن قيمەتێ وى (10%) يە، (10%) دكەڤيـتن ميسالەكە، مـن گرتـى محـامى قيمەتـێ عەردەكـى (20مليۆنە) (2 مليۆن) دەرتكەڤيت بەس مەحكەمە (750) دبتن حال حـازر ت نـوكەدا گەڵەك جارا قيمەتـێ گەڵەك دەعواييێت هەيـن زێدەنە بەس مەحكەمە سـەر هندێ ت راوەسـتيتن ڤـێ قيمەتـێ ژ (750) زێدەتر نـابيتن چەنـد محـامى زێـدە ت بێـژيتن ت ڤـى دەعواييـدا ئەز پێشنيار دكەم ئەڤ (2 مليۆنە) ببت (1500 مليۆنەك و پێنج سەد)، مـاددا (2) رێـژا (5%) ئەو ئيستملاكە دائما تەحديدا دەعويێ وەختێ تێتە كرنـێ ژ بەلەديـێ تێتە كرنـێ ئەڤ (5%) بـۆ محـاميێ بەلەديــێ تكەڤيــتن، (1 يەك مليــۆن) هەكە تــو ســەحكەيێ محــاميێ بەلەديــێ سەرەڕاى هندێ خۆ بۆ خۆ مووچێ خۆ وەرتگريتن چەند دەعـوا وەرتگـريتن ئەڤ مليـۆنە ژى زێـدەيە، ئەز پێشـنيار تـكەم ببـت (500) تحـالەتەكێ دا محـامى بـۆ تكەڤيـتن هەكە الغـاء استملاك هـات كرنـێ تڤى حالەتيـدا ئەو پـارە بـۆ محـامى تكەڤيتن، دەربـارێ مـاددا (3) ژى لايێ من نە وازحە قيمەتێ وێ (100.000) هەتا (250.000) دايناتى لە بـارى كەسى قەسـدا وان ئەڤە بەحسێ كيژ دەعوێتكەن بەحسێ دەعوا حەسانێ تكەن، نەفەڤێ تكەن؟ من تڤێت بۆ من روونكرنێ لسەر دابنێن داكو بەرچاڤێ مە رۆن ببت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمينكى/ جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز مدینە أیوب، مدینە خان ئەوی تە گۆتین گەلەك بـوون ئەگەر بنڤیسی، بە نووسین بدەی، ئێستا داوا لە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی دەکەین بەڕێز د.ڤالا، فەرموو.

**بەڕێز ڤالا فرید إبراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
هـیچ لە پێشـنیارەکان سـی کەس پشـتیوانی لـی نەکـرد، ئەوەی کە پەیوەسـت بـوو بە روونکـردنەوە بـۆ ئـێمە ئەوە بـابەتی ئەحـوالی شەخصی وازحە لە مـوتڵەقی هـاتووە، هەر قەزیـیەیەك کە دەکەوێـتە نـاو ئیتـاری قـانونی ئەحـوالی شەخصی لێـرە تەحدیـد کـراوە، ئەو نیسبانەش لەسەر داوای سەندیکا بە هەر چـوار لـقەکەی هـی هەر چـوار پارێزگـا داڕێـژراوە، بۆیە لیژنە لەسەر ئەوەی کە داڕێژراوە سورە، ئەگەر بەڕێزتان رێگـا بـدەن دەیخـوێنمەوە بـۆ ئەوەی بیخەنە دەنگدان.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
فەرموو بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان، موناقەشە کۆتایی پێهاتووە.
**بەڕێز ڤالا فرید ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (9)
بڕگەی دووەمی ماددەی (35) هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
1-بەڕێـژەی (10%)ی بەهـای حـوکم پێـدراو بەو مەرجەی لە دوو ملیـۆن دینـار یـان ئەوەی هاوتایەتی زیاتر نەبێت.
2-بەڕێـژەی (5%)ی بەهـای بەرامـبەری بەخـاوەن کـردن (إسـتملاك) بەو مەرجەی لە یەك ملیۆن دینار یان ئەوەی هاوتایەتی زیاتر نەبێت.
3-بەوەی کەمتـر نـیە لە سـەد هەزار دینـار یـان ئەوەی هاوتـایەتی زیـاتر نـیە لە دوو سـەدو پەنجا هەزار دینار یان ئەوەی هاوتایەتی لەبـاری کەسی و ئەو دەعوایانەی بەهاکەیـان دیـار نیە لەو دەعوا سزاکارییانەی تیایدا تێڕوانین بۆ مافی مەدەنی دەکرێت.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سـوپاس بـۆ بەڕێـز سـەرۆکی لیـژنەی یاسـایی، بەڕێـزان ئەم مـاددەیە بەم شـێوازەی خوێندرایەوە لەلایەن بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی، دەخەینە دەنگدان، دەنگدان لەسـەر ماددەی (9) بەو شێوازەی خوێندرایەوە، کـی لەگەڵە؟ (53) کەس بە پەسـند دەزانـن، ئەوەی دژە؟ (5) کەس دژن، بەزۆرینەی دەنگ ماددەی (9) پەسند کرا، ماددەی (10).
**بەڕێز ڤالا فرید إبراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (10)
بڕگەی یەکەمی ماددەی (39)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
یەکەم/ پارێزەر بۆی هەیە گرێبەستێکی نووسراو لەگەڵ بریکار بـۆ کـراوەی موەکیـل بکـات گرێبەسـتەکە لـای سـەندیکا بە ئامـادەبوونی هەردوولـا پەسـند دەکـری بەرامـبەر دانـی رەسمێکی بڕاوە بەبڕی (25000) بیست و پێنج هەزار دینار یان ئەوەی هاوتایەتی.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی، بەڕێزان دەست بە گفتوگۆ دەکەین لەسەر ماددەی (10)، چوار بەڕێزمان هەیە، ناوەکان دەنووسین بۆ ئەوەی کەس لەبیر نەکەین، سوپاس بێگەرد خان، بەڕێز مدينه أيوب، فەرموو.

**بەڕێز مدينه أيوب أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددا (10) بڕگا ئێکێ پارێزەر بۆ هەیە گرێبەستەکێ نووسراو لەگەڵ بریکار بۆ کراوەی موەکیل بکات گرێبەستەکە لای سەندیکا پەسند بکەت ب ئامادەبوونا هەردوولا بهێتە لادانێ چونکی لای سەندیکایێ بێت پەسند کرن کافییە، برى پارەی ڤی (25.000) گەلەکن پێشنیار تکەم بیت (15.000) چونکی هەکە تو بزڤری ئەسلا قانونێ (5000) بی یەکسەر یێ کری (25.000) پێشنیارتکەم بیت (15.000) چونکی ئەڤی پارە ڤ لایێ خلکی تێت دانێ ژلایێ پارێزەری ڤە ناهێت دانێ، سوپاس

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمينكى/ جێگرى سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز مدينه أيوب، بەڕێز عمر عينايەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عينايەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها بریکار بۆ کراوە بیکەین بە بریگرتە، ئەوە بەکار دێت لەلایەن محامییەکان، خۆیان ئەوەی بەکار دێنن، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمينكى/ جێگرى سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز عمر عينايەت، ئومێد حەمە علی، فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرنجەکەی من لەسەر ئەوەیە پارێزەر بۆی هەیە پارێزەر دەتوانی گرێبەستێکی نووسراو لەگەڵ هەڵبەت لەگەڵ ئەوەی كاك عمر عينايەت بەکار بهێنرێ، من یەکەم جار دەیبیستم، بەڵام پێم باش بوو، چونکە بریکار کراوە ئەوە بە تەواوەتی هەڵەیە ناتوانی مەعنای موەکیل بدات، بریکار بۆ کراو ئەگەر مەبەستتان لێی بێت، بریکار بۆ کراو ئەوە ئەو کەسەیە لەدوای ئەنجامدانی پرۆسەی گرێبەستەکەی هەیە، لە یاساکەش دا ئەو مەبەستە ناگەیەنێ، بۆیە ئەوە هەڵەیە، ئەگەر ئەو وشەیە دانەنێین ئەوەی كاك عمر وتی، ئەوە موەکیلەکە دابنێین تا ئەو کاتەی وشەیەکی کوردی تەواوی بۆ بدۆزرێتەوە، گرێبەستەکە لای سەندیکا بە ئامادەبوونی هەردوولا پەسند دەکرێ، بەرامبەر دانی رەسمێکی بڕاوە یان باشتر وایە رەسمێکی دیاریکراو، نەك بڕاوە، من پشتیوانی لە قسەکەی مدینە خان دەکەم، کە ئەوە کەم بکرێتەوە بۆ (15)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمينكى/ جێگرى سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز ئومێد حەمە علی، بڕاوە (مقطوع)، یەعنی بەو شێوازە دێت، دیاریکراو رەنگە (محدد) بێت، لە عەرەبی تەرجومە کراوە، بەڕێز قادر وەتمان، فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ئیتیفاقەی لە بەینی پارێزەر و ئەو کەسەی کە ئیشەکەی بۆ دەکات ئەوە بۆ ئەوەی ببێتە سەنەدێکی فەرمی، بیست و پێنج هەزار دینار قەرار دەدری لێرە هاتووە، پێشتر پێنج هەزار بووە، یەعنی رێژەکە زۆر بەرز کراوەتەوە، پشتگیری ئەو برادەرانە دەکەم، پێشنیار دەکەم ببی بە (15) هەزار، هەرچەندە لە ئێستادا لە کوردستان لای سەندیکا، داواکان بەو

شێوە تۆمار دەکری لەلایەن پارێزەرەکانەوە، مەگەر بۆ پارەیەکی زۆر بێ، یان متمانە نەبێ، ئەگەر نا تۆمار ناکەن بۆ ئەوەی داهاتەکەش بۆ سەندیکا و بۆ خەزێنەی گشتی بێ، خۆزگە هەموو داواکان، هەموو گرێبەستەکانی بەینی پارێزەر و ئەو کەسەی کە ئیشەکەی بۆ دەکات تۆمار کرابان لە پێناوی داهاتەکە، لەبەر ئەوەش کە لقەکانی سەندیکا تەنها لە پارێزگاکان هەن، ئەگەر گونجا بی من پێشنیار دەکەم ئەم بڕگەیە ببێت بە دوو یان بڕگەیەك یان خاڵێك زیاد بکری بۆ ئەوەی لقی سەندیکا لە ئیدارە سەربەخۆکانیش بکرێتەوە، ئەگەر گونجاو بی لەگەڵ ئەم دەقەی ئێستا، لە پێناو ئەوەی کە یەعنی هاووڵاتیان لە ئەترافی شارە گەورەکان یان مەڵبەندی پارێزگاکان خەرجییەکانیان کەم بێتەوە لە ئەنجامی هاتوچۆ، چوونیان بۆ مەڵبەندی پارێزگاکان، چونکە هەردوولا دەبی ئامادەبن لەو حاڵەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز قادر وەتمان، بەڕێزان بیرتان دەخەینەوە جارێکی تر ئەەوانەی دەچنە دەرەوە زوو بگەڕێنەوە هەر جار، بەڕێز د.عزت صابر، فەرموو.

**بەڕێز عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم (یان ئەوەی هاوتایەتی) لاببرێ، لە هەموو ولآتێك لە دونیادا لە دام و دەزگا رەسمییەکان مامەڵە بەدراوی نیشتیمانی دەکرێت، نەك بە دۆلار و عوملەی تر، بۆیە ئەوەی هاوتایەتی لاببرێ، پێشنیار دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د.عزت صابر، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زیاتر لە (3) کەس پێشنیاری کردووە، کە (25) هەزار دینار بکرێتە (15) هەزار دینار، داوا لە بەڕێزتان دەکەین کە بیخەنە دەنگدان ئەو بابەتە، بابەتی دووەمیش (و ما یعادلها) هەیە لە ناو یاساکان شتێکی شاز نیە بڵێی هەر نەبووبی لە هیچ یاسایەکدا، یەعنی موعتادە، هەیە لە ناو یاساکان دا هەیە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی، بەڕێزان ئەو پێشنیارە کە (25) هەزار ببیتە (15) هەزار، ئەوە دەخەینە دەنگدان، دواتر ماددەکە دەخەینە دەنگدان، کی لەگەڵە؟ (48) کەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە؟ (4) کەس دژن، پێشنیارەکە بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، (25) هەزار دەبێتە (15) هەزار، کۆی ماددەکە.

**بەڕێز ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (10) بڕگەی یەکەمی ماددەی (39)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

یەکەم/ پارێزەر دەتوانێت گرێبەستێکی نووسراو لەگەڵ بریکار بۆ کراو موەکیل بکات گرێبەستەکە لای سەندیکا بە ئامادەبوونی هەردوولا پەسند دەکری بەرامبەر دانی رەسمێکی بڕاوە بەبڕی (15000) پازدە هەزار دینار یان ئەوەی هاوتایەتی.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو مـاددەیە بەو شـێوازەی خوێنـدرایەوە دەخەیـنە دەنگـدان، کـێ لەگەڵە؟ (51) کەس بە پەسـەند دەزانـن، ئەوەی دژە؟ (2) کەس دژن، مـاددەکە بە زۆریـنەی دەنـگ پەسـند کـرا، ماددەی (11)، فەرموو.

**بەڕێز ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (11)

ماددەی (48)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

یەکەم/ دەسـتەی گشـتی سـەندیکا لە کـۆنگرەیەکی گشـتی دا کـۆدەبێتەوە لەسـەر بانگهێشـتی ئەنجـومەنی سـەندیکا، هەر چـوار سـاڵ جارێـك، ئەویـش لە رێـگەی سیسـتمی نێردەکـان منـدوبین کە رێژەکەیـان لەلـایەن ئەنجـومەنی سـەندیکاوە دیـاری دەکرێـت و کۆنگرەش رێککەوتی ئەنجامدانی هەڵبژاردن و چۆنیەتی ئەنجامدانی و وادەی ئەنجامـدانی دیاری دەکات تاوەکو هاتنی وادەکەی ئەنجـومەنی سـەندیکا تەنها بەردەوام دەبـی لەسـەر بەڕێوەبردنی کاری رۆژانەی سەندیکا.

دووەم/ ژمـارەی یاسـایی بـۆ هەڵبـژاردن دێـتە ئـاراوە بە ئامـادەبوونی زۆریـنەی رەهـای ئەنـدامانی تۆمـارکراو، بە پێچەوانەی هەڵبـژاردن دوا دەخرێـت بـۆ ڕۆژی دواتـری و ژمـارەی یاسایی دێتە ئاراوە بە ئامادەبوونی (1) لەسەر (3)ی ژمارەی ئەنـدامە نێردە تۆمارکراوەکـان و لە کاتی نەهاتنە ئارای ئەم ژمارەیەش ئەنجـومەنی سـەندیکا بەردەوام دەبێـت بـۆ مـاوەی شەش مانگ ئەگەر هاتوو دوای شەش مانگیش هەڵبـژاردن ئەنجـام نەدرا، ئەوە ئەنجـومەن بۆ خولێکی دیکە بەردەوام دەبێت.

بەڕێـــز ســـەرۆکی پەرلەمـــان لەبەر ئەوەی ئەو مـــاددەیە لە دوو بـــڕگە کـــۆکراوەتەوە و سیفەتێکی ئینشائی وەرگرتووە، بۆیە ئێمە ئەندامانی لیژنەی یاسایی لە چوار خاڵ رێکمان خستۆتەوە پێش ئەوەی بێین بۆ کۆبوونەوە، بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەیخوێنینەوە، هەر نەفسی محتەوایە، بەڵام بۆ رێکخستنەوەی کردوومانە بە چوار خاڵ بەو شێوەیەی کە بۆ بەڕێزتان دەخوێنمەوە:

یەکەم/ دەسـتەی گشـتی سـەندیکا لە کـۆنگرەیەکی گشـتی دا کـۆ دەبێـتەوە لەسـەر بانگهێشـتی ئەنجـومەنی سـەندیکا هەر چـوار سـاڵ جارێـك ئەویـش لە رێـگەی سیسـتەمی نێردەکـان منـدوبین کە ڕێژەیـان لەلـایەن ئەنجـومەنی سـەندیکا دیـاری دەکرێـت و بە هەڵبژاردن دیاری دەکرێن.

دووەم/ کۆنگرە بە ئامادەبوونی زۆرینەی ڕەهـای نێردەکـان دەبەسـتری بە پێچەوانەوە بـۆ رۆژی دوادەخـرێ، لەو حـاڵەتەدا بە ئامـادەبوونی (1) لەسـەر (3)ی نێردەکـان دەبەسـتری بە پێچەوانەوە لەلایەن ئەنجومەنی سەندیکاوە کاتێکی تری گونجاو بۆ بەسـتنی کـۆنگرە دیـاری دەکرێ.

سێیەم/ کۆنگرە رێککەوت، چۆنیەتی، وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی سـەرۆك و ئەنـدامانی ئەنجومەنی سەندیکا دیاری دەکات، تاوەکو هاتنی واددەکە ئەنجومەنی سەندیکا بەردەوام دەبی تەنها بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری رۆژانەی سەندیکا.

چوارەم/ ژمـارەی یاسـایی دەسـتەی گشـتی سـەندیکا بـۆ هەڵبژاردنـی سـەرۆك و ئەنـدامانی ئەنجومەنی سەندیکا بە ئامادەبوونی زۆریـنەی رەهـای ئەنـدامانی تۆمـارکراو دێـتە ئـاراوە و بە پـێچەوانەوە هەڵبـژاردن دوادەخـری بـۆ رۆژی دواتـر و ژمـارەی یاسـایی دێـتە ئـاراوە بە ئامادەبوونی (1) لەسەر (3)ی ژمارەی ئەنـدامە تۆمارکراوەکـان لە کـاتی نەهـاتنە ئـارای ئەم ژمـارەیەش سـەرۆك و ئەنـدامانی ئەنجـومەنی سـەندیکا بەردەوام دەبـن لە کارەکانیـان بـۆ

ماوەی شەش مانگ ئەگەر هاتو دوای شەش مانگیش هەڵبژاردن ئەنجام نەدرا ئەوە سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەن بۆ خولێکی تر بەردەوام دەبن.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس بۆ بەڕێز د. ڤاڵا سەرۆکی لیژنەی یاسایی، خاڵێکی نیزامیمان هەیە و ناونووسینی بەڕێزان دەکەین ئەوانەی دەیانەوی بەشداری بکەن لە گفتوگۆی ماددەی (11)، بەڕێز د.إبراهيم فەرموو.

**بەڕێز إبراهيم أحمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوهی مە پێنج کەسا شەش کەسا رەئیەك دا هەر هەوە پیتە پ ئاخفتنا مە نەکر و نەئێخستە دەنگدانێ کو ت پەیرەوێدا سێ کەس بن تئێخنە دەنگدانێ ئەڤرۆکە وەسا دیارە سیستەمێ هاتییە گوهارتن رەئی تێنە وەرگرتن و هن تێخنە تەسویتێ، دوو لیژنا یاسایی، ئەڤ ماددەیە ئینایە بەر سینگێ مە نە ب نوقات وە ئەم بەها ژی نینە هەر چار نوقتا ژی ژبەر بکەین دا ئەم بشێین موناقشێ ل سەر بکەین چار نوقتە ل بەر سینگێ مە نینە هەڤالان شەرحا ل بەر سینگێ مە هەی وەلیژنا یاسایی ژ دەڤ خۆ یێت کرنە چار نوقتە ڤێجا ئەڤ جار نوقتا ژی بۆ مە بنێرن ئیستنساخ کەن دەنەف مە دا ئەم بشێین نوقتە نوقتە موناقشا وا بکەین یان ژی ڤی ماددەییە هوسا نائێتە موناقشە کرن چار نوقتە دەڤ مە نینە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس د.إبراهيم، روونکردنەوە لەلایەن د.ڤالا، فەرموو.

**بەڕێز ڤالا فريد إبراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆیان ئیستینساخ بکەن، لەبەر ئەوەی نەفسی ئەو دوو بڕگەیەیە بووە بە چوار بڕگە، تەنها بۆ تەنزیم، بۆیان ئیستینساخ بکەن و دابەشی بکەن.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

باوەڕ ناکەم پێویست بە ئیستینساخ بکات، با دەرگای گفتوگۆ بکەینەوە، ئێستا با بە پەلە ئێمە دوو خولەکێك وەردەگرین، نابێت ماددەی تر دەست پی بکەین، فەرموون ئیستینساخی بکەن بە پەلە، پێنج دەقەیەك پشوو بە ئێوەی بەڕێز دەدەین، بە خۆمان دەدەین، بەڕێزان با دەست پی بکەینەوە، ئەوەی لە دەرەوەی هۆڵن با ئەوانیش بگەڕێنەوە، بە سوپاسەوە با دەست پی بکەین، کۆپییەك لە ماددەی (11) دابەش کراوە.

بە ناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

دانیشتنەکەمان بە ناوی گەلی کوردستانەوە دەست پی دەکەینەوە، لەسەر ماددەی (11)، بەو کۆپییەی دابەش کراوە لەسەر ئەندامە بەڕێزەکان، دەست بە گفتوگۆ دەکەین.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد شكرالله (بێگەرد تاڵەبانی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بەڕێزانەی کە داوای گفتوگۆیان کردووە:

- د.ڕێواز فائق
- بەهار خان
- برزۆ مجيد
- مامۆستا مروان
- ئومێد حەمە علی

- قادر وەتمان
- د.پەری
- د.جوان
- تحسین دۆڵەمەری
- علی عثمان
- ئاری عبداللطیف
- بێستوون فائق
- مریم صمد
- فرحان جوهر
- مدینه أیوب

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست بە گفتوگۆ دەکەین بەڕێزان، بەڕێز د.ڕێواز فائق، فەرموو.

**بەڕێز ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا داوا دەکەم لە بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی ڕوونکردنەوەیەك بدەن لەسەر دەستەی گشتی چیە؟ مەبەست لە نێردەکان چیە؟ ئەوە بۆ من نا، بەڵآم بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، چونکە تێدەگەم لەوەی کە حاڵەتێکی ناڕوونی هەیە سەبارەت بەوە، سەبارەت بە بڕگەی دووەم کە دەڵی (بە پێچەوانەوە لەلایەن ئەنجومەنی سەندیکاوە کاتێکی تری گونجاو بۆ بەستنی کۆنگرە دیاری دەکرێ)، من لەگەڵ ئەوەم وەختیان بۆ دابنرێ، بنووسری (بە مەرجێك) بۆ نمونە (لە مانگێك زیاتر نەبێ)، بە کراوەیی نەبێ، لەوەی سێهەم دا بە هەمان شێوە دەڵی (کۆنگرە رێککەوت چۆنیەتی واددەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکا دیاری دەکات، تاوەکو هاتنی واددەکە ئەنجومەنی سەندیکا بەردەوام دەبێت تەنها بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانەی سەندیکا بە مەرجێك لە هیچ بارێك دا لە سی مانگ زیاتر نەبێ، چوارەم/ لەسەر ئەخیرەکەی قسەم هەیە کە دەڵی (ئەگەر هەڵبژاردن دوای ئەو شەش مانگەش هەڵبژاردن ئەنجام نەدرا ئەوە سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەن بۆ خولێکی تر بەردەوام دەبن)، ئێمە دەبی میکانیزم بدۆزینەوە نەك دەرفەتی یان بواری ئەوە بدەین قوفڵ بی و هەیئەتەکە بۆ چوار ساڵی تر بەردەوام بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د.ڕێواز فائق، بەڕێز بەهار عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی یەکەم ئەو چوار ساڵە پێشنیار دەکەم بکرێتە سی ساڵ، هەروەها لێرە کە نووسراوە سیستەمی نێردەکان کە رێژەیان و ئەوەشی بۆ زیاد بکری (پێوەرەکان)، چونکە مادام هەڵبژاردن بێت رێژە دیاری دەکرێت و دەبی پێوەریش هەبێ، کەواتە لێرە رێژەکان و پێوەرەکان لەلایەن ئەنجومەنی سەندیکا دیاری دەکرێت، سەبارەت بە بڕگەی دووەم و چوارەم کە زۆرینەی رەهای باس کردووە، زۆرینەی رەها (50+1) لە کاتێك دا ئەگەر دیقەت بدەی ئیشکالێك هەیە لێرەدا کە بۆ ئەوان دروست دەبی لە حاڵەتی ئامادەنەبوونی زۆرینەی رەها دا تا ئەو رادەیە دەڕوا کە سەندیکا بەردەوام بی بۆ خولێکی تریش، بۆ

ئەوەی لەو ئیشــکالە نەجاتیــان بــی هەر ئەوەنــدە بڵــێین زۆریــنە، خــۆ ئەگەر ئیشــکالی زۆرینەشیان هەیە با بیکەن بە یەك لەسەر سی نەك مەسەلەن (50+1)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز بەهار عبدالرحمن، بەڕێز برزۆ مجید، فەرموو.

**بەڕێز برزۆ مجید عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە قسەکانی ڕێواز خان و بەهار خان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز برزۆ مجید، بەڕێز مامۆستا مەلا مروان، فەرموو.

**بەڕێز حسین إسماعیل حسین (مەلا مروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش بە هەمـان شـێوە پشـتگیری لە قسـەکانی د.ڕێـواز و بەهـار خـان دەکەم، بەتـایبەتیش خاڵی چوارەم بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوەدانیم بمێنێتەوە بۆ ئەوەی دەبێتە مـوبەریر و بەهانە بۆ بەردەوام بوونی ئەو دەستەی سەرۆکایەتییەی کە هەیە، دەستتان خۆش.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز مامۆستا مەلا مروان، بەڕێز ئومێد حەمە علی، فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەکەم لە ئەصلی یاساکە سی ساڵ بووە ئەوەندەی من بزانم، پێمـوایە بـۆ ئاڵوگۆڕی دیموکراسـیانەی نـاو سـەندیکاکە هەر سـی سـاڵەکە بـی باشـترە تـا چـوار سـاڵ، بـۆیە مـن پشـتیوانی ئەوە دەکەم کە بکـرێتەوە بە سـی سـاڵ، بـرگەی دووەم پشـتیوانی قسـەکەی د.ڕێواز دەکەم کە کاتێك دیاری بکرێ، ئەوە بەکراوەیی نەهێڵرێتەوە، کاتێکی تری گونجاو بـۆ بەسـتنی کـۆنگرە دیـار دەکرێـت، ئەو کـاتە زۆر بەکراوەیــی هێڵــراوەتەوە، دەتــوانری زۆر درێژبکـرێتەوە، بـۆیە لە مانگێـك زیـاتر نەبـێ، بڕگەی سێهەم دیسـان پشـتیوانی قسـەکەی د.ڕێـواز دەکەم لەوەی کە کاتێـك دیـاری بکـرێ، جـا ئەو سـی مـانگە یـان کەمتـر، بـۆ ئەوەی کـاتێکی زۆر بەو دەسـتە کـۆنەی سـەندیکا نەدری تەعـامولی پێـوە بـکەن، بڕگەی چـوارەم بە بڕوای من کێشەی تیایە بە تایبەتی تا ئەو شوێنەی کە دەڵی (ژمارەی یاسایی دێتە ئاراوە بە ئامـادەبوونی یەك لەسـەر سـێی ژمـارەی ئەنـدامە تۆمارکراوەکـان)، سـەندیکایەك ئەگەر بـۆ پرۆسەی هەڵبژاردنی ناوخۆی خۆی یەکەم زۆرینەی ڕەهای ئەندامەکانی پـی کـۆ نەبێتەوە، دوای ئەوە یەك لەسـەر سـێی ئەوانەی پـی کـۆ نەبێتەوە بە بـروای مـن دەبـی لێـرە قەتعـی بکەیــن (لە کــاتی نەهــاتنە ئــارای ئەم ژمــارەیەش ســەندیکا هەڵدەوەشــێتەوە)، چــونکە سـندیکایەك نەتـوانی یەك لەسـەر سـێی کـۆ بکـاتەوە بـۆ ئەوەی هەڵبژاردنێکـی نـاوخۆیی ئەنجام بـدات بە دڵنیـایی دەبێـت هەڵبوەشێتەوە، بـۆیە مـن پێشـنیار دەکەم تـا ئەو شـوێنە بهێڵــرێتەوە، یەك لەســەر ســێی ژمــارەی ئەنــدامە تۆمارکراوەکــان لەوی قەتــع بکــری و بەشەکەی خوارەوەی لاببرێ، ئەگەر پشتیوانی لەم قسەیە بکری تەنها ئەو بڕگەیەی بۆ زیـاد بکرێ، لە کاتی نەهاتنە ئارای ئەم ژمارەیەش سەندیکا هەڵدەوەشێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز ئومێد حەمە علی، بەڕێز قادر ئۆتمان، فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (11) لە راستی دا بڕگەی چوارەمی بۆ ماوەی شەش مانگ ئەگەر هەڵبژاردن هات و دوای ئەو شەش مانگەش هەڵبژاردن ئەنجام نەدرا ئەوە سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەن بۆ خولێکی تر بەردەوام دەبن، پێم باشە ئەگەر لەو ماوەیەدا هەڵبژاردن نەکرا بە ئامادەبوونی زۆرینەی سادە با هەڵبژاردن بەڕێوەبچێت، نەك بۆ خولێکی دیکە بەردەوامی هەبێ، بەڵکو بە ئامادەبوونی زۆرینە هەڵبژاردن بەڕێوەبچێت، پرسیاریشم ئەوەی کە لە سێ ساڵەوە بووە بە چوار ساڵ، یەعنی ئەگەر ئەوەش ڕوون بکرێتەوە بۆچی؟ یەعنی ڕەنگە ئێمەش لێکدانەوەکان بۆی هەبی بەلآم دەمانەوی بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی ڕوونکردنەوە لەسەر ئەوە بدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز قادر ئۆتمان، بەڕێز مدینه أیوب، فەرموو.

**بەڕێز مدينه أيوب أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەێ ماددا (11) بڕگا ئێکێ ئەز پێشنیار دکەم چار ساڵ ببن سێ ساڵ ل مانگێ شوباتێ ژ بێت تەحدید کرن، دەربارێ ماددا چارێ بەحسێ ل هندەێ کری بۆ ماوێ شەش مانگ، ئەگەر هاتوو دوای شەش مانگ هەڵبژاردن ئەنجام نەدا ئەو سەرۆك ئەنجومەن بەردەوام بیت یۆ خوڵەکی دی تر ئەڤە لڤێرێ بۆ چار ساڵا ل سەرێ ئیشارەتێ پێ دای و چارساڵا ژی خوڵەك دی هەکە دیسا نەهات کرن هەروەسا دێ بەردەوام بتن تڤێت حەدەك بۆ هەبتن و هەڵبژاردن ب زیترین وەخت بهێتە کرن، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز مدینه أیوب، بەڕێز د.پەری، فەرموو.

**بەڕێز پەری صالح حميد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم زۆربەی کران، پشتیوانی لە هەمووو ئەوانە دەکەم کە کردیانە سێ ساڵ، ڕوونکردنەوەمان لەسەر وشەی نێردە دەوێ، خاڵی سێیەمیش هەر زۆر وشکە ئەگەر بۆمان ڕوونبکەنەوە تا بەشێوەیەکی باشتر دایبڕێژینەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د.پەری، بەڕێز د.جوان، فەرموو.

**بەڕێز جوان إسماعيل عزيز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان وابزانم کاتمان زۆر کوشت بەو ئیستینساخەی، چونکە بەڕێزان د. ڤاڵا تەوزیحی کرد، لە ماددە ئەسڵییەکەی موجەرەد ئینشائی یە دەکەینە خاڵ، ئەگەر بەس تەرکیزمان بکردایە سەر قسەکانی بەڕێز د. ڤاڵا دەمانزانی نەفسی مەزموونە، موجەرەد لێرە ئینشائی یە، لێرە نوقاتە، کاتمان پی کوشت.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە تەواو بوو رۆیشت.

**بەڕێز جوان إسماعيل عزيز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە تەواو بوو، هەتا دووبارە نەکرێتەوە جارێکی تر، ئەگەر دیقەتی بدەینە لیژنەی یاسایی زۆر شت ئاسان دەکرێت بۆمان، سەبارەت بەوەی د.رێواز و بەهار خان، بەڵی بەعزی وشە هەیە دەستەی گشتی و مەندوبەکان، ئیحتیمالە لە یاسای ئەصلییەکە ئەوانە

ڕوونكرابێتەوە، خاصەتەن لە بیدایەتی هەر یاسایەك كە (المصطلحات المستخدمة) روون دەكرێ، بەڵام لێرە پێویستمان بە پرێك لە مەعلوماتی زیاتر هەیە، ئەگەر بۆمان ڕوون بكەنەوە، دەستەی گشتی و نێردەكان مەندوبەكان قەصدییان چییە؟ لەگەڵ خاڵی چوارەم بەڵی لەگەڵ بەڕێزانم لەگەڵ د.ڕێوازم، دەبی خول بەردەوام بێت، ئالییەتێك دابنێ، نابی ئەو خولە زیاتر لە چوار ساڵ بەردەوام بێت، یەعنی ئالییەتێك دابنێین بۆ ئەوە، بۆ چارەسەركردنی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د.جوان، بەڕێز تحسین دۆڵەمەڕی، فەرموو.

**بەڕێز تحسین إسماعیل أحمد (تحسین دۆڵەمەڕی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری بەڕێزان د.ڕێواز، مدینە خان، د.پەری و ئەو بەڕێزانەی تر دەكەم، لە بڕگەی یەكەم منیش پشتگیریان دەكەم كە بكرێتە سی ساڵ، پێمباشە هەموو نێردەكان بكرێنە كاندید، لە بڕگەی چوارەم لەو شوێنەی دەڵی ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیكا بەردەوام دەبن لە كارەكانیان بۆ ماوەی شەش مانگ، ئەگەر هاتو دوای شەش مانگیش هەڵبژاردن ئەنجام نەدرا ئەوە سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەن بۆ خولێكی تر بەردەوام دەبن، كەواتە كراوە دەبی و دەكرێت پشتگوی بخرێت ئەو كارە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز تحسین إسماعیل، بەڕێز علی عثمان، فەرموو.

**بەڕێز علی عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددا (11) یەكەم، پێشنیار دكەم خالا ئێكێ ب ڤی رەنگی بێت دارشتن لە سەر بانگهێشی ئەنجومەنی سەندیكای هەر چوار ساڵ جارێك دەستەی گشتی سەندیكا لەكۆنگرەی گشتی دا كۆ دەبێتەوەو و تەواو بكرێت، دووەم بە ئامادە بوونی زۆرینەی رەهای نێردەكان كۆنگرە دەبەسترێت، كۆنگرە بێتە پشت نێردەكان، سەبارەت خالا چارێ من ژی تەئیدا وان برادەرا دكەم دانانا شەش هەیڤا ب حەقیقەت پشتی هنگی ئەنجومەن یێ بەردەوام بیت یا نە سەندیكا بەردەوام بیت بۆ ماوێ چار سالێت دی بەڵكی هەڵبژاردن نەهێت كرن ژ بەر كو سەندیكایێ پارێزەران سەندیكایەكێ گرنگە پێشنیار دكەم میكانیزمەك بێت دانان بۆ ڤێ چەندێ هەڵبژاردن بێنە كرن.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز علی عثمان، بەڕێز ئاری عبداللطیف، فەرموو.

**بەڕێز ئاری عبداللطیف مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوو هەڵە و ئاڵوگۆڕی ڕێزمانیمان هەیە لە بڕگەی یەكەم دا بەم شێوەی لێ بكری (دەستەی گشتی سەندیكا هەر چوار ساڵ جارێك لە كۆنگرەیەكی گشتی دا لەسەر بانگهێشتی ئەنجومەنی سەندیكا كۆ دەبێتەوە)، سێیەمیش (كۆنگرە، چۆنیەتی رێككەوت و رێكاری هەڵبژاردن دیاری دەكات) چونكە رێككەوت و واددەی بەستن یەك شتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز ئاری عبداللطیف، بەڕێز بێستوون فائق، فەرموو.

**بەڕێز بێستوون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی د.ڕێواز، بەهار خان، کاك ئومێد حەمە علی دەکەم و تەئکید لەوە دەکەمەوە کە ئەو موددەیەی لە فەقەرەی چوارەم دا دانراوە بۆ ماوەی شەش مانگ و دواتریش هەڵنەبژاردنەوە و تەئجیل کردنی ئینتیخاباتەکە و یان تەسلیم کردنەوەی بۆ دەوەرەیەکی تر بەخراپی دەزانم و بە گەنجاوی نازانم ڕێکخراوێك ئەوەی کاك ئومێد گوتی نەتوانی زۆرینەی ڕەها بۆ کۆنگرە و بۆ هەڵبژاردنی دەستەی گشتی یان یەك لەسەر سێ کۆ بکاتەوە و ئامادە بکات، لە حەقیقەت دا دەبی جۆرێکی تر، صیغەیەکی تر بدۆزرێتەوە بۆ موعالەجەی ئەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز بێستوون فائق، بەڕێز مریم صمد، فەرموو.

**بەڕێز مریم صمد عبدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

مـن پشـتگیری لە رای بەڕێـز د.ڕێـواز و ئەو بەڕێـزانە دەکەم کە لەگەڵ رایەکەی ئەون، لەبڕگەی یەکەم لەگەڵ ئەو رایەم کە چوار ساڵ بکری بە سێ ساڵ، لە بڕگەی دووەم هەر لەگەڵ ئەو رایەمك کە کاتیان بۆ دیاری بکرێ، مەرجیان بۆ دابنرێت، لە بڕگەی چوارەم لەگەڵ ئەو ڕایەم کە هەڵبژاردنەکە ئیجباری بکرێ، ئەو خولە بەردەوام نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز مریم صمد، بەڕێز فرحان جوهر، فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تێبینییەکانم لەسەر بڕگەی چوارەمە کە لە کارەکانیان بۆ ماوەی شەش مانگ بەردەوام دەبن، بەڕای من پێشنیار دەکەم بکرێتە سێ مانگ، سێ مانگ بەردەوام دەبن، هەروەها ناکری دوای ئەنجام نەدانی سێ مانگیش دەستەی گشتی بۆ خولێکی تر بەردەوام بێت، من پێشنیار دەکەم ئەوەش بکرێتە (بۆ ماوەی شەش مانگ بەردەوام بن و هەڵبژاردن ئەنجام بدەن)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز فرحان جوهر، بەڕێزان موناقەشە لەسەر ئەو ماددەیە کۆتایی هات، بە ڕەچاوکردنی تێبینییەکانی بەڕێز سەرۆکی سەندیکا، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین دووبارە ئەم ماددەیە صیاغە بکرێت، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی، بەڕێز د.ڤالا، فەرموو.

**بەڕێز ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە پێشنیار کراوە زیاتر لە سێ کەس پێشنیاری کرد کە چوار ساڵ بکری بە سێ ساڵ، بۆچی ئێمە چوار ساڵمان داناوە؟ یەکەمیان/ ئیسنادمان کرد لە دوای موناقەشە کردن لەگەڵ سەندیکا هاوشێوەی ئەنجومەنەکانی تر بێت، کە بۆ هەموویان چوار ساڵە بە

هەڵبژاردن، با ئەوانیش چوار ساڵ بن، ئینجا بە عەمەلی سەندیکا بۆی ڕوونکردینەوە کە تاکو ئێستا هیچ کاتێك کۆنگرە لە سی ساڵ دا نەبەستراوە، راستە سی ساڵ لە ئەصلی یاساکەدا هاتووە، بەڵام تاکو ئێستا سەندیکا نەیتوانیوە لە ماوەی ئەو سی ساڵەدا کۆنگرە ببەستێت، بۆیە پێی باش بووە چوار ساڵ بێت، وەکو هەموو ئەنجومەنەکانی تر و سەندیکاکانی تر کە هەڵدەبژێردرێن، بۆ مەسەلەی دەستەی گشتی وەکو نێردراوە بۆمان لەلایەن بەڕێز سەرۆکی سەندیکا گشت پارێزەرانی کوردستان دەگرێتەوە، نێردراوەکان مەندوبن، تەنها بۆ کۆنگرەیە چونکە ناکری (10) هەزار پارێزەر بەیەکەوە بەشداربن لە کۆنگرە، خاڵێکی تر کە باس کرا زیاتر لە سی ئەندام پەرلەمان پێیان وایە کە سەندیکا نابێت بۆ ماوەی خولێکی تر بەردەوام بێت، بۆیە پێویستە میکانیزمێکی یاسایی بدۆزرێتەوە بۆ ئەو بابەتە، ئێمە لەگەڵ ئەندامانی لیژنەی یاسایی دوای ئەوەی بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی یاسایی روونکردنەوەی خۆیان دەدەن صیاغەی دەکەینەوە ئەو بابەتە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د.ڤالا، بەڕێز د.بەهار، فەرموو.

**بەڕێز بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەسەلەی چوار ساڵ و سی ساڵەکە وەکو گوترا کە ئێمە لەسەر ئەساسی ئەنجومەنەکانی ترە، بەس ئەوە مادام زیاتر لە سی کەس داوای کردووە، دواجار بە دەنگدان یەکلایی دەکرێتەوە، سەبارەت بەوەی کە بەردەوام بوونی خولەکەی بۆ خولێکی تر، ئێمە هەوڵ دەدەین چارەسەرێکی وەسەتی بکەین ناکری هەڵوەشێتەوە وەکو ئەوەی پێشنیار کرا، چونکە هەڵوەشانەوەی سەندیکا یەعنی پارێزەران دەکەونە بۆشاییەکەوە، هیچ رێکخستنێکی تەنزیمی قانونیان نابێ، لەبەر ئەوە مومکین نیە هەڵوەشاندنەوە، بەس هەوڵ دەدەین حەلێك بکەین کە شەش مانگەکە کەم دەکەینەوە، لە دوای شەش مانگەکەش وا دەکەین کە رێژەیەکی کەمتر، رێژەکە ئەگەر لە یەك لەسەر سێش کەمتر بێ، گرنگ هەڵبژاردنەکە ئەنجام بدرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د.بەهار، بەڕێز تەلار لطیف، فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر روونکردنەوەیەکی زیاتر لەسەر ئەو پرسیارانەی کە هاتبوو لەلایەن هەندی لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانەوە لەسەر دەستەی گشتی و لەسەر نێردەکان، ئەو نێردانە لە هەر محافەزەیەك ژوورێکی پارێزەرایەتی هەیە، لەو ژوورەی پارێزەرایەتی کار بۆ رێکخستنەوەی کاری ئەو پارێزەرانە دەکەن لەو ژوورە، لە ئێستاشدا لەبەر ئەوەی ئێستا چوار پارێزگاین، لە هەر پارێزگایەك ئەو ژوورانە کار بۆ رێکخستنەوەی کاری پارێزەرایەتیەکان دەکەن و ئەوانیش لەسەر ئەو ئەساسە لە رێگای ئەنجومەنی سەندیکاوە ئەو ژمارەیە تەحدید دەکری و ئەو نێردانە هەڵدەبژێرن لە ژوورەکانەوە هەتاوەکو بەشداری لە کۆنگرە بکەن، دەستەی گشتیش پێکهاتووە لە دەستەی گشتی پارێزەرانی بەشداربوو لەو کۆنگرەیەدا، بەڵام بۆ هەڵوەشانەوەی منیش پشتگیری دەکەم بەڵی هەڵوەشانەوە فەراغێکی یاسایی دروست دەبی و کێشەی یاسایی دروست دەکات جگە بۆ پارێزەران، ئێمە هەر چوار ساڵ جارێك کۆمەڵێك لە پارێزەران پێویستیان بەوەیە کە هەویە دەرکەن،

پێویستیان بەوەیە کە کۆمەڵێك ئیجرائاتی یاسایی بکەن، هەروەها کۆمەڵێك شەریکات پێویستی بە مۆڵەت دانە لە رێگای ئەوەی کە پارێزەر دەبی کاری دەرهێنانی تەئسیس کردنی ئەو شەریکانە بکات، دیسانەوە کێشە دروست دەبێت جگە لەوە کە دەبێتە هۆکار بۆ وەستاندنی کاری تازەکردنەوەی هەویەی پارێزەرایەتی، کە ئەوەش گرفت دروست دەکات بۆ ئەو داوایانەی کە هەیە لە دادگاکان دا ئاستەنگ دروست دەکات بۆ داواکار و داوالێکراویش، بۆیە ئەوە بەراستی هەڵوەشانەوە مونصیف نابێت و دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشە و فەراغ، بۆیە پێویست دەکات لایەنی کەم وەکو پێشنیارێك بۆ ماوەی سی مانگ وادەکەیان درێژبکرێتەوە، بەلآم لە ماوەی ئەو سی مانگەدا کار بۆ هەڵبژاردنێکی تازە بکەن لە داهاتوودا، بۆ ئەوەی نە گرفتی یاسایی دروست بی و هەروەها نەبێتە هۆکاری لێدان لە پرۆسەی دیموکراسیش لە سەندیکادا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز تەلار لطیف بۆ ئەو روونکردنەوە، بەڕێز منی نبی، فەرموو.

**بەڕێز منی نبی نادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (11) بڕگەی یەکەم منیش پشتگیری ئەوە دەکەم کە چوار ساڵ بێت، وەکو ئەنجومەنەکانی تر هاوتا بێت، ناکری تەنها سەندیکای پارێزەران سی ساڵ جارێك کۆنگرەی خۆی ئەنجام بدات، سەبارەت بە بڕگەی چوارەم لە راستی دا ماوەکە زۆرە شەش مانگ، منیش لەگەڵ ئەو بەڕێزانەم و پشتگیری ئەوە دەکەم کەوا سی مانگ بێت، لەگەڵ دانانی میکانیزمێك کە بە زۆرینەی ئامادەبووان کۆنگرە ئەنجام بدرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز منی نبی، ئێستا چاوەڕوانی دارشتنەوەی ئەو ماددەین، فەرموو بەڕێز د. ڤالا سەرۆکی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ خاڵی چوارەم مولاحەزەیەك هەبوو کە سەندیکا بە ئامادەبوونی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی تۆمارکراو دێتە ئاراوە، بکری بە ئە ندامانی نێردە، دیارە ئەوە هەڵبژاردنی سەندیکایە دەبی هەموو ئەعزایەکان تێیدا بەشدار ببن، چونکە هەڵبژاردنی سەرۆك و هەموو ئەندامەکانیەتی، بۆیە پێویستە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەلآم سی ساڵ و چوار ساڵ پێشنیار کراوە زیاتر لە سی کەس کە ببی بە سی ساڵ، بەڕێزتان ئەوە بخەنە دەنگدان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

چوار ساڵ ببی بە سی ساڵ، ئەوەی پێشنیار کراوە چوار ساڵ ببێت بە سی ساڵ دەخەینە دەنگدان، کی لەگەڵە؟ (35) کەس بەپەسند دەزانن ببێت بە سی ساڵ، ئەوەی دژە و دەیەوی وەکو خۆی بمێنێت چوار ساڵ بێت؟ (32) کەس دژن، واتا بە زۆرینەی دەنگ ئەو پێشنیارە پەسند کرا کە وەك خۆی سی ساڵ بمێنێت پێشنیارەکە چوار بکرێتە سی (35) کەس پەسندی کرد، ئەوە دژ بوو، کە وەکو خۆی بمێنێت (32) بوو، یەعنی واتا پێشنیارەکە پەسند کرا، هەر لە دەنگدانەکە دیار بوو، ئێستا کۆی ماددەکە، خاڵێکی نیزامیمان هەیە بەڕێز ئومێد حەمە علی، فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە سەرۆکی لیژنەی یاسایی روونکردنەوەی لەسەر خاڵی چوارەم دا، بەلآم پێموانیە ئەوە کێشەکە چارەسەر بکات، سەباری ئەوە ئەو کێشەیە وەك خۆی ماوەتەوە کە ئەوان

ئەگەر هەڵبژاردن ئەنجام نەدرا بۆ ماوەی چوار ساڵ یان بۆ ماوەی سی ساڵی تر کە ئێستا ئەوە جێگیر کرا، دەمێننەوە، بۆیە بە بڕوای من ئەوە دەبی چارەسەر بکرێ، ئەگەر هەڵوەشانەوەکەش نەبی تەجمید بێ، یان هەر ڕێگایەکی تر.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوان خەریکی دارشتنن، ئێستا دایدەڕێژن.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای دارشتنەوەی بڕگەی چوارەم و دوای وەرگرتنی پێشنیاری ئەندامان لەسەر بڕگەی (1)، ماددەکەمان بەو شێوەیە دارشتۆتەوە.

ماددەی (11)

ماددەی (48)ی یاساکە هەمواردەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

یەکەم/ دەستەی گشتی سەندیکا لە کۆنگرەیەکی گشتی دا کۆ دەبێتەوە لەسەر بانگهێشتی ئەنجومەنی سەندیکا هەر سی ساڵ جارێك ئەویش لە ڕێگەی نێردەکان مندوبین کە ڕێژەیان لەلایەن ئەنجومەنی سەندیکا دیاری دەکرێت و بە هەڵبژاردن دیاری دەکرێن.

دووەم/ کۆنگرە بە ئامادەبوونی زۆرینەی رەهای نێردەکان دەبەستری بە پێچەوانەوە بۆ ڕۆژی دواتر دوادەخری لەو حاڵەتەدا بە ئامادەبوونی یەك لەسەر سێی نێردەکان دەبەستری بە پێچەوانەوە لەلایەن ئەنجومەنی سەندیکاوە کاتێکی تری گونجاو بۆ بەستنی کۆنگرە دیاری دەکرێت.

سێیەم/ کۆنگرە ڕێککەوت و چۆنیەتی واددەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکا دیاری دەکات و تاوەکو هاتنی واددەکە ئەنجومەنی سەندیکا بەردەوام دەبی تەنها بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانەی سەندیکا.

چوارەم/ ژمارەی یاسایی دەستەی گشتی سەندیکا بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکا بە ئامادەبوونی زۆرینەی رەهای ئەندامانی تۆمارکراو دێتە ئاراوە و بەپێچەوانەوە هەڵبژاردن دوادەخری بۆ ڕۆژی دواتر و ژمارەی یاسایی دێتە ئاراوە و بە ئامادەبوونی یەك لەسەر سێی ئەندامە تۆمارکراوەکان و لە کاتی نەهاتنە ئارای ئەم ژمارەیەش سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکا بەردەوام دەبن لە کارەکانیان بۆ ماوەی سی مانگ، ئەگەر هاتو دوای سی مانگیش ڕێژەی یەك لەسەر سێی ئەندامان ئامادە نەبوون ئەوا بەڕێژەی ئامادەبووان هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی د.ڤالا، یەك تێبینی خاڵی نیزامییە، بەڕێز د.ڕێواز، فەرموو.

**بەڕێز ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە بڕگەی دووەم و سێیەم دا گوتمان ئەم (دیاری دەکرێت) بە موتڵەقی نەبێ، زیاتر لە پێنج پەرلەمانتاریش پشتگیری ئەو پێشنیارەیان کرد، لەبەر ئەوە داوا دەکەم ئەو موتڵەقییە لابری لەوەی کە ئەنجومەن وەختەکە دیاری دەکات بۆ کۆنگرە، ئەنجومەن وەختەکە دیاری دەکات بۆ ئەگەر ئەوە نەهاتە ئاراوە، یەعنی مەسەلەن کۆنگرە بە ئامادەبوونی زۆرینەی رەهای نێردەکان دەبەسترێ، بەپێچەوانەوە بۆ رۆژی دواتر دوادەخرێ، لەم حاڵەتەدا بە ئامادەبوونی یەك لەسەر سێی نێردەکان دەبەسترێ، بە پێچەوانەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئاوا نووسراوە، لەلایەن ئەنجومەنی سەندیکاوە کاتێکی تری گونجاو بۆ بەستنی کۆنگرە دیاری دەکرێ، ئەو کاتی گونجاوە حەفتەیەکی ترە، مانگێکی ترە، سی مانگی ترە، ساڵێکی ترە، گونجاو لە رووی ژمارەییەوە چیە؟ نازانین چیە؟

بڕگەی سێیەمیش بە هەمان شێوەیە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە لەبەردەمی دوو بڕگەداین، کۆنگرە جیاوازە، هەڵبژاردنی سەرۆکی نەقابە و ئەنجومەنەکەی جیاوازە، دوو شتی جیاوازن، لە ناو کۆنگرە ئەوە نایێتە ئارا کە مەبەستە، مەوعیدێکی تر بۆ کۆنگرە تەحدید دەکرێ، لە بڕگەی سی دا باس لە چی دەکات؟ واددەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکا کی دیاری دەکات؟ کۆنگرە، ئەصڵەن کۆنگرە خۆی نەهاتۆتە ئارا، جاری با ئێمە لە بڕگەی یەك و دوو دا کۆنگرە بکەین، لە کۆنگرە تەحدید دەکری کەی هەڵبـژاردن دەکـرێ، ئەو دەسـتە گشـتییەی کە کـۆنگرە دەکـات لە ڕێـگەی مەندوبینەوە دەبی کە ئەوە موخالیفە بۆ ماددەی (47)ی قانونەکە لە راستی دا، تەعریفی دەستەی گشتی هاتووە دەڵی لە هەموو ئەو پارێزەرانە پێك دێت کە لە تۆماردا نووسراون و ئابوونەی بەشداربوونی خۆیان داوە و هیچیان لەسەر نەماوە، ئەوە تەعریفی دەستەی گشـتییە لە نـاو قـانونەکە، بەڵـآم لە تەعـدیلەکە دەڵـی دەسـتەی گشـتی لە ڕێـگەی مەنـدوبینەوە کـۆ دەبێـتەوە، یەعنـی ئەوە تەحـریفێکە کە کـراوە قەینـا تەبیعـیە و تێـپەڕی موشـکیلە نـیە، لەبەر ئەوەی خـۆی وتـووێتی لە ڕێـگەی مەنـدوبینەوە دەستەی گشـتی کـۆ دەبێتەوە و هەموو کۆ نابنەوە، ئەوە بـۆ کـۆنگرە، بەڕێـزان مـن بەشـداری کـۆنگرەم کـردووە، دەزانم چـۆنە کۆنگرەکەیـان، کـۆنگرە دەکەن، ئەوانەی بـۆ کـۆنگرە بەشـداری دەکەن جیاوازن لەگەڵ ئەوانەی کە دەنگ دەدەن بۆ سەرۆکی سەندیکا و بـۆ ئەنـدامانی ئەنجـومەن، لەبەر ئەوە تکایە ئەو پێشنیارانە بە نەزەری ئیعتیبار وەرگرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئەو تێبینییە، بەڕێز د.ڤالا، فەرموو.

**بەڕێز ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی دووەم ئیزافەمان کرد (لەلایەن ئەنجـومەنی سـەندیکاوە کـاتێکی تـری گونجـاو بـۆ بەستنی کۆنگرە دیاری دەکرێت بە مەرجێك لە (30) رۆژ تێپەڕ نەکات).

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

(30) رۆژەکە وابزانم پەسەندە، ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێنـدرایەوە بەو گـۆڕانگارییە کە ئاماژەیان پی کرد بەڕێز سـەرۆکی لیـژنەی یاسایی دەخەیـنە دەنگدانەوە، پێویسـت دەکـات ماددەکە جارێکی تر هەمووی بخوێندرێتەوە؟ پێویست ناکات، ماددەکە دەخەیـنە دەنگـدان، بەو شێوازەی خوێندرایەوە بە ئیزافەکردنی (30) رۆژ، کـی لەگەڵە؟ (51) کەس بە پەسـەندی دەزانی، ئەوەی دژە؟ (3) کەس دژن، ماددەکە بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ماددەی (12).

**بەڕێز ڤالآ فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (12)

ماددەی (49)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

یەکەم/ دەسـتەی گشـتی سـەندیکا لە ڕێـگەی نێردەکـانییەوە لە کـۆنگرە ئەم دەسـەلآت و تایبەتکارییانەی خوارەوە پیادە دەکات:

1-گفتوگـۆکردنی کارەکـانی ئەنجـومەنی سـەندیکا و پەسـندکردن و بڕیارەکـانی ژمێـرە کۆتاییەکانی بـودجەی پێشـوو، بڕیـاردانی بـودجەی نـوی کە ئەنجومەنی سـەندیکا بـۆ چـوار ساڵی داهاتوو ئامادەی دەکات.

2-تێڕوانین لە کاروباری پارێزەران کە لە خشتەی کاردا هـاتوون و تێڕوانین لەو پێشـنیارانەی پێشکەشی کراون لە گشت ئەو شتانەی پەیوەندیدارن پێیەوە.

3-پێشـنیاری هەمـوارکردنی رسـومات و هـاوبەش و پێبـژاردن بـۆ سـەندیکا و سـەندووقی خانەنشینی.
4-بڕیارەکانی کۆنگرەی گشتی پابەندن و بە زۆرینەی ئەندامە ئامادەبووەکان دەردەکرێن.
دووەم/ دەسـتەی سەرپەرشـتیار لەسـەر کارەکـانی کـۆنگرە بانگهێشـتی دەسـتەی گشـتی دەکات بە تەواوی ئەنـدامە تۆمارکراوەکانی لە تۆمـار و ئەوانەی بەرامبەری بەشـداربوونی سـالآنەیان داوە بــۆ هەڵبژاردنــی سـەرۆکی سـەندیکا و ئەنــدامانی رەسـەن و یەدەگــی ئەنجـومەنی سـەندیکا لەو رۆژەی بـۆ ئەم مەبەسـتە دیـاری کـراوە و لە رووی کـارگێری و هـونەرییەوە رێکـی دەخـات و مـافی نـیە دەسـت بخـاتە نێـو رێڕەوی هەڵبژاردنەکـان یـان ئەنجامەکــانی و چەنــد دادوەرێــك لە دادگــای تێهەڵچــوونەوەی تایبەتمەنــدی نــاوچەکە سەرپەرشتی ئەنجامدانی هەڵبژاردن دەکەن و کۆنووسەکانی رێك دەخەن و ئەنجامەکانی جێگیر دەکەن و رایدەگەیەنن.
سێیەم/ دادگـای تەمیـزی هەرێـم تایبەتمەنـدی دەبێـت بە تێڕوانین بە شـێوەی بەپەلە لەو تانانەی پێشکەش دەکرێن لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنەکان کە پێویستە لە ماوەی (15) رۆژ پێشکەش بکرێن کە لە ڕۆژی دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەست پی دەکات و بڕیاری دادگا لەم بارەیەوە ملکەچ دەبی بۆ تانە لێدان لەلایەن دەستەی گشـتی دادگـای تەمیز لە ڕێگەی داواکردنی ڕاست کردنەوەی ئەویش لە ماوەی (15) ڕۆژدا.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سـوپاس بـۆ بەڕێـز د. ڤاڵا سـەرۆکی لیـژنەی یاسـایی، بەڕێـزان دەسـت بە گفتوگـۆ دەکەیـن لەسـەر مـاددەی (12)، فەرمـوون بەڕێـزان ئەوانەی دەیـانەوی بەشـداری بـکەن، دیـارە چـوار کەس دەیانەوی بەشداری بکەن، بەڕێز بەهار عبدالرحمن، فەرموو.
**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سـەبارەت بە مـاددەی (49) پێمـوایە کە بـڕگەی یەکەم لەگەڵ بـڕگەی دووەمـدا پێویسـت دەکات بڕگەی دووەم بکری بە یەکەم، چونکە بـاس لە هەڵبـژاردنە، دەسـتەی سەرپەرشـتیار هەڵبـژاردن کارەکـان رێـك دەخـات، دوایـی دەسـتەی گشـتی ئەم کـارانەی دەبێـت، ئەوە لە رووی تەسەلسولەوە، سەبارەت بە بـۆ چـوار ساڵی داهاتوو مادام سی ساڵ دەنگی هێنا دەبی لێرەشدا بکری بە سی ساڵ، لە بڕگەی دووەم دا کە دەڵـی ئەنـدامانی رەسـەن، تـۆزی وشـەیەکی وابـزانم پەسـەند نـیە، چـونکە پـێچەوانەکەی نارەسـەن دەگـرێتەوە، ئەگەرچـی پێـدەچی لەرووی زمـانەوانییەوە ئەو ئیشـکالە دروسـت بـووبێ، بـۆیە پێشـنیار دەکەم ئەو وشەیە بگۆڕی بە شتێکی تـر، یـاخود هەر عەرەبییەکەی ئەگەر وشـەیەکی گونجـاو نـیە هەر عەرەبییەکەی بەکار بهێنرێ، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
ئەنـدامی ئەصـیل و ئەنـدامی نائەصـیل، بـا شـتێك بـدۆزنەوە، سـوپاس بـۆ بەڕێـز بەهـار عبدالرحمن، بەڕێز قادر ئۆتمان، فەرموو.
**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سـەبارەت بە خـاڵی دووەم پێشـنیار دەکەم هەر بە تەنهـا تێـڕوانین نەبـێ، تێـروانین و یەکلاکردنەوە بـۆ ئەوەی ئەو پێشـنیارانەی کە دەکـرێن بە هەنـد وەردەگـرن یـان بە هەنـد وەرناگرن، بۆ ئەوەی تێڕوانین و یەکلاکردنەوە، لە قانونەکەش یەکلاکردنەوەشی تێدابووە، سەبارەت بە خاڵی چوارەم ئەوەی کە بەهار خان وتی پشتگیری لی دەکەم، ئەو وشـەیە لاببرێ، هەر بنووسری ئەندامانی ئەنجومەن و یەدەگی ئەنجومەن، واتا کە وتت ئەندامی

ئەنجـومەن و ئەنـدامی یەدەگـی ئەنجـومەن ئەوە دەبـێ، یـان دەتـوانی وشـەی سـەرەکی بەکاربهێنیت، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
دوایی با ئەو پێشنیارانە کۆ بکەنەوە، زۆر سـوپاس بەڕێـز قـادر ئۆتمان، بەڕێـز محمد علـی، فەرموو دکتۆر.
**بەڕێز محمد علی یاسین:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
دووەم لە دێری چوارەم، لە رووی کارگێری و هـونەرییەوە، تەبـعەن لێـرە مەبەسـت لە رووی هونەرییەوە لە رووی تەکنیکییەوە، مەبەسـەتیان لە ڕووی تەکنیکەیـیە، چـونکە لە عەرەبیـدا فەنیــیە، ئــێمە هەردوکیــان بە هــونەر تەرجــومە دەکەیــن، کەچــی هەنــدێك جــار ئەوانە مەبەستیان تەکنیکیە، خۆ ئەوە لێرە هـونەری نـیە، فـورقەی مۆسـیقی دادەنـێن یـان شـتێکی دیکە ئەو کاتە دەبێتە هونەری، بەڵام مەبەستیان تەکنیکی یە، سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز د.محمد علی، بەڕێز فرحان جوهر، فەرموو.
**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
مـن پێشـنیارم هەیە کە مەسـەلەی تایبەتکارییەکـان و دەسـەڵاتەکانی کـۆنگرە لە پەیـڕەوی نــاوخۆی ســەندیکادا چارەســەر بکرێــت، ئەوە بمێنێــتەوە بــۆ وردەکارییەکــانی کــۆنگرە و دەسەڵاتەکانی بە مینهاج داخلی چارەسەر بکرێت، تەنها بڕگەی سێهەم بمێنێت کە دادگای تەمیزی هەرێم تایبەتمەند دەبێت بە تێڕوانین بەشێوەیەکی بەپەلە لەو تانانەی پێشکەش دەکرێن، من پێموایە تەنها ئەم خاڵە بمینی ئەوی تر بچێتە سـەر مەسـەلەی مینهـاج داخلـی، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز فرحان جوهر، بەڕێز د.پەری، فەرموو.
**بەڕێز پەری صالح حمید:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
تێبینییەکەم بەهار خان و کاك د.محمد کردیان، سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
سـوپاس بـۆ بەڕێزتـان د.پەری، گفتوگـۆ لەسـەر مـاددەی (12) کۆتـایی هـات، ئێسـتا داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەیـن بـۆ ئەوەی دارشـتنەوەی ئەو مـاددەیە بخەنەڕوو، د. ڤاڵا سـەرۆکی لیژنەی یاسایی، فەرموو.
**بەڕێز ڤاڵا فرید إبراهیم:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
ئەو موصتەلەحی هـونەری کـرا بە تەکنیکـی، بەڵام ئەوەی کە بەکارمـان هێنـاوە مەسـەلەی رەسەن، ئێمە مەبەستمانە (الأعضاء الأصليين و الأعضاء الإحتيـاطيين)، یەعنـی هەیە لە نـاو قـانون، ئەوە بە پێـی ئیختیصاصـی خۆتـان، لە جێـی ئەصـلی، لە جێـی رەسـەن شـتێکی ترمان بۆ بدۆزنەوە، لە کوردی چی بەکار دێنن؟
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
دوایـی ئەو مـاددەیە یەکلـای بکەیـنەوە ئەو مەسـەلەی زمـانەوانی، دوایـی سـەندیکا خـۆی پێش ئەوە ئیقرار بکری دەتوانین ئەوە چارێکی لی بکەین، یەعنی شتێکی گونجاو.
**بەڕێز ڤاڵا فرید إبراهیم:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (12)
ماددەی (49)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
یەکەم/ دەستەی گشتی سەندیکا لە رێگەی نێردەکانییەوە لە کۆنگرە ئەم دەسەلآت و تایبەتکارییانەی خوارەوە پیادە دەکات:
1- گفتوگۆکردنی کارەکانی ئەنجومەنی سەندیکا و پەسندکردن و بڕیارەکانی ژمێرە کۆتاییەکانی بودجەی پێشوو، بڕیاردانی بودجەی نوی کە ئەنجومەنی سەندیکا بۆ سی ساڵی داهاتووی ئامادەی دەکات.
2-تێڕوانین و یەکلاکردنەوە لە کاروباری پارێزەران کە لە خشتەی کاردا هاتوون و تێڕوانین لەو پێشنیارانەی پێشکەشی کراون لە گشت ئەو شتانەی پەیوەندیدارن پێیەوە.
3-پێشنیاری هەمواركردنی رسومات و هاوبەش و پێبژاردن بۆ سەندیکا و سەندووقی خانەنشینی.
4-بڕیارەکانی کۆنگرەی گشتی پابەندن و بە زۆرینەی ئەندامە ئامادەبووەکان دەردەکرێن.
دووەم/ دەستەی سەرپەرشتیار لەسەر کارەکانی کۆنگرە بانگهێشتی دەستەی گشتی دەکات بە تەواوی ئەندامە تۆمارکراوەکانی لە تۆمار و ئەوانەی بەرامبەری بەشداربوونی سالآنەیان داوە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی سەندیکا و ئەندامی ئەصڵی و یەدەگی ئەنجومەنی سەندیکا لەو رۆژەی بۆ ئەم مەبەستە دیاری کراوە لە رووی کارگێری و تەکنیکی رێکی دەخات و مافی نیە دەست بخاتە نێو ڕێڕەوی هەڵبژاردنەکان یان ئەنجامەکانی و چەند دادوەرێك لە دادگای تێهەڵچوونەوەی تایبەتمەندی ناوچەکە سەرپەرشتی ئەنجامدانی هەڵبژاردن دەکەن و کۆنووسەکانی رێك دەخەن و ئەنجامەکانی جێگیر دەکەن و رایدەگەیەنن.
سێیەم/ دادگای تەمیزی هەرێم تایبەتمەند دەبێت بە تێڕوانین بە شێوەی بەپەلە لەو تانانەی پێشکەش دەکرێن لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنەکان کە پێویستە لە ماوەی (15) ڕۆژ پێشکەش بکرێن کە لە رۆژی دوای راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەست پی دەکات و بڕیاری دادگا لەم بارەیەوە ملکەچ دەبی بۆ تانە لێدان لەلایەن دەستەی گشتی دادگای تەمیز لە رێگەی داواکردنی راست کردنەوەی ئەویش لە ماوەی (15) رۆژدا.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی د.ڤالا، ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان، کی لەگەڵە؟ (46) کەس بە پەسند دەزانیت، ئەوەی دژە؟ کەس نیە، بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، ماددەی (13).

**بەڕێز ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (13) هەر دوو بڕگەی یەکەم و دووەمی ماددەی (50)ی یاساکە هەموار دەکرێن و بەم شێوەیە دەخوێندرێنەوە:
یەکەم/ نێردراوی کۆنگرەی گشتی بەشێوەیەکی نائاسایی لە ناوەندی سەندیکا کۆدەبنەوە لەسەر بانگهێشتی دوو لەسەر سێی ئەنجومەنەکەی یان یەك لەسەر سێی ئەندامە تۆمارکراوەکانی.
دووەم/ ژمارەی یاسایی کۆبوونەوەی نائاسایی بەئامادەبوونی بەلای کەم یەك لەسەر سێی نێردەکان لە ئەندامانی کۆنگرە دێتە ئاراوە بەپێچەوانەوە بۆ رۆژی دواتری دوادەخرێت و لەکاتی نەهاتنە ئارای ئەم ژمارەیە ئەوە کۆبوونەوەکە هەڵدەگیرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان بۆ موناقەشەی ماددەی (13) یەك بەڕێز داوا دەكات، بەڕێز على عثمان، فەرموو.
**بەڕێز على عثمان على:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
پێشنیار دكەم بڕگا (1) و (2) ڤی رەنگی بێنە دارشتن/ لەسەر بانگهێشتی دوو لەسەر سێی ئەنجومەنەكەی یان یەك لەسەر سێی ئەندامە تۆماركراوەكانی نێردراوانی كۆنگرەی گشتی بەشێوەیەكی نائاسایی لە ناوەندی سەندیكا كۆدەبنەوە.
بڕگا دووێ/ كۆبوونەوەی نائاسایی بەئامادەبوونی ژمارەی یاسایی كە دەكاتە یەك لەسەر سێی نێردەكانی ئەندامەكانی كۆنگرە دەبەستێت بەپێچەوانەوە بۆ رۆژی دواتر دوادەخرێت و لەكاتی ئامادەنەبوونی ژمارەی یاسایی  ئەوە كۆبوونەوەكە هەڵدەگیرێت بۆ ماوەیەك لە یەك مانگ زیاتر نەبێت، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز علی عثمان، ئەوانە بنووسە بۆ بەڕێز لیژنەی یاسایی، ئێستا داوا لە بەڕێزان لیژنەی یاسایی دەكەین ئەو ماددەیە دووبارە داڕێژنەوە.
**بەڕێز ڤاڵا فرید إبراهیم:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
ماددەی (13)
هەر دوو بڕگەی یەكەم و دووەمی ماددەی (50)ی یاساكە هەموار دەكرێن و بەم شێوەیە دەخوێندرێنەوە:
یەكەم/ نێردراوی كۆنگرەی گشتی بەشێوەیەكی نائاسایی لە ناوەندی سەندیكا كۆدەبنەوە و لەسەر بانگهێشتی دوو لەسەر سێی ئەنجومەنەكەی یان یەك لەسەر سێی ئەندامە تۆماركراوەكانی.
دووەم/ ژمارەی یاسایی كۆبوونەوەی نائاسایی بەئامادەبوونی لایەنی كەم یەك لەسەر سێی نێردەكان لە ئەندامانی كۆنگرە دێتە ئاراوە بەپێچەوانەوە بۆ رۆژی دواتری دوادەخرێت و لەكاتی نەهاتنە ئارای ئەم ژمارەیە ئەوە كۆبوونەوەكە هەڵدەگیرێت.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئیمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێندرایەوە لەلایەن لیژنەی یاسایی دەخەینە دەنگدان، كی لەگەڵە؟ (42) كەس بەپەسەند دەزانی، ئەوەی دژە؟ كەس نیە، بە كۆی دەنگ پەسەند كرا، ماددەی (14).
**بەڕێز ڤاڵا فرید إبراهیم:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
ماددەی (14)
بڕگەی یەكەمی ماددەی (58)ی یاساكە هەموار دەكرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
یەكەم/ دامەزراندنی فەرمانبەر و كارمەندان بەشێوەی گرێبەست بۆ رایی كردنی كارەكانی سەندیكا و كۆتایی پێهێنانی راژەكانیان بەشێوەیەك مەرجەكانی دامەزراندن و مووچە و بنەماكانی بەرزكردنەوەی هاتووە لە یاسای ڕاژەی مەدەنی رژاوە بكرێت.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز سەرۆكی لیژنەی یاسایی، بۆ گفتوگۆی ماددەی (14)، گفتوگۆ نیە، دیارە ئەو ماددەیە موناقەشەی نیە، راستەوخۆ بەو شێوازەی خوێندرایەوە دەیخەینە دەنگدان، كی لەگەڵە؟ (47) كەس بەپەسەند دەزانی، ئەوەی دژە؟ كەس نیە، بە كۆی دەنگ پەسەند كرا، ماددەی (15).
**بەڕێز ڤاڵا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (15)

ماددەی (65)ی یاساکە هەمواردەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

سکاڵای بەرزەفتەیی بە نووسراو لەلایەن سەرۆکی سەندیکا یان سەرۆکی داواکاری گشتی یان هەر دادگایەك یان لایەنێکی فەرمی یان لەلایەن بریکار بۆ کراو دەجووڵێنرێت و لەم حاڵەتەش بریکار بۆ کراو بارمتەیەك دەدات بڕەکەی (50)هەزار دینارە یان ئەوەی هاوتایەتی ئەگەر لە دەعواکەی خاوەن ماف دەرچوو ئەوە بۆی دەگێڕدرێتەوە و بەپێچەوانەوە وەکو داهاتێکی کۆتایی بۆ سەندیکا تۆمار دەکرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی بەڕێز د.ڤالا، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ماددەی (15)، یەك بەڕێز هەیە، بەڕێز مدینە أیوب، فەرموو.

**بەڕێز مدینە أیوب أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارێ ماددا (15) بەحسێ سکالایێ تکەتن، دەمێ سکالایەك تێتە تۆمار کرن ل لایێ سەندیکایێ یان سەرۆکێ داوا گشتی یان هەر لایەنەکێ فەرمی بێتە لادان چونکە ئەگەر کەسەکێ گەل محامییەکێ ئیتیفاقەك کر و ئیتیفاقا وان هات تێکدام ئەڤ کەسە بچیتن سکالا خۆ تۆمار بکەتن ب رێیا داواکارێ گشتی بیت و رێیا بۆسییەی تەحوسلی سەندیکای بکەتن دێ گەلەك باشتر بتن، دەربارێ وی تەئمیناتێ هاتە داینانی ئەز بینم ئەڤە رێژەکا زۆرە (50.000) بۆ وی کەسێ هەکە سکالا وی بسەر کەنەکەتی و (50.000) بدەت ئەز دەعوا تکەم ئەڤاهە ببت (30.000)، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز مدینە أیوب، بەڕێز امنە زکری، فەرموو.

**بەڕێز امنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاڵپشتیا مدینە خانی دکەم، (50)هەزار ببیتە (30) هەزار.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز امنە زکری، بەڕێز ئاواز حمید، فەرموو.

**بەڕێز ئاواز حمید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاڵپشتی مدینە خان دەکەم.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز ئاواز حمید، لیژنەی یاسایی، فەرموو بەڕێزان، بەڕێز د. ڤاڵا سەرۆکی لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز ڤاڵا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی پەیوەستە بە مەسەلەی سکاڵاکە، سکاڵای بەرزەفتەیی یە، یەعنی ئینزیباتییە، ئەوە هیچ کێشەیەکی نیە، بۆیە دەبی لایەنەکانی فەرمیشی تێدا بێت لە پاڵ دادگا و داواکاری گشتی، دووەمیش زیاتر لە (3) کەس پێشنیاری کردووە کە (50) هەزارەکە بکری بە (30) هەزار.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە دەخەیــنە دەنگــدان کە (50) هەزار ببێــتە (30) هەزار، کــی لەگەڵە؟ (30) کەس ئەو پێشنیارە بەپەسەند دەزانن، ئەوەی دژن؟ ئەو پێشنیارە بەپەسەند نازانن؟ (11) کەس دژن، واتا پێشنیارەکە پەسەند کرا (50) هەزار ببێتە (30) هەزار، کۆی ماددەکە.

**بەڕێز ڤاڵا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (15)

ماددەی (65)ی یاساکە هەمواردەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

سکاڵای بەرزەفتەیی بە نووسراو لەلایەن سەرۆکی سەندیکا یان سەرۆکی داواکاری گشتی یان هەر دادگایەك یان لایەنێکی فەرمی یان لەلایەن بریکار بۆ کراو دەجووڵێنرێت و لەم حاڵەتەش بریکار بۆ کراو بارمتەیەك تەئمینات دەدات بڕەکەی (30)هەزار دینارە یان ئەوەی هاوتــایەتی ئەگەر لە دەعــواکەی خــاوەن مــاف دەرچــوو ئەوە بــۆی دەگێــڕدرێتەوە و بەپێچەوانەوە وەك داهاتێکی کۆتایی بۆ سەندیکا تۆمار دەکرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د. ڤاڵا سەرۆکی لیژنەی یاسایی، پێش ئەوەی بیخەینە دەنگدان، خاڵێکی نیزامیمان هەیە، بەڕێز عمر عینایەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(بریکار بۆ کراوم) گۆڕی بە (برى گرتە)، نازانم لێرەش هەر بە بریکار بۆ کراو هاتووە، ئەگەر لە جاری پێشوو پەسەند نەکراوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی روونکردنەوە؟

**بەڕێز ڤاڵا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر بریکار بۆ کراو مایەوە لەبەر ئەوەی سوڵتەی قەزائی ئەو موستەڵەحە بەکار دێنن لەبەرامبەر موەکیل، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئەو روونکردنەوە د.ڤالا، ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان، کی لەگەڵە؟ (41) کەس بەپەسەند دەزانن، ئەوەی دژە؟ (3) کەس دژن، ماددەکە بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، ماددەی (16).

**بەڕێز ڤاڵا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (16)

ماددەیەك بۆ یاساکە زیاد دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

یەك/ پارێزەرە، راوێژکارەکان یان ئەوانەی پیادەکارن ممارس بۆیان هەیە نووسینگەی بە تەنها یان هاوبەش بۆ خۆیان لە شوێنی کارکردنیان کە لەلای سەندیکا جێگیر کراوە بکەنەوە.

دوو/ دەکرێت نووسینکە بە ناوێکی تایبەت بەخۆی بکرێت کەوا لە تۆمارێکی تایبەت لەلای سەندیکا تۆمار دەکرێت ئەویش لە دوای ئەو ڕێکارانەی سەندیکا بەڕێنمایی دیاری دەکات و ئەنجومەنەکەی بڕیاری لەسەر دەدات.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی، بۆ گفتوگۆی ئەم ماددەیە، بەڕێز ئومێد حەمە علی، فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها سەرنجێکی زمانەوانی یە، یەك/ پارێزەرە راوێژکارەکان یان ئەوانەی پیادەکارن، پێموایە ئەو (یان)ە پێویست نیە (پارێزەرە راوێژکارەکان و پیادەکارەکان دەتوانن نووسینگەی تایبەتی خۆیان) من نازانم تا چەند راستە ئەوەی ئەوان نووسیویانە نووسینگەی بە تەنها یان دەتوانن نووسینگەی تایبەت بە خۆیان یان هاوبەش لە شوێنی کارکردنیان بکەنەوە کە لەلای سەندیکا جێگیر کراوە بەو شێوەیە، خاڵی دووەم ئەویش زۆر رەکیکی تیایە لە رووی زمانییەوە، ئەگەر خۆیان دەتوانن پێداچوونەوەیەکی بۆ بکەن، زۆر زۆر رەکیکە، لە دوو رستەدا چەند جارێك ناوی سەندیکایان دووبارە کردۆتەوە، ئەوە جوان نیە بۆ دەقی یاسایی بۆ نووسین.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز ئومێد حەمە علی، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین ئەو ماددەیە دووبارە صیاغە بکەنەوە، رەچاوی ئەو تێبینیانەش بکرێت، بەڕێز تەلار لطیف، فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ روونکردنەوە بەڕێز پەرلەمانتار کاك ئومێد سەبارەت بەوەی کە دەڵی پارێزەرە راوێژکارەکان یان ئەوانەی پیادەکارن، راوێژکارەکان دەتوانن بە تەنها خۆیان نووسینگە بکەنەوە، یاخود لەگەڵ موماریسەکان دەیکەنەوە، یەعنی مەرج نیە هەموو راوێژکارێك ئیلا دەبی کەسێکی موماریسی لەگەڵ دا بێت، لەبەر ئەوە ناتوانین (و) دانێین، هەر دەبی (یان) دابنرێ، چونکە ئەو کاتە ئیختیاری یە، لەبەر ئەوە بۆ ئەوەی هیچ گرفتێکی یاسایی بۆ تەتبیقات دروست نەبی دەبی (یان) هەبێ، ئەو (و) لە کاتی جێبەجێکردنی ئەو بڕگەیە کێشەی یاسایی دروست دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئەو روونکردنەوەیە بەڕێز تەلار لطیف، بەڕێز عمر عینایەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی لە ئەصڵی یاساکە لە بڕگەکەدا هاتووە (پارێزەرە راویژکارەکان یان ئەوانەی پیادەکارن) مانای ئەوەیە هەم پیادەکارەکان هەم راوێژکارەکان مافیان هەیە نووسینگە بکەنەوە، (و)کەش دابنێی عەینەن واتا دەگەیەنێ، لەبەر ئەوە من پشتگیری قسەکەی کاك ئومێد دەکەم، ئەگەر (و) دابنێی زۆر مەنتیقیترە، هەروەها وشەی (کەوا) لە کوردیدا نیە، دەکری بنووسی (کە)، (کەوا) لەبەر دەکرێ، دەستخۆش سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بەڕێز عمر عینایەت، بەڕێز د. ڤاڵا سەرۆکی لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز ڤاڵا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەلار خان محاماتی کردووە و پێیوایە (و) کێشە دروست دەکات، بەڕێز سەرۆکی سەندیکاش لەگەڵ ئەوەیە کە (یان) وەکو خۆی بمێنێتەوە و دوای وەرگرتنی راوبۆچوونی بەڕێز کاك ئومێد بەم شێوەیە ماددەکەمان داڕشتۆتەوە:

ماددەی (16)

ماددەیەك بۆ یاساکە زیاد دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

یەك/ پارێزەرە راوێژکارەکان یان ئەوانەی پیادەکارن ممارسن دەتوانن نووسینگەی تایبەت بە خۆیان یان هاوبەش لە شوێنی کارکردنیان کە لەلای سەندیکا جێگیر کراوە بکەنەوە.

دوو/ دەکرێت نووسینگە بە ناوێکی تایبەت بەخۆی بکرێت کەوا لە تۆمارێکی تایبەت لەلای سەندیکا تۆمار دەکرێت ئەویش لە دوای ئەو رێکارانەی سەندیکا بە رێنمایی دەری دەکات و ئەنجومەنەکە بڕیاری لەسەر دەدات.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی، ئەو ماددەیە، ماددەی (16) بەو شێوازەی خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵە؟ (49) کەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە؟ کەس نیە، بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، ماددەی (17)

**بەڕێز ڤاڵا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (17)

بەشێك بۆ یاساکە زیاد دەکرێت بەڕیزبەندی بەشی دەیەم و لە ژێر ناونیشانی کۆمپانیاکانی پارێزەرایەتی:

یەکەم/ پارێزەرانی راوێژکار بۆیان هەیە کۆمپانیایەکی مەدەنی پیشەیی بۆ پارێزەرایەتی و ڕاوێژکاری یاسایی دابمەزرێنن بە سیفەتی هاوبەشی پێکەوەیی لە ڕووی نەیاری و بەرپرسیاریەتییەوە بەرامبەر بەکەسانی دیکە لە یەك نووسینگە یان زیاتر بە مەبەستی پارێزەرایەتی کردن و پێشکەش کردنی راوێژی یاسایی و بۆیان نیە نوێنەرایەتی ئەو لایەنانە بکەن کەوا بەرژەوەندییەکانیان دژ بەیەکە، بۆیان هەیە پارێزەرایەتی بکەن لە چوارچێوەی کۆمپانیا یان لە دەرەوەی بەگوێرەی بەندەکانی ئەو رێککەوتنەی لە نێوانیان واژوو کراوە.

دووەم/ کۆمپانیا کەسایەتی مەعنەوی هەیە و مافی هەیە پیشەی پارێزەرایەتی بکات لە رۆژی تۆمارکردنییەوە لە تۆماری کۆمپانیا مەدەنییەکان لەلای بەشی کۆمپانیاکان لە سەندیکا لە دوای پەسەند کردنی ئەنجومەن لەسەر پەیڕەوی بنەڕەتی و گرێبەستی نوێنەری کۆمپانیاکە.

سێیەم/ ناوی کۆمپانیاکە ناوی گوازراوەی شیاو دەبی بە پیشەکە یان ناوی هەموو هاوبەشەکانە یان ناوی یەکێکیانە لەگەڵ هاوبەشەکانی و بەردەوام دەستەواژەی کۆمپانیای مەدەنی پیشەیی پارێزەرایەتی یان کۆمپانیای پارێزەرایەتی لە دوای دێت.

چوارەم/ 1-هیچ هاوبەشێك مافی نیە لە مافەکانی لە کۆمپانیا بێتە خوارەوە بۆ کەسانی جگە لە هاوبەشەکانی مەگەر بەڕەزامەندی نووسراوی هەموویانەوە بێت.

2-هەر هاوبەشێك مافی هەیە لە کۆمپانیا بێتە دەرەوە لەدوای ئاگادار کردنەوەی هاوبەشەکانی لەم بارەیەوە بەلای کەم بەر لە سی مانگ.

3-پارێزەر مافی نیە ببێتە ئەندام لە زیاتر لە یەك کۆمپانیا لەو کۆمپانیایەی لەم یاسایەدا دەقیان لەسەر کراوە.

4-پـارێزەر مـافی نـیە لە کۆمپانیـا بە ئەنـدام بمێنێـتەوە و ئەگەر لە پیـادەکردنی پیشـە قەدەغەکرابێ یان ناوی لە خشتەی پارێزەران لەبەر هەر هۆیەك بێت رەشكرابێتەوە.
5-لەکاتی نەبـوونی دەق بـۆ چارەسـەری حاڵەتی پێویسـت لە کۆمپانیاکـانی پـارێزەرایەتی مەدەنـی دەکـری بـۆ حوکمەکـانی هـاتوو لە یاسـای مەدەنـی و یاسـا بەرکارەکـانی دیـکەی پەیوەندیدار گەڕانەوە بکرێ.
6-سـەرۆکی سـەندیکا یـان ئەوەی نـوێنەرایەتی دەکـات گـرتنەبەری رێکارەکـانی هەڵوەشـاندنەوە و پاکتـاوکردنی کۆمپانیـای مەدەنـی پـارێزەرایەتی بەپێـی یاسـای پارێزەرایەتی و ڕێنماییەکانی لە ئەستۆ دەگرێت.
7-ئەنجـومەنی سـەندیکا بـۆی هەیە رێنمـایی پێویسـت دەربـارەی بەیـانی گرێبەسـتی دامەزرانـدنی کۆمپانیـا و چـۆنیەتی رێکارەکـانی تۆمـارکردنی لەلـای سـەندیکا و هەڵوەشاندنەوەی یان پاکتاوکردنی دەربکات.
8-پێویستە لەسەر گشت ئەو کۆمپانیانەی پارێزەرایەتی کە لە هەرێم کار دەکەن خۆماڵی بـی یـان بیانی بـی کە پێشتر بە پێـی یاسـای دیـکە دامەزراون بـاری یاسـایی خۆیـان بە پێـی حوکمەکانی ئەم یاسایە و ئەو ڕێنماییانەی بە پێی ئەو یاسایە دەردەچن لە ماوەی شەش مانگ لەبەرکاربوونی ئەم یاسایە بگونجێنن و هەمواری بکەن.
9-کۆمپانیاکـانی پـارێزەرایەتی وەك کەسـایەتییەکی مەعـنەوی و ئەو لایەنـانەی کە لە یاسـا بەرکارەکـان وەسـف کـراوە بـۆ مەبەسـتەکانی بریکارنـامەیی و پـی راگەیانـدنی یاسـایی و دادبینـی و گشـت ئەو شـتانەی پەیوەندیـدارن بە پیشـەی پـارێزەرایەتی کـردنەوە تەنهـا لەو حاڵەتانە نەبی کە تێیدا ناکرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بـۆ بەڕێـز سـەرۆکی لیژنەی یاسایی، بەڕێـزان دەسـت بە گفتوگـۆ دەکەیـن لەسـەر ماددەی (17)، ئەوەی دەیانەوی بەشداری بکەن لە گفتوگۆکردن، دیارە دوو بەرێز دەیـانەوی بەشداری بکەن، بەڕێز د.رێواز، فەرموو.

**بەڕێز رێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی (8) دەڵـی (پێویستە لەسەر گشت ئەو کۆمپانیایانەی پارێزەرایەتی کە لە هەرێـم کـار دەکەن خۆماڵی بێت یان بیانی)، ئێمە لە ماددەی (1) گوتمان پـارێزەر دەبـی ئیللا جنسیەی عیراقی هەبـێ، یەعنـی هەڵگـری جنسیەی عیراقـی بـی بە مەرج، لێـرە بـۆ کۆمپانیـای بیـانی پـارێزەرایەتی هـیچ شـتێکمان نـیە؟ یەعنـی هـیچ قسـەمان نـیە؟ بە مـوتڵەقی بۆیـان هەیە ئەوەی کە پێشـتر دەزانـم هەن، مەجمـوعەیەك کۆمپانیـای بیـانی پـارێزەرایەتی لە هەرێمـی کوردستاندان، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەوەش لەسـەر ئەساسـی (معاملـة بالمثـل) دەبـێ؟ یـان هەر ئـاوا بە مـوتڵەقی دەبـێ؟ چونکە هەن و هەندێکیشـیان ئەصـلەن بـوونەتە رێگـری لەوەی کە موحامیەکـانی کوردسـتان بتـوانن ئیشـەکانی خۆیـان بـکەن و عەیـنەن ئیشـەکانی ئەوانـیش دەکەن، مـن دەزانـم کۆمپانیـای موحامـاتی ئـوردونی لێـرە ئـیش دەکەن، لوبنـانی لێـرە ئـیش دەکەن، هەتـا بەریتـانیش لێـرە ئـیش دەکەن، لەبەر ئەوە داوای ڕوونکـردنەوە دەکەم سەبارەت بەوە و رەئی بەڕێز سەرۆکی سـەندیکاش لە رێـگەی بەڕێـز لیژنەوە، لێـی بپرسـن ئایـا ئەوان بە مـوتڵەقی ئیتـر بۆیـان هەیە لێـرە ئـیش بـکەن؟ خۆیـان بگـونجێنن مەبەستیان بە موتڵەقییە یان نا؟

فەقەرەی نۆیەمیش لەو تۆزەی ئەخیری تێناگەم دەڵـی (گشـت ئەو شـتانەی پەیوەندیـدارن بەپیشـەی پـارێزەرایەتی کـردنەوە و تەنهـا لەو حاڵەتـانە نەبێـت کە تێیـدا ناکرێـت) نـازانم

مەبەستیان لەوە چیە؟ ئەگەر لە عەرەبی کراوە بە کوردی، نازانم چیە مەبەستەکە؟ تۆزی نامەفهومە لەوانەیە پێویستی بە ئیعادەی صیاغە هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د.ڕێواز فائق، بەڕێز عمر عینایەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە چوارەم بڕگەی (3) پارێزەر مافی نیە ببێتە ئەندام لە زیاتر لە یەك کۆمپانیا، لە کۆمپانیا ئەندامبوون نیە، کۆمپانیا بەشداریبوونە، یەعنی سەهمی هەیە، یەعنی شتێك نیە بەناوی ئەندام لە کۆمپانیا، بەڵی دەکری ئەندام بی لە دەستەی کارگێری، یەعنی لە مەجلیسی ئیدارەی کۆمپانیا، بەلآم ناکری ببێتە ئەندام لە کۆمپانیاکە، کەواتە دەبی تۆ هاوبەش بی لەو کۆمپانیایە، یەعنی بۆی نیە هاوبەش بی لە چەند کۆمپانیایەك، ناکری بڵێی ئەندام بێ، هەروەها وشەی لە ئەخیرەوە گشت ئەو شتانەی وەکو بەڕێز د.ڕێواز باسی کرد، (گشت ئەو شتانەی)، (شت) لە کوردیدا دەبی موعالەجە بکرێ، یەعنی (جميع الأمور)، لەوانەیە لە عەرەبی دا وا هاتبێ، نازانم نەصە عەرەبییەکەی چۆنە؟ ئەگەر بکرێت ئەوە داڕێژنەوە باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز عمر عینایەت، بەڕێز ئومێد حەمە علی، فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها ویستم پشتیوانی قسەکانی د.ڕێواز بکەم لەو بڕگەی هەشتەمە مەسەلەی کۆمپانیا بیانییەکانەوە، هەم روونبکرێتەوە و هەم چارەسەریش بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز ئومێد حەمە علی، بەڕێز کەژاڵ هادی، فەرموو.

**بەڕێز کەژاڵ هادی فقێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری راکەی د.ڕێواز و کاك ئومێد دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د.کەژاڵ هادی، دیارە گفتوگۆ لەسەر ئەو ماددەیە کۆتایی هات، ئێستا داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین، هەم وەلآمدانەوەی ئەو پرسیارانە و ئەو تێبینییانەی ئاراستە کران، هەم بۆ داڕشتنەوەی ئەم ماددەیە، فەرموو بەڕێز د.ڤالا.

**بەڕێز ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی (4) لە بڕگەی (چوارەم) پارێزەر مافی نیە لە کۆمپانیا بە هاوبەش بمێنێتەوە، ئەوەی بەڕێز عمر عینایەت پێشنیاری کرد، وەرگیرا، ئەوەی پەیوەستە بە بڕگەی (هەشتەم) ئێمە گوتوومانە خۆی بگونجێنێت لەگەڵ یاساکە، کە دەڵێین خۆی بگونجێنێت لەگەڵ یاساکە پێشتریش باسی مەبدەئی (معاملة بالمثل)مان کردووە دەتوانین لێرە وەکو خۆی بمێنێتەوە، دەشتوانین بنووسری لە کۆتاییەکەی بە رەچاوکردنی مەبدەئی (معاملة بالمثل)، هەردووکی راستە، نۆیەمیش ئەو شتانە مەبەستمان (أمور)ە، یەعنی (أمور) کردمانە (ئەو بابەتانە).

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو کاروبارانە، ئێستا داڕشتنی کۆتایی ماددەکە، فەرموو بەڕێز د.ڤالا.
**بەڕێز ڤالا فريد إبراهيم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (17)
بەشێك بۆ یاساکە زیاد دەکرێت و بەڕیزبەندی بەشی دەیەم و لە ژێر ناونیشانی کۆمپانیاکانی پارێزەرایەتی:
یەکەم/ پارێزەرانی راوێژکار بۆیان هەیە کۆمپانیایەکی مەدەنی پیشەیی بۆ پارێزەرایەتی و راوێژکاری یاسایی دابمەزرێنن بە سیفەتی هاوبەشی پێکەوەیی لە رووی نەیاری و بەرپرسیاریەتییەوە بەرامبەر بەکەسانی دیکە لە یەك نووسینگە یان زیاتر بە مەبەستی پارێزەرایەتی کردن و پێشکەش کردنی راوێژی یاسایی و بۆیان نیە بەڕێوەبەرایەتی ئەو لایەنانە بکەن کەوا بەرژەوەندییەکانیان دژ بەیەکە، بۆیان هەیە پارێزەرایەتی بکەن لە چوارچێوەی کۆمپانیا یان لە دەرەوەی بەگوێرەی بەندەکانی ئەو رێککەوتنەی لە نێوانیان دا واژوو کراوە.
دووەم/ کۆمپانیا کەسایەتی مەعنەوی هەیە و مافی هەیە پیشەی پارێزەرایەتی بکات لە رۆژی تۆمارکردنی لە تۆماری کۆمپانیا مەدەنییەکان لەلای بەشی کۆمپانیاکان لە سەندیکا لە دوای پەسەند کردنی ئەنجومەن لەسەر پەیڕەوی بنەڕەتی و گرێبەستی دامەزرێنەری کۆمپانیاکە.
سێیەم/ ناوی کۆمپانیاکە ناوی گوزارەی شیاو دەبێت بە پیشەکە یان ناوی هەموو هاوبەشەکانە یان ناوی یەکێکیانە لەگەڵ هاوبەشەکانی و بەردەوام دەستەواژەی کۆمپانیای مەدەنی پیشەیی پارێزەرایەتی یان کۆمپانیای پارێزەرایەتی لە دوای دێت.
چوارەم/ 1-هیچ هاوبەشێك مافی نیە لە مافەکانی لە کۆمپانیا بێتە خوارەوە بۆ کەسانی جگە لە هاوبەشەکانی مەگەر بە رەزامەندی نووسراوی هەموویانەوە بێت.
2-هەر هاوبەشێك مافی هەیە لە کۆمپانیا بێتە دەرەوە لەدوای ئاگادار کردنەوەی هاوبەشەکانی لەم بارەیەوە بەلای کەم بەر لە سی مانگ.
3-پارێزەر مافی نیە ببێتە ئەندام لە زیاتر لە یەك کۆمپانیا لەو کۆمپانیانەی لەم یاسایەدا دەقیان لەسەر کراوە.
4-پارێزەر مافی نییە لە کۆمپانیا بە هاوبەش بمێنێتەوە ئەگەر لە پیادەکردنی پیشە قەدەغە کرابێت یان ناوی لە خشتەی پارێزەران لەبەر هەر هۆیەك بێت رەش کرابێتەوە.
5- لە کاتی نەبوونی دەق بۆ چارەسەری حاڵەتی پێویست لە کۆمپانیاکانی پارێزەرایەتی مەدەنی دەکرێت بۆ حوکمەکانی هات و لە یاسایی مەدەنی و یاسا بەرکارەکانی دیکەی پەیوەندیدا گەڕانەوە بکرێت.
6- سەرۆکی سەندیکای یان ئەوانەی نوێنەرایەتی دەکات گرتنە بەری رێکارەکانی هەڵوەشاندنەوە و پاکتاوکردنی کۆمپانیای مەدەنی پارێزەرایەتی بە پێی یاسای پارێزەرایەتی ڕێنماییەکانی لە ئەستۆ دەگرێت.
7- ئەنجومەنی سەندیکا بۆی هەیە رێنمایی پێویست دەربارەی بەیانی گرێبەستی دامەزراندنی کۆمپانیا و چۆنیەتی رێکارەکانی تۆمار کردنی لەلای سەندیکا و هەڵوەشاندنەوەی یان پاکتاوکردنی دەربکات.
8- پێویستە لەسەر گشت ئەو کۆمپانیایانەی پارێزەرایەتی کە لە هەرێم کار دەکەن خۆماڵی بێت یان بیانی کە پێشتر بە پێی یاسای دیکە دامەزراون باری یاسایی خۆیان بە پێی حوکمەکانی ئەو یاسایەو ئەو ڕێنماییە بەپی ئەو یاسایەی دەردەچن لە ماوەی (6)

شەش مانگ لە بەرکاربوونی  ئەم یاسایە بگونجێنن و هەمواری بکەن، لەگەڵ رەچاو کردنی بنەمای مامەڵەی چونیەك.
9- کۆمپانیاکـانی پـارێزەرایەتی وەك کەسـایەتیەکی مەعـنەوی ئە لایەنـانەی کە لە یاسـا بەرکارەکانی وەسف کراوە بۆ مەبەستەکانی بریکار نامەی پێراگەیاندنی یاسایی و دادبینی گشـت ئەو کاروبـارانەی کە پەیوەندیـدارن بە پیشـەی پـارێزەرایەتی کـردنەوە تەنهـا لەو حاڵەتانە نەبێت کە تێیدا ناکرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێـز سـەرۆکی لیـژنەی یاسـایی، دیـارە خاڵێکە نیزامـی هەیە بەڕێـز کـاك (عمـر عینایەت) فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی لیژنەی یاسایی لەمەیـان وەرگـرت کە ئەنـدامەکە بـکەن بە هـاوبەش بەڵام ئێسـتا ئەگەر خوێنـدیەوە لە خـاڵی سـێیەم پـارێزەر مـافی ئەوەی نییە ببێـتە ئەندام ببێتە هاوبەش ئەبێ لەوەشا بیگۆری ئەبێ لە وەشا بیگۆری لە چوارەمـا وەدەبـێ لە سێیەمیش بیگۆری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ڤاڵا فەرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر یەك جار پێشنیار وەرگیرایە لە هەر کۆێیەك ئەندام هەبێت ئەبێ بە هاوبەش.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تۆ وات خوێندەوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە چـاك دەکرێـت وەکـو ئەوەکەی تـر، ئەو مـاددەیە بەو شـێوازەی خـوێنرایەوە دەیخەیـنە دەنگدان؟ (48) کەس بە پەسەند دەزانـن، ئەوەی دژە؟ کەس نییە، بە کـۆی دەنـگ پەسـەند کرا، ماددەی دواتر، فەرموو.

**بەڕێز ڤاڵا فەرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (18)

دەستەواژەی سەرۆکی سەندیکا جێگای دەستەواژەی نەقیبـی پـارێزەران دەگـرێتەوە لە هەر شوێنێکی یاسای پارێزەرایەتی هاتبێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مناقەشـە نییە، ئەو مـاددەیە بەو شـێوازەی خـوێنرایەوە دەیخەیـنە دەنگـدان؟ (50) کەس بە پەسەند دەزان، ئەوەی دژە؟ کەس نییە، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا. ماددەی (19)، فەرمـوو، خاڵی نیزامی بەرێز (امیـنە زکـری) فەرمـوو، دواتـر بەڕێـز (گەشـە) خـان ، دواتـر بەڕێـز (کەژاڵ هادی).

**بەڕێز امینە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەم بگەهینە ئەحکامێت خیتامی بـۆ پێـك ئینانـا ڤـی پرۆژەی، پێشـنیارەك مـن یـا هەی، ماددەك بێتە زێدەکرن ب ڤی شێوازی، کەس و کارێن پـلە ئێـك یـێن دادوەرا بـۆ وان نەبیـتن کو کارێ پارێزەراتی بکەن د سنوورا دادگەها تێهەڵچوونێ کو دادوەر کـارێ خـۆ تێـدا دکەتـن،

واتا پله ئێك یێت دادوەرا ئەگەر مەحکەمە هەبیتن د مەنەقا خۆ بۆ وان نەبیتن ل سنوورێ کو بابێ وا مامێ وان پله ئێك بیتن ل وێرێ سکاڵایێ تۆمار بکەن، سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز (گەشە دارا)، فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جەلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی پەرلەمان دوێنێ باسمان لەوە کرد کە هەندێ پێشنیار هەیە، وە زۆر سوپاسی لیژنەی یاسایی دەکەین کە پێشنیارەکانی وەرگرت بۆ دارشستن، لە ماددەیەك پێموایە ئیتر ئێستا جێگەی ئە ماددەیە با نەچینە سەر ماددەی (19) ئەمە پشت بەستوو بە ماددەی (46) لە یاسای ژمارە (17)ی ساڵی (1999)ی یاسایی پارێزەرایەتی کە دەبێت خزمەتگوزاری لە رووی رۆشەمبیری ئابووری کۆمەڵایەتی بە ئەندامەکانی پێشکەش کا، وە ئەم مادانەی کە ئێمەش باسی ئەکەین بای حاڵەتێکی تایبەتە ئەویش خاوەن پێداویستی تایبەتە کە خاوەن پێداویستی تایبەت کەسێکە (عمق)ێ لەبەر دەمیایەتی کێشەیەك لەبەر دەمیایەتی وەکو کەسێکی ئاسایی ناتوانێت کاری ڕۆژانەی بەردەوام بێت وە ئەو فرسەتانەی کە بۆ پارێزەرێکی تر دێتە بەر دەم بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت نایێ زۆر بە زەحەت تر و قورستر ژیان ئەتوانێ بەڕێکا، ئێمە وەکو لیژنەی کۆمەڵایەتی وە بە پشتوانی لیژنەی یاسایی دەمانەوێت ئەو خاڵانە جێگەی بکرێتەوە، ئەو خاڵانە چین؟ لەبەر دەم لیژنەی یاسایی هەیە ئەگەر دوایی خۆیان بیخوێننەوە قسەی زیاتری لەسەر بکەین یان ئێستا کە لە مەسەلەی بەخشین لە ڕسووم وە لە پێدانی خانەنشینی ساڵانەی ئەندامانی سەندیکا هەروەها مینحەیەك و پێدانی قەرز وە بڕنەوەی هاوکاری بۆ ئەو منداڵانەی کە منداڵای خاوەن پێداویستی تایبەتن یان پارێزەرێکی خاوەن پێداویستی تایبەتن وە ئەو کەلوپەلانەی کە بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت دابین ئەکرێت لە رێی سەندیکاوە، یەعنی ئەمە عیبئێکی مالی ناچێتە سەر حکومەت بەڵك و لە رێی سەندیکاوە ئەم ئیمتیازاتانە هەیە من زۆر سوپاستان ئەکەم، یەعنی ئەگەر بڵێین بۆ نمونە باسی ڕەسێك ئەکەین لە کاتێکا تەڵەبێك تەقدیم ئەکا پارێزەرێك مەسەلەن (1000) هەزار دینار ئەیا یان (5000) پێنج هەزار دینار ئەیا بۆ تەڵەبی تەئجیلی دەعوایەك لە مانە، یەعنی ڕەنگە پارێزەرێك لە مانگێکا (10) دە (15) پانزە هەزار دینار رسوماتەی خۆش بێت سەندیکا پێم وایە زیاتر پشتوانێکی مەعنەوییە ئەگەر پەرلەمانتاران و پەرلەمان پشتوانی ئەو خاوەن پێداویستییە تایبەتیانە بکەین وە ئەوەی کە وەرمانگرتووە نازانم بەڕێز نەقیبی سەندیکا پشتگیریم ئەکا یان نا لە حەڤدە هەژدە هەزار ئەندامی سەندیکای پارێزەران ناگاتە دوو سەد کەس کە خۆیان خاون پێداویستی تایبەتن یان منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەتیان هەیە، زۆر سوپاس بۆ لیژنەی یاسایی ئەگەر پێشنیارەکانمان وەرگرن.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (گەشە دارا)، دوو بەڕێزی تر ئەیانەوێت قسە بکەن، بەڕێز (کەژاڵ هادی)، دواتر (منیرە عثمان)، بەڕێز (کەژاڵ هادی) فەرموو.

**بەڕێز کەژاڵ هادی فقێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم لەلان سەرۆکی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی (گەشە) خانەوە کرا تایبەت بە خاوەن پێداویستی تایبەت، دوێنێ (د.ڤاڵا) ئاماژەی بەوە کرد کە ئێمە بە ماددەیەکی جیا معالەجەی داواکاریەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەکەن، دەستتان خۆش بێت.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (کەژاڵ هادی) وەکو (مبدء) پەسەند کراوە کە ماددەیەکی تایبەت بە خاوەن پێداویستی تایبەتەکان لەناو ئەم هەموارەدا دیاری بکرێت جێگیر بکرێت، بەرێز منیرە عثمان فەرموو.

**بەڕێز منیرە عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستتان خۆش بێت لە راستیا ئەو ێشنیارە پێشنیارەکی گرینگە یەنی هیوادارم بە دەستەی سەرۆکایەتی جەخت کەنەوە لەوەی کە پێویستە ماددەیەك بۆ ئەوە دابرێت، سوپاستان ئەکەم.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (منیرە عثمان)، بەڕێز (خلف احمد) فەرموو.

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری ئەو رایەی ئەکەم ئەوەی کە زیاد کردنی ماددەکە تایبەت بە کەم ئەندامان یان خاوەن پێداویستی تایبەت، دوو پشتگیری (ئامینە) خان ئەکەم ئەوەی کە دادوەرەکان کەس و کاری دادوەرەکان مافی ئەوەیان نەبێت، کەس و کاری پلە یەك، زۆرسوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (خلف احمد)، بەرێز (عمر عینایەت)، فەرموو. قسەی نییە، بەڕێز (د.پەری)، فەرموو.

**بەڕێز پەری صالح حمید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتوانی لە لیژنەی کۆمەڵایەتی دەکەم هەر ئەو ڕۆژەش دەنگمان لەسەر دا بوو هەمووومان پشتیوانیمان دەربری بۆ پێشنیارەکەی (گەشە) خان، سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (د.پەری)، بەڕێز (ئومید حمە علی)، فەرموو.

**بەڕێزئومید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتوانی لە قسەکانی (ئامینە) خان دەکەموو قسەکانی (گەشە )خان، سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (ئومید حمە علی)، بەڕێز (عباس غزالی)، فەرموو.

**بەڕێزعباس غزالی میر خان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری وتەکانی (ئامینە) خان و کاك (ئومید) و کاك (خلف) دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێـز (عبـاس غزالـی)، بەڕێـزان ئێسـتا دوو پێشـنیارمان هەنە پشـتوانی لێکراوە ئەوەی تەسبینی ماددەکی تایبەت بە خاوەن پێداویستە تایبەتەکانە تەواو بووە دارشتنەکە ئەوە مـاوە، پێشـنیاری دووەم ئەوەیە ئەوەی کە پەیوەسـتە بە پـلە یەکـی دادوەرەکـان، چـاوەڕوانی لیـژنەی یاسـاینە بـۆ ئەوەی داڕشـتنی بـۆ بکـرێتن بـۆ ئەوەی بخـرێتە دەنگـدان، فەرموو.
**بەڕێزقاڵا فرید ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
پێشنیاری یەکەم کە کرا، هەر پارێزەرێك کەسی پلە یەکی دادوەر بێت لەلای ئەو دادوەرە داواکەی نابینرێـت، مـاددەیەك ئیـزافە دەکرێـت بە ریزبەنـدی مـاددەی (19) وە دەگوترێـت هەر پارێزەرێك کەسی پلە یەکی دادوەر بێت لەلای ئەو دادوەرە داواکەی نابینرێت.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
کا با راوێژکاریەکی ئیزافی لەگەڵ بەڕێز سـەرۆکی سـەندیکا بکرێتن، دوو بەڕێـز دەیانەوێـت قسە بکەن لە لیژنەی یاسایی، دیارە ئەو بابەتە هەنـدەك بـابەتەکی ئـاڵۆزە ئەوەش ئاساییە پێویستی بە روونکردنەوەی زۆر هەیە، بەرێز (تەلار لطیـف) خـۆی پارێزەرە فەرمـوو بەڕێـز، لە دەسـەڵاتی دادوەری چەنـدین گرێنتـی هەنە بـۆ ئەوەی سـکاڵایەك لـای دادوەرەك بێـتن دەیتـوانی داوا بـکەی ئەو دادوەرە نەیبینـی تەرەفـی مقابـل زەمانـات هەنە بەڵـام لەگەل ئەوەش رەچاوی ئەوەش بابکرێت، بەڵێ، فەرموو.
**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ئـێ خـۆی زۆر ئاسـاییە و یاسـاییە ئەگەر بێـت و پارێزەرێك کەسی دەرەجە یەکی دادوەرێك بێت فعلەن لە ناو ئەو دادگایە نابێت دادوەرەکە ئەو داوایە ببینێت، بەڵـام بـۆ ئەوەی ئێسـتا کە پێشـنیارێك هـاتووە کە لە هەمـوو مەنتـیقە ئیسـتیئنافیەکە بـۆی نەبێـت ئەو کەسـە داوا ببینێت بەڕاستی ئەمە کـارێکی قورسـە یەعنـی کەسێك ئەگەر کەسی یەکەمـی دادوەرەکە بێت کچی بێت یان کوری بێت ناکرێت، بۆ نمونە لە سلیمانی یان لە دهـۆك یان لە هەولێر بە هـیچ شـێوەیەك مـافی نەبێـت لە همـوو مەنتـیقە ئیسـتیئنافیەکە داوا ببینێـت ئەو کـاتە تەنها بۆی هەیە لە دهـۆك یـان لە هەولێر یەعنـی بە راسـتی ئەمە پێشـێلکردنی مـافە ئەوە (اجحـاف)ە بە حەقـی ئەو کەسـە لەبەر ئەو بـاوکی یـان دایکـی دادوەرە ئەمە کێشـەی بـۆ دروسـت ئەبێـت بـۆیە ئەگەر کەسی دەرەجە یەك بێـت، دادوەرێك کەسی نەبێـت بەڵـام لە مەنتـیقە ئیسـتیئنافیەکە بەراسـتەی ئەوە (اجحـاف)ە بە حەقـی کەسـەکە، ئەو کەسـە بـۆ نەبێت لە سنوری ئەو شارەیا کاری پارێزەرایەتی بکات، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز (تەلار لطیف)، بەڕێز (د. بەهار محمود)، فەرموو.
**بەڕێزبەهار محمود فتاح :**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
دانانی ئەم ماددەیە حیکمەتەکەی زۆر جوانە چونکە بۆ خـۆی لە یاسـای (اصـولی مرافعـات) لە مرافعاتی مەدەنیا تەنەحی قازی هەیە قازی نابێت بە ئەترافی دعـوا هەتـاکو دەرەجە (4) ئەگەر یەکێك لە ئەترافی دەعوا تـا دەرەجە (4)ی نابێـت ئەو دەعـوایە ببینـێ ئەبـێ تەنەحـی بکات، بەڵام بۆ پارێزەر نییە بۆیە حیکمەتەکەی جـوانە لەبەر ئەوەی کە بێلایەنی بپارێزن بـۆ ئەوەی دەعــواکە بە مەجـرای خـۆی بە ئینصـاف و بە عەدالەتەوە وەربگرێـت، بـۆیە هەر لەسـەر ئەساسـی ئەو حـیکمەتەش وا باشـە بە تەنهـا ئەو دادوەرەی کە پـلە یەکە نەك لە مەنتیقەی ئیستیئنافیەکە، ئێستا لەو دی و دادوەرێك هەیە هیچ رەبتێك نایەستێتەوە بە

محامیەکە بەڵام لەم  دیو دادوەرەکەی ئەم دی و باوکیەتی بۆ چی ڕێگەی لێبگرێت محامیە لە شارەکەی خۆیدا محامات بکات، بۆیە ئەسلی حیکمەتەکە ئەوەیە کە ئەو دادوەرەی کە داواکە دەبینێت لەگەڵ محامیەکە سیلەی قەرابەیان نەبێت هەر ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ یاسای مرافەعاتی مەدەنی کە تەنەحی قازی باس کردووە بۆ ئەترافی دەعوا ناڵێت لە مەنتیقەکە دەڵێ لەو دەعوایەی کە هەیە نابێت ئەترافی دەعوا لەگەڵ قازیا قەرابەتی تا دەرەجە (4) یان هەبێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (د.بەهار محمود) بۆ ئەو ڕوونکردنەوە، بەڕێز (تەلار لطیف) فەرموو، ڕوونکردنەوەی ئیزافی.

**بەڕێزتەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك ڕوونکردنەوەی ئیزافی ئەگەر بێت و بڵێین ترس هەبێت لەوەی ئەو باوکە واستەیەك بکات یاخود ناو و ناوبانگی ئەو باوکە تەئسیری هەبێت دەبینین داواکە لە سنوری ئەو ئیستیئنافەیە ئەوە ئەگەر لە شارێکیکەش بێت بەهۆی بوونی ئەو پەیوەندیانە ئەو تەئسیرە هەر ئەکات لەبەر ئەوە بە ڕاستی بۆ پێشێکردنی ڕایەك هەیە

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەسەڵاتی دادوەری گرینتی هەنە، یەعنی سکاڵایەك لای دادوەرەك بیت یەعنی دەتوانی دااو بکەی ئەو دادوەرە نەیبینی، تەرەفی مقابل یەعنی زەمانات هەنە یەعنی لەگەڵ ئەوەشدا ڕەچاوی ئەوەش با بکرێت، بەڵێ، فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێ خۆی زۆر ئاساییە و یاساییە ئەگەر بێت و پارێزەرێك کەسی دەرەجە یەکی دادوەریك بێت فعلەن لە ناو ئەو دادگایە نابێت دادوەرەکە ئەو داواویە ببینێ، ئێستا پێشنیارێك هاتووە کە لە هەموو مەنتیقە ئیستیئنافیەکە ئەو کەسە داوا ببینێ بەڕاستی ئەمە کارێکی قورسە یەعنی کەسێك ئەگەر کەسی یەکەمی دادوەرکە ببِ ِت کچی بێ یان کوڕی بێت ناکری بۆ نمونە لە سلێمانی یان لە دهۆك یان لە هەولێر بە هیچ شێوەیەك مافی نەبێت لە هەموو مەنتیقە ئیستیئنافیەکە داوا ببینێ ئەو کاتە تەنها بۆی هەیە لە دهۆك یان لە هەولێر یەعنی بەڕاستی ئەمە پێشێلکردنی مافە ئیستیحافە بە حەقی ئەو کەسە لەبەر ئەوە باوکی یان دایکی دادوەرە ئەمە کێشەی بۆ دروست ئەبێ بۆیە ئەگەر کەسی دەرەجە یەك، یەعنی بۆی نەبێت دادوەرێك کەسی دەرەجە یەك بەڵام لە مەنتیقە ئیستیئنافیەکە بەڕاستی ئەوە ئیسحافە بە حەقی کەسەکە ئەبێتە هۆکارێ بۆی ئەو کەسە بۆی نەبێت لەو سنووری ئەو شارەیا کاری پارێزەرایەتی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (تەلار لطیف)، بەڕێز (د. بەهار محمود)، فەرموو.

**بەڕێزبەهار محمود فتاح :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دانانی ئەم ماددەیە حیکمەتەکەی زۆر جوانە چونکە بۆ خۆی لە یاسای (اصولی مرافعات) لە مرافعاتی مەدەنیا تەنەحیەی قازی هەیە نابێت بە ئەترافی دەعوا یەکێك لە ئەترافی دەعوا تا ڕەجە چواری بێ نابێت ئەو دەعوایە ببینێت دەبێت تەنەحی بکات، بەڵام بۆ پارێزەر نییە بۆیە حیکمەتەکەی جوانە لەبەر ئەوەی کە یەعنی بێلایەنی خۆیان بپارێزن

بۆ ئەوەی دەعواکە مەجرای خۆی بە ئینساف و بە عەدالەتەوە وەرگرێت بۆیە هەر لەسەر ئەساسی ئەو حیکمەتەش وا باشە کە بە تەنها ئەو دادوەرەی کە پلە یەکە لە مەنتیقە ئیستیئنافیەکە ئێستا لەو دی و دادوەرێك هەیە هیچ رەبتێك نایبەستێتەوە بەمحامیەکەوە بەڵام لەم دی و دادوەرەکەی ئەو دی و باوکیەتی بۆچی ڕێگەی لێ بگرێت ئەو محامیە لە شارەکەی خۆیدا محامانت بکات، بۆیە ئەصلی حیکمەتەکە ئەوەیە کە ئەو دادوەرەی کە داواکە ئەبینێت کە محامیەکە کە هینیان تیا سیلەی قەرابەیان نەبێت هەر ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ یاسا لە یاسای معارەفاتی مەدەنی کەتەنەحی قازی باس کردووە بۆ ئەترافی دەعوا ناڵێت لە مەتنیقەکە دەڵێ لەو داعواییەی کە هەیە نابێت ئەترافە دەعوا لەگەر قازیا قەرابەتی تا دەرەجە چواریان هەبێت.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (د. بەهار محمود)، بۆ ئەو روونکردنەوە، بەڕێز (تەلار لطیف)، روونکردنەوەی ئیزافی، فەرموو.

**بەڕێزتەلار لطیف محمد :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك روونکردنەوەی ئیزافە ئەگەر بێت و بلێین ترس هەبێت لەوەی کە ئەو باوکە واستەیەك بکات یاخود ناو ناوبانگی ئەو باوکە تەئسیری هەبێت لەسەر بینینی داواکە لە سنوری ئەو ئیستیئنافەیا ئەوە ئەگەر لە شارێکیەش بێت بە هۆی بوونی ئەو پەیوەندیانە ئەوە ئەو تەئسیرە هەر ئەکا لەبەر ئەوە بە راستی زۆر گرینگە ئێمە نەبینە هۆکار بۆ پێشێلکردنی مافی ئەو پارێزەرە وە کار بۆ ئەوە بکەین لای ئەو دادوەرە مافی بینینەکەی نەبێ، بەڵام لە سنووری مەنتیقەی ئیستیئنافیەکە قورسە، زۆر سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئەو روونکردنەوەی بەڕێز (تەلار لطیف)، دیارە مەبەستی روونکردنەوەی ئەسڵی پێشنیارەکە ئەوەی (ئامینە) خان پێشکەشی کرد مەبەست لەو دەعوایە بۆ یەك دەعوا یەعنی ئەوە تەسەور دەکەم لەوە بەرفراوانتر بیتن هەرچەندە ئێوە خاوەن رەئینە ئێمە خاوەن رەئی نیینە بەس وا دەبینم، ئیستا چاوەڕوانی ئەوەینە سیاغە بکرێت، دوو پێشنیارمان هەنە، فەرموو.

**بەڕێز ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی ماددەی (19) هەر پارێزەرێك کەسی پلە یەکی دادوەر بێت لە لای ئەو دادوەرە داواکەی نابینرێت.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە دەبێتە ماددەیەکی ئیزافی، ماددەی (19) بەو شێوازەی خوێنرایەوە دەیخەینە دەنگدان؟ (47) کەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە؟ کەس نییە، ئەو ماددەیە بە کۆی دەنگ پەسەند کرا. ماددەیەکی تر ئیزافە دەکرێت لەسەر پێشنیاری ئێوە، فەرموو.

**بەڕێز ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (20) پارێزەری خاوەن پێداویستی تایبەتی لە رسوم و ساڵانەی ئەندامیەتی سەندیکا دەبەخشرێت.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز (گەشە) خان، فەرموو.

**بەڕێزگەشە دارا جەلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵا پرسیارم هەیە لە لیژنەی یاسایی ئەو پێنیارانە یەعنی هەر مادده بە مادده داتان رشتووە یان هەر ئەو ماددەیە دائەنێن؟ نا ئەخەر چونکە ئێمە باسی ئەوەمان کرد بەڕێزان یەعنی کاتێك فەرمانبەرێك منالێکی خاوەن پێداویستی تایبەتی هەیە حکومەت ئیمتیازێکی یاوەتێ ئیستیسنای کردووە واتە تەمیز لەسەر بنەمای تەمیزی ئیجابی بە مووچە و دەرماڵەوە لەماڵەوە بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو منالە خاوەن پێداویستە تایبەتە بە خێوکات شەلە دەماغە داون سێنترووم ئۆتیزمە هەر شتێکە یەعنی هەر کەسێ منالی خاوەن پێداویستی تایبەت هەبێت لە ژیان دائەبڕێت یەنی لەبەر ئەوە با ئێمەش لە رێی سەندیکاوە ئەو ئیمتیازە بۆ ئەو پارێزرانە دەستە بەر بکەین یەعنی کە پارێزەرێك خاوەن پێداویستی تایبەتی هەیە با وەکو چۆن فەرمانبەرێك ئەو ئیمتیازەی هەیە لە حکومەتا با لێرەش ئێمە لە مەسەلەی ئەوەی کە ئەو برگانەی کە باسمان کرد نەك تەنها ئەو پارێزەرەی کە خۆی خاوەن پێداویستی تایبەتە بەڵك و کە خاوەنی مندالی خاوەن پێداویستی تایبەتیشە بۆی بکرێت، سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز( گەشە دارا) بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی ئەگەر روونکردنەوە لەسەر ئەمە کە چی بکرێت بۆ کەم ئەندامی پارێزەر، فەرمووو.

**بەڕێز ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی لە یاسای پارێزەرایەتی هەیە ئێمە دەتانین جێی بکەینەوە تەنها ئەوەیە کە خاوەن پێداویستی تایبەت لە رسووم و بەشداری ساڵانەی ئەندامیەتی سەندیکا ببەخشرێنت، یەعنی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەم ئەندام جیاوازە لەگەڵ یاسای پارێزەرایەتی، دوو شتی لێك جیاوازن ئەوەی لێرە پەیوەستە بە سەندیکاوە ئێمە گوتوومانە هەموو کەم ئەندامێك دەبەخشرێت لە رسوومات و لە بەشداری ساڵانە پێم وایە ئەو دوو بابەتە زۆر لە یەك جیاوازن یەعنی ئەمە ناتوانین هەرچی پەیوەندی بە کەم ئەندام و ماف و ئیمتیازاتی بێنینە ناو یاسای پارێزەرایەتی جێگای بکەینەوە، سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز (د.ڤالا)، جارێکی تر دەرفەت بە بەڕێز (گەشە دارا) دەدەین، دەرفەتی کۆتای، دوایی ئەو بابەتە یەکلایی دەکەینەوە، فەرمووو.

**بەڕێزگەشە دارا جەلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی پەرلەمان کە ئێمە ئەڵێین ئەو پارێزەرانەی کە خاوەن پێداویستی تایبەتن خاوەن پێداویستی منالی خاوەن پێداویستی تایبەتن هوکەی چییە؟ ئەوەی خۆی خاوەن پێداویستی تایبەتە دائیمەن تەمیزێکی سلبی ئەکرێت لە ناو کۆمەڵگەیا یەعنی هەموو لە بوارەکانی تریشا رەنگە فرسەتی کاری کەم بدرێتێ، پارێزەرێکە خاوەنی پێداویستی تایبەتە فرسەتی کەمی ئەدرێتێ بۆ ئیش کردن زیاتر معاقبی دەعاویە لەوەی مرافەعە بکات بێتە ناو هۆڵی مورافەعەوە ئینجا ئەو دایك و باوکەی کە خاوەنی منالی پێداویستی تایبەتە ئینجا بە هەمان شێوە کێشەی زۆرە کاتی نییە وە یەعنی ئەو فرسەتەی ئیشکردنەی بۆ

بژێوی ژیانی خۆی نییە وەکو ئەوەی کە دایك و باوکی منداڵێکی ئاسایی بێت، یەعنی بۆیە کە ئێمە کە ئەڵێین خۆیان، زۆر سوپاستان ئەکەم ئەگەر وەری بگرن.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر وازحە ئەوەی لەم هۆڵەنە هەمووی هاوسۆزن لەگەڵ ئەو بیرۆکەیە رێگایەك کە بزانن چۆن چارەسەر بکرێتەوە، بەڕێز (عمر عینایەت) فەرموو.

**بەڕێزعمر عینایەت حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە زیاتر لە سێ کەس پشگیری (گەشە) خانمی کرد ئەو پێشنیارە ئەخەمە دەست بەڕێزت، پارێزەری خاوەن پێداویستی تایبەت یان ئەوەی منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەتە هەیە لە باج و ڕسووماتی سەندیکا ببەخشرێت، ئەوەشی بۆ ئیزافە بکەن، سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەتوانی ئەوە بنووسی، ئێستا بەڕێز سەرۆکی سەندیکا شتەکی نووسیوە با ئەوانیش ببینن سوودی لێ ببینن، ئیستا سەندیکای پارێزەران دەولەمەندە دەتوانن لەو ئیشانەش ئەنجام بدەن، فەرموو بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای گفتو گۆ کردنی وەرگرتی را بەرێز سەرۆکی سەندیکا بەو شێوەیە ماددەکەمان دارشتەوە،

ماددەی (20)

سەندیکا بۆی هەیە:

1-خاوەن پێداویستی تایبەتی یان ئەوانەی منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەتیان هەیە هەیە لە رسوومات و بەشداری ساڵانەی سەندیکا ببەخشرێت.

2- بەخشش واتە (منح) بدات بە پارێزەری خاوەن پێداویستی تایبەت.

3- قەرزی نەختینەیی بدات بە پارێزەری خاوەن پێداویستی تایبەت.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی، ئەو پێشنیارە ئێستا دەخەینە دەنگدان ئەو پێشنیارەی خوێنرایەوە بۆ ئێوەی بەڕێز سەبارەت بە خاوەن پێداویستی تایبەت دەخەینە دەنگدان؟ (50) کەس بە پەسەند دەزانی، ئەوەی دژە؟ کەس نییە، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا.ماددەی (21)، فەرموو.

**بەڕێز بەهار محمود فتاح :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (19)یە لێرە دەبێتە (21) دوای ئیزافە کردنی ئەو دوو ماددەیە.

ماددەی (21)

ئەنجومەنی سەندیکا بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەو یاسایە دەربکات.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مناقەشە لەسەر ئەو ماددەیە بەس یەك بەڕێز، بەڕێز (عمر عینایەت) فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆی هەیە لەوێیا یەعنی بەرای من بنووسرێت ئەنجومەنی سەندیکا ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات (بۆیەکە) لاببرێت.
**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز (عمر عینایەت)، بەرێز (د. بەهار محمود)، فەرموو.
**بەڕێزبەهار محمود فتاح :**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
خۆی دەرکردنی ڕێنمایی بۆ جێبەجێکردنی یاسا زۆرتر ئیشی سوڵتەی تەنفیزییە لەبەر ئەوەی ئەمان سەندیکان ئێمە وتوومانە بۆی هەیە یەعنی ئەو مافەمان پێداوە یەعنی بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست دەربکات بۆ ئاسان جێبەجێکردنی ئەوە لەوەوە هاتووە.
**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ ئەو ڕوونکردنەوەی بەڕێز (د.بەهار محمود)، بەڕێزان ئەو ماددەیە دەخوێنرێتەوە وە دەخەینە دەنگدان خۆی وازحە هیچی لێناگۆڕین پێویست بەوە ناکات هەر بەو شێوازەی خوێنرایەوە ڕوونکردنەوە دران بەو شێوازەی خوێنرایەوە دەخەینە دەنگدان؟ (50) کەس بە پەسەند دەزانی، ئەوەی دژە؟ (1) کەس دژە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا. ماددەی (22)، فەرموو.
**بەڕێز بەهار محمود فتاح :**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (22)
کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەو یاسایەدا ناکرێت.
**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
مناقەشە نیە ماددەکە دەخەینە دەنگدان؟ (47) کەس بە پەسەند دەزانی ئەوەی دژە؟ کەس نییە، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا. ماددەی دواتر، فەرموو.
**بەڕێز بەهار محمود فتاح :**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (23)
پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەو یاسایە جێبەجێ بکەن.
**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
موناقەشە، (د. پەری) فەرموو.
**بەڕێز پەری صالح حمید:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
هیوادارین ڕاستی بکەنەوە ئەوە زۆر وشکە، بۆ ئاسان جێبەجیکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەنجومەنی سەندیکا بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست دەربکات.
**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
ئەوە ڕۆیشت دکتۆرە ئەمە باسی ئەوەی تر دەکەین ئەوەی لەوێ نووسراوە (21) لەسەر ئەوە ئەگەر تێبینیەکت هەبی، لەسەر ماددەی (21) ئەگەر تێبینیەك هەبیت، هیچ نیە، دەخەینە دەنگدان؟ (53) کەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە؟ کەس نیە، بە کۆی دەنگ پەسەندکرا. ماددەی دواتر، فەرموو.
**بەڕێز بەهار محمود فتاح :**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (24)

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاو بوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وقایع الكردستان) جێبەجێدەكرێت.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ سەرۆكی پەرلەمان:**

مناقشە نییە ماددەكە بەو شێوازەی خوێنرایەوە دەخەینە دەنگدان؟ (50) كەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە؟ كەس نییە، بە كۆی دەنگ پەسەند كرا. هۆیەكانی دەرچواندن، فەرمووو.

**بەڕێز بەهار محمود فتاح :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هۆیەكانی دەرچواندن، لە پێناو بەرزكردنەوەی ئاستی پیشەیی و زانستی ئەندامانی سەندیكا و بەرچاو گرتنی بنەماكانی دیموكراسیەت و خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو پێشكەوتن و پەرە سەندنانەی هاتۆتە كایەوە ئەو یاسایە دەرچوێنرا.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

دوو كەس دەیانەوێ بەشداربن لە مناقەشە، بەڕێز (ئاری عبداللطیف) دواتر بەڕێز (ئومێد حمە علی) فەرموو.

**بەڕێز ئاری عبداللطیف مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەم شێوەیەی لێبكرێت لە پێناو بەرز كردنەوەی ئاستی پیشەیی زانستی كاری پارێزەرایەتی و سەندیكا و ئەندامانی چونكە هەر بە تەنیا بۆ ئەندامانی سەندیكا نییە ئەم یاسایە هەم بۆ كاری پارێزەرایەتییە بۆ سەندیكاكەیە وە بۆ ئەندامەكانیشیەتی وە خۆگەنجاندن لەگەڵ ئەو پەرەسەندن و پێشكەوتوانەی كە یێتە ئاراره ئەم یاسایە دەرچوێنرا، وە من پێم باشە بە لەبەرچاو گرتنی بنەماكانی دیموكراسیەت لابرێت، سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (ئاری عبداللطیف)، ئەگەر ئەوەی نووسیتە بۆ بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی بنێری باشتر دەبی، بەڕێز (ئومێد حمە علی)، فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە پێناو بەرزكردنەوەی ئاستی پیشەیی و زانستیانەی ئەندامانی سەندیكا و لێرە نووسیویانە بەرچاو گرتنی بنەماكانی دیموكراسی بە شێوەیەكی لاوەكی تەماشای بنەماكانی دیموكراسی دەكرێت بۆیە پێم باشە لەبری ئەوە بنووسن پیادەكردنی بنەماكانی دیموكراسی و سوود بینین لە هەموو ئەو پێشكەوتنانەی لەم بوارەدا هاتوونەتە ئاراوە ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (ئومێد حمە علی)، دیارە نووسیوتە هەر ئەوەی نووسیوتە بۆ لیژنەی یاسایی بنێرە، بەڕێزان هەر بۆ ئاگاداری ئێوەی بەڕێز بۆ سەعات (2) دوو چارەك نان حازر دەبی تا ئەو كاتەی ئێمە بەردەوام دەبین ئەوجا ئەوەی پێویستی بە دەرێیە دەچیت و دێتەوە، دوای نان خواردنەكە ئەگەر تەواومان كرد، چونكە یەك گفتوگۆ مایە زۆر نییە ئەگەر ئامادە بوونەكە وەكو ئەمرۆ بی تەواوی دەكەین.

**بەڕێز ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هۆیەكانی دەرچواندن:

له پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەیی و زانستی کاری پارێزەرایەتی ئەندامانی سەندیکا و پەیڕەو کردنی بنەماکانی دیموکراسیەت و خۆگونجاندان لەگەڵ ئەو پێشکەوتن و پەرەسەندنانەی لەم بوارەدا هاتۆتە کایەوە ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هیچ تێبینیەك نییە هۆیەكانی دەرچواندن بەو شێوازەی خوێنرایەوە دەیخەینە دەنگدان؟ (47) كەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە؟ (1) كەس دژە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند كرا.

كۆی یاساكە دەخەینە دەنگدان؟ (51) كەس بە پەسەندەزانێت، ئەوەی دژە؟ كەس نییە، بە كۆی دەنگ پەسەند كرا. پیرۆزە لە پارێزەرانی كوردستان لە خەڵكی كوردستان، دەستتان خۆش بێ. بەڕێزان بەرنامەی كار بەردەوام دەبین تاوەكو ئاماژەم پێ كرد دوای سەعات (2)

بڕگەی دووەم لە بەرنامەی كار، گفتوگۆكردنی پرۆژە یاسای هەمواری چوارەمی سندوقی خانەنشینی پارێزەرایەتی ژمارە (18)ی ساڵی (1999)ی هەمواركرا لە هەرێمی كوردستان، بە پێی ماددەكانی (72)، (74)، (75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەمواركراو.

داوا لە بەڕێزان لیژنەی یاسایی دەكەین ماددە بە ماددە راپۆرتی هاوبەش پێشكەشی بە ئێوەی بەڕێز بكەن.

**بەڕێز بەهار محمود فتاح :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

راپۆرتی لیژنە سەبارەت بە پرۆژە یاسای هەمواری چوارەمی یاسای سندوقی خانەنشینی پارێزەران لە هەرێمی كوردستان/عیراق ژمارە (18)ی ساڵی (1999) لیژنەی كاروباری یاسایی رۆژی دووشەمە رێكەوتی (2018/1/29) كۆبوونەوەی ئەنجامدا بۆ تاوتوێ كردنی پرۆژە یاسای هەمواری چوارەمی یاسای سندوقی خانەنشینی پارێزەران لە هەرێمی كوردستان/عیراق ژمارە (18)ی ساڵی (1999) كە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە دوای خوێندنەوەی یەكەمی لە دانیشتنی ژمارە (19) لە ڕۆژی سێشەمە بەرواری (2015/6/30) ڕەوانەی لیژنەكەمان كراوە دوای گفتوگۆكردن و تاوتوێكردن لیژنەكان گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

یاسای سندوقی خانەنشینی پارێزەران لە هەرێمی كوردستان/عیراق ژمارە (18)ی ساڵی (1999)

ماددەی (1)

بڕگەیەك بە ڕیزبەندی چوارەم بۆ ماددەی (2) لە یاساكە زیاد دەكرێت و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:

چوارەم: دەستە بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی سەندیكای پارێزەرانی كوردستان بەرنامە و كاروبارەكانی رێك دەخات و بە جۆرێك كە لە بەرژەوەندی ئەندامانی سەندیكا بێت.

ماددەی (2)

ماددەی (3) لە یاساكە هەمورا دەكرێت و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:

1-دەستەی سندوق لە سێ ئەندامی ڕەسەن و سێ ئەندامی یەدەگ پێك دێت كە نوێنەرایەتی هەر یەك لە ئەنجومەنی دادوەری و وەزارەتی دارایی و سەندیكای پارێزەران دەكەن.

2- دەستە لەلایەن نوێنەری ئەنجومەنی دادوەریەوە سەرۆکایەتی ئەکرێت کە نوێنەرایەتی سندوق دەکات لەبەردەم دادگاکان و فەرمانگەکانی تر.
3- ئەنجومەنی دادوەری ئەندامی رەسەن و یەدەگ لە نێو دادوەرانی پلە یەك دا دەپاڵاوێت وەزارەتی دارایی وئابووری ئەندامی رەسەن و یەدەگ لە نێو فەرمانبەرانیدا دەپاڵێوێت، بەمەرجێك پلەی وەزیفیان لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت سەندیکای پارێزەران ئەندامی رەسەن و یەدەنگ لە نێو پارێزەرو راوێژکارەکانیدا.
ماددەی (3)
بڕگەی پێنجەمی ماددەی (4)ە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی دەخوێنرێتەوە:
بڕگەی (5)
دامەزراندنی فەرمانبەران کارمەندان بە شێوەی گرێبەست بۆرایی کردنی کاروبارەکانی دەستە و کۆتایی پێهێنانی ڕاژەکان بە جۆرێك مەرجەکانی دامەزراندن و دابینکردنی مووچە و بنەماکانی بەرز کردنەوەی هاتوو لە یاسای راژەی مەدەنی رەچاو بکرێت.
ماددەی (4)
بڕگەی دووەمی ماددەی (6)ی یاساکە هەمورا دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:
بڕگەی (2)
1- یەك پارێزەر بە هاوبەشی بە ئیشتراك بەشدار بوون لە سندوقی ساڵانە بە یەك جار لە ماوەی مانگەکانی کانوونی دووەم و شوباتی هەر ساڵێك دەدات و لە باری دواکەوتن لە وادەی دیاریکراو لە (35%) ئابوونەی ساڵانە دەخرێتە سەر.
2- ئەو پارێزەرانەی کە دەبنە ئەندامی سەندیکا بۆ یەکەم جار بڕی (150.000) سەد و پەنجا هەزاریان لێوەردەگیرێ ئەو بڕە هاوبەشیە بە بەشداریکردنی پارێزەر لە سندوقەکە هەژمار دەکرێت.
ماددەی (5)
هەردوو بڕگەی (یەکەم) و (سێیەم) لە ماددەی (13)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:
1-پارێزەر خانەنشین دەکرێت ئەگەر بە راپۆرتی لیژنەی پزیشکی فەرمی سەلمێنرا کە دووچاری نەخۆشیەك هاتووە کەوا پەككەوتەی کردووە لە پارێزەرایەتی کردن و ماوەی پارێزەرایەتی کردنیشی بە (15) ساڵ دادەنرێت، ئەگەر لەم ماوە کەمتر بێت و بەرامبەرەکانی بەشداربوونی ئەو ساڵانەی بۆ راژەکەی زێدە کراوە لە سەندیکا و لە سندوق لێی وەردەگیرێت بەو مەرجەی لەسەر بنەمای (5000) پێنج هەزار دینار بۆ هەر مانگێك خانەنشین بکرێت.
3- ماوەی پارێزەرایەتی کردنی پارێزەر بە (15) ساڵ دادەنرێت ئەگەر لەم ماوەیە کەمتر بێت و کۆچی دوایی بکات و مووچەی خانەنشینی بۆ منداڵەکانی لەسەر ئەو بنەمایە تەرخان دەکرێت و بەرامبەرەکانی بەشداری لە سەندیکا و سندوق لێ وەرناگیرێت بەرامبەر بەو ماوەیەی ماوە، ماوە یاساییەکەی پێ تەواو کراوە.
ماددەی (6)
سەرەتای ماددەی (14)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەەی دەخوێنرێتەوە:
بە تەنها ئەو وادانەی دادێن بە وادەی پارێزەرایەتی کردن دادەنرێن بۆ مەبەستەکانی خانەنشینی ئەگەر پارێزەر لەبری ئەو وادانە بەرامبەرەکانی هاوبەشی بەشداربوونی لە سەندیکا و سندوق بدات.
ماددەی (7)

برگەی دووەمی ماددەی (15) هەمورا دەكرێت و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:
دووەم: مووچەی خانەنشینی ئەو پارێزەرانەی لە هەرێمی کوردستان پێش بەرکار بوونی ئەم یاسایە خانەنشین کراون مووچەی خانەنشینیان بۆ تەرخان دەکرێت لەسەر بنەمای (4000) چوار هەزار دینار بەرامبەر هەر مانگێکی ماوەی خانەنشینی وە بۆ ئەم مەبەستەش دواین بەشی مانگ بە مانگێکی تەواو دادەنرێت.
ماددەی (8)
ماددەی (16)ی یاساکە هەمورا دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:
1- دەکرێت نێوانی ماوەی پارێزەرایەتی و هەر مافێکی خانەنشینی دیکە کۆ بکرێنەوە بە چاوپۆشین لە لە سەرچاوەکەی بەو مەرجەی کۆی گشتیان زیاتر نەبێت لەو مووچەیەی پارێزەر لە سندوق شایستەی دەبێت و لەهەر حاڵەتێکیش بێت نابێت لە (1.800.000) یەك ملیۆن و هەشت سەد هەزار زیاتر بێت.
2- مووچەی خانەنشینی هاتوو بۆ پارێزەری خانەنشین کراو لە وەزیفەیەکی دیکە لەو مووچەیەی خانەنشینی کە شایستەی دەبێت کەم دەکرێتەوە بە گوێرەی حوکمەکانی ئەو یاسایە.
ماددەی (9)
برگەی (یەکەم)ی ماددەی (17)ی یاساکە هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:
1-ئەگەر پارێزەر یان پارێزەری خانەنشینکراو کۆچی دوایی کرد ئەوە مافەکانی خانەنشینی لە رۆژی مردنیەوە بۆ منداڵەکانی دەگوازرێتەوە لەم حاڵەتەش حوکمەکانی خانەنشینبوونی خێزانی هاتوو لە یاسای خانەنشینی مەدەنی پیادە دەکرێت.
ماددەی (10)
ماددەی (21)ی یاساکە هەمواردەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:
بەدەر لە حوکمەکانی ماددەکانی پێشوو دەستە هەڵدەستێت بە بەخشینی.
1- مووچەی خانەنشینی کەمتر نەبێت (750.000) حەوت سەد و پەنجا هەزار بۆ خێزانی ئەو پارێزەرانەی لە خەباتی بزاڤی بزوتنەوەی رزگاری خوازی کوردستان/ عیراق شەهید بوون.
2- مووچەیەکی خانەنشینی کەمتر نەبێت لە (600.000) شەش سەد هەزار دینار بۆ خێزانی ئەو پارێزەرانەی لە دوای واز هێنانی دەسەڵاتی ناوەندی لە ئیدارەی کوردستان لە (10/23)ی ساڵی (1991) تا دەرچواندنی یاسای سندوقی خانەنشینی پارێزەران ژمارە (18)ی ساڵی (1999) کۆچی دواییان کردووە.
ماددەی (11)
ماددەی (22) یاساکە هەمورا دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:
1-ماوەی پارێزەرایەتی کردن لە دەرەوەی هەرێم پێش پێکهێنانی لیژنەی کاتی سەندیکای پارێزەرەانی کوردستان لە رێکەوتی (1993/1/3) بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە هەژمار دەکرێت بۆ ئەویش بۆ ئەو پارێزەرانەی لە سەندیکا پێش رێکەوتی (2003/4/9) تۆمار کراون.
2- پێویستە لەسەر ئەو پارێزەرانەی لە سەندیکا کەوا پێش (2003/4/9) تۆمار کراون لە وانەی داوای خستنە سەری ماوەی پارێزەرایەتی کردنیان دەکەن لە لای سەندیکای پارێزەرانی هەرێمی کوردستان بۆ مەبەستی خانەنشینکردن بەرامبەرەکانی بەشداربوونی ئەو ساڵانە لە سەندیکا و سندوق بدەن.
هۆیەکانی دەرچواندن:

لە پێناو ڕێکخستنەوە و پاراستی ماف و دابین کردنی ژیانێکی شایستە بۆ پارێزەران خێزانەکانیان و بە لەبەر چاو گرتنی پەرەسەندنە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (د. بەهار محمود) جێگری سەرۆکی لیژنەی یاسایی، بەڕێزان راپۆرتە هاوبەشەکە خوێنرایەوە وەکو پێشتر دەست دەکەین بە گفتوگۆی ئەم پرۆژەیە مادده بە مادده لە ماددەی (1) دەست پێ دەکەین، فەرمووو بەڕێز.

**بەڕێز بەهار محمود فتاح :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (1) بڕگەیەك بە ریزبەندی چوارەم بۆ ماددەی (2) لە یاساکە کە زیاد دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە.

چوارەم: دەستە بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان بەرنامە و کاروبارەکانی ڕێك دەخان بە جۆرێك بەرژەوەندی ئەندامانی سەندیکا بێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (د. بەهار محمود) جێگری سەرۆکی لیژنەی یاسایی، بۆ گفتو گۆی ئەو ماددەیە دیارە گفتوگۆ لەسەر ئەم ماددەیە نییە، نیسابەکە پیناچی هەبی، دەبێ یەك بە یەك تەواو بیتن بۆ ئەوەی رێکارە باشەکانی پەیرەوی پەرلەمانە، بۆ ئاگاداری ئێوە بەڕێز لەبەر ئەوەی زۆری ئەندامانی پەرلەمان لێرە نینە بەیانی کۆنفرانسی ئەوەی سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمان بەژدارە لەگەل (مێری) بۆ سازکردنی ئەم کۆنفرانسە، بەباشمان زانی ئەندامانی پەرلەمان حزوریان لە وێ هەبیت، بەراستی پەیوەستە بە دەسەڵاتەکان (فصل الصلطات) مەبدەئێکی زۆر گرینگی دیموکراسیەو حوکمرانی ئەو سەردەمەی لەدونیادا لە چەندین تەوەر ئەوە باس دەکرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز (د. عزت صابر) خاڵەکی نیزامی، فەرمووو.

**بەڕێز عزەت صابر اسماعیل :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم یاسایە یاسای سندوقی خانەنشینی لە راستیا تەواو تەواو بەشێکی پەیوەندی هەیە بە لیژنەی داراییەوە جەندین جار گلەیی و گازاندە ئەکەین دەبوو لە کاتی خۆی ئاراستەی لیژنەی پەیوندیدار بکرێت ئەگەر نا هیچ تەشجیعێك نابێت دەوڵمەندی بکەی بە باشترین شێوە دەریچوێنی، سندوقی خانەنشینی تەبیعەتی مالی هەیە (انشاءالله) بۆ داهاتووە پرۆژە یاسا پەیوەست بوو بە لیژنەی داراییەوە ئاراستەی لیژنەکەمان بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەرێز (د. عزت صابر) رەخنەکەت بەجێیە وە پەسەندە رەهەندی دارایی هەیە دەبوایە بۆ ئێوەش ئاراستە بکرێت، بە تەئکید ئەوە لەبەر چاو دەگیرێت، نیسابەکە تەواوە بەرێزان ماددەی (1) خوێنرایەوە دووبارە دەخوێنینەوە و دەخەینە دەنگدان، هیچ گفتوگۆ لەسەر نەبوو واتە بەس خوێندنەوەیە بۆ دەنگدان.

**بەڕێز ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (1)

بڕگەیەك بە ریزبەندی (چوارەم) بۆ ماددەی (2) لە یاساکە زیاد دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:
چوارەم: دەستە بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان بەرنامە و کاروبارەکانی ڕێك دەخات بە جۆرێك کە لە بەرژەوەندی ئەندامانی سەندیکا بێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی، ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێنرایەوە دەیخەینە دەنگدان؟ (47) کەس بە پەسەند دەزانی، ئەوی دژە؟ کەس نییە، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا. ماددەی (2) فەرموو.

**بەڕێز ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (2)
ماددەی (3) لە یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:
1-دەستەی سندوق لە (3) ئەندامی رەسەن و (3) ئەندامی یەدەگ پێك دێت کە نوێنەرایەتی هەر یەك لە ئەنجومەنی دادوەری و وەزارەتی دارایی و سەندیکای پارێزەران دەکەن.
2- دەستە لەلایەن نوێنەری ئەنجومەنی داوەریەوە سەرۆکایەتی دەکرێت کە نوێنەرایەتی سندوق دەکات لەبەردەم دادگا و فەرمانگەکانی تر.
3- ئەنجومەنی دادوەری ئەندامی رەسەن و یەدەگ لەنێو دادوەرانی پلە یەکدا دەپاڵوێت وەزارەتی دارایی ئابووری ئەندامی رەسەن و یەدەگ لە نێو فەرمانبەرانیدا دەپاڵێوێت بە مەرجێك پلەی وەزیفیان لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت و سەندیکای پارێزەران ئەندامی رەسەن و یەدەنگ لە نێو پارێزەرە راوێژکارەکانیدا دەپاڵێوێت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان (رەسەنەکان) دەکەین بە (ئەصلی).

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئەو تێبینیە، منیش بەتەما بووم ئاواژە بەو ڕەسەنیە بکەم، ماددەی (2) بۆ گفتوگۆ، ئەگەر گفتوگۆ نەبی، دوو بەڕێز داوا دەکەن گفتوگۆ لەسەر ئەم ماددەیە بکەن، بەڕێز (ئومێد حمە علی) دواتر بەرێز (قادر ئۆتمان) فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حمە علی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەنە سەرۆکی لیژنەی یاسایی خێرا باسی ڕەسەنەکەی کرد دەمەوێ روونکردنەوە لەسەر ئەوە بدەم بۆ واتای یەنی زمانی کوردیەکە لەزمانە عەرەبیەکە دەگەڕێن خۆی ئەوە کێشیە! وشەی رەسەن لە زمانی کوردیا بگەڕێی وە بۆ وشەی هەمیشەیش لە زمانی کوردیا بگەڕێی، نەك بەراوردی بکەی بە وە کە دەڵێن ئەصل دائەنێین ئەو واتایە نادات وشەی (رەسەن) وشەێکە بۆ نموونە ئەگەر باس لە ئینسانێکی رەسەن دەکرێت یان باس لە ئینسانێکی نارەسەن دەکرێت ئەوە لە زمانی کوردیا واتاکەی بۆ ئێمە روونە بۆیە لێرە ئەو واتایە ناگونجێ (هەمیشەیی) ئێوە دیسان وتتان ناگونجێ لەبەر ئەوەی بەراوردتان کرد بەوەی کە وەریدەگێڕن وشەی ئەصل لە عەرەبیەکە وەردەگێڕن بێگومان ناکاتە (هەمیشەیەکە) لێرەیا کێشەکە دروست ئەبێت، لێرە واز لە وشە عەرەبیەکە بێنن، (هەمیشەیی) باشترە بۆ ئەو شوێنە دایبنێن (یەدەگ) ئەو واتایە دەدا ئەوە دەبەخشێ کە ئێمە دەمانەوێ رەسەنەکە ئەو واتایە نادات وە ئەصلیەکەش عەرەبیەکەیە کورداندوتانە

کردووتانە بە (ئەسلی) بۆیە باشترە (هەمیشەییەکە) دابنێین یان (جێگیر) دابنێین هەمان ئەو واتا دەدات لە رووی زمانی کوردیەوە ئەو واتایە دەدات هیچ کێەی نییە، زۆر سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (ئومێد حمە علی)، هەتا دەلێن رەسەنکەش کوردی نییە لە (رسین) هاتووە لە عەرەبیەکە هاتووە قسەیەکی واش هەیە، بەڕێز (قادر ئۆتمان) فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هاورام، ئێمە پێشتر قسەمان لەسەر وشەی (رەسەن) کرد لە پڕۆژەی پەسەندکراوی ئەوەی یاسایی پارێزەرایەتی ئێمەش پێمان باشە ئەو وشەیە بگۆردرێت رەنگبی ئەو وشەی (هەمیشەیی) وا لێك بدرێتەوە ئەو کەسە بە هەمیشەیی لەوێ دەمێنێتەوە ئەوە واریدنەبێت دەکرێت وشەی ( سەرەکی) یان وشەی (جێگیر) بەکار بێنین، وە سەبارەت بە بڕگەی سێیەمیش من پێشنیار دەکەم کە ئەوانەی وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەندامەکانیان هەم ئەندامە سەرەکیەکانیان هەم ئەندامە یەدەگەکانیان هەر تەنها پلەکانیان بەڕێوەبەری گشتیە بە بنەما نەگیرێ بەڵك و لایەنە پسپۆریەکان ئەوەشیان بە بنەما بگیرێ، زۆر سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز ( قادر وەتمان) بۆ ئەو تێبینیە، ئێستا داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین ماددەکە بە داڕشتنی کۆتاییەوە بخەنە روو، فەرموو.

**بەڕێزڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە جێی وشەی (رەسەن) ، (ئەصلی) مان بەکار هێناوە من موصتەلەحی قانوونی دەگەڕێم لەبەر ئەوەی ئەگەر هەمیشەیی دانێم یەعنی (موستەمر)وە ئەگەر جێگیریش دانێم یەعنی (پابت) بەڵام (اصلی) ئەوە موستەلەحێکە قانوون بەکاری دێنێتن بۆیە موصتەلەحێکی قانوونیە ئەویش دەبێتە رەئیسی، ئەصلی لەگەڵ یەدەگ بەکار دێت رەئیسی لەگەل سانەوی بەکاردێت، بۆیە موصتەلەحی (اصلی) لە شوێنی هەموو موستەڵەحی (رەسەن) دادەنێین.

ماددەی (2) ماددەی (3) لە یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:

1-دەستەی سندوق لە (3) ئەندامی ئەصلی (3) ئەندامی یەدەگ پێك دێت کە نوێنەرایەتی هەر یەك لە ئەندامی دادوەری و وەزارەتی دارایی و سەندیکای پارێزەران دەکەن.

2- دەستە لەلایەن نوێنەری ئەنجومەنی دادوەریەوە سەرۆکایەتی دەکرێت کە نوێنەرایەتی سەندوق دەکا لەبەردەم دادگاکان و فەرمانگەکانی تر.

3- ئەنجومەنی دادوەری ئەندامی ئەصلی و یەدەگ لە نێو دادوەرانی پلە یەك دەپاڵێوێت وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەندامی ئەصلی و یەدەگ لەنێو فەرمانبەرانیدا دەپاڵێوێت بە مەرجێك پلەی وەزیفیان لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت و سەندیکای پارێزەران ئەندامی رەسەن و یەدەگ لە نێو پارێزەرە راوێژکارەکانیدا دەپاڵێوێت.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێنرایەوە دەیخەینە دەنگدان؟ (55) کەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە؟ کەس نییە، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا.ماددەی (3) فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطيف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (3)

بڕگەی پێنجەمی ماددەی (4) هەمورا دەکرێتەوە بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:

پێنجەم: دامەزراندنی فەرمانبەران کارمەندان بە شێوەی گرێبەست بۆ رایی کردنی کاروبارەکانی دەستە و کۆتای پێهێنانی راژەکانیان بە جۆرێك مەرجەکانی دامەزرادن و دیاریکردنی مووچە و بنەماکانی بەرزکردنەوەی هاتوو لە یاسای راژەی مەدەنی رەچاو بکرێن.

**بەرێز جعفر ابراهيم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (تەلار لطيف)، بەڕێزان دیارە مناقەشە لەسەر ئەو ماددەیە نیە، ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێنرایەوە دەیخەینە دەنگدان؟ (54) کەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە؟ کەس نییە، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا. ماددەی (4)، فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطيف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (4)

بڕگەی دووەمی ماددەی (6)ی یاساکە هەمورا دەکرێت و بەو شێوەیە دەخوێنرێتەوە:

دووەم:

1-پارێزەر هاوبەشی بەشداربوان لە سندوقی سالآنە بە یەك جار لە ماوەی مانگەکانی کانوونی دووەم و شوباتی هەر ساڵێك دەدات، وە لەباری دواکەوتن لە ماوەی دیاریکراو لە (35%) ئابوونەی ساڵانەی دەخرێتە سەر.

2- ئەو پارێزەرانەی کە دەبنە ئەندامی سەندیکا بۆیە یەکەم جار بڕی (150) سەدو پەنجا هەزار یان لێ وەردەگیرێ ئەو بڕە هاوبەشیە بە بەشداریکردنی پارێزەر لە سندوقەکە ئەژمار دەکرێت.

**بەرێز جعفر ابراهيم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (تەلار لطيف)، بەرێزان بۆ گفتوگۆی ئەو ماددەیە، دەست بە ناو نووسین دەکەین، چوار بەڕێزمان هەنە، بەرێز (شکوریە شێخانی)، فەرموو.

**بەڕێز شکوریە سمايل مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پیم وایە (150) سەد و پەنجا هەزار زۆرە بۆ بەشداریکردن بکرێت بە (50) پەنجا هەزار باش دەبیت، وە ئەو لە (35%) هەر زۆرە بکرێت بە لە (20%) باش دەبێت، سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهيم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (شکوریە شێخانی)، بەڕێز (مدینە ایوب)، فەرموو.

**بەڕێز مدينە ايوب احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارێ ماددا (4) بڕگا (1) مانگا کانونا دووێ (شوبات) هەرسالەك، ئەگەر (35%) رێژا وێ گەلەکە، ئەگەر ئەم بزڤڕین ئەسلێ وێ قانونێ گەلەك عەدالەت تێدا هەبوو، چونکی ل دیڤ رێژا هاتبوو دەست نیشان کرن ئەگەر ئەم بێژین ئێکێ ژ دوو سالا کێمتر هەبیتن رێژا وی (100%) بی ئەگەر ژ سێ سالا دەرباز کربی (250.000) بی، هەروەسا پێنج سالا (300.000) بی ل دیڤ رێژا پارێزەرا بی پلا ئێکێ و پلا دوویێ و پلا سێ، پرسیارەك بۆ سەرۆکێ سەندیکایێ چەند کەس هاتینە خانەنشین کرن و چەند کەس ماوێ خانەنشینیێ بسەر چوویە و خۆ خانەنشین نەکرییە، ئەڤ رێژا (35%) هاتینە دانان دەڤ من گەلەك رێژەکا زۆرە و ببیت (20%)، دەربارێ ماددا (2) ئەگەر ئەم سەح کەینێ بۆ جارا ئێکێ (150.000) گەلەکە چەنکی چ داهات دەستێ وی پارێزەری نینە بۆ جارا ئێکێ دبیت ئەندامێ وی سەندیکایێ، پێشنیار دکەم ببیت (125000)، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (مدینە ایوب)، بەڕێز (قادر ئۆتمان)، فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵی یەکەم من پێم باشە لە بری سزادان و غەرامە کردنە ئەمە، یەنی ئەو کاتەی پارێزەرەکە خانەنشین دەکرێت لێبڕنەکەی لێبڕینی سندوقی خانەنشینی لە مووچەکەی، خانەنشین نەکرێت تا ئەگەر قەرزدار بێت پارەکەی پێ بهێنرێت، وە ئەگەر ئەمە ناکرێت رێژەکە بکرێتە (25%)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (قادر ئۆتمان)، بەڕێز (ئومید حمە علی)، فەرموو.

**بەڕێز ئومید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی یەکەم کانوونی دووەم و شوباتی هەر ساڵێك دەدات، جارەکیکەش ئەو تێبینیەمان وتووە، وە لێرە لاببەن تەنها (فاریزەیەك) دابنێن، ئەو کێشەیە حەل دەبێت، لە هەموو مانگێك دەدات ماوەی کانوونی دووەم، شوباتی هەر ساڵێك دەدات، لەباری دواکەوتن لە وادەی دیاریکراو، بەم شێوەیە تەواو دەبێت، خاڵی دووەم لە دێری دووەم (1000) هەزار دیناریان لێوەردەگیرێ، ئەو بڕە هاوبەشیە ئیشتیراك پێم وایە پێویست ناکات ئەوە بوترێت دانی ئەو بڕە پارەیە نەك ئەوبڕە هاوبەشیە، پێدانی ئەو بڕە پارەیە بە بەشداریکردنی پارێزەر لە سندوقەکە ئەژمار دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (ئومید حمە علی)، بەڕێز (عمر عینایەت)، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەکەم پارێزەر هاوبەشی ئیشتیراك بەشدار بوون لە سندوقی ساڵانەی بە یەك جار لە ماوەی مانگەکانی، بە رای من بوترێت لە نیوەی یەکەمی ساڵدا دەدات ئەگەر لە وادەیە دواکەوت بەڕێژەی (25%) وەکو کاك (قادر) وتی لە ئابوونەکە دەخرێتە سەر ناکرێت (35%) زۆر زۆرە وە ناشکرێت لە دوو مانگا لە دەرەوە بێت یان فریا نەکەوێت لە سەفەر بێت لەبەر ئەوە (6) مانگ باشترە باشترە بە رەئی من، هەرچەندە من ئەخیر کەس قسە ئەکەم پێم وایە ئەگەر دوو مانگەکە بکرێتە نیوەی یەکەمی ساڵەکە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (عمر عینایەت)، گفتوگۆ لەسەر ئەو ماددەیەی کۆتایی هات، چاوەڕوانی داڕشتنی ماددەینە لە لایەن بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی، دیار دوو پێشنیار هەبوون دیارە لە دوو کەس زیاتر پشتوانی لێ نەکرد، (د.ڤاڵا)، فەرموو.

**بەڕێز ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارە کە پێیان باش بوو (150.000) سەد و پەنجا هەزارەکە بکرێتە (100.000) سەد هەزار بە ساڵێك خزمەت بۆیان حیساب دەکری کە دەبێتە ئەندام، یەعنی خیلالی ئەو ساڵەی کە ئەو ممارەسەی میهنەی محامات دەکات تەنها ئەو (150.000) سەد و پەنجا هەزارەیە کە لێی وەردەگیرێ ئەو (35%) کە ئەندام پەرلەمانێك یان دوو پەرلەمانتار پێشنیاریان کرد ببێتە (25%) پێشتر (50%) بوو ئێمە لەو تەعدیلە کردوومانە بە (35%)، هەندێك ملاحەزاتی لوغەویش دران لەلایەن بەڕێز کاك (ئومێد) ئەویشیان وەرگیراوە ئەگەر ڕێگا بدەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دارشتنی کۆتایی بخوێنمەوە؟

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خاڵی نیزامییە؟ یان ڕەئی دەدەی؟ چونکە ڕەئیەکەت داوە بەڕێز (مدینە) خان.

**بەڕێز مدینە ایوب احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەم بزڤڕین سەح کەینە ماددا (5) ژ یاسا پارێزەرا ل وێرێ ژی (25%) نەکرینە (35%) وەختەکی هەوە تەشدید کری ئەوە ژی ل سەر هندێ دێ گەلەك ڕێژەکا زۆر بیت ئەز بێژم (25) سەر (25) بیت.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس (مدینە) خان، بەڕێز (د.ڤاڵا)، وەڵام و ڕەئی کۆتایی، فەرموو.

**بەڕێز ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو عەمەلیەی لێك جیاوازن ئێستا (د. بەهار) ئێمەش ئەو خیلافەمان هەبوو لێرانە پێم وا بوو دوو عەمەلیەی لێك جیاوازن لە بەڕێز سەرۆکی سەندیکای پرسی گوتی ئەمان دوو کاری لێك جیاوازن دوو شتی لێك جیاوازن ئەگەر یەك عەمەلیە بایە هەردووکمان دەکردە (25) بەڵام دوو کاری لێك جیاوازن.

ماددەی (4)

بڕگەی دووەمی ماددەی (6)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:

دووەم:

1-پارێزەر هاوبەشی ئیشتراك بەشداربوون لە سەندوقی ساڵانە بە یەك جار لە ماوەی مانگەکانی کنوونی دووەم و شوباتی هەر ساڵێکدا دەدات لە بارەی دواکەوتن لە وادەی دیاریکراو (35%) ئابوونەی ساڵانەی دەخرێتە سەر.

2- ئەو پارێزەرانەی کە دەبنە ئەندامی سەندیکا بۆ یەکەم جار بڕی (150) سەد و پەنجا هەزار دیناریان لێوەردەگیرێت و پێدانی ئەو بڕە پارەیە بە بەشداری کردنی پارێزەر لە سەندوقەکە ئەژمار دەکرێت.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی (د.ڤاڵا)، بەڕێزان ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێنرایەوە دەخەینە دەنگدان؟ (56) کەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە؟ کەس نیە ئەو ماددەیە بە کۆی دەنگ پەسەندکرا. ماددەی (5) فەرموو.

**بەڕێز ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (5)
هەردوو بڕگەی یەکەم و سێیەم لە ماددەی سێزدەی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:
یەکەم: پارێزەر خانەنشین دەکرێت ئەگەر بە راپۆرتی لیژنەی پزیشکی فەرمی سەلمێنرا کە وا دووچاری نەخۆشیەك هاتووە کەوا پەککەوتەیی کردووە لە پارێزەرایەتیکردن و ماوەی پاریزەرایەتیکردنی بە (12) ساڵ دادەنرێت ئەگەر لەم ماوەیە کەمتر بێت و بەرامبەرەکانی بەشدار بوونی ئەو سالانەی بۆ ڕاژەکەی زێدەکراوە لە سەندیکا و لە سەندوق لێی وەردەگیرێت بەو مەرجەی لەسەر بنەمای (5000) پێنج هەزار دینار بۆ هەر مانگێك خانەنشین بکرێت.
سێیەم: ماوەی پارێزەرایەتی کردنی پارێزەر بە (15) ساڵ دادەنرێت ئەگەر لەو ماوەیە کەمتربێت و کۆچی دوایی بکات، مووچەی خانەنشینی بۆ منداڵەکانی لەسەر ئەو بنەمایە تەرخان دەکرێت و بەرامبەرکانی بەشدرا بوونی لە سەندیکا و سەندوق لێوەرناگیرێت بەرامبەر بەو ماوەیەی ماوە یاساییەکەی پێی تەواو کراوە.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی (د.ڤاڵا)، بەڕێزان دەرگای گفتوگۆ لەسەر ئەو ماددە دەکەینەوە سێ بەڕێز داوا دەکەن بەشداری بکەن، بەرێز (گەشە دارا)، فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جەلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار ئەکەم وەکو وتم سەرۆکی لێژنەی کۆمەڵایەتی و لیژنەکە ئێمە پێشنیار ئەکەین هەر لەسەر بنەمای ئەو پێشنیارانەی ئەندامانی سەندیکای پارێزەرانە کە خانەنشینکردنی پێشوەختە هەبێت بۆ ئەو پارێزەرانە کە خاوەن پێداویستی تایبەتن یاخود منالّی خاوەن پێداویستی تایبەتیان هەیە، وە بۆ نمونە نیسبەیان بۆ دانرێت بە پێی ئەو عەوقەی کە هەیەتی لە جەستەیا ئەگەر لە (10%) بێت ساڵێك کەمتر پێشوەختە بێت لە سەدا (20%) بێت دووساڵ یان لە (30%) بێت سێ ساڵ بەو شێوەیە، وە ئەگەر لە کاتی نەمانی عەوقیشا یاخود ئەو خاوەن پداویستی تایبەتە چاك ئەبێتەوە یان منداڵەکەی چاك ئەبێتەوە یا خوا نەخواستە کۆچی دوایی ئەکا بتوانێ بگەڕێتەوە ئەندامە خانەنشینکراوەکە وە بۆ کاری پارێزەرایەتی، سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز (گەشە دارا)، بەڕێز (مدينە ايوب)، فەرموو.

**بەڕێز مدينە ايوب احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارێ ماددا (5) ئەز پێشنیار دکەم بڕگا ئێکێ ئەو (5000) ببیت (4000) وە بڕگەك دی ژی سەر بێت زێدە کرن کو ڤی شێوازی بیت، هەر پارێزەرەك بێتە خانەنشینکرن ل بەر هەر هۆیەك دبیت مووچێ خانەنشینی ل صندوقا خانەنشینی وەرنەگریت، پێویستە منحەیەك پی بدرێت کو ب رێژا (20%) بیت هاوشێوەی ساڵانە بیت، سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز (مدينە ايوب)، بەڕێز ( ئومێد حمە علی)، فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەکەم پارێزەر خانەنشین دەکرێت ئەگەر بە ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی فەرمی سەلمێنرا کەوا ئەم (کەوا)یە لاببن تەنها (کە) دابنێن دووچاری نەخۆشیەك بووە نەك هاتووە تا رادەی پەککەوتە کردنی لە کاری پارێزەرایەتیدا، (واو) دائەنێیتەوە ماوەی پارێزەرایەتیکردنیشی هەرچەند دوای ئەوەش خۆتان ئەتوانن دەستکاریەکی بکەن، سێیەم: ماوەی پارێزەرایەتی کردنی پارێزەر خۆی هەر ماوەی پارێزەرایەتی کردنی پاڕێزەرە یەنی پێویست ناکات ماوەی پارێزەرایەتی تەواو، ماوەی پارێزەرایەتی بە (15) ساڵ دادەنرێت نەك ماوەی پارێزەرایەتی کردنی پارێزەرچونکە ماوەی پارێزەرایەتی بۆ دکتۆر نییە تەنها بۆ پارێزەرە، بۆیە ئەمە پێویست ناکا، وە پاش ئەوە دادەنرێت ئەگەر لە ماوەیە کەمتر بێت و پارێزەر لەویا وشەی (پارێزەر) دابنێن پارێزەر کۆچی دوایی بکات ئەگەر ئەتوانن فاریزە و نوقتەیەکی لەسەر دائەنرێتئەوە دابنرێت بۆ ئەویا گونجاوە ئەوە بەو شێوەیە، ئەو (وەیە) لاببەن پێویست ناکات مووچەی خانەنشینی بۆ منالەکانی بەو شێوەیە تەواوی بکەن، زۆر سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز (ئومێد حمە علی)، بەڕێز (ئاری عبداللطیف)، فەرموو.

**بەڕێز ئاری عبداللطیف مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (5) بڕگەی یەك پێم باشە بەو شێوەی لێبکرێت پارێزەر خانەنشین ئەکرێت ئەگەر بە فەرمی یەعنی وشەی (فەرمیەکە) بێتە پێشەوە ئەگەر بە فەرمی لە لایەن ڕاپۆرتی لێژەی پزیشکیەوە سەلمێنرا کە دووچاری نەخۆشی بووە پەککەوتەی کردووەلە کاری پارێزەرایەتیکردن، سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز (ئاری عبداللطیف)، بەڕێز (منیرە عثمان)، فەرموو.

**بەڕێز منیرە عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی (گەشە) خان ئەکەم، زۆر سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز (منیرە عثمان)، بەڕێز (د. عزەت)، فەرموو.

**بەڕێز عزەت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەخت لە وتەی پێشووم ئەکەمەوە پارێزەرێك لە (15) ساڵی خزمەتی خانەنشین بێت تەمەنی (25) ساڵ بێت نە گەیشتبێتە (40) ساڵ و (700.000) حەوت سەد هەزار دینار خانەنشینیەکەی، خانەنشینی کەی جارێکیکە ئەبێتەوە بە پارێزەر بۆیە هیوادارم پرۆژەی لەم شێوەیە ك رەهەندی دارایی هەیە ئاراستەی لیژنەکەمان بکرێت، سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز (د. عزەت)، بەڕێز (د. ڤاڵا) سەرۆکی لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە تایبەت بوو بە کەم ئەندامان ئەوە باسی پەککەوتەیمان کردووە لەوێندەر، هەر کەسێك کە تووی نەخۆشیەك هات وە پەککەوتەیی بوو لێرانە مەعالەجەمان کردووە، واتا کەم ئەندام خۆی لە خۆیدا نەخۆشە یان پەککەوتەیە لەو نەصە ئەوە مەعالەجە کراوە ئەو بابەتە، بابەتی دووەم هەندێ: رەخنەی لوغەوی کرا ئەویشمان وەرگرتووە بە نەزەریەی ئیعتیبار، بابەتی سێیەم ئەوەی کە پەیوەسە بەوەی کە تەقاعود دەبێت پارە وەردەگرێت

بۆ یەکەم جار پارەی داوە یەکەم جار دووەم ئەو پارەیە لە سەندوقی تەقاعودی محامین وەردەگرێت واتە لە حکومەت وەری ناگرێت، بێشتریش پارەکەی داوە کە وەریدەگرێتەوە، بۆیە ماددەی (5) مان بەو شێوەیە دارشتووە دەیخوێنینەوە.
ماددەی (5): هەردوو برگەی(یەکەم) و (سێیەم) لە ماددەی (13)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:
یەکەم: پارێزەر خانەنشین دەکرێت ئەگەر بە راپۆرتی لیژنەی پزیشکی فەری سەلمێنرا کە دووچاری نەخۆشیەك بووە تا رادەی پەککەوتەیی کردنی لە کاری پارێزەرایەتی کردن و ماوەی پارێزەرایەتیکردنیشی بە ماوەی (12) ساڵدا دادەنرێت ئەگەر لەو ماوەیە کەمتر بێت و بەرامبەرەکانی بەشداربوونی ئەو ساڵانەی بۆ راژەکەی زیادە کراوە لە سەندیکا و لە سەندوق لێی وەردەگیرێت بەو مەرجەی لەسەر بنەمای (5000) پێنج هەزار دینار بۆ هەر مانگێك خانەنشین بکرێت.
سێیەم: ماوەی پارێزەرایەتی بە (15) ساڵ دادەنرێت ئەگەر لەو ماوەیە کەمتر بێت پارێزەر ئەگەر لەو ماوەیە کەمتر بێت و کۆچی دوایی بکات و مووچەی خانەنشینی بۆ منداڵەکانی لەسەر ئەو بنەمایە تەرخان دەکرێت و بەرامبەرەکانی بەشدار بوونی لە سەندیکا و سەندوق لێوەرناگیرێت بەرامبەر بەو ماوەیەی ماوە یاساییەکەی پێ تەواو کراوە.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی، ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێنرایەوە دەخەینە دەنگدان؟ (53) کەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە؟ (1) کەس دژە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا. ماددەی (6) فەرموو.

**بەڕێز ڤالًا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (6)
سەرەتای ماددەی (14) ی یاساکە هەموار دەکرێتەوە بەو شێوازەی دەخوێنرێتەوە، سەرەتا مەبەستمان دیباجەیە:
بە تەنها ئەو وادانەی دین بە وادەی پارێزەرایەتی کردن دادەنرێت بۆ مەبەستەکانی خانەنشینی ئەگەرپارێزەر لەبری ئەو وادانەی بەرامبەرەکانی هاوبەشی بەشدار بوونی لە سەندیکا و سەندوق بدات.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە مناقەشە لەسەر ئەو ماددەیە نییە، ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێنرایەوە دەخەینە دەنگدان؟ (59) کەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە؟ کەس نییە بە کۆی دەنگ پەسەند کرا. ماددەی (7) فەرموو.

**بەڕێز ڤالًا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (7): بڕگەی دووەمی ماددەی (15) هەموار دەکرێت و بەم شێوەییە دەخوێنرێتەوە:
دووەم: مووچەی خانەنشینی ئەو پارێزەرانەی لە هەرێمی کوردستان پێش بەرکار بوونی ئەو یاسایە خانەنشین کراون مووچەی خانەنشینیان بۆ تەرخان دەکرێت لەسەر بنەمای (4000) چوار هەزار دینار بەرامبەر هەر مانگێکی ماوەی خانەنشینی وە بۆ ئەو مەبەستەش دواین بەشی مانگ بە مانگێکی تەواو دەدەنرێت.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مناقەشە لەسەر ئەو ماددەیە، بەڕێز (د. عزەت صابر)، فەرموو.

**بەڕێز عزەت صابر اسماعيل :**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
داوای روونكـردنەوە لە لیـژنەی یاسـایی دەكەم بـۆ ئەوەی كە لەمەو دوا خانەنشـین ئەبێـت (5000) پێـنج هەزاری مـانگێكە بـۆ ئەوەی پێشـترە (4000) چـوار هەزار حـیكمەتەكەی چیـیە؟ بۆیە ناعەدالەتی تیا نەبێت بۆ ئەوەی هەموو وەك یەك بێ.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێـز (د. عـزەت صـابر)، دایـی داوا لە لیـژنەی یاسـایی دەكەم وەڵام بـدەنەوە، بەرێز (مدينە ايوب)، فەرموو.
**بەڕێز مدينە ايوب احمد:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
ئەز ژی پشتگیریا د. عزەت دكەم، من ژی ئەڤ پرسیارە هەبوو، سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز (مدينە ايوب)، بەڕێز (عمر عینایەت)، فەرموو.
**بەڕێز عمر عینایەت حمە سعید:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
پشـتگیری قسـەكەی جەنـابی (د.عـزت) ئەكەم یەكەم، دووەمـیش مـووچەی خانەنشـینەكە لابرێـت لەسـەرەتاوە بەوە دەسـت پێبكـات ئەو پـارێزەرانەی لە هەرێمـی كوردسـتان پـێش بەركار بوونی ئەم یاسایە كۆتایی بێت، ئەو مووچەی خانەنشینەكە زیادە.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز (عمر عینایەت)، بەڕێز (هیڤا حجی میرخان)، فەرموو.
**بەڕێزهیڤا حجی میرخان احمد:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
منیش پشتگیری قسەكانی (د. عزەت) و(مدینە) خان ئەكەم.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز (هیڤا حجی میرخان)، بەڕێزان گفتوگۆ كۆتایی هات لەسـەر ئەو مـاددەیە، دوا لە لیژنەی یاسایی دەكەین دارشتنەوەی كۆتایی ئەم ماددەیە بخەنە روو، فەرموو.
**بەڕێز ڤالا فريد ابراهيم:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
ئەوەی كە دیارە ئەوانەی پێشتر خانەنشین بـوونە لەسـەر ئەو بنەمایە خانەنشـین بـوونە كە (4000) كە چـورا هەزاڕ دینـارە ئەتـۆ ئێسـتا كە بـۆوان دەكەی بە (5000) پێـنج هەزار دینـار وەكو ئەوەیە كە لەگەڵ مەصاحە عامە ناگونجێ لەگەڵ حەقی موكتەسەب نـاگونجێ بـۆیە بـۆ ئەوان ئیحتیفـازەن بـۆ حەقـی موكتەسـەب (4000) چـوار هەزارەكەمـان وەكـو خـۆی هێشـتۆتەوە بـۆ ئەوەی زەرەرمەنـد نەبـن تەنهـا ئەوەیە ئیسـتنابمان لەسـەر مەبـدەئێكی یاسایی كردووە.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ ئەو روونكردنەوەیە بەرێز (د.ڤالا) سەرۆكی لیـژنەی یاسـایی، بەڕێـزان مـاددەكە، فەڕموو.
**بەڕێز ڤالا فريد ابراهيم:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
ماددەی (7)
بڕگەكە دووەمی ماددەی (15) هەموار دەكرێت و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:
دووەم: ئەو پارێزەرانەی لە هەرێمی كوردسـتان پـێش بەركـار بـوونی ئەو یاسایە خانەنشـین كراون مووچەی خانەنشینیان بۆ تەرخـان دەكرێـت لەسـەر بنەمـای (4000) چـوار هەزرا دینـار

بەرامبەر هەر مانگێکی ماوەی خانەنشینی و بۆ ئەو مەبەستەش دوایین مانگ بە مانگێکی تەواو دادەنرێت.
**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز، ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێنرایەوە دەخەینە دەنگدان؟ (60) کەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە؟ کەس نییە، ئەو ماددەیە بە کۆی دەنگ پەسەند کرا. ماددەی (8)، فەرموو.
**بەڕێز ڤالا فرید ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (8)
ماددەی (16)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەو شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:
1-دەکرێت نێوانی مافەکانی خانەنشینی پارێزەرایەتی و هەر مافێکی خانەنشینی دیکە کۆ بکرێتەوە بە چاو پۆشین لە سەرچاوەکەی بەو مەرجەی کۆی گشتیان زیاتر نەبێت لەو مووچەیەی پارێزەر لە صندوق شایستەی دەبێت لە حاڵەتێکیش بێت لە(1.800.000) یەك ملیۆن و هەشت سەد هەزار زیاتر نەبێت.
2-مووچەی خانەنشینی هاتوو بۆ پارێزەری خانەنشینکراو لە وەزیفەیەکیدیکە لەو مووچەیەی خانەنشینی کە شایستەی دەبێت کەم دەکرێتەوە بە گوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە.
**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز. سەرۆکی لیژنەی یاسایی بۆ گفتوگۆی ئەو ماددەیە، بەڕێز (مدینە ایوب)، فەرموو.
**بەڕێز مدینە ایوب احمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
دەربارێ سەندیکا پارێزەرێن کوردستانێ ل سەر ئەساسێ تەمویلا خۆ بڕێڤەتبەتن، هەروەها چ نسبەت سەندیکا پارێزەران چ نسبەت صندوقا خانەنشینان، دەربارێ ماددا (8) بڕگا (1) (1.800.000) هاتە دانان، من بەری نوکە ژی پرسیار کر کو چەند پارێزەران خۆ خانەنشین کریە هەروەها چەند ژی ماوێ خانەنشینیا وان بسەر چوویە و هێشتا خۆ خانەنشین نەکریە، چونکی ئەگەر ئەم عامیەن سەح کەیتێ پارێزەر زوو ب زی خۆ خانەنشین ناکەت، هندی پارێزەر خزمەت هەبیتن پتر د وەزیفەی دا تێتە ناسین، هەروەسا داهاتێ وی ژی پتر لێ تیت، من دڤێت ئەڤ روونکرنە بۆ من بیتە دان، سوپاس.
**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بەڕێز (مدینە ایوب)، بەڕێز (د. بەهار)، فەرموو.
**بەڕێز بەهار محمود فتاح:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ئێمە زۆرترین مووچەی خانەنشینیمان ئەگەر ئەگەر یەکێك دوو خانەنشینیشی هەبێت واتە خانەنشینیەکی حکومەتیشی هەبێت لەگەڵ ئەوەی سەندیکاشا بە (1.800.000) ملیۆنێك و هەشت سەد هەزار دانراوە، لێرە کۆمەلێك کەس هەن خۆیان ئەصلەن مووچەیەکی خانەنشینی وەربگرن کە لەو بڕە زیاتر بێت بۆ نمونە ئەندامانی پەرلەمان لە دوای پەرلەمان بڕۆنەوە بۆ سەر کاری پارێزەرایەتی مووچەکەی خانەنشینیان لەو بڕە زیاترە، بۆیە پێنیار ئەکەم بڕگەیەك زیاد بکەین بۆ پاراستنی حەقی ئەوانیش، بڵێین (ئەگەر پارێزەرێك

مووچەیەکی خانەنشینی دیکەی هەبێت بڕەکەی زیاتر بێت لەوەی لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیەدا ئاماژەی پێکراوە ئەوە سەرپشك دەکرێت)، کامیان هەڵدەبژێرێت، واتە ئەوەی کە ئەندامی پەرلەمان بووە یان بۆ نمونە وەزیفەی وەزیر بووە دوایی دەچێتەوە محامات دەکا سەرپشك بێت ئەوەی سەندیکا هەلدەبژێرێت یان ئەوەی خۆی بۆ ئەوەی تەقیدی نەکەی بەو (1.800.000) بەو ملیۆن و هەشت سەد هەزارەوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بەڕێز (د. بەهار) جێگری سەرۆکی لیژنەی یاسایی، دەبێت لە شوێنێك هەبیت لەم یاسایەدا، تەبزیل کام زیاترە، وابزانم ئەوە تەحصیل حاصلە ئەوەی زیاد ئەوە وەردەگری ناچیت ئەوەی کەمە ئەو وەرگری، فەرموو بەڕێز (د.ڕێواس) روونکردنەوە لەسەر ئەوە.

**بەڕێز ڕێواس فایەق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەڵێت دەشێ مافەکانی خانەنشینی پارێزەری و هەر فەرمانێك و هەر کارێك و یاخود مافی خانەنشینی لە سندوقێکی تر پێکەوە کۆ بکرێتەوە بەمەرجی هەموو تێکرا سەرجەمی لە ملێۆن و ئەوەنە تێپەر نەکا ئەوەی (د. بەهار) دەیلێ دقەتی تیایە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بەڕێز (د. ڕێواس فایەق)، بەڕێز (تەلار لطیف) فەرموو، روونکردنەوەی ئیزافی لەسەر ئەم بڕگەیە.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر کەسێك کاری پارێزەرایەتی دەکا مووچەکەی لەوە زیاتر سەرپشکە لەوەی، بەتایبەتی ئەو نمونەی پەرلەمان ئەوانەی هێنایەوە تا وەزیر بێت دوایی بگەڕێتەوە بۆ سەر کارەکەی خۆی یەعنی ئەو لەو شوێنەی مووچەکەی خانەنشینکراوە لەوێوە خانەنشین، تەنها ئەم لێرە ئیشتراکێکی ساڵانەی خانەنشینیەکە هەر ئەیا ئیجبارییە هەر ئەبێت خانەنشینیەکە بدات، بەڵام بۆ وەرگرتنی مووچەکە ئەبێت لەوێ خانەنشینیەکەی وەرئەگرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بەڕێز (تەلار لطیف) بۆ ئەو روونکردنەوەیە، بەڕێز (عمر عینایەت)، فەرموو.

**بەڕێزعمر عینایەت حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر لە بڕگەی دووەم سەرنج بدەن مووچەی خانەنشینی هاتوو بۆ پارێزەری خانەنشین کراو بۆ وەزیفەیەکی دیکە لە مووچەی خانەنشینی کە شایستەی دەبێت کەم دەکرێتەوە، بەڵام ئەگەر زیاتر بوو ئەمەی بۆ ئیزافە بکرێت، بەڵام ئەگەر زیاتر بوو سەرپشك دەکرێت لەوەی کە کام مووچە وەردەگرێت بۆ ئەوەی بڕگەی تر زیاد نەکەین دەکرێ لەبڕگەی (2) بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی ئەم بابەتە چارەسەر بکەن بە رستەیەك بۆ ئەوەی بڕگەیەکیکە زیاد بەکەن، بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (عمر عینایەت) بۆ ئەو پێشنیارە.

**بەڕێز ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای ئەوەی بەڕێز جێگری سەرۆکی لیژنەی یاسایی، لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی سەندیکا مناقەشەی کرد دیارە ئەو بابەتە تەحصیل حاصلە وە نمونەمان زۆرە ئێستا چەند ئەندام پەرلەمانێکی خانەنشینکراومان هەیە کە خانەنشینی پەرلەمانتاری وەردەگرێت و میهنەی محاماتیش ممارەسە دەکات و ئیشتراکی ساڵانەی محاماتیش دەدات، لەبەر ئەوەی نەقسەك نییە لە ناو یاسادا بۆیە پێویست بە حەش و ناکات و ماددەکە بەو شێوەیە دەخوێنمەوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو

**بەڕێز ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (8)

ماددەی (16)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

1-دەکرێت نێوانی مافەکانی خانەنشینی پارێزەرایەتی هەر مافێکی خانەنشینیدیکە کۆ بکرێنەوە بە چاو پۆشین لە سەرچاوەکەی بەو مەرجەی کە کۆی گشتیان زیاتر نەبێت لەو مووچەی پارێزەرلە سندوق کە شایستەی دەبێت و لە هەر حاڵەتێکیش بێت (1.800.000) یەك ملیۆن و هەشت سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت.

2- مووچەی خانەنشینی هاتوو بۆ پارێزەری خانەنشینکراو لە وەزیەفەیەکیدیکە لەو مووچەیەی خانەنشینی کە شایستەی دەبێت کەم دەکرێتەوە بە گوێرەی حوکمەکانی ئەو یاسایە.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمینکی/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێنرایەوە دەخەینە دەنگدان؟ (57) کەس بە پەسەند دەزانن، ئەوە دژە؟ کەس نییە، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا. ماددەی دواتر، فەرموو.

**بەڕێز ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (9)

بڕگەی یەکەمی ماددەی (17) یاساکە هەموار دەکرێت و بەو شێوەیە دەخوێنرێتەوە:

یەکەم: ئەگەر پارێزەر یان پارێزەری خانەنشینکراو کۆچی دوایی کرد ئەوە مافەکانی خانەنشینی لە ڕۆژی مردنیەوە بۆ منداڵەکانی دەگوازرێتەوە و لەم حاڵەتە حوکمەکانی خانەنشین بوونی خێزانی هاتوو لە یاسای خانەنشینی مەدەنی پیادە دەکرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مناقەشە لەسەر ئەو ماددەیە نیە، ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێنرایەوە دەخەینە دەنگدان؟ (58) کەس بە پەسەند دەزانی ئەوەی دژە؟ کەس نییە. کاك (عمر) دژی؟

**بەڕێز عمر عینایەت حمه سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە یەك وشەی نەقسە هاوسەری تێدا نییە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئەو تێبینیە، رەچاوی ئەو تێبینیەی کاك (عمر) بکرێتن، ماددەی (10)، فەرموو.

**بەڕێز ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (10)
ماددەی (21)ی یاساکە هەموار دەکرێتەوە و بەو شێوەیە دەخوێنرێتەوە:
بەدەر لە حوکمەکانی ماددەکانی پێش و دەستە هەڵدەستێت بە بەخشینی:
یەکەم- مووچەیەکی خانەنشینی کەمتر نەبی لە (750.000) حەفت سەد و پەنجا هەزار دینار بۆ خێزانی ئەو پارێزەرانەی لە خەباتی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان/عیراق شەهید بوون.
دووەم- مووچەیەکی خانەنشینی کەمتر نەبێت لە (600.000) شەش سەد هەزار دینار بۆ خێزانی ئەو پارێزەرانەی لە دوای واز هێنانی لە دەسەڵاتی ناوەندی لە ئیدارەی کوردستان لە (1991/10/23) تا دەرچواندنی یاسای سندوقی خانەنشینی پارێزەران ژمارە (18)ی ساڵی (1992) کۆچی دواییان کردووە.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
موناقەشە لەسەر ئەو ماددەیە؟ تا ناوەکان بە تەوای دەنووسرێن داوا لە (د.عزت)دەکەم، فەرموو.
**بەڕێز عزەت صابر اسماعیل :**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (10) بڕگەی یەکەم مووچەیەکی خانەنشینی کەمتر نەبێت لە (750.000) حەفت سەد و پەنجا هەزار دینار بۆ خێزانی ئەو پارێزەرانەی لە خەباتی بزوتنەوەی رزگاریخوازی شەهید بوون، ئەو بەڕێزەی لە خەباتی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانا شەهید بووە بە یاسا شەهیدان شەهیدانەی خۆی وەردەگرێت، ئەوەی کە شەهید بووە خێزانەکەی وەریدەگرێت، ئایا مەبەست لەو (750.000) حەفت سەد و پەنجا هەزار دینارە ئیزافەتەن بۆ ئەو شەهیدانەیە کە وەریدەگرێت؟ هۆکاری ئەمە چییە؟ ئەمە حیکمەتەکەی لە چییەوە هاتووە؟ خێزانی پارێزەرێك شەهیدانەی وەرئەگرێت ئەمەش وەرگرێ، بۆمان روون کەنەوە، سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز. (د.عزت صابر)، با ئەو روونکردنەوە هەرلە ئێستاوە داوا لە بەڕێز (د.ڤاڵا) دەکەم وەڵامی ئەو پرسیارە بدات بۆ ئەوەی ئەوە دووبارە نەکرێتەوە، فەرموو.
**بەڕێز ڤاڵا فرید ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ئەوەی کە سەندوق پێی دەدات ئەوە خانەنشینییە لەسەر میهنەکەی، ئەوەی لە وەزارەتی شەهیدان وەردەگرێت مینحەیە خانەنشینی نییە.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز (د.ڤاڵا)، بەڕێز (تەلار لطیف).
**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
هەر وەکو روونکردنەوە یەکێکە ئەو سندوقی خانەنشینیە پارێزەر خۆی لە ئیشتراکی ساڵانەی خۆیەتی خانەنشینیەکە یەعنی رەبتی بە حکومەتەوە نییە، یەعنی لە بووجەی

حکومەتەوە نابێت لە یەك کاتدا ئەگەر حکەمەت نەقص بێنێت، هەتا ئێستا حکومەت هاوکار نەبووە بەڵك لە ئیشتراکی خۆیەتی، لە تەقاعەدی خۆیەتی.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (تەلار لطیف) بۆ ئەو روونکردنەوە، بەڕێز (مدینە ایوب)، فەرموو.

**بەڕێز مدینە ایوب احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ئەو پارێزەرێ ل خەباتی رزگاری خوازی کوردستان شەهید بوون دبیت فەرقەك هەبیت، راستە (750.000)ە و جهەتێت دی (600.000)ە، پێشنیار دکەم ئەو (750.000) ببیت (600.000) و ئەو (600.000) ببیت (500.000)، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (مدینە ایوب)، بەڕێز (ئومێد حمە علی)، فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حمە علی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان پرسیاری (د.عزت)م هەبوو لەسەر ئەوەی کە ئەوانە وەك پێشمەرگە شەهید بوون یان وەك پارێزەر وە لە پێشمەرگایەتی بزوتنەوەی رزکاریخوازی گەلی کوردستانا پیشەی پارێزەرایەتی لە کوێیا پیادە کراوە، یەعنی خۆی ئەمە پرسیارە تاکو خانەنشینی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (ئومێد حمە علی)، بەڕێز ( انور قادر)، فەرموو.

**بەڕێز انور قادر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە کاتی ئامادەکردنی راپۆرت گفتوگۆیەکەشە لە لیژنەی قانونی ئەو تێبینیەم هەبوو لەسەر خاڵی یەکەم دیارە هەموو تاکێك و هەموو توێژێك مافی ئەوەی هەیە ژیانێکی شایستەی هەبێت بەڵام پێم وایە ئەو بڕگەیە ناکۆکە لەگەڵ یاسای ژمارە (9)ی ساڵی (2007) یاسای مافی ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان چونکە لەوێ بەبێ جیاوازی پیشە ئەو مافی ئیمتیازە دیاریکراوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (انور قادر)، بەڕێز ( ئاری عبداللطیف)، فەرموو.

**بەڕێز ئاری عبداللطیف مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە ئەم ماددەیە هەر لاببرێت ئەگەر نا کوردستان/عیراق بکرێت بە (گەلی کوردستان)، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز ( ئاری عبداللطیف)، بەڕێز(شیرین حسنی)، فەرموو.

**بەڕێز شیرین حسنی رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان بۆچوونی کاك انوەرم هەبوو و پێم باشە ئەو ماددەیە هەر نەمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (شیرین حسنی)، بەڕێز(هیڤا حجی میرخان)، فەرموو.

**بەڕێز هیڤا حجی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان پرسیاری (د.عزت)م هەبوو.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (هیڤا حجی میرخان)، بەڕێز(امینە زکری)، فەرموو.

**بەڕێز امینە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارەك ل لیژنا یاسایی هەبی، مە د پرۆژە یاسا چاکسازییێ ماددەك پەسەند کر کو نابیتن هیچ کەسەك خودانێ دوو مووچەی بیت یان زێدەتر ژ ئێك مووچە یان منحە وەربگریت ل حکومەتێ، ئەڤە دژ نابیت دگەل وی؟ سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (امینە زکری)، دیارە موناقەشە تەواو بووە وەکو من دەبینم داوا لە بەڕێز (د.ڤالا) دەکەین سەرۆکی لیژنەی یاسایی وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە، وە داڕشتنەوەی ئەو ماددەیە بە شێوازێکی کۆتایی، فەرموو.

**بەڕێز ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە ڕوونکردنەوە درا بەڵام هیچ پەیوەندییەك لە لەبەینی سندوقی خانەنشینی و لە نێوان بووجەی گشتی حکومەتدا نییە، ئەو پارێزەرە ئەو سەندوقە سەندوقێکە تایبەت بە پارێزەرانە خۆی پارەکەی دەدات لەوێش خۆی خانەنشین دەبێت بە دوور و نزیك پەیوەندی بە حکومەت و بە بووجەی گشتی و میزانییەی حوکمەتەوە نییە ئەوە خاڵی یەکەم، نابێتە جەمع لە بەینی وەرگرتنی دوو مووچە یان دوو خانەنشینی خاڵی یەکەمە، خاڵی دووەم: بەڕای من ئەوەی بڕگەی یەکەم و بڕگەی دووەم هەردووکی من زۆر بە زەروور دەزانم کە بمینێتەوە، دەبێت لە دژی ئەوە بین دەبێت بزانین ئەو پارێزەرانەی لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان شەهید بوونە، پرێك سەندوق ئیستیعدادی هەیە بیانداتێ مناقەشەمان لەگەڵ سەرۆکی سەندوق کردووە لەگەڵ سەرۆکی سەندیکای پارێزەران کردووە، دەڵێت من ئیستیعدادم هەیە پارە دەدەم بە خێزانی ئەو شەهیدانەی لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان شەهید بوون، ئێ بۆچی پەرلەمان مانع بێت لە پێدانی پارەدان بەوانە؟ ژمارەشیان زۆر زۆر کەمە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێتن، بۆیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەگەر ڕێگا بدەن ماددەکە دەخوێنمەوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (10)

ماددەی (21)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەو شێوازەی دەخوێنرێتەوە:

بەدەر لە حوکمەکانی ماددەکانی پێش و دەستە هەڵدەستێت بە بەخشینی:

1-مووچەیەکی خانەنشینی کەمتر نەبێت لە (750.000) حەوت سەد و پەنجا هەزار دینار بۆ خێزانی ئەو پارێزەرانەی لە خەباتی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان/عیراق شەهید بوون.

2- مـووچەیەکی خانەنشـینی کەمتـر نەبێـت لە (600.000) شـەش سـەد هەزار دینـار بـۆ خێزانی ئەو پارێزەرانەی لە دوای واز هێنانی دەسەڵاتی ناوەندی لە ئیدارەی کوردستان لە (10/23 /1991) تـا دەرچوانـدنی یاسـای سـەندوقی خانەنشـینی پـارێزەران ژمـارە (18)ی ساڵی (1999) کۆچی دوایان کردووە.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێترایەوە دەخەینە دەنگدان؟ (58) کەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە؟ کەس نییە، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا. ماددەی (11)، فەرموو.

**بەڕێز ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (11)

ماددەی (22)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەو شێوەیە دەخوێنرێتەوە:

1-ماوەی پارێزەرایەتیکردن لە دەرەوەی هەرێم پێش پێکهینانی لیژنەی کاتی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان لە ڕێکەوتی ( 1993/1/3) بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە هەژمار دەکرێت ئەویش بۆ ئەو پارێزەرانەی لە سەندیکا پێش رێکەوتی (2003/4/9) تۆمار کراون.

2- پێویستە لەسەر ئەو پارێزەرانەی لە سەندیکا کەوا پێش (2003/4/9) تۆمار کراون لە وانەی داوای خستنە سەری ماوەی پارێزەرایەتیکردنیان دەکەن لەلای سەندیکای پارێزەرانی هەرێمی کوردستان بۆ مەبەستی خانەنشینکردن بەرامبەرەکانی بەشدار بوونی ئەو ساڵانە لە سەندیکا و سەندوق بدەن.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی، بەڕێز (ئومێد حمە علی)، فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها سەرنجێکی بچووك لەسەر بڕگەی دووەم پێویستە لەسەر ئەو پارێزەرانەی ئەگەر لیژنەی یاسایی بەو شێوەیە دایبڕێژن، (لەسەر ئەو پارێزەرانەی پێش (2003/4/9) لە سەندیکا تۆمار کراون (واو) دابنێن، داوای خستنە سەری ماوەی پارێزەرایەتی بەو شێوەیە تەواو بکرێت، سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (ئومێد حمە علی)، رەچاوی ئەو تێبینیە بکرێت وە ماددەکە بخوێنەوە، فەرموو.

**بەڕێز ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (11) : ماددەی (22)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوازە دەخوێنرێتەوە:

1-ماوەی پارێزەرایەتیکردن لە دەرەوەی هەرێم پێش پێکهینانی لیژنەی کاتی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان لە ڕێکەوتی (1993/1/3) بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە هەژمار دەکرێت ئەویش بۆ ئەو پارێزەرانەی لە سەندیکا پێش رێکەوتی (2003/4/9) تۆمار کراون.

2- پێویستە لەسەر ئەو پارێزەرانەی پێش (2003/4/9) لە سەندیکا تۆمار کراون لە وانەی داوای خستنە سەری ماوەی پارێزەرایەتیکردنیان دەکەن لەلای سەندیکای پارێزەرانی هەرێمی کوردستان بۆ مەبەستی خانەنشینکردن بەرامبەرەکانی بەشدار بوونی ئەو ساڵانە لە سەندیکا و سەندوق بدەن.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێنرایەوە دەخەینە دەنگدان؟ (64) کەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە؟ کەس نییە، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا. هۆیەکانی دەرچواندن، فەرموو.

**بەڕێز ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی بچینە هۆیەکانی دەرچواندن تەنها ماددە ئیجرائیەکانمان لە بیر کردووە لە (3) ماددەیە ئەویش دەخوێنینەوە دەنگی لەسەر دەدەین:

ماددەی (12) : کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ دەنگدان؟ (65) کەس بە پەسەنددەزانن، ئەوەی دژە؟ کەس نییە، بەکۆی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (13): پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەو یاسایە جێبەجێ بکەن.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەنگدان لەسەر ئەو ماددەیە؟ (66) کەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە؟ کەس نییە، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (14): ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی (وقایع الکردستان) جێبەجێدەکرێت.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێنرایەوە دەیخەینە دەنگدان؟ (67) کەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە؟ کە نییە، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا.هۆیەکانی دەرچواندن، فەرموو.

**بەڕێز ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچواندن:

لە پێناو رێکخستنەوە و پاراستنی ماف و دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆ پارێزەران و خێزانەکانیان بە لەبەر چاو گرتنی پەرەسەندنە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

موناقەشە بەڕێز (ئاری عبداللطیف)، فەرموو.

**بەڕێز ئاری عبداللطیف مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وشەی (رێکخستنەوە) زیایە هەر لە پێناو پاراستنی ماف و دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆ پارێزەران و خێزانەکانیان، بە لەبەرچاوگرتنی گۆڕانکاری و پەرەسەندنە کۆمەڵایەتیەکان وشەی (گۆرانکاری) زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز(ئاری عبداللطیف)، بەرێز (د.ڤاڵا) فەرموو.

**بەڕێز ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای ئەوەی پێشنیارەکانی بەڕێز کاك (ئاری)مان وەرگرت بەو شێوەیە دامان رشتەوە.

هۆیەكانی دەرچواندن:
لە پێناو پاراستنی ماف و دابینكردنی ژیانێكی شایستە بۆ پارێزەران و خێزانەكانیان و بە لەبەر چاو گرتنی پەرەسەندن و گۆڕانكاریە كۆمەڵایەتی و ئابووریەكان ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

هۆیەكانی دەرچواندن بەو شێوازەی خوێنرایەوە دەیخەینە دەنگدان؟(69) كەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە؟ كەس نییە، بەكۆی دەنگ پەسەند كرا.

كۆی یاساكە دەخەینە دەنگدان؟ (68) كەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە؟ كەس نییە، بە كۆی دەنگ پەسەند كرا.

پیرۆزە لە پارێزەرانی كوردستان پیرۆزە لە خەڵكی كوردستان، بەڕێزان لە شوێنی خۆتان دانیشن بڕگەی سێیەم تەواو دەكەین ئینجا دەچینە خوارێ.

سێیەم: خوێندنەوەی یەكەمی ئەم بۆ ئەم پرۆژە یاسا و بڕیارانەی خوارەوە بە پێی ماددەی (71) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەمواركراو خوێندنەوەی یەكەمی بكرێت.

1-پرۆژە یاسای پارێزگاری لە تۆڕەكانی ئاو و ئاوەڕۆ.

2-پرۆژە بڕیاری پێشوازی بە پێی پرۆتۆكۆل لە فڕۆكە خانەكان و خاڵە سنوریەكان تایبەت بە پێشوازی لە ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان، ئەنجومەنی وەزیران و هاوتا وەزیفیەكانیان، داوا لە بەڕێز سەرۆكی لیژنەی یاسایی دەكەم، فەرموو.

**بەڕێز ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای یەكەم:

پرۆژە یاسای پارێزگاری لە تۆڕەكانی ئاو و ئاوەڕۆ ئەو پرۆژە یاسایە لە (22) ماددە و هۆیەكانی دەرچواندن پێك هاتووە وە پێشكەش كراوە لە لایەن ئەو ئەندام پەرلەمانانەی كە ناوەكانیان دەخوێنینەوە:

1-عمر عینایەت حمە سعید
2- كمال یلدا
3-ماجد عثمان رفیق
4- د.سیراج احمد محمد
5- بهزارد دەرویش دەرویش
6- مصطفى احمد حمد
7- صالح بشار صالح
8- عباس فتاح صالح
9- على حمە صالح طە
10- فایەق مصطفى رسول
11- حسن صالح
12- شامۆ شێخۆ
13- شوان شێخ احمد
14- محمود حاجی عمر
15- صالح فقی حمد

16- گۆران محمود اسماعیل
17- عباس غزالی میرخان
18- غریب مصطفی حمه خان
داوا له بەڕێزتان دەکەین ئاڕاستەی لیژنەی پەیوەندیداری بکەن.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پڕۆژە یاسایە ئاراستە دەکرێت بۆ لیژنەی شارەوانی، یاسایی، گشت ئەندامانی پەرلەمان، پرۆژەی دووەم، فەرموو.

**بەڕێز ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە بڕیاری پێشوازیکردن بە پێی پرۆتۆکۆل لە فڕۆکە خانەکان و خاڵە سنوریەکانی تایبەت بە پێشوازی لە ئەندامانی پەرلەمان کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران و هاوتا وەزیفیەکانیان کە لە (3) بڕگە و هۆیەکانی دەرچواندن پێك هاتووە لەلایەن بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە کە ئەمە ناوەکانیانە.

- محمد یاسین طه
- مەردان خدر مصطفی
- دلشاد شعبان غفار
- زانا عبدالرحمان عبدالله
- صالح فقی حمدامین
- خلف احمد معروف
- عمر عینایەت حمه سعید
- محمود حاجی عمر
- شێرکۆ جەودەت مصطفی
- کنعان نجم الدین احمد
- یەروانیت نیسان مارکۆس
- لینا عزریا بهرام
- سرود سلیم متی
- کمال یەڵدا مرقوز
- یعقوب گۆرگیس یاقو
- جەودەت جەرجیس لطیف
- منی نبی نادر
- وەحید یاقو هرمز
- ماجید عثمان تۆفیق
- سهام عمر قادر
- کەژال هادی فقی
- صالح بشار صالح
- محمد صادق سعید
- ناظم کبیر هەرکی
- د.عبدالله جاسم رجەب

- نجات محمد عبدالله
- فەیرۆز طە عبدالخالق
- حیات مجید قادر
- تحسین اسماعیل احمد
- علی عثمان علی
- هیڤا حاجی میرخان
- سۆران عمرسعید
- قارەمان قادر فتاح
- فایەق مصطفی رسول
- شێخ شامۆ شێخۆ
- عباس غزالی میرخان
- زۆزان صادق سعید
- ئومید عبدالرحمان
- امینە زکری سعید
- شیلان جعفر علی
- ئاواز حمید حسن
- مدینە ایوب احمد

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان داوا لە بەڕێزتان دەکەین ئەم پڕۆژە بڕیارەش ئاراستەی لیژنە بکەن.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پڕۆژە بڕیارەش ئاراستە دەکرێت بۆ لیژنەی یاسایی، لیژنەی پەیوەندیەکان، لیژنەی ناوخۆ، لیژنەی کاروباری پەرلەمانی، ئەم دانیشتنە ئەمرۆ کۆتایی دێتن وە بۆ دووشەمە بە تەئکید دانیشتنەکمان دەبیت وە بانگهێشتی کۆمسیۆن دەکەین وە بەرنامەی کار بۆ یەك شەمە هەوڵ دەدەین ئەو پڕۆژانەی کە ئامادە کراوە ئەو راپۆرتانەی لەلایەن لیژنەی یاسایی ئامادە کراون ئەوانە بتوانین بە دەستمان بکات رەنگە بۆ یەك شەمەش بەرنامەی کار دابنێین، بەڵام هەوڵ دەدەین یەك شەممە دووشەممە سێشەممە چوار شەممە ئەو چوار رۆژە بەرنامەی کارمان هەبیتن، سوپاس بۆ ئێوە ، ئەو دانیشتنە کۆتایی هات.

| | | |
|---|---|---|
| **بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (4)ی**
**پێنج شەممە ڕێکەوتی 9\7\2018**
**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پڕۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (4)
# دوو شەممە ڕێکەوتی 2018/7/9

کاتژمێر (12)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2018/7/9 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی جێگری سەرۆك و، بەڕێز بێگەرد تاڵەبانی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (4)ی خولی چوارەمی، ساڵی (2018) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا کاتی دانیشتنی ژمارە (4)ی خولی بەهارەی ساڵی پێنجەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کات (12)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2018/7/9 دا بەم شێوەیە بێت:

1 -دەستپێکردنی دانیشتن لە لایەن بەرێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان .

2-خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی ئامادەبوو ئامادەنەبوو ، هەروەها خوێندنەوەی پوختەی دانیشتنی پێشوو لەلایەن سکرتێری پەرلەمان .

3-گفتوگۆکردن و پەسەند کردنی پڕۆژە یاسای هەمواری سێیەمی یاسایی پارێزەرایەتی ژمارە (17)ی ساڵی (1999) هەموار کراو لە هەرێمی کوردستان .

4-گفتوگۆکردن و پەسەندکردنی پڕۆژەیاسای هەمواری چوارەمی یاسای سندوقی خانەنشینی پارێزەرایەتی ژمارە(18)ی ساڵی (1999)هەموار کراو لە هەرێمی کوردستان .

5-خوێندنەوەی پرۆژەیاسایەك و پرۆژە بڕیارێك لە لایەن لیژنەی یاسایەوە .

6-دواخستنی دانیشتنی پەڕلەمان .

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

دانیشتنەکەمان بە ناوی گەلی کوردستانەوە دەست پی دەکەین، بەرنامەی کار خاڵی چوارەمی هەڵبژاردن ساڵی پێنجەم، دانیشتنی ژمارە (4) رۆژی دانیشتن (2018/7/9) بەرنامەی کار:

1-دەستپێکردنی دانیشتن لە لایەن بەرێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان .

2-خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی ئامادەبوو ئامادەنەبوو ، هەروەها خوێندنەوەی پوختەی دانیشتنی پێشوو لەلایەن سکرتێری پەرلەمان .

3-گفتوگۆکردن و پەسەند کردنی پڕۆژە یاسای هەمواری سێیەمی یاسایی پارێزەرایەتی ژمارە (17)ی ساڵی (1999) هەموار کراو لە هەرێمی کوردستان .

4-گفتوگۆکردن و پەسەندکردنی پڕۆژەیاسای هەمواری چوارەمی یاسای سندوقی خانەنشینی پارێزەرایەتی ژمارە(18)ی ساڵی (1999)هەموار کراو لە هەرێمی کوردستان .

5-خوێندنەوەی پرۆژەیاسایەك و پرۆژە بڕیارێك لە لایەن لیژنەی یاسایەوە .

6-دواخستنی دانیشتنی پەڕلەمان .

**بەڕێز بێگەرد تاڵەبانی/ سکرتێری پەرلەمان:**

نــاوی ئەنــدامانی پەڕلەمــان کە لە دانیشــتنی (3)ئاســایی بەرواری (2-7-2018) مــۆڵەت پێـدراون یـا بە بـی مـۆڵەت ئامـادە نەبـوون ئەمـانەن (سـالار محمـود مـراد – مـۆڵەت ، سەرکەوت سەرحەد – ئامادەنەبوو، سعید محمد سعید – مۆڵەت، ئەنەس محمد شریف – مۆڵەت، بەشار مشیر ئیسماعیل – مۆڵەت، جمال عثمان کارسول – ئامادەنەبوو ، حیات مجید قادر – مۆڵەت، زیاد حسین عبدالکریم مۆڵەت، سیراج احمد محمد – ئامادەنەبوو، شوان شێخ احمد – مۆڵەت، علی علی هالۆ – مۆڵەت، فرسەت سۆفی علی– مۆڵەت، فیرۆز طه عبدالخالق – مۆڵەت، ڤیان عباس – مۆڵەت، ڤەمان فیصل سلیم – مۆڵەت، مەردان خدر مصطفی – مۆڵەت، ابو بکر عمر عبدالله – مۆڵەت، بەهزاد دەروێش – مۆڵەت، حسن صالح محمد – ئامادەنەبوو، رابون تۆفیق معروف – ئامادەنەبوو، سهراب میکایل محمد امین – مۆڵەت، شێرکۆ حمە امین – ئامادەنەبوو، عادل عزیز شکور- ئامادە نەبوو، ئاری محمد عبدالرحیم – ئامادەنەبوو، باپیر کاملا سلیمان – مۆڵەت، جەودەت جەرجیس لطیف – مۆڵەت، محمد سعدەدین ئەنوەر – مۆڵەت).

ئەو بەرێزانەی کە بۆ دانیشتنی ئەمرۆ داوای مۆڵەتیان کردوە .

( ئێڤار ئیبراهیم، سەرکەوت سەرحەد، بەهار محمود فتاح، فایق مصطفی، هیڤا حاجی میر خان، زیاد حسن، بەشار مشیر ئیسماعیل، عبدالله جاسم رجب، ئیدریس علی ئیسلام، ئەنەس محمد شریف، محمد صادق سعید، علی علی هالۆ، سعید مصیفی، د.عزت صابر، ئەیوب عبدالله رسوڵ، عبدالله حاجی محمود، عمر صالح کۆچەر ) زۆر سوپاس .

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەرلەمان :**

بەرێــزان بە خێــر هــاتنەکی گەرمــی بەرێــزان ســەرۆك و جێگــرو ئەنــدامانی کۆمســیۆنی هەڵبژاردن و راپرسی لە هەرێمی کوردستان دەکەین کە ئەمرۆ تەشریفیان هێناوە بۆ ناو هۆڵی پەڕلەمان بانگێشتکراون و لەسەر داوای پەڕلەمانی کوردستان ئەمرۆ لێرە ئامادەنە سوپاسیان دەکەین ، بەخێرهاتنیان دەکەین و لە کاتێکی وادا داوامان کردوون ئەوان سەرقالی ئەوەنە ئامادەکاریەکان بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن لە (30-9-2018) بەردەوامن ، بەرێــزان دەســت بە بــڕگەی یەکەم لە بەرنــامەی کــار دەکەیــن، و یەکەم خوێنــدنەوەی بیــرۆکەیەك ســەبارەت بە کێشــەی بە بــازارکردنی بەرهەمــی جوتیــاران لە لــایەن لیژنــی کشتووکاڵی پەڕلەمانی کوردستان پێشکەش دەکرێت ، داوا لە بەرێزیان دەکەین لەبەر ئەوە لە لایەن لیژنە ئەو بیرۆکەیە پێشکەش کراوە، هەرجەندە لە لایەن مامۆستا ملا غریب دەخوێندرێتەوە داوا لە جەنابیان دەکەین وە ئەندامانی لیژنە ئەگەر حەز بکەن پێکەوە بێن لێرە تەشریف بێنن ئەو بیرۆکەیە پێشکەش بە پەڕلەمانی کوردستان بکەن ، فەرموو مامۆستا ، ئێمە بەو شێوازە تێگەیشتین کە لە لایەن لیژنەوە ئەو بیرۆکەیە ئامادە کراوە و ناوی کاك (خەلەف) هاتووە لە بەرنامەی کار دواتر وا تێگەینراین کە مامۆستا ملا غریب دەخوێنــدرێتەوە . خــاڵێکی نیزامــی کــاك خەلەف لەبەر ئەوەی نــاوی تــۆ هــاتووە روونکردنەوەکمان بدەنی لەسەر ئەوە .

**بەرێز خەلەف احمد معروف:**

**بەرێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

زۆر زۆر سوپاس بە پێی ماددەی (54) خاڵی (2) بڕگەی (4) ئەندامی پەڕلەمان مافی هەیە بیرۆکە تەقدیم بکات وە خۆشی بیخوێنێتەوە، بەڵام ئێمە لە لیژنەی کشتووکاڵ هەموومان پێکەوە کارمان کردوە یەك لیژنەین هیج مشکیلەیەکم نیە با بەرێز جێگری سەرۆکی لیژنە بیخوێنێتەوە زۆر سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ ئەو هەستەو ئەو بیرو بۆ چوونەی بەڕێز کاك (خەلەف احمد)، بەرز دەنرخێنین دەستەکانتان خۆش بێت، سەرۆك و ئەندامانی لیژنە ئەگەر حەزبکەن دەتوانن لەگەڵ مامۆستا بوەستن لەوی ئەگەر، دیارە هەر بەو شێوازەی کە ئیستا هەیە بەرێوە دەچێتن فەرموو بەرێز ئەو بیرۆکەیە بخەروو، بابەتێکی گرنگە بە بازار کردنی بەرهەمی جوتیاران کە دەزانین خۆی لە خۆیدا هەم گرفتەکی گەورەیە لە بەردەم جوتیارانی کوردستان هەمیش بزانین ئەو بابەتە بابەتەکی رای گشتییە لە هەرێمی کوردستان و گوی لە ئەم بیرۆکەیە بگرین، فەرموو بەرێز مامۆستا ملا غریب.

**بەرێز غریب مصطفی حمەخان:**

**بەرێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی مهرەبان، سوپاس بۆ راکەی کاك خەلەف هەموو ئەندامانی لیژنەی کشتووکاڵ هەروەکوو دەستێك پێکەوە کار دەکەین سوپاسی خوا ئەکەین کە لە کارەکانماندا هەنگاوی زۆرمان داوە هیچ خیلافی لە بەینمان دا نیە، بەرێز سەرۆکایەتی پەڕلەمانی کوردستان بابەت بە بازارکردنی بەروبوومە کشتوکالیەکان، بەرێز سەرۆکایەتی پەڕلەمانی کوردستان، کوردستان کە پەیقی ئاوی کەوسەرەو خاکی گەوهەرە کاڵای پڕ بە باڵایەتی لە درێژایی مێژودا لانکی کشتوکاڵ بوەو لە سەردەمی حوکمی بەعسیەکاندا زەبری کوشندەیان سرەواندە گوند و جوتیار و کانیاو و رەزو و باخەکان، لەسەردەمی حوکمی خۆمالیشماندا تا ئێستا کەرتێکی پاشکەوتەو پڕ لە کێشەیەو نەتوانراوە لەسەر پێی خۆی راوەستێنری و بکرێتە سەرچاوەی داهاتێکی حکومەت و جوتیار شاد و گوند ئاوەدان و نیشتیمان گەش و وشبکات، هەدووپایەکەی کەرتی کشتووکاڵ کە بەرهەم هێنان و بە بازار کردنە دەناڵێنی بە دەست بی خاوەنیەوەو حکوومەت و وەزارەتی کشتووکاڵ لە دۆڵێکو جوتیار و کشتوکاڵ لە دۆڵێکی تر، پایەی یەکەم کە بەرهەم هێنانە لێوان لێوە لە نا نازانستی بوون و ئاریشەی خراپی تۆو خراپی دەرمانی قڕکەروو خراپی سەماد و بی تاقیگەیی و بی رێنمایی و تەقلیدی بوونەوەو.

پایەیی دووەم:بە بازارکردنە رێك نەخراوەو کەم ساڵێك هەیە چوتیار زەرەر مەندوو مایە پوچوو دەست لە ئەژنۆ نەبێتوو بە پێوەری ئەو پەندە کوردیەی کە دەڵێت (ماڵت ماڵ نەبێت بازارت بازار بێت) جوتیاری ئێمە (ماڵی ماڵەو بازاری بازار نییە) ئەو جوتیارەی کەوا پێنجەمین ساڵە کە لە هاوکاری وەزارەتەکەی بی بەشەو تێکرای پێداویستیەکانی لە بازاری رەشدا دەکرێت، تێچوونی بەرهەم هێنان ئەوەندە زۆرە کە دەبێت بەرهەمەکەی نرخێکی وا بکات کە تێچوونەکەی دەربهێنێت و قازانجیشی بۆ بهێلێتەوە، کەچی لە زۆربەی جارەکاندا نرخ بە جۆرێك دا دەبەزێت کە تەنیا کرێی گواستنەوەی بەرهەمەکەشی دەرناهێنێوو ئیتر هەڵرشتنی تەماتەکەیوو خۆ پیشاندان دەردی ئەو دەرمان ناکاو هیچ گرەنتیەك نیە بۆ ساخ کردنەوەی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان، ئێمە لە لیژنەی کشتووکاڵ بە پێی بە دوا داجونەکانمان هۆکاری ئەو بی بازاریە بۆ ئەم جەند خاڵە دەگێرینەوە.

1-وەزارەتی کشتوکاڵ پلانی ساڵانەی چاندنی بۆ جوتیارەکانی خۆی نیە،کە بۆ ئەوەی کۆنتڕۆڵی بڕی بەرهەموو خواستی بازار بکرێت دەبێت بڕ و جۆرو کاتی چاندن ساڵانە رەنگ رێژ بکرێت و بەسەر جوتیاراندا رۆڵ دابەش بکرێت .

2-وەزارەتی کشتووکاڵ رێنمای کشتووکاڵی بە تەواوی لاوازبوەو بەو هۆیەوە لە جوتیار دابڕاوەو لە ئەنجامدا بە هەرەمەکی و بی بەرنامە بەرهەم دەچێندرێت و هەمووساڵێك جۆرە بەرهەمێك کەم دەجێندرێت بەشی خواستی بازار ناکات و جۆرێکی تر زۆر دە جێندری و کە پێگەیشت بە لێشاو دێتە بازارەکانەوەو نرخ دا دەبەزێت .

3-جوتیار تەرکیزی لەسەر چاندنی گەنم و سەوزەیە و بیری لە جەندین جۆری وشکەدانی تر نیە وەك نیسك و نۆك و ماشو پاقلە و لۆبیا و فاسۆلیاو هاتا دوایی .
4-نەبوونی کۆگای ساردکەری پێویست و ئەوەش کە هەیە جوتیار ناوێرێ رووی تێبکات ،چونکە زۆر گرانە جێی ئاماژەیە وەزارەتی کشتوکاڵ لە گردە بۆری نزیك سلێمانی خاوەنی (32) کۆگای هاو چەرخەو لە ساڵی (2010)وە تەواو کراون، بەڵام تا ئیستا کیلۆیەك بەرهەمی جوتیاری تیا هەڵنەگیراوە .
5-نەبوون و کەموکورتی لە بوونی کارگەی دۆشاوی تەماتەو ئاوی میوەو زەیتی زەیتوونوو گوڵەبەرۆژەو هەتا دوایی کە وەزارەتی بازرگانی لێی بەر پرسیارە .
6-کەرتی تایبەت لەم کەرتەدا سەرمایەداران لەم دۆخە بی خاوەنیەتەی کەرتی کشتوکاڵ کە ساڵانە زیانی جوتیارەکان دەبینن خۆیان لە قەریەی ئەم کەرتە نادەنوو سەرکێشی وا ناکەن سەرمایەگوزاری لە پرۆژەیەکدابکەن کە پرە لە مجازەفە .
7-هاووڵاتی ئەو هۆشیاریەی نیە کە بەرهەمی ناوخۆی بەلاوە لە پێشتر بێت و ئامادە نیە بۆ پشتگیری جوتیاری خۆیوو بەرهەمی ناوخۆی مقاتەعەی بەرهەمی دەرەوە بکات و قانیعە سا بڵێت بە شاڵی خاکەکەم رازیم و ئەی پۆشم هەتا مردن لە فاسۆن و گە بەردین تا ئەبەد سەڵتەو کەوا ناکەم .
8-رێك نەخستنی پەیوەندی نێوان هەردوو وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێم و ناوەند کە لەسەر بنجینەوی بەرژەوەندی هاوبەش هاوکاری یەکتر بکەن لە ساغ کردنەوەی بەرهەمی ئەوان لە بازارەکانی کوردستانداو بەرهەمی ئێمە لە بازارەکانی ناوەراست و خوارووی عێراقدا.
9-هەناردە نەکردنی بەرهەمی ناوخۆ بۆ بازاری وڵاتان کە ئەم کارە بە جوتیار ناکرێتوو پێویستە حکومەتوو کەرتی تایبەت ئەنجامی بدەن. بەرێزان ئێمە لە سۆنگەی ئاگاداربوونمان لە کێشەی بە بازارکرنی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان و گەڕان بەدوای چارەسەردا بەسەدان دیدارمان لەگەڵ جوتیاروو عەلوەکان و وەبەرهێنەران و لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت ئەنجام داوەو بۆمان دەرکەووتوە بەرپرسیاری ئەم دۆخە دژوارە حکومەتەو دەسەڵاتی جێبەجێکردن بە ئەرکی خۆی هەڵناستێت بەرامبەر ئەو جوتیارانەی کە گوندەکانیان لانکی شۆرشی دوێنی بوون و لە پێناو سەرخستنیدا باجی قورسیاندا، بۆیە ئەم واقیعە تاڵەی کە دەیبینین لە لایەکەوە مریشك کیلۆی دێتە هەزار دینارو لە لایەکی ترەوە بەرهەمی گەنم هەراج فرۆش دەکرێت و سایلۆ وەری ناگرێت و پارەی گەنمی ساڵەکانی (2014 و 2015 و 2016) تا ئێستاش (600) ملیار دینار بی سەرو شوێنە، لە لایەکی ترەوە کیلۆی شووتی دێتە سەر (20)دینار ئەمانە ئەو راستیە تاڵە تۆخ دەکاتەوە کە ئەو پرۆژە جاك سازیەی سەرۆکی حکومەت رای گەیاندوو بەڵێنی دا لە کەرتی کشتوکاڵەوە دەست پێبکرێت هێشتا هەنگاوی یەکەمی نەناوە ، بۆیە لیژنەکەمان داوا دەکەین کە.
یەکەم: وەزارەتی کشتوکاڵ لە ساڵی داهاتووەوە پلانی سالانەی هەبێت و لینکی رێنمایی کشتوکاڵ زیندووبکاتەوە.
دووەم: وەزارەتی بازرگانی کارگەکانی بەرهەمهێنانی عەلەف ناچاربکەن کە بەرهەمی ناوخۆ بۆ عەلەف بەکار بهێنن.
سێیەم: ئەنجومەنی وەزیران هاوردەکردنی ئاردی تورکی و ئێرانی رابگرێت و گەنمی ناوخۆ بکرێتەوە بیکاتە ئاردوو لەمەودوا ئەو ئاردە بدرێت بە نانەواو سەموونخانەکان.
چوارەم: وەزارەتی کشتوکاڵ با دوای هەشت ساڵ (32)کۆگایەکەی گردە بۆر بخاتە خزمەتی بە بازارکردنی بەرهەمە ناوخۆیەکانەوە.

پێنجەم: وەزارەتـی بازرگـانی کـاری جـدی بکـا بـۆ دامەزرانـدن یـان بەگەرخسـتنەوەی دەیـان کارگەی زەیتی زەیتونوو روبی هەناروو ئاوی میوەو دۆشاوی تەماتەو هەتا دوایی.
شەشەم:یاسـایی بـیمەی کشـتوکالێ کە خوێنـدنەوەی یەکەمـی بـۆ کـراوە لە پەڕلەمـان دەر بچوێندرێت.
حەوتەم:حکـومەت کـار ئاسـانی بـۆ وەبەرهێـنەران بکـات و دڵنیایـان بکـات بـۆ ئەوەی وەبەرهێنان لەکەرتی کوشتوکاڵدا بکەن.
هەشـتەم: وەزارەتـی کشـتوکاڵی هەرێـم بـا بە پەیوەنـدیەکانی دا بجێتەوە لەگەڵ وەزارەتـی کشـتوکاڵی بغـداد لە پێنـاو بە بـازارکردنی بەرهەمـی هەردوولا بە مەبەسـتی بەرژەوەنـدی هاوبەش.
نۆیەم:لەمەودوا بوجەی سالانەی هەرێم بهێنـدرێتە پەڕلەمـان و رێژەیەکـی بـاش بـۆ کەرتـی کشتوکاڵ تەرخان بکرێت.
دەیەم: وەزارەتــی پلانــدانان و بازرگــانی بە ئەرکــی خۆیــان هەڵبســتن لە هەنــاردەکردنی بەرهەمە کوشتوکالیەکانی ناوخۆ بۆ بازاری وڵاتان.
یـانزەهەم:وەزارەتی رۆشــنبیری ریکلـامی بەرهەمە کوشــتوکاڵیەکانی بێگـانە  بە فەرمـی قەدەغە بکـات و میـدیاکان راسـپێرێت ریکلـام بـۆ بەرهەمـی خۆمـاڵی بـکەن .لەگەڵ رێـزی زۆرمانـدا لیـژنەی کشـتوکاڵ و ئاژەڵـداری وئـاودێری و بەنـداوەکان لە پەڕلەمـانی کوردسـتان (8-7-2018) زۆر سوپاس.
**بەرێزجعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**
سوپاس بۆ مامۆستا ملا غریب بـۆ خوێنـدنەوەی بیـرۆکەی لیـژنەی کشـتوکاڵ لە پەڕلەمـانی کوردستان، ئەم بیرۆکەیە ئاڕاستە دەکەیـن بـۆ حکومەتی هەرێمـی کوردسـتان وە دەکـرێتن ئەو بیرۆکەیە بکرێت بەچەندین پـرۆژە بـۆ ئەوەی پەرە بـدرێت بە بەرهەمەکـانی کشـتوکاڵ و بەبازارکردنی بەرهەمی جوتیاران لە هەرێمی کوردستان .بەرێزان خاڵی دووەم لە بەرنـامەی کار داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین تەشریف بێنن بۆ شوێنی تایبەت بە لیژنەکان.
2-خوێنـدنەوەی یەکەم بـۆ ئەو پـرۆژە یاسـاو بڕیـارانەی خـوارەوە بە پێـی مـاددەی (71) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) سالی (1992)ی هەموار کراو.
یەکەم: پڕۆژەیاسـای هەمـواری یاسـای بەکرێـدانی خـانووبەرە ژمـارە (87)ی سـاڵی (1979)ی هەموار کراو لە هەرێمی کوردستان-عیراق.
دووەم: پرۆژە یاسای هەمواری یاسایی ژمارە (3)ی ساڵی (2012) یاسای رێگا گشتیەکان لە هەرێمی کوردستان-عیراق.
سێیەم: پـرۆژە بڕیـاری تەملیـد کردنـی ئەو زەویـانەو زێـدە رەویـان لەسـەر کـراوە لە سـنوری شـارەوانیەکان لە هەرێمـی کوردسـتان-عیـراق. داوا لە بەرێـزان لیـژنەی یاسـایی دەکەیـن بـۆ ئەوەی پرۆژە یاساکان بخەنە روو. فەرموو بەرێز د. ڤالا فەرید.
**بەرێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**
**بەرێز سەرۆکی پەڕلەمان.**
پـرۆژە یاسـایی یەکەم: پڕۆژەیاسـای هەمـواری یاسـای بەکرێـدانی خـانووبەرە ژمـارە (87)ی سـاڵی (1979)ی هەمـوارکراو لە هەرێمـی کوردسـتان-عیـراق، پـرۆژە یاسـاکە لە دوو مـاددەو هۆیەکـانی دەر چوانـدن پێـك هـاتووە و لە لـایەن رێـژەی یاسـایی ئەنـدامانی پەڕلەمـانەوە پێشـکەش کـراوە کە لە بەرانـبەر ناوەکانیـان واژۆیـان کـردوە. (تەلـار لطیـف محمـد، عـزەت صابر اسماعیل، دلێر مصطفی حسـن، مـریم صـمد عبـاس، گەشـە دارا حفیـد، قـادر وتمـان رسـول، ڤمـان فیصـل سـلیم، شـوان شـێخ احمـد، انـوەر قـادر مصـطفی، لینـا عزریـا بهـرام،

مصطفى احمد حمد، غريب مصطفى حمه خان، ابو بكر عمر هەلەدەنی، د.ڕێواز فایق حسێن، د. ڤاڵا فرید ابراهیم، فرحان جوهر قادر، مردان خدر مصطفى، عباس غزالی میرخان، ئومێد عبدالرحمان، شێرکۆ حمه امین)، داوا لە بەڕێزتان دەکەین کە ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیداری بکەن .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

ئەو پرۆژەیە ئاراستە دەکرێتن بۆ لیژنەی یاسایی و لیژنەی شارەوانیەکان و گشت ئەندامانی پەرلەمان .فەرموو دووەم بەڕێز د. ڤاڵا فرید.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

دووەم:پرۆژە یاسای هەمواری یاسای ژمارە (3)ی ساڵی (2012) یاسای ڕێگا گشتیەکانی هەرێمی کوردستان-عیراق، پرۆژە یاساکە لە (4) ماددەو هۆیەکانی دەرچواندن پێك هاتووە وە لە لایەن ئەو بەڕێزانەی خوارەوە واژووکراوە. (عزت صابر اسماعیل، دلێر مصطفى حسن، تەلار لطیف محمد، مریم صمد عبدی، قادروتمان رصول، عباس غزالی، د.شیرین حسنی رەمەزان، تحسین اسماعیل احمد، دڵشاد شعبان، شیلان جعفر علی، ایدریس علی اسلام، ابراهیم احمد سمۆ، گۆران محمود اسماعیل، فایق مصطفى رصول، عمر عینایات حمه سعید، ایوب عبدالله اسماعیل، غریب مصطفى حمه خان، سۆران عمر، محمد علی یاسین، عبدالله حاجی محمود، عبدالرحمان فارس، ئاری عبداللطیف مولود، وحیده یاقۆ هورمز، یروانت نیسان، ئایدن معروف، ماجد عثمان تۆفیق، محمد سعدالدین، کمال یلدا، صالح فەقی محمد امین، گەشە دارا جلال، ئاواز جەنگی بورهان، مصطفى احمد، زانا عبدالرحمان)، دا وا لە بەڕێزتان دەکەین کە ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیداری بکەن.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستە دەکرێت بۆ لیژنەی یاسایی و لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو گشت ئەندامانی پەرلەمان، فەرموو تەلار خان سێیەم بخوێنەوە.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

سێیەم: پرۆژە بڕیاری تەملید کردنی ئەو زەویانەی زیادە رەویان لەسەر کراوە لە سنووری شارەوانیەکان لە هەرێمی کوردستان-عیراق.کە لە (12)ماددەو هۆیەکانی دەرچواندن پێك هاتووە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە، داوا لە بەڕێزتان دەکەین ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکان بکرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

ئەم پرۆژە بڕیارە ئاڕاستە دەکرێتن بۆ لیژنەی یاسایی و لیژنەی شارەوانیەکان و لیژنەی کشتوکاڵ و لیژنەی ناوخۆ و گشت ئەندامانی پەڕلەمان. سوپاس بۆ بەڕێزان سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی یاسایی، سوپاس دەستان خۆشبیتن.

خاڵی سێیەم: لە بەرنامەی کار گفتوگۆیەکی کراوە سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان بە ئامەدەبوونی بەڕێزان ئەندامانی دەستەی کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و راپرسی، دووبارە بەخێر هاتنیان دەکەین، وامان بە باش زانیوە دەرفەت بە بەڕێز سەرۆکی کۆمسیۆن دەدەین کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و راپرسی لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی پوختەیەك لەسەر ئامادەکاریەکان بەرێوە چوونی ئامادەکاریەکان

ئاستی ئامادەکاریەکان پێشکەش بەم دانیشتنەی پەرلەمان بکات و دواتر دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە پرسیارو وڵام دەکەینەوە، ئومێدەوارین لەوماوەیەدا ماوەکی گونجاودا بتوانین بەر چاو روونیەکی باش هەم پێشکەش بە ئەندامانی پەرلەمان بکرێتن و هەم پێشکەش بە خەڵکی کوردستان بکرێتن، کە پرسەکە لایەنە سیاسیەکان و هاووڵاتیان و دەنگدەران هەموویان بە دوا داچوونی بۆی دەکەن و پرسیاری لی دەکەن، ئێستا دەرفەت بە بەرێز (هندرێن محمد صالح )سەرۆکی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و راپرسی لە هەرێمی کوردستان دەکەین بۆ ئەوەی پوختەیەك لە ئامادەکاریەکان پێشکەش بەم دانیشتنەی پەرلەمان بکا فەرموو بەرێز (هندرێن محمد صالح ).

**بەرێز هندرێن محمد صالح/ سەرۆکی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و راپرسی لە هەرێمی کوردستان:**

**بەرێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو مهرەبان بەیانیتان باش بەرێزان خۆشحالین کە ئیمرۆ لێرە ئامادەین بۆ ئەوەی ئامادەکاریەکانی کۆمسیۆن لە بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو بخەینە بەردەم ئێوەی بەرێز کە ئێستا کارمەندانی کۆمسیۆن ج لە ئۆفیسی نیشتیمانی و یان لە فەرمانگەی پارێزگاکان سەرقالن و ئەرکو ماندووبونی زۆر پێشکەش دەکەن، ئەمن لە سەرەتا لە چوار چێوە یاسایەکە دەست پی دەکەم ، چوار چێوەی یاسایی ئەم پرۆسەیە لە سەر دەکری لە یاسایی هەڵبژاردنی پەڕلەمانی کوردستان ژمارە (1) بەهەموو هەموار کراوەکانیساڵی (1992) و هەروەها یاسای ژمارە (4)ی ساڵی (2014)ی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و هەروەها لە ژێر ئەوانە ئەو پەیرەوانەی کە کۆمسیۆن دەری کردووە تایبەت بە هەموو ئەو چالاکیانەی کە پێویستن لەبۆ ئەو پرۆسەیە تاوەکو ئێستا (10) پەیرەو دەرکراوە بە نوێکردنەوەو بە تۆماری دەنگدەران تۆمارکردنی قەوارە سیاسیەکان بریکارەکانی تۆمارکردنی چاودێران تەنها (1) پەیرەوی گرنگ ماوە کە لە دوایی تەرکیزی لەسەر دەکەم ئەویش هەژمارکردنی دەنگەکانە لە رۆژی دەنگدان، بودجەی هەڵبژاردن بودجەیەکی تەخمینی پێشکەشکراوە حکومەت بە سوپاسەوە پەسەندی کرد (29) ملیار و روبعێکە، (30%)ی ئەوبودجەیە بەراستی ئەگەر بپرسن بۆ وا گەورە و قەبەیە تەرخان کراوە بۆ ئەو ئامێرە ئەلیکترۆنیانەی ئەو کاتی کە کۆمسیۆن بەتەما بوو بەکاری بهێنی، (30%)ی ئەو پارەیە بۆ ئەوەیە، بابەتێکی دیکە تۆمارنامەی دەنگدەرانە، تەبعەن کۆمسیۆن بە ئەرکی خۆی و بە پێی یاسا داوای لێ کراوە، هەستا بە دروست کردنی داتابەیسێکی تایبەت بە نوێ کردنەوەی تۆماری دەنگدەران و دەبێت لێرە بلێین داتا بەیسێك و تۆمارنامەیەکی دەنگدانی نوێ کە جیاوازە لەوەی کە پێشتر لەبەردەستی کۆمسیۆن بوو، کۆمسیۆن زۆر بە جدی و بە ئازایانە پەیرەوێکی تایبەتی دەرکرد بە دروست کردن و بژارکردنی تۆماری دەنگدەران، هەروەك باسم کرد ئەو تۆمارەی کە ئێستا باسم کرد انشاالله بەیانی یان دوو بەیانی دەست بە نوێ کردنەوەی دەکەین، زۆر جیاوازترە لەو قاعیدەی بەیانات ئەو داتا بەیسەی کە پێشتر هەبوو و ئیشی زۆر جدی لەسەر کرایە، تەسەور دەکەم کارگێری هەڵبژاردن و ستافەکەی زیاتر لە (1700) سەعات ئیشیان لەسەر کردووە، کاری جدی لەسەر کراوە، ئەو پەیڕەوەی کە دانراوە تایبەت بووە بە بژارکردن و چەندین حاڵاتی دیراسات کردووە لەو داتابەیسەی کە ئێمە لە وەزارەتی تیجارە وەرمانگرتووە حالاتی ناوی مردوو و حالەتی دووبارە، هەتا حاڵەتی ئەوانەی کە مووچە بەرزەکان و کە لە قاعیدەی بەیاناتی وەزارەتی تیجارە دەرهات بوون قسەی لەسەرکراوە و ئیشی لەسەر کراوە، ئەوانەی کە تەمەنیان زۆرە ئیشی لەسەر کراوە، من حەزدەکەم داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم دوای ئەوەی من تەواو بووم کارگێری هەلبژاردن بە

دەقیقی ئەو ئیشانەی لەسەر ئەو تۆمارەی باس بکات، چونکە بەڕاستی نوێ کردنەوەی تۆماری دەنگدان لە کارگێڕی هەڵبژاردنە لەژێر ئیشرافی بەڕێز سەرۆکی کارگێڕی هەڵبژاردنەو ئەو بەشانە و ئەو ئەدەواتانەی ئیشیان لەسەر ئەو تۆمارنامەی دەنگدەرانە کردووە گرێدراوی سەرۆکی کارگێڕی هەڵبژاردنن، من ئەوەی کە بە گشتی لەسەر تۆمارنامەی دەنگدەران ئەو قاعیدەی بەیاناتەی، ئەو داتابەیسەی ئێستا ئێمە لەبەردەستمانە، لەگەڵ ئەوەی کە لە پێشتر هەم بوو، بەلایەنی کەم (200 هەزار) ناوی فەرقە، یەعنی ئێستا (200 هەزار) ناو کەمترە، بێجگە لەوەی کە انشاالله سەرۆکی کارگێڕی هەلبژاردن ئیشی لەسەر کردووە زیاتر لە (60هەزار) ناوێکی تر کەمتر کراوەتەوە، کەواتە هەر لە جاری یەکەم لە گۆڕینی ئەو قاعیدە بەیاناتە کۆنەی کە هەبوو لەبەردەستی ئێمە (SPL)ەکەی عیراقی لەوەی کە ئێستا هەمانە (208 هەزار) ناوی فەرقە، تۆمارنامەی دەنگدەران  تەواو نەبووە، پاش ئەوەی ئەو کردارو و حەوت سەد سەعات ئیش کردنەی، تۆمارنامەی دەنگدەر پاش ئەوەی ئەو هەموو کردار و ئەو هەزار حەوت سەد سەعات ئیش کردنەی لەسەر کراوە، دیسان ماوەیەکی دیکە دەدرێتە بەردەم دەنگدەرانەوە و دەدرێتە حزبە سیاسیەکانیش بۆ ئەوەی پێداچوونەوە تەعنە لەو سجلە بدەن، ئەویش لەو ماوەی مانگێك تەوەقوع دەکەین بەیانی دەست پێ بکەین، بۆ ماوەی (30) رۆژ لیستی تۆمارنامەی دەنگدەران لە هەموو بنکەکان دادەندرێت بۆ دەنگدەرەکان زەرورە بچن سەردانی ئەو بنکانە بکەن و بۆ کیاناتی سیاسیش دەتوانن کە نوێنەریان لەوێ هەبێ هەر تێبینیەك و هەر مولاحەزەیەکیان هەبێ کۆمسیۆنی لێ ئاگادار بکەنەوە بە پێی ئەو رێکارانەی کە کۆمسیۆن داینـاوە، شتێکە جیاواز لەوەی پێشتر بۆ ئاسانکردنی سەردان کردنی ناوەندەکانی نوێ کردنەوەی دەنگدان، ئێمە ئەو جارە چەندین ناوەندمان زیاد کردووە، ئەگەر تەماشا بکەین لە دابەش کردنی ناوەندە لاوەکیەکان پێشتر چەند شاروشارۆچکەیەك هەبوو بەراستی ناوەندی نوێ کردنەوەی تۆماری دەنگدەرانی لێ نەبوو، حرسی ئێمە و حرسی کۆمسیۆن لەسەر ئەوەی کە ئاسانکاری بکات لەو پرۆسەیە خۆشتان دەزانن تۆماری دەنگدەران یەکەم سیستەمە لە پرۆسەی دەنگدان، چەندین ناوەند زیاد کراوە دەیبینن تەقریبەن لە هەموو قەزاو ناحیەکان لە شوێنە دوورەکان ناوەندی نوێ کراوەتەوە بۆ ئەوەی ئاسان بێت بۆ ئەو خەڵکەی لەو شوێنانە بچن سەردانی ئەو بنکانە بکەن، ئەو کردارانەی کە دەکرێت لە ناوەندەکانی تۆماری دەنگدەران دیارە زیاد کردنە ئەگەر ناوی نەبێ، راست کردنەوەی ناو و گۆڕینی شوێنی دەنگدانە، هەروەها ناوی مردوو ئەگەر لەو ماوەیە لە قاعیدەی بەیاناتی وەزارەتی تیجارە نەگەیشتە ئێمە لەو پرۆسەیە دەکرێ ئەوە رەش بکرێتەوە، سۆفت وێرو کارمەند ئامادەکراوە وەك باسم کرد تەفاسیلێش ئەگەر سەرۆکی پەرلەمان رێ بدات کارگێڕی هەڵبژاردن باسی بکات، لێرە لەبەرئەوەی قاعیدەی بەیاناتەکان لەبەرامبەر نوێ کردنەوەی پرۆسەی دەنگدەران و نوێ کردنەوەی تۆماری دەنگدەران، بێجگە لەوەی بە هەبوون و بەسەردان کردنی دەنگدەر پرۆسەکە سەرکەتوو دەبێت بۆیە تەرکیز لەسەر هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی دەنگدەران دەکەین بۆ ئەوەی لەو ماوەیە سەردانی بنکەکانی نوێ کردنەوەی تۆماری دەنگدەران بکەن بە تایبەتی ئەو جارە ئێمە هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی تایبەت بە فەترەی نوێ کردنەوەی تۆماری دەنگدەرانمان دابەش کردووە، (40%)ی لەسەر دۆکیۆمێنتانەی کە پێویستە پێت بێت بۆ نوێ کردنەوەی تۆماری دەنگدەرانی خۆت چۆنیەتی دەچیە ئەو شوێنە راستەی کە دەنگدانی تۆی لێیە، هەروەها هاندان کە بەشێك لە ئەرکی ئێمەیە و هەرچەندە هاندان ئەرکی حزبەکانە، هەروەها ئەرکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیشە، (60%)ی تایبەتە

بەو کردارانەی سەر ئەو حاڵەتانەی کە ئێمە لە تۆمارنامەی دەنگدەران کراوە خەڵکێکی چەند حاڵەتێك تێدان لەناو ئەو سجلە سڕکراون ئەوانەی تەمەنیان زۆرە و لەسەرووی (90) ەوەن و ئەو ناوانەی کە دووبارە سڕکراون، لەبەرئەوەی کە ناوێك دووبارە دەبێت، ناوێك لە هەولێرە عەینەن ناو لە سلێمانیە، من نازانم لە کام لا رەشی بکەمەوە، بۆیە لە هەردوولا سڕکراوە، لەهەردوولا دەرهاتووە، ئەو حاڵەتانە پێویستە سەردانی ناوەندەکان بۆ ئەوەی ئیسپاتی خۆیان بکات، ئەوەی تەمەنی زۆرە سەردانی ناوەندەکان بکات بۆ ئەوەی ئیسپاتی خۆی بکات، بۆیە ئەوانە بە لیستێکی تایبەت چاپی دەکەین بۆ ئەوەی بزانین کێنە ئەوانە کە مەفروزە سەردانی ناوەندەکان بکەن انشاالله بە پێی بڕیاری مەجلس ئەنجومەنی کۆمسیاران کۆپیەك دەدەینە پەرلەمان و حکومەت و دەدەینە وەزارەتی تیجارە تەرکیزی زۆریشی لەسەر دەکەین داواکارم هاوکارمان بن لەو مەسەلەیە، چونکە ئەو ناوانە زۆرن پێویستە ئەوانە سەردان بکەن، چونکە ئەو حاڵەتانە ئەگەر ئەو ناوانەی کە ئێستا رەش کراوەتەوە سڕاوەتەوە، حەزف کراوە لە سجل، ئەگەر ئەو ناوە لەو ماوەی (30) رۆژ سەردانی بنکەکانی نوێ کردنەوەی تۆماری دەنگدەران نەکات بێ بەش دەبی، ئێمە ناچارین هەردوولا رەش بکەینەوە، هەندەك ناو هەیە سێ جار دووبارە بۆتەوە، لە عەینی پارێزگا دووجار دووبارە بوویتەوە، بۆیە ئێمە ناچارین هەردووکیان بسڕینەوە، بۆ ئەوەی دڵنیا بین کە ئەو ناوە دووبارە نەبێتەوە، بۆیە هەڵمەتێکی تایبەت بە ئەوانە دەبێت، ئەندامانی پەرلەمان یارمەتیمان بدەن و حزبەکانیش بەراستی بۆ ئەوەی ئەوانە بێ بەش نەبن، دەربارەی کیاناتی سیاسی، (31) قەوارەی سیاسیمان هەیە، (3) لەوانە هاوپەیمانن، هەروەها رێگە بە هەموو حزبەکان دەدرێت نوێنەریان هەبێ هەم لە ناوەندەکانی نوی کردنەوەی تۆماری دەنگدەران و هەم لە بنکەکان، هەروەها چاودێری ناوخۆ بوارمان داوە وداوامان کردووە لە هەموو رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی کە بێن ناویان تۆمار بکەن، ئەوەی ئیشی دەوێت بەڕاستی چاودێری بیانیە، ئێمە لەگەڵ (UN) لە پەیوەندی داین، پێمان گووتوون کە هەوڵ بدەن چاودێر بێنن، تەنانەت پێمان گووتوون هەوڵ بدەن چاودێری درێژخایەن بێنن، نەك تەنها چاودێرێك (24) سەعات یان کەمتر لەرۆژی دەنگدان بێت و چاودێری پرۆسەکە بکات، پێمان گوتوون کە چاودێری درێژخایەن بێنن، هەروەها پەیوەندیمان لەگەڵ فەرمانگەی پەیوەندیەکان کردووە|، بۆ ئەوەی هاوکارمان بن لەو مەسەلەیە، لەبواری لۆجستی تەبعەن سەندوقەکانمان هەر ئەو سەندوقەیە کە ساڵی دووەم کابینەی دەنگدان مەوجودە تەنها ئەوەی گرێبەستمان بۆی کردووە، ئەو سەندوقی کەرەستەکانە کە لە بنکەکان دەبێت، لایەنی کرداری، سیستمی دەنگدان ئاسایی دەبێت و هەژمارکردن و جیاکردنەوەی دەنگدان بە دەست دەبێت، تەبعەن هەژمارکردنەوە ئەو جارە لە بنکەکان لەدوای تەواو بوونی پرۆسەکە بە دەست دەژمێردرێت، لەوێستگەی دەنگدان دوای تەواوبوونی کاتی دەنگدان کە کاتەکە بە یاسا دیاری کراوە، کۆمسیۆن بۆی هەیە کاتێکی دیکە بۆ دیاری بکات، هەر قەوارەیەکی سیاسی وێنەیەکی موسەدەق لە ئەنجامی ئەو وێستگەیە وەردەگرێت، ئەوە یەکێکە لە ئیجرائاتی گرنگە بۆ دڵنیادان کە دوای کرداری هەژمارکردن و لێك جیاکردنەوەی دەنگدەکان تەواو بوو هەر قەوارەیەکی سیاسی کە لەوێیە و تەبعەن ئەو قەوارە سیاسیە کە هاتووەتە بنکەکە بەیانی ناوی نووسراوە ئەوە لەو بنکەیە، ئێمە وێنەیەك لە مەحزەر لە ئەنجامەکانی ئەو وێستگەی پێی دەدەین ئەو وێنەیە موسەدەق دەبی، لە هەڵبژاردنەکانی پێشتر کیانە سیاسیەکان نەیانتوانی ئیحتجاج وەك بەڵگە، بۆیە سبەینێ ئەگەر هەر جیاوازیەك لەوەی کە کۆمسیۆن رادەگەیەنێت، لەگەڵ ئەوەی کە لەو فۆرمەی یان لەو مەحزەرەی دراوەتە حزبە سیاسیەکان دەتوانێ

بـيكەنە حـوجە لەسـەرمان و پێـی وەردەگیـرێ، بـۆیە هەمـوو وێنەیەكـی موسـەدەق لەوە دەدرێت وەك بەڵگەیەك بەكاردەهێنرێت لە كاتی جیاوازی لە ئەنجامەكان رایدەگەیەنێت، ئیجرائێكـی دیـكە ئیـزافە دەكـرێ ئەویـش خێراكردنـی ئەنجامەكـانە هەرچەنـدە ئـێمە دەبـێ دەقیق تربین لەسەری زۆر گرنگە ئەنجامەكان خێرا رابگەیەنرێت، بەڵام دیقەش زۆر گرنگە، فۆرمێـك نـیەت وایە ئامـادە بكرێـت لەسـەر ئاسـتی بـنكە كە كـۆی دەنگـدەكانی هەر وێسـتگەیەك لەو بـنكەیە كـۆبكرێتەوە و رەوانەی تـالی سـێنتەری بكرێـت، دیزاینـی كـارتی دەنگدان وەرەقی ئیقتراح بە گوێرەی سیستمی رێژەی كراوەیە بە ئیعتبار عەینی لیستە واتا ناوی حزبەكان لەستونێكە و ژمارەش لە ستونێكە، واتـا بە پێـی سیسـتمی رێژەیـی لیسـتی كـراوە دیـزاینەكە كـراوە، ئەوەی كە جیـاوازە لەوانەیە لە هەلبژاردنـی ئەو جـارە دەنگـدەر بـۆ ئەوەی نیەتی خۆی بخاتە سـەر كاغەزی دەنگدان، قەلەمێكـی ئاسایی بەكارنایەنێت بەڵكو ختمێكە هەروەك ئەوەی لە (5/12) عیراق بەكاری هێنا لەو شێوەیە، بە ختمێك نیەتـی خـۆی لەسـەر كـاغەزی دەنگـدان دادەنـێ، تایبەتمەنـدی زۆر دراوە بە كـاغەزی هەڵبـژاردن هەم لە دیزاینـی هەم لە شـێوەی هەم لەو هەویـرەی كە پێـی دێـت و هەم لەو حبـرەی كە تێیـدا بەكاردێت و چاپ دەكرێت وە كۆد و هێمای نهێنـی زۆری تێدا دەبـێ، دەنگدانی تـایبەت بە پێی یاسا (48) كاتژمێر لە رۆژی دەنگدانە، دانیشـتن كـراوە لەگەڵ هەمـوو هێـزە ئەمنیەكـان دوو رۆژ بەر لە ئێستا قائیمەیەكمان پێ داون كە ئەو داتایانەی كەلای ئێمەیە دەبێ بە پێـی ئەو لیستەی كە دامانەتە ئێوە بمان دەنێ هەتا دەری بێنین، پێمـان گـوتن هەر هەڵەیەك لە ناوەكـان نـاو كەم بـی خۆتـان تەحەمـولی مەسـئولیەت دەكەن، ئەو نـاوانەی كە ناردووتـانە دەدرێتە كۆمسیۆن دەبێتە دەنگدانی تایبەت باقی تر دەنگدانی گشتی دەبـی و لە شـوێنی خۆی و خێزانی خۆی لەوێ دەنـگ دەدات ئەمە یەك لە پێشـنیارەكانی كردوومـانە تەنها ئەو هێـزانەی كە (30) مانـگ لە واجـبن نـاتوانن شـوێنەكانی خۆیـان بەجـێ بهـێڵن، ئەوانەمـان بـدەنێ بـۆ ئەوەی بنكەكانیـان بـۆ بكەیـنەوە، ئـێمە تەئكیـد دەكەیـنەوە لەسـەر ئەوەی كە هەمـــوو پرۆســـەكەك الحمـــدلله بەشـــێوەیەكی بـــاش دەروات، یەك شـــت هەیە كە لە بیـدایەتەوە باسـی بـكەم بـۆ بەبیرهێنـانەوەیە، ئێسـتا ئـێمە خەریكـی گرنگتـرین پەیـڕەوین، ئەویش پەیڕەوی رۆژی دەنگدان و جیاكردنەوەی دەنگەكانە، بـۆیە ئـێمە وەكـو كۆمسـیۆن و وەك ئەنجومەنی كۆمسیاران داوا دەكەین هەر حزبێك و هەر لایەنێك هەر تێبینیەك و هەر رێكارێك هەر ئیجرائێكی پێ باشە لەپەیڕەوی عەد و فەرز و هەژماركردنی دەنگەكـان هەبـێ ئێمە بەسەرچاو وەری دەگرین و لەنـاو ئەو پەیڕەوە جێی دەكەینەوە، بەمەرجێك تەبـعەن لەژێـر یاسـا و رێنماییەكـان بـێ، ئـێمە هەر بیـرۆكەیەك كە وا دەكـات حـزبە سیاسـیەكان لە لایەنەكان ئیتمئینان بن لە كرداری هەژماركردنی دەنگەكان ئێمە ئامادەین وەریگـرین و ئەو پەیڕەوەشمان بەڕاستی لەبەر هەندێ دواخستووە تا ئێستا بـۆ ئەوەی كە دەرفەت بـدری بە بیری جیاواز و مولاحەزەی جیاواز خۆتان دەزانن كۆتایی خەرمـانی ئەو پرۆسـەیە ئەو هەمـوو مانگەیە كە ئێمە ئیشی لەسـەر دەكەیـن، ئاخر مەقتەع ئەویـش هەژمـاركردنی دەنگەكـان و راگەیانــدنی ئەنجامەكــانە، مــن زۆر سوپاســتان دەكەم، ئەگەر دەرفەت هەبــێ كــارگێری هەڵبژاردن تێبینـی زیـاتری لەسـەر هەیە و تەفاسیڵی زیـاتری هەیە لەسـەر نـوێ كـردنەوەی دەنگدان ئەگەر پێویست بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سـوپاس بـۆ هنـدرێن محمـد سـەرۆكی كۆمسـیۆنی هەڵبـژاردن و راپرسـی لە هەرێكـی كوردستان بۆ ئەم پوختەیەی كە هەیە لەسەر گشت ئامادەكاریەكـان بـۆ هەڵبژادنـی مـانگی (9/30) ئەو بابەتە وا دەخوازێت دەرفەتی زیاتر بە سەرۆكی دائیرەی ئینتخابی كۆمسیۆن و

هەڵبـژاردن و ڕاپرسـی بـدەین، بـۆ ئەوەی تەفاسـیڵی زیاترمـان بـداتێ بە تـایبەتی لەسـەر تۆماری دەنگدەران، چونکە پێشتر تۆمـاری دەنگدەران هەم کێشـەیەك بـۆ ئەم گرفتەك بـوو ئێستا داوا لە بەڕێزیان دەکەین بۆ ئەوەی تەفاسیڵی زیاترمان بداتێ، ڕێزان خان فەرموو.

**بەڕێز ڕێزان حمە رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕۆژتان باش، کاك هنـدرێن ئیشارەتی بە کۆمەڵێك شـت دا، بەڵام وردەکاریەکانی لەلایەن فەرمـانگەی داتـای کـارگێری هەڵبـژاردنەوە ئەنجـام دراوە، مـن زانیاریەکـانم بـۆ جەنابتـان نووسـیوە دواتـر لە هەر مەقتەعێـك دا هەر کەس ڕوونکـردنەوەی ویسـت ئامـادەم، بە نیسـبەتی تۆمـاری دەنگـدەرانەوە، بەڕێـزان بڕیـار وابـوو لە (2017/11/1) دا هەڵبـژاردن لە کوردسـتان ئەنجـام بـدرێت، جـارێکی دیـکەش لە ئامـادەبوونی کۆمسـیۆن و سـەرۆکایەتی حکومەت و سـەرۆکایەتی پەرلەمـان ئـێمە دانیشـتنێکمان کـردو بە وردی باسـی کۆمەڵێـك شـتمان کـرد، ئەو تۆمـاری دەنگـدەرانەی کە لە کۆمسـیۆن حـزوری هەبـوو و ئیشـی لەسـەر دەکرا کە کۆمسـیۆن تۆمارنـامەی کۆمسـیۆن عیراقـی بـوو قسـە و بـاس و خواسـێکی زۆری لەسەر هەبوو، پێم خۆشـە ژمارەکەی بڵێم ئەو داتا بەیسە (3363420 )(سێ ملیـۆن و سێ سەدو شەست و سێ هەزار و چوار سەد و بیست و نۆ) دەنگدەری تیا بوو، لەسـەر ئەم داتا بەیسە لەفەرمانگەی داتاوە دەست کرا بە کارکردن لەسەری بـۆ ڕێکخستنەوە و وردبینـی کـردن و استکردنەوەی ئەو هەڵـانەی کە تیـایەتی کە قسـە و باسـێکی زۆر و دەنگـۆیەکی زۆری لەسەر ناڕاستی داتاکە هەبوو، بۆیە ئەنجـومەنی کۆمسیاران لەبڕیاری ئەنجـومەن دا لە دانیشـتنێکی دا بڕیـاری ژمـارە (31)ی دا لە (2017/11/27) کە تیایـدا پەیڕەوێکـی تـایبەتی بە دامەزرانـدن و بژارکردنـی تۆمارنـامەی دەنگدەران ئامادەکرد، تێیدا لەو پەیڕەوەدا باسـی سـەرجەم ئەو هۆکـارانەی کـرد کە بووبـوونە مـایەی ئەوەی کە ئەو قسـە و بـاس و خواسـە هەبـێ کە داتـاکە ناڕاسـتە، قسـە و بـاس و خواسـەکەش کە هەیە لە سـێ تەوەر کـورتی دەکەمەوە، قسـەیەکی زۆرهەبـوو لەسـەر ئەوەی کە خەڵکێکـی زۆربە تەمەنـن، ئەوانەی کە بە تەمەنن و موالیدی (1800)ەکانی تیایە لەنـاو ئەو تۆمـارە وجودیان هەیە و نەهێنـراونەتە دەرەوە، قسەیەکی زۆر هەبوو لەسەرئەوە داتای دووبارە هەیە، قسـەی زۆر هەبـوو لەسـەر ئەوەی داتای لێك چوو هەیە، لەگەڵ داتای مردوو، ئەم داتایانەی کە هەیە ئێمە هەموومـان بە ڕەقەم تەحدیـد کـرد و تەشـخیس کـرد، ئەو پەیـڕەوەی کە ئامادەمـان کـرد ڕێکارمـان بـۆ ئامـادەکرد بـۆ ئەوەی موعـالەجەی ئەو حـاڵەتە بکەیـن، لەبەر ئەوەی موعـالەجە کردنـی ئەو حاڵەتانە مەعلوماتی دەقیقی دەویست وشتی مەجهولی تیا بـوو، بـۆ نمـوونە نـاوی مـردوو کە ناوی مـردووی تیـا بـوو، نـاوی مـردوو بەس بەنـاوی سیانی هەبـوو، نـاوی مـردوو هەبـوو ناوی سیانی بوو یان موالیدی لەگەڵ دابوو، کە لێمان دەدا بـۆ نـاوێکی سیانی (570) کەس بەنـاوێکی مـردوو دەردەچـوو، ئیجرائـاتی تـۆ پـێ پچـڕینەوەی (570) کەس لەبەرئەوەی یەك کەس مـردووە قـورس بـوو، بە هەمـان شـێوە بـۆ هەمـوو داتاکـانی دیـکە، نـاوی لێکچـووت هەبوو، بـۆیە هەر ئەنجـومەن دوای ئەوەی کە تـێ گەیشـتین کە ئێمە نـاتوانین بە دەقیقـی ئەو داتـایەی عیـراق دەسـتکاری بکەیـن و وابـێ کە لەگەڵ خواسـتی هاوولـاتی و سـیقە و متمـانەی حزبەکـان بێـت، ئەنجـومەن لە دانیشـتنێکی دیـکە دا کە لە (2018/1/17) بـوو ئەویش بڕیاری دا کە داتای فۆرمی خۆراکی وەزارەتی بازرگانی ببـێ بە بنچینە بـۆ دروسـت کردنی تۆمارنامەی دەنگدەران، لەوپاسایەش دا هەر هاوولـاتیەك بە پێـی یاسـا دانیشـتووی هەرێمی کوردستان بێ و سـەروو هەژدە سـاڵ بـێ، تەبعەن فـۆرمی خـۆراك داتـای هەمـوو هاوولـاتیانی کوردستانی تیایە، بەڵام تـۆکە دەتەوێ بەرنامە دروسـت بـکەی ئەوەی حەقـی

دەنگدانی هەیە سەرو هەژدە ساڵە زائیدەن ئەوەی کە دانیشتووی هەرێمی کوردستانە، ئێمە ئەو تۆمارنامەیەمان بە دوا ئەپدەیتی ئەو داتایەمان لە وەزارەتی بازرگانی بە فەرمی وەرگرتووە لە تەئریخی (2017/12/31) هەموویمان وەرگرتووە، ئینجا هاتووین جیامان کردووەتەوە و هەژدە ساڵ بەرەو ژوورمان وەرگرتووە، کەواتە ئەمە موئەهەلە بۆ ئەوەی ببێ بە دەنگدەر، تەنها زانیاریەك کە کارمان هێناوە لە داتابەیسەکەی کۆمسیۆنی عیراق بریتیە لە ژمارەی دەنگدەر و ناو و ناویشانی بنکەکانی دەنگدان، چونکە ئەو داتایەی کە لە وەزارەتی بازرگانی هەیە بۆ دەنگدان نییە، ئەوە داتایە بۆ فۆرمی خۆراك و وەرگرتنی خۆراك، ئێمە بە دەقیقی بەو تەریقەیەی دانیشتوانی هەرێممان تەحدید کردووە کە چۆنە و چۆن نییە، دواتر بۆ ئەوەی ئەم داتایە ئامادەبێ بۆ وەکو تۆماری دەنگدەران تەعامولی لەگەڵ بکەین بە واستەی خاڵێکی هاوبەشی بەینی هەردوو داتاکە ئەو خاڵە هاوبەشە بریتیە لە ژمارەی فۆرمی خۆراك، ژمارەی فۆرمی خۆراك لەناو تۆمارنامەکەی عیراقیش دا هەبوو، لە داتای وەزارەتی بازرگانیش دا هەبوو، بۆیە هەردوو داتاکەمان بە واستەی ئەو عەمودەوە بەستووەتەوە بۆ ئەوەی چیان بۆ بێنین بۆ هەموو هاووڵاتیەك من ناوم لەناو تۆماری وەزارەتی بازرگانیە هەیە و موالیدەکەمی تیایە رەقەمی سجل و صحیفەی هەویەکەمی تیایە، رەقەمی هەویەکەمی تیایە و هتد... مەجموعەیەك زانیاری تیایە، زانیاری دایکمی تیایە، بەس بۆ ئەوەی ببم بە دەنگدەر پێویستم بە رەقەمی ناخبە کە لەناو داتای عیراق هەیە، پێویستم بە ناوو شوێنی بنکەی دەنگدانە ئەویش هەر لەناو داتا بەیسەکەی عێراق دا هەیە، بە لێکدانی ئەم دوو جۆر مەعلوماتە ئێمە توانیومانەی داتابەیسێکی دەقیق دروست بکەین، حەزم لێیە پێتان بڵێم بە تەقریبی فەرقی بەینی ئەو داتا بەیسەی عێراق کە ئێمە لەبەردەستمان بوو کە ئەم وت قسە و باسی لەسەرە ئەو قسە وباسە لەخۆوە نەبوو، مەعلومات بوو هەبوو کە داتای ناراستی تیایە، ئەو فەرقەی کە دروست بوو لە نەتیجەی داتا بەیسەکەی عێراق  لەگەڵ ئەو داتا بەیسەی کە ئێمە دروستمان کردووە، ئەوەی عێراقم بۆ خوێندنەوە (3363429) بوو، ئەوەی کە لە وەزارەتی بازرگانی وەرمان گرتووە (3154984) هاووڵاتی کە دواتر ئێمە کردوومانە بە دەنگدەر بە حوکمی ئەوەی کە بە پێی یاسا شمولی دەنگدان دەکات، یەعنی لەو دوو رەقەمە جیاوازە بریتیە لە (208445) کەس جا ئەم جیاوازیە لای خۆتان بینووسن، ئەم جیاوازیە ئەگەڕێتەوە بۆچی دەگەڕێتەوە؟ بۆ ئەوەی کە ناوی دووبارەیە ناوی مردووە و ناوی ناراستە و ناوی لێکچووە، ئەوی مەناتقی (140) و ناوی غەیرە عیراقیە، ئەمانە هەمووی جوزئێکی باشی لەو (208) هەزارە لێی دێتە دەرەوە، بەڵام ئێمە تەبعەن خواستی کۆمسیۆن لەوە گەورەترە تۆ ئیکتفامان کردبێ بەوەی کە (280) هەزار ناوێکمان لە داتاکە هێنابێتە دەرێ، بۆیە ئەو پەیڕەوەی کە کۆمسیۆن ئامادەی کردپێشتربۆ ئەوەی ئەپدەیتی داتاکەی عێراقی لەسەر بکاتەوە هێشتا بڕیارمان دا کە ئەو پەیڕەوە لەسەر ئەم داتایەش جێ بەجآ بکەین، دوای جێ بەجێ کردنی ئەوە تەبعەن ئەم قسانەی کە من بۆجەنابتانی دەکەم ئیشی لەسەرەتای مانگی (10) ەوە حسابی بکەن هەتا بیدایەتی مانگی (1) لەسەر داتا کۆنەکە ئیش کراوە، دواتر لە دوای دەرچوونی بڕیاری ئەنجومەن بە ئامادەکردنی تۆمارنامەیەك بە داتای فۆرمی خۆراك لە مانگی (1)ەوە ئێمە هەتاوەکو دوێنێ شەو سەعات دووی شەو ئێمە ئیش لەسەر ئەو داتابەیسە کراوە، بۆیە ئێستا ئەو داتایە کۆپی کراوە و نێردراوە بۆ پارێزگاکان بۆ ئەوەی مەرحەلەی تەحدیسی تیا بکرێ، یەعنی قەسدم ئەوەیە ئیشێکی زۆر کراوە تا ئەوەی لەسەر کراوە، هاتین رێکارەکانی ئەنجومەنمان لەسەر ئەم داتابەیسە تازەیەش جێ بەجێ کرد، لە نەتیجەدا کە موراجەعەی وەزارەتی تەندروستیمان کردووە

ناوی مردوو و خۆمان ئەپلیکەیشنمان دروست کردووە بەرنامەمان دروست کردووە، موقارەنەمان کردووە لە بەینی ناوە لێك چووەکاندا ژمارەیەکی زۆر ناوی دووبارە و لەیەکچوو هەیە، یەعنی ناو هەیە بەناوی سیانی و موالید زۆر دووبارەیە، بە دوو تەریقە ئیشمان لەسەری کردووە، ئەگەر زانیاریمان بە پێی ژمارەی فۆرمی خۆراك یان ژمارەی دەنگدەری ئەو هاوولاتیانەی کە ناوەکانیان لێك چووە دەست بکەوتایە ئەمان زانی کامەیان راستە و کامەیان هەڵەیە، بەڵام کە دەستمان نەکەوت بۆ موقارەنە کردنی بێنین دوو کەس کە ناوی سیانیەکەی و موالیدەکەی وەکو یەکە هاتووین بەرنامەیکمان دروست کردووە، لەو بەرنامەیە عائیلەی هەردوو کەسانە کە ناویان لەیەکچووە هێناومانەتە سەر شاشەی کۆمپیوتەرێك، بۆ مەعلوماتتان مەرج نیە هەر دووبارە هەبووبێ خەڵك هەبووە سێ جار و چوار جار و پێنج جار دووبارە بووە لەناو داتاکە بە پێی چی؟ بە پێی ناوی سیانی و موالید، ئەو وەختە شاشەکە ئەگەر دووجار دووبارە بووبایەتەوە شاشەکە دەبوو بە کەرتەوە و یان سێ بەش یان زیاتر، چی ئەهێنا، تەفاسیلی ئەهێنا لەسەر هەر یەکێك لەو کەسانە، لەسەر ئەوەی کە ناوی سیانی و موالیدیان هەیە عائیلەکانیان دەهێنا و دەهاتە سەر شاشەکە بزانین ئەمانە هەمان ناوی دایکیان هەمان شتە، ئەندامانی خێزانەکانیان هەمان شتە، تەبعەن زۆر حاڵەت هەبوو کە ئیشمان لەسەری کرد، دووبارەی (100%)مان هەبوو لە هەمان پارێزگا، بۆ نموونە لە هەولێر وسلێمانی هەبوو، لە دهۆك هەبوو، کە لە هەمان پارێزگا دووبارەی (100%) هەبوو هەموو ئەندامانی خێزانەکانیان وەکو یەك بوو خۆیان و ناوی دایکیان و موالیدیان هەمووی وەکو یەك بوو، ئیجرائات لەسەر ئەمە سڕینەوە بوو، بڕیاری ئەنجومەن بوو کە ئەوانەی کە ئەو دەنگدەرانەی کە زانیاریەکانیان (100%)چوون یەك بوو بە پێی ئەو تەتبیقەی کە هەمانە هەموو ئەندامانی خێزانەکانیان وەکو یەکە ئەسڕایەوە، تەبعەن هەمووی ژمارەی خۆی هەیە، ئەوەی کە وەکو یەك نەدەبوو هێشتوومانەتەوە وەکو یەك نەبوونەکە ئیعتمادمان لەسەر ئەوەی کە مەسەلەن ناوی دایکیەتی یان ناوی ئەندامانی خێزانەکە یان بۆ نموونە زۆرترین حاڵەت کە دەهاتە بەرچاومان لەبەرئەوەی بەداخەوە کۆمسیۆنی عیراق لەو کاتەوە کە دامەزراوە هەتاوەکو ئینتخاباتی (5/12) هیچ گۆڕانکاریەکی لەسەر داتاکەی خۆی نەکردووە، خەڵك زەواجی کردووە لە ماڵی باوکی چووەتە دەرەوە هەموو حاڵەتێکی زەواج کە فۆرمی خۆراکی بۆ دروست دەبێ کوڕێك و کچێك لە عائیلەیەك دێنە دەرەوە، بۆیە داتاکەی فۆرمی خۆراك ڕاستترە لەو داتایە لەبەرئەوەی کە فۆرمی خۆراکی جیاکردووەتەوە ئیتر کۆمسیۆنی عیراق ئەمەی ئەپدەیت نەکردووە، ژمارەیەکی دیکەیان بداتێ، ئێمە ئیستفادەمان لە چی کردووە؟ لە ناو تۆمارەکەی فۆرمی خۆراك رەقەم هەیە، رەقەم یەك سەرۆکی خێزانە، رەقەمی دوو خیزانەکەیەتی، رەقەمی سێ ئەندامەکانن کوڕ و کچەکانی خێزانەکەن، بۆیە کە لە موقارەنەی بەینی دوو عائیلەکە کە دەمان هێنا داتاکە، ئەگەر ئەو کەسە لەناو خێزانەکەی ماڵی باوکی ئەم حاڵەتە زۆر دووبارە بوو، ژمارە (3)ی هەبوو یەعنی ئەمە زەواجی نەکردووە و مناڵێکە لە ماڵێکدا، دواتر کە زەواجی کردووە ئەپدەیتی داتاکە نەکراوەتەوە بە خێزانەکەی دیکەدا ناوی دووبارەیە ئەگەر کوڕ بووبێ رەقەم یەکی وەرگرتووە، ئەگەر کچ بووبێ رەقەم دووی وەرگرتووە، لەو حاڵەتەدا ئێمە لە خێزانی ماڵی باوکی سڕیومانەتەوە، لە ماڵە تازەکەی و ئەوەی کە خێزانی تازەی پێکهێناوە هێشتوومانەتەوە، لە حاڵەتی ئەوەی کە ناوی دایکیان لەیەکچوون و ناوی دایکیشیان تەبق ئەسڵ لەیەك چووە و ئەوەش سڕاوەتەوە، ئەگەر ناوی دایکیان لەیەك نەچووبێ یان هەندێ کەس ناوی دایکی وجودی نەبوو بۆ هەردوو حاڵەتەکە ناوی دایکیان نەبووبێ یان

له یەکێکیان هەبووبێ و لەوی دیکەیان نەبووە یان جیاواز بوون، ئەوا هەردووکیمان سڕکردووە، کۆمەڵێك داتایە هێشتوومانەتەوە بۆ ئەو مانگەی کە بەیانی دەست پێ دەکەین ناوەکان تەبعەن ئەوانەی کە سڕکراون عەدەدێکی زۆرن سەروو پەنجا هەزارن، ئەوانەی کە مردوون هیچ جارێکی دیکە ناوەکانیان ناگەڕێنەوە، لەگەڵ سەروو نەوەد ساڵەکان کە ناوەکەیمان لە تۆمارە دەرهێناوە، ئێمە ناڵێین هەموو سەروو نەوەد ساڵ، من باوکی خۆم سەروو نەوەد ساڵە و ماویشە، ئێمە ناڵێین هەموو مردوون، بەلآم با هەموو ئیشەکە با لەسەر شانی کۆمسیۆن نەبێ، حزبەکان و هەموو هاوولآتیان گلەییان لە پاکی تۆماری دەنگدەرانە، کە ئیمەین ئیجرائات دەکەین و ناو ئەهێنینە دەرەوە و خۆ پێمان خۆش نییە خەڵکێکمان لەوانەیە بە غەڵەت هێنابێتە دەرەوە، من نموونەکە لەسەر باوکی خۆم ئەهێنمەوە، بەلآم ئەبێ من بایی ئەوە هەست بە مەسئولیەت بکەم بۆ ئەوەی گلەیی نەکەم لەوەی کەتۆمارەکە پاك نییە و ئەو مانگەی کە دانراوە بەڕێزان مانگی نوێ کردنەوەی تۆماری دەنگدەران بۆ ئەم هەڵبژاردنە زۆر زۆر جیاوازە لە هەڵبژادنەکانی دیکە، چونکە خەلك هەروا فێر بووە کە سەردانی ئەو بنکانە دەکات دەچێ بزانێ ناوەکەی هەر لەو شوێنەیە دەنگدانەکەی هەر لەو شوێنەیە، بەس ئەمجارە جیاوازە، ئەمجارە تۆ ئەبێ ئەو ناوانەی ئێمە لە سایتی کۆمسیۆن سی دی دەدەین بە جەنابتان و دەیدەین بە حزبەکان بە هەموو شێوەیەك فۆکەسی گەورەمان لەسەر ئەو ناوانەیە کە لەناو تۆمارەکە هێناومانەتە دەرێ، ئەبێ ئەو هاوولآتیانە بچن جارێکی دیکە خۆیان ئیسپات بکەن لە بنکەکانی نوێ کردنەوە، ئینجا دێنەوە ناو تۆمارەکە، وئیلا من  ناچم نوێ کردنەوە بۆ باوکم بکەم باوکم بۆی نییە دەنگ بدات، بۆیە لە ئیستاوە ئەمە مەسئولیەتە کە مەوزوعێکی گەورەیە و دەستمان بۆ بردووە کە ناوی خەڵکمان لە تۆمارەکە هێناوەتە دەرێ لەوانەیە (100%)دەقیق نەبووبێتین کە ناومان هێناوەتە دەرێ، لەوانەیە دەنگدەری حەقیقی بەرکەوت بێت، ئەو دەنگدەرە حەقیقیەکە ناوەکەی خۆی لە سایتەکان دا نابینێ ئەرك بکێشێ و ئەرکی جەنابیشتانە ئیش لەسەر ئەمە بکەن، ئەرك بکێشێ و بچێ ناوەکەی خۆی تازە بکاتەوە، بۆ ئەوەی ئەو تۆمارەی کە لای ئێمە دەبێ تۆمارێکی راست بێت، بینای شتی راستی لەسەر بکەی، بۆیە تۆمارەکەی کە ئەو دووسەد و هەشت هەزارە کەسرە فەرقی هەیە لە تۆماری عیراقدا، ئێمە دوای  ئەم ئیجرائاتەی کە کردوومانە کەرەتێکی دیکە فەرقێکی دیکەشمان بۆ دروست بووە، یەعنی تۆمارەکەی کە لە وەزارەتی بازرگانی وەرمان گرتووە دوای ئەم قسانەی کە کردم مردوومان لێ سڕیوەتەوە و دووبارە لێکچوومان لێ لابردووە و تەمەن گەورەکانمان لێ هێناوەتە دەرێ و بالمناسبە فیئەیەکی دیکەی خەڵك هەیە کە بە پێی بڕیارێك لە وەزارەتی بازرگانی ئەوانەی مووچەیان لەسەروو ملیۆنێك و پێنج سەد هەزارەوەیە حدودی حەوت هەزار و  پێنج سەد کەسێکن ئەوانە شوێنی بنکەیان دیار نەبوو ناویان هەبوو، بەلآم بە پێی ئەو بڕیارەی وەزارەتی بازرگانی فۆرمی خۆراکەکەیان تەجمید کراوە، بۆ ئەوەی بەشە خۆراك وەرنەگرن، یەعنی ئەوەش هەر رەقەمە و ئیشمان لەسەر ئەوەش کردووە، توتەلی ئەمانە هەموویان سڕکراون، یەعنی ئێستا ئەو ناوانەمان لەسەر تۆمارنامەی دەنگدەرانی کوردستان هێناوەتە دەرێ، حەقی دەنگدانیان نییە، هەتاوەکو نەچن لە ماوەی مانگەکە خۆیان نوێ بکەنەوە، ئێستا ئەو فەرقەش لەدوای ئەو ئیجرائاتە (شەست و شەش هەزار و سێ سەدو چل و دوو) کەسی دیکەمان لە تۆماری بازرگانی هێناوەتە دەرێ، جگە لەوە، بۆیە ئێستا تۆمارنامەی سەرەتایی دەنگدەران چاپ کراوە نێردراوە بۆ هەموو پارێزگاکان مانگێك لەبەردەستی هاوولآتیان دایە کە تەحدیس بکەن و سەردانی بنکەکان بکەن، جاران چوار عەمەلیەت لە

بنكەكانی نوێ كردنەوە دەكرا، ئیزافە بووە و جەزف بووە ڕاستكردنەوە و نەقل بـوو، ئێسـتا عەمەلیەكـی دیكەمـان ئیـزافە كـردووە نـاوم نـاوە گەڕانەوە، بلآم گەڕانەوە وەكـو ئەمجـارە گەڕانەوە وەكــو ئیــزافە وایە، بەس ئــێمە لــای خۆمــان ســڕمان كــردووە، دەبــی هەمــوو دۆكیومێنتەكانی چۆن یەكێك لە خاریج دێتەوە دەڵی دەمەوی داخلی تۆمارنامەی دەنگدان بـم، هەمـوو بەڵگەنامەكـان مەتلـوبە لێـی، ئەو كەسـەی كە نـاوی سـڕكراوە و لە تۆمـارەكە هـاتۆتە دەرەوە دەبــی هەمـوو بەڵگەنامەكـان هـاوپێچ بــی كە دێـتە هەولێـر، دێـتە تـالی سەنتەر لای ئێمە دەبی هەموو بەڵگەنامەكان لای ئێمە هەبی ئینجا داخیلـی نـاو تۆمـارەكە دەكرێتەوە، من قسەیەكی ترم نیە، ئەگەر هەر بەڕێزێك پرسیاری هەیە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵی سوپاس بۆ بەڕێـز د.ڕێـزان حەمە رشـید، سـەرۆكی دائیـرەی ئینتیخـابی لە كۆمسـیۆنی هەڵبــژاردن و ڕاپرســی لە هەرێمــی كوردســتان، زانیــاری زیــاتر پێشــكەش بەم دانیشــتنەی پەرلەمـان كـران، سوپاسـیان دەكەیـن، ئێسـتا دەرگـای گفتوگـۆ دەكەیـنەوە، پرسـیار و وەلآم دانەوە بەو ئومێدەی وەكو جاران یەعنـی هەر بەڕێزێـك لە ئەنـدامانی پەرلەمـان وابـزانم لە دوو پرسـیار زیـاتر دەبێـتە ئێجگـار زۆر، بتـوانین ئەو كۆبـوونەوەیە چڕ بكەیـنەوە بـۆ ئەوەی سـوودی زیـاتری لـی وەربگـرین، داوا لە سـەرۆكی كۆمسـیۆن دەكەیـن خـۆی دەرفەتـی یـان هەر بەڕێزێكی تری شـاندی یـاوەری بكەیـن ئەنـدامانی كۆمسـیۆن كە ئەو وەلآمی بـداتەوە، دەتــوانن یەك لەوانە ڕابســپێرێت وەلــآمی پرســیارێكی مــوعەیەن بــداتەوە بە پێــی ئیختیصــاص، بە سوپاســەوە، بە نــاو نووســین دەســت پــی دەكەیــن، مــن وا تێگەیشــتم پرسیارەكان زۆر كەم دەبن، لەبەر ئەوە شەرحێكی زۆر باش، ڕوونكردنەوەیەكـی زۆر باشـیان پێشكەش كـرد، لەگەڵ ئەوەشدا دیارە ئەو بـابەتە پێویسـتی بە روونكـردنەوەی زیـاتر هەیە، بەڕێز شوكریە شێخانی خاڵی نیزامیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز شوكریە سمایل مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر رێگەمان پی بدەی وەكو جاران لە ڕابردوو هەر یەكە دوو خولەك قسە بكەیـن، رەنـگە لەو دوو خـولەكە زیـاتر سـەرنج و پێشـنیار و ڕایەكـانی خۆمـان دەربـبڕین، باشـتر دەبـێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سـوپاس بـۆ بەڕێـز شـوكریە شـێخانی، هەروەكـو پێشـترە، دوو خـولەك، هەر بەڕێزێـك دوو خولەك قسە بكات، دووبارە نەبن ئەو پرسیارانە، ئەو نەریتەی هەندێك جار بەكاری دەیـنن نەریتێكـی جـوانە، پشـتگیری لەیەكتـر، خـۆی تێبینـی بەڕێـز عمـر عینـایەت دروسـتە، بەلآم تەعامول لەگەڵ فەرمانگەی سەربەخۆكان تەعامولێكی تایبەت دەكەین، بـۆیە تایبەتمەنـدی ئەم فەرمانگەیە رەچاو دەكەین، بێجگە لە سـەرۆكی كۆمسـیۆن كە مـافی هەیە قسـە بكـات لەبەر ئیختیصـاص ئەو مـافە بە سـەرۆكی كۆمسـیۆن دەدەیـن، كەسـانی پسـپۆر لەگەڵیـدا ئەوانیش قسە بكەن، وەكو ئیستیسنائەك، بەڕێز بەهزاد دەروێش، فەرموو خاڵی نیزامی..

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

راستی داخواز كەین چونكی لبەر گرنگیا بابەتا هەڵبژاردنا و پرۆسـا دیموكراسـیش نـزانن ڤـی گاڤی دوو هەیڤا چوونە سەر عیراقی كەڤتە ژێر پرسیاری پراسـتی، بـۆ ئەوەی هەرێمـی ئەو پرۆســە نەكەتە ژێــر پرســیارێ، پەرلەمــان كە بالــآترین دەزگــایە كە ســەرەدەری دگەل كۆمسیۆنی بكات بە پێی یاسایێ، من پی باشە ئەز پێشنیار دكەم یان مەجال بدەنە هەمـی

ئەندام پەرلەمانان، یەعنی هەر وەختەکی پێویست بیت قسێت خۆ بکەن، وەخت مەفتوح بی ئەگەر نا دوو دەقە زۆر کەمە، یەعنی بکرێتە سی دەقە، یان مەفتوح بی یان سی دەقە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز بەهزاد درویش بۆ ئەو تێبینییە، ئێمە باسمان کردووە لەبەر ئەوەی پرسیار زۆرن، کات زۆر گرنگە، بۆ پەرلەمان گرنگە، بۆ کۆمسیۆنیش گرنگە، ئەو کاتە ئیستا کۆمسیۆن هاتینە لێرە لە حزووری پەرلەمان دا حەقەت بە نیسبەت ئەوان یەکجار زۆر گرنگە ئامادەکارییەکان بەردەوام بکەن لای خۆیان دا، دوو خولەك بۆ هەر بەڕێزێك، دواتر لە وەلآمدانەوە دەتوانن وەلآمەکان هەموویان کۆبکەنەوە سەر یەك و دواتر بەیەك جار وەلآم بدەنەوە، دوایی دەرفەت دەدەینێ، خاڵی تری نیزامی بەڕێز کاك برزۆ مجید، فەرموو.

**بەڕێز برزۆ مجید عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تکام وایە هەمووما ن بە گرنگی و هەستیاری سەیری ئەو دانیشتنە بکەین، بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانە، خۆمان دەزانین هەڵبژاردنێکی گرنگ و هەستیارە، دۆخەکەش هەروا دەخوازێ، بۆیە تکام وایە لە جەنابت بەبایەخی زیاترەوە سەیری ئەو کاتە بکەی کە دەیدەیتە پەرلەمانتاران، تکام وایە وەلآمەکانیش کۆنەکرێنەوە، بەڕێزان لە کۆمسیۆن بەسەر یەکەوە وەلآم نەدەنەوە، پرسیاری تایبەتی هەر پەرلەمانتارێك بە وەلآمی تایبەت بدرێتەوە، کێشەی کاتیشمان نیە، یەعنی بۆ پەرلەمان نازانم کێشەی کات چیە؟ ئەگەر بۆ کۆمسیۆن کات نەبێ، بۆیە تکام وایە کات نەکرێتە کێشە ئەمڕۆ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز برزۆ مجید، دەبێت کات ریكَ بخرێت، کات گرفت نیە بەلآم دەبی رێك بخرێ، بەڕێز د.شێرکۆ حەمە أمین، فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ حەمە أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەم پەیڕەوی ناوخۆیەدا هیچ کاتێکی دیاری نەکردووە لەراستی دا، بۆیە دیاریکردنی کات هەم ناپەیڕەوی یە، هەم ئەوەی پێشووش سی دەقە بوو و کرایە دەنگدانیشەوە، بۆیە ئەگەر دەتانەوی کات دیاری بکەن پێویستە دەنگدانی بۆ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز شێرکۆ حەمە أمین، بەڕێز گەشە دارا، فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە دوای هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر بەڕێزان کۆمسیاران هاتنە ئێرە و ئێمەی پەرلەمانتارانیش پرسیارمان هەیە و تێبینی زۆرمان هەیە، بۆیە هیچ نەبی هیچ نەبی لە سی دەقە کەمتر نەبێ، دوو دەقە زۆر کەمە.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز گەشە دارا، بەڕێز د.ڕێواز فائق، فەرموو.

**بەڕێز ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ئەوەی مـن دەیڵـێم خـاڵێکی پەیڕەوی یە، بەگـوێرەی پەیـڕەو کەس بـۆی نـیە قسـە شـتێك دووبارە بکاتەوە، قسە لەسەر قسەی یەکتری بکەین، جەنابـت ڕۆڵـی خـۆت ببینە لەوەی کە دووبارە بوویەوە یەکسەر رامانگرە ئیتر کات گرنگ نییە، لەو بانگهێشتەش کە ناردووتانە بـۆ بەڕێـزان لە کۆمسـیۆن، بە تەحدیـد پێتـان وتـوون لەسـەر دوو شـت، ئـێمە بـۆ دوو بـابەت بانگمان کردوون، ئەوەی من بینیومە بانگهێشتەکە ئەندامانی پەرلەمان پرسیار لەسەر ئەو دوو بابەتە دەکەن، من دڵنیام پرسیاری دووبارەی تێدا بێت، بەڕێزتـان دووبـارە و قسـەکردن لەسەر قسەی یەکتری رابگرن، من تەسەور دەکەم پێویست ناکات کات تەحدید بکەیت.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
زۆر سوپاس بۆ بەڕێز د.رێواز فائق، بەڕێـزان ناونووسـینەکە تەواو بـووە، کۆتـایی پێهاتووە، نـاوی ئیزافـی تـر نانووسـین، هەر بەو نـاوانە بەڕێـز خـاتوو بـێگەرد تاڵەبـانی ئەگەر ناوەکـان بخوێنییەوە بە سوپاسەوە.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد شکراللە (بێگەرد تاڵەبانی):**
ئەو بەڕێزانەی ناوی خۆیان تۆمار کردووە (43) کەسن: صالح فەقی -بەهزاد دەروێش.-بـرزۆ مجیـد. -مـروان گەلاڵی. -ئومێـد عبـدالرحمن. -رێـواز فـائق -خلـف أحمـد -قـادر وەتمـان -د.فرست صۆفی. -ئـاری عبـداللطیف. -یروانـت نیسـان. -ئومێـد حەمە علـی. -گەشـە دارا. -تەلار لطیف. -د.هەورامان گەچێنەیی. -أبوبکر هەڵەدنی. -أیوب عبـداللە. -مامۆسـتا غریـب. -حەیات مجید. -شیرین حسنی. -نجیبە لطیف. -أنور حسـین. -پەروا علـی. -بێسـتوون فـائق. -بەهار محمود.-د.پەری.-د.جوان.-د.زۆزان.-مـدینە یعقـوب.-علـی عوسـمان.-فیـروز طـە.-أبـو کاروان.-مامۆستا حسـن صـالح.-حاجی کـاروان.-مامۆسـتا عبـدالرحمن.-علـی حەمە صـالح. -ئایدن معروف.-د.سرود .-مریم صمد. -ڤەمان فیصـل.-فرحـان جـوهر.-ڤیـان عبـاس. -نـاظم کبیر. -أنور قادر.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێزان دەسـت بە گفتوگـۆ دەکەیـن، لە هەمـووی ناخۆشـتر ئەوەیە کە کـات دەگـری، لەبەر ئەوە مـن پەنـا بـۆ ئـایفۆن نـابەم و کـات بگـرم، بە تەقـدیری خـۆم هەوڵ دەدەم دەرفەتتـان بدەمێ، گرنگی بابەتەکەش لەبەرچاو دەگرین، هەوڵ دەدەین خۆمان هەمووومان بەشداری ئەوە بـین، ئەو ئامـانجە هاوبەشـە پێـك بینـین کە بەڕاسـتی دەمـانەوی زانیـاری زیـاتر لەو بەڕێزانەی لای ئێمە ئامادەنە وەربگرین، بەڕێز صالح فەقێ، فەرموو.

**بەڕێز صالح فقی محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بەخێرهـاتنی ئەنـدامانی بەڕێـزی دەسـتەی کۆمسـیۆنی سـەربەخۆی هەڵبـژاردن و ڕاپرسـی دەکەم، مـن لە هەڵبژاردنـی داهـاتوو ئەگەر بکەیـن بە قیـاس ئەوەی عیـراق لە دەنگـدانی تـایبەت دا ناوەنـدەکانی سـنووری پارێزگـای سـلێمانی و هەڵەبـجە بەراورد بە ناوەنـدەکانی سـنووری هەولێـر و دهـۆك، بـۆ هەر ناوەنـدێك لە سـنووری سـلێمانی و هەڵەبـجە (2500) دەنگدەر لێـی بەشـدار دەبـوو لە هەڵبژاردنـی تـایبەت دا، ئەوە بەراورد بە هەولێـر و دهـۆك (2123) بـوو، بـۆیە جیـاوازییەکەی (387) دەنگـدەرە بـۆ هەر ناوەنـدێك، کەواتە بەمەش قەڵەبـاڵخییەکی زیـاتر لە ناوەنـدەکانی سـلێمانی دروسـت دەبـی بەبەراورد بێـرە، بـۆیە مـن داوام ئەوەیە بۆ ئەم هەڵبژاردنە هەوڵ بدەن بە یەك قیـاس سـەرجەم هەرێمـی کوردسـتان ناوەندەکانی دەنگدان قیاسێك دابنی بـۆ ئەوەی تیایـدا بەشـدار بـێ، ڕەنـگە لە ناوەنـدێك دا

محەتەیەك هەشت محەتەی تێدا بێ، ناوەندێکی تر چوار دانە، ئەوە گرنگ نیە لە هەندێك شوێن دا، بەڵام گرنگ ئەوەیە جیاوازی لە نێوان پارێزگاکان نەکرێ، دوو/ لە نێوان تۆمارەکانی دەنگدان دا بەشێکی تایبەتە بەوەی کە ماندووبوونێکی زۆریان کردووە دەستیان خۆشبێ، هەرچەندە هێشتا هەر ڕەنگە ناوی مردوو و دووبارەی تێدا بێ، بەشێکی تری تایبەتە بۆ لەمەودوا، ئایا میکانیزمێکیان داناوە بۆ ئەوەی لەمەودوا مانگانە یان بە بەردەوامی هەم بۆ ئەوانەی کە دەسڕێتەوە، سڕینەوەی بۆ بکری لە کاتی خۆی دا، ئەوەشی کە تەمەنەکەی دەگاتە سەرووی (18) ساڵ بۆ ئەوەی بە بەردەوامی تۆمار بکرێ، نەك لە یەك کات دا ئەو پرۆسەی تۆماری دەنگدانە بەردەوام بێ، پرسیارێکی ترم ئەوەی ئایا ئەگەر بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سیفەی ئەو دەسەڵاتانەی کە دابەش کراوە لەلایەن دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم، دابەش کراوە، ئایا ئەگەر ڕایان بسپێری بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لە هەمان کاتی دیاریکراودا دەتوانن ئەو هەڵبژاردنە بکەن، لەبەر ئەوەی ئێمە ئەرکی لەمەودوامانەوە دەبێ بە دڵنیاییەوە ئەو دوو هەڵبژاردنە لە یەك کات دا دەبێ ئەنجام بدرێ، هەڵبژاردنی پەرلەمان و هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم، بەدڵنیاییەوە لە ئایندە دەبێ سەرۆکی حکومەت، یان خۆی کۆمسیۆن ڕاسپێری یان دەبێ پەرلەمان بانگهێشتی بکات بۆ ئەوەی ئایا ئامادەکارییان کردووە بۆ ئەوەی هەر کات کێشەی سەرۆکی هەرێم یەکلایی بووەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز صالح فقێ، بەڕێز بهزاد درویش، فەرموو.

**بەڕێز بهزاد دەرویش دەرویش:**

**ناوی خودی مەزن و دلۆڤان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانێ.**

بەخێرهاتنا سەرۆك و جێگر و ئەندامێت کۆمسیۆنێت دەکەین، بەخێر بێن سەرچاوا، خالا ئێکی/ بڕاستی ئەڤ کۆبوونەوە کۆبوونەکا گرنگە بە قەناعەتا من، پێتڤیا مەعلومات نڤیسی وەك ڕاپۆرت لەبەر دەستی ئەندام پەرلەمانان ڤان، پێشوەخت گۆمسیۆنی ڕاپۆرتا خۆ ناردبا سەرۆکایەتی پەرلەمان، سەرۆکایەتی پەرلەمانیش دابەش کردبا بڕاستی، بەلآم بەداخەوە ئەڤ ڕاپۆرتە بەردەستی ئێمە نیە، خالآ دووێ/ پرسیارا من ئەوەیە چ زەمانات هەنە کۆمسیۆن دەیداتە هاولآتیا و لایەنی سیاسی کو پرۆسا هەڵبژاردنێت پەرلەمانی کوردستانی و هەر هەڵبژاردنەك بێتە کرن بە شێوەیەکی شەفاف و نەزیە بێتە کرن، چ کی دیڤ ماددا (4) (یەکەم)، لە یاسا ژمارە (4) (2004) دی یاسا کۆمسیۆنی دبێژیتن ئەڤ گەرەنتیا لای کۆمسیۆنی پێتڤیا بێتە دان بۆ لایەنی سیاسی و هاوولآتیان، خالآ سێ/ من ئەو پرسیارە هەبی/ ئایا هەڵبژاردن هەرچەندە بە ئەرکی سەرۆکی حکومەتیا دیار کاتن، هەڵبژاردنێت سەرۆکایەتیا هەرێمێ، چونکە دیڤ یاسا ژمارە (2) (2017) ئەڤ صەلاحیاتا دی کۆتایی بی بڕاستی، هەروەها هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا کو (2018/6/25) کۆتایی پی هاتیە مەودایا یاسایی، فەراغێك دی دروست بیت، لێرەدا ئایا ئەڤ هەڵبژاردنە دێنە کرن؟ یان مەجال هەی بێنە کرن ؟ ئەوە هەر پرسیارە، خالا چارێ/ بڕاستی بەنیسبەت تۆمارا دەنگدەران، کو ڤی زۆرترین گومان مەیا هەی ئەندامی پەرلەمانی کو بەرینگی دیڤ داتای کو مە خر کردیە نزیکی (600.000) شەش سەد هەزارا ناو دووبارە و زێدە دزانین، مە داخواز کری بڕاستی لە (2017/12/12) داخواز کردیە سەرۆکایەتیا پەرلەمانی و سەرۆکایەتیا

حکومەتی کو پەرلەمانی بۆ کۆمسیۆنی بچیت، ئیعتیمادی بکەنە ڕەگەزنامە عیراقی، نە بەس پسولا خۆراکی، چونکە دیڤ مەعلوماتێت کو من هەی (UN) (أمم متحدە) کە ئەو قەرارە (96) وەختی کو کو سالآ (96) دەرکردبوو بۆ عیراقێ، (25%) فۆرمی خۆراکی زێدە سەرتاسەری عیراقی زیمنی ویش کوردستانێ، بە تایبەتی کو ئەم بێڤین ئەوڕۆکە، دیڤ پێزانین مەی هەزارەها کەس کوردێت ڕۆژئاوا، باکوور، ڕۆژهەلآت ناوچێت کوردستانی ئەڤ پسولێت خۆراکی هەنە وەردگرن هەرێما کوردستانی، پرسیارا دی من ئەڤە بی وەختی کۆبوونەوە (2018/2/13) مە کۆبوونەوا کرد سەرۆکایەتیا پەرلەمانی دگەل کۆمسیۆنی سەرۆکایەتیا حوکمەت و سەرۆکا فراکسیۆنا هەنگی کۆمسیۆنی ئیشارەت دا کو سی وەزارەت ناڤی سی وەزارەت کو هەماهەنگ نەبی لەگەڵ کۆمسیۆنا وەزارەتا پێشمەرگە، وەزارەتا ناوخۆ، وەزارەتا تەندروستی و ناوچێت کوردستانیش، ئایا ئەڤان وەزارەتی پەیوەندیدار ئەم بێژین پێزانینی دروست نڤیسار ڕاپۆرت داینە کۆمسیۆنی یان نا؟ پرسیارا من ئەڤەیە پراستی، خالا من یا دیمایی داخواز دکەم کۆمسیۆن ڕاپۆرتەکا فەرمی داتە ئەندامی پەرلەمانی سەروان هەمیا بێتە دابەشکرن و یا دیش ئەو بی بۆ دەنگدانا تایبەت چ زەمانات هەنە کو دووبارە نەبیتەوە؟ ئایا بەصمە جیهازی بەصمە دیتە بە کارهینان بۆ ڕۆژا دەنگدانێ؟ یان ئەگەر نەهێتە بەکارهینان لەبەر چ ناهێتە بەکار هێنان؟ خالآ دی مایی دیڤ یاسا کۆمسیۆنی ماددا (4) دبێژیت (خیلالی (72) حەفتاو دوو کاتژمێرا بێتڤیا ئەنجامێت هەڵبژاردنا بێنە راگەیاندن، ئایا ئەڤ ئیجرائاتە جیددی هاتینە وەرگرتن، دیڤ یاسایی یە یان نا؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز بهزاد دەرویش، بەڕێز برزۆ مجید، فەرموو.

**بەڕێز برزۆ مجید عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنی بەڕێزان لە کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی دەکەین، پرسیارەکان زۆر بەدیاریکراوی دەکەین لەبەر موراعات کردنی کات، سوپاس بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانیش کە پێوەری کاتەکەت لابرد، یەك/ ئایا (105) ڕۆژ بۆ نەخشەی هەڵبژاردن ئەوەی پێی دەڵێن جەدوەلی ئەعمال کەم نیە؟ دوو/ ئێوە مەبەستم بەڕێزانە لە کۆمسیۆن، داواتان لە ئەنجومەنی ئاسایش و وەزارەتەکانی ناوخۆ و پێشمەرگە کردووە کە تۆماری دەنگدەرانی تایبەت بنێرن، ئایا ئەوە بە ئەنجام گەیشتووە؟ ئاخود شێوازی جیاکردنەوەی تۆماری دەنگدەرانی تایبەت و گشتی چۆنە؟ تەنانەت لە (2018/6/12) بە بڕیاری ئەنجومەنی کۆمسیاران ژمارە (14) کارگێری هەڵبژاردنتان ڕاسپاردووە بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە بۆ ئەوەی بەڵگەنامەیەك واژوو بکەن بۆ پێدانی ناوی دەنگدەرانی تایبەت، بەو شێوەی کە کۆمسیۆن داوای دەکات، ئایا ئەوە کراوە؟ بەڵگەنامەکە واژوو کراوە؟ پرسیارێکی تر، بەپێی بڕیاری ژمارە (4)ی کۆمسیۆن لە (2017/1/30) پێویست بوو تۆماری دەنگدەران کە خۆتان دروستتان کردووە، پێش ئەوەی بدرێتە ناوەندەکانی نوی کردنەوەی تۆماری دەنگدەران کە پێمانوایە ئەگەر نازانم زانیارییەکەمان ڕاست بی بۆ پارێزگاکان چووە ئەگەر نەگەیشتبێتە ناوەندی نوی کردنەوەش بەلآم نێردراوە، پێش ئەوەی ببرێت بۆ ناوەندەکانی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران دەبوایە بنێردرێت بۆ پەرلەمان، ئایا ئەوە کراوە؟ ئایا هیچ ئامادەکارییەك کراوە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان؟ ڕاستە ناڕوونییەك یاخود سەرۆکایەتی حکومەت لەوانەیە دوو لێدوانی جیاوازی هەبێت، جارێك دەڵی داوای هەموو هەڵبژاردنەکانم

کردووە، جارێکیان دەڵی تەنها بۆ پەرلەمانی کوردستانە لە نووسراوەکەیاندا، بۆیە ئێوە لەوانەیە موکەلەف نەکرابن کە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ئامادەکاری بۆ بکەن، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەتوانن ئامادەکاری بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان بکەن؟ بۆ پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێم و تەوقیتی هەڵبژاردنەکەش ئێمە لێرە هیچ قسە ناکەین، چونکە بە نیازین پرۆژەیەك بۆ مەسەلەی هەڵبژادرنی سەرۆکایەتی هەرێم و ڕا و سەرنج و ڕوئیای سیاسی خۆمان بۆ ئەم موئەسەسەیە و بۆ هەڵبژاردنەکەی لە چوارچێوەی پرۆژە یاسایەك بخەینەڕوو، پێشکەشی بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی بکەین، بۆیە لەوێدا ڕەئی ئێمە دەردەکەوێ، باسی تەوقیتەکەی ناکەین، پرسیارێکی تر، بەپێی بڕیاری ژمارە (15) لە (2018/6/20)ی ئەنجومەنی کۆمسیاران بڕیارتان داوە ناوی ئەو خێزانانەی کە چوونیەکن سڕ بکرێن، بەشێك باسی سڕ کردن کرا، بەڵام من لێرە ناچارم دووبارەی بکەمەوە، سڕکردن بەمەعنای چی دێ؟ ئەم پرۆسەی سڕ کردنە نەتیجەکەی چۆن دەبێ؟ هەر لە بڕیاری ژمارە (15) لە خاڵی (9) پێویست بوو ئێوە پێش ئەوەی تۆماری دەنگدەران بنێرن بۆ ناوەندەکانی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران، کە وتمان لەوانەیە نەگەیشتبی بۆ ناوەندەکان بەڵام پرسیارەکە هەر دەکەین، بەڕاپۆرتێك بدرێت بەلایەنە پەیوەندیدارەکان و لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیش بۆ ڕای گشتی بڵاوبکرێتەوە، ئایا ئەوە کراوە؟ هەر پرسیارێکی تر لە بەڕێزان لە بڕیاری ژمارە (19) لە (2018/7/1) بڕیار دراوە کە ئەو ماددەیەی وەرەقەی ئیقتیراع پەڕەی دەنگدانەکەی لی دروست دەکری ماددەیەکی کانزایی تێدا دروست بکرێت، ئەوە دوو پرسیار دێنێتە کایەوە لە بەڕێزان، یەك/ ئایا ئەگەر ئەم وەرەقەی دەنگدانە کە ماددەی کانزایی تێکەڵ دەکری لە کات و وەزعیەتی خۆی نەگەیشت بۆ ئێوە دەبێتە کێشە؟ پرسیاری دووەم/ ئەگەر وەڵامی پرسیاری یەکەم ئەوە بوو گەیشتنە ئی دووەم یان ئەم وەرەقە کانزایی یە پێویست و گرنگە و کارێکی باشە، ئەگەر وایە زەمانەتی کۆپی نەکردنی لە ناوەوەی هەرێمی کوردستان چیە و چۆن زەمانەت دەدرێ؟ دوا پرسیار بۆ بەڕێزان، دەنگدانی تایبەت و گشتی بەیەکەوە بکری بۆ ئێمە زۆر زۆر گرنگە و داوا دەکەین، لەوانەیە ئێمە هەمواری یاسای هەڵبژاردنی ماددەی (60)، ئەگەر بکری من وەکو فراکسیۆنی گۆڕان ئەگەر هەموو فراکسیۆنەکان لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان هاوکار بین لەوانەیە بتوانین هەموارەکە لە کاتێکی زۆر کەم بیکەین، لە وەقتێکی کەم بیکەین، بۆیە ئەگەر هەڵبژاردنی تایبەت و گشتی بەیەکەوە بکری پێمانوابی بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکەش باشتر دەبی و دووبارە بەخێربێن، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز برزۆ مجید، مروان گەلاڵی، فەرموو.

**بەڕێز حسین إسماعیل حسین (مروان گەلاڵی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی برایانی کۆمسیۆن دەکەم، پرسیارەکەم بەوە دەست پی دەکەم، بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کتابێکی رەسمیان ئاراستەی بەڕێزان سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی حکومەت کردبوو بۆ لەبەرواری (2017/11/6) بۆ ئەوەی کە هەر سی هەڵبژاردنەکان بەیەکەوە بکرێن ئایا وەڵامی حکومەت، وەڵامی پەرلەمان چۆن بووە بۆ کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، ئەوە خوازیارم کە سەرۆکایەتی پەرلەمان وەڵاممان بدەنەوە، دوو/ چەند پرسیارێکی کورت ئاراستەی کۆمسیۆن، یەکەم/ پێشتر سەرۆکی کارگێری هەڵبژاردن لە کۆبوونەوەی پەرلەمان باسی ئەوەی کرد کە (90%)ی تۆمارەکە پاککراوەتەوە، ئێستا چەندی

پاككراوەتەوە؟ كۆتایی پێهاتووە یان هەر بەردەوامن؟ پرسیارێكی دیكە دەنگدانی تایبەت چۆن كاری لەسەر كراوە؟ بە چ گەیشتوون؟ ئایا پێكەوە دەكرێتن یان بەجیا؟ ئەگەر بەجیاش بكرێت خوازیارم كە وەكو ئەو هەڵبژاردنەی بەغدا ئەو ناسنامەیەی كە دەنگی پی دەدرێت ناسنامەكەیان لی وەربگیرێتەوە، بۆ ئەوەی كە دووبارە بوار خۆش نەكرێت بۆ دەنگدانەوەیان، پرسیاری سێیەم وەزارەتی تەندروستی و ناوخۆ و پێشمەرگە تا چەند هاوكار بوون بۆ كۆمسیۆنی بالآی سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان؟ ئایا هیچ جۆرە كاغەزێكی تایبەت دروست كراوە بۆ ئەوەی كە بەكاربهێندرێت بۆ دەنگدانی ئەمجارە.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو پرسیارە كرابوو.

**بەڕێز حسین إسماعیل حسین (مروان گەلاڵی):**

پرسیاری دیكە دەنگدانی دەرەوەی ولآت، ئایا دەنگدانەكە دەكرێت یان ئەوەتە لە دەرەوەی ولآت دەنگدان ناكرێت؟ پرسیارێكی دیكە، دەربارەی درێژكردنەوەی كاتی دەنگدان، ئەوەی كە مەعلومە دیارە لە (8)ی بەیانی تا (8)ی ئێوارە كۆمسیۆن دەسەلآتی هەیە كە كاتەكەی كەم بكاتەوە، بەلآم ئەوەی كە ئێمە لە هەڵبژاردنەكان دەیبینین هەموو جاری دەسەلآتەكەی بەپێچەوانەوە بەكار هێناوە، كاتەكەی زیاد كردووە، یەعنی خوازیارم كە ئەوەش وەكو خاڵێك ڕەچاو بكرێ، ئەگەر كاتەكە كەم نەكرێتەوە كاتەكە درێژنەكرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەوەمان دەزانی لەو كاتەی كە درێژكراوەتەوە كاتێك بووە كە زیاتر تەزویری تێدا كراوە بەداخەوە، كۆتایی پرسیارەكەم، جگە لە جنسیەی عیراقی كە هەموومان هەڵگری جنسیەی عیراقینە، ئەوە پرسیارێكە ئایا هیچ بەڵگەنامەیەكی دیكە بەكاردەهێندری بۆ دەنگدانی ئەمجارە؟ دەستتان خۆش بێت و بەخێربێن؟

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز مروان گەلاڵی، دوو تێبینیمان هەنە، نووسراو هاتبوو لە كۆمسیۆنەوە بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان، بە پێی یاسای ژمارە (2)ی دابەشكردنی دەسەلآتەكانی (2017) ئاراستەمان كرد بۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان، ئەوە دەسەلآتی بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی حكومەتی هەرێمی كوردستانە، ئەوەی دووەم داوا دەكەین پرسیارەكان لەچوارچێوەی یاسای هەڵبژاردنی بەركاربن، ئەوەی ئێستا، چونكە دەزانین یاسای هەڵبژاردنی بەركار ئەوەیە ئەوەی دەرەوەی هەرێمی كوردستان ناتوانن دەنگ بدەن، ئەوەی لە دەرەوەن، بەڕێز ئومێد عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن (ئومێد خۆشناو):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وێڕای بەخێرهاتن لە بەڕێزانی كۆمسیۆن، لە زەمەنێكدا ئەو هەڵبژاردنە ئەنجام دەدرێت ئاستی متمانە و نادڵنیای هاولآتیان و هێز و لایەنە سیاسیەكان لە ئاستێكی باش دا نیە، بەتایبەت لەدوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنەكانی پەرلەمانی عیراقی دڵنیایی هاولآتیان و هێز و لایەنە سیاسیەكان زۆر زۆر بەگومانەوە لە پرۆسەكە دەڕوانن، بۆیە پرسیار لە بەڕێزانی ئەنجومەنی كۆمسیاران دەكەین، بەسوود وەرگرتن لەو زۆری تانانە یان ئەو گرفتانەی هاتنە بەردەم هەڵبژاردنەكانی پەرلەمانی عیراق، تا ئێستاكەش یەكلایی نەبووەتەوە، ئایا ئەوان چ دڵنیاییەك بە خەڵكی كوردستان، بە دەنگدەرانی كوردستان، بە هێز و لایەنە سیاسییەكان دەدەن؟ تا چ ڕاددەیەك دڵنیان لە هەڵبژاردنێكی پاك و بێگەرد دوور لە مەشاكیل و دوور لە ناشیرین بوونی پرۆسەكە بەڕێوەدەچێت؟ پرسیاری دووەم/ بەڕێز سەرۆكی بازنەی هەڵبژاردن لە كۆبوونەوەیەكدا لەگەڵ سەرۆكایەتی پەرلەمان و فراكسیۆنەكان و لیژنە

پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان و حکومەت ڕێژەیەکی دڵخۆشکەری پێشکەش کردین لەوەی کە باسی لە (80%) بۆ (90%)ی پاکی تۆماری دەنگدەران کرد، کە بۆ ماوەی چەند ساڵێکیشە ئەو گفتوگۆیە لەلایەن هێز و لایەنە سیاسیەکان و خەڵکەوە هەیە، ئێستا لە پێشکەش کردنی بابەتەکەی دا دیسان دڵنیایی ئەوەی دا کە ئەوە هەنگاوەکانی باس کرد، بەلآم ڕێژەیەکی بۆمان دیاری نەکرد کە ئایا ئێستا تۆماری دەنگدەران تا چ ڕاددەیەك و چ ڕێژەیەك پاککراوەتەوە، پرسیاری سێیەم/ سەبارەت بە ماوەی راگەیاندنی ئەنجامەکان کە وەکو دیاری کراوە (3) ڕۆژە، لە یاسا داهاتوو (72) سەعات، ئایا کۆمسیۆن دەتوانێت پابەند بێت لە ماوەی ئەو (72) سەعاتەدا ئەنجامەکانی کۆتایی هەڵبژاردنەکان ڕابگەیەنێت؟ پرسیاری دیکەم تایبەت بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، ئایا دەتوانن لە هەمان وادەی دیاریکراو لە (30) ئەیلول دا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانیش ئەنجام بدرێت، یاخود ئەگەر بڕیارێکی ئاوا لە حکومەتەوە بۆیان بێت، مەرسومێك بێت، ئەوان چەند کاتیان پێویستە، دوایین پرسیار تایبەتە بەوانەی کە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان و ولآتانی دیکە دەگەڕێنەوە هەرێمی کوردستان، ئەو گرفتەمان بینی لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عیراقیش دا ئەو گرفتە هەبوو، خێزان هەبوو ماوەیەکی زۆر بوو لە ولآتێکی ئەوروپی گەڕابووەوە، حەقی ئەوەی نەبوو دەنگ بدات، ئایا ئەو گرفتەش لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان دووبارە دەبنەوە؟ کە ناویان لە تۆماری دەنگدەران نیە، گەڕاونەتەوە لە ولآتێك لە ولآتەکان دەتوانن بەشداری هەڵبژاردن بکەن و دەنگ بدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز ئومێد عبدالرحمن، بەڕێز ڕێواز فائق، لێرە نیە، بەڕێز قادر وەتمان، فەرموو.

**بەڕێز قادر وەتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی هەموو برادەرانی کۆمسیۆن دەکەم، بەشێك لە سوئالەکان کە کران، هەر سەبارەت بە تۆماری دەنگدەران، هەندی لە سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە ژمارەی ناوی وەهمی و مردوو و ناوی تیکرار (900) هەزارە، بەڕێز سەرۆکی کۆمسیۆن خۆی لە یەکێك لە راگەیاندنەکان وتوێتی ئێمە توانیومانە (300) هەزار لە ناوە وەهمیەکان و ناوی تیکرار و ناوی مردووان دەربێنین و تۆماری دەنگدەران لەوە پاك بکەینەوە، بە تەوەقوعاتی ئەوان ئەو ناوانەی کە وەهمی و تیکرارن یان ناوی مردوونە بەدەر لەو ڕێژەی کە رایانگەیاند چەندی تر ماوە؟ بۆ پاککردنەوەی تۆماری دەنگدەران ئەوان باسیان لە (208) هەزار، زیاتر لە (208) هەزار ناوی مردوو و تیکرار کرد کە دەریان هێناوە، دەستیان خۆشبێ، چ پێوەرێکیان گرتۆتەبەر؟ چونکە بۆ ناوی تیکرار پێوەرەکان دیارن، بەلآم بۆ ناوی مردووان کە ئەوان باس لە گەڕانەوە دەکەن، ئایا پشتیان بە چ بەڵگەیەك بەستووە بۆ ئەوەی ئەو دەنگدەرە کە لە ژیان دا نەماوە؟ سوئالێکی تر سەبارەت بە پێی ماددەی (13) کۆمسیۆن پێویستە ماددەی (13)ی قانونی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و راپرسی پێویستە کۆمسیۆن وەرزیانە راپۆرتی خۆی پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان بکات، ئەگەر پرۆسەیەکیش بەڕێوەچوو، پێویستە راپۆرتی کۆتایی و بەوردەکارییەوە، ئێمە بینیمان پرۆسەی ریفراندۆم لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو و کۆمسیۆنیش راپۆرتێکی بۆ پەرلەمانی کوردستان نەناردووە، کۆمسیۆن پابەندیش نەبووە بە راپۆرتی وەرزانەی بۆ پەرلەمانی کوردستان، پرسیارێکی تر، پرسیارێکمان هەیە ئایا لە پێناو خۆسازان، ئامادەکاریەکانی کۆمسیۆنی هەرێم و راپرسی تا چەند سوودی لە کەسانی بە ئەزموون و

شارەزا و پسپۆر لە بواری هەڵبژارد ن و راپرسیەکاندا بینیوە هەم لە ئاستی ناوخۆی هەرێمی کوردستان وە هەم لە ئاستی نێودەوڵەتی، وە سوئالێکە سەبارەت بە ئایا ئەو کەمووکوڕیانە چی بوون ئەوەی پەیوەندی بە کاری کۆمسیۆنەوە هەیە کە لە پرۆسەی ریفراندۆمدا روویاندا کەموکوڕیەکان سەبارەت بە کاروباری کۆمسیۆن؟ چونکە ئەوەی ئێمە تێبینیمان کرد لەبەر رەهەندە نیشتمانی و نەتەوەییەکە نەبا کە پرۆسەی ریفراندۆم لە رووی تەکنیکی بەڕێوەچوونەوە بە راستی ئاماری دەنگدەران و ئەو تۆمارەی کە بەکارهێنرابوو دەتوانم بڵێم پرۆسەیەك بوو کە کەمووکوڕی زۆری تێدا بوو، سەبارەت بە پرسیارێکیکەمان هەرچەندە ئەو پرسیارە دەبوایە لە وەختی خۆیدا کرابایە، بەڵام دەیڵێمەوە بەدەر لە رەهەندە نیشتمانی و نەتەوەییەکەی پرۆسەی ریفراندۆم لەوەختێك کە جەدەل لەسەر پێویستی بوون و نەبوونی قانوون بۆ پرۆسەی ریفراندۆم هەبوو ئەو کاتە بەشێك زۆرینەی پەرلەمانتاران پێیان وا بوو کە قانوونی پێویستە حکومەتیش پێی وا بوو کە تەنها تەعلیماتی پێویستە قانوونی پێویست نییە راستە بەڕێزان لە کۆمسیاران ئەوان جیهەتی بڕیاردان نەبوون وە جیهەتی ئەوەش نەبوون کە دامەزراوەیەك بن ئەو ناکۆکیانە لەسەر یان تێگەیشتنە جیاوازانە یەکلا بکەنەوە، لەهەمان کاتیشدا دامەزراوەیەکیش نەبوون بۆ شرۆڤە و تەفسیری دەقە قانوونیەکان، بەڵام بۆ ئەوان هیچ هەڵوێستێکیان نەبوو لەوەی کە هیچ قانوونێك بۆ بەڕێوە چوون ئەو پرۆسەیە لە ئارادا نەبوو تەنانەت تەعلیماتیش نەبوو، ئەوەی ئێمە تێبینیمان کرد کۆمسیۆن بە پێی ماددەی (3) ملکەچ بێت لەبەر دەم پەرلەمان و وە خۆی لەبەردەم پەرلەمان بە بەرپرس بزانێت، بەڵام ئەو کاتە راستە پەرلەمانی کوردستان پەك خرا بوو ئەوەی ئێمە کە تێبینی بوو ئێستاش سوئالە هەستمان بەوە کرد کە کۆمسیۆن لەراستیدا خۆی لەبەر دەم پەرلەمانی کوردستان بە بەرپرسیار نازانێت وە تەنها وە گوێ لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگرێت هەست دەکەین لەو بارەشەوە بەرێزان روونکردنەوەمان بۆ بدەن، وە سەبارەت بە پرۆسەکە سەبارەت بە بەڕێوەچوونی پرۆسەکەش ئەوانە چ پلانێکیان هەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی پرۆسەکە واتە رێگری گرتن لە دەنگی کەسێك کە لەبری کەسێکیکە دەنگ بدات وە دەنگی دووبارە وە دەنگی تیکرار، چونکە ئەگەر پرۆسەکە بە دەست هەژمار بکرێت یان ئەو جیهاز و ئەو تەکنەلۆژیا پێشکەوتووە چییە کە بەکارنەهێنرێت، بۆیە کەسی کە دەنگی داوە جیا بکرێتەوە لە کەسێکی دیکە راستە ئەوان بەڵگە بۆ دەنگدەر دەهێنن، بەڵام پلانیان چییە؟ چۆن دەتوانن رێگە لە دەنگدانی کەسێك بگرن کەسێك لەبری کەسێك دەنگی دووبارە لەبەر ئەوە تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو بەکار نەهێنرێت ئایا ئەوان چۆن کۆنترۆڵی دەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (قادر وەتمان)، بەڕێز (فرست صۆفی)، فەرموو، دەنگ نییە ئەو موشکیلەی دەنگ لەپەرلەمان چارەسەر نەکرا.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم وەکو ئەندامێکی فراکسیۆنی پارتی وە تەسەور دەکەم ئەوە رای فراکسیۆنی پارتیش بێت ئێمە چ ئەو رەفیقانەی پێشەوە قسەیان کرد چ ئەوانەی لە داهاتووش قسە دەکەن وە چ ئەو رێکرانەی کۆمسیۆنیش گرتوویە بەر چ رێکارێك لە پێناوی زەمانەت کردنی هەڵبژاردنێکی نزیك و پاك وە جێگای رەزامەندی هەموو لایەك بێت بە بێ تەرەدوود ئێمە پشتوانی دەکەین وە ئامادەییمان هەیە بۆ پشتوانی کۆمسیۆن بۆ ئەنجامدانی هەموو رێکارێك کە لە خزمەتی هەڵبژاردنێکی سەرکەوتوو پاك بێت، خاڵی

دووەم: کە دەمەوێت سەبارەت بەو ناوانەی تیکرار یان ناوی مردوو یان ناوی دووبارە کە (208) هەزار وەکو رەقەم خرایە روو، من داوا لە بەڕێز کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژادرن و راپرسی دەکەم روونکردنەوەی زیاتر پێشکەش بکەن لەسەر ئەم بابەتە، بۆچی؟ چونکە لەوانەیە ناوێك ناوی ثولاثی بێت، بەڵام لە رووباعیەکەیدا جیاواز بن لە زمنی ئەو دوسەت و هەشتە دایە ئەو رەقەمە بۆ غەڵەت بۆ خەلکی کوردستان نەڕوا، لێرەوە چونکە لەوانەیە ئەو (208) هەزارە لە نەتیجەی نیهائی ببێتەوە (30) هەزار ببێتەوە رەقەمێکی تر ئەمە تەنها ئەوانەن تێبینیان لەسەرە نەك ئەوانەن کە ئێستا دەرهێنراون و یان خوا نەخواستە ئەو ناوانەن کە هەموو ناوی تێکرارن یان مردوون، بۆیە پێم باشە بەڕێز کۆمسیۆن روونکردنەوەی زیاتر لەسەر ئەوە بدات، سەبارەت بە هەڵبژاردنی پەرلەمان لەگەل هەڵبژاردنی ئەنجومەنی موحافەزە تەبعەن رێکارەکانی جیاوازە هەڵبژاردنی پەرلەمان بە پێی قانوونی دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم ئەو دەسەڵاتە دراوەتە سەرۆك وەزیران بۆ دیاریکردنی رۆژی هەڵبژاردن (60) رۆژ پێش کۆتایی هێنان بە وادەی هەڵبژاردن، وە ئەم مەرسوومە لە کاتی دیاریکراوی خۆی دەرچوو وە کۆمسیۆن دەستی بە رێکارەکان کرد، ئەما سەبارەت بە دیاریکردنی رۆژی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان سەرۆکایەتی و حکومەت بەتەنسیق لەگەڵ کۆمسیۆن وادەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی موحافەزات دیاری دەکەن، کەواتە لێرە پرسیارەکە ئەوەیە ئێمە (11/6) لە هەموو حاڵەتەکان وادەی پەرلەمانی کوردستان کۆتایی پێدێت وە (9/30) دیاری کراوە وەکو ئەو وادە یاساییەی کە پێموانییە بە هیچ شێوەیەك مەجالی دواخستنی تری تێدابێت کە ئێمە ئەو کات دێینە فەراغی قانوونی، پرسیار لە کۆمسیۆن ئەوەیە ئایا ئەگەر سەرۆکایەتی حکومەت بە تەنسیق لەگەڵ کۆمسیۆن دەتوانن هەمان رۆژی (9/30) بۆ هەڵبژادنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دیاری بکەن؟ کە پێم وایە ئەگەر بتوانن ئەمە کاتێکی گونجاوە وە داواکاری ئێمەشە کە بتوانرێت هەردوو هەڵبژاردن ئەنجومەنی پارێزگاکان و هەڵبژاردنی پەرلەمان لە یەك رۆژ ئەنجام بدرێت هەم بۆ دەنگدە رو هەم بۆ خەڵکی کوردستان باشە هەم بۆ وەسائلی مالی باشە و بۆ کۆمەڵێك بابەتی تر، بۆیە من پێم وایە زۆر گرینگە کۆمسیۆن لێرە وەڵامی ئەم پرسیارەمان بداتەوە ئەگەر بتوانن لە رۆژی (9/30) هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان لە یەك کات ئەنجام بدرێت، سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهيم ئێمينکی/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (د.فرست سۆفی)، بەڕێز (ئاری عبداللطيف)، فەرموو.

**بەڕێز ئاری عبداللطيف مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، بەخێربێن ئەندامانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی و هەڵبژاردن و راپرسی لە یاسای ژمارە (4) ی ساڵی ( 2014) هاتووە لە بەشی دووەم ماددەی چوارەم خالی (10) ئەلێت (کارکردن بۆ دروستکردنی متمانە لە پرۆسەی هەڵبژاردنا لای گشت توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و چەسپاندنی رۆشەنبیری هەڵبژاردن)، ئێمە ئەڵێین کۆمسیۆنی بەرێز لە کوێدا کاری کردووە بۆ دروستکردنی متمانە لە پرۆسەی هەڵبژاردنا بڵاوکردنەوەی رۆشەنبیری هەڵبژاردن، خاڵی دووەم: ئێمە داوا ئەکەین وەکو فراکسیۆنی بزوتنەوەی ئیسلامی لەبەر ئابووریکردن لە خەرج و صەرفدا لە خەرج و کاتدا بۆ هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان و بۆ خۆشیان بۆ حکومەت هەرسێ هەڵبژارنەکە سەرۆکی هەرێم و پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان پێکەوە ئەنجام بدرێن وە بۆ دەرباز بوونیش لە فەراغی یاسایی، خالێکی تر بەرێزان ئەو وردەکاری و رێکارانەی

ئەم بـرادەرانە باسـیان کـرد هەر هەموویـان ئەرك و کـاری خۆیـانە گرینـگ تەزویـرە، ئایـا چ میکانیزمێکی نوێیان گرتۆتە بەر بۆ بەرگرتن لە تەزویر کە پێم وایە کە تەزویر کـرا وەك ئەوە وایە کە کۆمسیۆن هیچ هیچی نەکردبێت، خاڵی کۆتـایی بەڕێـزان چیتـان کـردووە بـۆ بـازنەی پارێزگای هەڵەبجەو وەکو پارێزگایەکی سەربەخۆ بۆ ئەم سـاڵ بـۆ هەڵبژاردنـی داهـاتوو، ئایـا ئەم هەڵبژاردنە دیسانەوە هەڵەبجە لەسەر بازنەی سلێمانییەوە ئەبێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمینکی/ سەرۆکی پەرلەمان**

سـوپاس بـۆ بەڕێـز (ئـاری عبـداللطیف)، لەبەر ئەوەی ئەوی خـاڵی کۆتـایی خـاڵەکی یاسـاییە هەر کوردستان هەمووی یەك بازنەیە بۆ ئاگاداری بەرێزتان، بەرێز (یروانت نیسان)، فەرموو.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان**

سوپاس بۆ بەڕێز (یروانت نیسان)، بەڕێز (ئومێد حمە علی)، فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حمە علی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومـان وەك هەمـوو بـرادەران باسـیان کـرد پرسـێکی گرینـگ وە دیـاریکردنی چارەنووسـی سیاسـی هەرێمـی کوردسـتان بـۆیە دەپرسـم بەدیـاریکراوی پێمـان بڵـێن ئەو ری و شـوێنانە کامانەن کە بۆ رێگریکردن لە تەزویـر لە ساختەکاری دیاریتـان کـردووە وە بـۆ ئەم مەبەسـتە چیتان کردووە تاکو ئێستا؟ دووهەم: بەشـێك لە هاونیشـتمانیان پارچەکـانی تـری کوردسـتان ئەمە بە بەڵگە هەیە فۆرمی خۆراکیان هەیە ئەمانە دەنـگ دەدەن چ ری و شـوێنێك دەگـرنە بەر؟ چـۆن دەتـوان ئەمـانە جیـا بـکەنەوە لە وانەی کە دانیشـتووی هەرێمـی کوردسـتانن؟ چونکە بە بنەماگرتنی فۆرمی خۆراك موتڵەقە وە هیچ ری و شوێنێك لە قسەکانتاندا نەبـوو بۆ ئەوەی ئەوە جیابکاتەوە کە لە رۆژهەڵات یان بـاکوور یـان رۆژئـاوای کوردسـتان ئەوانەی کە فۆرمی خۆراکیان هەیە ئەبێ بتوانن دەنگ بدەن، زۆر سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (ئومێد حمە علی)، بەڕێز (گەشە دارا)، فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جەلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیـارە یەکێـك، پێشـەکی بەخێرهـاتی بەڕێـزان کۆمسـیاران ئەکەیـن دیـارە یەکێـك لە رەکیـزە ئەساسـیەکان هەر هەڵبژاردنێکـی پـاکی تۆمـارێکی پـاکی دەنگـدەرانە کە بە پێـی پێـوەرو پەیماننـامە نێودەوڵەتیەکـان جارنـامەی پێوەرەکـانی تۆمـاری دەنگـدەران بە داخەوە کە تـا ئێسـتا هەڵبـژاردن لە هەرێمـی کوردسـتاندا کرابێـت ئەم پێـوەرانە نەبـووە وە هەڵبژاردنێکـی پوخت نەبووە کە ببێتە جێی متمانەی خەڵك، بەڵام من لەوەوە دەست پێئەکەم کە ئێمە وەکو پەرلەمان رۆڵمان چیبووە لە چاودێریکردنی کۆمسیۆن کە بەراستی رۆڵێکی زۆر لاواز وە چـاودێریکردنێکی لاوازمـان هەبـووە، وەکـو پێویسـت لە کۆمسـیۆنمان نەپرسـیوەتەوە کاتێك پەرلەمانتار یاداشتی داوە بە کۆمسیۆن، کۆمسیۆن وەڵامی نەبـووە پەرلەمـان بێبـاك لە یاداشـتی پەرلەمانتـاران یـان پەرلەمانتـاران بە تـاك بـووبێ یـان بە کۆمەڵێـك پەرلەمانتـار بووبێـت، بەڕێـزان مـن ئەمە بـۆ ئەوەی بۆتـان ئیسـپات بـکەم کە ئەو لـاوازیەی کە باسـی ئەکەم لە چـاودێریکردنی پەرلەمـان ئـێمە لە (2013/7/7)، (ئـامینە) خـان کە لەگەڵمـدا کە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بوو لە خولی (3) لیژنەیەکی لۆکۆڵینەوەی تـایبەت دروسـت کـرا بـۆ تەحقیـق لە تۆمـاری دەنگدەران هەمـوو ئەو دیکۆمێنتـانە کە لەبەر دەسـتا بـوون بە یاداشــتێکی (120) لــاپەرەیی لەدوای (2015/6/15) مــن لە رێــگەی بەڕێزتــانەوە داومە بە کۆمسیۆن کە ئەمە ئیشی لەسەر بکرێت بە داخەوە تا ئێستا وەڵامیان نەبـووە لەکاتێکدا کە

سەردانی کۆمسیۆنمان کرد بەڕێزان کۆمیسیاران ئاگادارنەبوون بەس تەنها سەرۆکی کۆمسیاران ئاگاداری ئەو یاداشتە بوو وە ئێوەش لێپرسینەوەتان نەبوو بەرامبەری لە (11/29) جەختمان کردۆتە سەر ئەو نووسراوانە ئەو نوسراوانەی کە کردوومانە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە و تەندروستی و ناوخۆ و بازرگانی، لە (2017/9/6 )دوای سەردانیمان بۆ کۆمسیۆن جارێکیتر یاداشتمان ناوەتەوە بێ لەوەی (9/17) جارێکیتر نووسراومان کردۆتەوە بۆ هەموو ئەو وەزارەتانە و بۆ کۆمسیۆنیش، لە (11/3) یاداشتمان ناوە (38) پەرلەمانتار کە کۆمسیۆن بێت لەگەڵ سەرۆکی حکومەت و جێگرەکە، چونکە کە سەردانی کۆمسیۆنمان کرد گلەیی کۆمسیۆن ئەوە بوو کە حکومەت بودجەیان بۆ دابین ناکات، ئێمە وتمان با لە بەردەم پەرلەمانتاران کۆمسیۆن و حکومەت بەرەو رووی یەك ئەو گلەیی و گازاندەیان بکەن و با بزانین ئایا هۆکار چییە حکومەت لە پشتگیری نەکردنی کۆمسیۆن کە لە کاتێکدا وادەکە بەسەر چوو بوو (11/1) بڕیار بوو هەڵبژاردن بکرێت، (5/27) یاداشتێکی ترمان ناوە لە کۆتایی مانگی شەشیش سێیەم یاداشت بۆ بانگێشتکردنی کۆمسیۆن الحمدلله ئەوە ئەم جارە دیارە هاتن بەخێر بێن، بەڵام من پرسیارەکەم ئەوەیە لە بەڕێز سەرۆکی کۆمسیۆن ئەو هەموو یاداشتەی کە لەبەر دەستمە لە (2015) کە ئاڕاستەی بەڕێزتان کراوە بۆ تا ئێستا بە یەك وەرەقە وەڵامی نەیاومەتەوە، ئایا بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان جەنابتان بۆ بێباك بوون لە یاداشتەکانی پەرلەمان و پەرلەمانتاران؟ زۆریان کە هەر بە تەنها من نەبووم یەکێك لە یاداشتەکان (38) پەرلەمانتارین، بێینە سەر تۆمارەکە لەسەر ئەوەی کە بەڕێزان باسیان کرد کە ئێمە بە سیدی دەتاندەینێ لە پەیرەوەکە باس لەوە ئەکەن کە (15) رۆژ پێش هەڵبژاردن بیخەنە روو بەڵام لە ماددەی لە بەشی شەشەما ئەڵێت کۆمسیاران پابەندە بە پێدانی وێنەیەك لە تۆماری دەنگدەران بەرایی تۆماری دەنگدەرانی کۆتایی بە قەوارەکان باسی رۆژەکە نەکراوە، لێرەیا ئایا ئێمە کە باسی ئەوە ئەکەین بۆ نمونە ناوی دووبارە ئەبێت موقارەنە بکەی لە بەینی تۆمارەکەی عیراق و تۆمارەکەی کوردستانا ئایا بۆچی باس لەوە نەکراوە کە تۆماری بەرایی مەبەست ئەو تۆمارەی کە ئێستا دروست کراوە دوای تەحدیس و تەواو بوونی تانەو ئەم شتانە ئینجا تۆماری کۆتاییە کە بەپێی پێناسەکە، بۆیە من پێم وایە قەوارەکان پەرلەمانتاران کە پێویستە ئەو سیدیان بێتە بەر دەستی پەرلەمانتارانیش ئەو مقارەنەیان هەبێت لە نێوان تۆماری پێش و کە عیراق ئامادەی کردووە لەگەڵ ئەو تۆمارەی کە ئێستا بۆ؟ چونکە لە کاتێکا کە ئەڵێین دووبارە، چەند جۆرێکە یەکێکیان لە ناو شارەکانایە لە نێوان بنکەکانایە یەکێکیان لە نێوان کەرکوك و هەولێر و دهۆکایە یەکێکیان لە نێوان کەرکوك و سلێمانیایە زۆریان لە نێوان هەولێر و دهۆك و موصڵایە، باشە من کە ئەو تۆمارەی ئێوە تۆماری کەرکوك و موصڵی تیا نییە من چۆن بێم ئەو مقارەنەیە بکەم کە ئەم دووبارانە سڕاونەتەوە، وە ئایا خۆتان لە پەیرەوی ساڵی (2017) پێش ئەم پەیرەوە باس لەوە ئەکەن کە لیستی دەنگدەرانی تایبەت لە لیستی گشتی جیا بکرێتەوە بۆ لە پەیڕەوی دامەزراندنەکەیا نەهاتۆتەوە، ئەگەر بە پێی یاسا ئەبێت (48) سەعات پێش ئەوە ئەنجام بدرێت باشە، بەڵام بۆ ئەو بڕگەیە نەهاتۆتەوە لە پەیرەوی ساڵی (2018) تان کۆتا پەیرەو کە ئەبێت لیستی دەنگدەرانی تایبەت لە لیستی دەگدەرانی گشتی جیا بکرێەوە، بەڕێزان بێینە سەر مردووەکان، مردووەکان ئایا بەژمارە ئەتوانن پێمان بڵێن چەند مردووتان دەرهێناوە؟ لە کاتێکا بەپێی ئاماری ساڵی (2017) وەزارەتی تەندروستی دووسەد و حەڤدە هەزارو هەشت سەدو چل وچوارە شتێکی ئاوایە وە ئیستا رەقەمەکەم نووسیبوو بۆ نەمدۆزیەوە (217000) مردوو، راستە ئەم مردووانە هەمووی گەورەنین و ئەهلیەی

هەڵبژاردنیـان نیـیە، بەڵـام دائـیمەن منـاڵ ئەمرێـت لە گەورە ئەگەر یەك لەسـەر سێشـی حیساب بکەین ئەکەینە نزیکەی ئەکا (150.000) دەنگدەری مردوو زایدەن ئەمە لە (2001) تا (2017) ئەو ئامارەی وەزارەتی تەندروستی ئەی ساڵەکانی پێشووتر لە ساڵی (1996) کە فۆرمی روباعی دروستکراوە تا (2001) وە (2018)ی تیا نییە ئەم ساڵانەش حیساب بکەین یەك لەسەر سێی ئەو ساڵانەیە کە ئاماری وەزارەتـی تەندروستییە وە ئەگەر مناڵیشی لێ دەربێنین هەر بە پێی ئەو پێوەرەی ئەگەر بڵێین یەك لەسـەر سێ ی ئەو ژمارەیە دەربێنین کە مناڵە ئەگاتە نزیکەی دووسەد هەزار ناوی مردوو ماوەتەوە لەو تۆمارەیا، ئایا بەڕێزتان چەند لەو ژمارەیەتان دەرهێناوە؟ چ مەوالیدێکتان دیاریکردووە؟ وەکو ئەوەی لە پێشتر کە ئامادەکاریتان کردبوو بۆ هەڵبژاردنی (1-11) هەموو مەوالیدەکانی (1999)تان دیاریکردوو لە (1999/1/1) واتە کە هەڵبژاردن لە مانگی (11)یا ئەکرا لە مانگی (12) مەوالیدی (1999) (18)ی تەواو نەکردبـوو بەس بەڕێزتـان داخلتـان کردبـوو، ئایـا ئەمجـارەش وایە هەمـوو مەوالیـدەکانی (2000)تـان داخـل کـردووە لە کاتێکـا ئەگەر هەڵبـژاردن مـانگی (9) بکرێـت مەوالیـــدەکانی مـــانگی (10) و (11) و (12) (18) یـــان تەواو نەکـــردووە، ئەگەر ئەو زانیاریەشمان بەنێ زۆر سوپاستان ئەکەین، باسی جێگۆرکێتان کردووە و کە یەکێك زەواجـی کردووە ئەمانە حەوت سەد هەزار دەنگدەر دیار نییە، حەفو شوێنەکانتان بۆ دیاری کردوون، بەڵام لە کاتی ئیستحداسا ئەبێت شـوێنەکانی خۆیـان بـدۆزنەوە ئەو ژمارەیە زۆرە چەنـدتان بۆ ماوە ئیستیحداسەکە داناوە کە پێم وایە لە دوومانگ کەمتر نەبێت باشترە، فەرمانبەران وتتان ئامادە کراوە، ئایا بە چ پێوەرێك فەرمانبەرتان داناوە؟ زۆر سوپاستان ئەکەین.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێـز (گەشە دارا) سەبارەت بەو تێبینیەی کە لەسەر سەرۆکایەتی پەرلەمان هەیە ئێمە وەڵاممان ئەوەیە چوار فەرمانگە هەنە سەربەخۆنە لە هەرێمی کوردستان یەك لەوانە (کۆمسـیۆنی هەڵبـژاردن و راپرسـیە) سـەرۆکایەتی پەرلەمـان پەیوەنـدیەکی پـتەوی لەگەڵ هەر چواریانە وە حەقیقەت بەدواداچـوونی بابەتەکـان هـیچ سانسـۆرەك نەبـووە بـۆ هـیچ پەرلەمانتـارەك یـان فراکسـیۆنەك، بەڵـام ئەو یاداشـتانەی گشـتی هـاتوون بە گشـتی ئاراستەمان کردووە، ئەکرێت من دیفاع لە کۆمسـیۆن نـاکەم چـوَن ئیشـەکانی خۆیـان بەڕی ئەکەن، بەڵام پرۆسە لەسەر بابەتێك موعەیەن دەکرێت بەڵام بگرە راپـۆرت ئامـادە کـراوە، بەڵام لەسەر کۆی پرۆسە پرۆسەکە خۆی رۆژانە ئەبـدەیتی ئەکرێـت رۆژانە بەڕێـوە دەچێـت، ئامادەکردنی راپۆرت تەسەور دەکەم هیچ سوودێکی بە پەرلەمان نـاگەینیتن وە قۆنـاغەکی مـوعەیەنە، بەڵـام ئەم بانگێشـتەی کە ئەمـرۆ حـازر بـووینەوە و پێشـتر حـازر بـووینە لە نـاو پەرلەمـانی کوردسـتان تەسـەور دەکەم شـێوازەکی زۆر کـاریگەرە بە سـوودە بـۆ ئەوەی بەرچاو روونی زیاتر بە هەموو پەرلەمانتاران بدرێتن، بەڕێز (د.رێواز فایەق)، فەرموو.

**بەڕێز رێواز فایەق حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من چەند پرسیارێکم هەیە لە ماددەی (60)ی یاسای هەڵبژاردنەوە دەست پێئەکەم بەڕێـزان کۆمسـیاران و سـەرۆکی مـوفەوەزیە کە تییـا هـاتووە پرۆسـەی دەنگـدانی کارمەنـدانی هێزەکـانی ئاسایشـی نـاوخۆ و زێرۆڤـانی هەرێـم پێشـمەرگەو سـوپا و کارمەنـدانی نەخۆشـخانەکان و بەنـدیخانەکان حەپـس لە چەنـد مەرکەزێکـی تـایبەت بە خۆیـان ئەنجـام ئەدرێـت بە مەرجێك پـێش (48) سـەعات لە وادەی دەسـتپێکردنی هەڵبژاردنەکـان ئەنجـانم بدرێت، من ئەوەی لە بەرێز سەرۆکی کۆمسیۆن گوێم لێبوو وام هەست کرد وتـی داوامـان کـردووە تەنهـا ئەوانەی کە رۆژی (30) مانـگ ئیشـیان هەیە پێشـتر مەرکەزەکانیـان بـۆ

ئەکەینەوە، ئەمە نەسێکی قانوونییە وە بەڕێزیان ئەگەر سەیری ماددەی (4)ی یاسای کۆمسیۆن ماددەی (6) یش بکەن کە باسی ئەرکەکانی کۆمسیۆن دەسەڵاتەکانی ئەنجومەن ئەکا بە هیچ شێوەیەك باسی لەوە نەکردوو کە ئەمان ئەتوانن وە سەڵاحیەتی ئەوەیان هەیە کە دەنگدەران بەو شێوەیەی کە خۆیان خواستیانە رۆژانی دەنگدانیان دابەش بکەن ئەمە پرسیاری یەکەم، پرسیاری دووەم: ماددەی (32)ی یاسای هەڵبژاردن سەبارەت بەوە پرسیارم هەیە بەڕێزان فەرموون ئەگەر سەیری بکەن، ئەڵێت (پرۆسەی دەنگدان سەعات (8)هەشتی بەیانی دەست پێئەکا (8) هەشتی ئێوارە کۆتایی دێت دەستەی باڵاش بۆی هەیە بە بەیاننامە واددەی دیکە دەستنیشان بکات و لەو سەعاتانەی بۆ دەنگدانەکە دانراوە  تێپەر نەکات) پرسیارەکەی من ئەوەیە ئایا لە ژێر هیچ زروفێکا کۆمسیۆن ئامادەیە وادەی دەنگدان لە بنکەکانی دەنگدان درێژ بکاتەوە  وەکو ئەوەی کە لە رابردودا هەبووە وە گومان و نیگەرانی و دوو دڵی بە هەمیشە لەسەر ئەو سەعاتە هەبووە کە زیاد کراوە، پرسیارەکە ئەوان ئامادەکاریەکانیان چییە بۆ ئەوەی ئەمە روو نەدات؟ چونکە دڵنیایان ئەکەم ئەمە یەکێکە لە سەبەبەکانی گومان لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان، پرسیارێکی ترم پەیوەندی بە ماددەی (15)ی یاسای هەڵبژاردنەوە هەیە (11) دووبارە نا هەر (15) خۆی ئەڵێت (خشت بە ناوی دەنگدەران دەنگدان بە ناوی مەرکەزەکانی هەڵبژاردن ئامادە ئەکری و بە ریزبەندی پیتە ئەبجەدیەکان رێك ئەخرێت کە پیشەو ناونیشان و بەروار و جێگەی لەدایك بوون تێدا تۆمار کراوە) ئەگەر لە توانادا نەبوو ئەوە بکرێت ئەو کاتەی دەستەی باڵا بۆی هەیە مەبەستی کۆمسیۆنە ناوەکان گۆراون رێگەیەکی تری لەبارتر بۆ بەدیهێنانی مەبەستی پێویست دیاری بکات ، پرسیارەکە ئەوەیە ئایە ئێوە بە ئەسلەکە ئیشتان کردووە یان چوون بۆ ئیستسنائەکە، یەعنی ئایا لە ناو تۆمارەکە هەموو ئەوانە هەن وە ئایە ئەگەر نین کامەیان نییە؟ پرسیارێکی تر پەیوەندی بە ماددەی (17) هەیە ئەڵێت (دائیرەی حاڵ و باڵی شارستانی بلیتی دەنگدان دەدا بە هەر هاوڵاتیەك تەمەنی هەژدەساڵی تەواو کردبێت ) پرسیارەکەی مە ئەوەیە ئایە ئێوە ئەم ئیجرائە ئەکەن؟ یان بۆ خۆتان بۆئەوەی لە کاتی راپرسیەکەیا رویدا ڕێگە درا خەڵکێکی زۆر دەنگیاندا وە تەئکید لەسەر قسەی ئەو هاوڕێم (گەشە) خان ئەکەمەوە کە خەڵکی تیا بوو (17) ساڵ و مانگێك بوو توانی دەنگ بدات، پرسیارێکی تر کە پرسیاری ئەخیرە ماددەی (18) برگەی یەکەمی کە باس لەوە ئەکات کە کاتی تەحدیس لە کاتی ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەرانە خەڵك هەیە ناو ئیزافە بکات ئەوە مودەیەکی داناوە بۆ ئەوەی بەڕێزان لە کۆمسیۆن وەڵامی ئەو داواکاریانە بدەنەوە بۆ ئیزافەی کەسی کە ناوی نییە وە بە تایبەتی دکتۆرە باسی کرد خەڵکێکی زۆر لەوانەیە بە هۆی ئەو سڕکردنەوە لە دەنگدان بێبەش بووبن ئێمە تەجروبەیەکی خراپمان هەیە لە هەرێمی کوردستان ئەو تەجروبەیەش ئەوەیە کە لە زۆربەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان خەڵك لە ڕۆژی دەنگدانا ئەڵێت نا ئەوە نییە ئیعتیادیە کۆمسیۆن ئیزافەی ئەکا بە پەلە پەل لە دەوروبەری سەعات (11) قەرارێك دەر ئەکا ئەڵێت با ناوەکان ئیزافە کەن لە بنکەکان بە دەستی بنووسرێتەوە لە بنی ئەوەیا، من دڵنیاتان ئەکەمەو ئەو ناونوسینانە هیچی سروشتی نین وە ئەو کەسەی دەنگدەر ئەبێت بە دوای ناوەکەی خۆیا بچێت و ئەگەر دەنگدەرێکی فعلییە ئەبێ بە دوای ناوەکەی خۆیا بچێت تکاکە ئەوەیە کە لە ئێستاوە ئێوە بە شێوەیەك بانگەشەو راگەیاندن بۆ تۆماری دەنگدەران و تازەکردنەوەی تۆماری دەنگدەران بکە کە هەموو ئەو رێگایانە لەو دەنگدەرە دابخەن کە لە ماوەی ئەو مانگە دەنگەکەی خۆی تۆمار ناکاتەوە، بەڵام رۆژی دەنگدان ئەیکاتە شانشانێن، پاڵ پاڵێن، ئەڵێت ئەبێت ناوەکەم ئیزافە بکەن، چونکە من وەکو

ئەندامێکی پەرلەمان پێتان ئەڵێم وەکو چاودێری ئەم کۆمسیۆنە پێتان ئەڵێم هەر ئیزافە کردنێکی ناو لە رۆژی دەنگدەران قابیلی ئەوەیە جێگەی گومان بێت بۆ هەموو هێزە سیاسیەکان بەو هێزەشەو کە من ئینتیمام بۆی هەیە، زۆر سوپاستان ئەکەم.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمینکی/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (د.ڕێواز فایەق)، بەڕێز (تەلار لطیف)، فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێر هاتی سەرۆك و جێگر و ئەندامانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان ئەکەین، بەشێك لە پرسیارەکانم کران من ئەو پرسیارانەی کە ماوە بەشێك لە پرسیارەکانم لەلایەن بەرێزان کاك (ساڵح) و کاك (قادر) و (گەشە) خان و (د.ڕێواز) کرا، ئەو پرسیارانەی کە کرا لە چەند خاڵا کورتی ئەکەمەوە، هەموو کاتێك کە باسی هەڵبژادن ئەکەین بە تایبەتی کارەکانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن کارکردنە لەسەر جێبەجێکردنی تەواوی رێکارە یاساییەکانی هەڵبژاردن لەم هەڵبژاردنەیا ماددەی (4) لە یاسا ژمارە (1)ی (2005) پێویستەکا کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی هەرێم پێکەوە بکرێت وە بۆ ئەوەی فەراغی یاسایی بۆ خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان دروست نەبێت وە پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی کە سەرۆکی حکومەت کە لە لایەن پەرلەمان پێی دراو کە پێویستە ئەو فەرمانەی کە نێردراوە تەنها باسی لە پەرلەمانی کوردستان کردوو بۆ ئەو پێشێلکاریە یاسایانە هەڵوێستی کۆمسیۆن چی بووە بۆ ئەوەی کە هیچ کێشەیەك لە داهاتوو بۆ پەرلەمانی کوردستان و بۆ هەڵبژاردنەکان دروست نەبێت ئەمە پرسیاری یەکەم، پرسیاری دووەم لە ئەگەری وەڵامی ئەو هاوڕێیانەم کە باسیان لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی موحافەزات کرد ئەگەر ئەوان پێیان باش بوو کە ئەنجومەنی موحافەزە وە پێیان کرا ئەنجومەنی موحافەزەش لە (30-9) بکرێت، ئایا ئەوان ئەتوانن بە پێی کات و بوجە و ئەو پلانەی کە دایان ناوە، چونکە هەموو کاتێك قسە لەسەر هەڵبژاردن ئەکەین پێویستمان بەو سێ پرسە گرینگە هەیە، ئایە ئەوان ئەتوانن پرسی سەرۆکی هەرێم هەروەها پەرلەمانی کوردستان ئەنجومەنی موحافەزەکان لە(30-9) بەو کات و بودجەیە بەو پلانەی کە دایان رشتووە جێبەجێ بکەن، پرسیاری سێهەم: ۆ تۆماری دەنگدەران ئەوان وەکو ئاماژەیان پێکرد وە روونکردنەوەیان نا بۆ تۆماری دەنگدەران وە بەتایبەتی بۆ کوژانەوەی ناوی مردووەکان ئیعتیامدی کولیان لەسەر بەڕێوەبەرایەتی لەسەر وەزارەتی تەندروستییە لە کاتێك مەرج نییە هەموو کاتێك مردووەکان تەنها لە وەزارەتی تەندروستییەوە شەهادەی وەفاتیان بۆ کرابێ چونکە زۆر جار لە رێگای دادگاکانەوە حجەی وەفاتیان بۆ ئەکرێت کە تۆش حجەی وەفاتت بۆ کرا بە هۆی ئەوەی کە ناویان لە فۆرمی خۆراکە نەکوژێتەوە نایەن تۆماری بکەن جارێکی دیکە ناویان بکوژێننەوە لەدائیرەی نفوس، بۆیە پێویست ئەکا کۆمسیۆن ئەگەر تەنها ئیعتمادی کردبێتە سەر وەزارەتی تەندروستی گرینگە ئیعتماد بکاتە سەر دادگاکان بۆ ئەوەی ئەوان لە رێگای ئەو حجە وەفاتانەی لە رێگای دادگاکانەوە دەرهێنراوە کار بۆ کوژانەوەی ناوی مردووەکانەوە بکەن هەتا وەکو بتوانێت هاوکار بێت بۆ کوژانەوەی ناوی مردووەکان، خاڵێکی دیکە کە راستە کاك (هندرێن) ئاماژەی بەوە کرد کە ئەوان بەشێك لەو ئەرکانەی کە لەسەر شانیانە بۆ گەرانەوەی متمانە بۆ لای دەنگدەر بەشێك لە ئەرکی ئەوانە یان ئەوەی کە ئەرکی حزب و ئەو لیستە بەشداربووەکانە لە هەڵبژاردن، بەڵام ئایە بە پێی ئەو ئەرکەی ئەو بەشە ئەرکییەی لەسەریان یەعنی روونکردنەوەی زیاتر چیان کردووە چی ئەکەن یان پلانیا چییە؟

بـۆ گەڕانەوەی متمـانە، بەتـایبەتی ئەوان لەو هەڵبژاردنەیـا چـاوێکی زۆر زۆریـان لەسـەرە لەبەر ئەوەی یەکەم هەڵبـژاردنە جیـاوازە لە ریفرانـدۆم. خـاڵێکی دیـکە کە راسـتە کـاك (هنـدرێن) ئامـاژەی بەوە کـرد کە ئەوان بەشـێك لەو ئەرکـانەی کە لەسـەر شـانیانە بـۆ گەرانەوەی متمانە بۆ لای دەنگدەر بەشێك لە ئەرکی ئەوانە یان ئەوەی کە ئەرکی حزب و ئەو لیسـتە بەشـداربووەکانە لە هەڵبـژاردن، بەڵـام ئـایە بە پێـی ئەو ئەرکەی ئەو بەشـە ئەرکییەی لەسەریان یەعنی روونکردنەوەی زیاتر چیان کردووە چی ئەکەن یان پلانیا چییە؟ بـۆ گەڕانەوەی متمـانە، بەتـایبەتی ئەوان لەو هەڵبژاردنەیـا چـاوێکی زۆر زۆریـان لەسـەرە لەبەر ئەوەی یەکەم هەڵبـژاردنە جیـاوازە لە ریفرانـدۆم. چـونکە پرسـی راپرسـی جیـاوازە لە پرسـی هەڵبـژاردن، و رێکارەکانیشـی هەمـووی جیـاوازە، ئەمە یەکەم هەڵبـژاردنە کە یەکەم پرۆسـەیە کە بەڕێـوەی دەبەن، و چـاوێکی زیاتریـان لەسـەرە و پێویسـتە وەڵـامی ئەو پرسیارەشـمان بـدەنەوە، و بـۆ ئاوارەکـانیش چیـان کـردووە؟ بـۆ ئەوەی ئـێمە بتـوانین روونکردنەوە زیاترمان لەلا بێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز تەلار لەتیف، دیارە پرسیار زۆرن، ئەگەر هاوکاری ئەو دانیشتنە بـن، یانی بەرهەمـدارتر بێـت، ئەگەر بەنووسـینیش کە دەریببـڕن، بەنووسـین بـدەنە بەڕێـزان، کۆمۆسیۆن رەنگە بۆ وەڵامدانەوە بۆ ئەوان ئاسانتر بێت، مامۆستا مەلا هەورامان فەرموو.

**بەڕێز مەلا هەورامان حەمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، زۆرێك لەو پرسیارانەی کە دەمویست ئاراستەیان بکەم کراون، بەڵام لەراستیدا بابەتەکە زۆر هەستیارە، پێویست دەکا لەوانەیە لەم بابەتەدا تیکرار کردن ئیسیتفادەی هەبێت، دووبارە کردنەوە، ئەوەی کە گرنگ بێت و زۆر بە پێویستی بزانم و بیڵـێم ئەوەیە بەراسـتی ئەو هەڵبـژاردنەی 5/12 کە کـرا، دەتـوانم بڵـێم خەڵکێکـی زۆر لە تەواوی عێـراق بـی هیـوا بـووە لە هەڵبـژاردن، ئەرکـی سەرشـانی ئەم کۆمسـیۆنە بەڕێـزە ئەوەیە کە چـۆن جـارێکی تـر بتـوانی جوهـدی خـۆی صـەرف بکـات، بـۆ ئەوەی کە خەڵکـی متمـانەی هەبێـت بەو دەنـگەی کە ئەیـدا، بزانـی کە دەنـگەکەی سـەنگی هەیە، گۆرانکـاری دروست دەکات، خەڵك ئەمرۆ بەراستی بی هیوا بووە، هیـوایەك کە مـایبوو کە بچێتە سـەر سندووقەکانی دەنگدان بەشێوەیەکی ئاشتیانە ومەدەنیانە، ئەو گۆرانکارییەی کە دەیەوی بیکـات لە سیسـتەمی حـوکمڕانی، لە دیـاریکردنی نوێنەرەکـانی خـۆی، بەڵـام بەداخەوە ئەتـوانم بڵـێم لە سـەدا بیستی خەڵکـی کوردسـتان بـڕوا نـاکەم هیـوای بە دەنگـدان مابێـت، ئەوەش شـتێك نیـیە هەر لە خـۆمەوە بیڵـێم، شـتێکی واقیعـیە بەراسـتی و ئەزمـوونێکی تاڵیشە، پێویستە کە کاری جدی بکری بـۆ ئەوەی کە خەڵـك متمانەی بگەڕێتەوە، بەراستی ئەگەر خەڵك متمانەی نەگەڕێتەوە، متمانەی بە دەنگەکەی خۆی نەبێت کە گۆڕانکاریەك دروست بکات، ئەی دەست بۆ چیتر بەرێ؟ خەڵك ئەو کاتە بـی هیـوا دەبـێ، لە حاڵەتی بـی هیـوا بوونیشـدا خەڵـك لەوانەیە هەنـدێك هەڵوێسـت بنـوێنی کە نەخـوازراو بێت، ئەو کـاتە وڵاتەکەمان وەکـو سـوریای لـی دێت، وەکـو شـوێنەکانی تـری لـی دێـت، خەڵـك دەسـت بـۆ شـتی تـر دەبـات، ئەبێتە شـوێنی وڵاتە زلهێزەکـان، خـۆی بە ئنیشـاللە بـابەتەکە کۆتـایی پـی نایەت، پێویستی بە هیمەت هەیە، پێویستی بە گەرانەوەی متمانە هەیە، بۆ ئەم مەبەستە پێویسـتمان بە چەنـد پرسـیارێك هەیە، پێشـتر سـەرۆکی کـارگێری هەڵبـژاردن، لە کۆبوونەوەیەکی پەرلەمان، پێم وایە لێرە رایگەیاندبوو کە لە 90% تۆمارەکە تەواو بـووە و پاکراوەتەوە، ئایا ئەوە تەواوە؟ ئەو مەعلوماتە و ئەو داتایە؟ پرسیارەکی دی ئایا دەنگدانی

تایبەت چۆن کاری لەسەر کرا و چۆن جیاکراوەتەوە لە دەنگدانی گشتی؟ ئایا وەزارەتەکانی تەندروستی و ناوخۆ و پێشمەرگە هاوکاربوون؟ تاچەند هاوکار بوون لە پێدانی داتا و زانیاری بۆ ئێوە؟ ئایا پرۆسەکە هەموو بەشێوەی ئەو پێم وایە وەلآمی دایەوە کاك هندرێن، کە بەشێوەی فەرزی یەدەوی دەبێت، لە خەلتەی کە ئەو جارە دروست بوو، پێم وابی کەدەنگی خەڵك هاك بکری و کابرای مورەشەح دەنگی بەخۆی دابێ، بەلآم دەنگەکەی دوایی نەمابێت، گرنگترین شت ئەوەیە ئایا چ رێکارێکتان گرتۆتە بەر بۆ ئەوەی کە تەزویر و ساختە کاری نەکرێ، چونکە تاکو ئێستاش خەڵك بە خەوفەوە ئەچێت دەنگ دەدات، ترسی ئەوەی هەیە دەنگەکەی بۆ زەید بووبێ، دوایی ببری بۆ عەمر، دەنگدانی دەرەوەی ولآت چۆن رێکخراوە و سوپاس بۆ بەڕێزتان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز مامۆستا هەورامان گەچێنەیی، ئێمەش تەئکید دەکەینەوە و وەلآمی پڕ بە پێست و پێویست بۆ گشت پرسیارەکان، بەڕێز ابوبکر هەڵەدنی فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر هەڵەدنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیاران دەکەم، بەرێزان ئەمڕۆ ئەم پەرلەمانە و ئەنجومەنی کۆمسیاران لەژێر مەسئولیەتێکی گەورە دایە، هەڵبەتە بەتەنها کۆمسیۆن نا، ئێمە ئەمڕۆ مافی ئەوەمان هەیە لێپرسینەوە لە کۆمسیۆن بکەین، بەلآم بەشێکی ئەو پرسیارە ئەکەوێتە ئەستۆی پەرلەمانی کوردستان، من پێم وایە کۆمسیۆن بەشێکی زۆری قوربانی ئەم دۆخەیە، ئەم دۆخە خراپەی کە لە کوردستان دا دەگوڕێ، لە حوکمڕانی وەك چۆن دام ودەزگاکانی تریش بەهەمان شێوە بوونەتە حوکمڕانی، بەڕێزان ئێمە دەبی هەڵوێستیەك بکەین لەسەر ئەوەی کە هەڵبژاردن لەدوای هەڵبژاردن، رێژەی بەشداری خەڵك کەمدەبێتەوە، خەڵك بایکۆتی پرۆسەی هەڵبژاردن دەکات، ئەمە بۆ ولآتانێك کە سەقامگیری سیاسی و ئابووری و ئاسایشی تێدایە، خۆشگوزەرانی هاوولآتی تێدایە، شکۆی مرۆڤی تێدا پارێزراوە، ولآتی دەستوور و یاسا و موئەسەساتن، تەبیعین، بەلآم بۆ ولآتی ئێمە کە ئەمە هەمووی ناسروشتییە کە رۆژ بەرۆژ هاولآتی متمانەی بە حوکمڕانیەکەی خۆی نەمێنێ، ئەویش پەیوەندی بەو ئیشکالیەتەوە هەیە کە لە یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانەوە تاوەکو ئێستا کە دەچینە خولی پێنجەم، هەڵبژاردن و ساختەکاری دوو ڕووی یەك دراو بووین، دووانەیەکی جیانەکراوە بوون، و ئێستاش هاوولآتی کوردستانی و ئەمجارە هەموو حزبە کوردستانیەکان کە لە دەرگا لە ماڵەکان دەدەن، من دڵنیام بە بایکۆت وەلآم دەدەنەوە، بە نەخێر، چونکە دەنگەکەی خۆی نابینێتەوە، بۆیە ئەمڕۆ من ئەم پرسیارانە ئاراستەی ئەو بەڕێزانە دەکەم، یەکەم، ئیشکالیەتی گەورە لە ئەستۆی حکومەتە کە (27) ساڵ ئامارێك ناکات، بۆیە کۆمسیۆن ناچارە یان پەنا ببا بۆ بەغدا، یان پەنا ئەبات بۆ فەرمی خۆراك، ئێمە هەر یەکێك لەو (111) پەرلەمانتارە لەشوێنی ئەم کۆمسیۆنە بین هەر وادەکەین، ئەمە ئیشکالیەتی حکومەتە کە دوای (27) ساڵ لە هەرێمێکی پێنج، شەش ملیۆنی، نایەت چەند رۆژێك تەرخان بکات، بۆ ئەوەی ئامارێکی گشتی بۆ ئەم هەرێمە بکات، پشت بەستن بە فۆرمی خۆراك بە فیعلی بە هەزاران هاوولآتی پارچەکانی تری کوردستان فۆرمی خۆراك و پێناسی باری شارستانی و رەگەزنامەی عێراقیشیان بۆ کراوە، ومن هەر خۆم لەیەکی لەو مەسئولانە، ئەوانەی کە پارە ئەگۆڕنەوە، (65) وەرەقەی کۆبۆنی نەوتم پی بینی، وتم بۆچییە ئەمە کاکە، وێنەکەشم گرتووە، ئێستا ئەگەر شاشە هەبووایە ئەلەوێدا نیشانم ئەدان، وتی ئەمە هەمووی خەڵکی

ئەم شارۆچکەیەن، ئەمڕۆ لێم کڕیوەتەوانێ، کە هەموو فـۆرمی خۆراکیـان هەیە، لەبەر ئەوە پشت بەستن بە فۆرمی خـۆراك هەمووشـتێك نییە، بەڵآم هـیچ ڕێگەیەکـی تریشـمان نییە، من ئەم پرسیارانە لەم بەڕێزانە دەکەم، یەکەم، بەپێی ماددەی (13)یەم خـاڵی یەکەم: ئەبـی ئەم ئەنجومەنە راپۆرتی وەرزی ئامـادە بکـات، لەبـارەی ئەرکەکـانی و پێشکەشـی پەرلەمـانی بکات، سی ساڵە دەستبەکارن چەنـد راپۆرتیـان نـاردووە بـۆ پەرلەمـان و پەرلەمانتـاران، بـا بە ژمارە پێمان بڵێن، خاڵێکی تر لە ماددەی دووەمدا، ئەڵی راپـۆرتی کۆتـایی مـاددەی (13)یەم بـرگەی دووەم، راپـۆرتی کۆتـایی بە هەمـوو ووردەکارییەکـانەوە، لەبـارەی هەر پرۆسـەیەکی هەڵبـژاردن و راپرسـی کە دەیـکەن، ئەبـی بیـدەنە ئەم پەرلەمـانە، و ئەوان چ راپۆرتێکیـان بە ئـێمە داوە لەسـەر پرۆسـەی ریفرانـدۆم، تـا ئیشـکالەتەکان و هەڵەکـانی ریفرانـدۆم ئـێمە لە پرۆسـەی هەڵبژاردنـی پەرلەمـانی کوردسـتان دووبـارە نەکەیـنەوە، خـاڵێکی تـر لە مـاددەی (11): کۆمسـیۆن دەبـی پشـت ببەسـتی بە پسـپۆر و شـارەزای نێـو دەوڵەتـی و نـاوخۆیی لە بوارەکانی هەڵبژاردن و راپرسی ببەستێ، کوا ئەو شوێنانە سوودیان لـی بینیـوە وئەوەی کە ئێمە بەپێی پێوەرە ستاندارە نێو دەوڵەتیەکان پرۆسەی هەڵبژاردن بەراستی ئەنجـام بـدەین، لەبەر ئەوە گرنگتــرین شــت ئەوەیە ئــێمە هاوولــآتی لەگەڵ ســندووقی دەنگــدان ئــاش بکەینەوە، متمانە بۆ هاوولآتی بگێـرینەوە، ئەمە بەرپرسیاریەتی مێژوویـی ئەو پەرلەمانە، ومـن فعلـەن پشـتگیری خـاتوو گەشـە دەکەم و پشـتگیری کـاك قـادر دەکەم، وکـاك دکتـۆر فرسـەت دەکەم، کـاك بەهـزاد، ئـێمە بەرۆڵــی خۆمـان هەڵنەسـتاین، هەر هەموومـان لە لێپرسینەوە و چاودێری کردنی کارەکانی کۆمسیۆن، کـارێکی گەورەو گرانمـان داوەتە بەڕێـز ئەو نۆ کەسە و لەگەڵ کارمەندەکانیان، کە ئەم پرۆسە گەورەیە هەڵبژاردنی نەزیهـو خـاوێن تەنهـا لە ئەسـتۆی ئەوان دایە، و حکـومەتیش هاوکـاری بـووە، ئـێمە لەدانیشـتنێك لەگەڵ ئەوان دانیشـتین، چـوار وەزارەت بازرگـانی، تەندروسـتی، ئەوەتـا کـاك هنـدرێن دەڵـی تـازە کۆبوونەوەمان بە وەزارەتی ناوخۆ کردووە، وەزارەتی ناوخۆ ئاماری خۆی ناخـاتە بەردەسـتی ئەوان، کاك هندرێن ئیشکالەکەشی ئێستاش حەل نەکرد، ئەڵـی وتومانە ئەگەر ناوەکانمـان دەدەنی بڕۆن لە رۆژی دەنگدانی گشتی ئێوە بڕۆن دەنگ بدەن، کەواتە هەمـان سـیناریۆی پار دووبارە دەبێتەوە، کە ئێستاش ئیشکالی دەنگدانی تایبەت و دەنگدانی گشتی جێبەجـی نەکراوە، چـوار وەزارەتـی حکـومەتی هەرێـم، بازرگـانی، تەندروسـتی، پێشـمەرگە، نـاوخۆ، بـۆ ئامار ناخەنە بەردەستی ئەم کۆمسیۆنە بەڕێـزە، بـۆ ئەوەی ئـێمە لەو ئیشـکالاتانە نەجاتمـان ببێ، خاڵێکی تـر ئەوەیە کە بەراسـتی مەسـەلەی مردووەکـان، دوو شـت جیـاوازە ئەوەی کە دکتـۆرە رێـزان خوێنـدیەوە، نـاوی دووبـارە جیـایە، و نـاوی لێکچـوو جیـاوازە، ئەکـری ناوەکـان لەیەك بچن، بەڵآم مەرج نییە دووبارە بـن، بـۆیە لەوانەیە رێکارەکـان جیـاواز بـن، خـاڵێکی تـر کە پەیوەندی بە مردووەکانەوە هەیە بەراسـتی، ئەوەی کە خـاتوو تەلار وتـی، یـانی حجەی وەفـاتیش گـرنگە لەگەڵ ئەوەی کە ئـێمە ئیشـکالیەتی مردووەکانمـان حەل بـێ، پێویسـتە لەگەڵ وەرگرتنــی حـجەی وەفـات، قەسـامی شـەرعیش وەربگیـرێ، چـونکە نـاوی هەمـوو ئەنـدامانی خێـزانەکە و کـۆی زانیارەکـانی تێدایە، ئەمە لەم ئیشـکالیەتە ئەمانپـارێزێ، پاشـان ئەوەی دکتۆرە رێزان گوتی بەراستی کە باوکی بەڕێزیان تەمەنـی نەوەت سـاڵە و تەمەنـی درێـژ بێـت، جیـاوازە لەوەی کە مەوالیـدی 1800 و (137) سـاڵ بەتەحەداوە لە کوردسـتان، کەس تەمەنی نییە لە کوردستان (137) ساڵ بی و مەوالیدی (1900) بی لە (1800 -1900) بی کە دەیان هەزارن لە عێراقیش و لە کوردستانیشدا هێشتا ئەوانە ماونەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز ابوبکر هەڵەدنی، خاڵێکی نیزامییە کاك حاجی کاروان فەرموو.

**بەڕێز كنعان نجم الدين/ حاجی كاروان:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
ئەگەر جەنابیشتان پێتان باش بێ، با جەوابی ئەو پرسیارانە بدرێتەوە، وەكو فاصلێك بۆ ئەوە لەوە دەچێت دوای ئەوە پرسیاریشمان هەبی دووبارە نەبێتەوە، ئەگەر ری بدەن لەوەدەچی باشتر بێ، سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز حاجی كاروان، بەڕێز دكتۆر فرسەت صۆفی فەرموو.
**بەڕێز فرسەت صۆفی علی:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
بەپێی ماددەی (110) ی ئاماری ، حكومەتی هەرێم ناتوانی ئامار بكات، لێرە ئەگەر گلەیی بكرێ، بەراستی گلەییەكی زۆر گەورەیە، دەبی مومارەسەی حكومەتی ئیتحادی بی و ئەو ئامارە بكات، چونكە هەر ئامارێك حكومەتی هەرێم ئەنجامی بدات، هیچ قانونی نابێ، چونكە لەدەسەلآتی حكومەتی ئیتحادی عێراقیە، سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ ئەو روونكردنەوە، ئێمەش ژمارەیەك بەڕێزی تر وەردەگرین، ئینجا داوا لە كۆمسیۆن دەكەین وەلآمی نیوەیان دەدەین و نیوەی تر دواتر دەست پی دەكەین، بەڕێز ایوب عبدالله فەرموو. دیارە حازر نییە، مامۆستا غریب فەرموو.
**بەڕێز غريب مصطفى حمەخان:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان وێڕای بەخێرهێنانی بەڕێزان لە كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و راپرسی خاڵی یەكەمم پشتیوانی رای تەلارخان دەكەم كە بە چ یاسایەك هەڵبژاردنی پەرڵەمان بە بێ هەڵبژاردنی سەرۆكی هەرێم ئەنجام دەدرێ، چونكە ئەو دابەش كردنەی پەرڵەمان كردی بۆ دەسەڵاتەكانی سەرۆكی هەرێم بە شێوەیەكی كاتی بوو تا هەڵبژاردنی داهاتوو وە دیوانی سەرۆكایەتی هەرێم تا ئێستا ماوەتەوە، دووەم پرسیار ئەو راگەیاندنەی كە سەرۆكی حكومەت رایگەیاند كە لە (9/30) هەڵبژاردنی پەرلەمان بكرێت كە (81) رۆژی ماوە پرسیارەكەم بۆ كاك هندرێن ئێوە لە رووی بودجە لە روی فەرمانبەر لە رووی تۆماری دەنگدەران ئامادەییتان هەیە كە لەو بەروارە هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت تكایە بە یەك وشەی بەڵێ یان نا وەڵاممان بدەنەوە پرسیاری سێیەم بە پێی ئەو فۆرمەی كە هەر بەڕێزت باست كرد كە بە نیازن ئامادەی بكەن بۆ بەخێرا دەرچوونی ئەنجامەكان كەواتا ئەتوانن پێمان بڵێن لە ماوەی چەند ئەنجامی سەرەتایی رادەگەیێنن و لە ماوەی چەند ئەنجامی كۆتایی رادەگەیێنن خاڵی چوارەم پشتیوانی رایەكەی دكتۆرە رێواز دەكەم دەتوانن رایبگەیێنن هیچ بە پاساوێك كات درێژ ناكرێتەوە خاڵی پێنجەم چ زەمانەتێك هەیە دەنگدەراانی تایبەت فشاریان لە سەر نابێت
**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز مەلا غەریب، حەیات خان فەرموو.
**بەڕێز حەيات مجيد قادر:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
سەرەتا بەخێرهاتنی كۆمسیارانی بەڕێز دەكەم وە پشتیوانی لە بەڕێز كاك ئومێد خۆشناو دەكەم سەبارەت بە پرسیاری تۆماری دەنگدەران و گەڕانەوەی متمانەی هاووڵاتیان كە پرسیارەكەم هاوشێوەی پرسیاری بەڕێزیان بوو دووبارەی ناكەمەوە پرسیارم هەیە

سەبارەت بە کاری ناوخۆیی کۆمسیۆن کە هەڵبەتە بەڕێز سەرۆکی کۆمسیۆن لە رووی لۆجستیکی و تەکنیکیەوە باسی کارەکانی کۆمسیۆنی کرد ئەی لە رووی مرۆییەوە چی کراوە بۆ ئەم بابەتە ئایا سوودیان لە تەجروبەی وەگرتووە بە تایبەتی وڵاتێکی وەکو تورکیا کە لە ماوەی ئەو دوو ساڵ و نیوەدا سێ هەڵبژاردن کراوە ئایا هیچ سوودێکیان لەوان وەرگرتووە بۆ ئەم هەڵبژاردنە کە یەکەمین هەڵبژاردنە لە کوردستان کە لە لایەن کۆسیۆنەوە بکرێت بێگومان پێشتر پرۆسەی رێفراندۆم کرا کە ئەوە راپرسی بوو هەڵبژاردن نەبوو وە پرسیارێکی ترم ئەوەیە لە یاسایی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و راپرسی لە یاسایی ژمارە (4) ی ساڵی (2014) لە ماددەی (10) دا هاتووە ئەنجومەن پێوستە میکانیزمی گونجاو دابنێ بۆ زامن کردنی بەژداری کردنی هاووڵاتیان لە دەرەوەی کوردستان – عێراق لە هەڵبژاردن و راپرسییەکان دا ئایا چی کراوە بۆ ئەم مەبەستە و چە دەکرێ؟، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز حەیات مجید، بەڕێز شیرین حسنی، فەرموو.

**بەڕێز شیرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارێت من هاتنە کرن و زۆر سوپاس و دووبارە ناکەم.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز شیرین حسنی، بەڕێز نەجیبە نجیبە لطیف، فەرموو.

**بەڕێز نجیبە لطیف احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆربەی پرسیارەکانی منیش کراوە پشتیوانی لە قسەکانی مامۆستا مەروان و کاك ابوبکر هەڵەدەنی و گەشە خان دەکەم، بەڵام چەند پرسیارێك کە پێموایە ئاڕاستە نەکراوە، بەڵام منیش زۆر جەخت لە سەر ئەوە دەکەمەوە کە کۆمسیۆن بتوانن ئەو متمانەیە بگەڕێنەوە بۆ خەڵکی بۆ هاوڵاتیان وە ئەوەی کە ئەرکی ئەوانە هەوڵ بدەن کە متمانەیێکی تەواو دروست بێت لای هاوڵاتیان بۆ ئەوەی ئەو رێژە کەمەی کە بەشداری هەبووە لە ماوەی رابردوو بەرز بکرێتەوە، پریسارێکم لە سەر ئەوەیە کە ئەو تۆمارەی کە باسیان لێ کرد بەڕێزان لە کۆمسیۆن دەستیان خۆش بێت ئیشی باشیان لە سەر تۆمارەکە کردووە بەڵام پرسیارەکەی من ئەوەیە چ گرەنتیەك هەیە بۆ ئەوەی ئەو تۆمارە بگاتە ناوەندەکان وە بگاتە بەردەستی دەنگدەران وە بەو تۆمارە نوێیە بە تەواوی دەنگدان بەو شێوازە بەڕێوەبچێت ئەوان گرەنیان چییە؟ پرسیارێکی تر بڕیارە لەو ماوەیە پێم وابێت رێژەکە (1400) فەرمانبەر دابمەزرێت لە کۆمسیۆن ئایا ئێوە گەیشتوونەتە کوێ لەو دامەزراندنە؟ وە چ پێوەرێکیان هەیە بۆ دامەزراندنی ئەو فەرمانبەرانە بۆ هەڵبژاردنەکان؟ پرسیارێکی ترم ئەوەیە ئایا هاوکاری لایەنە پەیوەندیدارەکان چۆنە لە گەڵ کۆمسیۆن وە پەرلەمان دەتوانێ چی بکات لەو نێوەندە و ئەرکی پەرلەمان چییە وە ئەوان داواکاریان چییە لە پەرلەمان کە هاوکاریان بێت بۆ بەڕێوەچوونی پرۆسەکە بە شێوەیەکی باش، پرسیارێکی تر دەنگدانی تایبەت قسەی زۆر لە سەر کرا بەڵام من بەتایبەتی جەخت لە سەر ئەنجومەنی ئاسایش دەکەم کە ئایا داتا و ژمارەی خۆیان داوەتە کۆمیسیۆن بۆ کارکردن لە سەری؟ وە دوو پێشنیاریش وەکو پێشنیار یا وەکو داواکاری بۆ کۆمیسیۆن خاڵی یەکەم جگە لە رەگەزنامە هیچ بەڵگەنامەیەکی تر بەکار نەهێنرێت بۆ دەنگدان بەراستی چونکە ئەوانی تر هەمووی قابیلی ئەوەیە خەڵکی تر بهێنرێتە ناوەوە و خەڵکی تر بۆی هەبێ دەنگ بدات کە هاوڵاتی

هەرێـم نەبیـت یـا خـود عێراقـی نەبێـت، پێشـنیاری دووەمـم ئەوەیە لە مـاوەی کۆتـایی دەنگدانەکە ماوەکە درێژ نەکرێتەوە بەڵکو ئەوان دەسەڵاتیان هەیە کەمی بکەنەوە جەخـت لەوە دەکەیـنەوە درێــژ نەکــرێتەوە وە دەســەڵاتی خۆیــان بەکــاربهێنن بــۆ ئەوەی ئەگەر پێویسـت بکـات مـاوەکە کـورت بکـرێتەوە بە تـایبەتی لە (9/30) کە کۆتـایەکەی دەکەوێـتە شەو کە رۆژگار کورت دەبێت ئەوە پرسیارەکانی من و زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە سێ چـوار کەس باسـیان کـرد، سـوپاس بـۆ بەڕێـز نجیبە لطیـف، داوا دەکەم تیکـرار نەمێنێت، چونکە بەراستی تیکراری زۆری تێدایە، خۆتانیش هەست بەوە دەکەن، بەڕێـز انـور قادر فەرموو.

**بەڕێز انور قادر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بەڕێزان لە ئەندامانی دەستەی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان و راپرسی روونکـردنەوەی باشـیان دا بەڵـام مـن پێمـوایە میکـانیزمی بـاش لەبەر دەسـت دا نیـیە بـۆ پـاککردنەوە و دڵنیایی، چونکە باشترین رێگە و بەڵگە پێموایە دەبـێ سەرژمێری گشـتی لەبەر دەسـت دا بێ کە ئەوە لە بەر دەست دا نییە وە ئەوان پشـت بە تۆمـاری دەنگدەران دەبەسـتن کە لە وەزارەتــی تیجــارییەوە بە دەســتیان گەیشــتووە بــۆ نمــونە مــردن بەردەوامە دەبــێ مردنەکـانیش لە لایەن لایەنی پەیوەندیـدارەوە بـۆ نمـونە لە وەزارەتـی صحە یـا لە رێگـای دادگاکانەوە بسـەلمێندرێت ئایـا تـا ئێسـتا ئەوان بەشـێوەیەکی بەردەوام ئەو مردنانەیـان بە شـێوەیەکی راسـت و دروسـت لە لایەن وەزارەتـی تیجـارییەوە پـێ گەیشـتووە؟ خـاڵێکی تـر ئەوەیە لە هەڵبژاردنەکان دا دەسەڵات انواع فشار و وەسیلەی نا شەرعی بەکـار هێنـاوە کە تا ئێستا نەیهێشتووە هەڵبژاردن پاك بێت ئاسایی بێت کە پێشـموایە دەبێـت بەردەوام بێـت گرفتە هەرە گەورەکە لێرەدایە، و سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز انور قادر، بەڕێز پەروا علی فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی حمە محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان دەکەم، زۆرێك لەو پرسیارانەی من هەمبـوو بەڕێـزان ئیشــارەتیان پێــدا پێویســت ناکــات دووبــارەی بــکەمەوە، مــن حەز دەکەم لە بەڕێزانــی کۆمسـیاران بپرسـم ئایـا گرفتەکـانی بەردەمتـان چین وە ئایـا هاوکـاری کـردن و بەدەنـگەوە هاتنی وەزارەتەکان بە تایبەتی وەزارەتی ناوخۆ و پێشمەرگە وەك پێویستە؟، چـونکە پێشـتر ئیشارەتتان پێدابوو وەك پێویست هاوکار نین وە ئایا تەدەخولاتی حیزبی و سیاسی تا چەنـد کاریگەری هەیە لە سەرتان؟ ئایا بڕواتان بە کارەکانی خۆتان هەیە کە متمانە بگەڕێننەوە بـۆ هاوڵاتیان و بـۆ دەنگدەران هەڵبەتە بە هـۆی ئەو کاریگەریـانە یـا ئەو تەدەخولاتـانەی کە لە سـەرتان دەبێـت، پرسـیارێکی تـر ئایـا هـیچ هەڵسـەنگاندنێکتان کـردووە بـۆ هەڵبژاردنەکـانی پێشـوو ئەگەر ئێـوەش نەتـان کردبێـت بە مەبەسـتی ئەوەی کە جەنابتـان نـوێن، بەڵـام لە راپرسـیدا دەوری ئێـوە هەبـوو بـۆ ئەوەی تـاوەکو خـاڵە لاواز و خـاڵە بەهێزەکـان بزانرێـت وە پرسیارەکانی ترم کران سەبارەت بەوەی کە بە چ یاساییێك هەڵبژاردنی کوردستان دەکرێـت، سـوپاس پشـتیوانی لە زۆرێـك لەو بەڕێـزانە دەکەم کـاك بـرزۆ گەشـە خـان تەلـار خـان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز پەروا علی، بەڕێز بێستون فائق فەرموو.

**بەڕێز بێستون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای بەخێرهاتنی بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیاران هەموومان دەزانین ئەمە یەکەم ئەزموونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی و هەڵبژاردنی گشتییە کە ئەم مەجلیسە بەڕێزە بەڕێوەی دەبات پێشتر ئەزموونێکی راپرسیان هەبووە کە راپرسی دەزانین بەراورد بە هەڵبژاردن کە کێبرکێ و نەوعیەتەکەی جیاوازە بە هیوام ئەم بەڕێزانە لەم هەڵبژاردنە دا بتوانن سەنگ و دەنگی حەقیقی هەموومان بۆ هەموو کیانە سیاسی و لایەنە سیاسیەکان لە کوردستان بگەڕێنەوە کە درێژایی ئەزمونی هەڵبژاردنەکانی لە هەرێمی کوردستان دا کەسمان خاوەنی حەجم و سەنگی حەقیقی نەبووین دوایین هەڵبژاردنیش ئەوەی عێراقە من قسەی هاوڕێکانم دووبارە ناکەمەوە بۆ ئەوەی ئیستیفادە لە کات بکەین، تەزویر ساختەکاری مۆتەکەی هەڵبژاردن و عەمەلیەی دیموکراسییە لە کورستان هیچ هەڵبژاردنێك بەوانەی کوردستان و بەوانەی عێراقیش کە لە کوردستان کراون نەبوون بەدەربن لە تانە و تەشەری ناخۆیی و تانە تەشەری ئەوانەی کە لە دەرەوش هاتوون و چاودێریان کردووین ئەم بەڕێزانە ئیتمینانی چی بە ئێمە وە لە رێگای ئێمەوە بۆ لایەن و کیانەکانمان و لەوێشەوە بۆ دەنگدەر بۆ خەڵکی کوردستان دەدەن کە بتوانن تەزویر لە هەر سێ مەرحەلەکەی هەڵبژاردندا بەرپێ بگرن مەرحەلەی یەکەم مەرحەلەی تۆماری دەنگدەرانە کە بەڕێزان بە وردی روونیان کردەوە بەڵام هێشتا پێویستی بە روونکردنەوەی زیاتر هەیە مەرحەلەی دووەمیش کە مەرحەلەی رۆژی هەڵبژاردنە و مەرحەلەیەکی گرنگە، ئەمان چی دەکەن بۆ ئەوەی تەزویر نەکرێت هاوڵاتییەك دەنگدەرێك ناوی تەنها لە تۆمارەکە دا هەیە و بە تەزکەرەیەك دێت و دەنگ دەدات ئایا ئەوان رێکار و رێ و شوێنی پێویستیان گرتۆتە بەر ئەی لە مەرحەلەی سێیەمدا مەرحەلەی کۆ کردنەوەی سندوقەکاندا و حەد و فەرز و نەتائیج راگەیاندن بەڕێزیان لەوەدا چیانکردووە کە بتوانن بەر بە ساختەکاری بگرن پرسیارێکی تایبەتیشم بۆ بەڕێز دکتۆرە رێزان لە مەسەلەی تۆماری دەنگدەراندا من چەند جارێك سی دییێکم بۆ نارد بە سوپاسەوە دەستەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەش سی دییەکانیان بۆ ناردن بە نوسراوی فەرمی ئەگەر هەڵە نەبم نزیکەی سەد هەزار زیاتر یا کەمتر ناوی دووبارەی دەنگدەری دانیشتووی سێ پارێزگاکەی کوردستان و پارێزگاکانی دەرەوەی کوردستانی تێدایە واتا ناوچە کوردستانییە کێشە لە سەرەکان من بۆ خۆم ناوێکم لە گەرمیان هەیە ناوێکیشم لە کەرکوك هەیە کە فۆرمەکەم گوازراوەتەوە بۆ ئەوێ لە ئینتیخاباتێکی بۆ نمونە لە عێراقدا من لە دوو شوێن ناوم هەبووە چییانکردووە بۆ ئەمە، لە سەر مەسەلەی هەڵبژارنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە حەقیقەت هاوڕێیان باسیان کرد من دووبارەی ناکەمەوە بەڵام ئەم هەڵبژاردنەی ئەم جارەی پارێزگاکان جیاوازە لەوانەی پێشوو کۆمەڵێك وردەکاری هەیە هەڵبژاردنی پێشووی پارێزگاکان تەنها هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان کرا قەزا و ناحیەکان نەکرا کە لە ئەسڵدا دەبێ ئەویش بکرێت ئێمە لەم پەرلەمانەدا بۆ موعالەجەیەکی کاتی هاتین بە قەرارێك بۆ ئەم جارەی رابردوو قەزا و ناحیەکان قائیم قام و مودیر ناحیەکانمان بە تەعین موعالەجە کرد بەڵام لە ئەسڵدا دەبێ ئەوانیش بکرێن واتا دەبێ هاوڵاتی لە یەك کاتدا لە پارێزگاکە دەنگ بۆ پارێزگا بدات ئەنجومەنی پارێزگا، ئەگەر هاوڵاتی قەزا بێ دەبێ بۆ قەزاکەی خۆشی و بۆ پارێگاش بدات، ئەگەر هاوڵاتی ناحیە بێ دەبێ بۆ ناحیەکەی خۆش و بۆ مەجلیسی موحافەزەکەش بدات بەو هەموو تەفاسیلەوە هیوادارم بەر چاومان روون بکەنەوە کە چۆنیان ئامادەکاری

کـردووه، ئـاخر قسەشـم پێشـنیارە بـۆ بەڕێزیـان کە مـن و هاوکـارم کـاك عـومەری حـاجی عینایەت لە ڕێگای سـەرۆکایەتی پەرلەمـان بە یاداشـت بۆمـان نـاردوون لە سـەر مەسـەلەی تەوقیتی بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ ئەم خولەی ئێمە کە لە ماوەکانی رابـردوو (21) ڕۆژ بـوو ئایـا ئەم جـارە مـاوەکەی چەنـدە؟ بە پێـی دیراسـەی ئـێمە ئەو مـاوەیە زۆرە لە نێـوانی ئینتیخابـاتی پەرلەمـانی عێـراق و پەرلەمـانی کوردسـتان ئەو سـێ چـوار مـانگەی مـاوە دیسانەوە بێین دەنگدەر لایەنە سیاسییەکان و کیانەکان بانگەشـە بکەن لە کاتێکدا خەڵکی کوردسـتان هەر لە ئێسـتاوە خـۆی یەکلا کـردۆتەوە و ئەزانـێ دەنـگ بە کـێ دەدات ئەو ماوەیە زۆرە، پێشنیاری دووەم لە سەر چۆنیەتی بانگەشە کردن کە ئەم بانگەشـە تەقلیـدییە هەڵواسینی پۆسـتەر و شـەڕی ئیعلامی و جادە گرتن و عـامود هەڵواسین ئەمـانە هیچـی باوی نەماوە من بە دیراسـە بۆتـان دەنێرم کاندیـدێك هیچیشی نەبێت لە شـارێك بـای ئەوە دەتـوانێ ئـیش بکات لە ڕێگەی تەریـقەی تـر بە دەسـت گەیشتن بە دەنگدەر واتـا جگە لە پۆستەر و ئەو شەڕە پەڕۆیەی لە بازاڕ و شـوێنە گشتییەکاندا هەیە تەریـقەی تـر زۆر بـاوترە دەنگـدەر وکیـانی سیاسـی دەتـوانێ لە ڕێـگەی ئەلکترۆنـی و تەلەفزیـۆن دەنگـی بگـات بە دەنگـدەر بـۆیە هیـوادارم موعـالەجەیەك بـۆ ئەمە بـکەن هەمـوو بـازاڕ و هەمـوو شـار و ناوچەکانمان ببن بە ببێتە رسم و پۆستەر و پەڕۆی کیان و کاندید، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز بێستون فائق، بەڕێز بەهار خان فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهـاتنی سـەرۆك و ئەنـدامانی کۆمسـیاران دەکەم، پێـنج پرسـیار ئاڕاسـتەی بەڕێزیـان دەکەم، سـەبارەت بە تۆمـاری دەنگـدەران دیـارە ئەو سێ ئیشکالەی کە هەیە سـەبارەت بە نـاوی دووبـارە و مـردوو و گومانـاوی بەڕێزیـان تەنهـا ئاماژەیـان بە (208000) نـاو کـرد کە ئیشکالات هەبێ کە جیگەی گومانە پـی دەچـێ ئەو (208000) سی هەزار و چل هەزاریـش نەمێنێـتەوە ئەگەر خەڵکێـك بـڕواتەوە ئەو پرسـیارەی ئاڕاسـتەی بەڕێزیـان دەکەم دیـارە بەو ئیعتیبارەی کە ئێمە وەکو لە پێشتر ئەنـدامی لیژنەی کۆمەڵی مەدەنـی بـووین زۆرێك لە ڕێکخراوەکـان کە کـاریگەری زۆریـان هەیە لە هەڵبژاردەکانـدا هەنـدێ ئاماریـان ئاڕاسـتەی بەڕێزانیـان کـردووە لە کۆمیسـیۆن تەنـانەت هەنـدێك ڕێکخـراو بە داتـا باسـی (900.000) دەکات کە لە ناوی دووبارە و مردوو و گوماناوی ئاڕاستەیان کراوە یەعنـی فەرقەکەی زۆرە چەنـدێك مامەڵەی جددیان لەگەڵ ئەو ڕاپۆرتـانە کـردووە کە ئاڕاستەیان کراوە وە چەنـدێك بەراوردکاری کراوە وە هەروەهـا سـەبارەت بە تۆمـاری دەنگـدەران مەسـەلەی ئاوارەکـان کە هەندێك لە هاوڕێیان ئاماژەیـان پێـدا کە بە بەڵـگەوە زۆرێـك لەو ئـاورانە پسـولەی خۆراکیـان بۆکراوە تەنانەت گەیشتۆتە سەر ئەوەی کە وەکو هاوڵاتی هەرێمی کوردستانیش هەنـدێك تەزکەرە و کۆمەڵێك شتی تریان بۆ دروست کـراوە، پرسیاری دووەمـم سـەبارەت بە بـودجە کە ئاماژەیان بەو بیست و نۆ ملیار و روبعەیان کرد زۆر جار لە ڕاپۆرتەکان و ئەو ئیشکالانەی کە دەبیسـتین لە کۆمسـیاران مەسـەلەی بـودجەیە ئایـا ئەو بـڕە تەواوی پێداویسـتییەکان دابین دەکات لە رووی هونەری و ئیداری و کارەکانیانەوە وە چەندێك ئەو ئیشکالە چارەسەر بووە یاخود چەندێك هەڵ دراوە بۆ چارەسەرکردنی، سەبارەت بە دامەزرانـدنی فەرمـانبەران بە چ پێوەرێـك فەرمـانبەر دامەزرێنـدراوە وە چەنـدێك تـا ئێسـتا دامەزراوە بە داتـا بۆمـان

بـخەنەڕوو وە ئەو پێـوەرانە چـین کە فەرمانبەریـان پـێ دانـاوە، سـەبارەت بە مەسـەلەی متمـانەی هاوڵـاتی و دەنگـدان، کۆمیسـیۆن ئامـاژەی بەوەدا کە هۆشـیاری هەڵبـژاردن ئەنجامدراوە، بەڵام ئەو رێکارانە چین ئەگەر بە خاڵ بۆمان دیاری بکەن گێرانەوەی متمانە چـونکە ئـێمە ئێسـتا دەزانـین لە هەرێمـی کوردسـتان قەیرانـی متمـانە لە لایەن هاوڵاتیـان یەکێکە لە قەیرانە قوڵەکان کە تا ئێستا هەڵبژاردنێکی بەداخەوە دەڵێم پاك لە هەرێمی کردستان ئەنجام نەدراوە تەنانەت لە چوارچێوەی عێراقیش تا ئەو رادەیەی کە لە دوایین هەڵبژاردن ساختەکاری بە ئەلکترۆنـی کـراوە کە ئەمە قەیرانـی متمانەی دروسـت کـردووە ئەو رێکارانەمان بۆ گێرانەوەی متنمانە بـۆ بخەنەڕوو کە دەیگرنەبەر، کۆتا پرسیارم بە پێی یاسای هەڵبژاردنەکان هەر ئەو رۆژەی هەڵبژاردنی پەرلەمان دەکرێت پێویستە هەڵبژاردنـی سـەرۆکایەتی هەرێمیش بکرێـت، چـۆن مامەڵە لە گەڵ ئەم یاسایە دەکرێـت ئەم پرسـیارە رووبەرووی پەرلەمـانیش دەبێتەوە سـەرۆکایەتی پەرلەمـانیش هەڵوێسـتی خۆیانمـان بـۆ دیاری بکەن چونکە راستە کۆمیسیۆن موئەسەسەیەکی مەعنیە بەڵام سەر بە پەرلەمانە لە ژێـر ئیشـرافی پەرلەمانـدایە، چـۆن مـامەڵە لەگەڵ ئەو یاسـایە بکرێـت لە کاتێکـدا تەنهـا هەڵبژاردنی پەرلەمان دیاری کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز بەهار عبدالرحمن، بەڕێز سرود سلیم، فەرموو.

**بەڕێز سرود سلیم متی یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشـەکی بەخێرهـاتنی ئەنجـومەنی کۆمسـیاران دەکەم هیـوادەکەم کە سـەرکەوتوو بـن لە ئیش و کارەکانیان، خاڵی یەکەم پرسیارم هەیە سەبارەت بە کورسییەکانی کۆتا ئێستا حـالی حـازر هەنگاوێـك هەیە لە پەرلەمـان کە یاسـای هەڵبـژاردن هەمـوار بکـرێتەوە، هەنگـاوەکە تایبەتە بە کورسییەکانی کۆتا کە بـریتییە لە زیـادکردنی کۆرسـییەك یـان زیـاتر بـۆ پێکهـاتەی ئێزیـدی هەروەهـا دانـانی میکـانیزمێکی گونجـاو بـۆ ئەوەی تایبەتمەنـدی ئەو کورسـیانە بپارێزین ئەو میکانیزمە رەنـگە تەفاسیلی تێدابی رەنـگە دیـاری کردنـی رۆژێکـی تـایبەت بـۆ دەنگدانی کۆتا، سندوقی تایبەت سـەنتەری تـایبەت، ئەو هەڵوێسـت و ئەو فکـرە بـۆ ئەوەی کەم و کورتە لە تەجروبەی هەڵبژاردنی عێراق لە (2018/5/12) دووبـارە نەبێتەوە، هەڵبەتە ئەنجومەنی کۆمسیاران ئاگادارن لە تەفصیلی ئەو هەنگاوە، بەتـایبەتیش کۆبـوونەوەیەکی گرنگیان هەبوو لەگەڵ دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ، باسی ئەو تەفاصـیلانە هەمـووی کــرا لەگەڵیــان، چــۆن مەترسـی هەیە لەســە کورســیەکانی کۆتــا؟ و چــۆن بیانپــارێزین؟ پرسـیارەکەم ئەوەیە ئەگەر ئـێمە سـەرکەوتوو بـووین لە هەمـوارکردنی یاسـای هەڵبـژاردن ئێوە وەك کۆمسیۆن، وەك ئامادەکارییەکان، یان وەك میکانیزم؟ دەتـوانن جێبەجێـی بـکەن لە خیلالی ئەو وەختەی کە مایە، ئەوە یەك، خـاڵی دووەم: پرسیار نییە، بەلآم مولاحەزەیە دەمەوی لێـرە بیلـێمەوە، پەرلەمـانی کوردسـتان بـریتییە لە (111) کورسـی، یـازدە کورسـی تەرخـان کـراون بـۆ پێکهاتەکـان، و سـەد کورسـیش بـابڵێین کورسـی گشـتینە، حـاڵی حـازر لە پەرلەمانەدا، بەداخەوە ئەوە نەبەیاسـا رێکخـراوە و یـانی قبـولە و مەمنـوع نییە، مەمنـوعە قبـول نیـیە، نـازانم کـو وەسـفی بـکەم، بەلآم حزبێـك هەیە، خـۆی تۆمـار کـردووە بـۆ ئەوەی

مونافەسەی بکات، لە سەد مەقعەدی گشتی و یازدە مەقعەدی کۆتا، یانی لە دوو جێگا مونافەسەی دەکا، ئەوە وای لێکرد کە لەسەدا پەنجای قەوارەکان یانی ئی پێکهاتەکانی کلدان و ئاشورین، ماشأا الله قەوارەکەمان زۆر زۆر تۆمار کراون، ئەوەش لە ئاخیرەکەی وای لی دەکات کە فعلەن موزاحەمەیەکی زۆر گەورە دەبێ، مونافەسەکی زۆر گەورە دەبی لەسەر کورسیەکانی کۆتا، ئەوە بەس مولاحەزەیە دەزانم وەختەکە کە هەر گونجاو نییە چارەسەر بکرێ، بەڵام تەنها مولاحەزە بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاك سرود، بەڕێز دکتۆرە زۆزان فەرموو.

**بەڕێز زۆزان صادق سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گەلەکا پرسیارا کری و هەڤالا کری یا دووبارە ناکەمەوە، دژ پرسیارەکا دەستپێکەم، لسەر تۆمارا دەنگدەرە، ژبلی کو ژێدەری وەزارەتا ئەمبژین تەندروستی ویا بازرگانی، مە چ ژێدەرەکی تر هەیە کو ئەو پشتبەستنی لسەر بکەن بۆ پاقژکرنا تۆمارا دەنگدەران، چونکە بەڵگەییت هەیە لسەر هەندی کو ئەویت مرم، خەلك چتن، یانی وانا اسباتێت کەن کو، بەس دیارە ئەو جیهەتێت ناڤا مەسح دکاتن، گەلەك رش نینن بۆ هەندی کو وان ناڤا مەسح بکەن، بچ میکانیزمەکا یاسایی هەبێتن دناڤبەرا، ئەم بیژین ئەو جیهەتی ناڤی مەسح دکات و ئەو خەلکێت ج ناڤی مری ژێت باتن، دڤێتن ئالیەتێك هەبێتن بۆ ئەو تۆمارا بهێتە پاقژکرنێ، دوو چ وان ئەو چ پەرلەمانێت دڤێتن، یانی چ پێشنیار هەنە بۆ پەرلەمان کو هاریکاریا بکەن بۆ هەندێك کو ئەو پرۆسە دێتە ئەنجام دانەکی سەرکەوتیتر ببیتن، وەکی ئەڤ تەجروبا هەنوکە لە عێراقی دووبارە بوی و دووبارە نەبێتەوە، پرسیارا سێی پێدڤیتی لە 7/7 مەرکەزی ڤە کرنا تۆمارا هاتبوە کرنێ، هەتا نوکە نەهاتینە کرنێ، نەهاتینە ڤەکرنی ڤەکەنگی ئەڤ مەرکەزی دهێنە کرنی و زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز دکتۆر زۆزان، بەڕێز زانا عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی ئەندامی کۆمسیاران دەکەم، بەراستی پرۆسەی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان لە ئێستادا ئێمە لەم ساڵەدا پرۆسەیەکی راپرسیمان کردووە، هەڵبژاردەی گەنجان دراوە، ئەوەی کە هەشە، ئێستا ئێمە لەبەردەم سی هەڵبژاردنی ترین، بەو پێیەی کە ئەمان پلانیان بۆ داناوە، هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەتەنها بکری و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بەتەنیا و هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێم جارێکی تر هەر بەتەنیا بکرێ، یانی ئێمە موشکیلەی قەیرانی داراییمان هەیە، ئەو کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکە بەرگەی ئینتخابات ناگرێ، یانی بیرتان نەچێت ئێمە لە نەتیجە و دەرەنجامی ئینتخاباتی ساڵی 1992پەلکێش بووین بۆ شەڕی نەگریسێکی ناوخۆ، کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکە ئامادە نییە هێزەکانی کوردستانیش، بەداخەوە یانی هەموو ئینتخاباتێك کۆمەڵێك هێز زۆر بە موصەری قسە لەسەر ئەوە دەکات کە تەزویر کراوە و غەشکراوە و ئەوانە، دوایش کە دێنە سەر ئەوەی کە دابەش کردنی کێکەکە قسەی خۆیان بیر ئەچێتەوە کە لە رابردوو لەگەڵ خەڵك کردوویانە، دێن لەگەڵ ئەو هێزانەی کە پێیان وابووە خەش و غەدریان لی کردوون بەشی ئەکەن و شەریکی دەستەڵات ئەبن، ئەوە نوکتەیەکە بەس لە هەرێمی

کوردستان هەیە، بۆیە پێم وایە کۆمیسیۆن ئێستا کە یەك تیمن ئەو تیمە قسەیان کرد کە بەشێك لە کاروباریان بە شێوەی باش بەرێوە بردووە، مەسەلەی تەزویر کاریان لەسەر کردووە، ئومێد ئەکەم کۆمیسیۆن لەبەردەم مەسولیەتی گەورەیە، نەك سبەینی لە دوای ئینیخابات ئەندامانی کۆمیسیاران هەریەکە رەئی بڵی و بۆچوونی جیاواز بڵی لەوەی ئێستا لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان هەیە بڵێن، پێم وایە کۆمەڵگەی کوردی لەوانەیە ئینتیخاباتی هەرێمی کوردستان وەکو ئەوەی بەغدا نەبی و کێشەی گەورە دروست بکات کە لەرابردوو ئێمە بە داخەوە تەجروبەی تاڵمان هەیە لەگەڵ نەتیجەی ئینتیخابات، شتی هەیە بۆ من جێگەی داخە بەراستی، وەکو ئەندامی پەرلەمان لە پەرلەمانی کوردستان کە سی ساڵی تەمەنی ئێمە لەسەر مەسەلەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لەو پەرلەمانی کوردستانە فەوتا، ئێستا کۆمیسیۆن یان پەرلەمانی کوردستان بە چ یاسایەك ئەوە قبوڵ ئەکات ئێمە وا بە ئاسانی مەسەلەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێم سڕ بکری و هەموو ئەندامانی پەرلەمان لێرە وەکو نازانم وەکو بێدەنگ و کەس گوێی پی نادات کە لە رابردوو زۆرترین موزایەدە لەسەر مەسەلەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کراوە، پەرلەمان ئێستا پەك خراوە، ئەو هەموو بەیت و بالۆرەی لەو پەرلەمانە کرا بۆ هەڵخڵەتاندن و چەواشە کردنی خەڵك ئەمرۆش ئاوا بێدەنگ لێیگەراوین، ئەگەر سەرۆکایەتی هەرێم وەکو دامەزراوە ئەوەندە بی کەڵکە و ئاساییە و هەرکاتی بمانەوەی رایگرین ئێمە ئەو شەرەمان بۆ لەسەر کرد؟ ئەو هەموو بودجەی بۆ بۆ تەرخان کراوە، ئەو هەموو قسە و بەزم و رەزمەی بۆ لەسەر کرا؟ بە رەئی من مەلەسەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم رەمزی هەرێمی کوردستانە، لە دوای ریفراندۆم هەندی شتمان لە دەست دا، ئێستا وردە وردە خەریکە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان هەموو تەسفیە ئەکەین، وای لی شتی نامێنی بە ناوی هەرێمی کوردستان، پەرلەمان پەك بخە، سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان سڕ بکە، سبینی حکومەتیش سڕ ئەکرێ، چی ئەمێنێتەوە؟ پێم سەیرە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، کۆمیسیۆن، سەرۆکایەتی پەرلەمان، حیزبەکانی کوردستان ئەو مەسەلانە وا بە ئاسانی قبوڵ ئەکەن، دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان گرنگە، ماڵ نیە لەسەر هیچ حیزبێکی سیاسی، حەق نیە هیزەکانی کوردستان بترسن، ئەبی هەڵبژاردن بکری لە کاتی خۆی بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، یەکێکە لە رەمزەکان، لە رووی یاساییشەوە گرفت دروست ئەبێ، تۆ بەس پەرلەمان و حکومەت بمێنی ئەی لەو بەینە کی هاوسەنگی راگری لە بەینی ئەو دوو دامەزراوەیە، بەراستی ئەگەر لێگەرێن ئەو شتە بروا فێل کردنە لە خەڵکی کوردستان و غەدر کردنە لە خوێنی شەهیدانی کودرستان، سوپاس.

**بەرێز جعفر ئێمنیکی ابراهیم – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مەدینە خان.

**بەرێز مەدینە ئەیوب احمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارا من ئەڤەیە دەربارەی وان فەرمانبەرێن گرێبەست هاتینە دامەزراندن نزیکی (1400) گرێبەستە، پرسیار ئەوەیە ئەو فەرمانبەرێت پلە مودیر عام و موەزەف هاتینە دامەزراندن بۆ کەرکووك و موسڵ نزیکی (12) کەسن، وی وەختی کەرکووك و موسڵ بن کۆنترۆلی هەرێما کوردستانا بی نوکە ئەڤ مودیر عامە و ئەڤ فەرمانبەرێت ماڵ خۆ رنشتینە مووچێت خۆ وەرگرن بۆچی ڤان فەرمانبەران نەهاتیە وەرگرتن، کۆمیسیۆنی گەلەك بەحسی کاری خۆ کر، بۆچی ئەو کێشە هەر چارەسەر نەکریە، ئەو (1400)

فەرمانبەرە ل سەر چ ئالیەت هاتیە دانان ، دیڤ شەهادی بوو یان دیڤ خیبرە، هەروەسا پرسیاری دووی دەربارەی دەنگدانی وان دەرڤی وڵاتێت دێکەن یان ناکەن، هەگەر دیکەن ل سەر چ میعیارەکە، چونکی ل سەر ئەساسی جنسیا عێراقیەت بیت گەلەك پرۆگرامێت هەی نشێن ل هەرێما کوردستانی داخل بن و دەنگی خۆ بدەن، پرسیار ئەڤەیە وان ئالیەتەك دۆزیە ئان نا، سوپاس.

**بەرێز جعفر ئێمنیکی ابراهیم – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو مامۆستا.

**بەرێز عبدالرحمن فارس عبدالرحمن:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان ئەکەین، قسەکان دووبارە ناکەمەوە، بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان هەر باسی هەڵبژاردن ئەکری یەکسەر وشەی ساختەکاری و تەزویر دێتە کایەوە، بۆیە دوو داواکاریم هەیە رەنگە بتوانین بە (50%) ری بەتەزویرەکان بگرین، یەکیان ئەکەوێتە سەر ئەستۆی ئەو بڕادەرانەی ئێستا لێرەن ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان ئەویش بریتیە لەوەی لە ژێر هیچ فشار و گوشارێك کاتی هەڵبژاردن تەوقیتەکەی درێژ نەکرێتەوە، دووەم، ئیل\قەی بە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانە، باس لە هەمواری هەلبژاردن ئەکرێ، ئەکری لە هەمواری یاسای هەڵبژاردن ئەوەی بۆ زیاد بکەین کە لەو شوێنانەی دەنگ ئەدری واتە لە بنکە و محەتەکان ئەو دەنگدانەی لەوی جیا ئەکرێتەوە هەر لەوی لەلایەن کۆمیسۆنەوە بەو تەعدیلە تەئکیدی لی بکەینەوە کە ئەو رێژەی دەنگدانە بە شێوازی فەرمی حیسابی بۆ بکرێ، سەندوقی دەنگدان لە قەزا و ناحیەکان نەهێندرێتە پارێزگاکانەوە کە پێم وابی بەشی لە تەزویرەکان لەو گۆرانکاری و بردنی سەندوقەکان ئەکرێ، خالێکی تر ئەوەیە نازانم ئەو کۆمیسیۆنە هیچ تەنسیقی هەیە لەگەڵ کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی بەغدا یان نا؟ چونکە ئەوان کارتی دەنگدانیان بەکارهێنا لە هەڵبژاردنەکان، ئایا ئەو کارتانەی بەکارهێنرا ئەوان هیچ سودیان لی ئەبینی یان کاری پی ناکرێ، خاڵێکی تر ئەوەیە هەر لەو هەولێرە لە یەکدوو بەیت باس لەوە کرا کە پێم وابی ژمارەیەك لە ئەندامانی کۆمیسۆنیش ئامادە بوون کە بە ئیعتیرافی خۆشیان کە (170) هەزار ناوی گۆماناوی هەیە، کە ئەڵێین گۆماناوی بە دووبارە و بە وەهمی کە تەمەنیان لە سەرووی (100) ساڵەوە و ئەوانەشی کە دووبارەن، ئێستا گوێمان لی بوو لەوەی کە رێژەکە بووە بە (208) هەزار، ئەکرا ئەو (208) هەزارە بە جۆری لە جۆرەکان پۆلێن بکرێ، یان ئەکرا ئەو راپۆرت و قسانەی ئەو بەرێزانە کردیان پێشتر بە راپۆرتێك ئاراستەی پەرلەمانتاران بکرایە بۆ ئەوەی تەفاسیل و وردەکاری لای ئێمە هەبوایە، قسەکان دووبارە ناکەمەوە، پشتیوانی قسەکانی کاك (بێستون) ئەکەم بۆ شێوازی هەڵبژاردنەکان کە ئیتر باوی ئەوە نەماوەبەو شێواز و میکانیزمەی ساڵانی رابردوو کراوە و دووبارە ئەکرێتەوە، سوپاس.

**بەرێز جعفر ئێمنیکی ابراهیم – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو شکریە خان.

**بەرێز شکریە اسماعیل مصطفی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێرای بەخێرهاتنی دەستەی کۆمیسیۆن ئەمەوی بیریان بهێنمەوە ئەوان لە بەردەم بەرپرسیاریەتی نیشتیمانی و نەتەوەی و ئەخلاقی و ئاینی دان، ئێمە متمانەمان بە ئەوان دا و متمانەشمان پێیان هەیە، پێمان وایە لە ئاست ئەو بەرپرسیاریەتە دان، ئەمەوی ئەوە بڵێم دیارە لە ساڵانی رابردوو ئەزموونی زۆر تاڵمان هەیە لەگەڵ هەڵبژاردنەکان، هەرجاری

به شێواز و میکانیزمی جیاواز ساختەکاری  کراوە، ئایا کۆمیسیاران چۆن ئەتوانن ئێمە و دەنگدەران دڵنیا بکەنەوە لەوەی جارێکی تر میکانیزم و شێوازی جیاوازتر لە جاران نایەتە ئاراوە بۆ ساختەکاری، سەبارەت بە ناوی دووبارە دیارە لە جارانی رابردوو تەکتیکی زۆر سەیر کرابوو، لە هەندی شوێن ئەکیدم کردەوە بۆ نموونە ناوێك هاتبوو یەك حەرفی لی گۆرابوو، (نەغمە، نەجیمە، نەعیمە)، یان (سافیە، سەفی) ئەوە یەك کەس بوو بەڵام ناوی یەکەمی تەنیا یەك حەرفی لی گۆرابوو، ئەوەش چارەسەر کراوە لە لیستی دەنگدەران؟ پێشنیار ئەکەم لە جارانی رابردوو لە هەر قوتابخانەیەك یان بنکەیەك سوود لە چەند هۆڵێکی بچووك وەرئەگیرا، بەڵام ئەمجارە ئەگەر هۆڵێکی گەورە بی لایەنە سیاسیەکان نوێنەریان ئەبی و لە هەمان کاتیش ئاسانکاری زۆر ئەبێ، ئەکری چەند ئەوەی دەنگدان لەو هۆڵە دابنری بۆ ئەوەی سیاسیەکان ئەوەیان هەبێ، سەبارەت بە وەزارەتی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنی ئاسایش ئایا ئەوان چەند هاوری بوونە لەگەڵ ئەو پێشنیارەی ئەوا کە تەنیا ئەو کەسانەی لە دەوامن تەنیا ئەوان لە دەنگدانی تایبەت بەشدار بن، ئەگەر هاورا نەبووینە قەناعەت پێهێنانی ئەوان زۆر زەرورە و چونکە پێمان وایە ئەوە ساختەکاری کەمتر ئەکاتەوە، پیشنیار ئەکەم جگە لە رەگەزنامە هیچ شتێکی تر قبوڵ نەکری لە دەنگدان، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئێمنیکی ابراهیم – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆرە پەری.

**بەڕێز پەری صالح حمید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشێکی لە قسەکانم وەڵامەکانیم وەرگرت، پرسیاری من، لەکاتی هەڵبژاردن بە تایبەتی رۆژی دەنگدان لە زۆربەی شار و قەزا و ناحیەکانی فەرمانگەی باری شارستانی ئەگوێزرێتەوە نێو بارەگا حیزبیەکان بۆ مەبەستی دروست کردنی ناسنامەی ساختە، لەوە چ دەستەڵاتیان هەیە؟ دووپاتی ئەکەوە هەرچەندە زۆر ئەو پرسیارە کرایە دانیشتوانی ئێران و تورکیا ماوەیەك پێش هەڵبژاردن لە شارەکانی کوردستان بە بەڵگەوە لامە خزمەتی باش ئەکرێن و پارەی باشیان پی ئەدری زۆربەیان عەرەبن کەچی ناسنامەی کوردستانیان درایتی و بە شانازیەوە ئەو لایەنەی دەنگی پی ئەدەن بە ئاشکرا باسی ئەکەن، پشتیوانی لە قسەکانی (گەشە خان، کاك بێستون) ئەکەم لە ناو وڵاتان ئێستا تەنیا کاندید ناوی خۆی لە فرۆکەیەك یان چوکلێتێك ئەنوسی و ئەیداتە هاووڵاتیان، لە کۆتایی ئەڵێم بەرێوەچوونی ئەو پرۆسەیە بە شێوازی دروست و دادپەروەرانە بەشی شێری لە ئەستۆی ئێوە دایە لە دونیا و قیامەت، هیوادارین لە هەر شوێنی درکتان بە دزی کاری کرد لەبەر ئەو سوێندەی یاساییەی لەو هۆڵە خواردتان رێگر بن و بی دەنگ نەبن، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئێمنیکی ابراهیم – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆرە جوان.

**بەڕێز جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی میوانەکان ئەکەم، هیوادارم سەرکەوت و بن، لەو نەهامەتیەی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان لێی ئەژین لە بی مووچەیی، ئەبینین مووچە چۆن ئەدرێ، بوویتە

مووژده، هەموو رۆژ لە دووی ئەوەن، لەجیاتی لە دووی ئیبداع و شت بین لە دوو ئەوەین کەینی ئاو دێ، کەینی کارەبا و مۆلیدە ئەگۆردرێ، کەینی مووچە ئەدرێ، لەسەر ئەو نەهامەتیەش هاووڵاتی هەرێمی کوردستان حیزبەکان بێن ساختەکاری لە دەنگی هاووڵاتی بکەن نەهێڵن قیادەیەکی باش بێتە سەر دەوڵەت کە لەو ئەزمانە دەریان بێنی ئەوە زۆر نەهامەتیە، کو وابکەین پەرلەمان و کۆمیسیۆن هەر هاووڵاتیەکی لە هەرێمی کوردستان بەرامبەر ئەو حیزبانە هەموویان ساختەکاری ئەکات، بەرامبەر وا نیە زۆربەی، حەز ئەکەی لە حوکم بمێنێ، ئەو ساختەکاریەی کرا لە هەڵبژاردنی عێراقی رابردوو ئەوە تۆمەتە؟ ساختەکاری کراوە........

**بەرێز جعفر ئێمنیکی ابراهیم – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

نابی تۆمەت دروست بکەی، ئەوە تۆمەتە.

**بەرێز جوان اسماعیل:**

.......بەگوێرەی پەیرەو حورم هەر قسەیەك بکەم، نەموت فڵان حیزب، وتم هەموویان، ساختەکاری کرایە، ئەبی ئەو نەهامەتیە نەهێلین، زەمان چیە کە دکتۆر هاورامان و کاك ئاری باسیان کرد زەمان چیە نەهێلین ئەو حیزبانە ساختەکاری بکەن بەرامبەر حەقی هاووڵاتیان؟ پرسیار ترم، چ کراوە دەبارەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا؟ مولاحەزاتیشم هەبوو، بەرێزیان کاك هەندرێن و خوشکە رێزان باسیان کرد، هەندی پرسیاری تریش برادەران باسیان کرد، سوپاس.

**بەرێز جعفر ئێمنیکی ابراهیم – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو ئەبو کاروان.

**بەرێز عبدالرحمن فارس عبدالرحمن:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی برادەرانی کۆمیسیۆن ئەکەم، پرسیارم کرا نامەوی دووبارەی بکەمەوە، بەڵام روون کردنەوەکەیان بە بروای من نەیتوانی قەناعەتم پی بکات تۆماری دەنگدەران بە تەواوی پاکراوەتەوە، سەختەکاریش ناکرێ، سوپاس.

**بەرێز جعفر ئێمنیکی ابراهیم – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عەلی.

**بەرێز علی علی هالۆ:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی ستافی کۆمسیۆن ئەکەم، دەست خۆشی لە کاریان ئەکەم، چار پرسیار هەی، پرسیاری ئێکی ژمارەکا زۆریا مریار لە فەرمانگەهی خارنی تا ئێستا نەهاتیە رەش کرن، ئەڤە ئەدیلە بێژم، هەندەك زیاتر (10)ساڵە مریە کەس و کارێن وان مراجەعا ناکن و ناڤێن وان نایەنە رەش کرن، ئایا کۆمیسیۆنی چ گەرەنتیەك وەرگرتیە ژ وەزارەتا بازرگانی پەسولە خارنی پاقژ بکات؟ چونکە ئەڤە چەندین ساڵە ئەڤ دیاردە تیکرار دبیتن، پرسیاری دوێ، سەدان خەلکی مریە ناڤێن وان تانوکە رەش نەکریە، ئازوقێن وان وەردگرن، ئایا وەخت نەهاتیە بریارەك دەرکەڤی هەرکەس بمری ماوەی (3) هەیڤ کەس و کارێت وی مراجەعا دەزگایەت پەیوەندیدار بکات و ناڤێن وان بێنە رەش کرن، ئەگەر نەهێنە رەش کرن سزایەن یاسایی دژوار دێنە وەرگرتن، داکۆ ڤی کێشە رزگار بین، چونکە ل هەمی هەڵبژاردنا بابەتی مریە دبیتە بابەتەکی گەرم، هەمی لایەن ئێك و دوو خەتابار دکەن و کۆمیسیۆنی ژی پی ئیتیهام دکەن، پرسیارا سی ئەڤە چەندین ساڵە ئیحتیماڵە سنورەکی دا، خەلکەکی دا

راگواستن سنوری ناحیا و سەنتەری محافەزی تانوکە ناڤێت وان ل دەنگدانی وان مەرکەزی بەری نوکەیە، ئایا کۆمیسیۆنی ڤی جاری پەنگاڤەك هاڤێتیە ئەڤ بابەتە تیکرار نەبیتەڤە، چونکە ئەبیتە بارگرانیەك بۆ هاوولاتیە، پرسیارا چارێ، هەمی هەڵبژارنەکی ئەو فەرمانبەری سەر سەندوقا گەلەك کەموکوری پێڤە دیارە، وەکی پێویست ناهێنە تەدریب دان، ئایا ڤی جاری کۆمیسیۆنی چ ئالیەتەك دانا بۆ پتر چی کرنا ئەو کارمەندێ، سوپاس.

**بەرێز جعفر ئێمنیکی ابراهیم – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو فەیرۆز خان.

**بەرێز فیروز طه عبدالخالق:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی ستافی کۆمیسیۆن ئەکەم، چەند پرسیارەکم هەیە، روون کردنەوا دەستی وەڵام بوون، دەست خۆشیی دکەم بۆ کاری وان کری، تنی من پرسیارەکا مای دگەل پێشنیارەکی، پرسیار، ل سالا (1974) ی و (1975) ئی تەرحیل دەست پی کر ل مەخمور و شنگال و زومار بۆ هەڤلێر و دهۆکێ، ل وەختی هەتانوکە ئەو خەلکی نیشتەجی کوردستانی بوونە ل هەڤلێری و دهۆکێ، ل سالا (2010) و ل دیڤ مادا (140) (11) هەزار عایلە ل دهۆکی و (14) هەزار عایلە ل هەڤلێری ل دیڤ فۆرما خۆراکی ڤەگواستن بۆ میسڵ، یەعنی ئێستا بیتاقەت وان میسلە، بەس ژیانا وان نیشتەجێت هەرێما کوردستانێیە، پرسیارا من لێرەیە، مەسیری ڤانا چیە؟ دشێت دەنگی بدەن لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی یان تشتەك بۆ هاتیە کرن، یان محروم بن ل دەنگدانێ، پێشنیارا من کاك عەلی بەحس کر، پێشنیار دکەم وی وەختی مای کو هەیڤ و نیڤێت مای کو هەندەك خولی راهێنانی بێنە ڤەکرن، راستی دێنە ڤەکرن، بەس ئیحتیمالە ڤی ئاستی مەتلوب نەبی، سوپاس.

**بەرێز جعفر ئێمنیکی ابراهیم – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو مامۆستا حەسەن، ئامادە نییە، فەرموو حاجی کاروان.

**بەرێز کنعان نجم الدین/ حاجی کاروان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی ئەو میوانە بەرێزانە ئەکەم، ئەبوایە پێشی ئەوان بێن ئەو راپۆرتەی خوێندیانەوە بە قسە لەبەر دەستمان بووایە، بەڵام لێیان خۆش ئەبین بەس واباشە خیلالی ئەو حەفتە لەبەر دەستی ئەندامانی پەرلەمان بێ، بۆیە داوایان لی ئەکەین ئەو راپۆرتە خیلالی ئەو هەفتە بە دەستمان بگات بۆ ئەوەی پرسیار و جوابەکانمان لابێ، دوو، زەمانەتی پاراستنی ئەو سەندوقانەی لە دوای ئێوارە هەیە؟ بینیمان بەس ئەمرۆ لە سلێمانی زیاتر لە (60) سەندوق سەرەکەی شکاوە و قفڵی گۆراوە، مەبەستم ئەوەیە هەمان غەڵەت دووبارە بێتەوە زۆر خراپ ئەبێ، بۆیە زەمانی پاراستنی ئەو سەندوقانە لە شوێنی خۆی یان شوێنێکی تر ژ زەمانێك هەیە دەستکاری نەکرێ، خاڵێکی تر، چیان کردووە بۆ ئەوەی لە دوای هەموو هەڵبژاردنێك، لە دوای سەعات (3 و 4) وە دەست بە ناونووسین ئەکەن، ئەوانەی دەنگ ئەدەن و ناویان نیە رێیان ئەدەن ناو بنووسری لە پشتی لە قاغەزێکی سپی، ئەوە بە بریار ئەبێ، ئەبی برادەرانی کۆمیسیۆن بریارێك بدەن بە هیچ شێوەیەك ناونووسین نەکرێن چونکە زۆربەی تەزویرەکان لەو کاتانە ئەکرێ، خاڵی تر ئەوەیە باسیان کرد 0100 بۆ 200 هەزار دەنگیان پاك کردۆتەوە لە تۆماری دەنگدەران، هیوادارم بەرێز کاك ( هەندرێن) یان هەر بەرێزێکی تر یەك ژمارە سەریحمان بداتێ، چونکە بە پێی بەعزی رێکخراو و حیزب باسی (900) هەزار ئەکەن، ئایا موبالەغەیە یان راستە؟

هەندی باسی (400 و 600) هەزار ئەکەن، ئەو ژمارەی دووبارەن، مردوون، رۆژئاوان، ئەنوەع دووبارەی تێدایە، ژمارەکەی چەندە؟ ئەوان باسی پاکردنەوە ئەکەن، باسی ئەو ژمارەیە ئەکەن کە دەرهێندراوە، بەڵام ژمارە ئەسلیەکە چەندە، ژمارەیەکی تەقریبیش بی هەر باشە، یەك نوقتەی تر ئەوەیە خەڵکی تر ئەوەی لە جیاتی خەڵك دی دەنگ ئەدات، بۆ نموونە لە (20%) لە بنکەیەك دەنگدراوەن (80%) ماوە، لەوانەیە لە هەندی بنکە نوێنەری ئەحزابی هەر لی نەبێ، بەتایبەتی لە دەرەوەی شار، چ زەمان هەیە ئەو وەرەقانە پڕ نەکرێتەوە؟ ئێستا ئەو کارتە نیشتیمانیەی کە لە کۆمیسیۆنی عێراق کرا ئەوە ببێتە بەڵگەیەك کە بە دەستیانەوە بێ، رەسمی پێوەیە، عەل عەقەل ری لە تەزویرێك ئەگرێ، دوو، مەسەلەی فۆرمی بایەعیە، کاك هەندرێن باسی ئەو وەرەقەی کرد کە تایبەتمەندی هەیە، ئەوەی دەنگی لەسەر ئەدرێ، یەعنی کەئەنەما لێرە تەبع ناکرێ، ئایا ئەو وەرەقەیە لێرە تەبع کراوە؟ یان لە سویسرا تەع کراوە کە پارەی لی تەبع ئەکری کە ناتوانری تەزویر بکرێ، من ناوی مەتبەعەکە بۆ جەنابت دێنم وەکو سەرۆکی پەرلەمان، ئەو وەرەقانەی ئینتیخاباتی عێراقی لێکرا هەمان ئەو مەتبەعەیە لێرە تەبعی کرا و پارەیەکی زۆریشی ورگرت و هەمان ئەو وەرەقانەی حکومەتی عێراقی هێنای، بۆیە چ زەمانێك هەیە ئەو وەرەقانە هەمان وەرەقەی ئێستا کە حازر نەبێ، یان مەسەلەن ئایا بە ژمارە هەر لای ئەوانە، یان ئەو وەرەقانە لێرە ئەتوانن تەبعی بکەن و جێی مەترسیە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئێمنیکی ابراهیم – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەو زانیاریانە بدەن بە کۆمیسیۆن بۆ ئەوەی رێگا بگیرێت بە هەموو تەزویرێکن فەرموو کاك ئایدن.

**بەڕێز ئایدن مەعروف سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی برادەرانی کۆمیسیۆن ئەکەین، دەست خۆشی لە کۆمیسیۆن ئەکەین بۆ ئامادە کردنی ئەو راپۆرتە، دیارە لە راپۆرتەکە کۆمیسیۆن ئامادەکاری تەواوی کردووە و ئەتوانی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان لە کاتی خۆی بکات، ئەوەش لە رووی تەکنیکی زۆر باشە، گرنگ ئەوەیە رەوشی سیاسیە، کە ئەزانین ئێستا رەوشی سیاسی ناوچەکە ئیستیقراری تێدا نیە، پەیوەندی نێوان لایەنە سیاسیەکانی هەرێم لە ئاستی خراپە، هەروەها بی متمانەیی هەڵك بەرامبەر هەڵبژاردنەکانی رابردوو، بە تایبەتی هەڵبژاردنەکانی (12-5) ی پەرلەمانی عێراق کە خراپترین هەڵبژاردن بوو لە مێژووی عێراق، ئەوانە راستوخۆ کاریگەری لە کارەکانی کۆمیسیۆن دروست ئەکات، دوو پرسیارم هەیە، یەکیان لە ژێر ئەو رەوشە ئەتوانری هەڵبژاردنی شەفاف بکرێ؟ دوو، برای بەرێز دکتۆر (سرود) باسی کرد و پشتیوانی لی ئەکەم، پرسیاری تر، لە هەڵبژاردنەکانی رابردوو دەست تێوەردانی زۆر کرا لە کاروباری پێکهاتەکان، ئەوە کاریگەری خراپی دروست کرد،لە ئێستادا چەندەها لیست و قەوارە دروست کراوە بۆ ئەو مەبەستە، ئایا ئەتوانری بۆ کەمکردنەوەی دەست تێوەردان؟ سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئێمنیکی ابراهیم – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عەلی.

**بەڕێز عەلی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی میوانە بەرێزەکان ئەکەم، من چەند پرسیار و سەرنجم هەیە، سەبارەت بە میکانیزمی جیاکردنەوەی دەنگدەر کاك هەندرێن) باسی کرد کە هەر لە بنکە و وێزگەکان

جیائەکرێتەوە، بەڵام ئایا ئەوە وەکو ئەوەی پێشوو وەسلێك ئەدەن و ئەبی بە نەتیجەی کۆتایی، بۆ نموونە وەك ئەڵمانیا کاتژمێرێك دوای هەڵبژاردن ئەوانە ئەبی بە نەتیجەی کۆتایی و ئەوەش گرنگە ببی بە نەتیجەی کۆتایین چونکە نوێنەری لایەنەکان لەوێن، تەسدیق ئەکرێ، موەزەفی کۆمیسیۆن لەوێیە، دیسان ئەژمار کردن بکرێتەوە و هەموو سەندوقەکان بگوازنەوە بەشی لە کێشەکانی کوردستان لە هەڵبژاردن لەو وێزگە دەستی پی کردووە، هیوادارم ئەوە بە روونی جواب بدەنەوە، خاڵی تر، وەکو پرسیار ئاراستەی کۆمیسیۆنی ئەکەم، ناکری بۆ نموونە (30-9) هەڵبژاردن بکەین، دوای (3) مانگی تر دیسان هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا بکەین، هەم کولفەی ماددی، هەم تاقەتی خەڵك و نوێنەری لایەنەکان، ئایا ئێوە چیتان پێویستە بۆ ئەوەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و هەڵبژاردنی پەرلەمان پێکەوە بکرێ، سەبارەت بە سەرۆکایەتی هەرێم بابەتەکە خۆ لالێدان نەبووە، ئێمە هەر لە سەرەتاوە قەناعەتمان وابووە سەرۆکی هەرێم لەگەڵ ئەوە نەبووین لە ناو خەڵك هەڵبژێردرێ، نە لە (2009) کاندیدمان هەبووە، نە باوەریشمان پی بووە، لایەنەکانی تریش کاندیدیان نەبووە، باوەرمان وایە زۆر موناقەشەمان لەسەر دەستەڵاتەکانیانە، زۆرن، لەگەڵ ئەوە نەبووین، ئێستا دۆخێك دروست بووە و بۆمان بروا پرۆژەی سیاسی ترمان ئەبی و لە ئایندە کاك برزۆش باسی کرد تەقدیمی ئەکەین لەو بارەوە، حیکمەت لە (8) ئێوارە تا (8) شەو چیە؟ پێم وایە (8) ی بەیانی بۆ (8) ی شەو لەو کاتە بەرەو دونیا تاریك بوون و شەو ئەروا، ئەگەر (7) ی بەیانی بۆ (6) ی ئێوارە بی و وادەی درێژکردنەوەش لە دونیا نوێیە تۆ بیر بکەوە یەکی (11) سەعات نەچی بۆ دەنگدان، تەسەور ئەکەی دوای (11) سەعات بروا؟ ئەوە جیهاز و پەنجەمۆریش نیە بڵێین کاتی ئەوێ، پێم وایە ئەگەر (7) ی بەیانی بۆ (6) ئێوارە بی و کاتژمێرێکیش دابنری بۆ جیاکردنەوەی دەنگەکان لە بنکە و وێستگەکان و بکری بە نەتیجەی کۆتایی، بە سیستەمێکیش بنێدرێتەوە بۆ مەرکەز وەکو ئەوەی لە تورکیا ئەبینین، هەر ئەو شەوە نەتیجەکە ئیعلان ئەکری و کۆتایی بە گرفتەکان دێ، بابەتێکی تر زۆر گرنگە، عێراق بە داخەوە تووشی بی متمانەیی زۆر بووە لە ئینتیخابات، وێنەیەکی رەشی بۆ دروست بووە لە دونیای دەرەوە، گرنگە ئەو لەحزە بکەین بە لەحزەی تاریخی نموونەیەکی جوانی دیموکراتی پێکەش بکەین لە کوردستان، هەم سومعەیە بۆ کوردستان، هەمو ئەم کۆمیسیۆنە بەرێزەش کە یەکەمجارە متمانە، خەڵك تەواو متمانەی نەماوە، یەك نموونەی بەسیتان بۆ باس ئەکەم، ئەمرۆ کە دەنگەکان گوایە جیا ئەکرێتەوە لە سلێمانی رێگا نادەن بریکاری لایەنەکان چاودێری بکەن، (20) تیم ئیش ئەکات، وتوویانە نوێنەری هەر لایەنێك یەك کەس بێت ئەویش لە دووری (100) مەترەوە بۆی هەیە سەیر بکات، هەر نەکری و بکری وەکو یەك وایە، ئەو کۆمیسیۆنە لە بەردەم مەسئولیەتی تەئریخی دایە، ئاخیر خاڵ کە قانوونیشی ئەوی ئەزانم، بەڵام ئامادەکاری کۆمیسیۆنیش ئەوێ، دەنگدانی تایبەت، چ حیکمەتێك لەوەیە (48) کاتژمێر پێش دەنگدانی گشتی دەنگدانی تایبەت ئەنجام بدرێ، بۆ لە هەمان رۆژ نیە؟ لە واجبدان؟ ئەکری بەشێکی بەیانی دەنگ بدات، بەشێکی ئیوارەکەی، تۆ (48) سەعات سەندوق ئەهێلیتەوە و جیای ناکەیتەوە، ئەوەی تر جیا ئەکرێتەوە، ئەوە بۆ شتی ترمان ئەبات، ئەگەر قانونی هەموومان بە تەوافوق و هەرچی ناو ئەنێن قانونەکە تەعدیل بکەین لە هەمان رۆژ بکرێ، چونکە بەشێکی تری کێشەکانی کوردستان لە هەڵبژاردن ئەوەیە، دوا کۆتام ئەوەیە، ئەو کۆمیسیۆنە جێگەی ئومێدە لای ئێمە و خەڵك، هیوادارم بۆ ئومێدمان نەکەن، چونکە بی ئومێد بوون لەو کۆمیسیۆن و هەڵبژاردنە دڵنیا بن ئاشتی لە کوردستان بەرەوە تێکچوون ئەچێ، تاکە نەفەسێك مابی ئینتیخاباتە، خەڵك باوەری بە ئینتیخاباتیش نەمێنی بیرکەرەوە پەنا بۆچی ئەبات، بۆیە مەسولیەتی مێژووییە

بۆ ئێوە ئاستی کۆمەڵایەتی و پرۆسەی دیموکراسی لە دەستی ئێوەدایە تا رادەیەکی زۆر، ئێمەش هاوکار بین هیوادارم، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیمنیکی ابراهیم-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو مریم خان.

**بەڕێز مریم صمد عبدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان ئەکەم، من هاورام لەگەڵ قسەی هاوڕێیانم کاك قادر و دکتۆرە ڕێواس و گەشە خان و کاك زانا و مامۆستا هاورامان و بەشێکی زۆری ئەو بەڕێزانە، چەند پرسیارێکم هەیە بە کورتی باسیان ئەکەم، ڕێزان خان باسی لە پاکردنەوەی تۆماری دەنگدەران کرد، ئەکری پێمان بڵێن لە کۆی (28445) ناو کە سڕاوەتەوە لەو ژمارەیە ڕێژەی مردووان چەندە؟ ژمارەی دەنگی دووبارە چەندە؟ ژمارەی ناوی وەهمی چەند بوو، بەڕێزیان وتی ئەکری ناوێکمان دەرهێنابی مردوو یان دووبارە نەبێ، واتە هەڵەمان کردبێ، ئایا بە چ پێوەرێك هەولی پاکردنەوەی تۆماری دەنگدەرانتان داوە بی بوونی دڵنیایی تەواو، ئایا داواتان لە وەزارەتی تەندورستی کردووە کە ناوی ئەو هاووڵاتیانەتان بۆ بنیری کەو لە ژیان نەماون لە کاتێکدا ئێوە دامەزراوەی تایبەتمەندن، ئەکری ئەو داتایەتان لابێ؟ پرسیاری ترم بەپێی ماددەی (59) لە یاسای هەڵبژاردن هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان ئەوانەی لە دەرەوەی عێراقن مافی بەشدار بوونی دەنگدانیان هەیە، ئایا کۆمیسیۆن تا چەند ئیشی بۆ ئەوە کردووە، ئایا ئامادەکاری کردووە؟ پرسیاری ترم، بەرپرسی وێستگەکانی دەنگدان لە رابردوو ئەگەر کەسی نزیك لەگەڵ دەنگدەری نەخوێندەوار نەبوو ئەوان دەنگیان لە جێی داوە و دەستەڵاتی خۆیان بەکارهێناوە، ئێوە چۆن بە ماددەیەکی پەیرەوی ئەوە چارەسەر ئەکەن کە بە داخەوە ئەزموونی تاڵە، باسی ئەوەتان کرد سوودتان وەرگرتووە لە داتاکانی کۆمیسیۆنی عێۆاق و وەزارەتی بازرگانین پرسیار ئەوەیە تا چەند هەماهەنگی هەیە لە نێوان کۆمیسیۆنی هەرێم و عێراق، ئایا ئامادەن بۆ هاوکاری کردنی کۆمیسیۆنی هەرێم؟ پرسیاری ترم، زۆر لە بەرێزان وتیان و منیش ئەمەوی دووبارەی بکەمەوە، پلان چیە بۆ کۆنترۆڵ کردنی پرۆسەی دەنگدان بۆ ئەوەی پرۆسەی هەڵبژاردن بەپێی ڕێنماییەکان بەرێوە بچێ، بۆ ئەوەی کۆمەڵە کەسی بە ئارەزووی خۆیان نەچن کارتی دەنگدان لە بری خەلکی تر دەنگ بدەن، کۆمیسیۆن چۆن ئەتوانی متمانە ببەخشێتەوە بە هاووڵاتیان وەك ئەوەی زۆر لە بەرێزان باسیان کرد بی متمانەیی دروست بووە، لە کۆتایی ئەڵێم مادام ئێمە بە قانوون کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنمان هەیە هیوادارین ئەو کۆمیسیۆنە ببێتە جێگەی متمانەی هەموو قەوارە سیاسی و هاووڵاتیان، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئێمنیکی ابراهیم – جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ڤەمان، ئامادە نیە، فەرموو کاك فەرحان.

**بەڕێز فەرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان ئەکەم، کە ئامادە بوونە، بۆ ئەوەی روون کردنەوەی پێویست پێشکەشی ئەندامان و خەڵکی کوردستان بکەن، ئەو پرسیارانەی هەمان بوو زۆریان لەلایەن هاورێیانەوە کران، منیش پرسیارم ئەوەیە کۆمیسیۆن وەکو ئەزموونی یەکەمی گرنگ ئەوەیە بۆ خەڵکی کوردستان و بۆ خۆشیان و ئەو بارودۆخەی ئێستاش بتوانن هەڵبژاردنێك پێشکەشی خەڵکی کوردستان بکەن ببێتە جێی متمانەی هەموو خەڵکی کوردستان و لایەنە سیاسیەکانیش، بۆ ئەوەی وەکو کۆمیسیۆنی عێراقی لی نەیت

و دواتـر بكەوێـتە ژێـر گومـان، هیـوادارین كۆمیسـیۆنی ئـێمە لەو ئاسـتە بـی بتـوانی ئەو هەڵبژاردنە پێشكەشی خەڵكی كوردستان بكات، چونكە لەگەڵ ئەوەین هەڵبژاردنێكی پاك و خاوێن بكرێ، پرسیار ئەوەیە ئایا ئەو تۆماری دەنگدەرانە ماوەكەی چەندە؟ چەند پێشكەش ئەكات بۆ پاككردنەوەی؟ ئایا ئەو ماوە كراوەیە بۆ پاككردنەوەی تۆماری دەنگدەران؟ ئایا هەر هاووڵاتیەك تا چەند ئەتوانی بچی ناوی خۆی بدۆزێتەوە یان بچی سەردانی بنەكاكان بكات؟ ئەو ماوانە كراوەن؟ لایەنێكی تر پێویستە روون كردنەوە بدرێ، چ زەمان هەیە بتوانری دەنگدەرانی دەرەوە دەنگ بدەن كە بە یاسا هاتووە و لەلایەن چەند برادەرێكی تریش پرسیار كرا، لەسەریان پێویستە زەمانەتی ئەوە بكەن خەڵكی دەرەوەی هەرێمی كوردستانیش دەنگ بدەن، سوپاس.

**بەرێز جعفر ئێمنیكی ابراهیم – جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو ڤیان خان.

**بەرێز ڤیان عباس عمر:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

براستی پتریا پرسیارا مە هاتیە كرن، مە ژی چەند سەرنجێت هەی، دەستپێكی پشتەڤانیا حەیات خانی دكەم دەربارێت دیڤ ماددی (10) و ژمارا یاسایی (4)ی سالا 2014، هەلبژاردن چ سیستەم دێتە كرن بو هەندەك لدەرەڤەی ولآتا بێتە ئەنجامدان لكوردستانیی دەرەوە پشكدارییی بكەن، ژبەلكو ژكۆمسیۆنا هەڵبژاردنا لكوردستانی وان ئەزمونەكا واش هەبوون، ئیستیفتا لە هەرێما كوردستانێدا هەڵبژاردنی بۆریدا بەڕێزان چەندین لایەنی لیست و ڤە كاندیدا هاتیە كرن كو بو جیهە نارازی بوونا خەلكی كوردستانی بگشتی، ئەری كۆمسیۆنا بهاوكاری گەلان ژ پەیوەندیدار ژتایبەتی، دی ش ژبازێرڤانیا رێنمایی دەركا بەری وی هەڵبژاردنا كو هەندەك جیهی تایبەت بهێنە دەست نیشان كرن، لستا كاندیدا پرۆپاگەندە بكەن، تاكو پتر شێوەیەكا شارستانی لخۆ وەرگریتن، وەكی دەزانن بەڕێزان زەغتیەكا مەزن لهوا هەلبژاردنا و لایەنی سیاسی و كاندیدا دێتە كرن، دباش بێتن ئەگەر ئەمڤی چەندی بكەینە لڤی دەلیلەك بۆ خەلكی كوردستانی و مەفا و قازانجی چەندی وەربگرن گوت گەلانی پەیوەندیدار دكری مادا دەریخەن، دروست كرنا وێنا و ئالا و پۆستەرا لدەرەوەی ولآتی بێتە قەدەغەكرن، بەلكو ئەمپتر هەندی بچی پشتەڤانیا لبەرهەمی لناڤ خۆ بكەین، دسیان ئەو كاندیدە ریكلامی لناڤ دەنگدەراندا دكەن لەرۆژا هەڵبژاردنا تایبەتی ئەگەر سكالا و بەلگەشی هەبن و چری ما هەنە بۆ هەندی ژ بەلكو ئەڤ حالەتە هەڵبژاردنی بوری داهاتیە كرن و چ رێكارا یاساییە نەهاتینە وەرگرتن و گەلەك سوپاس.

**بەرێز جعفر ئێمنیكی ابراهیم – جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز ڤیان عباس، فەرموو بەرێز نازم كبیر.

**بەڕێز ناظم كبیر محمد:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەرێزان ئەندامانی پەرڵەمان جەند پرسیارێك دەمەوێت ئاراستەی میوانە بەرێزەكان بكەم كۆمسیۆن.

1-ئەوەیە كە مەسەلەی ماوەی نوێكردنەوەی تۆماری دەنگدەران كە زۆر زۆر گرنگە لە هەڵبژاردنەكانی چوش لە ناو واقیعەكەیدایین زۆر گرفتمان بۆ دروست دەبوو كاتێك كە دەنگدەرێك نیشتە جێی شارۆجكەیەكە دەبینی بۆ دەنگدان دەجێت بۆ شارۆجكەیەكی تر ئەمەش لە رووی گواستنەوەو لە روی تەنەقولەوە نەگرفت بۆ دەنگدەران دروست دەبێت بەرێز رێزان خان ئیشارەتی پێدا كە مانگێكە، بەڵام ئیشارەتی پێنەدا كە كەی دەست پی

دەکـات، بـۆ ئەوەی بـزانین کەی کۆتـای دێـتن، ئەگەر بکـرێتن مەسـەلە ئەو مـاوەیەی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران، من پێشنیار دەکەم ئەگەر بکرێت تا رۆژی دەستپێکردنی پروپاگەندەی هەڵبژاردن ئەو ماوەیە لەبەر دەم دەنگدەران کراوەبێت، بۆ ئەوەی کە رۆژی دەنگدان ئاسانکاری بکری بۆ دەنگدەران.

2-پرسیاری دووەمیشم ئەوەیە کە بەرێزان ئیشارەتیان پێدا بۆ دابین کردنی کەلەپەلی لۆجستیکی پرسیارەکە ئەوەیە ئایە گرێبەست لەگەڵ کی کراوە ؟یان لەگەڵ چ کۆمپانیایەك و زمانیش چیە کە لە کاتی خۆیدا دەکرێت دوا کەوتنی کەلووپەلەکان دواکەوتنی گەیاندنی کەلوپەلەکان ئەگەر دوا بخرێتن نابێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی کە لە (30-9) هەڵبژاردن ئەنجام نەدرێتن ئەگەر دواخرا یاعنی چ سزایەك بەرامبەر ئەم کۆمپانیایەی یان وەکو بلێی گرێنتیەکە چییە.

خاڵێکی تریش باسکرا بە نسبەت دەنگدەری دەرەوەی هەرێمی کوردستان ئەگەر بکرێت خۆ باشە یاعنی دەنگدەری دەرەوەی هەرێمی کوردستانیش بەژداربێ، بەلام من پێشنیار دەکەم ئەگەر نەکرێتن ئەو دەنگدەرەی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لەو ماوەیەی کە کراوەیە بۆ نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران لە دەرەوەبی دەنگی خۆی ناوی خۆی تۆمار بکات، بۆ ئەوەی لە رۆژی هەڵبژاردن بی بەش نەبی لە دەنگدان کە مافێکی خۆیانە.

خاڵێکی تریش دەمەوێت ئاراستەی کۆمسیۆن بکەم ئەوەیە دەبینین کە لە زۆر بنکەکان لە کاتی هەڵبژاردنەکان گرفت دروست دەبێت، بنکە هەیە نزیکەی (3000)هەزار تا (4000) هەزار دەنگدەر لەو بنکەیە دەنگ دەدات وە بنکەش هەیە (1000) کەس دەنگدەدات، من ئەو پرسیارە ئاراستەی کۆمسیۆن دەکەم، ناکرێت کە هەر بنکەیەك لە (1500) کەس زیاتر نەبێت؟ بۆ ئەوەی کە لە رۆژی هەڵبژاردن ئەو قەڵەبالغیە دروست نەبیتن، چونکە ئەوەش زۆر دەبێت گرفت لەبەردەم دەنگدەرو لایەنە پەیوەندیدارەکان، ئەگەر بکرێتن هەر بنکەیەك لە (1500) دەنگدەر زیاتر نەبیتن بۆ ئەوەی کە پرۆسەی هەڵبژاردن لە رۆژی دەنگدان بە ئاسانی بەرێوە بچێت زۆر سوپاس.

**بەرێزجعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز کاك ناظم کبیر، بەرێز شێرکۆ حمە امین فەرموو.

**بەرێز شێرکۆ حمە امین قادر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی ئەنجومەنی کۆمسیاران دەکەم، لە راستیا شتێك هەیە کە راستیەکی زۆر تاڵە کە پێویستە بوەترێت، ئەویش ئەوەیە بە ئعترافی بە تایبەتی حزبی دەسەڵاتدار لە هەرێمی کوردستان، هەم چاودێرانی ئەوانەی کە هاتوون چاودێری هەڵبژاردنەکانیان کردووە، هەم ئەو ئەزمونە تاڵانەی کە خۆمان ئێمە مامەڵەمان لەگەڵدا کردووە هیچ هەڵبژاردنێك لە هەرێمی کوردستان بی تەزویرێکی ساختە بەرێوە نەچووە، کە دیارترین و دواترینیان هەڵبژاردنی (12) ئایاری ئەمساڵ بوو و ئەم ئەزمونە تاڵانە وای کردوە کە رۆژ بەرۆژ رێژەی چوون بۆ دەنگدان کەم ئەبێتەوە کەمترین ئەمجارە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەم کۆمسیۆنە من ئەزانم لە راستیا ئەمانە سوێندیان خواردوە لەبەردەم ئەم پەرلەمانە و ئەیانەوێت خوازیارن کە باشترین ئیش بکەن بۆ هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان، بەڵام لە راستیا ئەزمونێکی زۆر تاڵ زۆر شکست خواردویان پەیرەو کرد کە ئەویش مەسەلەی ریفراندۆم بوو لە هەرێمی کوردستان، ئێمە واتا لە (2017) ئەگەر نەگەڕێمەوە بۆ مێژویەکی زۆر دوور ریفراندۆم و لە (2018) هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق ئەمجارە هەموومان بە پەرلەمانی کوردستان وە

بە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بە کۆمسیۆنەوە کە ئەوان پێیان خۆشبی یا پێیان ناخۆشبێت ئەو جیهەتەن کە ئیستە ئیشەکە جێبە جی دەکەن و ئەوانە لەبەردەم مەسئولەتێکی گەورەدان بێت و بە دەردی دوو پۆستەکەی پێشوی (2017)و ئەم (2018)یە بجی لە راستیا بۆ ئەبەد بزمارێکی تر ئەدری لە تابوتی مەسەلەی هەڵبژاردن و دیموکراسی و کە ئەمە بە پلەی یەکەم دەسەڵات لێی مەسئول دەبێت لە هەرێمی کوردستانا ، چونکە ئەو تەزویرانەی کە کراوە تەزویری مووبەرمەچ بوون تەزویری رێکخراو بون بوعدی عقلیمیان هەبوە یانی تەزویرێك نەبوە تەنها پەیوەندیداربوبی بە ناوخۆی هەرێمی کوردستانەوە ، بۆیە لە راستیدا زۆر ،گرنگە و پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئەم کۆمسیۆنە چۆن دەتوانی متمانە بگێرێتەوە بۆ دەنگدا هاوڵاتی لە هەرێمی کوردستان و ئێستا ج بەڵێنێك ئەدا لەبەر چاوی پەرلەمان خوا خەڵکی کوردستان هەموو میدیاکارانی ئێستا کە ئەم دانیشتنە ئەبینن ئەم کۆمسیۆنە چ بەڵێنێك ئەدا بەوەی کە هەڵبژاردنێك ئەبی لە راستیدا جیاواز دەبی لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو لە پاکی و بێگەردیا بە شێوەیەکی هەرە بەرز ئەمە دوو پرسیارە کە پێویستە وەڵام بدرێتەوە. نوقتەیەکی تر ئەوەی کە مەبەستم لەوە لە چی بوو لە ریفراندۆم یەعنی لە راستیدا لە شار هەیە بۆ نمونە لە دهۆك لە سەدا سەدوو (31) دەنگی داوە و ئەمە راپۆرتە ئەمە هەیە و تائیستەش بە درۆ نەخراتەوە ئەمە ناکرێت بە هیچ جۆرێك لەم هەڵبژاردنە دووبارە بێتەوە. خاڵێکی تر مەسەلەی ئەو پەیرەوەی کە دانراوە پەیرەوی ژمارە (1- ساڵی 2017) لەگەڵ پەیڕەوی ژمارە (1)ی ساڵی (2018) کە لە (15-5)وە بەرکاربوە، خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە چیاوازی هەیە لە نێوانیاندا بە تایبەتی لە تۆماری دەنگدەرانی تایبەتا بۆ تیایا نییە و پرسیارەکەش ئەوەیە چەند لەو پەیرەوە جێبە جی کراوە. خاڵێکی تر ئەوەیە ئێمە خۆمان لە (29-8) ساڵی رابردوو سەردانی کۆمسیۆنمان کرد ژمارەیەك پەرلەمانتار بوین ئەنجومەنی کۆمسیاران ئامادەبون بە ئیعترافی خۆیان کە تۆمارەکە بە تایبەتی سەرۆکی ئەنجومەن کە خۆی لێرەیە ئەو تۆمارە ناوی مردوو دووبارە بەنگلادشی نازانم ئاوارە پارچەکانی تری کوردستان هەموو ئەوانەی تیایە بە رێژەی جیاواز یەکی ئەڵی (200) هەزار یەکی ئەلی (300) هەزار یەکی ئەڵی (900) هەزار لە راستیدا ئەمە ئعترافێکی سەریعی خۆیان بوو کە دانیان پیانا وە نەیان شاردەوە ئێستا بە رونی جی کراوە بۆ پاکردنەوەی ئەو تۆماری دەنگدەرانە کە زەمانەتی هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەردکا. نوقتەیەکی تر کە زۆر پێویستە کە لەماددەی (35) یاسای هەڵبژاردنیشا هاتووە، ئەوەی کە کاك علی حمە صالح و هەندێك لە هاورێیانی تریش باسیان کرد، پێویستە ئەو ئەنجامەی کە لەوێسگە لەوی یەکلای ئەکرێتەوە و ئەمە یاسای هەڵبژاردنە لە ماددەی (35)دا هاتوە ئەوە ببی بە ئەنجامی کۆتایی کە نوێنەری قەوارە سیاسیەکان واژۆی لەسەر دەکەن ئەمە ناکری لەراستیدا وکوو ئەنجامی کۆتایی سەیر نەکرێت دواتر ئەو سندوقانە بگوێزرێنەوە جارێکی تر عەردووفەرز بکرێتەوە، یەعنی ئەوە ئەگەر پێویستی بە هەمواری یاسایە پێویستە هەمواری یاسای بۆ بکرێت، دەبی ئەو ئەنجامەی کە لە وێسگەکە یەکلای دەکرێتەوە نوێنەری قەوارە سیاسیەکان واژۆی لەسەر دەکەن ببی بە ئەنجامی کۆتایی کە ئەمە بەشێکی زۆر لە کێشەکان چارەسەر دەکات کە لەمەسەلەی گواستنەوەی سندووق و ئەو بابەتانەی کە ئێستاکە رویداوە، نوقتەیەکی تر مەسەلەی تۆماری بابڵێین تایبەت ئەمە دیسان ئەگەر پێویستی بە هەمواری یاسایە پێویستە ماددەی (60) بە روونی بە زووی هەموار بکرێتەوە، چونکە ئەمە ناکری لەمە زیاتر ئەم تۆماری دانگدانی گشتی و تایبەتە لە راستیدا مەسئەلەی هەرە ئەساسی تەزویر کردنە، خالێکی تر مەسئەلەی کات بە هیچ جۆرێك

درێژنەکرێتەوە ئەمەی دەنگدانی دەرەوەش خۆ لەماددەی (59)دا هاتوە پێویستە ئەویش یەکلای بکرێتەوە. نوقتەیەکی تر ئەو بەرێزانە خۆیان وتیان ئەمان تا ئێستاکە (8) راپۆرتیان ناردووە بۆ پەرلەمانی کوردستان، ئایا ئەم راپۆرتانە من پرسیار دەکەم؟ هیچ ئەندام پەرلەمانێك بینیویەتی ئەم ئەنجومەنی کۆمسیارانە کە راپۆرتیان ناردووە بۆ پەرلەمانی کوردستان؟ ئیشووکارەکانی خۆیان بۆ نەکەوتۆتە بەر دەستوو بەرچاوی ئەندامانی پەرلەمان؟ وخالێکی تر هەر خۆیان وتیان گلەیی زۆر گەورەیان لە حکومەت هەبوو، گلەییان لە وەزارەتەکان هەبوو، بە تایبەتی پێشمەرگە، ئەنجومەنی ئاسایش، کە هاوکاریان ناکەن، ئایا هاوکاریان دەکەن ئێستا؟ و رادەی هاوکاری کردنی ئەو تەرەفانە بۆ ئەمان چۆنە؟

**بەرێزجعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

زۆربەی ئەمانە تکرارن.

**بەرێز شێرکۆ حمە امین قادر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تۆ ئێمەت خستۆتە ئاخیرەوە هەر ئەوەمان بۆ ئەمینێتەوە و بڵێین چی، لەبەر ئەوە لە راستیدا وەك و کادرەکەمان لێهات ئەوەی کە وتی و من پشتیوانی لە قسەکانی ئەو بەرێزانە دەکەم لە (پەروا خان، د. سرود، گەشە دارا، د.فرسەت) کە پێویستە هەڵبژاردن لە کاتی خۆیا بکرێت هەم پەرلەمانی کوردستان هەم من لەگەڵ ئەوەم لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێمیش بکری یا هەر مووئەسەسەکە بە تەواوەتی هەڵبوەشێندرێتەوە یا سیستەمەکە بکری بە سیستەمی پەرلەمانی، چونکە بەراستی بەشێك لەو کێشە هەرە گەورانەی لە هەرێمی کوردستان پەیوەندی داربوە بەو مووئەسەسەیەوە وەك کاك (بێستون فایق ،کاك ابو بکر هەڵەدەنی) وە زۆر لەو هاورێیانەی تریش وە لەگەڵ ئەوەشام بە حەرفی کار بە یاساو رێنمایەکان بکری و ئیش لەسەر ئەوە بکری کە هیچ جۆرێك هەژمونی حزبی بە تایبەتی لەسەر مەسەلەی ئەم کۆمسیۆنە نەکری وە ئەخیر پرسیاریشم ئەوەیە ج رێکارێك گیراوەتە بەر بۆ سەلامەتی کۆگاکان، چونکە بەراستی سوتان بۆتە دیاردە لە عێراق و هەرێمی کوردستان ئایە ئەمان چ رێکارێکیان گرتۆتە بەر بۆ سەلامەتی کۆگاکان و لەگەڵ ئەوشام هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان بکرێت و زۆر سوپاس.

**بەرێزجعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز شێرکۆ حەمە امین، خۆشبەختانە هیچ کۆگایەکی سندوق لە هەرێمی کوردستان نەسۆتاوە تا ئێستا، بەرێز محمود حاجی فەرموو.

**بەرێز محمود عمر صالح:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان قسەکانی هەمومان زۆری موشتەرەکن وزۆریشیان کراون من هەندێکی ئەپەرێنم بەس من بە کورتی باری سەرنجی خۆم ئەخەمە روو لەگەڵ یەك دوو پرسیار ئایە؟ لە دەنگدانی تاییەت و هێزە جەکدارەکاندا ئەگەر کەسانێکیان تێدا هەبوو لە کاتی دەنگەکانی لەکاتی وەختەکەی خۆیا فریا دەنگدانەکە نەکەوت دووڕۆژی دوای ئەوە لە کاتی دەنگدانی گشتیەکە ئایە ئەوانە حەقی دەنگدانیان ئەبی یا نا؟ ئەمە پرسیارێك. لە رووی هاوکاری و لۆجستیکیەوە بۆ خەڵکە دوورە دەستەکە بە تایبەت ئەوخەڵکانەی کە لە لادی نیشینەکان ئایە وەسائیلی گواستنەوە دەست نیشان کراوە یا هەر حیزبێك و هەر مورەشەعێك و ئەوانە بۆخۆیان وەك جارانی پێش و ئەچن خەڵك دێنن بۆ سەر سندووقی دەنگدان. سی ئەو کەرستەو کردارانەی کە لەهەڵبژاردنەکانی عێراقدا بەکارهات بە تایبەت مەجالی داتاو جیهازی ئەلیکترۆنی تا جەند سودتان لە لایەنە باشەکانی وەرگرتوەو لە کوردستانا بەکاری دێنن، خالێکی تر تا چەند گەشبینیمان دەدەنی لەوەی کە یووئێن و

چاودێری نێو دەوڵەتی و میدیاکارانی نێو دەوڵەتی لە نزیکەوە بەژداری یا چاودێری پرۆسەکە دەکەن ؟چونکە ئەوە لایەنێکی گرنگی هەڵبژاردنەکەیە. خالێکی تر کە گرنگە کە باسی کەین ئەویش ئەوەیە لە هەموو هەڵبژاردنەکان گوشارو سزای سیاسی لەناو هێزە چەکدارەکانا هەبوە زۆر چار لەلایەن فەرمادەکەوە ئەمری پی کراوە ئەبی بلێی من نەخوێندەوارم کەسێکی لەگەڵدا ئەنێری یاخوت دەرکەوتبی دەنگی بەلایەنێکداوە دوایی سزا دراوە دوای ئیستاش نمونەمان لەوباتە زۆرە. خالێکی تر ئەوەیە بەراستی زۆرێك لەبرادەران باسیان کرد ئەویش ئەوەیە کە ئەوەی کە (كاك علی و د.شێرکۆ ) ئەوان باسیان کرد لە کاتی گواستنەوەی سندوقە دەنگدان لە بنکەو وێسگەکان پێویستە لەو شوێنەی کە هەر لەو شوێنە عەردوو فەرز بکری و هەر لەو شوێنە تانەو داتاکان یەکلا بکرێنەوە بۆوەی کەمترین گومانی لی دروست بی لە کۆتایشا ماوەتەوە بلێم پشتیوانی لە قسەکانی كاك (ئەبوبەکر هەڵەدەنی و گەشەخان و كاك بێستون و كاك علی و حاجی کاروان و كاك د.شێرکۆ ئەکەم) دەستیان خۆشبێت و دەستی ئێوەش خۆش بێت زۆر سوپاس.

**بەرێزجعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز محمود حاجی، بەرێز د.شێرکۆ جەودەت فەرموو.

**بەرێز د.شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو مهرەبان، ئەو مەجلیسە موئەقەرە بەرەو رووی واقعێك بۆتەوە و ئەبێتەوەو زیاتر لە داهاتوا کە ئەویش ئەو سوپاو موونەزەمەیە کە بە حەتمی خۆی ئامادەکردوە بۆ تەزویر لە هەڵبژاردنی داهاتوا زینیەتی ئێمە ئەبی ئامادەبێت بۆ تەزویرێکی حەتمی نەك ئامادە بێ، بۆ ئەوەی نەوەك و تەزویر بکرێ، بۆ لەبەر ئەوەی کە کەلتوری تەزویر چۆتە ناو خوێنی تاك بە تاکی ئەم هەرێمی کوردستانەو ئەم عێراقەو تەئریخ دیراسات ئەوەی سەلماندوەو ئەیسەلمێنی ئەم مەوزوعە تەنها هەڵبژاردنێکی ئاسایی نیە هەڵبژاردنێکە تەنها بکرێو تەواو نەخێر چوغرافیای سیاسیە مەسالحی دەولیەی مەسالحی ئقلیمیە تەحەکومی پێوە ئەکات لەم لاوە داهات و سەروەتی وڵات تەرخان ئەکرێ، بۆ ئەوەی کە بتوانی ئەوەی تەزویر دەکا قەمەر سناعی بەکار بهێنی پرۆگرامی پێشکەوتوی ناو فلاش بخاتە ناو سندوقی دەنگدانەوە ئەم کۆمسۆنی باڵای هەرێمی کوردستانە سەر بەخۆیە کۆمسیۆنی سەربەخۆ لەگەڵ پەرلەمان قوەتی ئەوەی نیە بەرەو روی ئەو سوپایە بێتەوە لە ئامادەکاری بۆ گەندەڵی و بۆ تەزویر بۆیە بەراستی لە ئێستەوە ئەبی بڕیاری ئەوە بدەین کەئەم ململانی نا هاوسەنگە لە نێوان ئەو دەستەو تاقمەی کە تەنانەت پەرلەمانیش هێرشی کرایە سەر نەیتوانی خۆی بپارێزی نەیتوانی جا کۆمسیۆنی باڵا، بۆیە ئەبی بڕیار بدەین کە پشتی یەك بگرین پەرلەمان و کۆمسیۆن پشتی یەك بگرین و بتوانین روبەروی ئەو تەحەدا گەورەیە ببینەوە.

خالێکی تر مەسەلەی ئامار یاسای ژمارە (121)ی عێراق وەختی خۆی کە دەرکراوە بۆ ئامار کە ئێستەش عێراق کە ئامار ناکا ئەوە خەتای هەرێمی کوردستانە یاسایەکی تر دانانی و ناهێلی ئامارێکی تایبەت خۆی بۆچی بۆ سامان بۆ نەوت بۆ بۆ گاز بۆ هەموبوارەکانی تر هەرێم سەلاحیەتی خۆی هەبی بۆ بۆ ئاماری بەشەرەکەی خۆی سەلاحیەتی نەبی نەخێر دەستور ری ئەدات بۆ ئەوەی کە هەرێم ئەوە بکات، بەڵام نەیکردوە من بەم کۆمسیۆنە بەرێزە دەڵێم لەگەڵ تەواوی پشتیوانی بۆیانم تەواوی متمانەم تا ئەو لەحزەیە بە جوهدەکانیان ئێمە پشتیوانیانین بۆ هەموو هەنگاوێکی دروست، بەڵام لە هەمانکاتیشا موسائەلەی زۆر توندیان لەگەڵدا دەکەین لە حاڵەتی پێچەوانەی ئەو متمانەیەی کە پێمان بەخشیون پشتیوانی هەتا دەرەجەی ئەو تەحەدا گەرەیە کە زۆر مەترسیدارە ئێمە لەگەلیان

ئەبین داوامان لێبکەن چیتان ئەوی ئێستا؟ پەرلەمان چیتان بۆ بکا کام یاساتان بۆ تەعدیل بکا کام پشتیوانیتان بۆ بەدەست بهێنێ، چونکە بێکەسین پەرلەمانیش و کۆ مسیۆنیش بێکەسە لەم هەرێمی کوردستانە، من لەگەڵ ئەوەدام تەعدیلی یاسای هەڵبژاردن بکری ئەم تەعدیلی یاسای هەڵبژاردنە عقوباتی زۆر موشەدەدو زۆر توند بەرامبەر بەسەرپێچی کاران مەعقول نییە کابرایەك دەنگ بفرۆشێ، بەڵام دواتر مانگێك سجن بکری دوای ئەوە بۆی دەرجێت و نەجاتی بێت ئەبی یاساکە زۆر توندبی هەتاوەکوو ببێتە عقوباتی تەعزیری دوو سی پرسیارم هەیەو کۆتای پی دێنم، مەسەلەی قەدەغەکردنی مۆبایل ئەوە ئایە بڕیارە لای ئێوە یا نا؟ حبرەکە فەرمووتان چیاوازە؟ چیاوازیەکەی لە کوێدایە ئایە کاڵترە زووتر ئەسڕێتەوە؟ یان تۆخترە و نەوعەکەی جیاوازە جیاوازیەکەی لە چیایە؟ د.رێزان فەرمووی (31-12-2017) وە دەنگەکانمان وەرگرتوە بۆ ئەوانەی کە تۆماری نوێن یاعنی ئەوانەی کە دەبنە (18)ساڵ، بەڵام ئێمە لە مانگی لە (30-9-2018)دا دەنگ ئەدات ئەو کەسە ئەو (10) مانگە فەراغە بۆ شایە، وڵام چیە بۆ ئەو (10) مانگە (31-12-2017) تا (30-9-2018) ئایا ئەوانە تۆمار ناکرێن بۆیان نیە دەنگ بدەن، چونکە فەرمووی لەوێوە وەستاندومانە، ئاخر پرسیارم لە ساڵی (1998) تەقریری ئومەمی موتەحیدە لە هەرێمی کوردستان ئەلی لە عێراقیشا لەسەدا (25)ی داتای فۆرمی خۆراك نەوت بەرانبەر بەخۆراك ئیرۆرە، هەڵەی تیایە ئەمە یەکسانە بە زیاتر لە (750.000) هەزار سەوت لە هەرێمی کوردستانا ئەم (750.000) هەزارە زیاتر لەوە یەکسانە بە مەساحەی زیاتر لە (30) کورسی دەنگدان (30) کورسی لە پەرلەمانی کوردستان کە مەساحەیەکی فراوانە بۆ تەزویر کردن تکایە رێژەیەکی دەقیقمان پی بڵێن بۆ پاکی تۆماری دەنگدەران بە دەقیقی لە سەدا چەند ئەو تۆماری دەنگدەرانە پاکە بۆ ئەوەی کە دواتر بتوانین موسائەلە لەسەر ئەوانە بکەین و زۆر سوپاس.

**بەڕێزجعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د.شێرکۆ جەودەت ، بەڕێز عباس فەتاح فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان دەکەم، من دەمەوێت هەندێك جیاوازتر قسە بکەم کورتیشی بکەمەوە، سەبارەت بە ساختەکاری زۆر قسە کرا هەمومان قسەمان کرد، هەموو بیرو بۆ جونو لایەنە جیاوازیەکان قسەمان کرد، کەواتە سەختەکاری نازانم کی دەیکات لەم وڵاتە ئەم کۆمسیۆنەی کە لێرەیە بە ناوی کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانە رێزو حورمەتی زۆرم هەیە (5) لایەنی سیاسی و (2)لایەنی نەتەوە جیاوازیەکان پێشنیارمان کردون لەوێمان دانراون هەچ سەربەخۆ نینەو سەر بەلایەنە سیاسیەکانن ئەگەر کەم تەرخەمی و کەمووکوری ئەبینن لە کاروبارەکان بۆ نایەن بە لایەنەکانی خۆیان بڵێن یان بۆ لوێنانەن مۆقیفی خۆیان دەر نایرن بۆ ئەوەی ئەو هەموە ناکۆکیە لە ناو ئێمە دروست بوە تەقریبەن وای لێهاتوە نە خەڵك متمانەی بە هەڵبژاردن ماوە نە خۆمان و حزبەکەمان متمانەمان بە هەڵبژاردن ماوە کە هەڵبژاردن دەبی زۆر گەرموو گوڕین کە دەدۆڕێنین رەخنە دەگرین لەم هەڵبژاردنەی پێشوو کام حزبی سیاسی رەخنەی نەگرتوە کە سەختەکاری کراوە بەو حزبانەی لە دەسەڵاتیشن کە باس دەکرێت کەواتە ئێمە بەراستی دەبی لەم راستیە تی بگەین، ئایا ئەمە بۆ بەرزکردنەوەی مەعنەویەتی ئەندامانی خۆیان و دەنگدەرانی خۆیانە، بۆ ئەوەی کە لە چارێکی دیکە ئنتخابات یان ساختەکاری دەکرێت ئەگەر ساختەکاری دەکرێت ئەم کۆمسیۆنی بەرێزە وا لێرە مەسئولن، ئەگەر دەزانن

سەرکەوتونابن ئەگەر دەزانن لە دەسەڵاتی واندانیە با ئەم دوو حزبەی دەسەڵات قسە نەکەن، بەڵام با لایەنەکانی دیکە لێرانەن با هەستن بڵێن ئێمە بەژداری ئەم کۆمسیۆنە ناکەین سەربەخۆ نیە بۆ ئەوەی بەراستی ئەو مەوزوعە ساغ بکەینەوە لەسەر مەسەلەی هەڵبژاردن یاعنی هەمولایەنەکان بە تاك لە یەکتری دەپرسین هەڵبژاردن دوا دەخری دوا ناخری پێمان دەکری پێمان ناکری با لێرە قسە ئەمە کۆمسیۆنی بەرێز لێرەیە بە پێی یاسا دەبی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی هەرێم پێکەوە بکری ئەگەر پێکەوە ناکرێ؟ بە چ رێساو یاساو رێنمایەمك ئەم یاسایە سڕکراوە ئەمە یەك. دوو ئایا ئەم کۆمسیۆنە بەرێزە دوو مانگ دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەتوانی هەڵبژاردنی پارێزگاکان بکا یا نەکات ؟ ئەگەر ناتوانێت بیکات با لێرانە بەڕاستی بۆمان روون بکاتەوە ئەمە بۆتە پرسیاری هەمولایەکمان ، لەسەر مەسەلەی مردوو لەسەر مەسەلەی مردوو زۆر کاتمان کوشت زۆر قسەمانکرد زۆر رەخنەمان گرت خۆ ئەگەر موزوعی دەنگ بی هەموولایەنە سیاسیەکان خەڵکی لی مردوە و تەزویریش بە یەك کەس دەنگە مردوەکەی خۆی نادات بە لایەنێکی تر من تێناگەم؟ پێیان پاك ناکرێتەوە یان هەموولایەنەکان مەبەستیانە پاکی نەکەنەوە ئەمە مەوزوعێکە پەیوەندی بە هیچ لایەنێکی تایبەتەوە نییە، لەسەر مەسەلەی ئەم فەرمانبەرانەی دوێنی و پێری دامەزراون و لە داهاتوو هەندێکی تر دادەمەزرێن هەموو ئەو حزبانەی لێرەنە حسەمان دراوەتی هە حزبێك دەبی حسەی خۆی دامەزرێنی ئەدی ئەو خەڵکە قوربەسەرەی سەر بە هیچ حزبی نیە سەر بە هیچ لایەنێك نیە یانی بەس نیە حەق نیە ئێمە لێرە لە پەرلەمان قسە لەسەر ئەوە بکەین ئەم کۆمسیۆنە بەرێزە واز لەوە بێنە ئەمە حسەی یەکیەتی و پارتیە ئەمە هە گۆرانە و یەگرتوو کۆمەڵە مۆزەفێکی ئیحتیادی بۆ رۆژێك بۆ وەرەقەیەك دۆلار کە دەیدرێتی لەم رۆژە بە حسەی حزبی دەدری بۆ نایەن قسە لەسەر ئەوە بکەین فەرموو با بە شێوەیەکی بدرێتە کۆمسیۆن و کۆمسیۆنیش بە شێوەیەکی بێلایەنانە با خەڵکی بێلایەنو سەدان خەڵکی خەریجی دەرچونمان هەیە کە ئێستاکە ناتوانین نە کاریان بۆ بدۆزینەوە نە ئیشیان بۆ بدۆزینەوە ئەوانیشمان بەش بەش کردوە هەمووشمان رەخنە لە یەکتری دەگرین با قسەکانم تەواو بکەم چا من با هەندی پرسیار لەو بەرێزانە بکەم ؟ ئایە سەرۆکی هەرێم دبێت بکرێت ؟چۆنیان سڕکردوە با ئەم پرسیارە بەراستی وەلامان بدەنەوە ؟ ئایە دەتوانن دوای دوو مانگ هەڵبژاردن بکەن قسەکان کردم یا با وەڵاممان هەبی دامەزراندنی کارمەندان ئایە بەراستی دابەشیان کردوە لە بەینی خۆیان ؟ ئەگەر دابەشیان نەکردوە با رونکردنەوەمان بدەنی بەراستی خەڵکی کە بۆ نتوانی یاعنی ئەوە بکا لەسەر مەسەلەی بنکەی دەنگدانی تایبەت بەراستی پێویستە بنکەکانی تایبەت جیاوازبی لەو بنکانەی کە راستە جاروبار لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ پێشمەرگە دا دەنیشن جبکەن بەس هەمووجاری کێشە لە بنکە تایبەتیەکان دروست دەبی دەبی ژمارەی دەنگدەری سندوقەکان و بنکەکان کەم بکەنەوە لە بنکە تایبەتەکان با هیچی تر قسە نەکەم و رەزام گرانتر نەبی هەموولایەکمان برسیمانە و سوپاستان دەکەم.

**بەرێزجعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ کاك عەباس، ئی من یەك دەقە با سی کەس و هەر یەك (1) دەقە بەرێز ئەیوب عبدالله فەرموو.

**بەرێز ئەیوب عبدالله اسماعیل:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای بە خێرهاتنی کۆمسیۆنی هەڵبـژاردن بێگومـان ئەو دانیشـتنە گرنگیەکـی زۆری هەیە هەرجەندە دواش کەوت، بەڵام قسە کردن لەسەر هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد بۆتە دوای لە پێش و هەمیشەی خەڵکی کوردستان و جەند قسەی لەسەر بکری ئێستا هەڵدەگرێت و و پێویستیشە بە هەمووومان هەوڵی ئەوە بدەین کە هەڵبژاردنێکی بێگەرد لە کوردستاندا ئەنجام بدری برادەرانی کۆمسیۆن باسیان لە پاکردنەوەی تۆماری دەنگی دەنگدەران کرد کە ناوی مردوو ناوی وەهمی و ئەوانەی کە تێدا نەمێنی ، بەڵام باسیان لە جەند شتێکی گرنگتر نەکرد کە زۆر پێویستە قسەی لەسەر بکری یەکێکیان لە ساڵی (2005) بۆ (2006) بە ناوی تەعدادی فەرعیەوە زیاتر لە (50)سجل لە هەر سجلێك (200) خێزان لە خۆ دەگرێت خەڵك تەعدات کراوەو بەڵگە نامەی عێراقی بۆ کراوەو کە زۆربەیان لە خێزانەکانی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان و باکوریشی تێدایە ئەوانە مافی هەڵبژاردنیان هەیە فۆرمی خۆراکیان هەیە و بۆ هەموو هەڵبژاردنێك لە سەر سنور سەیارە ئامادە دەکرێت دێن بۆ هەڵبژاردن بەژداری دەکەن ئایە کاتی ئەوە نەهاتوە ئەوانە مافی هەلبژاردنیان نەبێت و مافی هەڵبژاردنیان لێ بسەندرێتەوە ؟ ئەگەر دەیانەوێت پاداشت بکرێن بەوەی کە کاتی خۆی یارمەتی شۆرشیان داوە هاوکاری پێشمەرگەیان داوە دەکری بە شێوازێکی تر پاداشتیان بدرێتەوە، دووەمینیان هەموو خێزانەکانی حزبەکانی ئۆپۆسزیۆنی رۆژهەڵات و رۆژ ئاواش لێرە فۆرمی خۆراکیان هەیە ئەوانە هەمویان بەژداری دەنگدانەکان دەکەن ئایە کاتی ئەوش نەهاتوە ئەوانە فۆرمی خۆراکەکانیان تەنها بە مەبەستی وەرگرتنی خۆراك بی نەك مەبەستی هەڵبژاردنی بەژداری کردن لەهەڵبژاردنی دەنگدان و مافی هەڵبژاردنیان پی بدرێ، خالێکی تریش هەر جەندە باسیش کرا ، بەڵام تەئکید دەکەمەوە کە قەدەکردنی مۆبایل پێویستە بڕیاری کۆتایی لەسەر بدری بە تایبەتی بۆ هێزە کانی ناووخۆ کە فشارێکی زۆر دەکری کە وێنەی دەنگدانەکان بگرن دەبێت ئەو کۆمسیۆنە بڕیارێکی لێبراوانەو کۆتای و قەتعی هەبێت لەسەر ئەوەی کە نابی مۆبایل بەکار بهێنری و بە تایبەت لە دەنگدانی تایبەتدا پریبارێکی تریشم هەبوو بەس لەبەر ئەوەی کاتەکەتان تەحدید کردبوو، زۆر سوپاس.

**بەرێزجعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز ئەیوب عبدالله، بەرێز عمر عینایات فەرموو.

**بەرێز عمر عینایات حمه سعید:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تا ئاخر لەحزە ناوت نوسیوە دەستم بە ئاسمانەوە بووە ئەوە بۆ علمی جەنابت، دەستان خۆشبێت هەموو جار ئێمە لە ئاخیرەوەین، باشتر وایە من لێرەوە پێشنیارم بۆ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەکەم، نەك وەکو دروێنە لە پێشەوە دەست پی بکەی بەرێزت لە دواشەوە هەندی جار دەست پی بکە بە ناو نوسین.

**بەرێزجعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

با راستیت پی بلێم کە ناوەکان دەخوێندرێنەوە بە پێی پەیرەو وا دەڵێتن دەبی ئەوکاتە تۆ ئعتراز تەسجیل بکەی دەبی بڵێی من ناوم تۆمار نەکراوە، ناوەکان هەموی خوێندرانەوە ئی تۆ لێرە نەبووی فەرموو قسەکانت تەواو بکە.

**بەرێز عمر عینایات حمه سعید:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخر کاك دکتۆر ئەوەی زۆر بە کورسیەکەیەوە چەسپاوە لەناو قاعەی پەرلەمانا منم، چار چاریش مافی ئەوەم هەیە بجمە دەرەوە بێمەوە ژورەوە، پاش بەخێرهاتنی ئەو بەرێزانە خۆ رێگەت نەدام باش بەخێرهاتنیشیان بکەم و خیتابی سیاسیش نادەم هەندێك شت ئیزافە ئەکەمە سەر ئەو مەسائیلانەی کە لێرە رویاندا منیش بەخێرهاتنی باشیان دەکەم

بەخێـر بـێن ئەزمـوونێكی شكسـتخواردووی پەرلەمـانی كۆمسـیۆنی باڵـای سـەربەخۆی هەڵبژاردنەكانی عێراقی هیوادارم ئەمان دەرسی لێوەر بگرن وەك و ئەوانیان لی نەیەت رووی كوردسـتان گەشـبكەنەوە (29) ملیاردیناریـان داواكـردوە بـۆ بـوجە مـن نـازانم لێكدانەوەیان بۆ كردوە پێم باشە ئایە ئەمە لەسەر ج بنەمایەك بوە دەر خستەیەكی هەیە خەمڵاندنێكی هەیە لەسـەر چ بنەمـایەك داوایـان كـردوەو جەندیشـیان پێگەیشـتوە پێمـان بڵێن؟ ئەو سیستەمەی كە بەكاریان ئەهێنا ئیلغایان كردۆتەوە سیستەمەكەی عێراق رەخنە لە سیستەمەكە نەبوە رەخنە لە دەسكاری كردنی سیستەمەكە هەبوە هەموومان بۆچی ئەو سیستەمەیان بەولاناوە ئایە باشتر نەبو ئەو سیستەمە بەكار بێنن، بەڵام لە ئاخیر چاردا بەراورد بكەن لە نێوان دەنگدان بە دەست و لەگەڵ دەنگدانە ئەلیكترۆنیەكە و دەنگدانی دەستەكە بكەنە بنەما ئەمە باشتر نەبوو بۆ ئەوەی رێگە لە تەزویر بگیرێت بە تەواوی یەك كەس نەتوانی دوو جار دەنگ بدات من ئەو پێشنیارەشم بۆ كردن بە نوسینیش بۆم ناردن بەداخەوە پێم نەگەیشتەوە ئەوەی كە كاك بێستون باسی كرد پێكەوە راپۆرتێكمان ناردوە وەڵامەكەمـان وەر نەگرتـوە كە مـن بە تەواوی پشـتیوانی ئەو ئەو راپـۆرتە ئەكەم و داوا ئەكەم وەلامێكمان پی بدەنەوە و سەبارەت بە ژمارەی ئەندامانی پەرلەمەمانی كوردستان لە عێـراق بـۆ (100)هەزار نفـوس یەك نـوێنەر هەیە لە توركیـا بـۆ (125) هەزار كەس یەك نـوێنەر هەیە لە ئێران بـۆ (150) هەزار كەس یەك نـوێنەر هەیە لەسـەر تاسـەری دوونیـا لە (100) هەزار كەس زیـاترە نـازانم حـیكمەت چـیە لە كوردسـتان بـۆ (50) هەزار كەس یەك دەنگـدەر هەیە یەعنـی كوردسـتان ئەگەر (6 ) ملـوێنیش بـی (61) ئەنـدام پەرلەمـانی پێویستە ئێمە (111)ئەندام پەرلەمانین لە رووی ئابوریەوە لە روی تەوافقی سیاسیەوە لە هەمـوو رویەكەوە باشـترە ئەنـدامانی پەرلەمـانی كوردسـتان كەم بكـرێنەوە بـۆ خولەكـانی داهاتوو ئەمە دراسەیەكی پێویستە بەرێزان لە كۆمسیۆن بیكەن و بە نوسراوێك ئاراستەی سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستانی بكەن و لێرە پرۆژە یاسای هەڵبژاردن هەموار بكری لە بـری (111) كەس لەم قـاعەیە (61 ) كەس زۆریشـە بـۆ ئەم قـاعەیە ئەمە ئاراسـتەی كۆمسیۆنم كرد.

سەبارەت بە كۆمسیۆن ئایە فعلەن (30-9) ئەمساڵ ئامادەیە بۆ هەڵبژاردن و پشتگیری ئەو پێشنیارەی بەرێـز كـاك بـرزۆ و زۆربەی ئەنـدامانی پەرلەمـان كردیـان پـێم وایە د.فرسـەتیش كردی لە (30-9)ئەنجومەنی پارێزگاكانیش بكرێت و سـەرۆكایەتی هەرێمیش ئەگەر قەرارە بكرێت بكرێت لەگەڵی هەروەها هەڵبژاردنی كوردستانیش ، سەبارەت بەوەی پرسیارێكمان لا دروست بوە ئەو جەلدانەی كە تەوزیـع كـراوە یەعنـی دەفتەری ئەو وەرەقانەی كە هەیە لەوەی ریفرانـدۆما لە (50) زیـاتر بـوە خـۆی (50)یە لە زۆربەی بنكەكانـا لە (50) زیـاتر بـوە (55)بوە (52) بوە پێمان خۆشە كاك هندرێن جوابی ئەوەمان بداتەوە لە شوێنێكیشا باسی ئەوەی كـرد كە وەرەقەی تایبەتیـان دروسـتكردوە یەعنـی فلـزیە ئـایە ئەو وەرەقە فلزیـانە ئەگەر سیستەمە ئەلیكترۆنیەكان بەكار نەهێنن؟ ئەو وەرەقە فلزیانە سـودی چییە؟ ئەگەر ئەوان بگەرێنەوە سەر سیستەمە كۆنەكە پشتگیری لە قسەكانی كاك( برزۆ و كـاك یەروانـت گەشـە خـان كـاك علـی حـمە صـالح د.شـێركۆ جەودەت د.شـێركۆ حـمە امـین و د.فرسەت)دەكەموو زۆر سوپاس.

**بەرێزجعفر ابراهیم ئێمنیكی – جێگری سەرۆكی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز عمر عینایات، لە كۆتایدا بەرێز مامۆستا حسن فەرموو.

**بەرێز حسن صالح محمود:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بمبورن كە لێرە نەبوم ناوت خوێندمەوە، بەڵام ناو خوێندراوەتەوە لێرە نەبوە، بەڵام دواتر بانگت كردۆتەوە خەریبوو ئەو هەقەم لی بسێنیەوە جەنابت، هەڵبەت هەموومان و هەموو حزبە سیاسیەكانی كوردستان ئەوانەی لە پێش راپەرین دروست بون و ئەوانەی لە دوای راپەرینیش دروست بون و دیموكراسی دروشمی سەرەكیان بوە دیموكراسیش پراكتیكە نەك دروشم هەڵبژاردنیش كۆلەكەی سەرەكی دیموكراسیە هەڵبژاردنی پاك و بێگەردیش هەم پێگەی هەرێم تۆگمەترو هەم متمانەی خەڵك بە پرۆسەی سیاسی زیاتر دەكات، بۆیە هیوادارم لەمەو دوا روی جوانی دیموكراسی لەوە ناشیرنتر نەكەین كە لە رابردوودا كراوە كۆمسۆنیش بەر پرسیاری یەكەمن لەو بوارەوە ،ئەگەر بی لایەنی خۆیان بپارێزن كە هیوادارم ئەو متمانەیە لە دەست نەدەن كە یەكەم ئەزموون و یەكەم تاقی كردنەوەیانە بەرێزان من كۆمەڵێك پرسیارم هەیە لەوەوە دەست پی دەكەم بە سەریعی بەرێزیان باسی ئەوەیان كرد (29) ملیار دیناریان وەر گرتوە لە حكومەتی هەرێم بۆ ئیشوكارەكانیان لە سەدا (30) ئەو پارەیە گوتی بۆ جیهازی ئەلیكترۆنی تەرخان كراوە لە كاتێكا كە جیهازەكە نیە لە سەدا (30) پێم وایە (8بۆ 9)ملیار دینار دەكات پریاری ئەوەم هەیە ئەو پارەیە چی لێهات؟ پرسیارێكی دیكەم كۆمسیۆن چ رێگا چارەیەكی هەیە بۆ هەموو ئەو هێزە چەكدارانەی كە لە ناو هۆڵ و دەرەوەی هۆڵی دەنگدان فشارێكی زۆر دەخەنە فشاری دەرونی دەخەنە سەر دەنگدەران چ پلانێكی هەیە، بۆ ئەوەی ئەم هێزە چەكدارە لەوێدا نەمێنن لە هەڵبژاردنەكانی هەرێم درێژكردنەوەی ماوەی دەنگدان بۆتە عورف ئایە هۆكار جیە؟ هەموو جارێك ئەم درێژكردنەوەیە ئەگەر لە سەعات (8)بۆ (8) خەڵك لەسەدا (40) دەنگی داوە بەس یەك سەعات دەبێتە لە سەدا (60) و(70) هۆكارەكە جیە ؟ كۆمسیۆنی بەرێز ئەوەمان بۆ رونكاتەوە ئەو هەموو درێژكردنەوە بۆ چی ، ئاوارەكان باسیان كرد زۆربەیان فرمی خۆراكیان هەیە كۆمسیۆن ج رێگا جارەسەرێكی گرتۆتە بەر ، ئەگر پێشتر هەڵبژاردنێكی پوخت نەكراوە لە بەر ناپاكی و تۆماری دەنگدەران و نەبونی كۆمسیۆنێك ئایە لەمەو دوا گرەنتی ئەوە هەیە تۆماری دەنگدەران پاك دەبێت و لەمەودوا ساڵ بە ساڵ ئەم خەلەلە نەمێنی واتا خەلەل لە (2017)و(2016)و(2018)دا هەر نەمێنێ، خاڵێكی تر بریكارەكان بریكارەكانی هێزە سیاسیەكان بەرێز سەرۆكی پەرلەمان بریكارەكانی هێزە سیاسیەكان لە ناو با بڵێین ناوەندەكانی دەنگداندا فشارێكی زۆریان لەسەرە بە تایبەتی بریكارەكانی هێزە ئۆپۆزسۆنەكان كە دەكری بلێین بریكارەكان دەبن بە بەشێك بە هاوكارێك بۆ كۆمسیۆن ، چونكە ئەوانە پاكی و نەزاهەتی هەڵبژاردنەكە دەپارێزن ، بەڵام زۆر جار دەبینین لەم لاو لەم لا فشارێكی زۆریان لەسەرە هەندێك جار ناهێلن بجنە ژوورەوە و هەندێك جار فشاریان لەسەرە و هەندێكجار پەراوی سكاڵایان نادەنی ئایە بەرێزان ج رێگا چارەیەكیان بۆ ئەوە داناوە ئەنجومەنی پارێزگاكان و پەرلەمان باسكرا كە لە رووی كات و لەروی دەرونی خەڵك و لە رووی ماددەوە زۆری تی دەچێت ئەگەر پێكەوە بكرێن باشترە دەنگدەرانی دەرەوە بەرێز سەرۆكی پەرلەمان لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان لە ماددەی (59)دا هاتوە دەڵی هاوڵاتی هەرێمی كوردستان – عێراق كە لە دەرەوە دا دەنیشن مافی بەژداربونیان لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان – عێراق دا هەیە نازانم باس لەوە كرا كە مافیان نیە ئەمە بە چ پێوەرێك مافی بەژداریان نیە و چ رێگا چارێك دانراوە ئەگەر مافی بەژداریان نیە بۆ ئەوانەی كە لە دەرەوەی وڵاتن هەمویان پێرا ناگەن بێنەوە دەنگ دەدەن هەمویان لە بریان دەنگ دەدەن كەسو كاریان لە بریان دەنگ دەدەن كە لە دەرەوەنە چ حەلێك بۆ ئەوە دۆزراوەتەوە بۆ ئەوەی رێگری لەم ساختە كاریەش بكری و چ ئیجرائاتێك دانراوە بۆ ئەو خەڵكانە ئاخر پرسیارم بەرێز سەرۆكی پەرلەمان هەرجەند كراوە ئایە رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی وڵاتان و یوو ئێن و هەموو كەسایەتیە سەربەخۆكان تا ئیستا داوایان

لە کۆمسیۆن کردوە بێن چاودێری پرۆسەی هەڵبژاردن بکەن و ئەگەر کردویانە دەکری پێمان بلێن کێنە و ئەگەر نەیان کردوە هۆکار چیە زۆر سوپاس.

**بەرێزجعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز مامۆستا حسن صالح بەرێز ڤەمان بەرێز فیصل مافلی هەبو قسە بکات دیارە لە مافی خۆی خۆشبوو چونکە ئەویش لە دەرەوەبوو کە ناوەکەم خوێندەوە بەرێزان دانیشتنەکە هەڵدەگرین بۆ ماوەیەك سەعات (4) دەگەرێینەوە و بەردەوام دەبین سوپاس بۆ ئێوەی بەرێز فەرموون.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، دانیشتنەکەمان بە ناوی گەلی کوردستان دەست پی دەکەینەوە، بەردەوام دەبین، بەڕێزان ئێستا چاوەڕوانی ئەوەین لەلایەن بەڕێزان سەرۆك و جێگر و ئەندامانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و راپرسی لە هەرێمی کوردستان کە گوێیان لە تێبینیەکان و پرسیارەکانی ئێوەی بەڕێز گرت، ئێستا چاوەڕوانی وەڵامی بەڕێزیانین، ئەو وەڵامانە لەلایەن بەڕێز سەرۆکی کۆمسیۆن و جێگر و ئەندامانی کۆمسیۆن بە پێی ئیختیساس و پێویستی وەڵامی پرسیارەکانی ئێوە دەدرێتەوە، بە تەئکید رەنگە هەندێك وەڵام هەبن پێویستیان بە نووسینەوە هەیە وەڵامی ئەم پەرلەمانە بدرێت، بە تەئکید لەم دانیشتنە ئێمە وەڵاممان دەوێت، وەڵامی راست و دروست کە لە ئاستی چاوەڕوانی ئێمە و ئەندامانی پەرلەمان بێت، بە تەئکید ئەم کۆمسیۆنەش وەکو ئێوە باستان لێوەکرد جێگای متمانەی پەرلەمان بوو، بەو شێوازەش ئێمە چاوەڕوانی وەڵامی کۆمسیۆنین، فەرموو بەڕێز سەرۆکی کۆمسیۆن.

**بەڕێز هندرێن محمد صالح/ سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمسیاران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەمەوێت ئەوە جێگیر بکەم کە ئێمە لەگەڵ ئەوەی کە ئەو ئەرکە ئەرکێکی میهەنی و پیشەیی خۆمانە، بەڵام بە ئەرکێکی نیشتیمانیشی دەزانین کە ئەو ئەرکە پیرۆزە دەکەین، کە ئەو ئەرکە گرنگە بەڕێوەدەبەین، بۆیە تەحەمولی ئەو هەموو ماندوبوون و ئەرکە دەکەین، وەڵامەکان من بەشێکیانی وەڵام دەدەمەوە، بەشێکیانیش هەردوو هاوکارم ( کاك سلێمان) و سەرۆکی کارگێری هەڵبژاردن (د.رێزان) وەڵام دەدەنەوە، تەبعەن پرسیارەکان زۆرن مەجالیشم نەبوو تەسنیفی بکەم، چونکە زۆربەی زۆریان لەسەر یەك تکرارن، تەنها دەربارەی ئەوەی کە موتەعەلیقە بە سجلی ناخبین بە شێوەیەکی گشتی وەڵام دەدەمەوە، بەشێکیانیش بۆ بەڕێزان (کاك سلێمان و د.رێزان) بەجی دەهێڵم، تەنها یەك قسە لەسەر تۆماری دەنگدەران دەکەم و تەفاسیل دەدەم بەوان، ئەوەی باس لەوە دەکات کە هەندێك دەڵێن (900.000) هەزار دەنگدەر دووبارەیە، هەندێك دەڵێن (300.000) هەزار، هەندێك دەڵێن چەند لە سەدا دووبارەیە، ئێمە زۆر بە روونی گوتمان لەبیر بکەن ئەو داتایە کۆنە، ئەو داتایە کۆن بوو، ئێستا ئێمە داتایەکی نوێمان هەیە، ئەو داتایە تەنها لای کارگێری هەڵبژاردن و بەشی تۆماری دەنگدەران هەیە، لای کۆمسیارەکانیش نییە، ئەو (9) کەسەی کە لەوێینە، تۆ چۆن زانیت (900.000) هەزاری تێدایە و پەنجای تێدایە و سەد لەسەد خاوێن نییە، ئەو داتایە و ئەو قسانەی کە پێشتر دەکران ئەوە تەواو بوو، رابردوو بوو، ئێستا تۆمارێکی نوێیە، وەکو دکتۆرە ئیشارەتی پێدا کە لەسەر چ بنەمایەك کراوە و چەند کاری لەسەر کراوە، وەکو باسم کرد نەمتوانی تەسنیفی هەمووی بکەم، بەڵام بە خێرایی بەسەر پرسیارەکاندا دێم، بنکەی دەنگدانی تایبەت، بەڵێ، ئێمە زانیمان قەڵەباڵغی هەیە، ئەوجارە بنکەی دەنگدانی تایبەت لە هەر

قوتابخانەیەك لە (2000) دەنگدەر تی ناپەڕێت، نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران ناکری بە شێوەیەکی بەردەوام بین لەگەڵ ئەوەشدا، چونکە ئەوە بودجەیەکی دەوێت بەدەر لە بودجەیەکی تەشغیلی بودجەی هەڵبژاردنی دەوێت، بەڵام ئەوەش بیرۆکەیەکی باشە دەکری دوای ئەو هەڵبژاردنە ئێمە نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران بەردەوام بکەین و بودجەیەکی تایبەتی بۆ داوا بکەین، دەربارەی ئەوەی کە ئایا راسپاردەی سەرۆکی هەرێم، تەبعەن خۆتان دەزانن ئێمە لە (2017/11/6) نووسراومان کردووە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکومەت داوامان کردووە کە سی هەڵبژاردنەکە چاوەڕی دەکری کە پێمان بگوترێت، ئەوەبوو لە (5/8) وەڵامەکە ئەوەبوو هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بکەین، لەبیریشمانە هەر وەکو باسیشکرا ئێستا هەموارکردنەوەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان سەرۆکی هەرێم و وابزانم خوێندنەوەی یەکەمیشی بۆ کراوە، دەربارەی ئەنجامدان هەڵبژاردن ئەنجومەنی پارێزگاکان لە (9/30)، هەڵبەت کۆمەڵە شتێکی یاسایی هەیە لەوانەیە نەکری لە (9/30) ئەو هەڵبژاردنە پێکەوە بکری بە تایبەتی وەرگرتنی سەر لە نوی دەبی ناوی قەوارە سیاسیەکانی بۆ بکەین، فەترەی تەعنی بدرێتێ، یەعنی هەندێك مودەی قانونی هەیە لەوانەیە نەتوانین زەخت لەخۆمان بکەین، هەڵبەت ماوەیەکی تر دەوێت، ناڵێم ماوەیەکی زۆر دوور و درێژ، دەکری ئەوە لە ئەنجومەنی ئێمە دانیشین باسی لێوە بکەین، لەبەر ئەو هۆکارانە ناکری لە (9/30) لەگەڵ ئەو هەڵبژاردنە بکرێت، دەربارەی هاوکاری وەزارەتەکان، وەزارەتەکان هاوکاربوون، وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی پێشمەرگە، هەروەها ئەو کۆبوونەش کە کرا یەکێك لە برادەرەکان باسی کرد بۆ دوێنی کراوە، زەروربوو دوێنی بکرێت، تەنانەت زەرورە دوای مانگێکی تریش بکرێت، لەبەر ئەوەی هێزە ئەمنیەکان حەرەکەیان لەسەرە، بە پێی جموجوڵی سەربازی ئەو هێزانە لەوانەیە هەموو شوێنی سابت نین، ئەوانە دەوائیری مەدەنی نین کە وەحدەیەکی عەسکەری لێرەبوو هەمان ئەندامی لێرە بێت، ئەوانە گۆرانکاریان بەسەردا دێت، بە پێی ئەو بارودۆخە ئەمنیەی کە دەبینن لە کوردستان و لە عێراق، بۆیە ئێمە کۆبوونەوەکە دوادەخەین مانگێکیکی تریش، بەڵام لە کۆتاییدا ئێمە لیستی ئەو ناوانەیان لێوەردەگرین کە دەبنە دەنگدەری تایبەت، سڕکردن مەعنای چییە ئەوە بۆ ئەو دوو برادەرە بە جی دەهێڵم کە ئەپدەیت نەکرێت ناتوانن دەنگدان بدەن، سەبارەت بە کۆنگرە، لەو دوو رۆژە کۆنگرەیەك دەکرێت لەسەر نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران و هەموو ئەو قسانەی کە باسکرا لێرانە دەخرێتە بەردەم خەڵك، بە نیسبەت زەمانات، زەماناتی هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد چییە، بەشێکی رێکارە، بەشێکی ئیلتیزامی ئەخلاقیە، بەشێکیشی موراقەبەیە، هەموو رێکارەکانی کۆمسیۆن ئەگەر سەیر بکەی بە پێی پەیڕەوەکان نووسرایتەوە، ئێمە لیژنەیەکمان تەشکیل کردووە بۆ (منع التلاعب والتزوير)، باسیشم کرد لە سەرەتای قسەکانم تەنانەت رێکارەکانی رۆژی دەنگدان و جیاکردنەوەی دەنگدان تاوەکو ئێستا ئێمە پەسەندمان نەکردووە بۆ ئەوەی دەرفەت بدەین بۆ هەر بیرۆکەیەکی نوی لەو پرۆسەیە بۆ ئەوەی زەمان بدات و ئیتمیئنان بدات بە هەموو لایەنەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە رێکارەکان بە پێرفێکت دەڕوات، هەموو ئیجارەئەتەکان بە رێك و پێکی دەردەچێت و لە چاودێریەکی ئەکیتڤانە و لە بنکەکانی دەنگدان، من دیسان دەڵێمە لە بنکەیەك لە شوێنێك کە هیچ چاودێری لی نەبێت کارمەندێکی کۆمسیۆن بەو موناسەبەیە ئەوانەی رۆژی دەنگدان کارمەندی کۆسیۆن نین ئێمە بۆ سی رۆژ ئەوانە دەهێنین، مامۆستایەکە، موشریف تەربەویەکە، پارێزەرێکە، بۆ دوو رۆژ یان سی رۆژ دەیان هێنین رۆژێك تەدریبی پی دەدەین، دوو رۆژ لە بنکەکان دەبین، ئەوانە بە عەقدی موئەقەت دەبن، بۆیە چاودێریکردنی

ئەکتیڤانە لەو بنکانە زامنترینیانە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین لە ڕێکارەکان و بە تایبەتی لە ڕێکارەکانی رۆژی دەنگدان و لە ڕێکارەکانی جیاکردنەوەی دەنگدان شتی وا کراوە کە لی نەگەڕێین بەراستی، انشاالله کە زەفەری پی ببات، هەندێك ڕێکار دەگرێتەبەر انشأاللة ئەو ڕێکارانە بەشێکیان لە رۆژی ئیقتراح بەدەر دەکەوێت کە چ ڕێکارێکی وا تووند گیراوەتەبەر، لێرەش داوا دەکەم کە هەموو هاوکاری کۆمسیۆن بن لەو پرسە، هەروەها هاوکاربن لە بڵاوکردنەوەی، یەکەمجار بەراستی وەعی تەزویر نەکردن کە ئەوە زۆر گرنگە، هەروەها زەخت کردن لەسەر ئەندامان و بەتایبەتی نوێنەرانی قەوارە سیاسیەکان لە بنکەکان کە چاودێریەکی ئەکتیڤانە بکرێت، بە نیسبەت مۆبایل، ئەوە شتێکی باشە قەدەغە بکرێت، هەرچەندە ئەرکێکە لەسەر بنکەکانی ئێمە، ئێمەش دەزانین لەوانەیە بە تایبەتی لە دەنگدانی تایبەت برادەرێك باسی لێوەکرد، فیعلەن لە دەنگدانی تایبەت لەبەر ئەوەی ئەوانە زیاتر مولزەمن بە ئەوامری سەربازی، پێیان دەڵێن بڕۆن وێنەی و لاىقی لە ناو بنکەی دەنگدان دەگرێت و دەنێرێت، تەبعەن مەنعی دەکەین، پرسیارەکان پەرت و بڵاون، بۆیە وردە وردە دێمە سەریان، درێژکردنەوەی کاتی دەنگدان بە یاسا دیاریکراوە (8) بۆ (8)، خۆ ئەگەر قەرارێکیشماندا لەبەر ئەوەی کە لەوانەیە (12) کاتژمێر زۆربێت، دەکرێت ئەو پێشنیارە دیراسەت بکری و بە هیچ شێوەیەك درێژی ناکەینەوە، ڕاگەیاندن لە ماوەی (72) کاتژمێر بە یاسا ئێمە مولزەمین بە (72) کاتژمێر ئەنجامە بەراییەکان ڕابگەیەنین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کوردەواری خۆمان دەڵێت (دوور بڕۆ سەلامەت وەرەوە)، گرنگە ئێمە ئەنجامەکان بە دیقەت بڵاو بکەینەوە، بۆ زانیاریتان ئیلتزامیش دەکەین، بەڵام گرنگ ئەوەیە با وەقت لەسەر حیسابی دیقەت نەبێت، ئێمە لەولا لە ناو سکێلێکین چەند سورعەت بڕۆین و چەند بە دیقەت بین، زەبت بکەین لە بەینی مودەی یاساییەکە و لە بەینی ئەو دیقەتەی کە ئێمە هەمانە، یەکێك باسی کرد ئەو (208000) هەزار فەرقە چەندی مردووە، ئەو (208000) هەزارە لە بەینی دوو داتا بەیسەکە فەرقە، نازانین هەمووی مردووە، نازانین هەمووی وەهمیە، گرنگ داتا بەیسەکی کۆنمان هەبووە، یەکێکی نوێمان هێناوە بینیتمان ئەو فەرقەی هەیە، سەبارەت بە هەڵەبجە، هەڵەبجە لە زمنی یەك بازنەیە، بەو موناسەبەیە ئێمە لە کۆمسیۆن تاقە موئەسەسەی وەحیدین تەعامول لەگەڵ پارێزگای هەڵەبجە دەکەین.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ ئەوەی ڕاست بکەمەوە، منیش بە هەڵە تێگەیشتم ئەوە، پرسیارێکی زۆر لە جێگای خۆی بوو، برای بەڕێزمان کاك ئاری عبداللطیف کە پرسیاری کرد، مەبەستی ئەنجومەنی پارێزگاکانە کە هەڵبژاردن بکرێت.

**بەڕێز هندرێن محمد صالح/ سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمسیاران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەنجومەنی پارێزگاکان بە تەنها دەبێت، دەبێت ئەوەش بڵێین کە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن تەقریبەن تاکە موئەسەسەیە کە بەڕێوەبەری گشتی لەو پارێزگایە کردۆتەوە، وەکو پارێزگایەکی موستەقیل تەعامولمان لەگەڵ کردووە، بەڕێوەبەری گشتیمان بۆ دانا، ستافمان بۆ دانا، وەکو ئۆفیسی پارێزگای هەڵەبجە، ئەوەی لە ناو تۆمار نەبێت چ لە دەرەوە بێت و چ لە ژوورەوە بێت لە هەر شوێنێك بێت ئەگەر ناوی لە تۆماری دەنگدەران نەبێت تەنها دەرفەتی هەیە ئەو (30) رۆژە سەرەدانی ناوەندەکانی تۆماری دەنگدەران بکات، ناوی خۆی ئیزافە بکات، ئەو یاداشتانەی کە باس دەکری گەیشتە کۆمسیۆن، کۆمسیۆن بە تەنها یەك کەس بڕیار نادات، ئەنجومەنی کۆمسیاران بڕیار

لەسەر هەموو ئەو یاداشتانە دەدات ئەگەر بدات، ئێمە سوورین هەموو ئەو یاداشتانەی دەگاتە ئێمە لە ئەنجومەن باسی بکەین، لەوانەیە یاداشتێك لەسەر تۆماری دەنگدەران من ئێستاش نازانم ئەکید موقەریری مەجلیسمان هەیە هەمووی لایە، بەڵام ئەگەر لەسەر تۆماری دەنگدەران هەموو ئیجرائاتێکمان کردووە، لەوانەیە لەبەر ئەوەی ئێستا ئیعتیمادمان لەسەر داتا بەیسێکی نوی کردووە، کۆنەکەمان لاداوە لەوانەیە لەبەر هەندی ئەو وەڵامە تاخیر بێتەوە، ئەو بڕیارە دەکرێت کۆپیەك بدرێتە ئەوان، سەبارەت بە تۆماری بەرایی، ئەو تۆمارەیە کە یەکەمجار ئیعلان دەکرێت، ئەوەی لە ویستگە ئیعلان دەکری تۆماری ئەو ویستگەیە، ئەو ئەنجامە کە لە ویستگە ئیعلان دەکری و کۆپی موسەدەق دەدرێتەوە، بەڵێ، ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئێمە، بەڵام ئەو ئەنجامەش دیسان کۆتایی نییە، تا سکاڵای لەسەر یەکلا دەکرێتەوە و بڕیاری کۆتایی لەسەر دەدرێت، دامەزراندنی فەرمانبەران، ئەو (1500) فەرمانبەرەی کە لە بنکە لاوەکیەکان دامەزرا بەراستی لێتان ناشارمەوە بە موحاسەی حیزبی دامەزرا، وەکو ئەو سونەتەی کە هاتووە ئەو کۆمسیۆنە پێیدا، بەڵام بۆ ڕۆژی دەنگدان ئەو (50.000) هەزارە بەراستی بەو شێوەیە نابێت، لەبەر ئەوەی ژمارەیان زۆرە، هەندێك موعاناتمان هەبوو، هەندێك حیزب لەوانەیە رازی نەبێت بە پێدانی ئەو ناوانە، بۆیە لە رێی فۆرمێك دەبێت و لیژنەیەك پێکهاتووە تایبەت بە دامەزراندنی کارمەندانی سەر سەندوقەکانی هەڵبژاردن، لەبەر حەساسیەت و لەبەر زۆری ژمارەیان، عەرزەکان بە پێی یاسا سجلەکان عەرز دەکرێن پێش (15) ڕۆژ لەسەر دیوارەکان پێی دەگوترێت سجل جداری، بڕیاری تاخیر لەحزە بە هیچ شێوەیەك نابێت، سەبارەت بە ڕاپۆرتی وەرزی، ڕاپۆرتە وەرزیەکان وەبزانم ئێمە یەکێکین لە موئەسەسەکان پابەندین بە ناردنی ڕاپۆرتە وەرزیەکان، جەنابی بڕیاردەر لێرەیە، وابزانم هەموو ڕاپۆرتەکان بە وەختی خۆی ناردوویەتی، سەبارەت بە گرێنتی، هەموو گرێنتیەکان ئەوەیە کە ئەو لیستانەی کە تۆماری دەنگدەران بگاتە هەموو ناوەندەکانی تۆماری دەنگدەران، هەڵبەت مەسەلەی تەدەخول، بەڵێ، حیزب هەموو جارێك هەوڵدەدات تەدەخولی حیزبی بکات، بەڵام ئایا ئیرادەی کۆمسیۆن لی دەگەڕێت، نەخێر، ئەو ئیرادەی کۆمسیۆنە بە تەوافوق و بڕیاری هەر (9) ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیاران دەردەچێت، بۆیە رێگەی پی نادرێت، بانگەشەی هەڵبژاردن تاوەکو ئێستا بڕیارمان لەسەر نەداوە، هەندێك لەگەڵ ئەوەداین (15) ڕۆژ بێت، هەندێك لەگەڵ (25) ڕۆژدانە، هەر چەندە لە دنیا هیچ ستاندەرێك نییە بۆ وادەی هەڵبژاردن، لە (ئەمریکا) دوو ساڵە وادەی بانگەشەی حیزبەکان بۆ هەڵبژاردن دوو ساڵە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندی کەم بێت باشترە، تاوەکو ئێستا بڕیارمان لی نەداوە، بەڵام بڕیاری لی دەدرێت لەو نزیکانە، تەنسیقمان لەگەڵ کۆمسیۆنی عێراقی هەبوو پێش ئەوەی ئەنجومەنی دادوەری بێتە جێگەیان، دادوەرەکان، تەنسیقی باشمان هەبوو، بەڵام ئێستا ئەوان لەوێدا نەماون، خۆتان دەزانن ئێستا ئەوان لە پشوودان، بەڵام پێش ئەوانە تەنسیقمان لەگەڵیان هەبوو، بەڵام کارتە ئەلکترۆنیەکان بەکار ناهێنین لەبەر یەك هۆی تەکنیکی، ئەویش ئێمە ئامێرمان نییە کە ئەو بیتاقانە بخوێنێتەوە، چونکە ئەو بیتاقانە ئەلیکترۆنین، پێویستی بە ئامێری ئەلیکترۆنی هەیە، ئامێرێکی تایبەتە بۆ ئەوەی بیخوێنێتەوە، ئێمە ئەو ئامێرانەمان لە دەست نییە، بۆیە ناتوانین ئەو کارتانە بەکار بهێنین، وێرای ئەوەی سیقەمان بەو تۆمارەی لای خۆمانە کە دروست کراوە، پرسیارێك ئەوەیە دەڵێ لە رەوشی ئێستادا دەتوانری هەڵبژاردن بکرێت، بە رەئی من ئەوە پرسیارێکی سیاسیە لەوانەی بۆ ئێمە نەبێت وەڵام بدەینەوە، بەڵام لەوانەیە وەڵامەکەی عەکسەکەشی ڕاست بێت، لەوانەیە هەڵبژاردن موعالەجەی زۆر شت بکات، ماوەی تۆماری

دەنگدەر (30) ڕۆژە، هاوکاری لەگەڵ شارەوانیەکان کراوە بە تایبەتی بۆ فەترەی بانگەشە، مەسەلەی شێوازی بانگەشەی حیزبەکان کە پۆستەر و شت بەکار دەهێنن، بەڵی، منیش لەگەڵ ئەو شێوازەدا نیمە، تەنانەت جارێك باسم کرد بانگەشەیەکی فۆلکلۆریە زیاتر، دەکری حیزبەکان زیاتر ئیجتیهاد بکەن بۆ بەکارهێنانی وەسائیلی زیاتر، بنکەی دەنگدان لەسەر (2500) تەسمیم دەکەین بۆ ئەوەی قەڵەباڵغی دروست نەبێت، لێناگەڕێین ببێتە (3000)، بەس ئەگەر لە شوێنێکی تایبەت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لە (2500) تێناپەڕێت، ئەگەر یەکێك لە دەنگدانی تایبەت لیستەکانمان بە دەست گەیشت لە دەنگدانی تایبەت فریا نەکەوت بەو موناسەبەتە نابێت خەتای ئێمە بێت، چونکە بنکەکانی دەنگدانمان ئەمجارە لەسەر (2000) دەنگدەر داناوە بۆ هێزەکانی ناوخۆ، هێزەکانی ناوخۆ خۆشتان دەزانن ئیلتیزامێکی چاکیان هەیە، لە بەیانیەوە دێت، کاتژمێر (8) دێت لەگەڵ ئامرەکەی خۆی دەنگ دەدات زۆر بە سەلالە، ئینسیابی زۆری تێدایە، بەڵام ئەگەر نەکرا دەنگی نەدا، بۆ نییە لە دەنگدانی گشتی دەنگ بدات، لەبەر ئەوەی ناوەکەی لەوی سڕاوەتەوە، چونکە ئەو ناوە کە وەردەگرین تازە دووبارە نابێتەوە، لەگەڵ (un) بەردەوامین، بەڵام (un) زۆر موقەسیرە چەند جاریش پەرلەمان و لە ڕاپۆرتە وەرزیەکانیشمان ئەوانمان ئاگادار کردۆتەوە لە پەرلەمان کە (un) زۆر بە دەنگمانەوە نایەت، بە تایبەتی هەبوونیان بەراستی لە بواری هەڵبژاردن لێرە زۆر زەعیفە، من زۆر سوپاستان دەکەم حەز دەکەم هاوکارانم وەڵامەکانی تایبەت بە تۆماری دەنگدەران کاك سلیمان و د.ڕێزان وەڵام بدەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەو ڕاپۆرتانەی وەرزی کە لە کۆمسیۆن بۆ پەرلەمان دێن لای دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان نامێنن، ڕاستەوخۆ ئاڕاستە دەکرێن بۆ لیژنە پەیوەندیدارەکان، لەوانە لیژنەی کاروباری پەرلەمانی کە لیژنەیەکی مەعنیە، لیژنەی کۆمەڵگای مەدەنی، لیژنەی یاسایی، ئێستا بۆ ئەوەی زیاتر دیقەتی تێدابێت داوامان لە دیوان کردووە ژمارەی ئەو ڕاپۆرتانە بۆمان بنێرن بۆ ئەوەی بە دیقەتەوە ئاگاداری ئێوەی بەڕێز بکەین، ئێستا داوا لە بەڕێز کاك سلیمان دەکەین جێگری سەرۆکی کۆمسیۆن وەڵامی زیاتر بۆ تێبینی و پرسیاری ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمانی کوردستان بداتەوە، خاڵێکی نیزامی هەیە، فەرموو کاك قارەمان.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی کاروباری پەرلەمان تاوەکو ئێستا هیچ ڕاپۆرتێکی کۆمسیۆنمان بۆ نەهاتووە، ڕاپۆرتی مانگانەمان بەدەست نەگەیشتووە هیچ مانگێك، ڕاپۆرتی وەرزیشمان بەدەست نەگەیشتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز امنە خان فەرموو.

**بەڕێز امنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتەی نیزامی نیە، چونکە دیڤ قانونی ژی کۆمسیۆن هەمی ڕاپۆرتێت خۆ وەرزی وەختی سەرۆکایەتیا پەرلەمانی دەنێریتن یان بۆ پەرلەمانی دەنێریتن دڤێتن بۆ هەمی ئەندامین پەرلەمانی بچی، هیچ لیژنەیەك یا تایبەتمەند نینە گرێدای بە کۆمسیۆنێ، واتە نابیتن تەنها بۆ دوو، سی لیژنەیا بچیتن، ئەگەر ڕاپۆرت بهێن دبیت تەوزیع بیت بەسەر هەمی ئەندامی پەرلەمانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

گوتمان بە تەئکید بۆ هەندێك لیژنەی پەیوەندیدار دەچێت، بەڵام کە بۆ لیژنەکان بچێت مانای ئەوەنیە کە بۆ ئەندامان نەچن، هەندێك یاداشت هەنە بەسەر یەکە بە یەکەی ئەندامانی پەرلەمان دەبەش دەکەیْن، ئینجا چ راپۆرتەکان بن بە تەئکید، بەڵام لیژنە پەیوەندیدارەکان کاری لەسەر دەکەن زیاتر، بەڕێز کاك سلیمان جێگری سەرۆکی کۆمسیۆن فەرموو.

**بەڕێز سلیمان مصطفى/ جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمسیاران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەم کاتەتان باش، خۆشحاڵم کە بانگهێشتی پەرلەمانی کوردستان کراوین سەبارەت بە ئامادەکاریەکانی هەڵبژاردن و تۆماری دەنگدەران قسە بکەین، لەبەر ئەوەی هەموو ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەرلەمان کە پرسیاریان ئاڕاستەی کۆمسیۆن کرد و حەقێکی خۆیانەش و بە پێی یاسا ئێمە لەبەردەم پەرلەمان کوردستاندا بەرپرسین، زۆر لەو بەڕێزانە باسیان لەوە کرد ئێمە چیمان لە پەرلەمان دەوێت، ئێمە وەکو کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان داواکارین لە پەرلەمانی کوردستان چاودێرێکی وردی کارەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی بکات، بە تایبەتی ئێستا ئێمە لە ناو پرۆسەی ئامادەکاری هەڵبژاردنین، خشتەی کردارەکان بەڵاو کراوەتەوە، رۆژانە کۆمسیۆن بڕیار دەدات، بڕیارەکانی کۆمسیۆن لە ماڵپەڕی کۆمسیۆن بەڵاو دەکرێتەوە، تکا دەکەم زۆر بە وردی وەکو هاوڵاتیەکی ئەم کوردستانە، وەکو ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان، وەکو نوێنەری حیزبەکانیان چاودێری وردی کارەکانی کۆمسیۆن بکەن، چونکە ئەوان داوای زەمانەتیان کرد، زەمانەتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد ئەوەیە کە ئەوان بێن زۆر بە وردی چاودێری کارەکانی ئێمە بکەن ئەمەیان خاڵێك، خاڵی دووەم باسی تۆماری دەنگدەران دەکەم، بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن و بەڕێز سەرۆکی کارگێڕی هەڵبژاردن لە بەیانیەکەی بە وردی باسیان کرد، من سەد لە سەد تەئیدی قسەکانیان دەکەم، بەڵام هەندی شت هەیە پێویستی بە دووبارەکردنەوە هەیە، چونکە لە دوای قسەکردنی ئەو بەڕێزانە و هەموو ئەو بەڕێزانە کە پرسیاریان کرد پرسیارەکانیان لەسەر تۆماری دەنگدەران بوو، بەڕێزینە ئێمە بانگهێشتی پەرلەمانی کوردستان کراین، باسی تۆماری دەنگدەرانمان کرد، داتایەکمان لەبەر دەست بوو ئەو داتایە کۆمەڵێك کەم و کوڕی تێدا بوو، هەر ئەو کۆمسیۆنە پەیڕەوێکی دەرکرد بە ناوی پەیڕەوی بژاردن و دامەزراندن، هەموو ئەو کەم و کوڕیانە لە ناو ئەو داتایە هەبوو باسمان کرد، کە ناوی مردوو هەیە، ناوی دووبارە هەیە، ناوی ئاوارەکانی شوێنەکانی تر هەیە، هەموویمان باسکرد، کە هاتین کەوتینە ئەمری واقیع فەرمانگەی کارگێڕی هەڵبژاردن کاری لەسەرکرد، کارکردن لەسەر ئەو داتایە کارێکی زۆر قورس بوو، لەبەر ئەوەی پێشنیارکرا تۆمارێکی تایبەت بە خۆمان هەبێت هیچ پەیوەندی بە تۆماری دەنگدەرانی کۆمسیۆنی باڵا سەربەخۆی ئیتحادیەوە نەبێت، لەبەر رۆشنایی بڕیاری ئەنجومەن داتای وەزارەتی بازرگانی فەرمانگای سلێمانی و هەولێر و دهۆك هێندراوە تەسلیمی کارگێڕی هەڵبژاردن کراوە بە فەرمی، کار لەسەر ئەو داتایە کراوە، ئەم داتایەی کە ئێستا سەرۆکی کارگێڕی هەڵبژاردن باسی لێوە کرد جیاوازی لەگەڵ داتا کۆنەکە جیاوازیەکی زۆرە، (250.000) هەزار ناوی فەرقە، ئینجا دوای ئەوە ئێمە بڕیاری ئەوامانداوە هەموو ئەو ئەحکامانەی کە لە پەیڕەوی پژاردن و دامەزراندنی تۆماری دەنگدەران بۆ داتا کۆنەکە دەرمانکرد تەتبیقمان کردووە لەسەر ئەم داتایە، ئەم داتایەی کە ئێستاش هەیە کەم و کوڕی تێدایە، بەڵام ئازایانە کۆمەڵێك بڕیار دراوە، ئەو دتایەی کە سافیە وەکو سەرۆکی کارگێڕی هەڵبژاردن باسی لێوەکرد، بەڵام کۆمەڵێك شتیش هەیە

موعەلەق ماوەتەوە، ناوی سڕکراومان هەیە، باسی ناوی سڕکراوە کرا، ناوی سڕکراو ناوی لەیەك چووە، بەڵام سەد لە سەد دڵنیا نینە کە ئەو ناوە سڕکراوانە بسڕینەوە یان نەیسڕینەوە، ناوی مردوو ئەوەی کە کاری لەسەر کرابێت فۆرمی خۆراك و ناوی سیانی و ناوی دایکی تەواو بێت ئەوە سڕاوەتەوە و هیچ تەرەدودمان نەکردووە، ئەوانەی تر کە تەمەنیان لە (90) ساڵ بەسەرەوە، ئەوانیش سڕکراون بۆ فەترەی تەحدیس، پرسیارەکەی من لێرە ئەوەیە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، تکاتان لێدەکەم ئەم تۆمارە بە تۆماری خۆتان بزانن، ئەم جەلسەیە بکەن بە جەلسەی ئەوەی تەئیدی کۆمسیۆن بکەن بۆ ئەم تۆمارە، ئەوەی کە ئێستا تا ئێرە کۆمسیۆن کردوویەتی، بەڵام لە بەیانیەوە بنکەی نوێکردنەوە تۆماری دەنگدەران دەست پی دەکات، ئەم تۆمارە تۆماری سەرەتاییە، واتە ئەو تۆمارە قابیلی ئەوەیە ئەگەر ناوی زیادی تێدابێت لێی بسڕێتەوە، ئەگەر ناوی خەڵکی بە ناحەق لی دەرهاتبێت ئیزافە بکرێتەوە، ئەگەر ناوی خەڵك مەسەلەن لە نێزیك شوێنی دانیشتنی نەبێت بگوازرێتەوە بۆ شوێنی خۆی، هەموو ئەو کەم و کوڕییانە و هەموو ئەو گومانانەی کە لەسەر تۆماری دەنگدەران هەیە لە خیلالی ئەو مانگە ئێمە دەتوانین جی بەجی بکەین، بەڵام ئەوە بە چی دەکرێت، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لەو مانگەدا دەتوانن هاوکارێکی باش بن، کۆتایی بە هەموو ئەو گومانەکان بێنن، بەو مەرجەی پەرلەمان کە رەقیبی ئێمە، بەڵام لە هەمان کاتدا پەرلەمانی کوردستان بە هەموو فراکسیۆنەکانیانەوە هاوکاری ئێمە بن، ئەوەی کە ئێمە نەمانتوانیووە بیکەین، لە خیلالی ئەو مانگە دەرگای کۆمسیۆن کراوەتەوە، دەرگای ناوەندەکانی کۆمسیۆن کراوەتەوە، ئێمە ئەم کارەنەمان لەبەر رۆشنایی یاسای ژمارە (1) دەرکردووە کە بەڕێز پەرلەمانی کوردستان دەریکردووە، لەبەر رۆشنایی ئەو یاسایە پەیڕەوی ناوخۆی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەرانمان دەرکردووە، موخالیفی ئەحکامەکانی نیە، لەبەر رۆشنایی ئەو یاسایە پەیڕەوی دەمەزراندن و بژاردنکردنمان دەرکردووە کە سەد لە سەد موتابقە لەگەڵ ئەحکامەکانی یاسای ژمارە (1)ی هەموارکراو، دوای ئەوە کارگێری هەڵبژاردن رێکاری جێبەجێکردنی پەیڕەو یاساکانی دەرکردووە کە لە بنکە و ناوەندەکان چۆن چۆنی کاری تێدا بکرێت، لەبەر ئەوەی ساڵی (1992) گۆمان لەسەر تۆماری دەنگدەران هەیە، کە تۆماری دەنگدەران خەلەلی تێدابێت خەتای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن نیە، خەتای هەموو دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستانە، ئەوەی ئێستا لە قوەتی کۆمسیۆندابێت ئێمە هەر (9) ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیۆن لەسەر زۆر بابەت ئەگەر خیلافی جوزئیشمان هەبووبێت، لەسەر تۆماری دەنگدەران هەمووما‌ن کۆکبووینە و تەبابووینە کە ئەوەی ئیمکانە بکری کردوومانە، کە شتێك نەکرابێت یان ئیمکان نەبووە، یان رێگری قانونی هەبووە، لەبەر ئەوە تکا دەکەم وەکو ئەندامی پەرلەمان و خۆمان و وەکو فراکسیۆنەکان و وەکو هاوڵاتیەکیش لەم مانگەدا هاوکاری ئێمەبن، بۆ ئەوەی بتوانین کۆتایی بە گومانەکان لەسەر تۆماری دەنگدەران بێنین، ئەوەی دەکری کاری تێدا بکەین، ئەمەیان سەبارەت بە تۆماری دەنگدەران، انشاْ اللە بەیانیش ئەو راپۆرتەی کە داوایانکردووە بە فەرمی ئەو راپۆرتە بەو داتایانە و بەو ناوانەی کە سڕکراون و بەو ناوانەی کە لە (90) ساڵی بەسەرەوەنە، لەسەر سێیەکەی تر من پێشنیار دەکەم بۆ سەرجەم فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان بنێردرێت بۆ ئەوەی لەو مانگە بتوانین کارێکی جوانی لەسەر بکەین، یەعنی لێرە بە دواوە قسە لەسەر تۆماری دەنگدەران دەکری بۆ باشکردنی بێت، بە بەڵگە بێت، چونکە بەراستی ناکرێت ئەو بەڕێزانە باسیانکرد کە ئێمە متمانەی خەڵك بگێڕینەوە، متمانەی خەڵك لەوە دەگێڕینەوە کە بێین هاوکاری کۆمسیۆن بین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان،

بابەتی دووەم کە من دەمەوێت قسەی لەسەر بکەم، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان زۆر بابەتیان ورووژاند کە هەمووی یاساییە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، دەنگدانی تایبەت بە قانونە، دەکرێت قانون تەعدیل بکرێت، وادەی هەڵبژاردن ئێمە قەت وادەی هەڵبژاردنمان درێژ نەکردۆتەوە، لە قانوندا هاتووە دەڵی کاتژمێر (8) بۆ کاتژمێر (8)، بەڵام بە پێی وەرزەکانی ساڵ کاتەکان دەگۆڕێت، لەوانەیە مەسەلەن بیدایەت کۆمسیۆن لە ئیجرائاتدا بیگوتبا تاوەکو (7)ی ئێوارە، دواتر کاتژمێرەکەی ئیزافەکراوە، بۆیە تکا دەکەم ئەگەر ئیمکانە و ئەگەر لە توانای پەرلەمانی کوردستاندا هەیە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان هەموار بکاتەوە، ئەگەر نیزامی دابەشکردنی کورسی و سیستەمەکشی دەستکاری نەکات، بەڵام ئەوە پرۆژەیە (31) ماددەی یاسای پەرلەمانی کوردستان پێویستی بە هەموارە هەمووی دژی یەکە، یەعنی ئێستا زۆر ئیجرائات هەیە کە ئێمە دەیکەین موخالیفی ئەو قانونەیە، لەبەر ئەوەی ئەو قانونە بۆ ساڵی (1992) دانراوە، هیچ دەستکاری نەکراوە، بۆیە تکا دەکەم زۆر بە وردی ئەو خەلەلانەی کە باسیانکرد بابەتی تۆماری دەنگدەرانە، بابەتی کاتژمێرەکەیە، زۆر بابەتی ترە، ئەوەی کە گومانیشیان هەیە بۆ ئەوەی هەڵبژاردنێکی ئازاد و پاك و بێگەرد بکەین لە ناو یاساکە شوێنی بکەنەوە، ئەو کاتە ئێمە مولزەم دەبین بە جی بەجی کردنی، چونکە ئێمە ناتوانین لەبەرامبەر یاسا بڵێین ئێمە ئەوە دەکەین و ئەوە ناکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خاڵێکی نیزامی هەیە، فەرموو مانۆستا مەلا مەروان.

**بەڕێز حسین اسماعیل حسین (مەروان گەڵاڵی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك خاڵ لە لای من زۆر گرنگە ئەویش کاك هندرێن باسی ئەوەی کرد کە کارتی ئەلیکترۆنی بەکار ناهێنرێت، بەڵام جێگرەوەی باس نەکرد، چونکە ئەگەر بەراستی بە هەویە دەنگ بدرێت بە خۆتان دەزانن کە بە هەزاران و بە سەدان هەویە لە شوێنەکان تەزویر دەکرێن و دروست دەکرێن، لەبەر ئەوە من جەخت لەوە دەکەمەوە کە جنسیەی عێراقی بەکار بێت یان ئەو کارتی نیشتیمانی کە ئێستا دەردەهێنرێت ئەوە بە هیچ شێوەیەك رێگە نەدری هەویە بەکار بهێنرێت بۆ دەنگدان، هەروەها خوازیارم کە پەرلەمانتاران بە نەزەری ئیعتیباری وەربگرن، چونکە ئێمە لە هەموو هەڵبژاردنێك بە کارتۆن هەویەی تەزویرمان گرتووە کە دەنگی پێدراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خالێکی تری نیزامی، بەڕێز منیرە خان فەرموو.

**بەڕێز منیرە عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی کاك مەلا مەروان دەکەم، لە راستیدا ئەوە حەقیقەتێکە ئەگەر کۆمسیۆن دەیانوێت بەڵگە دەدەینە دەستیان کە هەویە تەزویر دەکرێت، بۆیە رەگەزنامە یاخود پاسپورت باشترین بژاردەیە بۆ ئەوەی هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لەگەڵ ئەوەی کە هەردوو خاڵی نیزامی نەبوون، بەڵام بە سوودن، تێبینی باشن، د.رێزان سەرۆکی دائیرەی ئینتیخابی لە ئەنجومەنی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و راپرسی لە هەرێمی کوردستان، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێزان حەمە ڕەشید/ ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیاران:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەمەوێت لەوەوە دەست پی بکەم فۆکس زۆر لەسەر نیسبەیەك کە من پێشتر ئاماژەم پێداوە ئەویش لە (90%)ی پاکی تۆماری دەنگدەرانە، من پێمخۆشە بۆ ئەو نیسبەیە نموونەی داتای مردوو دەهێنمەوە بۆ ئەو قسەیەم ئەویش بە پێی ئاماری وەزارەتی تەندروستی کە دەستی کۆمسیۆن کەوتووە لە دوای دەرهێنانی ناوی داتای مردوو، مندالّی مردوو لەگەڵ (المجهول الهویە) کە لە داتاکەی وەزارەتی تەندروستی دەرمانهێناوە، داتای مردوو (125317) کەسە لە وەزارەتی تەندروستی سەرو هەژدە ساڵ، من ئەم ژمارەیە دەست ئێمە کەوتووە، وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی بازرگانی زۆر هاوکاری ئێمەیان بوون لە کارەکانماندا، ئەوان موقەسیرن نەبوون لەگەڵ ئێمەدا، (125317) ناوە مردووەکەمان موقارەنەکردووە بە داتای وەزارەتی بازرگانی کە ئێمە دەیکەین بە ئەساسی تۆماری دەنگدەران لەو ڕەقەمە گەورەیە ناوی مردوو لە ناو داتاکەی ئێمەدا (26695) مردوومان لایە، بۆیە کە ئەوە بە نیسبە و تەناسوبی هەویەکەی دەکات (21.3%)، یەعنی (21.3%)ی داتای مردوو لە هەرێمی کوردستاندا لە ناو تۆماری دەنگدەراندایە، لێرەدا خۆتان بیری لێبکەنەوە لە (90%)ەکەی من بە نیسبەت داتای مردوو چەند دەکات، ڕاستە یان هەڵەیە یان نزیکە لە ڕاستیەوە، یەعنی لە (100%) مردوو کە لە کوردستاندا مردووە من (21.3%) لە داتاکەی مندا هەیە ئەوەی تری لەلای من نیە، لەبەر ئەوە من بچم ئیجرائاتی چی لەسەر شتێك بکەم کە لام نەبێت ئەمە یەك، دوو: لە ناو ئەو (26695) کەسەدا ئەوەی دەستی من کەوتووە کە دەتوانم بیسڕمەوە (1384) کەس لەو (26695) کەسە ژمارەی فۆرمی خۆراکی لەگەڵدا بووە، کەواتە من بەبی موشکیلە ئەنجومەنی بەڕێز بڕیاریدا گوتیان ئەوە بسڕەوە، چونکە ئەمە ئەو دەنگدەرەیە کە ژمارەی فۆرمی خۆراکەکەی مەعلوم دەبێت خۆیەتی ئیتر تەشابوهی لە ناوەکاندا نابێت، بۆیە بەراستی و بە موتلەقی مردووە و تەواوە، چونکە ژمارەی فۆرمی خۆراکی لەگەڵدایە، زائید (32) کەسی تر کە ناوی دایکی دووانی هەبووە، ناو دایکیان و ناوی باوکیان هەبووە، بە تۆتەڵ دەکاتە (1416) کەس من توانیوومە لەو (26695) کەس بیسڕمەوە، بۆیە لە ئەساسی داتای مردووە من داتایەکی ترم لایە، لەو داتا کەمەش کە لامە توانیوومە داتایەکی کەم بسڕمەوە، ئەمە وەکو داتای مردوو، ئەو مەسەلەی لە (90%)ی کە ئێمە باسی لێوەدەکەین لای خۆتان ئەمە تۆمار بکەن، ڕەقەمێکی ترتان پی دەڵێم ئێمە لەسەرەتای قسەکانمەوە باسی سی ملیۆن سی سەد و شەست و سی هەزار و کەسر داتای عێراقم کردووە، ئەو داتایەی کە لە وەزارەتی بازرگانیەوە دەستم کەوتووە (3154958)ە، بۆیە ئەو ڕەقەمەی کە خوێندوومەتەوە لەوێدا لە بیدایەتدا بۆم شەرحکردن گوتم (208445) کەس، ئەمە فەرقە لە بەینی داتای بەغدا لەگەڵ داتاکەی ئێمە کە دروستمان کردووە، پێموایە نەمتوانیووە ئەوەتان بە جوانی بۆ شەرح بکەم، ئەم (208445) کەسە تەواوە و وجودیان لە ناو داتای ئێمەدا نیە، ئینجا مردون، دەنگدەری حەقیقی بوون، وەهمی بوون، ئاوارەی پارێزگاکانی ناو عێراق بوون، ئەجنەبی بوون و عێراقی نەبوون، هەر کەسێك بوون لەو داتایانەی کە هەیە حاڵی حازر من داتایەکم لەبەر دەستدایە یەعنی خەیاڵتان بۆ ئەوە نەچێت و تەفسیری بۆ نەکری ئەم (208445) کەسە ئیحتیماله بێتەوە ناو، ئەم داتایە لای من نەماوە، یەعنی ئەو فەقەی لە بەینی ئێمە و بەغدا هەیە (208445) کەسە، دوای ئەم فەرقەش ئەمەش هەر خۆتان تەفسیری بکەن بۆ لە (90%)ەکە، دوای ئەم فەرقەش من هاتووم لەسەر ئەو داتایەی کە لەلامە ناوی مردومان جیاکردۆتەوە ئەو

ڕەقەمەی کە ئێستا خوێندمەوە ناوی سەرو نەوەد ساڵمان هێناوەتە دەرەوە لەگەڵ ناوی لە یەکچوو بە پێی ناوی سیانی و موالید، ئەم دوو ڕەقەمەش هاتۆتە دەرەوە، بە نەتیجە تۆمارەکەی ئێمە سێ ملیۆن هەشتاو هەشت هەزار و کەسر ئێستا لە بنکەکانی نوێکردنەوەی تۆماری سەرەتایی، ئەم ڕەقەمە ئیحتیماله بەرزبێتەوە، چونکە نەوەد ساڵەکان هەموویان نەمردون، ئەوانەی تریش کە ناوی سیانیان ناچێتە ناو ماڵپەڕەکەوە و سەیری ناوی خۆی دەکات و دووبارە بۆتەوە و سڕکراوە، سڕکراوە یەعنی لە تۆمارەکە هاتۆتە دەرەوە، کاتێك کە سەرەدانی بنکەکان دەکات ئیحتیماله ژمارەیەك لەوە بچێتەوە سەر داتاکە، بۆیە ئەوە داتایەی لە ئەخیردا لە دوای مانگی کە بەڕێز تەرحیکرد گوتی پێمانباشە تاوەکو کاتی بانگەشە نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران بەردەوام بێت، ئەگەر بگونجی منیش پێمباشە، زۆر باشە، حەز دەکەم بزانن لەو فەترەدا کە هاوولاتی سەرەدانی بنکەکانی نوێکردنەوە دەکات ئێمە لە کۆمسیۆن بەشی تۆماری دەنگدەران ناڕۆنەوە بۆ ماڵەوە ئیسراحەت بکەن، ئێمە بەردەوامین، بۆیە جەنابتان هاوکارمان بن دیسانەوە چی گومانتان لی هەیەتی، مەسەلەن کاك بێستون دەڵی (cd)یەك لەسەر ناوی داتای ئاوارەکانی مەنتیقەکانی (140)، ئەو داتایەشمان هێناوە و موقارەنەمان کردووە ئەوەش لە داتاکەی ئێمەدا ئەوەشمان هێناوەتە دەرەوە، یەعنی ئێمە بژارێکی باشی داتامان کردووە، بەڵام ئەو مانگی تەحدیسە کە دەنگدەر سەرەدانی بنکەکان دەکات و کۆمسیۆن لە شوێنی خۆیەوە ئەو مانگەش هەر کار دەکات، ئەمەش هەر جوهدە بۆ پاککردنەوەی تۆمارەکە، لە سەدا سەد بتەوی ئەو تۆمارە پاك بێتەوە من پێت دەڵێم دڵنیابە پاك نابێتەوە، چونکە ناوی مردوو بیست و بێنج هەزار و کەسر نەمتوانیووە بیسڕمەوە، چونکە دەلیلم پی نەبووە بیسڕمەوە، بۆیە مەڵێن داتاکە پاك بۆتەوە و چیتان کردووە، ناتوانین، تەبیعەتی من پێشتر لە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران و لەلای ئێوەش لە بەردەمی هەردوو سەرۆکایەتیەکەدا گوتم تەبیعەتی داتای تۆماری دەنگدەران کە لەلای ئێمەیە ناتوانین لە سەدا سەد تەعامولی بکەین، چونکە تۆ دەبی مەعلوماتی کامیلت پی بێت بۆ ئەوەی دەنگدەرێك لە دەنگدان بی بەش بکەی، چۆن دەیسڕیتەوە، من قسەیەکم هەیە بۆ جەنابتان ئەگەر داتاکەمان لە سەدا سەد پاك بێت، پاك بێت یەعنی هەموو دەنگدەرەکان حەقیقی بن، کاتێك کە نیسبەی موشارەکە لە (50%)نیە، تۆ بڵی لە (50%)یە، یەعنی تۆ لە (50%)ی دەنگدەری حەقیقی ناوی هەیە کە دەتوانری بەکار بهێنرێت بۆ تەزویر باشە ئەوە چۆن موعالەجە دەکەن، بۆیە با قسە هەر لەسەر ئەوە نەبی ئەو تۆمارە چۆنە و چۆن نیە، با قسە لەسەر ئەوەبی چی بکەین بۆ ئەوەی دەنگدەر بچی، بۆ ئەوەی شوێنەکەی بەکار نەیەت ئەمە یەك، دوو: ژمارەیەکی زۆر لە ئەندام پەرلەمانەکان باسی دەنگدانی تایبەتیان کرد، دەنگدانی تایبەت من لە دانیشتنی یەکەم و دووەمیش دانیشتنمان لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمانیشدا باسم لەوەکرد تکاتان لی دەکەین با بە یەکەوە بێت، لە یەك ڕۆژدا بێت، هەر لەو ڕۆژەدا کە ئەو تەرحەمکردووە رووم کردە پەرلەمان گوتم ئەمە کاری دەقیقی پەرلەمانە، ئێستا ئێوە بە ئێمە دەڵێن دەنگدانی تایبەت چی لێدەکەن، ئێمە چی لی بکەین، ئێمە یاسا جی بەجی دەکەین، دەنگدانی تایبەت بە پێی یاسای ژمارە (60/10) لە یاسای هەڵبژاردن دەڵی دەبی ئەم فیئە خەڵکانە (48) کاتژمێر پێش ئەوە دەنگ بدەن، فەرموون جەنابتان یاساکە هەموار بکەنەوە، یەعنی لەبەر ئەوە ئینجا بۆ مەعلوماتان هەموومان باش دەزانین دەنگدەری تایبەت عونسرێکی گرنگە، فیئەیەکی گرنگی کۆمەڵگەن، گرنگن و زۆرن، یەعنی هێزێکە، لەبەر ئەوە کە تۆ باسی دەکەی ئەوەندەی ناوی دەنگدەری تایبەت گرنگە بۆ ئەوەی

تەعامول و کاری لەسەر بکەن ئەوەندە ناوی مردو گرنگ نیە کاری لەسەر بکەن، من دەمەوی لە کۆتاییدا یەك شت بڵێم بە نەتیجەی ئەو دەرکردنانەی کە لە بەینی موقارەنەی ئەخیری من بۆ داتای عێراق لەگەڵ داتای مردو و ئاوارەوە و هەمووی کە هاتۆتە دەرەوە بە نزیکەی (275000) دەنگدەر فەرقی هەیە، ئەوەندە فەرقی هەیە، بەڵام دەیڵێمەوە هەر تۆماری دەنگدەران نیە کە ڕێگا خۆشکەرە بۆ تەزویرکردن و تەزویر نەکردن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خاڵێکی تر کە کاك سلیمان دەیەوێت ئیزافەی بکات، فەرموو.

**بەڕێز سلیمان مصطفی/ جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمسیاران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان باسی ئەوەیان کرد کە ئێمە کارتی ئەلیکترۆنیمان نیە بۆ دەنگدەر، بەدیل چیە ئێمە بۆ ئەوەی کە گومان لە ناسنامەی شارستانی هەیە، بە پێی یاسا لەوەش دووبارە دەکەم تکا دەکەم کە پەرلەمان هاوکاری ئێمە بێت، پەرلەمان چاودێری ئێمە بێت لە جێبەجێکردنی یاساکە، بەیانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی ڕێکاری دەرکرد و ڕێگای دا ئیجازەی شۆفێری، هەویەی فەرمانبەری، بەڵگەنامەی تر بەکار بێت و بێت بڵێت کۆمسیۆن ئەوە حەقی تۆ نیە بە پێی ماددەی (29) دەنگدەر دەبێت دڵنیابینەوە کە هەڵگری رەگەزنامەی عێراقیە، بۆیە تەنها رەگەزنامەی عێراقی تاکە بەڵگەیە کە ئێمە ڕێگای پی بدەین بە پێی یاسا هاووڵاتی بێت دەنگی خۆی پی بدات، تاوەکو ئێستاش ئێمە دوو پەیرەومان پەسەند نەکردووە، پەیڕەوی ژماردنی دەنگەکان لەگەڵ دابەشکردنی کورسیەکان، هەر سەرەنج و تێبینیەك هەبێت لەوێدا شوێنی دەکەینەوە، بەڵام ئەوە یاسایە بۆ ئەوەی گومانیان نەمێنێت بۆ ئەوەی بڵێن ئایا چ وەسیلەیەك هەیە، بەدیل رەگەزنامەی عێراقیە بۆ دەنگدەر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دوو تێبینی و خاڵی نیزامی وەردەگرم، ئینجا کۆتایی بەم گفتوگۆیە دەهێنین، بەڕێز کاك بەهزاد فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو ئێمە تێدەگەین پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان هاتووە، هەر بەڕێزێك لە ئەنجومەنی وەزیران یان هەر دەستەیەکی سەربەخۆ زۆر ئاساییە کاتێك ئەندامی پەرلەمان پرسیارەکەی ئاڕاستە دەکەن، پشتی وەڵام دانەوە ئەگەر هەر قەناعەتێك نەبێت تەبیعیە ئەندامێت پەرلەمانی نابێژین جەلسەك جارەکا دی دەست پی بکاتەوە، بەس تەبیعیە تێبینێیت خۆ بێژن، ئینجا هەر چەندە کاك سلیمان جێگری سەرۆکی کۆمسیۆن ئەڤ وەڵامە داوە کە رەگەزنامەی عێراقی، چونکە ئەڤە بەراستی جێگەی زۆربەی پرسیارێت ئەندامێت پەرلەمانی بوو، واتە ئەڤە وەڵامەك بیت لە جێگەی خۆدا بیت، ئەگەر نا ئێمەش ئەڤ پرسیارەمان هەبوو، پرسیاردیش مە گوت ئایا بۆ هەماهەنگی لە بەینی کۆمسیۆنی عێراق و هەرێمی هاتیە کرن تا پێش چەند فەترەیەکە، لە ناحیەی بەکارهێنانا ئامێرا ئەلیکترۆنی بە بەسمە، یەعنی ئەڤ بودجەی کە زێدە بوو بشیابان ئامێرێت ئەلیکترۆنی پی بکڕن و زائیدەن ئیعتیمادا کارتا دەنگدانا ئەڤە کۆمسیۆنا عێراقی بکەن، چونکە هەمی هاتیە بەسمە کرن، بۆ ئەوەی تاوەکو رێگری لە تەزویر بێتە کرن ئەڤە دوو، ئەوەی ئەخیریش ئەوەیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، جانابێتە گوت راپۆرتی دا لیژنەیان، سەرۆکی لیژنەیا پەرلەمانی گوت نەگەیشتیەمە، ئەندامێن پەرلەمانێش مە داخاز دکەین ئەڤ داتایە بە

فەرمی بگەنە دەستی مە، بۆ نموونە ئەوان بەحس کر کو هەمی وەزارەت هاوکاربینە، ئایا ئەڤ داتـایە چـاوا گەیشـتیە وان، یەعنـی بە تەفاسـیل راپۆرتەکـا نڤیسـی ئەم حەز دکەیـن نوکەش تۆ تەوسیە بکەی کو بگەیشتە دەستی ئەندامێت پەرلەمانی سەبارەت بە کاری کۆمسیۆنێ، ئەڤ کاروبارێت هەتا نوکە هاتیە بەحس کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بە تەئکیـد داوا دەکەم لە کۆمسـیۆن ئەگەر وەڵامیـان ئێسـتا هەبێـت بـۆ ئەوەی پرسـیاری دووەمی کاك بەهزاد دەرۆیش، وەڵام بدەنەوە یانیش دواتر بە نووسین بنێرنە پەرلەمانی کوردستان، لەسەر ئامادە کاریەکان و تۆماری دەنگدەران ئەوەی سەرەتاییە، دیسان داوای (cd) دەکەین و داوای راپۆرتیش دەکەین، راپۆرتێکی تێروتەسەل بـۆ پەرلەمانی کوردسـتان، بۆ ئەوەی دابەش بکەین لەسەر ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان و فراکسـیۆنەکان، ئەوە یەکـێکە لە شـێوازەکانی پتەوکردنـی هەمـاهەنگیە و پتەوکردنـی چاودێری پەرلەمانە لەسەر کۆمسیۆن، بەڕێز علی حەمە صالح فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەندین پەرلەمانتار تەئیدی ئەوەیکرد کۆمسیۆن جەدوەلێك بڵـێ، کاتێك بڵـێ، یاخود ئێستا نـاتوانن بەیانی و زۆر دوای نەخەن، ئایا کۆمسـیۆن کەی دەتـوانی هەڵبژاردنـی پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگا پێکەوە بکات، (9/30) پەرلەمان بکەی چ زەمانەتێك هەیە ئەوەی تـریش بکەی، هەر کۆمسیۆن دەتوانی سی مانـگ دوای ئەوە هەڵبژاردنـی ئەنجـومەنی پارێزگاکان بکـات، کۆمسـیۆن دەتـوانی چـوار مانـگ دوای ئەوە بیکـات، نەخێـر، دەکـری بیسـت رۆژ بـۆ نمـوونە دە رۆژە، پانزە رۆژە، خۆیـان دەزانـن، وەڵامـان بـدەنەوە دەکـری هەردووکیـان بـبەنە لایەك پـێکەوە بکرێـت، وەڵامی ئەوەش دەکرێـت بەیـانی بێـت، ئێسـتا وەڵامەکەیـان پێنـیە بەیـانی کـۆببنەوە بە رەسـمی، ئەم پەرلەمـانەش دەتـوانی پێشـنیار بکـات بـۆ حکـومەت نـــاتوانی قەرار بـــدات، داوا دەکەیـــن لە ســـەرۆکایەتی ئەنجـــومەنی وەزیـــران ئەم دوو هەڵبژاردنە بەم شێوە و میکانیزمە ببەنە پاڵیەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵام و روونکردنەوەی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و راپرسی، دەتـوانن بە نووسـینیش بنێـرن بـۆ پەرلەمانی کوردستان، فەرموو.

**بەڕێز هندرێن محمد صالح/ سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمسیاران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسـبەت ئـامێرە ئەلیکترۆنیەکـان، ئـامێری تەحقـوق بـۆ ئەو کارتـانەی دەنگدان، بەراسـتی ئێمە لەگەڵ ئەنجومەنی کۆمسیارانی پێشتر کە لە بەغدا قسـەمان کـرد ئەوان ئامێرەکانیـان پـی نەدایـن، لەگەڵ ئەو ئەنجـومەنەش بەراسـتی داوامـانکر، بەڵـام ئەوان دیـاربوو لە نـاو پرۆسەی هەڵبژاردن بوون، ئێستاش ئەوان لەوی نەمـاون، بـڕواش نـاکەم بمانـدەنێ، چـونکە ئەو کـات کۆمەڵێـك ئەسـبابێکیان هێنـاوە کە ئەو ئـامێرانە نـادەنە ئـێمە، ئێسـتاش بەراسـتی کـات نەمـاوە بێنـین، بە نیسـبەت ئەو پرسـیارە، هەڵـبەت وەکـو باسـمکرد ئیزافەکردنـی هەڵبژاردن کۆمەڵێك رێکارێکی دەوێت، بەڵام بەڵـی رێکارەکە لەوانەیە هەر بیسـت و پێـنج رۆژ تاوەکو سی رۆژ زیاتر نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێــزان دیــارە پرسـی هەڵبژاردنـــی پەرلەمــانی کوردســتان پرسـێکی گـرنگە، پرسـێکی نیشـتیمانیە، جێگـای بایەخـدانی ئێـوەی بەڕێـزە، جێگـای بایەخـدانی کۆمسـیۆنە، کۆمسـیۆن کارەکـانی خـۆی بەردەوام کـردووە، بە دەسـت خۆشـیەوە، بەردەوام دەبـن بە تەئکیـد

پەرلەمان بۆ چاودێریکردن دەبێت هەرچی رێکار یاسایی هەیە بگرێتەبەر، لە هەمان کاتدا گرفتێکی تر هاتە پێش بۆ ئێوەی بەڕێز ئەوە بابەتێکە بۆ ئایندە کە دیارە هەمواری هەڵبژاردن، یاسای هەڵبژاردن پێویستیەکی پەرلەمانیە و نیشتیمانیە بۆ هەرێمی کوردستان، ئەو کاتە کە ئێوەی بەڕێز دەستکراوەنە بۆ ئەو کارە ئەنجامی بدەن، دوایین تێبینی لەلای بەڕێز کاك سلیمان، فەرموو.

**بەڕێز سلیمان مصطفى/ جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمسیاران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن باسیکرد لەسەر وەڵامدانەوەی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و پەرلەمانی کوردستان بە یەکەوە، بەڕێزیان فەرموویان سێ رۆژ، بەڵام من پێشنیار دەکەم ئەم بابەتە بخرێتەوە ناو ئەنجومەنی کۆمسیاران، من ناڵێم زیاتری دەوێت، ئیحتیمالە کەمتری بوێت، ئیحتیمالیشە زیاتری بوێت، لەبەر ئەوەی ئەو پرۆسە پرۆسەیەکی زۆر هەستیارە، یەعنی بەیانی ئەگەر خوا نەکات کەم و کوڕیەکی تێدا هەبێت ئێمەی تێدا بەرپرسیار دەبین، لەبەر ئەوە دەبێ رەئی لیژنەکانی فەنی و دیراسەتی بکەین، ئەو کاتە وەڵامی بەڕێزتان بدەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمەش هەروا دەبینین ئەو بابەتە بابەتێکی تەقدیریە، یەعنی پێویستی بە دیراسەتکردن هەیە، خاڵێکی نیزامی هەیە، فەرموو بەڕێز د.رێواز.

**بەڕێز د.رێواز فائق حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێنج پرسیارمکرد وەڵامی دوو دانەم وەرگرتووە، سێیانم وەرنەگرتووە، ئەوانەی کە (1997، 1998، 1999، 2000) تەبعەن (2000) لە هەموویان گرنگتر بە گوێرەی قانون دەبێ دائیرەی نفوس بلیتێکیان بداتێ و حەقیان بداتێ، من دەزانم لە راپرسی رەفیقی منداڵەکەم موالیدی (2000)ە لە ریفراندۆم دەنگی داوە، زەمان چیە لە کاتی هەڵبژاردن دەنگ نادات، ئەگەر پێویست بکات ناوەکەیان دەنێرم حەز ناکەم لێرە ناوی بڵێم، موالیدی (2000) بۆ ریفراندۆم دەنگی داوە، ئەوە پرسیارێکە وەڵامەکەم دەست نەکەوتووە و کە زۆر گرنگیشە بەلای خۆمەوە، پرسیارەکەی تر ماددەی (15)ی قانونەکەیە گوتم کە پێتان رێك نەخراوە بە گوێرەی پیشە و ناونیشان و بەروار جێگەی لە دایك بوون ئالیەتەکان چیە، دەرکەوت لەوەی کە بەڕێز د.رێزان باس دەکات ئەوان ئالیەتەکەیان بە جۆرێکە ناتوانن دووبارەکان لێك بکەنەوە، لەبەر ئەوەی مەعلوماتەکان وەکو پێویست داخلی داتابەیس نەبووە، یەعنی ئەگەر یەکێك لەسەر ئەساسی ئەوەی کە لە قانونەکەدا هاتووە مەعلوماتەکانی داخلی داتابەیس بکری ئەو دووبارەیەی کە ئەوان دەڵێن هەزاران کەسە یەك ناویان هەیە روو نادات، یەعنی ئەوان پێمان بڵێن بەدیلەکەیان چی بووە بۆ ئەم ماددە قانونە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر ئێستا وەڵامتان هەیە، ئێستا وەڵامەکە بدەن بۆ دانیشتنەکە هەمووی بۆ کۆی ئەندامانی پەرلەمان، وەڵامی تر داوا لە ئێوەی بەڕێز دەکەین زۆر پرسی تر باسکران لێرە وروژێنران دواتر دەتوانن بە نووسین بۆ ئێمە بۆ پەرلەمانی کوردستان بنێرن، ئێمەش دابەش دەکەین بەسەر ئەندامانی پەرلەمان، ئەگەر وەڵام هەیە ئێستا فەرموو د.رێزان.

**بەڕێز د.رێزان حەمە رەشید/ ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیاران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت پرسیارەکە لە کۆتاییەوە دەست پێ دەکەم، ئەوەی کە زانیاری تەواومان پێ نیە، بەڵێ، زانیاری تەواوی تێدایە و هەمووی رێکخراوە، بەڵام لەوە دەچێت باش تەوزیح

نەبێت لای جەنابیان، کە ناوی دووبارە و ناوی مردوومان لایە، ناوی سیانی و موالیدەکەی دیاریکراوە، موقارەنەی دەکەی بە داتابەیسەکە لە وەزارەتی تەندروستیەوە ئێمە ناوی سیانی و موالیدمان بۆ هاتووە، لە سجلەکەی ئێمەدا تەفاسیلی هەیە وردەکاری و زانیاری هەیە، بەڵام لە ناوی مردو دوو مەعلومەمان بۆ هاتووە، بۆیە دەڵێین ناتوانین جێگەیان بکەینەوە ئەمە بە نیسبەتی ئەوە، یەعنی سجلەکەمان هەموو جۆرە مەعلوماتەکانی تێدایە، بە نیسبەتی ئەوەی کە ئەوانەی لە (9/30)دا سی مانگ دەمێنێت تا ئەوەی، سی مانگ دەمێنێت بۆ کۆتایی ساڵەکە ئەوەی کە لە (10/1)دا لە دایك بووە تەبعەن ناتوانی دەنگ بدات، لەبەر ئەوەی (18) ساڵی تەواو نەکردووە، بە پێی یاساش دەڵێت دەبێت (18) ساڵی تەواوکردبێت، ئێمە موشکیلەیەکمان هەیە دەبێت ئەم موشکیلەیە لە رێکارەکاندا چارەسەر بکەین ئەویش ئەوەیە لە موالید رۆژ و مانگ نەنووسراوە تاوەکو جیای بکەینەوە، موالید بە ساڵ نووسراوە لە داتاکەدا، بۆیە (2000)ەکان وەردەگرین تاوەکو (9/30)، (10/1) وەرناگرین بە رێکار جیای دەکەینەوە لە پەیڕەوەکەی کە ئامادەی دەکەین بۆ رۆژی دەنگدان، من دەمەوێت لێرەوە یەك مەعلومەی تر بدەم لەسەر ناوی مردوو کە بیرم چووە بە یارمەتیتان، ئێمە بە هۆی ئەو عیلاقەیەی کە لەگەڵ کۆمسیۆنی عێراقدا هەمان بوو (24000) ناوی مردوومان بە ژمارەی فۆرمی خۆراکەوە دەست کەوت زۆر دڵخۆش بووین بەوەی کە ئەم (24000) هەزار کەسە دەتوانین لە ناو داتاکەی خۆماندا بسڕینەوە، بەڵام کە هاتین موقارەنەمان کرد بە داتاکەی خۆمان لەو (24000) هەزار کەسە (5) کەس لە ناو داتاکەی ئێمەدا بوو، حەز دەکەم ئیشارەت بدەم بەوەی ئەمە دەلیلە بۆ ئەوەی ئەو داتایەی ئێمە لە وەزارەتی بازرگانی کە وەرمان گرتووە، وەزارەتی بازرگانی پێیان گوتووین ئێمە هەموو سی مانگێك داتای ئەبدەیت کراو لە پارێزگاکانەوە وەردەگرین و دەینێرین بۆ وەزارەتی بازرگانی عێراق، کەواتە هەموو سەری مانگێك، سی مانگ ئەو داتایە بە ئەبدەیت کراوی لە سلێمانی و دهۆك و هەولێر کۆ دەکرێتەوە و دەنێرێت بۆ وەزارەتی بازرگانی عێراق، بۆیە ئەو فەرقە گەورەیەشمان بۆ دروست بووە، یەعنی مانگانە ئەبدەیەتی داتاکە دەکرێت و ژمارە مردوو و کۆمەڵێك شت کە هەیە لێی دەردەکرێت، بۆیە لەو (24000) هەزار داتا مردووەی کە لە عێراق بە فەرمی وەرمان گرت (5) دەنگدەر هەبوو، (5) کەس هەبوو کە لای ئێمە وجودی هەبوو، بۆیە (5) کەسەکەشمان کوژاندەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لێرە کۆتایی بەم خاڵی سێیەم دێنین لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆ گفتوگۆیەکی کراوە لەسەر ئامادەکاریەکانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن راپرسی لە هەرێمی کوردستان، سوپاسی کۆمسیۆن دەکەین، سوپاسی سەرۆك و جێگر و ئەندامانی کۆمسیۆن دەکەین کە ئەمڕۆ لێرە ئامادەبوون بەرامبەر دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان، دەست خۆشیتان لی دەکەین بۆ جدیەتی ئێوە، داوای سەرکەوتن بۆ ئێوە دەخوازین، داواش دەکەین لە کۆتایی هاتنی ئەم هەڵبژاردنەش راپۆرتێکی هەڵسەنگاندنی تێروتەسەل بۆ پەرلەمانی کوردستان بنێرن، ئەو راپۆرتەش ئەوەی ئێستا لەبەر دەستمانە داوا لە دیوان دەکەین راپۆرتی ساڵانەی کۆمسیۆن بەسەر ئەندامانی پەرلەمان دابەش بکرێت، زۆر سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز، ئێوە دەتوانن بڕۆن، بەڕێزان ئێمە بەردەوام دەبین، چوارەم: گفتوگۆکردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە لەلایەن لیژنەی کاتی بۆ پێداچوونەوەی پەیڕەوی ناوخۆ ئامادەکراوە بە پێی بڕیاری ژمارە (26)ی ساڵی (2014)، بڕگەی (8) لە ماددەی (56)ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموارکراوە، پاڵپشت بە ماددەی (94)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە (1)ی ساڵی

(1992)ی هەمواركراوە، بەڕێزان داوا لە لیژنەی كاتی پەیڕەو دەكەین بفەرموون بۆ سەر سەكۆی لیژنەكان، بەڕێز امنە زكری فەرموو.

**بەڕێز امنە زكری سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مە هۆسا زانی كو ئەڤرۆكە دی هەمی گرێدای بە كۆمسیۆنی ڤە مە ئامادەكاری نینە كو بێین موناقەشەی سەر بكەین، بۆ سبەهی بهێتە پاش خستن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێمە بەیانی و دوو بەیانی بە چڕی كار لەسەر بەرنامەی كار دەكەین بۆ ئەوەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان كۆتایی پی بتێنین، دەستان خۆش بێت، سوپاس، دانیشتنەكە كۆتایی هات بۆ بەیانی كاتژمێر (11).

| | | |
|---|---|---|
| **بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی** | **جعفر ابراهیم ئێمینكی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |